هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 42

ساڵی/ 2007 – بەرگی چل و دوو

چاپی یەکەم/ ساڵی 2007

له بلاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
بەرگی: 42
چاپی یەکەم: 2007
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/7/24 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/31 ل19

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (4)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/8/1 ل83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (5)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2007/8/2 ل161

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (6)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/8/4 ل231

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (7)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/8/5 ل293

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (8)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/8/6 ل419

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (9)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/8/28 ل497

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/9/4 ل531

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/9/10 ل559



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 24\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)نائاسایی

## سێ شه‌ممه رێكه‌وتی 2007/7/24

كاتژمێر (10،30)ی سەر له بەیانی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/7/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، به ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن به بڕگه (1)ی مادده (6) له پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، بەپێی حوكمەكانی بڕگه (1)ی مادده (20) له پەیڕەكه بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت له هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دادوەری له هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

پشت بەستن به بڕگه (1)ی مادده (6) له پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، بەپێی حوكمەكانی بڕگه (1)ی مادده (20) له پەیڕەكه بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن له كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/7/24دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت له هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دادوەری له هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق.

سەرەتا دەمەوێت كه له بەرنامەی كاریشدا نییە، سەردانمان دەكات بۆیه ئیجازەمان به خۆماندا ده دەقیقه، یان چارەكه سەعاتێك له دەرەوەی بەرنامەی كار بەخێر هاتنی بكەین، كه دۆستێكی دێرینی گەلی كوردستانه، سالانەی ساڵ كه كورد دۆستی نەبوو ئەم خاتوونه لەگەڵ حزبەكەی دیفاعێكی زۆر گەرمیان له گەلی كوردستان كردووە، بەتایبەتی پاشی بەكار هێنانی چەكی كیمیایی و ئەنفال له زۆر له دانیشتنەكانی ئەوروپا دەنگیان بەرز كردۆتەوە دژی ئەو زوڵمەی بەرامبەر به گەلەكەمان كراوە، ئەمڕۆ بۆ یەكەم جار

پاش ئازاد کردنی کوردستان و عێراق سەردانی کوردستان دەکاتن، ئەویش خاتوو (کلاودیا ڕۆتا)یە کە سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانیایە، لەگەڵ ئەندامی لیژنەی پەرلەمانی ئەوروپی دیفاعی خەلپیت ناخبایت و هاوڕێیەکانی ڕۆژنامەنووس و موستەشارین سەردانی کوردستان دەکەن، پێمان خۆش بوو کە بەخێرهاتنیان بکەین بە گەرمی، دوایێ بەخێرهاتنی بەڕێز کاك دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان دەکەم لەگەڵ کاك واجید و کاك سیروان وەفدن لەگەلّی بۆ مەسەلەی یەکەمی پرۆژەکەمان، داوا لە خاتوو کلاودیا ڕۆت دەکەم دەیەوێت چەند دەقیقەیەك قسەتان بۆ بکات و بێتە ئێرە لەگەڵ موتەرجەمەکەی، بۆ ئەوەی چەند دەقیقەیەك قسەتان بۆ بکاتن بە فورسەتی دەزانین، ئێمە تەقدیرەن بۆ ئەو دۆستایەتیەو ئەو خەباتەی کە بۆ گەلی کوردستانی کردووە بەخێرهاتنی دەکەین و ئێوە بەخێرهاتنی بکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز کلاودیا رۆتا/ سەرۆکی پارتی سەوز لە ئەڵمانیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئامادە بووانی بەڕێز.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

**برادەران و دۆستانی خۆشەویست.**

شتی وام زۆر بینووە، بەڵام ئەمجارە زۆر نەترسم، ئەمە شتێکی زۆر پیرۆزە من لە شوێنێکی وا لەناو پەرلەمان کە خۆم ئەندامی پەرلەمان بوومە، ئێستا نا بەڵام لەوانەیە لە داهاتوودا، شتێکی زۆر پیرۆزە بەلای خۆمەوە بەناوی ئەو ئامادە بووانەی کە لەگەڵ مندان پیرۆزباییات لێ بکەم و شتێکی زۆر پیرۆزە کەوا من ئامادە بوومە لێرەو، ئەو فورسەتەشتان بۆمن رەخساندووە کەوا من لێرە ئامادە بم، ئێمە هاتین کاتی ئەوەش بوو وەکو حکومەتی ئەڵمانیا و وەکو پەرلەمانی ئەڵمانیا، لە هەمان کاتیشدا ئێمە نوێنەری پارتی سەوزی لە ئەڵمانیا، کە ئەو پارتە لە کۆنەوە لەگەڵ کورد بووەو مەسەلەی کوردی لەبەر چاو بووە، هەرسێکی زۆر حەز بکات کەوا لەگەڵ خەڵکدا دانیشیت، کەوا کاتی خۆی زۆر خەباتیان کردووە، کەوا ئێستا لە هەوارێکی ئاشتیانەو ئاشتی خوازانەیە، بەڵام ئەو کێشانەی کە پێشتر دروست بوون، وەکو خوێن رێشتن و بریندار کردنی هەستی مرۆڤایەتی و ئەو کارەساتەی بەسەر ئەو میللەتەدا هاتووە، تەبعەن کاتێکی زۆری دەوێت کەوا ئینسان بتوانێت ئەمانە لەبیر بکاتن، ئێمە رۆژی هەینی سەردانی شاری هەڵەبجە دەکەین، ئەوەش شەرمێکە بۆ حکومەتی ئەڵمانیاو شەعبی ئەڵمانیا کەوا کاتی خۆی بە شتی شەریکاتی ئەڵمانی ئەم شارە بۆمبابارانێکی وا کراوە، کەوا لە تاریخیدا دەمێنێتەوە، ئێمە هاتین بۆ هەرێمێك کەوا جیهان هەمووی چاوی لەسەر ئەو هەرێمەیە، گرنگی ئەوەیە کەوا ئەو خوشك و برایانەی کوردی سیاسیەکان کەوا دائیمەن لەومەو دوا دەعمی ئەوە بکەن، کەوا ئازادی و ئاشتی دەورێکی، یان رۆڵێکی گەورە ببینێت لە هەرێمدا، وەکو ئاشکرایە بەڕێز بارزانی و بەڕێز تاڵەبانی ئەوانە بوونە جسرێك بۆ ئەو سیاسەتە نوێیەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین، کەوا دین نەبێتە هۆی جیاواز بوونی خەڵك لە یەکتریدا، یان مەزهەب نەبێتە جیاوازی

لەنێوانیاندا شتێکی وا، ئێوە شتێکی واتان دروست کردووە، بەتایبەتی کوردەکان، سیاسیەکان کەوا خەڵك هەست بە ئازادیەك و ئاساییەکی نوێی ئەو وەزعەی ئێستای بکات، خۆشحاڵم کەوا لەو ماوەیەیدا بەڕێز کاك مەسعود بارزانی و بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی ببینم، بتوانین ئەو دۆستایەتیە کۆنە جارێکی تر تازە بکەینەوە لەسەر هەموو بارێکەوە، ئینسان بتوانێت گلەیی لەیەك بکات و بتوانێت رەخنە لە یەکتری بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی کراوە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ بکات، من زۆر خۆشحاڵم لێرەم، کەوا زۆر لە بەشێك لە ئافرەتان دەبینم، لە پەرلەمانی ترم بینیووە بەپێچەوانەی ئێرە، لە پەرلەمانی من لە (50٪)ی ئافرەتە، ئەو پیاوانەی کە لەناو پەرلەمانن زۆر پێ خۆشحاڵن بەو شتەی کە روویداوە، لەبەر ئەوە زۆر شت فێر بوومە، ئافرەت بەس بۆ ئەوە نییە لە ئاسماندا ببینیت، ئافرەت ئەوەشە کەوا لەسەر ئەرزیش تەعامولی لەگەڵدا بکەیت، ئافرەتیش سیمبولێکی ئاشتیخوازییە، ئەو ئافرەتانەی کەوا لێرەن نموونەیەکن بۆ دیموکراتی هەموو عێراق، ئەو پیاوانەی کە ئەندام پەرلەمانیشن لێرە، دەبێت زۆر زۆر شانازی بەو ئافرەتانە بکەن، کەوا لێرە وجودیان هەیە، هیوادارم دانیشتێکی سەرکەوتوانەتان هەبێت لەسەر یاسای نەوتەوە، من زۆر سوپاسی کاك عەدنان دەکەم، زۆر زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم، زۆر لە دڵەوە پێ خۆشحاڵم کەوا وجودم هەبووە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی خاتوو کلاودیا رۆتا دەکەین بۆ وتارە بەنرخەکەی و دۆستایەتیەکەی لەگەڵ وەفدەکەی و ئومێد دەکەین سەردانەکەیان بۆ کوردستان سەرکەوتوو بێت و هەربژیت و بەخێر بێن سەرچاوان.

دەست بە بەرنامەکەمان دەکەین، خاڵی یەکەم خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراقە، فەرموو کاك عوسمان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەسەر خاڵی یەکەمی پرۆژەکە، من مولاحەزەم هەیە ئامادە نینە بۆ موناقەشە، بۆیە داوا دەکەم سەعاتێك مۆڵەت بدەیت لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبوونەوەیەك بکەین بۆ موناقەشە کردنی خاڵی یەکەمی پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو سێ نوقتەم هەیە حەز دەکەم تەوزیحی بکەم، یەك/ من لەگەڵ ئەوەدا نیمە ئەو پرۆژەیە تەئجیل بکرێت بە هیچ نەوعێك، لەبەر گرنگی و تایبەتمەندی ئەو پرۆژەیە.

دوو/ ئەم پرۆژەیە بەحەقیقەت بەشێوەیەکی وا دارێژراوە، کەوا لە (100٪) موافیقە لەگەڵ دەستووری عێراقی.

سێ/ ئەو خاڵانەی کەوا لە پرۆژەکەدا هاتووە، بەحەقیقەت ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر و وەکو لیژنەی یاساش هەموو مولاحەزەکانمان تەدوین کردووە، ئەوەی عیلاقەی بە ناحیەی صیاغەوە هەیە لە رووی صیاغەوە صیاغەیەکی زۆر رێك و پێکە.

چوار/ بەحەقیقەت لە هەمووی گرنگترە، ئەم پرۆژەیە عیلاقەی بە ئایندەی گەلەکەمان هەیە، عیلاقەی بە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان هەیە، بۆیە من بە حەقیقەت لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەو پرۆژەیە تەئجیل بکرێت بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە داوای قسەیان کردووە، کاك عوسمان داوای تەئجیلی نەکرد، داوای کرد سەعاتێك مۆڵەتیان پێ بدرێت سەرۆکی فراکسیۆنەکان دابنیشن، بۆ ئەوەی نەچینە ناو موناقەشە و ئەوانە سەعاتێك نا، بەس چارێکێکم پێ باشە، بێ ئەوەی بچینە ناو موناقەشات بەڵکو لەوێ چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی ئەو موناقەشەیە هەڵنەگرێتن، ئەگەر رێککەوتن، ئەگەر رێکیش نەکەوتن، ئەوە ئەو وەختی دەیخەینە دەنگدانەوە، باشترە لەوەی کەوا هینی بکەن، فەرموون بۆ ژوورەکەی من، سەرۆکی فراکسیۆنەکان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، بزانین نیصاب تەواوە، ژمارەی ئەندامان (54) ئەندامە، کەواتە نیصاب تەواو نییە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە جەلسەمان کردەوە نیصاب تەواو بوو، ئەو فەترەی ئیسراحە وای لێ کرد کە نیصاب تەواو نەبێتن، بۆیە من حەز دەکەم ئیستیناد بکەینە سەر ئەسڵی کردنەوەی جەلسە کە نیصابی قانونی تەواو بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، با من مولاحەزەی بدەم، ئێمە دەتوانین بە قسەی کاك شێروان تەنیا ماددەی یەکەم موناقەشە بکەین بەبێ دەنگدان کە بووە دەنگدان دەبێت نیصاب تەواو بێت، یەعنی قسەکەی تۆ راستە، دەتوانین بەردەوام بین، بەڵام مادام دەنگدانی تێدایە موناقەشەی ماددەی یەکەممان تەواو کرد، دەبێت دەنگی بۆ بدەین، ئەو وەختی دەبێت نیصاب هەبێتن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نیزام داخیلی ماددەیەکی وا نییە بەو شکلەی کە جەنابت تەفسیرت کرد بەو شکلەی کە هەیە، بە سەریحی هیچ فەقەرەیەك بەو شکلە نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان من تەعەجوب دەكەم لەو قسەیەی، یەعنی دەنگدان دەبێت نیصابی تێدا بێت، لە هەموو دنیادا وایە، نەك بەس هەر ئەوە، كاتی دەنگدان دوگمەیەك لە لای سەرۆكی پەرلەمان لێ دەدات ئەوی چووتە دەرێش هین دەكاتن، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەی جەنابتم، یەعنی بەبێ دەنگدانی تەواو ناكرێت، بەلآم پێشنیار دەكەم دوای بخەین بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەكرێت ماددەی یەكەم بخوێنینەوە، بەڵێ كاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خالێت هەی ئەگەر ئیجازە جەنابێ تەو برایێ بەڕێز، ئێك/ من مولاحەزەم هەبوو لەسەر ئاخافتنا جەنابێ تە كو مە هەستاین و ئیسراحەت وەرگرین و بۆ هەندێ فراكسیۆن موناقەشەی بكات.

دوو/ نەفەر كە ئەویش بێژا چ گروپێ هێنا حیسابێ، چ فراكسیۆن هەنە، حیسێبێ ئێك لە كاك باپیر، ئێكیش كاك غەفور هاتنە ژوورا دانیشتنا سەرۆكا فراكسیۆنا لە لای جەنابێ ئێوە، ئێوە قەبول نەكر بێنە ژوور ئەڤە یەك.

خالآ دوویێش/ ئەز دبێژم نەك بە نیصاب تەڤاڤ نەبوو، ئەگەر نیصاب بە یەك، دوو نەفەرا تەڤاڤ ببا، بە رەئیا من بۆ هەندێ پتەو كرنا ئەڤە بەرایی ڤێ پەیوەندیا ناوڤبەرا هەردوو فراكسیۆنی سەوز و زەرد هەی، یان پارتی دیموكرات و یەكێتی نیشتمانیی كوردستاندا هەی، بە رەئیا من ئەگەر مەجالەكا یەك، دوو رۆژ بێتە دان بۆ فراكسیۆنا سەوز كو موناقەشە خۆ بكەن، یان زیاتر لەسەر پرۆژە بەحسێ خۆ بكەن تا زیاتر تەخیر نەبین، ئەز بێن بۆ پتەو كرنا پەیوەندی و بۆ هەندێ چ ئیحساس پەیدا نەبن لەسەر چوونە دەرەوەو قاعەی پەرلەمانێ، ئەگەر یەك، دوو رۆژێ بێتە تەئجیل كرن بە رەئیا من بۆ موناقەشە بەر فراوانتر بێت، ئینجا چ بۆ ئەمرۆ، چ بۆ رۆژا پێنج شەم بێت جەلەسە بێتە كرن ئەڤ جوانتر بێت، چونكی ئەم نە دوو حزبێت موعارەزە دێتە كرن، ئەم دوو حزبی موشتەرەكن لە حوكمداو لە دەسەڵآتدا لە هەموو بوارێكی سیاسیدا، لەگەڵ رێز و ئیحتیرامدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانن چیە، خۆی ئەوە جەلسە نییە موناقەشەی بكەین، راستیەكەی، قسەكەی كاك ئەدهەمی راستە، ئەوەلەن داواكارییەكەی فراكسیۆنی سەوز لە كۆبوونەوەكەی كە دانیشتن، بەنیسبەت كاك غەفور و كاك باپیر مەسەلەكە ئەوە بوو، ئێمە سەرۆكی فراكسیۆنین ئێستا، ئەوانیش ئەندامی پەرلەمانن و نوێنەری حزبیشن لەناو خۆماندا نیزام داخیلیمان نییە، وا تەفسیر كرا كاكە حەمەش نەهاتووە، ئەوانیش دوو

ئەندامن نەهاتن و هەر باسیشی نەکرد، بەنیسبەت کاك نوری ئێمە داوامان کرد وەکو شتێکی قانونی پرسێکی پێ بکەین، ئەگەر ئیشکالی قانونیمان هاتە پێش، ئەگینا ئەویش وەکو موستەقیل نەهاتۆتە کۆبوونەوەکە راستیەکەت ناوێت، ئەو داواکارییەی فراکسیۆنی سەوزە کە لەوێ لە کۆبوونەوەکە باسیان کرد، گوتیان ئەو ماوەیە بۆمان کەمە تێی ناگەین لە قانونەکە، زۆرمان تێ ناگەین لە قانونەکە، زۆربەمان تێی ناگەین پێویستمان بەوەیە خەبیر بێنین و بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی ماددەکانیش بکەین، ئێمە گوتمان وەختەکەمان کەمە، بەلاّم ئەو مولاحەزەی شێخ ئەدهەمیش باشە، بەلاّم ناتوانین بیخەینە دەنگدانەوە، ئێمە دەنگدانمان نییە، بەس ئەوەندەیە دەبێت رێگایەکی قانونی بۆ بدۆزینەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە پشوودابین بە حەقیقەت جەلسەکەمان هین کرد و دوایێ لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەو راوێژو ئەوانە ئاگادارتان دەکەینەوە ئینشائەڵلاّ لە هەفتەی دادێ یەك شەمە، یان دوو شەمە دادەنیشین تەواوی دەکەین، قەناعەتم وایە هەفتەی دادێ هەمووی تەواو دەبێت، ئیشکاڵەکە بەسیتە ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی ئەوەلەن ئەو پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە، حکومەتەکە تەحالوفییە، پارتیە، یەکێتیە، یەکگرتووە، کۆمەڵە، تورکمانە، مەسیحیە هەمووی تێدایە، لە مەجلیس وزەڕا ئیقرار کراوە، لەبەر ئەوە من ئیشکالێکی سیاسی تیا نابینم و ئیشکالێکی گەورەش نابینم، ئەوە لە هەموو پەرلەمانێك بووە نیصابمان نییەو دوا دەخەین، تا ئاگادارتان دەکەمەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت جەلسە ئیفتیتاح کرا نیصاب تەواو هەبوو، فراکسیۆنی سەوز لە ژوورەکەیان دانیشتوون، نەك غایبن ئامادە نابن، ئەم قانونە قانونێکی گرنگە بۆ نەتەوەکەمان، پەیوەندی هەیە بە ئەمنی قەومی کوردستان، لەبەر ئەوە شەرمەزارییە کە لێی را بکەین، بۆیە من داوا دەکەم بەردەوام بین، ئەگەر دەنگیش نەدەین بەردەوام بین ماددەکانی تر یەك یەك بخوێنینەوەو جەلسەکەمان بەردەوام بێت، ئەمڕۆ تەواو نەبوو بەیانی، دوو بەیانی تەواوی دەکەین، چونکە شتێکی گرنگە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی تەبیعییە لە پەرلەمان خیلافێك دەبێتن دەچیە دەرێ و دێیەوەو ئەوە شەرمەزاری بۆ کەس نییە، سبەینێ ئێوەش بچنە دەرێ کەس نالێت شەرمەزارییە، ئەوە رەئیەکە، رەئی حزبیشە، رەئی فراکسیۆنی موحتەرەمەو موناقەشاتی دەکەین لێرە، ئیختیلافیشمان دەبێتن، خەڵك گلەییمان لێ دەکاتن دەڵێن ئیختیلافتان نییە، خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم جەنابتان تەکلیف بکەن لە فراکسیۆنی سەوز بێنە ژوورەوە با ئەو ماددەیە تەئجیل بکەین، بەلاّم خۆ دوو شتی ترمان هەیە دوای ئەوە، بەلای کەمی ئیش لەسەر ئەوە بکەین، ئەگەر ئەوە بۆ بەیانی و دوو بەیانیش تەئجیل بوو، بەلاّم با جەلسە دوا نەخرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت فەرمووت ئەو قانونە لە مەجلیسی وزەڕا فەترەیەکی زۆر دیراسەت کراوە خەبیر بانگ کراوەو هەموو لایەنەکانی لێك داوەتەوەو، ئینجا هاتۆتە پەرلەمان، پاشان لە لیژنەی یاسایی فەترەیەکی زۆر موناقەشە کراوە، دیسان هەموو لایەنەکان بەشدار بووینە، من پێم وایە تا دوێنێ هیچ موناقەشەیەك و مولاحەزەیەکی ئەوتۆ نەبووەو لابەلاش نەبووە لەسەر ئەو قانونە، یان بیرۆکەیەکی وا هەبێت تەئجیل بکرێت، یان وەختمان نییە، لەبەر ئەوە من پێم وایە داوای لێبوردنیش دەکەم بە قەناعەتی خۆم وایە، ئەمە تەوجیهێکی سیاسی هاتووە، بە قەناعەتی خۆم ئینشائەڵلاّ غەڵەتیشم، تاخیر بوونیشی لە زەرەر دایە هەمووشمان باش دەزانین، ئێستا ئێمە تووشی ئەمرێکی واقیع بووینە، ئەو ئەمرە واقیعەش بە داخەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ برادەران تەعمودییە، بۆ ئەوەی ئیفشال بە جەلسەکە بێنین، ئەوەش شتێکی خراپەو زاهیرەیەکی خراپە، یەکەم زاهیرەشە لەناو پەرلەمانی ئێمە، داوا دەکەم تەکلیف لە کوتلە سەوز بکرێت بێنەوە ناو قاعەو ڕەئی خۆیان دەربڕن موناقەشەیەکی ئازادە، دەتوانن دەنگ نەدەن، دەتوانن دەنگ بدەن، دەتوانن موناقەشە بکەن، دەتوانن ڕەفەزی بکەن، بەڵام موقاتەعە کردن ڕاستە جانبێکی قانونی هەیە، بەس زاهیرەیەکی خراپە، ئەو دەستوورەش، ئەو قانونەش هەموومان دەزانین، جەنابت لە هەموومان باشتر دەزانی کە حکومەتی ئێمەو سەرکردایەتی کورد چەند پێویستی پێ هەیە، چونکە لەو ڕۆژانە کۆبوونەوە لە بەغدا هەیە، ئەو مەوزوعە باس دەکرێت، قانونی نەوت لە بەغدا باس دەکرێت، بە ڕەئی من ئەوە چەکێکە لە دەست قیادەی سیاسی کورد کە دەچێتە بەغدا، دیفاع لە کێشە بکەن و دیفاع لە قانونی نەوتی عێراقی بکەن، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم داوایان لێ بکرێت بێنەوە ناو جەلسەو ڕەئی خۆیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی جەنابت فەرموو بڕۆ قسەیان لەگەڵ بکە، باشە، کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مەسەلەی لیستەکان ئەگەر ئێمە تێبینی ئەوە بکەین لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە سێ لیستمان هەیە، لیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان، کە هەموو لایەك تێیدا هەن، لیستی کۆمەڵەی ئیسلامی، لیستی زەحمەتکێشان، کە ئێستا گروپ و شت دروست بوو، مەسەلەن فراکسیۆنی سەوز، فراکسیۆنی زەرد، فراکسیۆنی برایانی تورکمان، فراکسیۆنی برایانی ئاشووری، فراکسیۆنی برایانی کۆمەنیستی کوردستان، بەو شێوەیە ئەو فراکسیۆنانە لێرە دروست بوو، جەنابت لێرە نیزامی داخیلی نییە، من حەز دەکەم لێرەوە ڕای بگەیەنم، هیچ فراکسیۆنێك لێرە نوێنەری من نییە، من خۆم لێرە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانم، خۆشم لێرە نوێنەرایەتی حزبەکەم دەکەم، نوێنەرایەتی میللەتەکەشم دەکەم لە ڕێگەی ئەو پەرلەمانەوەو، هیچ فراکسیۆنێك ناتوانێت لە جێگەی منەوە دەنگ بداتە هیچ شتێك

لەو مەسەلانە، خۆم مەسئوولم لەوە، ئەوە خاڵێك. ئەگەر بۆ خەڵكی تر حەق بێت، بۆ ئێمەش حەقە، بێین لەوێ وجهەی نەزەری خۆمان بخەینە روو، شتەكە قانونییە، خاریجی یاسا نییە.

دووەم/ بەنیسبەت ئەو مەسەلەی كە فراكسیۆنەكان برانە دەرەوەو موناقەشە بكران، دەبوایە پێش دانیشتنی جەلسە ئەوە بكرا بوایە، ئەوە خاڵێك.

سێیەم/ من تێبینی ئەوەم كرد بەڕێز سەرۆكی فراكسیۆنی سەوز پێش ئەوەی جەنابت قسە بكەیت ئەوە نوقتە نیزامیەكەیە، هێشتا جەلسە نەكرا بۆوە، یەعنی موسبەقەن شتێك هەبوو لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەبوایە قسەی لەسەر بكرا بوایە، نەك لەناو جەلسەكە قسە بكرا بوایە.

خاڵێكی تر/ كە لە هەمووی گرنگترە، زۆر جاران ئێمە لێرە موناقەشەی دەكەین، دەڵێین لە زۆر شت پشتگیریمان لە بەغدا نەكردووە، بەغداش شتمان فەرز دەكاتە سەری، مەسەلەن ئەگەر ئێمە دەستووری كوردستانمان پێشتر رابگەینرا بوایە، ئەو هەموو شتەمان لەسەر فەرز نەدەكرا، دەستووری كوردستان دەبووە رێگرێك لە پێش كۆمەڵێك شت، ئێستاش یاسای نەوتی عێراقی، كە كۆمەڵێك دەستكاری كراوەو لە پەرلەمانی عێراقی، ئەگەر بچێتە دەنگدانیش، ئەوان ئەكسەریەتی دەنگن، لەوانەیە فەرز بكرێتە سەرمان، بەلاَم بەو یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان، ئێمە دەتوانین رێگری لە زۆر شت بكەین، بۆیە ئێمە دەبێت كار بكەین دەست و برد لەو مەسەلەیە بكەین، وەكو ئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەگەر ئێمە لێرە نوێنەری خەڵكی كوردستانین بە دەر لە مەسەلە حزبیەكان، راستە هەمووی لە رێگەی حزبەكانەوە هاتووین، بەلاَم پەرلەمان كە ماڵی خەڵكی كوردستانە، دەبێت ئێمە بەرژەوەندی بالاَی خەڵكی كوردستان لە سەرەوەی هەموو شتێك دابنێین، ئێمە واش سوێندمان خواردووە، دەبێت مولزەم بین بەو سوێندەی خۆشمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەوزوعی حازر بوونت لەوێوە حەقی خۆتە رەئی خۆت دەربڕی، دوایێ لە باس كردنی نیزامی داخیلی باسی دەكەین رێگایەكی دەدۆزینەوە بۆ ئەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە، من خۆم مانیعم نییە لە هەر كۆبوونەوەیەك حازر بیت بەناوی حزبەكەتەوە بێت، بەناوی هەر شتێكەوە بێت زەرەر نییە، چەند زۆر بێتن ئەوەیە، بەلاَم پرنسیپێك هەیە دەبێت ئەوەی بكەین، جارێ ئەو پرۆژەیە من رەئی خۆم داوە وەكو سەرۆك، جێگری سەرۆكی حكومەتیش ئەویش ئەندامی مەكتەبی سیاسیە، دوو ئەندامی مەكتەبی سیاسیش ئەندامن لە مەجلیسی وزەرا، ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەكی رێك و پێكەو ماندوو بوونە لەسەری لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەگونجێتن بەشێوەیەكی زۆر دەقیق دارێژراوە، مەلەسەكە لەوەدا نییە، بەلاَم پێویستی بە تێگەیشتن هەیە، هەموو كەسێك بە جارێكی خوێندنەوە تێ ناگاتن، یان بە دوو جار خوێندنەوە تێ ناگاتن، لەبەر ئەوە بەشێك لە بۆچوونەكانیان كە داوایان كردووە عیلاقەی بەوەوە هەیە، من باوەڕ ناكەم شتی سیاسی هەبێتن، ئەگەر شتێكی سیاسی هەبوایە پەیوەندیان بە من دەكرد، دەیانگوت لەبەر ئەو شتە سیاسییە دوای بخەن، تا ئێستا كەس پەیوەندی بە منەوە نەكردووە، هەرچەندە من لێرە

وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەجوولێمەوە، دێمە ئێرە من سەرۆکی هەموو فراکسیۆنەکانم، نەك بە تەنیا هی سەوز و هی یەکێتیشم و هی هەمووتانم، بەڵام ئەگەر شتێکی سیاسی هەبوایە بە منیان دەگوت و موناقەشەمان دەکرد، شتی سیاسی نییە، تەنیا ئەوەیە دەیانەوێت وەختی زیاتریان هەبێت لە موناقەشە کردن، من دیسان تەئکید دەکەمەوە ئەگەر موناقەشەش بکەین بەپێی نیزامی داخیلی، بەپێی عورف ناتوانین دەنگ بدەین بۆ هیچ ماددەیەك مادام ئەکسەریەتمان نییە، حەز دەکەن موناقەشە دەکەین، بەڵام چ فایدەی هەیە کە تۆ نەتوانیت ماددەیەك حەسم بکەیت و دەنگی لەسەر بدەیت، هیچ فایدەیەکی نییە، کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کەوا بەردەوام بین لە دانیشتنەکەمان، بەڵام هەروەکو لەو کۆبوونەوە بچووکەش کەوا ئێستاکە پێش تۆزێك باسمان کرد، ئێمە ئێستا سێ پرۆژەمان لەبەر دەست دایە، بۆ ئەوەی کەوا نەخرێتە ئەو قالبەوە، لەبەر کێشەیەك ئەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ دوا خراوە، من دەڵێم با خەریکی تەماشا کردنی یەکێك لەو دوو پرۆژەکەی تر بین، هەروەکو نازناز خانیش پێشنیاری کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو کاك دکتۆر نوری موشکیلەکە ئەوەیە نیصاب نییە یەك، دووەمیش/ هەر پرۆژەیەك لەو پرۆژانە دەبێت بۆ هی ئاسایش دەبێت یان سەرۆکی حکومەت بێت، یان وەزیرێك بنێرێت نوێنەری خۆی بێت، بۆ ئەوی تر دەبێت رەئیسی مەحکەمەی تەمییز و وەزیری داد بانگ بکەین هەردووکیان لێرە نین فریاشی ناکەوین، ئێستا قەراریشمان پێ نادرێتن، کاك دکتۆر ئاشتی دەتەوێت قسەی بکەیت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە یاسایەکی تازە نییە، دەگەڕێتەوە بۆ دەستووری دوو ساڵ لەمەوپێش، ساڵێکە لە ژێر موناقەشە دایە، قانونەکە هەموو کەس دەزانێت قانونی نەوت باس لەسەر چیە، گەیشتینە ئەو مەرحەلەیە پێویستیمان بە یاسا هەیە لە کوردستان، من زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دانیشتنە تایبەتیە کە دەزانم ئێستا پشووە، ئێوە گرنگیتان پێداوە، برادەران ئەوانەی لێرەنەو ئەوانەی لە دەرەوەشن، سەبارەت بە باس کردنی یاسای نەوت و غازی کوردستان، لەم یاسایەدا ئێمە مافی هەرێمی کوردستانمان بە وردی ئاشکرا کردووە، ئەوەش بەشێوەیەك دانراوە بە تەواوی دەگونجێت لەگەڵ دەستووری ئیتیحادی عێراقی، هیچ موخالەفەی نییە لەگەڵ ئەوە، ئەم یاسایە سێ شت مسۆگەر دەکات بۆ کوردستان، بەشدار بوون و بەڕێوبردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت و غاز لە کێڵگەکانی کوردستان، ئەوە لە ماددەی (112) فەقەرەی یەکەم لە دەستووری ئیتیحادیدا هاتووە.

**دووەم/ بەڕێوەبردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت و غاز لەو حەقلانەی کە کەشف بوون، یاخود دەبن لە مستەقبەلدا.**

**سێیەم/ ئەمە گرنگە بەشدار بوون بە عەدالەت لە هەموو داهاتەکانی نەوت و غاز، نەك هەر کوردستان، بەلأم لە هەموو عێراق، ئەم قانونە ئەوەی داناوە کە دەستوورییەو موتابیقە لەگەڵ دەستووری عێراق.**

**بەڕێزتان ئەم یاساییە کۆتایی پێ دەهێنێت کە دوژمنی کورد نەتوانێ، کە جارێکی تر داهاتەکانی نەوت و غازی کوردستان بەکار بهێنێت دژی میللەتەکەمان، لەمەولا ئەگەر بوو بە قانون، بۆ یەکەم جار رەصیدی نەوتەکەمان دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی ولأتێکی سەرفراز و سەرکەوتوو لە کوردستان، نەك ئیعتیماد بکەیتە سەر بەغدا، وەك بەڕێزتان ئاگادارن ئەمڕۆ سالێکە ئێمە خەریکین لە رێکخستن و ئامادە کردنی ئەم یاسایە، ئەمە تازە دەست پێ نەکراوەو هەموو حکومەت بەشدار بووە لەو قانونە، زۆر کەس ماندوو بوونە لەسەری لە وەزارەتی ئێمە، لە وەزارەتی عەدل، بەڕاستی بەتایبەتی کاك نێچیرڤان بارزانی خۆی سێ هەفتە لەگەڵمان بووە لە بەغدا، دەیانیش لە وەزارەتی ئێرە ئیشمان لەسەر کردووە، ئەمە شتێکی تازە نییە، من لە دوای سی و دوو ساڵ لە غەریبایەتی کە خێزانی خۆم و منداڵی خۆم و ئیشی خۆم بەجێ هێشتووەو هاتمەوە بۆ ئێرە ئەمەلێکم هەبوو بەو ولأتە، من بۆ ئەوە نەهاتوومەوە بمکەنە وەزیر، بۆ ئەم شتانە نەهاتوومەوە، ئەمانەقیمەتی نییە بۆ من بەڕاستی هاتمەوە بۆ یەك شت کە ئەم یاسایە موستەقبەلی کوردستان تەسبیت بکات بۆی لە ژێر دەستی ئێوەیە، ئێوە بڕیار دەدەن، من پێشنیار دەکەم دەبێت ئێوە بڕیار بدەن، بۆ پارێزگاری ئابووری میللەتی کوردستان، دەبێت ئەمە زۆر زۆر پێویستە، وا دیارە لەوانەیە ئەمڕۆ ببێت، لەوانەیە ئەم رۆژە خۆشەش لەگەڵمان بێت ئەمڕۆ، هیوادارم بەردەوام بێت، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، تاکو ئێستا ئیشەکەمان ئاسان نەبووە، ئەمە میسالێکی زۆر جوانە کە ئێستا دەیبینین، زۆر جار زەخت و حەملەمان لەسەر کرا بوو، لەوانەیە کە بە مەرکەزی بیر دەکەنەوە، لەوانەیە بە مەرکەزی ئیش دەکەن، لەوانەیە دژی فیدراڵی ئیش بکەن، بەلأم ئێمە بە تەشریع و دەعمی سەرۆکی هەرێم و حکومەت توانیمان بەردەوام بین و بگەینە ئەو مەرحەلەیە، لە بابەتی یارمەتیش با شتێکی ترتان پێ بڵێم، من هەمیشە ئامۆژگارییەکی زۆر گەورەم لەبیرە، ئەوەش لە خوشکێکی گەورە هات بۆم، چونکە من کاتێك لە ژێر زەختدا بوو زەختێکی زۆر لە کوردستان، ئەو خوشکە بەڕێزە ئاگاداری کردمەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی قیادی لە حوکمی زاتیدا، ئەو وەختەی کە حوکمی زاتی باس کرا بوو، باوکی فەرموو بووی ئەگەر بەلوعەکە لە بەغدا بێت حوکمی زاتی مانای نییە، ئەگەر هەر بەردەوام نەبین بەلوعەکە هەر لە بەغدا دەمێنێتەوە، ئێستا مەرحەلەی تاریخییە بڕیاری خۆتان بدەن و لە ژێر دەستی ئێوەیە، ئەو خوشکە بەڕێزەش خاتوو تاڵەبانی بوو هێرۆ تاڵەبانی بوو، من قەت لەبیرم ناچێت ئامۆژگاریەکی باش بوو، دەبێت خزمەتی ئەو ولأتە بکەین لە کۆتاییدا ئەم یاسایە هەموو کۆنترۆڵەکانی هێناوەتەوە هەرێمی کوردستان، ئێمە دەبێت دەنگی لەسەر بدەین و بیکەینە ئەمری واقیع و پێشکەشی بکەین بە میللەتی کوردستان، ئەگەر بوو بە یاسا هیوادارم میللەت نەهێڵێت لە رێگای یاسایەکی فیدراڵیەوە، یاخود**

تەعدیلاتێکی دەستوورییەوە دەزانم جەنابتان دژی ئەوەن، کە دووبارە کۆنترۆڵەکان بچێتەوە بەغدا، من تکاتان لێ دەکەم، داواتان لێ دەکەم، کە بەردەوام بن و بیکەنە ئەمری واقیع، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك دکتۆر ئاشتی ئێمە زۆر سوپاسی تەقدیرت و ماندوو بوونت دەکەین، دەزانین چەند مانگێکە خەریکی ئەو پرۆژەیەن، ئێمە کە ئەمڕۆ موناقەشەی دەکەین مانای ئەوە نییە ئێمە دژی ئەو مەوقیفەی پرۆژەکەینە، بەپێچەوانەوە دەردەچێت و داوای وەقتمان کردووە بۆ چەند ڕۆژێك، ئەوە فراکسیۆنی سەوز داوای مۆڵەتی چەند ڕۆژێکیان کردووە، ئەوەش مانای ئەوە نییە دوابخرێت، یان نەکرێت، بەڵکو دەکرێت، چونکە ئەمە حەقێکی خۆمانە و پێویستیەکی هەرێمیشە دەبێت بکرێتن بە بۆچوونی من ماندوو بوونێکی زۆری تێدا دەکرێت و دەستتان خۆش بێت، دەست خۆشیەکە دەبێت ئەو وەختی پێتان بڵێم کە تەواو دەبێتن، تەبعەن پرۆژەیەك هاتووە لیژنەی یاسایی وەکو فلتەرێك زۆر بوو مەسائیلی چاك کردۆتەوە، لێرەش ئەندامانی پەرلەمان موداخەلەی دەکەن و دەوڵەمەنتریشی دەکەن بەشێوەیەك دەردەچێتن هیچ کەموکوڕییەکی نابێتن، ئینشائەڵڵا هەموو لایەك پێی دڵ خۆش دەبن، فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانە، یەك ریزی ناو ماڵی کورد ستیراتیجە بۆ هەموومان، ئێستا جێگای سەرسورمانە ڕۆژێك ناکۆکیەك دەکەوێتە بەینمانەوە دەبێت بیکەینە ئەزمەو مرونەتمان بەرامبەری یەك نەبێت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لیستی سەوزیش داوا ناکات ئەم یاسایە نەکرێت، بەڵکو داوای مۆڵەتێکی کردووە، ئێستاش خەریکە دەبێتە قەیرانێك، حەقە ئێمە زیاتر مرونەتمان هەبێت بەرژەوەندی یەك ریزی کورد لەسەرووی هەموو شتێکەوە بێت، ڕۆژێك، یان دوو ڕۆژ، یان چەند ڕۆژێك نەیکەینە گرفت، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم هیچ عەیبدارێکی نییە ئەمڕۆ تۆزێك لە پەرلەمانیش نیمچە جیاوازی هەیە لەنێوانماندا، کە هەڵوێستێك کاتێك بۆچوونەکانمان قسەی لەسەر بکەین، هەندێ ئیختیلاف و جیاوازی ژێر بەڕ دەکەوێتە سەر بەڕ، لەبەر ئەوە دەبێت بە ئاسایی وەریبگرین، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم جەلسەیە بکەوێتە هەفتەی داهاتوو، هەفتەی داهاتوو یاسایەکە بڕیاری لەسەر بدرێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار دەکەم نازانم ئەو برادەرانەی کە ئیمتیناع دەکەن لەو جەلسە موبەریر چیە، چونکە ئەو قانونە ماوەیەکە لێرە خوێندرایەوەو ئەوان ئاگادارن بە هەموو خاڵەکانی، ئەو ئیمتیناعەی ئەمڕۆ من لێی تێ ناگەم، جا بۆیە من داوا لە جەنابت دەکەم ئەو جەلسەیە بە هیچ شێوەیەك تاخیر نەکرێت، مومکینە لە دەرەوە سەدایەکی خۆشی نابێت، ئەگەر بیانەوێت تەئجیل بکرێت، نەفەرێك، یان دووان بێن موبەریر چیە لەو تاخیرە، ئەوە داوا لە جەنابت دەکەم لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فەتاح بۆ ئەوەی قسەكان دووبارە نەبێتەوە، هەر فراكسیۆنێك حوریەتی خۆی هەیە، ئازادە لە بۆچوونی خۆی كارێكی پەرلەمانی دیموكراتییە، دەرچوونیش لە كۆبوونەوەو حازر نەبوونیان حەقی خۆیانە، تەبیعییە رەئیەكی خۆیانە داویانە سەری نەگرت چوونەتە دەرێ نایانەوێت موناقەشە بكەن تەبیعییە، دەگۆڕێت سبەی دەبێتە نەوعێكی تر، ئێمە جەلسەكەمان بەردەوامە، بەڵام ناتوانین بچینە ناو پرۆژەكەوە چونكە دەنگدانی دەوێت، ئەگەر دەنگدانی ویست دەبێت بە لای كەمی (56) دەنگمان هەبێت، ئێستا (54)ین، بۆیە ئەگەرنا جەلسەكە وەكو كاك شێروان گوتی قەتعمان نەكرد، جەلسەكەمان ئیفتیتاح كرد نیصابمان بوو بەیانیەكەی، دەكرێتن هەتا هەشتی ئێوارە دابنیشین، بەڵام كە ماددەیەك هاتە دەنگدان دەبێت نیصابمان هەبێت، دەبێت لە (51٪)كەكمان هەبێتن و دەنگی بۆ بدەین، كاكە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو برادەرانەی فراكسیۆنی سەوز نەیانوتووە دژی ئەو مەوزوعە بن، داوای مەجالێكیان كردووە، لەبەر ئەوە من پێم وایە هەموو شتەكان تەوافوقیە، ئێمە هەتا ئەگەر پەنجاو شەشیش بین ماعقول نییە فراكسیۆنێكی تێدا ئامادە نەبێتن، لەبەر ئەوە من لەگەڵ رەئیەكەی كاك شێخ ئەدهەم و كاك هیوام بۆ هەفتەی داهاتوودوابخرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خورشید هاتۆتەوە بزانین چی دەڵێت.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەرانم دیت، ئەو رەئیەی ئێستا گوێم لێ بوو هەمان رەئیان هەیە، دەڵێن چەند رۆژێك تەئجیل بكرێت، جەنابی مام جەلالیش سبەینێ دێتەوە لەگەڵ جەنابی كاك مەسعود قیادەی سیاسیش كۆدەبنەوە بە هەفتەیەك، یان پێنج شەش رۆژێك هیچی لێ نایەت، بۆ ئەوەی تەوافوقەكە تێك نەچێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش سبەینێ مەوقیفێكی وەرنەگرن، منیش رەئیم وایە تووشی ئەو مەوقیفە نەبین باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنم و سوپاستان دەكەم، دوایی وەڵامتان دەدەمەوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 31\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (3)ی نائاسایی

## سێ شەممە رێکەوتی 2007/7/31

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/7/31 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بەپێی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەکە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەکە بڕیاردرا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارەی (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/7/31دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرەتا دەمەوێت باسی یادەوورییەکی کارەساتەکانی گەلەکەمان، کە دوژمنانمان لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بەسەر بارزانیەکانیاندا هێنا وەبیر بێنمەوە، ئەمڕۆ (7/31)ە لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا دوژمنانی گەلەکەمان هەزاران بارزانیان گواستەوە، بۆ ئەنفال کردنیان، بۆ لەناو بردنیان وەکو بەرنامەیەکی داڕێژراو دژی گەلی کوردستان، وەکو بەشێك لە جینۆساید دژی گەلەکەمان، هەزاران شەهید لە بارزانیەکان وەکو شەهیدانی تری گەلەکەمان بوونە قوربانی، ئەمڕۆ یادیانە، کە یادیان دەکەینەوە خۆشبەختانە دەبینین

گەلەکەمان سەرکەوت بەسەر دوژمنانیدا، ئەوانەی ئەو تاوانەو تاوانەکانی تریان بەسەر گەلەکەماندا ئەنجامدا، ئەمڕۆ هەندێکیان بە سزای گەل و نیشتمان و یاسا گەیشتوون، هەندێکی تریش لە ڕێگا دان، بۆ ئەوەی سزای میللەت و گەل و نیشتمان و یاساو ڕاستی عەدالەت بەسەر ئەوانیشدا بسەپێت و گەلەکەمان سەرکەوتوو بێت، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بارزانی و هەموو شەهیدانی گەلی کوردستان و ڕێگای ئازادی، گەلەکەشمان هەر سەرکەوتوو دەبێتن بەو ئیرادەیەی کە هەمیشە هەیبووەو هەیەتی، بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر ئاشتی وەزیری سامانە سروشتیەکان و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و بەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکارانی وەزارەتی نەوت دەکەم، کە لەگەڵمان ئامادەن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، کاك عەونی نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی کار هەڵەیەکی تێدایە، ئیشارەتی داوە ڕۆژی دوو شەممە، ئەمڕۆ ڕۆژی دوو شەممە نییە، ڕۆژی سێ شەممە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لای من ڕاست کراوەتەوە، زۆر سوپاس، ئەوەی لە لایە ڕاست نەکراوەتەوە ڕاستی بکاتەوە، چەند ڕوون کردنەوەیەك دەمێنێت لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، پاش ئەوەی دانیشتنی پێشوومان تووشی کێشەیەك بوو بەردەوام نەبووین لەسەری، دەمەوێت بخەمە بەردەمتان، لە ڕۆژنامەکاندا بەسەر زمانی هەندێك ئەندام پەرلەمان، یاخود ئەوانەی کە ویستوویانە ڕەئی خۆیان بنووسن، تەنیا بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی جەلسەکەی پێشوو ڕوون کردنەوەیەکی کورتم هەیە، یەکەم/ هەندێك ڕەخنە کراوە، کە بەپێی یاسا سەرۆکی پەرلەمان نەجووڵاوەتەوە، برادەرێك بەناوی ئەندامێکی سەربەخۆ لە پەرلەمانی کوردستاندا، نازانم تەبعەن ڕۆژنامەکە، یاخود خەبەرەکە ڕاستە، یان کێیە ئەو برادەرە، گوایە من وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جولاومەتەوە، نەك وەکو سەرۆکی پەرلەمان، ئەمەش هەمووتان شاهێدن لێرە، کە وانییە.

دووەم/ ئەوەی ئیدارەی جەلسەکەم کردووە، پاشی ئەوەش تەقیمیش کراوە، (100٪) بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام بووە، جەلسەکەمان دەست پێ کرد و نیصاب هەبووە، ژمارەی ئەندامان نزیکەی (70 تا 80) ئەندام بووە، جەلسەکە دەست پێ کراوە، دواتر چەند ساتێك بۆ ڕاوێژ لەنێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکان، ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە پێویست بە دەنگدان ناکاتن، من خۆم قەرارم داوە، چارەکە سەعاتێك کۆبوونەوەکەمان دواخستووە بۆ ئەو گفتوگۆیە، کە هاتینە ناو کۆبوونەوەکەو نیصاب نەما، هیچ شتێك کە خرایە دەنگدان و نیصاب نەبێتن ناخرێتە دەنگدان، سەرۆکایەتی بۆی هەیە دوای بخاتن، سەرۆکی پەرلەمان هەندێك تەماشای پەیڕەوی ناوخۆ بکەن، دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، کە نیصاب نەبوو ناکرێتن، نە جەلسەکە دوابخاتن، نە ماددەکان بخاتە دەنگدان، لەبەر ئەوە هەر ویستم ئەو ڕوونکردنەوەیە

بکەم، ئەگەر کەسێك قسەی وای کرد بێت، لەگەڵ رێزم بۆ رەئیەکانی، بەڵام ئەوە راستیەکانە، فەرموو کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لەناو ئەم پەرلەماندا، تەنیا هەر من سەر بە هیچ لایەنێك نیم، من بە هیچ شێوەیەك ئەو قسەیەم نەکردووە، لە ئەمڕۆوە بەم لاوە رەنگە هەندێك وتەم هەبێت سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە، بەڵام تاکو ئێستاکە بە هیچ شێوەیەك قسەم لەگەڵ هیچ رۆژنامە نووسێك نەکردووە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش وتم نازانم ئەو خەبەرە راستە، یان نا، یان خەبەرەکە دروست کرا بێت، بەڵام ئەو غەڵەتەی کردووە، گووتوویەتی ئەندامێکی موستەقیلی پەرلەمان، لێرە دوو، سێ ئەندامی سەربەخۆ هەنە، کەسێك سەربەخۆ نییە، بۆیە من ئیحتیمالی ئەوەم دانا، ئەوەی خەبەرەکە نووسیوویەتی تەرتیبی کردووە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پێویستی دەزانم سەبارەت بە هەڵوێستی رۆژی 7/24 هی فراکسیۆنەکەمان دووپاتی بکەمەوە، ئێمە تەنیا بۆ بەرژەوەندی گشتی و باشترین دیراسەو تاوتوێ کردن، داوای دواخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاساکەمان کرد بۆ هەفتەیەك، بەداخەوە بۆچوون و لێکدانەوەی جیا جیای بۆ کرا لەگەڵ رێزم بۆ هەموو رەئیە جیاکان، تەبیعی هەر کەسە ئازادە لە رەئی خۆی، کە ئێمە دووپاتی دەکەینەوە، تەنیا ئێمە بۆ بەهێز کردنی یاساکە داوای چەند رۆژێك دواخستنی پرۆژەکەمان کردووە، ئەوە حەقی خۆمانەو بە مافی رەوای خۆمانی دەزانین، لەبەر ئەوەی پرۆژەکە زۆر گرنگ بوو پەیوەندی بە باری ئابووری سیاسی کوردستان و دوارۆژی نەوەکانیشمان هەیە، بۆیە دەبێت پرۆژەکە بەشێوەیەك بکرێت بە کەمترین هەڵەو کەمترین کەموکوڕی تیا نەبێت و دوور بێت لە کون و کەلەبەری سیاسی و کارگێری و تەکنیکی.

سێیەم/ هەڵوێستی فراکسیۆنی سەوز نە دژی هیچ لایەنێك و، نە رەتکردنەوەی پرۆژە یاسایەکە بووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە دەرفەتێکی باشتر بدرێت بە ئەندامانی پەرلەمان و پەلە نەکرێت لە دەرکردنی یاسایەکە.

چوار/ ئێمە دەمانویست، ئێستاش دەمانەوێت یاسایەکە کە لەبەری مۆنۆپۆل کردنی نەوتی کوردستانی تیادا نەبێت، کۆمپانیا شارەزاو زەبەلاحەکانی نەوت نەتوانن بە ئاسانی هەڵی نارەوای بقۆزنەوەو لە لایەکی ترەوە کاروباری دەزگاکانی نەوت و گازیش بە هەموو بوارەکانیەوە رێك و پێك و بێ گرێ و کۆسپ رێك بخرێن، دووبارەی دەکەینەوە کە هەڵوێستەکەمان تەنیا بۆ بەرژەوەندی گشتی بووەو رێزیشمان بۆ بۆچوونی پێچەوانە هەیەو درێژەشی پێ دەدەین لە بایەخیشیان کەم ناکەینەوەو، ئێستاش هەرچەندە بەهۆی ئەو گرفتەمان گفتوگۆ لەسەر کردنی هەفتەیەك دوا خرا، بەڵام هێشتا دەرفەت بۆ باش رەخساندنی ئەو یاسایە گرنگەو هەر کەمەو لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین و ئومێدیش دەکەین بە دڵسۆزی و پەرۆشی هەموو لایەك یاسایەکی شایستە بەو بوارە ئیستراتیجیە دەربکەین، زۆر سوپاستان دەکەین، ئێمە هیچ خاڵێکی دژ

به هیچ کەسمان نەبووەو هیچ شتێکی جیاوازمان نەبووە، تەنها لە خزمەت و بەهێز کردنی پرۆژەکە داوای هەفتەیەك دواخستنمان کردووە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ روونکردنەوەکەت، تەبیعی ئەوەی روویدا کارێکی دیموکراتی بوو، تەنیا ئەوەندە بوو هەندێك تەفسیل کرا، نەوەك خیلافێکی سیاسی بێت، ئەگەرنا ئەوەش روون بۆوە، دواتر هیچ خیلافی سیاسی لەسەر نییە، حەقی هەر فراکسیۆنێکە، هەر ئەندامێکی پەرلەمانە رەئی خۆی بڵێتن و داواش بکاتن دوا بخرێتن، یان پەلەی لێ بکرێتن، یەعنی شتێکی تەبیعییە، بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی پەرلەمان هەموو ئەندامێك ئازادە لە دەربڕینی رەئی خۆی و گوتنی هەموو فراکسیۆنێك داواکارییەکی هەبێتن، بەپێی قانون، بەپێی رێنماییەکانی خۆمان بیخاتە روو، ئەوەی کراشە یەك هەفتە دواخرا، ئومێد دەکەم لەو هەفتەیەدا هەمووتان توانی بێتان قانونەکە باشتر بخوێننەوەو دەکرێت بۆ ئەو مەترسیانەی کە کاك عوسمان نیشانیدا، یان هەر ئەندامێك نیشان بداتن، ماددە بە ماددەیە خۆ ناکرێت تۆ قانونەکە هەمووی ئەوە بکەیت، لە هەندێك ماددەدا رەئی خۆتان بڵێن دەوڵەمەندی دەکەنەوە بە باشی نازانن، جەنابی وەزیر لێرەیە دەتوانێت روونی بکاتەوەو برادەرانی لیژنەی قانونی کە دیراسەتیان کردووە، خەبیریان هێناوە، دەتوانن رەئی خۆیان بڵێن، کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر جەلسە ئیستیسنائیەکە هەیە، ئەو سێ یاسایە سێ یاسای زۆر گرنگن، ئەگەر یاسای نەوت زۆر گرنگە با وتووێژی لەسەر بکەین، لەسەر یاسایەکەی دیکە، ئەم جەلسەیە جەلسەیەکی ئیستیسنائیە، من پێم وایە جەلسەیەکی زۆر درێژ دەبێت لە تاریخی هەموو پەرلەماندا دەیەوێت وتووێژی دوو، سێ هەفتەی دەوێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆمان هەیە چەند جار درێژی بکەینەوە ماوەی کارکردنی پەرلەمان لە پشووی خۆیدا، ئەوە روونکردنەوەیەکمان لە جەنابتان دەویست، من پێشنیار دەکەم دوو یاسایەکەی تر بیخەینە مانگی نۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەی خاڵی یەکەم تەواو بکەین، دەتوانی ئەو پێشنیارەی بخەینە بەردەم پەرلەمان و موناقەشەی لەسەر بکرێت، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ماددە بە ماددە بخوێنێتەوەو رەئی لیژنەی قانونیش لەسەری، بەڵام تکایە بە هەردوو زمان بخوێندرێتەوە، لە ئێستاوە داوا دەکەم تەرجومەی کوردیەکە رەنگە هەندێك لەنگ بێتن، بۆیە خۆمان مەشغول نەکەین، بەڵکو عەرەبیەکە ئەساسەو دواتریش کوردیەکە چاك دەکرێتەوە، ئینجا چاپ دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە پێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەریکردووەو پشت بە حوکمی ماددەی دەیەم/یەکەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو یاسایەی خوارەوەمان دەرکرد:**

## یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007

## یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:**

**1- حکومەتی فیدراڵی: حکومەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ.**

**2- دەستووری فیدراڵی: دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ.**

**3- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**4- سەرۆکایەتی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**5- پەرلەمان: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق.**

**6- حکومەتی هەرێم: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**7- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.**

**8- وەزارەت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم.**

**9- وەزیر: وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێم.**

**10- نەوت: هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتی، یان هەر هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاو، چ لە دۆخی گازی، یان شلی بێ ئەوانەش دەگرێتەوە، کە دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکەی.**

**11- نەوتی خاو: هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی شل لە دۆخە سروشتیەکەی، یان لە گازی سروشتیەوە بەهۆی خەست کردنەوە، یان هەر هۆکارێکی پوخت کردنی دیکەوە بەرهەم هێنرا بێت.**

**12- گازی سروشتی: هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی گازی، کە بە خاوی لە دۆخە سرشتیەکەیدا مابێتەوە، لەوانەش گازی تەڕ، گازی وشك، ئەو گازەی لە بەرگی بیر هەیە، ئەو گازەی لە پرۆسەی پوخت کردنی هیدرۆکاربۆنی شل لە گازی تەڕ مابێتەوە، جگە لە نەوتی خاو.**

**13- گازی سروشتی هاوشان: گازی بەرهەم هێندراو، تێکەڵاو لەگەڵ نەوتی خاو لە ژێر بارودۆخی شاراوەییدا.**

**14- کێڵگەی نەوت: حەشاردراو، یان کۆمەڵێك لە حەشارگەکانی نەوتی لە پێکهاتەکانی جیۆلۆژی زانراو، یان دیاردەیەکی جیۆلۆژی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ بەشێوەیەکی بازرگانی و، بەپێی تەکنۆلۆژیایەکی ئاسایی و سوودێکی ئابووری هەبێ.**

**15- کێڵگەی ئێستا: ئەو کێڵگە نەوتیەی کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی بازرگانی هەبوو.**

16- کێڵگەی ئایندە: ئەو کێڵگە نەوتیە کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی نەبووەو هەر کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە، یان لە ئەنجامی پرۆسەکانی دۆزینەوەی ئایندەدا دەدۆزرێتەوە.

17- پرۆسەکانی نەوت: بەدوا داگەڕان و پشکنین بەمەبەستی پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، هەناردن، عەمبار کردن، گواستنەوە، پاڵاوتن، فرۆشتن و هەناردنی نەوت، یان بنیادنان و دانان و دامەزراندنی هەر هەیکەلێکی دەزگاو مەکینەکان، بۆ مەبەستی ئاماژە بۆکراو و دوایی هێنان بە مۆڵەت، یان لابردنی هەریەکێك لەو هەیکەل و دامەزراو و بیناکان.

18- موڵکە جێگیرەکان: هەر سامانێکی نەگوازراوە، چ گشتی بێ، یان تایبەتی.

19- مۆڵەتی پشکنین: مۆڵەتێکە بەپێی ماددەی بیست و یەکی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچێت.

20- مۆڵەتی ڕێپێدان: ئاگادارکردنەوە، یان ئەو ڕەزامەندیەی کە لە وەزیرەوە بە پێی ماددەی بیست و چواری ئەم یاسایە دەردەچێت.

21- مۆڵەت: ڕێگەدان بە گرێبەستی نەوت، یان ڕێگەدان بە گەڕان بە دوای نەوتداو هەر گرێبەستێکی تایبەتی پێی.

22- کەس: هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی، یان هەر لایەنێکی یاسایی دیکە.

23- کەسی ڕێپێدراو: ئەو بەڵێندەرەی کە ناوی لە گرێبەستی نەوتی هەبێ، یان ئەو کەسەی بەپێی مۆڵەت، یان ڕێپێدان بەرپرسیاریەتی دەخرێتە ئەستۆی.

24- بەڵێندەر: هەر کەسێك لەلایەنی نەوتدا لەگەڵ وەزارەت گرێبەست گرێدەدا.

25- بەرهەمهێنانی بازرگانی: بەرهەم هێنانی ڕۆژانە کە لە(5000) پێنج هەزار بەرمیل کەمتر نەبێ و لە ماوەی دوازدە مانگدا.

26- گرێبەستی نەوت: هەر گرێبەستێك گرێدەدرێ، یان دەوڵەتێك بەپێی ماددەی (23) بیست وسێ ئەم یاسایە دەدرێت.

27- شوێنی گرێبەست: ئەو ڕووپێوە لە گرێبەستی نەوتدا دراوە.

28- گرێبەستی هاوبەشی کردن لە بەرهەمهێناندا: نموونەی گرێبەستی نەوت، کە ناوە ناوە دەخرێتە بەرچاو و هەموار دەکرێت لەلایەن وەزارەتەوە، کە جگە لە هەندێ لە کاروباری دیکەوە مەترسی ئابووری و هونەریشی تێدایە، کە بەڵێندەر بەڵێنی پێدەدات لە بەرامبەر بەشێك لە بەرهەمەکەدا، کە بۆی هەیە وەکو بنەمایەك بۆ دانوستاندنەکان لە گرێبەستی نەوتیدا پشتی پێ دەبەسترێ لە نێوان وەزارەت و ئەو کەسانەی کە ئارەزوویان لە جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوتیدا هەیە.

29- داهاتەکان: داهاتەکانی حکومەتی هەرێم، کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدەست دەکەون، لەوانەش فرۆشتنی نەوت و گازو قازانج و پاداشتی ئیمزاکردن و بەرهەمهێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی لە نێوان کۆمپانیا بیانیەکان و ناوخۆییەکان بەستراوە.

30-قازانج: رێژەیەك لە نەوتی بەرهەمهێنراو، کە مسۆگەرە بۆ حکومەتی هەرێم لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دابین دەکرێ.

31- خاڵی ئامادە کردن: ئەو شوێنەی لە دوای پرۆسەی دەرهێنانی دێ کە نەوتی خاو و گازی سروشتی ئامادەن بۆ فرۆشتن و وەرگرتن، بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی، واتە ئەو شوێنەی کە کەسێك مافی موڵکداری نەوتی هەیە، بەپێی ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا.

32- سندوقی بەڵگەدار: ئەو سندوقەیە کە داهاتەکان دەردەخات و بەپێی ماددەی شازدەم لەم یاسایە دا دانراوە، وبەڵێندەرەکان بە بەشداری کردن تێیدا، بەپێی مەرجەکانی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان، بەپێی ماددەی سی و حەوت لەم یاسایەدا پابەند دەبێت.

33- کار بەدەستبوون: کار بەدەستبوونی راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ بۆ زۆرینەی دەنگەکان لایەنی مەبەست لە کۆبوونەوەکانی هەڵگری پشکەکان (أسهم).

34- سەرکار: کەسی رێپێدراو، یان هەر کەسێکی دیکە لە مۆڵەتەکەدا ناوی هاتبێ، بۆ ئەوەی پرۆسەکانی نەوت بەرێوە ببات.

35-حەشارگە: پێکهاتەی بەردی ژێر زەوی، کە نیشتنی سروشتی تاکی هەیە و سەربەخۆیە لەو هیدرۆکاربۆناتەی، کە توانای بەرهەمهێنانی نەوتی هەیە، کە بە سیستەمی پاڵە پەستۆی سروشتی یەکگرتوو جیادەکرێتەوە.

36- بیر: کون کردنی رووی زەوی، کە هەڵکۆڵین و برینی پێکهاتەکانی بەردی ژێر زەوی دەگرێتەوە، ئامانجی پشکنین لە پێناوی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوتە.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الشعب

رئاسة أقليم كوردستان- العراق

إستنادا الى أحكام الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناء على ما عرضه مجلس وزراء أقليم كوردستان – العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة () والمنعقدة بتأريخ 6/8/ 2007 تشريع القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة 2007

قانون النفط والغاز لأقليم كوردستان – العراق

الفصل الاول

التعاريف

المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة أزاءها:

1- الحكومة الاتحادية: حكومة جمهورية العراق الاتحادية.

2- الدستور الاتحادي: دستور جمهورية العراق الاتحادية.

3- الاقليم: أقليم كوردستان - العراق.

4- رئيس الاقليم: رئيس أقليم كوردستان- العراق.

5- البرلمان: المجلس الوطني لكوردستان- العراق.

6- حكومة الأقليم: حكومة أقليم كوردستان- العراق.

7- مجلس الوزراء: مجلس الوزراء لأقليم كوردستان- العراق.

8- الوزارة: وزارة الثروات الطبيعية للآقليم.

9- الوزير: وزير الثروات الطبيعية للآقليم.

10- النفط: اية هيدروكربونات طبيعية او اي خليط هايدروكربوني طبيعي سواءً في الحالة الغازية او السائلة ويشمل ما يسترجع منه الى المكمن.

11- النفط الخام: جميع الهايدروكربونات السائلة في حالاتها الطبيعية أو الناتج من الغازالطبيعي بالتكثيف أو أية وسيلة أستخلاص أخرى.

12- الغاز الطبيعي: جميع الهيدروكربونات الغازية والخاملة في حالتها الطبيعية، من ضمنها الغاز الرطب، الغاز الجاف والغاز الموجود في انبوب غلاف البئر والغاز المتبقي بعد عملية استخلاص الهيدروكربون السائل من الغاز الرطب، عدا النفط الخام.

13- الغاز الطبيعي المصاحب: الغاز المنتج والمختلط مع النفط الخام تحت ظروف مكمنية.

14- حقل النفط: المكمن أو مجموعة من المكامن النفطية ضمن تركيب جيولوجي مألوف أو ظاهرة جيولوجية والذي قد ينتج منه النفط بشكل تجاري وفق تقنية معتادة و ذو جدوى أقتصادية.

15- الحقل الحالي: الحقل النفطي الذي كان له انتاج تجاري قبل 2005/8/15.

16- الحقل المستقبلي: الحقل النفطي الذي لم يكن له انتاج تجاري قبل 2005/8/15 و اية حقول نفطية مستكشفة او قد تستكشف كنتيجة للعمليات الأستكشافية اللاحقة.

17- العمليات النفطية: تشمل التنقيب، الأستكشاف لغرض التطوير، الأنتاج، التسويق، التخزين، النقل، التصفية، بيع أو تصدير النفط أو بناء، نصب أو تشييد أية هياكل او منشآت أو مكائن للأغراض المذكورة وإنهاء الإجازة أو إزالة أية من هذه الهياكل أو المنشآت أو المباني.

18- الممتلكات الثابتة: كل مال غير منقول، سواء كان عاماً او خاصاً.

19- اجازة التنقيب: رخصة تصدر من الوزير وفقاً للمادة الحادية والعشرون من هذا القانون.

20- أجازة التخويل: الأشعار أو الموافقة التي تصدر من الوزير وفقاً للمادة الخامسة والعشرون من هذا القانون.

21- الأجازة: رخصة عقد نفطي أو رخصة تنقيب النفط وأي أتفاقية خاصة به.

22- الشخص: كل شخص طبيعي أو معنوي أو أي كيان قانوني أخر.

23- **الشخص المخول: هو المقاول الذي يتضمنه العقد النفطي أو الشخص الذي أسند اليه المسؤولية بموجب الأجازة أو التخويل.**

24- **المقاول: كل شخص يتعاقد مع الوزارة في مجال النفط.**

25- **الانتاج التجاري: الانتاج اليومي الذي لايقل عن (5000) خمسة آلاف برميل وعلى مدى (12) أثنى عشر شهراً.**

26- **عقد النفط: اي عقد يبرم أو رخصة أو اذن أو أية إجازة تمنح بموجب المادة الثالثة والعشرون من هذا القانون.**

27- **منطقة العقد: المساحة الممنوحة في عقد النفط.**

28- **عقد مشاركة الأنتاج: نموذج العقد النفطي الذي قد يعرض ويعدل من وقت لآخر من قبل الوزارة، ويتضمن بالأضافة الى أمور أخرى، على مخاطر أقتصادية وفنية يتعهد بها المقاول مقابل حصة من الأنتاج، والتي قد تعتمد كأساس للمفاوضات في العقد النفطي بين الوزارة والأشخاص الذين أبدوا الرغبة في تنفيذ العمليات النفطية.**

29- **العائدات: عائدات حكومة الأقليم المستحصلة من العمليات النفطية ومن ضمنها مبيعات النفط والغاز والريع ومكافئات التوقيع والانتاج عن العقود النفطية المبرمة مع الشركات الاجنبية والمحلية.**

30- **الريع: نسبة من النفط المنتج والمضمون، والتي تخصص لحكومة الأقليم ضمن منطقة العقد.**

31- **نقطة التجهيز: المكان الذي يلي عملية الأستخراج ويكون فيه النفط الخام والغاز الطبيعي جاهزين للبيع والأستلام وفق المعايير الدولية، أي المكان الذي يكون لشخص ما حق إمتلاك النفط فيه حسب الفقرة سابعا من المادة الثالثة من هذا القانون.**

32- **الصندوق البيئي: الصندوق الذي يمثل العائدات التي يتم تخصيصها بموجب هذا القانون والتي يلتزم المقاولون بالمساهمة فيه طبقاً لشروط عقد مشاركة الأنتاج بموجب المادة السابعة والثلاثون من هذا القانون.**

33- **التحكم: التحكم المباشر او الغير المباشر لأغلبية الأصوات للكيان المعني في إجتماعات حاملي الأسهم.**

34- **المشغل: الشخص المخول أو أي شخص اخر مذكور في الأجازة للقيام بأدارة العمليات النفطية.**

35- **المكمن: التكوين الصخري تحت سطح الأرض الذي يحتوي على ترسبات طبيعية منفردة ومستقلة من الهيدروكربونات القابلة لانتاج النفط والمتميز بنظام ضغط طبيعي موحد.**

36- **البئر: تثقيب سطح الأرض ويشمل حفر أو أختراق لتكوينات صخرية في باطن الأرض، بهدف الأستكشاف بغية التنقيب أو إنتاج النفط.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ڕەئی لیژنەی قانونی تكایە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**م / تقرير اللجنة القانونية**

**اجتمعت اللجنة القانونية بتأريخ 2007/7/16 لدراسة مشروع قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان ـ العراق المحال اليها بعد القراءة الأولى له في البرلمان، كما حضر الإجتماع وزير الثروات الطبيعية في حكومة اقليم كوردستان ورئيس لجنة الشؤون المالية والاقتصادية وبعد تبادل الآراء والمناقشات توصلت الى التوصيات والمقترحات الآتية :-**

**1- تقترح اللجنة تخويلها لإعادة صياغة وتبويب بعض مواد المشروع وفق النهج المتبع في بقية التشريعات، وسنورد ملاحظاتنا واقتراحاتنا حول تعديل المواد كالآتي:**

**المادة الأولى: تقترح اللجنة:**

**1- تبديل كلمة (الاتحاد) بكلمة (الاتحادية) الواردة في الفقرة (2) من التعاريف.**

**2- اضافة كلمة (فيه) بعد عبارة (حق امتلاك النفط) للدلالة على نقطة التجهيز الواردة في الفقرة (31) من التعاريف.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەس ماددەی یەك بە كوردی بخوێنەوە.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەكەم:**

**لێژنە پێشنیار دەكات بە:**

**1- ڕاست كردنەوەی وشەی (فیدراڵی) لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبی لە برگەی( 2) لە پێناسەكان.**

**2- زێدە كردنی وشەی (تێیدا) لە دوای ڕستەی (مافی مولْكداری نەوتی هەیە) بۆ دەربڕینی خاڵی دابین كردن، كە لە بڕگەی (31 ) لە پێناسەكاندا هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من نوقتەی نیزام خۆم هەیتم، پێم سەیرە لیژنەی قانونیش ئینتیباهی نەكردووە، هیچ ئەندامێكیش ئەوەی نەكردووە، ئەوەلەن/ سەرەتایەكەی بەناوی ریئاسەی ئیقلیم غەڵەتە، ئێرە ریئاسەتی ئیقلیم نییە، ئێرە پەرلەمانە، ئێمە قانون دەردەكەین لەسەرتاسەرەكەی غەڵەتە، وەكو قانونەكانی تردا ریئاسەتی ئیقلیمی نابێت تێدا بێتن، ئەوە پەرلەمانە قانونەكەی تەشریع دەكاتن، دوایێ كە دەچێتە سەرۆكایەتی هەرێم لەوێ ئەوان ئیصداری دەكەن، لەبەر ئەوە ئەوە دەبێت بگۆڕێتن، فەرموو كاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەو كلێشەیە بۆ پەرلەمان بەجێمان هێشتووە، مومكینە خوێندنەوەكەی ڕاست نەبوو بێت، كلێشەكە خۆی پەرلەمان عادەتەن دادەنێتن، بۆیە ئێمە سەرفی نەزەرمان كردووە لەو كلێشانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو کلێشەکان لە پەرلەمان کە موناقەشەی دەکات سەرەتایەکەی بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، نەك بەناوی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوەش دەبێت چاك بکرێتەوە، چونکە ئێرە سەرۆکایەتی هەرێم نییە تا موناقەشەی ئەوەش بکاتن، ئەوەی چاك بکەنەوە، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر گەڕاندنەوەی وەخت، من مەبەستم ئەوە بوو عەرەبیەکە نەخوێننەوە، لەبەر دەستمانە، ئێمە تەماشای دەکەین و موقارەنەی دەکەین، چونکە بەڕاستی یاسایەکە گەلێك دوورو درێژە، ئەگەر بمانەوێت بە هەردوو زمان بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکەی مابوو ناتوانین، چونکە کوردیەکە هەندێك رەخنەی تێدایە، تەرجومەکە رەنگە دەقیق نەبێتن، ناچارین بە عەرەبی بخوێنینەوە، لە خیلافاتدا بە عەرەبی نووسراوە، جگە لەوەش لە عەرەبیەکە، دوو زمانی رەئیسیمان هەیە بەپێی دەستووری عێراقی، ئێمە ئەوەش رەچاو دەکەین، لیژنەی یاسایی دوو پێشنیاری هەیە، پێشنیارەکانیشی هەردووکی بەجێنە، یەکێکیان ئەوەیە لە ماددەی یەکەم کەلیمەی (الاتحادی) بکرێت بە (الاتحادیە)، ئەویتریشیان پێم وایە دەبێت شەرح بکەن، (31) من دەیبینمەوە ئەو (فی)یە لە کوێیە، (31)ـە، بیخوێنەوەو ئەو پێشنیارەی خۆیان کردوویانە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(31- نقطة التجهيز: المكان الذي يلي عملية الأستخراج ويكون فيه النفط الخام والغاز الطبيعي جاهزين للبيع والأستلام وفق المعايير الدولية، أي المكان الذي يكون لشخص ما حق إمتلاك النفط فيه حسب الفقرة سابعا من المادة الثالثة من هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەی ئەوە بکەن ئەمە تەعریفاتە، خۆی شتەکە فەنیە زۆرە، ئەگەر قسەتان لەسەر مەسائیلی فەنی هەبێت ناوتان دەنووسم، بەلأم ئەگەر فەنی نەبوو دەڵێم فەنی نییە، ئاگاتان لەوە بێتن، فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا راستە مەسائیلەکان فەنینە، بەس غەڵەتی زۆر گەورە هاتووە، لە بڕگەی چوارەم رەئیسی ئیقلیم عەرەبیەکە لە کوردیەکە بۆتە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی هەرێم ناکاتە سەرۆکی هەرێمی

کوردستان، دەبێت لە بڕگەی چوار لە کوردیەکە بنووسرێت سەرۆکی هەرێم، ئەوجا مانایەکەی دەکاتە رەئیسی ئیقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو، ئێمە گوتمان تکایە مەسەلەی زمانی کوردی موناقەشە مەکەن، چونکە خۆمان دەزانین غەڵەت کراوە، هەرچی غەڵەت بێت عەرەبیەکە ئەساسە دەگەڕێینەوە سەری، تکام وایە دیسان مەڵێن لە کوردیەکە وا بوو و غەڵەت هەیەو خۆمان هەستمان پێ کرد، ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی وەزیر باسمان کرد، هەرچی مەسەلەکەی کوردیە بیگەڕێنەوە عەرەبیەکەی ئەساس دەبێتن، فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی (32) نازانم بەڕێز کاك کەریم بەحری گوتی ژینگەیی بەڵگەدار، بەڵام لێرە لە لای ئێمە سندوقی بەڵگەدارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە گوتم عەرەبیەکە ئەساسە، عەرەبیەکەی (صندوق البیئی) خوێندیەوە، ئەگەر وا موناقەشە بکەین، مانای وایە دەبێتە مەجلیسێکی عیلمی کوردی، تکایە باسی زاراوەی کوردی ناکەین، تێگەیشتنەکەی بۆ کوردیە، بەڵام تەرجومەکە غەڵەتی زۆر تێدایە، تکاتان لێ دەکەم واز لەو موناقەشەیە بێنن، عەرەبیەکەی نووسراوە (الصندوق البیئی) ئیعتیرازت لەسەر ئەوە چیە؟ فەرموو، کوردیەکە دەخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی عام هەبێتن، بۆ ئەوە نییە کەلیمە هین بێتن، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ تەعریفەکان دوو پێشنیارم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی (11) لە دوای وشەی خەستکردنەوە (رۆنی بەردی و چیایی) زیاد بکریت، پێشنیارێکی ترم هەیە تەعریفێکی تر زیاد بکرێت تەعریفی (37- هەیئەی باڵای نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان: کە پێك دێت لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی لەگەڵ جەنابی وەزیر باس کراو قبولیش کرا، کە دێینە سەر ماددەکان باسی دەکەین، بەڵام شەرت نییە لێرە بێت، ئەگەر لێرە نەبێتن تەعریفیش نەکرێتن، کە تەعریف دەکرێت لە هەموو شوێنەکاندا بە تەفسیل ناوی دەهێنین، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به رەئی من واباشترە تەعریفی بکرێت، چونکە ناکرێت لەناو ئێرە ناوی هەیئە بێت و تەعریفی نەبێت، بۆیە ئەگەر تەعریفی بکرێت باشترە، بۆ هەموو جارێك لە ماددەکان تەعریف بکرێتەوە، ئەگەر لێرە تەعریف بکرێت، وەکو هەموو زاراوەکانی تر، ئیتر پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر لێرە تەعریفی بکرێت هیچ زەرەری نییە، رەئیتان لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پێشنیارێکی زۆر جوانە، ئێمە تەعریفێکمان ئامادە کردووە، چونکە لە چەند شوێنێك باسی ریئاسەی مەجلیسی وزەرا دەکەین، دەبێت ئەوە بگۆڕێت بکرێت بە مەجلیسی وزاری نەوت مەسەلەن، تەعریفەکە پێشنیاری ئێمەیە (یرأسە رئیس الوزراء وعضویة نائب رئیس الوزراء، وزیر الثروات الطبیعیة، وزیر التخطیط، وزیر الکهرباء، وزیر المالیة في الاقلیم، او اي اقتراح اخر في تاریخ رقم ثمانیة وراء المجلس الوزراء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ مەبدەئەکە ئیقرار نەکراوە، هەتا ئێمە تەعریفی بکەین، کەی مەبدەئەکە ئیقرار کرا، ئیمکان هەیە تەعریفەکەش حەسبە لئوسولێ بێینە زیمنی ئەو تەعریفەی کە کوێستان خان ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێکە، هەردوو تەریقە جائیزە، مادام جەنابی وەزیریش موافیقە، ئەگەر لە جیاتی ئەوەی نووسراوە (مجلس الوزراء) (المجلس الوزاري)، کاك کەریم و مامۆستا کاکە حەوتەم مەجلیسی وزەرا نییە، یان پاشی ئەو ئیزافە بکرێتن، پاشی حەوتەم دوای مەجلیسی وزەرا (المجلس الوزاري لشؤون النفط والغاز في اقلیم کوردستان)، ئینجا لە ماددەکەدا تەفسیلی دەکەین لە کێ پێکهاتووە (المجلس الوزاري: المجلس الوزاري لشؤون النفط والغاز في اقلیم کوردستان)، بەڵێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

8- المجلس الوزاري هیئة الشؤون النفط والغاز في اقلیم کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە تەسەلسولەکەش هەمووی دەگۆڕێت، دوایێ یەعنی ئەوە بووە (37) بڕگە، باشە تێتان بگەیەنم، ئەمە تەعریفە بۆ قانونەکان، لە بڕگەی حەوتەم مەجلیسی وزەرا تەعریف دەکاتن، مەجلیسی وزەرا لەو

قانونەدا دێتن، هی بەغدایە، هی فلیپینە، هی سویدە، نەخێر مەجلیسی وزەرای ئیقلیمی کوردستانە، هەیئەتێك پێشنیارە لە قانونەکە نەهاتووە، بۆیە لێرەش لە تەعریفەکاندا نەهاتووە، پێشتریش باسمان کرد، ئەمڕۆ بەیانیش باسمان کرد لەگەڵ جەنابی وەزیر، کە هەیئەتێکی وزاری هەبێت، وەکو مەجلیسی ریئاسی لە بەغدا، مەجلیسی وزاری لە بەغدا هەیە بۆ شوئونی نەوت، لێرەش مەجلیسێکی وزاری هەبێت بۆ ئیقلیم، موافەقەتی کرد و پێشی باش بوو، بۆیە لە تەعریفەکاندا ئەوە ئیزافە بکرێتن (المجلس الوزاری) مانای چیە، (المجلس الوزاري: المجلس الوزاري لشؤون النفط والغاز في اقليم كوردستان)، لەلای خۆتان بینووسن، بۆ ئەوەی تێبگەین، حەوتەم مەجلیسی وزەرایە، هەشتەم (المجلس الوزاري: المجلس الوزاري لشؤون النفط والغاز في اقليم كوردستان)، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم دەزانم و تێگەیشتوومە مەبەست چیە، بەلاّم من مەبەستم ئەوەیە سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە خوێندیەوە ئیشکالێکی دروست کرد، گوتی (المجلس الوزاری)، ئینجا دوایی یەکسەر گوتی (هيئة النفط والغاز).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یان گوێی لێ نەبووە، یان لەبیری کردووە، ئیتر حەل بوو تازە، فەرموو گێلاس خان.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم بۆ زیاد کردنی ئەو رستەی (رۆنی بەردی لەگەڵ ڤیری چیایی) لە برگەی یازدە، هەروەها پێشنیاریش دەکەم بۆ ئەو هەیئەیە نوێنەری ئەنجومەنی موحافەزە، یان ئەو موحافەزەیەی کە نەوتەکەی لێ دەردەهێنرێت ئیزافە بکرێت بۆ هەیئەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعریفاتە یەك، تکاشم وایە پشتیوانی مەکەن لە شتێك بڕاوە، کە ئیقرار کرا پشتیوانی ناوێت، تەنیا وەخت دەکوژن، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم ئیقرار بوو، یان نا، منیش هەمان رەئیم هەیە، بەلاّم بەشێوەیەکی دیکە، بە قەناعەتی من مەجلیسی وزاری دروست نییە، مەجلیسی ئیتیحادی هەیە خاص بۆ هەرێمەکانە، ئێمە لە کوردستان بەرەو سیستەمی لامەرکەزی دەچین، باشە وەزارەتی مەعنی زائیدەن موحافەزات لەگەڵ ئەو بێتن، ناوەکەش دەزانین نەبێتن ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێم بێتن مەشمول بێتن بە دیراسەی سیاسەتی نەوت زائیدەن

موتابەعەی عقود زائیدەن ئەو ئینتاج و تەصدیر هەمووی لەلای ئەوانە بێتن کە دیراسە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێت مەجلیسی وزاری بۆ ئەوەی خەبیرو موستەشارو ئەوانەی تێدا نەبێتن، بریتی بێتن تەنیا لە وەزیرەکان، ئەوە یەك، لە بەغداشدا مەجلیسی ئیتیحادیە لێرە هەرێمە، تەنیا فەرقەکەی ئەوەیە، لەوێ مەجلسی ئیتیحادە، لێرە هەرێمە، کەلیمەی وزاریەکەش بۆ ئەوەیە بریتی بێتن لە رەئیسی وزەراو جێگرەکەی و سێ، چوار وەزیری تر، وەکو ئیتیفاقمان کردووە، ئەگەر ئەو مەجلیسی وزەرایەی تێدا نەبێتن، سبەینێ خەبیرێکیش دەبێتە ئەو هینە، ئێمە دەمانەوێت ئەو هەیئەیە بەرز بێتن، سیاسەتی عولیای نەوت موافەقە کردن لەسەر عقود تەفسیرەکەی دێتن، بۆیە ناوی وزاریەکە زەرورییە، بۆ ئەوەی سبەینێ دەرگا نەکرێتەوە بۆ فراوان کردن و شت کردن، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا جەنابت باسی بابەتە کوردیەکە دەکەیت، دەڵێی هەڵەی زۆر تێدایە، لە هەمان کاتیشدا سوری لەسەر ئەوەی بخوێندرێتەوە، من پێم وایە فیعلەن هەڵەیەکی یەکجار زۆری تێدایە، ئەگەر ئێمە موناقەشە بکەین لەسەر کوردیەکە موشکیلەمان بۆ دروست دەبێت، با عەرەبیەکە ببێتە ئەساس، عەرەبیەکە بخوێندرێتەوە فەیدی ناکات لەبەر دەستمانە، کوردیەکەش لەبەردەستمانە، چونکە خەلەلی زۆر تێدایە، ئەمە یەك. بۆ نموونە، ئاخیر هین دەڵێت کون کردنی سەر رووی زەوی، لە جیاتی ئەوەی ئەو چاڵەی کە مەبەستی، بۆچی یەعنی وشەکان زۆر نارێك هاتووە، بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی ئەو مەجلیسەی کە باس کرا، من پێم باشترە بکرێتە مەجلیسی ئیقلیمی نەوت، ئەوە باشترە، یان (المجلس الاعلى للنفط في الاقليم)، ناوێکی وای لێ بنرێت باشترە، نەك مەجلیسی وزاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە، هەندێك برادەر دەڵێن کوردیەکە نەخوێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆی عەرەبیەکەی دەزانێتن لەلای گرنگ نییە، ئەندام هەیە لە پەرلەماندا عەرەبی نازانێتن، لەبەر ئەوە بە غەڵەتەکە بخوێندرێتەوە باشترە لەوەی هیچی هین نەکاتن، دووەمیش/ دوو زمانە، بە غەڵەتی بکرێتن دەبێت بخوێندرێتەوە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ تێبینی فەنی هەن، ئێمە بە بەردەوامی وشەی (الجمهورية العراقية الاتحادية) بەکار دەهێنین، کەچی ئەو وشەیە لە دەستووری عێراقیدا نەهاتووە، لە دەستووری عێراقدا دەڵێت (جمهورية العراق)، لەبەر ئەوە پێویستە لە بەندی یەکەمدا بڵێت (حكومة جمهورية العراق) پێویست ناکات ئەو ئیتیحادیە بخرێتە پاڵی، لە بەندی (27)دا نووسراوە (منطقة العقد)، من پێم باشترە بنووسرێت (المساحة الممنوحة

المحددة بموجب عقد النفط)، ئەمە زیاتر روونتری دەکاتەوە، لە برگەی (28)دا کە باسی عەقدی موشارەکە دەکات دەڵێت (ویتضمن بالأضافة الى أمور أخرى، على مخاطر أقتصادية وفنية)، ئەو (أمور أخرى) نازانین چیە، پێویستە ئەوە روون بکرێتەوە، بۆ ناوەکەش هەروا ویستم کە باسی ناوەکەی لێکرا، من دەڵێم ناوەکەی ئەنجومەنی باڵای هەرێم بۆ کاروباری نەوت و گاز بێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری خۆی دەبوایە لە لیژنەی قانونی حەسمی بکەن، ئەوە یەك، دووەمیش/ لە دەستووری عێراقدا راستە نەهاتووە، بەلاّم لە شەرحەکەیدا هاتووە (جمهورية العراق دولة اتحادية واحدة مستقلة)، کە هاتبێتن ئێمە بۆ خۆمان قانونی دادەنێین و، دوایێ ئەوە تەعاریفە، ناومان دانەناوە.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی ئەو رۆژە من لێرە نەبووم، لە کەرکووك بووم لە رۆژی تەقینەوەکە، لەبەر ئەوە نەمتوانی بەشداریان لەگەڵدا بکەم بۆ چاك کردنی هەندێك لەو هەلاّنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی چ ئیعتیرازێك هەیە لەسەر ئەو کەلیمەیە (الجمهورية العراقية الاتحادية) ئەوەی هین دەڵێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر تەئکید دەکەینە سەر فیدراڵی، چونکە لە عێراق مەسئوولین دائیمەن باسی فیدراڵی ناکەن، ئێمەش دەمانەوێت تەئکید لەسەر ئەو موستەڵەحە بکەین، بۆ زێدە فائیدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە، یەکەمیان/ برگەی (22- شخص) لە هەموو جێگایەك شەخص دیاری دەکرێت، ئەو شەخصە نیشتمانی ناوخۆ، یان دەرەوە، هەمیشە دوو دائیمەن جیا دەکرێتەوە، لێرە هەر شەخص نووسراوە، بەبێ ئەوەی بزانین ئەو شەخصە کامەیە، پێم وایە دەبێت دیاری بکرێت، چونکە ئێمە لە ناوەوە باسمان کردووە، ئەو کۆمپانیایانەی کە وەتەنین و نیشتمانین، جا ئەگەر رێژەکانیان دیاری کراو بێت فەرقێکی هەبێت لەگەڵ خەڵکی تردا بۆ تەشجیع کردن، راستە ئەمرۆ ئەو کەسە نیشتمانیە توانای نەبێت لە ئایندە توانای بەقوەت دەبێت.

دوو/ کەلیمەی ئینتاج تەعریف نەکراوە، ئەو زاراوانەی کە زۆر بەکار دەهێنرێت کەلیمەی ئینتاجە، کە تەعریفەکەشی دەبێت (الاستخراج وتصريف النفط) نەهاتووە، تەنها لە یەك جێگا هاتووە ئینتاجی تیجاری

**که پەیوەندی بەو عەقدە هەیە، کە لەگەڵ شەریکاتی ئەجنەبی دەگیرێت، ئەو میقدارەی دیاری دەکرێت بۆ ناوخۆ، دەبێت کەلیمەی ئینتاج لێرە تەعریف بکرێت، چونکە ئێمە باسی ئەوە دەکەین زیاتر (المشارکة بالانتاج)، یەعنی یەکێك لە ئەساسیاتی ئەم یاسایە ئەوەیە کە شەریکاتی دەرەوە دێن لەسەر ئەمە کار دەکەن، کارەکەش لەسەر ئینتاج دەبێت، نەك لەسەر شتی تر سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پەخشان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**جەنابت ئاماژەت بە چاپی کوردیەکە کرد، بەڵام من ئەوەندەی کە خوێندمەوە لە چاپی عەرەبیەکەشدا، ئێستا کە لە ماددەکان دێینە سەری لە زۆر جێگا روون نییە، یەعنی صیاغەی ماددەکە روون نییە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا منیش لەگەڵ ئەوەم کە یان ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز بێت، یان دەستەی باڵای نەوت و غاز بێت، چونکە مەجلیسی وزاری و مەجلیسی وزەرا، یەعنی زۆر دەتوانین لە پێکهاتەکەیە مەعلومە لە وەزیرەکان پێك دێت.**

**سەبارەت بە عەملیاتی نەوتی، لێرە هیچ باسی تەصنیعێکی غاز نەکراوە، یەعنی عەمەلیاتی نەوتی مەسەلەی غاز دەگرێتەوە، یان نا، لە تەعریفەکە شتێکی وام نەدیت، هاتووە (الشخص) لە بڕگەی (22 و 23 و 24) (الشخص المخول المقاول)، یەعنی کە دێیتە سەر لە مەتنەکاندا، لە ماددەکاندا تەقریبەن یەك شت دەگرێتەوە.**

**ڕگەی (36- البئر) بیئر ناوە، بەڵام شەرحی فیعل دەکات (تثقیب الارض.......)، یەعنی تەعریفی بیرەکە ناکات، تەعریفی هەڵکۆڵینی عەمەلیەتی بیرەکە دەکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەزانی چیە پەخشان خان، بۆ تۆ نا، بەڵام بۆ زۆر ئەندامانی تر کە قسەیان کرد، کە پێشنیارێك دەکەن، مەسەلەن ئێستا لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقمان کرد ناوی ببێتە (المجلس الوزاري لشؤون النفط والغاز) کە پێشنیارێکی تر دەکەن، دەبێت تەبریراتێکتان هەبێت، باشتر وایە هەیئە بێت، یان باشتر وایە موبەریراتەکە چیە، یەعنی زمانەوانی موبەریراتی چیە، سیاسی موبەریراتی چیە، قانونی موبەریراتی چیە، یەعنی چ غەڵەتێك هەیە لەناوی بێتن ئەوە شەرح بکرێتن باشترە، کاك بەکر فتاح فەرموو.**

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش هەمان رای پەخشان خانم هەیە، مەجلیسی وزاری رەنگە هەمووی ئەندامن لەو مەجلیسە، بەڵام ئەگەر مەجلیسی ئەعلا، یان دەستەی باڵا بۆ ئیشراف، یان ئەو هەیئەی کە دروستی دەکەن، پێم**

وایەتەحدیدی دەکات، شەرت نییە هەموو ئەندامانی مەجلیسی وزەرا دەکات، هەموو وەزیرەکان ئەندام بن لەو هەیئەیە، ئەمە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم/ بڕگەی (33) هاتووە دەڵێت مەفەتیشی عام، موفەتیشی عام تەعریف نەکراوە کێیە، موفەتیشی عام جا ئەمە لە ژێر ئیشرافی وەزیردا، رەنگە لەو وەختەی کە موناقەشەی دەکەین، ئەمە لە ژێر ئیشرافی ئەو مەجلیسە دابێتن کە دروستی دەکەین، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم ئەو موفەتیشە تەعریف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەکر بۆ تەوزیح، یەکێکیان موفەتیشی عام لە قانونی وەزارەت رۆژێك پێش ئێستا تەعریفمان کرد، پێویست ناکات لێرە تەعریفی بکەینەوە، کە لە قانونی وەزارەت دەرمان هێنا موفەتیشی عام لەوێ موعەڕەفە.

دوو/ کە لەوێ (المجلس الوزاری) پێشتر مەجلیسی وزەرا هەیە، مەجلیس وزەرا هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە (مجلس الوزراء للشؤون النفط والغاز)، کە دەچیە سەر ماددەکان وەکو پێشنیاریش کرا جەنابی وەزیریش ئاماژەی کرد بریتییە لە رەئیسی وزەراو نائیبی رەئیسی وزەراو وەزیری نەوت و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان، ئەوە پێشنیارێکی تری کردووە وەزیری کارەبا، ئەو وەختی کە موناقەشەی دەکەین دیارە، چوار، پێنج وەزیرە دیارە، بەڵام تۆ لێرە دەڵێی مانای چیە، مەجلیسی وزاری تەعریفەکەی چیە، مەجلیسی وزاری بۆ نەوت و غاز، کە دەچیتە سەر ماددەکە شەرحی دەکەیت یەك، دوو، سێ، چوار، ئەوانە دەگرێتەوە، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەی یەکەم باس دەکەین، چەند برادەر باس دەکەن ماددەی (37)، واتا بڕگەکان دەکەنە ماددە، پێم خۆشە لەبەر ئەوەی تەسجیل دەکرێت خۆی ماددە یەکە، نەك بڕگەکان بکەنە ماددە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکەیت ماددە یەکە ئەوانی تریش نوقاتن، فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بێین مولاحەزە بکەین لە یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان عەینی ئەو ناوەمان هەیە (المجلس الوزاری)، بۆیە لێرە ئەگەر هەمان ناو دابنێینەوە یەعنی تەقریبەن ئیلتیباس دەبێت لەنێوان ئێرەو ئەوێوە، ئینجا ئەگەر بێتو قەیدێکی وا بۆ دابنرێت، شتێکی وای بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی جیاوازییەکی هەبێت لەنێوان ئەوێ و ئێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم دەكەی، ئەوەی لە قانونی وەزارەتی نەوت هەیە مەجلیسی ئیستیشاریە، كاك دكتۆر ئاشتی رەئیتان چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە ئێمە مەجلیسی وزاریمان هەیە لە وەزارەت، با ئێمە بیكەینە مەجلیس نەوت، مەجلیسی ریئاسی نەوت، یان مەجلیسی عولیا، مەجلیسی وزاری لەگەڵ ئەوانە تێكەڵ دەبێت، بیكەنە مەجلیسی نەوت، تەعریفەكە دەڵێت مەجلیسی وزارییە، بەڵام خۆی بكەنە مەجلیسی نەوت، مانیع نییە، بەڵام مەجلیسی وزاری لەوانەیە تێكەڵی ببێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابت موافیق بیت وەكو بەغدای لێ بكەین مەجلیسی ئیقلیمی (المجلس الاقليمي للنفط والغاز) لە تەعریفەكەدا (المجلس الاقليمي: المجلس الاقليمي لشؤون النفط والغاز) لە ماددەكەش دەڵێت بریتیە لە رەئیسی وزەراو جێگرەكەو ئەوانە، باشە حەل بوو، فەرموو كاك ئەسعەد.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە زۆر جێگا لە ماددەی یەك لە فەقەرەكان خاصەتەن لە بڕگەی (19و 20) ناوی بەڕێز وەزیر هاتووە، بەڵام لە فەقەرەی (24) دەڵێت (المقاول: كل شخص يتعاقد مع الوزارة في مجال النفط)، یەعنی وەزیرەكە خۆی عەینی شتە وەزارەت ببێتن، كە شەخصیەتی مەعنەوی دەداتە وەزارەتەكە عەینی شتیش وەزیر موافەقەی دەكات، كەلیمەی وەزیر ببێتە وەزارەت لە بڕگەی (19 و 20)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە تەعریفات زۆر هین نییە، وەزیریش دەبێتن، وەزارەتیش دەبێت، بەڵام لە ماددەكاندا دەتوانی بیگۆڕیت بیكەیتە وەزارەت، لێرە عەقدێكە وەزیر ئیمزای دەكات، یەعنی هەردووكی دەبێتن، كاك ئاخير فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من باسی مەجلیس دەكەم، پێم باشە بكرێتە (مجلس العليا للنفط والغاز في الاقليم كوردستان)، واتا عولیای لەگەڵدا بێت، چونكە مەوزوعی نەوت مەوزعێكی گەورەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیەکانی من باس کرا ئەو دوو پێشنیارەی کوێستان خان من پشتگیری دەکەم، بەلاّم ئەوەی کاك ئەسعەدیش سەبارەت بە وەزیر بکرێتە وەزارەت، بەلاّم سەبارەت بە زمانی کوردی حەق نییە بەڕاستی ئێمە زمانی کوردی خۆمان وا لێ بکەین، هەر جارێ بە بیانووی شتێکەوە زمانەکە باش تەرجومە ناکرێت، ئەوە لەڕاستیدا حەقە موعالەجە بکرێت، ئێمە هەوڵێکی زۆرماندا تا لە دەستووری عێراقی فیدراڵیدا زمانەکە ببێتە زمانێکی رەسمی، ئێستا خۆمان لەم دەزگا گرنگە کاریگەرە باسی زۆر ئەهمیەتی هەیە، خەریکین وردە وردە پاشەکشەی لێ دەکەین و زمانە عەرەبیەکە دەکەینە زمانێکی ئەساس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کراو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست دەکەم نموونەت زۆر بێت، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کاك دیلمان دەکەم لەسەر ئەوەی بکرێتە ئەنجومەنی هەرێمایەتی نەوت کە باشتر دەگونجێت لەسەر ئەو خەلەلانەش کە باسمان کرد، من لە بڕگەی (21) مولاحەزەیەکم هەیە هاتووە دەڵێت واتا ئەو شوێنەی کە کەسێك، یان بە عەرەبیەکەی دەڵێت (اي مكان الذي يكون لشخص ما)، تەبعەن لێرە من پێم وایە ئەو شەخصە، نە شەخصی تەبیعیە، نە شەخصی مەعنەوییە، قەصدەکە لێرە بەپێی دەستوور، کە ماددەی (11 و 112) ئیشارەت بە ماددەی سێ دەکات، ماددەی سێ لەوێ تەئکید لە هەرێم دەکات، موڵکایەتی هەرێم بۆ نەوت بەپێی دەستووری عێراقی، لەبەر ئەوە پێم وایە نابێت شەخص بێت، دەبێت بکرێت بە هەرێم، نەك شەخص، چونکە نە شەخصی مەعنەویە، هەرێمەکە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەموو مامۆستا کاکە شەرحێکی بکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەعریفی شەخصمان کردووە، کە کردوومانەتە شەخصێکی تەبیعی، یان قانونی مەعنەوی، یان کیان، کەواتە مانای وایە هەرێمیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به قەناعەتی من کەسی تەبیعی ناگرێتەوە، لێرە تەعریفی قانونەکە بەپێی دەستووری عێراقی کەس مافی بە کەس نەداوە ئیمتیلاکی نەوت بکات، حەقەکە بۆ کەسی مەعنەویە، کەسە مەعنەویەکەش چ دەوڵەت دەکات، یان هەرێم دەکات، یان موئەسەسەیەکی حکومی دەکات، شەخصی تەبیعی وەك فەردێك ناتوانێت بەپێی دەستووری عێراقی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی چەندەم دەڵێی بڕگەی (31) نوقتەی تەجهیز دەڵێی، جەنابی وەزیر ڕەئیت چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی دەستوورەکە ئەمە حەقی موقاویلەکەیە، حەقی هەیە حیصەکەی خۆی لە نوقتەی تەجهیزدا بیبات بفرۆشێت، کە حەقی ئینتاجی هەیە، ئەگەر هەبوو بەشەکەی خۆی لە نوقتەی تەجهیزدا تەسلیمی بکەیت لەو مەنتیقەیە، باسی ناکات خەڵکی دەرەوە بێت حقوقی میللەتی عێراق وەرگرێت، حەقی تەجهیزی خۆیەتی بەشێوەی کە عەقدەکە دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئێستا تێگەیشتم لە کاك دلێر کەلیمەکە ئیمتیلاکە، یەعنی حەقی تەسویقی نەفت، ئەگەر دابنێین حەقی تەسویقی نەفتەوە حەل دەبێت، یان تەجهیزی نەفت، یان حەقی تەجهیزی نەفت، کە لەگەڵ دەستووری عێراق ناگونجێت، (امتلاك)کە بگۆڕن (حق تجهيز النفط)، جەنابی  وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین کارێك بکەین (امتلاك) بگۆڕین بۆ (تجهيز) ماناکەی ناگۆڕێت بەنیسبەت موقاولەکە، لەجیاتی ئەوەی بڵێی (حق الامتلاك)، دەڵێی (حق التجهيز)، ئەوە موشکیلەکە حەل دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەنی لە عقود، ئەوە کەلیمەیەکی قانونیە، تەفسیرێکی قانونی دەوێتن، من دەمەوێت ڕەئی قانونیەکان وەربگرم، ئێستا جەنابی وەزیر موافیقە دەڵێت بنووسە (حق التجهيز فيه)، وا نییە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(حقه للنفط)، (امتلاك)کە نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین شێخ فەتاح چ دەڵێت.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەکو خۆی هاتووە لوغەویەن چ موشکیلەی نییە، چونکە ئەو دەڵێت نوقتەی تەجهیز، ئەو شوێنەی لێی تەجهیز دەکرێت (المكان الذي)، من پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە چ عەیبی نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی لەلای ئێمە زۆر وازیح نەبێت، بەلأم لەلای خەڵکی کەرکووك زۆر وازیحە، ئێستا ئەو شوێنانەی کە نەوتی تیایە موڵکی خەڵکە، یەعنی زەویەکان موڵکی خەڵکە، ئەوانەش بەجۆرێك لە جۆرەکان حەقیانە، باسی جێگایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە عیلاقەی نییە، کاك فرسەت شەرحی دەکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی نەوت لەبیر دەربچێت یەکێکە دەیکات کە بە شەخصێکی عادی دەدەیت دەیفرۆشێت، یان بە شەریکەیەك دەدەیت، ئەو شەخصە چ شەخصێکی تەبیعی بێت، یان مەعنەوی بێت، حەقی ئیمتیلاکی ئەو نەفتەی هەیە، چونکە موستەڵەحەکە قانونیەو زۆر وازیحەو زۆر ڕوونەو زۆر ئاشکرایە، تکا دەکەم لە برادەران ئەو موستەڵەحاتانە، بەخوا منیش بە ترس تەماشای دەکەم هەندێ جار، بەس خەڵکێکی خەبیر و شارەزا دایناوەو موستەڵەحاتی عالمینە، ئێمە حەقمان نییە بیگۆڕین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی مەکان دەکات لە موقەدیمە، دوایێ دەڵێت (النفط الخام والغاز الطبيعي جاهزان للبيع)، حازرە بفرۆشرێ، کێ دەیفرۆشێ شەریکەیەك، یان شەخصێك دەیکرێت، حەقی ئیمتیلاکی هەیە، زۆر تەبیعیە وەکو خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چی دووبارەش دەبێتن، بۆ ئەوەی رزگارمان بێت لەو شتە (المكان الذي يكون لشخص ما حق امتلاك النفط المستخرج)، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موشکیلەکە حەقی ئیمتیلاکە باسی دەستووری فیدراڵ دەکات، نەوت هی میللەتی عێراقە ناتوانیت بیخۆیتەوە، رۆژێ دەیفرۆشی، کە فرۆشتت ئیمتیلاکەکە دەگۆڕێت، ئەوەی کە کڕی هی ئەوە، کە فرۆشتت ئیمتیلاك دەگۆڕێت، ئەمەش بەیعەکەیە، کە گۆڕا ئیمتیلاکەکە دەگۆڕێت، من حەز دەکەم لە شوێنی خۆی بمێنێت وەکو ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك موشکیلە هەیە فەقەت، ئەوەی کاك فرسەت گوتی قانونیەن راستە، بەلاٌم ئەگەر ئەو جوملەیە شەتب بکەین موشکیلەمان نامێنێت، ئەویش کە دەڵێت (حسب المادة الثالثة من هذا القانون)، تۆ وا بڵێیت دەچیە سەر ماددەی سێ ئەو ئیعتیرازاتانە دەهێنێتەوە بیر، لەوێ نووسراوە هەر لە هینەکە لە (31)کەکە (المكان الذي يكون لشخص ما حق امتلاك النفط فيه حسب المادة)، حەسبە ماددە سێیەکە شەتب بکەن موشکیلە نامێنێتن، چونکە ماددەی سێ باسی حیصەی ئیقلیم دەکات، ئەوەی ئەگەر شەتب بکەن، یاخود بڵێی (حسب الفقرة سابعاً من المادة الثالثة) وای لێ بکەن، بزانم چ ئیعتیرازێك دەمێنێت، (31)ەکە وای لێ دێتن (المكان الذي يلي عملية الاستخراج يكون فيه النفط الخام او الغاز الطبيعي جاهزين للبيع والاستلام وفق المعايير الدولية، اي المكان يكون لشخص ما حق امتلاك النفط حسب الفقرة سابعاً من المادة الثالثة من هذا القانون)، فەقەرە حەوتیش (لاي شخص ان يكتسب حق امتلاك النفط عند نقطة التجهيز حصرياً)، ئەوە زۆر وازیحە، یەعنی تەجهیزی ئەو نەفتەی کە دەرچووە بەپێی عەقدەکە وەریگرتووە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوە لە خاڵی یازدە بە عەرەبی دەیڵێم (ارجو اضافة كلمتي الزيت الصخري).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ ناوی خۆت نووسیووە کەی هاتینە ئەوێ، ئەو کات پێشنیارەکەی خۆت بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی تەجهیز ئەو شوێنەیە کە نەوتەکەی لێ دێتە دەرەوە، کە دێتە دەرەوە خۆ ناخرێتە هینەوە سەیارەوەو بگەڕێ، نەخێر، شوێن هەبێت کۆ دەکرێتەوە تیایدا لەوێ دەفرۆشرێت خەزن دەکرێت، کەواتە ئێمە ئەگەر بێتو ئەو بەشی دووەمە لاببەین، یان هەر هەمووی لاببەین (اي المكان الذي يكون لشخص ما حق امتلاك النفط حسب المادة الثالثة من هذا القانون) لاببەین هیچ ئیشکالێکمان نامێنێت، بەس تەنها

تەعریفی نوقتەی تەجهیز دەمێنێتەوە، بەس ئەوە بەسە، ئیتر بۆچی لە فەقەرەی حەوتدا هاتووە، پێویست ناکات تۆ لەوێ باسی بکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم هەبوو لەسەر تەقریبەن حەلی ئەو موشکیلەی پێشوو کە ئێستا باسیان کرد، خۆی لە مسوەدەکە بڕگەی (30)یە، بەڵام ئێستا بۆتە (31) باسی قازانج دەکات، دەڵێت ڕێژەیەك لە نەوتی نێردراو مسۆگەرە بۆ حکومەتی هەرێم، ئەو ڕێژەیە کە بۆ حکومەت دیاری دەکرێت، من داوا دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر رازی دەبێت دیاری کردنی حیصەیەك بۆ خاوەن موڵکەکە، ئەگەر موڵکەکە موڵکی سرف بوو، چونکە زۆر کەس موڵکی سرفی هەیە، لەوە دەچێت بیرێکی نەوتی لێ دەربچێتن حەقە لێرە حیصەی دیاری بکرێتن ئەگەر ئەو حیصەیە دیاری بکرێت حەلی موشکیلەی بڕگەی (31)ش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، من تەئکید دەکەمەوە سەر مەسەلەکەی قانونی خۆی کە قانونی نەوت و غازە، بەڵام لە زۆرترین بڕگەکان تەنها باسی نەفت دەکرێت، دەڵێت (في مجال النفط) (في مجال العقد النفطي)(انتاج النفط) دەبوایە زیاد بکرێت.

خاڵی دووەم/ لە بڕگەکانی (15 و 16) (الحقل الحالي والحقل المستقبلي)، (الحقل الحالي/ الحقل النفطي الذي كان له انتاجاً تجارياً قبل 2005/8/15)، ئەویتریش (الحقل المستقبلي/ بعد 2005/8/15)، من پێم وایە ئینتاج هەمووی ئینتاجی تجاری نییە، یەعنی ئینتاجی مەحلیش هەیە، ئەمە یەك.

دوو/ لە دەستووریش کە باسی موناقەشەی ئەوە دەکرا، دەیانوت (الحقل المستخرج قبل 8/15)، ئەویتریش (الحقل الذي يتم استخراجه، او تم استخراجه بعد 8/15)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕۆمیۆ و هەندێ ئەندام پەرلەمانی تر کە باسی غازیان کرد، گوتیان ناوی نەهاتووەو ئەوانە، تەماشای بڕگە دە بکەن لە ماددەی یەك تەعریفی نەوتی کردووە دەڵێت (النفط: اية هيدروكربونات طبيعية او اي خليط هايدروكربوني طبيعي سواء في الحالة الغازية او السائلة ويشمل ما يسترجع منه الى المكمن)، یەعنی ئەوە غازیش دەگرێتەوە، کە وتت نەوت غازیش دەگرێتەوە، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە بۆ جەنابی وەزیر لەسەر بڕگەی (19 و 20) تەعریفی ئیجازەی تەنقیب و ئیجازەی تەخویل، بۆ نموونە لە ئیجازەی تەخویل دەڵێ (الاشعار او الموافقة التي تصدر من الوزير وفقاً للمادة الرابعة والعشرون من هذا القانون)، هیچ تەعریفێكی تێدا نییە، دەچیە ماددەی (الرابعة والعشرون) دەڵێ (للوزير منح اجازه التخويل) یەعنی لێرە دەتنێرێ بۆ ئەولای، لەولاش دەتنێرێتە ئەولا، بۆ ئەوەی تێبگەیت ئیجازەی تەخویل، یاخود ئیجازەی تەنقیب، ئەوە هەردووكیان پێویستیان پێیە بەڕاستی لێرە روونی بكەیتەوەو تەوزحی بكەیت كە تەنقیب چیە، تەخویلیش چیە، من بە خۆم پسپۆر نیم لەو بوارەدا، بەڵام بۆ نموونە لەلای خۆم دەتوانم تەعریفێكی بۆ بكەم ئەو ئیجازەی تەنقیب (الرخصة التي تمنح للقيام بعمليات الحفر والبحث والاستكشاف عن الموارد الطبيعية)، لەوانەیە هەڵەی تێدا بێت، چونكە پسپۆر نیم، بەڵام بەڕاستی پێویستی بە تەوزیح هەیە لێرە بكرێت، ئەوە یەك.

دووەم/ لیژنەی قانونی دائیمەن تەعەودمان كردووە، كە بۆ تەرقیم ڕێزبەندی خۆیان هەیە لەجیاتی ئەرقام وشە دادەنرێت (اولاً، ثانياً، ثالثاً) لێرە نەیانكردووە، نازانم بۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەكەم جار پشتگیری قسەكانی كاك سەردار دەكەم بۆ ئەو دوو خاڵە، چونكە هەردووكی دەڵێت بگەڕێوە بۆ ئەو ماددانەو لە ماددەكاندا یەكسەر هاتۆتە سەر شێوازی سەرفەكە، بڵێین ئیزنەكە كە دەیدرێت، لە ماددەی یەكیشدا لە فەقەرە یازدە دەڵێت (النفط الخام/ جميع الهايدروكربونات السائلة في حالاتها الطبيعية او الناتج من الغاز الطبيعي بالتكثيف او اية وسيلة استخلاص اخرى)، ئینجا لە دوای ئەوەوە، پێویستە (الزيت الصخري او الرمال القيرية) ئیزافە بكرێت، چونكە ئەوە شمولی هەیە، یەعنی هەیە لە كوردستان، ئەگەر ئیزافە بكرێت، ئێمە زەرەر ناكەین، ئیستیفادەی لێ دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شتە تەعریفی لەوانەیە ئەگەر تۆ لە كەندا بیت، دەتوانیت بەكاری بێنیت، بەڵام لە كوردستان پێویست ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من خۆم بە کڵۆڵ دەزانم لە ئاستی ئەم یاسایەدا، کە بەڕاستی هەست دەکەم پسپۆڕێك نووسیوویەتی، لەوانەیە پرۆفیسۆر بێت لەو بابەتە، کە ئێمە زۆربەی زۆرمان دەڵێم شارەزای ئەم بابەتە نین، بەلاَم لە هەمان کاتیشدا کە من خوێندمەوە زۆر دڵشادم بەوەی کە بەڕاستی بە پوختی و بە جوانی و بە ڕێکوپێکی هەموو هاتووە، بە زاراوە سازی، فەسڵ، مادده، مەبحەس، هەمووی بۆ روونکردۆتەوە، ئەم هەموو تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان بە رەئی من بۆ دەوڵەمەند کردنی ماددەکەیە، نەك کەم کردنەوەی ئەم یاسایە، لەبەر ئەوە من پێشنیارێکم هەیە لەگەڵ بەڕێزتان، ئەو کوردیەی کە نووسراوە زۆر خاڵ، زۆر بە جوانی و پوختی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، بۆیە دەڵێم تکاتان لێ دەکەم با زمانی کوردی فەرامۆش نەکەین، با زمانی عەرەبی نەبێتە زاڵ بەسەر زمانی کوردیدا، ئەمە یەك.

دوو/ تکا دەکەم ئەگەر چەوتیەکیش هەبێت لە زمانی کوردیدا خەتای ئەو وەرگێڕەش نییە، بەڵکو زمانی عەرەبی ئەوەندە قورسە، بۆ یەك وشە سەد موستەڵەح هەیە، جا لەبەر ئەوە هەروەکو عەبدولواحید نوری دەڵێت، دەڵێت خۆمان کەم تەرخەمین، من پرسیارێکم لە جەنای وەزیر هەیە بۆ خاڵی (15 و 16)، بەس حەز دەکەم وەزیری بەڕێز، ئەگەر تۆزێك بیر بکەیتەوە لە ئەمە، کە دەڵێین کێڵگەی ئێستا لەگەڵ کێڵگەی ئایندە تاریخێکی لێرە داناوە، هەر دوو تاریخەکە دەڵێت تا پێش، تا پێش، کە دەڵێین کێڵگەی ئێستا کە نووسیوویەتی تا ئەوەندە یەکسەر دەبێتە رابردوو، ئینجا بە رەئی من جوانترە بگوترێت ئەو کێڵگە نەوتییەیە کە بەرهەمی بازرگانی دێنێتە بەرهەم، ئەوە بۆ ئێستایە، بۆ کێڵگەی ئایندە ئەو کێڵگە نەوتییەیە، یان هەر کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە، یان لە ئەنجامی دۆزینەوەی پرۆژەکانی ئایندەدا دەدۆزرێتەوە، خاڵێکی ترم هەیە، خاڵی (26)ی کوردیەکە نووسراوە دەوڵەتێك، جا بۆیە بەڕێز، ئێمە زۆر جار ئێوە دەڵێن پشتی پێ مەبەستن، چۆن پشتی پێ نەبەستین، دەوڵەت جیایە، مۆڵەتیش جیایە، خۆی لێرەدا مۆڵەتە نەك دەوڵەت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە بە عەرەبیەکەش وایە، کاك شیخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە فەقەرەی (31) وەکو خۆی دەستکاری نەکرێت، کە دەڵێت (حسب المادة الثالثة من هذا القانون)، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەی سێ حقووقی هەیە حکومەتی هەرێم و میللەت بە تەواوەتی تێدا بەستراوەتەوەو دیاری کراوە، لەبەر ئەوە پێم باشە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، پرسیارو پێشنیارەکانی تریشم برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**كاك عادل فەرموو.**

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە قانونەكەمان بەناوی (قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان)، خۆ قانونێكیشمان دانا بەناوی قانونی سەرۆكی هەرێم، لەو قانونە ئێمە پێناسەی سەرۆكی هەرێم، حكومەتی هەرێم، هەرێممان هەمووی كرد، هەموو جارێ ئەو موستەلەحاتانە دووبارە دەبێتەوە، یەعنی بەڕاستی ئەوە بەزیادی دەزانم و ئەوانە پێویست ناكات، نەصەكانی قانونی سەرۆكی هەرێم، بەڕاستی ئەوە نەصی دەستووری راستە بە تەشجیعی ئیعتیادی دەرچووە، ئینجا سەبارەت بە بڕگەی (18- المتلكات الثابتة)، مومتەلەكاتی سابیتە مەبەستی عەقاراتە، یەعنی ئێمە لە قانونی مەدەنی هەمانە، ئێمە پێویست ناكات باسی بكەین لێرە.**

**سەبارەت بە بڕگەی (21)(الاجازة) لەگەڵ (عقد النفط)، یەعنی بەڕاستی ئەم دوانە ناوازیحی تیایە، لە ئیجازە دەڵێت (رخصة عقد نفطي أو رخصة تنقيب النفط وأي أتفاقية خاصة به)، لێرە دیسان دەڵێ عەقد نەفت (اي عقد يبرم أو رخصة أو اذن أو أية إجازة)، یەعنی لێرە ئیجازە دیسان بچووك دەبێتەوە، لەوێ ئیجازە شامل و عام و ئەوانەیە، یەعنی حەقە بەڕاستی ئەمانە روون بكرێتەوەو ساغ بكرێتەوە، ئیجازە كە تەعریفی دەكەین قسەكەی بە تەواوی بزانین، عەقدی نەفتیش وازیح بێت، ئیزن نازانین چیە، یەعنی وشەی ئیزن وازیح نییە، روخصە دەزانین ئەوەیە، بەڵام حەقە ئەوانە روون بكەینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عەبدولڕەحمان فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دیارە ئەم ماددەیە تەعریفە، هەندێك تەعریف هەیە نەهاتووە، یەكێك لەوانە (التنقيب) لە بڕگەی (17) كە دەڵێت (العمليات النفطية) یەكەم وشە تەنقیبە، لە خوارەوە لە بڕگەی (19) ئیجازەی تەنقیب هاتووە، بەڵام تەعریفی تەنقیب نەهاتووە، كە بەو شێوەیە من شتێكم نووسیووە بریتیە (البحث عن البترول السائل الجيولوجية والجوفيزائية والوسائل الاخرى....)، هەروەها هەندێك تەعریفی تر كە زەرورن، وەكو تەتویرو ئەوانە، هەروەها تەعریفی شەریكات، تەعریفی كێڵگە نەوتیەكان هاتووە، عەقدی شەریكات هاتووە، ئیجازات هاتووە، بەڵام تەعریفی شەریكاتی خۆماڵی، شەریكاتی ئەجنەبی، ئەوە شتێكی گرنگە كە بەشێكی سەرەكییە لە یاسایەكەو لە یاسای نەوتی وڵاتانی تریش هاتووە ئەم تەعریفانە زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر مەسەلەی كەلیمەی تەنقیب، فیعلەن ئیجازەی تەنقیب هاتووە، پێشنیارەكەی بەجێیە.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە ماددەکان دانراوە، ئاشکرا کراوە لەویٚ، بەڕاستی ئێمەو لیژنەی قانونی کە موناقەشە کرا لەگەڵ وەزارەتی عەدلی خۆمان، ئەوان وایان زانی تەعریفی زۆرمان دەوێت، ئێستا ئەگەر بخەینە سەر ئەوەو ئیزافەی بکەین نەجاتمان نابێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**منیش دەڵێم تەعریفات زۆرە، مادام هەر زۆرە با زیاتری بکەین، کاك عوسمان فەرمووو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشنیار دەکەم لە پرۆژە یاسایەکە لە هەر شوێنێك ناوی وەزیر هاتووە، بکرێت بە وەزارەت بە شەرتێك تەئسیر لە بڕگە یاساکانی ناو پرۆژەکە نەکات، مومکینە لە هەندیٚ شوێن وەزیر پێویست بێت، بەلاٌم بە عامەکەی هەر وەزیر نەبێت، ئەو جێی پێویست نەبێت بکرێتە وەزارەت.**

**خاڵی دووەم/ پشتگیری لە جیاکردنەوەی قیرو زەیتی بەردی دەکەم، دەربارەی بڕگەی (22 و 23) شەخصی مەعنەوی تەعریف بکرێت، کە هەمووومان بزانین ئەو شەخصە کێیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەنیسبەت خاڵی ئەوەی هەموو وەزیرەکان بکرێتە وەزارەت، ئەوە ماددە بە ماددە کە دێتە باس کردن، موناقەشەی دەکەین ئەگەر پێویست بێتن وەزیر دەمێنێتەوە، ئەگەر پێویست بێت دەیکەینە وەزارەت بەگوێرەی ماددەکەو شەرحەکەو لیژنەی قانونی خۆشیان زۆر تەعدیلاتیان کردووە، لەو بارەیەوە ئەویش رەچاو بکەن راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێنێتەوە لەسەر ماددەکان، ئەگەر ئیزافەتان هەبوو، ئەو وەختی موناقەشە دەکەین، کاك عومەر فەرمووو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت فەقەرە یازدەکەوە، ئەو ئیزافەی کوێستان خان باسی لەسەر کرد، پێم وایە زۆر باشە ئەگەر ئیزافە بکرێتن لەو فەقەرەیە، بەنیسبەت فەقەرە (31)کەوە دەقاودەق من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك فرسەت دام کە باسی ئیمتیلاك دەکات، چونکە ئەو فەقەرەیە رەبت کراوە بە ماددەی سیٚ، ماددەی سێش کە باسی لەسەر کراوە، باس لە حەقی ئیمتیلاك دەکات رەبت کراوە بەو دوو، سیٚ ماددەیەی دەستووری کە ئێمەی کورد زۆر دەمێکە هەوڵی بۆ دەدەین ماددەی (11 و 112 و 115)، ئەوە لە دەستووری ئیتیحادی هەیە، پێویستە ئەو حەقی ئیمتیلاکە لە شوێنی خۆی بمێنێت، ئەگەر ئەوە نەمێنێت زۆری لە ماددەکانی تری پیٚ دەگۆڕێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، منیش هەر بۆ تەئکید موعالەجەمان کرد کاك عومەر، گوتمان تەنیا لەجیاتی بڵێن (حسب المادة الثالثة) دەڵێین (حسب الفقرة السابعة من المادة الثالثة)، چونکە ماددەی سیٚ چوار، پێنج فەقەرەیە لە**

فەقەرەی ئەخیری ئەوەی دەگرێتەوە، موعالەجەمان کرد قسەی کاك فرسەتمان بە رەچاو وەرگرت و تەنیا ئەوەندەمان کرد فەقەرەی حەوت لە ماددەی سێ، یەعنی قسەکەی تۆ وەرگیراوە، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من هەندێك تەکنیکین بەنیسبەت ئەو ماددەیە، من بەنیسبەت بڕگەی یەکەم لەگەڵ رەئیەکەی دکتۆر نوری دام، لەبەر ئەوەی ئێمە بەنیسبەت عێراق شتێك نییە (جمهورية العراق الاتحادية) ئەمە نییە، تەنیا (جمهورية العراق) هەیە، ئەو پێناسانەش هەر دەستەواژەکانیان دەبێت وەکو خۆی بنووسرێت قانونیەن.

دووش/ دەستووری ئیتیحادی (دستور جمهورية العراق الاتحادي)، ئەوەش دەبێت بکرێتە (دستور جمهورية العراق)، چونکە ئیتیحادیەکەی پێوە نییە، راستە ئێمە دەمانەوێت تەئکید بکەینە سەر مەسەلە فیدراڵیەکە، بەلاًم لە رووی تەکنیکیەوە دەستوورەکە ئەوەی پێوە نییە، واتا دەستەواژەی (الاتحادي) پێوە نییە، ئەوە خاڵێك. خاڵێکی تر/ بەنیسبەت بڕگەی هەشت و نۆ (وزارة الثروات الطبيعية للآقليم)، ئەو ئیقلیمانە بە رەئی من هەردووکیان زیادن، لەبەر ئەوەی لەسەرەوە (قانون النفط والغاز في اقليم كوردستان) هەیە، ئەوە ناوی یاسایەکەیە، بەنیسبەت بڕگەی (19 و 20)یش، من لەگەڵ ئەوە دام هەر وەزیر بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر ئەمرێك دەردەچێت وەزیر ئیمزای دەکاتن، پێویستە وەزیر لێرە بمێنێتەوە وەکو خۆی، راستە لە وەزارەت دەردەچێت، بەلاًم ئیمزای وەزیری لەسەرە، بەنیسبەت بڕگەی (31)یش من تەئیدی رەئیەکەی کاك فرسەت دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانم باس کران لە لایەن برادەران دووبارەی ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە زۆر موناقەشە کرا، موناقەشەکانیشی زۆری بەسوود بوون، هەندێکی دووبارە بوون، بەلاًم ئەوەی کە رەچاو کرا شتە گرنگەکان بە موافەقەتی وەزیر، ئەوەی تەئکیدیش نەکراوە لە چوار، پێنج کەس، هەندێ کەس پێشنیاری کردووە، بەلاًم کە نەبێتە چوار، پێنج کەس، یەعنی لیژنەی قانونی و پرۆژەکە خۆی و جەنابی وەزیر و هەندێ ئەندامانی تر، بۆیە ئەوەی وەرگیرا باسمان کرد، ئەو تەعدیلاتانەی کە باسمان کرد لە پێش هەموویانەوە زیاد کردنی بڕگەیەك لە پاشی بڕگەی حەوتەم، دەبێتە هەشتەم ئەوەی مەجلیسی ئیقلیمی تەعریف دەکرێتن بە مەجلیسی شوئون، دوایێش ئەوانەی کە باستان کرد لە ناحیەی زمانیشەوە تەعدیلاتی لەسەر کرا، لیژنەی قانونی هەموو تەعریفەکانی وەرگرتووە،

تەنیا یەك نوقتە ما بوو، كە كاك دكتۆر نوری باسی كرد، ئەویش لە ناوەكەیدا دەستووری ئیتیحادی، كاك غەفوریش تەئیدی كرد، دوو كەس تەئیدیان كرد، ئەوە یەعنی تەعریفە لە حەقیقەتدا دەستووری ئیتیحادی تەعریف دەكاتن دەڵێن ئەو دەستوورە، یەعنی ماددەیەكی وا نییە بڵێی جێی خیلاف بێت، ئەویتریان گەورە بێت لەناو دەستووری عێراقیشدا كەلیمەی ئیتیحادی هاتووە، پێم وا نییە شتێكی وا بێت خەلەل پەیدا بكاتن، بۆیە من ماددەكە بەو تەعدیلاتەی ئاماژەی پێ كراو جەنابی وەزیریش موافیق بوو و لیژنەی یاسایش تۆماریان كرد، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە كە لیژنەی یاسایی پێشنیاری كرد دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دوو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی پیادەكردنی یاساكە**

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم: بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە پیادە دەكرێ بەسەر:**

**أ- پرۆسەكانی نەوت :چ كۆمپانیاكانی گشتی، یان تایبەتی بە دەستیان هێنابێ، چ موڵكی عێراقی بێ، یان بیانی.**

**ب- هەموو چالاكیەكانی پەیوەستن بە پرۆسەكانی نەوت.**

**دووەم: بەپێی حوكمەكانی ماددەی (115)و هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەمی ماددەی (121)ی دەستووری فیدراڵی، هیچ یاسایەكی فیدراڵی، یان ڕێككەوتن، یان گرێبەست، یان یاداشتی لە یەكگەیشتن و هەر بەڵگەیەكی دیكەی فیدراڵی تایبەت بە پرۆسەكانی نەوت جێبەجێ ناكرێت، تاوەكو دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆی ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێكردن نەدات.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**نطاق سريان القانون**

**المادة الثانية/ أولا: تسري أحكام هذا القانون على:**

**أ- العمليات النفطية سواء المنجزة من قبل الشركات العامة أو الخاصة، سواء كانت مملوكة للعراقي او للأجنبي.**

**ب- كافة النشاطات المتعلقة بالعمليات النفطية.**

ثانيا: إستنادا لأحكام المادة( 115 ) والفقرتين أولا وثانيا من المادة (121 ) من الدستور الأتحادي لا يجري نفاذ أي تشريع أتحادي او اتفاق او عقد او مذكرة التفاهم او اية وثيقة أخرى أتحادية خاصة بالعمليات النفطية ما لم توافق عليها السلطة المختصة في الاقليم على نفاذه.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی دووەم هیچ تێبینیەكی نییە و تەئیدی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس مولاحەزەی لەسەر نییە، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جانیبە لوغەویەكە دوو (سواء) لە دوو یەك نابێت، یەعنی (العمليات النفطية سواء المنجزة من قبل الشركات العامة أو الخاصة، سواء كانت مملوكة)، ئەوە نابێت.

دووەم/ لە (لا يجري نفاذ أي تشريع أتحادي او اتفاق او عقد او مذكرة التفاهم) بە عەمەلیاتی نەفتی (من قبل الحكومة الاتحادية)، ئەوە لێرە ئەو صیاغە تەواو نییە، لەگەڵ دەستووری ئیتیحادی بۆ؟ یەعنی ڕاستە لە حقولی حالی سەلاحیەتی حكومەتی ئیتیحادی هەیە لەسەر ئەوەی تەشریعی هەر قانونێكی بكات، هەر ئیتیفاق و هەر عەقدێكی بكات، بەلأم لە حقولی موستەقبەلی ئیشكال هەیە، یەعنی لە حقولی موستەقبەلی ناتوانێت هەر قانونێكی دەربكاتن، یان هەر عەقدێكی دەربكاتن، جا ئەوە پێویستە ئەو (العمليات النفطية) بگۆڕێتن، یەعنی بكرێتە (بالحقول المستقبلية) وا بە باشی دەزانم لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد محمد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەشی یەكەمی ئەم ماددەیە، پێم وایە هەردووكیان باسی پرۆسەكانی نەوت دەكەن، دەكرێت بڕگەی یەك و دوو بكرێت بە یەك بەم شێوەیەی لێ بكرێت بە عەرەبیەكەی (تسري أحكام هذا القانون على كافة النشاطات المتعلقة بالعمليات النفطية سواء انجزت من قبل الشركات العامة أو الخاصة، سواء كانت مملوكة للعراقي كانت أو أجنبي)، چونكە هەردووكیان باسی عەمەلیاتی نەفتی دەكەن، كە بە دوو بڕگە هاتووە، پێم وایە باسی هەمان پرۆسە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من داواى دووباره صياغه كردنهوهى برِگهى يهكهم دهكهم، دهڵێت (العمليات النفطية سواء انجزت من قبل الشركات العامة أو الخاصة سواء كانت عراقية أو أجنبية)، نهك (مملوكة للعراقي او اجنبي).

دووهم/ سهبارهت به برِگهى دووهم، من دهڵێم بهو جۆره دهست پێ بكات (لا ينفذ أي تشريع أتحادي او اتفاق او عقد او مذكرة التفاهم او اية وثيقة أخرى أتحادية خاصة بالعمليات النفطية في الاقليم كوردستان ما لم توافق عليها السلطة المختصة في الاقليم وذلك بموجب احكام المادة (115) والفقرتين اولاً وثانياً من المادة (121) من الدستور الاتحادي)، سوپاس.

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن:**

كاك دكتۆر ناصح فهرموو.

**بهڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن.**

منيش ههر پهيوهندى به صياغهوه ههيه (أ- العمليات النفطية سواء انجزت من قبل)، پێم وايه بلێين بۆ ئهوهى (سواء) دوو جار دووباره نهبێتهوه (العمليات النفطية المنجزة من قبل الشركات العامة أو الخاصة سواء كانت عراقية أو أجنبية)، وهكو تێبينى كاك دكتۆر نورى، له (ثانياً)يش كه دهڵێت (السلطة المختصة في الاقليم على نفاذه) باشتره، يهعنى تهحديدى ئهو سوڵتهيه بكرێت كوێيه؟ زۆر سوپاس.

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن:**

كاك جهعفهر فهرموو.

**بهڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن.**

من يهك پرسيارم ههيه، چونكه بهڕاستى تێى ناگهم، ماددهى دوو برِگهى (أ- چ كۆمپانيايهكانى گشتى، يان تايبهتى بهدهست هێنانى چ موڵكێكى نابێت له كوردستان زياد بكهين، چ موڵكێكى كوردستانى بێت چ موڵكى عێراقى بێ يان بيانى، ئهوه مهقصهدم كوردستانييه سوپاس.

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن:**

ئيعتيرازهكان ههمووى لوغهوى و صياغهيه، من تۆزێك بۆتان ئاسان دهكهم، بۆ فهقهرهى يهكهم (العمليات النفطية التي تنجز من قبل الشركات العامة أو الخاصة او تلك التي مملوكة للعراقي أو أجنبي)، لهجياتى (سواء)هكه لابدرێتن، له هينهكه (في الاقليم) ئهوهش ئيعتياديه، ئهگهر جهنابى وهزير تهفسيرێكى ترت ههيه.

**بهڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بهڕێز سهرۆكى ئهنجومهن.**

ئێمه له ليژنهى ياسايى داوامان كردووه، ئيعادهى صياغهى ههندێكيان بكهين، ئێمه ئامادهينه ئيعادهى صياغهيان تهواو بكهين، لام وايه موناقهشه لهسهر ئيعادهى صياغه نهكهين باشه، له ماددهكهو له مهوزوع و بابهتهكه بدوێين باشتره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابی وەزیریش موافیقە بە ئیشارەت گوتی موافیقم، ئەوە یەك.

(العمليات النفطية التي تنجز من قبل الشركات العامة أو الخاصة او مملوكة للعراقي أو أجنبي)، چیت وت کاك خەلیل.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە لە لیژنەی خۆمان گوتیە رەقم یەك (تقترح اللجنة تخويلها لإعادة صياغة و تبويب بعض مواد المشروع وفق النهج المتبع)، بەس لێرە موختەسەر دەبێت (العمليات النفطية سواء انجزت من قبل الشركات العامة أو الخاصة سواء كانت عراقية أو أجنبية)، تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگەی دووەمیش ئیقلیمەکە (فيه) لەجیاتی (في الاقليم)، مولاحەزەکان لەسەر لوغەوی بوون چاکیان دەکەینەوە، صیاغە بوو، کەس ئیعتیرازی وا پیشان نەدا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووە لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو دکتۆرە شوکریە نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا نیصابمان تەواوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حیسابمان کردووە، من ئیجازە نادەم ئەگەر نیصاب کەم بێت، لەگەڵ کاك فرسەت ئیتیفاقمان کردووە، گوتمان ئەگەر بزانین نیصاب کەم دەبێتەوە با دانیشن فەرموون بۆ ماددەی سێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی سێیەم**

**موڵکداریەتی نەوت و مافەکانی حکومەتی هەرێم**

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** موڵکداریەتی نەوت لە هەرێمدا، بەپێی ئەوەدا لەماددەی (111)ی دەستووری فیدراڵدا هاتووە دەبێت. بەشی حکومەتی هەرێم لە داهاتەکانی ئەو نەوتە لە کێڵگەکانی بەرهەمهێن بەدەست دەهێنرێ (پێش 2005/8/15)، بەپێی بەشی گەلی عێراق بەگشتی و ئەم یاسایەو ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی دەسازێ و رێکدەخرێ.

**دووەم:** بەشی حکومەتی هەرێم لە داهاتەکانی نەوتی کێڵگەکانی بەرهەمهێن دوای 2005/8/15 بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.

**سێیەم: حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا بەشداری دەکات لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێڵگەکانی بەرهەمهێن پێش 2005/8/15 لە هەرێمدا بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵدا.**

**چوارەم: حکومەتی هەرێم چاودێری کردن و ڕێکخستنی هەموو پرۆسەکانی نەوت دەگرێتە ئەستۆ، بەپێی ماددەی (115) کە لەگەڵ ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵیدا گونجاوە، وەزیر بۆی هەیە ڕێگا بەلایەنی سێیەم بدات، کە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ بکات لە پێناو زیادکردنی داهاتەکان لە سامانی نەوتی هەرێمدا.**

**پێنجەم: حکومەتی هەرێم چاودێری کردن و ڕێکخستنی ناردنی بەشی نەوتی هەرێم، کە لە پرۆسەکانی نەوت دەردەهێنرێ، لە خاڵی ئامادەکردنندا دەگرێتە ئەستۆ، مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی ناردنی ئەو بەشەی بە لایەنی سێیەم بدات.**

**شەشەم: حکومەتی هەرێم بەشەکەی خۆی لە هەموو ئەو داهاتانەی لە پرۆسەی نەوتی بە دەست دەکەوێت بۆ قازانجی هەرێم بەپێی ماددەی سێزدەم لەم یاسایەداو ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵدا.**

**حەوتەم: بۆ هەر کەسێك هەیە لە خاڵی ئامادە کردنی تێدا مولکداریەتی نەوت بکات بەشێوەیەکی دیاری کراو.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**ملكية النفط وحقوق حكومة الأقليم**

**المادة الثالثة/**

**أولا: ملكية النفط في الأقليم، تكون حسبــما وردت في المادة (111) من الدستور الأتحادي، وتحدد حصة حكومة الأقليم من العائدات المستحصلة من هذا القانون للحقول المنتجة قبل 15-8-2005 يتناسب مع حصة عموم شعب العراق بموجب هذا القانون والمادة (112) من الدستور الأتحادي.**

**ثانيا: تحدد حصة حكومة الأقليم من عائدات النفط للحقول المنتجة بعد 15-8-2005 بموجب أحكام هذا القانون.**

**ثالثا: تشترك حكومة الأقليم مع الحكومة الاتحادية في إدارة العمليات النفطية الخاصة بالحقول المنتجة قبل 15-8- 2005 في الأقليم إستنادا لحكم الفقرة أولا من المادة 112 من الدستور الاتحادي.**

**رابعا: تتولى حكومة الأقليم الاشراف على جميع العمليات النفطية وتنظيمها، بموجب المـــادة (115) ومنسجما مع ماورد في المادة (112) من الدستور الأتحادي، وللوزير أن يأذن لطرف ثالث القيام بالعمليات النفطية لزيادة العائدات من الثروة النفطية للأقليم.**

خامسا: تتولى حكومة الأقليم الاشراف وتنظيم وتسويق حصة الأقليم من النفط المستخرج من العمليات النفطية من نقطة التجهيز، ويحق لها منح أجازة تسويق لتلك الحصة الى طرف ثالث.

سادسا: تستلم حكومة الأقليم حصتها من كل العائدات المستحصلة من العمليات النفطية لمنفعة شعب الأقليم طبقا للمادة الثالثة عشر من هذا القانون، وبموجب المادة (112) من الدستور الأتحادي.

سابعا: لأي شخص ان يكتسب حق أمتلاك النفط عند نقطة التجهيز حصرياً.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من دەزانم موناقەشات زۆر دەبێت لەسەر یەك كەلیمە لە جیاتی (للوزير) بكەینە (للمجلس الاقليمی، ئیزنی تەرەڤ سێیەم، ئەگەر جەنابی وەزیر رەئیەكی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێكمان هەیە، فەقەرەی یەكەم و دووەم و سێیەم، كە دەڵێت (الحقول المنتجة) ببێت بە (الحقول الحالية) چونكە ئەوە غەڵەتی مەتبەعیە، فەقەرەی یەكەم ئەوەی دەڵێت (تحدد حصة) دەبێت بڵێی (لحكومة الاقليم حصة)، هەروەها فەقەرەی دووەمیش هەمان شت لەجیاتی ئەوەی بڵێی (تحدد حصة لحكومة الاقليم)، بیگۆڕن بۆ (لحكومة الاقليم حصة من العائدات)، ئەوە دوو تەغیرات لە چوارەم، دوای (للوزير) بگۆڕێت بكرێتە (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم للنفط والغاز)، چونكە ئەوە دەگونجێت لەگەڵ هەموو گۆڕاوەكان كە كردوومانە لە فەقەرەی چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی وەزیر یەكەم موافەقەتی كردووە لەسەر ئەو بۆچوونانەی كە هەیە، وەزیر بكرێتە وەزارەت، صیغەكەی ئەو دەڵێت باشترە كرا وەزیرەكە بمێنێتەوە (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم للنفط والغاز)، یەعنی ئەو مەجلیسەی كە باسمان كرد، مەجلیسی ئیقلیمی كە رەئیس وزەرایەو جێگریەتی و وەزیر خۆیەتی، وەزیری دارایە، وەزیر ئەوەی دەكات، بەڵام پاش موافەقەتی ئەو مەجلیسە، كاك دكتۆر ئاشتی حالیەن لە كوێ ئیزافە بكرێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو حەقلانەی كە ئینتاجیان هەبووە لە پێش دەستوور، لە فەقەرەی یەكەم و دووەم و سێیەم، كە دەڵێت (المنتجة) بیگۆڕین بە (الحالية)، ئەوە مونسەجەمە لەگەڵ تەعریفەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەلیمەی حالیەن لە مادده (112) هاتووە لە دەستووری عێراقی مەقصود بێت ئەوە، ئەو فەترەیە فەترەی نووسینی دەستووری ئیتیحادییە، ئێمە لە پرۆژەی خۆمان پرۆژەی دەستووری هەرێم تەماشامان کرد چ رۆژێك بوو، کو مەفروزە دەستوور تەواو بیت رۆژی (8/15)مان دانا، کەلیمەی حالیەن بۆ دەستووری عێراقی باشە، ئەگەر بێت، بەس بەنیسبەی قانونی ئێمە نابێت کەلیمەی حالیەن تێدا بێت، چونکە موعەرەفە بە (2005/8/15)ە، ئەو تاریخە لەجیاتی کەلیمەی حالیەن بەکارمان هێناوە، چ لە پرۆژەی دەستووری کوردستان، چ لە قانونی نەوتی هەرێم، لەبەر ئەوە کەلیمەی حالیەن لێرە موحتاج ناکات ئیزافە بێت، مەفهومە حالیەن یەعنی (8/15)ە، دوایێ کە ئێستا کەلیمەی حالیەن لێرە ئیزافە بکرێت، یەعنی ئەمڕۆ، ئەمڕۆ نابێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر باسی موافەقەی مەجلیسی ئەعلای نەوتی کرد لەسەر ئەوەی کە باس کرا، مەجلیسی ئەعلایەکە هێشتا دەسەڵاتەکەی دیاری نەکراوە، یان ئیستیشاریە، یان تەنفیزییە، هێشتا بۆی دیاری نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجلیسی ئەعلا ئەعلا سوڵتەیە، مەجلیسی ئیقلیمی ئەعلا سوڵتەیە، رەئیس وزەرایە، جێگرەکەیەتی، مەعلومە ئیستیشاری نییە، وەزیر خۆیەتی، وەزیری مالیەیە، وەزیری پلاندانانە، وەزیری کارەبایە، مەجلیسی قەرارە، یەعنی بە تەئکید ئیستیشاری نییە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەعریفمان کردووە، گوتمان دیاری نەکراوە، مەبەستمان ئەوە بوو دیاری بکرێت، ئینجا ناوی لێ بنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تەعریفمان کردووە، لە تەعریفات ئیزافەمان کردووە، لە هەموو ماددەکانیش پێویست دەکاتن ناوی دەهێنن، ماددەیەکی بۆ ئیزافە دەکەین، شەرحی دەکەین، بەگوێرەی ئەوە، ناوتان دەنووسم، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئی كاك فرسەت دەكەم حقولی مونتەجە بە تاریخەوە لەناو قانونەكە بمێنێت، ئەوە یەك.

دوو/ ئەگەر هاتوو ئێمە حالیەن لەناو قانونەكە دابنێین، ئێمە حالیەن ئێستا قانونەكە پەسند دەكەین، بۆیە ئەو نەصەی كە هاتووە لەگەڵ دەستووری عێراقی موافیقەو لەجێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی سێیەمە بەڕاستی باسی موڵكداریەتی نەوت دەكات، موڵكداریەتەكە لە ماددەكەدا لە هەموو بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم تا شەشەم باسی حكومەتی هەرێم دەكات، بەڵام لە حەوتەم لە عەرەبیەكە كە دەڵێت (لأي شخص ان یكتسب حق أمتلاك النفط عند نقطة التجهیز حصریاً)، پرسیارم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە، یەعنی كەس، فەردێك ئەو حەسرییەن بە موساهەمەیە لەگەڵ حكومەتی هەرێم ئەو حەقی موڵكداریەتەكەی، یان هەر سەربەخۆ، یەعنی ئەو فەردە حەقی ئیمتیلاكی نەوتی هەیەو چۆن، ئەگەر تەوزیح بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی (حق امتلاك النفط عند نقطة التجهیز) غێر بەپێی عەقد دەبێت، بەپێی فرۆشتن دەبێت، بەپێی رێككەوتن دەبێت، هەر كەسێك ئەوە نییە بچێت تەنەكەیەكی هەڵبگرێت بڵێ بینە نەوتم بدێ، بە تەئكید حەقی ئەوەی هەیە پاشی ئەوەی بەپێی ئەو قانونە، بەپێی عەقد، ئەو نەوتە دەكڕێت، یاخود دەبێتە مولكیەتی ئەو (عند نقطة التجهیز)، یەعنی پاشی ئینتاج، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر كردی پشتیوانی دەكەین، ئەوە یەك.

دوو/ دوو، سێ جار ناو دێت (المجلس الاقلیمی)، ئێمە لە رووی قانونیەوە كە دەڵێین ئیقلیم مەبەستمان هەرێمی كوردستانە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق، بەس لە رووی سیاسیەوە كە دەڵێین ئیقلیم چەند دەوڵەتێك دەگرێتەوە، من پێم باشە بنووسین مەجلیسی ئیقلیمی، نەك (المجلس الاقلیمی)، یەعنی راستتر دێتەوە.

سێ/ من پرسیارێكم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئێمە باسی زمان دەكەین ئایا ئەوە پرۆژە یاسای خۆی بە زمانی ئینگلیزی نووسراوەتەوە كراوەتە عەرەبی، یان ئەسڵەكە عەرەبیە، یەعنی من ئەوەندە سەر دەبەم و دەینم، هەست دەكەم كراوەتە عەرەبی، نەك ئەسڵەكە عەرەبی بێتن كرا بێتە ئینگلیزی، ئێمە دەبێت دەقە

ئەسڵەیەکە وەربگرین، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو مەسەلەیەش لەبەرچاو بگرین، ئینجا خاڵی سێیەمیشیان/ باسی زمان دەکەین، من نازانم کەی دەست پیّ دەکەین، ئێمە پرۆژە یاساکانمان بە زمانی کوردی دەربکەین، یەعنی کەی گفتوگۆمان بە زمانی کوردی بێت، چونکە بەڕاستی بیانوومان نییە، بەڕاستی پرۆژەی بیانوو بۆ حکومەتیش نەچێتن، پرۆژە یاسامان بە زمانی عەرەبی بۆ دەنووسێت، ئەوە لێرە من دیسان دووبارە دەکەمەوە، جەنابت ئەگەر ئاگاداری با جەنابی وەزیر وەلاّم بداتەوە، ئەو پرۆژە یاسایە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، یان بە عەرەبی، من نازانم ئەگەر بە ئینگلیزی دەنووسرێت، بۆ بکرێت بە عەرەبی، ئینجا جارێکی تر بکرێتەوە بە کوردی، لەبەر ئەوە ئاسانە یەعنی دەکرێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، رێگەی چارەسەریشی زۆرە، یەعنی حەقە ئەو مەسەلەیە چی تر قسەی لەسەر نەکەین.

دوو/ هەندێك جار هەندیّ قسە دەکرێت، مامۆستا ئەسعەد پێشنیارێکی کرد، دەڵێت ئەو دوو وەزیرە بکرێتە وەزارەت، لەبەر ئەوەی هەر لە دوای ئەو لە بەندی (18 و19) بکرێت لە (25)م دەڵێت لە تەعریفی موقاول وەزارەت هاتووە، کەچی لە پێش ئەوەی وەزیر هاتووە، رەنگە جیاوازییەکی نەبێت، بەلاّم بۆ ئەو مەسەلانە یەکلا نەکرێتەوە، چونکە هەر لێرە بە خۆی (18 و 19)ی داوا کردووە، بەلاّم (25)م خۆی خیلافی لەگەڵدا هەیە، حەقە ئەو مەسەلانەش هەموو جار دەڵێت یەکلا بکرێتەوە، داوا کارم مەسەلەی زمان چاك بکرێت، ئۆباڵ لە ئەستۆی پەرلەمانە، ئۆباڵە مێژوویەکەش لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، ئەگەر چارەسەری ئەو کێشەیە نەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز کە وتت دەڵێن مەجلیسی ئیقلیمی باسمان کردو خوێندمانەوە دوو نوقتە تەعریفی دەکەین (المجلس الاقليمي لشؤون النفط والغاز في اقليم كوردستان) یەعنی ئیقلیمێکی جنوب نییە، ئیقلیمی وەسەتیش نییە، مەجلیسی ئیقلیم، باشە موشکیلە نییە، (مجلس الاقليمي لشؤون النفط والغاز في اقليم كوردستان)، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم لەم ماددەیە، تەبیعی بەشی یەکەم ئەساسی بەستراوە بە (111 و 112) هەرچەندە شوێنی ئەوە نییە، کە لێرە تەعن لەو دوو ماددەیە بێت، چونکە ئەو دوو ماددەیە تەوافوقیە، وەختی خۆی موافەقەی لەسەر کراوە، ئەگینا لادانە لە مافی کەسێتی، یەعنی مافی موڵکێتی، ئەوە بەنیسبەت بەشی یەکەم.

بەشی دووەم، کە لێرە مەجال هەیە، دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە، دیسانەوە هەمان غەڵەت کراوە، مافی کەسێتی دەست نیشان نەکراوە وەکو هەموو شوێنێکی تر، لەوانەیە جەنابی وەزیر بزانێت لە ئیقلیم لە (الاسکا) کە دیاری کراوە حیصەی خاوەن موڵك دیاری کراوە، ئینجا حیصەی ئیقلیم، ئینجا بەشی حکومەتی مەرکەزی، یەعنی تەحدید کراوە، یەك تەقسیم سیّ، ئەوە دەدرێتە خاوەن موڵکەکە، خاوەن

زەویەکە، یەك تەقسیم سێ دەدرێت بە ئیقلیم، یەك تەقسیم سێ دەدرێت بە مەرکەز، من حیصەی کوردستان نازانم بۆچی دیاری نەکراوە؟ نیسبەتەکە چەندە بۆ کوردستان؟ حەق بوو ئەو مەجالەمان لێرە دروست کرد بوایە، دیاریمان کرد بوایە، حیصەی ئیقلیمی کوردستان چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکەی وەزیر دەکەم، کە کاتێك دەڵێت مونتیجە بکرێت بە حالی، لەبەر ئەوەی حقولی مونتیجە لە تەعاریفە تەعریف نەکراوە، تەنها دوو تەعریف هاتووە، (الحقول الحالية) (والحقول المستقبلية)، کەواتە حقولی حالی ئەوەیە کە بڵێین (كان له انتاجاً تجارياً قبل 2005/8/15)، موستەقبەلیش ئەوەی دوای 2005/8/15، یان ئەوەتە چاکی بکەین لەم بەندەیە، یان دەبێت ئەوە جارێکی تر لە تەعریفەکان چاك بکرێتەوە، چونکە خەلەلێك هەیە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەو پێشنیارە موافیقم، بەڕاستی باسی عەینی شت دەکەین، چونکە تەعریفەکە دەڵێت موستەقبەلی، مانای حقولی مونتجی حالییە، من لەگەڵ کاك فرسەت موافیقم، بەڵام تەعریفەکەمان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت تەعریفەکە بەکار بێنین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من بڕگەی دووەم دروست نییە، چونکە بەپێی ئەو قانونە حیصەی هەرێمی کوردستان تەحدید نابێتن، حیصەی هەرێمی کوردستان تەحدید بووە بەپێی 17٪ دەچێتە بانك، لە بانکەکە دێتە کوردستان، ئەمە یەك.

دووەم/ بڕگەی چوارەم و پێنجەم، بە تەسەوری من تەناقوزێك تێدا هەیە، لەوێ دەڵێت (للوزير) ئەویتر دەڵێت (لحكومة الاقليم) ئەمە هەموو عەمەلیات لە بڕگەی سێیەمیش عەمەلیاتی نەفتە، کە تەسویقە،

شەشەم/ (تستلم حكومة الاقليم) بەپێی مادده سێزده، ئەوەش وا نییە، چونکە بەپێی ئەو ماددەیە هیچ ئالیەتێکی دروست نەکردووە، کە چۆن حکومەت حیصەکە ئیستیلام دەکات، بەڵام ئەو ئالیەتە کە دروست بووە لەم ماددەیە ئیستیخدامە، یەعنی (تستخدم حكومة الاقليم) ئەو حیصەی کە وەردەگرێت بەپێی ماددەی سێزدەم، بەڵام ئیستیلامەکە بەپێی ئەو ماددەی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بڵێی لە موڵکیەتەکە زۆر شەرمنانە دەیبینم، ئێستا مەسەلەن ئەو نموونەی کە لە پێشەوە هێنام ئەوانەی کە تاپۆیان هەیە لەو ئەرازیانەی کە ئێستا لە ئایندە بیر هەڵدەکەنن حیساب بۆ تاپۆیەکەیان دەکەن، یەعنی لێرە هیچ شتێك دیار نییە، بابڵێین موڵکیەتێك بۆ کوردستان، بەلای کەمی جوغرافیەن لەم ماددەیە ئیشارەت بکرێت، بۆ؟ چونکە دوور نییە حکومەتی ئیتیحادی بیر لەوە بکاتەوە لە سەرەتاوە لە کوردستاندا مەسەلەن رێژەیەکی زۆر نەوت دەربهێنێت، چونکە ئێمە ئەوە دەزانین ساڵی 2060 نەوت نامێنێت، ئەوەی ئێمە لە 2050 و ئەوانە کۆتایی پێ دێت دوور نییە حکومەت یەعنی سیاسەتێکی وا بەکار بێنێت هەر بە رێگەی دیموکراسی، ئەوان زیاترن هەم برادەرانی شیعە، هەم برادەرانی سونی لە کورد زیاترن هەردووکیان رێك بکەون زۆرترین رێژە لێرە دەربێت، کەوا بوو لێرە زووتر تەواو دەبێت، لەبەر ئەو حەقی ئیمتیلاك لە رووێکەوە، من ئێستا نازانم لە رووی قانونی لە چ رووێکەوە، دەبێت لێرە تەسبیت بکرێت.

دوو/ ئەو پێشنیارەی کە وەزیر کردی (تحدد حصة اقليم كوردستان)، وتی (لاقليم كوردستان حصة)، من پێم وایە ئەوەی کە نووسراوە ئەوە بەقوەتترە جوملەکە ئینشائییە، یەعنی تەرەفەکە ئیجبار دەکات بنووسێت، بەڵام ئەگەر بیکەیت بە ئیسمی دەبێتە خەبەری و بەو قوەتە نامێنێت، لەسەر خاڵی حەوتەم کە بۆ ئەویتر هێناتان، تەبعەن لە دوای ئینتاج ئەو شەریکەیە دەبێتە مالیك، ئێمە ئەوە دەزانین یەکێك لە قوەتی ئێمە ئەوەیە نەوت بە نرخی گەورە بمێنێت، مەسەلەن هەموو خوبەرای نەوت پێیان وایە (2025) نەوت لە شەست نایەتە خوارێ، لە پەنجا نایەتە خوارەوە بەرەو ژوورە دائیمەن، مومکینە بۆ سەدیش بڕوات، بەڵام ئەو شەریکە زەبەلاحانە دەیانەوێت لەعێراق بەتایبەتی حاڵەتێکی وا دروست بکەن، یەعنی بازاڕ غەرق بکەن لە نەوتدا، بۆ ئەوەی سیعر دابەزێنن، یەکێك لە موهیمەتی ئێمە ئەوەیە بمێنێت، ئەم شەریکانە ئەگەر ئێمە ئەو موڵکیەتەیان بدەینێ ئەوەی کاك فرسەت دەڵێت کە من لەگەڵی نیم، دەبێت موحەددەد بێت بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نەتوانێت زیاد بفرۆشێت، چونکە ئەگەر فایز بۆ ئێمە دروست بوو نرخی نەوت دادەبەزێت کە بووە (25) دۆلار ئێمە چی لێ بکەین، ئەگەر لەجیاتی چوار

ملیۆن، ده ملیۆنیش دەربێنین، ئێمە هەر زەرەرمەند دەبین، لەبەر ئەوە زۆر موهیمە یەکەم مولکیەتەکە بەجۆرێك بێت لە جۆرەکان، ئەگەر حەقلەکانیش بێت، چونکە موڵکیەتی خەڵکی کوردستانە، بۆ ئەمڕۆ نا، بۆ ئایندە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئێمە هەر بیر نەکەینەوە ئێمە ئەمڕۆ ئیقلیمین، بەیانی گۆڕانکاریەکی تر دەبێت دە ساڵی تر، بیست ساڵی تر، سی ساڵی تر.

دوو/ ئەم حەقی تەجهیزە بەڕاستی مەسەلەیەکی زۆر خەتەرە وەکو حەقلەکە وایە نابێت ئێمە بیدەین بە دەستی ئەو شەریکەیەوە بە ئارەزووی خۆی بفرۆشێت، بازاڕ غەرق بکات سعری نەوت دابەزێنێت، ئەو کاتە ئێمە لە جیاتی دوو ملیۆن، دە ملیۆنیش دابەزێنین تەعویزی ئەوە ناکات، لەبەر ئەوە داوا دەکەم یەعنی ببەسترێت بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەرلەمان تیا بەشدار بێت، ئێمە دەڵێین مەسەلەی هەموو ستراتیجیەکان دەبێت پەرلەمان قەراری لەسەر بدات، ئەمەش یەکێك بێت لەو حاڵەتانە، کە قەراری لەسەر بدرێت، ئەگینا حیصەکە ئەو دەیەوێت زیاد بێت، راستە زیادەکە لە بەرژەوەندی ئێمەیە، بەلاَم ئەوەش دەزانین ئێستا خەڵکی عێراق، ئەگەر جەنابی وەزیر باش دەزانێت ببێت بە پێنج ملیۆن رۆژانە، ئێمە فائیزمان دەبێت، یەعنی پارەی داهاتی عێراق فائیزی دەبێت، بەلاَم شەریکە ئەجنەبیەکە حەز دەکات دە ملیۆن بێت، بەلاَم ئەوە زەرەری موستەقبەلی و جیلەکانی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانت، یەکێکیان ئەوەیە ئێمە بە تەمەنیات و رەغبەت نییە، ئێمە پابەندین بە دەستووری عێراق بە مادده (111) موڵکیەتەکەی دیاری کردووە، ناتوانین شتێك بنووسین لێرە تەعاروز بکات لەگەڵ ئەوە، ئەوە یەك، ئەگینا تەمەنامان دەکرد بمانتوانی بوایە.

دووەم/ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر کە لە جیاتی (تحدد حصة) ببێتە (لحکومة الاقلیم)، ئەو زۆر راسترە، لەبەر یەك شت، کە وتت (تحدد) جیهەتێك هەیە تەحدیدی دەکات، تۆ دەکەویتە ژێر رەحمەتی حکومەتی بەغدا بۆت تەحدید بکات، بەلاَم ئەگەر (لحکومة الاقلیم حصة) بەپێی قانون، بەپێی دەستوور، بەپێی 17٪ەکە، ئەو ئیتیفاقیاتانەی کە دەیکەن، لەبەر ئەوە ئەو جوملەیە زۆر دەقیقە (لحکومة الاقلیم حصة)، بەلاَم ئەگەر بڵێی (تحدد) لە ئەسڵەکە کە هاتووە، تەرەفێك دەبێت تەحدیدی بکات، ئەو وەختە تەرەفەکە ئیتیحادی دەبێتن، ئەوە خراپە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەر هەیئەتێك ئەمە تەحدید بکرێت، یەعنی قیادەی کوردی، یان بڵێین بەشی کوردستانی، یان ئیقلیمی کوردستان بەشێکی ئەساسی تیایە، ئەگەر لە مەجلیسی ئیتیحادی نەوت و غاز بکرێت، ئێمە بەشێکی بەقوەتین تیایدا، لەبەر ئەوە هیچ جێگایەك نییە تۆی تێدا نەبیت، بەلاَم تۆ لێرە فەرزی دەکەیت، مەبەستم ئەوە بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەگەر بڵێی (تحدد)، یەعنی تەرەفێك تەحدید دەكات، (لحكومة الاقليم حصة) مەبدەئەكەی تێدایە، بەپێی ئەو مەبدەئە بێتن تەفسیراتی تێدا نەبێت لە 17٪ی ئەمڕۆ 17٪یەكە، سبەینێ لە كەركووك ماددەی 140 جێ بەجێ دەكرێت، كەركووك دەگەڕێتەوە، لە 17٪ەكە نیسبەتەكە زیاد دەبێت، كە ئیحصا دەبێتن، بەپێی قانون و دەستوورەكەیە، نەك بەپێی رەغبەتی حكومەت، بۆیە ئەو جوملەیە كە پێشنیار كرا زۆر راسترە، وابزانم ئەو مولاحەزتانەی كە كران، ئەوەی كە گرنگترین شتیان ئەوە بوو، كە لە جیاتی وەزیر (للوزیر ان یأذن) ئەوەی ئیزافە بكرێت (بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، ئەوە ئیزافە كرا، (ثانياً/تحدد حصة)، بكرێتە (لحكومة الاقليم حصة) ئەوەش ئیزافە بكرێت، چ مولاحەزەی تر بوو كە درا، ئەو نوقتەی حالیەن دەمێنێتەوە، كاك فرسەت بۆ دواجار تەوزیحی دەكات، بزانی بە چ لایەكەوە حەسم دەبێتن.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك/ هەر موستەڵەحێك تەعریف بكرێتن، لازمە لە مەسڵەحەتی قانوندا بێت، ئێمە خۆمان نەكەینە رەهینی موستەڵەح، لازمە موستەڵەح بكەینە رەهینی قانون، ئەو نوقتەیەك.

تەعریفەكە زۆر زەرورییە لێرە لە حەقلی موستەڵەحات بێت، چونكە كەلیمەی حالیەن لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، بێتو تەعریف بكرێت، ئێمە لەلای خۆمان تەعریفمان كرد، چۆن تەعریفمان كرد تاریخێكی موحەددەدمان دانا 2005/8/15، ئەگەر تۆ لێرە كەلیمەی حالیەن بەكار بێنی لە زیمنی ئەم ماددەیە خەڵكێك بە شێوەیەكی تر تەفسیری دەكات، یەعنی ئەو بیرەیە ئەوی تۆ ئێستا ئیستیخراجت كردووە، لەگەڵ ئەوەی چۆن تەعریفت كردووە، چونكە ئەو تەعریفە هی تۆ نییە، تەعریفەكە هی دەستووری عێراقیە، زەرورییە لێرە تەعریفەكە مەوجود بێت لە حەقلی موستەڵەحاتێك كە یەكێك هات دەستووری عێراقی خوێند، وجهەی نەزەری تۆی بزانێت تا تەعریفت بۆ حەقلی حالی چیە، بەس لێرە زەروری نییە دابنێیت، بۆ زەروری نییە، چونكە تاریخەكەت داناوە، (8/15)ت داناوە، ئەو (8/15)ە موقابیلی حەقلی حالیە، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەگەر دابنێیت لازمە دوو قەوس دابنێیت، كە مەقصودت پێ ئەوە موستەڵەحێكی موحەددەدە، بەس من وا دەبینم كەلیمەی حالی لێرە زەروری نییە دابنێیت، چونكە تاریخت داناوە، ئەو تاریخە لە تەعریفی موستەڵەح هاتووە، لەوێ ئیستینباتت كردووە، بە رەئی من كیفایەتە داعی نییە كەلیمەی حالیەن لێرە دابنێین، چونكە زۆر مەفهومە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر موقتەنیعی بە قسەی كاك فرسەت، ئەگەر موقتەنیع نیت، دەبێت بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من موافیقم لەسەر ئەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی سور بێت با رەشی بکەینەوە، چونکە موستەڵەح نییە، حقولی حالیە مونتیجە حالیەن ئەوە موستەڵەح نییە، دەبێت بیکەین بە رەش کەلیمەی ئیعتیادیە، با تێکەڵ نەبێت لەگەڵ موستەڵەحەکان، ئەگەر دەتوانرێت بمێنێت وەکو ئێستا لەجیاتی ئەوەی سور بێت، چونکە رەنگی سوور موستەڵەحە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت قانونەوە، بەنیسبەت ئێمەوە رەش و سوور، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە حقولی مونتیجە قەبل ئەوە مەفهومە شتەکە، دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو حقولی حالی کە لێرە زۆر زەرورییە، من پشتگیری رەئیەکەی وەزیر دەکەم، چونکە حقولی حالی، کەلیمەی حالی لە زیمنی سەلاحیاتی حەسری هاتووە لە دەستووری عێراقی کە مەفهومی موخالفە لەویٚ وەردەگیرێت لە قانونێکی تر بە خۆتان شارەزان، یەعنی حقولی موستەقبەلی لە زیمنی سەلاحیاتی ئیقلیم دەمێنێتەوە، لێرە غەرەز لەو حقولی حالیە ئەوەیەو لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن، یەکێکیان جەنابی وەزیر پێشنیارەکەی خۆی سەحب کرد، پێشنیار بوو بە وەجهەی نەزەری کاك فرسەت.

دووەم/ ئەوە لە سەلاحیاتی حەسری نییە، موشتەرەکە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تکون الاختصاصات الاتیة) لە ماددەی (114) سەلاحیاتی موشتەرەك باس دەکات، لە ماددەی (112) (تقوم الحكومة بإدارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية مع حكومة الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆت خوێندتەوە، یەعنی موشتەرەکە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە ماددەیەکی زۆر موهیمە، ئەساسی قانونەکەیە، کە دەڵێت (معاً) مانای وایە بە یەکەوە، بەڵام گرنگتری کەلیمە لەم فەقەرەیە ئەوەیە (النفط المستخرج) باسی ماددەکە دەکات، ئەو نەفتە کە هاتە دەرەوە بە یەکەوە ئیدارە دەکەن، باسی عەمەلیاتی نەوت ناکات، عەمەلیاتی نەوت بەشێوەی ئەو ماددەیە هەتا حقولی حالی موشتەرەك نییە، بۆ سەر سەیتەرەی کوردستان، ئەگەر تەتبیق بکەیت بە کەلیمە، بەڵام ئێمە

گوتومانە بە ئیشتیراکی دەکەین، هەر بە شەراکەت دەیکەین، جا لەبەر ئەوە باسی نەفتی موستەخرەج دەکات، ئەو نەوتەیە کە دەرچووەو ئیدارەی بە یەکەوە دەکات، نەك عەمەلیاتی نەفتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەمووی رەش تەبع دەکەین، لای ئێمە قانونیەن سۆر و رەش نییە تەواو، دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك نوری ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەکو جەنابی وەزیر گوتی، ئەو ماددەیە وەکو عەرەب دەڵێت قەسیدی ئەو قانونەیە، دەبێت بە گرنگی و وردیەوە لێی بکۆڵینەوە، من لەگەڵ ئەوەدام (الحقول المنتجة)، وەکو خۆی بمێنێت، لەگەڵ بۆچوونی وەزیرم، بۆ ئەوەی برگەی دوو بکرێت بە (لحكومة الاقليم حصة من عائدات النفط)، ئەوە چاکە، چونکە فەقەرەی پێشوو بە شەرمنانەوە باسی دەکرد، سەبارەت بە بڕگەکانی چوار و پێنج پێویست بە دووبارە صیاغە دەکاتەوە، دووبارە بە شەرمنانەوە باس کراوە بڵێم (تشرف الحكومة على جميع العمليات النفطية في الاقليم استناداً لاحكام المادتين) ئەوەندەو ئەوەندە (وللوزير الحق بأن يأذن للطرف الثالث القيام بالعمليات النفطية لزيادة عائدات الى الثروة النفطية في الاقليم)، برگەی پێنج دووبارە (تشرف حكومة الاقليم وتنظم تسويق حصتها من النفط المستخرج من العمليات النفطية من نقطة التجهيز ويحق لها منح الاجازة لتسويق حصتها لطرف ثالث)، لە فەقەرەی حەوتدا (لاي شخص حق اكتساب او حق امتلاك النفط عند نقطة التجهيز حصرياً)، ئەوە پێشتر یەکلایی کراوەتەوە دەستکاری نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکانت ئەوە وەرگیراون، ئەوانی تر جەنابی وەزیر تەفسیری کرد، صیاغەکەش بەو شێوەیەی کە وتمان خەلەلێکی تێدا بێتن چاکی دەکەینەوە، بەلام بەو دوو گۆڕانکاریەی کە ئەساسی بوون قسەی زۆری لەسەر کرا، گۆڕانکاری یەکەم لە جیاتی (تحدد حصة الحكومة)، دەکەینە (لحكومة الاقليم حصة)، دووەم/ (للوزير ان يأذن) ئەوەمان ئیزافە کرد (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم) ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە بەو تەعدیلاتانەی ئاماژەمان پێ کرد دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

وەزارەت و ئەرکەکانی وەزیر

ماددەی چوارەم: وەزیر، یان ڕێپێدراوەکەی ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی نەوت، بەرپرسیاریەتی وەزارەت ئەمانە دەگرێتەوە، دارشتن وریکخستنی سیاسەتی پرۆسەکانی نەوت، سەرباری ڕێکخستن و پلان دانان و پیادەکردن و سەرپەرشتی کردن و پشکنین و وردبینی جێبەجێ کردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت کە لەلایەن هەموو ئەو کەسانەوە تەواو دەکرێ، هەروەها هەموو چالاکیەکانی پەیوەست پێیەوە لەوانەش هەناردنی نەوت.

**دووەم: گفتوگۆکردن و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکان و جێبەجێکردنی هەموو مۆڵەتەکان لەوانەش ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم مۆریکردوون، سەرباری هەموارکردنی مەرجەکانی هەر مۆڵەتێك لە پێناو مسۆگەر کردنی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوت بۆ قازانجی گەلی هەرێم و عێراق.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**مهام الوزارة**

**المادة الرابعة/ يتولى الوزارة أو من تخوله:**

**أولا: التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات الوزارة الصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق وتنفيذ جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل كافة الاشخاص وكذلك كل النشاطات التي تتعلق بها ومن ضمنها تسويق النفط.**

**ثانيا: التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم، بالاضافة الى تعديل شروط اية اجازة لضمان تنفيذ العمليات النفطية لمنفعة شعب الاقليم والعراق.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی سەبارەت بە چوارەم هیچ تێبینیەکی نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سارا خان نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز سارا خضر پيروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیەی بۆ ئەنجومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێم بەنیازین زیادی بکەین، لێرە زیاد بکرێت، پێش ئەوەی بێینە سەر ماددەی چوار، چونکە هەندێك ئیشراف و شت هەیە لە دوایی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ڕەمەزان فەرموو.**

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەم ماددەیە لێرەدا نەبێت وەك لە قانونی وەزارەتدا هاتووە، چونکە دەسەڵاتەکان دوای دامەزراندنی ئەنجومەنێکی هەرێمایەتی بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەکانی نەوت لەم دەسەڵاتانەی وەزیر کەم دەکاتەوەو دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوە ئەم دەسەڵاتانە دەستکاری دەکرێن، دوای داهێنانی ئەنجومەنەکە پێویست ناکات لێرەدا باس بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرمووو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له بڕگە یەکی ماددەی چوارەم تەفریبەن وەکو پرسیارێکە، ناکرێت داڕشتنەکە بکرێتە یەك، کە ناوی وەزیرو ناوی وەزارەتیش هاتووە لە ئەرکەکانیدا، ئەوە یەك.

له بڕگەی دووەمیش/ هاتووە دەڵێت (مسۆگەر کردنی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوت بۆ قازانجی گەلی هەرێم و عێراق)، حەقە بکرێتە (مسۆگەر کردنی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوت بۆ قازانجی گەلی هەرێمی کوردستان و عێراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە بەشی چوارەم لە دەروازەیەکی نوێ دەست پێ دەکات، من پێشنیار دەکەم ئەو ئەنجومەنەی کە باسمان لێوە کرد، لێرەوە دەست پێ بکات و ببێتە ماددەی چوارەم، ماددەی چوارەمیش ببێتە ماددەی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، صبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەبوو، چونکە ئەو ئەنجومەنە پێش بخرێت، چونکە ئەم دەسەڵاتانە هەمووی لە وەزیردا کۆبۆتەوە، پێویست دەکات تەوزیعی ئەو سەلاحیەتانە بکرێت، لەڕاستیدا پێشم وایە هەر لە خاڵی دووەم مەسەلەی مۆر کردنی رێککەوتننامەو ئەوانە دەسەلاتی تر لەگەڵیاندا تێکەڵ بکرێت و لە هەندێ شوێنیشدا یەك لەو دەسەلأتانە پەرلەمان تەسروف پێوە دەکات، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پێم وایە زۆربەی ئەم شتانە کە کراوەتە دەسەلاتی وەزیر زۆر زیادەو دەستکاری کردنی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە وشەی وەزیرەکە بکرێت بە وەزارەت، دووەم/ بۆ بڕگەی دوو (التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم)، من پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئیتیفاقیات مەبەستی لە چیە، ئەگەر ئیتیفاقاتی دەولی بێت بۆ مەسەلەی نەوت و غاز، ئەوە لە زیمنی ئیختیصاصاتی حەسریەو لە سەلاَحیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، ئەگەر ئیتیفاقاتی تریش هەبێت روون بکرێتەوە، مەبەستی لە ئیتیفاقیات چیە.

دوو/ بەنیسبەت عقودی نەوتیششەوە، عقودی نەوت ئایا ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان قەراری نیهائی لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە عقودی نەوت ئیمزا بکات، چونکە مەجلیسی ئیتیحادی ئیصداری تەعلیمات دەکات، بۆ تەفاوزو ئەمانە بۆشی هەیە تەعدیلی بکاتن لەگەڵ ئەوە، مانای وایە ئێمە بڕیاری نیهائیمان گەلی کوردستان نییە، من پێشنیار دەکەم کە ئەگەر وا بێت تەعاقود لە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت، قەراری نیهائی لە لای مەجلیسی ئیتیحادی بێت بنووسرێت (بعد موافقة الهيئة العليا)، ئەو هەیئەی کە بڕیار دەدرێت لە ئەخیرەوە، ئەگەر وا نەبێت تەعاقود بە دەست خۆمانەو موباشەرەتەن، ئەوان نەتوانن تەعدیلی بکەن و بیگۆڕن (بعد موافقه برلمان كوردستان)ی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ پرۆژەی نەوتی عێراق، ئەو سەلاَحیەتەی داوەتە ئێمە، بەلاَم دەڵێت موصادەقەی مەجلیسی ئیتیحادی دەوێت، یەعنی عقود دەتوانیت حکومەتی هەرێم ئیمزای بکات، دواتر مەجلیسی ئیتیحادی موافەقەتی دەوێت، پێویستە لەبەر رۆشنایی ئەو پێوەرانەی کە دایدەنێتن، ئەو رێنماییانەی کە دایدەنێتن، ئەو عەقدانە لەبەر رۆشنایی ئەوە بێتن، بۆی هەیە رەفزی بکاتن، بۆشی هەیە موافەقەتی بکاتن، لەبەر ئەوە عەقدی عقود لەوێ هاتووە، هێشتا نەبۆتە قانون، ئێمە لەبەر ئەوە هین ناکەین.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی لە موصادەقە نەکردووە، باسی تەعدیلی کردووە لەگەڵ تەعلیمات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەنابی وەزیر حەز دەکەم روونی بکەیتەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە باسی مەجلیسی ئیتیحادی دەکەین نازانم مەجلیسی ئیتیحادی کێیە، ئیتیفاق نییە لەسەر مەجلیسی ئیتیحادی، ئیتیفاق نییە لەسەر قانونی ئیتیحادی و ئەو شتانە، هیچ نییە، ئێمە پێویست ناکات باسی ئەو شتانە بکەین، ئێمە قانونی کوردستان باس دەکەین لێرە، ئیتیفاق هەیە مانای ئەوەیە ئیبرامی عقودە، ئەمە ئیتیفاقیاتی دەولی نییە، قەصدەکەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئێمە دەستوورمان هەیەو پرۆژەی نەوتیشمان هەیە، ئەو پرۆژە نەوتەی هێشتا لە بەغدا نەچۆتە ئەنجومەنی نوێنەران گفتوگۆی لەسەر کراوە لەنێوان حکومەتی ئیقلیم و حکومەتی بەغدا، بەپێی ئەو ئیتیفاقیەتەی کە کراوە، بەپێی دەستوور ڕێگا دراوە بە حکومەت، ئێمە ئەو حەقەمان هەیە، لەو پرۆژەیە هەتا ئەگەر پەسندیش کرا تەناقوز نین لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە ئێستا موناقەشەی دەکەین، ئەوەی کە ئێمە موافەقەتمان بۆ کردووەو ئیمزامان کردووەو رەشنووسی هەیە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو ماددەیە وا تێ دەگەم هەموو بڕیارەکانی سەر بە پرۆسەی نەوتیەکاندا ئەوانەی کە دەبێت بکرێت لەم ماددەیەدا چڕ کراوەتەوە، بۆیە بە باشی دەزانم ئەم ئەرکانە بدرێت بە ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت، ئەوەی کە ئێستا پێشنیار کرا، ئەمە یەك.

دوو/ لێرە هاتووە (التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات الوزارة والصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية)، بەلأم نەنووسراوە پێش ئەوە دەبێت سیاسەتی نەوت کێ دایدەڕێژێ و چۆن دایدەڕێژێ؟ پێویستە ئەوە ئیزافە بکرێت، چونکە داڕشتنی سیاساتی نەوتی، یان سیاساتی عەمەلیاتی نەوتی، ئەوەی عقودی نەفتیە، من وای تێدەگەم، ئەو حەقلانە دەگرێتەوە، کە دوای 8/15، نازانم ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوەم بۆ روون بکاتەوە، ئەوە کە (التي ابرمتها حكومة الاقليم)، مەبەست لەو حەقلانەیە، دیارە دەبێت وا بێت، سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە ماددەی چوار و پێنج هەردووکیان نووسراون (يتولى الوزير)، رەنگە تەفاروب لەنێوانیان هەیە، بۆ ئەوەی دەمج بکرێت، هەردوو خاڵەکە چوار و پێنج، لە چوار نووسراوە (يتولى الوزير او من يخوله)، لە خوارەوە نووسراوە (يتولى الوزير صلاحياته)، من پێم وایە نزیکن لە یەك، ئەگەر دەمج بکرێن و صیاغەکیان بۆ بکرێت خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیاری کاك بارزان دەکەم سەبارەت دەمج کردنی ماددەی چوارو پێنج، صیاغەکەی بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (تتولى مجلس الاقليم مايلي:

أولا: التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات المجلس في الصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق وتنفيذ

**جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل الاشخاص وكذلك كل النشاطات التي تتعلق بها من ضمنها تسويق النفط.**

**ثانيا: التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم بالاضافة الى تعديل شروط اية اجازة لضمان تنفيذ العمليات النفطية لمنفعة شعب الاقليم والعراق.**

**ثالثاً: ضمان الإدارة السليمة للثروات.**

**رابعاً: ضمان تطوير صناعة النفط بحيث يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار على ان يضم ذلك تطوير الخطط البعيدة المدى للأقليم.**

**خامساً: منح الاجازات بان تكون معقولا ومواكبا للأساليب المثلى في الصناعة النفطية).**

**پێشنیاری دووەمیشم ئەوەیە، ماددەیەکی نوێ ئیزافە بکرێت، ئەگەر مەجالم دەدەنێ ئەویش تەسبیت بکەم بەو صیغەیە:**

**(يقوم مجلس الاقليم بتأسيس الهيئة الاستشارية للنفط والغاز لمساعدة مجلس الوزراء والوزارة في النهوض بمهامها ذات الطبيعة المهمة والمتصلة بالنفط في هذا القانون وتشكل من سبعة اعضاء يتولى مجلس الوزراء تعيينهم لمدة خمس سنوات قابلة للتجديد على ان يكون الاعضاء من الخبراء المحليين المشهود لهم والذين يتمتعون بالخبرة العملية الطويلة في عمليات التنقيب والانتاج النفطية على ان يتم الترشيح من قبل الوزارة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک عەونی زۆر سوپاس، من تەعلیقێکم هەیە، ئەو سێ، چوار ماددەت تەوحید کردووە، ئەوە یەك. دووش/ مەجلیسی ئیقلیمی بەو ئیشانە ناتوانێتن هەڵبستێتن، هەندێکی پێویستی بە مەجلیسی ئیقلیمی هەیە، ئەوەی سیاسییە، ئەوەی عقود بێتن، ئەوەی خاریج بێتن، بەلأم ئیشراف و تەنزیم لەکوێ دەتوانێت ئەو مەجلیسە، وەزیری تەختیت لە کوێ دەتوانێت واز لە ئیشی خۆی بێنێت ئیشراف لەسەر عقود بکات، وەزیری مالیە کەی ئەوە ئیشێتی، وەزارەت بیکەیە وەزارەت بەڵێ لە 80٪ی ئیشەکان ئیشی وەزارەتە، لە 20٪ی ئەوەی جەنابت فەرمووت پێویست دەکاتن سیاسەی نەوتی عامە، عقودە، موصادەقە لەسەر عقودە، بەڵێ مەجلیسی عقود دەیکاتن، بەلأم دوایێ ئێمە لە قانونی وەزارەت پێش چەند رۆژێك پەسندمان کرد، لەوێشدا وەزارەت، مەهامی وەزارەتەکە لێرە داینادە تەنزیم و ئیشراف و ئەوانە تەناقوز دەبێتن، بۆیە دەبێت یەکلا بکرێتەوە، موهیماتی وەزارەت شتێکە، موهیماتی مەجلیسی ئیقلیمی شتێکی ترە ئەوە لە پێشنیارەکە کە باست کرد تێکەڵ کراوە، ئەگەر بیکەیتە دوو بڕگە موهیماتی وەزارەت تەنزیمات و شتەکان و ئەوانە موخەصەصە ئیشی وەزارەتە، ئیشی وەزیرەکانی تر نییە، مەجلیسی ئیقلیمی سیاسەتە عامەکەیەو، عقودە، ئیقراری عقودە، ئیمزا کردنە لەگەڵ شەریکاتی ئەجنەبیە، هێنانی خوبەڕایە، پێویست بە موافەقەتیان دەکاتن، دوو شتی جیاوازن، سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له ڕەئیەكەی جەنابت دەكەم، ئێمە دەتوانین ئەم فەسلە بەشێوازێك دابڕێژینەوە، كە بڵێین ماددەی چوارەم بیكەین بە موهیماتی وەزارەت، وەزارەت كارەكانی چیە، ئەوەیە كە تەنزیم و ئیشراف و ئەوانە دەكات، لە بڕگەی دووەمدا (التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم) ئەوە لە ماددەی پێنجدا لەپێشدا بڵێین ماددەی پێنج یەكەم/ مەجلیسی ئەعلا ئەو مەجلیسە ئیقلیمیەی كە دروست دەبێت، ئینجا ئەو كە حەقی داڕشتنی هینەكە دەكات سیاساتی نەفتی و زەمانی ئیستمراری سەرەوات و ئەو شتانە دەكات، یەعنی دەیهێنین بەشی دەكەین بەشێكی یەكەمی بۆ وەزارەت و بەشی دووەمیشی بۆ مەجلیسەكە، چونكە تاكو ئێستا ئێمە لە هیچ كوێیەك باسی پێكهاتەی مەجلیسەكەمان نەكردووەو، وابزانم ئێرە شوێنیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە بڕگەی یەكەمدا بەڕاستی پێم وایە هەمووی دەكرێت بگونجێت لەلایەن وەزیرەوە، یان وەزارەتەوە بكرێت، بەڵام سیاسەتی پرۆژەكانی نەوت پێم وایە بكرێتە چاوەدێری سیاسەتی پرۆژەكانی نەوت، چونكە سیاسەتی نەوت لە لایەن وەزارەتەوە دانانرێت، بەڵكو قەزیەكی ترە لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران حكومەت دادەڕێژرێت.

دووەمیشیان/ هەموو ئەوانەی تر دیسان لە مۆر كردنی رێككەوتننامەكان، پێم وایە دیسان ئەوەیان زەرورە وایە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئەو هەرێمەوە بێت كە دادەنرێت، ئەو ئەنجومەنەی كە سەرپەرشتی مەسەلەی نەوتی دەكات، لەبەر ئەوە دەكرێت سیاسەتی نەوت و مۆر كردنی رێككەوتننامەكان هەردووكیان ئەمانە جیا بكرێتەوە لە ماددەیەكی جیاوازدا، هەردووكیان رەبت بكرێت بەو مەجلیسەی كە ئیشرافی هەڵستێت بە ئیش و كاری ئەنجومەنی باڵای هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر بەشی چوارەم دەبێت ئەو عینوانە بگۆڕین بە ئەنجومەنی هەرێم، وەزیر و ئەركەكانیان، چونكە زۆرمان داوای ئەوە دەكەین لەم بەشەدا ئەنجومەنی هەرێم جێگای بكرێتەوە، پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەكەم باسی ئەوەیان كرد كە ماددەی چوار لێرە باسی ئەنجومەن بكات، كە پێك دێت لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیری سامانە سروشتیەكان و هەتا كۆتایی، ماددەی چوارەم ببێت بە

ماددەی پێنجەم، من پێم وایە کە دەبێت بە ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم و دووەمی لە سەلاْحیەت یەعنی بۆ ئەنجومەنی هەرێم بێت، بەلاْم ماددەی پێنج کە دوایی دێینە سەری لە وەزارەتدا، بەلاْم پێم وایە ماددەی چوارەم بڕگەی یەك و دووشی لە ئەرکەکان و سەلاْحیەتی ئەنجومەنەکەیە زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رەئیەکانی کاك عەونی دەکەم سەرلەبەری، بەلاْم داوا دەکەم دەسەلاْتەکان لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێم یەکبخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم کە لە ماددەی چوار دەبێت باسی مەجلیسی ئیقلیمی بکرێت، دووبارەی دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی رەئی من جیاوازە، یەعنی لە قانوندا هەر مەوزوعێك رێز بەندیەکەی، ئەوەلیەتەکەی بەپێی ئەهمیەتی دێت، بۆ نموونە لە تەعاریف حکومەی ئیتیحادی دێت، دەستووری ئیتیحادی، ئیقلیم، رەئیسی ئیقلیم، پەرلەمان، حکومەتی ئیقلیم، لێرەشدا مەجلیسی ئیقلیمی ئەهمیەتی گرنگترە لە مەهامی وەزیر، مەجلیسی ئیقلیمی لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت لە چەندین وەزیر، بۆیە دەبێت لێرە هەم تەعریفی بکرێت، هەم سەلاْحیاتی، ئەگەر ئیجازەم بدەی صیاغەی ئەو ماددەیەم کردووە، (المادة الرابعة: اولاً/ يتكون المجلس الوزاري برئاسة رئيس الوزراء وعضوية كل من نائب رئيس مجلس الوزراء، وزير الموارد الطبيعية، وزير التخطيط و وزير المالية.

ثانياً/ يتولى المجلس الاقليمي) یەعنی ئەوە لەگەڵ رەئی جەنابتم، ناتوانێت عقود بکات، یان مەنحی ئیجازە، بەلاْم دەتوانێت موصادەقە لەسەر بکات (يتولى الوزير:

اولاً/ المصادقة على العقود.

ثانياً/ المصادقة على الاجازات الممنوحة.

ثالثاً/ رسم السياسات العامة بشأن الموارد الطبيعية.

رابعاً/ تحديد مستويات الانتاج طبقاً للسياسات العامة المرسومة) لەبەر پێشنیارەکەی کاك محەمەد فەرەج.

خامساً/ اتخاذ القرارات بشأن زيادة او تقليل نسبة الريع في حالات وجود مجازفات او عدم وجودها)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم وایە لە فەسلی چوارەم دەبێت فەسلێکی تایبەت بێت، نەك بە مەهامی وەزیر، بەڵکو ئەو ئەنجومەنەی کە باسمان کرد، ئەنجومەنی هەرێم و مەجلیسی ئیقلیمی، لەویٰ من لەگەڵ زۆرینەی دابەش کردنی ئەو دەسەڵاتەم، کەوا کاك سەردار نیشانیدا، پێم وایە ئەو دەسەڵاتانە دەتوانرێت جارێکی تر باسی بکرێتەوە، لێرە جێگەی خۆی بگرێتەوە، چونکە ئەو وەختە دێینەوە سەر ئەو ماددەیەی پێنجەم، یەعنی ماددەی چوار ببێتە ماددەی پێنج، بۆ ماددەی پێنج، کە چوارە دەبێت بە پێنج من پێم وایە ئەو وەختە دەستکاریەکی ئەوتۆی ناوێت، لێرە بڵێین (يتولى الوزير او من يخوله:

أولا: ادارة التنظيم والاشراف على كافة العمليات النفطية)، کە گوتمان (على كافة العمليات النفطية) خۆی شەرح کراوە لە تەعریفەکە باسی هەموو عەمەلیاتی نەفتی کراوە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئێمە ئەوە هەموو دووبارە بکەینەوە، بەس بڵێین (ادارة التنظيم والاشراف على العمليات النفطية)، ئەوە بۆ خۆی هەمووی دەگرێتەوە، پێویست بەو شەرحەی تر ناکات.

(ثانيا: التفاوض وأبرام الاتفاقيات بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، یەعنی ئەو وەختە کە ئەوەمان ئیشراف دەکرد، مانای وایە دەبێت ئیستیحصالی موافەقە هەبێت، یەعنی دەبێت تەفویز کرا بێت لەلایەن مەجلیسی ئیقلیمیەوە، بۆیە باشترە بڵێین (التفاوض وأبرام الاتفاقيات بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا مەهامی عامە زۆر لە جێگای خۆی هاتووە، زۆر بە دروستیش هاتووە، ئەگەر ئێمە بێین هەموو وردەکاری رەبتی مەجلیسی ئیقلیمی بکەین، ئینجا مەجلیسی ئیقلیمی هیچ شتێك نەکات بڕوات لەسەر حەقلەکانی نەوت دابنیشێت، لێرە لە پێش سەتری ئەخیر هاتووە (ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم)، مانای وایە عقودەکان حکومەتی ئیقلیم دەیکات، مەجلیسی ئیقلیم موصادەقەی لەسەر

دەكات، ئەوجا پێویست ناكات كە بۆ هەموو شتێك، بۆ ئیشراف، بۆ تەختیت، بۆ ئەمانە ئەی وەزارەت بۆچی دانراوە، بۆیە بە رەئی من وەزارەتەكە بە تەبیعی بە ئیشی خۆی هەڵبستێت، بەلاَم لە هەندێك شوێن وەزیر موكەلەفە موافەقەتی مەجلیسی وزەرا وەربگرێت، لە هەندێك شوێن عقودە مەجلیسی ئیقلیم پێی هەڵدەستێت، بۆیە من دەبینم زۆر تەبیعیە لە شوێنی خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین حەلی بكەین بەشێوەیەكی بەسیت، من نامەوێت بكرێت بە یەك ماددە، چونكە هەمووی تێك دەدات، زۆر فەقەرات هەیە، زۆر ماددە هەیە، چوارەم سەلاَحیات و مەهامە، پێنجەم ئەهدافە با تێكەڵیان نەكەین، لە چوارەم (ثانیاً) ئێمە پێشنیارمان هەیە (التفاوض وأبرام الاتفاقیات)، ئەوە لەغو بكەن و ئیبرام ئیتیفاقیات لابچێت، دوای ئەوە كە دەڵێت (ابرمتها حكومة الاقلیم بالاضافة الى تعدیل شروط الاجازة)، ئەوەش لاببەین، جا هەموو دەبێت وەكو تەفاوزو تەنیفیزە لەناحیەی عەقدو ئیبرامی عقود شوێنێكی ترە، ئەوە مەجلیس ئیتیفاقی لەگەڵ دەكات بەو شێوەیە دەتوانین حەلی بكەین، ئەگەر موناقەشەكە لەسەر ئەوەیە هەموو شوێنێك موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی بێنین، پێویست ناكات، با ئێمە لێرە دەریبكەین، لە شوێنێكی تر باسی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ دەرفەتێ، هەروەكی ئیشارەتی پێ كرن، لەڕاستیدا ڤە یاسایە، یاسایەكە گرنگە، ڤە پرۆژە یاسایە هەڤان وەزارەتا نەفتە لە حكومەتا هەرێما كوردستانێ هاتیە پەرلەمانێ، بە رەئیا من دیقەتەكا زۆریشە، لە لایەكی دیش ڤە هەم دەبێت هێڤ كەینە وەزعێ خەلكێ خۆ وەكی میللەتێ كوردستانێ، ئەڤرۆ كوردستان بارودۆخێكی ئالۆزدا نیسبەتا ژیانا ڤە خەلكێ بژی، مە هەندێك موشكیلەی سەرەكی رەئیسیەت هەی، ئەویش مەسەلەی كارەبایە، مەسەلەی نەبوونی بەنزینا، مەسەلە نەبوونی نەفت و گاز و موشتەقاتی تر نەفتیە، شتێك من ڤێت لێرەدا باس بكەم، ئەویش ئەڤەیە ئەزێ ڤێ باوەڕە دام ڤە نەكە مادديیە، چونكە كارێكە نوێیە بەنیسبەتا مە، مە پسپۆر، یان خەبیر تڤە بوارەی گەلەك بكەن، دپەرلەمانێ كە ئەم موناقەشە ڤێ یاسایەێت دكەین بە بۆچوونا من وایە، هەندەك تەعابیرا وەی وەكی بەڕێز سكرتێرێ پەرلەمانێ هەمان ئیشارەت پێ كرد، هەندەك تەعابیرەت قانونیدا، هەندەك بەحسی لێ دێتە كرن، بەڵێ وەكی پسپۆری تڤێت مەسەئیلێدا، ئەز بخۆ یەك لەوا كەسا مە، كە هیچ دڤێت مەجالا نییە نزانم، بەلكی

زۆر له هەڤاڵ و برادەرێت منیش له پەرلەمانێ دڤێت مەسەئلێدا پسپۆر نینە، ئەڤە کە باس دکەین کو هەندەك مەحدودیەتدا، یان حدودا بۆ وەزیرێ نەفتێ، یان وەزیرێ سەرەواتێ تەبیعی کوردستاندا دابنێیت، لێرەدا بە رەئیا من لە مبحەسێ دوو مایێت ڤێ رەشنڤیسا یاساییدا، ئەگەر بێینە ماددێت (4)، ئەگەر بچینە ماددێت دی وەکی ماددەی پێنجی هەیە، ئەگەر، یەعنی هەر سەرا هەتا بنێ لێرە ڤە پرۆژا یاسا، یان ئیشارێ بدەورا وەزیرێ دکات (الوزیر یتولی) یەعنی ئەمە بە کەلیمات، ئەگەر لێرە هەم تەعقیداتی دی ڤێ بەو شکلە بێخینە ڤێدا لە دوو مایێ ئەم بەندێت ڤێ یاسایێ تەصویت دکەن دەنگا وەکی چووینە خوارێ بۆ ماددێ (30 و 40 و 50)ێ یەعنی ڤێرەشدا تووشی موشکیلە دی دێینەوە، یەعنی بە کورتی ڤێ بەو شکلە من ئەز ڤێتە بۆ جەنابێتەو بۆ خەلکی کوردستانێش هۆ ببێژم، کە ئەم دپسپۆرا نینە لە مەجالێدا، بێژا چ پێویستی بە هەندەك کارێك دی هەیە، یان دانووستاندنی دی هەیە، ئاخافتانا پتر لە سەرەوە هەیە، یان ئەڤە پێکهاتەی ئەم وەزیرا مە باوەڕت وەزیرا هەبی، باوەڕت بە وەزارەت هەبی، ئەگەر ئەڤرۆ جەنابێ وەزیرێ یێ پارتێکە سیاسیا، سبەینێ عەینی جەنابێ وەزیرێ پارتێکا دیا سیاسی بی، پاشی وی مە پەرلەمانێکمان هەی ئیشراڤ لەسەر کاری وی نە تەنها وەزارەتا نەفتێ هەموو وەزارەتی دی دەکەی دێتە مەرحەلە خەباتا وەکی حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەندەك تەعقیدات، یان زۆر لە ئاخافتنێ دێنە کرن، نە ئەبێ باوەڕیەکی دێتە دیار کرن، عەینی جەنابێ وەزیرو وەزیرێ دیش هەمووی لە پەرلەمانێ دەنگی خۆمان داو تەئیدمان کرد، ڤە وەزارەتە وەزارەتێ هەمی لایەنێ سیاسی نەبت لە پەرلەمانێ کوردستاندا، ئەبێ پرۆژا تاخیر بوونیش چەند رۆژەك نە موشکیلەیە، بۆ پوختە کردن و باشتر کرنا ناڤێ پرۆژا بە رەئیا من نە موشکیلەیەو نابێتە موشکیلە، بەڵێ ئیعتیماد کرن بۆ وەزیرێ مە دڤت مەجالێدا بێژم بۆمە هەمیا شتێکی رەوایە دروست بیت، ڤە یاسا هەروەکی من گوتم زۆر موعەقەدی نەکەین و بە دەستا خەبیرو پسپۆرا ئێمە بنووسین لە هەر ماددەیەك گۆڕین دکەین، ماددەت بەرایی دکەین، یان خەلەلە ماددێ دیدا کێ دکات، ئەزانم تووشی هەتا لیژنەی یاسا لە پەرلەمانێدا دێ تووشی هەندەك موشکیلە دەبێت لە داهاتوودا دەرکەوت کە چووینە ماددێت خوارتر، یان بچینە تەفاسیل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویستە بەپێی قسەکان کە پێشتریش لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد، لێرە دوو ماددەی تازە پێویستە، پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی چوار، یەکێکیان ماددەیەك بە دامەزراندنی ئەو مەجلیسەی مەجلیسی هەرێم، ماددەی چوار کەواتە جێی دەگرێتەوە، ئەوە پێشنیارە (یشکل مجلس الاقلیم)، تەعریفمان کردووە مەجلیسی ئیقلیم چیە، (یشکل مجلس الاقلیم علی الشکل التالي:

أولاً: رئیس الوزراء: رئیسا.

ثانیاً: نائب رئیس الوزراء: نائبا للرئیس.

ثالثاً: وزیر الموارد الطبیعیة: عضواً.

رابعاً: وزیر المالیة والاقتصاد: عضواً.

خامساً:وزير التخطيط: عضواً).

جەنابی وەزیر وەزیری کارەباشی ئیزافە کردووە، دەبێت بۆمان شەرح بکات بۆچی؟ چونکە لێرە پێویست نییە، چونکە ئەو بێتن وەزیری تریش موبەریراتی هەیە، بەس ئەو بیئە دەبێت صحە بێت، ئێمە پێمان وایە ئەو مەجلیسە پێنج کەس بێتن، باشە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوە دامانناا، چونکە تاقەت لەگەڵ نەوت و غاز زۆر جار بەشدار دەبن لە مەشروعدا، یەعنی عیلاقەی هەیە، تاقەو نەوت و غاز، هەر لەبەر ئەوە بوو، بەلاّم پێویست ناکات ئەگەر دەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو تەفسیلاتە لە قانونی نەوت پێویست ناکات، ئەگەر ئەمە تەعدیلی قانونی وەزارەت بکرێت، ئەمە مەسەلەیەکی ترە، بەلاّم لێرە ئەمە قانونی نەوت دادەنێین، ئەو تەفسیلاتە زۆر پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو ماددەیە، ماددەی دواتر (یتولی مجلس الاقلیم:

اولاً: وضع المبادیء العامة للسیاسة النفطیة في الاقلیم.

ثانیاً: المصادقة على العقود الخاصة بالعملیات النفطیة)، کە لێرە گوتت عەمەلیاتی نەفتی تەعریف کراوە لە هینەکاندا، بۆ ئەوەی نەڵێن هین، هەمووی تەنقیب و ئیستیکشاف و تەسویق و تەخزین و نەقل هەمووی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی شمولیەتەکەی تێ بگەن، کە دەڵێت (یتولی)، گوتمان (المصادقة على العقود الخاصة بالعملیات النفطیة)، هەمووی دەگرێتەوە، جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویستی بەوە دەکات عقودی تیا بێت، بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المصادقه على العقود والاجازات).

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیجازات نابێت به عەقد، تاوەکو تەفاوز دەبێت، دەتوانیت ئیجازە بدەیت به زەلامێك شەوێ سەفەرێك بکات بۆ حاکمێك، پێویست ناکات هەمووی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە، کەواتە ئەگەر ماددەی یەکەم دەخوێنمەوە مولاحەزەتان نەبێت دەخەمە دەنگدان، پێشنیارەکە مادده چوار (يشكل مجلس الاقليم على الشكل التالي:

أولاً: رئيس الوزراء: رئيســـــــــــــــا.

ثانياً: نائب رئيس الوزراء: نائبـــــــا للرئيس.

ثالثاً: وزير الموارد الطبيعية: عضواً.

رابعاً: وزير المالية والاقتصاد في الاقليم: عضواً.

خامساً:وزير التخطيط: عضواً)، کەس مولاحەزەی نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرێ وێ ناڤێ وێ چ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی وی ئەنجومەنی هەرێمە، بەلاّم لەوێ تەعریفمان کردووە، ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان، کە دەڵێیت ئەنجومەنی هەرێم لەوێ تەعریف کراوە، ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر شتێك نەبێت دەخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی ئەوەلێ تەعریفی تەصویت کرد سەر هەندێ و ناڤێ وی لەوێمان دانا (المجلس الاقليمى) لە تەعریف، ئایا ڤێرێ کرمانە (مجلس الاقليم)، لازمە وەکی مەجلیسی ئیقلیمی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يشكل المجلس الاقليمى)، ئەوە برادەرێك ئیعتیرازی کرد وتی کێ دەڵێ ئیقلیمی، مەجلیسی ئیقلیمی کە وتمان لە قانونێکدا شەرحت کرد بێت مەجلیسی ئیقلیمی یەعنی هەرێمی کوردستان، خۆ ئەگەر مەجلیسی وزەرا لە هەموو ولاّتێکدا مەجلیسی وزەرا هەیە، بڵێین وەڵلاّ مەجلیسی وزەرا لە میسر هەیە، لێرە ناوی لێ نەنێین مەجلیسی وزەرا، چونکە لە میسر هەیە، بۆیە ئێمە لە سەرەتای ماددەی یەکدا تەعریفەکانمان داوە (المجلس الاقليمى) گوتومانە مەجلیسی هەرێم بۆ کاروباری نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لێرە دەڵێین (يشكل المجلس الاقليمى على الشكل التالى:

أولاً: رئيس الوزراء: رئيســا.

ثانياً: نائب رئيس الوزراء: نائبـــــا للرئيس.

ثالثاً: وزير الموارد الطبيعية: عضواً.

رابعاً: وزير المالية والاقتصاد في الاقليم: عضواً.

خامساً:وزير التخطيط: عضواً)، ئیقلیمەکە پێویست نییە، هەمووی مەفهومە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ماددەی چوارە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە بووە ماددەی چوار، ماددەی پێنجەم (يتولى المجلس الاقليمي:

اولاً: وضع المبادىء العامة للسياسة النفطية في الاقليم.

ثانياً: المصادقة على العقود الخاصة بالعمليات النفطية وتعديلها)، ئەگەر ئیعتیرازتان نییە، کاك سەردار چیت هەیە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەلای خۆم پێنج سەلاّحیەتم داوە، ئەگەر ئیجازە بدەیت سێ سەلاّحیەت ماوە، (المصادقة على الاجازة الممنوحة)، ئیجازە تەنیا ئەوە نییە روخسەت بدەیت، چونکە لە تەعریف هاتووە (الاجازة: رخصة عقد نفطي أو رخصة تنقيب النفط وأي أتفاقية خاصة به)، ئێمە کە لێرە دەڵێین موصادەقە، موصادەقە شتێکی یەعنی تەکمیلیە، کار بە دەستی جەنابی وەزیر دەبێت خۆی ئیتیفاقیات دەکات و روخسەت دەدات، بەلاّم موصادەقە لە دەستی نییە، ئەمە یەك.

دوو/ (تحديد المبادئ) پێم وایە بکرێتە (رسم السياسات العامة بشأن الموارد الطبيعية).

خاڵێکی تر/ کاك محەمەد فەرەج باسی کرد، ئەو شەریکاتانەی کە دێن دەبێت مولتەزم بن بە مستەوایاتی ئینتاج مەسەلەن هەرێمە، عێراقە موتەفیقە لەگەڵ ئۆپێك زیاتر نەبێتن، بۆیە ئەو سەقفەش بدرێتە ئەو مەجلیسە، بڵێن (تحديد مستويات الانتاج طبقاً للسياسات العامة المرسومة).

خاڵی ئەخیرم/ کە من بە خاڵێکی زۆر حەساس دەزانم لە ماددەی (37) دەبێت لێرە بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (37) بڕگەی دوو، باسی ئەوە دەکات دەڵێت ئەگەر هاتوو موجازەفات زۆر بوو، وەزیر بۆی هەیە نیسبەی ریع کەم بکات، ئەگەر موجازەفات کەم بوو، نیسبەی ریع زیاد بکات، یان کەم بکات، پێم وایە ئەو ماددەیە ماددەیەکی خەتەرە، جەنابی وەزیر کاك ئاشتی هەورامی من لێی دڵنیام لە بەڕێوەبردنی و لە پسپۆری و ئەوە، بەلاّم کە ئێمە ئەو قانونەی دادەنێین، قانون بۆ میللەتێك دادەنێین، نەك بۆ شەخصێك، ئەگەر کاك ئاشتی بتوانێت زەمانەتم بداتێ وەزیری پاش ئەو بە رێکو پێکی بەڕێوەی دەبات، هیچ ئیشکالمان نییە، بۆیە پێم وابێت ئەو سەلاّحیەتەش بدرێتە ئەو مەجلیسەی، من بەو نەوعەی صیاغەم کردووە (اتخاذ القرارات بشأن زيادة او تقليل نسبة الريع في حالات وجود المجازفات او عدم وجودها)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی ئەخیرت قابیلی موناقەشەیە، بەلاّم نوقتەکانی ئەخیرت زۆر ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی سیاسەی عامەو مەبادیئت، مەبادیئەکە باشترە، بۆ ئەوەی تووشی کێشەمان نەکات لەگەڵ بەغدا، سیاسەی عامەی نەوت مەرکەزیە، ئیتیحادیە، شتەکە موشتەرەکی تێدایە، بەلاّم تۆ لێرە خۆت رزگار دەکەیت لەو

موسائەلەیەو ئەوانە، بەس ئەو نوقتەی ئەخیریت کە گوتت، حەز دەکەم رەئی جەنابی وەزیر وەربگرین لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ پێشنیارمان هەیە، موافەقەت ئەوە بکرێت بە موصادەقە مانیع نییە، دووەم/ (وضع السیاسات النفطیة وخطط التنقیب وتطویر الحقول في الاقلیم)، سێیەم/ (تحدید مستوى الانتاج في الأقلیم حسب السیاسة الوطنیة بالتنسیق مع الحکومة الاتحادیة)، مانیع نییە، ئەوە سێ شتی ئەساسیە، ئەگەر موافەقە لەسەر هەموو ئەو عەقدانە بکەن کە عیلاقەی بە نەوت و غازەوە هەیە مومصادەقە نەبێت، با ببێت بە موافەقە مانیع نییە، دووەم/ سیاسات، سێیەم/ تەختیت و موتابەعەو ئەوانە، پێویست ناکات درێژی بکەینەوە، چونکە ئیشی رۆژانە هەیە، ئەوانە ئەگەر بەردەوام بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی سێیەم تەختیتەکە ئەگەر صیغەکەمان بدەیتێ، بزانین چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێکیان دەڵێت (وضع السیاسات البترولیة وخطط التنقیب وتطویر الحقول في الاقلیم).

دووەم/ (تحدید المستوى الاقلیمي لانتاج البترول حسب مقتضى السیاسة الاقلیمیة).

نوقتەی یەکەم (الموافقة على العقود النفطیة الخاصة بالعملیات النفطیة وتعدیلاتها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بۆمان بنووسن باشترە، فەرموو کاک بارزان چ نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەحدیدی مستەوا زۆر موهیمە، ئێمە ناتوانین بە صیغەیەکی دایرێژین، چونکە نەوت هەر سیلعە نییە، سیاسەتیشە، بۆ ئەوەی ئێمە لە موستەقبەل بتوانین لە پێناوی قەزیە قەومیەکەمان بە ئسلوبێك لە ئسلوبەکان بەکاری بێنین، رەنگە تەحدیدی مستەوایات زۆر گرنگ بێت، مستەوای ئینتاج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر رەئی نەدا لەسەر مەوزوعی رەیعەکە، کە کاک سەردار باسی کرد، ئایا موافیقە، یان موافیق نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

که صیغەکەی دەنووسن با بزانین چی دەنووسن، تەبعەن دیارە ئەو چەند هەفتەی رابردوو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان ماندوو کردووە بۆ ئەوەی ئەو قانونە تێبگەن، منیش هەروا، بەلاَم هەندێك رەئیم بیستووە لە حەقیقەتدا وەرمگرتووەو گوتومە، بەلاَم زۆر تێنەگەیشتم، یەعنی پێیان وتم هەندێك مولاحەزات قەناعەتیشیان پێ کردووم، تا ئێستاش تەفاسیلەکە نازانم، وابزانم هەندێك ئەندام پەرلەمانیش وایە، پێشنیاری لەلایە تێگەیشتووە، بەلاَم بچێتە ناو تەفاسیل وەکو من باشی هین نەکردووە، پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر بۆ مەسئوولیەتی ئەو مەجلیسی ئیقلیمیە، یەك/ (الموافقة على العقود النفطية الخاصة بالعمليات النفطية وتعديلاتها).

دوو/ (وضع السياسات الخاصة بالعمليات النفطية في الاقليم)، چونکە ئەوە هەمووی دەگرێتەوە.

سێ/ (تحديد المستوى الاقليمي لانتاج النفط والغاز حسب مقتضى سياسة الاقليم)، جەنابی وەزیر سێیەم (تحديد المستوى الاقليمي) نابێت بڵێین (حسب السياسة النفطية العامة للعراق)، شتێکی وا نابێت بنووسرێت، چونکە مستەوای نەفتی عێراق مولتەزیمە بە مستەوای ئۆپیك و هین و ئەوانە، ئێمەش دەبێت مولتەزیم بین بە هەمان زیمنی ئەوە، یەعنی ئیشارەتێکی ئەواشی تێدا بێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تنسيق مع الحكومة الاتحادية)، بەلاَم پێویست ناکات، ئەوە ئیشی خۆیەتی، دەبێت وا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابڵێین کاك فەرسەت پێشنیارێکی کرد (بما ينسجم مع الفقرة الثانية من المادة 112 من الدستور الاتحادي)، چونکە لەوێدا هاتووە، (تحديد مستوى الانتاج النفطي بما ينسجم مع المادة 112 الفقرة الثانية من الدستور الاتحادي)، بەڵێ کاك دەشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی تر دەمەوێت پێشنیاری بکەم و ئیزافەی بکەین، هەرچی عیلاقەی بە ماددەی (17 و 18 و 19) هەیە لەم قانونە لە سەلاَحیەتی ئەو مەجلیسە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت پێویست ناکات ئیشارەت بە عێراق بکەین، چونکە ئەگەر دەستووری عێراق بەیانی گۆڕیان، ئەوجا ئیلتیزامی پێ بکەین، بۆ ئەوەی بەشتێکی عام بهێڵن مەفتوح بێت باشترە، ئەوجا ئێمە لەو قانونە دەرناچین، یەعنی بە عەمەلی لێی دەرناچین، بۆیە پێویست نییە بینووسین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە سیاسەتێكی عامە، بەڵێ كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بنووسرێت (بما یضمن المنفعة علی شعب الكوردستان)، چونكە حەقیقەتێك هەیە بەڕاستی ئێمە دەبێت بیزانین كە تەحدیدی مستەوای ئینتاج لەوانەیە حكومەتی مەركەزی بیەوێت دەیان حەقل ئینتاج بكات، كە ئەوە لە بەرژەوەندی گەلی كوردستان و ئەمنی قەومی ئێمە نییە، چونكە ئێمە لە رابردوو دەزانین دەوڵەتەكانی عێراق ئەو خەزێنە گەورەیەی نەوتی كەركووك، بەڕاستی ئیستنزافێكی زۆر گەورە بە عەمدی كراوە، من تەئیدی قسەكانی جەنابی دكتۆر كەمال دەكەم ئەو بوارە بۆ عێراق نەهێڵینەوە، كە زەمانی مەنفەعەتی شەعبی كوردستان بكات، لەوانەیە موبەرمەج ئەوان شەریكات بنێرن بە حكومی ئەوەی كە ئیستیقراری ئەمنی هەیە لە كوردستان، بۆ خۆمان نەزانین بچین نەوتی كوردستان بدرێتە دەست شەریكات و ئینتاجی بكەن و لە 17٪شی بۆ شەعبی كوردستان نەبێت و لە 83٪ی بۆ شەعبی عێراقی دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر وریا بین، ئەوە بنووسرێت باشترە زەمانی مەنفەعەتی شەعبی كوردستان بكات باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زەمانی مەنفەعەتی شەعبی كوردستان تەحصیل حاصلە مەبدەئێكی عامە، هیچ شك لە خۆمان نییە، بەلاَم تۆ بە عەكسەوە لێرە بلێی رەبتی خۆت بكەیت، ئەوەلەن لە مادده (112) هاتووە، هینێكی موشتەرەكە بتەوێت و نەتەوێت تۆ مولزەمی پێی، بە عەكسەوە لێرە دەڵێت تەحدیدی مستەوایەكەی دەكەیت، هەم ئەو دەسەلاَتە دەدەیتە خۆت، هەمیش ئیتمئنانی حكومەت دەكەیت، بۆ ئەوەی مولتەزیم بیت بە دەستووری عێراقی، ئەو حەقە لە خۆتەوە نەداوەتە خۆت لەوەوە هاتووە تەزكیەی دەكەین، بۆ ئەوەی خەڵك رەخنەت لێ نەگرێت، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەخۆم هیچی تێناگەم موناقەشەشی ناكەم، بەلاَم وەكو موناقەشەی خوشك و برایان كردیان لەگەڵ جەنابی وەزیر، ئەوەی من بیری لێ دەكەمەوە، ئەو قانونە كە دانراوە ئەسڵەن هەموو مەتەفیق بكەین لەسەر هەندێ خوبەراو خەڵكی موختەس دایانناوە، لەو موناقەشاتانە من هەست دەكەم سەرمان لە وەزیریش شێواند، ئەوەی ئەو دایناوە قاعیدەیەكی عیلمی خۆی و قەناعەتی پێ هەیە، ئەوەی ئێمە پێشنیار دەكەین ئەو پێی هەزم ناكرێت، بەڕاستی خەریكە هەموو ماددەكان تێك و پێك دەدەین لە قاعیدەی خۆی دەرچووە، لە قاعیدە عیلمیەكەش دەرچووە، ئەو موناقەشەیە بەو شكلە قانونەكەشی تێك داوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە ئێستا جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد لە ماددەی (17) هاتووە، هیچ تەناقوزێکی لەگەڵ ئەوەدا نییە، چونکە کە وتت حکومەتی ئیقلیم وەزارەتیش دەگرێتەوە، ئەو مەجلیسی ئیقلیمەش دەگرێتەوە، مەسئوولیەتی حکومەتی ئیقلیم، ئینجا ئەو حکومەتە ئەو وەختی رەئیس وزەرا تەئمین دەکات، یاخود وەزیرێك تەکلیف دەکات تەعبیر لەو هینە بکاتن، ئەو مەسئوولیاتانەی کە لە ماددەی (17)دا هاتووە جێی خۆیەتی لە شوێنی خۆی بمێنێت، بەڵام ئەو مەجلیسی ئیقلیمیە تەحدیدەن مەسئوولیەتی ئەو دوو، سێ شتەیە، کە باسمان کرد، کاك دکتۆر دەشتی دەتوانی تۆزێك بۆمان قانونی نەوت شەرح بکەیت، ئەو رەیعە کە لێرە دەڵێن کەم کردن و زیاد کردنی بدرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، من بۆ خۆم تێی ناگەم، عەفوم دەکەی کاك سەردار فەرموو با کاك سەردار خۆی پێشنیاری کرد بوو بۆمان شەرح بکات، ئەو رەیعە مەقصەدت چیە، بۆ پێشنیارت کردووە بکرێتە مەجلیسی ئیقلیمی.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو عقودەی نیسبەی رەیع دانراوە، رەیع ئەو نیسبەیە کە لە نەوت دەردێت و دەدرێتە حکومەتی ئیقلیم، لە فەقەرە سێ باسی کراوەو تەوزیحی کردووە دەڵێت (نسبة من النفط المنتج والمضمون ،والتي تخصص لحکومة الأقليم ضمن منطقة العقد) ئەوە کە خۆی تەسەروف پێ دەکات، لێرە لە بڕگە دوو و سێ باسی ئەو هاتووە، لە بڕگە دوو باسی ئەوە دەکات دەڵێت ئەگەر موجازەفاتی گەورەی هەبوو، نیسبەی رەیع خۆی لە 10٪ دانراوە لە فەقەرە (ج)، لە دووەم دەڵێت ئەگەر هاتوو موجازەفاتی گەورەی تێدا هەبوو وەزیر بۆی هەیە نیسبەی رەیع کەم بکاتەوە لە 10٪، لە بڕگە سێ/ بەپێچەوانەی ئەوەیە دەڵێت دەتوانێت زیادی بکات تەبیعی ئەوە شتێکی زۆر زۆر مەتاتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئیشکالەکە لەوە دایە، کە رەیع لە ئیقتیصاد ئەو تەعریفە لێرەدا هاتووە خۆی بۆ خۆی تەعریفی کردووە، ئەو مانایە ناگرێتەوە لە وەزارەتی مالیە رەیع تەعریفێکی تری هەیە، بۆیە لێرە ئەو ئیشکالە دروست بووە، کاك رەشاد بەڵکو هاوکاریمان بکەیت لەو تەعریفەی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من دەزانم موختەسەرەکەی زەریبەی ئەو عاردەیە کە نەفتەکەی لێ دێتە دەرێ، بۆ ئەو مەنتیقەیە تەخصیص دەکرێت، بۆ ئەوەی راستەوخۆ ئیستیفادەی لێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ مەعلوماتی هەیە لەسەر کەلیمەی رەیع، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم لێرە روونی بكەمەوە، تەنها ئیستیفادەی زۆری هەرێمی كوردستان دەیكات لەو عقودە نەفتیانە ئەو رەیعەیە، بۆچی؟ تۆ نیسبەتێك لەو نەوتەی كە دەردێت، نیسبەتێك تەحدید دەكرێت كە دەدرێتەوە بە حكومەت خۆی، خۆ شەریكەیەك نایەت لە 100٪ نەوتەكە دەربێنێت و 100٪ نەوتەكە بۆ خۆی هەڵبگرێت، یاخود لە 100٪ نەوتەكە بدات بە تۆ، نەخێر بە نیسبەتە، نیسبەتەكە بۆ بەجێ دەهێڵدرێ بۆ موفاوەزات، عادەتەن ئێستا ئەوەی لە دنیادا هەیە نیسبەتەكە تەحدید دەكرێت لە دە كەمتر نەبێت، دەتوانرێت لەوە زیاتر بێت، یەعنی ئەوە شتێكی كراوەیە، بەڵام هەندێك حقول هەیە موجازەفاتی تیا نییە، موجازەفات لێرە چیە، هەندێ حقول هەیە نە مەسحی بۆ كراوە، نە ئیستیكشاف كراوە، نە دەزانرێت نەوتی تیایە، یان تێدا نییە، تەكلیف لە شەریكەیەك دەكرێت، دەڵێت وەرە تۆ ئەم مەسحە بكە، ئەگەر هاتوو نەوتی تیا دەرچوو، تۆ لە 10٪ ببە، ئێمە لێرەدا ئەو سەلاحیەتەی كە داومانە بە بەڕێز وەزیر لە (37)دا، نەك ئێمە لە یاساكەدا دەڵێت دەتوانێت لە كاتی ئەرزی زۆر موجازەفەدا دەتوانێت ئەو رەیعەكە كەم بكاتەوە، لەو ئەرزەی كە موجازەفەیە دەتوانێت رەیعەكە زیاد بكات، یەعنی سەلاحیەتەكە لە دەستی وەزیری بەڕێزە، ئێمە دەڵێین ئەگەر ئەو مەجلیسە، پاش ئەوەی كە جەنابی وەزیر خۆی لە تەقریرەكەدا دەڵێت ئەمە موجازەفەیەكی زۆرە لەبەر ئەوە من پێم باشە نیسبەتی رەیعەكە ئەوەندە بێت، چونكە مەجلیسەكە موافەقەتی لەسەرە، ئەو خەبیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە فەقەرەی یەكەم گوتمان عەقدەكە بە موافەقەتی مەجلیسەكە دەبێت، ئەگەر بە موافەقەتی مەجلیس دەبێت رەیعەكەشی تیایە، نیسبەكەشی تیایە، ئەوە یەكەم.

دووەم/ كە ئێمە هاتینە سەر ئەو ماددانە لە دوای ئەوەی كە باسی دەكەین، ئێمە پێشنیارمان كردووە لە هەموویان، كە دەڵێن (للوزیر) ئیشارەتمان كردووە (بعد موافقه المجلس)، كە بوەستین گەیشتینەوە سەر ئەو ماددانە، ئەوەش ئیزافە دەكەینە سەری، بەڵام خۆی ئەگەر عەقدەكە هەمووی بە موافەقەتی مەجلیس بێت، مانای هەموو شروتەكانی رەیع و شتەكانی لەسەریەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا حەل بوو، پێشنیاری وەزیر حەلی كرد، دواتر (استحصال موافقه المجلس الاقلیمی)، ئێستا ئەو ماددەیە صیاغە نیهائیەكەمان لەلا نییە، صیاغە نیهائیەكەی لیژنەی قانونی بەپێی ئەوەی كە باسمان كرد، دوایێ دەیخوێنێتەوە، یەكەم/ (یتولى المجلس الاقلیمي:

اولاً: وضع المبادئ العامة للسیاسة النفطیة في الاقلیم.

ثانیاً: الموافقة على العقود الخاصة بالعملیات النفطیة.

ثالثاً: تحدید مستوى الانتاج بما ینسجم مع الفقرة ثانیاً من المادة 112 من الدستور الاتحادي)، تەعدیلات ئۆتۆماتیكیەن هەر تەعدیلێك دەبێت ئەوە بێتن، خوێندمەوە بەڵام لە تەنیشتەوە پێی وتم وتی ئەو كەلیمەیە زیادە، لەبەر ئەوەی ئۆتۆماتیكی تەعدیلیش هەر دەبێت ئەوان بێتن، كە قانونەكە خۆی

مەسەلەن ئێستا قانونێك ئێمە دەردەهێنین، تەعدیلی ئەو قانونە دیسان خۆمانین، هەموار کردنەکەی، عەینی شتە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە بۆ ماددەی پێنج دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ مەسڵەحەتی سورعەت دەبێت بڵێین ئێوارێ، بەڵام دوای ئەوە گلەیی دەکەن دەڵێن ئێوارێ پەلە پەلیان لێ کرد، دەخەینە بەیانی، بەیانی سەعات دە دەست پێ دەکەین، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی**

## چوار شەممە ڕێکەوتی 1\8\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/8/1

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/8/1 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستان.
2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان.
3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (4)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/8/1دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاَتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، سوپاسی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەکەین، کە دوێنێ پرۆژەکەیان بە زمانی کوردی پێداچوونەوەیەکی باشیان کردووە، ئەوەندەی بۆیان کرا بێت، تا حەددێکی زۆر باش لە رووی زمانەوانیەوە دەستکاریان کردووە، من خۆم ناتوانم حوکم بدەم، دوایێ بزانین ئەوانەی رەخنە دەگرن بزانن چی دەڵێن، بەس پێم وایە دەستیان خۆش بێت کارێکی باشیان کردووە، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرو برادەرانی وەزارەت دەکەین زۆر بەخێر بێن سەرچاو، دوێنێ سێ ماددەمان تەواو کرد، دووش ئیزافە بوو، ئێستا لە ماددەی چوارەمین کە دەکاتە ماددەی شەشەم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەسڵی ماددەکە بیخوێننەوە بە کوردیە تازەکەو بە عەرەبیەکە، ئینجا رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەکە فەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

وەزارەت و ئەرکەکانی وەزیر

ماددەی چوارەم:وەزیر یان رێپێدراوەکەی ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی پرۆسەکانی نەوت، بەرپرسیاریەتی وەزارەت ئەمانە دەگرێتەوە، دارشتن ورێکخستنی سیاسەتی پرۆسەکانی نەوت، سەرباری رێکخستن و پلان دانان و پیادەکردن و سەرپەرشتی کردن و پشکنین و وردبینی جێبەجێکردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت کە لەلایەن هەموو ئەو کەسانەوە تەواو دەکرێ، هەروەها هەموو چالاکیەکانی پەیوەست پێیەوە لەوانەش هەناردنی نەوت.

دووەم: گفتوگۆکردن و مۆرکردنی رێککەوتننامەکان و جێبەجێکردنی هەموو مۆڵەتەکان لەوانەش ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم مۆریکردوون، سەرباری هەموارکردنی مەرجەکانی هەر مۆڵەتێك لە پێناو مسۆگەرکردنی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوت بۆ قازانجی گەلی هەرێم و عێراق.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والتي ستصبح المادة السادسة:

الفصل الرابع

مهام الوزارة

المادة السادسة: يتولى الوزارة أو من تخوله:

أولا: التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات الوزارة والصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق لتنفيذ جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل كافة الاشخاص وكذلك كل النشاطات التي تتعلق بها ومن ضمنها تسويق النفط.

ثانيا: التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم بالاضافة الى تعديل شروط اية اجازة لضمان تنفيذ العمليات النفطية لمنفعة شعب الاقليم والعراق.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ماددەی چوارەمی پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوێنێ ئەو ماددەیەمان تۆزێك موناقەشە كرد، بە موافەقـەتی جـەنابی وەزیـریش، گوتمـان (تتـولى الـوزارە)، دووەمیش/ (وابرام الاتفاقیە)یەكە شەتب كرا، موناقەشەی باشی لەسەر كرا، یەعنی ئەو دوو شتە مولاحەزە لە لای خۆتان بنووسن، ئەگەر كەس مولاحەزەی نەما بێت لەسەر ئەو ماددەیە، كاك غەفور نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیەمان تەواو كرد و دوێنێ دەنگمان لەسەردا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر دەنگمان لەسەر نەدا، موناقەشەمان كرد، دوایێ ئەو دوو پێشنیارە گوتیان پێش ئـەوە دەبێـت، بێتـە پێشەوە، دوو ماددەكەمان موناقەشە كردو دەنگمان بۆدا، بەلاَم ئەوە دەنگمان بۆ نەداوە، بەلاَم موناقەشەمان كرد ئەو دوو شتەمان پێ گۆڕین، ئینجا ئەگەر كەس موناقەشەی نەماوە، كاك رەشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم برگەیەك زیاد بكرێت لە مەهامی وەزارەت، ئـەویش (اعـداد خطـة خمسـیة للـوزارة تتضـمن جمیع نشاطات الوزارة في مجال التنقیب والا ستخراج والتكریر) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من شتێك وەكو خۆی پرسیاریش دەبێت، ئەگەر روون كردنەوەیەكم بدەنێ خراپ نییە، كە دەڵێ پاش ئەوەی (ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق وتنفيذ جميع العمليات النفطية)، بەس هەر ئەوەندەم دەوێت بەڕێز وەزیر بۆم روون بكاتەوە، تەنفیزەكە ئەوان خۆیان دەیكەن، چونكە دەڵێت (وتنفيذ جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل كافة الاشخاص)، ئەگەر وابێت، كەواتە ئەو (و) زیادە لەوێ، چونكە تۆ دەبێت بڵێیت (بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق لتنفيذ جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل كافة الاشخاص)، چونكە ئەگەر تەنفیزەكە وابێت وەزارەت نایكات، شەخصەكان دەیكەن، ئەگەر روون كردنەوەیەكم بدەنێ خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی بەجێیە، لە جیاتی (واو)، (لام) بێت (لتنفيذ) بێتن، نازانم تەماشای ناحیەی لوغەویەن بكەن، فەرموو دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێش تێبینیم دەربارەی ئەو ماددەیە نیشاندا، كرا بە وەزارەت شتێكی باشە، بەلآم بگوترێت (اولاً/ التنظيم والإشراف على العمليات النفطية)، ئەوە كافیە، پێویست ناكات چونكە لە تەعریفدا ئێمە شەرحمان كردووە، كە عەمەلیاتی نەوتی چی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە كورتی بكەینەوە باشترە.

دوو/ (التفاوض وأبرام الاتفاقيات النفطية)، ئەمە زۆر زۆر لە جێی خۆیەتی، دەبێت هەبێت، چونكە (ابرام الاتفاقيه) فەرقی هەیە لەگەل موصادەقەی، یەعنی دەبێت نوێنەری حكومەت، نوێنەری وەزارەت بچێت، كێیە ئەوە؟ یان وەزیر خۆیەتی، یان ئەنجومەنی بالآیە، یان رەئیسی وزەرایە، یان رەئیسی دەوڵەت، یەكێك تەفویز دەكات دەچێت ئەو ئیتیفاقیە دەبێت گرێی بدات، یەعنی بەستنی گرێدان فەرقی هەیە لەگەڵ موصادەقەو موافەقە، فەرقی زۆرە، دوایێ لە هەندێك شوێن پەرلەمانە، لە هەندێك شوێن ریئاسەیە موصادەقەی لەسەر دەكات، بەلآم (ابرام الاتفاقيات) زەرورییە لەناو ئەم ماددەیە هەبێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح دوێنێ ئەوەمان زۆر موناقەشە كردو، لەگەڵ جەنابی وەزیر ئبرامەكە چیەو باسیشمان كرد كە درایە ئەو مەجلیسە ئیبرام بكاتن، ئیبرام یەعنی تەوقیع، تەوقیعەكە گوتمان لە سەلآحیەتی ئەو ئەنجومەنەیە، كاك بارزان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ابرام الاتفاقيات) لێرەیە، بەلآم موصادەقە لە مەجلیسە فیدراڵیەكەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەو نوقتەی كە سۆزان خان ئیسارەی كرد، یان (والخاصة بتنفیذ)، ئەوە باشە، یەعنی ئەوانەی كە پێشتر هینی كردووە، (بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق الخاصة بتنفيذ جميع العمليات النفطية)، نوقتەی نیزام بزانم چیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێ بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە درایە دەستی ئەنجومەنەكەی، ئیتر بۆ ئێستا لێرە موناقەشەی دەكەیت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە، جەنابی وەزیر موافیقی لەسەر ئەو صیغەیەی كە گوتمان، كاكە با بیخوێننەوەو شەرحی بكەین (التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات الوزارة والصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق الخاصة بتنفيذ جميع العمليات النفطية)، یەعنی جوملەی یەكەم تەواو بووە، تۆ پرسیارەكەت ئەوەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن كە ئەو پرسیارەكەی من روون دەكاتەوە، بۆم دەردەكەوێت ئەگەر وەزارەت تەنفیز بكات، كەواتە تەواوە، ئەگەر وەزارەت تەنفیز نەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گرنگ نییە بۆ تۆ دەركەوێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئەو قانونە تەتبیق دەكات، ئەو تێبگات، لەبەر ئەوەی شەرحەكە زۆر گرنگ نییە بۆ تۆ، ئێمە دەمانەوێت قانون دەربكەین و سبەینێ ئیشكال نەبێتن، كاك شێخ نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من پرۆژەكا مەزنا هەروەكی بەحسێتە كر، ئەگەر جەنابێتەو سەركردایەتیا پەرلەمانێ وەختێ دانێ بۆ ئەندام پەرلەمانێ هەر كەسەك دوو جار، سێ جار، چار جار تەعلیقا لێ دەدا، ناڤ بێنە نووسینا بەرنامە بچێتە پێشا وەكی دەبێتە موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامێكی تەواوە، لە ساڵحی سەرۆكایەتیە، بۆیە تەئیدیشی دەكەین، جەنابی وەزیر تەوزیحێكت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشی وەزارەت ئیشراف و تەدقیق و ئەوانەیە لەڕاستیدا، ئێمە پێشنیار دەکەین لامێك دابنرێت (لتنفیذ) هەر ئەوەندە بەسە، ئەوە حەلی دەکات. بڕگەی دووەم ئێمە (ابرام العقود)مان لابردووە، ئەویش حەلی دەکات، پێشنیارێکیش هەبوو پێش ئەوەی ماددەی ئیزافی بکەینە سەری پێویست ناکات، چونکە لە قانونی وەزارەتدا دامانناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە دەکرێتە (لتنفیذ) و (ابرام الاتفاقیات) لابرا دوێنێ شەریحیشمان کردو جەنابیشت موافیق بوو، وەزیرەکەش دەبێتە (تتولی الوزارة)، کاك سەردار نوقتەی نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی نوقتەی نیزام نییە لەسەر جەلسەکەوە، بەلاّم لەسەر ماددەیەك تەعاروز دەکات، مەسەلەن لێرە نووسراوە (مراقبة سیاسات العملیات النفطیة)، پێم وایە دەبێت بگوترێت (تطبیق سیاسات العملیات النفطیة)، لەبەر ئەوەی ئەو سیاساتانە مەجلیس دایدەنێت کە بالأترە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی تێدایە، جێگری تێدایە، لێرە وەکو وەزارەت نایەت موراقەبەی مەهامێك بکات، کە مەجلیسێك بالأترە، بەڵکو تەتبیقی دەکاتن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر ئەو وەزارەتە موراقەبەی نەکات، کێ بیکات؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زیاد کردنی ئەو ماددەیەی دوێنێ لێرەدا لەگەڵ کاك سەردار هاوڕام، چونکە ئێمە دوێنێ صیاغەو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە نوقتەی نیزام نییە ببورە، تۆ تەئیدی قسەکانی کاك سەردار دەکەیت، کەی نوقتەی نیزامیە، مامۆستا نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوە بۆ خودی جەنابت بەجێ دەهێڵم لەسەر ئەو جوملەیە کە دەڵێت (بالإضافة إلى التنظیم والتخطیط والتطبیق والإشراف والتفتیش والتدقیق وتنفیذ)، کەواتە لامەکەی ناوێت (وتنفیذ) لە جێی خۆی هاتووەو من لەگەڵ جەنابی وەزیر، پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە چ عەیبی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەیبی زۆرە مامۆستا، فەرقی زۆرە جەنابیشت موافەقەت کرد (لتنفیذ) عەرەبی باش دەزانی، بەلاّم لێرە فەرق زۆر دەکات، (وتنفیذ) وەزارەت خۆی ناچێتن زەوی بکۆڵێت نەوتی لێ دەربهێنێت، ئەو ئیشانە دەکرێتن تەدقیق و ئیشراف و ئەوانە بۆ جێ بەجێ کردنی، لامەکە لێرەیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوانی پێشوو، کەواتە (لتنفیذ)ە، ئەو ماددەیە بەو سێ گۆڕانکاریە کە بەسەری هات، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، مولاحەزەیەکی ترمان هەیە، (ثانیاً) دوای حکومەتی ئیقلیم (بالاضافة الى تعديل شروط اية اجازة)، دەبێت ئەوەش دەرچێت، ئەگینا موتەعاریز دەبێت لەگەڵ سەلاّحیاتی مەجلیسی ئیقلیم، دەبێت ئەوەش نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی هیچ زەرەری نییە، کاک فرسەت تەفسیرێکی هەیە لەسەر مەسەلەی ئیبرام، پێی وایە دەبێت تێیدا بێت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەلاّحیاتی ئەنجومەنی هەرێم موافەقەیە لەسەر عەقد، ئەمە ئیبرامە، ئیبرام یەعنی تەوقیع، جیهەتێك لازمە مخەوەل بێت تەوقیعی ئەو عەقدانە بکات، ئەگەر ئەو تەخویلانە نەبێتن، مانای وایە ئەو عەقدانە بێ تەوقیعە، ئەوەش خیلافی قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە راستە، ئیبرامەکە تەوقیعە، بەلاّم پێویستی بە موصادەقە هەیە وەکو پێشتر هینمان کرد، کەواتە ماددەکە با بۆتان بخوێنمەوە بەو شکلە دەبێتن بە تەغیراتەوە دەیخوێنمەوە (تتولى الوزارة أو من تخوله:

أولا: التنظيم والاشراف على العمليات النفطية، وتشمل مسؤوليات الوزارة والصياغة والتنظيم ومراقبة سياسات العمليات النفطية، بالإضافة إلى التنظيم والتخطيط والتطبيق والإشراف والتفتيش والتدقيق لتنفيذ جميع العمليات النفطية التي تنجز من قبل كافة الاشخاص وكذلك كل النشاطات التي تتعلق بها ومن ضمنها تسويق النفط.

ثانيا: التفاوض وأبرام الاتفاقيات وتنفيذ جميع الاجازات ومن ضمنها العقود النفطية التي ابرمتها حكومة الأقليم)، سەتری ئەخیر شەتب دەکرێت، ئەوەی تازە خوێندمەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایيە بە تەعدیلەکەی خوێندمەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی پێنجەم:**

**بەپێی ئەم یاسایە وەزیر دەسەڵات و ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ لەوانەش مۆڵەتەکان لە پێناو هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:**

**یەکەم: مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردنی ڕاست و ڕەوانی سامانەکان.**

**دووەم: مسۆگەرکردنی پەرەپێدانی نەوت بەجۆرێك زیانەکانی ژینگە کەم بکاتەوە، و گەشەپێدانی ئابووری بەردەوام زامن بکات و هانی وەبەرهێنان بدات، بەجۆرێك پەرەپێدانی پلانە دوورهاوێژەکان بۆ هەرێم لە خۆ بگرێ.**

**سێیەم: دەبێ هۆشمەندانە و لەگەڵ پێشکەوتووترین شێوازی پیشەسازیەکانی نەوتدا کۆك بکرێ.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة: يتولى الوزير صلاحياته ومهامه بموجب هذا القانون وبما تتضمنه الاجازات بغية تحقيق مايلي:**

**أولاً: ضمان الإدارة السليمة للثروات النفطية للاقليم.**

**ثانياً: العمل على ضمان تطوير الصناعة النفطية بحيث يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار على ان يضم ذلك تطوير الخطط البعيدة المدى للأقليم.**

**ثالثاً: ان يكون معقولا ومواكبا للأساليب المثلى في الصناعة النفطية.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ماددەی پێنجەمی پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ناحیەی زمانی، یەعنی تۆ دەڵێیت وەزیر ئەو سەلاحیاتانە مەهامانەی دەهێنێتەوە، ئەو سێ شتەی کە باس دەکەیت باسی وەزیرە، سێیەم (ان یکون معقولا) ئەو کەلیمەیە چۆن دەبێت، ئەسڵەن ئەو کەلیمەیە لە قانوندا نییە، یەك، دووەمین/ ناکرێت بڵێیت وەزیر مەعقول بێت، سێیەم هەر زیادە بەڕاستی، خۆی ئوسولەن کە یەکێك دەکەیتە وەزیر ئەو مواسەفاتانەی تێدایە، من پێشنیار دەکەم هەر سێیەم شەتب بکرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت، نە مەهامە، نە شتێکە (يتولى الوزير صلاحياته ومهامه بموجب هذا القانون وبما تتضمنه الاجازات بغية تحقيق مايلي:**

**أولاً: ضمان الإدارة السليمة للثروات النفطية للاقليم.**

**ثانياً: العمل على ضمان تطوير الصناعة النفطية بحيث يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار على ان يضم ذلك تطوير الخطط البعيدة المدى للأقليم.**

**ثالثاً: ان يكون معقولا ومواكبا للأساليب المثلى في الصناعة النفطية)، کێ مەعقول بێتن تەتویر چۆن مەعقول دەبێت پێم بڵێ، هەر زیادە، باشە کاك شێخ نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووە.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە کو پرسیارا رەئیا لیژنا یاسایی کەین لەسەر چەند ماددەدا پێت بێژیت کەمە رەئی نییە لەسەر ماددە، دگەل هەندێش ئێت بینین ماددە هەمی بە صیاغە وێ دێتە گۆڕین، ئایا لیژنا یاسایی چ دەوری خۆ دیتیە لە پێداچوونەڤا ماددە، ئەز حەز دکەم لیژنا یاسایی رەئیا بدات، چونکە جارێکا دی سەرۆکایەتیا پەرلەمانا صیاغا ماددە دکاتەڤەوە، نە لیژنا یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی موناقەشەی خۆی دەکات، هەشت کەسن، نۆ کەسن، ئێمە لێرە (111)کەسین، جاری وا هەیە هەشتا کەسین، هەندێ جار شت لەبیر دەکەن، ئێمە بە بیریان دەهێنینەوە، ئێوە بە بیریان دەیننەوە نوقصانیەك، یان شتێك هەبێت، ئەوان دادەنیشن، کێ دەیەوێت قسە بکات، کاك کەرخی قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر خاڵی سێیەمی ماددەی پێنجەم پێم وایە شتێکی زیادەو هەر لە قانونیش ئەو کەلیمانە جێیان نابێتەوە، هەرچەندە من قانونی نیم، پێمان وایە هەڵبگیرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بڕگەی یەکەم کاری ئەنجومەنەکەیە زیاتر، هی مەجلیسەکەیە زیاتر وەك لەوەی ئیشی وەزیر، یان وەزارەت بێت، هەمان رەئیم هەیە هەروەك ئەوەی جەنابت و کاك کەرخی گوتی لەسەر خاڵی سێیەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ خاڵی سێیەم ئەم پێشنیارە دەکەم (ان تكون الاجازات مواكباً للاساليب العصرية في صناعة النفط)، ئەمە حەلی موشکیلەکە دەکاتن، چونکە مەقصدەکەی ئیجازاتە (ان تكون الاجازات مواكباً للاساليب العصرية في صناعة النفط)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له (ثانياً/ ضمان تطوير النفط)، نەفت تەتوير ناكرێت، مەفروزە بگوترێت (تطوير المنشأت النفطية)، يان (تطوير العمليات النفطية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من صيغەيەكی ترم هەيە بۆ هەموو ماددەكە، ئەگەر رێگە بدەن بيخوێنمەوە:

(تتولى الوزارة مايلي وتحت اشراف الوزير:

أولاً: ضمان الإدارة السليمة للثروات الطبيعية في الاقليم.

ثانياً: تطوير العمليات بالصورة التي تؤدي الى تقليل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي بصورة سليمة، وتشجيع الاستثمار مع وضع الخطط البعيدة المدى بالشكل الذي يؤدي الى مواكبة الاساليب المثلى في الصناعات النفطية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئيمزات هەيە لەلای من لەسەر راپۆرتی ليژنەی ياسايی، ئەی چۆن ئيمزات كردووە، دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت يەكەمەوە (ضمان الإدارة السليمة للثروات الطبيعية) تەبيعيە ئيزافە بكرێت باشترە، بەنيسبەت دووەم/ من پێم وا نييە (ضمان تطوير النفط) لە دەسەڵاتی وەزير بە تەنها بێت، پێويستە ئيزافەيەكی بۆ بكرێت (العمل لضمان تطوير النفط)، ئەگەرنا ئەو لە كوێ دەتوانێت زەمانی بكات (العمل لضمان تطوير النفط)، بڕگەی سێيەميش وەكو جەنابت ئاماژە پێ كرد پێويست ناكات، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ بەنيسبەت كاك دكتۆر نوری تەوزيحێك بدەم، پێش ئەوەی بچێتە كەركووك ئێمەی تەخويل كرد، كە هاتەوە خۆی ئيمزای كردووە لەسەر راپۆرتەكە، ئەمە يەك.

دوو/ بەنیسبەتی فەقەرەکان هەردووکی بە زەمان هاتووە، من پێم باشە فەقەرەی سێیەمیش بمێنێتەوە، ئەویش هەر بە زەمان بێت، صیاغەکەی بەو شکلە بێت (ضمان مواكبة الأساليب المثلى في الصناعات النفطية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی پێنجەم من لەگەڵ ئەوە دامە خاڵی سێیەم بمێنێت، چونکە خۆی ئەو ماددەیە لەسەر دەسەڵاتی وەزیر و ئەرکەکانی مۆڵەت دانە، کەواتە من لەگەڵ ڕەئیەکەی کاک دیلمانم، بەلاّم بە کوردی دەیخوێنمەوە بڕگەی سێیەم دەڵێ (مۆڵەت پێدان هۆشمەندانەو گونجاوە شان بە شانی شێوازە پێشکەوتووەکان و باشەکانی پیشەسازی نەوت بێت)، ئەوە یەك.

دووش/ لە خاڵەکەی یەکەم لەگەڵ ئەوە دامە، کە ئەوە کاری ئەنجومەنە، نەك وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی جەنابت دەکەم لەسەر بڕگەی سێیەم، کە ئەوەل جار جەنابت فەرمووت پێویستە لابچێت، من تەئیدی ئەوە دەکەم، ئەگەر لا نەبرێت، ئەو مەعقولە ببێت بە مەقبولەن (ان یکون مقبولا) واتا مەقبولەن بێت لە جیاتی مەعقولەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان سلێمان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئی جەنابت دەکەم کە خاڵی سێیەم نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (یتولی الوزیر صلاحیاته ومهامه بموجب هذا القانون وبما تتضمنه الاجازات)، یەعنی من وای تێدەگەم ئیشی وەزیر تەنها ئیجازاتەکە نییە، دەیەوێت ئەم ئەهدافانە بێنێتە دی، دووەم/ من پێم وایە لە خاڵی

دووەمدا (وضمان النمو الاقتصادي المستديم) بكرێت (وضمان تنفيذ ستراتيجية اقتصادية اجتماعية للتنمية المستدامة)، لەگەڵ ڕەئی جەنابتم کە خاڵی سێیەم نەمێنێت، ئەو عیباڕاتی، یان کەلیماتی مەعقول و مەقبول و ئەوانە تیایەتی لە ماددەکانی تریشدا، یەعنی ئەوە دەقیق نییە، چۆن تەنفیزی دەکەیت، کێ قەرارە ئەوە مەعقولەو ئەوە مەقبولە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە کاك فرسەت زووتر پێمان بڵێت ئەو مولاحەزەیە، ماددەی پێنج کە ئێستا ماددەی حەوتە، لەگەڵ ماددەی شەش کە ئێستا دەبێتە ماددەی هەشت تەداخولە هەردووکیشی (يتولى الوزير)ە، یەعنی ماددەی پێنج لە ئەسڵی مەشروعەکە هەر هەمووی زیادە، چونکە لەوێ لە ماددەی شەشدا هاتووە، ئەگەر کەلیمەیەك زیاد بکرێتن، یەعنی ماددەی شەش ئەو موناقەشەشمان کرد هەر ئیلغا بکرێت هەمووی، ئەگەر لە ماددەی شەشدا نوقتەیەك ئیزافە بکرێت، کەلیمەیەك ئیزافە بکرێت لەوەی لە ماددەی پێنجدا هاتووە، ئەوە دەکرێت، بەڵێ کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم لە مەشروعەکە، کە ئێستا بووە ماددەی حەوتەم، ئەوە موتەعەلیقە بە ئیجازات، لێرە بەس باسی ئیجازات دەکات سەلاحیاتی وەزیر بۆ پێدانی ئیجازەیە، لێرە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر مەجالم بدەی بیخوێنمەوە، ئەو صیاغەیەم داناوە، ئەگەر قەبولی بکەن (يتولى الوزير منح الاجازات وفق الضمانات السليمة لإدارة الثروات النفطية  في الاقليم وتطوير الصناعة النفطية بالشكل الذي يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار وفق الخطط البعيدة المدى بما يحقق مواكبة للأساليب المثلى في الصناعة النفطية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمووی دەبوایە دەمج بکرێت بەڕاستی، یەعنی ئەوەی جەنابت دەڵێی ئێستاکە فەقەرەیەك دەبێتن لە ماددەی شەش، هەتا لە ماددەی حەوتیش هەر دەڵێت (يتولى الوزير)، هەمووی مەهامی وزیرە بۆ بکرێتە چوار ماددە، لە تەشجیعی ئیستیسماڕەکە قەیدی ناکات، بەڵام ئەو دوو ماددەیە پێنج و شەش لە ئەسڵی مەشروعەکەدا هەر یەك ماددەیە مەسئولیاتی وەزیرە، لە ماددەی شەشیدا لەوێش باسی وەزیر هاتووە (للوزير منح الاجازە)، تێکەڵاویەك هەیە لە هیندا، من پێم باشە ئەو دوو ماددەیە دوا بخەین, لیژنەی قانونی لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشن تەوحیدی بکەن لە یەك ماددە موناقەشەشمان کردووە، بەڵێ کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج و شەش و حەوت و هەشت هەر تەقریبەن یەك دەسەڵاتە دەمج بکرێن باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دەنگمان بۆدا (للوزارە) بوو دەنگی بۆ درا وتەواو بوو، ماددەی پێنج و شەش لە ئەسڵی مەشروعەکە لە زیمنی فەسلێکدا، یەعنی دواتر لە ماددەی حەوت و هەشت لە فەسلێکی ترە، باسی ئیستیسمارە، چۆنیەتی پشتگیری کردنی و تەشجیع کردنی ئیستیسمارە، جیاوازە، لەبەر ئەوە ماددەی پێنج و شەش لە ئەسڵی مەشروعەکە لیژنەی یاسایی پاشی ئەو جەلسەیە تەوحیدی بکەن، ئینجا لە جەلسەیەکی تر موناقەشەی دەکەین، من وام پێ باشە، کەس ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەوە، کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە مەهامەکان جیایە، تەتویر باسی حەقل، حقولی نەفتی و ئیستیخراجی و ئینتاجی دەکات، لەوێ باسی تەصفیە دەکات، باسی نەقلی دەکاتن، یەعنی ماددەکان دانراوە بۆ شتی موختەلیفە، لەبەر ئەوە لە شوێنی خۆی بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال دیارە جەنابت ئینتیباهت نەکرد، فەسلی چوارەم (الوزارە ومهام الوزیر)، جەنابی وەزیر با بزانین تۆ رەئیت چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەبدەئیەن مانیع نییە چۆن صیغەکە دابنرێت، بەلاّم یەکەم سەلاّحیات و مەهامە، دووەم ئەهدافە، دەبێت بمێنێت بەشێوەیەك، بەلاّم ئێمە مانیعمان نییە لەگەڵ لیژنەی قانونی دانیشین، ئیتیفاق بکەین بۆ ماددەی پێنج و شەش موشکیلە نییە، بەلاّم ئەهدافەکان دەبێت بمێنێت، چونکە ئێمە بۆ خۆمان نانووسین، بۆ شەریکاتی خاریجیش دەنووسین، ئەوان دەبێت بزانن ئێمە هەدەفمان هەیەو تەعامولیان لەگەڵدا دەکەین، بەم شێوەیە ئەم قانونە دانراوە، حەز دەکەم ماددەکە بمێنێت وەکو خۆی، بڕوا ناکەم هیچ موشکیلەی هەبێت، ئەو تەتویری نەفتەکە دەخەینە سەر فەقەرەی سێ موشکیلە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی فەسلی چوارەم نووسراوە (الوزارة ومهام الوزیر)، مەبحەسی دووەم (المنشآت ونشاطات عملیات التکریر وتوابعها)، بەلاّم تۆ بڕۆ تەفسیلاتەکەی لە هەردووکیاندا دەڵێت (یتولى الوزیر)، لێرەش دەڵێت (ضمان تطویر النفط)، لەوێش دەڵێت (التنظیم والاشراف على جمیع المنشآت النفطیة، وللوزیر منح الاجازة)، دوایێ دەڵێت (التنظیم والاشراف على جمیع المنشآت المستخدمة بشکل مباشر أو غیر مباشر في العملیات النفطیة)، هەمووی دووبارە بۆتەوەو هەمان شتە، راستە تۆ فەسلت کردووە لەنێوان فەسل و ماددەو ئەوانە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە تەئجیل کردنی ناوێت، دەتوانین هەر ئێستا حەسمی بکەین، من پێم وایە (اولاً وثانیاً) بکەینە یەك بڕگەو ئیزافەی بکەین, بیکەینە فەقەرەیەك لە ماددەی شەشەم بگوترێت (ضمان الإدارة السليمة للثروات الطبيعية وتطوير الصناعة النفطية) تاکو ئەخیری بڕۆین، بکرێتە یەك فەقەرە لەسەر ماددەی شەش و ئیشکالەکە حەل دەبێت و تەئجیل کردنەکەی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن مولاحەزەیەکی تر هەیە، لە قانوندا (المبحث الاول) (المبحث الثاني) نابێت هەبێت، یەعنی ئەوە دەبوایە شەتب بکرێت، کاك ئاریێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد، پێویستە ئەوە بدرێتە دەنگدان، ئینجا ئەگەر وەکو ماددەیەك ماوە، یان وەکو بڕگە خرایە سەر ماددەکەی تر، با ئەوە بدرێتە دەنگدان مادام گفتوگۆمان لەسەر کرد، بە ڕەئی من مانی بە دوو ماددە هیچ جیاوازیەك ناکات، بکرێتە یەك ماددە، یان دوو ماددە، لەبەر ئەوە مادام گفتوگۆیەکە لەسەری کراو، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو بڕگەی سێیەمە قسەم لەسەری هەیە پێشتر دەرفەت نەبوو، لێرە لابدرێت باشە، چونکە هۆشمەندانە، واتا دەکرێت کاری ناهۆشمەندانە بکرێت، یەعنی ناکرێت کە باسی هۆشمەندانە دەکرێت ناهۆشمەندانەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك لێرە گونجاو نییە، یەعنی لادانەکەی زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الإدارة السليمة للثروات قانونا) ئەرکی وەزیرە هیچ زەمانی تێدا نامێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، نوقتەی نیزام ئەو شتەیە، کە موخالیفی نیزامی داخیلی شتێك کرا بێت، دوو دەقیقەمان دانا بۆ موناقەشە کردن، ئەگەر یەکێك چوار دەقیقە قسەی کرد، دەبێت بڵێی ئەوە زیاتر قسەی کرد, ئەوە نوقتەی نیزامیە، خاڵی یەکەمە، خاڵی دووەممان دەست پێ کرد، دەستت هەڵدەگریت دەڵێی دەبوایە خاڵی یەکەم بێت، نیصاب نەبێتن من بیدەمە دەنگدان، نوقتەی نیزامە, بڵێی نابێت بیخەینە دەنگدان، چونکە نیصاب نییە، ئەوانە نوقتەی نیزامن، نیزامی داخیلی چیە، خیلاف نیزامی داخیلی بجولێینەوە، دەستتان هەڵبگرن بڵێن نوقتەی نیزامە، ئەویتر ڕەئی دەدەیت نابێت بەناوی نوقتەی نیزامی بدرێت، ئێستا ئەوە زۆر موناقەشە کرا، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم من پێم باشە تەواوی بکەین، ماددەی پێنجەم و شەشەم جەنابی وەزیریش سەر لە لیژنەی یاسایی بدات پێکەوە رێك بکەون، ئێمە بۆ هەموو موناقەشەیەی لەسەر بکەین سەعاتێك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم تەواو بووە, کاك عوسمان دەمێکە دەنگیشمان بۆداوە، بەردەوام دەبین ماددەی پێنجەمیش تاکو ئێستاکە موناقەشە کراوە سێ، چوار کەس ماون موناقەشەی بکەن، دوایێش مەجال دەدەین، ماددەی پێنج کە ئێستاکە ماددەی حەوتەمە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێك کە عەقدێك دەکرێت وەزیر مخەوەل دەکرێت بە دانی ئیجازە، ئیجازەکان کە کاتێك دەدرێت، دەبێت وەزیر خۆی بزانێت (ضمان الإدارة السليمة للثروات)، یەعنی هیچ خیلافێکی تێدا نەبێت، هەروەها (ضمان تطوير العمليات النفطية) منیش لەگەڵ ئەوە دام، لە خاڵی سێیەمدا، بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر موهیمە، چونکە کە دەڵێت (ان يكون معقولا)، مەعقولەکە لابرێت، بەڵام (ان يكون ومواكبا للأساليب المثلى في الصناعة النفطية)، یەعنی وفقی ستاندەری عالەمی دەبێت ئەو ئیجازەیە دەبات، ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەو ئیشە، دەبێت لە زیمنی ستاندەرەکانی عالەمی بێت، من لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیە دام، بەس مەعقولەکە لا ببرێت، تەتویری نەفت، نەفت تەتویر ناکرێت، عەمەلیاتی نەفتی تەتویر دەکرێت، نەفت خۆی یەك کلێشەی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من یاسای وەزارەت دانانێینەوە، ئەو هەموو ماددەیە بگۆڕینەوە، پێم وایە شتێکی باش نییە، ئەگەر ئاڵوگۆڕێك لە فەقەرەکان دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر مەعقولەکەی لاببەین شتێکی چاکە، بەڵام ئەوی تر هەندێکی ئەرکە، هەندێکی ئامانجە، هەندێکی سیاسەتی حکومەتە، یان وەزارەتە، پێم وا نییە ئەو تێکەڵاویە هەمووی تێکەڵ بکرێت بە ماددەیەك چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئێمه ڕەئی خۆمان دا، حەز دەکەین مەعقولەی دەوێت، چونکە ستاندەری عالەمی وەکو یەك و دوو و سێ نییە، یەعنی تەفسیری دەوێت، دەبێت تەفسیرەکە مەعقول بێتن، کە دەڵێیت ستاندەر شتێك نەنووسراوە بڵێی بەو شێوەیە بیر حەفری دەکەین، هەموو بیرێك جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی عام شتێکی مەعقول هەیە، دەتوانین جارو بار سەیری بکەین، بڵێین ئەمە مەعقول نییە، بەهیچ ستاندەرێك، جا کەلیمەی مەعقول بە ڕەئی من پێویستە، تەتویری نەفتیش دەخەینە سەری, مانای وایە تەتویر نییە تەنیا، ئەوە عەمەلیاتی نەوتە، هی نەشاتاتی ئینتاجەو ئیستیخراجە هەمووی، ئەو کەلیمەیە بخەینە سەری, یەعنی حەلی دەکات بۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی ئێستا خولاصەکەی ئەو ماددەیە، تەبعەن (المبحث الاول) شەتب بکەن، هەر مەهامی عامە، ئەوەلەکە ڕۆیی کە گوتمان ماددەی چوارەم دەنگمان بۆ دا، بەڵام لە فەسلەکە لەگەڵ ماددەکە دوایێ هینی دەکەین، ماددەی حەوتەم لە ئەسڵی مەشروعەکە پێنجەمە (يتولى الوزير صلاحياته ومهامه بموجب هذا القانون وبما تتضمنه الاجازات بغية تحقيق ما يلي:

أولاً: ضمان الإدارة السليمة للثروات الطبيعية في الاقليم.

ثانياً: العمل على ضمان تطوير الصناعة النفطية)، بەپێی مولاحەزەکان درا، (العمل على ضمان تطوير الصناعة النفطية)، یان (العمليات النفطية)، ئەوان موختەسن، با موختەسەکان وەڵام بدەنەوە، کەواتە دەبێتە (ثانياً: العمل على ضمان تطوير العمليات النفطية بحيث يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار على ان يضم ذلك تطوير الخطط البعيدة المدى للأقليم)، واتا خوتەی خەمسیش دەگرێتەوە، ئەوەی پەخشان خان گوتی، سێیەم/ خۆشمان هینمان کرد، زۆریش لە برادەران گوتیان زیادە، هەندێکیش گوتیان مەعقولەکە لابدرێت، پێم وایە زیادە، نازانم جەنابی وەزیر دەڵێ چی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە هەمووی بکەیت بە ( الثروات النفطية) لە جیاتی عەمەلیاتی نەفتیە، یان تەتویری نەفت، باسی سەرواتی نەفتی دەکرێت لە هەرسێ فەقەرەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە وای لێ دێت (ثانياً: العمل على ضمان تطوير الثروات النفطية بحيث يقلل الاضرار بالبيئة، وضمان النمو الاقتصادي المستديم، وتشجيع الاستثمار على ان يضم ذلك تطوير الخطط البعيدة المدى للأقليم)، جەنابی وەزیر پرسیار دەکەن دەڵێن تەتویری سەرواتی نەفتی چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الثروات النفطية) هەردووكیان راستە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(تطوير العمليات النفطية)، جەنابت خۆت قەرار بدە، ئەوە مەسەلەیەكی فەنییە، خۆت كەلیمەیەك بڵێ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە صناعە نەفتیە بۆ هەموویان، یان سەرواتی نەفتیە، هەردووكیان موناسیبن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی مادده یەكی پرۆژەكە بكەین تەعریفی عەمەلیاتی نەفتی كراوە بە وازیحی، كە ئێمە دەمانەوێت صیاغەیەكی قانونی دەقیق بۆ عەمەلیاتی نەفتی بەكار بێنین لە جیاتی سەروات، یان لە جیاتی صناعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەمەلیاتەكە باشترە وا نییە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(تطوير عمليات النفط) يان (الصناعة النفطية)، يان (الثروات النفطية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(الصناعة النفطية) باشترەو جەنابی وەزیرش موافەقەتی كرد، لێرە تەتویرە كاك عەونی، ئەوێ باسی تەتویر ناكاتن، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەعریفی عەمەلیاتی نەوت، ئەگەر ئیجازەم بدەیت بۆتان دەخوێنمەوە بە وزوحی تەحدیدی كردووە برِگەی (17) لە ماددەی یەك (العمليات النفطية: تشمل التنقيب، الأستكشاف لغرض التطوير، الأنتاج، التسويق، التخزين، النقل، التصفية، بيع أو تصدير النفط أو بناء، نصب أو تشييد أية هياكل منشآت أو مكائن للأغراض المذكورة وإنهاء الإجازة أو إزالة أية من هذه الهياكل أو المنشآت أو المباني).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی عەفوم دەكەیت، من دەمەوێت شەرحێكی بكەم، عەمەلیاتی نەفتی تەتویر ناكرێت، عەمەلیاتی نەفتی (تەنقیبە، ئیستكشافە) ئەوانەیە، بەلاّم صناعە هەموویەتی، یەعنی ناتوانی بڵێی (تطوير العمليات النفطية)، دەزانم لە ماددەكە راستە وا تەعریف كراوە، بەلاّم تۆ لێرە باسی تەتویری صناعەش, عەمەلیەكی

شامله هەمووی دەگرێتەوە بە تەسویقیشەوە، هەمووی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە صناعەکە راسترە، کەواتە بیگۆڕن بۆ صناعەی نەفتی، من دەیخەمە دەنگدانەوە فەقەرەی سێیەم نامێنێت، دوو فەقەرەیە، جەنابی وەزیر فەقەرەی سێ بمێنێت؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی سێ پێویستە، پێشیناری ئێمە (ان یکون تطویر الصناعة النفطیة، او ان تکون معقولاً ومواکباً)، بەڕاستی ئەوە پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر بمێنێتن دەبێت بچێتە فەقەرەی دووەم، لەوێ تۆ باسی تەتویری صناعەی نەفتیت کردووە، لێرە دەکرێت ئەوەی ببەینە ئەوێ (وان یکون مقبولاً ومواکباً للاسالیب المثلی)، هەر لەوێ ئیزافەی بکەن، لە فەقەرەی دووەم (ثانیاً: العمل علی ضمان تطویر الصناعة النفطیة بحیث یقلل الاضرار بالبیئة، وضمان النمو الاقتصادي المستدیم، وتشجیع الاستثمار علی ان یضم ذلك تطویر الخطط البعیدة المدی للأقلیم، وان یکون معقولا ومواکبا للأسالیب المثلی في الصناعة النفطیة)، ئێستا وازیحە بیخەمە دەنگدان، ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریەی کە کردمان دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزگاو چالاکیەکانی پرۆسەی پالأوتن و پاشکۆکانی

ماددەی شەشەم: وەزیر ئەمانە دەگریتە ئەستۆ :

یەکەم: رێکخستن وسەرپەرشتی کردنی هەموو دەزگاکانی بەکارهاتوو بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکانی نەوتدا، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە بەرهەمهێناندا بەکار دێن وەکو پالأوتن وگواستنەوەی هێڵەکانی بۆڕیش دەگرێتەوە، وێستگەکانی رژان، وێستگەکانی پاڵە پەستۆکارەکان هەموو سەنتەری بینایەکان، بۆ چاککردن و دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت.

دووەم: رێکخستن وسەرپەرشتی کردنی هەموو پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە پالأوتن وپاشکۆکانی کە پالأوتن و عەمبار کردن وگواستنەوەو دابەشکردنی هەموو بەرهەمی پترۆکیمیاویەکان دەگرێتەوە.

سێیەم: ئامادەکردنی دەزگاکانی لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوەو بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە لەبەر دەستی حکومەتی فیدراڵی دایە، بۆ پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێن، بۆ سوودی گەلی عێراق لەگەڵ سیاسەتی فیدراڵی عێراق بگونجێ لە بواری دابەشکردن و هەناردنی کۆکن.

چوارەم: ئامادەکردنی هەر هێڵێك بۆ تۆڕی بۆڕیەکان، کە لە بارەی یەدەگی هەیە بۆ هەرکەسێك مامەڵەی یاسایی لەگەڵ چالاکیەکانی نەوت لە عێراقدا دەکات، وەزیر بۆی هەیە بەپێی مەرجەکانی کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە مۆڵەت بەوجۆرە توانایانە بدات .

پێنجەم: هەندێك لە دەسەلاتەکانی لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە پالاوتن و پاشکۆکانی بە کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی کۆدۆ بدات.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المنشآت ونشاطات عمليات التكرير وتوابعها

المادة السادسة:يتولى الوزير:

أولاً: التنظيم والاشراف على جميع المنشآت المستخدمة بشكل مباشر أو غير مباشر في العمليات النفطية، وتشمل كل ما تستخدم في الإنتاج والتصفية والنقل ومن ضمنها خطوط الأنابيب ومحطات الصمام ومحطات الضخ ومحطات الضاغطات وكل ما ترتبط بها من الاجهزة، والتوزيع ومن ضمنها جميع المراكز والبنايات، لتحسين أستكشاف وإنتاج النفط.

ثانياً: التنظيم والاشراف على جميع العمليات النفطية الخاصة بالتكرير وتوابعها متضمنا التصفية، والتخزين والنقل والتوزيع وجميع المنتجات البتروكيمياوية.

ثالثاً: توفير جميع المنشآت المشار اليها في هذه المادة تكون متاحة للحكومة الاتحادية بموجب بنود هذا القانون ولجميع الاقاليم والمحافظات الاخرى المنتجة لمنفعة الشعب العراقي منسجمة مع السياسة الاتحادية للعراق والمتفق عليها في مجال التوزيع والتصدير.

رابعاً: توفير أية خطوط من شبكة الانابيب التي لها سعة احتياطية لأي شخص يتعامل قانونيا مع النشاطات النفطية في العراق، وللوزير منح الأجازة لمثل هذه السعة وبموجب الشروط الواردة في العقد.

خامساً: اناطة بعض من صلاحياته في العمليات النفطية الخاصة بتكرير وتوابعها الى شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة (ثالثاً) منها كالآتي نظراً لعدم وضوح الفقرة في نص المشروع:

ثالثا: إبداء التسهيلات اللازمة لاستخدام جميع المنشآت المشار إليها في هذه المادة للحكومة الأتحادية ولجميع الاقاليم والمحافظات الاخرى المنتجة بموجب بنود هذا القانون لمنفعة الشعب العراقي منسجمة مع السياسة الاتحادية للعراق والمتفق عليها في مجال التوزيع والتصدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیدەینە موناقەشە ئەگەر کەسێك رەئیەکی لەسەر هەبوو، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکاتن برگەی سێیەم بگۆڕێت بەو شێوەیە کە خوێندیەوە، ئێمەش لەگەڵ جەنابی وەزیر رێککەوتین، کە وزیر بکرێتە وەزارەت (تتولی الوزارة)، هەروەها برگەی پێنجەمیش شەتب بکرێت، واتا برگەی پێنجەم زیادە، ئەوە لە قانوندا ئەو نەصە پێویست ناکات لە نیزامی خۆیاندا هینی دەکەن، لە نیزامی وەزارەتدا دەبێتن، لەبەر ئەوە رێککەوتین لەگەڵی پاشی ئەوەی راپۆرتی لیژنەی قانونی کە ئەوە زیادە بکرێتن، وەزارەت بەو ئیشە هەڵدەستێتن، لەبەر ئەوە دەبێتە (تتولی الوزارة)، پێنجەمیش شەتب دەکرێتن، برگەی سێیەمیش پێشنیاری لیژنەی قانونی لە جیاتی سێیەم بەو صیغەیەی کە خوێندیەوە، کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەوانە, کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من تێبینم لەسەر ئەو ماددانە هەبوو، لەسەر ئەو کەلیماتە ئینگلیزیانەی گوتراوە، هەرچەندە جەنابی وەزیر چارەسەری کردووە لە ماددەی بیستدا، حەقە ئەم موختەسەرانە بە ئینگلیزیەکە بنووسرێت، چونکە ئەمە ئیختیصاری کەلیماتی کوردی نییە، بۆ ئەوەی تێبگەین بزانین چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە، پێم خۆشە وەزیری سامانە سروشتیەکان رەئی هەبێت، لە وڵاتانی دی کە بۆڕی لە ئیقلیمێك دەچێتە ئیقلیمێکی تر، یان لە ویلایەتێك دەچێتە ویلاّیەتێکی تر، ویلایەتەکە پارە وەردەگرێت، بۆ نموونە لە ساڵی 1976ەوە لە ویلایەتی ئالاسکا، لەبەر ئەوەی بۆڕی نەوت لە ویلایەتێك هاتە ئەو ویلایەتە دەستوورەکەیان گۆڕی و پارەیان وەرگرت، پێم خۆشە ئەگەر بکرێت لەو یاسایە جێی خۆی بکاتەوە، چونکە لە ئیقلیمێك بۆ ئیقلیمێکی دیکە زەریبەی ئەرز هەیە، ئەگەر بکرێت ئیزافە بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی پێشتر قسەم هەبوو، بەلاّم جەنابت لە بەشی یەکەمی هەڵتنەساندم، من پێم باشە صەلاّحیەت پارچە پارچە نەکرێت، مادام سەلاّحیات بکرێت بە یەك ماددە، بەلاّم (اولاً وثانیاً)، بەپێی عینوانەکان، مەسەلەن عینوانی یەکەمی ئیجازاتە، عینوانی دووەمی تەکریرە، عینوانی سێیەمی تەشجیعی

ئیستیسماره، عینوانی چوارەمی موئەسەساتە، یەك، دوو، سێ، چوار، ئەویتریش بە (أ و ب و ج) مەعقول نییە، وەکو کتێبی لێ بێت، لەبەر ئەوە باشتر وایە هەمووی بکەین بە یەك مادده، ئەو چوار مادده، ماددەی پێنج و شەش و حەوت و هەشت بکرێت بە یەك مادده (اولاً، ثانياً، ثالثاً)، بەلاّم لە ئەوەلەن فەقەرەیەك (أ، ب، ج) سێ فەقەرەیە، هەروەها ئەوانی تریش، ئەوە پێم وایە جوانترە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دیارە دەمزانی پێشنیارەکەت وایە، بۆیە چاوم لێت نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەوەمان موناقەشە کرد، من خۆم ئەو پێشنیارەی جەنابتم کرد، بەلاّم موافەقەتی لەسەر نەکرا، دیارە زانیتم جەنابت هەر ئەو پێشنیارەی دەکەی, بۆیە ئینتباهم نەکردووە، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (رابعاً) باسی شەبەکەی ئەنابیب دەکات، شەبەکەی ئەنابیب نادرێتە کەرتی تایبەت، هەتا لە یاسای نەوتی عێراق شەبەکەی ئەنابیب لە ژێر دەسەلاّتی حکومەتە، نەدراوەتە کەرتی تایبەت، نازانم لێرە باس دەکرێت (توفير أية خطوط من شبكة الانابيب التي لها سعة احتياطية لأي شخص يتعامل قانونيا)، مانای ئەوەیە ئەوە کەرتی تایبەت دەگرێتەوە، پێم باشە موراجەعەی ئەو خالّە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیەی پێنجەم لادەبرێت، ئەوە شتێکی چاکە، بەلاّم دەقی ماددەکە زۆر بە وردی هاتووەو زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، پشتگیری لێ دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەستکاری نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەلاّم یەك مولاحەزەم هەیە لە دێری کۆتایی، دێڕی سێیەمی ئەوەلەن نووسراوە (لتحسين أستكشاف وإنتاج النفط)، پێم وایە (لتحسين أستكشاف)، ئەگەر (لتطوير أستكشاف) بکرێت باشتر نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تالّەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ماددەیە پێشنیاز دەكەم كەوا بكرێت بە دوو بڕگە بەو شێوەیە: تتولى الوزارة الاشراف على:

اولاً/ تنظيم المنشآت العاملة في مجال العمليات النفطية وبوجه خاص عمليات التصفية والنقل وخطوط الأنابيب ومحطات الصمام وضخ الضاغطات وكل ما ترتبط بها بضمنها جميع المراكز الخاصة بأستكشاف النفط وانتاجه.

ثانياً/ الاشراف على العمليات النفطية الخاصة بالتكرير وتوابعها بما فيها عمليات التصفية، والتخزين والنقل والتوزيع وجميع المنتجات البتروكيمياوية).

بڕگەی سێیەم/ لەڕاستیدا ئەوە پێویست ناكات باسی لێوە بكەین، وەكو دەڵێی تەحصیل حاصله.

هی چوارەمیش/ ئەوە دەبێت لە ئەركی ئەو ئەنجومەن بالآیە بێت، كەوا باسمان لێ كردووە، ئەوە ئەركی وەزارەت نییەو، ئەركی وەزیریش نییە بەتایبەتی.

هی ئەخیریش ئەوەی وەكو پێشنیازتان كرد، ئەوە پێویست ناكات، كەواتە ئەو ماددەیە بكرێت بە دوو بڕگەی یەكەم و دووەم، ئەو كاتە لێیگەڕێن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو شتەی بە نووسین نووسیووتە بینێرە بۆ جەنابی وەزیر, بزانێت بەراوردی بكاتن لەگەڵ ئەوەی خۆی, دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هێشتا لە فەسڵی چوارەمین، بۆیە ئەگەر بكرێت عینوانی فەسڵەكەش پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە, مادام وایە وەزیر و وەزارەت هاتە ناو مەسەلەكەوە, بڵێین مەهامی وەزارەت و وەزیر، یان هەر بە تەنها مەهامی وەزارەت بێت عینوانەكەی، ئینجا بێین ئەوەكانی تر ئەوە زەرورییە، بەنیسبەت ئەم ماددەیەوە، من پێم وایە ئەم ماددەیە دەبێت پێخەفاف بكرێت لەگەڵ ئەو ماددەیەی كەوا دەنگمان لەسەردا، ئێستا ماددەی پێنجەم، چونكە هێشتا لەناو بابەتەكە داین، چونكە ئەمەیان وەكو جەنابیشت پێشنیارت كرد، جەنابی وەزیریش موافەقەتی كردووە، ئەمە ببێتە مەهامی وەزارەتەكە, مادام بوو بە مەهامی وەزارەت نابێت بكەوێتە بەینی مەهامێكی وەزارەت و مەهامێكی وەزیر، یەعنی گۆڕانكاری لە ژمارەكەی بكرێت.

بەنیسبەت عینوانەكەشی لەگەڵ ڕێزمدا، یان دەبێت ئەو عینوانە دەستكاری بكرێتن یان هەر لابدرێت, بەشێوەیەكی تر بڵێین لە جیاتی ئەوەی بڵێین (المنشآت والنشاطات وعمليات التكرير وتوابعها)، بڵێین (فيما يتعلق بالمنشآت والنشاطات و عمليات التكرير وتوابعها)، چونكە مەهامی وەزارەت (فيما يتعلق) ئەو وەختە دێت، یانیش بڵێین (يتولى الوزير فيما يتعلق بالمنشآت والنشاطات وعمليات التكرير وتوابعها)، یان عینوانەكە نەمێنێت، ئەگەر عینوانەكە ما بڵێین (فيما يتعلق بالمنشآت والنشاطات و عمليات التكرير وتوابعها)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر وشەی (توفیر) لە دوو شوێن هاتووە لە (ثالث و رابع) پێم باشە بكرێت بە تەتویر، لەبەر ئەوەی تەتویرەكە مانایەكی جوانتر دەبەخشێت، واتا مانای تەوفیرەكەش دەگەیەنێت، فەقەرەی پێجەمیش پێم باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵی دووەمدا غەڵەتێكی لوغەوی هەیە، چونكە دەڵێت (التنظيم والاشراف على جميع العمليات النفطية الخاصة بالتكرير وتوابعها متضمنا التصفية، التخزين، النقل، التوزيع لجميع المنتجات البتروكيمياوية)، چونكە ئەمەی كە دەكرێت هەمووی تۆ بۆچی دەكەیت بۆ (المنتجات البتروكيمياوية) كە لە نەتیجەی عەمەلیاتی نەفتییە، ئەمە یەك.

دوو/ ئەمەیان پرسیارە بۆ بەڕێز وەزیر دەڵێت (توفير أية خطوط لشبكة الانابيب التي لها سعة احتياطية لأي شخص يتعامل قانونيا مع النشاطات النفطية في العراق، وللوزير منح الأجازة لمثل هذه السعة وبموجب الشروط الواردة في العقد)، پرسیارەكەی من لێرەیە تەبعەن ئێمە ئەوە دەزانین لەناو كوردستاندا شەبەكەی ئەنابیبمان نییە، واتا خوتوتی ئەنابیبمان نییە، كەواتە وەزیر چۆن تەوفیری ئەو شەبەكەیە دەكات و مەنحی ئیجازەش دەكات، بەس ئەوەم بۆ روون بێتەوە من مەمنون دەبم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو شاشەیە هەر ئایەتی قورئانی لێ دەدات، نازانم مەبەست چیە لە لێدانی ئەو ئایاتەی لێ دەدرێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی پێنج كە باس كرا لە بیدایەتەوە كە لابرێت، بەنیسبەت شەریكەی نەوتی كوردستان، من دەبینم زۆر زۆر گرنگە، بۆ هەرێمی كوردستان شەریكەی نەوتی خۆی هەبێت و سەركەوێت و

سەرکەوتن بەدەست بێنێت، چونکە ئەگەر فەرز نەبێتن لەسەر وەزارەتی نەوت, لەسەر ئیقلیم کە هەندێك لە کارەکانی پێ بدات، لەوەیە لە مونافەسە لەگەڵ شەریکاتی تری عیملاق نایەتە پێشەوەو شکست بێنێت و دەربچێت لە مەیدان، لەبەر ئەوە بۆیە من پێشنیار دەکەم بمێنێت و فەرزیش بکرێتە سەر وەزارەت، هەندێك کارەکانی خۆی پێ بداتن، راستە شەریکات بەرامبەر وەزارەت فەرقی نییە, بەڵام ئەمە شەریکەی نەوتی کوردستانە، شەریکەی نەوتی کوردستان دەبێت هەمان بێتن, دەبێت سەربکەوێت، ئەگەر لە بیدایەتیش کەمێك زەرەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەزیر پێشنیاری خۆیەتی کاك دکتۆر کەمال، فەرموو کاك دکتۆر ئاشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەشاریع و خوتوتی ئەنابیب و ئەمانەمان نییە, بەڵام تەوەقوعمان هەیە لە موستەقبەل دەبێت، ئەگەر پارێزگاری ئەوە بکەین لێرە بە چ شێوەیەك تەعامول دەکەین لەگەڵ شەریکاتی خارجی، کە بێنە ئێرە، بە چ شێوەیەك تەعامول دەکەین لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، ئەگەر پێویست بکات ئەوان مەسەلەن نەوت نەقل بکەن لێرەوە لە رێگای (پای برامیکی) تازەوە, مولاحەزەیەکی تریش بۆ ئەوەی (پای پلاینگ) قیتاعی خاص نەبێت حکومی بێت بەسەر چاو خۆ ئەگەر ملیۆن دۆلارێکت هەبێت لە یەك ساڵدا سەرفی بکەیت بیکە، بەڵام ئێمە حکومەتی هەرێم ئەو پارەیەمان نییەن دەبێت تەشجیعی قیتاعی خاص بکەین، ناتوانین ملیۆن دۆلارێك دانێین، ئێمە دەتوانین زەمانی خۆمان بکەین بە (رۆیلتی) و ئەو شتانە پارە پەیدا بکەین، ناتوانین بچین ئیستیسمار بکەین، کە خەڵکی تر دەتوانێت بە ئاسانی و بە خێرایی بیکەن بۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال رەدێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە، بەس بە حەقیقەت دەبێت ئێمە لە بیدایەتی رێگاین ئیش بکەین، بۆ ئەوەی ئەساسێکمان هەبێت بۆ شەریکەی نەوتی کوردستان، ئەمە یەك.

بەنیسبەت خاڵی سێ/ ئەسڵەن ئەو لازم نییە، یەعنی خاڵی سێ پێویست ناکات، ئێمە تەعامول دەکەین، بەس پێویست ناکات ئەوەندە زۆر لەگەڵ شتەکانی حکومەتی ئیتیحادی لێرە فەرزی بکەین لەسەر خۆمان، چونکە ئەوان ئێستا بەپێی مەعلوماتی من هەمە شەریکەی سۆما هەیە کە تەسویقی نەوت دەکات، تەنها لە نەوتی بەسرە سێ ملیۆن دۆلارو نیویان دزیوە، لە نەوتی کەرکووك یەك ملیارو نیویان بردووە، ئێستا بیهێنینە ئێرە ماڵی ئێمەش خراپ دەکات، بۆیە ئەو خاڵە زۆر زەرور نییە، ئەگەر بە هەند وەریبگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی سێیەم من بە عەکسی دکتۆر کەمال دەڵێم، هیچ غەیری ئەوەی کە یەعنی با بە سەراحەت بڵێینەوە ئینشائییە، ئیئتمانیشە، ئەوانی تر هەمووی لە دەست خۆت دایە، یەعنی ئەوەی پێشنیاری لیژنەی یاسایی، یان ئەوەی خۆی دەبێت یەکێك لەوانە، یان ئەوەی خۆی، یان ئەوەی لیژنەی یاسایی شتێکی تێدا بێتن، بۆ ئەوەی ئێمە نیشان بدەین، کە ئەوە لە زیمنی دەستووری عێراقەو لە زیمنی دەسەڵاتی خۆمانە، بەلاّم ئەوە ئەرکێك ناکاتە سەر خۆمان، ئەگەر ئەو خاڵە چ ئەرکێکی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەو وەختی ئەوە موناقەشە بکە، ئەگەر هەیە جەنابی وەزیر بۆمان شەرح بکات.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکمان هەیە ئەمە زۆر راستە، یان فەقەرەکە دەڕوات من تەئیدی ناکەم، دەتوانین ئەوەی (والمتفق علیها)، دەتوانین بڵێین (من قبل مجلس الوزراء ومن قبل مجلس الاقلیم)، یەعنی ئاشکرایە کە ئیتیفاقێك دەبێت ببێت، ئینجا دەتوانی تەسهیلاتەکە بکەی، لەجیاتی ئەوەی لایبەین، ئیزافەی بکەین (والمتفق علیها من قبل مجلس الوزراء ومن قبل مجلس الاقلیم)، ئینجا ئەو وەختە پێشنیاری ئێمە موفاوەزات دەبێت، یانیش بڕیاری لەسەر دەدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(والمصادقە علیها)، (والموافقە علیها)، نەك (والمتفق علیها)، (من قبل المجلس الاقلیمی)، ئەوە باشە، لێرە وەزیریش پێشنیاری کردووە شەتب بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان کرد لایبەین، چونکە ئەم دەسەلاّتانە بەشێکی بە دەست وەزیر نییە، یان بەدەست وەزارەت نییە، یەکسەر بۆ شەریکەکەیە، لەبەر ئەوە باسی ئەم شتانە دەکەین لەسەرەوە، ئەم سەلاّحیاتانە بدات بە شەریکەکە، ئەوە دەتوانێت بە ئیتیفاقی موستەقبەلی بیکات، پێویست ناکات لێرە داینێین، چونکە صیغەی قانونەکەمان گۆڕی، ئەوەی کە سوڵتەکە لەکوێیە، کێ بڕیار دەدات، لەبەر ئەوە ئەم فەقەرەیە بڕوا ناکەم پێویست بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر پێشنیارەکەتان، راستە لە ماددەی دوازدە دەڵێت (تؤسس شرکة)، تۆ هێشتا شەریکەت تەئسیس نەکراوە بە ماددەی کە سەلاّحیەت دابنێیت، ئەوە بە نیزام بۆ خۆی دەیداتن، لەوێ بە ماددەی دوازدە دروستی دەکەیت، دوایێ بە نیزام سەلاّحیاتەکان دیاری دەکەیت, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەریكات ئەوەی كە ئیشارەتی پێدرا بەنیزام مەهامی خۆی دیاری دەكات، كە هەیكەلی تەنزیمی خۆی دیاری بكاتن ناتوانێت لە نیزامدا بڵێت دەسەلاّتی وەزیر بەكار دێنێت، بۆیە بە قەناعەتی من نەصەكە لە جێگای خۆی هاتووە، وەزیر بۆی هەیە دەسەلاّت بداتە ئەم شەریكەیە، شەریكاتی عێراقی چ پێش ئازاد كردن، چ پاش ئازاد كردن، ئەو جۆرە دەسەلاّتانەی هەبووە لە وەزیرەوە، چ شەریكاتی نەفتی وەتەنی عێراقی بووە، چ ئەو مەشروعەی ئێستا لەبەر دەستمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من موخالیفم لەگەڵت كاك شێروان، لەبەر یەك شت با جوملەی مەنتق بەكار بێنین، ئێمە لێرە موشەرعین دەیخوێنمەوە من دەنگی بۆ نادەم بۆچی؟ لەبەر یەك سەبەب، دەڵێی (اناطة بعض من صلاحيات في عمليات خاصه بتكرير النفط الى شركة كوردستان لعمليات التكرير)، شەریكە كوردستان بۆ عەمەلیاتی تەكریر كێیە؟ قانونیەن، بۆ ئێمە موعەرەف نییە، نازانم كێیە؟ لێرە بەقانونێك سەلاّحیەت بدە فلان شەخص هێشتا قانونی وەزارەت دوێنێ تەصدیقمان كردووە قانونی نەوت هێن ئەوەمان كردووە، لە ئێستاوە سەلاّحیەت بدەم, هێشتا نەگەیشتینە دوازدەش, یەعنی ئەوە ناكرێتن شەریكەی كوردستانەكە دەبێت لەلای ئێمە موعەرەف بێت قانونەن، ئینجا دەسەلاّتەكەی بدەمێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر تەبیعیە جەنابت رەئیت موخالیف بێتن لەگەڵ ئەندامێكی پەرلەمان، ئەوە شتێكی ئاسایی و تەبیعییە، بەلاّم ئەوەی جەنابت دەڵێی فەیدی ناكاتن ئەگەر لێرەش جێی نەبێتەوە، دەبێت دوای تەئسیسی شەریكەكە ئەم دەسەلاّتەی وەزیر بیداتێ هیچ مانیعمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە ماددەی دواتر هاتووە دەڵێت وەزیر تەنزیمی ئەوانە دەكات، ئەوە مەعقولە (تشكيل وتنظيم الشركات التالية) لەسەری موتەفیق بن دوایی، بەلاّم لەوێ تۆ سەلاّحیەتی بدەیتە یەكێك قانونیەن لەلای ئێمە موعەرەف نییە، فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە رەئی جەنابت دەكەم، لەبەر ئەوەی مەسەلەكە تەحصیل حاصلە، ئەو سەلاّحیەتە جەنابی وەزیر هەیەتی لە قانونی سامانە سروشتیەكان، یەك لە دەسەلاّتەكانی ئەوەیە كە هەندێك لە سەلاّحیاتی خۆی بداتە جێگرەكەی، یان هەر كەسێكی كە خۆی بە پەسندی دەزانێ، هەر كەسێك لێرە دەتوانێت بە شەریكاتیش حیساب بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەكرێت بچێتە ماددەی دوازدە، ئەگەر هەر ئیسرار دەكەن، جەنابی وەزیر چیە كە خۆی پێشیناری كرد كە لابچێت، ئەگەر بچێتە ماددەی دوازدە تەبیعیە، یەعنی لە ماددەی دوازدە دەڵێت (تؤسس شركة كوردستان)، ئینجا لەوێش فەقەرەیەكی بۆ ئیزافە بكەن (اناطة بعض من صلاحيات الوزير الى......)، دەكرێتن، كەواتە ئێستا ئێمە بەپێی ئەو قسانەی كە كرا، یەكەم (المبحث الثاني) نامێنێت، هەروەكو مەبحەسی پێشووش نەما، وەزیر دەبێتە (تتولى الوزارة)، ئەوەی پێنجەم لا دەچێت، دوایێ كە گەیشتینە سەر ماددەی دوازدە باسی دەكەین.

سێیەم/ ئەو هینەی كاك دكتۆر ئاشتی (والمتفق عليها) وای لێ بكەین (والموافق عليها في مجال التوزيع والتصدير من قبل المجلس الاقليمي)، لیژنەی یاسایی دەبێت پێشنیاری خۆی سەحب بكات، ئەگەر موافيقە، باشە لیژنەی یاسایی دەڵێن (والمتفق عليها) راسترە لە موافەقە، لەبەر ئەوەی فەرقی هەیە پێكەوەیە (والمتفق عليها في مجال التوزيع والتصدير من قبل المجلس الاقليمي او مجلس الاقليم في كوردستان)، بڵێی مەجلیسی ئیقلیم كافییە، لەبەر ئەوەی ئێمە گوتمان (تتولى الوزارة)، ئەگەر ئەوەی نەنووسین مانای وەزارەتە، لیژنەی یاسایی پێشنیارەكەیان رەنگە برێك مرونەتێكی باشتری تێدا بێت، لەجیاتی لەوێ دەڵێت (توفير جميع المنشآت)، لێرە دەڵێت (ابداء التسهيلات اللازمة لاستخدام جميع المنشآت اللازمة)، یەعنی ئەوەی كە زەروری بێتن، من پێشنیار دەكەم جەمیعەكەش لابدرێتن (ابداء التسهيلات اللازمة لاستخدام المنشآت اللازمة) جەمیعەكە لابدەن، یەعنی پێشنیاری لیژنەی یاسایی جەمیعەكە لابدرێت (المنشآت اليها في هذه المادة للحكومة الاتحادية ولجميع الاقاليم والمحافظات الاخرى المنتجة بموجب هذا القانون لمنفعة الشعب العراقي منسجمة مع السياسة الاتحادية العراق والمتفق عليها بين الحكومة الاتحادية وحكومة الاقليم)، پێنجەمیش لێرە شەتب دەكرێت، دەچێتە دواتر ئیزافە بكرێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە ماددەی شەشەم لە ئەسڵی پرۆژەكە كە دەكاتە ماددەی هەشت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ئێمە ماددەكەمان خوێندەوە، تەعدیلاتەكانمان خوێندەوە، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هاندانی وەبەرهێنان

ماددەی حەوتەم: وەزیر ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەكەم: هاندانی كەرتی گشتی و تایبەتی بۆ وەبەرهێنانی پرۆسەكانی نەوت، بۆ مسۆگەركردنی هێنانەدی بەڕێوەبەرایەتیەكی كاریگەر بۆ سامانەكانی نەوت لە هەرێمدا، بەجۆرێك بەرزترین داهاتی نەوت لەخۆ بگرێ لە پێناو سوودی گەلی هەرێم و عێراقدا.

دووەم: هاندانی بنیاتنانی هەموو دەزگا نوێیەكانی تایبەت بە پرۆسەكانی پاڵاوتن و پاشكۆكانی، لەوانەش پاڵاوگەو هێڵی بۆڕیەكان، هەركاتێك لەتوانا دابێ لەلایەن كەرتی تایبەت، یان بەهاوبەشی كردنیان.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تشجيع الاستثمار**

المادة التاسعة: يتولى الوزارة:

أولاً: تشجيع القطاع العام والخاص بالأستثمار في العمليات النفطية لضمان تحقيق الادارة الفعالة لثروات النفط في الأقليم على ان تضمن ذلك أعلى العائدات النفطية لمنفعة شعب الأقليم والعراق.

ثانياً: تشجيع انشاء المنشآت الحديثة الخاصة بعمليات التكرير وتوابعها، ومن ضمنها المصافي وخطوط الانابيب، متى ما كان ذلك ممكناً، من قبل القطاع الخاص او بالاشتراك معهم .

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ليژنەی ياسايی لەسەر ئەو ماددەيە هيچ تێبينی نييە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبينی هەيە لەسەر ئەو ماددەيە، فەرموو خاتوو نەسرين.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوت بڕگەی دوو پێشنيارێكم هەيە ئەو پاڵاوگانەی كە بۆ نەوتەكان دادەنرێت، دەبێت لە شوێنێك دابمەزرێن تاكو ژينگە پيس نەكات، ئێستا نموونەمان هەيە هەندێ كارگەمان هەيە لە هەندێ شوێندا ژينگەی پيس كردووە، يەعنی هەوڵ بدرێت ئەوانە لە شوێنێك دابنرێت ژينگە پيس نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنيا من يەك تێبينيم هەيە لەجياتی ئەوەی (يتولى الوزير) بكرێت بە وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منيش هەمان تێبينيم هەيە كە بكرێتە وەزارەت، چونكە بەڕاستی بانگەشە كردن هی وەزير نييە، هی وەزارەتە، هەر كەسێك دەتوانێت ئەو بانگەشەيە بكات، هی ئەو دوو خاڵە بكات، هەروەها جێگۆڕكێ بە

ماددەکە بکرێت، چونکە ئەمە مەهامی وەزارەتە، کە بکرێت بە مەهامی وەزارەت، دەبێت جێ گۆڕکێ بە ماددەکە بکرێت، ئەوەی پێشووش دەبوایە جەنابت بتگوتبایە  جێ گۆرکێی پێ دەکرێت، چونکە با نەکەوێتە نێوان مەهامی وەزارەت و وەزیرەوە، ئەمەش هەمان شتە ئەو مەهامەی کە بۆ وەزیر پەسندمان کرد، ئەوە دوای ئەو مەهامە بێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کە وتت (تتولی) یەعنی مەهام، جەنابی وەزیر لەسەر ئەوەش موافیقە کە بکرێتە (تتولی الوزارە)، بەڵام دەبوایە ئاماژەی پێ بکەین، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەوە دەکەم دکتۆرە هالە باسی ئەوەی کرد، کە خوتوتی ئەنابیبی رەئیسی، وابزانم ئەوە ستانداردتێکی جیهانیە، کە موڵکداریەتی ئەوانە هی حکومەتی هەرێمە، یان حکومەتی ئەو وڵاتەیە کە ئەوەی تیا دەکرێت، لێرە باس لەوە دەکات کە لەگەڵ کەرتی تایبەتدا هاوبەشی بکرێت بۆ ئەوە، من حەز دەکەم جەنابی وەزیر روونی بکاتەوە، مەبەستی کامە، بۆڕیە رەئیسەکانیش دەگرێتەوە، یان نا؟

دووش/ من پێشنیار دەکەم ئەو مەنشەئات و مەسفایانەی، کە لە کوردستاندا هەن پێشتر، لێرە ئیشارەت بەوانە بکرێت، کە ئەوانە ئەگەر خارجی بڵێین تەعلیمات و بەگوێرەی شروتی پێویست بێت، چونکە بەڕاستی دیاردەیەکی زۆر ترسناك سەری هەڵداوە لە کوردستان، کۆمەڵێك مەسفای موتەجەول لە هەر سێ پارێزگاکەی کوردستاندا دانراوە، ئەمانە لە کوێ تەجهیز دەکرێن نەوتی خاو.

سێ/ لەگەڵ رێنماییەکانی شروتەکانیدا نین کە لە کوردستاندا، هەم بیئە پیس دەکەن، هەم نەوعیەتی ئینتاجەکەشیان ئەوە نییە، من حەز دەکەم بە شتێك ئیشارە بەوە بکرێت، کە ئەوانە یان هەڵبوەشێن، یان ئیلغا بکرێن و نەهێڵن، یان مەرجی پێویستیان بۆ دادەنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو شتم هەبوو، یەکەمیان/ تەئیدی دکتۆر نوری و دکتۆر ناصح دەکەم هەمان مولاحەزەم هەبوو.

دووەم/ تەئیدی ئەوەی کاك بارزان دەکەم یەکەم مەسەلەی ئەو بۆڕیانەی کە نابێت بدرێتە کەرتی تایبەت، بەڵام من پێشنیارەکەم ئەوەیە لە دوای فاریزەکە هەر کاتێك لە توانا دەبێت لە لایەن کەرتی تایبەت، یان بە هاوبەشی کردنیان لابرێت، چونکە ئەمە هاندانە، چ پێویست دەکات ئەو ناوە بێت لێرە، من پێم وایە لە دوای فاریزەکەوە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەی دکتۆر ناصح و دکتۆر نوریم، بەلاّم من ڕەئیەکی تریشم هەیە، مادام یەکەم جارە لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسایە بەو هەمووە قورساییە موناقەشەی لەسەر دەکرێت و دانیشتنی بۆ ساز دەدرێت، لێرەش شەریکە موستەسمیرەکان بە تەوژمێکی گەورە دێنە ناو ئەو بوارە، لە زەمەنی عەولەمەیە هەموو لایەکی گرتۆتەوە، من وا پێشنیار دەکەم ئەگەر پالاّوگەکان بدرێنە کەرتی تایبەت بەوەش قەیرانی سووتەمەنی کەم دەکرێتەوە، چونکە ئێمە لە قەیرانێك داینە ئێستا بەو هاوینە، یەعنی خەڵکەکە وا دەناڵێنێ بۆ سووتەمەنی، ئەگەر بێتو پالاّوگە بدرێتە کەرتی تایبەت، بەلاّم لە هەمان وەخت وەزارەت سەرپەرشتیان بکات و بەنرخی بازاڕ بیفرۆشێتەوە هاوولاّتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکەی کاك بارزان دەکەم، بوونی پالاّوگەی بچووك زەرەرێك دەدات لەو شتانەی کە ئێمە دوو ڕۆژە باسی لێوە دەکەین لە ئینتاج و لە ژینگەو ئەوانە، دەتوانین ڕێگە بگرین لەوەی کە بلێین (حسب التعليمات التي تصدر من الوزارة)، چونکە لە دوای ئەم یاسایە وەزیر کۆمەڵێك تەعلیمات دەردەکات، ئیجازە بە کۆمەڵێك شروت دەدات، یەعنی شروتەکانیش دەردەخات، ئەگەر ئەو ئیزافەیە بکەین (حسب التعليمات التي تصدر من الوزارة) ڕێ لەوە دەگرین، ئەو پالاّوگە بچووکانە ئەو کارە خراپە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو وشە هەیە، پێم خۆشە پێشنیار دەکەم بگۆڕدرێن، یەکیان/ (لضمان تحقيق الادارة الفعالة لثروات النفط)، من پێم باشە بکرێت (لصناعة النفط)، لە جیاتی سەرەوات, صناعەت بێت، چونکە هێشتا پێم وابێت سەرەواتەکە بەردەست نەبووە, ئێستا پێویستی بە صناعەت هەیە.

دووەم/ (ومن ضمنها المصافي وخطوط الانابيب متى ما كان ذلك ممكناً)، ئەو (متى)یە پێم وایە بکرێتە (اين) باشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو هەموو مەبحەسی سێیەم تەشیجیعی ئیستیسمار, شتێکی زیاد بوو، دەکرا ئەو دوو بڕگەیە ئیزافە بکرێت لەسەر ماددەی شەش، بەلاّم بە هەر حاڵ ئەوە هاتووە ڕێزی لێ دەگرین.

دوو/ پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە وەزیر کراوەتە وەزارەت، لەبەر دوو سەبەب، یەك/ زۆر جار وەزیر تەخویلی مەهامەکانی, سەلاحیەتی خۆی دەکات، بۆ بریکار، بۆ مودیر عامێك، ئەو کاتەی کە دەڵێی وەزارەت قانونی ترەو فراوانترە، زۆر جاریش وەزارەت وەکو وەحدەیەکی موتەکامیل ئیشی لەسەر ئەو مەهامانە دەکات، بۆیە زۆر جار ئەوە دەگوترێت وەزیر بکرێتە وەزارەت، پێم وایە لەوانەیە بۆ وەزیریش خۆشتر بێت، ئەوەندە ناوی نەگوترێت.

سێ/ من لێرە پرسیارێك دەکەم، تەشجیعی قیتاعی عام و قیتاعی خاص، ئایا وەزارەت دەیکات؟ یان حکومەت؟ یان دەوڵەتێك؟ یان فەلسەفەی ئەو هەرێمە؟ یان فەلسەفەی ئایدۆلۆجیای ئەو وڵاتە، وەزیر تەنها یەك وەحدەیە، یەعنی تەوەجوهی ئەو وڵاتەی ئەو پێشان دەکات تەشجیعی قیتاعی خاص دەکات، یان عام، بۆیە من پێم وایە دەقیق ترە ئەگەر بڵێین (تلتزم الوزاره ب) ئەوجا ئەوە بێت، یان (تعمل الوزاره علی)، نەك (یتولی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر سێ، چوار مولاحەزەیە، یەکێکیان سەرەواتی نەفتی بکرێتە عەمەلیاتی نەفتی، یان صناعەی نەفتی (تحقیق الفعالة لها)، نازانم تەفسیر بکە سەرەواتەکە راستە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوەی کە پاڵاوتنی کەرتی تایبەتی و ئەوانە، من پێم وایە زاهیرەیەکی موەقتە، لەبەر ئەوەی ئێستاکە پێویستی پێیەتی وهاتووەو ئەگەر چی کەموکوڕییە، دەبێت وەزارەت پێی هەڵبستێتن، من پێم وایە لەبەر رۆشنایی موناقەشەکان، ئەگەر ئەو کەلیمەیە جەمیعەکەی لابرێت، یەعنی جەمیعەکە بۆ هەموو هین نەبێت، وەزارەتیش پێی هەڵدەستێت، قیتاعی عامیش دەبێتن، قیتاعی خاصیش دەبێتن، کە تۆ بڵێی (جمیع المنشآت من قبل القطاع الخاص)، مانای وایە تۆ هیچ رێگا ناهێڵیت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ ئەوەی موشکیلەی کوردستان حەل بکەین، تەقریبەن چوار ملیۆن دۆلارمان دەوێت، بۆ ئەوەی سەد، سەدو پەنجا هەزار، دوو سەد هەزار بەرمیل رۆژانە تەکلیف بکەین، پای پلاین لە سلێمانیەوە بۆ حدودی تورکیا ملیۆن بەرمیلە تەقدیری ئێمەیە، تەقریبەن ملیارێك دۆلاری دەوێت، حکومەت دەتوانێت بەشدار بێت بە بڕیاری پەرلەمان، بە بڕیاری مەجلیسی وزەرا، بەڵام تۆ دەبێت ئیعتیماد بکەیتە سەر قیتاعی خاص، ناتوانیت ئەو ئیشانە بکەیت بە سەراحەت، جا لەبەر ئەوە ئیشراك مانای ئەوەیە حکومەت حەقی هەیە بەشدار بێت، دەتوانێت لە 50٪ بکات، دەتوانێت لە 10٪ بکات، دەتوانێت لە 25٪ بکات، ئەمە مەبادیئە لێرە تەفاصیل نییە، ناتوانی تەفاصیلە کە هەمووی بە عەقد دەکرێت و دەچێت بۆ مەجلیسی وزەرا لەوێ بڕیار دەدرێت، بەس مەبادیئە وەکو چوارچێوەی چۆن ئیش دەکەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی هاوبەشی کردن زۆر خەتەر و زۆر قورسە، هاوبەشی کردن نابێت لە سەروەتەکەدا بێت، هاوبەشی کردن دەبێت لە ئیزافەیەکی ربح بێت بۆ سەر ئەو سەرمایەی کە شەریکە بەکاری دەهێنێت، مەسەلەن شەریکەی برینۆ بەکاری دەهێنێت لێرە دەبێت لە 9٪ و 10٪ و 18٪ نازانم چەند دەدرێت، نابێت شەریك بێت لە نەوتەکە، هاوبەشی کردن ئەوە نابێت، لە بۆڕیەکەشدا نابێت، لە قانونی عێراقیشدا دەرچوو بۆ مەسافین, بەلاّم دەکرێت بەپێی ئەسعاری عالەمی ئەو منحەی کە دەدرێت بە شەریکە هاوبەشی کردن زۆر خەتەر دەبێت، دەبێت زۆر دیراسە بکرێت، ئەگینا دەبێت بە شەریك لە سەروەتەکە، دەبێت لە ربحدا بۆ سەرمایەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك تەوزیحم هەیە، بەنیسبەت قسەکانی جەنابی وەزیر هەموو عەمەلیاتی نەفتی بدرێتە کەرتی تایبەت زۆر تەبیعییە، بەلاّم وەزارەت بە یەك شت دەتوانێت کۆنترۆلیان بکات بە شەبەکەی ئەنابیب، یەعنی قیتاعی خاص بە هیچ کۆنترۆل ناکرێت، تەنها بە شەبەکەی ئەنابیب، ئەوە بۆ بەهێز کردنی وەزارەتە، بۆ بەهێز کردنی دەسەلاّتی وەزیرە، ئیقتیصادی ولاّتیش بەوە کۆنترۆل دەکرێت، نازانم جەنابی دەڵێت ئەو ئیقتیصادەمان ئەمڕۆ نییە، ئەکید سبەی دەمانبێت، ئەوە ختوەیەکی بەعیدی مەدایە بۆ ئەمڕۆ نییە، ئەوە تەفسیر نییە، کە ئەمڕۆ ئێمە ئەو ئیمکانیاتەمان نییە شەبەکەی ئەنابیبمان هەبێت، دەبێت هەموو دەسەلاّتمان بدەینە کەرتی تایبەت، دەکرێت ئێمە قروز لە بنوکی دوەلی وەربگرین, حلولی ترمان هەیە، بەلاّم بڵێین ئیقتیصادمان نییە، ئەوە بۆ ئەمڕۆیە بۆ موستەقبەل نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە لەسەر ئەنابیب.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەحمەتە، تەبعەن ئەمە بڕیاری حکومەتە هەموو مەشروعێك دەچێتە مەجلیسی وزەرا، دەچێت بۆ لیژنەی ئیقلیم، ئەو بڕیار دەدات، ئەگەر مەنفەعەتی ولاّتەکە بێت بڕیار دەدات، مەنفعەی حکومەت هەمووی خۆی ئیستیسمار بکات، خۆمان نایکەین، بەلاّم ئەمە چی دەداتێ چوارچێوەیەکت دەداتێ، کە دەتوانی تەعاون لەنێوان قیتاعی خاص و قیتاعی موشتەرەك بکەیت، قیتاعی حکومی بکەیت، ئەوە مەجالت دەداتێ، بە قانون دەڵێت ئەم شتانە هەمووی دەتوانیت ئیشی لەسەر بکەیت، بەلاّم ئەگەر بڵێی ئیشتیراك نابێت، تۆ لە بیدایەتەوە بڕیارت داوە کە حکومەت ئیحتیکاری هەموو شتێك دەکات، نابێت شتی وا هەبێت، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارەکەی خۆم ئەو کەلیمەی جەمیعەکە لاببەن و شەتبی بکەن، زۆر شت حەل دەکاتن، زۆر مولاحەزاتان بەجێ دەگەیەنێتن، لەبەر ئەوە دەرگا دەکاتەوە ڤیتاعی عامیش بۆ خۆی هەیبێتن، کەواتە جەمیعەکە لادەچێت (یتولی الوزیر)، دەبێتە (تتولی الوزارە)، کاک بارزان چی بوو.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە عێراقدا ئەو ئەنابیبی رەئیسی مولکی شەریکەی نەوتی وەتەنی عێراقیە، باشە ئەم نەوتەی ئێمە بڵێین بۆ تەصدیر، ئەوە لە تەفتەفەوە بۆ تورکیا، ئەمە عێراق رازی دەبێت لەسەر ئەوەی مولکیەتی کۆمپانیا، ئەمە تەزاروب ناکات لەگەڵ ئەوە، خۆ ئێمە لە 17٪ی هی هەرێمی کوردستانە، لە 83٪ی هی مەرکەزە، ئەمە نەوعێك لە تەزاروب دروست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی زۆر تەفسیلات هەیە ئێمەش لێرە فێر بووینە، قانونی نەوت, پرۆژە قانونێکە لە بەغدا هێشتا نەچووە، دەچێتن ئیتیفاقی لەسەر کراوە لەنێوان هەردوو حکومەت و ئەوانە، تۆ کە موستەسمیرێك دێتن چەند مەرحەلەیەکی هەیە، یەکەم/ عەقدێك لەگەڵ وەزارەت ئیبرام دەکاتن، دەبێت موصادەقەی مەجلیسی هەرێمی لەسەر بێت، دواتریش دەچێتە مەجلیسی ئیتیحادی لە بەغدا، بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کە دایانناوە بۆ ئەو عقودانە تەماشای دەکاتن، ئەگەر خیلافی هەبێت ئیعتیراز دەگرێتن، کەواتە ئەو عقودانە هەمووی بەو فلتەرانە دەڕۆن، ئەو ئینسانەی کە نەوتی تازە دەردەهێنێت، شەرت نییە ئیلا بە سەیارات نەقلی بکاتن، ئەگەر ئەنابیب نەبێتن، داوا بکاتن ئەنابیب دروست بکاتن، ئەوە ئەنابیب بە شروت دەبێتن، بە عەقدێك دەبێتن، مولکیەتی دەنووسرێت، مومکینە پێنج ساڵی دیکە، دە ساڵی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بەڵام تۆ لێرە بڵێی نابێت دروستی بکەیت، خۆشت قودرەتت نەبێت ئەنابیب دروست بکەیت، ئەی ئەو نەوتە چۆن نەقل بکات، ئەوە هات نەوتەکە زۆر بوو، لەگەڵ تۆ ئیتیفاقی کردووە، دەڵێت من دەمەوێت ئەنابیب دروست بکەم، نە تۆ دەتوانیت دروستی بکەیت، نە رێگا دەدەیتە ئەو پرسی بکاتن، ئەوە ناکرێت، بەڵام دروست کردنەکەی لەبەر رۆشنایی پرەنسیپێك دەبێتن، کە لەم قانونەو لەگەڵ قانونی دەستووری عێراقدا، لەگەڵ قانونی نەوتی عێراقدا هەمووی گونجاوە یەك لە دوای یەك دەبێت، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بەو دوو گۆڕانکاریەی کە کردمان، یەعنی جەمیعەکە شەتب کرا, وەزیرەکە دەبێتە (تتولی الوزارە)، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی هەشت کە بۆتە ماددەی دە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێکخستنی دەزگا گشتیەکان

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: وەزیر ڕێکخستنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:**

**أ- کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنان (KEPCO).**

**ب- کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC).**

**ج- کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت (KOMO).**

**د- کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالأوتن و پاشکۆکانی (KODO).**

**دووەم: بۆ ئەنجومەنی کارگێڕی هەر کۆمپانیایەکی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، پێڕەوێکی تایبەت بەخۆی دەربکات، کە هەیکەل و ڕێکخستن و دەسەلأتەکانی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە خۆی بگرێ.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای دیکە بکات بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت و پالأوتن، هەروەها خزمەتگوزاریەکانی کڕین بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت بەشێوەیەکی کاریگەر.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تنظيم المؤسسات العامة**

**المادة الثامنة/**

**اولاً: تتولى الوزارة تنظيم المؤسسات التالية:-**

**أ- شركة كوردستان للإستكشاف و الإنتاجِ (KEPCO).**

**ب- شركة كوردستان الوطنية للنفط (KONO).**

**ج- شركة كوردستان لتسويق النفط (KOMO).**

**د- شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها (KODO).**

**ثانيا: لمجلس إدارة كل شركة مذكورة في الفقرة/ أولاً من هذه المادة إصدار نظام خاص بها يتضمن هيكلها وتنظيم صلاحياتها وكيفية أداء مهامها.**

**ثالثا: للوزير إقتراح تأسيس شركات أخرى لأستكشاف وتطوير وإنتاج النفط والتكرير وكذلك خدمات الشراء والتجهيز لتسهيل إدارة العمليات النفطية بصورة فعالة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا یەك نوقتە هەیە، ئەویش جەنابی وەزیر موافیقە، ئەویش ئەوەیە موئەسەسات نییە، شەریكاتە (یتولی الوزیر تنظیم الشركات التالیة).

دووەمیش/ من خۆم داواكارم بزانم ئەو شەریكاتانە هەر چواریان هەن، ئێستاكە، چیە بودجەیەكمان بدەنێ، یان دەتوانن دروستی بكەن، تۆزێك شەرح بكەن، كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لە خاڵی یەكەم/ ئەم كۆمپانیایە دامەزراون، یان دانەمەزراون، چۆن چۆنی دادەمەزرێن.

دوو/ لە بڕگەی سێیەمدا دەڵێت (للوزیر إقتراح تأسیس شركات أخرى)، یەعنی وەزیر هەندێ كۆمپانیای تر پێشنیار دەكات كە دادەمەزرێنێ، ئایا ئەم كۆمپانیایەی سەرەوە لە بڕگەی یەكەمیشدا هەر وەزیر پێشنیاری كردووە، یان چۆن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئاخیر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ماددەی هەشتەم ببەینە جێگای ماددەی نۆیەم، ماددەی نۆیەمیش بێنینە جێگای ماددەی هەشتەم، لەبەر ئەوەی لێرەوە شەریكات دروست نەكراون، یەكسەریش دەڵێت وەزیر، یان وەزارەت (تتولى)، ئەگەر جێ گۆڕین بكرێت، پێم وایە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناتوانین وا بكەین، چونكە ماددەی هەشتەم مەبادیئی شەریكەكان دادەنێت (نۆ و دەو یازدەو دوازدە) یەكە, یەكە باسیان دەكات، ناتوانین وای لێ بكەین، دەبێت ئەوە لە پێشەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە، یەكەم/ لە شوێنی وەزیر وەكو ئەوانی تر وەزارەت ئەمانە رێك دەخات.

دووەمیش/ بەڕاستی كۆمپانیایەكان هەرچەندە دانەمەزراون، بەڵام ئێمە بە حەجمی قەوارەی پرۆسێسی نەوتی خۆمان بزانین، كۆمەڵێك شەریكات كە دادەنرێت لە لای ئێمە, یەعنی دامەزراوە دانانی بیناو كادیرو

ئەوانە، تاکو ئێستا لە عێراق و زۆربەی وڵاتانی تر کۆمپانیایەکی نیشتمانی ئەو وڵاتە هەیە، ئەوانی تر وەکو بەش تێدا ئیش دەکەن، ئێمە حەجمان چەندە، کە بەشێکین لە فیدراڵ تا بێین کۆمەڵێ دەزگای تر، منیش قەناعەتم وایە بەشێك لە گەندەڵی دروست دەکات، کۆمپانیایەکی نیشتمانیمان هەبێت، دوایی ئەو بەشێکی لێ ببێتەوە، بەپێی نەشاتەکان و بەپێی ئیختیصاصەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەمەزان نوقتەیەکی فەنییە، یەعنی باسیش کراوە، بۆ شەریکەیەکی عام نەبێتن ئەقسامی هەبێتن، بیرێکی لێ بکەنەوە، تاوەکو برادەرانی تریش قسەی لێ دەکەن، یەعنی فیعلەن چوار شەریکە، چوار موئەسەسە، چوار رەئیس یەك شەریکەی وەتەنی هەبێتن و ئەقسامی هەبێتن، یەکێك بۆ تەکریر، یەکێك بۆ تەسویق، یەکێك بۆ ئیستیکشاف، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو رایە دەکەم، بەڕاستی یەك کۆمپانیا هەبێتن بەناوی کۆمپانیای کوردستان، باقیەکەی تر فەرعی هەبێت بۆ ئەو ئیشوکارانەی تر، بۆ پشکنین و بۆ هەناردن و بۆ پاڵاوتن و ئەوانە، لە بڕگەی دووەمدا ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیایەك بۆی هەیە پەیڕەوی ناوخۆی هەبێت، بە رەئی من ئەو پەیڕەوی ناوخۆ بە رەزامەندی وەزارەت بێت، چونکە رەنگە بەم دوو خاڵەکانی خاڵی وای تیا بێت پێچەوانەی سیاسەتەکانی وەزارەت بێت، چونکە ئیشەکەی هەیکەل و رێکخستن و دەسەڵاتەکانی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان لەخۆ دەگرێت، لە بڕگەی یەکەمدا وەزیر کۆمپانیایەکان رێك دەخات، لێرە قسە لەسەر هەیکەل و رێکخستن و ئەرکەکانی دەکات، بڕگەی سێیەم/ پێم باشە لە کۆتاییەکەیدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (دوای بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەنجومەنی هەرێم بۆ نەوت و گاز)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی هەشتەم لە خاڵی (ب) لە بڕگەی یەکەم کە نووسراوە کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت، لە عەرەبیەکەش نووسراوە (شركة كوردستان الوطنية للنفط)، بەڕاستی من ئەوەی زۆربە رەکیکی دەبینم، بکرێتە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کوردستان، خصوصیەتی نەوتی کوردستان زیاتر بەدەردەخات، بڕگەکانی تر هەموو بکرێن بەشێك لەو کۆمپانیایە، ئەوە کۆمپانیای دایك بێتن، واتا کۆمپانیای سەرەکی بێتن، کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کوردستان، بەنیسبەت بڕگەی سێیەمەوە، کە باس لەوە دەکات (التجهيز لتسهيل إدارة العمليات النفطية) بکرێتە (ادارة عمليات الصناعة النفطية)، پیشەسازی نەوتەکان لە پاش پرۆسەکان زیاد بکرێت، پرۆسەکانی پیشەسازی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رام هەیە، ئەو موئەسەساتانە، ئەو هەموو شەریکاتانە کە بەڕاستی زۆر زیادە، پێم وایە شەریکەیەك هەبێت و تەوابعی هەبێت و ئەقسامی ئەوانە بێت.

نوقتەی دووەم/ بەڕاستی دامەزراندنی ئەم شەریکاتانەو تەنزیم کردنیان پێویستی بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دووەم هاتووە، کە دەڵێت ئەنجومەنی کارگێری دەبێت و باسی سەلاحیاتی دەکات، پێم وایە سەلاحیاتی ئەو شەریکەیە گرنگە، پێویستە مەجلیسی ئیقلیمی پێی ئاگادار بێت بە قانون دیاری بکرێت، سەلاحیەتی دیاری کردنی سەهمی هەیە، ئینتاجی هەیە، ئەوانەی هەیە، پێویستە ئەوە گرنگی پێ بدرێت، نەك ئەنجومەنی کارگێری ئەو شەریکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان پرسیاری کاك ڕۆمیۆم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، بەلاّم بە گۆڕینی صیاغەکە (یتولی الوزیر) ببێتە (تتولی الوزارە)، تەنزیمەکەش لابچێت، چونکە قانونێکمان هەیە، قانونی شەریکات لەوێ موعالەجە کراوە، چۆن شەریکات دەکرێت، چۆن تەئسیس دەکرێت، ئەوە ئیشی وەزارەت نییە، یان ئیشی وەزیر نییە، بەنیسبەت فەقەرە سێیەمیش/ ئیزافەیەکی لەسەر بکرێت (بعد موافقه مجلس الوزراء) لە ئەخیری جوملەکە یەعنی (إقتراح تأسيس شركات أخرى لأستكشاف و تطوير و إنتاج النفط والتكرير و كذلك خدمات الشراء والتجهيز لتسهيل إدارة العمليات النفطية بصورة فعالة بعد موافقة مجلس الوزراء)، لەبەر ئەهمیەتی شەریکاتەکە هەتا چوار شەریکەش بێت زۆر شتێکی باشە، لەبەر ئەوەی مەهام و مەسئولیاتێکی زۆری هەیە، شەریکەیەکی موعەیەن ناتوانێت فروعێکی بۆ دابنێت و تەنزیمی بکات، بەلاّم ئەگەر چوار شەریکە بێت زیاتر دەتوانێت کاراتر بێت لە ئیشەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی بەس ئەوە بۆ تەئسیسی شەریکات جیاوازە لەگەڵ شەریکاتی نـەوتی، چـۆن ئیستیسـماری نـەوت قانونەکەش جیاواز دەبێتن، ئەوە بە قانون دەبێت تەشکیل بکرێتن ئەو تەفسیلاتەی تێدا نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی شەریکات، ئێستا دوو قانون دەرچووە لەعێراق، قانونی شەریکاتی عامەو قـانونی شـەریکاتی خاصـە، تەبعەن لێرە لە پرۆژەکە ئیشارەت بەوە دەدات کـە قـانونی شـەریکاتەکەمان شـەریکەیەکی عامەیـە، دەبێـت ئێمـە بگەڕێینـەوە سـەر قانونەکـەی عێراقـی، بـەلاَم کـە ئێسـتا کـاری پـێ ناکرێـت مەشـروعێك تەقـدیمی پەرلەمان کراوە، هەتا ئێستا دیراسەمان نەکردووە، داوایان کردووە کە عەمەل و کـار بکرێـت بـەو قانونـەی کە لە بەغدا دەرچووە، ئەگـەر کـاری پـێ بکـەیت مانـای وایـە موشـکیلەمان نییـە، موعالەجـە دەکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مـن ئـەوەم نـەدیوە موعالەجـەی شـەریکاتی نـەوتی کـردووە لـەوێ، لـەو قانونـەی عێراقـی کـە ئامـاژەی پـێ کردووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناتوانم بە تەئکیدی وەلاَم بدەمەوە، تاکو ئیتیلاَعی لەسەر نەکەم، بەلاَم شەریکەی عامەیـە، کـە لێـرە باسـی شەریکاتی عامە دەکات، دەتوانین موعالەجەی بکەین، نەسەقێکی بدەێنێ لێرە ئیشی پێ بکرێت بە وەزعێك بگونجێت لەگەڵ زروفی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من قەناعەتم وایە ئاماژە کردن لێرە هیچ زەرەرێکی نییـە، چـونکە شـەریکاتی نـەوتی تێبکـەین، شـەریکاتی تیجاری، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵ هەیە دەمەوێت روونی بکەمەوە، قانونی شەریکاتی تیجاری لەسـەر شـەریکاتی نـەوتی تـەتبیق ناکرێـت، چـونکە شـەریکاتی نـەوتی تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، ئـەو مەشـروعەی قـانونی عێراقـی کـە خوێندتەوە بەم شێوەیە داڕێژراوە، ئەمە یەك.

دوو/ من دەبینم دوای تەئسیس کردنی مەجلیسی ئیقلیمـی بـۆ نـەوت و گـاز تێکـەڵ و پێکەڵییـەك دروسـت بووە لەناو ئەو قانونە، لەلایەك وەزیر بۆ وەزارەت بەسەرچاو موشکیلە نییە، وەزیر بێت، یان وەزارەت هیچ ئیشکالی تێدا نییە، بەلاَم ئێمە دەبێت تەنسیقێکی بدەینە ئەو قانونە لەلایەك دەڵێ موافەقـەتی مەجلیسـی وزەرا، یەعنی (42) وەزیر، لـە لایـەك دەڵێن موافەقـەتی مەجلیسـی ئیقلیمـی، لەلایـەك دەڵێن موافەقـەتی

ریئاسـەی مەجلیسی وزەرا، بەڕاسـتی ئـەو تێکـەڵ و پێکەڵیـە و قانونەکـە دەشـێوێنێ، بەقەناعـەتی مـن، بـە پێشنیاری من دەسەلاّتەکان بەم شێوەیە بێتن، وەزیر و وەزارەت هـیچ موشـکیلە نییـە، بـەلاّم زیـاتر بدرێتـە مەجلیسـی ئیقلیمیەکـە، چـونکە مەجلیسـی ئیقلیمیەکـە تەمسـیلی مەجلیسـی وزەرا دەکـات، ئەنـدامانی مەجلیسی وزەڕا هەمووی عوزونە، لەو مەجلیسە لە سەرۆکی حکومەتەوە تا جێگری سەرۆکی حکومـەت تـا وەزیرە پەیوەندیدارەکان هەمووشیان موتەزامینن، ئەو حەلەقاتەکانی دیکە لەو قانونە دەربچێت بۆ ئەوەی قانونەکە تەنزیم و رێکوپێك تر بکرێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم، کە باسی کرد وەزیر بکرێتە وەزارەت، ئەوە یەك، کـە باسـی شـەریکاتیان کـرد یەکـەم/ رێکخسـتنی ئـەو دەزگایانـەی خـوارەوە، ئێمـە کۆمپانیامـان هەیـە، هـەر یەکـە وشـەی ئـەو کۆمپانیایانە بەکار بهێنرێت لەحیاتی دەزگاکان، دەزگا راستە کۆمپانیا، بەلاّم ئێمە هـەر کۆمپانیامـان هەیـە شتی ترمان نییە، ئەوە یەك لە خاڵی یەکەمین.

دووەمیش/ ئایا دامەزراندن و رێکخستنیان، دامەزران و رێکخستنی، ئینجا وەزارەت نەك لە ئەستۆ دەگرێت، وەزارەت ئـەو کۆمپانیایانـەی خـوارەوە دادەمـەزرێنێت و رێـك دەخـات، نـەك لـە ئەسـتۆ دەگرێـت، یـەعنی دادەمەزرێ و لە ئەستۆ دەگرێت، چونکە دانەمەزراون، لە خاڵی سێیەم/ وەزیر بۆی هەیە، دیارە وەزیـر بـۆی هەیە پێشنیار بکات ئەوەی کاك شێروانیش ئێستا ئیشارەتی پێدا، پێشنیارەکانیان بۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، یان بۆ ئەوەی ئێمە، ئەنجومەنی هەرێممان نییە بۆ کاروباری نەوتی، پێشنیار بۆ کێ بکات؟ نووسـراوە بـۆی هەیە پێشنیار بکات، بێگومان بۆی هەیە پێشنیار بکات، یـەعنی پێشـنیار بـۆ ئەنجومـەنی هـەرێم بکـات بـۆ کاروبـاری نـەوت و غـاز لـە هـەرێمی کوردسـتان، ئـەوە لـە خـاڵی سـێیەم، ئـەوەی دی مـن پێشـنیاری ئـەو برادەرانەی کە داوای ئەوە دەکەن ئەو کۆمپانیایانە زۆرن، منیش پێم وایە, چونکە ئـەوە تێچـوونێکی زۆری دەوێت، خەرجی زۆری دەوێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بەلایەنی کەم هەوڵ بدەین، ئەو چوار کۆمپانیایانەی لێك نزیکن لێك بدرێن، یان کۆمپانیایەکی گەورە هەبێت دایك هەبێت و ئەوانی تـریش ببنـە بەشـێك لێـی، مـن ئەوە بەباش دەزانم، خاڵی کۆتاییشم ئەوەیە دەستخۆشی لەو برایانە دەکەم، کە ئـەمڕۆ پـرۆژە یاسـایەکەیان بە کورتی خستە بەردەستمان هیواداریین نموونەیان زۆر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، بەڕاستی ئەو شەریکاتانە کە ناویان هاتووە، هێشتا وجودیان نییە، ئەوە ناقانونیەو ناکرێت، بۆیە باشتر وایە ئێمە لەو ماددەیەوە تاوەکو دەگاتە ماددەی سیازدە کە باسی کۆمپانیایەکان دەکات، ئەوانە هەمووی هەڵگرین تەنیا بە ماددەیەك بنووسین کۆمپانیایەك دادەمەزرێ بەناوی کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت و غاز، ئینجا ئەو کۆمپانیایە بە قانونێکی تایبەت دێتە ئەو پەرلەمانە تەواوی تەشکیلات و ئیشەکانی ئەو کۆمپانیایە بە تەفسیل دەتوانیت لەو قانونە دیاری بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم بەحری فەرموو.

**بەڕێز كريم بحري عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت لێرەدا بڵێم پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك دکتۆر رەمەزان دەکەم، هەروەها کاك ئاریَز سەبارەت بەوە کە چوار کۆمپانیا زۆرن، لە وڵاتانی دنیا لە عێراقیش هەر یەك کۆمپانیای سەرەکی هەیە، کۆمپانیای نیشتمانی عێراقی، کۆمپانیایەکانی دیکە کۆمپانیای فەرعین، مەسەلەن کۆمپانیای نیشتمانی, کۆمپانیای شەریکیە بە هەموو کارەکانی عەمەلیاتی نەفتی هەڵدەستێتن، بەلاَم کۆمپانیای نەفتی شیمال و کۆمپانیای سۆما ئەوانە بەکاری تایبەت هەڵدەستن لێرەدا، ئەوەی بەکاری سەرەکی هەڵدەستێت لە رووی یاساییەوە پێی دەڵێن (الشركات القابضة)، ئەو شەریکاتی قابزە لە عێراق بوونی نییە، بەلاَم ئێمە دەتوانین لەو یاسایەدا، چونکە ئەو شەریکەیە شەریکەیەکی عامە، شەریکاتی عام عادەتەن بە یاسا لە دایك دەبن، بۆیە لێرەدا دەتوانین بەو یاسایە، ئێمە یەك شەریکەی یەکگرتوو بە دهۆك و شەریکەی دایك، کە شەریکەیەکی قابز بێتن، ئەو بتوانێتن شەریکاتی دیکە بکە، لەبەر ئەوە ئەو شەریکاتانە شەریکەی موساهیمن، شەریکەی تەزامنی نین، بۆیە دەتوانین لێرەدا حکومەت ئەسهوم سەنەدات بۆ شەریکەی دیکە، بۆ دروست کردنی شەریکاتی دیکە لە دوارۆژدا بەپێی یاسا، بەپێی پەیڕەوی ئەو شەریکەیە دروست بکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو چوار شەریکەیە ئەگەر بێتو لێك بدرێت، دەبێت بۆی موئەسەسەیەك دابنرێت، موئەسەسە لەنێوان وەزارەت و سەرپەرشتی لەسەر ئەو شەریکانە دەکات، ئەو کاتەی چوار مەجلیسی ئیدارەی نابێت بە مودیریە عامە تەرتیب دەکرێتن، موئەسەسەکە سیاسەتی ئەو شەریکانە دادەمەزرێنێت بەدواداچوونی دەبێتن، موتابەعەی دەبێتن، ئەگەر فیکری گۆڕانکاری تێدا نەبێتن، ئەگەر لێك بدەن دەبێت ببێتە

موئەسەسە، بەس شەریکە لێك نادرێت بکرێتە یەك شەریکە، بەنیسبەت فەقەرە سێ کە هاتووە (إقتراح تأسیس شرکات أخری)، من پێشنیار دەکەم بکرێتە (للوزیر اقتراح تطویر وتوسیع الشرکات الواردة في الفقرة اولاً أ، ب، ت، ث) شەریکات هەیە تەتویر بکرێت، نەك شەریکاتی تازە دروست بکرێت, بۆ ئەو مەرحەلەیە کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وشەی تەنزیم زۆر دەقیق نییە وەکو هاوڕێم کاك عەونی باسی کرد، لەوانەیە یەعنی جۆرێك تەعاروزیش دروست بکات لەگەڵ فەقەرەی دوو لە ماددەکانی نۆ و دەو یازدە کە دەڵێت (یعین رئیس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء)، کەواتە تەنزیم کردنەکە مەبەستی چیە، بۆیە پێشنیار دەکەم بگوترێت (تتولی الوزارة الاشراف علی الشرکات التالیة بعد تأسیسها بطرق مبینة من المواد اللاحقة)، یەعنی کاری وەزارەت ببێتە ئیشراف کردن لەسەر ئەو شەریکاتە، هەروەها لە بڕگە سێ (للوزیر إقتراح تأسیس شرکات أخری)، ئەو ئیقتراحی تەئسیس کردنی ئەو شەریکانە ئایا چۆن دەبێتن؟ چونکە ئێمە لێرە شەریکات بەپێی قانون تەنزیم کردووە، لە ماددەی نۆ و دەو یازدە، ئەو شەریکاتانەی کە هاتووە چۆن دروست دەکرێت؟ ئێمە ئەوەی نازانین، بۆیە پشتگیری قسەی کاك رەشاد دەکەم، ئەگەر هەر نەبێت باشترە، ئەگەر پێویستیان پێ هەبوو ئەوە جارێکی تر ئەو قانونە تەعدیل دەکەین، ئەگینا دەبێت بەپێی قانونی شەریکات تەئسیس بکرێت، پێویستی بەو بڕگەیە ناکات، پشتگیری لە قسەکەی کاك شێروان حەیدەریش دەکەم، بەڕاستی ئەو سەلاحیاتە دراوەتە مەجلیسی وزەرا لە کوێ هاتووە بدرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سەلاحیاتانە نەهاتوونەتە مەجلیسی وزەرا، ناوی نەهاتووە، کەی هاتن ئەوە پێشنیارێکی تەبیعیە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم ماددەیە من پێشنیاز دەکەم بەم جۆرە بنووسرێتەوە (للوزارة إقتراح تأسیس عدد من الشرکات الخاصة بالعملیات النفطیة للبرلمان)، چونکە ئەم کۆمپانیایانە جارێ دامەزراوە نین، کۆمپانیان پێویستە بە قانون دابمەزرێن لێرە لەلایەن پەرلەمانەوە، پێویست ناکات لە ئێستاوە ئێمە ناویان بنێین، ئەوە پەیوەندیدارە بە کاروباری وەزارەتەوە، هەر دەمێك کەوا پێویستی کرد کۆمپانیایەکی تایبەتی دروست بکرێت، پرۆژەی قانونەکە پێشکەش دەکات بە پەرلەمان، ئێمە لێرە دیراسەی دەکەین و ئەو کاتە پەسندی

دەکەین، بۆیە پێویست ناکات ناوی ئەو شەریکاتانە لێرە بنووسین، هەروەها ماددەی سێش زیادە دەبێت لەم حاڵەتە، بڕگەی دوو دەبێت (لمجلس إدارة كل شركة من الشركات المذكورة إصدار نظام خاص بها يتضمن هيكلها)، ئەوە شتێکی ئیعتیادیە، پاش ئەوەی کە قانونی کۆمپانیایەکە لێرە لەلایەن پەرلەمانەوە موصادەقەی لەسەر دەکرێت، شەریکە حەقی خۆیەتی بۆ کاروباری ناوخۆی نیزامی تایبەتی بۆ دەربهێنێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو چوار شەریکانە لێرە پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات، بەنیسبەت (ثالثا: للوزير إقتراح تأسيس شركات أخرى)، ئەو شەریکاتانە بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمان دەبن، ئەوە پرسیارە ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی شەریکات بەپێی قانونی شەریکات دادەمەزرێ، لێرەش کە دەسەڵاتدا بە وەزارەت، بەپێی ئەو نیزامەی کە دادەنرێت بۆی دروست دەبێتن، هەر شەریکەیەك دابمەزرێت و بێتە پەرلەمان ناکرێتن، مەبادیئی بۆ دادەنرێت، کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم ماددەیە زۆر بە ڕێك وپێکی و لە شوێنی خۆی هاتووە، چونکە هەر شەریکەیەك ئیختیصاصی جیایە، ئەگەر هەمووی لە جێیەك کۆبکرێتەوە قەرەباڵغەیەکی زۆر دەبێت، لەوانەشە ئەو قابیلیاتانە هەمووی وەکو لە شەریکەیەکی جیا بێت لەناو یەك شەریکە یەکتر نەگرێتەوە، بۆیە باشترە ئەو شەریکەیەی تەنقیب دەکاتن ئیستیقلالیەتێکی تەواوی خۆی هەبێتن، هەتا خەریکی ئیش و کاری خۆی دەبێت، بەنیسبەت خاڵی سێ کە ئیقتیراح بکرێت شەریکاتی تر دروست بێت، ئەوە زۆر زۆر زەرورە، چونکە مونافەسە دروست دەبێت، چونکە شەریکەیەکی تەسویق هەیە سعری گرانە، ئەگەر شەریکاتی تر هەبێت، بە باشترین شێوەو هەرزانترین، ئەوجا مونافەسەکە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەبێت، ئەگەر یەك شەریکە بێت ئیستیغلالی دەکات، بۆیە ئێمە هەموومان نیزامی ئیشتیراکیمان لەبەرچاوە، کە چۆن ڕووخاوە، کە نیزام واحید بوو، ئێستاش شەریکاتی تایبەت کە دەستی کردووە بە ئیش کردن لەبەرژەوەندی خەڵکی ئەو مەنتیقانەیە، ئێمەش پێشنیار دەکەین ئەمە وەکو خۆی بمێنێتن، نەك دەمج بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە عێراقدا ئێستا هەندێك شەریكات هەیە، شەریكەی وەتەنی، لەگەڵ شەریكەی جنوب، لەگەڵ شەریكەی شیمال، بەلأم ئێمە كە ئێستا لە سەرەتاین شتێكی سروشتیە یەك شەریكە بێت، یەعنی ئەم شەریكەیە شەریكەی نەوتی كوردستانی (الشركة الوطنية الكوردستانية) شتێكی وا، بەلأم ئەوەی زۆر موهیمە لەم شوێنانە، لەم ماددەیە، نە لە ماددەی دوایشیدا باس نەكراوە ڕەئیسی وزەرا دادەنێت، بەلأم ئەمە مەفروزە بنووسرێت، لە قانونی نەوتی عێراقیدا نووسراوە، نووسراوە (شركة النفط الوطنية العراقية/ شركة قابضة مملوكة بالكامل من قبل الحكومة)، مەفروزە لێرەش ئەم شەریكەیە نیشتمانیە، شەریكەی نەوتی كوردستانی بنووسرێت، كە ئەمە شەریكەیەكی حكومییە، شەریكەتەكانی تریش ئەگەر ئێستاش نەتوانین لە ئایندە دەكرێت دابنرێت، ئەمە ئێستا سەرەتایە، چونكە من پێم وانییە ئێستا لە كوردستاندا ئەوەندە كادیر هەبێت بتوانێت ئەوانە تەغزیە بكات، بتوانێت ئەوانە تەحقیق بكات، بەلأم بە یەك شەریكە دەتوانێت و كارەكانیش لە یەكەوە زۆر نزیكن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من قسەی لێ دەكەم، برادەران پێیان زۆرە ئەو شەریكانە كە هەبن، پێم وایە هەر شەریكەیەك خاصیەتی خۆی هەیە (شركة كوردستان للاستكشاف)، (شركة كوردستان الوطنية للنفط)، كەواتە هەر شەریكەیەك خاصیەتی خۆی هەیە.

دووەمین/ خۆزگە ئێمە دەیان شەریكاتمان هەبێ لە كوردستاندا، حەقە ئێمە زیاتر تەشجیعی ئەو مەوزوعە بكەین، بۆ ئەوەی شەریكات زیاتر بێت لە كوردستاندا، بۆ مەوزوعێكی وا گرنگ كە نەوتە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ، چوار هینمان هەیە بۆ ئەوەمان داناوە، یەكەم/ دەبێت (يتولى الوزير) بێت، چونكە ئەوە تەنسیقی هەیە لەگەڵ ماددەی چواردا، ماددەی چوار (يتولى الوزير التنظيم واشراف العمليات النفطية شركات خارجياً)، پێم وایە تۆ تەنزیمی ئیشرافیان لەسەر دەكەیت، ئەم شەریكاتانەش كە هی خۆتن عەینی عەمەلیاتیان هەیە, عەینی ئیشیان هەیە، تەنزیمی ئیشرافە، ئێمە قەصدمان ناحیەی ئەوە نییە تۆ سەیتەرەی لەسەر دەكەیت، هەر ئیشراف و تەنزیمە هی ئیشەكەیان، نەك مەجلیسی ئیدارە دادەنێی، یان

وەکو پێیان دەڵێی چۆن ئیش دەکەن و سەیتەرەیان لەسەر بکەیت تەنزیم و ئیشراف قەصدمان ئەوەیە، بەلاّم دەبێت (یتولی الوزیر)، ئەگەر دەتانەوێت بیکەنە وەزارەت دەبێت بڕۆین ماددەی چواریش بگۆڕین، چونکە هەمان شتە، هەمان مەبدەئە، ئەگەر ئەوەمان گۆڕی بێت ئەوە باشە، بۆ چوار شەریکەمان دەوێت، یەکەم/ با باسی عێراق بکەین، لە عێراق ئێمە پازدە، شازدە شەریکەمان هەیە، شەریکەی نەفتی وەتەنی ناحیەی ئیستیکشاف و ئەوانەن عەمەلیاتی نەفت، جنوب هەیە، وەسەت هەیەن شیمال هەیە، ئێستا باسی شەریکاتی ئیزافی دەکەن لە قانونی نەوتی بەغدا، چەند شەریکاتێ, هەموو موحافەزەیەك شەریکەیەکی دەبێت هەبێت، لە عەمارە، نازانم لەو مونتیقانە لە قانونەکەی مسوەدەکە ئیتیفاقی لەسەر کراوە، ئەو شتانەی تیایە، سێ شەریکاتی تەکریر هەیە لە عێراقدا، ئێمە یەك شەریکەمان دەوێت لە کوردستاندا ئیختیصاصی جیایە لە شەریکەی ئیستیکشاف، ئیستیسماریش جیایە، مەجلیسی ئیدارەی جیای دەوێت، دەتوانێت قیتاعی خاص بێنێت لە قسمێکیان ئەویتریان قیتاعی موشتەرەك دەهێنێت، تاوەکو دەچێت خۆی ئیشەکە دەکات، ناتوانیت تێکەڵیان بکەیت، لە شەریکاتی عالەمی، کە شەریکاتی ناشنەلێ هەبوو، وەکو ئەمانە دروست بکەین بە یەك شەریکە، ئێستا تێکیان داوە، گوتیان ئەمە کەفائەی نییە، با بچین بیشکێنین بە ئیختیصاص، کە بە ئیستیکشاف بە عەمەلیات بە تەکریر بە ئینتاج، ناحیەی قانونی عێراقیش مەفروز بێت ئێمە تەنزیمی وەزارەتی نەوت بکەینەوە، هەتا بیکەین بەم شێوەیەی ئێمە خۆمان داینێین، بۆچی بچین هەمووی ئیحتیکار بکەین بەناوی شەریکەوە، چونکە بۆ موستەقبەل مەسەلەن شەریکەی نەفتی وەتەنی کوردستان ئەو بەشدار دەبێت لە قسمی عەمەلیاتی نەفت حیصەی هەیە، بۆ موستەقبەل ئێمە فەقەرەیەکمان داناوە دەتوانین بیکەین بە قیتاعی خاص میللەت حیصەی دەبێت، ناتوانین میللەت لە هەموو شوێنەکاندا بەیەك بێتەوە، ئەگەر جیاواز بن عەمەلیەکە ئاسانترە کەفائەی باشترە، مونسەجیمیشە لەگەڵ عەمەلیاتی نەوتی عالەمی، ئێمە ئەو قانونەمان نووسیووە بۆ ئیستیسمارە، کە خەڵك دێن سەیری ئێمە دەکەن چۆن تەنزیمی خۆمان کردووە، دەزانن ئێمە وەکو ئەوانین، تۆ ئەگەر خۆت بکەیت بە شەریکەیەکی ئیحتیکاری لەوانەیە زۆر موشکیلەت هەبێت، ئینجا لە ناحیەی ئیداریشەوە بەدەست پەرلەمانە، پەرلەمان بڕیار دەدات، لە ناحیەی فەقەرەی نیهائیەوە، ئێمە گوتومان وەزیر حەقی هەیە ئیقتیراح بکات، هەر ئیقتیراحە، وەزارەت ئەخصائییە دەتوانێت ئیقتیراح بدات، بۆ کێ ئیقتیراح دەکات، ئیقتیراح دەچێت بۆ مەجلیسی وزەرا، بۆ رەئیسی وزەرا، یان دەچێت بۆ پەرلەمان، حەز دەکەن ئەوەش بنووسن، بەلاّم ئیقتیراحەکەش لاببەن و وەزیرەکەش لاببەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر یەکەم/ ئەگەر وەزارەت بڵێی هەر دەسەلاّتەکە وەزیر شەخصیەتی کەمە لە وەزارەتدا، ئیمزا کردن بێتن، ئیبرام بێتن، ئیشراف بێتن، ئەگەر بڵێی وەزارەت ناحیەی لوغەوی و هەندێك حەساسیەت نەبێتن، من بە خۆم ئەگەر سیقەتدا بە وەزیر، هەمان سیقەتە بۆ وەزارەت، کەباسی وەزارەتت کرد شەخصیەتەکە لە وەزارەت هەر وەزیرە، خۆ دە کەس ئیمزا ناکات، هەر یەکێك ئیمزا دەکات، بەلاّم

ئەوەندەیە بۆ ناحیەی قانونی وا باشترە، نازانم تەبعەن لە رووی فەنی ئینسان ناتوانێت قسەی لەسەر بکات و ئەوانە، بەلاَم ئەو شەرحەی کە جەنابی وەزیر کردی لە عێراقدا پازدە، شازدە شەریکە هەبێتن تەبیعیە لێرە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ جار لە سیاقی قسە کردندا قسەی تر دێتە ناوەوە بە قەناعەتی من هیچ نیزامێکی ئیشتیراکی لەسەر ئەساسی قیتاعی عام نە رووخاوە، ولاَتیش هەیە لەسەر ئەساسی قیتاعی خاص رووخاوە، زۆر دەوڵەت هەیە ئێستا ئیعتیمادی کردۆتە سەر ئیستیسمارات ئەویش وێرانە، لەبەر ئەوە باشە ئەو شتە راست بکەینەوە، هەموو جار ئیشتراکیەت نەکەین بە معیارێك بۆ رووخانی ئەنزیمەی سیاسی، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئیەکی ئایدۆلۆجی بوو، مولاحەزەیەك هەیە، مولاحەزەکە ئەوەیە تۆزێك ئینسیجامێك هەبێت لەنێوان دەو لە کۆنەکە ماددەی هەشت بووە، لەگەڵ ماددەی دواتر، ئەگەر ئینتیباهێك بۆ ئەوە بکرێتن، لێرە کە دەڵێی (يتولى الوزير المؤسسات)، دوایێ لە فەسڵی شەریکاتی عامە ماددە بە ماددە شەریکەکان ئەوە دەکەیت، من پێم وایە کەس ئینتیباهی نەکرد، یەعنی مولاحەزە بێتە پێشەوە بەڕاستی، ئیلا کاك فرسەت نەبێتن کە ئینتیباهی ئەوەی کردووە، ئەو ماددەی دووەم و سێیەمەکەی بخرێتە دواوە، یەعنی لە ماددەکانی تردا (يتولى الوزير) نا، یەعنی لە فەسڵی ماددەی هینە کە دەنووسیت شەریکاتی عامە ماددەی یەکەم (تؤسس الشركات التالية)، یەعنی بە قانون شەریکەکان تەجهیز دەکات، یەك/ (شركە كوردستان لاستكشاف وانتاج)، دوو/ شەریکەی فلان، سێ/ شەریکەی فلان، لە کۆتاییەکەی دوو فەقەرەکەی دوایی (لمجلس إدارة كل شركة مذكورة)، (للوزير اقتراح.......) ئەوانە دێتە ئەوێ، ئینسیجامێك پەیدا ببێت لەنێوانیان دوو، سێ نەقل بکرێتە دواوە، یەعنی ئەو ماددەی ئیلغا بکرێت بە نەقلی دوو فەقەرەکە بۆ ماددەکانی دواتر، یەعنی وەزیریش موافیقە، کاك شێروان قانونیمان دەوێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە دەو ماددە نۆ، ئەوانە باسی تەئسیسی شەریکاتی تایبەت دەکەن،کە دەکاتە چوار شەریکە ئەو فەقەرانەی کە لێرە هاتوونە بەحقیقەت ناگونجێت، ئێمە بیانبەینە سەرەتا، هەر ماددەیەك لە ماددەکان هەشت و نۆ و دە، چونکە هەر ماددەیەك پەیوەندی بە شەریکەیەکەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت شەرحی دەکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فەقەرەی دوو و سێ لە ماددەی هەشتی کۆن، کە بۆتە ماددەی دە شاملی هەر چوار شەریکەیە، لەبەر ئەوە دەبینم ئاخیر شەریکە شمولی هەر چواران دەکات، فەقەرە یەکیش دەتوانین ئیستیغنائی لێ بکەین، چونکە باسی چوار شەریکە دەکات، لە ماددەی نۆ فەسلی پێنج، شەریکە بە شەریکە باس کراوە، لەبەر ئەوە نەوعە تیکرارێکی تیایە زیاترە بۆ رێکخستنی قانون بەو شکلە بێتن بە رەئی من باشترە، چونکە لێرە باسی تەئسیسی شەریکە دەکات، لێرە (یتولى الوزير تنظيم الشركات) دەتوانیت ئیستیغنائی لێ بکەین، فەقەرەی نۆ و دەو یازدەو دوازدە رێك بخەین تاکو ئیکتیفا بەو ماددانە بکەین، هەردوو فەقەرەی دوو و سێش نەقلی ئاخیر ماددە بکەین، چونکە باسی تەئسیسی مەجلیسی ئیدارە دەکات، باسی ئیقتیراحی تەئسیسی شەریکاتی تازە دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من حەز دەکەم رەئی لیژنەی قانونیش لەسەر پێشنیاری کاك فرسەت.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمەش تەئیدی رەئیەکەی کاك فرسەت دەکەین،، چونکە تیکرارێکی تیایە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من وای بە باش دەزانم ماددەکە بمێنێتەوە وەکو خۆی، چونکە لێرە تەوزیحێکی جوان دەکاتن، هیچ عیلاقەی بەوە نییە، لەوێ باسی تەئسیسی شەریکات دەکات بەتایبەتی، واتا هیچ پەیوەندیەکی لەنێواندا نییە، ماددەیەکی موستەقیلەو عیلاقەی بە ماددەکانی تر نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆر نوری فەرموو.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش پشتگیری لە بۆچوونی کاك عەونی دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مولاحەزەیەك بەس، مەسەلەن ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کراوە لە لایەن کاك فرسەت و لیژنەی یاسایی تەئیدی دەکەن ئیلغا بکرێتن و دوو فەقەرەکەش بچێتە دواوە، بزانین (يتولى الوزير تنظيم المؤسسات التالية)، دووەم/ دەڵێت (لمجلس إدارة كل شركة)، لە ماددەکانی تردا باسی مەجلیسی ئیدارەکەی دەکات، یەعنی هێشتا تەشکیل نەبووە وەکو ماددەکانی پێشوو، شتێکی فەنیە، یەعنی زۆر ئەوە ناکات، فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (ثانیاً وثالثاً)، ئەگەر نەقل بکرێتە ئاخیری شەریکەکانیش هیچ ئیشکالیەتی تێدا نییە، بەس بەنیسبەت ئەوەلەن بمانەوێت، نەمانەوێت تەنزیمەکە وەزارەت دەیکات، یان وەزیر دەیکات، چونکە ئەم شەریکانە بەشێکن لە حکومەت، ئەو شەریکانە جیا نابنەوە لە حکومەت، بەس ناوەکە لێرەدا هاتووە، بۆیە بە قەناعەتی من بەنیسبەت ئەوەلەن لە جێگای خۆیەتی، ئەوە تەنزیمەکەیە، بەنیسبەت ماددەکانی تر تەئسیسەکەیە زۆر تەبیعیە (ثانیاً وثالثاً) ئەگەر نەقلیش بکرێت ئیشکالیەتی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەو شەریکانە، ئەو چوار شەریکەیە کە هەریەکە ماددەیەکیان بۆ دانراوە، ئەو ماددانە هەمووی موشتەرەك نییە، بۆ هەر شەریکەیەك، مەسەلەن تۆ دەڵێیت (یجوز لشركة بموافقة مجلس الوزراء التنافس مع غيرها)، لە هەمووواندا ئەوە هەیە، چ فەرقێکی جددی هەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە یەکە یەکە جیاوازیان هەیە، ناتوانین تێکەڵیان بکەین بە ئاسانی، بە سەراحەت ئەمە موقەدیمەیە بۆ شەریکەکان, باشترە لە شوێنی خۆی بمێنێت، وەك پەیوەندی دەکاتن ناحیەی ئیشراف, مەسەلەن فەقەرەی یەکەم لە ماددەی چواردا هەیە، یەعنی وەزارەت حەقی هەیە ئیشراف بکاتن لەسەر هەموو عەمەلیاتی نەفت، جا ئەگەر ئەوەلەن نەمێنێت قەیدی ناکات، بەڵام موقەدیمەیە بۆ ماددەکانی تر بەڕاستی، هەر لەبەر ئەوە دانراوە، بۆ ئەوەی ئاشکرا بێت یەعنی ئاسانترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، (دفعاً لاشكال وجمعاً) بۆ دوو رەئیەکە، ماددەی هەشت بچێتە دوای ماددەی نۆ و دەو یازدەو دوازدە، مەوادەکانی کە تەئسیسی شەریکە دەکاتن دەبێت پێشتر بێتن، ئینجا دوایێ وەزارەت تەنزیمی ئەو شەریکاتانە دەکاتن و بۆی هەیە وا بکاتن، کاك غەفور چیە نوقتەی نیزامت.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەکەی من زۆر نیزامیە، دڵنیام ئێستا جەنابت دەڵێی نیزامی نییە، چونکە هەر نوقتەیەکی نیزامی من هەبێت، تۆ دەڵێیت نیزامی نییە، نوقتە نیزامیەکەم چیە، بەپێی ماددەی حەڤدە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان دیاری کراوە لە بڕگەی سێ دەڵێ سەرۆکی پەرلەمان ئیدارەی جەلسە دەکات، من تێبینی دەکەم لە بەیانیەوە ئەو پێشنیارانەی دەکرێت زۆربەیان هی ئەوەن

بخرێنه دەنگدان، مەسەلەن ئێستاکە برای بەڕێز کاك عەونی بەزاز و کاك نوری تاڵەبانی و کاك شێروان حەیدەری هەموو دەڵێن ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، بیخە دەنگدان بمێنێت، یان نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، جارێ ئێمە تەواومان نەکردووە، جەنابت حەقت نییە، نە لە ڕەخنەکە، نە نوقتەی نیزامیشە، لیژنەی قانونی پێشنیارێکیان کرد، کاك فرسەت پێشنیارێکی کرد تەئیدیان کرد لە لیژنەی قانونیەوە، وەزیر تەئیدی کرد، لەولایەشەوە سێ، چوار کەسی تر، بەڵام هێشتا موناقەشەکە تەواو نەبووە تا بیخەینە دەنگدان، کەی موناقەشە تەواو بوو، ئەگەر نەمانخستە دەنگدان، ئەو کاتی حەقت هەیە ڕەخنە بگریت، ئێستا ئیشکالەکەمان لەوە دایە، ئەو ماددەیە لە جێگای خۆی بمێنێت، یان بچێتە دواوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەریکە تەنزیم دەکرێت، ئەوجا تەئسیس دەکرێت، نەك تەئسیس بکرێت، ئەوجا تەنزیم بکرێت بەحەقیقەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە وەرنەگریت چۆن تەنزیمی دەکەیت، لیژنەی قانونی ڕەئیەکمان بدەنێ، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ماددەی هەشت کە ئێستا بوویتە دە بچێتە دوای ماددەی دوازدە، چونکە ماددەکانی تر یازدەو دوازە، ئەوانە هەمووی باسی تەئسیس دەکاتن، دوایێ وەزارەت تەنزیم دەکاتن و ئیقتیراح دەکاتن، ئەوە تەسەلسولی تەبیعیەو هیچ ئیشکالیەتیش دروست نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر مانیعەتت هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە، ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمانەوێت چوار شەریکە بێت، ئیشەکەیان جیاواز بێت، تەنزیمی پەرلەمان سەیتەرەی لەسەر هەیە، وەزارەت ئیشراف و تەنزیم دەکات بۆ ئیشەکەیان، وەکو ماددەی چوار، جا ئەو فەقەرەیە لە کوێ بێت قەیدی ناکات، ئەگەر دوای ماددەی دوازدە بێت لەوێ بێت، ئەگەر باشترە بۆ ئەوەی کە تەسهیل بکات لە فەقەرەکانی دوایی لە شوێنی خۆی بمێنێت، ئێمە مانیعمان نییە، شێوەی قانونییەو باسی قانونییە، بەڵام

**ئەگەر لە شوێنی خۆی بێت، لەوانەیە ئاسانتر بێت، چونکە بەو شێوەیە دانراوە، دەمانەوێت تەحویل بکەین لەناحیەی وەزارەتەوە بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك نوری فەرموو.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە گوتمان ئەو کۆمپانیایانە پێویستە بە قانون دابمەزرێت، ئێمە پێویست ناکات ئێستا ناویان بێنین، وەزارەت پێویستە پرۆژە قانونێك بۆ هەر یەك لەم شەریکانە ئامادە بکات بیخاتە بەردەم پەرلەمان هەر وەختێك، پاشان دەبێت بەدرێژی باسی هەموو شتێکی تیا بکات، نەك تەنیا دوو سێ فەقەرەی تیایە لێرە، لێرە ئێمە بڕیار دەدەین فلان کۆمپانیا دروست بکرێت، ئەو کاتە سەلاْحیەت دەدەینە کۆمپانیاکە خۆی ئیدارەی کۆمپانیاکە بکات و پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دابنێت، ئێستا ئێمە پێویستە (للوزارة حق اقتراح تأسيس عدد من الشركات المتعلقة بالعمليات النفطية)، ناویان نەهێنین، هەر وەختێ وەزارەت کەوا پرۆژەی قانونێکی ئامادە کرد هێنایە ئێرە، ئێمە لێرە دەنگی لەسەر دەدەین، ئەو کاتە دەبێت بە کۆمپانیا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەڤە سوئالا نوکە خستە جەنابێ وەزیرێ ڤە سوئالە بۆ من هاتە پێش، کە بێژیت دەبیت چار شەریکە هەبیت، فەرمووی کە دەبێت چار شەریکە هەبێ، لێرە ئەو شەریکەی هاتە دیار کرن یەك/ شەریکەی کوردستانێ ئیستیکشاف و ئینتاج، یا دوێ/ بۆ راچوونێ و دەرهینانێ، شەریکەی وەتەنی (أ- للانتاج، ت- لتسويق النفط ث- لعمليات تكرير وتوابعها، ب- الشركة الكوردستانية الوطنية للنفط)، ئەمە هی چیە، سوئالم لە جەنابێ وەزیر، ئەمە هی چیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك دکتۆر ئاشتی.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**چونکە تەکریر بۆ تەکریرە، تەسویق وەکو سۆما وایە، هەموومان دەزانین تەسویقی نەوتەکە، ئێمە دوو شەریکەمان داناوە لە جیاتی یەك شەریکە بۆ نەوتی وەتەنی با بڵێین لەبەر دوو سەبەب، یەکەم/ ئەوەی شەریکەی وەکو نەفتی وەتەنی کوردستان، ئەوە بۆ حقولی حالییە، هێشتا حقولی حالیەمان نییە لە کوردستان، بەڵام بە موستەقبەل ئینشائەڵلا دەمانبێت، ئەگەر ماددەی (140) تەتبیق بوو ئەو شتانە، لەوێ دەورمان هەیە وەکو شەریکەی دەولەی وەتەنی لە حقولی حالیە بە عەینی شێوە لە حکومەتی ئیتیحادی ئیش دەکەین، ئێمەش بەو شکلە ئیش دەکەین، ئەوە بۆ ئەوە دانراوە.**

**دووەم/ شەریکەی کەپکۆ ئیستیکشاف ئەوە، ئەوە بەشدار دەبێت لە موفاوەزاتی شەریکاتی ڤیتاعی خاص، کە ئێمە لە قانون دێینە سەر ماددەی (37) وابزانم حکومەت دائیمەن بەشدار دەبێت لە هەموو عەقدەکاندا، ئێمە ئیستیکشافیمان داناوە، هەر یەك لەوانە حکومەت لە 10٪ی، 25٪ی هەبێت بەشدارە، ئەو بەشە لە کویّ دادەنێن، لەو شەریکەیە دادەنێین، ئەو شەریکەیە دەبێت بە شەریك لە شەریکەکانی خارج، یان هی ئێرە، ئەو شەریکەیە ئیشی خۆی جیاوازە عەمەلیات ناکات، بەشدارە لە عەمەلیات، جا لەبەر ئەوە دامانناوە، یەکێکیان وەکو موشتەرەکە وەکو ڤیتاعی خاص، ئەویتر هەر شەریکەی حکومیە سەیتەرەی هەیە لەسەر حقولی حالیە، ئەگەر حقولی حالیە هەبوو لە مەستەقبەلدا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی ئێمە وا تێگەیشتوون ئەو شەریکەی کوردستان (الوطنیة للنفط) شەریکەی قابیزە، دەچێتە کویّ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموویان شەریکەی تەشغیلینە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی قازانج لە شەریکاتی تر کۆ ناکاتەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە مەجلیسی ئیدارەی هەیە، شەریکەی تەشغیلیە حیصەی هەیە لە حەقلە، ئەوە بۆ شەریکەی کەپکۆن، ئەویتریش لە موستەقبەل بابڵێین عەمەلیاتی هەیە لە مەنتیقەیەك، وەکو مەنتیقەی حەقلی خوم بەسەرە، یان حەقلی بای حەسەن، لەویّ تۆ بە شەریکەی نەوتی وەتەنی بەشداری و تەعاونت هەیە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی چۆن شێوەیەك دادەنێت، ئەوە موستەقبەلە، بەڵام ئەو شەریکەیە ئیشی جیاوازە لە شەریکەکە کە بەشدارە لە ڤیتاعی خاصەکە ئیستیسمار دەبێت لێرە، بەشدارە لە عەمەلیاتەکانی حەقلی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە شەریکەی قابیزە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر قابیز نییە، شەریکەیە لە عەرزی نەوتدا، دوو شەریکەی لەسەرە، شەریکەی خارجی و شەریکەی داخیلی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشە تەواو بووە لەسەر ئەو ماددەیە، نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ژمارەیەك پەرلەمانتار داوامان کرد ئەو کۆمپانیایانە کەم بکرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆش وەك کاك غەفور هێشتا موناقەشەمان تەواو نەکردووە، کەی بە نەزەرمان وەرنەگرت ئەو وەختی رەخنەی خۆت بگرە، دوو پێشنیار هەیە موناقەشە دەکرێتن، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە فیعلەن راست دەکەیت من لێرە نەبووم، بۆیە دەستم بڵند کرد تەوزیحێك بدەم، ئەوەلەن/ پشتگیری لە رەئی کاك دکتۆر نوری دەکەم، فیعلەن هەموو کۆمپانیایەك بە یاسا دیاری بکرێت، ئەگەر بکرێت ئەوەی کۆمپانیای کوردستان بڕوێنین ئەوانی تر بە یاسای پێویست جەنابی وەزیر بۆ پەرلەمان بەرزی بکاتەوە، سەبارەت بە ماددەی سێیەم/ ئەگەر لە جێی خۆی بمێنێت، یان بچێتە هەر جێیەکی تر من پێشنیار دەکەم، کە دەڵێت (وەزیر بۆی هەیە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای دیکە بکات بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت و پاڵاوتن و هەروەها خزمەتگوزاریەکانی کڕین بۆ ئاسان کردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت بەشێوەیەکی کاریگەر)، بۆ ئەوە پێویستە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران, ئەو مەجلیسەی دروست دەکرێت زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو موناقەشەیە کراو وەڵامیش درایەوە، خاڵی دووەمی، خاڵی یەکەمی ئەوەی کاك دکتۆر نوری گوتی، ئەویش وەڵام درایەوە، هەموو شەریکەیەك بە قانون دروست بکرێتن، پەرلەمان مانای وایە شەو و رۆژ ئیشی ئەوە دەبێتن قانونی شەریکات، هەر شەریکەیەك ناوت هێنا، ئێستا دوو، سێ پێشنیار هەیە، پێشنیارێك لەلایەن هەندێ ئەندام پەرلەمانەوە هاتووەو لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ نەکردووەو وەزیریش موافەقەتی نەکردووە، خۆشم ئەو پێشنیارەم بیدایەتی گوتم، ئەویش دەڵێت کە ئەو شەریکاتانە زۆرن بکرێتە یەك شەریکە، ئەوە یەکەم جار دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە چوار، پێنج ئەندام پەرلەمان قسەی لێ کرد کە دەڵێت ئەو شەریکاتانە زۆرن بکرێتە یەك شەریکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەوە قەبول نەکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو چوار شەریکەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ئەو پێشنیارە نەیهێنا،

پێشنیارەکەی تر کە برادەران زۆریان قسەیان لەسەر کرد، ئێستا ئەوە دەگۆڕێتن (یتولی الوزیر) دەبێتە (تتولی الوزارة)، بەس (ثانیاً: للوزیر اقتراح) ئەوە دەمێنێتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو رێنماییانەی کە هەیەتی، ماددەکە لەبەر ئەوەی زۆرینە پێیان وا بوو بمێنێتەوە، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی یەك خاڵی (ب) پێشنیاری ئەوەمان کرد، چونکە بە کوردیەکەی ناوەکە زۆر زۆر رەکیکە (کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت) یەعنی چی بکرێتە (کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور ئەوەلەن لەبەر ئەوەی پێشنیارەکە هی تۆ بوو کەسی تر پشتگیری لە پێشنیاری تۆی نەکرد، واتا تیکراری نەکردەوە، غەڵەتیش نییە عەفوم دەکەی، چونکە ئەگەر بڵێی نەوتی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراق تەعاروز دەکاتن ئیعتیرازمان لەسەر دەنووسرێت، ئەمە باش دیراسەت کراوە، ئەگینا هەموومان تەمەنامان دەکرد وا بنووسرێت، بنووسرێت شەریکەی نەفتی کوردستانی، بەلاَم بەداخەوە ئینشائەڵلاَ رۆژێك دێتن ئەو هیوایەی تۆ و هەموو خەڵکی کوردستان هین دەبێتن، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە بەوەی کەوا گوتمان (تتولی الوزارة تنظیم الشركات التالية) لەجیاتی موئەسەسات:

أ- شركة كوردســـــــــــتان للإســـــتكشاف و الإنتاج

ب- شركة كوردســـــــــــتان الوطنية للنـــــــــفط

ج- شركة كوردســـــــــــتان لتســـــــويق النفط

د- شركة كوردســـــــــــتان لعمليات التكرير وتوابعهـــا

ثانيا: لمجلس إدارة كل شركة مذكورة في الفقرة/ أولاً من هذه المادة إصدار نظام خاص بها يتضمن هيكلها وتنظيم صلاحياتها وكيفية أداء مهامها.

ثالثا: للوزير إقتراح تأسيس شركات أخرى لأستكشاف وتطوير وإنتاج النفط والتكرير وكذلك خدمات الشراء والتجهيز لتسهيل إدارة العمليات النفطية بصورة فعالة)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، مەسەلەی تەقدیم و تەئخیرەکەی ماددە، یەعنی ئەوە شتێکی رۆتینە، دوایێ لەگەڵ وەزیر هین دەکەن، ئەو ماددەی پێشی ئەو بخەن و، مادام وەك خۆی مایەوە چ موشکیلەیەك نییە، وەکو قانونەکانی ترن, دواخستن و پێشخستنی ئەوە بەپێی مەنتیق و ئەوانە گۆڕانکاری نەکرا لە شتەکە، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمپانیا گشتیەکان

کۆمپانیای کوردستان بۆ پشکنین و وەبەرهێنانی نەوت

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ پشکنین و وەبەرهێنانی نەوت وەکو کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لەلایەنی دارایی و کارگێڕیەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە مەرجێك دەبێ سەربەخۆ بن لەوەزارەتدا و پسپۆڕی لە بواری نەوت، یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری، یان کارگێڕی هەبێ.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، بە پەسند کردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان نوێ دەکرێتەوە.

چوارەم: کۆمپانیا بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە:

أ- رکابەری کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای دیکە بکات بۆ بەدەست خستنی مۆڵەتی رێپێدانی تایبەت بە کێڵگەکانی ئایندەوە.

ب- ئەنجامدانی رێککەوتننامەکانی هاوبەشی کردن و هاوشێوەکانی، لە رێککەوتنەکانی کارکردن لە هەرێمدا، یان لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا، یان لە دەرەوە.

ت- دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بە کارخستنی سەربەخۆیی و بە مولکداریەتی خۆی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت بە پرۆسەکانی نەوتی پەیوەنداریەوە بەکێڵگەکانی ئایندەدا.

پێنجەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بە پەسند کردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان کۆمپانیاکە بکاتە کۆمپانیای پشکدار، پشکەکانی بخرێتە بەرچاوی هاووڵاتیانی عێراق.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الشركات العامة**

**شركة كوردستان لاستكشاف وإنتاج النفط**

المادةالتاسعة:

أولاً: تؤسس شركة كوردستان لاستكشاف وإنتاج النفط، كشركة عامة وذات شخصية معنوية وأستقلال مالي وأداري.

ثانياً: يعين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان على ان يكونوا مستقلين عن الوزارة ومن ذوي الاختصاص النفطي او اختصاصات اخرى فنية أو ادارية .

ثالثاً: تحدد مدة تعيين كافة أعضاء مجلس الادارة بـ (5) خمس سنوات قابلة للتجديد بمصادقة الاغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان.

رابعاً: يجوز للشركة وبموافقة المجلس الاقليمي:

أ- التنافس مع غيرها من الشركات للحصول على أجازة التخويل الخاصة بالحقول المستقبلية.

ب- ابرام إتفاقيات الشراكة وما يشابهها من أتفاقيات للعمل في الأقليم او في المناطق الاخرى في العراق أو خارجه.

ت- تأسيس الشركات التشغيلية التابعة والمملوكة لها الخاصة بالعمليات النفطية المتعلقة بالحقول المستقبلية.

خامساً: يجوز لمجلس الوزراء وبمصادقة الأغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان تحويل الشركة الى شركة مساهمة تعرض سهامها لمواطني العراق.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیەش هیچ تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها مولاحەزەیەکم هەیە لەجیاتی ئەوەی(الاغلبية المطلقة) بیکەین بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، کە دەبێت پەسندی بکەن، چونکە عادەتەن خۆتان دەزانن لە جەلسەکاندا ژمارەی ئەندامانی بەشدار بوو کەمە، جا لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو دوو لەسەر سێیە زۆر موهیمە، ئەو شەریکاتانەش ئەهمیەتی گەورەی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەیەکی مەسیری نییە بۆ میللەت، حکومەت بە ئەغلەبیەی موتڵەقە، سیقەدان بە حکومەتە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بەشی پێنجەمدا هاتووە کە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و موصادەقەی پەرلەمان ئەو شەریکەیە بکرێت بە شەریکەیەکی موساهمی هاوبەش، من پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەو سامانە بۆ مواتنی عێراق تەبعەن ئەجنەبی تێدا نییە، ئەو پشکانە ئەگەر عەددی سەهمەکان زیاتر بوو لە بەشی پشکی دەوڵەت، مەجلیسی ئیدارە ناکەوێتە دەست ئەوەوە، پێم وابێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری شەریکاتەوە ئەوە نەریتێکە، کە هەر کەس پشکەکانی زیاتر بوو ئیدارەی مەجلیس دەکەوێتە دەست ئەو، ئەمە یەك.

دوو/ بۆ نیسبەیەك دیاری نەکرێت بۆ هەموو کۆمپانیایەکان، پەنجا زائیدەن یەکی شەریکەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار دەکەم، کاتێك پەرلەمان دەنگ لەسەر ئەو پێنج کەسە دەدات، لەسەر ئەو ئەندامانی ئەنجومەنە، ئایا حکومەت دەسەڵاتی لادانی ئەوانەی هەیە، یان جارێکی تر بۆ لادانی هەر کەسێکی تر بێتەوە پەرلەمان، حەز دەکەم ئەو وەڵامە بدرێتەوە لە رووی یاساییەوە، ئینجا پرسیارێکی تر لێرە دەکرێتن بێگومان ئەوەی حکومەت پێك دێنێت لە 51٪ە، کەواتە هەمان شتە، ئەگەر نێتەوە ئێرەش فەرق ناکاتن بچێتەوە ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت، یەعنی ئەوان رەزامەندی لەسەر بکەن، بۆیە ئەگەر پێویست بکات بێتە پەرلەمان، پێویستە لە 51٪ زائیدەن زیاتر بێت، ئەوەی بیەوێت، یەعنی پشتیوانی لە کاك بەکر دەکەم، ئەگەر پێویست بکات، ئەگەر پێویست نەکات، ئێمە خۆی متمانە بە حکومەت دەدەین و ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت لەناو حکومەتدا ئەنجومەنێکی تایبەتەو، لەبەر ئەوە ئەگەر پێویست بکات بێتە ئێرە با زیاتر بێت لە 51٪، ئەگەر پێویستیش نەکات، ئەوە متمانە بە حکومەت و ئەنجومەنی هەرێمیشماندا هەر ئەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دە لەسەر فەقەرا پێنجێیە، خالا پێنجێ من مولاحەزەیەکەی هەی، ئەویش کوت بێژیتن (تحویل الشرکة الی شرکة مساهمة تعرض سهامها لمواطني العراق)، من پێم وایە لێرە کەلیمەی ئیقلیم دابنرێت پێش عێراق و، عێراق (لمواطني الاقلیم والعراق)، بە رەئیا منیش بەبێ چەندیا ئەم ئەولەویەتی بێرا بدەینە کوردستانی بە خەڵکی کوردستانێ بیت، یەعنی ئەز عێراقێ بێتە حەزف کرن، لەبەر هەندێ قانونیەك نەکردبی ئەولەویەتمە دابیتە خەڵکێ کوردستانێ بۆ ئەو مەوزوعەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر بڕگەی سێیەمە، کە دەڵێت تەعین بکرێت بە پێنج ساڵ، ئەوە زیادە، لەبەر ئەوەی ئەوانە موەزەفی حکومەتینە، ئەگەر ئەدائیان باش بوو لە ئیشیان ئینشائەڵلا بیست ساڵ دەمێنن، بەڵام ئەگەر ئەدائیان باش نەبوو ئەو پێنج ساڵە بۆ بمێنێن مەشاکیل بۆ وەزارەت دروست بکات، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت شەریکەی موساهەمە کە دەڵێت ئەو موافەقە تەحویل بکرێت، ئەو شەریکەیە بۆ شەریکەی موساهەمە، ئەوەلەن/ دەبێت سەقفی ئەسهوم تەحدید بکرێت لە حەددێك، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك ئیستیفادەی لێ بکات، تا چوار رۆژی تر تەحدید نەکرێت, دوو شەریکەی ئیعملاق دێت هەموو سەهمەکان دەکرێت خەڵکی کوردستان ئیستیفادەی لێ ناکات، ئەگەر بووە شەریکەی موساهمە، دەبێت ئیشارەت بە قانونی شەریکات بدەن، یان ئیستیسنای بکەن لە قانونی شەریکات کە رەقمەکەی (21) لە ساڵی 1997 کە تەعدیل کراوە لە 2004، یان دەبێت ئیستیسنای بکەن لەو قانونە، یان دەبێت ئەو قانونەی ئیلغا بکەن، قانونێکی تازە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو, سێ پرسیارم هەبوو، بەس دوانیان کرا، پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیرە، ئەگەر دوایێ بۆمان روون بکاتەوە، لێرە تەحدیدی ئەوە دەکات کە کۆمپانیای کوردستان وەك شەخصیەتێکی مەعنەوی ئەوە شتێکی تەبیعیە لە رووی قانونیەوە، بەڵام سەربەخۆیە لە رووی دارایی و کارگێڕیەوە، من پێم وایە قانون لە حاڵەتی وا تەنیا سێ موئەسەساتی سەربەخۆی لە رووی ئیداریەوە دەدرێتێ، چونکە حکومەت و پەرلەمان و قەزایە، لێرەیە تەحدید کردنی ئەم سەربەخۆیە کە داراییەو کارگێرییە بۆ ئەو موئەسەساتانە، من پێم وایە جێی پرسیارە، حەز دەکەم دوایی ئەگەر وەزیر روونی بکاتەوە بۆمان، سوپاسی دەکەم، پاشان لە بڕگەی سێیەمیشدا دیسان ئەو پێنج ساڵەی کە دیاری کرا، من پێم وایە قیودە دیاری کراوە، ئەمە زۆر لە جێی خۆی نابێت، پاشان بۆ گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان بۆ، یەعنی کاتێك ئەو تەحدید کردنی تەعین دیسان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، من پێم وایە ئەوەش راست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە بڕگەی دوو تێبینیم هەیە ناوی مەجلیسی ئیقلیمی نەفت و غاز بێتن، چونکە لە هەموو شوێنێك لە ماددەکانی داهاتووش هەر ئەوە دووبارە بۆتەوە، پێنج ساڵەکە زۆرە، پێویست بە تەصدیقی پەرلەمان ناکات، لە بڕگەی دوو و سێ، ئەو پێنج ساڵە زۆرە، ئەگەر بمێنێت کەم بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاً فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من كراو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها دەمەوێت باس لەوە بكەم (يعين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء)، تەبعەن مەجليسی وزەرايەكە گوتمان بكرێت بە هەيئەی بالاْ، بلێين مەجليسی ئيقليم بۆ نەوت و غاز (بعد مصادقة الأغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان)، ئەم ئەغلبيە موتڵەقە, پشتگيری كاك بەكر دەكەم دوو لەسەر سێ بێت، ئەوە زەمانی باشترە، كەسێك خراپ بوو هەزارساڵی لەوێ دانێ، يەعنی دوو لەسەر سێيەكە بێنێت باشترە، بۆ ئەوەی ئەو كەسە متمانەو بڕوای خۆی زياتر بێت، بەلاْم ئەغلەبيەی موتڵەقە پەنجاو زائيدەن يەكە، ئەمەش بۆ ئەوە نييە ئێمە گومانمان هەبێت، ئايا حكومەت كەسێكی خراپ دەهێنێت، يان نا، بەلاْم بۆ زەمانی ئێمە باشترە وەكو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤيان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤيان سليمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وايە ئەگەر ماددەی يازدەو دوازدە، ئەم چوار ماددەيە كە پەيوەنديان بە چوار شەريكەكە هەيە، ئەگەر خاڵی (اولاً، ثانياً، ثالثاً) ئەو هەرسێكە رێك بخرێت، ببێتە يەك، چونكە لە هەر سێك دووبارە بوونی تێدايە، بەوە بلێين ئەو كۆمپانيا گشتيانەی ناوبراو لە ماددەی دەيەم بەم شێوەيە دادەمەزرێن، يان بەم شێوەيە تەئسيس دەكرێن، ئەو هەرسێ خاڵە، بەم جياوازيانەی خوارەوە، ئەوجا بلێی مەسەلەن شەريكەی كوردستان بۆ دۆزينەوەو دەرهێنانی نەوت و ئەوی ديكە هەروا، بەلاْم بەنيسبەت خودی خاڵەكانيش، هەر ديسان لە خاڵی ئەوەلەن ئيقتيراح دەكەم شەريكەی عامە بە شەريكەی حكومی، بۆ دووەم/ مەجليسی وزەرا پشتگيری برادەران دەكەم ببێت بە مەجليسی ئيقليمی، بۆ سێيەم/ كە دەڵێت پێنج ساڵ بێت، ئيقتيراح دەكەم كە بتوانێت بۆ جاری دووەميش هەڵبژاردن بكرێت، يەعنی يەكێك بتوانێت دە ساڵيش لەوێ بێت زياتر نا، (قابلە لتجديد) نەم بينيوە، بەڵێ ببوورە، بەلاْم لەگەڵ خاڵی ئەوەمە كە موصادەقەی ئەغلەبيەی موتڵەقی ئەعزای پەرلەمان بێت، نەك دوو لەسەر سێ، وا بەباشتر دەزانم كە ئەغلەبيەی موتڵەقە زياتر لە بەرژەوەندی گەلی ئێمەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر فەقەرەی چوارەم (أ، ب، ت) کە دەڵێت (تأسيس شركات تشغيلية تابعة ومملوكة لها الخاصة بالعمليات النفطية المتعلقة)، من پێم وایە (ومملوكة) لابرێت بخوێندرێتەوە (تأسيس شركات التشغيلية تابعة لها) دوایێ بڵێ ( بالعمليات النفطية المتعلقة) لەحیاتی ئەوەی مەملوکە پێم وایە زیادە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (ثالثاً) دامەزراندنا مەجلیسا ئیدارە، وابزانم پێی ناوێت پێنج ساڵ بێت، چونکە مەسەلەکە ئیختیصاصیە، بێژا نابێتن کو پێنج ساڵاً حەزف بکەن، لەوانەیە جارێکی دیش تەمدید بێت، بەس ئەگەر بمێنێت، ئەوەش سەلاحیاتی مەجلیسی وزەڕا، ئەو پێنج ساڵە را بێتن لە سەلاحیاتی مەجلیسی وزەڕا بێتن باشترە کو تەحدید بێتە کرن و موصادەقە لەسەری بێتە کرن، هەروەك کاك ڕەشاد و کاك دلێریش گوتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە قسەکەی منیش هەر ئەوەی مام ڕەشاد و جەماعەت کردیان، من پێشنیار دەکەم مادام ئێمە فیعلەن لە 50٪ی بە ئەکسەریەی موتڵەق دەنگمان بۆ حکومەت داوە، ئەوانە هیچ پێویست ناکات بێتە پەرلەمان، یەعنی سەبەبەکەی چیە؟ سرەکەی چیە؟ لەوەی بێتە پەرلەمان، یەعنی تەنها پێم وایە ئەوە هەر لابدرێت، مەسەلەی تر هی پێنج ساڵەکە بەڕاستی پشتگیری ئەوەی مام ڕەشادو ڤیان خان دەکەم، ئەگەر کەسی باش بن با بیست ساڵ بێت، ئەگەر کەسی خراپ بێت، نەك پێنج ساڵ بمێنێن، بەڵکو بە ساڵێك دەربکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان/ سەبارەت بە  صیاغەیە لە بڕگەی یەکەم، کە بنووسرێت (تؤسس شركة بأسم شركة كوردستان لاستكشاف وإنتاج النفط، وتكون شركة عامة ذات شخصية معنوية تتمتع بأستقلال مالي وأداري).

تێبینی دووەم/ تایبەتە بە بڕگەی پێنج، بنووسرێت (يجوز لمجلس الوزراء بعد مصادقة البرلمان) تەنها بۆ ئەو فەقەرەیە (بأغلبية ثلثي اعضائها تحويل الشركة الى شركة مساهمة وعرض اسهمها على مواطني الاقليم والعراق شرط ان لا تتجاوز الاسهم المعروضة للبيع على 49٪)/ لە 49٪ هەتاکو شەریکەکە بێتەوە، وەکو شەریکەیەکی گشتی، بەڵکو خەڵکیش بتوانێت بەشداری تیا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێت کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت دادەمەزرێت، چۆن دادەمەزرێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم پێویست ناکات ئەمەی خوارەوە چۆن چۆنییە، بنووسین بە یاسا کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت دادەمەزرێنین، ئینجا لەو یاسایە ئیتر دەتوانرێت تەفاسیلەکەی هەیئەی ئیداری چۆنە، ماوەی ئەندامانی چۆنە، لەکوێ موصادەقە دەکرێت، پەرلەمان دەوری چۆنە، بە تەفاسیل هەر چۆنێك بێت، بۆ کۆمپانیاکانی تریش پێشنیار دەکەم بنووسین، ئەم کۆمپانیایانە بە یاسا دادەمەزرێت، ناو هەر چوار کۆمپانیایەکان بنووسرێت، دواتر بەو یاسایانە ئەمانە کۆمپانیای عامە دێتە پەرلەمان، چونکە لە قانونی شەریکاتدا شەریکاتی تیجاری ئەم کۆمپانیایانە ناکرێت بەم قانونە دابمەزرێت، دەکرێت ئێمە ئەمانە بە قانون دابمەزرێنین، ئەو تەفاسیلەشی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بە سەریعی یاسایەکە ئەوەیە کە باسی دەکەین، دەڵێت پێنج کەسی هەیئەی ئیداری ئەوە یاسایەکەیە، ئەو پێنجەش نیزام دادەنێن بۆ خۆیان، کاك دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرە دوو هەیە، هەروەها بەنیسبەت فەقەرە سێشەوە، فەقەرە دوو پێویست ناکات ئێمە رەئیس و ئەعزا هەمووی لەلایەن مەجلیسی وزەراو موصادەقەی پەرلەمانی پێویست بێت، فەقەرە دوو بکرێتە (يعين رئيس مجلس ادارة الشركة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الأغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان) لەوێ رابوەستێت، ئەوانی تر (تحدد مدة) هی ئەندامان تەنها مەجلیسی وزەڕا دایانبمەزرێنێ، چونکە ئەندامی شەریکەکەیە، ئەندامی مەجلیس شەریکەکەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بێت بۆ پەرلەمان، تەنها وەکو ئێمە دەڵێین حکومەت لێرە سیقەی وەرگرتووە، کەواتە عوزێکی ئیدارە ئەوەندە

موهيم نييه بێت بۆ مەجليس، بۆ ريئاسه قەيدى ناكات، بەلأم بۆ عوزوەتەكە هينه، هەروەها تەجديدى عوزوەتەكە بۆ سەرۆك و بۆ ئەندامەكانى، ئەوەش تەنها لە دەسەلأتى مەجليسى وزەرا بێت، چونكە پێويست ناكات جارێكى تر بێتەوە بۆ هين، بۆ يەك جاريش بێت بۆ پێنج ساڵ، چونكە دە ساڵ ئەو وەختە كەم نييە، دە ساڵ مودەيەكى يەكجار زۆرە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك ديلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(ديلمان ئاميدى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من پێشنيار دەكەم برگەى پێنجەم لابرێت، چونكە خۆى لە ماددەى پێشوو، پێش ئەو ماددەيە سەلأحيەت دراوەتە وەزير كە پێشنيار بكاتن شەريكاتى ديكە دروست بكات، لەبەر ئەوە دەتوانێتن پێشنيارى شەريكى موساهەم بكاتن، ئەم شەريكەيەش شەريكەيەكى گرنگە، چونكە ئينتاجى نەفتە، بە رەئى من هەر ئێستا قەرار بدەين بۆ ئەوە موساهەم ببێتن، بەتايبەتى لە عێراقدا هەمووى بە قەناعەتى من خەرابيەتى تێدايە، ماددەى چوارەم (ابرام اتفاقيات الشراكة) دەبێت ئەوە هەندێك قيودى گەورەى تێدا هەبن، چونكە شەراكەى ئينتاج وەكو شەراكەى تەسويق و شەراكەى تەصديرو ئەوانە نييە، ئەمە ئيحتيماله لە شەريكەيەكى گەورە بێتن شەراكەتێك بكاتن، پاش پێنج ساڵ، دە ساڵى ديكە بيرەكە تەسليم بكاتن بىٚ مەنتوج، يەعنى ئينتاجەكە نەبێتن، بۆيە دەبێت قيودێكى باشى لەسەر بێت، هەتا مونافەسە ئەو شەريكەى تازە دروست بووە ئيمكاناتى مالى و تەكنەلۆجى ئەوە نييە، كە بتوانێت مونافەسە لەگەڵ شەريكاتەكانى ديكە بكاتن، دەبێت لێرەش بەپێى نيسبەتێك بێتن، وەكو ئەولەويەت بۆ ئەو شەريكەيە بێتن، كە شەريكاتى حكومەتن، لە هەموو ئەو شەريكاتانە هاتووە (ان يكونوا مستقلين عن الوزارة وعن الحكومة)، پێشنيار دەكەم ئەوە حەزف ببێتن، چونكە ئەسڵەن شەريكەكە مەملوكە بە حكومەت، راستە شەريكە ئيستقلاليەتى مالى و ئيدارى هەيە، بەلأم خۆى جەوهەرەن قابيزە، حكوميية، لە زۆر ماددەى تر وەزير سەلأحيەتى بەو شەريكاتانە داوە، هەتا تەفاوز و ئيبرام لە عقودو ئەوانە بكات، لەبەر ئەوە ئەو ئيستقلاليەتە كە دەدەين موستەقيلى ئەعزاى هەيئەى ئيدارين، رەنگە سبەى ئيشكالێك دروست بكاتن لە بەينى مەهاماتى وەزارەت و شەريكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرمووو.

**بەڕێز گێلاس محى الدين محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

منيش پێشنيارەكەم ئەوەيە ئەو پێنج ساڵە نەمێنێت لەگەڵ ئەو زۆرينەى رەهاى ئەندامانى پەرلەمان بێتە دوو لەسەر سێى دەنگەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو زۆرینەی ڕەهایە بكرێت بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، بڕگەی سێ لەگەڵ ئەوەم ئەو پێنج ساڵە نەمێنێت، بەڵام ئەگەر مایەوە خرایە دەنگەوەو دەرنەچوو پێنج ساڵەكە مایەوە زۆرینەی ڕەهایەكە بكرێت بە دوو لەسەر سێ، بڕگەی چوار/ كۆمپانیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بكرێت بە ئەنجومەنی هەرێم بۆ نەوت و غاز، پێنجەم/ ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە بكرێت بە ئەنجومەنی هەرێم، زۆرینەی ڕەها بكرێت بە دوو لەسەر سێی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو ڕەئیەی كوێستان خان دەكەم، پێشتریش كە كاك شێروان باسی كرد، مەجلیسی وزەرا بكرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، بەڕاستی لێرە تەعاروزو فەوزایەكی زۆر پەیدا دەبێت، لە لایەك مەجلیسی ئیقلیمی، لەلایەك مەجلیسی وزەرا، خۆی هەر مەجلیس وزەرایەك هات بكرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، ئەوە یەك.

دوو/ پشتگیری لە ڕەئی كاك عوسمان بانی مارانی دەكەم، پێم وا نییە یەعنی تەعینی ڕەئیس و ئەعزای مەجلیسی ئیدارە موصادەقە لەلای پەرلەمانەوە بێت، ئەوە تەعاروز دەكات لەگەڵ مەهامی پەرلەمان، پەرلەمان سێ موهیمەی هەیە، تەصدیقی میزانیە، چاودێری حكومەت و تەشریع، تەعینی ڕەئیس و ئەعزای مەجلیسی ئیدارە بەڕاستی ئەوە ئیشی ئەنجومەنی ئیقلیمیە، با خۆمان ئەوەندە تێكەڵ نەكەین، هەندێك حوریەت بدەینە ئەوانیش با خۆیان ئیش بكەن، هەروەها پشتگیری لەو ڕەئیە دەكەم كە بڕگە سێ حەزف بكرێت، مەسەلەن بۆ پێنج ساڵ بێت، ئەگەر باش بێت با زیاتر بێت، ئەگەر خراپیش بوو زووتر لابدرێت لەسەر ئەركەكانی، بۆ وەزارەت و ئەنجومەنی ئیقلیمی بمێنێت، خاڵی تر پێم وایە بڕگە دوو و بڕگە پێنج برێك تەعاروزی هەیە، یەعنی لە بڕگە دوو دەڵێت تەعینی ڕەئیس و ئەعزای مەجلیسی ئیدارە ئالیەتێكی بۆ دانراوە، بڕگە پێنج دەڵێت بكرێتە شەریكاتی موساهەمە، كە بكرێتە شەریكاتی موساهەمە، لەوانەیە هاووڵاتیش بچنە ئەو مەجلیسی ئیدارە، ئەو كاتە كێ دەست نیشانی دەكات، هەر مەجلیسی وزەرا، یان بەپێی پێشنیاری ئێمە مەجلیسی ئیقلیمیە، بۆیە بەڕاستی دەبێت چارەسەری بكەن، لە بڕگەی پێنج ئەوەی كاك ئەدهەم باسی كرد پشتگیری دەكەم، بەڵام لەوانەیە تەعاروز پەیدا ببێت، كە ئێمە بڵێین (مواطني الاقليم) لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق، كە هەموو عێراقیەك حەقی هەیە موڵكی هەبێتن، بۆیە پێم وایە نە مواتنی عێراقی، نە مواتنی كوردستانە، هەر بڵێین (للمواطنين) كیفایەتەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من دوو خاڵم هەیە دەمەوێت روونی بكەمەوە، یەكەمینیان/ ئەوەیە وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمان بۆ خاڵە گرنگەكانی ئەم یاسایە، خۆی لە خۆیدا فاكتەرێكی ئیجابیە، چونكە پەیوەندی بە هەموو تاكێك هەیە لەو كۆمەڵگایە، ئێمە زۆر جار گلەیی لە حكومەت دەكەین دەڵێین رەئیمان وەرناگرێت لە هەندێك خاڵ، ئەوە ئێستا خۆی پێشنیاری رەوانە كردووە، پەرلەمان بەشدار دەكات لە خاڵە گرنگەكانی ئەم یاسایە، ئەمە یەك.**

**دوو/ بەنیسبەت دەنگدان لەسەر چۆنیەتی ئەو خاڵانەی كە ئیشارەتی پێدراوە، چ لەو ماددەیە، چ لە ماددەكانی دیكە، من لەگەڵ ئەوەدام دەنگدانەكە بە زۆرینە بێت, نەك دوو لەسەر سێ، لەبەر ئەو هۆیانەی كە ئێستا بۆتان دیاری دەكەم:**

**یەك/ دانیشتنی پەرلەمان هەر لە بیدایەتی دروست بوونی ئەو پەرلەمانەوە، تا ئێستا بە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە، واتا پەنجا زائید یەك، بە ژمارەی ئەندامانی ئەمڕۆكە (111) ئەندامە، (56) ئەندام حازر بێت، مانای وایە جەلسە دەبەسترێت و دەنگدانیش لەسەر پرۆژەكان بەم شێوەیە رۆیشتووە، چ لە دەورەی ئێستا، چ لە دەورەی پێشوو ئەغلەبیەتی حازرین لێرە حكومی كردووە، واتا ئێمە بە دەیان و سەدان یاسامان دەركردووە بە ئەغلەبیەی حازرین، كە بەگوێرەی رێژەی ئێستای ئەندامان (28)، یان (29) ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت یاسایەك دەربكات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوەی كە لە یاسایەكەدا هاتووە جێگای خۆیەتی كە كردیەتی بە ئەغلەبیەتی موتڵەقە، واتا پەنجا زائید یەك، واتا ئێمە دەبێت لەو پەرلەمانە تەئمینی (56) دەنگ بكرێت، ئینجا ئەم یاسایە پەسند دەكرێت، ئەمە لە لایەك.**

**لە لایەكی تریشەوە، ئێمە بەنیسبەت نەفتەوە شارەزایەكی وامان نییە، زۆر باسمان كردووە لەم دوو رۆژەدا، بەنیسبەت ئێمە حاڵەتێكی تازەیە، ئێمە مەفروز وایە لێرەدا چەند بتوانین ئاسانكاری بۆ مەسەلە نەفتیەكان بكەین، نەك ئێمە بكەینە دوو لەسەر سێ، كە ببێتە كۆسپێك نەتوانرێت لێرە پەسندی یاسایەكەش بكرێت، بەڕاستی بە قەناعەتی من ئەو دوو لەسەر سێیە بۆنی پەنجا بە پەنجایی لێ دێت، هیچ لایەنێكیش بە تەنها ناتوانێت ئەم یاسایە لێرە پەسند بكات، ئەگەر لایەنەكانی تری لەگەڵ نەبێت، لەبەر ئەو هۆیانە من لەگەڵ ئەوەدام كە بەزۆرینەی دەنگ بێت.**

**خاڵی سێیەم/ بەڕاستی زۆر برادەر ئیشارەتیان بەوەدا، كە دەبێت بە قانون تەنزیم بكرێت، ئەوە قانونەكە هاتووەو شەریكاتەكەشی تێدایە، داوا دەكەن شەخصەیەتێكی مەعنەوی و قانونی پێ بدرێت، ئیستیقلالێكی مالی و ئیداریشی پێ بدرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونانەمە كە لیژنەی یاساییش بۆی رۆیشتووە، كە بە زۆرینەی دەنگ بێت، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆربەی رەئیەکان باس کرا، لە بڕگەی دوودا دەڵێت سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەنرێن، دوای پەسند کردنی پەرلەمان، واتا پەرلەمان پەسندی دەکات دواجار ئەنجومەنی وەزیران دایدەمەزرێنێت، بەڵام نەنووسراوە کێ پێشنیاریان دەکات، واتا ئەنجومەنی وەزیران لێرە ئەرکی دامەزراندنی هەیە دوای پەسند کردنی لە لایەن پەرلەمانەوە، پشتگیری ئەوە دەکەم بڕگەی سێ لابرێت و نەمێنێت، بڕگەی پێنجەم/ ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەسند کردنی زۆرینەی رەها، منیش رەئیم وایە ئەو رەهایە بکرێت بە دوو لەسەر سێ، کۆمپانیایەکە بکرێت بە کۆمپانیای پشکدار، بە رەئی من ئەو پشکداریە رێژەکە دیار بێت، چۆن بێتە شەریك، رێژەکە بە رێژەی سەدی دیاری بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی چوارە، کە شەریکە بۆی هەیە بچێتە موونافەسە لەگەڵ شەریکاتی تر، بۆ ئیجازەی تەخویل، بۆ حقولی موستەقبەلی بەدەست بێنێت، ئەم شەریکەی ئێمە، یەعنی لەسەر شەریکاتەکانی دوایش عەینی ماددەکانی دواییش ئەو تێبینیە هەڵدەگرێت تازەن، ئیمکاناتیان لە رووی مالی و تەکنەلۆجی و خیبرە مەحدودە، بەلای کەمی بۆ ماوەیەك، ئەمانە بچنە موونافەسەوە لەگەڵ شەریکاتێك لە رووی ئیمکانیەت و لە رووی مالیەو تەکنەلۆجیا زۆر زۆر نابەرابەر دەبن، لەبەر ئەوە دەچنە موونافەسەیەکەوە کە نابەرابەرایەتیەکی زۆری تیایە، بۆیە بە پێویستی دەزانم، کە ئەفزەلیەتێك هەبێت بۆ ئەم شەریکەیە، کە کاتێك دەچێتە ئەو موونافەسەیەوە، ئەمە ئەلف بوو.

(ب) کاك دیلمان باسی کرد مەسەلەی ئیتیفاقیاتی شەراکە، هەرچەندە ئەمە لە عقودی شەراکە زیاتر رەنگە قسە هەڵگرێت، بەڵام عەینی ئەو مولاحەزەیە، کە ئەو شەریکەیە ئەوە ئیمکانیاتیەتی دەچێتە عقودی شەراکە لەگەڵ شەریکاتێك، کە نابەرابەرایەتیەکی زۆری هەیە لەگەڵدا، چۆن دەبێت ئەو عقودی شەراکەیە، باشە ئەوە یەعنی ئینتیباه بکەین بۆ ئەوە، بەنیسبەت ئەوە زۆر لە برادەران باسیان کرد مەسەلەی مەجلیسی ئیدارەو رەئیسی مەجلیسی ئیدارە، نازانم ئەوەلەن صیاغەکە دەڵێت (ان یکونوا مستقلین)، یەعنی وەکو ئەعزا موستەقیل دەبن لە حکومەت، خۆی مەقصود دیارە وەکو مەجلیس، منیش لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە ئەگەر موستەقیل بن لە حکومەت و لە مەجلیسی وزەرا، ئیشرافی ئەو شەریکاتانە کێ دەیکات؟ لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانم، ئەمە بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی كاك شێروان، دەڵێ دوو لەسەر سێی ئەندامان دەبێتە پەنجا بە پەنجا، من بەڕاستی بە پێچەوانەی دەبینم، ئەگەر ئێمە هەم پشتیوانی بۆ پەرلەمان و بۆ خەڵكی كوردستان دەكەین، دەبێت دوو لەسەر سێ بێت، چونكە ئێمە لە 51٪ دەنگمان داوە بە حكومەت، كەواتە ئەو دەنگەی داومانە بە حكومەت شەرعیەتەكەی لە 51٪ی وەرگرتووە، بۆچی بێتە ئێرە، كە دێتەوە ئێرە، دەبێت لە 51٪ زیاتر پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، بەڕاستی ئەوە شتێكی وەكو دەڵێی چاوبەستێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی كە لە دڵسۆزی هەموو ئەو موناقەشەیە دەكەن، لە حەقیقەت هێنانی بۆ پەرلەمان زەرورە بە ڕەئی من، چونكە ئەو نەوتە هی هەموو خەڵكی كوردستان و عێراقە، بۆیە هەر تاكێك بەشی لێیە، پەرلەمانیش نوێنەری گشتی خەڵكی كوردستانە، بەلاَم كە هاتە ئێرە ئەوەندە تەعقیدی نەكەین، نەیكەینە دوو لەسەر سێ، دوو لەسەر سێیەكە زۆرە، چونكە زۆر جار لەبەر زۆر سەبەب دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو بەڕێزانە نەتوانرێت موافەقەتی لەسەر بكرێت، بۆیە پەنجا زائید یەكەكە ئیتیفاق بكرێت لەسەری زۆر دروستەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من شەرحێكم هەیە ئەگەر ئیجازەم بدەن، یەعنی دوو ڕەئی زۆر موتەناقیز، یەكێكیان دەڵێت هەر نابێت بێتە پەرلەمان، ئەوە پێویست ناكاتن، دوایێ ئەویتر ئەوپەڕی دەدات، نەك بەس بێت، دوو لەسەر سێشی دەوێت، ئەوەی كە هاتووە چی دەڵێتن، دەڵێ (اغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان)، یەعنی واتا بەلای كەمی (56)، یەعنی ئێستا ئێوە دەنگ بدەن دوو لەسەر سێیەكە زیاتر بێتن، ئەوجا دەبێت كە مەسەلەن فەرزمان كرد حەفتا كەس هاتووە، حەفتا كەسەكە دەبێت, دوو لەسەر سێ بێتن، (56)ی دەوێتن، هەشتاش بێتن، (56)ی دەوێت، ئەغلەبیەی بەسیتە ئەوە ئەگەر (70) كەس بن (36) كەس دەنگ بداتن، ئەوە دەباتەوە، ئەوە ئەغلەبیەی بەسیتە نییە، (اغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان)، واتا دەبێت (56)ەكەی تێدا بێتن، كە غالیبەن ئێمە لێرەدا مەعدەل (90) كەسمان حازرە، بزانن (56)ەكە دەكاتە چەند، دەكاتە (70٪)ی ئەندامانی حازر ئەوە لە لایەكەوە، لەبەر ئەوە ئەو ڕوون كردنەوەیەم لەلا موهیم بوو.

دوو/ هەندێك قسە كرا، كە مەسەلەن ئیقلیم و شتی وا، تەبعەن ئێمە ناتوانین بە ڕەغبات شت بكەین، دەستوور بەنیسبەت نەوتەوە زۆر حەساسە، دەڵێن نەوت موڵكی شەعبی عێراقیە، لەبەر ئەوە كە باسی دەكەیت، دەبێت ئەو ئیشاراتانە هەبێتن، بۆ ئەوەی ئیتیهام نەكرێن، ئێستا ئیتیهام دەكرێین ئێمە، دەیان

مەقالاتمان لەسەر دەنووسرێتن, کوردستان بە کەیفی خۆیان عقودیان کردووە، بە کەیفی خۆیان وایان کردووە، لەبەر ئەوە تا قانونەکە دەردەچێتن، ئەو غوبارە لابدەین، ئەو شکلیەتە لابدەین، بۆ ئەو کەسانەی ئیتیهامی کوردستان دەکەن بە ئیستیفراد و بەو قانونە بەوەی کە دوور لە دەستووری عێراقی بەکار دێنن، بۆیە هەندێك وشە هەیە زەرورییە تێدا بێتن، من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم لەسەر ئەو قسانەی کە کرا، هەندێك تێبینی خۆی بدات فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند مولاحەزەیەکمان هەیە، تەبعەن ناحیە تەصویت و ئەغلەبیەی موتڵەقە, ئەوە بڕیاری پەرلەمانە، ئێمە تەدەخول لەوە ناکەین، بەلاّم لە ناحیەی عەمەلیەوە با بڵێین بەم شێوەیە ئێمە دامانناوە (نەوت و غاز حەساسە لە عێراق، لە کوردستانیش وەکو عێراق، عەمودی فەقەری هەموو ولاّتەکەیە لە ناحیەی مالیەوە، ئێمە گوتمان با دەسەلاّتەکان جیا بکەینەوە، مەجلیسی وزەرات هەیە، وەزارەتت هەیە، شەریکاتی حکومیت هەیە، نامانەوێت شەریکاتی حکومی سەیتەرەی مەجلیسی وزەرای یەکسەر لەسەر بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان دەورێکی هەبێت، نامانەوێت وەزارەت لە ئیشراف زیاتر تەجاوز بکات بەبێ ئەوەی سوڵتاتی تر بێت یارمەتی بدات، جا لەبەر ئەوە گوتمان، چونکە شەریکاتی عەمەلین ئەندامەکان دەبێت پەرلەمان بڕیار بدات، ئەوانە باشن مەجلیسی وزەرا پێشنیار دەکات، پەرلەمان بڕیار دەدات موشکیلە تەجاوزی ئەو زەلامانە نەتوانن ئەو ئیشانە بکەن و ئەوانە دەتوانین یەك کەلیمە دانێین لە فەقەرەی دووەم بلّێ (یعینون بعقد) لە عەقدەکە دەڵێت ئەگەر تۆ کەفوء نەبووی مەجلیس وزەرا دەرت دەکات، ئەگەر فەسادی بکەیت تەبعەن ئەوانە تەتبیق دەبێت، کە کەلیمەی عەقد دادەنێین، ئەو هەموو موشکیلەکان حەل دەکات. بەنیسبەت پێنج ساڵ، ئەوە مەفروز بوو کە حەدی ئەقصا بێت، هەتا ئەو زەلامانە کە دایاندەنێت لە مەجلیسی ئیدارە دانەنیشن بە ئیسراحەت, وازیان لێ بێنن، تاکو تەقاعود دەبێت مەسئوولیەتی هەیە دوای پێنج ساڵ، دەتوانیت دایبنێت, دوای پێنج ساڵ ئەگەر ئیشەکەی باش نەبێت بلّێ خواحافیز، هەر لەبەر ئەوەیە عەمەلیەی شەفافییە، بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەم/ سەبەبێکی جەوهەری هەیە بۆ ئەوە، ئێمە داماننا‌وە بۆ ئەوەی قیتاعی خاص لە کوردستان زۆر کەمە لە ناحیەی نەوتەوە، قیتاعی خاص دەبێت تەشجیع بکەین، قیتاعی خاص چۆن تەشجیع دەکەیت، دەتوانین بلّێین هەموو شەریکەیەك هەیە، شەریکەیەکی خاص هەیە لەگەڵت بێت ئیش بکات، شەریکەی وامان نییە، نیمانە کە ئیختیصاصی نەوتی باشی هەبێت، لەبەر ئەوە چیمان کردووە، گوتومانە شەریکاتی وا دروست دەبێت لە چەند ساڵێك، یان دوو ساڵی تر، ئەم شەریکەیە خۆی شەریکەیەکی حکومییە لە بیدایەتەوە ئەسهومی هەیە لە حقلەکاندا، ئێمە پارە نادەین شەریکەکانی خارجی کە دێن، ئەو شەریکەیە حیصەی ئێمەش کولفەکە دەدات, لەدواییدا لە موستەقبەل کولفەکە وەردەگرێتەوە تا ماوەیەك، کە پێش ئینتاج، ئەگەر کولفە زۆر بوو توانامان نەبوو کە وەکو حکومەت پارەکە بدەین، دەتوانین بلّێین با ئەو شەریکەیە بکەینە نیوەی ئەهلی بەو شێوەیە هەموو میللەت بەشدار دەکەین، کە حیصەیەکی هەیە لە شەریکەکە، ئەمەل لەبەر ئەوە دامانناوە، تەبعەن ئەمە پێشنیارە بۆ موستەقبەل, پەرلەمان ئەم بڕیارە دەدات، لە موستەقبەلدا خۆ بڕیارت نەداوە ئێستا، ئەمەل دەدەیت بە میللەت, دەڵێیت بۆ دوایی ئەمەل هەیە لەم شەریکەیە تۆ دەتوانیت ئەسهومت هەبێت، بەو شێوەیەش دابەشی دەکەیت بەسەر میللەتدا، ئەگەر ئیعلانت

کرد گوتمان هەموو شەعبی عێراقی، چونکە لەبەر ماددەی (111)، ئەگەر هەموو میللەتی عێراق نەهات بەشدار بن لە شەریکات، ئەوە میللەتی کوردستان دەیکرێت، یەعنی ئەسهومەکە بەو شێوەیە دامانناوە، ئەوە بەڕاستی سەبەبەکەیە بۆ ڤیتاعی خاصمان داناوە، بۆ ئەوە پێنج ساڵەکەمان داناوە حەدی ئەقصایە مەفروزە، نەك حەدی ئەدنا، بەلاَم کە بیکەیت بە عەقد شەش مانگ ئەگەر تەجاوزی سوڵتەی خۆی کرد ئەندامەکە دەتوانیت دەریبکەیت، بە عەینی قانون کە داتناوە، بە عەینی عەقد دەتوانیت دەریبکەیت، بەسەراحەت ئەو بەشداریەی کە سوڵتە بەینی مەجلیسی وزەراو بەینی پەرلەمان و وەزارەت، لەبەر شەفافیەت، ئێمە نامانەوێت ئەم شەریکاتانە لە ژێر سەیتەرەی مەجلیس وزەرا بێت بەبێ چێك و بلانص لە پەرلەمانەوە، چونکە مەجلیسی وزەرا بڕیار دەدات لە لیژنەی ئیقلیمەوە، سەیتەرەی لەسەر هەموو عەقدەکان هەیە، با جیهەیەکی تریش هەبێت، کە نەختێك سەلاَحیەتی هەبێت، کە مەجلیسی وزەرا خۆی ئەو بڕیارانە دەدات، یەعنی بەتایبەتی سوڵتەی ئەو نەبێت، لەبەر ئەو شتانە دامانناوە، تەبعەن بڕیار بڕیاری خۆتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە داوا کراوە لێرە متمانە بدرێت بە رەئیسی شەریکەو هەیئەی ئیداری لەبەر چیە، دەبوایە ئێمە خۆمان داوای بکەین، ئەوان خۆیان ئەوەیان هێناوە، ئەو شەریکاتانە مەراکزێکی حەساسن سەروەتی میللەت بەدەستیانەوەیە، خەڵکانێك بێت میللەت لێیان رازی بێت، دوایێش ئەگەر کەسانێك دابنرێت پەرلەمان لێی رازی نەبێتن هەر خۆمان دەچین گلەیی دەکەین، دەڵێین بۆ فلانیان داناوە، یەعنی بۆ یەکێك لە مەسەلەکان بۆ موحارەبەی گەندەڵی ئەوەیە، کە ئەو کەسە بێتە ئێرە، لێرە باسی بکەین باکڕاوندێکە، نەزاهەت چۆن بووە، چی هەیە، موەفەقە، خیبرەی هەیە، نیەتی، خەڵك دەیناسێ، دەستی پاکە؟ لەبەر ئەوە ئەو ئیقتیراحە کە بێتە ئێرە زۆر جێی خۆیەتی، ئەو رێژەیەش کە دانراوە لە 51٪ لە ئەندامانی پەرلەمان واتا موتڵەق، یەعنی نیسبەتی موتڵەق ئەویش جێی خۆیەتی عەمەلیشە، تۆ بڵێی دوو لەسەر سێ، دوو لەسەر سێیەکە زۆر زەحمەت پەیدا دەبێت، ئەمەش ئیشەکان رادەگرێتن، کاك کەریم توهمە نییە، هەر کەسە ئازادە بۆ دانی رەئی خۆی, حەز دەکەی با بڵێت من دەمەوێت چوار لەسەر پێنج بێتن، ئەوە رەئیە، مەسەلەن بۆ سەرۆکی هەرێم دوو لەسەر سێ دابنێن زۆر تەبیعیە، ئەوە سەرۆکی هەموو هەرێمە دوو لەسەر سێ هەر دەبێت، بەلاَم لێرەدا هەم لە عەینی کاتیشدا دێتە ئێرە، بۆ متمانەدان بۆ موناقەشە کردنی شەخصیەتی ئەو کەسە, لێهاتووەو ئەوانە، دیسان مەسەلەکە نەبێتە ململانێ، ئەو تەرەفە رازیە، ئەو تەرەفە لێی رازی نییە، بۆیە بە موتڵەقەکە ئەوەش چارەسەر دەکرێت، دووریش دەکەوینەوە لەوەی کە بڵێین مونافەسەی حزبی و شتی وای لەسەر بکرێت، پێم وایە ئەوانیش خەڵکی وا نانێرن، چونکە خەڵکی پسپۆری دەوێتن، دوایێش کە مەجلیسی وزەرا هاتووە، هەندێ گوتیان مەجلیسی ئیقلیم بێتن, نابێتن، چونکە پەرلەمان ناتوانێتن شتێك موناقەشە بکاتن، پرۆژەیەك بێتن ئیلا دەبێت لە مەجلیسی وزەرا بێتن، بۆیە لێرەوە زۆر راست هاتووە، نابێت مەجلیسی ئیقلیمی بێتن، هەر شتێك متمانەدان بە کەسێك بێت, دەبێت مەجلیسی وزەرا موافەقەتی بکاتن، مەجلیسی ئیقلیمی دەیداتە مەجلیسی وزەرا, بەناوی مەجلیسی وزەرا دەینێرن بۆ پەرلەمان و لێرە دەنگی بۆ دەدەین، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر خاڵی ئەكسەریەی موتڵەق و دوو لەسەر سێیەكە، من دەمەوێت قسە بكەم، ئێمە لەو كاتەی ئاشتبوونەوە بووە پەرلەمان یەكتری گرتۆتەوە، هەموو ئەو مەشروعانەی كە گرێ دەدەن بە تەوافوق دێتە پەرلەمان، بەتایبەتی پارتی و یەكێتی كە دوو حزبی ئەكسەریەتن موافەقە دەكەن، ئینجا دێتە پەرلەمان، دێتە مەجلیسی وزەرا، مەجلیسی وزەرا دیسان بە تەوافوقە، ئەو قەراراتانەی كە ئێمە ئێستا دایتمان، تا ئێستا ئەكسەری موتڵەق دامانەو تەئیدیشمان كردووە، هەمووشی بە ئەكسەریەتی موتڵەق بووە، لەبەر ئەوەی مادام تەوافوقە، قیادەی سیاسی بە تەوافوق دەبێت، مەجلیسی وزەرا بە تەوافوق بێت، پەرلەمانیش تەوافوقە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات بیكەینە ئەكسەریەت و ئەوە، چونكە كە بووە تەوافوق، ئێستا لە بەغدا هەموو مەشاریعی بەغداش كە دێتە پەرلەمان بە تەوافوقە، ئەوەی بە تەوافوق نەبێت لە پەرلەمان سەرناكەوێت، كە بووە دوو لەسەر سێ سەرناكەوێتن، لەبەر ئەوەی پێویست ناكات، ئێمە خۆمان بەوەی خەریك بكەین، چونكە قیاداتی سیاسی و حكومەتی خۆمان دێن هەمووی تەوافوقەو هەتا پەرلەمانیشمان تەوافوقە، بۆیە من تەئیدی ئەوە دەكەم كە ئەكسەریەكەی موتڵەق بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی یەكەم من پیرۆزبایی لەم هەنگاوە دەكەم كە پەرلەمان بەشداری دەكات لە دانانی ئەو كارانە، بەڵام عادەتەن لە كۆمەڵگای مەدەنی كە بڕیارێك پێویستی بە موصادەقەی پەرلەمان هەبێت یەكەم جار شەخصەكە ئیختیار دەكرێت و لە لایەن مەجلیسی وزەرا، تەبەنی دەكرێت, لەلایەن مەجلیسی پەرلەمان، ئینجا تەعین دەكرێت لە لایەن مەجلیسی وزەرا، یەعنی پرۆسەكە سێیە، نەك دوو، تەبیعی من پڕاو پڕ پشتیوانی لە تێبینیەكانی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم بەنیسبەت موصادەقەی ئەغلەبیە، چونكە ئەگەر بمانەوێت هیچ پرۆژەیەك سەركەوتوو نەبێت, جێی خۆی نەگرێت، دەبێت بیكەین بە دوو لەسەر سێ، بەتایبەتی لەم پەرلەمانەی كە هەمانە ئێستا، بۆیە پڕاو پڕ پشتیوانی موصادەقەی ئەغلەبیە دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیاره ئەگەر ئێمە باسی ئەوە دەکەین دوو لەسەر سێ بێت رێگە لە ئیستیغلال کردنی لایەنێك بگرین، ئەوە هیچ ئیشکالی تێدا نییە، زەرەری بۆ کەس تێدا نییە، تەنها ئیستیفادە نەبێت، دوای ئەوەی کاك خورشید باسی کرد، مادام تەوافوق هەیە بە تەوافوق هەموو ئەندامەکان دەتوانێت ئامادە بن لە هەر رۆژێکدا بمانەوێت کۆبوونەوە بکرێت لەسەر هەر مەسەلەیەك، بەلاّم لایەنێك بە تەنیا بە ئەغلەبیەی رەها، یان بە ئەکسەریەت، دەتوانێت ئیستیغلالی وەزعەکە بکات، بۆیە من داوای دوو لەسەر سێ دەکەم, کوردستان لێك گرێ بداتەوە، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بە تەنیا مەسەلەیەك ئیستیغلال بکات، ئەگەر لە 51٪ کرا، ئەو شەرەفە، ئەو سیقەیە دراوەتە حکومەت، کە ئەو سیقەیە دراوەتە حکومەت، با حکومەت بیکات، ئەگەر بێتە ئێرە دەبێت لەو سیقەیە زیاتر بێت کە دراوەتە حکومەت، مادام لەو سیقەیە زیاتر نەبێت، وەکو شتێکی شکلی دەبینم، بەلاّم ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان بێت، هیچ مەجالێك نابێت کەس فرتوفێڵ لە یەکتری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام و رەخنەشە لە ئێوەی سەرۆکایەتی، یەعنی ئێوە ناو دەنووسن، دە کەس، پازدە، بیست کەس موناقەشە دەکات، ناکرێت دوایی رێ بدەن بە پێنج و بە شەش و بە حەوتی دیکە لەسەر هینەکان قسە بکەنەوە ئەوە خۆتان دەزانن پرۆژەکە چەند دوورو درێژە، جا قسەی زۆریشی لەسەر کراوە، ئەو قسانەی کە چەند کەسێك داوای کردووەو دووبارە قسەی لەسەر کردووە, پێویستە بخرێتە دەنگەوەو وەربگیرێت، پێویست ناکات رەئی تازە وەربگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رەخنەکەت قبولە، نوقتەکەت نیزامی نییە، بەلاّم رەخنەیە قەبولە، بەلاّم بۆ چیش وا دەکەین، دەزانم ئێستا دوو, سێ برادەر عەینی قسەیان دووبارە کردەوە، ئەگەر رێگایان نەدەین, دەچێتە دەرەوە تەسریح دەدات، دەڵێت سەرۆکایەتی نەیهێشت قسە بکەین و قسەمان هەبوو, لەبەر ئەوە ئێمە تەحەمول دەکەین دە جاریش قسە بکەن، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعێك تەرح کرا ئەوەی قودرەتی تەنافوسی شەریکاتی کوردستان، دەبێت چەند خاڵێك هەبێت، یان چەند مەرجێك هەبێت، بۆ ئەوەی ئەولەویەت بۆ کوردستان بێت، جەنابی وەزیر تەعلیقێکی لەوەدا، یەعنی ئەوەتا من بۆم نووسیووە، نەمدەویست جارێکی تر هەڵستم قسە بکەم، بەلاّم فرسەت هەبوو باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك بەکر فەرموو.**

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو مەوزوعەی باس کرا، بەڕاستی من حەز دەکەم و تکایەکم لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەیە، کە بەو نەفەسەوە قسە مەکەن، کە ئەمە بۆنی بە پەنجا بە پەنجای لێ دێت، یان ئەمە رەئیەکی هینە، من پێم وایە ئەو هەڤالانەی کە قسە دەکەن تەعبیر لە رەئی خۆیان دەکەن، دووەم/ هەموو جار کە باسی دەکەین، دەڵێین بەشدار کردنی فراوانترین توێژو چینی کۆمەڵ کە ئێوە نوێنەرن، مەفروزە بەو نەفەسەوە وەربیگرین، نەك بەو نەفەسەوە وەریبگرین کە ئەمە گروپی فلانە، یان گروپی فلانە، خۆ لەناو پەرلەمانەکەی ئێمە چەند گروپێکی تیایە، رەنگە هەندێ لە گروپەکانی تریش هەست بکەن بەوەی کە تەهمیش کراون، یان بەوە کە کاك خورشید باسی کرد، کە بڵێت مەسەلە لە رێگەی تەوافوقەوە لە بەینی حزبەکاندا، من تەسەور دەکەم ئەگەر مەسەلە تەوافوق بێت، یەکێتی و پارتی, گرووپی سەوزو گرووپی زەرد لە 80٪یان هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هیچ شتێك موناقەشە بکرێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت بەو نەفەسەوە وەربگیرێت، کە ئێمە خاوەن رەئی خۆمانین، من شتێك بڕوام پێ هەبێتن مەفروزە تەعبیری لێ بکەم، مەفروزە لەناو ئەو پەرلەمانە دیفاعی لێ بکەم، چونکە من وا تەسەور دەکەم کە نوێنەری بەشێکم لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دەبێت قسەی ئەوان بێنمە ناو پەرلەمان، ئینجا ئەو رەئیەی کە داومانە کە دەڵێین دوو لەسەر سێ، کاك دکتۆر ئاشتی باسی کرد، ئەهمیەت و حساسیەتی ئەم قانونە، کە خۆتان دەزانن موشکیلەی کورد لەسەر کەرکووك حەل نەبووە، صناعاتی دەولی هەمووی لەسەر نەوتە، ئەمە قانونێکی موهیمە، ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، پێم وایە ئەو شەریکاتانەی کە باسی دەکەین دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان بێنێ، ئەوە هێزو پشتیوانیەکی گەورەیە، بۆ ئەو شەریکاتانە، نەك بۆ ئەوەی بمانەوێت لە موقابیلی تەرەفێکی گەورەتر قسە بکەین، تکاتان لێ دەکەم بەو نەفەسە وەریمەگرن, سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێك دەڵێت ئەو ئەغلەبیەتە موتڵەقە بکرێتە دوو لەسەر سێ، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە کە متمانە دانە لە پەرلەماندا بە سەرۆك و ئەندامانی هەیئەی ئیدارەی شەریکەکە دوو لەسەر سێ بێتن، یەعنی موافەقە کردنی تەعینەکە کە دێتن لە مەجلیسی وزەراوە بۆ ئێمە، دەڵێت ئەو شەریکەیە تەعینمان کردووە بە رەئیس و ئەوەش هەیئەی ئیداریتی لێرە پرۆژەکەو رەئی لیژنەی قانونی هەندێك برادەران دەڵێن ئەو نیسبەتە موتڵەقە لە ئەندامانی پەرلەمان باشە، هەندێك دەڵێن نەخێر دوو لەسەر سێ بێتن، پێشنیاری تازە کە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان گوتیان دوو لەسەر سێ بێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوو لەسەر سێی دەنگ بێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (23)**

ئەندامن فەرموون، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (28) ئەندام، کەواتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، پێشنیارێکی تریش هات لە لایەن پەخشان خان و کاک دلێر و کاک دیلمان دەڵێ شەریکەی موساهمە کە دەبێت لە 51٪ی حکومی بێتن، فەرموو کاک رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێشتا بڕیار نەدراوە ئەو شەریکەیە بکرێتە موساهەمە، تا ئێمە تەحدیدی ئەسهومی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە وەختی خۆی کە دادەنرێتن لە بڕگەی پێنج هاتووە دەڵێت ببێتە شەریکەی موساهەمە، یەعنی هەمووی، پێشنیارێك هات ئەگەر واش بکرێتن، دەبێت لە 51٪ی بۆ حکومەت بێتن، چونکە 49ی تەرح بکرێتن بۆ خەڵك، بۆ هاووڵاتی کوردستان، کاک فرسەت شەرحێکی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی رەئی مامۆستا رەشاد دەکەم، چونکە تەحویل کردنی ئەو شەریکەیە بۆ شەریکەی موساهیم دێتە پەرلەمان، ئەو وەختەی بێتە پەرلەمان تەحویل بێت ببێتە شەریکەی موساهیم، ئەو وەختە دەتوانین موافەقەیەکی مەشروتی پێ بدەین، بە شەرتێك لە 51٪ هی حکومەت بێت، ئێستا موحتاج نییە بە رەئی من, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵەن نەچوون بەلای ئەو فەقەرەیەوە لە قسەکانمدا، تەئیدی کاك دیلمانم کرد لە مەسەلەی شەراکەت، بەڵام گوتم ئەمە لە ماددەی عقودی شەراکەت رەنگە جێگەی قسەی زیاتر بێت، من باسم لە قودرەتی تەنافوسی کرد، هیچ ئەفزلەیەتێك نەدەین بە شەریکەی خۆمان، بۆ ئەوەی لە وەختی مونافەسەوە ئەو نابەرابەریە نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ شروتی باشتر تەقدیم بکات ئەفزلەیەت بۆ ئەوە، ناکرێتن بۆ هین بێت، بە هەر حاڵ ئەوەی (یجوز لشرکة وبموافقة مجلس الوزراء)، وابزانم تازە کە مەجلیسی ئیقلیمان دانا موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی دەوێتن، نەك مەجلیسی وزەرا (التنافس مع غیرها لحصول علی اجازه تخویل)، ئەو شتانە سەلاحیاتەمان هەموو داوەتە مەجلیسی ئیقلیمی، (رابعاً/ یجوز لشرکة وبموافقة المجلس الاقلیمي)، نەك مەجلیسی وزەرا، مەجلیسی ئیقلیمی ئیدارەی سیاسەتی نەوت دەکات، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی (46) (ثانیاً/ الافضلیة للشخص المخول الذي له شراكة مع الشركات المحلیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەی کاك محەمەد فەرەجیش هینە، من هینەکەی خۆم سەحب دەکەم، با بمێنێت وەکو مەجلیسی وزەرا، راست دەکات حکومەتە، ئێستا ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، گۆڕانکاری نەهات، ئەو پێشنیارەی کە هاتە پێشەوە له نصوصەکە ختمانە دەنگدانەوە، نصوصەکە نەیگرت، کەواتە نیسبە موتڵەقەکە دەمێنێتن، ئەغلەب موناقەشەکان لەسەر فەقەرەی پێنج بوو لە ماددەکە، ئەویش ختمانە دەنگدانەوە، دەنگی نەهێناو وەکو خۆی مایەوە، ئەو پێشنیارەی کاك دلێریش قانونیە گوتیان کەی هاتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ببێتە شەریکەی موساهیم، ئەو وەختی دەکرێتن ئێمە باسی ئەوە بکەین لە 51٪کە، ئێستا پێویست ناکات، لەبەر رۆشنایی دەستوور تەحدیدی کردووە بە عێراق، ماددەی (111) له دەستوور وەڵامم داوە، من پێم وایە سێ ماددەی تر زۆر شەبیهە، وەکو ئەمەیە، بەس ناوەکەی فەرق دەکاتن، بۆ ئەوەی سبەینێ یەکسەر بچینە سەر ماددەکانی تر، ئێستا لەبیرتان ماوە ماددەی پێشتر چی بووەو چی نەبووە، دەیخوێنینەوە، ئەگەر مولاحەزەیەکی بە هەندتان هەبوو، ئەوە قەیدی ناکات، ئەگەرنا هەموو وەکو ئەوانی ترە، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم کرد ئایا عورفە، یان یاسایە لە قانونی شەریکاتدا، ئەگەر لە 51٪ هەبێت مەجلیسی ئیدارە بە دەست لە 51٪کەوەیە، عورفە، یان یاسایە، ئەگەر وابێت، ئێمە بەگوێرەی بڕیاری پەرلەمان و موصادەقەی پەرلەمان ئەعزایەکانی مەجلیسی ئیدارە دادەنرێت، ئایا ئەمە ناگۆڕێت مەسەلەن، ئەوە سابیتە، کەواتە دەبێت پەنجا زائید یەکەکە ئیشارەتی پێ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەڵامت بدەمەوە، ئەوە یاسایەك بوو قەدیم، ئێمە لە قانونی ئیستیسماردا ئەوەمان لابردووە، زۆر قانون لە بەغداوە لاچووە، ئەوە یاسایەك بوو لە زەمانی رژێمی پێشووداو لە زۆر رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، وردە وردە ئێستا لە زۆر وڵاتاندا نەماوەو لە عێراقیشدا پاشی دەنگدان بە دەستوور، ئەو یاسایە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێمەش لێرە کە دەنگماندا بۆ قانونی ئیستیسمار، ئەو لە 51٪یەکەمان لابرد.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم عورفە، یان یاسایە، ئیلا ئەگەر تۆ لە 51٪ هەبێت ئەگەر مەجلیسی ئیدارە بێت تۆ دایدەنێیت، ئێمە لێرە بڕیارمانداوە بەپێی موصادەقە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەنتیقەو عورفیشە، قانونیشە، مەنتیقەو، ئەگەر بەدەست حکومەت بێت چیە یەعنی بە کەیفی خۆت دەبێتن، دەتوانیت بیکەیت، دەتوانیت نەیکەیت، کامەی دەڵێیت شەریکەی موساهەمە، ئەوەی ئێستاکە کە دەنگمان بۆدا شەریکەیەکی حکومییە، نەموساهیمە، نە ئەهلیە، فەرموو کاک کەریم بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC)

ماددەی دەیەم:

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت دادەمەزرێ، کە کۆمپانیایەکی گشتی و کەسایەتی مەعنەوی هەیە سەربەخۆیە لە بواری کارگێڕی و داراییەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە مەرجێك دەبێ لە وەزارەت سەربەخۆ بن، پسپۆر بن لەبواری نەوت، یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری و کارگێڕی هەبێ.

سێیەم: بەپێی ماددەی هەژدەی ئەم یاسایە کاتێ هەر ڕێککەوتننامەیەك مۆر دەکەن، دەکرێ ئەندامێکی زیادەی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن دەزگای تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵیەوە دابمەزرێ.

چوارەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5 ) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت, بە پەسند کردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بکرێتەوە.

پێنجەم: بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران کۆمپانیا بۆی هەیە:

أ-رکابەری لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە بکات بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا.

ب- ئەنجامدانی ڕێکەوتننامەی هاوبەشی کردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت کە شارەزاییان هەیە و ناو دەنگیان باشە لە پرۆسەکانی نەوتدا، بۆ بەهێز کردنی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ئێستا بۆ بەدەست هێنانی خێراو پتری داهاتەکان، ئەم ڕێککەوتنامانە ملکەچ دەبێ بۆ رەزامەندی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی فیدراڵی و بەپێی مەرجەکانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە.

ت- رکابەری کردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی تایبەت بە کێڵگەکانی ئایندەو هەریەکەو بەپێی دۆخی تایبەتی خۆی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**شركة كوردستان الوطنية للنفط (KNOC)**

**المادة العاشرة:**

**أولاً: تؤسس شركة كوردستان الوطنية للنفط، وهي شركة عامة ولها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.**

**ثانياً: يعين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الأغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان على ان يكونوا مستقلين عن الوزارة ومن ذوي الاختصاص النفطي او اختصاصات اخرى فنية او ادارية .**

**ثالثاً: عند ابرام اية اتفاقية بموجب المادة الثامنة عشرة من هذا القانون يجوز تعيين عضو اضافي لمجلس الادارة من قبل مؤسسة مختصة في الحكومة الاتحادية.**

**رابعاً: تحدد مدة تعيين كافة أعضاء مجلس الادارة بـ (5) خمس سنوات قابلة للتجديد بمصادقة الأغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان.**

**خامساً: يجوز للشركةوبموافقة مجلس الوزراء:**

**أ- التنافس مع غيرها من الشركات للحصول على أجازة خاصة لادارة الحقول الحالية.**

**ب- ابرام اتفاقيات الشراكة مع شركات عالمية نفطية ذات خبرة وسيرة حسنة في العمليات النفطية لتعزيز انتاج الحقول الحالية بغية تحقيق زيادة سريعة للعائدات، وان تلك العقود تكون ايضاً خاضعة لموافقة مؤسسة مختصة في الحكومة الاتحادية وحسب الشروط المذكورة في المادة الثامنة عشرة من هذا القانون.**

**ت -التنافس في الحصول على اجازات خاصة بالحقول المستقبلية وكل حسب حالتها الخاصة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی دە نییە؟**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەش باش دیراسەت كراوە، دیقەتی تێدایە، مولاحەزەی دەسەلأتەكانی حكومەتی ئیتیحادی كراوە، ئەوانی تر هەمووی لە ماددەكانی تر باسمان كرد، ئەگەر كەسێك مولاحەزەی هەیە، كاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**سێیەم كە دەڵێت (عند ابرام اية اتفاقية بموجب المادة الثامنة عشرة من هذا القانون يجوز تعيين عضو اضافي لمجلس الادارة من قبل مؤسسة مختصة في الحكومة الاتحادية)، ئەوە ئەگەر جەوازیە، ئەگەر واجیب نییە لەسەرمان خیلافی دەستوور نییە، بۆ ئەوەی تەعین بكەین؟ ئەگەر خیلافی دەستووریشە ئەوە وەكو خۆی دەمێنێتەوەو سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**پرسیارێكی وەجیهە جەنابی وەزیر، با كاك غەفوریش قسەی بكات، ئینجا دوایێ وەڵأم بدەوە.**

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە بەڕاستی تەئکید دەکەمەوە، کە پێشنیاری پێشووترم، لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ئەوە مەقبول نییەو بەسەرماندا تێپەڕیوە لە پەرلەمان کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت، ئاخر نیشتمانی نەوت یەعنی چی، یەعنی نەوتی نیشتمانی هەیە، بەس نیشتمانی نەوت نییە بەڕاستی، بۆیە داوا دەکەم یەعنی تاریخیەن با بە هەڵە بەسەرماندا تێ نەپەڕێت راست بکرێتەوە، دواتر هەتا لە عەرەبیەکەشی، ئەوە کوردیەکە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی کوردستان، لە عەرەبیەکەش (شرکة کوردستان الوطنية للنفط)، یەعنی ئەوە دیارە کۆمپانیایەکە شەریکەی کوردستانی وەتەنیە بۆ نەفت، بەڵام ئەگەر بیکەینە (الشرکة الوطنية لنفط کوردستان)، نەفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کۆمپانیایەکە نیشتمانەو نەفتەکەش بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، هیچ تەعاروزیش ناکاتن لەگەڵ یاساکانی عێراق، لەبەر ئەوەی کوردستانیش هەرێمێکە لە چوارچێوەی عێراق بەپێی دەستووری عێراقی لە قۆناغی ئێستادا، بۆیە هیوادارم کە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە, بەڕاستی من تێ ناگەم یەعنی نیشتمانی نەوت, باوەڕ ناکەم هیچ مانایەکی هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە خاڵی (ب) کە دەڵێتن (وان تلك العقود تکون ايضاً خاضعة لموافقة مؤسسة مختصة في الحکومة الاتحادية)، ئەمە خۆی لە دەستووردا ئیتیفاقی هەیە کە مەجلیسی ئیتیحادی بۆ نەفت و غاز و ئەو عقودانە هەبێتن، بۆ تەسمیە نەکاتن بۆ موئەسەسەیەکی تر تاکو ئێستا مەعلوم نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمالیش قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت ئەوەی خاڵی سێیەم بە رەئی من پێویست ناکات لەوێ بێت، من تەئیدی کاك رەشاد دەکەم بۆ رەئیەکەی، مولاحەزەیەکی تریش هەموو دەخوێندرێت بە کوردی و عەرەبیەکەی، بەس ئینگلیزیەکە ناخوێندرێت، ئەوە بۆ پرۆتۆکۆل، بۆ تەسجیل شەرتە، لیژنەی یاسایی کە دەیخوێننەوە ئیشارەی پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پرسیارێك لە لایەن كاك ڕەشادەوە هات كاك دكتۆر كەمالیش تەئیدی دەكات، ئەو فەقەرەیە ئەگەر شەتب بكرێتن چ زەرەرێكی نییە یەك.

دووش/ كاك دیلمان ئەویش پرسیارەكەی وەجیهە، كە دەڵێت بۆچی بڵێن موئەسەسە خاصە، خۆ لە پرۆژەی نەوتی عێراقدا هاتووە، دەڵێت مەجلیسی ئیتیحادی، با لێرەش بڵێین مەجلیسی ئیتیحادی، منیش پێم باشە ناوی هاتووەو ئێمەش موافەقەتمان لەسەر كردووە.

سێش/ كاك غەفور پرسیاری كرد من وەلأمم داوە، ئەگەر جەنابت وەلأم دەدەیتەوە، چونكە پرۆژەكە لە لای ئێوە هاتووە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێكمان هەیە، ماددەی (17 و 18) باسی تەعاون دەكات، ئەو فەقەرەیە دەتوانین لێرە لاببەین، چونكە لەویٚ دامانناوە، پێویست ناكات لێرە بێت، چونكە تەعاونەكە لە فەقەرەی هەژدە دایە لەویٚ دانراوە ئاسانتر، فەقەرەی پێنجەمیش تەبعەن دەبێت بڵێین مەجلیسی ئیقلیمی لەجیاتی مەجلیسی وزەرا، ماددەی هەژدە باسی تەعاون دەكات، چونكە حقولی حالییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بڕگەی سێیەم نەمێنێت، ئەی بەنیسبەت موئەسەسەی موختەصە لە حكومەتی ئیتیحادی، (خامساً/ب-) ئیشارەت دەكاتن، كە تۆ وتت حكومەی ئیتیحادی قەراری داوە بەپێی قانون مەجلیسی ئیتیحادی داناوە بۆ ئەوە، ئەو وەختی ئەوە تەڵەب دەبێتن، كاك دكتۆر دەشتی فەقەرە (ب) هەمووی لابچێت موافیقی، باشە ئەو ماددەیە ئێستا بەو گۆڕانكاریانە سێیەك شەتب كرا، چونكە لە شوێنێكی تر لە ماددە هەژدەدا هاتووە (عند ابرام الاتفاقیە تعین)ی عوزێك دەكرێت لە هینەوە، بە موافەقەتی وەزیر شەتب دەكرێت، فەقەرەی پێنجەم (ب- زیادة سریعة للعائدات) لەوێوە شەتب دەكرێت (تكون ایضاً خاضعة لموافقة مؤسسة مختصة في الحكومة الاتحادیة)، هەرچەندە تەبیعیە، بەلأم لەبەر ئەوەی قانونی نەوت دەرنەچووە، لەویٚ مەجلیسی ئیتیحادیە، لێرە موئەسەسەی موختەصە تەحصیل حاصلیشە ئەوەی دەڵێ، كاك محەمەد فەرەج فەرموو بزانم چیت هەیە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر (ب) قسەم هەیە (بغیة تحقیق زیادة سریعة للعائدات)، بە قەناعەتی من ئەوە لە مەسڵەحەتی ئێمە نییە، ئەوە لە مەسڵەحەتی شەریكاتی ئەجنەبییە، ئێمە بڵێین (بغیة تحقیق اكبر منفعة)، بۆ ئێمە ئەوە موهیمە (ابرام اتفاقیات الشراكة مع شركات عالمیة نفطیة ذات خبرة وسیرة حسنة في العملیات النفطیة لتعزیز انتاج الحقول الحالیة بغیة تحقیق اكبر منفعة)، ئێمە دەبێت مەنفەعە حیساب بكەین، نەك

**سورعەی ئینتاج، یەعنی سورعەی ئینتاج هەمیشە لە مەسڵەحەتی شەریكاتە، نەك لە مەسڵەحەتی ئێمە، یەعنی شەعب، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كەسێكی تر ئەو قسەی كاك محەمەد فەرەجی پێ هێنە، ئەو (زیادة سریعة للعائدات)، كەسی تر تەئیدی نەكرد، تەواو ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە بەوەی كە سێیەم شەتب دەكرێت، لە پێنجەمیش (ب- بغیة تحقیق زیادة للعائدات) پاشی وی شەتب دەكرێت تا ئەخیری، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، لێرەدا دێینە كۆتایی دانیشتنەكەمان، سبەینێ سەعات دە كۆ دەبینەوەو دەست پێ دەكەینەوە زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە رێکەوتی 2\8\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2007/8/2

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە پێنج ڕێکەوتی 2007/8/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد  قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن,
دانیشتنی ژمارە (5)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستان.
2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق.
3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2007/8/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستان.
2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق.
3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدی یاوەری دەكەم، بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێنە جێگای خۆیان دانیشن، خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار: بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستانی عێراق. فەرموو كاك كەریم وابزانم لە ماددەی یازدەین بەپێی پرۆژەكە، هەتا حازر دەبن ئەو مولاحەزەیە دەدەم، بەنیسبەت جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەی نووسیوتەوە هی خۆتانە، پێویست ناكات چەند خوبەراو ئەوانە بێنن لە یاسایەكە ئیزافە بكەن، موستەقیلین ئەوە دەسەڵاتی خۆتە، مادام موەقتەو ئەندامی دائیمی نییە بەوێ، مولاحەزەیەكیش ئەوەیە كە ئیمزای دەكەن لەسەر حوزور، تكام لە برادەران ئەوەیە لە تەنیشت ناوی هیچ كەسێك مەنووسن موجازە، موجازە، یان موجاز نییە لە لای ئێمەیە ئیجازەكەی، برادەرێك لە جیاتی ئەویتر دەنووسێت موجازە، ئەوە ناكرێت، تكایە ڕەچاوی ئەوە بكەن.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**كۆمپانیای كوردستان بۆ خستنە بازاڕی نەوت (KOMO)**

**ماددەی یازدەم:**

**یەكـەم: كۆمپانیـای كوردسـتان بـۆ خسـتنە بـازاڕی نـەوت دادەمـەزرێ، وەكـو كۆمپانیایـەكی گشـتی خـاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لە بواری دارایی و كارگێڕییەوە.**

**دووەم:سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن.**

**سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی بە (5) پێـنج سـاڵ دیـاری دەكـرێن، بـە پەسند كردنی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بكرێتەوە.**

**چـوارەم: كۆمپانیـا هەڵدەسـتێت بـە رێكخسـتنی هـەناردنی بەشـی حكومـەتی هـەرێم لـە نـەوت و گـاز و هەردووكیان لە ئەنجامی پرۆسەكانی نەوتی بۆی هەیە هەڵبستێت بـە رێككـەوتنی هاوبەشـی كـردن بـەپێی رێككەوتن و گرێبەستی بەشداری كردنی بەرهەم.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**شركة كوردستان لتسويق النفط (KOMO)**

**المادة الحادية عشرة:**

**أولاً: تؤسس شركة كوردستان لتسويق النفط، كشركة عامة وذات شخصية معنوية واستقلال مالي واداري .**

**ثانياً: يعيين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء.**

**ثالثاً: تحدد مدة تعيين جميع أعضاء مجلس الادارة بـ (5) خمس سـنوات قابلـة للتجديـد بمصـادقة الأغلبيـة المطلقة لأعضاء البرلمان.**

**رابعاً: تقوم الشركة بتسويق وتنظيم تسويق حصة حكومة الاقليم من النفط او كلاهما النـاتج مـن العمليـات النفطية ولها ان تقوم بتسويق حصة المقاول من النفط وبالإتفاق معه بموجب عقد مشاركة الانتاج.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی یازدەی پرۆژەكە تێبینی نییە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ماددەی پێشوو زۆر موناقەشەی لەسەر كرا، زۆر بابەت لەوێدا لە موناقەشـە عـیلاج كـراوە، ئەگـەر جـەنابی وەزیر شتێكی تری نییە، فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دوو لە تەبعەکە بەشێکی دەرنەچووە، دەبێت عەینی شت بێت وەکو فەقەرەی دوو لە ماددەی پێشوودا، دوای مەجلیسی وزەرا باقیەکەی بێتە سەری، هەروەکو ماددەی پێشوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە نووسراوە (بعد مصادقة الاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان) لەوێ ئیزافە بکرێتن، کەس مولاحەزەی هەیە، کاک حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی کارگێری کە پێنج ساڵی بۆ دیاری کراوە لە یاسایەکەدا دیاری نەکراوە چەند کەسن و ئەو کەسانە کێن؟ یەعنی سیفەتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە شەریکەی پێشتر بە نیزام خۆیان دایدەنێن لە هینەکە، کاک ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (تقوم الشركة بتسويق وتنظيم تسويق حصة حكومة الاقليم من النفط)، بۆ ئەو حیصەیە تەفریغ دەکەین لەگەڵ حیصەی ئیجمالی، یان لە مەجموعی ئەوەی کە تەسویق دەکرێتن 17٪ی داخیلی حیسابی کوردستان دەبێتن لە دەرەوە، ئەوە پرسیاری یەکەم.

دووەم/ دەڵێ (ولها ان تقوم بتسويق حصة المقاول من النفط)، ئەو حیصەیە کێشەی دەستووری دروست ناکات بۆ ئێمە، ئەگەر ئێمە حیصەی مقاول لە ڕێگای خۆمان تەسویق بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر وەڵامت بداتەوە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە عەقد دەکەین لە کوردستان، تەسویقی نەوت کە دەردەچێت لە هەر پارچەیەکی عێراق حەصری نییە، ئەو مەنتیقەیە دەتوانێت نەفتەکە بفرۆشێت، ئەوە ناحیەی فرۆشتنی، چۆن تەعامولی پێ دەکەین لە دابەش کردن لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، یان لەگەڵ مقاولەکە ئەوە شتێکی ترە، لە ماددەی حەفت ئەوانەمان باس کردووە، ئێمە ئەگەر مەسەلەن لە حەقلی ئینتاجی عیلاقەت هەیە لەگەڵ مقاولەکە، حکومەت ((نيابة عن)) عێراق، ئێمە حیصەمان هەیە، ئەو حیصەیە، ئەم شەریکەیە دەتوانێت بیفرۆشێت، پارەکە مانای نییە حیصەی حکومەتە هی هەرێمە، ئەوە دابەشی دەکەیت لەگەڵ عێراق، لە ماددەی (17 و 18 و 19) لە شوێنێکی تردا هەیە، یەعنی حەقی ئێمە خۆمانە کە ئەو نەوتە لە کوردستان دەردەچێت، لە

هەرێم دەردەچێت، ئەم شەریکەیە دەتوانێت تەسویقی بکات (نیابة عن) هەمووی عێراق، دوایی ئیتیفاق دەکرێت لە دابەش کردنی پارەکە، ئەوە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەمی تێبینیەکەی من ئەوەیە لەسەر تەعین کردنی (رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء) باسی موصادەقەی پەرلەمانی تێدا نییە.

بەشی دووەمی پرسیارەکەشم/ ئەوە بوو لە پرسیارەکەی کاک ڕەشاددا جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوێنێ موناقەشەمان لەسەر کرد، دوایێ خاڵی سێیەم نووسراوە (بمصادقة الاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان)، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیمکان دەکرێت هەروەکو ئەوانی تر، بڕگەی دوو هەروەکو بڕگەی شەریکەکانی تر دابڕێژرێتەوە، ئیتر هیچ موشکیلەیەکی تر نامێنێت، بەلاَم لێرەدا خەلەلێك هەیە، خەلەلەکە چیە، ئێمە ئەو ڕۆژە یاسای وەزارەتمان موصادەقە لەسەر کرد، لە ماددەی سیازدە بڕگەی سێیەم تیایەتی دەڵێت (کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت وەزیر سەرۆکایەتی دەکات)، ئەوە موافەقەتمان لەسەر کردووەو، ئەوەتا ئەوە نەصەکەیەتی ماددەی سیازدە بڕگەی سێیەم دەڵێ (بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیا یان دەستەکە نوێنەرایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری دەکات بەدەر لە کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت وەزیر سەرۆکایەتی دەگرێتە ئەستۆ، تۆ لێرە دەڵێت (يعيين رئيس وأعضاء مجلس الادارة)، یەعنی لێرە تەزاروبێك دروست ناکات؟ بەس هەر ئەوەندەم وەلاَم بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کورت کراوەتەوە ئەو پرۆژەیە، کۆمەڵێك تەعدیلاتی لەسەر کراوە، بووە نۆ ماددە، ماددەی هەشتەم هەر ئیلغا کرا، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەم لەسەر ئەنجومەنی کارگێڕیەکەیە، کە ماوەکەی پێنج ساڵە، هەرچەندە قسەی لێکراوە، بەلاَم مادام ئەو ئەنجومەنە کارگێڕییە پەسند کردنی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بێت، من پێم وایە، یان لەگەڵ هەر

دەورەیەکی پەرلەمانی ئەگەر چوار ساڵ بێت، ئەو ئەنجومەنەش هەر چوار ساڵ بێت، مادام ئەو ئەنجومەنە بە پەسند کردنی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بتوانرێت نوێ بکرێتەوە، یان هەر ساڵی تێدا نەبێت، چونکە زەوابت قەراری پەرلەمانە، یەعنی ئەگەر ئەدای ئەنجومەنەکە وەکو پێویست نەبوو، ئەو کاتە گۆڕانکاری بەسەردا بێتو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس کاك عوسمان پەرلەمان هەر پەرلەمانە، ئەو دەورە بێت، یان دەورەی تر بێت، بە عەینی مەسئوولیەت هەڵدەستێتن، دوایێ دوێنێ دەنگمان بۆدا، لە فەرەنسا بەو ساڵەی دوایی گۆڕانکاری بۆ کرا، رەئیس جمهور حەوت ساڵ بوو، پەرلەمان هەر چوار ساڵ بوو، هەر یەکە بەپێی مەسئوولیەت و ئیتیفاق بوو، دوێنێ دەنگمان بۆدا تەواو، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا من بۆ بڕگەی دووی ئەم ماددەیە صیغەیەکم ئامادە کردووە بۆتان دەخوێنمەوە، ئەگەر پەسند بکرێت (تقترح اسماء اعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء وتعرض على البرلمان للمصادقة عليها بالاغلبية المطلقة)، پرسیارێکی تریشم هەبوو جەنابی وەزیر روونی کردەوە سەبارەت بە تەسویقی حیصەی نەوت، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری دوێنێ ئەوەمان لە شەریکەی تر موناقەشە کردو دەنگمان بۆدا، ئێستاش خاڵی دوو لەسەر خۆی جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، وەکو ماددەی تری لێ دێت (يعيين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الاغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان على ان يكونوا مستقلين عن الوزارة ومن ذوي الاختصاص النفطي او اختصاصات اخرى فنية أو ادارية)، ئەوە دوێنێ دەنگمان بۆدا، لەبەر ئەوە ناکرێت دوو صیغە بێت، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس مولاحەزەکانی من گوترا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکێك لە پرسیارەکانم ئەوە بوو کە کاك رەشاد کردی، بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، بەڵام بەپێی تێگەیشتنم لە وەڵامەکەی جەنابی وەزیر، کەواتە لێرە ناتوانین بڵێین (حصة حكومة الاقليم)،

چونكه وا تێگەیشتم ئەو حیصەیە لە كوردستان ئینتاج دەكرێت، یەعنی ئەوە ناتوانین ناوی بنێین (حصة حكومة الاقليم).

پرسیاری دووەمیشم/ ئەوەیە دەڵێت (تقوم الشركة بتسويق وتنظيم تسويق حصة حكومة الاقليم من النفط او كلاهما)، (او كلاهما) مەبەستی چیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە قەصدمان ئەوەیە حیصەی عێراق، موقاول حیصەی هەیە باقیەكەی ئێمە حەقمان هەیە تەسویقی بكەین، ئەگەر بتەوێت بڵێی (حصة حكومة الاقليم)، مانای ئەوە نییە پارەكە هەمووی بۆ ئیقلیمە، موقاولەكە لەگەڵ ئێمە تەعامول دەكات، دوو بەشدارن موقاولەكە لەگەڵ حكومەت، ئێمە حكومەتین نیابەتەن لەعێراق لە ئیقلیم، ئەو حیصەیە ئێمە تەسویقی دەكەین، ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین حیصەی ئیقلیم موڵكیە نییە، مانای وایە ئەوە هی موقاولەكە نییە، ئەگەر دەتانەوێت كەلیمەی تر بەكار بێنین مانیع نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر من كەلیمەیەك بڵێم (من النفط المنتج) یان (من انتاج النفط)، كاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیاری كاك عوسمانم هەیە دەربارەی ئەو پێنج ساڵە، من پێم وایە هیچ فەرمانبەرێك نییە لە چ جێیەكی بە عەقد تەعین بوو بێت، پێم وایە ئەو پێنج ساڵە زیادە هەڵیبگرن، ئەو فەرمانبەرە ئەگەر كەفوئ بوو ئەوە با پازدە ساڵیش بێت، فەرمانبەرەكە بۆ كوێ دەچێت پاشی پێنج ساڵەكە، ئەو وەزیفەی نەما، یەعنی دەركرا، ڕۆیی لەكوێ جێگای دەبێتەوە، پێنج ساڵەكە پێم وایە شتێكی زیادە، ئەو فەرمانبەرە ئەگەر كەفوئ بوو، ئەگەر توانای باش بوو، ئەدای باش بوو، دەتوانێت بیست ساڵیش، سی ساڵیش تا تەقاعود دەبێت بمێنێتەوە، ئەگەر ئەدای باش نەبوو بە ساڵێكیش دەتوانرێت لاببردرێت، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو پێنج ساڵە نەمێنێت و تەحدید نەكرێت بە پێنج ساڵ، ئەگەریش عەقدە، ئەوە شتێكی ترە، یەعنی شەریكە بۆ خۆی خەڵك تەعین دەكات بە عەقد بە ساڵێك، دوو ساڵ، سێ ساڵ، دە ساڵ، ئەوە شتێكی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن كاك شێخەڵلاّ و كاك عوسمان، دەبوایە ئەو مولاحەزەیە دوێنێ بدەن، ئەگەرچی دوێنێش هەر وەڵامەكەی درایەوە، بێجگە لەوەش، یەعنی ئەوەلەن ئەوە فەرمانبەر نییە، ئەوە تەعینی فەرمانبەرێك نییە، ئەوە مەجلیسی ئیدارەیە، یەعنی مومكینە فەرمانبەریش لە شوێنێكی تر هێن بێتن، یەعنی دوایێ ئەگەر سەحبی سیقەی لێ بكەینەوە هەر وەختێكی تر دوو مانگی دیكە، ئەگەر ناشیاو بوو، داوا دەكەین

سەحبی سیقەی لێ بکرێتەوە، یەعنی ئەوە نییە هەتا پێنج ساڵ نەتوانی قسەی لەگەڵدا بکەیت، ئەگەر ناشیاو بوو، کاری خراپی کرد مەجلیسی ئیقلیمی پێشنیار دەکات، مەجلیسی وزەرا دەنێرێت سەحبی سیقەی لێ دەکرێتەوە، یەك کەلیمە ئەگەر ئیزافە بکرێتن لە چوارەم (تسویق او تنظیم)، نەك (وتنظیم)، (تقوم الشركة بتسويق حصة الاقليم او تنظيمها)، یان (كلاهما) شەتب بکەین، کەواتە (كلاهما) شەتب بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئیختیلاڵت نەبێت لێرە، ئێمە ئیقتیراح دەکەین بیگۆڕین بەم شێوەیە (تقوم الشركة بتسويق او تنظيم تسويق النفط الناتج من العمليات النفطية ولها ..........)، موڵکیەکە تێکەڵ نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی حیصەی ئیقلیمەکە لاببەین، ئەو ئیشکالیەتە نامێنێت، بەڵێ کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعەجوبم لەوەیە حیصەی ئیقلیم لە نەوت، یەعنی لە عەمەلیەی نەوت چۆن دیاری دەکرێت، ئێمە لە بەسرەش حیصەمان هەیە، یەعنی ئێستا تۆ لێرە چۆن جیای دەکەیتەوە، من پێم وایە دەبێت لەگەڵ مەجلیسی ئەعلای نەوت و غازی عێراق تەنسیقێك هەبێت کوردستان تەسویقی نەوت بکات بەناوی عێراقەوە، چونکە ئەمە بەشی بەسڕاشی تیایە، ئێمەش لەوێ هەمانە، ئەم حیصەیە لە نەوت چۆن جیا دەکرێتەوە، لە عائیدات جیا دەکرێتەوە، حیصەی هەرێم جیا دەکرێتەوە، بەلام لە نەوت پێم وا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەندەی من تێگەیشتووم دوو شتی جیاوازە، یەعنی تێکەڵاوی تیایە عائیداتی نەوت هەمووی موشتەرەکە بۆ هەموو میللەتی عێراق، بەپێی پرەنسیپێك دانراوە، لە دەستووردا هاتووە بەشێوەیەکی عادل تەوزیع دەکرێت لەسەر هەموو مەناتیقەکان بەو شێوەیەی کە هاتووە لە دەستووردا.

دووش/ حیصەی ئینتاجەکە لەبەر رۆشنایی بەرنامەیەك دادەنرێتن، یەعنی مەسەلەن عێراق ئەمڕۆ دوو ملیۆن ئینتاج دەکاتن، حەقی هەیە سێ ملیۆن ئینتاج بکاتن بەپێی حیصەی ئۆپیك، کە سێ ملیۆن ئینتاجی کرد مەناتیقەکانی ئینتاجی، بۆ زانیاریتان لە 17٪ەکە نییە، ئەوە عیلاقەی بە 17٪ەکەوە نییە، عیلاقەی بە قودرەی ئینتاجی بیرە نەفتیەکان هەیە، عیلاقەی بە کەپەسیپیەکە هەیە، لەبەر ئەوە لەبەر رۆشنایی ئەو ئینتاجە، ئەو بیرانەی کە هەیە ئیتیفاق دەکرێتن لەگەڵ مەجلیسی مەرکەزی، مەجلیسی ئیتیحادی حیصەی هەر شوێنێك، هەر موحافەزەیەك، هەر ئیقلیمێك لەو ئینتاجەدا، دوایش هەموو پێکەوە لەبەر رۆشنایی نیزامێکی تایبەت تەوزیعەکە بەشێوەیەکی عادل دەکرێت، جا رەنگە ئێمە بەشداری بکەین لە عائیداتی بەسرە وەربگرین زیاتر، رەنگە هی ئێمە بچێتە ئەوێ، ئێستا ئەو پێشنیارەی جەنابی

**وەزیر هینی کرد چوارەم وای لێ دێتن (تقوم الشركة بتسويق او تنظيم تسويق النفط الناتج من العمليات النفطية ولها ان تقوم بتسويق حصة المقاول من النفط الناتج وبالإتفاق معه بموجب عقد مشاركة الانتاج)، ئەوە زۆر وازیحە، کەواتە ئەو ماددەیە دوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە ئەوەی خوێندمەوە، ئەوەی (دووەم) وەکو ماددەی پێشووی لێ دێتن، کە رەئیس و ئەعزایەکەی لە لایەن مەجلیسی وزەراوە ئیقتیراح دەکرێتن بە موصادەقەی پەرلەمان، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالأوتن و پاشکۆکانی (KODO)**

**ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالأوتن و پاشکۆکانی دادەمەزرێ، وەکو کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لە بواریی دارایی و کارگێڕییەوە.**

**دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسند کردنی بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێ، سەربەخۆ دەبن لە حکومەتی هەرێمدا، دەبێ پسپۆڕی نەوت بن، یان تایبەتمەندیەکانی دیکەی هونەری و کارگێڕی گونجاویان هەبێت.**

**سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ نوێ بکرێتەوە.**

**چوارەم: کۆمپانیای (KODO) ئەمانە ئەنجام دەدات:**

**أ- بەڕێوەبردنی هەموو دەزگاکانی میری تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت، بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە کار دەکات، بۆ دابین کردنی ئەم جۆرە دەزگایانە لەوانەش تۆڕە سەرەکیەکانی هێڵی بۆڕیەکان بۆ هەر لایەنێك پەیوەندی هەبێت بە کەرتی گشتی و تایبەتیەوە کە لە هەرێمدا کار دەکەن، ئەوانەی پێشتر دەرخستەکانیان پێشکەش دەکەن لە ریزی یەکەمن بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیان، سەبارەت بە قەبارەی یەدەگی بەمەرجی تواناکانی باش بن بۆ یەکگرتنی سیاسەتی نیشتمانی عێراق لە مەیدانی هەناردن و دابەشکردن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێن.**

**ب- رکابەر کردن لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەوە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتەکان دوای رەزامەندی وەزیرو مافی ئەوەی هەیە کارەکانی بەگەڕخستنی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت ئەنجام بدات و رێککەوتنەکانی هاوبەشی کردن، یان گرێبەستی هاوشێوەی ئەنجام بدات، یان لە هەرێمەکانو پارێزگاکانی تردا.**

**ج- بە هاوبەشی کردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان، یان لەگەڵ کەرتی تایبەت لە پرۆسەکانی نەوتی تازەو بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.**

د- بەڕێگەدان بەلایەنی سێیەم بۆ بەڕێوەبردنی هەریەکێك لە دەزگاکانی و بە ڕەزامەندی وەزیر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها (KODO)

المادة الثانية عشرة/

أولاً: تؤسس شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها، كشركة عامة وذات شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

ثانياً: يعيين رئيس واعضاء مجلس الادارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الأغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان، على ان يكونوا مستقلين عن الوزارة، ومن ذوي الاختصاص النفطي او اختصاصات اخرى مناسبة فنية أوادارية.

ثالثاً: تحدد مدة تعيين كافة أعضاء مجلس الادارة بـ (5) خمس سنوات قابلة للتجديد بمصادقة الاغلبية المطلقة لأعضاء البرلمان.

رابعاً: تقوم الشركة (KODO):

أ- بادارة جميع المنشآت الحكومية الخاصة بالعمليات النفطية بموجب المادة السادسة من هذا القانون وتعمل على توفير مثل هذه المنشآت ومن ضمنها الشبكات الرئيسية لخطوط الانابيب لكل كيان ذات علاقة بالقطاع العام والخاص والذي يعمل في الأقليم وان الذين يسبقون الاخرين في تقديم عروضهم سيكون لهم الاولوية للتباحث معهم حول سعة الاحتياطية على ان يكون لهم امكانية جيدة لتوحيد السياسة الوطنية للعراق في مجال التصدير والتوزيع في جميع الاقاليم والمحافظات المنتجة.

ب- بالتنافس مع غيرها من الشركات للحصول على الاجازات بعد موافقة الوزير، ويحق لها القيام بالاعمال التشغيلية الخاصة بالعمليات النفطية، وابرام أتفاقيات الشراكة او عقود مشابهة لها، سواء في الأقليم او في بقية الاقاليم والمحافظات.

ت - بالأشتراك مع الشركات النفطية العالمية او مع القطاع الخاص في العمليات النفطية الحديثة وبموافقة مجلس الوزراء.

ث - بالسماح لطرف ثالث لادارة أي من منشآتها وبموافقة الوزير.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی دوازدە لە پرۆژەکە هیچ تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پێشنیارت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دووەم لەجیاتی حکومەتی ئیقلیم، دەبێت وەزارەت بێت، چونکە عەینی شتە لە فەقەرەکانی تر لە پێشەوە، (مستقلين عن الوزارة)، (مستقلين عن الحكومة)، فەقەرەی چوارەم نیهایەتی فەقەرەکە (لتوحيد

**سياسات.....) پێویست ناكات بەوە، چونكە موتەعاریزە لەوەی تەعدیلاتی ترمان كردووە لەماددەكانی تردا، چوارەم فەقەرەی (ب) دەكرێت بە وەزارەت، نەك وەزیر، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كێ قسەی هەیە، كاك ئەسعەد فەرموو.**

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**سێ تێبینیم هەیە، یەك/ ئەو فەقەرەی چوارەم (أ- بموجب المادة السادسة من هذا القانون) هەڵگیرا، لە پێشتر هەڵمانگرت، ئێستا لێرەش دەبێت رەش بكرێتەوە.**

**دووەم/ ئەو شەریكەی كوردستان عەمەلیەی تەكریر ئیشی تەكریرە، پاڵاوتنە، بەلاّم كە دەڵێت (بادارة جميع المنشآت الحكومية الخاصة بالعمليات النفطية، تخزين، استكشاف، انتاج، تسويق، ....)، پاشان كە دەڵێت (تقوم على توفير هذه المنشآت من ضمنها الشبكات الرئيسية لخطوط الانابيب لكل كيان ذات علاقة بالقطاع العام أوالخاص)، یەعنی لێرە جەنابی وەزیر روونی بكاتەوە، ئایا ئەوە تەعاروز ناكات لەگەڵ كاری شەریكە، ئەو كارانە.**

**سێیەم/ فەقەرەی چوارەم (بالسماح لطرف ثالث لادارة أي من منشآتها وبموافقة الوزير)، ئەوە هەڵبگرێت، چونكە سەلاّحیەتی وەزیر دراوەتە شەریكە، شەریكەش بداتە تەرەفی سێیەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك رۆمیۆ فەرموو.**

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من تێبینیەكم هەیە، (أولاً: تؤسس شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها، كشركة عامة وذات شخصية معنوية)، لە چوارەم دەڵێت (تقوم الشركة بادارة جميع المنشآت الحكومية)، چۆن دەبێت شەریكەیەك دیار نەكرا بێت، كە حكومی بێت ئیدارەی هەموو مونشەئاتی حكومی بكرێت، دەبێت لە (أولاً: تؤسس شركة كوردستان لعمليات التكرير وتوابعها، كشركة عامة)، ئەگەر بكرێت بنووسرێت (حكومية)، بۆ ئەوەی ئیدارەی مونشەئاتی حكومی بكرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تێبینیەكانم حەسر دەبێت لە ئیعادەی صیاغەی فەقەرەی ئەلف لە بڕگەی چوارەم بە لابردنی (الذين يسبقون الاخرين في تقديم عروضهم)، چونكە ئەوە نوعە گەندەڵیەك پەیدا دەكات، واتا ئەو كەسەی كە**

عەرزی خۆی لە پێشان تەقدیم بكات ئەو دێتە پێش مەعلومات تەسریب دەكرێت لە لایەن شەریكەی ئەو مقاولە ئیمتیازێكی پێ دەدرێت لەسەر حیسابی میللەت.

دووەمین/ لە فەقەرە (ب) وەزیر بكرێتە وەزارەت، سەبارەت بە فەقەرە (ث) كاك ئەسعەد ئیشارەتی پێدا، ئەو فەقەرەیە زیادە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پێش ئەوەی كاك عەونی بڵێ، من ئەو مولاحەزەیە بدەم، یەعنی (الذین یسبقون الاخـرین في تقدیم عروضهم) پێویست ناكات لە قانون بێتن، ئەوە مەجلیسی ئیدارە سەلاحیەتی خۆتانە، شروتی مقاولەكەتان چۆنە، عوروزی باشە، كەپەستی باشە، ئەوە پێویست ناكات لێرە بێتن.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە باسی ئەگەر مقاولت هەبێت لێرە ئیش دەكات، دەبێت ئەو هێزانە بە عەدالەت ئیشی لەگەڵدا دەكەین، مەسەلەن ئەگەر پلاین پلاپنێكت هەبێت هی حكومی تاقەی ئیزافی تیایە، ئەوە یەكەم جار دێت بۆلات داوا دەكات ئەولەویەی هەیە، بەنیسبەی ئیحتیاتەكە كە هەیە تۆ دابەشی دەكەیت لەسەریان، ئەمە بۆ ئیستیسمارە، بۆ تەوزیحێك بۆ مقاولەكە، لێرە ئێمە بەعەدالەت ئیش دەكەین لەگەڵیاندا، ئەگەرنا پێویست ناكات بەڕاستی، بەڵام ئەو قانونە لەبەر دوو سەبەبە، یەكەم/ تەنزیمی عیلاقە دەكات، دەبێت ئێمەو حكومەتی ئیتیحادی، باقیەكەی بۆ ئەجنەبیە بەڕاستی، پێیان دەڵێین ئێمە چۆن بە عەدالەت ئیش دەكەین لەگەڵتان وەرن لێرە ئیش بكەن، ئیستیسمارِ بكەن، بەم شێوەیە ئێمە تەعامولتان لەگەڵدا دەكەین، لەبەر ئەوە دامانناوە، ئەگەر شەریكەی یەكەم بێت داوای ئیحتیاتی بكەیت ئەولەویات هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانم، بەڵام دەزانی چۆنە، یەعنی یەك شت هەیە، من زۆر لەگەڵتم، بەڵام قانون زیادە، تۆ ئەوە تەقدیرێكە ئەمساڵ دەیكەیت، ساڵێكی تر وەزع دەگۆڕێت نابێت بەو شێوەیە، ئێستاكە لەبەر هەندێ مەسائیل بۆ تەشجیع دەڵێم، بەڵام داخیل كردن لە قانوندا پێم وایە زیادە بەڕاستی، ئەوە دەسەڵاتی خۆتانە، قەرارێكی ئەنجومەنی تایبەت بە نەوت ئەو قەرارە دەداتن بۆ خۆی، ئەگەر مانیعت نییە، پێشنیارەكە باشە، باشە زۆر چاكە ئەوەش شەتب بوو، كاك شێخ فەتاح فەرمووو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكەم كراو زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەکەی من کاك عەونی کردی، پشتگیری لێ دەکەم، بەلاّم لە تەوزیحەکەی جەنابی وەزیر تێنەگەیشتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسایەکمان یەك لە حوروفی هیجائی، یەك حوروفی ئەبجەدییە، دەبێت ئەوە هەردووك یەك بگرێتەوە، چونکە هەتا ئێستا یاسایەکمان بۆ نەهاتووە بەکوردی و عەرەبیەکەی، بە کوردیەکەی ئەبجەدییە (أ،ب، ت، ث، ج، د)، بەڕاستی دەبێت یەك بخرێتەوە، چونکە لەبەر ئەوەی لە پاشەرۆژ بلاّو دەکرێتەوە، ئەوە خالّی یەکەم.

دەربارەی ئەو ماددەیەش (رابعاً/ للتباحث معهم حول السعة الاحتياطية)، پێم باشە بکرێتە (حول استخدامهم السعة المتاحة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیلغا کرا هەمووی، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو رەئیەی کاك ئەسعەدو کاك عەونی و کاك عوسمان دەکەم سەبارەت بە لابردنی خالّی (د) لە بڕگەی چوار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس باسی نەکردووە، پشتگیری کێت کردووە، باشە فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێویستمان بەوە هەیە، چونکە لە ناحیەی عەمەلیەوە لەوانەیە شەریکە پێویستی بە تەرەفی سێیەم هەبێت، پێشنیارەکەی ئێمە لەجیاتی ئەوەی بلێین وەزیر، یان وەزارەت بلێین مەجلیسی ئیقلیم، موافەقەی دەوێت، موافەقەت کێ دەیدات، با مەجلیسی ئیقلیم بێت، نەك وەزیر، یان وەزارەت، بەلاّم فەقەرەکە بەڕاستی پێویستە، لەناحیەی عەمەلی شتێکی وای دەوێت، کە شەریکە بتوانێت، ناتوانێت بەخۆی بیکات، موافەقەت وەردەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ت و ث) لە جیاتی مەجلیسی وزەرا، یان دەبێت هەردووکی مەجلیسی وزەرا بێت، ئەوە ئوسولی نەفتیە بکرێتە مەجلیسی ئیقلیمیەکە، لە جیاتی داوای ئیلغایەکە شتێکی وەستییە لە (ت)کەش بە موافەقەتی

مەجلیسی ئیقلیمی لە جیاتی مەجلیسی وزەرا، (ث)یەکەش بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی لە جیاتی وەزیر، ئەوە ئیشکالەکە حەل دەکات، سۆزان خان فەرمووی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کۆمپانیایەکە وەزارەت بڵێین دایدەمەزرێنێ، ئێمەش دەمانەوێت ئیستیسمارِ پێی کۆمپانیای ئەجنەبی راکێشین، باشە لە خاڵی (ب)دا هاتووە، دەڵێت (بتنافس) یەعنی ئەم کۆمپانیایە کە حکومییە، کە ئێمە خوا خوامانە ئەجنەبی بێت ئیستیسمار بکات، لە خاڵی (ب)دا هاتووە دەڵێت (بالتنافس مع غیرها من الشرکات للحصول على الاجازات بعد موافقة الوزیر، ویحق لها القیام بالاعمال التشغیلیة الخاصة بالعملیات النفطیة، وابرام أتفاقیات الشراکة)، ئیتیفاقیاتی شەراکە چۆن ئەم کۆمپانیایە دەیکات، دوایی دێینە سەری کە دەبێت کێ بیکات، چونکە ئەوە گرنگترە، یەعنی کۆکی یاسایەکە لەوێدایە، ئینجا (او عقود مشابهة لها)، ئەوەش هەر هیچ دیار نییە، (سواء في الأقلیم او في بقیة الاقالیم او المحافظات)، باشە تۆ کە خوا خواتە ئەجنەبییەك بێتە ئێرە، بۆ ئەوەی شەریکەیەکی عیملاق، بۆ ئەوەی هەموو دامودەزگاکانت بۆ دابنێت، جارێکی تر تۆ بەم بچووکیەی خۆت و بێ ئیمکانیەتەی خۆت وەکو شەریکەیەکی حکومی، کە وەکو وەزیر دوێنێ باسی کرد، چۆن دەتوانی مونافەسەی ئەوانی تر بکەیت، ئەمە خاڵی یەکەمە.

خاڵی دووەم/ دوێنێ زۆرمان موناقەشە لەسەر ئەنابیبی رەئیسی و شەبەکاتی ئەنابیبی رەئیسی کرد بەڕاستی، بەڕێز وەزیر داکۆکی لەوە کرد گوتی ئێمە نیمانە شەبەکەی ئەنابیبی رەئیسیمان نییە، مەجبورین بیدەین بە شەریکات، شەریکات دروستی بکات، بەڵام دیاری نەخست مولکیەتی ئەو ئەنابیبە رەئیسیانە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە، بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، یاخود چۆن عەقدەکە دەکرێت لەگەڵ شەریکات، چونکە بڵێین شتە موهیمەکان ئەوەیە، ئەو ئەنبوبە رەئیسیەی کە نەوتەکەی پێ دەنێردرێت، کە ئیتر ئەمە هەموو کارەکان و هەموو شتەکان لەوێوە دەڕوات، یان دەینێرین، یان دەخرێتە نوقتەی تەجهیزەوە، ئەگەر تۆ ئەم ئەنابیبەت داوە بە شەریکەیەکی دیکە دروستی بکات بڵێین هینێکت داوەتێ، چۆن ئێستا شەریکەی تەکریریە ئیدارەی ئەو مونشەئەیە دەکات، ئیدارەی ئەو شەبەکەیە دەکات، ئەمە خاڵی دووەمم.

خاڵی سێیەم/ تەرەفی سێیەمەکە ئەگەر ئەزیەت نەبێت روونی بکاتەوە، ئەو گوتی زۆر پێویستە، بەڵام تەرەف سێیەکەمە مەبەستی ئەوەیە هەندێ شەریکاتی ئەجنەبی حصەصی زیاتر بێت، یان مەبەستی خەصخەصەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم پێشنیار مەجلیسی ئیقلیم بێت، نەك وەزارەت، هەمووی موافەقەی دەوێت، چونکە ئیستیسماری دەوێت، ئەگەر شەریکەیەك بتوانێت خۆی بیکات، حکومەت لە ڕێگای مەجلیسی ئیقلیمەوە موافەقەت بکات، چونکە ئیمکانەی مالی هەیە، دەتوانێت مقاول و ئیختیصاصی بێنێت ئیشەکەی بۆ بکات، دەبێت ئەوە مونافیس بێت، ئەگەر شەریکەی خارجی بێت، دەتوانێت بە شەراکەت لەگەڵیاندا بکات، ئەگەر خۆی دەستی پێ کرد، دەتوانێت تەرەفی سێیەم بێنێت تەواوی بکات بۆی کە مقاول مەسەلەن، ئەوە لەبەر ئەوەیە (ب) نیهایەتەکەی فەقەرەکە ئەوە دانراوە، شەریکە خۆی ناتوانێت، بەلآم تۆ ناتوانێت بڵێی ئێمە خیبرەمان نییەو خیبرەمان نابێت، سێ، چوار ساڵ لەمەوپێش پەرلەمانت نەبوو، ئێستا هەتە، خۆ کەس نەهات بڵێت تۆ پەرلەمانت نییە، ناتوانیت پەرلەمان دابنێیت، فێر بوویت ئێستا تۆ باشتری لەوەی ئەو پێشنیارەی هەبوو بۆت، عەینی شتە ئەمەش ناحیەی عەمەلی فێر دەبی، دەست بە ئیش دەکەیت، خەبیر دەهێنیت، مقاول دەهێنیت فێرە ئیش دەبیت، دوایێ خۆت دەبیت بە خەبیر، لەبەر ئەوە داتناوە بۆ موستەقبەلە، خۆ بۆ ئەمڕۆ نییە، ناحیەی شەبەکات تۆ ئەگەر تەجاوزی حدودی خۆت بکەیت لە کوردستانەوە دەچیت بۆ ئێران، لەوانەیە چونکە پاین پلاینێك هەیە لێرە مەسەلەن بۆ هەولێر تا سلێمانی، دوایی ئیحتیاجە حەقل هەیە، لەوانەیە خارجی حدودی تۆ بێت، ئیتیفاق دەکەیت لەگەڵ موحافەزەکانی تر لای حکومەتی ئیتیحادی خەتەکە درێژ دەکەیتەوە بە ئیتیفاق لەگەڵ موحافەزەکە، دەبیت بە بەشدار، خۆ حکومەتی موستەقیل نیت، بەیەکەوە ئیش دەکەن، چ ئەمە مەجالت دەداتێ شەریکەکە بتوانێت لە هەموو وڵات ئیش بکەیت، تەبعەن هەمووی بە ئیتیفاقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی سۆزان خان مولاحەزەکانت بەجێیە، بەلآم وەلآمەکەی جەنابی وەزیر بڕێکی شەرح کرد، ئێمە کە ئەمڕۆ ئیمکاناتمان نییە، مانای وا نییە دائیم ئیمکاناتمان نابێت، قانون دادەنێین، قانونەکە بۆ ساڵێك نییە، بۆ دە ساڵ نییە، دوو ساڵی تر وەزیری عێراق هین بێتن، دەبێت هەوڵ بدەین خۆمان ئیمکانمان هەبێت ئینتاج بکەین، مەکائین بێنین و تەتویری هین بکەین، لەبەر ئەوە مەجال لێرە قانونیە ئەو شەریکەیە کە شەریکەی خۆمانە بتوانێت مونافیسی شەریکاتی ئەجنەبی بێتن، ئەمڕۆ ناتوانێتنن شەش مانگی تر، ساڵێکی تر دەتوانێتن، ئەمە زۆر زەرورییە هەبێتن، بەنیسبەت موڵکیەتی ئەنابیبەوە، ئەو عەقدەی کە ئیمزای دەکاتن، ئەوە دیاری دەکاتن موڵکیەتی کێیە، ئێستا تەبعەن ئەو شەریکە ئەجنەبیە کە دێت ئیستیسمار دەکاتن بە تەئکید کە عەقدەکە دەکات، ئەوە نوقتەیەك دەبێت لە عەقدەکە پاشی پێنج ساڵ موڵکیەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەریکەیە، یان بۆ وەزارەتەکە، یان بۆ هەرێم، ئەوە مەعلومە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆمان هەمووشمان دەزانین سیاسەتی نەوتی سیاسەتێکی زۆر بەقوەتە لە دەستی حکومەت، تۆ دەتوانیت لە هەموو کاتێکدا تەحەکوم بەو سیاسەتە بکەیت بەوەی کە بەدەستەوەیە، باشە لە پڕ زۆر زۆر هات نەوتەکە دەگریتەوە، بۆڕیەکە هی خۆتە دەیگریتەوە، وەکو سیاسەتێکی زەخت بەکاری دەهێنیت، باشە کە تۆ بیدەیت بە شەریکەیەك، چۆن ئەو سیاسەتە بەکار دەهێنیت، ئەو زەختە مومارەسە بکەیت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێكی ترت لێ دەكەم، تۆ بۆ پرسیارێك دەكەیت كە مەنتقی زەعیفە، دووەمیش/ پرسیارێكی تر دێتە پێشەوە لەوە بەقوەتتر، ئەی باشە ئەگەر شەبەكەی ئەنابیب دروست نەكەیت، ئەو نەوتە بە چ نەقل دەكەیت تەسویقی دەكەیت، خۆت قابلیەتت نییە ئەنابیب دروست بكەیت، قودرەتت نییە دروستی بكەیت، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم بڕگەی (ب و ت) تەوحید بكرێت، لەبەر ئەوەی یەك تەواوكەری یەكە، هەر لەگەڵی وی هاتووە لەدوای ئەو، كە لە نیهایەتی بڕگەی (ب) دەڵێت (وابرام أتفاقیات الشراكة او عقود مشابهة لها ، سواء في الأقلیم او في بقیة الاقالیم والمحافظات بالأشتراك مع الشركات النفطیة العالمیة او مع القطاع الخاص في العملیات النفطیة)، ئەو دوو بڕگەیە پێشنیار دەكەم تەوحید بكرێت جوانتر دەبێت، هی (ث)ش لاببرێت باشتر دەبێت بۆ ئەو كاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هی (ث) جەنابی وەزیر پێشنیاری كرد لانەبرێتن بكرێتە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی لە جیاتی موافەقەتی وەزیر، ئەگەر هەر ئیسرار دەكەن لەسەر لابردنەكەی، ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو فەقەرەی كە داواتان كرد بوو ئیلغا بكرێت، بەمە حەلێكی وەسەت گوتمان بنووسرێتن زەروورییە جەنابی وەزیریش شەرحی كرد، بەلاّم لەجیاتی موافەقەتی وەزیر گرنگە دەبێت هەموو لایەكی تێدا بێت گوتمان مەجلیسی ئیقلیمی هین بكاتن زەرورییە تێدا بێتن، كاك محەمەد فەرەج لەسەر ئەو نوقتەیە فەقەت.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم قانونە گرنگیەكەی ئەوەیە، یەعنی ئەولەویەتی داوە بە شەریكەی وەتەنی، یەعنی تەبیعییە ئەو بۆندە ئەو وەریگرێت بە عەقدی خدمە دەیدات بە شەریكات دروستی بكات، لەبەر ئەوە بوونی ئەمە زۆر زەرورە، یەعنی ئەولەویەتەكە دەدا بە شەریكە وەتەنیەكەی ئەو بۆندە، دوایێ دەتوانێت عەقدەكە بە عەقدی خدمە، نەك بە عەقدی ئینتاج، بە عەقدی خدمە بیدات بە شەریكەیەكی گەورە ئیشەكەی پێ بكات، بۆ ئەوەی شتەكە بۆ وەتەن بگەڕێتەوە، ببێتە موڵك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر ماددەكەدا هاتووە بۆتان ئیشارەتی پێ دەدەم پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، یەكەم/ لە بڕگەی دوو لە جیاتی حكومەتی ئیقلیم وەزارەت دەبێتن، لە بڕگەی چوارەم، یەكەم لە خەتی سێیەمەوە (الذي یعمل في الاقلیم) پاشی ئەو شەتب دەكرێت (وان الذین یسبقون.........)، لەسەرەوەش (بموجب الماده السادسه) ئەوە دەبێتە ماددە هەشت، تەسەلسولەكە دوایێ چاكی دەكەین، موهیم

لە كوێ بێتن تەسەلسولەكە لەكوێ بێتن چاك دەكرێت، لە (بالتنافس مع غيرها من الشركات للحصول على الاجازات بعد موافقة الوزير) بوو بە (بعد موافقة المجلس الاقليمي)، لە (ت) دەبێتە (ت- بموافقة المجلس الاقليمي)، لە (ث) دەبێتە (ث- بموافقة المجلس الاقليمي)، فەرمووو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەوری شەش كەس داوامان كرد كە ئەوەی (ث) ئیلغا بكرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم بخرێتە دەنگدان، چونكە دوێنێ ئێمە ئەو پێنج سالەش زۆر داوامان كرد نەخرایە دەنگدانەوە، بۆیە ئەمڕۆ ئەو ئیشكالە دروست بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوێنێش خرایە دەنگدان، دیارە جەنابت لە دەرێ بووی، خرایە دەنگدان دەنگی نەهێنا، من گوتم ئەو تەعدیلە رەنگە پێشنیارەكەتان كرد بێت، گوتم ئەگەر ئەو تەعدیلەتان پێ باش بێت نایخەینە دەنگدان، ئەگەر كاك عەونی ئەوانەی پێشنیارتان كرد موسیرن لەسەر ئەوەی بخرێتە دەنگدان، باشە، چەند ئەندامێكی پەرلەمان پێشنیاریان كردووە كە بڕگەی (ث) كە دەڵێت (بالسماح لطرف ثالث لادارة أي من منشآتها وبموافقة المجلس الاقليمي) ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ ئیلغایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، وەكو خۆی دەمێنێتەوە، ماددەكە بەو گۆڕانكاریانەی كە باسم كرد دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تكایە.

پێش ئەوەی بیخوێنیەوە، تكا دەكەم جارێكی تر ناو كە دەنووسم لە خیلالی موناقەشەدا، ئەوە دەلیلی شتێكە عەفوم دەكەن، دەلیلی شتێكە لە كاتی موناقەشە كردندا دەست بەرز دەكەنەوە، پێشتر باش بە دیقەت نەتانخوێندووە، مولاحەزتان نییە، لە كاتی موناقەشە كردندا بۆچوونی باشتان بۆ دێت، ناڵێم بۆچوونی باش نییە، بەڵام دەلیلی ئەوەیە نەخوێندراوەتەوە لە لای ئەو برادەرەی كاك محەمەد فەرەج لە كاتی موناقەشە بۆچوونی باشی بۆ دێت سوودیشی لێ وەردەگرین، بەڵام چونكە دووبارە بۆوە، بۆیە ئەو تەعلیقەم دا لەبەر ئەوە جارێكی تر رێگا نادەم، فەرموون بخوێننەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان(KOTO)

ماددەی سێزدەم:

یەكەم: سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان دادەنرێ و كەسایەتی مەعنەوی هەیەو سەربەخۆیی لە بواری دارایی و كارگێڕی.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پەسند كردنی لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێن، بەمەرجێك دەسەلأت و بەرپرسیاریەتیان بە دوورو درێژو و بەپێی یاسا دیاری بكرێت.

سێیەم: پێویستە وەزیر هەموو زانیاریە داراییە پێویستەكانی پەیوەست بە مۆڵەتەكان لەكاتی گونجاودا بە سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان (KOTO) بدات.

چوارەم: بەپێی حوكمەكانی ماددە (112) ، (115) لە دەستووری فیدراڵی، یان وەكو لە ماددەكانی حەڤدەم و هەژدەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، سندوق داهاتە بە دەست هاتووەكانی پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كێڵگەكانی ئێستاو ئاینندە لەجیاتی گەلی هەرێم وەردەگرێت.

پێنجەم: تاوەكو مەرجەكانی ئاماژەیان بۆ كراوە، كە لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێن، سندوق دوو حیساب بە دەستەوە دەگرێ: یەكەمیان/ داهاتە بەدەست هاتووەكان لە پرۆسەكانی نەوتی تایبەتن بە كێڵگەكانی (حیسابی كێڵگەكانی ئێستا)، هی دیكە داهاتەكانی بەدەست هاتوو لە پرۆسەكانی نەوتی تایبەتن بە كێڵگەكانی ئاینندە (حیسابی كێڵگەكانی ئاینندە)، هەردوو حیساب بەشێك لە داهاتی گشتی هەرێم پێكدێنن و دەكەوێتە ژێر دەسەلأتی پەرلەمان.

شەشەم: حیسابی كێڵگەكانی ئێستاو حیسابی كێڵگەكانی ئاینندەو بۆ وردبینی سەربەخۆ ملكەچ دەبن، وردبینی بۆ هەمووان ڕەوایە، لە هەموو حاڵێك سندوق بەرپرسیاریەتی خۆی بەپێی پرەنسیپ و پێوانەی تایبەتی بەدەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازیەكانی دەرهاتوو ئەنجام دەدات، كە لەسەرچاوەی (EITI) ئاداری 2005 داهاتووە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

صندوق كوردستان للعائدات النفطية (KOTO)

المادةالثالثة عشرة/

أولا: يؤسس صندوق كوردستان للعائدات النفطية وله شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

ثانيا: يعين رئيس واعضاء مجلس الأدارة من قبل مجلس الوزراء بعد مصادقة الأغلبية المطلقة لاعضاء البرلمان، على ان تحدد صلاحياتهم ومسؤولياتهم بشكل تفصيلي وبقانون.

ثالثا: على الوزير تزويد صندوق كوردستان للعائدات النفطية (KOTO) بكافة المعلومات المالية الضرورية المتعلقة بالاجازات وفي الوقت المناسب.

رابعا: يستلم الصندوق العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول الحالية والمستقبلية نيابة عن شعب الأقليم بموجب أحكام المادة 112، 115 من الدستور الاتحادي،.أو حسب ما ورد في المادتين (17، 18) من هذا القانون.

خامسا: لحين تنفيذ الشروط المذكورة في المادة الثامنة عشر من هذا القانون يحتفظ الصندوق بحسابين: احدهما للعائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول الحالية(حساب الحقول الحالية)، والاخر للعائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول المستقبلية (حساب الحقول المستقبلية)، ويشكل الحسابان جزءاً من العائدات العامة للأقليم وتقع تحت سلطة البرلمان.

سادسا: يكون حساب الحقول الحالية وحساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل ويكون التدقيق متاحاً للجميع في كل الاحوال سيمارس الصندوق مسؤوليته وفق المبادىء والمعايير الخاصة بالمبادرة الشفافية في الصناعات الاستخراجية التي وردت في المصدر (EITI) اذار- 2005.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی سیازدەی پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم دكتۆر ئاشتی پێشنیارێكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (13 و 14و 15 و 16) بە یەكەوەن، فەسلەكە دەبێت پێش ئەوە دەست پێ بكات، كە دەڵێت (الفصل السادس) لە ماددەی چواردە، (الفصل السادس) دەبێت لێرە دەست پێ بكات لە پێش ئەم سندوقە، لەبەر ئەوە دەبێتە (المبحث الاول) دوای ئەوە دەبێتە (المبحث الثاني)، باشە فەسلەكە لە پێشەوە دەست پێ بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دەبێتە (الفصل الخامس/ادارة العائدات والحصص الخاصة)، دەبێتە (الفصل السادس/ادارة العائدات والحصص الخاصة)، سندوقی كوردستان عائیدات نامێنێت، دەبێتە (ادارة العائدات والحصص الخاصة) لە زیمنی ئەوە، عینوانی فەسلەكە دەبێتە چی، باشە تەوحیدی دەكەین، دەزانی چۆنە دەبێتە (فصل السادس/ صندوق كوردستان للعائدات النفطية ادارة العائدات والحصص الخاصة)، باشە ئێستا لە فەسلی شەشەم ماددەی سێزدە خوێندرایەوە، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر نەبوو، ئەگەر تێبینیتان هەیە، كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەڤێ ماددە سێزدە خاڵە سێ من تێبینیاكە هەی, ئەویش كە دبێژیت (على الوزير تزويد صندوق كوردستان للعائدات النفطية بكافة المعلومات المالية الضرورية المتعلقة بالاجازات) هەتا ئێرە باشە (وفي الوقت المناسب)، پێم وایە ئەم كەلیمەیە ئەم وەقتە موناسیبە دەبێتە جێگای ئەو، من پێم باشە بكرێت بە پاش دەرخستنی ئیجازات (بعد صدور الاجازات)، یەعنی وەكو ئیلزامێك لێرە هەبێت، نەوەك وەقتی موناسیب (بعد صدور الاجازات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەوە، یان هەر شەتب بكرێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مانیع نییە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بڵێین بە ئیجازات عقود، لەوانەیە ئیجازات هەبێت، ئیجازە پارەی تیا نییە جاروبار، کەلیمەکە دەکەین بە عقود لەگەڵ ئەو پێشنیارەش مانیع نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیجازات ببێتە عقود، (المتعلقە بالعقود) دواتر (وفي الوقت المناسب) هەر شەتب بکرێت، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی دووی ماددەی سێزدەیە لە دوا دێر نووسراوە (بشكل تفصيلي)، ئەو بشکل تەفسیلی بە رەئی من زیادە، هەر بنووسرێت (بقانون) تەواو، لە کوردیەکە نووسراوە بەرپرسیاریەتی دوورو درێژ بەپێی یاسا، ئەو دوورو درێژەش لابچێت، بکرێتە بەپێی یاسا دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوەش تەئسیرێکی وا نییە، ئەگەر شەتب بکرێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دووەم وەکو فەقەرەکانی تره لە شەریکەکان عەینی شتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ زەرەرێکی نییە شەتبی بکەین کاك غەفور، یەعنی تەحصیل حاصلە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە قانونی تەفسیلی دەوێت، تەنزیم ببێت، چونکە پارەکەی بەدەستە، ئەگەر قانونی لێ بێت دەبێت سەلاحیاتی بدەیتێ، دەبێت پێی بڵێین چۆن بە تەفسیلی ئیش دەکات، چۆن تەقاریر دەهێنێت، ئەمە وەکو شەریکە نییە، ئەو تەفسیلە دەبێت بێت بۆ پەرلەمان موافەقەتی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ صیاغەیە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر لە ماددەی سیازدە جێی ببێتەوە، بەو سیفەتەی کۆمپانیایەکان بەشێکن لە پێکهاتەی حکومەت، پێویستە ئەو کۆمپانیایانە لە ژێر چاودێری و وردبینی دارایی، چونکە بەڕاستی

هەیئەی کارگێری زۆر قسەی لەسەر کرا دەبێت پەرلەمان پەسندی بکات، دەبێت ئەوە مولْکی حکومەتە، مولْکی خەلْکەو، پێویستە دەست پاك بن و خەلْکی باش و کارامەو لەو بابەتە بن، بۆیە من پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، کە ئەوانە لە ژێر چاودێری وردبینی دارایی دابن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمووی وابزانم لە ژێر چاودێرین، فەقەرەیەك هەیە لە شوێنێکدا دێتە بیرم خوێندومەتەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەلْ لیژنەی یاساییم ئیمزام کردووە لەسەر راپۆرتەکە، لەگەلْ دەقی بۆچوونەکانی لیژنەی یاساییم، بەس لە رووی تەشریعیەوە من مولاحەزەیەکم هەیە، بەنیسبەت فەقەرە چوار و پێنج، باسی مادده (17 و 18) دەکات کە هێشتا پەسند نەکراوە، لە پێنجەمیش باسی فەقەرە (17) دەکات کە پەسند نەکراوە، ئینجا ئەو فەقەرانە پێش ئەوەی پەسند بکرێن لە رووی تەشریعیەوە، پێم وایە لێرەدا بێتن، چونکە لەوانەیە مادده (17 و 18) گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لێرەوە ئێمە ئێستا پەسندی بکەین، وابزانم لە رووی تەشریعیەوە وارید نییە، ئەگەر لێرە (17 و 18) هەلْبستێت بەنیسبەت فەقەرە چوار، (18)ش بەنیسبەت فەقەرە پێنج، لە (17 و 18) ئیمکان هەیە، ئەو موعالەجەیە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان (112 و 115 من الدستور العراقی)، ئەوە تەواوە، ئەویتریش دەکرێتن بلْێی (من هذا القانون او حسب ماورد في هذا القانون)، (حسب الاحكام الواردة في هذا القانون)، کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی یەکەم باستان کرد، بڕگەی دووەم لە ماددەی سیازدە (بشكل تفصيلي او بقانون)، جەنابی وەزیر قسەی لەسەر کرد، من باسی ناکەمەوە، هی سێیەم (على الوزير)، وابزانم (على الوزارة) بەقوەتترە (على الوزارة تزويد صندوق كوردستان للعائدات النفطية)، ئینجا ئەو جوملەیە کە زەروریەی تێدایە (المتعلقه بالاجازه في الوقت المناسب) تێشدا نەبێت، بۆ خۆی هەر وازیحەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لە جیاتی وەزیر لەکویْ وەزیر هەبوو دەیکەمە وەزارەت، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەبوو سەبارەت بە بڕگە سێ ئەوە چارەسەر کرا، سەبارەت بە بڕگە پێنج ئەو پێشەکیەی ناوێت (لحين تنفيذ الشروط المذكورة) یەکسەر بلْێین (يحتفظ الصندوق بحسابين: احدهما للعائدات المستحصلة من

العمليات النفطية الخاصة بالحقول الحالية(حساب الحقول الحالية)، والاخر للعائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول المستقبلية (حساب الحقول المستقبلية))، پاشان دەڵێت (ويشكل الحسابان جزءاً من العائدات العامة للأقليم الخاضعة مراقبة البرلمان)، سەبارەت بە بڕگە شەش ئەویش دووبارە لە ئەخیری وەکو صياغە (يكون حساب الحقول الحالية وحساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل ويكون التدقيق متاحاً للجميع، ويمارس الصندوق مسؤوليته وفق المبادىء والمعايير بالصورة الشفافة بالصورة المعمول بها في الصناعات الاستخراجية المحددة في المصدر كذا وكذا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو مولاحەزەیە زۆر بەجێیە، ئەگەر جەنابی وەزیر موافەق بێت لە (لحين تنفيذ الشروط المذكورة في المادة الثامنة عشر من هذا القانون)، فیعلەن ئەوە هەمووی زیادە، ئەگەر مانیعت نەبێتن شەتبی بکەین.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (يحتفظ) دەست پێ دەکات، باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە موافەقەتی کردو مولاحەزەکەش بەجێیە (لحين تنفيذ الشروط المذكورة في المادة الثامنة عشر من هذا القانون) شەتب دەکرێت، لە (يحتفظ الصندوق) دەست پێ دەکات، لە ئەخیریەکەی (تحت سلطة البرلمان الخاضعة للمراقبة البرلمانية)، ئەوە راستترە، ئەوەی شەشەم چی بوو کاک نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتم ئەوە (يكون حساب الحقول الحالية وحساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل ويكون التدقيق متاحاً للجميع، ويمارس الصندوق مسؤوليته وفق المبادىء والمعايير بالصورة الشفافة، بالصورة المعمول بها في الصناعات الاستخراجية المحددة في المصدر كذا).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت رەئیەکی هەیە لەسەر ئەو قسانەی کاک دکتۆر نوری، کە جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو سندوقە ئەوەی لێرە هاتووە لەو ماددەیە حاڵەتێکی موەقەتە، ئەوە یەك، وەرەقەیەکە لە دەستمان، دوو سندوق بەکار دەینین هەتا حکومەتی عێراق ماددە (106 و 112 و 121) لە دەستووری ئیتیحادی

تەنفیزی بکات، ئەو ماددانەش عیلاقەی لەگەڵ هەیئەیەکی عام هەیە بۆ تەوزیع کردنی مەوارد، ئەگەر بێتو حکومەتی ئیتیحادی ئەوهەیئەیە دروست نەکات، تەنفیزی ماددەکانی دەستووری ئیتیحادی نەکات، ئێمە حەقمان هەیە بۆ ئەو ماوەیە دوو سندوقمان هەبێتن، ئەگەر لێرە وات لێ کرد، کو سندوقەکە ببنە دائیمی موتەعاریز دەبێتن لەگەڵ ئەحکامی دەستووری عێراقی، بە رەئی من ئەوە وەکو خۆی بمێنێت، بەلأم ئەوەی کاك شێروان باسی کرد راستە ناحیەی ماددە، لەوانەیە تاکو دێینە سەر ماددە (18) رەقەمی ماددە بێتە گۆڕین، یان مەزمونەکە بەشێوەیەکی تر بێتە داڕشتن، ئەوە لازمە ئێمە لێرە چارەسەری بکەین، بەس بە رەئی من وەکو خۆی بمێنێت باشترە، چونکە تۆ زەمانت نییە، حکومەتی عێراقی عەجەبەن ئەو هەیئەیە تەنفیز دەکاتن، تەتبیق دەکاتن، پێ دەکات، یان پێ ناکات، ئەگەر پێی نەکرد لەوانەیە ئیحتیفاز بە سندوقەکە بکات، ئەگەر پێی کرد مومەسیلت لەوێیە موحتاجیت بە دوو سندوق نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم لەسەر بڕگەی شەش هەیە (يكون حساب الحقول الحالية وحساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل ويكون التدقيق متاحاً للجميع)، ئەو جەمیعە کێن، کە حەقی تەدقیقیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەیەکی موهیمە بۆمان باس بکە جەنابی وەزیر (خاضعاً للجميع)، یەعنی چی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەصدی ئەوەیە شەفافیەتی تیایە، کە داوا دەکات حەقی هەیە بزانێ ئەوە چیە، لەوانەیە حکومەتی ئیتیحادی بێت، شتێکی ئیعتیادیە، بڕوا ناکەم ئەوە تەعاروز بێت لەگەڵ دەستوور، بەلأم خەبیر دەبێت لە دەستوورەکە، ئەگەر ئەمە ئەو فەقەرەی تیا نەبێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کراو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دکتۆر کەمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەنیسبەت ماددەی سێزدە فەقەرە دوو (علی ان تحدد صلاحیاتهم ومسؤولیاتهم بشکل تفصیلي بقانون)، دەبینم زۆر زۆر زەرورە تەفسیلاتی هەبێت، چونکە ئەو ماددەیە ئیشێکی زۆر موعەقەدە، بۆ ئەوەی وەهەم نەبێت و ئیختیلاف نەبێت، کە هەر کەسێك بە شکلێك تەفسیل بکات، بۆیە زۆر موحەدەد بێ، زۆر تەفسیل بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك دەچێتە پێش لێی تێبگات.**

**بەنیسبەت فەقەرەی سێ، ئەوەی کە دەڵێت (بکافة المعلومات المالیة الضروریة المتعلقة بالاجازات)، من دەڵێم هەردووکی بمێنێت (بالاجازات والعقود)، هەردووکی ئیزافە بکرێت، هەم بۆ ئەوەی تەفسیل روون بێت، بۆ ئەوانەی دەچنە پێشەوە.**

**بەنیسبەت فەقەرەی شەش ئەوەی ئەو بەڕێزانەی ئیشارەتیان پێ کرد (ویکون التدقیق متاحاً للجمیع)، ئەمە زۆر ئەوەیە، چونکە هەرێم دەبێت، پاشان سیاسەتی خۆی دەبێت تەسریبی مەعلومات بە ئاسانی بۆ هەموو شوێنێك نەبێت، دەبێت پەرلەمان بیزانێت، حکومەت بیزانێت رەقابەی مالیی بیزانێت، هەر کەسێك لە دنیا بیەوێت چیت هەیە بیزانێت، ئەوە نەختێك لە جێگای خۆی نییە، وابزانم ئەوە تەحدید بکرێت، یەعنی ئەو جەمعە بکرێت، پەرلەمان، حکومەت، رەقابەی مالی و ئەوانە، بەنیسبەت ئەو دوو سندوقە، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، من پێم وا نییە ئەم دوو سندوقە لەبەر ئەوە بێتن، کە عێراق مومەسیلمان نییە لە سندوقی عێراق، ئێمە لەگەڵ عێراق لە تەنەفوسێکی دیموکراتین، لەوانەیە سبەی ئەگەر هەموو شتمان لەوێ بێت هیچت پێ نەداتن، بۆیە میزانیەی گشت نەوت، ئێمە لەسەر ئەوە ئیسرار دەکەین، کە لە دەرەوە دەفرۆشێت، ئەو پارەیەی کە دەڕوات بۆ نەوت دێت بچێتە حیسابێکی تایبەت بۆ کوردستان، لێرەش سندوقی خۆمان هەبێت، بۆیە ئەویش وەکو خۆی بمێنێت لەم زروفە گرنگە، نەك ئینتیراز بکەین نوێنەرێکمان هەبێتن لە بەغداوە بڵێ باشە با هەموو شتەکانمان بڕواتە ئەو سندوقە، ئەو زۆر هەڵەیەکی گەورەیە، خەتەرێکی زۆر گەورەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مولاحەزەی کاك دکتۆر کەمال (الاجازات والعقود) تەبیعیە، یەعنی شتێکی وا هین ناکاتن هەردووکی بنووسرێت، گۆڕانکاریەکی تەواومان کرد، یەك نوقتە هەیە ئەویش ئەوەیە پێنجەم (لحین تنفیذ الشروط المذکورة في المادة الثامنة عشر من هذا القانون)، هەم مولاحەزەی دکتۆر نوری کە دەڵێت ئەوە پێویست ناکاتن مەنتیقی تێدایە، ئەو مولاحەزەیەی کاك فرسەتیش، کە دەڵێت ماددەی (18) زۆر گرنگە، بەپێی ئەو سەلاحیاتانەی کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە ئاماژەی پێ کردووە، تاکو ئەو سندوقە هین نەکرێتن، جا پێشنیار ئەوەیە ئەو فەقەرەی پێنجە حەسمەکەی دوا بخەین بۆ پاش موناقەشە کردنی ماددەی هەژدە، فەرموو.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانین بڵێین (لحين تنفيذ الشروط الواردة في احكام هذا القانون)، دەتوانین ئەوەش بڵێین وەكو ئەوی دیكە، ئەوەی سەبارەت بە شەشەم من پێم باشە (وتكون التدقيق متاحاً لجميع المعنيين).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر هاتوو ئێمە ئەو ماددەیەمان تاخیر كرد، چووینە ماددەی (17 و 18) موناقەشەمان كرد خەلەل تەشریعیەكە هەر واریدە بەڕاستی، چونكە پێویستە ئێمە ماددە بە ماددە موناقەشە بكەین، هەتا ئەو دوو ماددەیەش پەسند كرا، لێرە ئێمە ئەو ماددەیەی ژمارەكەی پێشی (17 و 18)یە خەلەلەكە قائیمە، بە تەسەوری من ئەگەر ئەحكامی ئەو قانونە بێت شامیلە جگە لە ماددەی (17 و 18) نەبێتن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال قسە دەكات فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئی برادەران لەناحیەك لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام من پێم وایە ئەمە هێشتا نابێتە قانون، ئەمە مەشروعە هەتا ئیصدار دەكرێت لە لای سەرۆكی هەرێم، بۆیە دەتوانین ماددەی (17 و 18)ش دابنێین، كە هەر وەكو پرۆژەیە، نازانم لە ڕووی قانونیەوە، ئەگەر كاك فرسەت تەوزیحێكی زیاتر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من ئیشكالێك نابێتن ئەگەر ئێمە ئیشارەت بە ماددەیەك بدەین هێشتا نەهاتبێتن، ئیقرارمان نەكرد بێت، بەس ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە ڕەقمەكە هاتە گۆڕین، ئەو وەختە دەتوانیت تەسەلسولەكە بیگۆڕین، بە دەیان قانونم دیتوە بەڕاستی ماددەیەكی سابق ئیشارەت بە ماددەیەكی لاحیق داوە، بۆ سەبەبەكە، منیش مەبدەئیەن لەگەڵ كاك دكتۆر كەمالم، هەر ماددەیەك لێرە تەصویتی لەسەر بكەین، مانای ئەوە نییە ئەو ماددەیە بووە قانون، ئەو وەختە دەبێتە قانون، ئەگەر هاتوو ئیصدار كراو لە

جەریدەی قانونی نەشر بێت، هەتا ئێستا هەتا تەصویتیش لەسەر بکەین، هەر پرۆژەیە، جا لەبەر ئەوە من نابینم، راستە لە ناحیەی نەزەری لەوانەیە یەکێك وا بەسەردا بچێت، بلێ ئەوە خەلەلێکە، چۆن ئیشارەت بە ماددەی هەژدەت داوە، هێشتا تۆ موناقەشەی مادده هەژدەت نەکردووە ئەسلەن، ئەو ماددەیە ئێستا رەقەم سێزدەیە، ئیقراریش بکەم نابێتە قانون، هەر پرۆژەیە، ئەو ماددەی هەژدە بەشێکە لە پرۆژەی قانونی نەوت و غاز، هیچ تەناقوزێك ناکاتن و باوڕیش ناکەم خەلەلێکی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەر ماددەیەك، هەر قانونێك لێرە کە پەسند کرا لە پەرلەمانی کوردستان دەبێتە قانون، بەلاَم نافیز نابێت تا بلاَو نەکرێتەوە، یان ئیصدار نەکرێتن، بۆیە من لەگەڵ رەئیەکەی کاك شێروانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رەئیەکەی کاك فرسەت دەکەم، هەر پرۆژەیەك هەتا تەصدیق نەکرێت نابێتە قانون، کەی تەصدیق کرا، ئینجا دەبێتە قانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێکم هەیە قانونی، بەلاَم بۆ ئەوەی رزگارمان بێت لەوە، یەعنی واز لە قاعیدەکە بێنن مەنتیق بەکار بێنن، ئێستا لێرە دەلێت (لحين تنفيذ الشروط المذكورة في المادة الثامنة عشرة)، هەمووتان مەفروزە ئەو پرۆژەتان خوێندبێتەوەو تێگەیشتوون، ئەگەر کەسێك ئیعتیرازی لەسەر ماددەی (الثامن عشرە) هەیە، نییە، پێی وانییە تەناقوز دەکات لەسەر ئەوە، پێم وایە ئەو رەئیەی کاك فرسەت ئەو وەختە دەتوانین هین بکەین، لەبەر ئەوەی مەفروزە هەموومان ئیتیلاَعێکمان کرد بێت، ئەگەر کەسێك پێی وایە ئەو ماددەی (18) دەبێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت موتەفیق نییە لەگەڵ هین و ئەوانە خیلاف هەیە، یەعنی وەکو مەنتق تەخریجێك لە هینەکان، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی جەنابت زۆر راستە، ئەگەر مولاحەزەی ماددەی هەژدە بکەین مانای هەمووومان خوێندیتمانەوە، ئەگەر تەماشای بکەین بە وردی هیچ تەناقوزێکی تێدا نییە، زۆر زۆرە ئەگەر رەقمەکەی بگۆڕێت، کە لەویَ تەوزیحی بکەین و لێرە لە پەرلەمان گوتمان جائیزە دەستکاری بە گۆڕینی رەقمەکان بکرێت، مانای هیچ کێشەیەکی قانونیمان بۆ پەیدا ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو بۆچوونەکە مەنتقی خۆی هەیە، بۆچوونی دکتۆر نوریش مەنتقی خۆی هەیە، کە کاک فرسەتیش شەرحی کرد و ئەوانەو کاک شێروانیش مەنتقی هەیە، لە ناحیەی تەسەلسولی بیر کردنەوە، بەڵام وەکو من عەرزم کردن، کە هەموومان قانونەکەمان خوێندبێتەوە، ئەو فەقەرەی کە پێشتر هاتووە دەڵێت (لحین تنفیذ الشروط المذکورة في المادة الثامنة عشرة)، ئەگەر هەمووومان ئەو شروتەمان خوێندبێتەوە، ئەگەر بزانین دەگونجێت و هین و ئەوانە ئیعتیادیە بنووسرێت، فەرموو کاک فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با برادەران هەموویان تەماشای ماددەی هەژدە بکەن، هەموو باسی مافەکانی ئێمە دەکات لە دەستووری ئیتیحادیدا، هەموو باسی ئیلتیزاماتی حکومەتی ئیتیحادی دەکەن بەرامبەر حکومەتی هەرێم، یان هەرێم بەشێوەیەکی گشتی، لەبەر ئەوە من تەوەقوع ناکەم هیچ گۆڕانکاریەك لەسەر مادده هەژدە بێتن، لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئی هەموویان، هەموویان ئازادن ڕەئی خۆیان بڵێن، بەس ئیتیلاعم لەسەر ماددەی هەژدە ئەوەیە، هەموو باسی ئەوە دەکەن ئەگەر هاتوو حکومەتی ئیتیحادی تەنفیزی ئیلتیزاماتی خۆی کرد، تۆ موحتاجی دوو سندوق نابیت، ئەگەر هاتو ئیلتیزاماتی خۆی بەرامبەر بە تۆ تەنفیزی نەکرد بەگوێرەی ماددەی (106 و 112 و 121و 140) ئەو وەختە تۆ ئیحتیفاز بە هەردوو سندوقەکە دەکەیت و کار پێ دەکەیت وەکو زەمانێك بۆ مافەکانی تۆ، من نازانم برادەران یەکێك ئەگەر بڵێت من ئیعتیرازم لەسەر هەیە، هیچ ئەویتری تێدا نییە، ئەو ئیلتیزاماتانە هی ئێمە نین، هی حکومەتی ئیتیحادیە لێرە ئیرادیان کرد، ئان لێرە باسمان کرد، هەر بۆ ئەوەیە بیخەنە بیری ئەو شەخصە ئەوی ئیتیلاع لەسەر ئەو قانونە دەکات، یان ئەو قانونە بخوێنێت بەرامبەر حکومەتی ئیتیحادی ئێمە، ئەو مافانەمان هەنە، لەبەر ئەوە من تەوەقوع ناکەم برادەرێك ئیعتیرازی لەسەر ماددەی هەژدە هەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو کاك فرسەت دەڵێت، ئەو ماددەیە موەفەقە، بڕگەی پێنج لە ماددەی سێزدە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بڕگەی یەکی ماددەی هەژدە دەبینم ئەویش ئەوەیە لە ماددەی سێزدە دەڵێت (تقع تحت سلطة البرلمان)، بەڵام لە ماددەی هەژدە بڕگە یەك دەڵێت (لیکون ذلك تحت السیطرة المطلقة لحکومة الاقلیم)، ئەو جیاوازیە دەبینم نازانم هۆیەکەی چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەی دوازدە کە حکومەتی ئیقلیم هاتووە، شمولی پەرلەمان و قەزاو مەجلیسی وزەراش دەکاتن، بەو شێوەیەی کە لەوێش هاتووە تەفسیلەکەی ئەوەیە هەر سێکیان شمول دەکاتن، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن بوونی بۆچوونی جیا جیا، بۆ ئەوەیە کە قانونێکی سەرکەوتوو بێت بەڕاستی، بەلآم ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت، ئەگەر ئەو ماددەیە تەعریف بکرێت، ئێمە بچینە ماددەکانی تر لە جێگای خۆیەتی بە قەناعەتی من هەر دەبێت واش بێت، چونکە نیزام داخیلی دەڵێت مادده، مادده موناقەشە بکەن، من خۆم خوێندوومەتەوە هیچ تەعاروزێك نییە، ماددەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەلآم لە رووی قانونیەوە هەر دەبێت موناقەشە بکرێت ماددەی (17 و 18)، بە قەناعەتی من ئەو ماددەیە تەعریف بکرێت و ئەوان پەسند بکرێت، ئەوجا بێینەوە سەر ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لە صیاغەکە ببینەوە، بەس دەنگدانەکە بەجێ دەهێڵین، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا لەو جەلسەی ئێمە لە ماددەی دوازدە لە پرۆژەکە ئەو حاڵەتەمان حەسم کرد، رەقمەکە گوتمان دوایی چاکی دەکەینەوە، وابزانم هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی (17 و 18) باش وایە بێتە جێگای ئەو ماددەیەی کە ئێستا موناقەشەی دەکەین، چونکە ئێمە تازە لە شەریکاتی نەوتی بووینەوە لە عەقد و لە عقودی شەراکەت و لە ئیدارەو لە تەنزیم، ئەمەش تەعاونە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، هەمان ئیشە عەمەلیاتی نەوتیە، لەبەر ئەوە زۆر شتێکی تەبیعیە ئەمە بێنینە پێشەوە، باسی عائیدات مەسەلەیەکی جیایە، یەعنی وەکو بڵێی ئێمە لە باسی نەوت لێبووینەوە دێینە باسی عائیدات، ئێستا جارێکی تر دەچینەوە سەر تەعاون لە عەمەلیاتی نەوتیدا، من پێم باشەو زۆر جێگای خۆیەتی ئەمە بێنینە پێشەوە، عائیدات بچیتە دواوە زۆر شتێکی تەبیعیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەگەر بێتو بەپێی قانونی ئیتیحادیش، ئەوەی کە ئێمە داوامان کردووە لەویٚ بچەسپێت، بەلاّم ئەگەری ئەوەش هەیە کەوا پاش ماوەیەك حکومەت پەشیمان بێتەوە دەستکاری ئەو قانونە بکات، ئەوە ئێستا ئێمە دەستووری عێراقمان لەبەر دەستدایە پەسند کراوە لەلایەن (80٪)ی خەڵکی عێراق، بەلاّم ئێستا ئەوە خەریکن دەستکاری بەشی زۆری ئەو ماددانە دەکەن، کەوا پەیوەندیان بە مافی گەلی کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا مافەکانی گەلی کوردستان بچەسپێنین تەماشای ئەوە نەکەین کەوا مەربووت بێت بەو شەرتانەی کەوا لە قانونی عێراقدا دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەسلی حەوت بێنینە پێشەوە، موشکیلەکەمان بۆ حەل دەکات، من موافیقم لەسەر ئەوە، یەعنی تەئسیر ناکاتە سەر مەبدەئەکە، باسی تەعاونەکە دەکەین لە پێشەوە، جا دوایی عائیدات دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئیشکال حەل دەکات، بەلاّم ئیشکالێکی ترمان بۆ دروست دەکات بۆ دوارۆژ، هەر شتێك بێتە پێشمان و، لەبەر ئەوە ماددەکان بگۆڕینو پاشو پێشیان بکەین، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەکانی پێشتر، بیزات لە ماددەی یەکەم ئەو حاڵەتەمان هەیە، مەسەلەن لە تەعریفەکان دەڵێن فلان بەپێی ماددەی ئەوەندە، ئەوە هەموو لێرەدا هەیە، بۆیە ئەوەش زۆر زۆر ئاساییە بەو شێوەیە بڕواتن، مەسەلەن ئەگەر تێبینی بکەین (26- گرێبەستی نەوت/ هەر گرێبەستێك گرێدەدریٚ یان دەوڵەتێك بەپێی ماددەی (23) بیست وسیٚ ئەم یاسایە دەدرێت)، خۆ ماددەی (23)مان موناقەشە نەکردووە، زۆر شتی تریش هەیە، ئەوە حاڵەتێکی زۆر زۆر ئاسایشە بە رەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە وەکو ئەو مولاحەزەی یەکەمەکە دەهێنمەوە، بۆ ئەوەی مەشاکیلمان بۆ دروست نەکات، وەکو عەرزم کردن، هەر پرۆژەیەکمان بۆ دێت مەفروزە هەموومان خوێندبمانەوە، ئیستیعابی هەموو ماددەکانمان کرد بێت، لەبەر ئەوە ماددەی یەك ئیشارەت بۆ ماددەی (15) دەکات، مەفروزە رەئیەکمان لەسەر ماددەی پازدەش هەبیٚ، پێمان وایە دەبێت ماددەی پازدە ئیلغا بکرێتن ئەو وەختی ئەوە رادەگرین تاوەکو دەچینە سەر ماددەی پازدە، بەلاّم مادام ئیعتیرازمان نییە، من قەناعەتم وایە باشتر وایە لێرە هین بکەینەوە، بەتایبەتی ئەو ماددەیەی (18) پەیوەندیەکانی ئێمە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی رێکی خستووەو ئاماژەی کردووە بە مەوادەکانی دەستووری و هین زۆر تەبیعییە، لەمەودوا دەبێتە موشکیلە، بۆ ئەوەی هەموو

ئەندامانی پەرلەمان مەفروزە پرۆژەکانیان خوێند بێتەوەو ئیستیعابیان کرد بێت و تێگەیشت بن، کە دەڵێت بەپێی ماددەی بیست و ئەوەندە، ئەگەر لەبیریشت چوو بێت تەماشای بکەی‌و دێتەوە بیریت، ئینجا ئەگەر ئیعتیرازێك نەبێتن بەو پێیە کە تێگەیشتوونە، من حەسمی ئەو هینە دەکەم، بۆتان دەخوێنمەوەو ئەو گۆڕانکاریانەی کە کراوە دواتر دەخەینە دەنگدانەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی کە کراوە لە بڕگەی دوو (بشكل تفصيلى)یەکە شەتب کرا، لە بڕگەی سێ وەزیر بووە وەزارەت، لە ئەخیرەکەشدا (بالاجازات والعقود)، (فى الوقت المناسب) شەتب کرا، لە بڕگەی چوارەم ئەخیری کە دەڵێت (ما وردت فى المادتين 17 و18) نووسراوە (حسب الاحكام الواردة في هذا القانون)، پێنجەم/ (لحين تنفيذ الشروط المذكورة) وەکو خۆی دەمێنێتەوە (يحتفظ الصندوق بحسابين) هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەس (وتحت سلطة البرلمان) دەبێتە (وخاضعة لمراقبة البرلمان)، ئەخیری جوملەکە، شەشەم پێشنیارەکەی ئەوەیە کە دەڵێت (يكون حساب الحقول الحالية وحساب الحقول المستقبلية خاضعاً للتدقيق المستقل ويكون التدقيق متاحاً للجميع)، ( في كل الاحوال)ەکە زیادە، (ويمارس الصندوق مسؤوليته وفق المبادىء والمعايير الخاصة بالصورة الشفافة وبالصورة المعمول بها في الصناعات الاستخراجية في المصدر (EITI) اذار 2005)، ئەوە ئیعتیرازتان لەسەر ئەوە هەیە، لە جیاتی (الجميع) (وتكون متاحة للجهات المختصة)، یەعنی دەکاتە پەرلەمان، ڕەقابەی مالی، حکومەت خۆی، هەر وەزیرێك، هەر لێپرسراوێك، دوایی دەڵێت بەس وەزارەت، موافقن لەسەر ئەو صیغەیەی کە گوتم، کاك خەلیل مولاحەزەیەکی باشیدا سوپاسی دەکەین، کە کەسمان ئینتباهمان نەکرد بوو (ويكون التدقيق متاحاً للجميع) ئیمکان نییە، ئەوە (تدقيق جهات مختصه)، (ويكون الاطلاع متاحاً للجميع)، ئەوە مولاحەزەیەکی بەدقیقەتە لە جێی خۆیەتی (ويحق للجميع الاطلاع على نتائج التدقيق) شتێکی وا، ئەوە باشترە، یەعنی مەسەلەن سبەینێ دیوانی چاودێری دەچێتن ڕاپۆرتێك دەنووسێتن، ئەو ڕاپۆرتە دەبێت بە عەلەنی بڵاو بکرێتەوە، مەقصەدی لەوە دایە، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەپرسم دەبێت من لە پێشنیاری خۆم پاشگەز ببمەوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە (للجميع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ويكون الاطلاع متاحاً للمواطنين جميعاً) باشە، بەڵێ کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست جەنابێتە ئەڤەیە یەعنی ئەو میزانیە حکومەتێ کە لە عائیداتێ نەفتیە دێتە سندوق، هەمی دەبێت بزانێن چەندە؟ ئەڤەیە مەبەستێ جەنابێتە ڕەقمێ مەبلەغێ بزانن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەقمی مەبلەغ بزانن، تەدقیق بزانن، ئیش و کارەکان چۆن دەڕواتن، چۆن سەرف دەکرێتن، حەقی هەموو خەڵکێکە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عەفوەن ئەڤە داخیلی نهێنیەكانی دەوڵەتێكی نابت، یەعنی سرپاتی دەوڵەتێك، ئایا هەمی دەوڵەت میزانیەی مەفتوحەو دیارە، ئاشكرانە، یەعنی صندوق، ئەمە صندوقێت بەڕەلانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو سندوقە عەلەنی دەبێتن، چونكە عێراق هەمووی بەرەو ئەوە دەڕواتن، ئەو حیساباتانەی میزانیەی نەوت و هەمووی بەرەو ئەوە دەڕواتن موتاح بێتن بۆ ئیتیلاع، بۆ نەشر، بۆ تەدقیق، بۆ باس كردن هەمووی ئەوانە، یەعنی دنیایەكە تازەیە، ئێمە هەموو تەعەجوب دەكەین، چونكە پێشتر هیچمان نەزانیوە، پارە چەند بووە بە ملیار چۆتە سویسرا، بۆ حیسابی رژێمانی پێشوو، كەس نەیزانیوە، ئێستا لەمەودوا ئەوە ناكرێتن، ئەگەر ئێستاش نەیزانین، ئێمە بۆ دواڕۆژ دەزانین، ئێستا تەبعەن زۆر شت هەیە مەعلوم نییە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە رقابەی پەرلەمانی هاتووەو چاودێری دارایی هەر ولاَتێك مەربوتە بە ریقابەی پەرلەمانی، باشە ئەگەر ریقابەی پەرلەمانی هەبێت، ئەو پەرلەمانە نوێنەری ئەو میللەتە نییە، كە هەموو مەعلوماتێكی پێ بدرێت، یەعنی چی پێ دەوێت ئێمە بەو هەموو تەفاسیلاتەوە بچینە ناو مەسەلەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان مولاحەزەیەكی باشیدا، رەنگە رزگاریشمان بكات، فەرموو كاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی ئیتیلاَع هیچ نییە، دوایێ بەتەقریرێك لە نیهایەتی ساڵ هەموو كەس بەسەر دەكەوێت، بەلاَم ئەمە مەسەلەیەكی گرنگە، منیش تەئیدی بەشێكی ئەوەی كاك شێروان دەكەم، تەدقیق دوو جیهازێكە، یان رەقابەی مالیە بیكات، یان پەرلەمان بیكات، ئەویش هەر مەربوتە بە پەرلەمانەوە، بەلاَم ئەمە رێگەدانە بە خەڵك، رێگەدانە بە رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، خۆ خەڵك نایەت وەكو كوێخا دێن چ دەكەن، مەسەلەن دەنگ كۆ دەكەنەوە، ئیمزا كۆ دەكەنەوە، هەزار كەس، دوو هەزار كەس، یان مەسەلەن دەیدەن بە پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەمە رێگەدانە بە خەڵك، ئەمە مافی هەموو كەسێكیشە، مادام ئەم صندوقە پارەی ئەم میللەتەیە، شتێكی سروشتیە خەڵك داوای بكات، بۆچی یەعنی ختوكەمان لێ بێت، دەبێت بەرێگەی پەرلەمان بێت، شتێكی سروشتیە، بەلاَم خەڵك ئەو مافەی هەبێت ئیمزا كۆ بكاتەوە، بەلاَم ئێستا دەڵێت پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئینتباه بكە صیاغەیەك هەیە (خاضعاً للتدقیق المستقل ویكون التدقیق متاحاً للجهات المختصة ولمراقبة البرلمان)، پەرلەمان هەموو كەس دەگرێتەوە، بەڵێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە باسی مەعاییر و شەفافیەت دەکات، جەنابت باسی مەصدەرێکت کردووە، بەگوێرەی ئەو مەصدەرە من وا تێ دەگەم باسی حەقی ئیتیلاع دەکات (حق الوصول الى المعلومات)ە بۆ مواتنین، باس باسی شەفافیەتە، باسی ئەوەیە خەڵك هەمووی بتوانێت بزانێت ئەوە چیە، ئایا وایە، یان نا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە ئیزافیە (اطلاع للجميع)، چونکە ئەو مەصدەرە یەکێك لە مەعاییرەکانی ئەوەیە، من پێشنیاریشم ئەوەیە لە جیاتی ئەوەی گوتومانە (EITI) ناوی مەصدەرەکە هەمووی بە ئینگلیزی بە تەواوی بنووسین، ئەوەش بخەینە ناو فەوسەکەوە، ئەو مەصدەرە تەقریبەن دە مەعاییری تێدایە، یەکێکیان ئەوەیە (متاحه للجميع)، ئەو مەعاییرانە ئەو تەفاسیلەی تیایە (متاحة للجهات المعنية لمراقبة الجميع)، (متاحه للجميع)ی ناوێت، چونکە لەوێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە ئەوەش ئیزافە بکەن، یەعنی ئێستاکە بەو شکلەیە قسە کرا (خاضعاً للتدقيق المستقل)، یەعنی هەموو شەریکەیەك، بەدەقیقی شەریکاتی خاص هەیە دێتن تەدقیق دەکاتن، ئەوە شتێکە غەیری حکومییە (ومتاحاً للجهات الخاصة للجهات الرسمية وللرقابة البرلمانية)، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برادەران ئاگادار بن ساڵانە هەموو ئەو وڵاتانەی کە مونتیجی نەوتن لە ئەخیری ساڵدا دەریدەخەن لەو ساڵەدا چەند ئینتاجیان کردووەو چەندیان فرۆشتووە، یەعنی چەندێکی بۆتەوە پارە، بۆتەوە بە دەخل، ئیتر ئەگەر بە ئیحتیاتی هەڵیانگرتبێت، ئەوەش باس دەکەن، ئەوە زۆر موتەبەعەو من خۆم ساڵانە گوێم لێ دەبێت، کە ئەمساڵ لە سعودیە بایی چەند فرۆشراوەو لە خەلیج بای چەند فرۆشراوە، ئەگەر ئێمەش بیکەین زۆر تەبیعیە، ئەوە یەکێکە لە شەفافیەت، خۆ نابێت ئەمەش بە دزیەوە بێت وەکو داهاتەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆی ئیعلانی دەکات، سعودیە ئیعلانی دەکات، لە رادیۆ لە تەلەفزیۆن شتێکە، ئەوەی لێرە هاتووە شتێکی ترە، ئەوە دەڵێت هەر کەسێك بۆی هەیە بتوانێت بچێتن بزانێ دەفتەرەکە چی تێدایەو تەماشای بکات و تەدقیقی بکات، ئەوەی تۆ دەڵێت، دەبێت بڵێی (على الحكومه اعلان تفصيلاتها للرأى العام)، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادام لە ژێر ڕەقابەی مالی بێت لە جەلسەیەكی پەرلەمانی ئەوا، ئێمە ناتوانین ئەو راپۆرتە ئاراستەی ئەو میللەتە بكەین، من ئەوە دەپرسم بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەم مەوزوعە حەقە شەفافیەت و سەراحەتی تیا بێت، من ئێستا میزانیەو ئینتاجی نەوت و هەتا لەسەر ئیف پی ئای لەم شەوانە هەندێك كە من لە عێراق دەژیم ئێستا هەموو مەعلومات لەسەر ئیف پی ئای لەدروست بوونیەوە هەتاكو ئێستا كارەكانی چی كردووە، ئەوە لە ئەنتەرنێت دەتوانیت دەریبهێنیت، یەعنی ئەم شتانە دەبێت مەكشوف بێت، مەرج نییە هەر ئێمە بیزانین، دەبێت لای هەموو عالەم مەكشوف بێت و بیزانێت دەخل چۆنە، دەسەڵات چۆنە، ئیمكانیات چەندە، سەرفیات چەندە، ئەوە عیلاقەی بە داهاتووی دەوڵەتیشەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو خۆی بمێنێت، بەس یەك كەلیمە بگۆڕێت لە جیاتی تەدقیق (ویكون الاطلاع متاحاً للجمیع) باشە، كاك ئیحسان فەرمووو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستی ئەو شەفافیەتە كراوە لە بەرامبەر تایبەتی زانكۆ و قوتابیان جێگای ئەوەیە لێی بكۆڵینەوە، زۆر پێویستە، دەبێت دەرگا كراوە بێتن، چونكە دیراساتی ئیقتیصادی موستەقبەلی بۆ ئێمە لە لای زانكۆ دەكرێتەوە، لە لای قوتابیان دەكرێتەوە، ریسالەی ماستەرو دكتۆرا بۆ خەڵكی ئێمە، لەبەر ئەوە با ئەو ڕێگایە لەو خەڵكە بگرین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەواومان كرد كاكە، ئەگەر جەنابی وەزیر موافیقە دەیخەمە دەنگدانەوە، هەمووم خوێندەوە، فەرمووو كاك شەوقی.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەر لەوەی بیدەیتە دەنگدان لەسەر ماددەی (18) یەك مولاحەزەی بچووك هەبوو، ئەوە نەكرا، لە زیمنی ئەو ماددەیە ماددەی (18)م ئیشارەت پێ كراوە، لە ماددەی هەژدەم چوارەمین هاتووە (علی الحكومة

الاتحادية أن لا تمارس أية عمليات نفطية جديدة في المناطق المتنازع عليها دون موافقة الوزير)، من پێم وایە پرۆتۆکۆلیەن وەکو ئیشارە بە حکومی ئیتیحادی دراوە بکرێت بە (حكومة الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، پێشنیارمان هەیە کە ماددەی چواردەو پازدەش ببن بە فەقەرەی ئەم ماددەیە، چونکە ئیستیمراریەتی عەینی شتە، ماددەی چواردەو پازدەی کۆن دەبێت بە فەقەرەی حەوت و هەشت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو ئسلوب هەیە، یەکێکیان ئەو ماددەیە ئیقرار بکەین، دوایێ کە هاتینە سەر ئەوان هەمووی ئیقرار دەکەین، هەم دەمجی دەکەین، لە ماددەی ترن، دەیکەینە فەقەرە، ئێستا بەو شێوەیەی کە خوێندمەوە بەو گۆڕانکاریانە، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی چواردە لە پرۆژەکە فەرموو بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی پێشنیار بڵێین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: ئەرکی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بەپێی یاسا رێکدەخرێ، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو داهاتانە و دابەشکردنیان بەپێی نوێترین پێوانەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی دەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادةالرابعة عشرة:ينظم بقانون مهام صندوق كوردستان للعائدات النفطية لغرض أدارة تلك العائدات وتوزيعها وفق أحدث المعايير الدولية الخاصة بالشفافية والمسؤولية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی چواردەی پرۆژەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە، کاک فرسەتیش رەئیەکی هەیە دەڵێت وەکو ماددە بمێنێت، لەبەر ئەوەی ئێمە فەسڵمان بۆ دانا، فەسڵی شەشەمە، فەسڵی شەشەمیش بریتی دەبێت لە

مـاددەی سـێزدە لـە پرۆژەکـەی پێشوو، مـاددەی چواردەو مـاددەی پـازدە، برِێـك خصوصـیەتی هەیـە، ئـەو ماددەیە ئەگەر کەس ئیعتیرازی نییە، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرڤی ماددێ من تەنها مولاحەزەیەك هەی، کە تەقریبەن ئاخیریا رێزت دبێژی (وفق أحدث المعایير الدولیة الخاصة بالشفافیة)، من پێم وایە لێرە وشەی دەولیە ئەگەر لێ دەربکرێت باشتر دەبێت (وفق أحدث المعاییر الخاصة بالشفافیة والمسؤولیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەعاییری دەولی نەنووسی، ئەوەیان لە دەرەوە ئەوانەی دێن موستەسمیر دەکەن نایێن، ئەگەر بەپێی ئەو مەعاییرە دەولیە نەبێت، دەترسێتن لە ئیستیسمار پارەی خۆی تەحدید کراوە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هەندێك جار مرۆڤ دەچیتە بن باری هەندەك شتی، دەستی خۆ دەباتە بن باری هەندەك مەعاییری دەولی خۆ تووشی هەندەك مەسائیلا دیکە دکەت، لێرە دەتوانین تەفسیر بکەین (احدث المعاییر) شتێکمان گوتووە بێ ناو هینان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هینەکە ئەگەر بۆ خۆمان بوایە مولاحەزەکەت راست بوو، بەلاَم ئەوە زیاتر بۆ ئەجنەبیانە، ئەوانەی کە دێن ئیستیسمار دەکەن، ئەو جوملەی تێدا بێتن، ئەگەر بۆ خۆمان بوایە، ئەوە پێویستی نەدەکرد، راستە، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێزدە لە فەقەرەی پێنجدا هاتووە (خاضعة لسلطة البرلمان)، پێم وایە یەعنی ئەگەر عائیداتەکە خازیع بێت بۆ سوڵتەی پەرلەمان، بێگومان تەوزیعەکەش هەر دەبێت وا بێت، کێیە ئەو جیهەتە، دەبێت ئەو تەوزیعە لێرە ئەوەی بۆ زیاد بکەین (تحت رقابة خاضعة) شتێك لە خوارەوە (بشفافية والمسؤولية)، ئەو معیاری شەفافیەتە لە ئومەمی موتەحیدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ماددەکەی دواتر تەماشای بکە بزانە چ دەڵێ، ماددەی دواتر دەڵێ (تشكل لجنة برلمانية لمراقبة اعمال صندوق كوردستان للعائدات النفطية)، ئەوە ماددەیەکی تایبەتی بۆ داناوە، زۆر شاملترە، ئەو ماددەیە زۆر بە رێك و پێکی هاتووە، ئەو مولاحەزەی شێخ ئەدهەمیش لەبەر ئەوەی بۆ ئەجنەبیانە، بۆیە ئەو

مەعاییری دەولیەی هەیە، دەیخەمە دەنگدانـەوە، کـێ لەگـەڵ دایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەم: لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ چاودێری کردنی کارەکانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان دادەمەزرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة: تشكل لجنة برلمانية لمراقبة أعمال صندوق كوردستان للعائدات النفطية.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددە پازدەی پرۆژەکەی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە سوپاسی وەزارەت دەکەین، ئەگەرنا لەجیاتی ئێمە بیریان کردۆتەوە، ئـەو پێشـنیارەیان کـردووە، بـەس دکتۆر ناصح مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نیزامی داخیلی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لیژنە دروسـت دەکـەین، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم وایـە صـیاغە بکرێتـەوە باشـترە، نـەك بـەم شـێوەیەی کـە هـاتووە لـە قانونەکـە نـەڵێین (تشـكل) (تخضـع أعمـال صـندوق كوردستان للعائدات النفطية لمراقبة اللجنة المختصـة لبرلمـان كوردسـتان)، ئـەوە باشـترە، نـەك (تشـكل لجنـە)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت زۆر بەجێیە، سوپاست دەکەین، لە جیاتی (تشكل) (تخضع أعمال صندوق كوردستان للعائدات النفطية للمراقبة البرلمانية)، دەستت خۆش بێتن، ئەو پێشنیارەی کاك دکتـۆر ناصـح کـە تەعـدیلی کـردووە، ماددەی پازدە دەبێت (تخضع أعمال صندوق كوردستان للعائـدات النفطيـة للرقابـة البرلمانيـة)، فـەرموو کـاك غەفور مولاحەزەی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە باوەڕی من ئەو ماددەیە بۆ ئەوەیە کە لیژنەیەکی تایبەتمەند بەس ئیشـوکارو سەرپەرشـتی نـەفت بکـات لە پەرلەمان هەبێتن، نەك ئەو لیژنانەی کە لە پەرلەماندا هەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من بەلاش سوپاسی كاك ناصحم نەكرد، چونكە ئەوە نابێت بە قانونێك تۆ فەرز بكەیت لەسەر پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت خۆی قەرار بدات، بە قانونێكی خارجی تۆ لێرە بەندێك دابنێت، دەبێت پەرلەمان وا بكات و فەرز بكەیت لەسەر پەرلەمان، ئەوە دەبێت بەجێی بێڵی پەرلەمان خۆی پێی هەڵبستێت، ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، (تخضع أعمال صندوق كوردستان للعائدات النفطية للرقابة البرلمانية)، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەكەی تر.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی شازدەم: هەندێ بەشی دیاری كراو لە داهاتەكان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەكرێ:**

**یەكەم: ڕێژەی ( ٪) بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێم وەكو بەشێكی ساڵانە، بۆ هەر هاووڵاتیەك و دەبێ بەپێی یاسا ڕێك بخرێت.**

**دووەم: ڕێژەیەك كەمتر نەبێت لە ( ٪) بۆ سندوقی ئایندە بۆ نەوەكانی داهاتوو لە هاووڵاتیانی هەرێم كە لەلایەن ئەمیندارەكانەوە كە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەمەزرێن، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ دەرامەتی هەرێم، لەكاتێكدا چاوەڕوانی ئەوە دەكرێ داهاتەكانی تایبەت بەسامانی نەوت لە هەرێم و عێراقدا كەم ببێتەوە.**

**سێیەم: ڕێژەیەك ( ٪) كەمتر نەبێ بۆ هاووڵاتیانی هەرێم، ئەوانەی تووشی ئازار بوون، یان ئازار دەچێژن لەئەنجامی ئەو نەهامەتیانەی لە دەست كارە داپڵۆسێنەرەكانی ڕژێمی بەسەر چوو لە عێراقدا ڕووبەڕوویان بووو، لەوانەش پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدان و ئەوانەی تووشی داهزرانی جەستەیی، یان نەخۆشی دەروونی بوون، یان ئەوانەی سامانی گەورەیان لە دەستداوە.**

**چوارەم: ڕێژەیەك لە ( ٪) كەمتر نەبێ بۆ سندوقی ژینگە بۆ پرۆژەكانی بنیاتنان و ئامادە كردنی ژینگەی هەرێم، بەجۆرێك لابردنی مین و سەر لەنوێ چاندنەوەی دارستانەكان و دامەزراندنی باخچەكانی گشتی و پاراستنی ژیانی گیانلەبەرەكان، لەخۆی بگرێ.**

**پێنجەم: ڕێژەیەك لە ( ٪) كەمتر نەبێت بۆ ئەنجومەنەكانی ناوخۆی هەڵبژێردراو و تایبەت بە هاووڵاتیانی هەرێم كە لە كەمینە نەتەوەكان و ئایینیەكانن وەكو عەرەب و توركمان وفەلەكان (كلدان- ئاشوری – سریان) وئەرمەن هی دیكە ، لە كەمایەتیە ئایینیەكان (سابئە مەندائیەكان وئێزیدی و شەبەك و كاكەیی و بەهائی و جوولەكە) هی دیكەش بۆ پاڵپشتی كردنی حاڵەتی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پێداویستیەكانی حكومەتی تایبەت بە كەمایەتیەكانی لە هەرێمدا هەن.**

**شەشەم: پوختەی داهاتە نەوتیەكان دوای داشكاندنی ڕێژەیەكی دیاری كراو لە یەكەم تا پێنجەمی سەرەوە بۆ داهاتە داراییەكانی دیكە لە هەرێمدا بۆ داپۆشینی خەرجیەكانی حكومەت لە ڕێگای بودجەی گشتیەوە.**

**حەوتەم: ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوەو زیادەیە لەدوای بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ بنیاتنانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دیار دەکرێ، بۆ پەرەپێدانی هەرێم و پاڵپشتی کردنی ئەو کەم کورتیانەی کە بۆی هەیە لە بودجەی ساڵانەی هەرێم لە ساڵەکانی داهاتوودا بەدیار دەکەوێ.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة عشرة: تخصص حصص محددة من العائدات على الوجه الاتي:**

**اولاً: نسبة (٪) لكافة مواطني الاقليم كحصة سنوية لكل مواطن على ان ينظم ذلك بقانون.**

**ثانياً: نسبة لاتقل عن ( ٪) لصندوق المستقبل للاجبال القادمة من مواطني الاقليم والتي تدار من قبل الامناء الذين يتم تعينهم من قبل البرلمان تكون مصدر هام للدخل في الاقليم في الوقت الذي يتوقع انخفاض العائدات الخاصة بالثروة النفطية في الاقليم والعراق.**

**ثالثاً: نسبة لاتقل عن ( ٪) لمواطني الاقليم الذين عانوا او يعانون من المأسي الاستثنائية كنتيجة للسياسات وممارسات قمعية للنظام البائد العراق، متضمناً البيْشمرگە، عوائل الشهداء واولئك الذين عانوا من العجز الجسدي، او المرض النفسي او اولئك الذين فقدوا ممتلكات كبيرة.**

**رابعاً: نسبة لاتقل عن ( ٪) للصندوق البيئي اشاريع الاعمار وتأهيل بيئة الاقليم متضمناً ازالة الالغام واعادة تشجير الغابات وبناء الحدائق العامة والمحافظة على حياة الكائنات.**

**خامساً: نسبة لاتقل عن ( ٪) للمجالس المحلية المنتخبة الخاصة بمواطني الاقليم الذين يمثلون الاقليات القومية والدينية متمضمناً العرب والتركمان والمسيحيين (الكلدان والاشوريين السريان) والارمن وغيرهم من الاقليات الدينية الصابئة المندائيين واليزيدين والشبك والكاكائية واليهود وغيرهم لدعم الحاجة الاجتماعية والثقافية والمتطلبات الحكومية الخاصة بالاقليات الموجودة في الاقليم.**

**سادساً: تضاف صافي العائدات النفطية بعد خصم النسب المحددة في اولاً الى خامساً اعلاه الى الموارد المالية الاخرى في الاقليم لتغطية النفقات الحكومية عن طريق الموازنة العامة.**

**سابعاً: تخصص الارصدة المتبقية الفائضة بعد الموازنة العامة للاقليم لاقامة مشاريع استثمارية لتطوير الاقليم ولتمويل العجز التي قد تظهر في الموازنة السنوية في السنة القادمة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة عشرة : تقترح اللجنة إعادة صياغة المادة وكالآتي:**

**تستخدم العائدات النفطية لتغطية الموازنة العامة في الأقليم، وتخصص الارصدة ا الفائضة منها لتمويل المشاريع الأستثمارية ذات النفع العام، وكذلك تخصص جزء من تلك الارصدة الفائضة لدعم مواطني الاقليم وعلى النحو التالي بعد إجراء الدراسات اللازمة، على أن ينظم ذلك بقانون:**

**أولا: دعم عام لمواطني الأقليم .**

ثانيا: تمويل الصندوق المستقبلي للأجيال القادمة لتكون مصدر هام للدخل في الوقت الذي يتوقع انخفاض العائدات الخاصة بالثروة النفطية.

ثالثا: دعم خاص لمواطني الأقليم الذين عانوا أو يعانون من المآسي الاستثنائية كنتيجة للسياسات والممارسات القمعية للنظام البائد في العراق.

رابعا: تمويل الصندوق البيئي لمشاريع أعمار وتأهيل بيئة الأقليم، متضمناً إزالة الألغام و إعادة تشجير الغابات وبناء الحدائق العامة والمحافظة على حياة الكائنات.

خامسا: دعم خاص للمجالس المحلية المنتخبة الخاصة بمواطني الأقليم الذين يمثلون الأقليات القومية و الدينية لضمان الحالة الأجتماعية والثقافية لهم.

لیژنەی یاسایی لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان وامان بە پەسند زانی کە نیسبەتەکان بەجێ بێلین بۆ قانونێکی تایبەت، کە حکومەت تەقدیمی بکاتن و بەپێی ئەو واریدات و ئەو شتەی کەوا لە دەستی هەیە لە موستەقبەل رێژەکان دیاری بکات، ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەش دوو مادده، کە ماددەی شەشەم و حەوتەمە پێمان وابوو کە تەحصیل حاصلەو پێویست ناکات، لە لایەکی تریش ئەقلیاتەکانمان نەژمارد بەو ناوانە فلان و فلان، بەس ئەقلیاتی دینی و قەومیمان باس کرد و لێی گەڕاین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەی ئەگەر بکەوێتە موناقەشە بە جەلسەیەکیش تەواو نابێت، هەمووی ئەوەی هاتووە ئەوانەی کە موستەحەقن و عاتیفەش دەمانگرێتەوە، هەمووشمان قەرزاری ئەو لایەنانەین کە ناویان هاتووە، چ پێشمەرگە بێتن، چ ئەنفال بێتن، چ کەمایەتی بێتن، لیژنەی یاساییش رەئیەکی داوە، بەلاَم بە حەقیقەت من پێم وایە ئەو ماددەیە جارێ زووە، جارێ زۆر لەو برادەرانە تێیناگەن، ئێوە مەقصەدتان چیە، پارەکە، عائیداتەکە دێت تەوزیعی دەکەن بەو شێوەیە، جارێ خۆی حەصصێکە، نیسبەتێکە لەو عائیداتەی کە بتوانیت تەوزیعی بکەیت، ئەو هەموو عائیداتە دەچێتە موازەنەی عامەی هەموو عێراق لەوێوە 17٪ەکە بۆ ئێمە دەردەچێتن، نیسبەتێك لە رەیعەکە دەردێتن، کە تۆ بتوانیت لە هەرێمدا ئیستیغلالی بکەیت بۆ ئەو مەشاریعانەی کە ئاماژەت پێ کردووە، ئەو تەفسیلاتە پێویست بە وەختێك دەکاتن، دیراسەتێك دەکاتن، دیقەتێك دەکاتن، پسپۆر دیراسەتێك دەکاتن بۆ مەنتیقەکان، بۆ پێداویستیەکان، مەسەلەن تۆ لێرە ناوی یەهودت هێناوە، یەهود لە کوردستاندا لە کوێ هەیە مەسەلەن یەعنی، ناوی شەبەکت هێناوە، شەبەك هێشتا زۆریان لە دەرەوەی هەرێمن، من 100٪ لەگەڵ ئەوەم ئیهتیمام بدرێتە شەبەك و ئێزیدی و تورکمان و ئاشووری و کلدان و هەرچی ئەوەی غوبنیان هەیە بەڕاستی، تەبعەن پێش هەموو پێشی ئەوانیش ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردن ، بەلاَم بەحەقیقەتدا لەو قانونەدا بەو تەفسیلاتانە هینە، لەبەر ئەوە ئەگەر بخرێتە دواوە بە قانونێك، تەبعەن ئێمە لێرە موناقەشەی دەکەین، بچێتە دواوە دیراسەتی باشتر بکرێتن، تەحدیدی باشتر بکرێتن، پێداویستیەکانیان چیە، تەحدید بکرێتن، پێشنیاری کاك فرسەتیشە، کاك کەمالیش دەڵێ هینمان کردووە، نزیکە لە پێشنیاری لیژنەی قانونی، ئەو ماددەیە بخرێتە ماددەیەکی عام

(ينظم بقانون كيفية تخصيص وتوزيع العائدات النفطية في الاقليم)، ئەوە دەمێنێتەوە بۆ خۆتان، دوایێ حیصەتان چەندە، دیراسەتی ناوچەکان کراوە، رزگارمان دەبێت لەو تەفسیلاتانە (ينظم ويحدد بقانون كيفية تخصيص وتوزيع الحصص النفطية المتأتية من الصندوق العائدات)، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە ماددەی (14)دا هاتووەو لێرە پێویست ناکات بە یاسا بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوێ مەهام و ئیدارەیە، لەوێ جەنابت دەفەرمووی ماددەی چواردەکە (ادارة تلك العائدات)، جەنابی وەزیر بزانێ لیژنەی قانونی صیاغەی بیدایەتەکەی لەگەڵ ئەوەی عەرزم کردن یەکی بخەین وای لێ بێتن (تستخدم العائدات النفطية لتغطية الموازنة العامة في الاقليم وتخصص الارصدة الفائضة من تمويل المشاريع الاستثمارية ذات النفع العام وكذلك تخصص الحصص المحددة من العائدات لدعم مواطني اقليم وينظم ذلك بقانون)، ئەوە شامل دەبێتن، فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو ماددەیەی پێشووتر کە دەنگمان لەسەری دا، تەقریبەن ئەمە دەگرێتەوە ئەو ماددەیەی کە چواردەیە، ئەگەر تەماشای بکەین (ينظم بقانون)ەکە ئەوە تەقریبەن دەیگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسمان کرد، بەڵام لێرە باسی موازەنەیە، باسی ئەرصیدەی فایزەیە بۆ مەشاریعی ئیستیسماری، باسی ئەو حصصانەشە بۆ مواتنی ئیقلیم، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گۆڕانکاریانە زۆر باشن کە کرا، بەڵام یەك شت هەیە حاڵەتێك کە دەڵێت پشتیوانی کردنی هاووڵاتیانی هەرێم، یەعنی ئەو جۆرە پشتیوانی کردنەی هاووڵاتیانی هەرێم ئەگەر تۆزێك ئەوە بێتن، لەبەر ئەوە بە رەئی خۆم ئەوەی لە ماددەی چواردە هاتبوو باس کرا، مام رەشاد و کاك دکتۆر ناصحیش باسیان کرد، یەعنی دواتر ئێمە یاسایەك دابنێین، چۆن ئەو داهاتەی کە هەیە دابەشی بکەین، بەپێی ئەوەی کە لێرە ئەو یاسایە دەردەکرێت، هیچ پێویست بەوە ناکات ماددەیەکی تر لێرە زیاد بکەین، خۆی هەیە دابەش کردنە، رێکخستنە، لەبەر ئەوە بۆچی ماددەیەکی تر زیاد بکەین، ئەگینا ئەو گۆڕانکاریە هەر هەبێت باشە دەستتان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم ئێستا ئەو پێشنیارەی جەنابتان تەرحتان کرد لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی قانونی، من موناقەشەی پێشنیارەکەی لیژنەی قانونی دەکەم، منیش لەگەڵ لیژنەی قانونیم کە ئەو ماددەیە فیعلەن پێویستی بە دەستکاریەکی باش هەیە، بەلاَم لێرە کە (وتخصص الارصدة ا الفائضة)، ئەوەی فائیز دەبێت لە موازەنەی عامی ئیقلیم بۆ مەشاریعی ئیسیتسماری نەفعی عام، باشە کێ دەیکات، ئەوەش هەر حکومەت نایکات، ئێمە لە میزانیەی حکومەت، میزانیەی تەشغیلی هەیە، میزانیەی مەشاریعی ئیستیسماری هەیە، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە عائیداتی نەوت، بەڕاستی من ترسێکم هەیە، من ترسی ئەوەم هەیە وامان لێ بێت، یەعنی هەموو ئیعتیمادی ئابووریمان لەسەر کەرتی نەوت بێت، کە ئەوە خەتەرە، هەموو دەزانن و دەرکی پێ دەکەن، بۆیە زۆر لەلام گرنگە کە عائیداتی نەوت بۆ بەهێز کردنی بنەمایەکی ئابووری ئەوتۆ بەکار بێت، کە ئێمە سبەینێ کەرتی هەمە چەشنمان هەبێت، ئەو داهاتەی نەوت بەکار بێنینەوە بۆ نەوت هێنان، نەك تەوزیعی بکەین، بەڕاستی ئەمە ئیحائێکی ئەوە دەدات، یەعنی هەتا ئەو صیغەیەش کە جەنابتان باستان کرد ئیحائی تەوزیعی نەقدی دەدات، بەڕاستی من ئەوە زۆر بە خەتەری دەبینم، تەوزیعی نەقدی یەعنی هەمووومان لەگەڵ ئەوەین، هەموو لەگەڵ ئەو جیهاتانەین کە باسی کردووە، بەلاَم چۆن خزمەتی ئەوانە بکەین، ئایا بەس بە پارەی گیرفان، ئێمە زەمانی ئیجتیماعی هەیە، زەمانی صحی هەیە، خەدەماتی تەعلیم هەیە، یەعنی بەو شتانە حکومەت دەتوانێت ئەوە بکات، نازانم بەڕاستی جەنابی سەرۆك، لەبەر ئەوە ئەو تەوزیعی نەقدیە لەسەر زار موغرییە، یەعنی فیعلەن ئینسان پارە زۆرتر دەخاتە گیرفانی، بەلاَم من پێم وایە خەتەرە، چ بۆ ناحیەی نەزعەی ئیستیهلاکی، چ بۆ هەڵئاوسان، دەورێکیش نابینێت لە بنەمای ئابووری، بەڕاستی فەقەرەیەکی تر کە زۆر زەرورییە پێم ئیزافە بکرێت لەمانە، یان ئەو قانونە کە ئێستا پێشنیار کرا بە قانونێکی تایبەتی دەربچێت، ئەو ناوچانەی کە نەوتی تیایە، شتێك وەکو موکافەئە نیسبەتێکیان بۆ تەخصیص بکرێت، چونکە ئەوە ئەرزی زراعی لە کیس دەچێت، ئەوە بمانەوێت و نەمانەوێت شتەکانی تر خراپتر دەبێت، لەبەر ئەوە ئەوەش زەرورییە فەقەرەیەکی وا ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پەخشان خان من تەعلیقێکم لەسەر قسەکانی جەنابت هەیە، یەکێکیان پێشنیاری لیژنەی یاسایی پێشەکیەکەی پێشنیارەکەیە، نەك (اولاً وثانیاً)، بەس موقەدیمەکەی.

دوو/ ئێمە دەڵێین (لتغطیة الموازنة العامة)، یەعنی بۆ هەموو موازەنەی ئیقلیمی (الارصدة الفائضة لتمویل المشاریع الاستثماریة)، مەشاریعی ئیستیسماری نەیگوتووە نەفتی، مەشاریعی ئیستیسماری زۆر شت دەگرێتەوە، زراعیش دەگرێتەوە، بینا دەگرێتەوە، ئاوەدانکردنەوە دەگرێتەوە، ئاو دەگرێتەوە، هەمووی دەگرێتەوە، ئەوەی تر (تخصص جزء من تلك الفائضة)، ئێمە گۆڕیمان نەمانگوت فائیزە، گوتمان (وتخصص

الحصص المحددة) نەمانگوت فائیزە (حصص المحددة من العائدات اداء المواطنین الاقلیم وینظم ذلك بقانون)، ئەو (حصص المحددة)ی یەعنی دەبێت پێشەکی تەحدید بکرێت، بەقانونێك ئەو نیسبانە دابنرێت، بۆ ئەو شوێنانەی وێران کراوە، بۆ ئەنفال، بۆ شەهیدان، بۆ ناوچەکانی دیکە حکومەت تێکی داوە، بۆ ئەو کەمایەتیانەی کە پێویستیان بە دەعم هەیە، بۆ دەعمی غەزائیە، بۆ شتی ترە، من پێم وایە ئەوە باش هاتووە، کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە سەرتاپای یاسایەکە تەماشا بکەیت هیچ بەندێك، هیچ بەڵگەیەك، هیچ ماددەیەکی تێدا نییە قەرەبووی ئەو شوێنە بکاتەوە کە زەرەرمەند دەبێت، بەهۆی پرۆسەی نەوتەوە، پرۆسەی نەوت چ بە هەڵکەندنی بیرەکەی رابگرە، پانتایەکی زەوی لە شوێنێك داگیر دەکات ئەو نەوتە، یان لە کەرتێکی کشتوکاڵیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەرتێکی تر کەرتی نەوتە، ئەو کەسانەی کە لەوێن دەبێت نیسبەتێکیان عائیداتی نەوت بۆ دابنرێت، کە زەرەرمەند دەبن لەوێ بە جیا لەوەی کە وەکو هاوولاتی سەدماڵە، یان پەنجا ماڵە، یان لەوانەیە دوو سەد ماڵە، یان لەوانەیە سێ سەد ماڵ، یان ئەو بڕە نەوتانەی کە بەو شوێنەدا دەڕۆن کە ئەرزێکی زراعی زۆر داگیر دەکات، پێویستە لێرە بە ماددەیەك دیاری بکرێت، ئەو شوێنەی کە ئەو زەرەرەی پێ دەگات حیصەیەکی بۆ دیاری بکرێت بەدەر لەوەی کە وەکو هاوولاتی دەگرێتەوە، چونکە ئەوە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان کۆتایی دێت لەوێ، یەعنی بێ ئیش دەبن و بێ کار دەبن، جگە لەوەی نەوەکانی داهاتووشیان لەسەر ئەوە تووشی ئەوە دەبێت، کەواتە ئەوە پێویست نییە بە تەعویز زەرەرمەند دەبن، ئەو تەعویزە دێت و لە دەست دەوڵەمەندێکی بۆ کارێکی تر و لەوانەیە بچێتەوە بە نرخێکی کەمیش ئەوە بکرێت، بەلام ئەوە دەبێت بە حیصە دابنرێت،نیسبەتێکی بۆ دابنرێت لەو عائیداتی نەوتە بە پلە یەك بۆ ئەو شوێنەی زەرەرمەند دەبێت، کە لە پرۆسەی نەوتدا لە هیچ ماددەیەك ئاماژەی بۆ نەکراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم، ئەگەر ماددەی شازدە بڕگەیەك لە عائیداتی نەوت ئیزافە بکرێت، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوە، ئەوەی تر من پشتگیری لە بەشێکی قسەکانی پەخشان خان دەکەم، باسی لەوە کرد کە ئێمە وەعد بە هاوولاتی خۆمان دەدەین، لە بڕی ئەو وەعد دانەو نەشگاتە جێ، من پێم وایە زیاتر ئەو عائیداتەی نەوت بۆ کەرتەکانی تری دیاری بکەین کەرتی ئابووری، ئینجا کەرتی کشتوکاڵی، یان کەرتێکی گەشتوگوزاری، یان کەرتێکی پیشەسازییە، بۆ ئەوە کە هاوولاتی ئێمە چیتر مشەخۆر نەبێت، وەکو ئەوەی ئێستا کە لەشکرێکی مشەخۆرمان دروست کردووە، من پێم وایە ئەو عائیداتی نەوتە بکرێتە ئەوە کە کەرتە جیا جیاکانی ئابووری پێ گەشە بکرێت، ئەویش نەك ئەوە بێت، هەر هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی موبدیع بن، مونتیج بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبداللە نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی جەنابت دەکەم، کە ئەو ماددەیە بە حەقیقەت تەفاسیلێکی زۆری تێدایەو، جا بۆیە من داوا دەکەم، ئەو ماددەیە هەڵگیرێت، هەروەکو لە پێشتریش لە ماددەی چواردە، من پێم وایە مەهامی ناوەڕۆکی مەزمونی ئەو ماددەیە باس کراوە، لە ماددەی چواردەم، جا بۆیە داوا دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، مەزمونەکەی لە ماددەی پێشوو هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام لە شوێنی خۆی بمێنێت، ئەو نیسبانەی کە هەن دواتر بە یاسایەك ڕێك بخرێتن، لەبەر ئەوەی گەلی کوردستان وەك خۆتان دەزانن بە درێژایی مێژوو لە هەموو داهاتێکی نەوت مەحروم بووە، بۆیە پێویستمان بەوە هەیە، ئەو دابەش کردنەی کە لێرە دانراوە نیسبەکان دواتر بە یاسایەك ڕێکی بخەین، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر/ پێویستە هەر لە زیمنی ئەو خاڵە ئیزافە بکرێتن، بۆ ئەو شوێنانەی کە تێکچوونە، کە لە زیمنی شالاوەکانی ئەنفال شارو شارۆچکەیەکی زۆر، گوندێکی زۆری کوردستان ڕووخاوە، ئەوەش لە داهاتی نەوت لە داهاتوودا بۆ هاوکاری کردنی ئەوانەو بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە بەشێك تەرخان بکرێتن.

خاڵێکی تر/ کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت بەدرێژایی مێژوو ئەو ناوچانەی کە نەوتی لێ دەرهاتووە، ئەوە یان خراپ کراوەو ئەو خەڵکەش دەربەدەر کراوە، هەر بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر ناوچەی دیبەگە کە زیاتر لە سێ سەد بیرە نەوتی تێدایە، خەڵکەکەی هەمووی دەرکرا، عەرەب هێنرا شوێنەکەی، بەڕاستی پێویستمان بە ماددەیەکی وا هەیە کە خەڵکی کوردستان سوودمەند بێت لە داهاتی نەوت، ئەوەی کە تێبینی دەکرێتن، ئێستاکە ئەگەر بێتو ئێمە ئەو ماددەیە لابدەین، کە خەڵك چاوەڕێ دەکاتن، بەپێی ئەو یاسایە حەقی ئەویش دیار بێتن، هەموو هاووڵاتیەکی کوردستان حەقی خۆیەتی کە پشکی هەبێتن لە نەوتی کوردستان، خۆشتان دەزانن ئەمڕۆ کە داهاتی نەوتی کوردستان، داهاتی هەر خێزانێکی کوردستان زۆر زۆر کەمە، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە کۆمەڵگاکەمان بەرەو خۆش گوزەرانی ببەین، هاووڵاتیانی کوردستان لە گرفتە ئابووریەکان ڕزگار بکەین، بۆیە مانەوەی ئەو ماددەیە من بە پێویستی دەزانم، بەڵام نیسبەکان دەکرێت بە یاسایەك ڕێك بخرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا نازانین نەوت ڕۆژانە بە چەندی دەفرۆشرێت و داهاتەکەمان چەند دەبێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوای پشتگیری كردن لە قسەكانی كاك غەفور، منـیش پـێم باشـە ئـەو ماددەیـە ماددەیـەكی زۆر زەرورە بمێنێت، زۆریش گرنگـە بـۆ خـەڵكی كوردسـتان، دوای ئـەوە بـۆ ئـەو نەتەوانـەی كـە هـاتووە، مـن پـێم وایـە بمێنێت، بەڵام هەندێك گۆڕانكاری لە بڕگەكان بكرێن، ئەمە شتێكی واریدە، ئێمە كە باسـی قـانون دەكـەین، باسـی شـەفافیەت دەكـەین، باسـی هـەموو شـتێك دەبێـت كـراوە بێـت، ئـەم ماددەیـە لـە هیچـەوە نـەهاتووە، پێكهاتەی كوردستان وەكو چۆن داڕێژراوە، ئەم ماددەیە وایە، ئەمە حەقیقەتێكی وازیحە، ئەگەر ئێستا ئێمە باسی ئەوە بكەین، كە ئەم ماددەیە نەمێنێت، هەمووومان مواتنی ئیقلیمین، كە لەسەر ئاستی عێراقیش قسە دەكەین، ئێمە دەڵێین دەمانگوت هەمووومان عێراقین، بەڵام هەمووومان لەبەر عێراقی بوونی خۆمان تـا ئـەم لەحزەیەش، تا رووخانی رژێم، ئێمە تووشی زەرەرێكی زۆر و چەوساندنەوەو زوڵمێكی زۆر بووین، بۆیە من پێم باشە، لەبەر چەند هۆیەك ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، بەڕاسـتی ئێسـتا بـۆ نەتـەوەكان، بـۆ نموونـە چـەند لیژنەیەك هەیە پارمەتی مەسیحیەكان دەدەن بەناوی پارمەتی مەسیحی، كـە مـن لەگـەڵ ئـەو نـاوەش رێـك ناكەوم بەڕاستی، ئەم لیژنانە هەموویان مەزاجین، یەعنی بە مەزاجیەوە ئەم پارمەتیانـە تـەوزیع دەكـرێن، ئەمـە شـتێكی زۆر ترسـناكە بـۆ داهـاتووی ئـەم نەتەوانـە، جـا بۆیـە ئەگـەر ئـەم ماددەیـە بمێنێـت، بـەڵام گۆڕانكاریەكی بچووك بكرێت لـە بڕگـەكانی، بەڕاسـتی نەتـەوە جیاجیاكـانیش، ئاینـە جیاجیاكـانیش زیـاتر هەست بە ئیتمیئنانی خۆیان دەكەن لە كوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە من لە 100٪ پشتگیری ئەو پێشنارەی جەنابتان و لیژنەی یاسایی دەكەم، چونكە ئەوە بـە كـولی ئـەو شتانەی كە باس دەكرێت تیایەتی، بەو بڕگە بڕگەو بەو نیسبەتە نییـە، ئـەگینا مەزمونەكـەی هـەموو ئـەو شتانە دەگرێتەوە، بۆیە مـن پێشنیارێك دەكەم، ئـەو رەئیـەی جـەنابتان بخرێتـە دەنگدانـەوە، ئەگـەر دەنگـی نەهێنا، ئێمەش ئیزافەمان هەیە، موناقەشـەمان هەیـە لەسـەر ماددەكـە، ئێمـە بۆیـە موناقەشـەمان نـەكرد، چونكە لەگەڵ رەئیەكەی جەنابتان بووین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەمڕۆكە كـە سـەیری وەزعـی عێـراق دەكـەین، یـەكێك لـە گرفتـەكان كـە پێـی دەنـاڵێنێ ناگەنـە چارەسەر بـەقولا بردنـی گیـانی تایفەگـەری و مەزهەبگەریـەتی و ئـەم بابەتانـە بـووە، لەبـەر ئـەو مـن لـەو ماددەیە مەترسیەكی زۆر دەبینم بۆ داهاتووی گەلەكەمان، ئێمـە گرفتمـان لـەو واقیعـەی كـە تاڵاوەكـەیمان

چەشتووەو ئەوە دەیچێژین ناعەدالەتی بووە، ماف پێدانەکان لەسەر ئەساسی هاوولاّتی نەبووە، لەبەر ئەوە من ئەو ماددانە و هاوشێوەکانی بە مەترسی دەزانم، کار لەسەر ئەوە بکەین داهاتی کوردستان بۆ هاوولاّتیانی کوردستان بێت، ئەمە جیا نەکەینەوە ئەوە مەسیحیە، ئەوە یەهودیە، ئەو موسڵمانە، دوایی ئێمە وردە وردە فەرع و بەشی لێ دەبێتەوەو مەترسی دەبێت، لەبەر ئەوە منیش پشتیوانی لەو رەئیانەی جەنابتان دەکەم، ئەم ماددەیە لەو قانونە نەمێنێت و رێگەش نەدەین بەو بابەتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئێستا رەئیەکان سێ رەئینە، دوو رەئییان لێك نزیکن، یەکەم پێشنیار ئەوە بوو کە دەڵێت ماددەی چواردە تەعبیر دەکات لەو ماددەیە، رەئیەکی تر دەڵێت بمێنێتن، ئەگەر بمێنێتەوە دوو رەئی تر دێتە پێش، ئایا بەو تەفسیلە بمێنێتەوە، یان بەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە ئێمەش ئیزافاتمان کردو تەعدیلمان کرد، ئینجا یەکەم جار ئەوەی دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو ماددەی ئیلغا بکرێت بەو ئیعتیبارەی ئەوەی پێشوو تەعبیری لێ دەکاتن و نووسراوە (ینظم بقانون) ئەوەش هی سندوقە، ئەو پێشنیارە کە لەلایەن چوار، پێنج ئەندامەوە دەڵێن لە کاك رەشادەوە دەستی پێ کرد کە شێخ فەتاح کۆتایی پێ هێنا دەڵێن ئەو ماددەیە نەمێنێت بەو ئیعتیبارە ماددەی چواردە دەنگمان بۆدا تەعبیری لێ دەکاتن، بەتایبەتی ئێمە نامانەوێت تەفسیلاتەکە بچێتە ناوەوە (ینظم بقانون)، دەبێت ئەو قانونەی کە لەوێ نووسراوە پرۆژەی قانونێك بێتە لامان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەو هەموو تەفسیلاتەی تێدا بێتن، پاشی ئەو دیراسەتەی کە کردومانە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددەیە نەمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (21) بە (29) دەنگ، بە زۆرینەی دەنگ ئەو ماددەی ئیلغا کرا، ماددەی شازدە نەما، ماددەی چواردەش چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە پرۆژەیەك بێتن ئەو تەفسیلاتانەی ئێستا هەیە بە دیراسەتەوە بۆمان تەقدیم بکاتن، زۆر سوپاس، تکایە ماددەی دواتر، نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوادارم وانەبێت، بەلاّم دەترسم رۆژێك لە رۆژان بڵێن ئەم نەتەوەیە بمێنێت، یان بەزۆرینە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم: بەپێی مەرجەکانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایەدا هاتووە حکومەتی هەرێم ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم: ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستای هەرێمدا و بەشێوەیەکی هاوبەش.**

**دووەم: هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز لە هەرێمدا و هاوسەنگ بێت لەگەڵ چالاکیەکانی نەوتی دیکەی لە وڵاتدا بە جۆرێك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بێتەدی، بە پشت بەستن بەتازەترین تەکنەلۆژیاو پرەنسیپەکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی.**

**سێیەم: هاوکاری کردن لەگەڵ (ئەنجومەنی فیدراڵی نەوت و گاز) کە بەپێی ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دادەمەزرێ، بۆ ئەوەی گرێبەستەکان ئەنجام بدرێن و بەپێی پێوانەکان و نموونەکانی گرێبەستەکان و مەرجەکانی بازرگانی دابڕێژرێت بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەو بەلێندەرانەی کە لە عێراقدا کار دەکەن.**

**چوارەم: ڕەزامەندی نواندن لەسەر دانانی هەموو داهاتەکانی لە پرۆسەکانی نەوت لە هەرێمدا بە دەست دەهێندرێن لە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکانی تایبەت بە عێراقدا.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابع عشرة: تتولى حكومة الأقليم وبموجب الشروط الواردة في المادة الثامنة عشرة من هذا القانون ما يلي:**

**أولا: الاتفاق مع الحكومة الأتحادية لادارة النفط والغاز المستخرج من الحقول الحالية في الاقليم بصورة مشتركة.**

**ثانيا: التعاون مع الحكومة الاتحادية لصياغة السياسة الاستراتيجية بغية تطوير الثروة النفطية والغازية في الأقليم متوازناً مع النشاطات النفطية الاخرى في البلاد بما يحقق اعلى منفعة للشعب العراقي معتمدة احدث تقنيات مبادىء السوق وتشجيع الاستثمار بموجب المادة 112 من الدستور الأتحادي .**

**ثالثا: التعاون مع "المجلس الاتحادي للنفط والغاز" والذي يتم تشكيله بالاتفاق مع حكومة الأقليم بغية إبرام العقود وصياغة المعايير ونماذج العقود والشروط التجارية للتفاوض مع المقاولين العاملين في العراق .**

**رابعا: الموافقة على إيداع جميع العائدات المستحصلة من العمليات النفطية في الاقليم في الصندوق العام لعائدات النفط الخاصة بالعراق.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی حەڤدەی پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دکتۆر ئاشتی داوای کردووە، کە بۆمان شەرح بکات، هەم ئەم ماددەیەو ماددەکەی دواتریش بۆمان شەرح دەکاتن فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان کردووە، کە هەر سێ ماددەکە بەیەکەوە، ئەگەر موناسیبە بڕیاری لەسەر بدەین، چونکە بەیەکەوەن، ماددەی (17) ئوسسی تەعاونە، ماددەی هەژدە شروتی تەعاونە، ماددەی نۆزدە ئەگەر تەعاون نەبوو، نازانم ئەگەر هەرسێکی بخوێننەوە من دەست پێ بکەم، لەبەر چی ئەم ماددەیەمان داناوە، چونکە ئێمە دەزانین موناقەشەی نەوتیش لە بەغدا لە دەستوور هەیە، شروتەکە کە دامانناوە عیلاقەی بە ماددەی (112) هەیە، شەرتی یەکەم و دووەم دەڵێت ئێمە بەم شێوەیە تەعامول دەکەین، دەبێت ئیتیفاق هەبێت لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی ئیقلیم بۆ ئیدارەی حقولی حالی، چونکە لە دەستوور دەڵێت (معاً)، تەبعەن ئێمە حقولی حالیمان نییە، بەلاّم لە موستەقبەل لەوانەیە هەمان بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم ئیتیفاقە نەبوو، تەبعەن ئێمە شتێکی تر دەکەین.

دووەم/ ناحیەی سیاساتی نەوت، چۆن سیاسەت دادەنێیت، ئیستیخراجی چەند دەردەچێت لە کوردستان، چەند دەردەچێت لە مەنتیقەی تر لە خوارەوە، چونکە ئێمە بەشدار دەبین لە عائیدات، دەبێت ئیتیفاق هەبێت، ئەوەش ئەو ماددەیە وا دەڵێت دوو سەبەبەکەیە تەعاون، ئێمە شەرتێکمان داوە بۆ ئەوەی کە دەورمان هەبێت لە ئیدارە، ماددەی (105) لە دەستوور دەڵێت (تؤسس الهيئة العامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافظات)، دەبێت تۆ دائیمەن نیسبەت هەبێت، بەشدار بیت لە موئەسەساتی موهیم، تەبعەن نەوت و غاز زۆر موهیمتڕن لە هەموویان، لە لیژنەی ئیتیحادی، لە شەریکەی نەفتی وەتەنی، لە وەزارەتی نەوت، ئەم شتانە دەبێت ئێمە بەشدار بین لە هەموو شتێك، هەتا لە شەرتەکان دامانناوە عیلاقەی بە ماددەی (105)ە، ماددەی (106) عیلاقەی بە تەوزیعی عائیداتی نەوتی عێراقەوە هەیە، چونکە بەشدار دەبین لەو سندوقە، منحەو قەرزو عەدالەتی تەوزیع و ئەو شتانەی تیایە، تەبعەن باسی دەستوور ناکەم، چونکە ئێوە شارەزاترن، بەلاّم لەبەر ئەو سەبەبە شەرتەکانمان داناوە، نەختێك بارگرانیتان بۆ بڵێم، بۆ ئەمە موشکیلەیە بۆ ئێمە، قانونی خۆمان پێویستە کە زەمانی موستەقبەلی هەرێم بکات، ئێستا بۆ تەوزیعی مەواریدی مالی ئیتیحادی، ئێمە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، کە مەبدەئیەن قانونێك دروست بکرێت، بەلاّم ئەوە ئێستا تێك چووە، چونکە مەجلیسی شورا تەدەخولی لەسەر کرد، ئێستا ئەوە تێکچووە، مەبەدەئەکە ئیتیفاقی لەسەر کرا بوو هەموو عائیداتی نەوت لەگەڵ عائیداتی ئیتیحادی تر دێنە حیسابێکەوە، پێی دەڵێن سندوقی مەواریدی مالی، لەوێ نەفەقاتی ئیتیحادی دەردەچێت، خۆی مەفروز بوو حدودی هەبێت، دوای ئەوەی ئەوە مایەوە لە 17٪ی دێت بۆ ئێمە، لە 83٪ دەمێنێت لەوێ بۆ تەوزیعی موحافەزات و نەفەقاتی تر، تەبعەن موازەنە دەکەیت، تەقدیری دەکەیت، بەم شێوەیە حیصەکەی تۆ دێت بۆ ئێرە، موازەنەی خۆت هەیە، تەمویلی موازەنەکە دەکەیت.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەوە دوو جارە مولاحەزە بکەم، لە ماددەی (106) نووسراوە (هیئە عامە لمراقبە تخصیص)، یەك مولاحەزەم هەیە (لمراقبە تخصیص) نییە، (لمراقبە وتخصیص)ە، واوەك لێرە نەقصە، چونکە مانای دەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو شێوەیەی کە ئێمە وامانزانی ئیتیفاقمان کردووە، ئەوەی لە 17٪ەکە فایزمان هەبوو لە موازەنە، پارەی خۆتە دەمێنێتەوە لێرە، دەچێت بۆ ئەو شتانەی کە باسمان کرد ئێستا، مەشاریعی ئیستیسماری و ئەو شتانە، بەلاّم چی تێکچووە لەم حیسابەی ئێستا، یەکەم/ دەڵێت ئەو هەیئەیە رەبتی دەبێت بە وەزارەتی مالییە، ئێوە موستەقیل نین، ئێمە بڕیارمان دابوو بە دەستووری بێت، موستەقیل بێت و ئیشراف بکات لەسەر هەموو ئەم شتە، بەلاّم ئێستا لە مەجلیسی شورا تێکیان داوە، دەڵێت ئەم هەیئەیە عایدی وەزارەتی مالیەیە، ئەوە یەکەم.

دووەم/ حدودی نەداوە چەند پارە دەبات بۆ نەفەقاتی ئیتیحادی.

سێیەم/ دەڵێت مەشاریعی ئیستیسماری عام دەکەن لە عێراق، ئەوەی بەبێ حدود بن پارە دەبن بۆ ئێرە، هەروەهاش سندوقی موستەقبەلی دادەنێم، بەبێ حدود پارە دەبەن بۆ ئەوێ، ئینجا ئەگەر تۆ حیسابی بکەیت بەم شێوەیە کە ئێستا دایناوە، دەیانەوێت داینێن مەجلیسی شورا، ئەمە هەمووی رەبتە بە وەزارەتی مالیە لە بەغدا، ئەو چی دەکات، حیسابی موازەنە دەکات، هەرچی ئیزافی دەبێت دەتوانێت بیشارێتەوە، چیت بۆ دەمێنێتەوە فایزی نییە، تۆ دەبێت نەفەقاتی بدەیت ئجورت بۆ دێت، بەلاّم شەراکەتت نییە، جا لەبەر ئەوە ئێوە چیتان وتووە، یەك ماددەیە لێرە گوتومانە بەموشارەکە بێت لە عائیدات، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە ئەوەمان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا سەعدەدین ئەوە کۆنە، لە تازە چاپەکەیدا واوی تێدا نییە، (مراقبە تخصیص الواردات)، ئەوەی لای جەنابت کۆنە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بێینە سەر ئیدارە، ئیدارەی نەوت و غاز، لە مسوەدەی قانونی ئیتیحادی کە ئێستا وامانزانی ئیتیفاقمان کردووە، بەلاّم ئێستا تێکچوو، مەجلیسی شورا تێکیدا دووبارە، مەجلیسی ئیتیحادی دەبێت، ئێمە مەفروز بوو دەورمان هەبێت بەنیسبەت، ئێستا ئەوان نیسبەکەیان لابردووە، یەك ئەندامت هەیە لە لیژنە لەوانەیە بیست کەسی تیا بێت.

دووەم/ ئەگەر عقود و موناقەشات بوو، مەفروز بوو ئێمە عەقد دەکەین، ئەوان تەدقیق دەکەن، ئێستا دەیانەوێت بیکەن بەوەی کە ئەو موافەقە دەکات، هەمووی دەچێتەوە مەرکەزی، ئەوە یەك کەلیمە هەمووی تێکداوە، لێرە ئێمە مەفروز بوو لەگەڵ مەجلیسی وزەرا بە موشارەکە لەگەڵ ئیقلیم ئیش بکات وەکو لە دەستوور دەڵێت، ئەوە دەڵێت (بالتشاور) تەشاور چیە؟ ئەو پێی دەڵێت باشە رەئیت چیە، بەسەرچاو، عەینی شت، مەجلیسی ئیتیحادی مەفروزە بە موشارەکە لەگەڵتان ئیش بکات، ئێستا دەڵێت بە

تەشاور، ئەم شتانە سێ، چوار کەلیمەن هەمووی تێکداوە، هەمووی بردووە بۆ مەرکەزی، لەبەر ئەوە ئێمە ماددەی (17 و 18)مان داناوە بۆ زەمانی موستەقبەلی کوردستان بەشێوەیەك کە بڕیار دراوە لە دەستوور، ئیزافیمان دانەناوە، داوای هیچ زیادە ناکەین، ئەگەر زیادەی تیایە دەریبکەن، ئێمە بەدوای ئەوە ناگەڕێین بە عەدالەت ئیش دەکەین بە دەستوور، ئەگەر دەستوورت ناوێت، دەتوانی دەستووری بگۆڕی، ئیسلوب هەیە دەتوانیت بچیت بۆ ئیستیفتا دووبارە، ئەو حقوقەی لە کوردستان وەرگرتووە لە دەستووردا، ئەم ماددەی (17 و 18) داینـاوە، ماددەی نۆزدە دەڵێ ئەگەر تەعاون نەبوو لەسەر ئەم ئسلوبە کە هەمانە لە دەستوور، ئێمە بە دەستوور ئیش دەکەین، هەر ئەوە لەبەر ئەوە دامانناوە، بۆ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بێت بۆ حکومەتی ئیتیحادی و بۆ خۆشمان، بۆ نموونە دەوری نەوتی وەتەنی، نەوتی وەتەنی مەفروز بوو شەریکەیەکی ئیتیحادی بێت، نەك شەریکەیەکی مەرکەزی، ئێستا چیان کردووە، دەیانەوێت عیلاقەی کەم بێت لەگەڵ لیژنەی ئیتیحادی یەکسەر ڕەبتە بە مەجلیسی وزەراوە بە دەرەجەی وەزیر، ئەوە یەکەم.

ئێمە دەمانەوێت مەندوبێکمان هەبێت لەوێ، قانونەکە دەڵێت ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، هەتا مەندوبێکیشت ناداتێ، هەموو حقولی حالی و موستەقبەلی عێراق دەیانەوێت لە 93٪ی ئیحتیاتی عێراق بدەن بەم شەریکەیە، ئەم شەریکەیە بەبێ عەقد، بەبێ موناقەسە، بەبێ ئیلتیزام کە چیت بۆ دەکات بۆ موستەقبەل، ئەمە زۆر خەتەرە هەمووی دەبات، هیچ نامێنێتەوە بۆ ئیستیسمار، بۆ ئەوەی مەنفەعی عام ئێمە ئیستیفادەی لێ دەکەین، بابزانین ئەوە تەئسیر چۆن دەکاتە سەر ئێمە، بە چ شێوەیەك، پێش ئەوەی ئەگەر ئیتیفاق نەبوو ماددەی (115) هەیە ئێمە دەتوانین بەکاری بێنین، ماددەی (121) هەیە دەتوانین بەکاری بێنین، ماددەی (113)ش دەڵێت ئێمە ئەگەر بە دەستوور قانون دانێین (یعتبر باطلاً)، ئەوان نایانەوێت بە دەستوور ئیش بکەن، دەیانەوێت قانونێك دروست بکەن، گوێ نادەن بە دەستوور، بەڵام دەستوور لەگەڵمانە، ماددەی (126) هەیە دەڵێت ئسلوب هەیە کە چۆن دەبێت، با بێینە سەر سەبەبی جەوهەری چیە لەسەر ئەمە، ئەمە کوردستانە، هەر یەکە لەمانە ئیحتیمالی حەقلی دەبێت، ئێمە کردوومانە بە روقعەی ئیستکشاف، هەر یەکە لەمانە لەوانەیە حەقلێکت بۆ بدۆزێتەوە، تەقدیراتی ئێمە دەتوانین لە ماوەی چوار، پێنج ساڵ بگەینە یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی تازە لە کوردستان، نەوتی تازە دەڵێم، حقولی موستەقبەلی، ئەو نەوتە بە دەستوور حەقی خۆتە، بەڵام ئێمە گوتومانە بە ئیتیفاقە لە ماددەی (17 و 18)، ئێمە دەیدەین بە یەك سندوق دابەشی دەکەین لەگەڵ هەموو حکومەتی عێراق، بەڵام شەرتمان هەیە، شەرتەکەمان چیە، دەبێت تۆش ئینتاج بەرز بکەیتەوە، هەتا ئێمە ئیستیفادە لەوەی تۆ بکەین، ئەگەر ئێمە ملیۆنێك دەربکەین تۆ هەر ملیۆن و نیو دەردەکەیت، کوردستان لە 40٪ دەکاتە سندوقەکەوە لە 13٪ت بۆ دێتەوە، جا لەبەر ئەوە شەفتەکانمان دەڵێن دەبێت تەنزیمی نەوت لە هەموو عێراق ببێتەوە، ئیستیسمار بەرز بێتەوە، ئینتاج بەرز بێتەوە، ئەگینا تۆ ناتوانیت، هینەکەی خۆت دەردەکەیت و لە 17٪ی بۆت هەیە، بەڵام دوای نەفەقاتی ئیتیحادی لە 13٪یە بەڕاستی، ئەمە بەشێوەی مالیەوە وەکو ئەمە دەردەچێت، ئەگەر ئەو ملیۆن و نیوێك دەربکات حیصەکەی تۆ ئەو شینەیە، ئەگەر

هەمووی دابەش بکەین، ئەگەر هەر حیصەکەی خۆی وەرگرت نەوتە تازەکە سێ جار زیاترە بەبێ بەشداری، بۆ دەیکەیتە سندوقەکەوە ئەگەر ئینتاج بەرز نەکاتەوە، ئەگەر ئەو ئینتاج بەرز بکاتەوە عەینی شتە دابەشی دەکەیت، لە عەینی سندوقەوە بۆت دێتەوە شینەکەو سەوزەکە عەینی شتە، مانای وایە دەبێت بگاتە شەش ملیۆن بەرمیل تا حەوت ملیۆن بەرمیل، ئینجا تۆ خەسارەت ناکەیت، جا لەبەر ئەوەیە ئێمە دەڵێین نەوتی وەتەنی دەبێت شەریکەیەکی عام بێت، دەبێت ئیستیسمار بێت، ئەگەر نەتوانێت ئیستیسمار بکات، شەریکاتی خاریجی بێت یارمەتی بدات، بۆ ئەوەی ئینتاج بەرز بێتەوە، شەڕەکە لەسەر ئەوەیە، لەبەر ئەوە ماددەی (17 و 18 و 19)، ئێمە حقوقی خۆمان وەرگرتووە بە زەمانی دەستووری، بەڵام تەعاون دەکەین، یارمەتی حکومەت دەدەین، بەڵام دوای ئەو ئیجتیماعە، دوای ئەو قانونە دەچمەوە بەغدا شەڕ لەسەر ئەوە دەکەم، بەردەوام دەبین، چونکە مەسڵەحەتی ئێمەی تیایە، بەڵام ئەگەر نەبوو چی بکەین، دەستوورمان هەیە بەکاری دەهێنین، لەبەر ئەوە ماددەی (17 و 18 و 19)مان داناوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت ڕەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیەکەم ئەوەیە جەنابی وەزیر بەشکلێکی شەفاف و مەوزوعی و قانونی و دەستووری شەرحی ئەو سێ ماددانەی کرد، پێش ئێستاش وابزانم کە چی کراوە لە لیژنەی قانونی و لە خوبەڕائی دەستووری و میهەنی نەوت، بە ڕەئی من ڕێزو ئیحتیرامم بۆ هەموو برادەران هەیە بەڕاستی، من حەقیشم نییە مەنعی قسەکردن لە یەکێك لە ئەندامان بکەم، منیش ئەندامم وەك ئێوە، بەس ئەگەر بتوانین ئەویتر نەکەین، دەستکاری نەکەین باشترە، مەوزوعی ئێمەو حکومەتی ئیتیحادیە، نەك لەنێوان ئێمەو هاووڵاتیان، یان لەنێوان ئێمەو حکومەتی هەرێم، لەبەر ئەوە با ئەو سێ ماددانە وریا بین بڕێك بە ڕێکوپێکی تەصویتێك لەسەری بکەین و نەجاتی بدەین باشترەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروا بۆ تەوزیح ماددەی (17) بریتییە لە مەسئولیاتی حکومەتی هەرێم، کە لە ماددەی هەژدەدا هاتووەو باسی دەکاتن، یەکەم/ دەڵێت ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا، بۆ پێکەوە بەڕێوەبردنی نەوت و غاز، ئەو نەوت و غازەی کە ئێستا لە حقولی هەرێم دەردەچێتن، ئەوە لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەگونجێت.

دووەم/ دەڵێت هاوکاری کردنی حکومەتی فیدراڵی بۆ دانانی سیاسەتێکی ستراتیجی، بۆ بەرەو پێش بردنی سەروەتی نەوتی و غازی لە هەرێمدا، لە هەمان کاتدا بە هەمان شێوە لەگەڵ نەشاتاتی نەوتی لە هەموو وڵاتدا، بەشێوەیەك کە باشترین مەنفعە بە میللەت عێراق بگەیەنێت، باشترین تەقەنیات، مەبادیئی بازاڕو

پشتگیری کردن له وەبەرهێنان بەپێی ماددەی (112) له دەستووری عێراقیدا، ئەمەش هیچ ئیشکالێکی کەسێکمان لەسەردا نییە.

سێیەم/ دەڵێت هاوکاری کردن لەگەڵ مەجلیسی ئیتیحادی، یەعنی هی بەغدا نەوت و غاز، کە تەشکیل دەکرێتن بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، بۆ بەستنی گرێبەست و دانانی رێککەوتن لەسەر نموزەج و رێنماییەکان و شروتەکانی تیجاری، بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ مقاولین، ئەوانەی کە لە عێراقدا ئیش دەکەن.

چوارەم/ موافەقەت کردن لەسەر ئەوەی کە هەموو داهاتەکانی عەمەلیاتی نەوت لە هەرێمدا لە سندوقێکی گشتی دابنرێت، کە تایبەت دەبێتن بە نەفتی عێراق، ئەمەش لەگەڵ دەستووری زۆر زەرورن، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێتن، بۆ ئەوەی سیلاحێکی باش بێت بەدەست وەزیر و برادەرانی کە دەچن بۆ بەغدا بۆ موفاوەزات، کەسێك رەخنە لەو هینە نەگرێتن، نەڵێتن ئەمە دژی دەستوورە، یاخود زیادە رۆییمان کرد بێت، شتمان کرد بێت، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو رەئیەی جەنابت و کاك فرسەت دەکەم، بەڕاستی ئەو قەزیانە عیلاقەیان بە حکومەتی مەرکەزیەوە هەیە، کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقە داوای بکەین زۆرترین حیصە بۆ ئێرە بێت هیچ موناقەسە نەکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له دەستوور لە ماددەی (112) فەقەرەی دووەم هاتووە، زۆر بەقوەت هاتووە، بەلاّم لێرە لە فەقەرەی دوو ماددەی (17) (تعاون مع الحکومه الاتحادیه)، یەعنی زۆر وەکو بلّێی شەرمانەیە، بەعەکسەوە دەڵێت (لتقوم الحکومه الاتحادیه وحکومات الاقالیم)، یەعنی هەردووك پێکەوە هەڵدەستن ئەو ستراتیجیە دادەنێن، من پێم وایە ئەو کەلیمەیە بگۆڕن، کەلیمەی تەعاون بە موشارەکە، یەعنی ئەمە حەقەیەتی، ماف خۆیەتی لەوە بەشدار بێت، نەك ئەوە مەسەلەن وەکو بلّێین خەدەمات پێشکەش بکات، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، هەروەها لە سێیەمیش بە هەمان جۆر هاتووە، لە یەکەم قسەیەکم هەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر وەلاّمم بداتەوە، دەڵێت لە حقولی حالی، حقولی حالی دیارە یەعنی ئێستا لە کوردستاندا نییە، بەلاّم خۆ لە ماددەی (140) حقولی حالی زۆرە، یەعنی کە بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان حقولی حالیش هەیە، ئەی بۆ قسەیەکی بۆ حقولی موستەقبەلی نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر ماددەی هەژدەم دوێنێ جەنابی وەزیریش داوای کرد، گوتی لێمان گەڕێن هەر با هەناسە بخۆین، هەموو شتێك لەسەر وەزیر با ئەمەی تیا نەبێت، با لەسەر ئەنجومەنی هەرێم بێت، یان ئەنجومەنی وەزیران بێت، ئەوەی چوارەم لە ماددەی هەژدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەی هاتینە سەر ماددەی هەژدە ئەو کاتی، چونکە ئێستا ئێمە لە ماددەی حەڤدەین، ئەو هەمووی شەرح کرد، بەس ئێمە ماددە بە ماددە دەنگی بۆ دەدەین، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لە سەد تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم، تەئیدی رەئیەکەی کاك عوسمانیش دەکەم، ئێمە ئەگەر بچینە ناو موناقەشەی ئەو سێ ماددەیە، بە رەئی من دەستکاریەکی تێ دەکەوێت و لێی تێکدەدەن، بۆ ئەوەی وەکو جەنابت گوتت ئەو مەوزوعە عیلاقەی بەینی ئێمەو حکومەتی مەرکەزیە، هەرچەند داکۆکی بکرێت زیاتر دەستکەوتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی مەرکەز شتێکی باشە، بۆیە من پێشنیار دەکەم دەستکاری ئەو ماددانە نەکرێت، وەکو خۆی موافەقەی لەسەر بکرێت و کۆتایی پێ بێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئەوەندەیە ئەو کەلیمەیەی کاك محەمەد فەرەج گوتی، پێم وایە تەعاونەکە بکەینە (العمل)، (الاتفاق)، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەردوو ماددە زەمانەیەکی ئەکیدە بۆ پاراستنی مافی هەرێمی کوردستان، بۆیە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی سەرۆکایەتی و کاك عوسمان، کە ئەوە بە حەقیقەت زۆر دەستکاری نەکرێت، هەروەکو خۆی بدرێتە تەصویت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت دەڵێت تەعاونەکە باشترە، چونکە (تعاون لصیاغة السیاسة الستراتیجیة)، لە ئاخیریش دەڵێت (بموجب المادة 112) عەینی شت دەگەیەنێتن، یەعنی (تعاون معاً)، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو (الاتفاق مع الحكومة الاتحادية لتحديد السياسة الستراتيجية)، نەك (لصیاغة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی هاتووە (لرسم)، وەکو ماددەکە بنووسرێتن (لرسم السياسة الستراتيجية اللازمة لتطوير النفط والغاز)، صياغەکە دەبێتە (لرسم)، لەوێ هاتووە (التعاون) لەبەر ئەوەی دەڵێت (بموجب المادە 112)، یەعنی ماددە 112ەکە نەصەکەی دێتە ئێرە، بەو شێوەیەی دەیخوێنمەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، کاك کەریم مولاحەزەی هەبوو، دەڵێت کێ زەمان دەکات مەجلیسی ئیقلیمی تەشکیل دەبێت، دەستوور، دەبێت تەشکیل بکرێتن، ئەگەر تەشکیل نەبوو، ئەو تەعاونە نابێت، شتێکی تەبیعییە، کە تەشکیل نەبوو تەعاون نابێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام دەڵێم مەجلیسی ئیتیحادی زەمان نییە، کە لە قانونی نەفت و غازی عێراقیدا تەشکیل بکرێتن، مەسەلەن ئەگەر بەو ناوە نەهات بە ناوێکی تر هات، ئێمە لێرەدا لە قانونی خۆمان جێگیری دەکەین، شەرت نییە بەو ناوەو بەو موستەڵەحە بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەگەر تەشکیل نەبوو، من لە جیاتی وەزیر خۆمان ئەوە دەکەین، ئەو تەعاونەی ناکەین، ئەو قانونەی لە بەغداوە دەردەچێتن، ئەو قانونەی خۆمان نافیز دەبێتن، هەتا قانونی بەغدا دەردەچێتن، هەتا ئەو مەجلیسە دروست نەبێتن، ئەو وەختی دەچین ئەو ماددەی 112 جێ بەجێی دەکەین، تکایە ماددەی دواتر فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەم: بنەمای هاوکاریو ڕێککەوتن کە لەماددەی حەڤدەمی ئەم یاسایە ئاماژەی بۆ کراوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێ:

یەکەم: دانانی هەموو داهاتە نەوتیەکان لە هەموو عێراقدا بە دەست دەهێندرێ بە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکان، بەمەرجێك لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش و بەپێی ماددەکانی (106، 112، 121) لە دەستووری فیدراڵیدا بەڕێوە ببرێ و حیسابی ئەو سندوقە لە بانکێکی جیهانی بەناوبانگ هەڵگیرێ و حیسابێکی تایبەتی بەناوی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بکرێتەوە، مانگانە بەشی هەرێمی کە لەسەری ڕێککەوتوون تێی دابنرێت، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتی هەرێم بەجۆرێك بەپێی یاسای فیدراڵی بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکبخرێ.

دووەم: پێویستە سەرلەنوێ هەیکەلی پیشەسازی نەوت لە عێراقدا دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی گونجاوی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی مسۆگەر بکرێت و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت بە جۆرێك لەگەڵ

حوكمەکانی بڕگەی دووەم لە ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی بگونجێت، بەجۆریك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بە زووترین کات، ئەنجام بدات.

سێیەم: کێڵگەکانی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیەوە بەیەکەوە بەڕێوە دەبرێ، بە جۆرێك حکومەتی هەرێمەکان نوێنەرایەتیەکی گونجاو یان لە ئەنجومەنی فیدراڵی نەوت و گازدا هەبێ و دەبێ هاوبەش بێ لەبەڕێوەبردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی عێراقی بە جۆرێك لەگەڵ ماددەی (115)ی دەستووری فیدراڵیدا بگونجێت.

چوارەم: پێویستە حکومەتی فیدراڵی، هیچ پرۆسەیەکی نەوتی تازە لەو ناوچانە کە ناکۆکی لەسەر هەیە ئەنجام نەدات بەبێ ڕەزامەندی وەزیر، تاوەکو ڕیفراندۆمی گشتی بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری فیدراڵی ساز دەکرێ.

پێنجەم: ئەگەر بەدیار کەوت کە حکومەتی فیدراڵی هەر چالاکیەکی تایبەت بەپرۆسەکانی نەوت لەناوچەکانی ناکۆکی لەسەر هەیە ئەنجام داو، پاشان بڕیاری گەڕاندنەوەی بۆ سەر هەرێم بەپێی ماددەی 140 لەدەستوری فیدڕالیدا بۆ دەردەچێ مامەڵە لەگەڵ ئەو چالاکیانەدا لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ماددەی (112) یەکەم‌ودووەم لەدەستوری فیدڕالیدا دەکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة: تكون اسس التعاون والاتفاق المذكورة في المادة السابعةعشر من هذا القانون وفق الشروط التالية:

أولاً: إيداع جميع العائدات النفطية المستحصلة في كافة أنحاء العراق في صندوق عام لعائدات النفط، على أن يدار من قبل هيئة عامة مشتركة وفق ما وردت في المادة 106 ، 112 ، 121 من الدستور الاتحادي وأن يتم الاحتفاظ بحساب هذا الصندوق في مصرف عالمي ذي سمعة عالية على أن يكون له حساب خاص باسم صندوق كوردستان للعائدات النفطية يودع فيه شهريا حصة الاقليم المتفق عليها ليكون ذلك تحت السيطرة المطلقة لحكومة الاقليم على أن ينظم ذلك بقانون أتحادي بالاتفاق مع حكومة الاقليم.

ثانياً: يجب إعادة هيكلة الصناعة النفطية في العراق لتضمن دورا مناسبا لشركة النفط الوطنية العراقية وتشجيع الاستثمار الخاص بما ينسجم مع أحكام الفقرة / ثانيا من المادة 112 من الدستور الاتحادي بمايحقق أعلى منفعة للشعب العراقي وبأسرع وقت ممكن.

ثالثاً: تدار الحقول الحالية من قبل حكومة الاقليم والحكومة الاتحادية معاً على ان يكون لحكومة الاقليم تمثيل مناسب في المجلس الأتحادي للنفط والغاز وأن تكون شريكا في أدارة شركة النفط الوطنية العراقية بما ينسجم مع المادة 105 من الدستور الاتحادي .

رابعاً: على الحكومة الاتحادية أن لا تمارس أية عمليات نفطية جديدة في المناطق المتنازع عليها دون موافقة وزير لحين إجراء الاستفتاء العام بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي وبخلاف ذلك.يتم التعامل مع تلك النشاطات في ضوء أحكام هذا القانون والمادة 112 أولا وثانيا من الدستور الاتحادي.

**خامساً: اذا تبين ممارسة الحكومة الاتحادية لاية نشاطات خاصة بالعمليات النفطية في المناطق المتنـازع عليهـا التي تقرر اعادة الحاقها بالاقليم بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي يتم التعامل مع تلك النشاطات في ضوء احكام هذا القانون والمادة 112 اولاً وثانياً من الدستور الاتحادي.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی هەژدەی پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەنها تێبینیا من لەسەر ڤێ ماددەی هەژدە خالٚە چارێیە، کە دبێژیت (على الحكومة الاتحادية أن لا تمارس أية عمليات نفطية جديدة في المناطق المتنازع عليها دون موافقة الوزير)، لێرە من پێم باشترە (دون موافقة حكومة الاقليم)، ئەوە هاتیە دانان، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**راستە دەبێت بە موافەقەتی حکومەتی ئیقلیم بێت، کاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشتیوانی رەئی کاك شێخ ئەدهەم دەکەم، مەبەستم ئەوە کە وەزیر بکرێتە حکومەتی هەرێم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شەوقی فەرموو.**

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئاماژەی پێ کرا سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاس پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك ئەدهەم دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس هەمان مولاحەزە بوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەمان رەئیم هەبوو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لە بڕگەی چوارەم كە دەڵێن ئێمە پشتگیری لەو بۆچوونە دەكەین، بەڵام لە بڕگەی پێنجەم ئاسانكاری كردووە بۆ ئینتاج كردنی ئەو شوێنانە، دیارە لە بڕگەی چوارەم هەندەك ئەوەی كردووە، كە دێتە بڕگەی پێنجەم ئاسانكاری كردووە بۆ دەرهێنانی نەوت، هەر بۆ بەقوەت كردنی ماددەی (140) حەقە پێداگیرییەك هەبێت لەو بڕگەی پێنجدا، بۆ ئەوەی رێگا نەدەین نەوت دەربێت، هەر پاڵپشتێكی باش دەبێتن بۆ ماددەی (140)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرە یەك هەیە لە كۆتاییەكەی دەڵێت (على أن ينظم ذلك بقانون أتحادي)، ئایا ئێمە سەڵاحیەتی ئەوەمان هەیە، یەعنی ئیلتیزام باوێینە سەر مەجلیسی نواب، فەرز بكەینە سەری كە قانونێك دەربێنن، ئەوە یەك.

بڕگەی دوو/ دەڵێت (يجب إعادة هيكلة الصناعة النفطية في العراق لتضمن دورا مناسبا لشركة النفط الوطنية العراقية وتشجيع الاستثمار الخاص)، یەعنی لێرەش ئێمە ئیلتیزام داوێینە سەریان، كە ئیستیسماری خاص بكەن، خۆی ئەسڵەن لە دەستووری عێراقی لە ناحیەی ئیقتیصادی زۆر موبهەمە، بە عەكسی پرۆژەی دەستووری خۆمان كە لە ماددەی (15) دەڵێت ئیقتیصادی سوقە، لە دەستووری عێراقی وای نەگوتووە، تەنها لە نیهایەتی ماددەی 112 كە دەڵێت (بما ينسجم مع الفقرة الثانية من المادة 112) لە نیهایەتی ماددەی 112 فەقەرە دوو دەڵێت (معتمدة احدث تقنيات مبادئ إقتصاد السوق)، نەیگوتووە

(تشجيع الاستثمار)، یەعنی نەچۆتە ناو تەفاسیل، ئایدۆلۆجیای ئیقتیصاد جارێکی تر دەڵێمەوە موبهەمە لەناو دەستووری عێراقی، پێم وایە ئێمە بۆمان نییە ئەوەی بنووسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەڵەن لە ئاخیرەوە دێم، تەشجیعی ئیستسمار زیمنی مەبادیئی سوقە، ئەوە یەك.

دووەمیش/ تۆ تەماشای ئەوەڵی ماددەکە بکە (تكون اسس التعاون والاتفاق المذكورة في المادة السابعة عشر من هذا القانون وفق الشروط)، یەعنی ئێمە ئەو شەرتانەمان هەیە، شەرتەکانیشمان لە دەستوورە، ئەو حەقەمان وەرگرتووە، دەستووریش گەورەترە لە مەجلیسی نواب، بۆیە دەڵێین (وفق) ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوەتە هەرێم، ئەو شەرتانەمان دەبێت جێ بەجێ بێتن، بۆ ئەوەی ئەو تەعاونە بێتن، تەعاونەکەمان لە زیمنی سەلاحیاتی دەستوورە کە بە ئێمە دراوە، بۆیە ئەو شەرتانەمان داناوە، کە ئیلتیزام بکرێتن بە دەستوور، ئەو شتانەمان بێتە پێش بۆ ئێمە هاوکاری بکەین، فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەکە فەقەرە چوار (على الحكومة الاتحادية أن لا تمارس أية عمليات نفطية جديدة في المناطق المتنازع عليها دون موافقة الوزير) نووسراوە، ئێمە دەڵێین ببێتە (دون موافقە برلمان كوردستان)، چونکە (لحين إجراء الاستفتاء) ئەمە مەسەلەی حەقی ئێمەی قەومییە، هی میللەتی ئێمەیە، نیزاعمان لەسەر ئەو مەنتیقە هەیە نەدەینە وەزیرێك، یان وەزارەت هەردووکیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حکومەتی ئیتیحادی بە موافەقەتی حکومەتی ئیقلیمی، ئەگەر مەجلیسی نواب بوایە، دەمانگوت مەجلیسی ئێرە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوع لێرە ئەوەیە، کە بەغدا ویستی بیکات، وەزارەتی ئێمەش ویستی بیکات، نابێت بیکات، چونکە ئەمە ئیستیفتای لەسەرە، حەقی شەعبە قەرار بداتن ئەو ئیستیسنایە لا بچێت، یان لان نەچێت، بە رەئی من رێزم بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز هەیە، مادام حەقی شەعبە، پەرلەمان نوێنەری شەعبە، دەبێت لە پەرلەمانەوە ئەو قەرارە بدرێت، ئەوە یەك.

بەنیسبەت خاڵی پێنج (اذا تبين) ئەوە تەسهیلی دەکاتەوە، ئەگەر دیار بوو کردی بابێت بیکات، یەعنی دەبێت حەددی بۆ دابنرێت، ئەوە ئەسڵەن ئەو فەقەرەیە دەبێت لا بدرێت، فەقەرەی پێنج لێرە هەڵبگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر فەقەرەی دووەم هەیە، یەعنی ئێمە ئێستا ئەو هەموو یاسایەمان دانا، یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان، تەبعەن ئەو یاسایە کێ موماڕەسەی دەکات، کێ دەیبات بەڕێوە لە ڕێگەی ئەو شەریکانەوە شەریکاتی گشتی، ئەو سێ شەریکەیەی کە ئیقرارمان کرد لە پێشەوە، لێرە تەنها دەور دەدات بە شەریکەی وەتەنی عێراقی، هیچ جۆرە قسەیەکی نەکردووە بەرامبەر بە شەریکەی کوردستان بۆ نەوت، کە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، تۆ مەجال دەدەیت بەو دەورێکی گەورەی هەبێت لە ئیش کردندا، ئەی لە موقابیل کێیە، لە هەرێمی کوردستاندا کێیە، مەفروز وایە لێرە جێگەی ئەوەش بکەینەوە بەر لە تەشجیعی ئیستیسماری خاص، دەبێت جێگایەکیش بکەینەوە بۆ شەریکەی کوردستان بۆ نەوت، چونکە ئێمە تازە لێرە دامانناوە، ئەم ئیشانە هەمووی لە کوردستان دەربارەی بواری نەوت هەموو دەخەینە ئەستۆی ئەوان، کە دەیخەینە ئەستۆی ئەوان، ئەی تۆ لە کوێ باسی دەکەیت بەرامبەر بەو، ئەمە باسی ئیعادەی هەیکەلە، دوو شتی جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك سەردار دەکەم، سەبارەت بەوەی کە ناکرێتن ئێمە لێرە (علی) بەکار بێنین (علی أن ینظم ذلك بقانون أتحادي)، قانونی ئیتیحادی دەکرێت بکرێت (علی ان یکون تنظیم ذلك بقانون اتحادي وباتفاق مع حکومة الاقلیم)، نەك فەرز بکرێت، ئەوەی دووەمیش/ بەڕاستی (یجب إعادة هیکلة الصناعة النفطیة)، ئەوەش جۆرە فەرزێکە ئەوەش ناکرێتن لە رووی یاساییەوە، ئێمە هەیکەلەیەتی نیزامی نەفتی عێراقی تابع بە هەرێم نییە، بۆیە دەکرێت بگوترێت (یجب ان یکون هیکلة الصناعة النفطیة العراقیة ضماناً للدور المناسب لشرکة النفطیة العراقیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قەراری سیاسی ڕەئی خۆتانە، بەڵام لەجیاتی حکومەتی ئیقلیم، باشترە پەرلەمان بێت، چونکە ڕاستە ڕەئی هی میللەتە، حکومەتی ئەو ڕۆژە لەوانەیە بڕیار بدات موافەقە بکات سەڵاحیەتی پەرلەمانی نەبێت، لەوانەیە دەستووری نەبێت، ئەگەر پەرلەمان بێت باشترە لە فەقەرەی چوار، پێنج/ بەڕاستی ئێمە هەڵە بووین، با لەوێ نەبێت، چونکە مەجالی دەداتێ کە شتێك بکات، ئەگەر لەوێ نەبێت ماددەی چوار

دەیگرێت، باتیڵە، ئەگەر موافەقەی تۆی لەسەر نەبێت، ناتوانێت ئیشەکە بکات، ئەوە غەڵەتی ئێمەیە، ئێمە دامانناوە مەفروز بوو شتێکی تر بڵێین، بەلاّم دەیخوێنینەوە غەڵەتە، مەجالی دەدەیتێ کە غەڵەتەکە دەکات و ئەگەر بیکات باتیڵە بە فەقەرە مادده چوار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن تەبعـەن لەگـەڵ رەئـی جـەنابی وەزیـر و کـاک کـەمال نیمـە بەنیسـبەی بڕگـەی پێـنج، باتیڵـە کاکـە، موافەقەتی نەداوە، راستە موافەقەتی نەداوە، دوایی پاش ئیلحاق کردنی کـەرکووك لەگـەڵ ئێمـە، دیـار بـوو حکومەتی عێراقی دە بیری لێداوە، لێـرە چـی لـێ بکـەین، خـۆ باتیڵـە ناچـین خـۆڵی تێبکـەین جارێکی تـر، بیرەکە وەك خۆی دەمێنێت، بەس لێرە ئیحتیمالێك هەیە، حکومەتی بەغدا، حکومەتی ئیتیحادی سبەی بە تۆ دەڵێت من ئەو بیرو مونشەئاتە دروستم کردووە، کەواتە ئیدارەکە لە دەست من دایە لە دەستووردا نییە، موشتەرەکیش نییە، لێرە چمان گوتووە، گوتمان مادده 112 بەکار دەهێنین مادام بیرەکە تازەیە، یەعنی لـە زیمنی بیرەکانی حـالی نییـە، کەواتـە مـن بـە تـەنیا ئیـدارەی دەکـەم بەشـداری حکومـەتی ئیتیحـادی نابێـت لەگەڵم بێتن، موعتەبەرە نەك بیرێکـی حـالی، موعتەبـەرە بیرێکـی تـازە، لەبـەر ئـەوە لازمـە فەقـەرە پێـنج بمێنێت، راستە باتڵە، راستە بێ موافەقەی تۆ بیرەکەی دروسـت کـردووە، بـەس خـۆ نەصـێکی قـانونی نییـە بێم لەغوی بکەم، بیرێکە دروسـت کـراوەو مونشـەئاتی دروسـت کـردووە لـە مەسـڵەحەتی مـن دایـە ئـەو بـیرە بمێنێت، هەرچەندە بێ موافەقەی من دروستی کردووە، تاکو من بتوانم بـەخۆم ئیسـتیغلالی بکـەم، چونکە مادده 112 لە مەسڵەحەتی من دایە، بەلاّم ئەگەر من بڵێم فەقەرە پێنج ئیلغـا بکـەم، یـەعنی مانـای حـەق بە حکومەتی ئیتیحادی دەدەم، ئەو مونشەئاتانە بـەخۆی ئیسـتیغلالی بکـات وەك ئابـاری حـالی، ئـەوەی کـو ماددەکەی تەنزیم کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من شتێکی ناوەندی بدۆزمەوە، بەنیسبەت فەقەرەی پێـنج لـەجیاتی (اذا تـبین ممارسـة الحکومـة الاتحادیـة لایة نشاطات)، بڵێین (خلافاً للفقـرة الرابعـة ان ایـة نشـاطات الخاصـة بالعملیـات النفطیـة في المنـاطق المتنـازع علیها الـتي تقـرر اعـادة الحاقها بـالاقلیم بموجـب المـادة 140 مـن الدسـتور الاتحـادي یـتم التعـاون مـع تلـك النشاطات في ضوء احکام هذا القـانون والمـادة 112 اولاً وثانیـاً مـن الدسـتوري الاتحـادي)، یـەعنی بـۆ خۆمـان دەگەڕێتەوە، یان دەتوانین بێ خیلافاتیش (ان ایـة نشـاطات الخاصـة بالعملیـات النفطیـة في المنـاطق المتنـازع علیها الـتي تقـرر اعـادة الحاقها بـالاقلیم بموجـب المـادة 140 مـن الدسـتور الاتحـادي یـتم التعـاون مـع تلـك النشاطات في ضوء احکام هذا القانون والمـادة 112 اولاً وثانیـاً مـن الدسـتوري الاتحـادي)، کـاك دکتـۆر کـەمال تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت پێویست ناکات ئەو برگە پێنجە لەوێ بمێنێت، چونکە ئێمە خۆمان بە قانون موبەریرێك هەیە، ئەگەر خوای کرد ئەو مەنتیقانە هاتەوە، ئەو خیلافێکی کرد بێت و ئێستا ئێمە نەیزانین، ئەوجا ئۆتۆماتیکی خۆی تەحصیل حاصلە، یەعنی ئێستا ئێمە لە دەست خۆمانە ماددەیەك دادەنێین پێی دەڵێین برۆ موخالەفە بکە، بەڵکو هاتەوە، یان نەهاتەوە، بۆیە بە رەئی من داوا لە بەڕێزان دەکەم کە ئەو فەقەرەیە لابچێت لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەی کاك کەمال، ئەو جوملەی کە من وتم بزەبت بەقوەتترە، دەڵێت (يتم تعاون)، یەعنی تۆ پێی دەڵێیت نابێت بیکەیت، یەکەم جار گوتووتە مەیکە، دووەم جار دەڵێی ئەگەر کردت بەگوێرەی ئەو قانونە بۆ لای خۆم دەیبەم (يتم تعاون)ی لەگەڵ بێت، ئەگەر وا بکەین (يتم التعاون مع اية نشاطات خاصة بالعمليات النفطية في المناطق المتنازع عليها التي تقرر المادة الحاقها بالاقليم بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي على ضوء هذا القانون والمادة 112 اولاً وثانياً من الدستوري الاتحادي)، کاك کەریم پێشنیارێکی هەیە دەڵێ دەمجی بکەن لەگەڵ برگەی چوارەم (وبخلاف ذلك) ئەوەش مەعقولە، کاك دکتۆر دەشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبەبی بیدایەت ئەو ماددەیە ئەوە بوو، ئێمە ئەو فەقەرەیەمان دانا لەوە نەدەترساین کە بیرێك تازەیە لەو حەقلەو لەم حەقلە وەکو کاك فرسەت دای، ئێستا مەناتیقی ئیستیکشاف لەم مەناتیقە موتەنازیعە هەن، کە ئێمە نەمانویست لێرەوە تاکو بڵێین ئیستیفتای ماددەی 140 حکومەتی ئیتیحادی بەخۆی بڕوات عەقدێکی نەوتی بدات بە شەریکەیەکی عالەمی، دوایێ شەریکەکە بێتە کوردستان، لەوانەیە عەقدەکە خراپ بێت بۆی، بۆ ئێمە باشترە فەقەرەکە بمێنێت، بەلاّم دەتوانین بڵێین (العقد يعتبر باطلاً)، جا لەبەر ئەوە شەریکەی خارجی دەترسێت عەقد ناکات، چونکە دەڵێت سوڵتەکە موشتەرەکە، ئەگەر موافەقەتی ئەوانیشی لەگەڵ نەبێت عەقدەکە ناکات، ئێمە لەوە دەترساین، من لەوە ناترسم دەچن حەفر دەکەن لە کەرکووك، ئەوە مەسڵەحەتی ئێمەی تیایە فەیدی ناکات، چونکە دوایی دەبینە موشتەرەك، ئێمە لەوە دەترساین مەناتیقی ئیستیکشاف هەیە هەمووی دەکرێت بە روقعەی ئیستیکشافی وەکو ئێمە کردوومانە، دەتوانین ئێستا بچیت عەقد بکەیت و ئیمزای بکەیت، ئێمە دەمانەوێت ئەوە بوەستێنین، بەسەراحەت نامانەوێت بیوەستێنین، دەمانەوێت بە تەعاون لەگەڵماندا ئیش بکات، ئەگەر هەردوولا موافەقەی کرد، ئەوە بۆ ولاّتەکە باشە، بەلاّم ئێمە نامانەوێت دوایی ئیستیفتای 140 هیچ نەماوە لەوێ هەمووی عەقد

کراوه، لەوانەیە عەقدەکە خراپ بێت، لەوانەیە عەقدەکە بدات بە شەریکەیەکی عێراقی لە جنوب دانیشتووە بۆ نموونە، لەبەر ئەوە دامانناوە، باشتر وایە بڵێی (یعتبر باطل) ئەو حەلی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ پێشنیاری جەنابی وەزیر، بەس ئەگەر سبەی شەریکەیەکی عیملاقی عالەمی هات عەقدێکی کرد، ئەوجا دەبێتە پاڵپشت بۆ ئەوەی ئەسڵەن ئەو مەنتیقەیە نایەتەوە، یەعنی ئەوە نوقتەیەکی سلبی دەبێت بۆ ئێمە، دەبێت زۆر زۆر زۆر بە حەزەر لەگەڵ ئەمە تەعامول بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك سەردار گوتی هی قانونی ئیتیحادی، کاك کەریمش ئاماژەی پێ کرد، منیش قەناعەتم وایە دەڵێی مادام شروتە دەکرێت ئێمە ئەو شەرتەی دابنێین، من حەز دەکەم شروتی تەعاون هەیە، مەسەلەن یەکێك دێت، برادەرانی تورکمان دێن دەڵێن دەمانەوێت بێینە ناو هەرێمی کوردستان بەشەرتێك قانونێك لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت، ئیعتیادیە، داوای شەرتێك دەکات بۆ ئەوەی ئینزیمام بکاتن، منیش داوای شەرتێك دەکەم بۆ ئەوەی قانونێك لە بەغدا دەربچێت بۆ ئەوەی ئەو تەعاونەی لەگەڵ بکەم لەگەڵ دەستووریش، پێم وایە تەبیعییە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، چونکە لە سەرەتاوە ئێمە باسی ئەوە دەکەین (اسس التعاون والاتفاق المذكورة في المادة السابعة عشر من هذا القانون وفق الاسس التالية)، ئێمە باسی ئەوە دەکەین، ئەگەر هاتوو ئەوەیان کرد، وەڵامی ئێمە ئەوەیە دەربارەی بیری نەوت لە ناوچەی کەرکووکدا ڕەنگ بێت ئاگادار نەبن کە شەریکەی نەفتی شیمال، ئێستا خەریکی ئەوەیە لەناوچەی قادرکەرەم هەندێك بیری نەوت هەڵکەنێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئاگادار بین، بەپێی ئەو ماددەیە ئاگاداریان دەکەینەوە، کەوا ئەو کارانە لەسەری بەردەوام نەبن و رایگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاك کەمال، کە دەڵێت لەجیاتی موافەقەتی وەزیر کە کردمانە حکومەتی ئیقلیم ببێتە موافەقەتی پەرلەمانی کوردستان ئیعتیادییە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەو ڕەئیـەی دکتـۆر کـەمال لەگـەڵ بڕیـارێکی پەرلـەمان زۆر دەگونجێـت، ئـەویش کـە دەڵێـت پەرلـەمانی کوردستان ئەو جیهەتەیە کە بڕیاری مەسیری بۆ گەلی کوردستان دەدات، ئەوە لە لایەك.

بەڵام لێرە من پرسیارێکی تر لە جەنابت دەکەم، حکومەت مانای چیە، مانای ئەوە نییـە بـەس ئەنجومـەنی وەزیران، حکومەت ئەوەی من تێگەیشتوومە هەرسێ دەسەلاَت دەگرێتەوە تەشـریعی و تـەنفیزی و قـەزائی، خراپ نییە ئەگەر ماددەیەك لەسەر ڕەئی دکتۆر کەمال بڵێین (وبموافقه برلمان) ئـەوە شـتێکی باشـە، ئەگـەر ئیجازەشم بدەیت لەسەر بڕگەی پێنج یەعنی ڕەئیـەکی بچووکم هەیـە، مـن پـێم وایـە ئـەو بڕگەیـە چـەند تونـدتری بکـەین، هێشـتان باشـترە، تـۆ لـە قـانون کـە باسـی سەرپێچـیەك دەکـەیت، لـەو حاڵەتـدا دەبێـت موعالەجەشی بکەیت، ئەگەر سەرپێچیەکە کرا چ ئەفعالێك دەبێت، چ تەنزیمێك دەبێت بـۆی، بۆیـە دەبێـت بنووسرێت لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیریش، یەعنی لەوانەیە ئەو ببێتە مایەی ئەوەی ئەو شـەریکانە ببێتـە مایەی مەترسی بۆیان، قانونێك هەیە لە دژی ئەوە عقود نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (رابعاً)ئەوە تەبیعی لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو بۆچوونەی گوایـە دەبێـت موافەقـەتی پەرلـەمانی پـێ بێت، من پێم وایە ئەوە دروست نییە، چونکە باشترە هەر حکومەتی ئیقلیم بڵێین، چونکە ئـەو دەسـەلاَتە ئێمە پەرلەمان لە حکومەتی ئیقلیمی دەگەیەنێ، ئەو دەسەلاَتە دەسەلاَتی پەرلەمانە، بەڵام بەکێی داوە، بـە حکومـەتی ئیقلیمـی داوە، لەبـەر ئـەوە مـن پـێم وایـە ئـەوە دروسـتترە، بەتایبـەتی تـەعاون لـەنێوان دوو حکومەتدا، نەك لەنێوان دوو پەرلەماندا، لەبەر ئەوە ئەوەیان دروسـترە، بەنیسـبەت پێنجەمـەوە مـن پـێم وایە لە جێی خۆیەتی بمێنێتەوە وەکو کاك دکتۆر نوریش شەرحی کردو لەوانەیە لە شوێنی تریش هەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر دیار بوو شتی وا هەیە، ئەو وەختە قانونەکە لێرە ڕێگەی لێ دەگرێت، وەکو کاك فرسەت شەرحی کرد، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە من پـێم وا نییـە لـە جێـی خۆیـەتی هـەردوو هینەکـە بمێنێتـەوە، بـەس وەزیرەکـە بکرێـت بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، یـان حکومـەتی ئیقلیم ببوورن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕەزامەندی وەردەگرێتن حکومەتی بەغدایە عێراق، خۆ حکومەت نایەت لە پەرلەمانەوە وەریگرێت، لە حکومەتەوە وەریدەگرێت، ئەو وەختە حکومەت لێرە مولزەمە ئەگەر چارەنووس بێت، بێت پـرس بـە پەرلەمان بکات، لەبەر ئەوە زۆر لە جێی خۆیەتی، حکومەتی هـەرێم پێویسـتە بێـت پرسـیار بـە پەرلـەمان بکـاتن، حکومـەت لـە جێـی خۆیـەتی، ئەگـەر هـەر بمانـەوێت حکومـەت دەبێـت دەسـەلاَتەکانی کوردسـتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من چ لە رووی پرۆتۆکۆلی، چ لە رووی نیزامی فیدراڵی حکومەت لەگەڵ حکومەت تەعامول دەکات بە حەقیقەت، حکومەتی عێراق نایەت لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان تەعامول بکات، ئەوە یەك.
دوو/ ئیختیصاصاتی خارجی دەسەڵاتی حەسری ئیمکان هەیە پەرلەمانی کوردستان قەراری لێ بدات، ئەوە نەصێکە، لە نەصێکی دەستووری هاتووەو هەمووشمان دەنگمان بۆ داوە بە حەقیقەت، ئەوەش لە زیمنی ئەو دەسەڵاتانەیە، بۆیە من تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم کە کاك ئەدهەمیش ئیشارەتی پێدا وەزیرەکە ببێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە من دەڵێم موافەقەتی پەرلەمانی کوردستان، یەعنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ موافەقەتی پەرلەمان و رەزامەندی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەیکات، من مەبەستم بزەبت ئەوەیە، من دەزانم پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەو شتە ناکات، ئەگەر هاتو حکومەتی هەرێم ویستی بیکات، دەبێت رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان وەربگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە کاك دکتۆر کەمال من لەگەڵ کاك سەردار موتەفیق نیم، ئەو لێدانی بیرێك مەسەلەی مەسیری نییە، لەبەر ئەوە پەرلەمان لە مەسەلەی مەسیریدا، ئەوە مەسیری مەسەلەیەکی ئیدارەیە، حکومەت پێی هەڵدەستێتن، منیش لەگەڵ ئەو رەئیانەم کە حکومەت هینی بکاتن، مەسیری ئەوەیە ماددەی 140 بگۆڕین، هێڕش بێتە سەر ئێرە، بڕیاردان لەسەر فیدراڵیەتە، بڕیاردان لەسەر مەسائیلی جەوهەریە کە پەیوەندیان هەیە، ئەمە قورساییەك دەخاتە سەر ئیش و کاری رۆژانەی، ئێمە لێرە دەڵێین نابێت بیکات، ئەگەر کردی، ئەو حکومەتە حکومەتی خۆمانە، دەبێت موافەقەتی وەزیرەکە نابێت موختەس بێتن بەو ئیشە، موخەوەلین، حکومەت ئەگەر کردی، حکومەتمان هەیە دەتوانێت رایبگرێت، دەیەوێت بێتە پەرلەمانیش، مەسەلەن لە مەخموور سبەینێ ویستیان هین بێنن، حکومەت دەتوانێت مەنیعی بکاتن، قەرار بدات مەنعی بکاتن، من پێم وایە لێرەدا حکومەت زۆر لە جێی خۆیدا هاتووە، تەبعەن ئەگەر پەرلەمان بێتن شەخصیەتر و بەقوەتترە، بەڵام رۆتینێکی زۆرە، یەعنی ئەوەندە موجیبیش نییە، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لە سەد تەئیدی ڕەئی جەنابت دەکەم، کە دەڵێیت نابێت بکرێت، تۆ ڕێت لێ گرتووە، ئەگەر ئەو سەلاحیەتەمان دا بە حکومەتی ئیقلیمی، حکومەتی ئیقلیم دەزانێ ئەو بڕیارە لە پەرلەمان دەرچووەو تۆ ڕێت لێ گرتووە، تۆماتیکیەن ناتوانێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆتان دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدان، جگە لەوەی دوو غەڵەتی قەواعیدی هەبوو، کە چاك کرایەوە، وەزیرەکە دەبێتە حکومەتی ئیقلیم، بڕگەی چوارو پێنج تەوحید دەبێت بەو شێوەیەی خوارەوە، پاشی نیهایەتی خاڵی چوار (وخلاف ذلك فان العمليات النفطية الجديدة في المناطق المتنازع عليها التي تقرر الحاقها بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي يتم التعامل مع تلك النشاطات في ضوء أحكام هذا القانون والمادة 112 أولا وثانيا من الدستور الاتحادي)، ئەوەی من خوێندمەوە ڕاسترە، جەنابی وەزیر بزانم تۆ ڕەئیت چیە، پێش ئەوەی ماددەکە حەسم بکەین، خیلاف لەسەر ئەوە هەبوو پەرلەمان بێتن، یان حکومەت بێت، ئەگەر دەڵێن دەیخەمە دەنگدانەوە، پێشنیاری یەکەم کە کاك شێروان هینی کرد وەزیرەکە بکرێتە حکومەتی هەرێم، دواییش پێشنیارێکی تر هەبوو پەرلەمان، یەکەم جار حکومەتەکە دەخەمە دەنگدانەوە، با بیخوێنمەوە (رابعاً: على الحكومة الاتحادية أن لا تمارس أية عمليات نفطية جديدة في المناطق المتنازع عليها دون موافقة حكومة الاقليم )، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییەو لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە ئەوە بووە حکومەتی ئیقلیم، چونکە ئیختیاری لەسەر هەبوو، دوو، سێ کەس باسی پەرلەمانی کرد، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن کە دەڵێت حکومەتی ئیقلیم، ئێمە دەزانین حکومەت لە مەجلیسی وزەرا پێکهاتووە، لە پەرلەمان پێکهاتووە، یەعنی مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دەڵێت حکومەتی ئیقلیم، یاخود مەجلیسی وزەرا بۆ مەجلیسی وزەرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مەجلیسی وزەرا دەگەیەنێت، هەندێ جار مەجلیسی وزەرا دەگەیەنێت، هەندێ جار هەرسێکیان دەگەیەنێت، لێرە مەجلیسی وزەرا دەگەیەنێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکمان هەیە بۆ ئەم فەقەرەیە (اذا تعاقدت الحكومة الاتحادية حول اية نشاطات جديدة خاصة في العمليات النفطية في المناطق المتنازع عليها التي تقرر اعادة الحاقها بالاقليم بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي مخالفاً لاحكام الفقرة الرابعة من هذه المادة تعتبر باطلاً)، ئێمە دەمانەوێت بیوەستێنین عەقدی تازە نەکەن، نەشاتاتی تازە نەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین بڵێین باتڵە، خۆی پێشنیاری جەنابی وەزیر ئەوەیە فەقەرەیەکی تایبەت بمێنێتن، ئەگەر فەقەرەی تایبەت بمێنێتن، بۆ ئەوەی تەوزیح بێت زیاتر، دەگەڕێمەوە سەر پێشنیاری یەکەم ئەگەر پێتان باش بێت، ئەویش ئەوەیە فەقەرە چوارەکە وەکو خۆی بمێنێتن کەخوێندمانەوەو دەنگیشماندا لەسەری وەزیرەکە ببێتە حکومەتی ئیقلیم، پێنجەم وەك خۆی، بەڵام بیدایەتەکەی (اذا تبين) لاببەین (ان اية نشاطات خاصة بالعمليات النفطية في المناطق المتنازع عليها التي تقرر اعادة الحاقها بالاقليم بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي يتم التعاون مع تلك النشاطات في ضوء احكام هذا القانون والمادة 112 اولاً وثانياً من الدستور الاتحادي)، فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بیدایەت گوتمان فەقەرەی چوار مە گۆتی نابێت شەرتمان داناوە، پێنج تەسهیلە وەکو کاك عوسمان گوتی، جەنابی وەزیرو دکتۆر کەماڵ تەئیدی ئەو مەوزوعەیان کرد، کو فەقەرەی پێنج نەمێنێت، پێشنیارێکی نوێ هات باشترەو رەئی منیش ئەوەیە هەر نەمێنێت باشترە، مەوزوعی تەعامول ئەگەر بوو، ئەو کاتە خۆمان ماددەی 112 هەر لەبەر دەستی ئێمەیە، دەتوانیت هەموو جار بەکاری بێنێت، بەڵام ئەو تەسهیلە نەدەین باشترە، قانونیەن وابزانم نیزامیترە، ئەو پێشنیارە نوێیە کە نەما ئەو بێتە تەصویت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل ئەو برگەی پێنجە، راستە پێشنیارێك هەیە دەڵێت لایبەن، بەڵام ئەو برگە پێنجە تەنبیهە بۆ ئەوەی ئەگەر کردیان وشیار بن، دوایێش کە هاتینە سەر ئیلتیزاماتی، ئەو جێ بەجێ کردنە نادەین، بۆ خۆمان دەیبەین، حەقی خۆمانە، چونکە ئیمزامان کردووە، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی پارەیان سەرف کردووە، بیریان لێداوە، عقودیان کردووە، ئەوانە موڵکیەتی بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە، مەرجمان لەگەڵ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارەکە کە دەڵێت (خامساً) ئیلغا بکرێتن، دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موعالەجەی ئەوەی کردووە دەڵێت (في حالة اقرار المواطنين المناطق المتنازع عليها لان تلك المناطق هي جزء من الاقليم، يجوز للوزير ان يقرر بأن اية اتفاقية مذكورة في الفقرة الثانية من هذه المادة تعتبر باطلاً، اذا لم

تكن مقرونة بموافقة مسبقة من الوزير)، ئەوە موعالەجەی ئەو مەوزوعە دەكات، ماددەی (42) فەقەرەی سێیەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە ئەوە لەویَ دەڵێت باتڵە، ئێمە دەڵێین هەموو ئەوانە بەپێی ماددەكە بۆ موڵكیەتی خۆمان دەگەڕێتەوە، جیاوازی هەیە، لەویَ دەڵێت ئەو ئیتیفاقیەی كراوە باتڵە، خۆ حەسمی ئەوە ناكاتن، لێرە دەڵێتن ئەگەر شتی وای كرد تەنبیهێكە، ئێمە تەعامولی لەگەڵ دەكەین بەو قانونە، ئەو قانونە موڵكیەت بۆ خۆمان دەگەڕێتەوە بەپێی ماددەی 112، فەرموو كاك ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەر تەئید بۆ ئەوەی جەنابت دیسان تەئكید دەكەمەوە، ئەمە ئینزار كردن و ریَ گرتنە، نابێت ئەو شتە بكرێتن، بۆیە زۆر زۆر زەرورییە بمێنێتەوە، بەلاَم ئەوەی جەنابت وەكو موبهەم دەمێنێتەوە، یەعنی ئەو نەشاتە لە لایەن كێوە دەكرێت، تەئكید بكرێتەوە باشترە، بڵێن (اية نشاطات خاصة بالعمليات النفطية من قبل الحكومة الاتحادية في المناطق المتنازع عليها)، یەعنی جەنابت حكومەتەكەت نەگوتووە (الحكومة الاتحادية)، جا ئایا موبهەم بمێنێت باشترە، یان بڵێین (من قبل الحكومة الاتحادية)، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا بۆ ئەوەی هین بێتن، دەڵێین (خامساً: ان اية نشاطات خلافاً للفقرة الرابعة من هذه المادة خاصة بالعمليات النفطية في المناطق المتنازع عليها التي تقرر اعادة الحاقها بالاقليم بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي يتم التعاون مع تلك النشاطات في ضوء احكام هذا القانون والمادة 112 اولاً وثانياً من الدستور الاتحادي)، ئەو ماددەیە بەو تەعدیلاتەی كە باسمان كرد دەیخەمە دەنگدانەوە، كیَ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كیَ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدەم: تاوەكو مەرجەكانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایەدا بە تەواوەتی جێبەجیَ دەكریَ، حكومەتی هەرێم مافەكانی بەپێی ماددەكانی 112، 115و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (121)ی دەستوری فیدراڵیدا بەڕێوە دەبات، داهاتەكان لەلایەن سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان بەپێی ماددەی سێزدەمی ئەم یاسایە وەردەگیریَ.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة عشرة: لحين تنفيذ الشروط الواردة في المادة الثامنة عشرة من هذا القانون كاملة، تتولى حكومة الاقليم ممارسة حقوقها حسب المادة 112،115 والفقرة/ ثالثا من المادة 121 من الدستور الاتحادي، وتستلم العائدات من قبل صندوق كوردستان للعائدات النفطية وفق المادة الثالثة عشرة من هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك ئارێز.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێزدەم گۆڕاوە ژمارەکەی هەر بۆ ئاگاداری، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە لە ئەسڵی پرۆژەکەیە، گوتمان تەسەلسولەکە دوایی تەئکید دەکەینەوە، کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی لە ماددەی هەژدە هاتووە، راستە شروتە، بەلاَم بەحەقیقەت ئەگەر بە قانونیت دەوێت خۆی فەقەرات و بنودە، پێم وایە کەلیمەی شروت زۆر قانونی نییە، بڵێین (لحين تنفيذ بنود الفقرات الواردة في المادة الثامنة عشرة من هذا القانون)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی قانونی رەئیتان چیە، هەرچەندە (لحين تنفيذ الفقرات الواردة)، خۆ خراپ نییە، چی تێدایە، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەژدە خۆی شروتە، نووسراوە شروت، دەبێت ئەویش موتابیق بێت لەگەڵیان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەزیر ئیشارەتی پێدا لە بیدایەتی ماددەکە هاتووە (وفق الشروط التالية)، واتا بۆ صیاغەی قانونی و نەسەقی عیبارات شروتەکە بمێنێتەوە جوانترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە، دوایێ پێنجەم تەنفیز ناکرێت مەسەلەن، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی لە فەقەرەی جیا بکەینەوە بە رەقم بنووسرێت، نەك بە نووسین، مادام شروتە، بۆ ئەوەی وەکو فەقەرە دیار نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆزدە دەخەمە دەنگدانەوە وەکو خۆی، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی هەشتەم

مۆڵەتەکان

دابەشکردنی زەوی و زار بۆ چەند پارچەیەك

ماددەی بیستەم: بۆ مەبەستی ئەم یاسایە هەرێم دابەش دەکرێت، یان هەندێ لە بەشەکانی بۆ چەند پارچەیەك لە زەوی، هەر پارچەیەك بە سیستەمی ئەحداسیاتی چوارجای جیهانی و سیستەمی ئەحداسیاتی گۆیی (جوگرافی) دیاری دەکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثامن

الاجازات

تقسيم الاراضي الى رقع

المادة العشرون:

لأغراض هذا القانون، يقسم الأقليم، أو بعض أجزائه الى رقع من الأراضي، وتحدد كل رقعة بنظام الأحداثيات التربيعي العالمي ونظام الأحداثيات الكروي (الجغرافي).

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی بیستەمی پرۆژەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەش بەحاڵی خۆم لێی تێناگەم، داواكارم جەنابی وەزیر ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مانای ئەوەیە هەر یەك لەمانە پارچەیەكە، روقعەی پێ دەڵێن، نەوتەكە هی عالەمیەو، كە دەیدەیت بە مقاولێك تەحدیدی دەكەیت بەو نوفتانە، ئیتر ئەو نوفتە ئەوەو ئەوەیە، ئینجا هەر كەسێك بچێت ئەوە رەسم بكات لەسەر خەریتە بزەبت دەزانێ كێندەرە، لەوێ كردوومانە، دەڵێت بەو شێوەیە تۆ عەقد دەكەیت، ناڵێت بچۆ بۆ كەركووك ئیش بكە، دەبێت بكرێتە پارچە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە كە لیژنەی یاسایی پشتگیری لێ كردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، لێرەدا دێینە كۆتایی دانیشتنەكەمان، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی شەمە، سەعات دەی بەیانی رۆژی شەمە، چونكە دەزانم زۆربەتان دەتانەوێت خاڵەكانی دووەم و سێیەمی بەرنامەی كار تەئجیل بكەن، ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە، با دەو نیو بێتن، كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین دەستتان خۆش.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6)ی نائاسایی**

**شەممە رێكەوتی 4\8\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (6)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی 2007/8/4

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/8/4 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژماره (6)ی نائاسایی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەکە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەکە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە ڕێکەوتی 2007/8/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێزان کاك واجید و کاك سیروان دەکەم، کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتوون لەگەڵمان بەشدارن بەخێر بێن سەرچاو، خاڵێ یەکەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای

نەوت لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنـەی یاسایی دەکـەم بێنـە جێگـای خۆیـان دانیشـن، بـۆ جـێ بـەجێ کردنی ئـەم یاسـایە، هـەر دەبوایـە دانیشـتنی پێـرێ پیرۆزبـایی گـەرم لـە بـرا ئێزیدیـەکان بکـەین بەبۆنـەی جـەژنی هاوینـەیان بـە گـەرمی پیرۆزباییـان لـێ دەکـەین و ئومێـدەوارین کـە هـەموو سـاڵێك بەخۆشـی و سـەرفرازی بـەرێوەی ببـەن لـە سـایەی کـوردو ئازادییـەکی دیموکراتـدا هـەموو مافـەکانیان دابـین بکـرێتن، پەرلەمان لە هیچ مافێك لاناداتن، نەك هەر هی ئێزیدیان، بەڵکو هـی تاکەیـەکیش، وابـزانم ئێمـە تـا ئێسـتا بیست ماددەمان تەواو کردووە، دەچینە ماددەی بیست و یەك لە ئەسڵی پرۆژەکە، فـەرموو کـاك کـەریم بـۆ خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مۆڵەتی بەدوا گەڕان

ماددەی بیستویەکەم:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی بەدوا گەڕان بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ کەسێك، یان کۆمەڵێ کەس بدات.

دووەم:

أ- هەڵگری مۆڵەتی بەدوا گەڕان مافی ئەوەی هەیە رووپێو کردنی جیۆلۆژی و جیۆفیزیایی و جیۆکیمیاویی ئەنجام بدات، هەروەها رووپێو کردنی جیۆتەکنیکی لە چوارچێوەی ناوچەی مۆڵەت.

ب- داوا لە کەسی رێپێدراو خاوەن مۆڵەت دەکرێ، کە راپۆرتەکانی دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی لە بەدوا گەڕان بەدەستی هێناوەو ئەنجامەکانی پێشکەش بکات، لەگەڵ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانە.

ج- مۆڵەتی بەدوا گەڕان مافی هەڵکەندن و هەر تایبەتکاریەکی زێدەی دیکە بە هەڵگرەکەی نادات بۆ ئەوەی ببێتە گرێبەستێکی نەوتی.

سێیەم:

أ- هەڵگری مۆڵەتی بەدوا گەڕان بۆی هەیە کۆتایی بە مۆڵەتەکەی بهێنێ، بە مەرجێك بە نووسراو ئاگاداری پێشکەش بە وەزیر بکات دوای ئەوەی ئەو کەسە رێپێدراوە هەموو پابەندیەکانی لە چوارچێوەی مۆڵەتەکە جێبەجێ کرد بێت.

ب- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێتەوە دوای ئەوەی بە نووسـراو ئاگـادار کردنەوەیـەکی ئاراسـتەی هەڵگرەکەی بکات، ئەگەر بە مەرجەکانی مۆڵەتی بەدوا گەڕان پابەند نەبوو بێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

إجازة التنقيب

المادة الحادية والعشرون:

أولاً: للوزير منح اجازة التنقيب لمنطقة محددة الى شخص أو مجموعة أشخاص.

ثانياً:

أ- يحق لحامل اجازة التنقيب القيام بالمسوحات الجيولوجية والجيوفيزيائية والجيوكيميائية والمسوحات الجيوتكتيكية ضمن منطقة الأجازة.

ب- يتطلب من الشخص المخول حامل الاجازة تقديم تقارير عن التقدم الحاصل في مراحل التنقيب ونتائجه مع الاحتفاظ بسرية تلك المعلومات.

ت- لا تمنح اجازة التنقيب حاملها حق الحفر او اية امتيازات اضافية لكي تكون عقداً نفطيا.

ثالثاً:

أ- يجوز لحامل اجازة التنقيب ان ينهي إجازته على أن يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزير بعد أنجاز الشخص المخول جميع التزاماته ضمن اطار الاجازة.

ب- للوزير ألغاء الأجازة بعد توجيه إشعار مكتوب الى حاملها إذا لم يلتزم بشروط اجازة التنقيب

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە تۆزێك جانبی فەنی تێدایە، وەكو ماددەكانی تر لە زۆر شوێندا، كە وەزیر هاتووە گۆڕیمانە بە وەزارەت، من داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم تۆزێك بۆمان شەرح بكاتن، ئەگەر بكرێتن مەسەلەی ئیجازەی عەقدی نەفتیەكە لای منیش و رەنگە لای ئێوەش روون نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە باسی ئیجازە دەكات، ئیلتیزام نادات بە موقاول هەر بۆ مەسوحاتی جیۆلۆجی و ئەو شتانەیە، ئێمە سێ پێشنیارمان هەیە بۆ ئەوە (اولاً/ للوزير بعد حصول موافقة المجلس الاقليمي) ئیزافەی بكەین، (ثانياً/ ب- يتطلب من) بیكەین بە (على) وابزانم راسترە لە ناحیەی قەواعیدیەوە، (ثالثاً/ ب- للوزير ألغاء الأجازة) ببێت بە (للوزير بعد حصول موافقة المجلس الاقليم)، وابزانم باقیەكەی ئاشكرایە، ئیجازات لەنێوان موقاول و حكومەتدا چۆن ئیجازە وەردەگرێت، چۆن ئیشەكە وەردەگرێت، بەلأم هەمووی موسحاتە ئیلتیزامی نەداوە بە موقاولەكە بە عەقد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە پێشنیاری وەزیر ئەوەیە دەڵێت دەسەڵاتەكە لای وەزیر بمێنێتن پاش وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی هەرێم لە یەكەمدا، لە شوێنێكی تریشدا كە هاتووە (للوزير الغاء الاجازة) بەهەمان شێوە، لە دووەم فەقەرەی (ب - يتطلب من) ببێتە (على الشخص المخول)، كەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە، ناوتان دەنووسم، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم (أ) لە ماددەی بیست و یەك كە باسی مسوحات دەكات، ئەگەر بـە موتڵـەقی بێـت پێم باشترە، مسوحاتەكان نەژمێردرێن باشترە، واتا ژمارەكەو جۆرەكـەی دیـاری نـەكرێت باشـترە، لـە (ب)ش كە باسی تەقدم و حاصلی تەنقیب دەكات، بكرێتە مەراحیلی تەنقیب، ئەگەر جەنابی وەزیر زیاتر شارەزایە تەنقیب لە چ مەراحیلێك دەكرێت، نەك تەقدومی حاصل لە تەنقیب، مەراحیلی تەنقیب و نەتائیجـەكانی، بڕگەی (ت)ش تۆزێك صیاغەكەی بگۆڕێ ئیجازەی تەنقیب بێتە پێشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی سێیەم فەقەرە (أ- یجوز لحامـل اجـازة التنقیـب ان ینهـي إجازتـه علـى أن یقـدم اشـعارا مكتوبـا الى الوزیر)، من ئەمە تێی ناگەم، یەعنی ئەگەر نیهایەت هێنان بێت بەمانای تەواو بوونی ئیشـەكە بێـت، ئـەوە دوو شتی ئیجاز نییە، قانونە، ئەمە بە (یجب) دێت زیاتر، چونكە بـاس لـە عەقـد دەكرێـت، وجـوبی زیـاترە لەوەی جەواز بێـت، ئەگـەر هینـیش بێـت چـۆن دەبێـت، یـەعنی ئیلتیزامـات هەیـە لـە عەقدەكـە، مـەفروزە بەپێی ئیلتیزاماتی ناو عەقدەكە بێت، نەك مەجازی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە جەنابی وەزیر دوو، سـێ مولاحـەزەی دا، ئـەوەی جەنابیشـت لـە یەكـەم وەزیـر بكرێتـە وەزارەت دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی هەرێم، لێـرەش لـە دووەم (هـەڵگری مۆڵـەتی بـەدوا گـەڕان مـافی ئـەوەی هەیە رووپێو كردنی جیۆلۆژی و جیۆفیزیایی) هەبێت، هەرچەندە لە بڕگـەی سـێیەم خـاڵێكی تـر هـاتووە، بەلاَم لێرەدا وای لێكردووە، كە تەنیا بۆی هەیە هەڵگری مۆڵەتی بـەدوا گـەڕان مـافی ئـەوەی هەیـە رووپێـو كردنی جیۆلۆژی و جیۆفیزیـایی وجیۆكیمیـاویی ئـەنجام بـدات، هـەروەها رووپێـو كردنـی جیوتـەكنیكی لـە چوارچێوەی ناوچەی مۆڵەت، تەنیا بە مەبەستی بەدوا داگەڕانی نەوت، رەنگە كاتێك كە ئـەو شـتانە دەكـات ماددەی تری تێدا بدۆزرێتەوە، یەعنی تەنیا مەبەستەكەی بنووسرێتن، بە مەبەستی نەوت، ئەوە یەك.

لە بڕگەی سێش/ وەزیر بـۆی هەیـە مۆڵەتەكـە هەڵبوەشـێنێتەوە، دیـارە وا باشـترە دوای ئاگـادار كردنـەوەی ئەنجومەنی هەرێم بۆی هەبێت مۆڵەتەكە هەڵبوەشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با جەنابی وەزیر بۆمان شەرح بكات، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە دەڵێت (بعد أنجاز الشخص المخول جميع التزاماته ضمن اطار الاجازة)، ئینجا ئەوە ئیجازە بۆچی بۆ ئەنجومەن، ئەوە حەقی وەزیرە، بەڕاستی دەبێت ئەوە بمێنێت، ئەگەرنا هەموو جار را دەکەیت بۆ مەجلیس، ئەوە نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەوها بڵێت (على حامل إجازة التنقيب اشعار الوزارة بانجاز الشخص المخول جميع التزاماته المحددة ضمن الاجازة)، ئاگاداری وەزارەت بکات، یەعنی عەرەبیەکەی پێشنارەکە وایە کاك فرسەت صیغەیەکی نووسیووە (على حامل إجازة التنقيب اشعار الوزارة بانجازە جميع التزاماته المحددة ضمن الاجازة)، ئەوە باشە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، کە بەدانانی کردنی بە وەزارەت و کە مەجلیسی هەرێم بەشداری دەکات تیایدا، پاشی موافەقەت وەرگرتنی ئەو، بەڵام پرسیارێکم لێرە هەیە دەست نیشانی ئەوە دەکات کە شەخص، یان مەجموعە ئەشخاص، تەبعەن لێرە لە تەعریفی بیدایە شەخصی دیاری کردووە تەبیعی و مەعنەوییە، بەس ئەگەر بێتو شەریکە بێت باشتر نییە، چونکە قانونی شەریکات دەیگرێتەوە لەوەی کە شەخصێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیەکم هەیە لە جەلسەی پێشوو (EITI) باس کرا شمولی ئێرەش دەکات شەفافیەت، من لە راپۆرتەکەم پرەنسیپەکەی تیایە حەزم کردووە، ئەگەر سەرۆکایەتی بفەرموویێت لێم قەبول بکات، بۆ ئەوەی مەعلوماتی تەواوی لەسەر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی قسەکانم کرا، یەك مولاحەزەم ماوە، بڕگەی دوو لە (ب) ئایا کە دەڵێت داوا لە کەسی رێپێدراو خاوەن مۆڵەت دەکرێت، کە راپۆرتەکانی دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی لە مەیدانی پشکنین بەدەستی هێناوەو ئامانجەکانی پێشکەش بکات لەگەڵ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانە، ئەو داوایە ئیلزامی دەکات پێشکەشی بکات، یان بیگۆڕین بە دەبێت راپۆرت پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە یەك پێشنیاری ئەوە دەکەم فەترەکە دیار بێت، یەعنی ئەو ئیجازەی تەنقیب کە دەڵێت (لمنطقة محددة) ئیزافەی بکەین (ولفترة محددة)، لەبەر ئەوەی لەو فەقەرەیەی بە موتڵەقی هاتووە، مەترسی ئەوەم هەیە ئەو شەریکاتانەی کە دێن ئەو تەنقیبەی دەکەن چەندینساڵ بمێننەوە لەسەر ئەو مەنتیقە، ئەوە شتێکی خراپە، هەم پشتگیری تەواوی خۆم لە پێشنیارەکانی جەنابی وەزیر دەکەم بەو ئیزافەوە، کەواتە ئەوهای لێ بێت (اولاً/ للوزارة منح اجازة التنقيب لمنطقة محددة ولفترة محددة، إلى شخص أو مجموعة أشخاص بعد موافقة المجلس الاقليمي)، وەکو جەنابی وەزیر باسی کردو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام ئەوە کاك سەردار لە عەقدەکە دەنووسرێت، یەعنی ئەگەر لەوێش نەنووسرێت ئەو قانونە، هەر عەقدێك مودەکەی موحەددەدە، ڕەئی جەنابی وەزیر چیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناتوانین هەموو شتێك بەدرێژی لە قانوندا بکەین، چونکە عەقدی ئیجازە تەقریبەن پەنجا، شەست سەد کوڕەیە، ئەمە یەعنی چوارچێوەی قانونەکەیە، ئیتر چۆن تەعامول دەکەیت لەگەڵ موقاولدا، کە بچینە ئەو تەفاسیلانە یەعنی تەعقید دەکرێت، لە عەقدەکە خۆی دەچێت مەجلیسی ئیقلیم موافەقەی لەسەر دەکات، ئەو تەفاسیلانە لە عەقدەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکانی وەزیر دەکەم، بۆ ئەو ئیزافاتانەی کە کردی، هاوڕاشم لەگەڵ کاك دلێر کە دەڵێت (شخص او مجموعە اشخاص)، چونکە ئێمە لە بیدایەتەوە تەعریفی ئەوەمان کردووە کە شەخصی موخەوەل کێیە، شەخصێکە، یان مەجموعە ئەشخاصێکە، وەکو بڵێین شەریکەیەك دەبێت، ئەوە لێرە ئەو (شخص او مجموعە اشخاص) بکرێتە بە شەخصی موخەوەل، هەروەها زۆر زۆر هاوڕام لەگەڵ ڕەئی کاك سەردار کە دەڵێت فەترە موحەددەدە لە قازانجی خۆمانە، ئێمە کە کاتێك لێرەدا بەڕێز وەزیر دەڵێت چۆن ئەو هەموو تەفاسیلەی تیا دەنووسرێت، ئەی چۆن تەفاسیلی ئەوەی تیا دەنووسرێت دەڵێت (تقديم تقارير

عن التقدم الحاصل في مراحل التنقيب ونتائجه مع الاحتفاظ بسرية تلك المعلومات)، ئەی ئـەوەش تەفاسـیلی ورد نییە، قەی چ دەکات ئەگەر بڵێین با تەحدیدی فەترەکەش بکرێت، بۆ ئەوەی ئەرزەکان قـۆرخ نـەکرێت لە لایەن شـەریکەکانەوەو کـەم تەرخـەم بکرێـت، راسـتە ئێمـە هەسـت دەکـەین ئـەم عەقدانـە دەچـێتە بـەر دەستی مەجلیسی ئیقلیم بۆ کاروباری نەوت و غاز سـیقەشمان پـێی هەیـە، بـەلاّم وەکـو پاڵپشـتێك، خـاڵێکی تریشم هەیە، کە دەڵێت (تقديم تقارير عن التقدم الحاصل في مراحل التنقيب ونتائجه مع الاحتفاظ بسرية تلك المعلومات)، مەبەستی سریەتی مەعلوماتەکەیە بۆ وەزارەت، یاخود نەیدات بە لایـەنی تـر، بـەس ئەگـەر جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم لە جیاتی (للوزير) لەفەقـەرەی یەکـەم لـە مـاددەی بیست و یـەکی مەشـروعەکە ببێتـە (لمجلس الاقليم)، هەتا نەسەقی تەشریعی جوان بێت لە هەموو قانونەکە.

دووەمین/ مودەك تەحدید بکرێت، مەعقول نییە ئیجازەی تەنقیب بدرێت بـەردەوام بێـت لـە داوا کردنـی، پشتگیری رەئی کاك سەردار و سۆزان خان دەکەم، پێشنیاز دەکەم مودەکە لـە سـاڵێك زیـاتر نـەبێت، چونکە ئـەو رۆژە جـەنابی وەزیـر لـە لیژنـەی قـانونی بۆمـانی تـەوزیح کـرد ئیجـازەی تـەنقیب وەزعێکـە ناگاتـە مەرحەلەی عەقد، هەتا کارەکان تەواو دەبێت، تـاکو مەوزوعەکـە فـراوان نـەبێت و بـەردەوام لـە ئـیش دوو، سێ ساڵ بلێ ئەوە تەنقیبی دەکەم، ئەگەر مودەکی موحەدەدی بۆ دابنرێـت، ئـەوە بـە شـتێکی باشـی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی کاك عەونی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن باسەکە باسی مۆڵەتی پشکنینە، هەر چەندە قانونەکە بۆ خۆی باسـی نـەوت و غـازە، بـەلاّم دیقـەت تێدا کردنی ئێستا جێی خۆیەتی، چونکە بەڕاستی ئێمە یەکەم جارمانە لە هەرێمی کوردستان باسی شتێکی

وا گرنگ و موهیم دەكەینن كە تايبەتە بە ئێستاو ئایندەی ولأتەكەمان، بۆیە ئیجازەكە كە گوتراوە (للوزیر منح اجازة التنقيب)، منیش هەروا وەكو كاك عەونی فەرمووی مەجلیسەكە ئیجازەكە بدات، ئەوە زەرورە، خالێكی تر دەربارەی دووەم پشكنینەكە كە دەلێت (هەلگری مۆلەتی پشكنین مافی ئەوەی هەیە نمونەی جیۆلۆژی و جیۆفیزیایی و جیۆكیمیاویی وەرگرێ و هەروەها نموونەی جیوتەكنیكی لە چوارچێوەی ناوچەی مۆلەتەكە)، خۆ راستە هەرچی بگوترێت باسی بیری نەوت و گازە، بەلأم وەكو پرسیار دەلێم زەرور نییە وەكو تەئكیدێك بكرێتەوە، یەعنی تەئكیدێك بۆ باسی بیری نەوت و گازەكەدا تەئكید بكرێتەوە، هەرچەندە جەنابی وەزیر ئیختیصاصی خۆیەتی دەزانی، نموونەی ئەو باسانەی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی و جیۆكیمیایی، ئیحتیمالە نموونە وەرگرتنی ئەوانە غەیری نەوت و گاز شتی تر هەبێت، كە ئیحتیمالە بۆ ئایندەی هەرێمی كوردستان زەرور نەبێت بە شەریكات بدرێت بە ئارەزووی خۆیان نموونەی شتەكان وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی بیست و یەك بڕگەی یەكەم عەرەبیەكەی، منیش پێم وایە جەنابی وەزیر خۆی پێشنیاری كرد (للوزير منح اجازة التنقيب بعد موافقة المجلس الاقليمي) ئەوە باشترە، راستە دەسەلأتی مەجلیسی ئیقلیمە، بەلأم ئەو دەسەلأتە لە لایەن وەزیرەوە جێ بەجێ بكرێت باشترە، چونكە ئەمە مەسائیلی تەنفیزی تێدا هەیە، یەعنی ئەوەی خۆی پێشنیاری كرد من پێم وایە شتێكی زۆر باشە، من لەگەڵ ئەو رایەشم (لمنطقة محددة ولمدة محددة)ش دیاری بكرێت، هیچ زەرەرێكی تێدا نییە، هەرچەندە عادەتەن لە هەموو عقودێكدا وەخت دیاری دەكرێت، بەلأم ئەمە عەقد نییە، گوتمان ئیجازەی تەنقیبە، ئەگەر كاتەكەش دیاری بكرێت، پێم وایە زەرەری تێدا نییە.

لە (ثانياً) وشەیەك دووبارە بۆتەوە (والمسوحات الجيوتكنيكية)، من پێم وایە ئەو مسوحاتە لابدرێت هەر بنووسرێت (يحق لحامل اجازة التنقيب القيام بالمسوحات الجيولوجية والجيوفيزيائية والجيوكيميائية والجيوتكنيكية) (ضمن منطقة الأجازة) لێرە شەرح نەكراوە بەوشێوەیە، باشترە بنووسرێت (ضمن المنطقة المحددة له في الأجازة)، یەعنی ئەو وەختە وزوحی زیاتر دەبێت، یەعنی بلێین (ضمن المنطقة المحددة له في الأجازة)، بەنیسبەت (ب) منیش لەگەڵ ئەوەم (التقدم الحاصل في التنقيب)، بكرێت (التقدم الحاصل في المراحل التنقيب)، ئەوە زەرورییەو وزوحی زیاترە، بەنیسبەت (ثالثاً/أ- يجوز لحامل اجازة التنقيب ان ينهي إجازته على أن يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزير)، باشترە بنووسرێت (الى مجلس الاقليم)، چونكە خۆی ئۆتۆماتیكیەن هەر دەبێت بچێتەوە بۆ مەجلیسی ئیقلیم ئەو ئیشعارە، (ب)كەشی وەكو جەنابی وەزیر خۆی فەرمووی (للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي ألغاء الأجازة..........)، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی قسەکانی کاك دلێر دەکەم لەسەر شەریکات، هەروەها کاك سەردارو هاوڕێیەکانی تر باسی تەمدیدی وەقت کری، لەگەڵ ئەوەمە فیعلەن ساڵێك بێتن، مومکینە قابیلە تەمدید هەبێت، بەتایبەتی لە هەندێك ماددەی تر هەیە دەڵێت (عند انتهاء مدة الاجازة)، لە هەندێ ماددەی تر هەیە دەڵێتن (قبل انتهاء مدة الاجازة)، واتا لە قانونەکەدا هەیە، ئەوە باشترە، چونکە مومکینە مودەکە ببێتە دە ساڵ زۆر درێژ بێتن لە خزمەتی ئێمەدا نەبێتن، برگەی (ب- تقدیم تقاریر)، پێویستە تەحدید بێتن بۆ کوێ ئەو تەقدیمی تەقاریرە دەبێتن، بۆ وەزارەتە، یان بۆ ئەنجومەنی نەفتە، ئەو خاڵەی تر کە لەگەڵ (مع الاحتفاظ بسریة تلك المعلومات)، لەو قانونەدا هیچ بەندێك نییە مولاحەقەی قەزائی بۆ شەریکات بێتن، یان بۆ موقاولەکان بێتن، لێرە ئەگەر ئەو ئەسرارە ببەن، چ رەدعێك هەیە، چۆن حیسابت لەگەڵ دەکەن، تەبعەن لێرەش ئیلغای عەقد دەبێتن، مومکینە لە مەرحەلەیەکی درێژ بێتن ئیلحاقی زەرەری کرد بێتن، لێرەش هەر ئیش نییە، بەس تەنها ئیلغای عەقدە، رەنگە ساڵێکی تەواو کرد بێتن لەسەر ئیجازەکەی ئیلحاقی زەرەری کرد بێتن، چ لە خەلك، یان چ لە حکومەت، مومکینە شتێك هەبێتن، چۆن موعالەجەی ئەو زەرەرە دەکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی بیست و یەك ئەوەلەن (للوزیر) وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی، بۆ وەزیر هەیە دوای وەرگرتنی موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیم ئەمە دروستترە بۆ تەحدیدی وەقتەکە، زۆر زەرور نییە لێرە، چونکە ئەوان دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەبن عەرز نەوتت بۆ بدۆزێتەوە، ئیحتیمالە زۆر نزیك بووە لە دۆزینەوەی نەوتەکە، ئەو بتوانێت تەمدیدی بکات لە وەقتەکە، بۆ ئەوەی بەپێی ئیتیفاقەی مەجلیسی ئیقلیم بیکات لەگەڵی، لەبەر ئەوە لە ساڵحی ئێمە نییە، ئەگەر بڵێین مەسەلەن دوو ساڵ، دوو ساڵەکە تەواو بوو نەتائیجێکی بە دەست نەکەوتووە، بۆیە ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلاَم فەقەرەی سێ (ب) ئەویش (للوزیر) عەینەن بکرێتە (للوزیر بموافقة المجلس الاقلیمي ألغاء الأجازة)، چونکە ئەگەر هەر شتێك، هەر موراجیعێك، هەر موقاولێك خۆی بڕوات موراجەعەتی مەجلیسی ئیقلیم بکات، ئەوجا مەجلیسی ئیقلیم

هیچی بۆ ناکات، دەبێت دابنیشێتن لەو جوزئییاتەی موقاولەکان مەشغول بێت، ئەوەش مومکین نییە، بۆیە وەزیر لە ئیشەکان لاعیبێکی ئەساسییە، بەڵام موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەیەکم هەیە، بڕوا ناکەم موشکیلە بێت دوای ئەوەلەن بڵێین (لمنطقة محددة ولمدة محددة)، چونکە هەمووی عەقدێکە، کە عەقد دەکەیت دائیم وەقتەکەی دیاری دەکەیت، ئێمە لێرە ناڵێین ساڵێك، یان دوو ساڵ، دەڵێت (لمدة محددة) ئەوە موشکیلە نییە، فەقەرەی (أ) لەجیاتی ئەوەی بڵێ (منطقة الاجازة)، چونکە تەعریفی نەکراوە برادەرێك فەرمووی، دەتوانین بڵێین (المنطقة المحددة)، ئەوە مونەسیقە لەگەڵ فەقەرەی یەکەمدا، لە عەینی فەقەرەی (ب) باسی (بسرية تلك المعلومات) دەکات، قەصدی ئەوەیە ئەو موقاولە ئەو مەعلوماتە بەکار ناهێنێت لەگەڵ خەڵکی تردا، لەلای خۆی دەمێنێت و موشارەکەی ناکات لەگەڵ موقاولی تردا مەسەلەن، هەر ئەوەیە یەعنی سریە لەنێوان حکومەت و نێوان ئەوان، دەتوانین بڵێین (وعدم مشاركة اعمال الاخرين)، بەڵام پێویست ناکات بەڕاستی، لە عەقدەکە ئەو شتانە بە تەفسیلی عادەتەن دەنووسرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس یەك هین دەمێنێت لە مەسەلەی شەریکات پرسیاریان کرد، بڕگەی دووەم (ب- يتطلب من الشخص المخول)، دەڵێن شەریکات بێتن، رەئیت لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی باس لە شەخص و مەجموعە ئەشخاص کرا، پشتگیری بۆچوونەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، خۆی شەریکە شەخصە، بەڵام شەخصێکی مەعنەوییە، سەبارەت بە فەترەی موحەددەدە، یان فەترەی موعەیەن لە ئەوەلەن کە کاك سەردار ئاماژەی پێ کرد، بەڕاستی زەرورییە لێرە باس بکرێتن، مادام موافەقەتی لەسەر کراوە سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەبەر رۆشنایی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز و موافەقەتی پەرلەمان کرا دەخوێنمەوە یەك نوقتە دەمێنێت، ئەوەی کە موافەقەتی کرد، یەکەم مەنحی ئیجازە هی وەزیر ماوە دوایێ باسی دەکەم (لمنطقة محددة ولمدة محددة) ئەوە موافەقەتی کرد، دەکرێت (لمنطقة ولمدة محددة)، ئەوە بۆ ناحیەی لوغەویەکە، لە دووەم (أ) هاتووە (منطقة الاجازة) دەبێتە (ضمن المنطقة المحددة) ، سێیەم (يتطلب)، دەبێتە (على الشخص المخول الحامل الاجازة تقديم تقارير عن التقدم الحاصل في مراحل التنقيب

ونتائجه مع الاحتفاظ بسرية تلك المعلومات)، سێیەم دەبێتە (أ- على حامل اجازة التنقيب اشعار الوزارة بأنجاز الشخص المخول جميع التزاماته المحددة في الاجازة لانهاء التزاماته)، ئەوە لەبەر ڕۆشنایی موداخەلەی ئێوە بوو، جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد، صیاغەکەی لاتانە، سێیەم تەبعەن (ب- للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي)، لێرە دێینە سەر موناقەشەی بڕگەی یەکەم و ئەوەلەن، بڕگەی سێیەم (ب) جەنابی وەزیرو ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر پێشنیاری وەزیر کە بڵێن (للوزير منح اجازة التنقيب بعد موافقة المجلس الاقليمي)، هەروەها لە سێیەمیش (للوزير بموافقة المجلس الاقليمي ألغاء الأجازة) وای لێ دێتن، پێشنیارێکیش هات لە کاك عەونی بوو دوو، سێ ئەندامی تریش پشتگیریان لێ کرد، ئەویش دەڵێت (لمجلس الاقليمى)، ئەگەر کاك عەونی و ئەندامانی تر (لمجلس الاقليمى) سەحب بکەنەوە، دەکرێت ئەوە هەموو ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، ئەگەرنا ناچار دەبین فەقەرەی یەکەم بە دوو صیغە باسی بکەین، یەعنی مەسەلەکە هەر ئەوەندەیە، پێش ئەوەی کاك عەونی قەرار بدات سەحبی بکاتەوە، چونکە بەخۆی ساحێب پێشنیارەکە بوو، وەزیر کە لێرە دەڵێت (بعد موافقة المجلس الاقليمي)، یەعنی ناتوانێت ئیجازەی تەنقیب بدات ئیلا دەبێت مەوافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی وەرگرتبێت، ڕۆتینەکە زیاد دەبێتن، ئەوە کارێکی فەنییە، دەبێت وەزارەت پێی هەڵبستێتن موفاوەزاتە دەینی و دەبات و ئەوانە، بۆ ئەخیرەکەی کە گوتی ڕەزامەندی مەجلیسی ئیقلیمی، دیسان وەزیر لەبەر ڕۆشنایی ئەوە تەوقیعی دەکات و بەدوای دادەچێتن، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەباشی دەزانم هەروەکو ئەوەی بمێنێتەوە کە دەڵێم مەجلیسی ئیقلیم، لەبەر ئەوەی نەسەقی قانونی تەشریعی چاك دەبێتەوە، حاڵەتەکەش مەعلوم دەبێتن، دوایێ من بۆ بڵێم (للوزير منح الاجازة بعد استحصال موافقة) لە بیدایەت بڵێم موافەقەتەکە بۆ مەجلیسی ئیقلیم بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاك عەونی هەندێ ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لێ کرد، کە پێشنیار دەکاتن بنووسرێت (للمجلس الاقليمي منح إجازة التنقيب) دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەواتە پێشنیارەکەی کاك عەونی قەبول نەکرا، ماددەکە بەو گۆڕانکاریەی کە خوێندمەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست ودوو: نابێ مۆڵەت بدرێت بە ناوچەیەك کە لە ژێر گرێبەستی نەوتی، یان مۆڵەتی بەدواگەڕاندا بێت، ئەگەر ئەو مۆڵەتە لەگەڵ مافەکانی کەسی ڕێپێدراو ناکۆك بێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون: لا يجوزمنح اجازة لمنطقة خاضعة لعقد نفطي او إجازة التنقيب أذا كانت الاجازة تتعارض مع حقوق الشخص المخول.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكی تەبیعیە، كەس قسەی هەیە، فەرموو دكتۆرە هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە دەڵێت (لا يجوزمنح اجازة لمنطقة خاضعة لعقد نفطي او إجازة تنقيب اخرى)، لەبەر ئەوەی هەردووكی ئیجازەی تەنقیبە، پێشنیار دەكەم ئیجازەی دووەم ببێتە (إجازة التنقيب الاخرى)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەندی من تێگەیشتم عەقدی نەفتی فەرقی هەیە لەگەڵ ئیجازەی تەنقیب، عەقدی نەفتی مومكینە حەفری تێدا بێت، تەسویقی تێدا بێتنن، فرۆشتن و كڕینی تێدا بێتن، دروست كردنی ئەنابیبی تێدا بێتن، ئیجازەی تەنقیب ئەوەیە كە لە ماددەی پێشوو باسمان كرد، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر ناوەڕۆكی قسەم نییە، بەڵام لەسەر داڕشتنەوەی ئەگەر ئەمر بفەرمووی بەو كوردیەی دامڕیشتۆتەوە، تەبعەن دكتۆرە هالە راست دەكات لێرە باسی ئیجازە دەكات، ئینجا بۆ هەر مەبەستێكی تر بێت ئیجازەیەكی تر بێت بە عەرەبیەكەی، من بە كوردیەكەی دامڕیشتۆتەوە، هیچ مۆڵەتێكی تر بۆ ئەو ناوچانە نادرێت كە گرێبەستیان لەسەر كراوە، یان مۆڵەتی رێپێدراوی لەسەر دراوە، ئەگەر مۆڵەتەكە لەگەڵ مافەكانی كەسی رێپێدراو ناكۆك بێت، واتا بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، چونكە خۆی دەڵێت شوێنی مۆڵەتی لەسەر دراوە، گرێبەستی لەسەر كراوە، كەواتە مۆڵەتێكی تر نادرێت، نەك نادرێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم ئەو ماددەیە ببێتە بڕگەیەك لە ماددەی (24) تەخویلی ئیجازات، ئەمە یەك.

دوو/ ئەم ماددەیە تەناقوزێك هەیە لەگەڵ بڕگەی سێی ماددەی (24)، كە دەڵێتن (في المساحة الممنوحة اكثر من شخص يطلب الوزارة التنسيق)، بە مەعنای ئەو موساحەتە لە شەخصێك حەقی هەیە ئیجازەی هەبێتن،

دەترسێم ئەو ماددەی بەو شێوەیە هەبێتن وەکو موشکیلەی کۆڕەك و ئاسیای لێ بێتن، ئیتر عەقدێکی بۆ یەکتر دروست بکاتن ئیجازەی وەرگرت مەدا حەیات لای بێت و کەسیش موناف‌ەسەی لەگەڵدا نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕەئی ئەو کاکەمو هەمان تێبینیم هەیە، ناکرێت داوای تەخویل بکرێت تەنها بۆ کۆمپانیایەك، یان بۆ شەخصێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ شەرحێکت هەیە لەسەر ئەو ڕەخنانەی کە کران.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە ماددەی بیست و دوو قەصدی ئەوەیە تۆ ئەگەر عەقدێکت داوە بە مقاول ناتوانیت دووبارە بیدەیتەوە بە مقاولی تر، یەعنی بە بەسیتی بڵێین ئەوەیە، یان قسمێك لە مەنتیقەی عەقدەکە دووبارە موشارەکەی کردە، عەقدێکی ترە، تۆ پارچەیەك دەدەیت بە مقاولێك، بۆ ئەوەی ئیستیکشاف بکات، عەمەلیاتەکە، ئەوە حەسرییە بۆ ئەو ماوەی عەقدەکە، دەتوانیت پارچەیەکی بدەیتەوە دووبارە بە شریکی لەگەڵ مقاولێکی تردا، قەصدی ئەوەیە، نەخێر تەعاروز نییە لەگەڵ ماددەی بیست و چوار، ئەگەر هاتینە سەری تەعدیلی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەکە زۆر ئیعتیادی و زۆر تەبیعیە، چونکە هەر عەقدێکی نەفتی کرا بێت، یان هەر ئیجازەیەکی تەنقیب درا بێت، ئەوە ساری مەفعولە، مانای وایە حقوقی ئەو دوو شەریکەیە، یان ئەو دوو شەخصە کە مخەوەلن دەپارێزیت، نەوەك بدرێتە شەخصی تر، عەینی عەقدی نەفتی و عەینی ئیجازەی تەنقیب لەسەر عەینی بوقعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێك هەیە لێرە كاك دكتۆر ئاشتی، یەعنی خۆی ئەگەر ئیجازەتدا بە شەخسێكی موخەوەل هەر بەدیهییە نابێت بدرێتە یەكێكی تر، تۆ مەنتیقەیەكە داوتە، دەكرێت بیدەیتە كەس، كاك فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەكە هەر زیادە، چونكە دوو مقاول ناتوانن لە یەك شوێندا عەقد بكەن، كەواتە ماددەكە شتێكی زیادە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمالیش پرسیارێكی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە، مەسەلەی عەقدی نەوت ئەوە تەبیعییە، بەلأم تەنقیب ئایا ناكرێت دوو شەریكە لە مەنتیقەیەك بگەڕێن بزانن لەبن عاردەكە چی هەیە، چونكە شەریكەی تەنقیب، بۆ ئەوەی ئیستیخراج ناكات، بەس بۆت دەدۆزێتەوە ئایا هەیە، یا نا، ئەم پرسیارەم لە جەنابی وەزیر بوو ئەگەر وەلأمم بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە ئیجازەتدا بە مقاول لەو مەنتیقەیە لەو مورەبەعە، نابێت ئیجازە بدەیت بە مقاولێكی تر تا فەترەكەی ئەو تەواو دەبێت، ئەوە یەك.

دوو/ ئیجازەی تەنقیب ئەوەی كە باسمان كرد، ئەوە باسی ئیستیكشاف دەكات، مەسەلەن تۆ مەسوحاتی جیۆلۆجی دەكەیت، دیراسات دەكەیت، حەفر ناكات، چونكە دەڵێت مانای نییە كە دەست دەكەیت بە حەفر ئەوە ئیجازەی دووەمە، دەبێت بە عەقد، یان نابێت بە عەقد، دەڵێ من تەواو بووم ئیش ناكەم، جا ئێستا ماددەی بیست و دوو باسی ئەوە دەكات دەڵێ ئەگەر ئەو پارچەیەتدا بە مقاولەیەك، یان مەجموعەیەك مقاول لە عەینی وەختدا، لە عەینی عەقدا نابێت موشارەكەی بكەیت لەگەڵ مقاولێكی تر، چونكە ئەو عەقدە ئێستا مولزەمی بە ئیتیجاهی ئەو مقاولە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و دوو لەگەڵ ماددەی بیست و سێ هیچ تەعاروزی نییە، چونكە ماددەی بیست و سێ كە دەڵێتن (منح إجازة التخويل لشخص او مجموعة من الاشخاص) یەعنی (مجموعة من الاشخاص مجتمعةً)،

نەك هەر یـەكێك لـە جێیـەكی خـۆی ئـەوە بكـات، مەسـەلەن چـەند شـەریكاتێك هەنـە هـەموو ئەشخاصـن، هەموو پێكەوە مەنتیقەیەكی موعەینیان دەدرێتێ بـۆ ئـەوە، نـەك بلێـی ئـەوە یـەكێكیان دا مەنتیقەیـەكی، یەكێكی تر لە مەنتیقەیـەكی تـر دەبێـت، یـان هـەر یەكـە بـۆ خـۆی لـەناو مەنتیقەیـەكی تـر ئـیش دەكـات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەئكید ئەو پێشنیارەی شێخ فەتاح كردی، كەس تەئكیدی لەسـەر نـەكردەوە، بـۆ ئیلغایەكـە، لەبـەر ئەوە ئەو مولاحەزتانە وەكو خۆی تەنیا زمانەوانی بوو، بەنیسبەت كاك ئاریێزەوە مولاحـەزە دەكـرێتن هـەر شتێكی زمانەوانی، بەلأم ئەو ماددەیە بۆ ئەوەیە ئەو كەسەی كـە یەكـەم جـار عەقدەكەی دەكات شەخصـی موخەوەلی هەیە، نابێـت تـەجاوزی لەسـەر حقـوقی بكرێـت، یـەعنی بـەپێی ئـەو عەقـدەی كـە كردوویـەتی سبەینێ شەریكەیەكی تر دێتن و عەرزێكی موغری بـدات بـە وەزارەت، ئـەوە بـۆ سـالحی موسـتەسمیرەكەیە، نابێت وەزارەت عەقدێكی تری لەگەڵدا بكاتن، تەناقوزی لەگـەڵ ئـەو عەقـدەی پێشـوو هـەبێتن، یـان لەسـەر حیسابی شەخسی مخەوەل بێتن، پێم وایە وازیحە دەیخەمە دەنگدانـەوە، كێ لەگـەڵ مـاددەی بیسـت و دووە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگیرا، فەرموون ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دۆزینەوەو پەرەپێدان

ماددەی بیست و سێ:

**یەكەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەستێكی نەوت بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدانی ناوچەیەكی دیاری كراو ئەنجام بدات لەگەڵ كەسێك، یان چەند كەسێك، بەمەرجێك ئەو كەسانە رێككەوتننامەی بەدەرخستنی هاوبەش ئەنجام بدەن، بەپێی ماددەی (30) سی لەم یاسایەدا، لەلایەن وەزیرەوە پەسەند كرا بێت و دەكرێ كەسێك، یان كەسەكان كۆمپانیای تایبەتی لە هەرێمدا، یان لە ناوچەكانی دیكەی عێراقدا، یان كۆمپانیای بیانی بچێتە پاڵیانەوە.

**دووەم:** گرێبەستی نەوت پشت بە گرێبەستی هاوبەشی كردنی بەرهەمهێنانەوە ببەستێ، یان گرێبەستی دیكە كە وەزیر وایدادەنێ داهاتی پتر بۆ گەلی هەرێم بەدەست دێنن و لە ماوەی گونجاودا بەپێی ئەوەی لە بەشی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**سێیەم:** بۆ ئەوەی كەسەكە لێهاتوو بێ بۆ ئەنجام دانی گرێبەستی نەوت پێویستە:

**أ-** توانای دارایی و زانیاری و توانای تەكنۆلۆژیایی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ پڕۆسەكانی نەوت لە شوێنی گرێبەستەكە ئەنجام بدات، شارەزایی باشی دەست بكەوێ لەمیانەی جێبەجێ كردنی پڕۆسەكانی نەوتی هاوشێوەو بەلگەی پشت پێ بەستووی بۆ سەلماندنی ئەوا پێشكەش بكات.

**ب- پابەند بوون بە هاوڵاتیەتی و هاوبەرپرسیاریەتی باش و پابەند بوون بە (10) دە لە پرەنسیپیەکانی بەڵگەنامەی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2000/7/26 دەرکراوە.**

**چوارەم:**

**أ- لەگەڵ رەچاو کردنی ماددەی بیست وچواری ئەم گرێبەستنی نەوت مافێکی تایبەتی بۆ بەڵێندەر فەراهەم دەکات بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت لەناوچەی گرێ بەستەکەدا.**

**ب- گرێبەستی نەوت، نەوتی خاو و گازی سروشتی و نەوتە خاوەکانی دیکە دەگرێتەوە.**

**پێنجەم: پێویستە بەڵێندەر:**

**أ- لەمیانەی چل و هەشت کاتژمێردا لە حاڵەتی دۆزینەوەی نەوت لەناوچەی گرێبەستەکەدا، ئاگاداریەکی نووسراو ئاراستەی وەزیر بکات.**

**ب- زانیاریەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی نەوت بەو شێوازەی کەلە پیشەسازیەکانی نەوتدا پەیرەو دەکرێت، پێشکەش بە وەزیری بکات.**

**شەشەم: گرێبەستی نەوت بەڵێندەر پابەند دەکات بە تەواو کردنی پرۆسەکانی نەوت، بەپێی پرۆگرامەکانی کارو پلان و بودجەی پەسند کراو لەلایەن وەزیرەوە، یان وەکو لە گرێبەستەکەدا هاتووە.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاستكشاف والتطوير**

**المادة الثالثة والعشرون:**

**أولاً: للوزير أن يبرم عقدا نفطيا للاستكشاف والتطوير لمنطقة محددة مع شخص او مجموعة اشخاص شريطة ان يبرم هؤلاء الاشخاص اتفاقية تشغيل مشتركة ومصدقة من قبل الوزير وفقا للمادة الثلاثين من هذا القانون. ويجوز أن يضم الشخص او الاشخاص شركات خاصة في الاقليم وفي المناطق الاخرى في العراق أو شركات نفط أجنبية.**

**ثانياً: العقد النفطي يستند على عقد مشاركة الانتاج او على عقود اخرى يعتبرها الوزير بانها توفر مزيدا من العائدات لشعب الاقليم وبفترة مناسبة حسبما ورد في الفصل العاشر من هذا القانون.**

**ثالثاً: لكي يكون الشخص مؤهلا لابرام العقود النفطية يجب ان يتمتع بمايلي:**

**أ- المقدرة المالية والمعرفة والقابلية التقنية للقيام بالعمليات النفطية في منطقة العقد، مكتسباً الخبرة الجيدة من خلال تنفيذ العمليات النفطية المماثلة وتقديم الوثائق المعتمدة لأثبات ذلك.**

**ب- الالتزام بمبادئ المواطنة المتكافلة الجيدة، والالتزام بالمبادىء العشرة من الميثاق العالمي للامم المتحدة الصادر في 26-7-2000 .**

**رابعاً:**

**أ- مع عدم الاخلال بالمادة الرابعة والعشرين من هذا القانون يمنح العقد النفطي حقاً خاصاً للمقاول بأدارة العمليات النفطية في منطقة العقد.**

**ب- العقد النفطي قد يشمل النفط الخام والغاز الطبيعي وخامات نفطية اخرى.**

**خامساً: على المقاول:**

**أ- ان يوجه اشعارا مكتوبا للوزير خلال (48) ثمانية واربعين ساعة في حال اكتشاف النفط في منطقة العقد .**

**ب- تقديم المعلومات الخاصة بالنفط المستكشف للوزير وباسلوب متبع في الصناعة النفطية.**

**سادساً: العقد النفطي يلزم المقاول بانجاز العمليات النفطية وفق برنامج عمل وخطط وميزانية مصدقة من قبل الوزير أو حسبما ورد في العقد.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم تۆزێك بۆمان شەرح بكات.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**باسی عەقد دەكات كە دەست پێ دەكات، ئێمە لە بڕگەی یەكەم پێشنیارمان كرد كە ببێت بە مەجلیسی ئیقلیم لەجیاتی مەجلیسی وزەرا، لە فەقەرەی سێیەم چەند شەرتێكی داناوە، فەقەرەی چوارەم و پێنجەم، بەلاّم باسی عەقد ناكات، خۆی تەفاسیلی عەقدەكە كە لە ماددەی (37)دایە دوایێ باسی دەكەین، ئەمە باسی ئەوە دەكات چۆن عەقد دەست پێ دەكات، بەلاّم باسی عەقدەكە ناكات، ئەوە لە ماددەكانی دواییدا دێت، هەر یەك پێشنیارمان هەیە بۆ فەقەرەی یەكەم كە مەجلیسی ئیقلیم بێت، نەك مەجلیسی وزەرا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ڕەئی لیژنەی قانونی.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تقترح اللجنة إضافة عبارة (بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء) بعد عبارة (ومصدقة من قبل الوزير)، بەلاّم دوای ئەوەی كە هەموو لایەك بڕیاریاندا كە بیكەینە مەجلیسی ئیقلیمی، ئێمەش موافقین لەسەر ئەوە بكرێتە (بعد موافقة المجلس الاقليمي)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك بەكر فەرموو.**

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**نوقتەی یەكەم/ لیژنەی قانونی ئەوە ئیشارەی پێداو منیش تەئیدی ئەوە دەكەم (بعد حصول موافقة المجلس الاقليمي)، نوقتەی دووەم/ دەڵێت (العقد النفطي يستند على عقد مشاركة الانتاج او على عقود اخرى يعتبرها الوزير بانها توفر مزيدا من العائدات لشعب الاقليم)، من پێم وایە ئەوە تەحدید نەكراوە، چونكە عەقدی موشارەكەی ئینتاج دوایێ كە دێینە سەری ئەویش قسەی زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوە بە**

رەئی من ئەو فەقەرەیە هەر لاببەین، چونکە ئەوە یان زۆر تەحدیدی بکەین، جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە، باشتر وایە ئەو عەقدانەی نەفتی کە دەکرێت لەسەر عقودی موشارەکەی ئینتاج، یەعنی بەو فراوانیە بێت، کە لەم فەقەرەیەدا هاتووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر بڕگەی سێ (ب) هەیە، کە باسی مەبادیئی عالەمی دەکات، کە لە 7/26دا دەرچووە، کە خۆی نواندووە لە پاراستنی مافی مرۆڤی جیهانی و توانای کارو ژینگەو دژی گەندەلی لەلای من خاڵەکان هەیە هەر دەیخەمە بەردەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر بفەرموون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز کریم عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بەشی شەشەم هەیە، گرێبەستی نەوت بەڵێندەر پابەند دەکات بە تەواوکردنی پرۆسەکانی نەوت بەپێی پرۆگرامەکانی کارو پلان و بودجەی پەسند کراو لەلایەن وەزیرەوە، یان وەکو لە گرێبەستەکەدا هاتووە، من پێشنیار دەکەم بەپێی پرۆگرامەکانی کارو پلان و بودجەی پەسندکراو لەلایەن وەزیرەوە، بسڕێتەوە، بەوشێوەیەی لێ بێت، گرێبەستی نەوت بەڵێندەر پابەند دەکات بە تەواوکردنی پرۆسەکانی نەوت وەکو لە گرێبەستەکەدا هاتووە، چونکە کە گرێبەست مۆر کرا هەردوولا پابەندن بە جێ بەجێ کردنی گرێبەستەکەوە، ئیتر ئەگەر کارو پلان و بودجەی پێویست نەبوو لە لایەن وەزارەتەوە، یان لەلایەن وەزیرەوە، کۆمپانیایەکە مولزەم نابێت لە جێ بەجێ کردنی ئەوەی وەزارەت پاش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەڤێ ماددەی خالا ئێك، من حەز کر جەنابی وەزیر ئەگەر تەوزیحێك هەبێت لا ئەقل بۆ من یا مەعلوم نییە، کە دبێژیت (للوزیر أن یبرم عقدا نفطیا للاستکشاف والتطویر لمنطقة محددة مع شخص او مجموعة اشخاص شریطة ان یبرم هؤلاء الاشخاص اتفاقیة تشغیل مشترکة ومصدقة من قبل الوزیر)، یەعنی لێرە کارێك دێتە کرن دگەل شەخصێك، یان هەندێ ئەشخاصا بۆ کێ کرنە عەقدێك عەقدا ئیستیکشافا

نەفتیٚ، پاشی دبێژیت (شريطة ان يبرم هؤلاء الاشخاص اتفاقية تشغيل مشتركة ومصدقة من قبل الوزير)، یەعنی لێرە بۆ من غموزێك تێدایە ئێك.

لە خالا سێ/ (لكي يكون الشخص مؤهلا لابرام العقود النفطية يجب)، من پێم جوانترە كە ببێت (مؤهلا لابرام العقود النفطية) (لكي يكون الشخص مؤهلا)، بە رەئیا من زۆر جوان نییە، لێرەدا جوان نەهاتیە (الشخص مؤهلا لابرام) باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەكەمی ماددەكە هاتووە كە ڕێپێدراوەكە بۆی هەیە كۆمپانیای دیكە بێتە پاڵیانەوە، من ئەو پرسیارەم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئایا كۆمپانیایەكی هەرێم ئەو هاتنە پاڵیەوە، یان عێراق كۆمپانیایەكی بیانی دووبارە موافەقەتی وەزیری ناوێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم باشە كاك ئاشتی وەڵامی ئەو چەند پرسیارە بدەیتەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو شت باس بكەین، یەكەم/ فەقەرەی یەكەم كە باسی ئیتیفاقیەی لیژنەی موشتەرەكە دەكات، مانای چەند مەجموعەیەك هەموو بەیەكەوە یەك مقاولە، یەك عەقدیان هەیە لە ئاخیرەكە ناویان نووسراوە، یەكێكیان موشەغیلە لەنێوان خۆشیان ئیتیفاقی موشتەرەك هەیە، چون كولفە دەدەن، ئەوە پێی دەڵێن ئیتیفاقیەی تەشغیلیە بە لوغەی نەوتەوە.

دووەم/ ئەو پرسیارە (ان يكون شخص مؤهلاً)، كۆمپانیاكە دەبێت موئەهەل بێت پێش ئەو شتانەی بتوانێت بكات، پێش ئەوەی عەقدی لەگەڵدا بكەیت، ئەوە ئەلف و بای داناوە لێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راستترە بڵێی (الشخص المؤهل)، یەعنی ئەو شەخصە پێش ئەوەی هین بێت، دەبێت ئەو سیفاتانەی هەبێت لەناحیەی زمانە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوی پێشنیاری جەنابی وەزیر دەكەم، كە وەزیر بكرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، لەبەر ئەوەی زیاتر دەگونجێتن لەگەڵ ماددەی چواری پێشنیار كراو، ئەوە یەك.

دووەم/ ئەگەر هاتوو ئەو پێشنیارە وەربگیرێتن، كەواتە دەبێت بڕگەی چوار و پێنج و شەش مقاول بگۆڕدرێت بۆ شەخص، لەبەر ئەوەی لە فەقەرە بیست و چواری ماددەی یەكەم تەعریفی چۆن هاتووە دەڵێ

(المقاول: كل شخص يتعاقد مع الوزارة)، لێره كردیتمانه مەجلیسی ئیقلیمی، بۆیە مقاول ناگونجێت، بەلاّم شەخص زیاتر دەگونجێت (كل شخص طبیعي او معنوي او اي كیان قانوني اخر)، مقاولیش لەوانەیە بگرێتەوە، لە فەقەرە شەش كە دەڵێت (المقاول) لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر و پێشنیارەكەی ئێمە ناگونجێتن، چونكە مقاول بەس ئەوەیە ئەوەی تەعاقود لەگەڵ وەزارەت دەكات، بەلاّم شەخص زیاتر دەگونجێت، من پێشنیار دەكەم مقاول بكرێتە شەخص، تەعریفی شەخص لە فەقەرە بیست و دووی ماددەی یەكەم دەڵێ (الشخص: كل شخص طبیعي أو معنوي أو أي كیان قانوني أخر)، مقاولیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكەت راستە، بەلاّم لە تەعریفاتدا لە ماددەی یەكدا فەقەرەی بیست و چوار نووسراوە (المقاول: كل شخص یتعاقد مع الوزارة في مجال النفط)، تەعریفی كردووە، بەڵێ كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر پێشنیارێكی كرد، كە وەزیر لە فەقەرەی یەكەم بكرێتە مەجلیسی ئیقلیمی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆ تەماشای بكەیت خۆی هەردووكیان یەك مانای هەیە لە فەقەرەی بیست و سێش دەڵێ (الشخص المخول: هو المقاول الذي یتضمنه العقد النفطي)، یەعنی مقاولیش بێت شەخصی مخەوەلیش بێت عەینی مانا دەگرێتەوە، لە تەعرفی فەقەرە بیست و سێ و بیست و چوار (الشخص) بە تەنیا دەبێتە (كل شخص طبیعي أو معنوي أو أي كیان قانوني أخر)، بەلاّم كە بڵێی مقاول كە شەخصی مخەوەلەكە دەگرێتەوە، یان دەبێت بڵێی شەخصی مخەوەل، هەردووكی یەكە، ئەگەر بڵێی مقاول شەخصی مخەوەلەكەیە، ئەگەر بڵێی شەخصی مخەوەل مقاولەكەیە، بە تەنیا بڵێی شەخص، ئەوە لێرە تەعریفەكەی دەڵێ كەسێكی تەبیعیە، یەعنی ئەوە نییە، یەعنی ئەو مەقصەدەی كە تۆ دەڵێیت بە مقاول و بە شەخصی مخەوەل كارەكە ئەنجام دەداتن، كاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە لەسەر دووەم، كە دەڵێت (العقد النفطي یستند على عقد مشاركة الانتاج او على عقود اخرى یعتبرها الوزیر بانها توفر مزیدا من العائدات لشعب الاقلیم وبفترة مناسبة)، ئەوە (حسبما ورد في الفصل العاشر من هذا القانون) زیادەیە، جارێ نەگەیشتینێ، هەروەها لە چوارەمیش جوملەكە رەكیكە (أ- مع عدم الاخلال بالمادة الرابعة والعشرین من هذا القانون یمنح العقد النفطي حقاً خاصاً للمقاول بأدارة العملیات النفطیة في منطقة العقد دون الاخلال بمواد او بنود هذا القانون) لەجیاتی عیبارەكەی ئەوەلی، چونكە رەكیكە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن (للوزير أن يبرم عقدا نفطيا)، خۆی ئێمە ئەو رۆژە لە ماددەی چواردا حەقی ئیبرامماندا بە وەزیر، چونکە گوتمان دەبێت جیهەتێك، شەخسێك هەبێت کە ئیبرام بکات، نابێت مەجلیس ئیبرام بکات (بعد موافقة)، چونکە دەبێت وەزیر خۆی ئیبرامی بکات، دوایی (بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، ئێمە حەقی ئیبرامماندا بە وەزیر، ئەی چۆن ئێمە دەڵێین جارێکی تر ناتوانێت ئیبرام بکات، لە ماددەی چواردا دامانێ حەقی ئیبرامەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هی ماددەی چوار (تتولى الوزارة الاشراف والتنظيم)، لێرە عەقدە، عەقدی نەوتییە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يتولى المجلس الاقليمي) وتمان (رسم السياسة النفطية)، دوایێ گوتمان (المصادقة على العقود الخاصة بالعمليات النفطية وتعديلها)، وتمان موصادەقە دەکات، موافەقەت، کەواتە ئیبرام حەقی وەزیرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکی ئیزافی بوو لە پێشم نییە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێت (المجلس الاقليمي للنفط والغاز) وتمان ماددەی چوار بوو دەنگمان بۆ ئەم شێوەیەدا (يتكون المجلس الاقليمي على الشكل التالي)، ئەوە هینەکەیەتی، ئەوەی دوای ئەوە ماددەی پێنجەم (يتولى المجلس الاقليمي):

اولاً/ رسم السياسة النفطية والسياسات الخاصة بالعمليات النفطية.

ثانياً/ المصادقة على العقود الخاصة بالعمليات النفطية وتعديلها.

ثالثاً/ تحديد سقف مستويات الانتاج)، من هەر ئەوەندەم نووسیووە, هەروەها (اتخاذ القرارات بشان الريع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لێرەش دەبێت ببێتن (للوزير بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي) بەپێی ماددەی چوار، بەڵێ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەکی نیزامیم هەیە، ئێمە ئەو ماددە پێشنیار کراوە، پێشنیارمان کرد بوو موصادەقە، بەلأم جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد بکرێتە موافەقە، ئەوە ئاخیر صیغە کردمانە موافەقە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ (بعد موافقه)یە، ئێستا ناردمان نەصەكەمان بۆ بێتن، موهیم ئەوەیە بە چ نەصێك دەنگمان داوە، وابزانم ئەخیری بووە موافەقە، (بعد موافقه المجلس الاقلیمی)، موصادەقە بوو كردمانە موافەقە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە سەلاحیاتی مەجلیسی ئیقلیمی (الموافقة على العقود النفطية)، نەك (بعد الموافقة)، ئێمە پێشنیارمان كرد بوو موصادەقە، جەنابی وەزیر خۆی گوتی بكرێتە موافەقە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(الموافقة) یەعنی لە لایەكەوە پێشكەش كراوە، ئەگینا دەیگوت (التوقيع ابرام العقود)، مادام دەڵێت موافەقە، یەعنی یەكێكی تر كردوویەتی و تۆ موافەقەی لەسەر دەكەیت، ئەویش وەزارەتە، بە هەر حاڵ قسەكەی سۆزان خان راستە، لێرەش دەبێت بڵێین تەعدیلەكە لەگەڵ ماددەی چواری موقتەرەح بگونجێتن، كەواتە دەبێتە (للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي)، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئینجا دوای ئەوە لە خاڵی دووەمدا دەڵێت (العقد النفطي يستند على عقد مشاركة الانتاج او عقود اخرى، يعتبرها الوزير بانها توفر مزيدا من العائدات لشعب الاقليم من فترة مناسبة....)، تۆ كە باسی عەقدی نەفتی دەكەیت، عەقدی موشارەكەی نەفتی بە سووری نووسیووەو (عقود اخرى)، من لێرە پرسیارێك دەكەم لە وەزیر ئایا ئێمە ئێستا بەس تەنها دەتوانین عەقدی موشارەكەی ئینتاج بكەین، هیچ چارەسەرێكی ترمان لەبەردەمدا نییە، ئەی عقود ئوخرا چیەو مەبەستی چیە؟ لێرەشدا من دەمەوێ پرسیاری تر بكەم، تەنها هەدەفی ئێمە لەم عەقدە ئەوەیە عائیدات زیاد بكەین لە فەترەیەكی موناسیب، یەعنی ئێمە ئەوەمان هەر بۆ عائیداتەكە بێت، یاخود سیاسەتێكی نەوتی تەنفیز بكەیت، چونكە تۆ ئەو هەموو نەوتە دەرهێنیت بەبێ ئەوەی سیاسەتێكی وازیح هەبێت، لێرە ئەوە خەلەلێكە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی سیاسەتی وەزارەت دیاری كراوە، هەم لە قانونی وەزارەت، هەم لێرەشدا ئەهدافی چیە، یەعنی هەر بە تەنیا عائیدات نییە، كە وتت عائیدات ئەهدافەكانی تر لە هەموو شوێنێكدا دووبارە ناكرێتەوە، ئەوە یەك. دووەمیش/ عەقدی موشارەكەی ئینتاج وازیحە، عقودی ئوخراش، زۆر عقود هەیە، مومكینە سبەینێ عەقدێك بكەیت بۆ تەسویق، عەقدێك بكەیت بۆ دامەزراندنی ئەنابیب، عەقدێك بكەیت بۆ پالاوتن، ئینتاجەكە بە تەحدیدی هاتووە، هەر عەقدێكی تر لە مەنفەعەتی گەلی كوردستاندا بێت بۆی هەیە هین بكرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر شەرحێكت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (39) باسی عقودی ئوخرا دەکات، عقودی خەدەمات و نەفت و بیناو ئەوانە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سەبریە فەرمووو.

**بەڕێز صبريە غفار امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو شتم هەبوو، یەکەم گوترا، دووەم/ تەوزیحێکم لە بەڕێز وەزیرەوە دەوێت، ئەو مەنتیقە موحەددەدە کە دیاری دەکرێت لە رووی جوگرافیەوە وازیحە، بەڵام من حەز دەکەم بزانم لە رووی جیۆلۆجیەوە، یەعنی ئەو تەبەقاتانەی کە بۆی هەیە سەماحی هەیە تا کوێ مەجالی پێ دەدرێت تەوزیحێکمان بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەنیسبەت فەقەرەی سێ باس لەوە دەکات (لكي يكون الشخص مؤهلاً لابرام عقود نفطية)، ئێمە باسی شەخصمان زۆر کرد، برادەرانی لیژنەی یاسایی باسی شەخصی تەبیعی و مەعنەویان کرد، بیدایەتەن ئەگەر ئەو شەخصە بە شەریکات بهاتایە، شەریکەو ئەشخاص، یان هەر بە شەخص هاتووە، یەعنی تاکە کەسێك، ئەگەر بە شەخصی تەبیعی و شەریکات بهاتایە، پێم وایە وەکو ناحیەی قانونی صیغەکەی بەقوەتتر دەبوو، بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەوە کە دەڵێت (على المقاول ان يوجه اشعاراً مكتوباً الى الوزير خلال مدة ثمانية واربعون ساعة) من پێم وایە مقاول کە ئەو ئیشعارە دەکات بۆ جەنابی وەزیری دەنێرێت پێ دەچێت ئەو ئیشعارە پڕ بێت لە شتی فەنی و ئیداری و تەکنیکی، لەبەر ئەوەی مەنصەبی جەنابی وەزیر مەنصەبێکی ئیدارییە، من پێم وایە ئەو ئیشعارە مقاول بێت، یان شەریکە بێت، یان شەخص بێت بینێرە بۆ مەجلیسی ئیقلیم باشترە، چونکە لەوێ مەجلیسەکە پێکهاتووە لە خەڵکی فەنی و تەکنیکی و ئیداری و ئەمانە، بەنیسبەت فەقەرەی شەشیشەوە، من پێم وایە ئەم فەقەرە شەشە لێرە ئیزافیە، شوێنی ئەو مەبحەسانەیە کە باس دەکرێت، ئەگەر لەسەر ئەوە بێت کە مقاول ئینجازی عەمەلی خۆی نەکات بە رێکوپێکی بەگوێرەی شروتی عەقدەکە، خۆ ئەوە لە ماددەی پێشتردا، لە ماددەی (21) فەقەرە سێ باسی ئیلغای ئیجازەکەی کردووە، جا ئەمە فەسڵەکە خۆی فەسڵی ئیستیکشاف و تەتویرە، پێم وایە ئەوە ئەگەر ئیلغا نەکرێت بچێتە بابێکی ترەوە، ئەگەر نەشکرێت چونکە ماددەی (21) باسی لە ئیلغای ئیجازە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم برادەران قسەیان لەسەر کرد نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، بەڵام داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ سەبارەت بە بڕگەی سێیەم (ب- المقصود بالالتزام بمبادئ المواطنة المتكافلة الجيدة، والالتزام بالمبادىء العشرة من الميثاق العالمي للامم المتحدة الصادر في 26-7-2000)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر شەرحێك بکەیت خراپ نییە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەصدەرێکی گەورەیە ئەگەر بیخوێنیتەوە، ئەمانە یەعنی قبول کراوە بەو ئیسلوبەی کە ئیش دەکەن لەو وڵاتەی ستاندەریان داناوە، پێمان دەڵێ هەرچی مقاولێك دێت بەو ئسلوبە ئیش بکات، لەگەڵ ئەو شروتانەی کە بۆی دادەنێن، ئەوە ئیلتیزاماتە دەبێت قبولی بکەین، ئەوە ستاندەرە دانراوە لە نەوتی وڵاتانی عالەمی، ئەگەر دەتەوێ بیخوێنیتەوە لێرە مەصدەرەکەمان داوە بە ئینگلیزی، تەرجومەی عەرەبیمان نەکردووە، بەڵام ستاندەری عالەمی ئەوە لێرەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا دەوڵەتی عێراق موصادەقەی لەسەر کردووە، ئیلتیزامی خۆی ئیعلان کردووە، عێراق وەکو دەوڵەتی ئیتیحادی فیدراڵی بۆ ئەو مەبادیئە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئێمە عەقدی نەوت دەکەین، ئەمە فەقەرەیەکە نەختێك درێژتر نووسراوە لە عەقدەکە لەگەڵ مقاولەکە ئیتیفاق دەکرێت، دەبێت بەو ئسلوبە ئیش بکات، تەبعەن ئێمە لێرە بە یەك فەقەرە ئیشارەتمان داوە بە مەصدەرەکە، بەڵام لە عەقدی نەوتدا، لەوانەیە لاپەڕەیەکی لەسەر بێت لە عەقدەکە خۆی، لێرە دەڵێت دەبێت ئەم مەصدەرە بەکار بێنی، بە قانونی بە ئێمە دەڵێ ئەم مەصدەرە بە قانونی بەکار دەهێنرێت لە موفاوەزات، لە عەقدەکە لەگەڵ مقاولەکان، هەر ئەوەیە، لەبەر ئەوەیە، ئەوە مەبادیئی هی مواتەنەیە، پاشی ئەوە لەگەڵ خەڵکدا ئیلتیزاماتی هینت هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی یەعنی من نەمخوێندۆتەوە بەڕاستی، مادام ئومەمی موتەحیدە هینی کردووە، بە تەئکید باسی عەدالەت دەکاتن، باسی ژینگە دەکاتن، باسی ئیلتیزام دەکاتن، فەرموو کاك کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە مەبدەئی مواتەنە ئەوەی ئێمە لێی تێگەیشتووین، كە ئەو شەریكەیە كە دێت لە ولاٌتێكی ئێمە خۆی ئەجنەبییە ئیش دەكات، دەبێت وا خۆی حیساب بكات، كە یەك مواتەنە لەم ولاٌتە، یەعنی هەوڵ نەدات بۆ ولاٌتەكەی خۆی ئیستیغلالی وەزع بكاتن، یەعنی لەم روانگەیەوە سەیری بكرێتن ئیخلاٌصی هەبێتن بۆ ئیشەكە، بۆ ئینتاجی، نەك محاوەلە بكات ئیستیغلالی وەزعەكە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە نەصەكە موافەقەیە، موصادەقە نییە، كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم بڕگەی دووەم و سێیەم هەر لەو ماددەیە نەمێنێتن، لەبەر ئەو تەبریراتە، یەكەم/ ماددەكە خاصە بە ئیستیكشاف و تەتویر، ئیتر عەقدی ئینتاج و موشارەكەی ئینتاج چ عیلاقەی هەیە، لێرەوە هاتووە كە لە فەسلی دە هەمووی خاصە بە عقودی موشارەكە، ئیستیكشافەكە بۆ دەیكات بە شەریكی خۆی لە ئینتاج، هەتا تەتویرەكەش بەمانای ئێمە بیرمان هەیە، ئینتاجێكی موعەین هەیە، رەنگە پێویستیمان بە هەندێ تەكنەلۆجی هەبێتن، ئەو كاتە مومكینە عقود خدمە بێت لەگەڵ شەریكەیەكی كە صاحێب تەكنەلۆجیایە دێتن تەوسیع، یان زیاتر ئەو ئینتاجە دەكاتن، ئیتر ئینتاجەكە ئەسڵەن هەیە هی ئێمەیە، ئەو عقودی ئینتاجی تر كە لە فەسلی دە هاتووە، بۆ ئەوەیە كە لە مەراحیلی ئیستیكشاف حاڵەتەكەی تر ئینتاج لەوێوە هاتووە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم ئەو ماددەیە نەمێنێت، سێیەمیش/ موبەریری من ئەوەیە نەمێنێت بەپێی ماددەی بڕگەی یەكەم و سێیەم بچین، ئەو شروت و موئەهەلاتە، هیچ شەریكاتی كوردستان تا دە ساڵی دیكەش ناتوانێت عەقدێك ئیبرام بكاتن، چونكە دەڵێت عەمەلیات مومەسیلێكت لەگەڵدا بێتن، دەڵێت دەبێت لەگەڵ صاحێبی تەقەنی و خوبەرا بێتن، شەریكاتی كوردستان موستحەدەسن تازەیان ئیقرار دەكەیت، كە ئەو شەریكاتە دروست ببێت، بەمانای ئەو هەموو ئیبرامی عقودە بۆ شەریكاتی ئەجنەبی، ئێمە لە زۆر برادەران ئەو قانونەمان تەئكید كردووە، كە دەبێت ئەولەویەت بۆ شەریكاتی مەحەلی بێتن، لێرە شەریكاتی مەحەلی ئێمە تەهمیش دەكەین، ناتوانێت ئیبرامی هیچ عەقدێك بكاتن، لە بڕگەی شەشەمیش تەئیدی كاك عومەر دەكەم، ئەوە لە زیمنی شروتی تەفاسیلی عقودن، داعی ناكات بێتە ماددەیەكی ئیستیكشاف و تەتویرەكە كە لەگەڵ مقاولەكە بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە کۆمەڵێك تێکەڵ و پێکەڵە، پێم وایە پێویستی بە صیاغە کردنەوە هەیە، چ لـە رووی بڕگەکانەوە بێت، یان وەکو پێشنیار کـرا ئیحتیمـال هـەبێت ماددەیـەکی تـر جیـا بکرێتـەوە، یـان هـەر لـەم ماددەیەدا جێی خۆی بگرێتەوە، بەنیسبەت ئەوەلەن ئەوە جەنابیی وەزیرو برادەران باسیان کردووەو وەکو دوێنێ تەئکیدمان لەسەر کردەوە (للوزير بعد موافقـة المجلس الاقليمـي ان يـبرم)، ئـەوە حـەقێکی خۆیـەتی، بەڵام دوای ڕەزامەندی، بـەس وەزیـری دووەم پێویسـتە بمێنێتـەوە، چـونکە ئـەوە وەکـو جـەنابی وەزیـریش شەرحی کرد، ئەوە پەیوەندی بە ئەو ئەشخاصانەوە دەکاتن کە ئیتیفاق لەنێوان خۆیان دەکەن، بۆیە لـەلای ئەوە ئاشکرا بێت، موصەدەق بێت، دیار بێت ئەوەی دووەمی کە هاتووە (من قبل الوزير).

لە بڕگەی دووەم/ من پێم وایە ببێتە دوو بڕگە باشترە، بڕگەیەك لە (رابعاً) بێنین بڕگـەی (ب) لـە (رابعـاً) بێنین بیکەینە (أ)، بۆ (ثانياً) (وان العقد النفطي)، چـونکە پـێش وەخـت باسـی عەقـدی نـەفتی بکـەین (أ-العقد النفطي قد يشمل النفط الخام والغاز الطبيعي والخامات النفطية).

(ثانياً) (ب)ەکەی وەکو خـۆی دەمێنێتـەوە (العقـد النفطـي يسـتند الى) تەسەلسولەکەی دەڕوات بـەبێ هـیچ دەستکاریەك، (ثالثاً) هیچ دەستکاری ناکرێت وەکو خۆی دەمێنێتەوە، (رابعا) لێرە گۆڕانکاری بەسەردا دێـت بڕگەی یەکمان بردە (ثانيا)، بڕگەی دووەمیش دەبەینە (سادساً) ببێتە (رابعاً)، (سادسـاً) بـەو شـێوەیەی لـێ بێتەوەو بیکەینە (رابعاً/ العمل على العقد النفطي:

أ-العقد النفطي يلزم المقـاول بانجـاز العمليـات النفطيـة وفـق برنـامج العمـل والميزانيـة المصـدقة) ئـەوە وەکـو خۆی، (ب)ەکەشی (أ)ەکەیە، بەس (أ)ەکە دەبێت ئیعادەی صـیاغەی بکرێتـەوە وای لـێ بێـت (العقـد النفطـي يمنح حقا خاصا للمقاول بادارة العمليات النفطية في منطقة العقد)، یەعنی گۆڕانکاری بەسەردا دێـت، ئەمـە دەبێتە (ب) لە (سادساً)، بەس (سادساً) دەبێتە (رابعاً) جارێکی تر، (خامساً)یش بـەم شـێوەیەی لـێ بێـت لـە جیاتی (الوزير) بکرێتە (للوزارة)، هەردووکی لە تەعریفەکـەی و لـە (ب)ەکـەش بکرێتـە (للـوزارة) ئـەوەیان دروستترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو شێوەیە تۆ دەمانگەڕێنیەوە نوقتەی سفر کـاك دکتـۆر ناصـح، صیغەکە بـە نووسـین بمانـدەرێ، دوایـێ ئەگەر بە تەنیا صیاغە بوو هینی دەکەین، ئەوەی کە زۆرینە قسەیان لەسەر کردو موافەقەتی لەسەر کرا لە لایـەن جـەنابی وەزیریشـەوە لەگـەڵ لیژنـەی قـانونی، بڕگـەی یەکـەم دەبێتـە (للـوزير بموافقـة المجلـس الاقليمي..........)، ئەوەی سێیەم کە هین کردی ناحیەی لوغەویە (الشخص المؤهل او مؤهلاً)، دوایـێ کامـەی ناحیەی عەرەبی هین بـێتن چاکی دەکـەین بـەو شـێوەیە، چـوارەم کـاك ئەسـعەد باسـی کـرد، دوایـێش کـاك ناصحیش تەئکیدی لەسەر کردەوە، دەبێتە (يمنح العقد النفطي حقا خاصا للمقاول بادارة العمليات النفطية في منطقة العقد)، ئەوەی لـە دواوە ئیزافـە بکـرێتن (ماعـدا عـدم اخـلال بالمـادة الرابعـة والعشـرون مـن هـذا القانون)، پێشـنیارێك کـرا، تەبعـەن پێنجـەم هەنـدێك دەڵێن وەزیـر بـێتن، هەنـدێك دەڵێن وەزارەت بـێتن، ئەوەی مەنتیق بێتن لێرەدا وەزیـر زۆر زەروورییـە، بـۆ؟ چـونکە کـە ئیکتیشـافی نـەوت کـرا لـە مـاوەی (48)

سەعاتدا، رەنگە بیداتە مودیر عامێك بڵێ داومەتە وەزارەت، بەلاَم لێرە ئەگەر ئیلزامی بکەیت بدرێتە وەزیر زۆر زۆر پێویستەو فەرقی زۆر هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، ئینجا بیداتە ئەندامێکی، موستەشارێکی وەزارەت بڵێ من داومەتە وەزارەت، نەخێر دەبێت ئیلزامی بکەیت، ئاگاداری وەزیر بکاتن لە دەرچوونی حەفلەکەی، ئینتیباە بەوەی بکەن، شەشەم دوو، سێ کەس پێشنیاری کرد، کە لابچێتن، ئەگەر جەنابی وەزیریش پێی وابێتن لابچێت، لایدەبەین، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە، یەعنی ئەو فەقەرەیە، چونکە دوو، سێ کەس ئاماژەی کرد کە زەرور نییە، پێویست نییە، ئەگەر جەنابی وەزیر موافەقەت بکات لایببەن، یان پێشنیارەکە دەدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی شەش پێویستە بەڕاستی، چونکە ئەمە شەرتێکی باشە بۆ ئێمە، ئیلزاممان دەکات بە قانونی، دەبێت شەرت بکەین لەسەر مقاولەکە خوتەت و ئەوانە تەقدیم بکات، بۆ ئەوەی لەناحیەی مالیەوە سەیری بکەین و موافەقەی لەسەر بکەین، ئەگینا ئێمە دەتوانین عەقدێك بکەین بە کەیفی خۆمان، نابێت وا بێت، بۆیە شەشەم پێویستە زۆر زۆر پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە کێ بوو خاوەن پێشنیاری لابردنی خاڵی شەشەم، کاك عومەر بوو یەکەم جار، دوایێش کاك دکتۆر ناصحیش تەئکیدی کردەوە، یان رەنگە کاك دیلمان بوو، کاك دیلمان و کاك عومەر ئەگەر سەحبی ناکەن دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەفو من پێشنیارەکەی خۆم سەحب ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی عەرزم کردن لە ماددەی (21) لە فەقەرە سێ باسێك لەسەر ئیلغای ئیجازە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو پێشنیارەی کە کرا بڕگەی شەش لە ماددەی بیست و سێ لەسەر پێشنیاری کاك عومەر چەند ئەندامێکی پەرلەمان تەئیدیان کرد، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە بڕگەی شەش دەمێنێتەوە، ماددەکە بەو تەعدیلاتانەی کە خوێندمانەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، سوپاس، بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مۆڵەتی ڕێپێدان**

**ماددەی بیست و چوار:**

**یەکەم: وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی ڕێپێدان بە کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك بدات، کە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لەپێناو:**

**أ- دامەزراندن و دانان و بەکارخستنی دەزگاکان و مەکینەو کەرەستەکان.**

**ب- جێبەجێ کارەکانی دیکە.**

**دووەم:**

**أ- هەڵگری مۆڵەت، بۆی هەیە کۆتایی بە مۆڵەتەکانی بهێنێ بەمەرجێك بە نووسراو ئاگاداریەك پێشکەش بە وەزیر بکات تێیدا روونی بکاتەوە کە ئەو هەموو پابەندیەکانی جێبەجێ کردووە.**

**ب- ئەگەر هەڵگری مۆڵەت بە مەرجەکانی پابەند نەبێ، وەزیر بۆی هەیە دوای ئەوەی بە نووسراو ئاگادار کردنەوەیەکی ئاراستە دەکات مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنێیەوە.**

**ج- وەزیر بە نووسراو ئاگاداریەکی تایبەت بە پابەند نەبوون یان، کۆتایی هێنانی مۆڵەت ئاراستەی هەر کەسێکی ڕێپێدراو دەکات، کە دەتوانێ پرۆسەکانی نەوت لەنێو رووبەری پێدراو بەپێی مۆڵەتەکەی پێیدراوە جێبەجێ بکات.**

**سێیەم: وەزیر ئاگاداریەك ئاراستەی هەڵگری مۆڵەتەکان، یان ئەو کەسانەی ڕێپێدراوی دیکەن کە لەنێو ئەو رووبەرە پێیان دراوە دەکات، دەربارەی هەماهەنگی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بەخۆیان.**

**چوارەم: گرێبەستی نەوت، یان مۆڵەتی ڕێپێدان بۆ خەڵکانی دیکە مافی دابین کردنی پێداویستەکان مسۆگەر دەکات، بەمەرج و تایبەتمەندی شیاو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**أجازة التخويل**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**أولاً: للوزير منح إجازة التخويل، لشخص أو مجموعة من الأشخاص الخاصة بمنطقة معينة بغية:**

**أ- انشاء، نصب، تشغيل المنشآت والمكائن والمعدات .**

**ب- تنفيذ اعمال اخرى.**

**ثانياً:**

**أ- يجوز لحامل الاجازة إنهاء اجازته على ان يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزير يبين فيه بانه انجز جميع التزاماته.**

**ب- اذا لم يلتزم حامل الاجازة بشروطها، للوزير إلغاء الاجازة بعد مايوجه اشعارا مكتوبا اليه.**

ت- يوجه الوزير اشعارا مكتوبا خاصا بالتزام او انهاء الاجازة الى أي شخص مخول والذي بامكانه انجاز العمليات النفطية ضمن المساحة الممنوحة له حسب الاجازة.

ثالثاً: يوجه الوزير اشعاراً الى حاملي الأجازات او الاشخاص المخولين الاخرين ضمن المساحة الممنوحة حول تنسيق العمليات النفطية الخاصة بهم .

رابعا: يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين الحق في تلبية حاجاتهم وبشروط ومواصفات معقولة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی بیست و چواری پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە، لەجیاتی وەزیر بكرێت (للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي منح اجازة تخويل..........)، لە بڕگەی دوودا فەقەرەی (أ) زیادە، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەو شەخصەی كەوا ئیجازەی پێدراوە، ئەوە لەخۆیەوە نابێت ئاگاداری وەزارەت بكاتەوە، كەوا من ئەوە هەموو شتێك تەواو و دەڕۆم، ئەوە كاری وەزارەتە، پاش ئەوەی كەوا تەحقیق دەكات، ئەو شەخصە ئەركەكانی سەرشانی خۆی جێ بەجێ كردووە، ئەو كاتە وەزارەت ئەو ئیشعارەی پێ دەدات، كە هەموو ئیشی خۆی تەواو كردووەو هیچی لەسەر نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم وەزارەتی ژینگەش داخیل بكرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە مەجلیسی ئیقلیم وەزارەتی ژینگەمان داخیل نەكردووە، بەس لێرە لە (نصب و تشغيل المكائن) زۆر زەرورە موافەقەتی وەزارەتی ژینگە وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له بڕگەی سێیەم خۆ ئەو عقودە جودا جودا نابن، هەموو پێکەوە بوونە کو لیژنەی یاسایی دیاری کرد بوو لە ماددەی پێشی ئەوە.

دووەم/ لە چوارەم (حق تلبية في حاجاتهم)، ئەم حاجاتانە چنە، فەنینە، مالینە، دەڵێ (بشروط معقولة)، ئەو شروتەش ئێمە نازانین چیە، حاجاتەکەش رەنگە سبەینێ پارە بێتن، بڵێ پێویستیمان بە ملیۆن دۆلار هەیە، چۆن دەتوانێت تەوفیر بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەوەلەن (ب- تنفيذ اعمال اخرى)، بەڕاستی یان ئەوەتە دەبێت روون بکرێتەوە (الاعمال الاخرى) چیە، یان ئەوەتە (تنفيذ اعمال اخرى) نەمێنێت، لە (ثانياً/ يجوز لحامل الاجازة إنهاء اجازته على ان يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزير يبين فيه بانه انجز جميع التزاماته)، بەڕاستی لێرەشدا (يجوز) با (يجب) بێت، بۆ ئەوەی تۆ ئەو کەسەی کە کارەکانی لێ بۆوە، تۆ ئیشعارێکی بدەیتێ، بڵێ من ئەوە کارەکانم کرد، چونکە خۆ کێڵگەی نەوت ئەوە نییە لە کۆڵانی ئەودیوەوە، یان لە یەك شوێندا بێت، تۆ لەسەر ئاستی هەموو کوردستاندایە، ئەویش دەبێت مولزەمی بکەیت بەو ئیشعار کردنە.

سەبارەت بە چوارەم/ بەڕاستی زۆر زۆر نادیارە (يضمن العقد النفطي)، هاوڕام لەگەڵ کاك دیلماندا، (او اجازة التخويل للاخرين الحق في تلبية حاجاتهم وبشروط ومواصفات معقولة)، لەوانەیە داوای شتێکت لێ بکات، کە تۆ نەتوانیت جێ بەجێی بکەیت، (وبشروط معقولة وتلبية حاجاتهم) زیادە، نەصێك هەیە دەتوانێت دەڵێت (كل عقد نفطي او اجازة تخويل يتضمن ان يمنح التخويل للطرف الثالث ضمن شروط ومواصفات معقولة)، ئەوەی من بزانم لە نەصە ئینگلیزیەکە ئەوها هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر شەرحێك دەدەیت فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ پێشنیارمان هەیە، مولاحەزاتی ئێمە راستە بەڕاستی، دەتوانین ئەوەلەن بکەین بە فەقەرەی (ب- تنفيذ أعمال اخرى بمنطقة الاجازة) یەعنی شتێکی وا، بڵێ مەنتیقەتی ئیجازە یان عەقد، (ثانياً/أ- اشعارا مكتوبا الى الوزارة)، پێویست ناکات هەموو جار بنووسرێت بۆ وەزیر، ئەوە موناسیبە لەوێ (يجوز لحامل الاجازة إنهاء اجازته على ان يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزارة)، (رابعاً/ للاخرين الحق في تلبية حاجاتهم المتعلقة بالاجازة او منطقة العقد)، یەعنی خۆی قەصدی ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی بیست و چوار بڕگەی یەك/ دوو فەقەرەیە (أ و ب)یە، دەمج بکرێت باشترە پێم وایە، پێویست ناکات بەم شێوەیە بێتە خوارەوە، وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ کرد بەم شێوەیە بێت (انشاء ونصب وتشغيل المنشآت والمكائن والمعدات والتنفيذ لاية اعمال اخرى لانجاز عملية نفطية)، من پێم وایە مەبەستەکە ئەوەیە، ئەمە باشترە لەوەی (ب)یشی تێدا هەبێت.

(ثانياً) منیش رام لەگەڵ ئەوەی جەنابی بوو کە بکرێتە (الوزارة)، بەلاّم ئەو وشەی (يجوز) نەمێنێت بکرێت بە (يجب) باشترە، یەعنی مولزەم بکرێت دەبێت ئەمە بنووسێت، یان (على حامل الاجازة)، (يجب لحامل الاجازة)، فەرقی نییە، یەعنی ئیجبار بکرێت مەبەستم ئەوەیە، (ب- اذا لم يلتزم حامل الاجازة بشروطها)، نەك (للوزير) (للمجلس الاقليمي إلغاء الاجازة)، چونکە ئیلغای ئیجازە حەقی وەزیر نییە، حەقی مەجلیسی ئیقلیمە، لەبەر ئەوە وەزیر لە (ب) بکرێتە (لمجلس الاقليم الغاء الاجازة)، پاشان وەکو خۆی دەڕوات، ئەوانی تر هیچ تێبینییەکم لەسەری نییەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئاشتی تەنیا فەقەرەی (رابعاً/ يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين)، مەقصەدت (للاخرين) هاوولاّتییە، یان ئەوانەی تەرەفی عەقدن، یان شەخصی موخەوەلە، حاجاتەکەش چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە مقاولی مەحەلی بێت موشارەکەیان هەبێت لەگەڵ مقاولی ئەجنەبی، هاوولاّتی، مەسەلەن مەنتیقەی عەقدەکە لەوانەیە جادەیەك کرا بێت، ئێمە باسی مەنتیقەی عەقدی گەورە دەکەین، خەڵك دێت و دەڕوات، مەسەلەن ئەو حەقە دەبێت بمێنێت، مەسەلەن ئاو و کارەبا لەسەریان بڕوات، عەقدەکە دەبێت ئەو شتانە ئاشکرا بکاتن، پێویستە مقاولەکە تەڵەباتی مواتنین بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرسیارە بۆ جەنابی وەزیرە، ئەمە ئەوە نەگەیەنێت ئەم عەقدە نەوتیە هەیە لەگەڵ شەریکەیەك، یان لەگەڵ مقاولێك، ئەویش بیداتە یەکێکی تر، یەعنی ئەمە نەگرێتن بەشەرتێك، چونکە لێرە لە کوردستان

زۆر مقاولات دەدرێتە شەخصێك، پاشان ئەو دەیداتە یەكێك و ئەویش دەیداتە یەكێكی تر، ئایا ئەمە ئەوە دەگرێت، یان ناگرێت، تكایە بۆمان روون بكەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەدهەم نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حیسابە من نیصابە تەواو نابێتن، لەبەرچ بەردەوامی بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ موناقەشە هەیە، بەلاّم بووە دەنگدان ئەو وەختی دەیژمێرم، منیش ئینتیاهم كرد، بەلاّم كاتی دەنگدان ئەوە موهیمە، ئێستا موناقەشە دەكرێت، جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عەقدی نەوت حەق نادات بە مقاول، كە خۆی دەرچێت و مقاولی تر بێنێت، قەت مەجال نادات، حكومەت دەبێت موافەقەت لە تەغیراتی شروتەكە بكات و مقاول بێتە خوارەوە، بێتە ناویەوە، هەتا ئەسهومیش بكڕێت دەبێت موافەقەتی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە (ثانیا/ ب) من مولاحەزەم هەبوو، كە ئیجازە عاید بە مەجلیسی ئیقلیمە، لادانەكەشی هەر دەبێت ئەو بیكات، جەنابت تەئكیدت لەسەر ئەوە نەكردەوە، بۆیە (اذا لم یلتزم حامل الاجازة بشروطها، للمجلس الاقلیمي إلغاء الاجازة)، واباشترە، چونكە وەزیر ئەو حەقەی نییە، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(للوزیر بموافقة المجلس الاقلیمي)، ئەوە ئیجازەیە، عەقدی ئیبرامی نەوت نییە، راست دەكات وەزیر بۆی هەیە هین بكاتن، عەقدی ئیبرامی نەوت مەجلیسی ئیقلیمیە، بەس كاك دكتۆر دیسان لەسەر بڕگەی چوار نەصە ئینگلیزیەكەت لەلایە، لەگەڵ تەرجومە عەرەبیەكە چ تەفسیلێك زیاتر دەكرێت، تۆ تەرجومەكەی بكە، بەڵكو كەلیمەیەكی بدۆزینەوە، حەلی ئەو شتانەمان بكات.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(یتطلب كل عقد له تخویل نفطي منح الطرف الثالث شروطاً ومواصفات معقولة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال بزانین چۆنی تەرجومە كردووە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو شروتە مەعقولانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێنپرەنسیپەكە، لەگەڵ (EITI).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو نەصەی كە باسمان كرد تەرجومەكەمان پێبدە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە یەك شت هەیە، من دوو عەقدم هەیە هی ئازربایجانە، تەئكیدیان لەسەر ئەوە كردووە، كە بەشی تایبەتیان داناوە، بۆ ئەوەی كەوا ئەو شروت و مواصەفاتانەی بنووسن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینگلیزیەكە لەگەڵ عەرەبیەكە فەرقێكی هەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قەصدی ئەوەیە كە مەنتیقەی عەقد دەدەیت بە مقاول، لەوانەیە لوغەویەكە راست نەبێتن كە دەدەیت بە موقاولێك، كە مقاولەكە بە عەقدەكە دایدەنێی، شەرتی لەسەر مقاولەكە دەكەیت، كە ئیحتیاجاتی خەڵكی تر دەبێت رێگای تری پێ بدات، وەكو ئاو و كارەباو جادەن، بە مقاولەكە دەڵێی ئەم عەقدەم پێ داویت، ئەمە حەسری نییە بۆ تۆ، ناتوانیت هەمووی دانێی و مەنعی عام بكەیت كە شت بەكار بێنن، جا بە عەقدەكە بەو دەڵێی ئەو شەرتە لەسەرتە، كە موتەتەڵەباتی مواتنین لازمە تەلبیەی بكەیت، وابزانم (للمقاولة) دەیەوێ (یتضمن) مقاولێكی دەوێت، ئەوە چاكی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانین بیگۆڕین بەم شێوەیە (العقد النفطي او اجازة التخويل يتطلب من المقاول تلبية حاجات الاخرين وبشروط ومواصفات معقولة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە، بەلاّم ئەگەر بڵێین وەكو نەصە ئینگلیزیەكە تۆ دەبێت بیگۆڕیت (يتطلب كل عقد او تخويل نفطي منح الطرف الثالث حقوقاً بشروط ومواصفات معقولة)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەصەکەم لە لایە دەڵێت (كل العقد النفطي او اجازة التخويل يتضمن ان يمنح تخويل للطرف الثالث ضمن شروط ومواصفات معقولة)، بەڵێ، چونکە ئەو جارێکی تر خۆی لە نەصە ئینگلیزیەکە وایە بە تەخویل هاتووە، بۆیە من وتم خەلەل لەو ماددەیەدا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی با وزوحێکمان هەبێتن، ئەو تەرەفەی سێیەمە دەڵێت کە عەقدێکی سانەوی دەکاتن، یان هاووڵاتیە لە گوندەکە، جیرانە، شتە، ئەوانەیە، کامەیانە، خەڵکی تر، کەواتە ئەو نەصە عەرەبیەی کە من وتم، ئەوە راسترە، کە دەڵێت (يتطلب كل عقد او تخويل نفطي منح الطرف الثالث حقوقاً بشروط ومواصفات معقولة)، ئەوە راسترە، مەسەلەن گوندەکە تۆ ئەو ئیجازەیە لەوێ جێی دەکەیت، دەبێت کارەبای بدەیتێ و ئاوی بدەیتێ، موراعاتی هینی بکەیت، (تلبية حاجاتها)، ئەم شتە خارجی عەقدە، شتێکی ئینسانییە بابڵێین (يتطلب كل عقد او تخويل نفطي منح الطرف الثالث بتلبية حاجاتهم وفق شروط ومواصفات معقولة)، ئەوە باشە(يتضمن)یش دەبێتن، (يتضمن كل عقد...............) وایە، لەسەر نەصەکە خیلافتان هەیە، کاک دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەرەفی موقابیل گەر شتێك لە عەقددا نەبێت، ئێمە ناتوانین هیچ جۆرە ئیلتیزامێك بکەینە سەری، شتەکە ئەوە نییە کەوا بڵێین ئینسانی و ئەو مواصەفاتە عامەیە، ئێمە لێرەدا بڵێین (يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين الحق في المطالبة بتنفيذ الشروط المحددة فيهما)، ئەو شەرتانەی کەوا لە عەقدەکەدا هاتوون، ئەوان حەقی ئەوەیان هەیە کەوا داوا بکەن، ئەو شروتانە جێ بەجێ بکرێت، لە هەمان کاتیشدا من سەبارەت بە فەقەرەی دوو، ئەویش پەیوەندی بەوە هەیە، رێگەم پێ دەدەیت دوایێ قسە بکەمەوە سەبارەت بە فەقەرەی سێ، دەڵێم دووبارە ئێمە نابێت بڵێین کەوا (حامل الإجازة) خۆی دەتوانێ حەقی خۆی تەواو بکات، ئێمە بڵێین لە فەقەرە دوو/(أ- على حامل الاجازة تقديم اشعارا مكتوبا الى الوزير يبين فيه بانه انجز جميع التزاماته) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەگەڕێمەوە سەر ئیجازەو ئیجازەی تەخویل دوو شتی جیاوازن، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، ئیجازە روخسەتێکە کە لە ماددەی یەك بڕگە بیست و یەك شەرح کراوە (رخصة عقد نفطي أو رخصة تنقيب النفط وأي أتفاقية خاصة به)، لەبەر ئەوە لێرە موجبە ئەو وەختە بڵێین تەنها بە ئیجازەیە بڵێین (حامل

الاجازة التخويل)، يەعنی لەكوێ ئیجازە هاتووە بیكەینە ئیجازەی تەخویل، ئەگینا تووشی هەڵە دەبین، ئەگەر مەبەست ئیجازەی تەخویلە، ماددەكەش پەیوەندی بە ئیجازەی تەخویلەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئیجازە نابێت بە تەنهاوە بێت، دەبێت بڵێین ئیجازەی تەخویل، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ئاشتی ئەگەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی دەڵێت (كل العقد النفطي او اجازة التخويل يتضمن منح الطرف الثالث الحق في تلبية حاجاتهم ضمن شروط ومواصفات محددة)، كاك فرسەت دەڵێ غەڵەتە، كاك فرسەت شەرحێكی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرقێك هەیە لەنێوان (يتضمن العقد) و (يضمن العقد)، ئەگەر گوتمان (يضمن العقد)، یەعنی لەناو عەقدەكەش نەهاتبێت مەحسوبە ئەوە وەك شەرتێكی زمنی هەردوو تەرەف، تەرەفی وەزارەت و تەرەفی شەریكە مولزەمن بە تەنفیز.

دوو/ مەقصود بە ئاخەرین ئەوە نییە كو ئەتراف عەقدن، دوور نییە دێیەك نزیك هەبێت حەقی هاتوو چۆنیان هەبێت لەو مەنتیقەیە، یان حەقی ئاودانی باغەكەی خۆیان هەبێتن مەفروزە خاوەنی عەقد مەنعیان نەكات و حاجاتیان تەلبیە بكات، ئەوە مەوزوعەكە بەو رەنگەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەو صیغەیەی پێشتر وتمان راسترە (يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل من الاخرين)، چونكە ئەوان تەرەف نین، ئاخەرەن، تەرەفی ئاخەر دەبێت حقوقی هەیە لەزیمنی عەقدەكە (منح الاخرين تلبية حاجاتهم وفق شروط ومواصفات معقولة)، یان (يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين تلبية حاجاتهم وبشروط ومواصفات معقولة)، ئەوە مەفهوم بوو، یەعنی ئەوەی خۆیان تەواوە، بەس یەك جوملە ئەگەر ئیجازەتان هەبێت یەك جوملە لەوێ ئیزافە بكەم (يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين الحق تلبية حاجاتهم ضمن منطقة العقد وبشروط ومواصفات معقولة)، ماددەكە ئەو گۆڕانكاریەی لەسەر كرا، یەك/ لە بڕگەی یەكەم (للوزير بموافقة المجلس الاقليمي).

دوو/ فەقەرە (ب- تنفيذ اعمال اخرى متعلقة بمنطقة الاجازة او العقد) ئیزافە دەكرێتن.

لە (ثانياً/ لحامل الاجازة إنهاء اجازته على ان يقدم اشعارا مكتوبا الى الوزارة يبين فيه بانه انجز جميع التزاماته) ئیزافە بكرێتن (واستحصاله شهادة إنجاز بالعمل من الوزارة)، دەبێت شەهادەشی بدەنێ كە تەواوی كردووە، یەعنی وەزارەت پێی بدات (واستحصاله شهادة إنجاز بالعمل من الوزارة)، پاشتر دەڵێ (على ان يقدم اشعاراً)، لە دووەمدا دەڵێ، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەکە دووبارەیە، چونکە لە فەقەرەی ئەوەلەن دەڵێت (بمنطقة معينة)، ئینجا پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە لە فەقەرە (ب) (الخاصة بمنطقة معينة تنفيذ اعمال اخرى)، پێویست ناکات بڵێین (منطقة الاجازة)، چونکە لە سەرەوە نووسراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیقتیراحی خۆت بوو، باشە ئیقتیراحی خۆی سەحب دەکاتەوە، کەواتە هەر دەبێت (تنفيذ اعمال اخرى)، باشە خۆ دەکرێتن ئەوەی هەمووی بکەینە یەك فەقەرە، بۆ (أ وب) بێت، موشکیلە نییە، کەواتە (تنفيذ اعمال اخرى) لەسەرەوە هاتووە، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە حەقێکە بۆ مقاول، یەعنی بۆ شەریکەکەیە، ئەگەر هاتوو ئیشی خۆی تەواو کرد لە مەسڵەحەتی ئەودایە ئیشعاری وەزارەت بکات بڵێتن نیهایەتی پێ دەهێنم، چونکە ئیش و کاری خۆم تەواو کرد، بەس قسەی ئەو نابێت ببێتە قسەی نیهائی، لازمە وەزارەت شەهادەی پێ بدات و تەدقیقی ئیش وکاری بکاتن و موتەئەکید بێتن، فیعلەن ئیش و کاری خۆی بە موجبی عەقد تەواو کردووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ئیزافەیە ئەوەی جەنابت پێشنیارت کرد ئەوەی تێدا بێت، شەهادەی پێ بدات، شەهادەی ئینجازی عەمەل، وابزانم هەتا مقاولی ئیعتیادیش ئەوەی تێدایە بە موجیبی شروت و مواسەفاتی فەنی مقاولەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو ئاماژەمان پێ کرد، چوارەم ئەوەی کە خوێندمانەوە دوایێ دەیخوێنمەوە (يضمن العقد النفطي او اجازة التخويل للاخرين الحق في تلبية حاجاتهم ضمن منطقة العقد وبشروط ومواصفات معقولة)، ئێستا بەو گۆڕانکاریانەی کە کردمان، چیت هەیە کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شروتی مەعقولەیە مقیاس چیە، بۆ ئەوەی مەعقول بێت، یان مەعقول نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەت تەقدیری دەکاتن ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە باسمان کرد، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان

**ماددەی بیستو پێنج:**

**یەکەم: لیژنەیەك دادەمەزرێ بەناوی لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان، سەرۆك و ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێت بۆ ماوەی (3) سێ ساڵ، دەکرێت درێژیش بکرێتەوە.**

**دووەم: ئامانجی لیژنە گرێبەستەکانی نەوتە، پێداویستیەکانی شەفافیەت و نەمانی گەندەڵی و توانای دارایی و تەکنیکی و بەلێندەرە لەخۆ دەگرێت و مسۆگەر کردنی رادەی بەرزی داهاتوەکان بۆ حکومەتی هەرێم و بەپێی ئەم یاسایە.**

**سێیەم: لە کاتی ئەنجامدانی هەر رێککەوتننامەیەك بەپێی ماددەی هەژدەم لەم یاسایەدا دەکرێ ئەندامی زیادەی دیکە بۆ لیژنەکە لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار لە حکومەتی فدراڵیەوە، دابمەزرێ.**

**چوارەم: بەپێی ماددەی بیستو شەشەم لەم یاسایەدا لیژنە گرێبەستی نەوتی پێشنیارکراو هەڵدەسەنگێنێ و راپۆرتێك پێشکەش بە وەزیر دەکات.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لجنة تقييم العقود**

**المادة الخامسة والعشرون:**

**اولاً: تشكل لجنة باسم لجنة تقييم العقود يتم تسمية رئيسها واعضائها من قبل مجلس الوزراء لمدة (3) سنوات قابلة للتمديد.**

**ثانياً: تهدف اللجنة الى استيفاء العقود النفطية متطلبات الشفافية ومكافحة الفساد والقدرة المالية والفنية للمقاول وتضمن الحد الاعلى من عائدات حكومة الاقليم بموجب هذا القانون.**

**ثالثاً: عند ابرام اية اتفاقية بموجب المادة الثامنة عشر من هذا القانون يجوز تعين عضو إضافي اخر للجنة من قبل المؤسسة المعنية للحكومة الاتحادية.**

**رابعاً: بموجب المادة السادسة والعشرين من هذا القانون تتولى اللجنة تقييم العقد النفطي المقترح وتقدم تقريراً الى الوزير.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی بیست و پێنجی پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر پێشنیارێکی تازەی هێناوە، دەڵێ ئەو ماددەیە دەکرێت هەمووی ئیلغا بکرێت، ئەگەر وابێتن کەس قسەی هەیە، سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلغا کردنی ئەم ماددەیە راستە دەچێتە مەجلیسی ئیقلیم بۆ نەوت و غاز، بەلاّم هەندێ عقود هەیە کە ئێستا کراوە، ئەوانە مەسیریان چ دەبێت، چونکە ئێمە بە تەما بووین لێرە دەبوایە جێگەمان بۆ بکرادایەوە، ئەو عەقدانەی کە بلّێی هەر دوو حکومەت کردوویەتی تا ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بۆمان شەرح بکە پێشنیارەکە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوە ئەو عەقدە کۆنانە لە شوێنێك باس کراوە لە قانونەکە دوایێ دێینە سەری، ئێمە پێشنیارمان کردووە ئەم ماددەیە لەغو بێت، لە فەقەرەی یەکەم ئێمە لیژنەی ئیقلیمیمان داناوە، پێویست ناکات بەمە مەجلیسی وزەراو لیژنەی عقود بێت، ئەوە یەك.

هەرچی عەقدێك بێت دەچێت بۆ ئەو لیژنەیە، لیژنەی مەجلیسی ئیقلیم، فەقەرەی دووەم، تەبعەن لە هەموو شوێنێك باسی شەفافیەت و ئەوانەمان کردووە لە ماددەکانی تر ئەوەی تیایە، فەقەرەی سێیەم/ بەڕاستی ئەوە پێویست ناکات ئێستا، چونکە شتمان گۆڕی کە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی شوێنێکی تر لە ماددەی (17 و 18) باسمان کرد، ئەوەش پێویست ناکات، لە فەقەرەی چوارەم/ عەینی شتە، چونکە ئەگەر عەقد کرا دەچێت بۆ مەجلیسی ئیقلیم، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، ئیزافەتەن لەوەش دائیرەی عقود هەیە لە وەزارەت، ئیشەکەی ئەوەیە، ئەو ئیشانە دەکات دەیدات بە مەجلیسی وزاری بە وەزیر، وەزیر دەیدات بە مەجلیسی وزەرا، لەبەر ئەو تەعدیلاتانەی لە پێشەوە گوتمان ئەم ماددەیە پێویست نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیان چیە لەسەر موقتەرەحی جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لامان وایە ماددەیەکی زۆر بەکەڵکە، بۆ لابردرێت، شتێکی پێویستە، چونکە ئەوە پرانسیپی تێدایە، یەعنی بەنیسبەت هەموو لایەکی باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوەو، ئەو لیژنەیە ناوی ئەندامەکانی لەلایەن مەجلیسی وزەراوە پێشکەش بکرێت بۆ پەرلەمان، لێرە موصادەقەی لەسەر بکرێت، چونکە هەرچی قسە

هەیـە، هەرچـی ئـەو قسانەی بـاس لـە گەنـدەڵی و کاروبـاری دی دەکـەن، لێـرەوە دەسـت پـێ دەکـات، ئەمـە سەرەتایە بۆ بەستنی ئەو عەقدانەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرەوە، لە فەقەرەی چواریشدا (وتقدم تقریراً الى مجلس الاقلیم) لە جیاتی وەزیر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم پێشنیارەکەی خـۆی سـەحب بکات، بـۆ ئـەوەی موناقەشـەی ماددەکـان بکـەین، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من جەنابی وەزیر کە سەحبی ماددەکەی کرد تەبریراتەکـەی زۆر مـەنتیقی و مـەعقول بـوو، لەبەر ئەوەی کە مەجلیسی ئیقلیمی دروست کردووەو ئەو دەسـەڵاتە چۆتە ئـەوێ، سـەحبەکەی لـە جێگـای خۆیەتی بە قەناعەتی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو، پێشتر عەفوم دەکەن لە قانونیەکان دەپرسم، بۆ ئەوەی بگەینە نەتیجەیەك.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو لیژنەیە زۆر زەروری و پێویستە بمێنێتەوە، لەبەر ئـەوەی ئـەو لیژنەیـە بـەر لـەوە بچێت بـۆ مەجلیسی ئیقلیمی پەسندی بکاتن، ئەو لیژنەیە لە رووی پسپۆڕیەوە دەبێت عقەدەکە هەڵسەنگێنرێت، ئەو لیژنەیـە زۆر زەرورییـە بمێنـێتن، هەیـە دەبێـت بمێنێـت و ئامـاژەی پـێ بکرێـت لـەو یاسـایەدا، ئـەوەش مەهامەکانی لێرە دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن بەنیسـبەت ئـەوەوە ئەگـەر صـیغەکە بگۆڕێـت بـە شـتێکی تـر، چـونکە زەروریـات و ریکوایرمەنـە، کـە مەسئولیاتی حکومەت دەربخرێت، بەنیسبەت (EITI)، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شەریکاتدا بکەیت، دەبێت چۆن ئەوان شروتی (EITI)ی تیا بێت، دەبێت حکومەتیش ئەو هینەی تیا بێت، بۆیە پێویستە لیژنەیـەك لەم بابەتە دروسـت بکرێت لـە ژێـر نـاوی لیژنەیـەك بـۆ (EITI)، تـەبیعی ئیتیفـاقێکم هەیـە لێـرە هـینی حکومەتی ئازربایەنجان، بۆ ئەوەی ئیتیفاق بکات لەگەڵ شەریکاتی نەوتدا، لە پـێش هـەموو شـتێکدا دەبێـت ئیعلانی بکات کـە بـاوەڕی ئـەو قسـەی جـەنابت ماوەیـەك لـەوەی پـێش کـردت دەبێـت قەناعـەت بـێنێ، کـە ئەمیش ئیلتیزامی هەیە بەو قانونانە، بەو خاڵە، بۆیە لیژنەیەك لەم بابەتە زەرورییە، هەتا بۆ ئیتیفاقێك

**كه كردوويانـه، شـتێكيان هـين كردۆتـەوە، دەڵـێ بيرخسـتنەوەيەكى تێگەيشـتن، تەئكيـد لـەوە دەكاتـەوە كـە حكومەتى ئازربايـنجان ئەم ليژنـەيەى هەيەو باوەڕى پێيەتى، من هەردووكم لەلايە ئەگـەر ئيسـتيفادەى لـێ بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، جەنابى وەزير موسيڕى لەسەر پێشنيارەكەت كـە ئيلغـاى ئـەم ماددەيـە، ئەگـەر موسـيڕ دەبێـت دەيخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاشتى هەورامى/ وەزيرى سامانە سروشتيەكان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**موتەعاريزە لەگەڵ شتەكانى كردوومانە، لەگەڵ ليژنەى مەجليسى ئيقليم سـوڵتەكەماندا لـەوێ لەناحيـەى رەئيس وزەراوە ئەوانە بەشدارن لەوێ، موديريەى عامەمان داناوە لە وەزارەت كە ئيشەكەى تەقيمى عقودە، سەيرى قانونەكە بكە كە تەواومان كرد، ئەو دائيرەيە كە مەفروزە تەقريرەكە رەفع بكات بۆ وەزير، وەزيـر دەبێت بيبات بۆ مەجليس، بۆ قەبول كردن هەموو شتەكەمان داناوە لە شوێنى تر، ئەمە موتەعاريز دەبێت ئەگەر هێشتمانەوە، ئێمە خۆمان ئەمەمان دانا، چـونكە شـتەكانى ترمـان نـەبوو لـە پێشـەوە، كـە ئێسـتا لـە وەزارەت دائيرەى عقودمان داناوە، كە ئيشەكەى ئەوەيـە تـەقيم بكـات، تـەقيمى فـەنى و ئيقتيصـادى و ئـەو شتانە، ئەوە شوێنى خۆيەتى.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**من پرسيارێك دەكەم، ئايا ئەو عقودانە پێويسـت بـە موصـادەقەى پەرلـەمان ناكـات لـە نەتيجـە، لـە ئـەخير شت؟**

**بەڕێز د.ئاشتى هەورامى/ وەزيرى سامانە سروشتيەكان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**دەتوانێت ئيشارە بكات، تەقديمى وەزير دەكـات بـۆ رەفعـى مـەجليس، دەتوانێـت يـەك فەقـەرەى بـۆ دانـێين مانيع نييە ئەوە، كە نامانەوێت لايببەين بەتەواوى فەقەرەكە بەسيت بكەين، بـا وەكـو موغنـاتيس نـەبێت كە كردوومە.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**پێشنيارەكەت دەخەينە دەنگدانەوە، پێشنيارى دكتۆر ئاشتى وەزيرى سامانە سروشتيەكان كە ئـەو ماددەيـە ئيلغا بكرێت و ژمارەيـەك لـە ئەنـدامانى پەرلـەمان گوتيـان نـەخێر نابێت ئيلغـا بكرێـت، بـەڵكو پێويسـتە، خۆشى لەسەر پێشنيارەكە موسيڕە، بۆيە دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە ئەو ماددەيە ئيلغا بكرێت، چيە كاك عوسمان فەرموو نوقتەى نيزامى هەيە.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانى مارانى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە فیعلەن وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد سێ نوقتەیان کە دەڵێن باس کراوە، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە بمێنێت، مەسەلەی لیژنە، ئەو لیژنەی ئیختیصاصی هەیە بە نەفتەوە، ئەوە بمێنێت، ئەویتر نەشمێنیت زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بانگێشە و بەخشینەکان

ماددەی بیستو شەشەم:

یەکەم:

أ- وەزیر بەڕاگەیاندنێکی گشتییەوە بانگێشە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانی مۆڵەت دەکات.

ب- وەزیر شێوازی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بۆ دانی مۆڵەتەکان هەڵدەبژێرێ ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە بخوازێ.

ت- داواکاریەکانی پێشکەش دەکرێن بەزمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی دەبێ یان لە داواکاریەکەدا دیاریدەکرێت.

دووەم:

أ- لە داوایەکەدا ناوچەی گرێبەستو، کارە پێشنیارکراوەکانو پێوانەکانی پێشکەشکردنی داواکاریەکان دیاریدەکرێت، هەروەها ڕەسمەکانی کە لەگەڵ داوایەکە دەدرێو ڕێگاو ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داوایەکە دیاریدەکرێت.

ب- وەزیر بۆی هەیە بەکەس لەوانە نەدات کە داواکاریان پێشکەشکردووە، ئەگەر دەقی داوایەکە پێچەوانەی ئەوە نەبێ.

سێیەم: دەبێ داواکردنی مۆڵەت بەم مەرجانەی خوارەوە پابەند بێ:-

أ- دابینکردنی ساغو سەلامەتیو تەندروستی گشتیو ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لە پرۆسەکانی نەوت کاردەکەن وەهەروەها بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە.

ب- پاراستنی ژینگەو خۆپاراستن لە پیسبوونو کەمکردنەوەو چارەسەرکردنیو خۆپاراستن لە هەر زیانێکی ژینگە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتەوە دێتە ئاراوە.

ت- هاووڵاتیانی هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق بەرتربن بۆ ڕاهێنانو دامەزراندن لە پرۆسەکانی نەوتدا.

پ- هاوولاَتیانی هەرێم و ناوچەكانی دیكەی عێراق بەرتربن بۆ فەراهەم كردنی كالاَو خزمەت گوزاریەكان.
چوارەم: وەزیر هیچ مۆڵەتێكی تایبەتی بەناوچەیەك نادات، تەنیا دوای لەبەرچاوگرتنی هەموو داواكاریەكانی پێشكەش كراون و كە بە دەنگەوە هاتوون بە داوایەكەوە پابەند بوون.
پێنجەم: وەزیر هیچ مۆڵەتێكی گرێبەستی هاوبەشی كردنی بەرهەمهێنان نادات تاوەكو ئەمانە بەدەست نەهێنێ:-
أ- راپۆرتی فەرمی لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەكان.
ب- رەزامەندی لیژنەی وەزارەتی تایبەتی كە ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەكات.
**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الدعوات والعطاءات

المادة السادسة والعشرون/
أولا :
أ- يدعو الوزير باعلان عام لتقديم طلبات الاجازة .
ب- يختار الوزير اسلوب المفاوضات المباشرة لمنح الاجازات اذا دعت المصلحة العامة الى ذلك.
ت- تكون طلبات مقدمة باللغة الكردية او العربية او الانكليزية او يتم تحديدها في دعوى.
ثانيا: أ- تحدد في الدعوة منطقة العقد والاعمال المقترحة والمعايير التي تعتمد عليها لتقديم الطلبات، وكذلك تحدد الرسومات القابلة للدفع مع الطلب، وبيان طريقة وتاريخ تقديم الطلب.
ب- يجوز للوزير عدم منح الاجازة الى اي من مقدمي الطلبات ما لم تنص الدعوة بخلاف ذلك.
ثالثا: يتضمن طلب الأجازة الألتزام بالشروط التالية :-
أ- تأمين السلامة والصحة العامة وتهيئة اجواء مناسبة للاشخاص الذين يعملون في العمليات النفطية وكذلك لكل من له علاقة بذلك.
ب- حماية البيئة والوقاية من التلوث وتقليله ومعالجته، والوقاية من اية أضرار بيئية ناتجة عن العمليات النفطية.
ت- اعطاء الاولوية لمواطني الأقليم والمناطق الاخرى في العراق للتدريب والتوظيف في العمليات النفطية .
ث- أعطاء الاولوية لمواطني الأقليم والمناطق الاخرى من العراق بتوفير السلع والخدمات.
رابعا: لا يمنح الوزير اية اجازة خاصة بمنطقة ما الا بعد الاخذ بنظر الاعتبار جميع الطلبات المقدمة التي استجابت والتزمت بالدعوة.
خامساً: لا يجوز للوزير منح اية إجازة عقد بمشاركة الانتاج الا بعد حصول على:
أ- التقرير الرسمي من للجنة لتقييم العقود.
ب- موافقة اللجنة الوزارية الخاصة التي يحددها مجلس الوزراء.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون:

تقترح اللجنة حذف الفقرة (ت) أولاً ليكون التعامل وفقاً لما جاء في الدستور.

و إعادة صياغة الفقرة ب/خامساً كالآتي:

ب- موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

سەبارەت بە پێشنیاری دووەممان كە (ب)یە (رئاسة مجلس الوزراء)، چونكە لە هەموویان كردیتمانە مەجلیسی ئیقلیمی، ئێمەش مانیعمان نییە بكرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەس لە بیرتان نەچێتن ئەو بابە باسی دەعوات و عەتائاتو تەندەرە، خاتوو ڤیان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەكەم (ب) كە دەڵێت وەزیر شێوازی گفتوگۆی راستەوخۆ بۆ دانی مۆڵەتەكان، لێرە روون كردنەوەیەكی پێویستە، بەلاّم باشتر وایە ئەوە هەر نەكرێت، چونكە ئەمە بەپێی رێنماییەكانی مەرجی مۆڵەتدان لە ماددەی بیست و چوار ئەوەی باس كردووە، بەلاّم ئایا ئەو گفتوگۆیە راستەوخۆ پێویستی بە زیاتر روون كردنەوەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان روون بكاتەوە.

لە خاڵی دووەم/ ب- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەت بە كەس لەوانە نەدات، بەلاّم ئایا پێویستە پاساوێكی یاسایی دیاری بكات، ئینجا ئیجازەكە نەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیا من سەبارەت بە ماددەی بیست و شەشێ فەقەرە یەكێ/أ عادەتەن دەعوات بۆ ڤان مەسەلەی وەزارەتە ئێمە دەڵێین، یەعنی بانگەواز لای وەزارەت بێتە كرن، چونكە لە وەزارەتێ كو موئەسەسات و مودیریاتی پەیوەندیدار ئی كاروباری نەفتێ، یەعنی ئەڤە دەبێتە هاریكار بۆ وەزیری، بۆ هەندێ كاروباری بە رێكوپێكتر بەرێوە بچێتن. لە فەقەرەی دوو/ ب، بە رەئیا من عیبارە وێ رەكیكە، (يجوز للوزير عدم منح)، ئەگەر ئەم عیبارە ئیعادە بكەینەوە بەشێوەیەكی تر بێژین (يمنح الوزير الاجازة الى من يتوفر لديه الشروط المطلوبة يوفر منفعة اكثر بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، بە رەئیا مە ئەڤە جوانترە ئێژی وەكو هاتیە خوارێ (عدم منح الاجازه) پێرا خۆش نینە.

(رابعاً: لا يمنح الوزارة اية اجازة)، بەلكو بگونجێتن گەل هەمی مەفاهیمی مەیێ تر کو هەر ناڤێ وەزیر دەرکەڤیتن، هەمی عادەتەن ناڤێ وەزارەت دەرکەڤێتن و لەبنی وەزیر تەوقیع دکاتن.

(خامساً: لا یجوز للوزارة)، باشترە (للوزیر منح ایة إجازة)، بەلکو بگونجێتن گەل یەدی تر.

(خامساً/ب- موافقة رئاسة المجلس الاقلیمی) لەجیاتی مەجلیسی وزارییە، چونکە ئێمە ئیتیفاق بوویە لەسەر ئەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاحەزەم هەبوو، ئەو هەڤالانە باسیان کرد، ئەو فەقەرەی دووەم (ب- یجوز للوزیر عدم منح الاجازة)یە، ئەوە بۆ وەزیر هەیە کە ئیجازە بدات، ئەگەر شروتی قانونی و ئەو شروتانەی تیا تەوفیر بێت، یان ئەوەتا موبەریراتی قانونی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئیجازەیە نەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی ڤیان خان دەکەم، کە فەقەرەی (ب) لاببرێت و نەمێنێت، ئەوەی دەڵێت (یختار الوزیر اسلوب المفاوضات المباشرة لمنح الاجازات اذا دعت المصلحة العامة الی ذلك)، ئەوە لابرێت باشترە، بەنیسبەت پێنجەمیش هەر بە کاملی لابرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەی پێشوو لیژنەی تەقیمان لابرد و ئیلغامان کرد، ئەوە لەگەڵ وی تەعاروز دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثانیاً/ب- تحدید مبررات) من پاڵپشتی ئەوانە دەکەم، کە پێش من باسیان کرد ئیزافە بکرێت، ئەوەی پێنجەمیش مام ڕەشاد پێشی من باسی کرد، دەبێت لابرێت، چونکە لە ماددەی بیست و پێنجدا هەیە (لجنة تقیم العقود) هەیە، دەبێت لێرەش لابرێت و نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاحەزەم هەبوو، بۆ تەئکید و پشتیوانی ئەوانەی پێشە خۆم دووبارەی دەکەمەوە، بڕگەی یەکەم پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەکەم کە لابرێت، پشتگیری ئەوەش دەکەم (ب) لابرێت، دووەم/ب ئەوە دەست نیشان بکرێت، وەزیر بەچ پێوانەیەك رەفزی دەکات، یان قبولی دەکات، پشتگیری ئەوەی مام رەشادیش دەکەم، کە پێنجەم لابرێت، چونکە ئێمە لیژنەکەمان لەو ماددەی پێشوودا نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کرا، تەنها دەمەوێت پشتگیری ئەو بەڕێزانە بکەم، کە لە فەقەرەی دووەم/ب، کە ئەوە زیاتر لە فەقەرەیەکی مەزاجی و وەزیر بۆی هەیە بەشێوازێکی تیلقائی تەعامول لەگەڵ ئەو داوایانە بکات، پشتیوانی لەوانە دەکەم کە لابرێت، لەگەڵ پێنجەم کە لیژنەی تەقیمی عقود نەماوە لەماددەی پێشوودا ئەوەش نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە لوغەویەن باش نەبێت، بەلاَم یەکەم/ ئەم ماددەیە هەمووی دەعوات و عەتائاتە، باسی ئیلتیزامات ناکات.

دووەم/ (يختار الوزير اسلوب المفاوضات)، ئەگەر بوو بە ئیلتیزام دەبێت بیبات بۆ مەجلیس، کە دەبێت بتوانێت موفاوەزات بکات، ئەگەر موفاوەزات نەکات و شەریکات نەبینی، چۆن دەتوانی باسی عەقد بکەیت، حەقی هەیە بچێت بۆ موئتەمەرێك دابنیشێت و موفاوەزات بکات لەگەڵ خوبەرای خۆیان، ئەگەر بوو بە موناقەشەو بوو بە ئیقتیراحی تر لە شوێنێکی تر باسمان کردووە، دەبێت بیبات بۆ مەجلیس، هەموو وەزارەتەکانی تریش ئەوەیان هەیە، دەبێت ئەوەت هەبێت، ئەگەرنا تۆ ئەوەت نەبێت نەتوانێت قسە بکەیت لەگەڵ کەسدا، چۆن دەتوانیت عەقد دروست بکەیت.

فەقەرەی دووەم/ (ب)، ئەمە قەصدی ئەوەیە تۆ عەقدێکت هەیە ئیعلانی دەکەیت، بەلاَم ئێمە دەمانەوێت بڵێین ئێمە مولزەم نین کە بیدەین بە کەس، لەوانەیە رەئی خۆمان بگۆڕین، تۆ ئیعلان دەکەیت ئەم عەقدم هەیەو خەڵك تەقدیمی عوروزی خۆیان دەکەن، تۆ رەئی خۆت دەگۆڕیت و مولزەم نیت بیدەیت بە کەس،

هەر بۆ ئەوەیە مانای وایە پرۆتەکشن دەبێت بۆ حکومەت، نەوەك یەکێك بڵێ من تەقدیم کرد و عەقدەکەت نەدا بە من، هەر لەبەر ئەوە دامانناوە، تۆ ئیلزامت نییە، لەوانەیە لوغەویەن غەڵەت دانرا بێت، بەلاَم ئێمە نامانەوێت بیکەین بە مولزەم، چونکە مقاولێك نامەیەکی نووسی وتی ئەو ئیعلانەت کرد بوو، من دەیکەم، چی دەکەیت دەڵێیت نایدەم بە تۆ، دەڵێی من وەلاَمم دایەوە، لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێت بڵێین مولزەم نین، مانای ئەوە نییە کە تۆ تەقدیمت کرد ئیلزامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەمە تۆزێك وازیح نییە، عادەتەن کە کارێك دەبێت تەندەر بلاَو دەکرێتەوە، بەلاَم بۆ وەزیر هەیە پێش ئەوەی تەندەرەکە بلاَو بکاتەوە، بۆ کێ داوایەکە بنێرێت لە جیهاتی موختەس، بەتایبەتی ئەگەر تەئمینی مەساریفی پارەکە لە لایەن جیهەتێکی وەکو وۆڵد بانگ کرا بێت، دەبێت لێی بپرسێ کێ کۆڵەفایە، چ شەریکەیەك لە عالەمە کواڵەفایە ئەم ئیشە بکات، بۆ ئەوەی بتوانرێت نووسراو بنووسرێت بۆ ئەو شەریکانە، ئەگەر ئەوە نەزانیت ئیحتیمالە هەر ئیستیغلال بکرێت لەناوەوە.

دووەم/ بەنیسبەت موفاوەزاتەوە، کەکاتێك تەندەر تەقدیم دەکرێت جیهەتەکان لە لایەن لیژنەیەکەوە دیراسە دەکرێت، ئەوسا وەزیر بۆی هەیە قسە لەگەڵ ئەو شەریکاتانە بکات، بزانێ ئەگەر نوقتەی زوعفی، یان نوقتەی بەقوەتی تیا بێت، ئەوە شتێکی هینە، وابزانم هیچ پێویست ناکات لێرە، ئەوە یەکێکە لە تەحصیلی حاصل، یەعنی واجیبی خۆیەتی کە قسە بکات لە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی تێبینی دەکەم لە بڕگەی یەکەم، پێم وایە ئیعلانی عام بۆ پێشکەش کردنی داخوازی بۆ مۆڵەتدان لە لایەن وەزیرەوە دەبێت، ئەگەر بڕگەی (ب) بمێنێت ئیختیارەکە لە لایەن ئەنجومەنی هەرێمەوە بێت، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی دووەم/ب، لەبەر ئەوەی ئیجازە دان لە دەسەلاَتی ئەنجومەنی هەرێمە، بۆیە دەبێت (للمجلس الاقلیمی) بێتن نەك (للوزیر)، هەروەها منیش تەئیدی ئەو بۆچوونانە دەکەم، کە موبەریراتە یاساییەکان دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لە چ حاڵەتێکدا رەفزی دەکاتەوە، یان مەنح ناکات، سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم پێشنیار کرا، دوو پێشنیاری وا کرا، پێم وایە سەبارەت بە ئیلغا کردنی بڕگەی پێنجەم، بڕگەی پێنجەم حەزف نەکرێت، بەلاَم بڕگەی (أ) کە دەڵێتن لیژنەی تەقیم ئەوە نەمێنێت، بڕگەی پێنجەم وای لێ بکرێتن (لایجوز للوزیر منح ایة إجازة عقد مشارکة الا بعد الحصول علی موافقة المجلس الاقلیمي) لە جیاتی مەجلیسی وزەراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەی پێشوو تـر ئیلغا كرایـەوە، منـیش هـەر پێشنیاری ئـەوە دەكـەم، كـە بڕگـەی پێنجـەم نەمێنێت، ئەگەر بمێنێت دوو بڕگەیـە، بكرێتـە یـەك بڕگـە وەكـو كـاك كـەریمیش ئیشارەتی پێدا، تـاوەكو ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی لەسەر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی (ثانیاً/ب) ئەوە عادەتەن یەك لە شروتی خاصە كە مقاولات دەكات دەڵێـت (الـوزارة غـير ملزمة بأوطئ العطاءات) مەبەستی لێرە ئەوەیە (أوطئ العطاءات) مەقصەدی ئەوەیە دەتوانێ هەنـدێك جـار شەریكەیەك تەقدیم دەكات، كەمترین سعر تەقـدیم دەكـات، بـەڵام كەفائـەی نییـە، لەبـەر ئـەوەی كەفائـەی نییە، دەیەوێت مولزەم نەبێت بەوەی كە بیداتە ئەو، نەیداتە یەكێكی تر كەوا تێدایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بـە تـەنیا ئـەوە نییـە زۆر مواسـەفاتی تریشـی تێدایـە، شـەریكەیەكی عـیملاق هەیـە لەگـەڵ شـەریكەیەكی مەحەلی تۆ ئیختیاری عیملاقەكەی دەكەیت، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكانم برادەران كردیان، نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانی منیش كرا، تەنها تەئكید لەوە دەكەمەوە بڕگەی (ب) فیعلەن لابدرێت، من بە زیادی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە برگەی یەکەم (ب- يختار الوزير اسلوب المفاوضات المباشرة) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی چوار فەقەرەی دووەم دەڵێ (يتولى الوزير او من يخولها) ئەگەر بگەڕێینەوە دووەم دەڵێت (التفاوض)، کە لێرە سەلاْحیەتی موفاوەزاتت دایتێ، یەعنی ئیسلوبەکە هەر سەلاْحیەتی خۆیەتی، لێرەدا ئەوە زیادە، برگەی (ت)یش پێم وایە زیادە، لە (ثانیاً/ب) موبەریراتی بدەینێ، یەعنی بۆ ئەو ئیجازاتانە دەدا، من سێ پێشنیار دەکەم لێرە، یان بڵێین (يجوز للوزير عدم منح الاجازة الى اي من مقدمي الطلبات ما لم تنص دعوى بخلاف ذلك اذا لم تفي تلك الطلبات على شروط الدعوى للاجازة)، یانیش بڵێین (اذا لم تنسجم تلك الطلبات مع السياسات النفطية العامة)، یانیش بڵێین (اذا لم تحقق مصلحة شعب الاقليم) لەو سێ پێشنیارەی کامەی پێتان باشە، من خۆم پێم باشە (اذا لم تفي تلك الطلبات على شروط الدعوى للاجازة)، لێرەش لە سەرێ نووسراوە (يدعو الوزير باعلان عام)، کەچی لە تەفاسیلەکان نووسراوە (دعوى) پێم وابێت بگوترێت (يدعو الوزير بدعوى عامة) هیچ ئیشکالێك نییەو هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، ئەویتریش پشتگیری لە رەئی کاك کەریم دەکەم کە (أ) لابدرێت دەبێتە یەك برگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوڕام لەگەڵ کاك سەردار، ئەوە ئێمە ئەو حەقەمان داوەتێ لە ماددەی چوار کە ئێستا بووە بە شەش لە دوای ئیزافە کردنی ماددەی چواری تازە، ماددەی چوارو پێنج، کە ئێستا بووە بە حەوت، کە لە مەسئوولیاتی وەزیر ئەوەیە موفاوەزات بکات، ئیتر پێویست ناکات لێرە بنووسرێت، کە دەڵێیت (يجوز للوزير عدم منح الاجازه) دەتوانیت بڵێی (ويجوز) یەعنی تۆ شتەکە تۆزێك مەتاتیەتی تێدایە، یان دەتوانێت بیدات و دەشتوانێت نەیدات، ئەگەر تەحدیدی شروت بکرێت وەکو ئەوەی کاك سەردار دەڵێت زۆر زۆر باشە، بەلاْم من بۆچوونێکی ترم هەیە لە پێنجەم، عەقدی موشارەکەی ئینتاج عەقدێکی زۆر گرنگە، تا بیست ساڵ دەیخایەنێت، جاری وا هەیە تا بیست و پێنج ساڵ دەیخایەنێت، راستە ئێمە ئەو حەقمان داوە بە مەجلیسی ئیقلیم، کە موافەقە لەسەر ئەو عقودە بکات، بەلاْم من دەیخەمە رای برادەران، ئایا عەقدێك بۆ بیست و پێنج ساڵ تەنها ئەو پێنج کەسە قەراری لێ بدات لە مەجلیسی ئیقلیمن، یاخود عقودی موشارەکەی ئینتاج بێتە پەرلەمانەوە، بەلاْم عەقدی موشارەکەی ئینتاج بۆ مەدایەکی دوور و درێژە، ئەگەر بێتە پەرلەمانەوە ئەوە رەئی منە بۆ مەسڵحەتە، چونکە عەقدەکە زۆر دوورو درێژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە لیژنەی یاسایی دەپرسم، من پێم وایە لە شوێنێکی تردا هەیە موصادەقەی عقود لە پەرلەمان، باسی عەقد دەکات، ئیجازە شتێکە، عەقدیش شتێکی ترە، ئیجازە لە دەسەلاْتی وەزیرە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم قسە لەسەر فەقەرەی یەك (ب و ت)، لەگەڵ فەقەرەی دوو (ب)، لەگەڵ فەقەرەی پێنجەم (أ) برادەرەکانم تەوزیحیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم (ب) راستە ئێمە ڕێگەمان داوە کە وەزیر موفاوەزات بکات بۆ هەر گرێبەستێك، بەلاّم لێرە فەرق هەیە شێوازی گرێبەستەکە باشترە موفاوەزاتی موباشیر بێت، بەلاّم دەتوانرێت لە ڕێگای تریشەوە ڕێبازی تر هەیە، ڕێڕەوی تر هەیە بۆ گرێبەستی ڕێککەوتننامەیەك، یان مەنحی ئیجازە، لەبەر ئەوە من پێم وایە تۆزێك دەستکاری پێویستە (يفضل ان يختار الوزير اسلوب المفاوضات المباشرة لمنح الاجازات او اية اسلوب اخر اذا دعت المصلحة العامة الى ذلك)، یەعنی (يفضل) باشترە لێرە تەئکید لەسەر تەزلیلی ئەوە بکرێت، چونکە ئەوە باشترین ڕێڕەوە بۆ ئاگاداری هەر گرێبەستێك، ئەمە خاڵێکە.

ئەوەی پێنجەمیش، منیش لەگەڵ ئەوەم (لايجوز للوزير منح اية إجازة بمشاركة الانتاج الا بعد حصول موافقة المجلس الاقليمي)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی فیعلەن هاتە کرن، ئەوەی (ب)ێ ئێمەش لەگەڵ ئەوەمە، چونکە ئیعلان جیاوازە لەگەڵ تەفاوز لەگەڵ شەریکات، ئەوە لەماددەی شەشەکە حەسم بویە، بڕگەی پێنجیش من لەگەڵ ئیلغامە، بەتایبەتی لیژنەی خاصەی وزاری بچووکتر، یان مەجلیسی وزەرا یان لەوانەیە هەر نەمێنێتن، بەلاّم ئێمە لە چوارەم کە دەڵێتن (لا يمنح الوزير اية إجازة المنطقة الا بعد الاخذ بنظر الاعتبار)، ئاخر نەزەری ئیعتبار هەمووی

تەڵەبە، مومكینە (بعد دراسة وتقیم كل الطلبات المقدمة الى الوزارة)، (اخذ بنظر الاعتبار) شتێكە (دراسە وتقیم) شتێكی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی بیست و شەش فەقەرەی (ب) یەكەم، من بە گرنگی دەزانم ئەمە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە مەجلیسی ئیقلیم، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی تیان هیچیان پسپۆڕ نین لە بواری نەوت، وەزیر خۆی لەناو شەریكات لە ئیحتیكاكدا پەیوەندیان لەگەڵدا دەكات، قانونەكەی بۆیان شەرح دەكاتن وفود دەڕوات دەیانبینێ، بۆیە بە رەئی من باشترە، چونكە ئەم ئیسلوبی موفاوەزاتیش مانای ئەوە نییە عەقدیان پێوە دەكات، یان ئیتیفاقیان لەگەڵدا دەكات، بەڵام دەیانخاتە سەر سیكە، كە لەگەڵ مەجلیسی ئیقلیم موافەقەت دەكات، بۆیە من بە گرنگی دەزانم وەكو خۆی لە شوێنی خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران ئیشارەتیان بە ماددەی چواردا، ماددەی چوار دەڵێت (التفاوض وابرام الاتفاقیات وتنفیذ جمیع الاجازات)، لێرە تەنفیزی ئیجازاتە، بەڵام لەو ماددەیەی كە لە بیست و شەش هاتووە دەڵێت (للمفاوضات المباشرة لمنح الاجازات)، تەنفیز شتێكە، مەنحیش شتێكی ترە، دوو شتی جیاوازە، بۆیە داوا دەكەین ئەو بڕگەیە لابدرێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وای تێ دەگەم بەڕاستی، بەنیسبەت ئەوەلەن (أ) وەزیر ئیعلانی دەكات بۆ تەقدیمی تەڵەبات، كە تەقدیمی تەڵەبات كرا، فەقەرە دوو وەزیر دەست پێ دەكات بە ئیسلوبی موفاوەزاتی موباشیر لەگەڵ ئەو كەسانەی كە بەگوێرەی ئەو تەڵەباتەی كە تەقدیم كراوە، خۆ لەگەڵ هەموویان موفاوەزاتی موباشیر ناكات، بەڵكو لەگەڵ چەند شەریكەیەك موفاوەزاتی موباشیر دەكات، ئەوەی تەئكیدی ئەوە دەكات لە ماددەی چوارە دەڵێ ئەوەی خارجی دەعوەكە بێتن حەقی موشارەكەی نییە لەو مەنحی ئیجازەیە، من وای بۆ دەچم ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحێكمان بداتێ زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تەفسیرە بزەبت لەبەر ئەوە دانراوە، من داوا لـە بـرادەران دەكـەم، كـە ئـەم یاسایە دەكـەین تـۆ بـۆ ئـەم وەزیرەی ناكەیت، بۆ موستەقبەلی ولاَتەكەی دەكەیت، دەبێت بە مەعقول داینێیت، دەبێت وەزیر ئەو رۆژە هـەرچ هەیـە بتوانێـت موفـاوەزات بكـاتن، ئـەگینا تـۆ ناتوانیـت تەقـەدوم بكـەیت، ناتوانیـت ئـیش بكـەیت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دڵنیابە لەوە دكتۆر ئاشتی، ئێمـە یـەك/ سیقەمان بـە جـەنابت هەیـە، دووەمـیش/ لێـرە كـە بـاس دەكرێـت مەسەلەكە لەوە دایە كە هەر وەزیرێك بێتن، بەپێچەوانەوە، ئێمە دەڵێین ئەمڕۆ جەنابت وەزیری شارەزای، سبەینێ وەزیرێكی ناشارەزا بێتن چی بكەین، لەبەر ئەوەی دەبێت قانونیـەن شـتێك بكـەین لـەو شـوێنانەی كە پێویستەو قەناعەتمان پێیەتی، وەزیر ببێتـە وەزارەت، یـان مەجلیسـی ئیقلیمـی تـۆ خۆشـت ئیقتیراحـی ئـەوەت كـردووە، خـۆی ئێسـتا پێشـنیارێك هـاتووە، دوو، سـێ پێشـنیار هـاتووە لـە هینەكانـدا، ئەوەلـەن لـە ماددەكە ئەگەر بشمێنێتەوە دەیخەینە دەنگدان، بـەلاَم دەبێـت (ب)یەكـە ببێتـە (ت)، چـونكە لـە (أ) دەڵێـی ئیعلانی ئیجازە دەكـات، دووەم/ دەڵێـت بـەو زمانـە بـێتن، سـێیەم/ ئـەوجا قیـادەی موفـاوەزات دەكـات، مـن لێرەوە دەست پێ دەكەم، ئەو پێشنیارەی كە لەلایەن ئەندامانەوە هـاتبوون هەنـدێكیان تەئكیـدیان كـردەوە كە بمێنێتەوە باشترە، جەنابی وەزیریش تەئكید دەكاتن، فەقەرە (ب)یەكە دەبێت بخەینە دەنگدانـەوە، ئـەو پێشـنیارەی كـە لەلایـەن هەنـدێك ئەندامانـەوە هـاتووە، كـە دەڵـێن دەبێـت ئیلغـا بكرێـت، كـێ لەگـەڵ ئـەو پێشنیارەیە كە فەقەرەی ئەوەلەن (ب) ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە كە بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بـە زۆرینـەی دەنـگ دەمێنێتـەوە، بـەلاَم تەسەلسولەكەی دەبێت بگۆڕێتن لەناحیەی مەنتیقی، لیژنەی قـانونی داوای كـردووە (ت) ئیلغـا بێـت، ئـەوجا لەڕاسـتیدا بـۆ ئیلغـا كردنـەوەی لیژنـەی قـانونی موبەریرەكـەی نـەداوە لـە حەقیقەتـدا، راسـتە لـە دەسـتوور هـاتووە، لـە دەستووردا دەڵێت بە زمانی عـەرەبی و كوردی بـێتن، زۆر شـەریكات هەیـە ئینگلیزییـە نازانـێ هـین بكـات، لەبەر ئەوە بە عەكسەوە لیژنەی قانونی پێشنیارەكەی كە دەڵێت ئیلغا بكرێـت، دەبێـت بنووسـرێت، دەبێـت وەكو خۆی هاتووە ئیشارەتێك هەبێتن، مامۆستا كاكە شەرحی بكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەپێی دەسـتووری عێراقـی فیـدراڵ، دەبێـت كـوردی و عـەرەبی هـەردوو زمـانی رەسمینـە، ئێسـتا لـەو ماددەیەی هاتووە، دەڵێت بە یەكێك لەو زمانانە، یان كوردی، یان عەرەبی، یان ئینگلیزی، ئێمە ئەگەر بێتـو فەرزمان كرد عەرەبی بوو، مانای وایە ئێمە حەقی كوردیمـان نـەدا، یـاخود كردمانـە ئینگلیـزی مانـای وایـە

حەقی کوردی و عەرەبیمان نەداوە، بۆیە پێمان وایە ئەگەر بێتو (وفق الدستور) بێتن، ئەو کاتی بەپێی دەستوور ئێمە کوردی و عەرەبیەکە کامیان بکەین تەواوە، لە دوایشدا دەتوانین ئەو کەسەی کەوا ئەو عەقدەی دەکات موراقەبەی بکات بەپێی قانون موتەرجومەکەش لەگەڵی بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چی دەڵێی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موافیقم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە جەنابی وەزیریش موافیقە، کە دەڵێت بڕگە (ت) لابچێتن، لەبەر ئەوەی لە دەستوور ئاماژەی پێ کردووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە بۆ لادانی بڕگەی (ت) دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ لادرا، کەواتە ئەوەلەن وای لێ هات (أولا: یدعو الوزیر باعلان عام لتقدیم طلبات الاجازة، ویختار الوزیر اسلوب المفاوضات المباشرة لمنح الاجازات اذا دعت المصلحة العامة الی ذلك)، لە فەقەرە (ب) لە دووەم، پێشنیار هاتبوو صیغەکەی تەواو نییە، بیدایەتەکەی کاك ئیحسان باسی کرد، صیغەیەکی موناسیبی هین کردووە، منیش تەعدیلاتم کردووە لەسەری (یمنح الوزیر الاجازة الی من یتوفر لدیه الشروط بعد موافقة المجلس الاقلیمي)، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین بوەستین دوایی موفەدیمی تەڵەبات، دوای ئەوە باقیەکە لەغو بکەین، ئێمە هەر دەمانەوێت حکومەت مولزەم نەبێت، ئیعلانت کردووە، ئیلزامت نییە کە بیدەیت بە کەس، هەر ئەوەیە، دوایێ موتەتەڵەبات بوەستین، ناتەوێت خۆت مولزیم بیت، چونکە ئیعلانێکت کردووە دەبێت عەقدێك بکەیت و تەواو، دوای موتەتەڵەبات، لە دووەم (ب) (الی اي من مقدمي الطلبات)، دوای ئەوە باقیەکە لەغو بکرێت، (ما لم تنص الدعوة بخلاف ذلك) هەر پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یجوز للوزیر عدم منح الاجازة الی اي من مقدمي الطلبات)، بۆ؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناحیەی قانونیەوە ئەگەر تۆ ئیعلانێك بکەیت بۆ عەقد، سێ، چوار تەڵەباتت بۆ دێت، دوای ئەوەی ئیعلانەکە تەڵەباتەکەت بۆ هاتووە، رەئی خۆت گۆڕی، یەعنی چووی بۆ لیژنەی خۆت، تەقیمی عقود هات،

یان وەکو موتەتەڵەباتت گۆڕی، دەڵێ من ئێستا ئەو عەقدە ناکەم، ساڵێکی تر ئیعلانی دەکەمەوە دووبارە، نابێت چونکە خەڵك دێت دەڵێ پارەم سەرف کردووە، عەقدم پەیدا کرد، وەلاٌمم دایەوە، خەسارەتم کردووە، دەبێت عەقدێکم بدەیتێ، ئەو وەختە چی دەکەیت، ئێمە دەڵێین حەقمان هەیە کە مولزەم نین بە کەسەوە، ئەوە بۆ مەسڵەحەتی خۆتە، مەسڵەحەی عامەیە، پێویستە، چونکە تۆ وەلاٌمی عەقدەکەی منت داوەتەوە لە ئیعلانەکەی من، مانای نییە من مولزەم بم بە تۆ موفاوەزاتم لەگەڵدا بکەیت، صیغەیەکی تر هەیە ئەگەر مەجال هەبێت، دەتوانین ئەگەر ئەوە لەغو نەکەین بیگۆڕین (اذا دعت المصلحة العامة الى ذلك)، دوای موقەدیمی تەڵەبات (یجوز للوزیر عدم منح الاجازة الى اي من مقدمي الطلبات اذا دعت المصلحة العامة الى ذلك)، ئەمە موهیم نییە، ئەگەر لایدەبەن لایبەن، بەلاٌم باشترە شتێك هەبێت هەتا تۆ ئیلزام نەکات بە مقاولەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئاشتی راستە لە لایەکەوە زەرورییە، بەس لە لایەکیشەوە یەعنی تەحصیل حاصلە، کە دەسەلاٌتی وەزارەتەو وەزیرە کە نەیداتن، هەموو تەندەرێك لیژنەی تەقیمی تەندەرەکە پێی باش بوو ئیلزامێکی لەسەر هین نییە، ئەگەر تۆ ئەوەی تێدا نەبێتن ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەگەر تێیدا بێت بە رەئی من تەبعەن، ئەوە لە لایەکەوە بۆ تۆ قورسایی دەخاتن شەریکات کەمتر دێنن یەعنی موجازەفە ناکاتن، تۆ لە ئێستاوە پێی دەڵێی نیشانی دەدەیت من موافەقەت ناکەم، هەر تێیدا نەبێتن، رەنگە ئاسانترەو دەسەلاٌتی خۆشتە، تۆ مولزەم نیت، یەعنی یەکێك عەتای تەقدیم بکات مولزەم نییە بەو عەتایە، یەعنی وەکو تەندەرێك، تەندەر تەقدیم دەکاتن، شروتی تەندرەکە خۆتە، مەسەلەن پارەیەك دادەنێیت، یان شتێك دادەنێیت لە شروتی تەندەرەکە نووسیوتە، فەقەرەیەك دەنووسی وەزارەت مولزەم نییە بەو عەتایە ئیلا بەپێی ئەو تەقیمەی خۆی، قەراری خۆی دەبێت، بەڵێ ئەگەر ئیلغای بکەیت پێم باشترە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەو نەتیجەمان دەداتێ راستە، بەلاٌم من لە شەریکاتی عالەمی ئیشم کردووە، کە دێتە سەر نەوت و داوای ئیجازە دەکەیت شەریکە تەقدیمی عەقد دەکات بۆ تۆ، تەقدیمی پێشنیار دەکات لە ئیجازە، لەوانەیە ملیۆنێك دۆلار سەرف بکات، پێش ئەوەی بێت بۆ لای تۆ بڵێ من وەلاٌمم داوەتەوە، تۆ حوجەت نەبێت بۆ قسەی لەگەڵدا ناکەیت، حوجەی قانونی، ئەو دەتوانێت بڵێ ملیۆن دۆلارەکەم بدەوە، چونکە بە من گوتوتەو دەعوات کردووە، من هاتم بۆ لای جەنابت، هەر لەبەر ئەوەیە، چونکە خۆ وەکو ئیعلانی جەریدە نییە لێرە بیکەیت، بۆ ناحیەی نەوتەوە نازانم ئەگەر برادەر شارەزا بن دوو، سێ ملیۆن دۆلار بە ئاسانی سەرف دەکەیت، بۆ ئەوەی خۆت ئامادە بکەیت، بۆ ئەوەی جوابت بدرێتەوە، دەبێ دیفاعت هەبێت، ئەگەر نەتدا، ئەو فەقەرەی قانونە دەتوانیت ئیعتیمادی لەسەر بکەیت، هەر لەبەر ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە پێشنیارێکی باشتر هاتووە دەڵێ (الوزارة غیر ملزمة بمنح الاجازة الی مقدمي الطلبات ما لم تنص الدعوة على خلاف ذلك)، ئەوە باشە صیغەکە وای لێ دێتن، دووەمیش بەوە حەل بوو، سێیەم/ ئیعتیادییە حیمایەی بیئەو شتی وا کەس هینی نەکردووە، چوارەم/ (لا تمنح الوزیر ایة اجازة خاصة بمنطقة ما الا بعد الاخذ بنظر الاعتبار جميع الطلبات المقدمة التي استجابت والتزمت بالدعوة)، ئەوەش تەبیعییە، پێنجەم/ کە گوتمان بمێنێتەوە بۆ دەنگدانمان دانا مەجلیسی وزەرا دەبێتە مەجلیسی ئیقلیمی وەکو موفتەرەحی لیژنەی یاسایی، (أ)ەکە وەکو هینەکەمان ئیلغا کرد پێشتر نامێنێتن، کەواتە بڕگەی پێنجەم دەبێتە (لا يجوز منح اية إجازة عقد مشاركة الانتاج الا بعد الحصول على موافقة المجلس الاقليمي)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتمان هەرچی ئیجازەیەك دەدات وەزیر، وەزارەت، مەجلیسی ئیقلیمی حەقی خۆیانە، تەنها عەقدی موشارەکەی ئینتاج نەبێت، کە ئێمە داوامان کردووە رەئی پەرلەمانی لەسەر بێت، چونکە ئەو عەقدەی موشارەکەی ئینتاجە ئەوەیە کە بڵێین بۆ بیست و پێنج ساڵ دەیدات و بەشێك لە ئینتاجەکە دەدەیتەوە بەویش، ئەوەی کە باسی رەیع و شتەکەی تیایە لە ماددەی (37)دا، کە ئەوە گرنگترین جۆری عەقدەکانە، باقی ئەوان هەرچی عەقدەك دەدەن سەر سەرمان و سەرچاومان، تەنها عەقدی موشارەکەی ئینتاج نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی ئەوە حەل بکەین، پێشنیارێك هەبوو کە پێنجەکە ئیلغا بکرێت، لەبەر ئەوەی فەقەرەی یەکەم ئیلغا کرا، فەقەرەی دووەمیش مەجلیسی ئیقلیمی ئەوە تەحصیل حاصلە لە دوو، سێ شوێن باسمان کردووە، چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاریان کرد کە بڕگەی پێنج ئیلغا بکرێت، جەنابی وەزیریش مانیعی نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، بڕگەی پێنج لە ماددەی بیست و شەش چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاریان کرد بۆ لابردنی، کاك دکتۆر نوری قسەت هەیە لەسەری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە تایبەتە بە تەندەر، وەکو دەڵێن عەتائات، ئەم ماددەیە هەندێ بڕگەی (ب)شی تیایە، بەتایبەتی لە فەقەرەی سێدا پەیوەندی بە بیئەو سەلامەو ئەو شتانەوە هەیە، بەڵام فەقەرەی پێنج جێگەی لێرە نییە، مەسەلەی (عقد الاجازة عقد مشاركة الانتاج)، نابێت لێرەدا هەبێت، دەبێت لە ماددەیەکی تردا هەبێت، بۆیە ئەگەر بێتو ماددەیەکە مایەوە، ئەو فەقەرەیەی لێ هەڵگرن، ئەوانی تر مانەوەیان چاکترە تاکو هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە بە لابردنی برگەی پێنج کە جەنابی وەزیریش موافەقەتی لەسەر کردووە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ لابردرا، ئێستا ماددەکە بەو گۆرانکاریەی کە کردمان دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەرێز کریم بحری عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مافەکانو پابەندییەکانی کەسی رێپێدراو**

**ماددەی بیستو حەوتەم:**

**یەکەم: نەوت بەپێی ئەمانەی خوارەوە بەرهەم دەهێنرێ:**

**أ- گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ مسۆگەر کردنی بەرزترین رادەی بەرهەمهێنانی نەوت لەیەك پێکهاتەو، یان لە زۆر پێکهاتەکان بەیەکەوە.**

**ب- پێویستە بەپێی باشترین شێوازەکانی لە پیشەسازیەکانی نەوتدا بێت و پەیرەو کردنی پرەنسیپەکانی ئابووری پشت بەستراو وەکو لە ماددەی سی وحەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**ت- زێدەرۆیی لە بەکارهێنانی نەوت و وزە لە حەشارگەیەکەوە قەدەغە دەکرێ.**

**دووەم: کەسانی رێپێدراو پابەندن بە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانی نەوتو، پەیرەو کردنی چارەسەر کردنی تەکنیکی هەنگاوەکانی پێویست لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لەبرگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.**

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حقوق والتزامات الشخص المخول**

**المادة السابعة والعشرون:**

**أولا: يتم انتاج النفط وفقا لما يلي:**

**أ- اتباع افضل الاساليب لضمان الحد الاعلى لأنتاج النفط في تكوين واحد او عدة تكوينات معاً.**

**ب- أن تكون وفق الاساليب المثلى في الصناعة النفطية واتباع المبادئ الاقتصادية المعتمدة حسبما ورد في المادة السابعة والثلاثين من هذا القانون.**

**ت- ان يمنع تبذير النفط والطاقة في المكمن.**

**ثانيا: الأشخاص المخولون ملزمون بالتقييم الدوري لاستراتجية انتاج النفط واتباع الحلول التقنية والخطوات اللازمة بغية تحقيق الأهداف التي جاءت في الفقرة/ أولا من هذه المادة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی بیست و حەوتی پرۆژەكە تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێخ ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیا من بەلكی تێبینیەكا لوغەتی بێت، یان قەواعیدی بیت لێرەدا، لەسەر خالا (ب)ێ، چونكە سەرێ (وفق مايلى)، (ب-ان تكون وفق الاساليب)، پێم وایە لێرە (بالاساليب المثلى)، یەعنی سێ وشە زێدەیە (ان تكون وفق)، ئەم سێ وشەیە زێدەیە (بالاساليب المثلى)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێك هەی فەقەرەك بێتە ئیزافە كرن (ان يلتزم بالسقف الوطني والعالمي السموح به للانتاج)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە ماددەیەكی زۆر چاكە، بەلاّم ئەوەی كە باس دەكرێت لێرە (يتم انتاج النفط وفقا لما يلي، اتباع افضل الاساليب، أن تكون وفق الاساليب، ان يمنع تبذير النفط)، باشە ئەگەر بكرێت ئەوانە تەبیعاتی قانونی لێرە ئیشارەتی بۆ نەكراوە، من پێم وایە ئەو شتانە ئەگەر ئیلتیزامی پێ نەكرا، با تەبیعاتی قانونی و شتی واش لێرە زیكر بكرێت، هەتا رادیعێك بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەشێك لە قسەكانم كرا، بەڵام مولاحەزەیەك، دەمەوێت پرسیار لە جەنابتان بكەم، ڕۆیشتنی ئەو جەلسانەو ئەو مەشروعە زۆر بە وردی دەبینم، یەعنی حەقە تەسهیلاتێكی تێدا بكرێت، ئەگەر وا بڕوات مانگی هەشتیش تەواو دەبێت، ئێمە تەواو نابین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەیەك بخرێتە سەر ماددەی بیست و حەوت بەم شێوەیەی خوارەوە، بڕگەی سێیەم بگرێتەوە/ لەسەر كەسی ڕێپێدراوە پێشینە بۆ هەرێم دابنێ لە دابین كردنی پێداویستی ناوخۆییەكانی نەوت و غاز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر زمانەوانی عەرەبیەكە هەیە، بۆ ئەوەی ڕێكوپێكتر دەربچێت، باشترە لە (ب) بڵێین (أتباع الاساليب المثلى)، چۆن لە (أ) نووسراوە (أتباع افضل الاساليب)، لە (ب)یش (أتباع الاساليب المثلى) دوایی وەكو خۆی بڕوات، (ت)یش بڵێین (منع تبذير)، چونكە لەوێ ئیتباع هاتووە، دوایی دەڵێ (ان تكون) و (ان يمنع)، باشترە لە (ب) (اتباع) بێت و لە (ت)یش (منع) بێت، وابزانم بە ڕێكوپێكتر دەردەچێتن، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەم كاك عوسمان بانی مارانی پێشكەشی كردو پشتگیری لێ دەكەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قەیدی ناكات، بەڵام ئەوە واجیبێكی حكومەتە، لە بەرنامجی حكومەتدا هاتووە، تەحصیل حاصلە، ئەولەویاتە، واجیبی وەزارەتە، واجیبی موحافزە، واجیبی پەرلەمانە، هەموو شتێك دابین كردنی پێداویستی خەڵك، نەوتیش كەدێتە پێشەوە، پێش هەموو شتێك واجیبیەتی ئەوەلەویاتی بداتێ، ئیحتیاجاتی خەڵك، نازانم جەنابی وەزیر ڕەئی چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە پێشنیارێکی زۆر باشە، بەلاَم دانراوە لە شوێنی خۆی عەینی صیغەیە لەماددەی (43)، پێویست ناکات لێرە هەبێت، پێشنیارێکی زۆر باشە، بەلاَم ئێمە لە شوێنێکی تر دامانناوە، ئەوە یەکەم بۆ ئاگاداری، وابزانم برادەرێك داوای کرد کە چی دەبێت ئەگەر ئیلتیزام نەبێت بە ئەوەلەن بە مقاولەکە، تەبعەن ئەو تەفاسیلە لە عەقدەکەدا دەبێت، عەقدەکە دەڵێت ئەگەر تۆ خەلەلی عەقدیت هەبێت، یەعنی یان لەغوی دەکەیت، یان غەرامەی لەسەر دادەنێی، ئەو شتانە هەموو لە تەفاسیلی عەقدەکەدا هاتووە، پێویست ناکات، بەلاَم ماددەی (43) بزەبت ئەو شتەی تیایە، ئامۆژگاریەکی باشە، بەلاَم لە ماددەیەکی تر دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (43) دەڵێ (على المقاول بيع وتحويل أية كميات من النفط الخام التى يعتبرها الوزير ضرورية لتلبية الاستهلاك المحلي للأقليم، ويحدد سعر بيع النفط الخام بموجب العقد النافذ او ما يعادل سعر السوق اذا لم يتضمن العقد ذلك)، دەتوانین ئەگەر هاتینە ئەوێ و موناقەشەمان کرد بڕێك دەوڵەمەندتری بکەین و چاکیشی بکەین، بەلاَم لەوێ بەو شێوەیەی کە ئەو موقتەرەحە کە هاتووە زیاتر صیغەکە لەگەڵ ئەوە بگونجێت لەوێ دەکرێت چاك بکرێت، ئەو موقتەرەحاتانە بەشی زۆری صیاغە بوو، ئەوەی کاك شێخ ئەدهەمیش گوتی، کاك دکتۆر ناصحیش ئاماژەی پێ کرد صیاغە بوو، شتێکی وا هین نییە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەمان نوێیە، بە زمانی عەرەبی بۆتان دەخوێنمەوە تەسەلسولەکەی دەبێتە (ثالثاً) (على الشخص المخول اعطاء الاولوية للاقليم في تلبية الاحتياجات المحلية من النفط والغاز).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، منیش شەرەحم کرد لە ماددەی (43)دا پێشنیارەکە دەخەمە دەنگدانەوە، پێشنیاری کاك عوسمان و کاك عەونیش تەئیدی کرد کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کەواتە ئەو بڕگەیە زیاد ناکرێت، بەڵێ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، نوقتەی نیزامیش ئەوەیە ئەگەر نەصێکی سەریح لە قانونێك هاتبێت بەو نەصەی کە ئیقتیراح کرا، من نوقتەیەکی نیزامی دادەنێم، چونکە ئەو بە ماددەیەکی موستەقیل هاتووە، بە عەینی ئالیەتیش هاتووە، بۆیە من لەسەر دەنگدانەکە ئیعتیرازم هەبوو، ئیعتیرازەکەشم بەو شێوەیە بوو کە بۆتانم روون کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە, زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستو هەشتەم:

یەکەم: بوونی مۆڵەتەکانی نەوتی بەرکار لەناوچەکەی گرێبەستدا فەراهەم کردنی مۆڵەتی دیکە قەدەغە ناکات بۆ دۆزینەوەو گەڕان بەدوای سامانی سروشتی دیکەی جگە لە نەوت، بەمەرجێك ئەو چالاکیانە کۆسپ نەخاتە بەردەم کاری دروستی پرۆسەکانی نەوت و پەرەپێدانی.

دووەم: ئەگەر ماف و پابەندیەکانی هەڵگری مۆڵەتەکانی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ناکۆك بوو، وەزیر بۆی هەیە لایەنی باشتر پێشبخات لە ژێر ڕۆشنایی مەرجی دیاری کراو بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەردەچن دەستنیشان بکرێ، بەبێ ئەوەی قەرەبۆکانی لایەنەکەی دیکەوە فەرامۆش بکات کە لە ئەنجامی ئەوەوە سەری هەڵدەدات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والعشرون:

أولا: وجود الاجازات النفطية النافذة في منطقة العقد لا تمنع منح اجازات اخرى للقيام بالإستكشاف والتحري عن ثروات طبيعية اخرى غير النفط شريطة ان مثل هذه النشاطات لن يعرقل الاداء الصحيح للعمليات النفطية وجديتها.

ثانيا: اذا ما تعارضت حقوق والتزامات حاملي الأجازات المذكورة في الفقرة/ أولا من هذه المادة فللوزير ترجيح الجهة المفضلة في ضوء شروط معينة تحدد بتعليمات تصدر منه دون الاخلال بالتعويضات التي قد تترتب للطرف الاخر نتيجة لذلك.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی بیست و هەشت هیچ تێبینی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر خۆم بەپێی ماددەی چوار کە ئیزافەمان کرد، لێرە دووەم (للوزیر) ئەوە بۆتە سەلاحیەتی مەجلیسی ئیقلیمی، دەبێتە (فللمجلس الاقلیمی)، یەعنی ئەگەر تەعاروز بوو شتێکی گەورەیە، فەرموو کاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی بیست و دوو کامیل ماددەکە دەڵێ (لا يجوز منح الاجازة لمنطقة خاضعة العقد النفطي او الاجازة التنقيب اذا كانت الاجازة تتعارض مع الحقوق الشخص المخول)، لێرە لەگەڵ ئەو ماددەیە تێکەڵاویەك پەیدا دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێکەڵاوی نییە، فەرموو دانیشە بۆت شەرح بکەم، لەجیاتی جەنابی وەزیر خۆم شەرح دەکەم، لەوێ دەڵێ نەفت و غاز، لێرە دەڵێ مەواردی تەبیعی، یەعنی نە نەوت، نە غاز، مەسەلەن مەعادنە، ئاسنە، لەوێ ناڵێت ئاسن، لەوێ دەڵێت نابێت ئیجازەی نەوتی تر لە عەینی مەنتیقە بدەیتە یەکێکی تر، لێرە فەرزمان کرد گوتمان ئەو گوندە ئیجازەی داوە بۆ نەوت، یەکێك هات گوتی ئاسنی تێدایە تەعاروز نییە بیدەیتێ بە شەرتێك، نەخێر بۆ نەوت و غاز هاتووە، بەڵێ کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی زمانەوانیم هەیە، دەڵێت (شريطة ان مثل هذه النشاطات لن يعرقل)، (شريطة ان لن يعرقل مثل هذه النشاطات)، بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زمانەوانی ئینتیباه بکەن، دواتر بە نەزەری ئیعتیبارِ وەربگرن، ئەو ماددەیە پاش گۆڕینەکەی (للوزير) دەبێتە (للمجلس الاقليمي) دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا.

بەیانی سبەینێ و ئێوارەکەش دادەنیشین، ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی عوتلە بووە، دانیشتنی بەیانی سەعات (11) دەست پێ دەکەین و ئێوارەش دانیشتنمان بەردەوام دەبێت، کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی**

**یەك شەممە رێكەوتی 5\8\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/8/5

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/8/5 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2007/8/5دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.
بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر ئاشتی وەزیری سامانە سروشتیەکان و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وبەڕێزان بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکارانی وەزارەتی نەوت دەکەم، کە لەگەڵمان ئامادەن، خاڵی یەکەممان/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، جەنابی وەزیر تەوزیحاتێکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم تەوزیحێك بدەم، چونکە ئەوەی کە ماوە زۆر تەکنیکیە، زۆر فەنییە، دە، پازدە دەقیقە نەختێك باسی مەوزوعەکان بکەم، ئەوانەی کە جەوهەرین، بەڵکو ئەندامان ئیستیفادەی لێ وەربگرن، وابزانم نەختێك موناقەشەکان ئاسان دەکات، هیوادارم بە خێراتریش بڕۆین، ئەگەر مانیع نییە من دە، پازدە دەقیقە باسی ئەو مەوزوعە بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، حەز دەکەیت پاشی خوێندنەوەی ماددەی (29)، باشە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەمەوێت بڵێم بەڕاستی رۆژی پێنج شەم، رۆژێکی زۆر خۆش بوو، کە هەموو ئەندامان بە یەك زمان قسەیان کرد، بە یەك تەوجیهـ موستەقبەلی کوردستان زامن بکەن، حەز دەکەم بەو شێوەیە بەردەوام ببین، ئەمڕۆ بێت، دوو سبەی بێت، بەڵکو تەواوی بکەین، کە جەوهەری ئەم قانونە جەوهەری مەسیری کوردستانە، مەسیری وەزیر دەبێت، غەیری کەسی تر نییە، جا من تکا دەکەم کە بەو شێوەیەی کە موناقەشەمان کرد رۆژی پێنج شەممە بە بەردەوامی وا بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفاتەعەتان دەکەم، ئێمە ئینشائەڵلا بەو روحیەتە دەستمان پێ کردووە، هەر بەو روحیەتەش تەواوی دەکەین، هەمووشتان نیوەڕۆ مێوانی پەرلەمانن، چونکە جەلسەی ئێوارەش هەیە، بۆ ئەوەی لە وەخت ئیستیفادە بکەین، فەرموو کاك دکتۆر ئاشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر تەکنیکەکان، چەند مولاحەزەیەکم لەسەر چەند فەقەرەیەك هەیە، ئێمە مولاحەزاتی برادەرانمان دیوە، چونکە مەجلیسی ئیقلیمیشمان دروست کرد، ئێمە موافقین کە تەغیر ببن

بەم شێوەیە، هەتا مولاحەزات وەرگرن، کە هاتینە سەریان با موناقەشە زۆر نەبێت، ماددەی (37) دوو شوێن هەیە لە فەقەرەی دووەم و سێیەم، ئێمە موافیقین (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم) ئۆتۆماتیکیەن بێتە سەری، ئێمە موشکیلەمان نییە لەسەر ئەوە، عەینی شت بۆ ماددەی (39).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەمان بدەیت، ئەگەر لەسەر ماددەی (29 و 30 و 31) مولاحەزەت هەیە بڵێ، مادام ئەوانە تەواو، کە هاتینە سەر ئەوە پێویستی کرد بە شەرح، ئەو وەختی شەرح بکە، بۆ ئەوەی دوور نەکەوینەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەقد دوو مەرحەلەیە، مەرحەلەی ئیستیکشاف و مەرحەلەی تەتویری ئینتاج، ئێمە باسمان کرد لە مەرحەلەی ئیجازات و مەرحەلەی ئیستیکشاف، روقعەی ئیستیکشاف نیشان دەدرێت بە ئەحداسیات پێی دەڵێن جوگرافی، بە عەرەبیەکەی کوردەوی، ئەمانە پێیان دەڵێن تەشمیل، یان تەشریق، ئەوانە پێیان دەڵێن عورزو توڵ، هەمووتان ئاگادارن لە خەتی (36) کە دیفاعی لەسەر ئێمە کرد بۆ چەند ساڵێك، ئەو نوقتەیە ئەو مەنتیقەیە، بەو شێوەیە تەحدیدی ئەو نوقتە دەکەیت، ئەم ئەحداسیاتانە دەڵێی، بۆ ئەوەی مەساحەت بۆ نیشان بدات، مەسەلەن ئێمە روقعەی ئیستیکشافیمان دانا مەساحەکەی (357) کیلۆمەتر موڕەبەعە، ئەمە ئەحداسیەکانی بە جوگرافی و بە کوڕەوی، لەناحیەی تەفاسیلەوە، ئەمە کوردستانە، با بڵێین روقعەیەکت داناوە وەکو ئەوە گەورەمان کردووە، لێرە پێی دەڵێن مەنتیقەی عەقد، کە عەقد دەدەیت لە مودەی ئیستیکشافەوە دوو مەرحەلەی هەیە، یان چوار مەرحەلەی هەیە، مەرحەلەی یەکەم عادەتەن سێ ساڵە، ئەو موقاولە دەچێت پارە سەرف دەکات و کەشف دەکات و دیراسات دەکات لە نیهایەتی ئەو مەرحەلەیە لەوانەیە چەند کۆسپێك بدۆزێتەوە، بڵێ ئیحتیمال هەیە من لێرە نەوتم هەبێت، یان غازم هەبێت لێرە، دوای ئەوە مەرحەلەی دووەم، لەوانەیە حەفر بکات تاوەکو ئیسپاتی بکات، چونکە ئەگەر بە جیۆلۆجی بیدۆزیتەوە، مانای ئەوە نییە شتی تیایە، دەبێت بچیت ئیشی تەفاسیلی حەفر بکەیت، ئەگەر ئەو مەرحەلەیە دوای دوو ساڵی تر، پێویستی بە وەختی ئیزافی بێت، چونکە دەزانێت هێشتا تەقیمی تەواوی نەکردووە، لەوانەیە داوای تەمدید بکات بۆ ساڵێکی تر، لەو مەرحەلەیە دەبێت لە 25٪ی مەنتیقەکە بدات بە حکومەت، پێی دەڵێن (تنازل على المنطقة)، ئینجا ئەو (25)ە دێتەوە بۆ حکومەت، ئەو خۆی دەبێت بڕیار بدات کام (25)ە دەداتەوە بە حکومەت، دوای ئەوە ساڵێکی تەمدید داوا دەکات، ئەوە شەرتی لەسەرە، دەبێت ئیسپاتی بکات بۆ ئێمە کە پێویستی هەیە بەو ساڵە، چونکە پرۆگرامی هەیە، حەفری ئیزافی بکات، سایدێکی ئیزافی بکات مەسەلەن لە نیهایەتی ئەو ساڵەش دەبێت (25)ی تر ئەوەی کە ماوەتەوە بیداتەوە بە حکومەت، ئیحتیمالی نیهائی هەیە، کە داوای ساڵێکی ئیزافی بکات، بۆ ئەوەی کەشفی

زیاتر بکات، لەوانەیە لە مەنتیقە شتی تر هەیە نەوتی تیا بێت، ئەگەر ئێمە قەناعەتمان بوو، ئەو ساڵەشی دەدەینێ، دوای ئەوە دەبێت لە (25٪)ی باقیەکەی بداتەوە، مەنتیقەی عەقد کە ماوەتەوە بۆ تەتویر ئەمەیە، ئەو مەنتیقەیە، باقیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئینجا ئەوە مەرحەلەی یەکەمە پێی دەڵێن ئیستیکشاف، تا ئەو وەختە موقاول هەر پارە سەرف دەکات هیچی نەکردووە، بۆ ئێمە ئینتاج نییە، لەوانەیە ئەوە حەوت ساڵ بێت، لەوانەیە سێ ساڵ بێت، ئەگەر مەنتیقەکان گەورە بێت، یەعنی زەحمەت بێت، لە مەرحەلەی تەتویری ئینتاج دەبێت تۆ مودەیەکی بدەیتێ کە حەقلەکە تەتویر بکات یەکەم، دووەم/ ئینتاجی بکات تاوەکو کولفەکەی خۆی و بۆ ئێمەش قازانج بێت، ئەوە پێی دەڵێن تەتویری ئینتاج، عادەتەن عەقدەکە دەڵێت لە ماوەی عەقدی نەوتی دەڵێت تۆ حەقت هەیە لە (75٪) عەقدەکە بۆ موقاولەکەیە، ئێمە کە حکومەت شەریکەکانمان دروست کرد و دیتان لە ماددەی چوار و پێنج و ئەوانە، حکومەت خۆی حەقی هەیە کە ببێت بە موقاول لەولاوە لەگەڵیان لە (25٪)، ئەگەر قیتاعی خاصی تیا بێت هی کوردستان، دەتوانین ئێمە خۆمان کەم بکەینەوە دەبێت بە دە قیتاعی خاص داخیل بێت مەسەلەن لە (15٪) ئەوە بۆ ئەوە دانراوە، ئەو موقاولەکەیە لە (75٪) داخیلیە، لە (25٪) خارجیە، رەیع پێی دەڵێن حەقی موڵکیە، حەقی موڵکیە، کە موقاولەکە مەجالت دایێ لە مەنتیقەیەك ئیش بکات، تۆ دەڵێیت هەرچی نەوت دەرکەیت، من هەر لە بیدایەتەوە سەد بەرمیل دێت لە (10٪)ی بۆ منە، پێش ئەوەی حیسابی کولفەی بۆ بکەیت، ئەوە پێی دەڵێن حەقی موڵکیە، ئەوە دەچێت بۆ حکومەت (من اجمال الانتاج للحکومة)، مەرحەلەی دووەم/ کولفە هەیە، دەبێت کولفە حیساب بکرێت، ئەو ئیشی کردووەو کولفەی هەیە هی تەتویری حەقلەکە، حەقی هەیە لە میقدارێکی نەوت لە (45٪)ی ئیجمالی داوەتەو لە (40٪)ی سافی کە حەدی ئەقصا، یەعنی ئیعتیماد دەکاتە سەر روقعەکە، روقعەکە موجازەفەی زۆر بێت ئەوەندەی دەدەیتێ، ئەگەر کەم بێت لە (35٪)ی دەدەیتێ مەسەلەن، ئەوە بۆ قانونمان داناوە صیغەی بەرزترین ژمارە، دوای ئەو سافی ئینتاجە چی دێت باقیەکەی دەمێنێتەوە پێی دەڵێن ئەوەی کە ربحی تیایە، ئەوە شەریك دەبێتن لەنێوان حکومەت و نێوان موقاولەکە، ئەگەر کولفەی نەما دوای ماوەیەك هەموو ئەو نەوتەش دێتە خوارەوە، ئەویش بەشدار دەبێت، چۆن بەشی دەکەیت، ئێمە لە عەقدەکە داماناوە، بابڵێین مقاول لە 30٪ وەردەگرێت لە بیدایەتەوە، کە کولفەکانی وەرگرتەوە یەکسەر تەنازول دەکات لە نیوەی، کە کولفەی بوو بە دوو جار، دەبێتە لە 15٪، ئەمە میسالێکە بۆ مەنتیقەیەکە موجازەفەی موتەوەسیتە، ئەگەر موجازەفەی گەورەتر بێت، نەختێك بەرزترە، ئەگەر کەم بێت، نەختێك نزمترە، ئینجا دوای ئەو مەرحەلەیە ئەوە دەچێت بۆ مقاولەکە باقیەکەی بۆ حکومەتە، ئەو سەوزە ئەوە ئیجمالی حەقی مقاولەکەیە، حەقی مقاولەکە لە 25٪ی حکومەتیشی تیایە، چونکە حکومەت خۆی مقاولە، ئەگەر ئەوە لابەینەوە، ئەمە دەمێنێتەوە بۆ مقاولەکە، مقاولە ئەسڵیەکە کە لە دەرەوەیە، تەقریبەن لە 20٪ دەست پێ دەکات، دەبێتە لە 11٪، کە خەڵك باسی دەکات نەوت زۆری دەچێت بۆ مقاولەکە، بەڕاستی هەر ئەوەندە دەچێت لە 10٪، لە 12٪، لە 15٪، ئەمە بۆ ئیستیکشاف زۆر زۆر باشە، بۆ؟ ئەگەر حەقلێکت

هەبێت تۆ دەتوانیت ئەوەش کەم بکەیتەوە بکەیتەوە لە 3٪، یان لە 5٪، چونکە مقاولەکە دەتوانێت خۆی پارەکە وەربگرێت، جا ئەمانە چەند جەدوەلێکە پیشانمان داوە، کە چۆن ئەو رەیع و کولفەیە دەردەچێتەوە، ئەو شتانە، لەبەر ئەوە عەقدەکە دەگۆرێت، بەلاّم لە قانونەکە چیمان داوە لە ژمارەکان حەددی ئەقصاو حەددی ئەعلامان داناوە، پێش ئەوەی بێمە سەری، بۆ عەقدی ئینتاجمان دەوێت میسالێکی بەسیتان بدەمێ، ئەم برادەرانە لەوانەیە ئیقتیصادی نەبێت، مالی نەبێت، تۆ ئەگەر مەبلەغێکت هەبێت ئیقتیصاد بابلێین سەد دۆلارت هەیە، ئەمە بە دەستە، ئەگەر بیخەیتە بانکەوە هەموو بانکێکی بەغدا لە 20٪ت دەداتێ، بابلێین لە 10٪ دوای ساڵێك دەبێت بە سەدو دە دۆلار، دوای هەشت ساڵ دەبێت بە دوو سەد دۆلار، پەنجا دانەی دەبێت بە دوو سەد دۆلار، ئەوە پێی دەڵێن پارەت هەیە زەمانت هەیە بۆت دەگەرێتەوە، ئەو ژمارەیە یەعنی میسالە، یەعنی لەوانەیە لە 8٪ بێت، یان لە 15٪ بێت، ئەگەر بابلێین مۆتێلێك دروست بکەیت، مۆتێلەکە لەوانەیە (250) ملیۆن دۆلار بێت، تۆ پارەت نییە، یان پارەت هەیە، ئەگەر پارەکەت هەبێت لەوانەیە کولفەکەی (150) ملیۆن بێت، دوای ساڵێك تەواوی دەکەیت، قازانجەکە سەد ملیۆنە، ئەوە بە دەست هی خۆتە، ئەگەر ئەو مەشروعە تاخیر بکەیت بۆ ساڵێك، ساڵێکی تر تۆ هەر قازانجەکەت بۆ دێت، بەلاّم قیمەتی ئەو قازانجە نۆوەت ملیۆنە، چونکە بە دەستت نییە ساڵی یەکەم، ئەگەر تاخیری بکەیت بۆ هەشت ساڵ قیمەتی سەد ملیۆنەکە دەبێت بە پەنجا ملیۆن، جا ئەگەر مەشروع دوابخەیت، تۆ عەینی ربحت هەیە تاخیر دەبێت، میسالێکی سادە ئەگەر بێینە سەر مەسەلەن پارە ناخەیتە بانکەوە دەیدەیت بە سپۆرت مارکێت، ئەمە پێی دەڵێن فوسی وەن هاندرێت، ئەوە بەریتانییە لە ماوەی پازدە ساڵدا لە هەشتاو پێنجەوە تاکو ئێستا بیست ساڵە، ئەوە توێندی ئەوە، دەبێت تۆ ئەو پارەیە حیصە دەگری وا دەردەچێت لە 15٪ت بۆ دەگەرێتەوە هەموو ساڵێك، ئەگەر ناتەوێت بیخەیتە بانکەوە، یان شتێکی وا، دەبێت بەو پارەیە ئیستیسماری پێ بکەیت، ئەگەر بێینە سەر عەقدێکی حەقلی بابلێین حەقلێکمان هەیە سەد ملیۆن بەرمیلی تیایە ئیحتیاتی، ئەگەر ئەو تەقدیرە بێت دەتوانین ئینتاجی بکەین تەقریبەن هەژدە، یان بیست هەزار بەرمیل رۆژانە، دوای تەقریبەن بیست ساڵ ئەوە تەواو دەبێت هەمووی دەردەکەین سەد ملیۆنەکە، ئەگەر خۆت بیکەیت، حکومەت بیکات قیمەتی ئەرباحەکانی ئەو حەقلە دوای کولفە بە تەقدیری ئێمە تەقریبەن سێ پۆینت دوو ملیۆن دۆلارە، سێ هەزارو سەد ملیۆن دۆلارە، ئەگەر تاخیری بکەیت بۆ شەش ساڵ بابلێین قیمەتەکەی دێتە خوارەوە بۆ دوو هەزارو سێ سەد لە 30٪ ربحەکەت دەروات، ئەگەر مقاولێك بێت بلێت من لە ساڵی یەکەم بۆت دەکەم، بەلاّم حیصەم دەوێت لە ربحەکە، 10٪یەکمان باش کرد لە پێشەوە، ئەو گەرەنتیت دەداتێ 2900ت بەدەستە، ئینجا ئەگەر تۆ نەتوانیت ئیشەکە خۆت بکەیت لە ماوەی حەڤدە مانگ کەمتر تۆ دائیمەن خەسارەت دەکەیت، بەڵێ قسمی ربحەکە دەبات، بەلاّم تۆ گرەنتیت هەیە 2900ەکە، ئەگەر خۆت بیکەیت لەوانەیە نەتوانیت لەو مەرحەلەیەدا بیکەیت، ئەگەر بێیتە ئێرە خەسارەت دەکەیت قیمەتی پارەکە کەم دەبێتەوە، تەبعەن جیاوازیش هەیە، ئێمە دەبێت بزانین کەفائەتی شەریکات لەوانەیە بەرزتر بێت لە کەفائەتی خۆمان، جا لەبەر ئەوە

ئەرباحی زۆرترت بۆ دەکات، لەوانەیە هیچ خەسارەتی بۆت نەبێت، بەموقارەنەی خەڵك دەڵێت بۆ نەوتەکەی دەردەکەیت با بمێنێت بۆ ئەجیالی قادیمە، ئەجیالی قادیمەی چی، نەفتەکە بمێنێت بۆ پەنجا ساڵ، رۆژێك دێتە خوارەوەو سەرەوە، ئەمە تەبعەن ئەمانە هەمووی عیلاقەی بە حەربەوە هەیە، عیلاقەی بە ناحیەی ئیقتیصادی نییە، ئەمە حەربی ئێرانی بوو لێرە، ئەمەش تەبعەن هێشتا لەسەر ئەوە بەردەوامین، ئەوە کە تەواو بوو لەوانەیە بێتەوە سەر ئەمەی ئێستا، دێتەوە خوارەوە، تۆ نازانیت تەوەقوع بکەیت کێ دەڵێ ماوەی پێنج ساڵ دانیشم، لەوانەیە ببێتە دوو سەد دۆلار ئیستیفادەی لێ بکەم باشترە، دەبێت نەوتەکە دەربکەیت و پارە دروست بکەیت و بچۆ ئیستیسمارِی بکەیت لە شوێنێك، کە دەزانیت هەموو ساڵ لە 10٪، یان لە 15٪ وەردەگریت، وەکو کوێتیەکان و ئیماراتیەکان مەسەلەن، باشە مودەی تەتویر ئەویش شتێکە پرسیار دەکرێت جاروبار، خاصەتەن لە بەغدا موناقەشە هەبوو، بۆ ئێمە عەقد دەکەین بە بیست ساڵ، یان بیست و پێنج ساڵ، عەقدی ئیستیکشاف تەبعەن تۆ شەش، حەوت ساڵ دەگەڕێیت بۆ نەوت، ناتوانیت بڵێی ئیستیسمارەکەم وەردەگرمەوە لە حەوت ساڵ دوای ئەوە، بابڵێین دەتوانێت قەناعەت بە زەلامێك بێنی کە بە دە ساڵ عەقدم بۆ دەکات، باشە ئەوە عەینی ریتێرنی هەیە، دەڵێ من ملیۆنێکم سەرف کردووە، دەبێت سەد ملیۆن قازانج بکەم مەسەلەن، ئەگەر ماوەیەکی کورتی بدەیتێ، ئەو قازانجەکەی لە ماوەی دە ساڵ وەردەگرێت، دوای ئەوەی کە ئینتاج دەستی پێ کرد، ئەگەر بیست ساڵی بدەیتێ بە بیست ساڵ وەردەگریت، ئەگەر دەی بدەیتێ لەسەر حیسابی تۆ ئەو پارەیە دەبات، ئەو لە بیدایەتەوە پارە زۆرەکە بۆ ئەوە دەڕوات، کە حکومەت پارەی دەوێت لە بیدایەتەوە با ئەو بوەستێت پارەکەی خۆی دوایی وەرگرێت، بۆ ئێمە باشترە، عەقدەکە درێژتر بێت باشترە، چونکە ئەگەر درێژتریش بێت ئەو ئیشی باشتر دەکات، تا ئینتاجەکە بەرز بکاتەوە، چونکە تەکنەلۆجی لەوانەیە تەتویر ببێت، ئەویش بەوکارانە، لەوانەیە ئەویش بەرزی بکاتەوە بۆ ئێمە، شتێکی تر هەیە فەسلێکمان داوە پێی، پێی دەڵێین تەوحیدی مەکامن، مەکمەن ئەوە حەقلێکە نەوت دەدۆزیتەوە، بەڵام کە دەیدۆزیتەوە ئاسان نییە جاروبار وەکو ئەم کوردستانە، حەقلەکان لە هەموو شوێنێکن، لەوانەیە لەسەر حدود بێت، دەچێتە سەر حدودی ئێرانەوە، لەوانەیە لە حدودی سوریاوە بێت، ئەلحەمدللە هیچمان نییە بچێتە حدودی تورکیاوە، بەڵام زۆر هەیە لەوانەیە بچێتە حدودی عێراقەوە، کە حدودمان بوو، لەناو خۆشتدا تۆ لەوانەیە روقعەی ئیستیکشافیت هەبێت داوتە بە مقاولێك، مقاولێکی تر دەچێتە ناو حەقلی هەردووکیان، چۆن ئەو موشکیلەیە حەل دەکەیت، دەبێت بە قانون چۆن تەنزیمی دەکەیت، ئەم قانونە ئێمە فەسلێکمان پێداوە بەو شێوەیە، دەڵێین ئەگەر حەقلێکمان هەبێت بچێتە سەر حدود، ئێمە مقاولێکمان لەولایە، لەولایە حکومەتی ئێرانیە، یان وەکو سوریەکان تەتویریان کردووە لەو لایەوە، بەڵام قسمی حەقلەکە دێتە ئێرە، چونکە لە حدودی عالەمییە، بەشێوەیەکی دەستووری دامانناوە، ئێمە حەقمان هەیە تەعامول بکەین، بەڵام تەنازول دەکەین بەشێوەیەك دامانناوە تەعدیلی دەستووریتان کردووە، کە حکومەتی ئیتیحادی بەشدار دەبێت لەو موفاوەزاتە، ئەوە نەوعێك، نەوعێکی تر ئەوەیە لە حدودی خۆت دەردەچیت، دەچێتە

سەر حدودی ئەقالیمی تر، دەبێت تەعاون بێت لەنێوان تۆ و حکومەتی ئیتیحادی، یان نێوان هەردوو مقاولەکە، بەلأم تۆ ئیشراف لەسەر دەکەیت، حکومەتی ئیقلیمی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی ئەوەشمان داناوە بەو شێوەیە، ئەگەر لە مەنتیقەکەی خۆتدا بێت حەقلێك لەنێوان دوو مقاول دایە، تۆ دەبێت بەشدار بیت، چونکە لەوانەیە حیصەی حکومەت باشتر بێت لە یەکێکیان موقابیل ئەوە، نابێت بسووتێ، جا لەبەر ئەوە تۆ بەشداری لەوەو ئیشراف لەسەر دەکەیت، ئەگەر ئیتیفاق نەبوو دەچێت بۆ هین، لەوانەیە مەنتیقەکە حەقلەکە لە عەقدێکدا بێت، بەلأم عەقدت نییە لەو مەنتیقەیە، ئەوە حکومەت موباشەرەتەن موفاوەزات دەکات لەگەڵ مقاولەکە، ئەوانە باسمان کردووە بە جوانی لەسەر خوتەیەکی عالەمی، بۆ ئەوە حەل بکرێت لە قانونەکە بە جوانی دانراوە، بڕوا ناکەم هیچی تیا بێت، یەعنی جگە (للوزیر) دەبێت بە حکومەتی ئیقلیم، هەر ئەوانەی تیایە، ئێستا هیچ شتی تیا نییە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە بەجێیە، کە هەندێ جانبی گرنگی روون کردەوە، ئێستا دەچینە سەر بەرنامەی کاری خۆمان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ماددەی (29) بخوێنێتەوە، دواتر رەئی خۆیان لەسەر بدەن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستو نۆ:

یەکەم:

أ- کەسی رێپێدراوی هەڵگری مۆڵەت مافی بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوەی نیە:-

1- هەر موڵکێکی گشتی بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.

2- هەر موڵکێکی تایبەت بە حکومەتی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.

3- هەر موڵکێکی تایبەتی بەبێ قەرەبووکردنەوەیەکی باش بۆ خاوەنەکەی.

ب- مولکدار دەتوانێ مۆلکە جێگیرەکانی لەناوچەی مۆڵەت پێدراو بەکار بهێنێ بەمەرجێك نەکەوێتە ناو پرۆسەکانی نەوتیەوە.

ت- چۆنیەتی بەکارهێنانی دامەزراوەکانی گشتی و سەرچاوە سروشتیەکان دیاری دەکات لەوانەش دار و چەو و لم و بەرد و ئاو.

پ- مۆڵەت کەسی رێپێدراو لە پابەندیەکانی لەبەرامبەر پەیرەو و یاساکانی بەرکار لە هەرێمدا نابورێ، تەنیا دوای وەرگرتنی رەزامەندیەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار سەبارەت بەوەوە.

دووەم:

أ- دەبێ کەسی رێپێدراو قەرەبووی دادپەروەرانەو هۆشمەندانە لەکاتی پرۆسەکانی نەوتدا بکاتەوە، ئەگەر:-

1- هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ مولکەکانی خەڵکی دیکە کردو، بووە هۆی زیان پێگەیاندنی.

**2- دەستدرێژیکردنی بەئەنقەست بۆ سەرچاڵاکیە ڕپێدراوەکان.**

**ب- ئەگەر بەهای قازانجەکانی لە مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتوون زیادی کرد، لەئەنجامی ئەنجامدانی دەستدرێژی گەورەی کە لە بڕگەی دووەمی (أ)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو قەرەبۆیەی کە پێویستە لەلایەن کەسی ڕێپێدراوەوە بدرێ، نابێ لەبڕی ئەو زیادەیە تێپەڕبکات.**

**سێیەم: قەرەبووی دادپەروەرانەو دروست بەپێی ئەم ماددەیە لەلایەن وەزیرەوە دەخەملێندرێ، دوای بینینی هەموو نارەزاییەکانی لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە پێشکەشکراون، کەسی ڕێپێدراو مافی ئەوەی هەیە داوای ناوبژیوان بکات لەڕێگای شارەزای نێودەوڵەتی کە لەلایەن وەزیرو کەسی ڕێپێدراو، یان بەپێی بەندەکانی ناوبژیوانی کە لە مۆڵەتەکەدا دیاری کراوە.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادةالتاسعة والعشرون:**

**أولا:**

**أ- لا يحق للشخص المخول حامل الأجازة استخدام مايلي:**

**1- أية ممتلكات عامة دون موافقة السلطة المسؤولة.**

**2- أية ممتلكات خاصة بحكومة الأقليم دون موافقة الجهات المعنية.**

**3- أية ممتلكات خاصة دون دفع تعويض عادل ومعقول الى المالك.**

**ب- للمالك استخدام ممتلكاته الثابتة في المنطقة المجازة بشرط ان لا تتداخل مع العمليات النفطية.**

**ت- تحدد الأجازة بكيفية أستخدام المنشآت العامة والموارد الطبيعية من ضمنها الاشجار والرمال والحصو والصخور والمياه.**

**ث- لا تتضمن الاجازة إعفاء الشخص المخول من إلتزاماته تجاه الانظمة والقوانين النافذة في الاقليم إلا بعد إستحصال موافقات الجهات المعنية بذلك .**

**ثانيا:**

**أ- على الشخص المخول دفع تعويضات عادلة ومعقولة اثناء العمليات النفطية اذا:**

**1- اساء الى ممتلكات الاخرين او تسبب في اضرارها.**

**2- تجاوز وبشكل متعمد على النشاطات المسموحة.**

**ب- اذا زادت قيمة المنافع المستحصلة من الاجازة نتيجة ارتكاب التجاوزات البالغة المذكورة في الفقرة / ثانيا (أ) من هذه المادة، فالتعويض الواجب دفعه من قبل الشخص المخول يجب ان لايقل عن مقدار تلك الزيادة.**

**ثالثا: يقدر التعويض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزارة بعد النظر في جميع الاعتراضات المقدمة من قبل كافة الاطراف المعنية، ويحق للشخص المخول اللجوء الى التحكيم عن طريق خبير دولي يعين من قبل الوزير والشخص المخول او يكون بموجب بنود التحكيم المثبتة في الاجازة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی بیست و نۆی پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیەت هەی، یەكێ لە (ثانیاً/ب- التجاوزات البالغة المذكورة) هەر تەجاوزێك بێتن، ئەگەر موستەحەقی تەعویز بێتن، بە رەئیا مە مومكینە (التجاوزات الواردة في الفقرة) باشتر بێتن، بالیغە مەجالێكی مەزنی هەی بۆ تەفسیراتا، ژی بەر هەندێ هەر تەجاوزەكە بێت باشترە، دوێ/ فەقەرە سێ دبێژێتن (عن طريق خبير دولي يعين من قبل الوزير والشخص المخول) رەئیا من وایە (یوافق علیه الوزیر) باشتر بێتن، چونكە خەبیر ئیحتیمالە نەیەتە تەعین كرن، دەبێت موتەزەریر رجای لێ بكات و ئەو تشتە بكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرە سێ قەرەبووی دادپەروەرانە بەپێی ئەم ماددەیە لەلایەن وەزیرەوە، رەنگە ئەو جێگایانە وەزیر نەتوانێت بیانخەملێنێت دادپەوەری تیادا بكات، من پێم باشە لە لایەن لیژنەیەكەوە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروست بكرێت، بتوانێت ئەو زەرەرو زیانانە بخەملێنیرێت، چونكە رەنگە زیانەكان تایبەت بن بە شتی جیا جیاو ئەولاو ئەولا وەزیر نەتوانێت وەكو پێویست قەراری لێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو دەڵێت دەستدرێژیكردنی بەئەنقەست بۆ سەرچاڵاكیە رپێدراوەكان، ئەوە لێرە كەسەكە دەبێت قەرە بوو بكرێتەوە، ئەوە جۆرێكە لە غەرامە بڵێین، بەڵام مادام ئەوە بە ئەنقەستە، دەبێت سزای یاسایی وەرگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ لێرە مومتەلەکاتی خاصە هەموو کەسێك کە موڵکی تایبەتی خۆی دەبێت، کە تۆ زەرەرێکی لێ دەدەیت بە تەعویز قەیدی ناکات، بەس ئەگەر هاتوو لەناو ئەرزی ئەوانە نەوتەکە دەرکەوت لە هەموو یاساکە من گەڕاوم بە هیچ جۆرێك باسی ئەوەی تیا نییە، ئەی ئەو کەسە ئەرزی خۆیەتی موڵکی خۆیەتی، حەقە لێرەدا لەناو ئەم یاسایە باسێك لەوە بکرێت، ئیتفا کردن حەق نییە، یەعنی ئەوە لە دنیادا بەو جۆرە موعامەلەی لەگەڵ ناکرێت بە ئیتفا کردن، چونکە ئەو کەسە موڵکی خۆیەتی، وەزعی موڵکیەش شتێکی ئەوە نییە، بە تەعویزیش ناکرێت، چونکە نەوت وەکو شتی دیکە نییە، نەوت بەردەوامە دەبێت نیسبەتێکی بۆ دیاری بکرێت، ئەو کەسەی کەوا نەوت لە خاکەکەی دەردەچێت، سەبارەت بە خاڵی (ث) دەڵێت (لا تتضمن الاجازة إعفاء الشخص المخول من إلتزاماته تجاه الانظمة والقوانين النافذة في الاقليم إلا بعد إستحصال موافقات الجهات المعنية)، کەواتە ئەو کەسەی کە دێت لە لای تۆ ئەو کارە دەکات شەخصی موخەوەل دەبێت مولتەزم بێت بە یاساکانی هەرێمەوە، ئەی باشە تۆ بۆ چی لە هەندێ حاڵەتدا ئەو نەرمیە بنوێنیت و هەندێ شەرتی بۆ ئیعفا بکەیت، ئەگەر لە زەریبە بێت، ئەگەر لە هەرچی حاڵەتێکی تردا بێت، ئەوە بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئیعفا کردنەکە لێرەدا دەرکەوێت، یاخود ئەگەر وەزیر ڕێگەی هەیە بەڵکو بۆمان دیاری بکات بزانین ئیعفا کردن لە ئیلتیزامات چۆن دەبێت، بۆ خاڵی (ثالثا: یقدر التعویض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزیر) ئێمە لیژنەی تەعویزاتمان هەیە مەسەلەن لەم حاڵەتدا، یان ئەوەتا لیژنەی تەعویزات، یان ئەوەتە محاکم، چونکە لەنێوان شەخصی مخەوەل و جیهەتێکی تردایە، وەزیر چۆن دەتوانێت ئەو تەحکیمە بکات، یاخود خەبیرێکی دوەلی چۆن دەتوانێت ئەو تەحکیمە بکات، ئەگەر محاکم نەبێت، یاخود لیژنەی تەعویزات دیاری بکات، قەدەری قەرەبووەکە چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دووەم دەڵێ (تجاوز وبشکل متعمد)، من پێم وایە ئەوەی ئەو تەجاوزە موتەعەمیدە حەقی ئەوەی هەیە سزایەکەی قورستر بێت لەوەی ئیعتیادییە، یان بە نەزانی بە ئەوە تووشی دێت، ئەو سزایەش بۆ خاوەن موڵکەکە بگەڕێتەوە، ئەوەی کە تجاوزی لەسەر دەکرێت بە عەمدی پێویستە سزای قورستر بێت لەوانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من لەسەر بڕگەی سێیەمی ماددەکەیە، کە دەڵێت (قەرەبووی دادپەروەرانەو دروست بەپێی ئەم ماددەیە لەلایەن وەزیرەوە دەخەملێندرێ، دوای بینینی هەموو ناڕەزاییەکانی...........)، دیارە ئەوە بۆ ئەو عەقدانەیە کە لەمەودوا دەکرێن، ئەو خەڵکانە قەرەبوو بکرێنەوە، بەلاّم ئەوەی کە من باسی لێ دەکەم، ئێستاکە لە مەنتیقەی مەخموور و مەنتیقەی دیکە زیاتر لە سێ سەدو بیست بیری نەوت هەمووی ئیستیکشاف کراوەو دۆزراوەتەوە، ئەو نەوتانەش هەمووی سەریان داپۆشراوە تەنانەت لەناو زەوی و زاری خەڵکدا، زەوی و زارەکانیش موڵکە، تائێستاش کەس قەرەبوو نەکراوەتەوە بە قەرارێکی ڕژێمی پێشوو ئەو زەوی و زارانە هەمووی ئیتفا کراوە بۆ وەزارەتی مالیەی عێراق، بۆیە بەڕاستی من پێم باشە لە کۆتایی ماددەکە هاتووە، لە فەقەرەی ئەو ماددەیە فەقەرەی سێ ئەوە ئیزافە بکرێت، هەروەها ئەو زەویانەی پێشتریش کە تەنقیبات دەکراو دەدۆزراوە، خەڵکەکە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوو بکرێتەوە، لەبەر ئەوە تێبینی دەکرێت تا ئێستا خەڵکەکە ناتوانێت ئەو زەوی و زارانە بۆ مەجالی کشتوکاڵیش بەکار بێنێتن، بۆیە حەقە لەو ماددەیەدا موعالجەی ئەوە بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕگەی یەکەم (پ) هەمان مولاحەزەی سۆزان خانم هەیە، حەقە کەسی ڕێپێدراو لە هیچ یاساو ڕێسایەك نەبووردرێت، بۆیە من پێم وایە لە دوای فاریزەکەوە زیادە، لەسەر بڕگەی سێیەم/ پشتگیری ڕەئیەکەی کاك جوتیارو سۆزان خان دەکەم، ئەو خەملاّندنە واباشترە، ئەمە بۆ لە کەمکردنەوەی سەلاّحیەتی وەزیر نییە، بەس ئەمە واباشترە لیژنەیەك بێت، چونکە کە لیژنەیەك هەیە بۆ خەملاّندنی قەرەبوو کردنەوە، حەقە ئەو لیژنەیە ئەوە دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو گێلاس خان.

**گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کوردیەکە دەبێ کەسی ڕێپێدراو قەرەبووی دادپەروەرانەو هۆشمەندانە، من پێم وایە ئەو هۆشمەندانە زیادە، یان من نازانم مەبەست چیە لێی، لە بڕگەی (ب)ش هاوڕام لەگەڵ کوێستان خان و سۆزان و کاك کەریم، کە ئەو قەرەبوو کردنەوەیە ببێت بە لیژنەی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادده (29) ئەوەلەن (ث) لە ئەخیردا دەڵێت (الا بعد استحصال موافقات الجهات المعنية بذلك)، من پێم باشە ئەو جیهاتە مەعنیە تەحدید بكرێت، بڵێین (الا بعد استحصال موافقات مجلس الاقليم)، ئەوە وابزانم رێكوپێكتر دەردەچێت، بەنیسبەت (ثانياً/ ب) من تێبینیم هەیە، لە (أ)دا باسی دوو جۆرە تەجاوز دەكات، یەكێكیان/ (اساء الى ممتلكات الاخرين او تسبب في اضرارها)، دووەم/ (تجاوز وبشكل متعمد على النشاطات المسموحة)، بۆیە لێرەش مەفروزە سزاكان دوو جۆر بن یەكەمیان بەم شێوەیە بێت، من وا پێشنیار دەكەم (اذا زادت قيمة المنافع المستحصلة من الاجازة نتيجة ارتكاب التجاوزات المذكورة في الفقرة ثانياً) پێویست ناكات (أو ب) بڵێی (من هذه المادة التعويض الواجب دفعه من قبل الشخص المخول يجب ان:

اولاً/ ان لا تتجاوز مقدار تللك الزيادة اذا كان غير متعمداً) ئەگەر موتەعەمد نەبوو.

دوو/ (ان كان التجاوز متعمداً يكون مقدار التعويض بزيادة) نیسبەتێك دابنرێت، من پێم باشە (25 تا 30) دابنرێت (من قيمة تلك التجاوز) یەعنی مادام موتەعەمیدە، مەفروزە سزاكەشی فەرقی هەبێت لەگەڵ سزای كە موتەعەمید نییە.

بەنیسبەت سێیەم/ باسی تەحكیم كراوە، زۆر زۆر دروستە، چونكە ئەگەر بە موفاوەزاتی موباشیر كێشەكە چارەسەر نەكرێت، حەتمەن دەچێتە تەحكیمی دوەلی، تەحكیمی دوەلیش شێوازی خۆی هەیە، هەرچەندە دوایی دێت لە ماددەیەكی تردا بە دوورو درێژی باسی دەكات، بەڵام لێرە تەحكیم لەنێوان وەزیر و شەخصی موخەوەل نابێت، ببوورن لە نێوان وەزارەت و شەخصی موخەوەل، هەرچەندە خۆی وەزیریش دەتوانێت تەمسیلی وەزارەت بكات، مەفروزە لەنێوان وەزارەت و شەخصی موخەوەل بێت، چونكە واباشترە وەزیر بكرێتە وەزارەت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیارەكەم هەر ئەوە بوو لە ماددەی (29) بڕگەی سێ، كە ئەو لیژنەیە دابنرێت و رام لەگەڵ ئەو برادەرانەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو ئەندامانە دەكەم لە ئەوەلەن (ث) كە لە نیهایەتی فەقەرەكە (الا بعد استحصال موافقات الجهات المعنیة)، ئەوە لابچێت، لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێت شەخصی موخەوەل پابەند بێت بە قەوانین و ئەنزیمە، ناتوانن ئیعفا بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەكانی من كرا، تەنها پشتگیری لەو بۆچوونەی كاك غەفور دەكەم لەسەر بڕگەی سێی ماددەكە بۆ قەرەبوو كردنەوەی جووتیارەكان، فیعلەن تەوزیحێكیش بدرێت، ئەم موڵكانە كامن، چەند جۆرە موڵكێك هەیە، موڵكی تاپۆ هەیە، موڵكی موفەوەزەی تاپۆ هەیە، عەقدی زراعی هەیە، بەڕاستی من داوادەكەم بەپێی یاسایەكی نێودەوڵەتی قەرەبووی فەلاح بكرێتەوە، ئەگەر هاتوو نەفتەكە لەناو زەویەكەی دۆزراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەریەم خان فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستی برادەرا لێرا جوابێ منی دا گوتت، بەس (ثانیاً) بڕگە دوو، ئێك (اساءة)، جێ نابێت ئیستیعمال بكرێت لێرە، چونكە قاسی دەبینی لێرە، ئەز باوەڕ بكەم باشتر بوو لێرە (اذا تسبب في اضرار الى ممتلكات الاخرین) باشترە، یا دوێ/ ئەڤە (تجاوز وبشكل متعمد) ئەڤە جێ نابێت، كە ئەو بێت لازمە كو دێتە موحاسەبە كرن، وەكی گوتی قانونییە، بەس ئەگەر (اذا تجاوز بغیر متعمد) لێرە تەعویز بێتە كرن، ویا (ب) دبینین تەشجیعە، تەجاوزات دەكات، كە بەخۆی تەشجیعە بۆ تەجاوزاتی دێكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە بڕگەی یەكەم (ث) قسەكانم گوترا لە ئاخیر بڕگەی (الا بعد استحصال موافقە)، ئەوە بە پێویستی نازانم، لە بڕگەی دووەمی پێم وایە (دفع تعویضات عادلة ومعقولة)، كەلیمەی مەعقولە بە زەرورەت نازانم، چونكە زۆر مەتاتییە لەوێ هەر **عادلة** مەعقولە، هەروەكو خۆی بمێنێت لەوێ، لە بەشی دووەمیان لەگەڵ رەئیەكەی دكتۆر ناصح دام دووبارەی ناكەمەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکا من دبێژم کاك کەریم ئیشارەتی پێ کریە، رەئیا من دەبی هاوولآتیش لێرە مەلجەئێکی قانونی هەبێ بۆ تەحکیمێ کاڤا کو نەفت لەسەر عەرد دێتە ڤە دیتن ئو مەلجەئێکی قانونی تەحکیمێکی هەبێتن بۆ تەقدیرا مومتەلەکاتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (29) لە فەقەرەی دووەم (ب)، ئەو تەجاوزات، ئەو بالیغە لابچێت، بە تەئکید هەر خەسارەتێك بێت، پاشان لە نیهایەتی یەکسەر دەڵێت (من قبل الشخص المخول يجب ان لا تتجاوز مقدار تلك الزيادة)، ئەمە حەقە بە عەکسەوە بێتن، ئەگەر فەلاحێك زەرەری لێ کەوت، ئەگەر شەریکە، یان مەحکەمە قەراریدا زیادی بداتێ، یا بیداتێ، دەبێت ئەمە بگۆڕین (ان لا يقل عن مقدار الخسارة)، یەعنی ئەو خەسارەی پێ کەوتووە نابێت لەوە کەمتر بێت، یەعنی لەوە زیاتر بێت قەیدی چ دەکات بیداتێ، بەنیسبەت (ثالثاً) دەڵێت (يقدر التعويض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الجهات المختصة) ئیزافە بکەین، چونکە لە مەنتیقەیەك، من لە کەرکووکم هەزار و حەوت سەد بیری نەوت لە مەنتیقەی کەرکووك هەیە، زۆر جار لە مەنتیقە دەبوو، ئەو حاڵەتانە لە پێشەوە دەهات (پاپلاین) دادەنا بیرێکیان دەکەوتە ناو فەلاحەکانەوە، لەوێوە دەچوون شکایەتیان دەکرد لە ناحیە، لە زراعە، لە تاپۆ، لە مودیریەی ناحیە، یان قائیمقام، لەگەڵ نوێنەرێکی شەریکە تەشخیصیان دەکرد خەسارەتەکە چەندە دەنرایە وەزارەت و پاشان پارەکەیان دەدا پێیان، یەعنی بەو شکلە بێتن، ئەوەی تەحکیمی دەولی، ئەگەر خەسارەتێکی زۆر گەورە بێت، فەلاحێکی قوربەسەر نەخرێتە بەرامبەر شەریکەیەکی عیملاقی دنیا، با فەلاحەکە لە وەزارەتی خۆمان، لە شەریکەی نەوتەکەی خۆمان خەرەسارەتەکەی وەربگرێت، وەزارەت لەگەڵ ئەو شەریکە تەرەف بێتن، ئەگەر ئاوا دابرێژرێت بە رەئی من باشترە، ئەوەی سۆزان خان گوتی من سەد لە سەد تەئیدی دەکەم لەناو موڵکی ئەو فەلاحە کە سەد ساڵە باپیریان موڵکی ئەوانە لەسەری ژیاون پشتیان پێ قایمە بیرێکی نەوتی لێ دەردەچێت فرێی دەدەنە دەرەوەو ناهێڵن نزیکی بێتەوە، بۆیە ئەگەر نیسبەتێك تەحدید بکرێت لەو قانونی ئەخیر، یان شتێکیان بۆ دیار بکرێت زۆر زۆر زەروریيە، چونکە زۆر لە مەنتیقەی کەرکووك لەبەینی دبز تاکو کەرکووك بەناوی ئەوەی کە ئەمە مەنتیقەی نەوتی لێ دەردەچێت مەحەرەمە بوو بە سەدان گوندیان لێ دەردەکرد، وەلا نەوتی لێ دەرچووە، ئێوە نابێ لەوێ بن، هەروەها بەنیسبەت مەخموورو خانەقین و زۆر شوێنی تر، ئەوەی زەریبە بۆچی ئیعفا بکرێت، بەڕاستی ئەمەش حەقە، شەریکەیەك بە ملیار پارە بخاتە ناو ئیشەوە حەقی زەریبەکەش شوێنێکی هەبێت و دیار بێت، ئینجا نازانم جەنابی وەزیر، ئەمە ئایا

تەماحە بۆ ئەو شەریکانە کە بێن ئیش بکەن، ئەگەر ئەوەیە ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئەگەرنا حەقی ئەو زەریبەیە بدەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکان تەحدید کراون بەسەر چەند شتێك، ئەگەر جەنابی وەزیر روونی بکاتەوەو دوایی هینی دەکەین.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ مولاحەزەمان هەیە، (ثالثاً) ئەوە مولاحەزەیەکی راست و جوانە بڵێین (الوزیر بالتنسیق مع الجهات المعنیة)، چونکە لەوانەیە وەزارەتی تریش بێت، مەسەلەن ئێستا لە شەریکات دێنەوە ئیش دەکەن لەگەڵ موحافز و لەگەڵ ئەوانی تر تەقدیراتی ترو ئەو شتانە، ئەوە شتێکی باشە، دەبێت جیهەتی تریشی تیا بێت، بەلاَم دەبێت وەزارەتی تیا بێت، چونکە هی ئێمەیە، ئێمە دەبێت تەنسیق بکەین لەگەڵ ئەوانی تر، ناتوانین مقاول لەگەڵ وەزارەتێکی تردا ئیش بکاتن موباشەرەتەن، دەبێت وەزیر بێت، چونکە خۆ وەزیر ئیشەکە ناکات تەعلیمات دەردەچێت، ئەوە شتێکی ئیعتیادیە، ئەوە لە ناحیەی سێیەمەوە، مولاحەزەیەك هەبوو بۆ فەقەرەی (ب) لە (ثانیاً) ئێمە مانیعمان نییە لێرە (مذکورة) دەرچێت جەوهەری نییە، ئەگەر ئەوە نەمێنێت قەیدی ناکات، باشترە وابزانم، بەلاَم جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو فەقەرەی (ب) ئەو شتێکی عەمدییە، کە موخالەفە دەکات مقاولەکە لەگەڵ ئەوەلەن (ثالثاً)، ئەوەلەن/ سێ، ئەوە شتێکە بە ئیتیفاق دەیکەین، تۆ دەچیت لەگەڵ مالیکەکە ئیتیفاق دەکەیت مومتەلەکاتی ئەو بەکار دەینیت بە ئیتیفاق بە شتێکی مەعقول، ئەویتر تەجاوز دەکەیت بە عەمدی کردووتە، جا لەبەر ئەوە جیاوازە، ئەوەلەن (ث)، ئەوە موهیمە، دەڵێت دەبێت موافەقەتی جیهەتی مەعنیە وەربگرێت، مەسەلەن بابڵێین تەجاوزی بۆ کارەبا رادەکێشێت، یان وەکو نزیکی سەددێکی دەڵێ دەبێت عەقدەکە وەزارەت دەتداتێ مانای نییە کە تۆ موافەقەتی وەرنەگریت، موافەقات پێویستە، دەبێت وەربگریت، ئەمە ئەوە نییە بۆ تۆ هەموو شتێك بە کەیفی خۆت ئیش بکەیت، لەبەر ئەوە دامانناوە، ناتوانین تەجاوزی قانونی ئیقلیم بکەین، دەبێت بچیت موافەقەتی جیهاتی مەعنیەش وەربگریت، هەر لەبەر ئەوە دانراوە، دەڵێت عەقدەکە کە کرا مانای نییە تۆ حەقی بدەیتە ئەو شتانە، دەبێت موافەقەت وەربگریت، یەعنی عەفوت ناکات لەوەی کە ئیستیحصالی نەفەقات نەکەیت، ئەوە دەڵێ دەبێت ئیستیحصالی موافەقات بکەیت لە جیهاتی مەعنی، کە عیلاقەی بە وەزارەتەوە نییە، مەسەلەن وەزارەتی کارەبا دەبێت بچێت بۆ ئەوێ، ئەوە بۆ هینە، یەعنی بۆ ئێمە باشە، دەبێت ئەم شتانەی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە لە سێیەم/ تەقدیر تەعویزەکە زۆر کەس داوایان کرد کە لیژنەیەك بێتن، واتا لیژنەیەکی تایبەت بێتن، ئەگەر بکرێتە وەزارەت، یەعنی دەمانەوێت لیژنەیەك لە وەزارەت هەبێت، تۆ

لێرە دەڵێیت (يحق للشخص المخول اللجوء الى التحكيم اي) تەرەفەکەی تر، ئەگەر حەقی خورا، ئەو بچێتە کوێ، مەسەلەن وەزارەت تەقدیرێکی کرد، لێرە تۆ بەس حەقت داوەتە شەخصی موخەوەلەکە ئیعتیراز بگرێت لەسەر ئەو تەقدیرە، ئەی تەرەفەکەی تر، کە زەرەرمەند ئەبێت، ئەگەر قەراری وەزارەتی بە دڵ نەبوو، دەبێت ئەویش حەقی هەبێتن لە مەحکەمەیەکە، لە شوێنێکە کار بکات، یەعنی بڵێی (يحق للطرفين اللجوء الى المحاكم وفق بنود العقد)، یان دەتوانی بڵێی (يحق للطرف المخول)، چونکە فەرقی هەیە ئەگەر ئەجنەبی بێتن (وفق بنود اتفاق او العقد)، بەلاَم دەبێت حەقی مواتینەکەش بەجێ بێنێ بۆ ئەوەی ئەگەر قەراری وەزارەتی بەدڵ نەبوو شکایەت لە مەحکەمە بکاتن، تەبعەن من ئەو ئیعتیرازاتانە کۆ دەکەمەوە، جگە لەوەی ئەوەی ئەخیری هی خۆم بوو، ئیعتیراز زۆر هات لەسەر دووەم (ب) کاك دکتۆر ناصح ئیشارەتی پێ کرد، کاك کەمالیش هەر ئیشارەتی پێ کرد، یەعنی ئیسائەو تەجاوز دوو شتی جیاوازە هەردووکیان عقوبەیان بە عەینی شت داوە، ئەوەش تەبعەن ناکرێتن بەڕاستی، یەعنی یەکێك ئیسائەی کردووە بەبێ قەصد، یەکێك تەجاوزی کردووە مانای وایە قەصدی هەیە، بە قەصدەوە بە ئاگادارییەوە کردوویەتی، ناکرێت هەردووکیان عقوبەکەی وەکو یەك بێت، یان دەبێت تەوحیدی بکەیت، بە رەئی من ئەگەر (اساءة تجاوزة)، بکرێتە یەك، یەعنی یەکەم و دووەم دەمج بکرێت، (من اساءة وتجاوز بشكل متعمد على ممتلكات الاخرين وعلى النشاطات المسموحة)، ئەوە جوابەکەی مەعقول دەبێتن، ئەگەرنا دەبێت عقوبەکەی دوو نەوع بێتن، یەکێکیان ئەوەی ئیسائەی کردووە، ئەویتریان ئەوەی تەجاوزی کردووە، لە یەکەم بڕگەی سێیەم کە (ث)یە (موافقات الجهات المختصة) لەجیاتی مەعنیە، مەعنیەکە ئەگەر هین بکرێتن، کێ مەعنیە، هەموو کەسێك، یەعنی ئیختیصاص هەر شتێك مەسەلەن کارەبایە وەزارەتی کارەبا موختەسە لە جێگایەکە قائیمقامە دەبێت بچێت قائیمقام تەمسیلی حکومەت دەکات، جا موافەقەتی جیهاتی موختەسە، ئەوەی کاك غەفور و زۆر لە برادەران ئاماژەیان پێ کرد لەسەر چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ خاوەن موڵکەکان، دیارە دوو، سێ خاوەن موڵك هەیە، خاوەن موڵك ئەوەی هەیە کە موفەوەزە بە تاپۆ، یەعنی موڵکیەتی تاپۆی هەیە، کاملی حەقی تەسەروفی هەیە لەسەر عاردەکە تاپۆی خۆیەتی و بەناوی خۆیەتی، ئەو ئەرزانە رەنگە زۆر کەم بن، یان هەر نەبن، لەبەر ئەوەی بە تاپۆیە زیاتر لەناو شارەکاندایە، بەلاَم لادێ هەر موڵکی دەوڵەتە، ئەویش دەبێت بە نەوعێك تەعویزێکیان هەبێت، نەك وەکو لە ئیتفادا هاتووە، ئەوەی لە ئیتفادا هاتووە ناگونجێتن، لەبەر ئەوە نە بەو شکلە تەعویز دەکرێتن، ئەوەی لە ئیتفادا هاتووە دەڵێ لە 8٪، لە 12٪ نیسبەی دانەوە لێرە ناگونجێتن، دەبێت تەفسیلاتێکی تەواوی هەبێتن، بەشێکی تر هەیە لەو قسانەی کە کرا، ئەو ئەرزانەی کە حکومەت دەستی بەسەردا گرتبوو، بەتایبەتی عەرزەکانی نەوتی، حدودی لە مەخمور، لە دەورو پشتی کەرکووك، لە ئالتون کۆپری و لەولا تر، ئەوە تەبعەن ئێمە پابەندین بە هینێکەوە، دەبێت لەگەڵ ئەوە بە حەساسیەت تەعامول بکەین، ماددەیەکی دەستووری هەیە باس لەوانە دەکاتن، ئەوە بەند کراوە بە لیژنەیەك بۆ حەسمی خیلافاتی مومتەلەکات، سیڕاعاتی مومتەلەکات لە دەستووردا بە تەفسیل هاتووەو دەستی لەسەر دانراوە، قانونیشی بۆ دەرچووە بۆ هینەکاندا لە عێراقدا

تەبعەن، ئەگەر ماددەی (140) جێ بەجێ کرا هاتەوە سەر هەرێم، بەپێی قانونی خۆمان موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام تا ئەو وەختی ئێمە پابەندین بەو هینە دەبێت چاوەڕوان بکەین بزانین لەولاوە چۆن هین دەبێتن، جا من نازانم بەنیسبەت ئەو مولاحەزاتانە، جاری پێشووش باسمان کرد، ئەوەی ناوی نووسی بوو قسەی کرد، ئێستا موناقەشەکە لەنێوان جەنابی وەزیرو سەرۆکایەتی و لیژنەی قانونییە، ڕێگا نادەین بەوانی تر کە لە خیلالی موناقەشە قسەیان بۆ دێت، فەرموو کاک کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (ثانیاً/ب) هەم جەنابی وەزیر، هەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتیان نەدا، لە ئەخیری سەتر (من هذه المادة، فالتعویض الواجب دفعه من قبل الشخص المخول یجب ان لا تتجاوز مقدار تلك الزیادة)، ئەمە بیگۆڕین بیکەینە (ان لا یقل عن مقدار تلك الخسارة)، چونکە خەسارەت لە خەڵك دەدرێت، نابێت لە خەسارەکەی خۆی کەمتری پێ بدرێت، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت ئەوەی بەڕێز سۆزان باسی کرد، ئێمە مەبەستمان تەنیا مەنتیقەی (140) نییە، بەیانی لە هەولێر، لە زاخۆ، لە سلێمانی بیرێك دەربچێت لەناو موڵکی شەخسێك، پێویستە حیسابێك بۆ ئەوەی شوێنێکی بۆ بکەینەوە، کە خاوەنی ئەو موڵکە هەروا لە هەوا نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کاك کەمال فەرمووی، من باسم کرد گوتم دەبێت دوو نەوع هین هەبێت عەینی شت دەکاتن، ئەوەی سێیەم، یەعنی ئیسائە شتێکە، تەجاوزیش شتێکی ترە، کاك فرسەتیش شەرحێکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکم هەیە، هەندێك موستەلاحات هەنە سرف قانونینە، ئەگەر یەکێك بەکاری بێنێتن لە جێگای خۆی نەبێت، تەبعەن مەردودێکی خراپ دەبێت، چونکە سبەی جیهەتێك بچێت ئەو قانونە تەفسیر بکات بە غەڵەت بۆی دەچێت، تەفسیری قانون ئەگەر جیهەتێکی مەعنی نەتوانێت تەفسیر بکات، لازمە لە قەصدی موشەرع بگات، هەندێك موستەڵەحات قانونینە، بە ڕەئی من با بۆ قانونیەکان بمێنێت، با ئێمە نەچینە ناوی، چونکە دوو تەفسیری قانونی غەڵەت دەردەچێت، قانونەکەش بە ئیتیجاهێکی غەڵەت دەڕوات، من تەماشای سەروچاوە قانونیەکان دەکەم هەندێك شت هاتە گوت ئیحتیماله بەدڵیان نەبێت، بۆیە من حەز دەکەم ئەوانە لە من زیاتر موداخەلە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی كاك فرسەت، ئەگەر سینگتان فراوان بێت، چونكە موناقەشەكە وای لێهاتووە، دوای ئەوە بەس لەنێوان جەنابی وەزیرو سەرۆكایەتیە، یەعنی لیژنەی یاسایی هەتا لەسەر مەسەلەی یاساییەكان لیژنەی یاسایی رەئی وەرناگیرێتن، یەعنی زۆر شت هەیە لێرە ئێمە پێمان خۆشە قسەی لەسەر بكرێت مەجالی ئەوە نادرێتن، هەتا مەسەلەی صیاغە كردنەوەكەو گۆڕین هەموو شتەكان لەنێوان ئەو دوو تەرەفەیە، لەسەر ئێمە باز دەدرێت، بۆیە پێمان باشە وەكو پێشانی لێ بێتەوە، لیژنەی یاسایی لە مەسەلە یاساییەكان دەوری خۆی ببینێت و پرسیاری لێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پاشی رەئی دان گوتم ناو نانووسم، ئیلا ئەگەر بزانم موشكیلەیەكی یاسایی هەیە لە یاساكان، چونكە هەموو ئەوانەی دەیانویست رەئی بدەن رەئیاندا لە نەتیجەی موناقەشە رەئی تازە پەیدا دەبێت، ئەگەر قانونی بێتن لێی دەپرسم، بۆ ئەوەی هاوكاری قانونیمان بكاتن، نەك رەئی بدات لەسەر شتێكەوە، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە موناقەشەی مەوزوعێكی قانونی سرف دەكەین، لێرە لە قانونەكە ئیشارەتی پێداوە، قانونی مەدەنی لە ماددەی (186 تا 201) موعالەجەی مەوزوعی تەعویزی كردووە بەشێوەیەكی وازیح و تەفسیلی، هەروەها قانونی موڕافەعاتی مەدەنی موعالەجەی مەوزوعی تەحكیمی كردووە، ئێمە پێی ناوێت خۆمان ماندوو بكەین بەو شتانە، قانونەكە زۆر بە رێكوپێكی هاتووە، ئەگەر صیاغەكان هەندێك گۆڕانكاری بكەین، زیاتر موجیب نییە موناقەشەكە دوورو درێژ بكەین، بۆ ئەوەی قانونەكە وەكو جەنابتان ئیشارەتتان پێداوە بە مانگێكیش تەواو نابێت، نەك بە دە رۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە بە حەقیقەت، جارێ ئەحكامی تەحكیم لە قەوانینی ئێمە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەحكامی تەحكیمی دەولی، ئەوە لە لایەك، رەنگە جانبی شەریكاتی ئەجنەبی ئەگەر داخیلی عەمەلیاتی نەفتی بن، ئیحتیمال هەیە لە ئەحكامی تەحكیمی ئێمە رازی نەبن، بەو بنودانە رازی بن كە لەنێوان هەردوولا كراوە بیما فیهیم تەحكیمەكە، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت تەعویزیش هەمان شێوە، ئیحتیماله بە مەبادیئی تەعویزی لەناو قانونی مەدەنی ئێمە رازی نەبن، بەڵكو بەو مەبدەئانە رازی بن كە لە قانونی نەوت و گازدا هاتووەو لە بنودی عەقدەكە هاتووە.

سێ/ بەنیسبەت تەعویز، من تەمەنا دەکەم ئەوەی کە عاردی هەیە تەعویزی بدرێتێ بەو شێوەیەی کە سۆزان خان گوتی، بەلام ئێمە یاساکمان لێرە دەرکردووە، یاسای ئیتفایە، دەبێت تەحەقوقی نەفعی عامی تێدا بێت، عەمەلیاتی نەفتیش کە حقوقی نەفعی عامی تێدایە تەعویزەکە دیاری کراوە بۆ خاوەن موڵکەکە، چ عەمەلیاتی نەفتی بێت، یان غەیری عەمەلیاتی نەفتی بێت، بەنیسبەت ناوچەکانی تر وەکو دکتۆر کەمال ئیشارەتی پێدا نەهاتۆتە سەر حکومەتی هەرێم، کەی هات فیعلەن من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک غەفور مەخموورییم، کەدەبێت حیسابی پێ بدرێت، بەنیسبەت مومەسیلی تەرفەین، من لەگەڵ ئەوەم کە دەبێت مومەسیلی هەردوو تەرەفی تێدا بێت و مومەسیلی تەرەفی زەرەرمەندیشی تێدا بێت، کە رەئی هەبێت لە تەحکیمەکە، ئەوە بەکورتی مولاحەزەکانی من زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم کاک دکتۆر ئاشتی بەنیسبەت تەعویزەوە لە ولأتانی تر چۆن تەعویز دەکرێت، من لەلام روون نییە، ئایا ئەوە عەدالەتی تێدایە، قانونی ئیتفا دەکرێتن لێرەدا جێی خۆی بگرێتن.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ثالثاً) ئەگەر بۆ تەحکیمی عالەمییە، ئەوە عەدالەتی تیایە، خۆی مانای ئەوەیە، بەلام با بێینەوە سەر فەقەرەی (ثانیاً/ب) پێشنیارێکمان هەیە کە حەلی بکەین، لەجیاتی ئەوەی بڵێین لە نیهایەتەکەوە (یجب ان لا یتجاوز مقدار تلك الزیادة) ئەوە لەغو بکرێت، بیکەین بە (یجب ان لاتقل عن مقدار الاضرار الناتجة عن تلك التجاوزات)، تەبعەن تەقدیر دەبێت، (یجب ان لاتقل عن مقدار الاضرار الناتجة عن تلك التجاوزات)، عیلاقەی بەوەی نییە چەند فائیدەی هەبوو، ئەوە حەلی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێك جار ئەو صیغەیەی کە جەنابت گوتت، رەنگە لە مەسڵەحەتی شەخصە موخەوەلەکە بێتن.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە، بەلام ئەوە مانای نییە، حکومەت غەرامەت نەدات لەسەر مقاولەکە، کە ئیزافەتەن لەسەر ئەوە، ئەو شتە لە عەقدەکە باس دەکرێت، ئەوە شتێکی ئیزافییە، بەلام تەعویز بۆ مالیکەکە ئەوەیە حەقی خۆی وەردەگرێت، بەلام ئەگەر تەجاوزات بکات قانونیەن حکومەت دەتوانێت غەراماتی ئیزافی لەسەر دانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعویزی خاوەن موڵك جێی لێرە نییە، لە شوێنێکی تردا دەبێت موعالەجە بکرێت، ئەو مەوزوعەی کە باس کراو ئاماژەی پێ کرا، لەسەر مەوزوعی ئەو شوێنانەی چ ئەوانەی خاوەن موڵك لە کوردستان، چ ئەوانەی ئێستا لەسەر سنوورن پێشی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) لە ماددەیەکی تردا دەبێت باسی لێ کرا بێت، یەعنی چۆنیەتی تەعویزی خاوەن موڵکەکان، ئەوە نەشکرابێت ئیقتیراحێك دەکەین، کە دەبێت

حکومەت ماددەیەکی ئیزافە دەکەین دوایێ لە کۆتاییدا کە چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ خاوەن موڵك، ئەوە بیری لێ دەکەینەوە تا سبەینێ، ئێستا ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەری هاتووە (ث)، (المعنیة) دەبێتە (المختصة)، (ثانیاً/ب) لەسەر داوای هینتان بالیغەکە شەتب دەکرێت، (نتیجە ارتکاب تجاوزات)، با قانونیەکان لەنێوان خۆیاندا رێککەون، کاك عەونی، کاك شێروان ئێوەش بڵێن (الجهات المعنیة)، یان ( الجهات المختصة).

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ فەرقی نییە جیهاتی موختەصەو جیهاتی مەعنیە، هەردووکیان وەکو یەکن، کامەی بەکار بێت وەکو یەکن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە وەکو خۆی بمێنێت، (یقدر التعویض العادل المعقول بموجب هذه المادة)، وەزیرەکە ببێتە وەزارەت، گەورەترە لە لیژنەیەك داخیلی وەزارەت بێت، من پێم وایە زۆر ئیعتیراز کرا گوتیان لیژنەیی تەعویزات، لیژنەی تەعویزاتت داخیلی وەزارەت دەبێتن، لەبەر ئەوە وەزارەت لیژنەیەك دادەنێتن بۆ ئەو تەعویزاتە (جمیع الاعتراضات من قبل کافة الاطراف المالیة ویحق للشخص المخول)، لێرە جوابی جەنابی وەزیر نەیدا بوو خەڵکی تر کە زەرەریان کردووە، شەخصی موخەوەل، فەرموو تۆش قانونی حەقت هەیە.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە باسی تەقدیری تەعویزات دەکەین، باشە وەزارەت خۆی تەرەفێکە لە مەوزوعەکە، چۆن دەکرێت خۆی تەرەف بێت لە مەوزوع و خۆشی بێت تەقدیری تەعویزاتەکە بکاتن، لێرە من نازانم ئەگەر لیژنەی تەعویزاتیش هەبێتن، ئەمە بۆ شتێکی ترە، بەڵام دەبێت بچێتەوە بۆ بەردەمی محاکم لەو حاڵەتە، یەعنی ناکرێت ئەمە، عیلاقەی نە بە وەزیرە، نە بە وەزارەتیشە، خۆیان تەرەفن لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی تێدایە، بەڵام وەزارەت موباشەرەتەن تەرەف نییە، بەس یەعنی نەوەك مونحاز بێتن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەو تەعویزە دەکرێت لەنێوان ئەو شەریکاتانەو ئەو کەسانەی کە صاحێب موڵکن و زەرەریان لێ دەکەوێت لە نەتیجەی تەسەروفاتی شەریکەکە بێت، یاخود مقاول بێت لەسەر ئەرزەکەی، یان مونشەئاتی دەبات، یان عاردەکەی خراپ دەکات، ئەو تەعویزە وەك کاك شێروان باسێکی لێ کرد، من لەگەڵ کاك شێرواندا نیم، بۆچی تەرەفێ قایم و بەقوەت ئەو بێت صاحێب موڵکەکەی لای ئێمە زەعیف بێت، بۆ ئەو تەعویزە رووبەڕووی مەحاکمی حەلی نیزاع نەبێت حەسبە ئیختیصاصی محاکمی خۆمان، کە محاکم

موختەس بوو رەئی خوبەرای فەنی بە رەئی خوبەرائەکان، خوبەرائەکانیش لە هەردوو ئەتراف دادەنرێت، ئەو تەعویزی خەڵکەکە دەدرێت، بەڵام ئەوەی باسی لە تەحکیم دەکات، جەنابی وەزیرو وەزارەت بتوانێت داخیلی تەحکیم بێت، مەسائیلی تەحکیم لە قانونی مورافەعاتی مەدەنی باسی لەسەر کراوە، وەزارەت بچێتە بابی تەحکیمەوەو موحەکمین دانێن، هیچ ئیشکالێکی لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەڵامی جەنابت دەدەمەوە بەنیسبەت ئەمەوە، عەفوم دەکەیت، بەنیسبەت ئەجنەبی لە قانونی ئیستیسمار هینمان کرد، لە بەغدا باشتر لە ئێمە موعالەجەیان کرد، لە زۆر روووەوە قانونەکەی ئێمە باشترە، تەنیا لەو رووەوە ئەوان خەبیری باشتریان هێنا بوو تەحکیم ئەجنەبی قەبول ناکات لە مەحاکمی مەحلی، ئەوە تەواو بووە، لەوێ موعالەجەیان کردووەو رێگایەکیان نیشان داوە لە موستەقبەلدا ئەگەر ئیستیسمار لەوێ زۆر بوو مەجبور دەبین وەکو ئەوان بکەین، ئەوەی لێرەدا هاتووە خەبیرێکی قانونی بە موافەقەتی هەردوولا، ئەوە باشترین شێوەیە، بۆ ئەوەی ئیتمیئنان بداتە موستەسمیری ئەجنەبی سیقەی نییە بە محاکمی مەحەلی، دەڵێ سبەینێ تۆ تەرەفی خۆت دەگریت، بەڵام من لێر مەبەستم ئەوەیە جگە لەوەی حەقی شەخصی موخەوەل حەقێك بدرێتە خاوەنەکەی تر، کە لە مەحاکمی خۆماندا شکایەت بکات، ئەوە هەبێت شەخصی موخەوەل بۆی هەیە خەبیرێکی دوەلی بێنێتن بە موافەقەتی بەینی خۆی و وەزیر، بەڵام تەرەفی خۆمان ئەگەر تەعویزەکەی پێ باش نەبوو، کە حەقی هەبێت لە محاکمی خۆماندا شکایەت بکات، ئەگەر صیغەیەك تەقدیم بکەن لەسەر ئەوە، خەبیری دوەلی مانای ئەوە نییە بێتن، خەبیری دوەلی یەعنی خەبیرێکە ناسراوە، ئیجازەی هەیە، رەسمییە، لە وڵاتەکەی خۆیدا قانونییە، رەئی دەداتن لەسەر مونازەعات کە وەزیر دەست نیشانی کرد، شەخصی موخەوەل موافەقەتی کرد، دێت لێرە رەئی دەداتن حاسم دەبێت، ئیتیفاقە لە عەقدەکە نووسراوە، لەو عەقدەی کە دەیکەن ئیمزای دەکەن لە حەلەکەی ئەو نوقتەیە نووسراوە بەلاش نەهاتۆتە ئێرە، ئەو نوقتەیە دەنووسرێتن لە عەقدەکە لە حاڵەتی خیلافاتدا ئەوە حەسم دەکاتن، من خوێندومەتەوە بە تەفسیل پرسیتیشم بۆیە ئەو رەئیەم دا، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە لە ئەخیری بڕگەی سێ ئەوە ئیزافە بکرێت (کما یجوز للمواطن المعترض حق التظلم للمحاکم المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم لە بڕگەی سێیەمدا کاتێك دەڵێت (من قبل الوزير) دەبێت خۆی لە ئەسڵدا لە ڕێگای مەحکەمەی قەزای ئیداری بێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە نیمانە، یەعنی لە کوردستان قەزای ئیداریمان نییە، لەبەر ئەوە دەبێت مەحاکمی موختەصە بێت، بەڵکو ڕۆژێك دێت ئەو مەحاکمی موختەصە مەحاکمی قەزای ئیداریش لە کوردستان دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت لە ڕێگای مەحاکمی موختەصەوە بکرێتن، لە ئەوەلەن (ث).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەقی ئەوەلەنت نییە، من لێرە ڕەئی تۆم پرسی قانونی بۆیە، لەسەر ئەوە دەبوایە ناوت بنووسی و ڕەئی بدەیت لەسەر بڕگەکانی تر، ئێمە خیلافێکمان هەبوو لەسەر ئەو نوقتەیە، جەنابت ناوت نەنووسیووە بۆ ڕەئی دان لەسەر ماددەکە، وەکو قانونییەك پرسێکم پێ کردی، بۆ ئەوەی هاوکارمان بیت، ئەگەر دوایێ نوقتەی نیزام بوو، دەڵێم باشە، ئەگەر نوقتەی نیزامیش نەبوو قسەکەت دەبڕم، بەڵێ کاك عەونی هاوکاریەکمان بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بە وردی مولاحەزەی فەقەرەکە بکەین، لێرە ئیشارەت بەوە دەدات (اللجوء الى التحكيم)، تەبعەن تەحکیمیش وەکو گوتم موعالەجە کراوە لە قانونی موڕافەعاتی مەدەنی، جائیزە دوو تەرەف ئیتیفاق بکەن بەبێ ئەوەی کێشەکە ببنە مەحکەمە، یان پێش ئەوەی بچێتە مەحکەمە لە نێوان خۆیان حەلی بکەن بە ڕێگای تەحکیم، تەحکیم لێرە گوتویەتی خەبیری دەولی دادەنێین، ماددەی (251) بەو وەزعەی تەسبیتی دەکات، دەڵێ (يجوز الاتفاق على التحكيم في نزاع معين كما يجوز الاتفاق على التحكيم في جميع المنازعات التي تنشأ من تنفيذ عقد معين)، ئەوە یەك. ماددەی (253) لە فەقەرەی یەکەم (اذا توفق الخصوم على التحكيم في نزاع ما فلا يجوز رفع الدعوى امام القضاء الا بعد استنفاذ طريقة التحكيم)، واتا تەحکیم هەبێت موشکیلەکە بە تەحکیم حەل بوو، ئەگەر حەل نەبوو ئەوجا دەگەڕێینە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە موشکیلەمان لەوەدا نییە، ئێمە تەنیا دەڵێین تەرەفەکەی تر، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەبینم بڕگەیەك زیاد بکەین لە فەقەرەی (ثانياً/ج)، چونکە (أ و ب)مان هەیە، بیکەینە (ج)، بڵێین (تشكل لجنة لتقدير التعويض عن الخسائر والاضرار الناجمة عن ممارسة العمليات النفطية على الاراضي المملوكة للاخرين ويجوز لجميع الاطراف اللجوء الى المحاكم او التحكيم) ئیستیغنا لە بڕگەی (ثالثاً) بکەین بە تەواوی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من پێشنیاز دەكەم كەوا بڕگەی سێ بكرێت بە دوو فەقەرەوە، یەكەمیان/ پەیوەندی بەو تەعویزەوە هەیە كەوا زیاتر لایەنێكی هاووڵاتی تەرەفێ دەبێت لەو حاڵەتە بنووسین كەوا (بموجب القوانین المعمول بها او بموجب القوانین النافذة)، بەلاَم ئەگەر هاتوو تەرەفێ تر، شەخصی موخەوەل جیهەتێكی ئەجنەبی بێت، هەروەكو لە قانونی وەبەرهێناندا لەوێش عەینی كارمان كرد، تەرەفێ ئەجنەبی ئەگەر تەحكیمی دەولی تیا نەبێت نایكات، سیقەی بە قانونی ئێمە نییە، لەم حاڵەتەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قانونی تەحكیمی دەولی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش هەروام گوت، گوتم قانونی ئیستیسمارە، قانونی ئیستیسمارەكەی بەغدا لەو نوقتەیەدا پێشی ئێمە كەوتووە، ئەم شتەی جەنابت دەڵێی لەوێ ئاماژەی پێ كردووەو ڕێگاشی بۆ دانراوە، لێرەشدا لە عەقدەكە هەیە دەڵێت تەحكیم دەبێتن، بەلاَم ئەگەر حەل نەبوو دەتوانیت بڵێی بۆ هاووڵاتی خۆمان دەتوانێت بچێت لە مەحاكم شكایەت بكات، ئەویش بە ڕێگەی قەوانینی دوەلی هین بكات، عەفوم دەكەن وەكو گوتم ئەوە مەسەلەیەكی قانونییە، دەمانەوێت صیغەیەكی قانونی هەبێت و هاوكارمان بن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

هەر هەمان ڕەئیم هەیە بەڕاستی، ئەگەر تەحكیم دەولی بوو، ئەوەی كە لە قانونی موڕافەعات هاتووە تەتبیق نابێتن، ئەوە وەكو مەبدەئ دێتە سەر زەرەرمەندەكە، زەرەرمەندەكە ئەگەر هاووڵاتیەكی خۆمان بوو، ئەوەی تەجاوزیشی كرد بوو خۆمانی بوو، ئیعتیادی قەزا دەتوانێت بەت لە مەسەلەكە بكات و قەراری خۆی بۆ دەربكات حقوقیشی لە قەوانینی ئێمە پارێزراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

قانونی نەوت شەریكاتی عالەمی بێن، ئەگەر بزانن حەقیان هەیە، ئەو حەقە ناتوانن ئیعتیماد بكەنە سەر مەحاكمی مەحەلی، ئێمە ئیقتیراحێكمان كردووە، بۆ ئەوەی ئەو موناقەشەیە نەختێك كورت بكەینەوە، تا بتوانین فەقەرەكە نەختێك تەعدیل بكەین (یقدر التعویض) ئەوە لە سێیەم باس دەكەین، لە جیاتی ئەوەی بڵێین وەزیر دەڵێی (الوزارة بالتنسیق مع الجهات المعنیة)، دەبێت ئەوەشی تیا بێت، چونكە مەحاكمیش دێتە ناویەوە، دوای ئەوە كە دەڵێت (اللجوء الی التحكیم ویكون بموجب بنود التحكیم مثبتة في

الاجازة) باقیەکەی تر لەغوی بکەن، جا پێویست ناکات بڵێین دەولی و ئەوانە، ئەوە لە عەقدەکەدا دەبێت، موفاوەزات دەبێت و ئیتیفاق دەکرێت لەسەری (یقدر التعویض العادل والمعقول بموجب هذه المادة ومن قبل الوزارة بالتنسیق مع الجهات المعنیة بعد النظر الی جمیع الاعتراضات المقدمة من قبل کافة الاطراف المعنیة ویحق للشخص المخول اللجوء الی التحکیم بموجب بنود التحکیم المثبتة في الاجازة)، مواتینی عادی تەحدیدی دەکەیت، مواتین عەینی عەقدی دەدەیتێ لەوێش بنودی تەحکیم دادەنێی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوە عەفوم دەکەن، ئەوەی لە ئەسڵی هینەکەدا هاتووە، کە دەڵێت (بموجب بنود التحکیم)، لەگەڵ یاسای ئیستیسمارٍ دەگونجێتن هی عێراقی کە دەرچووە، حەلی نیزاعات چۆن دەبێت زۆر تەفسیلی کردووە، بە هەمان شێوە ئەو بە جوملەیەکی نووسیوویەتی، جا ئەوەی کە دەڵێت (یطبق في التحکیم بین الهیئة المختصة والمستثمرین الاجانب من حیث موضوع القانون العراقي، ومن حیث الشکل تراعی اجراءات التحکیم لغرفة التجارة الدولیة في باریس وجنیف والمرکز الاقلیمي، التحکیم التجاري الدولي في القانون وفق الاتفاق المنصوص علیه في العقد، یتضمن العقد شروط تعین المحکمین والحکم الفصل ومقر التحکیم ونفقات التحکیم ومدة محددة لاصدار القرار، للهیئة المختصة ایقاف العمل بمحل النزاع عند اللجوء للتحکیم لحین صدور قرار التحکیم)، لێرە لە ئەسڵی پرۆژەکە کە بۆمان هاتووە، ئەو پێشنیارەی کە دکتۆر ئاشتی کردی هەمووی پابەند دەبێتن بەوە، کە دەڵێت (یحق للشخص المخول اللجوء الی التحکیم بموجب بنود التحکیم) کە وات وت هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، جنێف و قاهیرەش و ئەوانەش دەگرێتەوە، بەس ئەوەندەیە جوملەیەك ئیزافە بکەین (فیما یتعلق باصحاب الاراضي من المحلیین یحق لهم اللجوء الی المحاکم للاعتراض علی قرار التحکیم)، ئەوە باشە ئەو جوملەیە ئیزافە بکەن، مامۆستا کاکە یەعنی جوملەیەك (ثالثا: یقدر التعویض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزارة بالتنسیق مع الجهات المختصة او المعنیة بعد النظر الی جمیع الاعتراضات المقدمة من قبل کافة الاطراف المعنیة، ویحق للشخص المخول اللجوء الی التحکیم بموجب بنود التحکیم)، ئەوانی تر شەتب بکە، پێویست ناکاتن (کما یحق للمتضررین الاخرین ویحق للشخص المتضرر اللجوء الی المحاکم المختصة في الاقلیم)، کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت دەڵێی من لە یاساییەکان دەپرسم، لەگەڵ ڕێزم بۆ یاساییەکان، هەندێکیان تەڵەبەی من بووینە، بۆ ئاگاداری من مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی گشتیم و مونازەعاتی دوەلیم، تێناگەم بۆچی ڕێگە بە من نادەیت قسە بکەم، کە لێرە ناوی تەحکیم هاتووە، تەحکیمی دوەلییە، حەز دەکەم باش باش بزانن، لە ماددەی پەنجاو دوودا تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، جا خەبیری دوەلی هەبێت و نەبێت، ئەوە موشکیلەیەکی تێدا نییە، چونکە عادەتەن تەحکیم بە موافەقەتی دوولا هەبێت، دوو تەرەف هەبێت، ئینجا یان یەك کەس تەحکیم دەکات، یان دوو کەس تەحکیم دەکات، یان لیژنەیەك تەحکیم دەکات، ئەمە قەزائی دوەلی پێی

دەڵێن، لەبەر ئەوە قەرارەکەشی مولزەم دەبێت بەنیسبەت ئەترافەوە، مواتینیش دەتوانێت لە ڕێگەی وەزارەتەوە ئەگەر هینی هەبێت، یەعنی بۆیە گوتم وەزارەت بیکات، چونکە وەزارەت تەمسیلی مواتینیش دەکات بەرامبەر تەرەفەکەی تر، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت ڕاستە ئێمەش هەر وامان گوت، وەزارەت تەمسیلی هەردوولا دەکات، بەلاّم شەخصی موخەوەل ئەگەر قەراری وەزارەتی بە دڵ نەبوو، بەپێی بنودی عەقد حەقی هەیە ئیعتیراز بکاتن، تەرەفەکەی تریش بەپێی محاکم حەقی هەیە شکایەت بکاتن و ڕازی نەبێتن، ئێستا با فەقەرەی سێ لە ماددەکە وای لێ دێتن بۆتان دەیخوێنمەوە (ثالثا: يقدر التعويض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية بعد النظر الى جميع الاعتراضات المقدمة من قبل كافة الاطراف المعنية، ويحق للشخص المخول اللجوء الى التحكيم بموجب بنود التحكيم كما يحق للشخص المتضرر اللجوء الى المحاكم المختصة للاعتراض على قرارات التحكيم)، ئێستا وازیحە، کاك کەریم ئیعتیرازێکی وەجیهی کرد دەڵێ قەراراتی تەحکیم باتە، ڕاستیش دەکاتن، قەراراتی تەحکیم ئەگەر شەخصی موخەوەل کردی، قەراری تەحکیم باتە، چونکە دوەلیەو تۆش لە بەندەکەدا نووسیووتە، بەلاّم ئێمە مەبەستمان پێشی قەراری تەحکیم بوو، چونکە ئەگەر لە حاڵەتێکدا شەخصی موخەوەل تۆ لە قازانجی ئەو قەرارەکەتدا، یاخود ڕازی بوو لە قەرارەکەی تۆ بۆ وەزارەتەکەدا، ئەو ناچێت شکایەت بکات، لێرەدا ئەگەر ئەو شکایەتی کرد، ئەو خۆی پێ بە مەزلۆم دەزانی، دەچێتە مەحکەمەی دوەلیەکە، یان قەراراتی تەحکیمەکە خەبیر دێنێتن، ئەو قەرارەی کە درا حاسم دەبێتن، بەلاّم ئەگەر وەزارەت بە تەنسیق لەگەڵ جیهاتی موختەصە قەرارەکەی بە دڵی شەخصی موخەوەل بوو، بەلاّم بە دڵی هاوولاّتی نەبوو، ئەو هاوولاّتیە حەقی هەبێت بچێت لە مەحکەمە شکایەت بکات، جا بۆیە (يحق لشخص المتضرر اللجوء الى المحاكم المختصة للاعتراض على قرارات الوزارة، قرارات التعويض او قرارات الوزارة بهذا الشأن)، یەعنی ئێستا وازیحە، یان جارێکی تر بیخوێنمەوە، کاك شێخ ئەدهەم فەرمو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم سنگی سەرۆکایەتی کەمێك بەرفرە بیت، من ڕەخنەك لە سەرۆکایەتی پەرلەمان هەی لە حەقیقەتدا، ئەڤە ئیسلوبێ ڕێڤا چوونا ڤێ جەلسێ تایبەتە بە نزیکێ دوو سەعاتە لەسەر یەك ماددە دەئاخەفتین، ئەز ئالۆزیەکی تێدا دەبینم، یەکەم/ ئالۆزی کە دەست پێ دکات ئەڤەیە لیژنەیا یاسایی کە جەنابێتە پرسیارا ڕەئیا لیژنە یاسا کرد دەستپێکیدا دەڵێت هیچ تێبینیمان نییە، گوتیان هیچ تێبینیمان نییە، ئەڤە یەك.

یا دووێ/ ئەڤە دوو سەعاتە ئەم ڤێ موناقەشە لەسەر ئەڤ ماددەیە دکەن، جەنابێتە پاش وەرگرتنی هەمی ڕەئیا پەرلەمانتاراو یاسازانێت مە، دەبێت جەنابێتە داوای ڕەئیا لیژنەی یاسایی بکەن سەر ڕۆشناییا ڕەئیا هەمی پەرلەمانتاراو ڕەئیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ و ڕەئیا جەنابێ وەزیرا صیغەکی بنڤیسی، پاش ئەڤە

صیغە دەداتە جەنابێتە، لێرە جەنابێتە بە چەند صیغە دەخوێنی، پاشی خوێندنی و کەرم کەی و بێژەی ڕاستە ڕەخنەی کاك کەریم، یان ڕەئی کاك کەریم دروستە، بلا کاك کەریم کە لیژنا یاسایی دگەل هەڤالێت خۆ صیغەیێ تەواو بکات و پوختە بکات، با دە دەقیقە ئیسڕاحەت بکات، یەعنی بێ دەنگ بین تا صیغەکە تەواو دەبێت، پاشان بدرێتە سەرۆکایەتی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕەخنەکەت قەبولە، بەلأم جوابیشی هەیە، جوابەکەی ئەوەیە لیژنەی یاسایی موتەفیق نین لەسەری، کاك شێروان و کاك عەونی و کاك دکتۆر نوری هەرسێکیان یەکێکیان سەرۆکی لیژنەی یاساییەو یەکێکیان جێگری سەرۆکی لیژنەی یاساییەو ئەویتریش دکتۆراو پسپۆڕی قانونەو لە پێشمان دانشتوون، لێرە کە خیلاف هەبێت ڕەئی ئەوانیش دەپرسین، شتێکی تەبیعییە، ئەمە مەسەلەیەکی حەساسە، لەبەر ئەوە کە مەسەلەیەکی حەساس بوو، دەبێت سەبرمان هەبێت، جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت سەبریان هەبێت، بۆ ئەوەی کە صیاغەیەکی دەبینینەوە، هەم قانونی بێت و هەمیش مەنتیقی بێتن لەگەڵ قانونەکە بگونجێتن، ئێستا ماددەی سێ وای لێ دێتن با بیخوێنمەوە جارێکی تر (ثالثا: يقدر التعويض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزارة بالتنسيق مع الجهات المعنية بعد النظر الى جميع الاعتراضات المقدمة من قبل كافة الاطراف المعنية، ويحق للشخص المخول اللجوء الى التحكيم بموجب بنود التحكيم كما يحق للشخص المتضرر اللجوء الى المحاكم المختصة في الاقليم للاعتراض على قرارات التعويض)، لیژنەی قانونی کاك ئاشتی دەڵێن (بالتنسيق)ەکە نابێت، دەبێت بەس وەزارەت بێت، سارا خان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری فەسڵەکە بکەیت(حقوق والتزامات الشخص المخول)، یەعنی ئەمە حقوقی شەخصی موخەوەلە، نەك شەخصی زەرەرمەند، دەکرێت ئەوە لە ئەحکامی خیتامی ئیزافەکەی جەنابت جێگای ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا صیغەیەکمان بدەنێ لیژنەی قانونی، فەرموو کاك ئاخر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تاکو ئێستا نازانین تەحکیمی دوەلی چیە، تەحکیمی دوەلی وەکو من تێگەیشتبم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە کاك ئاخر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی تەحکیم دوەلی نیسبەی نەوت دەدرێتە خاوەن مولّکەکەی، ئایا سبەینێ لێرە تەحکیم دوەلی نیسبەی نەوتی دا خاوەن مولّکەکەی، حکومەتی ئێمە پێی رازی دەبێت یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن لەحیاتی دکتۆر ئاشتی وەلاّمت بدەمەوە، کە تۆ لەگەڵ شەخصی موخەوەل ئیتیفاقت کرد، یەعنی تۆ صاحێب مولّکی، خەڵکەکە نەماوە، حکومەت صاحێب مولّکەکەیە، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، باسی تەعویزات دەکەن، ئەو تەعویزاتە لەسەر ئەرازییە، ئەو ئەرازییەی کە بۆ موصادەقەی نەوت و شەریکاتی نەوت و بیری نەوت دەگەڕێن، ئێمە دوێنێ و پێرێ قانونێکمان دەرکرد لەسەر تەوصیەی حدودی بەلەدیە، لە قەرارەکانیشمان ئەوەیە ئەوەی موخالەفەی ئەو قانونە بێت قەبول ناکرێت، گوتمان ئێمە سێ نەوعە عاردمان هەیە، یەکێکیان تاپۆیە، موفەوەزەی تاپۆو ئەرازی زراعەیە، بەپێی شارەزایی ئێمە لەو مەنتیقەیە ئەوەی مولّکی تاپۆیە لە 5٪ رەت نابێت، تاپۆی سرف مولّکییەتی هەیە، ئەوتیر موفەوەزە لە 90٪، چوار و پێنجیشی ئەرزی زراعییە، ئەرزی زراعیمان تەحدید کردووە فەلاح لەگەڵ سەد دۆنم قەرار هەیە 120 دۆنم ئێمە دوو سەد مەتری دەدەینێ، ئایا ئەو قانونەی ئێستا تەعویزاتی باس دەکەین مەحکەمەو مەحکەمەی دەولی و تەحکیمی دەولی ﴿ **مضاد**﴾ نییە لەگەڵ ئەو قانونەی کە ئێمە دەرمانکردووە؟ بۆ ئەو فەلاحەی کە 120 دۆنمەکەی لە مەنتیقەی دەشتی هەولێر هەیە، چی دەدەیتێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تەعویزاتە ئەوەی نییە، ئەوە عیلاقەی بەوە نییە، ئەو تەعویزاتە باسی ئەوەیە فەرزمان کرد لەو گوندەی تۆ عەقدێکت کردووە لەگەڵ شەخصی موخەوەل دەچیت تەنقیب دەکاتن لە خیلالی ئەو تەنقیبەدا چوو تەجاوزی کردە سەر زەوییەکی تر، یان چوو مەڕو مالاّتی برد بەهۆی ئیشەکەی مەڕو مالاّتی فەلاحێکی لەناو چوو، یان خانوونەیەکی تری رووخاند، ئەو نەوعە شتانەیە، باسی ئەوانە دەکاتن، کە زەرەرەکە لە نەتیجەی ئیش کردندا دەداتە خەڵکی تر، ئەوە باسی ئەو تەعویزاتانە دەکاتن، لەبەر ئەوە ئاخیر صیغە دەخوێنمەوە، یان بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا: يقدر التعويض العادل والمعقول بموجب هذه المادة من قبل الوزارة بعد النظر الى جميع الاعتراضات المقدمة من قبل كافة الاطراف المعنية، ويحق للشخص المخول اللجوء الى التحكيم بموجب بنود التحكيم كما يحق للشخص المتضرر اللجوء الى المحاكم المختصة في الاقليم للاعتراض على قرارات التعويض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو ماددەیە بەو تەعدیلاتەی پێشتر خوێندمانەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی: لە دەقی مۆڵەتەکەدا هاتووە کە دەبێ وەزیر رەزامەندیەکە بدات، یان بەم شێوەی خوارەوە پێی رادەگەیەندرێ:

یەکەم: رێککەوتننامەکانی بەکارخستنی هاوبەشی و هەناردنە دەرەوەو رێکەوتنەکانی دیکەی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت جگە لە هەر گۆڕانکاریەکی ئەم رێکەوتننامانە.

دووەم: هەر گۆڕانکاریەکی بەرزەفتی کەسی رێپێدارو دەکات.

سێیەم: هەر رێپێدانێك چ گواستنەوە، یان گۆڕینەوە، رەوانەکردن، نوێکردنەوەو لەیەکدانو بارمتەو هەر رەفتارێکی یاسایی دیکەی تایبەت بە مۆڵەتەکە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثلاثون: تنص الاجازة على ان يتولى الوزير الموافقة على أن يتم اشعاره به:

أولا: اتفاقيات التشغيل المشتركة والتصدير وأتفاقيات أخرى خاصة بالعمليات النفطية بالاضافة الى أية تغييرات لهذه الاتفاقيات.

ثانيا: أية تغييرات في التحكم على الشخص المخول.

ثالثا: اي تفويض سواء كان نقلا، استبدالاً، احالة، تجديداً، دمجاً، رهناً، أو اية تصرفات قانونية اخرى خاصة بالاجازة.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی تەوزیحیان هەیە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لیژنەی یاسایی لەسەر زۆر خاڵەکان تێبینی نییە، بەلاّم کە گفتوگۆ دەکرێتن رەئی یاسایی دێتە پێش، ئەو کاتە ئێمە ناچارین رەئی لەسەر مەسەلەکان بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هەر مەوزوعی تەحەکومی تیایە، من بەداخەوە دەڵێم ئێمە قەرارێکمان باس کرد، ئەوەی شارەزایی هەبێت لە قانونی دوەلی و لەقانونی ستەیت، دوو قانونی زۆر زۆر جیاوازن، لە ستەیتێك لە ئەمریکا بڵێین لە کالیفۆرنیا قەراری ستەیتێك دەردەچێت لە هیچ ویلایەتێکی تر تەنفیز نابێت، ئیلا ئەگەر لە ڕێگای فیدراڵەوە نەبێت، قانونی فیدراڵ زۆر جیاوازە، مەسەلەن هەر میسال لەسەر تەجاوزات، ئەگەر شەریکەیەك تەجاوزی کرد بێت لە ویلایەتێك یەك جار، بۆی هەیە لە ویلایەتەکە شکایەت بکات و حیسابی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر بیەوێت لەسەر حیسابی فیدراڵ شکایەت بکات، دەبێت دوو تەجاوز هەبێت، ئینجا فیدراڵ بیر لە چارەسەر کردنی ئەم مەوزوعە دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم مەوزوعە دەبوایە زیاتر دیراسەی کرابایە، من لەگەڵ قسەی وەزیرم، بەڕاستی ئێمە قەرارێکمان دەرکردووە، هیچ یەکێك لەو قەرارانە لەسەر هیچ شەریکەیەکدا تەنفیز بکەین لە داهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سی دەڵێ (الموافقة على أن يتم اشعاره)، ئیشعارەکە فەقەرەی دووەمە، پێشنیار دەکەم ببێتە (ثانياً/ على الشخص المخول اشعار الوزارة على اي تغيرات التحكمي)، لەبەر ئەوەی موافەقەکە بۆ یەکەمە، ئیشعارەکەش بۆ دووەمە، لە سێیەم کەلیمەی (تجديد) هاتووە، لە نەصی ئینگلیزیەکە تەجدید نییە، ئەوان بە رینۆڤیشن تێگەیشتن، بەڵام رینۆڤیشن نییە، ئینۆڤیشن یەعنی (استبدال سند دين بغيره)، لێرە هەڵەیەك هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم پرسیارێك دەکەم، مادام مەسەلەکە باسی ئیجازەکە دەکاتن، (تنص الاجازه على)، ئەو ماددەیە بۆ لێرە بێت خۆی لە دەسەڵاتی وەزیرە، ئیجازەکە وا هین دەکاتن خۆت ئیجازەکە دادەنێی و ئیمزای دەکات و پابەند دەبێت پێی، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێویستە، چونکە مقاولێك کە ئیجازەیەك وەردەگرێت، ئەو ئیجازە لەوانەیە ببێت بە عەقد، دەمانەوێت ئیلتیزاماتی تیا بێت، ئەو شەریکەیە ئەگەر کۆنترۆلی گۆڕا، یەعنی شەریکەیەکی تر دێت

دەیكرێـت، ئـەو شـەریكەیە موناسـیب نییـە، نامانـەوێت تـەعامول بكـەین، دەمانـەوێت ئیشـعارمان بكـات، لەوانەیە رەئیمان بگۆڕێت، بیوەستێنێت، یان وەكو مەجموعەیەكی تازە دێنە ناو عەقدەكەوە گریمـەنی پـێ دەڵێن، دەبێت ئێمە ئاگادار بین، كە ئێمە لەگەڵ كێ تەعامول دەكەین، ئەوە دووەم سەبەبە دامانناوە، ئێمـە دەڵێین هەر گۆڕینێك بێت، لـە ناحیـەی بەنیسـبەتی مقاولەكـەوە، یـان حیصـەكانی، ئەسـهومەكانی، چـونكە لەوانەیە تەئسیر دەكاتە سەر عەقدەكەی ئێمە، یان وەكو تەعامولی ئێمەو ئەوانە، دەبێت ئێمە ئاگادار بـین، ئیشعارمان بكەن، لەوانەیە جاروبار بڵێین نا، ئەگەر سـوڵتەی ئێمـە بێـت مەسـڵحەتی كوردسـتانی تیـا نییـە، ئێمە لە عەقددا، لە عەقدی نەوتدا ئیجازاتی ئەو شتانە دەنووسرێت، جا لەبەر ئەوە بە قانونیش دەتـوانین دیفاعی لێ بكەین، هەر لەبەر ئەوە دانراوە، ئەمە شتێكی ئیعتیادیە لە هەموو قانونی نـەوتی عالـەمی ئـەم شتانەی تیایە، بۆ ئێمە باشترە بمێنێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس مولاحەزەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، چونكە ئیعتیرازەكان لوغەوی و ئەوانەنە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و یەك:

ئەگەر لە مۆڵەتەكەدا لە كەسێك زیاتر هەبوو جگە لەكەسی رێپێدارو پابەندی و بەپرسیاریەتیەكانی هەموان هاوبەرپرسیاریەتیە لەچوارچێوەی مۆڵەتەكەدا چ بەشێوەیەكی هاوبەش، یان تاك بێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والثلاثون اذا كان في الاجازة اكثر من شخص بالاضافة الى الشخص المخول تكون التزامات ومسؤوليات الجميع متكافلة في أطار الاجازة سواء بصورة مشتركة او فردية.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر نییە، بەڵام ئەوە هەر تەحصیل حاصلە، دائیمەن ئەگەر هاتوو، دوو، سێ تەرەف بە یەك جاری ئیشتیراكی كرد دەبێت موتەكافیل بن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس ئیعتیرازی لەسەر نییە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەمەی هەر بە زیاد دەزانم ئەو ماددەیە، چونکە ئێمە لە پێشەوە تەعریفمان کردووەو لە تەعریفەکان هاتووە، ئەگەر شەخصیش بڵێی، یان ئەگەر موقاول بڵێی، یان کەسێکە، یان شەریکەیەکە، یان کۆمەڵە کەسێکە، مادام ئێمە لە پێشەوە کردوومانە، پێویست ناکات لێرە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەس موتەکافیل کافی نییە، لەبەر ئەوەی ئەمە ئیلتیزاماتی مالی دێتە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە لە عەقدەکەدان، موتەکافیل و موتەزامین بن باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەندێك موشکیلەمان هەبوو، کە ئەمەمان تەرجومە کرد، چونکە لە ئینگلیزیەوە هاتووە، لە هەموو قاموسێك گەڕاوین شتی وا موباشیر نییە، جا ئەوانەی کە قانونین وەکو دکتۆر نوری و ئەوانە، لەوانەیە کەلیمەیەکی تر بدۆزنەوە لە جیاتی موتەکافیلە، چونکە موتەکافیلە نزیکترە، کە وای کرد منای وایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکەی کاک عومەر دەکەم، منیش هەر مەبەستم ئەوە بوو پاش موتەکافیلە موتەزامینەش ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك عومەرو کاك رەشاد دەکەم، بەتایبەتی ماددەی (320) لە قانونی مەدەنی عێراقی تەعریفی تەزامونی کردووە، (التضامن مابین المدينين لايفترض وانما يكون بناءاً على اتفاق او نص في القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە ماددەکە وای لێ دێتن (اذا كان في الاجازة اكثر من شخص بالاضافة الى الشخص المخول تكون التزامات ومسؤوليات الجميع متكافلة ومتضامنة في أطار الاجازة سواء بصورة مشتركة او فردية)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و دوو:

یەکەم: هەرێم مافی ئەوەی هەیە خاوەندارێتی هەموو بەیانات و زانیاریەکان بکات، چ سەرەتایی و تێکەڵاو، چارەسەر لێکدانەوەیە، یان شرۆڤەکردنی تایبەت بەنەوت و پرۆسەکانی نەوت لە هەرێمدا.

دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا کەسە رێپێدراوەکان دەتوانن رووبەرێك لە بەیانات و زانیاریەکانی لە میانەی مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتووە، بۆ بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئازاد بەشێك، یان هەمووی وەکو لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، بەبێ ئەوەی مافی بەخاوەنبوونی ئەو بەیاناتانەی هەبێت لە کاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەدا.

سێیەم: دەرکردنی بەیانات و زانیاریەکانی کە لە ماوەی پرۆسەکانی نەوت بەدەستهاتوون، بەشێوەیەکی ئازاد لەلایەن کەسانی رێپێدراوەوە دوای رەزامەندی وەزیر، بەمەرجێك لەکاتی داواکردنیدا دانەیەکی ئەسڵی لە هەموو بەیانات و زانیاریە ئەلیکترۆنیەکان بە وەزیر بدرێ یان حاڵەتی پوختەیی، یان بەردەلانی و بەربەستەفیزیکیەکان، یان بەبەشێکیان کە بەکاردەهێنرێ و لە هەرێمدا بهێڵدرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والثلاثون:

أولا: يكون للأقليم حق امتلاك جميع البيانات والمعلومات، سواء كانت اولية ومشتقة ومعالجة ومفسرة أو محللة، الخاصة بالنفط أو بالعمليات النفطية في الأقليم.

ثانيا: مع عدم الاخلال بالفقرة /أولا من هذه المادة، فللأشخاص المخولين الاحتفاظ بنسخٍ من البيانات والمعلومات المستحصلة من خلال الاجازة لاستعمالها بحرية، جزءاً او كلاً حسبما وردت في الاجازة دون ان يكون لهم حق امتلاك تلك البيانات بعد الغاء الاجازة.

ثالثا: تصدير البيانات والمعلومات التي إكتسبت أثناء العمليات النفطية بحرية من قبل الأشخاص المخولين بعد موافقة الوزير، بشرط أن يتم تزويد الوزير عند الطلب بنسخة أصلية لجميع البيانات والمعلومات الألكترونية، او في حالة اللباب او الصخور والموائع الفيزيائية أو باجزاء منها قابلة للاستعمال للاحتفاظ بها في الأقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی سی و دووی پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە، كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لڤێ ماددەدا خالە دووێ كە دبێژیتن (للاشخاص المخولين الاحتفاظ........) با بكرێتە (لاستعمالها بحرية) ئەز دبێژم ڤە وشە (بحرية) ئازادیەكە زیاتر دەداتە ئەو كەسە كو پێ هەستی ئەو مەعلوماتە نەشر بكات، هەتا لە جێی دیش، ڤە كەلیماتی حوریە، حوریەتەكا موتڵەق زیاتر دەداتە خاوەن (الاشخاص المخولين)، ڤەش نەوعە نهێنیەكە، یان ئەسرارێك تێدا نیسبەتا ولاتەكی، دەوڵەتەكی، یان حكومەتەكی، یان عەمەلیاتێكی نەفتی تەنها كەلیمە حوریە، یان (بحرية) ئەگەر بێتە حەزف كرن بە رەئیا من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تەفسیرێكمان بداتێ، ئەو حوریە مەقصەدت چیەو لەكوێ بەكار دێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە حوریەتمان دانا (في العمليات النفطية استعماليها في) ئەویشی ناوێت هەر (لاستعمالها جزءاً او كلاً حسب ما ورد في الاجازة) ئیجازەكە تەحدیدی دەكات، حوریەكە دەتوانین دانەنێین و پێویست ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(لاستعمالها لاغراض الاجازة) وای لێ بكە، باشە كەواتە دەیخەمە دەنگدانەوە تەنیا ئەوە حوریەكە لادەچێت دەبێتە (لاغراض الاجازة)، كێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سی‌و سێ: پشکێنەری گشتی لە ژێر سەرپەرشتی کردنی وەزیردا چاودێری کردنی کەسی ڕێپێدراو دەگرێتە ئەستۆ، کەسی ڕێپێدراویش دەبێ هەموو تۆمارەکانی لەلایەتی پێشکەشی بکات بۆ مەبەستی وردبینی کردن، ئەگەر پێویستی کرد.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة والثلاثون: يتولى المفتش العام تحت اشراف الوزير مراقبة الشخص المخول وعلى الأخير أن يقدم له جميع السجلات المتوفرة لديه لغرض التدقيق إذا دعت الحاجة الى ذلك.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی سی و سێ پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە شتێکی تەبیعییە، کەس ئەگەر ئیعتیرازی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، ئیعتیرازتان هەیە باشە، فەرموو کاک کەریم.**

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشکێنەری گشتی پێناسەیەکی نییە، لە پێناسەکاندا نەهاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لە قانونی نەوتدا هەیە یەك کەسە، پێناسەی ناوێتن.**

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەڵێن لە ژێر سەرپەرشتی وەزیردا، ئەگەر بچێتە ژێر سەرپەرشتی مەجلیسەکەوە باشتر نییە؟**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئیختیصاصی وەزیرە، مەجلیس لە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوە ئیشی ڕۆژانەیە، کاك ڕەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وا پێشنیار دەکەم (یتولى المفتش العام او من ینوب عنه تحت اشراف الوزیر.....)، بەس کەلیمەی (او من ینوب عنه).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**موفەتیش ئینابە نییە، یەك موفەتیشە، ناکرێت، چونکە قانونەکە نیەتی، کاك حاتەم فەرموو.**

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك له جەنای وەزیر دەکەم، ئەویش ئەوەیە ئەو تۆمارانەی کە لەلای کەسی ڕێپێدراوە، ئایا دەدرێتە وەزارەت، یان دەدرێتە پشکێنەری گشتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر ئاشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مسوەدەکەیدا تەعریفی موفەتیشی عاممان کرد بوو، بەڵام ئێستا چونکە ئەوە نەماوە، پێشنیارمان ئەوەیە بیکەینە (یتولى المفتش العام في الوزارة مراقبة الشخص)، ئیشراف و ئەوانەی ناوێت (یتولى المفتش العام في الوزارة مراقبة الشخص المخول).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من وەڵام درایەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی قانونی سامانە سروشتیەکان بکەین (المديرية العامة للتفتيش والرقابة الداخلية) لە برگەی شەشەم لە ماددەی سێیەم، دەبێت عینوانەکە نەسقێکی هەبێت لەگەڵ ئەوەی، هەتا تێکەڵاوی نەبێت، موفەتیش عام نییە (المديرية العامة للتفتيش والرقابة الداخلية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە گوتت مودیریە عامە، مودیری عامی نییە، یەعنی موفەتیشی عام، (المديريه العامه للتفتيش) عەینی شت دەکات، خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیارم هەبوو بۆ تەعریفی موفەتیشی عامەکە وەڵام درایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە بەو گۆڕانکاریەی کە کرا (يتولى المفتش العام في الوزارة مراقبة الشخص المخول وعلى الأخير أن يقدم له جميع السجلات المتوفرة لديه لغرض التدقيق إذا دعت الحاجة الى ذلك)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و چوار:

یەکەم:

أ- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێـەوە بەپێی مەرجەکانی تێیدا هاتووە.

ب-بە هەر هۆیەك هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت پێچەوانەی مافەکان و پابەندیەکانی لە مۆڵەتەکەدا هاتووە دوای تەواو بوونی ماوەکەی نابێت.

دووەم: ئەگەر مۆڵەتە دیاری کراوەکە بەپتر لەکەسێکی ڕێپێدارو درا بێت، بارودۆخێك، یان سەر لێ شێوانێك دروست بوو، بۆی هەیە وەزارەت هانبدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە، وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە، یان مۆڵەتی ئەو کەسانەی هەڵەیان کردووە، یان کارێکیان کرد بێ بوو بێتە هۆی دروست بوونی ئەو بارودۆخە هەڵوەشێنێتەوە، بە مەرجی کەسە ڕێپێدراوەکانی دیکەش بەو مەسەلەیە ئاگادار بکرێتەوە.

سێیەم: کاتێ وەزیر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە دەدات بەپێی بڕگەی دووەم ئەم ماددەیە، هەر خۆی بەرژەوەندی ئەو کەسە ڕێپێدراوانەی کە مۆڵەتەکەیان هەڵوەشاوەتەوە دەگرێتە ئەستۆ، کە بۆ هێنانەدی سوودە باڵاکانی گەلی کوردستان بەکار دێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والثلاثون:

أولا:

أ- للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة فيها.

ب- إلغاء الأجازة لاي سبب كان لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها. ثانيا: إذا كانت إجازة معينة ممنوحة لأكثر من شخص مخول ونشأت ظروف أو ملابسات قد تدفع الوزارة الى إلغاء الاجازة، فللوزير الغاء الاجازة أو إلغاء إجازة الأشخاص الذين ارتكبوا اخطاء او اقدموا على تصرف تسبب في نشوء تلك الظروف على ان يتم اعلام الاشخاص المخولين الاخرين بذلك .

ثالثا: عندما يقرر الوزير بالغاء الاجازة طبقا للفقرة /ثانيا من هذه المادة، فانه يتولى مصالح هؤلاء الاشخاص المخولين الذين الغيت اجازتهم والتي يستخدمها لتحقيق المنفعة العليا لشعب الأقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی سی و چواری پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەبێت ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بگۆڕین كە لەگەڵ ماددەكانی تر بگونجێت، ئیلغا، چونكە ماددەكە بەگوێرەی موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی بوو، ئیلغایەكەش دەبێت موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیم بێتن، لە ماددەیەكی تردا، ماددەی بیست و چوار (منح الاجازه تخويل) نووسیمان (للوزير بموافقه المجلس الاقليمى) كەواتە ئیلغایەكەش بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی دەبێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە شروتەكان گوتومانە بە موافەقەت، ئەو شروتە ئەوەی تیایە پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، دەڵێ بە شەرتی مەجلیسی ئیقلیمی، بۆیە پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، كە ئیجازە دەدەیت بە شروتی مەجلیسی ئیقلیمی دەدەیتێ، ئیجازەكە خۆی دەڵێ ئەو شتانە كە لەغو دەبێت، عەینی شتە پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكی جەنابێتە گوتی فەقەرە ئەوەڵەن (للوزير) ببێتە (للمجلس الاقليمى) لە ئەوەڵەن (أ)، (ب- إلغاء الأجازة لاي سبب كان لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها) یەعنی ئینتهای مودەتی ئیجازەیە، ئینجا بە رەئیا من (بعد انتهاء مدتها)، ببێتە (قبل الغائها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەو پرسیارە، وەكو خۆتان باستان كرد، (للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة فيها)، ئەوە راستە، بەلاَم دووەم (إلغاء الأجازة لاي سبب كان لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها)، ئەوەش وەكو یەكەم، یان پێویست بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی دەكات، بۆ ئەوەی مونەسجم بێت، حەز دەكەیت دوایێ وەلاَم بدەوە، كاك رەشاد فەرموو، قەیدی ناكات با وەزیر ولاَم بداتەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەکە لەغو بێت، مانای نییە ئیلتیزاماتەکانی تەواو بووە، ئیجازەکە دەڵێت مەنتیقەکە پاك بکاتەوە، ئەو دەڵێت نامەیەك دایێ لەغوم کرد، مانای نییە ئیلتیزاماتەکانی تەواو بووە، دەبێت بەردەوام بێت و ئەو شتانەش تەواو بکە ئیجازەکە، هەر لەبەر ئەوە دانراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لای سبب) زیادە، پێم وایە، تۆ لە یەکەمدا دەڵێیت (وفق الشروط الواردة فيها)، لە (أ- للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة فيها)، دووەم دەڵێی (إلغاء الأجازة لاي سبب كان) ئەوە زیادە، دەبێت بڵێی (ان إلغاء الأجازة لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها)، چونکە (لای سبب کان) خیلافە لەگەڵ یەکەم، تۆ لە یەکەمدا دەڵێیت (وفق الشروط الواردة فيها)، لە دووەمدا دەڵێی (لای سبب کان)، دەبێت (لای سبب کان) بیکەیتە (ان إلغاء الأجازة لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها)، ئەوە باشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (ب- إلغاء الأجازة لاي سبب كان لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها)، کابرا هەڵبەتە هەڵەیەکی کردووە، یاخود ئیلیتزاماتەکانی خۆی جێ بەجێ نەکردووە، یان شتێك قەوماوە، بۆیە تۆ ئیلغای ئیجازە دەکەیتەوە (اي سبب كان) مەزاجییە، گوتمان با لابرێت، بەڵام تۆ کە ئیلغای ئیجازە دەکەیتەوە، ئیلتیزاماتەکەی کە لەسەریەتی جێ بەجێی بکات، ئەی حقوقەکەی، خۆ دەبێت تۆ موعاقەبەی ئەو شەریکەیە بکەیت، کە ئیخلال بە عەقدەکەی تۆ دەکات، تۆ حقوقەکەی دەدەیتێ، ئیلتیزاماتەکەی تیایەو حقوقەکەشی تیایە، ئەی تۆ چۆن موعاقبەت کرد، بەڵام لە خاڵی دووەمدا دەڵێ (إذا كانت إجازة معينة ممنوحة لأكثر من شخص مخول)، باشە دوایی زوروفێك قەوما لەنێوانیاندا، وەزیر دەتوانێت ئیلغای (الاجازه) دوو خەیاری خستۆتە بەردەمی وەزیر (الغاء الاجازة أوإلغاء إجازة الأشخاص) یان ئەوەتا ئیجازەکە بە کولی لەغو دەکرێت، یان هینی شەخصەکان لێرە بۆ من روون نییە (الذين ارتكبوا اخطاء او اقدموا على تصرف تسبب في نشوء تلك الظروف على ان يتم اعلام الاشخاص المخولين الاخرين بذلك)، یەعنی لای من هیچ وازیح نییە، ئەگەر بەڕێز روونی بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سۆزان خان قسەکانی منی کرد دووبارەی ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لە قسەکانم کرا، تەنها مولاحەزەم هەیە لە بڕگەی دوو کە هاتووە دەڵێ سەر لێ شێوانێك بکرێت بە ئەشکالێك، چونکە سەر لێ شێوان بە رەئی من موستەلەحێکی باش نییەو ناشیرینە هاتووە، بکرێت بە ئەشکالێك ئەگەر باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من لەگەڵ ئەوەی جەنابتدا لە (أ) بکرێتە (للمجلس الاقلیمی)، لە (ب) ئەگەر جەنابی وەزیر سورە لەسەر ئەوەی (لای سبب کان)، ئەو وەختە پێویستە (علی ان یخل) ئیزافە بکرێت، یان ئەوەی وەکو جەنابت تەئکیدت کرد، پێم وایە باشتریشە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم سۆزان خان ئیشارەتی پێدا، بەڵام دەمەوێت تەئکید لەسەر ئەوە بکەمەوە لە ماددەی سی و ئێکدا دەڵێتن (الالتزامات والمسؤولیات جمیعاً متکافلة ومتضامنة سواء بصورة مشترکة او فردیة)، ئەگەر لە هەموویان موتەزامن و موتەکافیلە بێت، لێرە ئیمکان هەبێتن هەندێکیان عقوبە بکرێن، ئیجازەیان لێ وەربگرن ئەگەر ببینن، رەنگە هەر نەفسی ئیسلوب بێتن، حەز دەکەم تەوزیحێك لەسەری بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددە بیست و یەك و بیست و چواری ئەو قانونە  کە باس لە ئیجازەی تەنقیب و ئیجازەی تەخویل دەکات، لە هەر ماددەو بڕگەیەك هەیە باس دەکات، کە ئەگەر خاوەن ئیجازەکە پابەند نەبوو بەو مەرجانەی لە ئیجازەکەیە دەتوانێت ئیلغا بکاتەوە، بۆیە ئەگەر بڕگەی (أ)ی ئەو ماددەیە بەپێی ماددەی (21ت و 24) بگۆڕین وابزانم باشترە، یەعنی (الغاء الاجازة عند مخالفة الشروط الواردة في الاجازة)، نەك (وفقا للشروط)، لە (ب)ش کە باسی ئیلغای ئیجازە دەکات، دەبێت هۆیەك هەبێت وەکو ئەو حاڵەتەی باسمان کرد، پابەندی مەرجەکان نەبووە، بۆیە ئیجازەکە ئیلغا کراوە، لێرە خاوەن ئیجازە حقوقی چی

هەیە، لە سێیەمیش باسی ئەوەی دەکات (یتولى مصالح هؤلاء الاشخاص)، ئایا مەصاڵح هەر حقوق نییە، لەگەڵ ئەوەلەن بڕگەی (ب) یەك ناگرێتەوە، موڕاعاتی مەصاڵحیان، یان حقوقی ئەشخاص، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من (للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة في الاجازة)، ئەمە کافیە، چونکە ئیجازەکە شرووتی خۆی تێدایەو تەفاسیلی تێدایە، هەر ئەو شەرتانەیە پابەندی بە بوونیەوە دەکات و هەر لادانیش لە شەرتەکانە، ئەمانە داخیلی شتی مەزاجی دەبێت، رەنگە تووشی مەحاکم و تووشی سین و جیم بین، ئێمە هەر لادانێك لە شروتی ئیجازە بۆمان هەیە ئیلغای بکەین، واتا پابەندیش بێت و بۆی هەیە بەردەوامیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بۆ چاك کردنەوە، من پێم باشترە کەوا لەجیاتی وشەی ئیلغا، فەسخ بەکار بێتن چونکە ئاسەواری بۆ پاشتر ناڕوات، هی دووەم باشترە بنووسیت (إذا كانت إجازة ممنوحة) بە موتڵەقی، نەك بە (إذا كانت إجازة معينة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر مولاحەزەکان زۆربەی لەسەر (لای سبب کان) بوو، تۆ موافەقەتت کرد شەتب بکرێتن، فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە بڕگەی (أ- للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة فيها)، بەس ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکرێت (مع إشعار المجلس الاقليمي)، خۆی لە زیمنی سەڵاحیاتی جەنابی وەزیر بێت باشە، چونکە ئیشعاری مەجلیسی ئیقلیم بکات بۆ هەر شتێك بگەڕێتەوە، بۆ مەجلیسی ئیقلیم زۆر مەشاکیل دروست دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە، چونکە ئەوە بە موافەقەتی ئەوەیان وەرگرتووە، چونکە کە ئیلغای کرد دەبێت نوسخەیان بداتێ، تەبیعییە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك بەڕێز ئیشارەتیان بەوەیدا گوتیان ئیلغایەكە لە سەلاَحیەتی مەجلیسی ئیقلیم بێت، ئیلغایەكە لە سەلاَحیاتی وەزیر بێت (مع اشعار المجلس الاقليمی).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر وەلاَمی پرسیارەكانی سۆزان بداتەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم فەقەرەی دوو تەوزیحی دەوێت، قەصدی ئەوەیە ئەگەر ئیجازەیەكی هەبێت لەگەڵ مەجموعەیەكدا، مخەوەلێك نییە، دوو نییە، سیانن، یەكێكیان ئیشی خراپ دەكات، وەزیر حەقی هەیە، یان وەزارەت حەقی هەیە ئیجازەكە لاببات، یان هەروەكو مەسالَحی ئەو جیهەتە كە تەقدیمی كردووە بەتەنیا، نەوەكو عیقابی هەمووان بدات بە یەكەوە هەر ئەو جیهەیە كە موخالەفەی كردووە، مەسەلەن تۆ موشەغیلت هەیە فاكتەری هەیە لەگەڵیاندا، لەوانەیە ئەو وەختە قەناعەت بێنی ئەوان هیچی خراپیان نەكردووە، مقاولی باشن، ئیشی باشیان كردووە، بەشدارن لەگەڵ زەلاَمێكی خراپ، یان هەموویان دەردەكەیت بە یەكەوە، چونكە بەشدارن، یان بڕیار دەدەیت ئەمە عەدالەت نییە باشترە، هەموو دەمێنێن، بەلاَم ئەو دەردەكەیت، قەصدی ئەوەیە ئەگەر صیغەكەی جوان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئاشتی كاك دكتۆر فرسەت مولاحەزەیەكی وەجیهی هەیە، لە فەقەرەی دووەم دەڵێ كە ئێمە (لای سبب كان) لامان برد، (إلغاء الأجازة لا يخل بالحقوق والألتزامات الواردة في الأجازة بعد إنتهاء مدتها)، دەبێت ئەوە ئیزافە بكەین (الخاصة بالمرحلة ما بعد انتهاء مدتها)، چونكە ئەوە زەروورییە، بۆ ئەوە باشترە (الخاصة بالمرحلة ما بعد انتهاء مدتها)، بۆ ئەوەی ئیلتیزاماتی پێشی ئەوەی لەوانەدا هاتووە شتێكە، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو دوو تەعدیلاتەی كە ئاماژەمان پێ كرد، یەعنی (لای سبب كان) شەتب بوو لە یەكەم (للوزير إلغاء الأجازة وفقاً للشروط الواردة فيها وإشعار المجلس الاقليمي بذلك) ئەوە ئیزافە كرا، فەقەرەی دووەم (لای سبب كان) شەتب كرا، ئەو جوملەیەی كە ئیزافە كرا لە پاش (في الأجازة الخاصة بمرحلة ما بعد إنتهاء مدتها)، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەكەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و پێنج:

یەکەم: دەبێ کەسی ڕێپێدراو بە بەردەوامی پشتگیری و بەرگری لە حکومەتی هەرێم و وەزیر بکات لە هەموو ئەو داوایانەی لەلایەنەکانی دیکەوە بەرز دەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتیەوە پەیدا دەبێ.

دووەم: کەسی ڕێپێدراو پێویستە ئینشورەنسی پێویستی هەبێ بۆ داپۆشینی ئەگەری بەرپرسیاریەتیەکان بەپێی بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا، بەپێی ئەو بڕە پارانەی کە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکەوە وەزیر جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والثلاثون:

أولا: علىالشخص المخول ان يتضامن ويدعم ويدافع عن حكومة الأقليم والوزير في كل الدعاوي التي تقام من قبل الاطراف الاخرى والتي تنشأ بشكل مباشر او غير مباشر من العمليات النفطية .

ثانيا: على الشخص المخول توفير التأمين (insurance) اللازم لتغطية المسؤولية المحتملة وفق الفقرة / أولا من هذه المادة، وحسب المبالغ التي يؤكد عليها الوزير بين حين لأخر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوەڵەنی ماددەی (35) ڕوون بکاتەوە، تێ نەگەیشتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم تێناگەم لەمە بەڕاستی دەڵێ (على الشخص المخول)، شەخصی موخەوەل مقاولە، دەڵێت ئەو دیفاع بکاتن لە حکومەت و لە وەزیر لەسەر ئەو داوایانە، پێم سەیرە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەڵامت دەدەمە، یەعنی موشکیلەیەك دەبیتەوە، بەڵام با بە سراحەتر بڵێم، مەسەلە ئەوەیە ئەگەر کێشەیەکمان بوو لەگەڵ حکومەتی بەغدا پشتگیریمان بکاتن لە ڕووی سیاسی و هین و ئەوانە، دوو کەس

پرسیاری کرد، بۆیە مەجبور بووم بڵێم، ئەگەرنا دەبوایە خۆمان کڕ بکەین، من وای تێدەگەم لێرە، ئەگەرنا خەڵکی موخەوەل چ دەکاتن لێرە، ئەگەر کێشەیەکمان بوو لە مەسەلەکاندا پشتگیریمان بکاتن، بەڵام نازانم فکرێك بکەنەوە، ئەو ماددەیە پێویست دەکات بنووسین، یان نا، کاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەمە ئەو ماددەیە نەمێنێت، یەعنی هیچ پێویست ناکاتن، تۆ کەسێك دێت مۆڵەتی دەدەیتێ، دواییش دێی ئیجباری دەکەیت دەبێت دیفاع لە حکومەت بکات، ئەو حکومەتە شەرت نییە وەکو ئەمڕۆ حکومەتێکی دیموکراتی بێت، ڕەنگە حکومەتێکی دیکتاتۆر بێت، ئەوە یەك.

دوو/ لێرە دەڵێ بەرگری و پشتگیری لە حکومەتی بکات و لە وەزیر بکاتن، باشە وەزیر، یان وەزارەت بەشێکە لە حکومەت، کە گوتت حکومەت پێویست بە وەزیر ناکات ناوی بهێنرێت.

سێیەم/ من پێم وایە دەبوایە پرۆژە یاسای وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان بۆ وەزارەت دەرنەکەین، بۆ وەزیر دەربکەین، لێرە هەموو شتەکان هەر وەزیر، من مەبەستم دکتۆر ئاشتی نییە، بەڵام دەبوایە پرۆژە یاسایەکەش بۆ وەزیر بوایە، نەك بۆ وەزارەت، یەعنی هەموو شوێنەکانی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوە وەزارەت ماناکەی شاملترو فراوانترە لە شوێنەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریز یان ئینتباهت نەکردووە، یان لە بیرت چووە، ئەوەی کە پێویست بوو وەزیرمان کردە وەزارەت، بەڵام لە زۆر شوێن ئەگەر بیکەیتە وەزیر وەزارەت هەر ئیمکان نییە، مەسەلەن ئەوەی پێشتر، تۆ دەڵێی ئاگاداری وەزیر بکاتەوە، یان وەزارەت بکاتەوە، ئەگەر ئاگاداری وەزارەت بکات، ئەوە ئاسانتریشە، نامەیەك دەنووسی برۆ لە صادیرە لێی وەردەگرن، دەڵێ من ئاگاداری وەزارەتم کردووە، ڕەنگە بە بیست ڕۆژیش نەگاتە وەزیر، ناکرێت لەوێ وەزارەت بێتن، بەڵام لەو شوێنەی کە پێویستە وەزارەت و ئەوە، ئەو ڕەخنەیەت قەبول نییە بەلایەنی ئێمەوە، چونکە هەمووومان گۆڕی، بەڵام ئەوەی تر کە دەڵێ ئیلغا بکرێتن، (ب)یەکە زۆر زەروورییە، تەئمینەکە زەرورییە، ئەوە یەکەمیش قسەی لەسەر دەکەین، کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە تێبینی منیش لەسەر ڤە ماددەی هەروەکی تێبینیەت هەمان برادەرانە، ئەزێ زۆر جێی ماددە ڤێ پرۆژا یاساییە بە دروستی نابینم، ئەگەر هەشبێت تەوزیحاتێ جەنابێ وەزیرێ بمێنێت و ڕەئیا خاص دەبێتن لە ناحیەی فەنیدا ڤێ ئەوێدا، لێرە بێژتن ئەوەلەن (علىالشخص المخول ان يضمن ويدعم ويدافع عن حكومة الأقليم والوزير في كل الدعاوي)، ئەگەر (يدعم) و (يدافع)ش بێت ڕێکەکە هەی، بەڵام ئەڤ شەخصە تەزمین دەکات کو ئەو دەعوایەی هەی دژی حکومەتی ئیقلیمێ لە مەحکەمە دادێت تەزەمین

دەكات لە ساڵحی حكومەتا ئیقلیم بن، ئەز من دبێژم یا دروست نییە، منیش سوئالێكە لە جەنابی وەزیر هەی لە خاڵە دووێ كە دبێژت (وحسب المبالغ التي يؤكد عليها الوزير بين حين لأخر)، ئایا ئەڤە چ مەبالیغە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئاشتی لەسەر فەقەرە یەك، زیاتر قسە هەیە، دوو، سێ برادەر دەڵێن زیادە، ئەگەر موافەقەت بكەیت شەتبی بكەین، یان تەبریریمان بدەیتێ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەعنی بیگۆڕین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفوم دەكەی، با بە سراحەتی قسەی بكەین، جارێ بۆمان شەرح بكە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر حكومەت، یان لەسەر وەزارەت، یان لەسەر وەزیر، ئێمە دەڵێین مقاولەكان دەبێت دەعمی ئێمە بكەن لەو دەعاویان، مەسەلەن مەعلوماتمان دەوێت، هەموو مەعلوماتەكان لەلای ئەوانە، دەبێت دەعمی ئێمە بكەن، بەبێ موستەمسەكات لەوانەیە نەتوانین دیفاع لە خۆمان بكەین، لەبەر ئەوە مولزەمیان دەكەین یارمەتیمان بدەن لەو شتە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە مەنتیق ئەوەیە تۆ سبەینێ ئەو نەصە لەو ماددەیەی هەبێت، شاهێدی ئەو شەریكاتانە قەبول نابێت، چونكە دەڵێن ئەمە لە نەصێكی ماددەدا هەیە، دەعمی حكومەت بكاتن، شاهێدیان قەبول نییە، ئیلزامیان كردوون، غەڵەتە نەصی قانونی هەبێتن لە هیندا، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابت هین بكەیت، پێمان وایە شەتبی بكەین زۆر زەرورییە، ئەوە شتی وا نابێت لە قانوندا هەبێت بەڕاستی، ئەوە لە مەحكەمەیەك شكایەتت لێ كرا، شەریكەكە بێت دیفاعت لێ بكات، ئەو نەصە قانونیەی پیشان بدەن، دەڵێ بابە ئیلزامیان كردووین، مەجبورن كە دیفاع لەوان بكەن شاهێدیان قەبول نییە، یەعنی خۆی عەمەلیەن هەر دێت دیفاعت لێ دەكات، چونكە بەرژەوەندی لەگەڵ تۆیە، ئەوە پێویست ناكاتن، كاك فرسەت رەئیەكی موخالیفی منی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا تێ ناگەم کە ئەو نەصە بۆ ئەوەیە بێت شەهێدی بۆ تەرەفی حکومی بدات، زۆر جار دەعوایەك هەیە لەسەر حکومەت دێتە کرن، حکومەت دەعوایەك لەسەر تەرەفێکی تر، موحتاجی ئەوەیە تەرەفێك ببێتە تەرەفی سێیەم لە دەعوەتدا تەزامونی لەگەڵدا بکاتن لەناو دەعوا، ئەوە نەزەرییەکی قانونییە، برادەرانی محامی هەموویان دەزانن، دوور نییە تەرەفێکی دەعوا موحتاجی تەرەفێکی تر بێت، بێت ئینزیمام بۆ دەعوا بکات، وەك تەرەفێکی سێیەم، ئینجا مودەعی بێت، یان (مدعی علیه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو لێرەدا ئەگەر لە نەصی قانونیدا هەبێت، نابێتە شەخصی سێیەم، دەبێتە موتەزامن لەگەڵ تۆ دەبێتە یەك شەخص، لێرە نەصی قانونی ئیلزامی کردووە، کە نەصی قانونی ئیلزامی کردووە، کە بێت دەفع بکاتن شەهادەکەی قەبول ناکات بە مەنتیق دەڵێت نازانم، کاك نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم (اولاً: على الشخص المخول المشاركة في الدعاوى المقامة على حكومة الأقليم في التي تقوم على الاطراف الاخرى)، لێرە دەبێت بە فراوانی تەماشای ئەو شتە بکەین، لەوانەیە کێشە دروست ببێت لەنێوان حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی تورکیا، لەم حاڵەتەدا ئەو شەریکەی کەوا بەو کارە هەڵدەستێت، پێویستە هاوکاری حکومەتی هەرێم بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە وەکو تەرەفێکی سێیەم، وەکو کاك فرسەت ئاماژەی بۆ کرد، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر کێشە دروست بوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، فیدراڵیدا ببێت بە بەشێك وەکو تەرەفی سێیەم لەو دەعوایە، ئەوە لایەنی حکومەت بەهێزتر دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك لە قانونیەکان دەکەم، بەڕاستی و بە سەراحەتیش وەڵامم بدەنەوە، ئەگەر بێتو ئێمە کێشەکمان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بوو، ئەگەر ئەو نەصەشمان نووسی بێت، ئەو شەخصە موخەوەلە پابەند نەبوو بە نەصی قانونی ئێمە، نەصی قانونی بەغدا داوای کرد شەهادەی بداتن، چ نەوعە حوکمێك دەتوانین بکەین بەرامبەر ئەو هینە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لام وایە ئەوانەی شەخصی سێیەم تەبعەن مەساڵحی موتەعاریزە لەگەڵ حکومەتی هەرێم، شەرت نییە تۆ ئیجباری بکەیت دەبێت ئیلا دیفاع لە تۆ بکات، دیفاعت لێ ناکات، کەواتە داوایەکی غەیری قانونییە لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك فرسەت و دکتۆر نوری دەکەم، کە پێویستە ئەو بڕگەیە بمێنێتن زۆر زەرورییە، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو حکومەت تووشی دەعوایەك بوو ناکرێت، دەبێت ئیلزام بکرێت ئەو شەخصە موخەوەلە، واتا شەخصی موخەوەل ئیلزام بکرێتن، بۆ ئەوەی لە دەعوایەکە پشتیوانی لێ بکاتن، نەبێتە خەصم لەگەڵیدا، دەبێت پشتیوانی لێ بکات، بۆ ئەوەی لە دەعوایەکە سەرکەوتوو بێت، لەوانەیە زۆر شت هەبێت لەلای شەخصی موخەوەل هەبێتن، تا لەگەڵی بەشداری بکاتن لە عەقدەکەشدا دەتوانن ئەو خاڵە لەسەری بسەپێنن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری وای نەگوت، دکتۆر نوری تەعدیلی کرد صیغەیەکی تری گوت، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بمێنێتەوە باشترە، بەڵام پێم وایە دووەم زۆر زەرورییە، یەکەمیش بەم شێوەیەی لێ بکرێت (أولا: على الشخص المخول ان يضمن الدعم  والدفاع عن حكومة الأقليم والوزير في الدعاوي) (کل)ەکەش لابرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لە سەرەتاوە تەئیدی ڕەئیەکەی جەنابت دەکەم، یان بە ئیلغا کردنی، یاخود ئەگەر تەرەف بێت، کە تەرەف بوو وەکو شاهێد حیساب ناکرێت، هیچ شەهادەیەك ئەگەر تەرەف بوو بە مەنفەعەی بۆ مەسڵەحەی خۆی بگەڕێتەوە، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە شەخصی موخەوەل ئەگەر بێتە ئەوەی کەوا دیفاع لە حکومەتی ئیقلیم و شەخصی وەزیر، یاخود وەزارەت بکات، شەخصی موخەوەل وەکیل نییە، هەر کەسێك وەکالەتی نەبێت، وەکیل نەبێت، ناتوانێت دیفاعی لێ بکات، ئەمە لەلایەك.

دوو/ ئەگەر وەزارەت، قەصدی لە وەزارەت بێت، وەزارەت دائیرەی قانونی تایبەتی خۆی هەیە، هەر کێشەیەکی خۆی هەبوو مومەسیلی یاسایەکەی دیفاعی لێ دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو وەکو ئەوەی کاك فرسەت باسی لەسەر کرد، من تا نیوەی لەگەڵ کاك فرسەتدام، ئەگەر بێتو وەکو موشتەرەك داخیلی دەعوایەکە بێت بە هەر سیفەتێکیان بێت مودەعی بێت، یاخود (مدعی علیه) بێت، ئەوسا تەحصیل حاصل

دەبێت بەگوێرەی قانونی موڕافەعاتی مەدەنی بە شەخصی سێی ئیختیصامی داخیلی دەعوایەکە دەبێت، شەخصی سێی ئیختیصامی یان لە ساڵحی دەردەچێت، یان لە دژی دەردەچێت، لەبەر ئەوە ئەو فەقەرەیە هەر نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێویستمان بە یارمەتی دانە، بڵێین (یضمن التعاون مع الحكومة الاقليم) ئەوە باشترە (دعم ودفاع) لابدەین بکەین بە (التعاون)، ئێمە قەصدمان ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێیت شی بکەیتەوە دەڵێت (في كل الدعاوي التي تقام من قبل الاطراف الاخرى)، ئێمە پێش ئەوە باسی ئەوەمان کرد، گوتمان ئەگەر یەکێك زەرەری لێ کەوت و نەگەیشتنە ئەنجام و رازی نەبوو حەقی ئەوەی هەیە لە مەحاکم دەعوای لەسەر قەید بکات لەسەر شەخصی موخەوەل، کەواتە ئەو بەندە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەڵێ شەخصی موخەوەل (على الشخص المخول ان يضمن ويدعم  ويدافع عن حكومة الأقليم والوزير في كل الدعاوي التي تقام من قبل الاطراف الاخرى)، یەعنی زۆر زۆر فراوانە، ئەتراقی ئوخرا موشتەکی هاوولاتی دەگرێتەوە، کە زەرەرمەند بووە، ئەتراقی ئوخرا ئەو حکومەتانە دەگرێتە کە زەرەرمەند دەبێت.

دووەم/ چونکە عەمەلیەی نەفتی (من جراء العملية النفطية) عەمەلیاتی نەفتی خۆی بۆ خۆی زۆر زۆر گەورەیە لە ئیستیکشافە، لە بینایە دەڵێت (العمليات النفطية: تشمل التنقيب، الأستكشاف لغرض التطوير، الأنتاج، التسويق، التخزين، النقل، التصفية، بيع أو تصدير النفط أو بناء، نصب أو تشييد أية هياكل منشآت أو مكائن للأغراض المذكورة وإنهاء الإجازة أو إزالة أية من هذا الهياكل أو المنشآت أو المباني)، ئاخر عەمەلیاتی نەفتی خۆی فراوانە ئەمیش هاتووە فراوانیەکەی داوەتە ماددەکە، لەبەر ئەوەی من دەڵێم لابرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من مانەوەی ئەم خاڵە زۆر زۆر موهیمە، چونکە شەخصی موخەوەل تەئمین دەکات، ئەگەر شەخصی موخەوەل ئیلزام نەکرا بێت بەوەی کە موساعەدەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات و دیفاعی

لیّ بكات، ئینشورانسی شەخصی موخەوەل تەئمینی نەتائیجی مەحكەمەكە ناكات، بۆیە زەرورییە ئەو خاڵە بمێنێت.

بەنیسبەت خاڵی دووەم/ من مولاحەزەیەكم هەیە، چونكە زۆر زەرورییە یەعنی بەنیسبەت وەزیرەوە مەبالیغی ئینشورانسی، یەعنی تەئمینە دیاری بكرێت، ناوە ناوەش وەكو لێرە باسی كردووە سەیری بكاتەوە، چونكە زۆر جاری وا هەیە شەریكەیەك عەمەلەیەك تەئمین دەكات، بەلاّم پاش ماوەیەك پاشگەز دەبێتەوە، یان رەفزی دەكات، یان دەبینێت زروفەكە تێك چووە، لەبەر ئەوە وەزیر دائیمەن دەبێت موتابەعەی ئەوە بكات، كە تەئمینەكە ماوەو بەو مەبلەغەی كە دیاریش كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئاخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، یەعنی ئەوەلەن بگۆڕدرێت، یان هەر لابدرێت، یان لە شروتی ئیتیفاق دابنرێت باشترە، لەویّ جێی بۆ بكرێتەوە، نەك لێرە لە قانون دابنرێت، بەڕاستی ئەوە دوور بوونەوەی شەریكاتە لە ئێمە، بۆیە لەگەڵ خاڵی یەكەمدا نیمە.

خاڵی دووەم/ نازانم ئەمە بۆنێكی خراپی لیّ دێت، یەعنی وازیح نییە، تەئمین بكرێت، ئەوەش بەشێوەیەكی دی دابڕێژرێت، یەعنی نازانم چۆن پارەو تەئمین و ئەو شتانە، تەئمین ئەگەر لە ئیتیفاقدا مەسەلەی پارەو تەئمین و ئەو شتانەی گویّ لیّ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش دەبینم زۆر گرنگە لێرە بمێنێت، مادام تۆ لە قانونەكەی خۆت دادەنێیت، ئەو شەریكەی كە لەگەڵت دێت قبولی دەكاتن لە عەقدەكەی دادەنرێت، كە ئیتیفاق بكات و پشتیوانیت لیّ بكات، یەعنی ئەمە پشتیوانیەكە بۆ حكومەتی هەرێم، بۆ وەزارەتی نەوتی، بۆ وەزارەتەكە بۆچی بەلاش لایببەین با هەبێت، ئەوەی ئینشورانیسیش زۆر زەرورە هەبێتن، یەعنی ئەگەر بێیت ئینشورانسی شەریكەیەك خەسارەتێكی زۆر گەورە دەكات دەڵیّ ناتوانم چاكی بكەم، ئەوە موشكیلەیە، ئەگەر ئینشورانسی هەبێت بۆی دروست دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو رەئی هەیە، ئەوەی دووەم هەموو موتەفیقین كە بمێنێتن، چونكە شەریكە بیّ تەئمین نابێتن، ئەوەی یەكەم/ دوو رەئی هەیە، رەئیەك دەڵیّ وجهەی نەزەری لایببەن، لەبەر ئەو ئەسبابانەی باسیان كرد،

سۆزان خان شتێکی وت، ئەوەلەن ئەتراف ئوخرا کێنە؟ ئەشخاصیش دەگرێتەوە، حکومەتی بەغداش دەگرێتەوە، تورکیاش دەگرێتەوە، جیرانیش دەگرێتەوە، سەبەبەکەی تریش ئەوەیە کە گومان دەخرێتە سەر ئەو بڕگەیە، ئەوەی من باسم کرد، کە تۆ ئیلزامت کردووە قانونەن، نابێتن لەگەڵ تۆ، موبەریراتیش جەنابی وەزیر شەرحی کرد، هەندێك برادەریش دەڵێن بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دیفاعمان لێ بکەن، بۆیە من دەڵێم ئەو پێشنیارەی کە دەڵێ فەقەرەی (أ) نەمێنێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە ماددەی (35) لە ئەوەلەن موفتەرەحێك هەیە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان کە ئەو فەقەرەیە لابچێتن، کاك عەونی نوقتەی نیزامت چیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو بڕگە مەربوتی یەکە، ناتوانین یەکێکیان ئیلغا بکەین، یەکێکیان بهێڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر مەربوت نییە، زۆر جیاوازە کاك عەونی عەفو، بڕگەی دووەم عیلاقەی بە تەئمینی شەریکاتەوە هەیە لێرە ئیش بکات، بەس (وفق الفقرە أ) دەبێت شەتب بکرێت، ئەوەندەیە، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵەکەی کاك عەونی، کە برادەران دەڵێن ئەمە سەبارەت بە حکومەتە، نەخێر بە حکومەت نییە، چونکە تەئمینەکەی کە ئەو دایدەنێت، دەبێت بەشی ئەو پارەی ئەو دەعوایە بکات، باشە ئەمە چ عیلاقەیەکی هەیە بەسەر عێراق و ئەوانەوە، دەڵێت (على الشخص المخول توفير التأمين اللازم لتغطية المسؤولية المحتملة)، ئەوەی کە لە بەشی یەکەم دایە دەعواکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن/ تەئمین زەرورییە، ئەوە یەك.

دووەمین/ بە عەکسەوە، یەعنی ئەو فەقەرەیە خراپترین وشەیە لێرە هاتووە (وفق الفقرە اولاً)، تۆ گەرەنتیت لێ دەوێت بە پارەیەك، بۆ ئەوەی تەعاونت لەگەڵدا بکات، ئەوەش هەر خراپە، ئەوە خراپترە لە فەقەرەی یەکەمیش، تۆ دەڵێیت پارە دادەنێیت، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت، دەبێت ئەو فەقەرەش لابچێت، داوا دەکات پارە دابنێت تەزمینی ئەوەی تەعاون لەگەڵ تۆ بکات، تا دیفاع لە تۆ بکات، ئەوە هەر خراپە قانونیەن، چۆن موافەقەت لەسەر بکەیت، ئەگەر مەقصەدتان ئەوەیە، من پێشنیار دەکەم ماددەکە هەمووی ئیلغا بێت، ئەگەر مەقصدتان ئەو گرەنتییەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە بۆ ساڵحی حکومەتە پێویستە، چونکە مقاول لەوانەیە شتێك بکات، خەڵکێك دەعوا لەسەر حکومەت دانێ، ئەو فەقەرەی یەکەم دەڵێت مەفروزە ئەو مەسئوول بێت لەسەر ئەوە، ئەوە دیفاع لەسەر حکومەت بکات، ئەگەر شتی وا بوو، چونکە ئەو عەمەلیاتی نەوتەکە، بەڵام فەلاح هەیە شکایەت لە حکومەت دەکات، ئەوە یەکەم.

دووەم/ دەڵێ دەبێت ئینشورانس دانێی، یەعنی تەئمین بۆ ئەو ئیحتیمالانە، بەڕاستی ئەمە یەعنی فەقەرەیەکی ئیعتیادیە لە هەموو عقودی نەوتدا، لە هەموو قانونی نەوتدا هەیە، با تەعقیدی نەکەین، من حەز دەکەم بمێنێت بەڕاستی، بەڕاستی پێویستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هینە دەخەنە دەنگدانەوە دوو شتە، وازیح نییە، لابردنی، یان لا نەبردنی، موقتەرەحێکی تر دەبوو، ئەگەر ئەوە شەرح بکەن، ئەوە بخەنە هینەوە، ئەوەی کاك دکتۆر نوری بەڕاستی پشتیوانی لێ دەکەم مانەوەی ئەو بەندەش زۆر هینە، وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد، بەڵام پشتیوانی ئەو رەئیەی کاك دکتۆر نوری باسی کرد، کە ئەویش تەرەف بێت، شەخصی موخەوەل تەرەف بێت لەگەڵ حکومەتدا، چونکە لە مەسڵەحەتی حکومەتدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەدوای صیغەیەك دەگەڕێین مەجبور نەبین شتی حاد وەرگرین، چ بە ئیلغا، چ بە مانەوەی، هەم کاك نوری ئاماژەی بە صیغەیەك کرد، هەم دکتۆر دەشتی ئاماژەی بەوە کرد کە صیغەکەی بگۆڕن، ئەگەر فەقەرە یەکەمەکە تەخفیف بکرێت بەشێوەیەك ئەو تەفسیلانەی من هەمە نەکرێتن هەر بە تەنها بنووسرێت (على الشخص المخول التعاون مع حكومة الاقليم في الدعاوي التي تقام من قبل الاطراف الاخرى فقط)، دەڵێن (التضامن) کامەی باشترە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با بمێنێت لە نیهایەی فەقەرەکەوە بڵێین دوای عەمەلیاتی نەفتی هەتا واسیع نەبێت، چونکە لەوانەیە ئەوە راست بێت (المتعلقة بشخص المخول)، ئێمە باسی عەمەلیاتی نەفتی دەکەین، کە عیلاقەی بە شەخصی موخەوەلەوە هەیە، نەك هەموو شتێك لە وڵاتەکەوە، لە نیهایەی فەقەرەکەوە وەکو خۆی بمێنێت بڵێین (العمليات النفطية المتعلقة بشخص المخول)، نەخێر ئەوە مەسئوول نییە عەمەلیاتی شەخصێکی تر، وابزانم ئاشکرایە، چونکە گوتیان واسیعەو با بمێنێت وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ئاریێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا بەبێ پەیڕەوی ناوخۆ بۆ سەرۆکایەتی هەیە ئیشارەت بدەن بۆ جیهەتێك بڵێن ئەوە بکەن، یان ئەوە نەکەن، من ئەو پرسیارە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەئیەکی خۆیەتی، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڵێی تەعاون مانای ناکات تەزامون تەبعەن، ئەگەر گوتیشت تەزامون مانای وایە تەرەفە لە دەعوا، یەعنی وای لێ دێت بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەمە ئەوەلەن بمێنێت و زەرورەو لە مەسڵەحەتی ئێمەیە، وەکو جەنابی وەزیر شەرحی کرد، ئەوە باسی ئەو دەعوایانەیە کە لە بەینی مومارەساتی نەفتی موشکیلە دروست بووە، شەخصی موخەوەلیش تەرەفێکە خاوەن مەسڵەحەتێکە، ئەوان بۆ مەسڵەحەتی ئێمەیە بیکەینە تەرەف، بەڵام لێرە کەلیمەی (یضمن) لازمە بگۆڕین، یان بکەینە (ینضم) ئینزیمام بێت بۆ دەعواکە، ئان (یتضامن)، هەر (یضمن)ەو مانای نادات لەو دووانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت تەوزیحی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەو موناقەشاتانە هەمووی سەبەبەکە ئەوەیە، چونکە مەوزوعەکە وازیح نییە، ئیحتیمال هەیە منیش باش تێنەگەیشتبم، بەس من بەو تێگەیشتنە عەرزی دەکەم، دوور نییە من غەڵەتیش بم خیلالی ئەو عەمەلیاتی نەفتی دوور نییە زەرەر لە خەڵکێك بدەین، چ شەریکەیەك مونافیس بێت، چ هاووڵاتیەك بێت، چ خەڵکێکی تر بێت، ئەو تەرەفە ئیحتیمال هەیە یان لەبەر ئاسانکردنی دەعوەی خۆی، بێت دەعوەت لە حکومەت بکات، قەصدم حکومەتیش وەزیرە ئیزافەتەن لەسەر وەزیفە، لەناحیەی قانونی مەفروز بوو دەعوا لەسەر هەردووکیان بکات، ئان مەجال هەبوو لەسەر هەردووکیان بکات، بەس ئیختیاری تەرەفێکە، ئەویش تەرەفی حکومییە، لێرە ئەو نەصە بۆ ئەوەیە، بۆ تەرەفی موخەوەل بێت هاریکاری

حكومەت بكات، يەعنى ئينزيمام بۆ دەعواكە بكاتن، چونكە ئەو زەرەرە، ئان ئەو ئيشە سەبەبى ئيش وكارى ئەو تەرەفەيە، تەرەفى موخەوەلە، من بەو شكلە تێدەگەم، لەبەر ئەوە من دەڵێم با بمێنێت وەكو خۆی، من نازانم ئیشەکە وەزیر، چونکە بەخۆی پرۆژەی قانونیان داناوە، ئان تەرجومەیان کردووە، مەفروزە بەخۆی روونی بكات، ئەگەر وابت، یان مەفهومێکی تری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کە هەندێك گوتیان فەقەرەی (أ) لابچێت، کێ لەگەڵ لابردنی ئەو فەقەرەیە دەستی بەرز بکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ مانەوەیەتی دەستی بەرز بکاتەوە زۆر سوپاس، ئەو فەقەرەیە مایەوە، فەقەرەی دووش ناگۆڕێتن، فەموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆ گوتت صیاغەکەی، یەعنی صیاغەکەت نەخوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، صیاغەکەی ئەوە بوو تەنیا لیژنەی یاسایی باسی کردو جەنابی وەزیرش مانعی نەبوو لە جیاتی (یضمن ویدعم) بووە (یتضامن) لە جیاتی (یضمن ویدعم ویدافع) (یتضامن مع حکومة الاقلیم) وەزیریشی ناوێت، چونکە وەزیر بەشێکە لە حکومەتی ئیقلیم، یەعنی ئەوەمان باس کرد، بەڵێ.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پرسیارێکمان لە جەنابێ وەزیر هەبوو لەسەر ئەوێ کوت بێژی (وحسب المبالغ التي يؤكد عليها الوزير بين حين لأخر) ئەڤە تەوزیحێك دابا باس چیە لێرە، ئەڤە پچێك تەوزیحێ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موافەقەت بکەین (وحسب المبالغ التي تقررها الوزارة) یشکالمان لە کۆڵ دەبێتەوە (بين حين لأخر) زیادە، (وحسب المبالغ التي تقررها الوزارة).

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئەوە تەقدیراتە، فەقەرەی دووەم دەڵێ تەقدیراتەکەی بۆ ئەو ئیحتیمالانەی بۆ دەعاوی بێت لەسەر حکومەت، بەڵام جەوهەری مەبدەئی ئەو فەقەرەی یەکەم ئەوەیە، مانای ئەوەیە تۆ زەمان دەدەیت، هەموو مەسئوولیەتەکە لەسەر تۆیە کە مقاولی، چونکە تۆ سەبەبی ئەوەی کە ئەو ئیشە خراپانەی دەبێت دەعاوی

سەر حکومەت (متضمن) نییە، یەعنی ئەو زەمان بە تۆ دەدات (نیابة عن الحکومة) تەعویز تۆ دەکات، کەلیمەیە ناتوانین بگۆڕین، چونکە ماناکەی دەگۆڕێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە (من وقت لاخر) بۆ چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حیسابی دەکات لەسەر تۆ بەشێوەیەك کولفەیە، جا ئێمە دەتوانین بیر بکەینەوە چەند ئیحتیمالاتی دەعاوی هەبێت، هەموو جار ئیشعاری دەکەین دەڵێین ئەمساڵ ئەوەندە دانێ، ئەمساڵ ئەوەندە دانێ کەمی کەرەوە، یان بەرزی کەرەوە، نابێت سابت بێت، چونکە ئەم تەقدیرە دەجوڵێن، مەسەلەن ئیستیکشاف دەکات دەڵێین عەمەلیاتی تری هەیە، کە دێتە سەر تەتویر عەمەلیاتی تری دەوێت (اشعار اخر) یەعنی (فی حین اخر) یەعنی دەگۆڕێت، تەقدیراتەکە سابت نییە، ئەمە بۆ ئێمە باشە وای دانێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام تەقدیری پارەشە، دەبێت وەزارەت بێت (تقررها الوزارە) ئەو فەقەرەیەی دووەم دەبێتە (وحسب المبالغ التي تقررها الوزارة بين حين لأخر)، یەعنی پێویستی بە تەقیم هەیە، مەسەلەن ئێستا بڵێین پارەکە سەد ملیۆنی داناوە، شەش مانگی تر ئیمکانی زیاد بکاتن زیاد بێت مەقصەدی ئەوەیە، یان کەمی بکاتەوە، بەگوێرەی ئەو تەفسیرەی کردووە، کەواتە ئەو ماددەیە بەو تەغیراتەی کە کرا، یەعنی دووەمیش دەبێتە وەزارەت لە جیاتی وەزیر (تقررها الوزارة بين حين لأخر)، ئەم ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دانیشتنەکەمان دوا دەخەین و پشوویەك دەدەین, بۆ سەعات سێ و نیو.

**پاش پشوو**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، گەیشتبووینە ماددەی (36) داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، ئەگەر ماددەکە بخوێنیتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و شەش:

یەکەم: کەسی رێپێدراو هەموو ئەو شتانەی لە پرۆسەکانی نەوت لە ناوچەی گرێبەستەکە لابەات و پاکیان بکاتەوە، لەو حاڵەتانەی خوارەوە.

أ- بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە.

ب- کاتێ پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی نەوت نامێنێ.

دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بە هیچ بەرپرسیاریەتێکی سزایی، پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە لە پرۆسەکانی نەوت بەبێ مۆڵەت بەشداری دەکات:

أ- هەرێم قەرەبوو بکاتەوەو بەنرخێکی یەکسان بە نرخی بازاڕی نەوت لەو برە دەرهێنراوە، یان بەرهەمهێنراوە، یان هەناردراوە، لەگەڵ بژاردنی سوودەکانی دواکەوتن، بەمەرجێك نابێ لەرێژەی یاسایی ئەو سوودانە رەت بێ کە وەزیر بڕیاری لەسەر دەدات.

ب- دەبێ غەرامەکانی هەموو دامەزراو ومەکینەو ئامێرەکانی لە پرۆسەکانی نەوت بەکار هاتوون، یان غەرامەی لابردنیان بدات، یان تێچووی لابردنیان بدات.

ت- پاککردنەوەی ئەو پیسیەی لەئەنجامی پرۆسەکانی نەوت پەیدا بوون، یان بژاردنی خەرجی ئەو پاککردنەوەیە بۆ هەرێم.

سێیەم: بەرپرسیاریەتیەکانی لە برگەی دووەم لەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لە پرۆسەکانی نەوت بەشێوەیەکی تاك، یان کۆمەڵ دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والثلاثون:

أولا: على الشخص المخول إزالة كل ما استعمل في العمليات النفطية من منطقة العقد وتطهيرها في الحالات التالية:

أ- قبل أنتهاء مدة الاجازة.

ب- عندما تنتفي الحاجة للقيام بالعمليات النفطية.

ثانيا: مع عدم الاخلال بأية مسؤولية جنائية، على الشخص الذي يشترك في العمليات النفطية دون إجازة:

أ- أن يعوض الأقليم وبسعر يساوي سعر السوق للنفط عن الكمية المستخرجة والمنتجة اوالمصدرة مع دفع الفوائد التأخيرية على ان لا تزيد عن النسبة القانونية للفوائد والتي يقررها الوزير .

ب- ان يدفع الغرامات لجميع المنشآت والمكائن والمعدات المستخدمة في العمليات النفطية او لازالتها او دفع كلف تلك الازالة.

ت- تطهير التلوث الناجم عن العمليات النفطية او دفع كلف التطهير للأقليم.

ثالثا: المسؤوليات الواردة في الفقرة/ ثانيا من هذه المادة تشمل الاشخاص الذين يشاركون في العمليات النفطية بصورة فردية أو جماعية.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پێم خۆشە بۆ خوشك و برایانی پەرلەمان روون بکەمەوە، دوو، سێ جار کە باسی ئەوەی دەکەین دەڵێین لیژنەی یاسایی تێبینی نییە، بەشتێکی سەیر وەریدەگرن، ئێمە کاتی خۆی لە لیژنەی یاسایی کە

لەگەڵ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئەو پرۆژەیەمان موناقەشە کرد، بە رەئی خۆمان وا بوو ئەو یاسایە فەنییە، پتر لەوەی کەوا قانونی بێت، لەبەر ئەوەی بڕیارماندا ئەوەی بەجێ بێلین بۆ خوشك و برایان، ئێمەش لەگەڵیان، لەبەر ئەوەی موناقەشەی دەوێت لەناو پەرلەماندا سەیری بکەینەوە لە ژووری موناقەشە، نەك لەبەر ئەوەی کەوا هیچ ئەوەکمان نییە، بەلأم ئێمە کە دیراسەتەکەمان کرد، پێمان وا بوو ئەوە شتێکی فەنییە، کە فەنیش بێت، پێویستە بە هەموو لایەك هەر یەکە مولاحەزەی خۆی لەسەر دەربکات، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە زۆر جار موناقەشە لەسەر صیاغەی ماددەکە دەکرێت، یان بە کوردی، یان بە عەرەبی، ئێمە لە راپۆرتەکانی خۆمان دائیمەن داوا دەکەین لە بەڕێزتان کە تەخویلمان بکەن، کاتێك کە یاسایەکە بە هەموو لایەك موافەقەتی لەسەر کراو بووە یاسا، ئێمە ئەو جارە ئیعادەی تەبریریشی بکەینەوەو صیاغەی قانونیشی بکەین، ئینجا بینێرین بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، لیژنەی قانونی هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە بڕگەیەك زیاد بکرێت، کە ئیشارەت بەوە بدرێت هەرچی ئەو مەنشەئاتانە کە لەبواری کارو تەصدیرو ئەمانە کە جێ دەمێنێت، دوای تەواو بوونی فەترەی قانونی عەقدەکەو ئیجازەی تەخویلەکە، بۆ ئەوەی ببن بە موڵکی وەزارەت بە موقابیل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکا بەسیت من هەی لەسەر خاڵە ئێکێ (أ وب) پێش و پاش بێنەکرن، یەعنی (ب) بچێتە جێی (أ)، (أ)یش بێتە جێی (ب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك بارزان دەکەم، ئیزافەکەش بەو نەوعە بێتن بڕگەیەك بە (ج) ئیزافە بکرێت (عند انتهاء المدة القانونية للعقد او اجازة التخويل تؤول ملكية المنشأت المقامة في الحقل المعني ووحدتها الانتاجية او الخدمية او التصديرية الى الوزارة بدون بدل).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد صیغەكەی بدە لیژنەی قانونی، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له دووەم/ ئەگەر ئەزیەت نەبێت وەزیر بۆمان روون بكاتەوە، چونكە من تێینەگەیشتووم، دەڵێ (مع عدم الاخلال بأية مسؤولية جنائية، على الشخص الذي يشترك في العمليات النفطية دون إجازة:

أن يعوض الأقليم وبسعر يساوي سعر السوق للنفط عن الكمية المستخرجة والمنتجة والمصدرة مع دفع الفوائد التأخيرية على ان لا تزيد عن النسبة القانونية للفوائد والتي يقررها الوزير)، ئەوە تێناگەم بۆچی ئەمە لێرەدایە، ئەمە عیلاقەی چیە بەسەر ئەو مەوزوعەوە.

له برگەی (ت)ش كە دەڵێ (تطهير التلوث الناجم عن العمليات النفطية او دفع كلف التطهير للأقليم)، ئێمە باسمان كردووەو گوتومانە هەموو ئیجازەیەكی تەخویل موحافەزەی بیئەی دەبێت شەرتە لەگەڵیایەتی، ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەو دووانە روون بكەیتەوە بۆمان تێ نەگەیشتووم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرمووو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە كاك رەشاد و كاك بارزان دەكەم لە پێشنیارەكەیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەكانی كاك رەشاد و كاك بارزان و دكتۆرە هالە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەكەی منیان كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من هەمە لە دووەم (أ) دەڵێت (على ان لا تزيد عن النسبة القانونية للفوائد والتي يقررها الوزير) نیسبەی قانونی فەوائید من نازانم وەزیر ئیقراری دەکاتن، یان قانون ئیقراری دەکاتن، خۆ دەبێت بڵێین (النسبة القانونية المقررة للفوائد)، چونکە دەڵێ (النسبة القانونية التي يقررها الوزير)، یەعنی قانونێك هەیە نیسبەکە ئیقرار کریە خۆی ئەسڵەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەتیش نوقتەیەکی هەبوو، لە برگەی یەکەم (أ- عند أنتهاء مدة الاجازة او عند إلغائها)، چونکە پێشتر باسی ئیلغاشمان کرد، کاك دکتۆر ئاشتی (او عند إلغائها) ئیزافە بکرێتن لە (أ)، رەئیەکیش بدە لەسەر ئەو مولاحەزاتانەی کە دران.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم تەعویزە بۆ ئەوەیە ئەگەر تۆ ئیجازەتدا بە مقاول بۆ ئیجازە، لە رێگای ئەو ئیجازە نەوت دەردەهێنێت دەبێت ئەوە تۆ بزانی، ئێمە دەڵێین دەبێت ئەو هەموو پارە لەگەڵ کولفە، لەگەڵ فەوائید، چونکە ئیجازەی نەبووە، ئیجازەی تەنقیبی نەبووە، بەلام بەعەینی خۆیەوەش نەختێك تەدەخولی کردووەو ئیستیخراجی نەوتی دۆزیتەوەو دەبێت عیلاجی بکەین، ئەوە عیلاجی دەکات دەڵێ بە تەعویزی دەکات بە هەموو موقابیلی فەوائید ئەوە بداتە حکومەت، لە ناحیەی فەقەرەی دووەم، بەنیسبەت ئەو فەقەرەی ئیزافەی کە پێشنیار کرا، بەڕاستی ئەوە شتێکی جوانە، بەلام زۆر زۆر زەحمەتە بە قانون تەحدیدی بکەین، چونکە کە مقاول دێت لەوێ ئیش دەکات زۆر شتی هەیە تەوەقوع دەکات بیباتەوە لەگەڵ خۆی ئیمتیلاکاتی سابیتە قسمێکی دەمێنێت، بەلام قسمێکی مەسەلەن ئەبراج و ئەوانە لەوانەیە حەقی هەیە بیبات، ئەگەر بمێنێتەوە قانون بڵێ سابت بێت و بمێنێتەوە، ئەو حیسابی دەکات لەسەر کولفەی تۆ، جا لەوانەیە نەمانەوێت، باشتر ئەوەیە کە لە عەقدەکەدا بێت، ئەوە ئێمە لە عەقدەکە یەك هینمان هەیە، یەعنی چەند پەرەیەك دانراوە باسی ئەم شتانە بە دوورو درێژ دەکات، ئەگەر بە قانون داینێین دەبێت یەعنی مەتاتی بێت، ئینجا ئەگەر مەتاتی بێت پێویست ناکات ئەم قانونە دەربێنین بەڕاستی، ناتوانین بڵێین (كل الممتلكات الثابتة) مەسەلەن، ئەگەر وا بڵێی شمولی شت دەکات ناتەوێت بەڕاستی، هی خۆیەتی، لەوانەیە هی مقاولەکەی تر بێت هێناویەتی بە ئیجار، جا لەبەر ئەوە هەرچەندە فیکرەیەکی باشە، شوێنەکەی لە عەقدەکە دایە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لە سەد پشتیوانی وتەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، چونکە ئیحتیمالە شەریکەیەك بێت زۆر شت بە ئیجار بگرێت و بیهێنێتە ئێرە، ئەگەر بێت بڵێین مەبەوە، ئەوە ئەو شەریکەیە نایکات، ئەوەی بە ئیجار دەیهێنێت لازمە بیباتەوە، یەعنی هی خۆی نییە موڵکی نییە، ئینجا بۆیە زۆرمان لەسەر دەوەستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیلغای ئیجازە بکرێتن، هەمان شت نایگرێتەوە، ئەو شەخصەی موخەوەل کە ئیلغای ئیجازەکەی بکرێت، وەکو ئەوە نییە ئینتیهای ئیجازەکەی بێت، یەعنی نووسراوە (قبل انتهاء مدة الاجازة او الغائها)، (او عند الغائها).

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە ماددەی پێشەوە، بەلأم لەلای پێشەوەی مەبدەئی کە ئیجازەکە تەواو دەبێت جیاوازە، یەعنی تەمدیدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ دەڵێی (أولا: على الشخص المخول إزالة كل ما استعمل في العمليات النفطية من منطقة العقد وتطهيرها في الحالات التالية:

أ- قبل أنتهاء مدة الاجازة.

ب- عندما تنتفي الحاجة للقيام بالعمليات النفطية)، ئەی نابێت سێیەم (عند الغاء الاجازة)، یەعنی ئەو شتانەی ناوێتن، ئەگەر ئیلغای ئیجازەت کرد لە ماددەی پێشوو دەنگمان بۆدا، لە قەصدی من تێ نەگەیشتی، ئەو ماددەیە ئەوەلەن تەماشای بکە نووسراوە (أولا: على الشخص المخول إزالة كل ما استعمل في العمليات النفطية من منطقة العقد وتطهيرها في الحالات التالية:

أ- قبل أنتهاء مدة الاجازة.

ب- عندما تنتفي الحاجة للقيام بالعمليات النفطية)، ئەی ئەو حاڵەتەی ئیلغای ئیجازەکەت کرد، ئەویش حاڵەتێکە، ئەوە یەك و دووت نووسیووە، یەعنی (ج)یشی تێدا بێت (عند الغاء الاجازة) یان فەقەرە یەك (قبل أنتهاء مدة الاجازة او عند الغائها)، یەعنی تۆ کە ئیجازەت ئیلغا کرد، مومکینە عەینی ئەو شەخصی موخەوەلە، یان ئەو شەریکەیە مەکائینی هەیە، وەکو ئەو فەقەرەیە، یەعنی لە نەتیجەی عەمەلیاتی نەفتی کردوویەتی، ئەگەر لە نیوەی ڕێگا تۆ ئیلغای ئیجازەکە بکەیت (او عند الغائها) هەر لە فەقەرەی یەکەم (أ) نووسراوە (قبل أنتهاء مدة الاجازة)، (عند الانتهاء) یان (قبل الانتهاء)، نەخێر (قبل) ڕاستترە، باش بخوێنەوە، ئەوەی ئیزافە بکەن (قبل أنتهاء مدة الاجازة او عند الغائها)، (قبل) لەبەر ئەوەی زیمنی فەترەی ئیجازەکەیە ئیلغایەکەش، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو فەقەرەیە کە هاتووە، خۆی ئیشەکە تەواو بووە، ئەوە دەلالەتی ئەوەیە (قبل أنتهاء مدة الاجازة)، مانای ئیشەکە پێش ئەوەی ئیجازەی کۆتایی بێت، ئیشەکە تەواو بووە، بۆیە دەڵێ ئینتیفای حاجەی هات بۆ ئەو ئیشەی لەو مەوقیعەی، یەعنی پێش ئەوەی مودەی ئیجازە تەواو بێت، ئیشەکە تەواو بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە (عند انتهاء الاجازة او الغائها) باشە، ئەوی تریش شەرحی کردو شتێکی وای تێدا نەبوو، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە کرا، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی سی و حەوت تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**گرێبەستی بەشداری کردنی بەرهەمهێنان**

**مەرجەکانی گرێبەست**

**ماددەی سی و حەوت:**

**یەکەم: مەرجی گرێبەستی بەشداری کردنی بەرهەمهێنان ئەمانەن:**

**أ- ماوەی دۆزینەوەی (5) پێنج ساڵە بۆ دوو ماوە دابەش دەبێت، یەکەم/ (3)سێ ساڵە و، دووەم/ (2)دووساڵە، دەکرێ بۆ (7) حەوت ساڵ درێژ بکرێتەوە بەڕادەی کۆتایی.**

**ب- تەنازولکردن لە (25٪) بیست و پێنج لە سەدا لە ناوچەی گرێبەستی ئەسڵی، دوای ماوەی دۆزینەوەی (25٪) بیست و پێنج لەسەدای دی لە ناوچەکانی دیکە، دوای هەر ماوەی درێژکردنەوە، ئەگەر ڕێژەی سەدی لەو تەنازول کردنە بەشێك بێت لە هەر ناوچەیەکی دۆزراوە، ئەم ڕێژانە کەم دەکرێتەوە تاوەکو ئەو ناوچەیە نەگرێتەوە، دەکرێ لە کۆتایی هەر ساڵێکدا لە ماوەی سەربەخۆ گرێبەستەکە تەنازول بکرێ.**

**ت- پابەند بوون بەکارەکانی دۆزینەوە دەکرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بەشێوەیەکی ئاسایی کڕین و لێکدانەوەی هەموو بەیاناتەکانی هەیە لە خۆ دەگرێ، لەوانەش بەیاناتەکانی بوومەلەرزەی لەبەردەستدا هەیەو رووپێوەکانی بوومەلەرزەیی لە ماوەی یەکەمی دۆزینەوە لەگەڵ هەڵکەندنی بیری دۆزینەوە لە ماوەی دووەمی دۆزینەوەو هەڵکەندنی بیر لەهەر سالێك لە ساڵەکانی درێژ کردنەوەدا.**

**پ- پاش بە کۆتا هاتنی ماوەی دۆزینەوە، ماوەی پەرەپێدان دەست پێ دەکات ماوەکەی (20) بیست ساڵە، ئەگەر بەڵێندەر ماوەیەکی دیکەی ویست بەهەمان مەرجەکانو پێوانەکانی لە گرێبەستەکەدا جێگرە، سەربەخۆ درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵی دیکەوە لەگەڵ بوونی توانا بۆ گفتوگۆکردن بۆ درێژکردنەوەی بۆ ماوەیەکی دیکەی تر.**

**ج- ڕێژەی موڵکانە لە (10٪) دە لە سەدا کەمتر نابێ و بەپێی ماددەی چل و یەکەمی ئەم یاسایە دەدرێت.**

**ح-** خەرجیەکانی گەڕاوە لە بەرهەمهێناندا دادەشکێ، دوای داشکانی موڵکانە (ریع)و بەڕادەی زۆری ڕێژەی (45٪) چل و پێنج لە سەدا بۆ نەوتی خاو تێپەڕ نابێت و ڕێژەیەك لە سەدا شەست (60٪) لەگازی سروشتی تێپەڕناکات.

**خ-** بەشداری کردن لەبەرهەمهێناندا لەبەرهەمی کە ماوەتەوە، دەکرێت دوای داشکاندنی ڕێژەی موڵکانەو خەرجیەکانی گەڕاوە کە ڕێگای پێدراوە بەپێی ئەو هاوکێشەیەی داهاتە کۆبۆوەکان و خەرجیە کۆبۆوەکانی نەوت لەبەرچاو دەگرێ، بەجۆرێك دەبێ قازانجی گونجاوی بەڵێندەر لەخۆی بگرێ.

**د-** دانی کرێی ساڵانە بۆ بانی زەویەکان لە ماوەی قۆناغەکانی دۆزینەوەدا.

**ڕ-** بەشداری کردنی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دۆزینەوەو پەرەپێدانو بەرهەمهێنان بەپێی مەرجەکانی لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

**ر-** پابەند بوون بەدانی ئەو بڕە پارانەی لەسەری ڕێکەوتن بۆ سندوقی ژینگە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بۆ پاڵپشتی کردنی ژینگەی هەرێم بەکاری بهێنێ.

**ز-** مەرجەکانی مسۆگەر کردنی ساغ و سەلامەتی و تەندروستی و خۆشگوزەرانی و پاراستنی ژینگە، راهێنان و ئامادە کردنی کالأو خزمەت گوزاریەکان بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی بەجۆرێك دەبێ لەگەڵ مەرجەکانی لە ماددەی بیستو شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بگونجێت.

**دووەم:** ئەگەر وەزیر وایدانا، کە گرێبەستی نەوت سەرەڕۆییەکی بازرگانیی گەورەیە، یان پێویستی بە پشتیوانی پارەی زۆرە لەسەرەتای وەبەرهێناندا، وەزیر بۆی هەیە ڕێژەی موڵکانەی جێگیر لە بڕگەی یەکەمی (خ) لەم ماددەیەدا کەم بکاتەوەو بڕی خەرجی گەڕاوەو جێگیر لە بڕگەی یەکەمی (ح) لەم ماددەیەدا بەپێی سەرەڕۆییەکان زیاد بکات.

**سێیەم:** ئەگەر وەزیر وایدانا، کە گرێبەستی نەوت سەرەڕۆییەکی بازرگانیی کەمە، وەزیر بۆی هەیە ڕێژەی موڵکانە بۆ بەرزترین ئاست زیاد بکات، وەکو لە بڕگەی یەکەمی (خ)ی ئەم ماددەیەدا هاتووەو ڕێژەی خەرجیەکانی گەڕاوە بە کەمترین ئاست کەم بکاتەوە، وەکو لە بڕگەی یەکەمی (ح)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**چوارەم:** مەرجەکانی گرێبەست باشترین شێوازەکانی پیشەسازییە نەوتیەکان لە خۆی دەگرێ، بەکارهێنانی شێوازەکان دەگرێتەوەو وەرگرتنی ڕێکارەکانی پەیرەو کراو لە پیشەسازە نەوتیەکانی جیهانی لەخۆ دەگرێ، لەلایەن بەکارهێنەرانی بەتوانا بەپێی مەرج و بارودۆخەکانی هاوشێوە بۆ پیادە کردنی تایبەتی بە پرۆسەکانی نەوت، کە ئامانجی دابینکردنی:

**أ-** پاراستنی سامانە نەوتیەکان کە بەکارهێنانی هۆیەکانی پێویست بۆ زیاد کردنی بەرهەمهێنانی هیدرۆکاربۆنات بەشێوەیەکی تەکنیکی و ئابووری باش لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی لە یەك بەستراو لە نزم بوونی یەدەگیەکان و کەم کردنەوەی تێچوونی سەر رووی زەوی.

**ب-** سەلامەتی لە کار کردن پێویست بە بەکارهێنانی ڕێگاکان و وەرگرتنی ڕێکارەکانی سەلامەتی پیشەیی بەهێز دەکات و ڕووداوەکان کەم دەکاتەوە.

ت- پاراستنی ژینگە کە پێویست بەوە دەکات رێگاو ئەو رێکارانە بەکاربهێنن کە کاریگەری پرۆسەکانی نەوت لەسەر ژینگە کەم دەکاتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**عقد مشاركة الانتاج**

**شروط العقد**

**المادة السابعة والثلاثون:**

أولا: يشترط في عقد مشاركة الانتاج ما يلي:

أ- تكون فترة الاستكشاف (5) خمس سنوات، تنقسم الى فترتين، الاولى/ (3) ثلاث سنوات والثانية/ (2) سنتان، ويجوز تمديدها الى (7) سبع سنوات كحد اقصى.

ب- التنازل عن (25 ٪)خمسة و عشرين بالمائة من منطقة العقد الاصلية بعد فترة الاستكشاف و (25٪) خمسة وعشرين بالمائة اخرى من المنطقة المتبقية بعد كل فترة تمديد، إذا شملت النسب المئوية من هذه التنازلات جزءا من أي منطقة مكتشفة، فيتم تقليص هذه النسب كي لا تضم تلك المنطقة. ويجوز التنازل طوعاً في نهاية كل سنة عن مدة العقد .

ت- الالتزام بأعمال الاستكشاف، التي تكون قابلة للتفاوض، وعادة يتضمن الشراء وتفسير جميع البيانات المتوفرة، من ضمنها البيانات الزلزالية المتوفرة والمسوحات الزلزالية في الفترة الاولى للاستكشاف، مع حفر بئر استكشافي في الفترة/ ثانيا للاستكشاف وحفر بئر في كل سنة من سنوات التمديد.

ث- بعد أنتهاء فترة الاستكشاف، تبدأ فترة التطوير ومدتها (20) عشرون سنة، وإذا طلب المقاول فترة أخرى تمددَ تلقائياً بنفس الشروط والمعايير المثبتة في العقد لمدة (5) خمس سنوات اخرى مع امكانية التفاوض لتمديد فترة اضافية أخرى.

ج- لاتقل نسبة الريع عن (10٪) عشرة بالمائة ويتم دفعها بموجب المادة الحادية والاربعين من هذا القانون.

ح- تخصم الكلف المستردة من الانتاج بعد خصم الريع وكحد اعلى لا تتجاوز نسبة 45٪ خمسة وأربعين بالمائة للنفط الخام ونسبة لا تتجاوز 60٪ ستون بالمائة للغاز الطبيعي.

خ- تكون المشاركة في الانتاج من الانتاج المتبقي بعد خصم نسبة الريع والكلف المستردة المسموح بها بموجب المعادلة التي تاخذ في الحسبان العائدات المتراكمة والتكاليف المتراكمة للنفط، على ان تضمن ذلك أرباحاً مناسبة للمقاول.

د- دفع أجور سنوية للاراضي السطحية خلال مراحل الاستكشاف.

ذ- مشاركة حكومة الأقليم وبصورة مباشرة في الأستكشاف والتطوير والانتاج ووفق الشروط الواردة في العقد.

ر- الالتزام بدفع المبالغ المتفق عليها الى الصندوق البيئي لتستخدمها حكومة الأقليم لدعم بيئة الأقليم حصراً.

ز- شروط لضمان السلامة والصحة والرفاهية وحماية البيئة والتدريب وتوفير السلع والخدمات وفق المعايير الدولية على أن تتلائم مع الشروط الواردة في المادة السادسة والعشرين من هذا القانون.

ثانيا: اذا أعتبر الوزير بأن العقد النفطي يتضمن مجازفات تجارية كبيرة أو يحتاج الى تمويل مبالغ كبيرة في بداية الاستثمار، للوزير تقليل نسبة الريع المثبتة في الفقرة/ أولا (خ) من هذه المادة، وأن يزيد مقدار الكلف المستردة والمثبتة في الفقرة/ أولا (ح) من هذه المادة حسب تلك المجازفات.

ثالثا: اذا أعتبر الوزير بأن العقد النفطي يتضمن مجازفات تجارية قليلة، للوزير زيادة نسبة الريع الى حد اعلى مما هي مثبت في الفقرة/ أولا (خ) من هذه المادة، ويقلل نسبة الكلف المستردة الى حد ادنى مما هي مثبت في الفقرة/ أولا (ح) من هذه المادة.

رابعا: تتضمن شروط العقد الاساليب المثلى في الصناعة النِفطية وتشمل إستخدام الأساليب و إتخاذ الأجراءات المتبعة في الصناعة النفطية عالمياً من قبل مستغلين مقتدرين بموجب الشروط والظروف المشابهة للتطبيقات الخاصة بالعمليات النفطية والتي تهدف الى تأمين:

أ- حماية الثروات النفطية التي تتضمن إستخدام الوسائل اللازمة لزيادة إنتاج الهيدروكربونات بأسلوب تقني وإقتصادي جيد مع السيطرة المتلازمة لهبوط الأحتياطات وتقليل النضاحات على سطح الأرض.

ب- سلامة العمل التي تستلزم إستعمال الطرق وإتخاذ الأجراءات التي تعزز السلامة المهنية وتمنع الحوادث.

ت- الوقاية البيئية التي تدعو الى تبني الطرق والأجراءات التي تقلل تأثير العمليات النفطية على البيئة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة اضافة عبارة (بعد استحصال موافقة رئاسة المجلس الوزراء) الى نهاية الفقرة الثانية.

تەبعەن ئێمە لە ماددەكانی دیكە هەموو ریئاسەی مەجلیسی وزەڕامان كردە مەجلیسی ئیقلیمی بۆیە پێشنیاز دەكەین ئەوەش وەكو ئەوانی دیكە لە دوای فەقەرەی دووەم بكرێتە (بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الاقليمي).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وابزانم خۆیان جەنابی وەزیریش ئەوەیان تەعدیل كردووە، دەڵێ لەو شوێنانەی كە وەزیر هەیە تەقلیل نیسبەو ئەو شتانە بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی، ئەمە شتێكی فەنی زۆری تێدایە، داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم بۆمان شەرح بكاتن، بەتایبەتی ئەو نیسبانە بۆ، بەنیسبەت 10٪ی رەیعەكە، 10٪ەیەكە بۆچی، ئەوەمان بۆ هین بكاتن، ئەو شتانەی كە فەنینە بۆمان شەرح بكات، بۆ ئەوەی وەختمان بەوەی نەكوژین، بتوانین زوو حەسمی بكەین، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە پێشنیاری ئێمەیە (بعد استحصال موافقه المجلس الاقليمى)، وابزانم فەقەرەی سێیەمیش عەینی شتی دەوێت سێیەمیش چونکە دەزانم لیژنەی یاسایی پێشنیاری نەکرد، چونکە عەینی شتە، باشە فەقەرەی ئەوەلەن (أ) باسی مودەی عەقدمان کرد بۆ ئیستیکشاف، گوتمان ئەمە مودەی ئەقصایە مانای ئەوە نییە تۆ لە هەموو عەقدێك دەیدەیتێ، یەعنی ئێمە زیاتر تەجاوز ناکەین بە قانون، بۆ مەعلوماتتان مسوەدەی قانونی بەغدا بەداخەوە ئێستا نییە فەترەکان عەینی شتە نەختێك درێژترە بۆ ئاگاداریتان، لە ولأتانی تردا تەقریبەن دە ساڵە، ئەمە موناسیبە بۆ کوردستان، گوتمان سێ ساڵ بۆ فەترەی ئەوەلی، فەترەی دووەم دوو ساڵە، ئەوە لە (أ) لەگەڵ تەمدیدەکان دەبن بە حەوت ساڵ، ئەوە فەقەرەی (أ)ە، دوای ئەم فەترەی ئیستیکشاف سێ پلاست دوو دەبێت تەنازول بکات لە (25٪)ی مەساحەکە، ئەوە فەقەرەی (ب)یە، تەبعەن ئەو لە (25٪)ە کە تەنازولی دەکات، دەبێت بەشێك لە حەقلەکە نەبێت کە دۆزیتیەوە، لەبەر ئەوە دامانناوە، با بڵێن مەساحەکە زۆر بچووك بێت، بەلأم ئەگەر (25)ەکە نیوەی حەقلەکە دەبات، ئەوە مەعقول نییە، تەنیا (25) تەنازول دەکات، ئەگەر بەشی حەقلەکە نەباتن، ئەگینا ئەگەر موخالیف بێتن بەشێکی بچووکی بدەیتێ، کەشف بکات (25)ی ببیتەوە، دەڵێ مەجالم نییە تەنازول بکەم، جا لەبەر ئەوە فەقەرەی (ب)مان داناوە بەم شێوەیە، ئەوە دووبارە دەگرێتەوە دوو جار ئەو تەنازولە لە فەقەرەکەی (ب) دوایێ کە باسی (25٪) دەکات دووبارە، یەکەم باسی مودە دەکات، دووەم/ فەقەرەی (ب) باسی وەسائیلی تەنازول دەکات، نیهایەتەکەی کە مەساحەکە دەمێنێتەوە لە عەقدەکە ئەوەیە دوای حەوت ساڵەکە، ئەوە فەقەرە (ب)یە، تەبعەن فەقەرەی (ت) هەموو مەعلوماتەکە کە کۆدەکاتەوە مولزیمە بە مقاولەکە بیدات بە ئێمە، فەقەرەی (ث) دوای ئەمە دەبێت بە عەقدێکی ئینتاج، ئێمە دەڵێین ئەوە بیست ساڵە، لە ولأتانی عالەمی عەقدی ئینتاجی و ئەوانە بیست و پێنج ساڵ تا سی ساڵە، بیست و پێنج کەمتر زۆر شەریکات نایەت، چونکە موجازەفەی زۆر دەکات پارە سەرف دەکات، تا دەگەیتە ئەو مەرحەلەیە نەوت دەدۆزیتەوەو تەتویر دەکەیت بۆ هەموو بەرمیلە، تەقریبەن چوار، پێنج دۆلارت سەرف کردووە، دەبێت مودەت هەبێت کە مودەیەکی مەعقول کە ئیستیسمارەکە وەرگریتەوە، بیست ساڵی دیکە مەعقولە، کەمتر لەوە بەڕاستی مەعقول نییە، خیبرەی من بیست، سی ساڵە لەگەڵ شەریکاتی عالەمی ئیش دەکەم، نامەوێت ولأتەکەی خۆم بفرۆشم، بەلأم واقیع ئەوەیە ئەگەر دەتەوێت عەقد بکەیت، دەبێت شتێکی مەعقول بدەیت بە خەڵکەکە، کە بێن لێرە ئیش بکەن، دوایش باسم کرد ئەگەر کەمتریان بدەیتێ خۆت زەرەر دەکەیت، چونکە ئەو پارەیە زۆرتر وەردەگرێت لە بیدایەتەوە مەسڵەحەتی تۆ نییە کە عەقدەکە کورت بێت، چونکە ئەوە باسمان کرد کە عەقدەکە بە کورتی داینێین، حیصەی مقاولەکە زۆرتر دەبێت، ئەوە لە بیدایەتەوە زۆرترە دە ساڵی بدەیتێ، ئەوە لەسەر حیسابی حکومەتە، باشە حەقلەکەت دەداتەوە دوای دە ساڵ، بەلأم پارەکەی تۆ دوایی دێت، ئەگەر حیسابی بکەیت مەسڵەحەتی تۆ نییە، وەکو کوردستان بێیت ولأت دروست بکەیت کاشفت دەوێت لەمەولا دە ساڵی تر، نەك بیست ساڵ دوایی، جا لەبەر ئەوە ئێمە داماننواە مودەکە مەعقول بێت، بۆ ئەوەی ببێت بە بیست ساڵ، شروتی تریشی تیایە باسی رەیع دەکات، حەقلی مولکیە باسمان کرد،

یەعنی ئەوە بە تەقدیراتی ئێمە لە 10٪ مەعقولە بۆ کوردستان، چونکە روقعەکان زۆر بچووکن، ئەگەر موقارەنەی بکەیت بە روقعەت مەسەلەن لیبیا دەیدات تەقریبەن سی، چل جار گەورەترە، روقعە لە سەحرای غەربی بەغدا دایناوە هەر یەکەیان دە تا دوازدە هەزار کیلۆمەتر موڕەبەعە، ئێمە باسی چوار سەد، پێنج سەد، شەش سەد دەکەین، دەبێت موقارەنەی ئەو شتانەش بکەین، جا لەبەر ئەوە بۆ کوردستان زۆر موناسیبە لە 10٪ مەعقولە، مودەی ئینتاجمان باس کرد کە بیست ساڵە ئۆتۆماتیکیەن لەجیاتی ئەوەی بیست و پێنج ساڵ بدەین بە مقاولەکە، دەڵێین بیست ساڵە، ئەگەر هیچ موشکیلە نەبێتەوە ئۆتۆماتیکیەن دەتوانێت داوای پێنج ساڵ بکەیت، بەڵام دوای ئەوە دەبێت عەقدی تازە بکەیتەوە تەمدیدی بکەیت بە موفاوەزات، چونکە لەوانەیە حەقلەکە زۆر گەورە بێت، لەوانەیە پەنجا ساڵ عومری هەبێت، لەوانەیە ئەو وەختە شەریکەی خۆت بتوانێت ئەو ئیشانە بکات، لەوانەیە بیکەیت بە عەقدی ئیدارە ئەو وەختە، بڵێ باشە تۆ بمێنێوە، دواییش بە عەقدێکی تر، نەك بە ئینتاجی موشارەکە ئیدارەت دەدەنێ، ئەو توانایەی داوە بە تۆ دەتوانیت موفاوەزات بکەیت، جا عەقدەکە هەر ئەوەیە بەڕاستی ئەو مودەیە لەگەڵ حیصەی ئینتاجی موشارەکە، گوتمان بۆ موشارەکە حکومەت لە 10٪ دەبات لە پێش هەموو شتێکەوە، دوای ئەوە ئەوەی کە مایەوە لە 45٪ زیاتر لە چل لە ئیجمالی، یان چل و پێنج لە باقی، ئەوە حەددی ئەقصایە، ئەگەر مەنتیقە لە مەنتیقەی موجازەفە بێت ئەوەیە، ئەگەر موتەوەسیت بێت ئەو ژمارەیە، بەڵام ئەوە بە عەقد تەرتیب دەکرێت، ئەگەر موجازەفە کەمتر بوو دەبێتە کەمتر دووبارە، ئەوە بۆ کولفەیە، مانای نییە حیصەی هەیە چل و پێنج ببات هەموو جارێ، دەیبات ئەگەر کولفەی هەبێت، ئەگەر کولفەی نەبێت، ئەوە نەوتەکە دێتە خوارەوە، پێی دەڵێن (المتبقی) لەوە حیصەی هەیە، جا لەوەش بەم گرافتە نیشانماندا، یەعنی ئەو نەتیجەیە دەگاتە 10٪، 12٪ ئەمە مەعقولە، من باسم بۆ کردن موقارەنەی ئەوە وەکو تێلە مەسەلەن هەر مقاولەکە ئەگەر ساڵێك پێشتر ئیش بکات، دوو ساڵ پێشتر ئیش بکات لەجیاتی خۆت بیکەیت، ئەو کولفەکەی تۆی داوە هیچ خەسارەتت نەکردووە، ئەوە جەوهەری قانونەکەیە بەڕاستی، ئەوە جەوهەری تەعامولە لەگەڵ مقاولەکە، من ئامادەم پرسیار وەڵام بدەمەوە، سوپاستان دەکەم، ئەمە زۆر فەنییە، بەڵام ئیقتیصادیشە، ئەگەر برادەران عیلاقەیان بە ئیقتیصادەوە هەیە بەخێر بێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لەسەر ئەو موڵکانە لە 10٪ کەمتر نەبێت، ئەو 10٪یە کەمتر نەبێت، نازانم ئێستا لە پرۆژەی یاسای عێراقی لە 13٪ دیاری کراوە، یەعنی حەددی ئەدنای 12،5٪ کەمترینە، باشە ئەو 12،5ە لە کاتێکدا لە عێراق ئێستا تیرۆر هەیە، زەبرو زەنگ هەیە، شەریکات هەمووی خۆیان لێ نادەن، هەموو ئەوانە وابزانم رەنگە هەموو شتەکە فەنی بێت، رەنگە تێچوونی دەرهێنانی نەوت لەوێش گرانتر بێت وەکو

له كوردستاندا، بۆچی ئێمه لێره له 10٪ دابنێین، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، ئەو نیسبەیە کەم بکرێتەوە، ئەوە یەکەمە.

دووەمین/ لەسەر دووەم و سێیەم، ئەگەر یەعنی من نازانم ئەگەر وەزیر وای دانا، قانون نییە ئەگەر وەزیر وای دانا، ئەی ئەگەر وەزیر وای دانەنا، یەعنی ئەگەر داینا وا دەبوو، ئەگەر داینەنا وا دەبوو وا نییە، دەبێت پێوەرێکت هەبێتن، یەعنی پێویستی بە داڕشتنەوەی ئەوەیە کە قسەی دەکەم هەردوو بڕگەکە، یەعنی دووەم و سێیەم، رەنگە من مەبەستم جەنابی وەزیر نییە، سبەینێ وەزیرێك دێت وای دادەنێت کە موجازەفەکە زۆرە، لەبەر ئەوە کەمە دەکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە سبەینێ وەزیرێك دێت نایەوێت ئیشەکە بکرێت، دەڵێت موجازەفەکە کەمە زیادی دەکاتن، لەبەر ئەوە ئەو دوو بڕگەیە بەڕاستی هەتا ئێستا ئەگەر چی لیژنەی یاساییش وایان کردووە کەموافەقەتی ئەنجومەنی هەرێم وەربگیرێت، بەلاَم دیسان هەروەکو دەڵێت دڵمان پێی ئاو ناخواتەوە، یەعنی ئەم بۆشاییە یاسایەکە پڕ ناکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە دیراسەت کردنی ئەو دوو بڕگەیە.

سێ/ من پرسیارێك دەکەم، ئەگەر ئێمە عەقد بکەین بۆ ماوەی بیست ساڵ، یەعنی زۆرە، یەعنی بۆ ماوەی بیست ساڵ، ئەگەر ئەوە پێچەوانەی سیاستمان نابێت لەگەڵ بەغدا، ئێمە لێرە بۆ کۆمپانیا ئەنجومەنێکمان دانا، ئەنجومەنی کارگێڕی بێتە پەرلەمان، ئینجا ئەوانە بکرێن بە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری، بۆچی ئەو گرێبەستانە پێشی ئەوەی مۆری لەسەر بکرێتن، ئەگەر لەگەڵ ئەوەی بەغدا تەعاروز ناکرێت، من لە یاساییەکان دەپرسم، بۆچی ئەو گرێبەستانە نێتەوە پەرلەمانی کوردستان، لێرەدا موصادەقەیان لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هینەکەی من پرسیارێکە، ئایا ئەو تەنازول کردنەی بڕگەی (ب) لە یەکەم لە ساڵحی ئێمەیە، یان لە ساڵحی ئەو کۆمپانیایە، کە پشکنینەکە دەکات، ئایا هەمان کۆمپانیایە کە بەشداری دەکات لە بەرهەمهێنان بە کۆمپانیایەکی جیایەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له (أ) ماوەی دۆزینەوە بە پێنج ساڵ دیاری کراوە، دواجار دەڵێت دەکرێت دوو ساڵی تری ئیزافە بکرێت، بە رەئی من بۆ ئەو دوو ساڵە کە ببێتە حەوت ساڵ نەنووسرێت، لە مەجالی گفتوگۆو قسە کردندا دیاری

بکرێت، رەنگە تۆ پێویستیت بە سێ ساڵ، چوار ساڵ زیاتر هەبێت، دوای ئەوە کە تازە کرایەوە مەرجی تریش دەبێت، رەنگە ئەو مەرجانەی پێشووتر پێویست نەکات، رەنگە مەرجی تازەتر هەبێت کە حکومەت دیاری بکات، لە (ث)ش بە هەمان شکل پێنج ساڵی تر دەکرێت تازە بکرێتەوە، ئەو پێنج ساڵەی تر دەڵێ بە هەمان مەرج، رەنگە دوای بیست ساڵ پێویستی بە مەرجی تازەتر هەبێت، بە رەئی من هەم پێنج ساڵەکە نەنووسرێت لە ماوەی گفتوگۆ کردن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، رەنگە پێویستی بەوە بێت پێنج ساڵ، یان زیاتر بێت و مەرجەکانیش بگۆڕێت لە نەتیجەی گفتوگۆ مەرجەکان دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك کەریم دەکەم، بەس مولاحەزەیەکی ترم هەیە لەسەر حەرفی (ر) کە دەڵێ (الالتزام بدفع المبالغ المتفق علیها الی الصندوق البیئي)، ئێمە لە ماددەی شازدە چوارەمین ئەوەمان ئیلغا کرد نەماوە، لە جوملەی تەخصیصات هاتبوو بەنیسەب ئەوە لەوێ ئیلغا کراو جێی نەما، بەنیسبەت دووەم/ دەڵێ (اذا أعتبر الوزیر بأن العقد النفطي یتضمن مجازفات تجاریة کبیرة........) ئیقتیراح دەکەم بەو شێوەیە بێت (تقوم الوزارة بتخمین مقدار المجازفة التجاریة لاي حقل یعرض للاستثمار ورفع التوصیة الی مجلس الاقلیم بتعدیل نسبة الریع ونسبة استرداد الکلف او کلتیهما)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەر لە ماددەی یەکەوە تێبینیەکم هەبوو، کە غەیری عقودی موشارەکە ناوی هیچ نەوعە عەقدێك نەهاتووە لەم یاسایە، بۆ زانیاری ئەنواعی تری عقود هەیە بۆ مەسەلەی نەوت، بەڕاستی عەقدی موشارەکە، من پێم وایە زۆر زۆر وردبینی دەوێت، زۆر مەسەلەیەکی وردە، کاریگەی سەلبی زۆری دەبێت، ئەگەر زۆر ورد نەبین تیایدا، ئەوەتا هەروەکو لێرە هەیە مەسەلەن بۆ ماوەی بیست ساڵ، بیست و پێنج ساڵە، رەنگە زیاتریش بێت، ئێستا جەنابی وەزیر خۆی گوتی کولفەتی بەرمیلێك نەوت هەتا ئینتاج دەکرێت، رەنگە چوار دۆلار، پێنج دۆلار بێت، رەنگە من لە هەندێ تەقاریر خوێندمەتەوە یەك دۆلار بێت، بەلاّم دەفرۆشێت بە پەنجا دۆلار و شەست دۆلارو زیاتر، بۆیە من پێم وایە هەندێك شت پێویستە لە قانونەکە تەحدید بکرێت، بۆ نموونە لە موشارەکەی حکومەتی ئیقلیم لە (ذ- وفق الشروط الواردة في العقد)، یەعنی دەبێت موشارەکەی شەریکەکە بڵێین چەندە؟ چونکە ئەوە لێرەیە هی خۆمانە، عادەتەن شەریکات بە نیسبەتێك، ئەوەی من گوێم لێ بوو بەنیسبەت قانونی نەوتی عێراقەوە، وابزانم جەنابتان

لێرە بوون کە عەلی دەباغ باسی ئەوەی کرد کە لە 3٪ دەبێت، یەعنی موشارەکەی شەریکات، باشە ئێمە دەڵێین موشارەکەی حکومەتی ئیقلیم، وەکو ئێمە تەرەفی دووەم بین و ئەصحابی شەریکە تەرەفی یەکەم بێت. لە (ح- والکلف المستردة من الانتاج)، من پێم وایە زۆر زۆرە، یەعنی لە هەندێ تەقاریر ئینسان مولاحەزەی دەکات حەددی ئەعلای لە( 25٪)ە، من نازانم شارەزا نیم، بەلاّم ئەوەی کە بیستوومەو خوێندومەتەوە، هەروەها بەنیسبەت ئینتاجی غاز، یەعنی لە 60٪ی هەموو جارێك زۆر زۆرە، تەسەور بکەین لە 45٪ی ئینتاج بگەڕێتەوە بۆ نەوتەکە، بەنیسبەتی موشارەکەشی چەند دەمێنێتەوە بۆ خۆمان، یەعنی ئەگەر ئیستیکشافەکە، یان عەمەلیەتەکە موجازەفەی تیا بوو، منیش هەمان پرسیارم هەیە مەعاییری تەقدیری ئەو موجازەفەیە چیە، منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەوەی وەزارەت ئیزافەی کردووە، بەنیسبەت هەردووکیەوە، یەعنی ئەوەی کە موجازەفەی تیا بێت، یەعنی ئیستیردادەکە زیاتریش دەبێت، رەیعەکە کەم دەکرێتەوە، منیش هەمان رەئیم هەیە بەنیسبەت رەیعەکە لە 10٪، ئەو رەیعە منیش تەسەور دەکەم زۆر کەمە، ئەگەر دەمانەوێت لە هی عێراق کەمتر بێت، ئەو دوازدەو نیوە، با ئێمە بیکەین بە دوازدە مەسەلەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارانە هەمووی لە شوێنی خۆیان بوو بەڕاستی، بەڵکو عیلاجیان بکەین، بۆ لە 10٪ لەجیاتی لە(12،5٪)ە، پرسیارەکە زۆر جوانە، بەلاّم وابزانم جوابەکەش ئاسانە، چونکە ئێمە باسی ئیستیکشاف دەکەین، لە بەغدا ئێمە باسی ئیستیکشاف و حقول دەکەین، حەقلت هەیە دۆزیتەوە، موجازەفەکە کەمترە، ئیقتیراحی من بۆ قانونی بەغدا با لە 20٪ داوا بکەین بۆ حەقلەکان نەك لە 12،5٪، بەلاّم دەبێت تەدەروج بێت بۆ ئیستیکشاف، چونکە موجازەفەت هەیە دەست پێ دەکات، بیکە بە پازدە بۆ حەقلی بچووك، بیکە بیست بۆ حەقلی گەورە، ئێمە هیچ مانیعمان نییە، بەلاّم ئێمە حەقلمان نییە لێرە، ئێمە تەنیا باسی ئیستیکشاف دەکەین، لەبەر ئەوە لە 10٪یە، دوازدەو نیو نییە، دووەمیش، روقعەکان زۆر بچووکن وەکو گوتم ئەمە خەریتەی بەغدایە، ئەمە مەفروز بوو بچێتە قانونی نەفتەوە، ئەمانە روقعەی سەحرای غەربین، هەر یەکە لەوانە دوانیان حەجمی کوردستانە، هەتا مەناتیقی موتەنازیعەشی لەگەڵدا بێت دوو روقعەی ئیستیکشافی داوەو دوو مقاول، ئەمە زۆر جیاوازە، لەبەر ئەوە لەوێ دەڵێ لە (12،5٪) دەدات بە تۆ، ئێمە دابەشمان کردووە هەر ئەو مەنتیقە زەردە بۆ چل روقعە، تۆ ناتوانیت شتی وا بە مقاولەکە بڵێی لە( 15٪) بدێ، یان لە(20٪)م بدێ، ئەوە مەعقول نییە، من شتی وام نەدیتوە لە عالەمدا، ئەمە نابێت، لە(25٪) شتی واشم نەبیستووە لە عالەمە بۆ کۆسپی کەفەری، ئەمە خۆ بەردەوام نابێت بۆ بیست ساڵەکەی عەقدەکە لە( 40٪)ەکە لەوێیە تەنیا ئەگەر کولفەی هەبێت، ئەگەر کولفەی مابێت، ئەوە

وەردەگرێت، ئەگەر نەما هەمووی دەبێت بە ربح، لە ربحەکە مقاولەکە بەشدارە تەنیا بەم شێوەیە کە باسمان کرد، لە (20٪) وەردەگرێت، چونکە ئێمە لە( 25٪) هی خۆمانە لە قیتاعی خاصە، لێرە هی حکومەتە بەتایبەتی، ئەوە لە (25٪، 30٪) بەش دەکات، بەڵام دەبێتە لە (20٪) تەقریبەن، کە کولفەکەی هاتەوە کەم دەبێتەوە دەگاتە لە (10٪، 11٪، لە 25٪) نییە، لە (45٪) نییە، لە (95٪) نییە، ئێمە لە (80٪، 89٪) ئەگەر ئەو پارەیەی دێتەوە بۆ تۆ حیساب بکەین، ئێمە تەقریبەن لە (89٪)، یان لە (85٪) ئیعتیماد دەکاتە سەر موجازەفەکە هی حکومەتە، ئەو لە (10٪، تا 15٪)ی بۆ وەردەگیرێت، ئەوەشمان حیساب کرد لە موقارەنەی هینەکە، لەم کێرڤە، ئەوە ئەو وەردەگرێت، دەبێت کولفە حیساب بکەیت، ئەگەر تۆ خۆت مەشروعەکە، هەر خۆشت کولفەی هەیە بە بەلاش نییە، دوای کولفەکە ئەوە حەقی، ئەگەر حکومەت بیکات بەعەینی وەخت دەست پێ بکات راستە، حکومەت ئەرباحی زیاترە، بەڵام ئەگەر تۆ توانات نەبێت و بوەستی بۆ پێنج ساڵ زەرەر دەکەیت، چونکە ئەمەت بۆ دێتەوە، ئەم ژمارانە لێرەن، ئەو خەتە سوورە گرێنیتی دەداتێ، ئەگەر خۆت بتوانی لە ساڵ و نیوێکدا بیکەیت دوای ئەو باشە خۆت بیکە، چونکە دەتوانیت بیکەیت، بەڵام دەبێت حیسابی ئەمەش بکەیت، مەسەلەن ئێستا حەقلی تەق تەق ئێمە دەستمان پێ کردووە، ئەو برادەرانە بەشێکیان دەزانن بەشدار بوون تیایدا، تا ئێستا مقاولەکان دوو سەد، سێ سەد ملیۆن دۆلاریان سەرف کردووە، ئێستا پلان دەکەن بۆ تەقریبەن حەوت سەد، هەشت سەد ملیۆن دۆلار بۆ ئەمساڵ و ساڵی تازە بۆ تەتویر، پایپلانەکە تەقریبەن شەست سەد ملیۆن دۆلاری دەوێت، ئەوە هەمووی سەرف دەکات پێش ئەوەی یەك قەترە نەوت دەربکات، هەمووی کولفەیە بۆ ئەو، ئەی حکومەت لە پارەی کوێ دەهێنێت، موازەنەی ئێمە هەموو ساڵ چوار ملیار دۆلارە، دوو حەقلت هەبێت هەمووی دەخوات، پارەت نییە، مقاولت دەوێت، پارمەتیت دەوێت، ئەگینا ناتوانیت ئیش بکەیت، هەر نەوتەکە لەوێ دەمێنێت بیخۆرەوە دوای پەنجا ساڵ، هەر ئەوەیە قیمەتی نامێنێت، لەبەر ئەوە دەبێت بەکاری بێنین بەخێرایی، بۆ ئەوەی میللەت ئیسراحەت بکات و بەکاری بێنێت، هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە دامانناوە، من نەهاتومەوە وڵاتەکەم بفرۆشم، ئەمە پێویستە بۆ ئەوەی وڵاتەکە دروست بکەن، عەمودی فەقەری کوردستان نەوتەکەیە، ئەگەر بەکاری نەهێنین بەخێرایی، دە ساڵ لەمەودوا ئیستیفادەی لێ ناکەن، ئەم دە ساڵەی یەکەم موهیمە، تەبعەن تۆ ئەگەر موفاوەزات دەکەیت لەگەڵ هەموو مقاولەکان، کە بەشدار بیت بەزۆرترین نیسبە بۆ خۆت، عەقدی ترمان داوە، خەدەماتمان داوە لە ماددەی سی و هەشت هی خەدەمات هەیە، هی ئیدارە هەیە، ئەوانەش دانراون لەوێن مەسەلەن ئەگەر حەقلێکت هەبوو مقاولەکە دوایێ دەرچوو، دوای دە ساڵ بە سەبەبێك، یان سەبەبێکی تر، تۆ دەتوانیت ئەو عەقدانە بەکار بێنیت، بەڵام لە بیدایەتەوە لە هیچ وڵاتێکدا نەم بینیووە بە سەراحەت کەس چوو بێت بۆ ئیستیکشاف بە عەقدی خەدەمات، عەقدی خەدەمات مانای وایە تۆ پارە سەرف دەکەیت، حکومەت پارەکەت دەداتەوە، باشە تۆ بچۆ ئیستیکشاف بکە بۆ هەموو بەرمیلێك پێنج دۆلارم بدەرێ، ئەگەر تۆ پارەی وات هەبێت مقاولیشت ناوێت خۆت بیکە، هی ئیسیتکشاف لەسەر خەدەمات نییە، شتی وا لە عالەمدا نییە، باشە ئەگەر حەقلت هەبێت،

دەتوانی بە عەقدی خەدەمات و ئیدارەو ئەو شتانە بکەیت، برادەرێك پرسی تەنازول بۆ مەسڵحەتی کێیە؟ بۆ مەسڵحەتی ئێمەیە، زۆر ئاسانە ئەگەر تەفسیری بکەین، ئەگەر مقاولەکە ئیشی زۆری نەکرد بێت لە مەنتیقەکەدا، لە مەنتیقەی عەقدەکەدا، لەوانەیە ئەو مەنتیقانەی مابێت ئیحتیمالی نەوتی تیا بێت، کەواتە ئیشی زۆری نەکردووە، ئێمە نامانەوێت مەجالی بدەینێ و لای ئەو بمێنێت، چونکە دەتوانین بیبەینەوەو مقاولێکی تر بێنین بۆ ئەوەی پارە سەرف بکات لەسەری، چونکە عەقدی هەیە نابێت لەسەری بخەوێت و هیچ ئیش نەکات، چونکە بلێ ئیسراحەت دەکەم دە ساڵی تر دەست پێ دەکەم لە مەسڵحەتی ئێمە نییە، ئێمە دەڵێین بچۆ نەوت بدۆزەوە لە هەموو شوێنێك، لەبەر ئەوە لێرە پەلەی کردووە، گوتم با نەختێك ئیشێکی تر بکەم و بدۆزمەوە پێش ئەوەی تەنازول بکەم، ئەگەر ئەوەت نەبێت ئەو تەنازول ناکات، ئیشەکەت ناداتەوە، ئەمە لە مەسڵحەتی ئێمەیە، لەبەر ئەوە دامانناوە، پرسیارێك هەبوو لەسەر فەقەرەی (ذ و ز و) ئەوانە، ئەوانە بۆ صندوقی بیئیە نەفت، صندوقی موستەقبەلی نییە، ئێمە ماددەی شازدە کە لامان برد صندوقی موستەقبەلی و ئەوانە بوو، صندوقی بیئە بۆی هەیە بۆ دەعمی بیئەیە، ئێمە لە عەقدەکاندا چیمان کردووە، هەموو مقاولێك دەبێت موکافەئات بدات کە ئیمزا دەکەین، ئێمە حالیەن داوای دە تا سی ملیۆن دۆلار دەکەین بۆ عەقدەکەی کە ئیمزا دەکرێت، ئەوە یەکسەر دێت بۆ حکومەت، یان بە موکافەئات، یان بە منح، یاخود بە دەعمی مەحەلی بۆ مەنتیقەکە مەسەلەن، هەموو ساڵێك دەبێت چەند سەد هەزار دۆلارێك بدات بە مەنتیقەکە، کە ئیشی تیا دەکات بۆ تەعمیری بیئەکە، دەبێت پارە بدات بۆ دەعمی تەتویری کەوادیر، ئەوە هەموو لە عەقدەکە دایە، کە نەوتی دۆزیەوە، دەبێت موکافەئەیەکی ترت بداتێ، کە گەیشتە مەرحەلەیەکی ئینتاج دەبێت موکافەئەیەکی تر بدات دە ملیۆن بێت، یان بیست ملیۆن بێت عەقدەکە وا دەڵێت ئەوە هەمووی بۆ مەسڵحەتی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەفسیراتانە، بەڵام من خۆم پرسیارێکم هەیە لەسەر فەقەرەی (ت) لە ئەوەلەن (بعد أنتهاء فترة الاستكشاف، تبدأ فترة التطوير ومدتها (20) عشرون سنة، وإذا طلب المقاول فترة أخرى تمددَ تلقائياً)، جا ئەو تەمدیدە بۆ فەترەی ئیستیکشافە، یان بۆ فەترەی تەتویرە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ بەردەوام بوونە لەسەر عەینی شروتی عەقدەکە تەمدیدی دەکەن، بەڵام بۆ لەوێمان دانا، لەجیاتی ئەوەی بیست و پێنج ساڵی بدەینێ لە موقەدیمە، گوتمان ئەو پێنج ساڵە دەتوانێت بەکاری بێنێت، چونکە دەتوانین موفاوەزات بکەین، لەوانەیە بۆ مەسڵحەتی ئەو نەبێت، ئەو دەڵێ من پێنج ساڵم دەوێت، بەڵام دەبێت تەکنەلۆجی تازە بێنم، دەبێت عەقدەکەم بگۆڕن و یارمەتیم بدەیت، ئەوە نەختێك مەجال دەدات بۆ موفاوەزات، نەمان گوتووە بە تایبەتی، بەڵام مەجالت دەداتێ نەختێك کە تەقیمی وەزعەکە بکەیت،

پـێش ئـەوەی تەمدیدەکـە بـڕوات، دوانەکـەی تـر شـەرتی لەسـەرە، لەوانەیـە عەقـدی خـەدەمات بێـت، یـان عەقدی بگۆڕی، لە وڵاتانی تردا بەڕاستی بیست و پێنج ساڵ یەعنی ئیعتیادییە، یەعنی لە بیدایەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری تر، کولفەی موستەرەدە دانراوە بە چەند ساڵ تەواو بکرێت، یان هەر بە نیسبەکەو مەفتوحە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کولفەی موستەڕەددە لەوانەیە حەوت ساڵ بێت، دە ساڵ بێت، پێـنج سـاڵ بێـت، یـان یـەك سـاڵ بێـت، ئـەو مەسەلەکە حەفر دەکات هەموو تەتویر، ئێستا باسی تـەق تـەقمان کـرد، لەوانەیـە دوو ملیـۆن دۆلار سـەرف بکات، ئەو حیصـەکەی بـا بڵێین لـە 45٪ دەتوانێـت بـەکار بێنێـت بـۆ کولفەکـە، دوای دوو سـاڵ کولفەکـەی هەمووی دەڕوات، لە دوایی کولفەکەی زۆر کەمە، ئـەو هـەموو چـل و پێنجە دێتـە خـوارەوە، ئـەو بەشـدارە لەوە، بەشداریەکەش وەکو بۆمان دانا بوو، مەسەلەن ئەو لە 15٪ وەردەگرێت، یان لە 20٪ وەردەگرێت، تۆ لە 80٪ی باقیەکە وەردەگریت، تەبعەن لـە بیدایەتیشـەوە تـۆ لـە 10٪ت وەرگرتـووە هـی رەیعەکـە، ئەگـەر هەمووی حیساب بکەیت، شەریکیش مقاول ئـەو حـەفتاو پێنجـی هەیـە لـە کولفـە، تـۆ لـە 25٪ت هەیـە لـە کولفە، ئەگەر بەشدار بووی کە مقاول لە تەرەفەکەی ئەوەوە، ئەگەر هەمووی حیساب بکەیت، تۆ لـە (80٪ تا 89٪)ت بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو لە 15٪، یان لە 11٪ی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو میسالەی کە ئێمە پیشانمان دا، لەوانەیە بگۆڕێت نەختێك باشتر بێت، نەختێك خراپتر بێت، ئەگەر موجازەفەکە گەورەتر بێت، یان کەمتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاشی ئەو تەوزیحە، ئەوانەی ناویان نووسیوە هەر قسە دەکەن، کاك خەلیل قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەی من کرا لە لایەن کاك ئارێز و کاك کەریم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر قسەت هەیە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەم کرا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، تۆزێ جیاوازیم هەیە لەگەڵ جەنابی وەزیری بەڕێز بەتایبەتی لەسەر ماوەکان، یەکەم/ ئەو حەفت ساڵە ڕەنگە بۆ وڵاتێك، کە تا ئێستا ئیستیکشاف نەکرا بێت زۆر بێتن، بەڵام بۆ ئێمە لە کوردستان کاك غەفور پێشی ئێستا گوتی (320) بیر لە مەخمور دەریان کردووە، دکتۆر کەمال گوتی (1700) لە کەرکووکە، ئیحتیمالە لە هەولێر هەیە، لە دهۆك هەیە، لە هەموو جێیەك هەر هەیە، نەفتی کوردستان لەو جوغرافیە کە بچووکە، نەفتەکە تەقریبەن وازیحە لە کوێ هەیە، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من حەفت ساڵەکە زۆرە، ئەوە یەك.

دوو/ ئەو حەفت ساڵە ئەگەر جەمع بکەین لەگەڵ بیست ساڵ و پێنج ساڵ، دەڵێتن قابیل بۆ تەمدید، دەبێتە سی و حەفت ساڵ، بە مانای سی و حەفت ساڵە، ئەگەر حەقلەکە بۆ شەریکە بێتن سێزدە ساڵ بۆ حکومەت دەمێنێتن، ئەگەر ئەو ساڵانە هەمووی دەمج بکەین لەگەڵ یەك، بە تەسەوری من بیست ساڵەکە زیادن، ئەو پێنج ساڵە کە دەڵێن دێنن بۆ موفاوەزات، کە شەریکە پرۆژە لەگەڵ ئەوە شتێکی زیادن، ئەو مەتاتیەش نەدەینە ئەو شەریکەیە لە پاش ئەو بیست و پێنج ساڵە دیسان حەقی هەیە زیاد بکاتن، هەیە دەڵێتن (ت- الالتزام بأعمال الاستكشاف ،التي تكون قابلة للتفاوض) هەندێکی تر هەنە حەفر، بیری ئیستیکشافی دەبێت ئەوە زیمنەن لە عەقدەکەدا بێتن، ئیتر بێین تەحەمولی موفاوەزات دووبارە بکەین تەفاوز لەگەڵ شەریکە بکەینەوە، شروتێکی تر لەسەری فەرز بکاتن هێشتا لە حقوقی دیکەی ئێمە بۆ خۆی دەباتن، ئەوەی کە دەڵێت (الريع 10٪) دەبێت ئەوە تەحدید بێت لە قانونەکەدا کە حەدی ئەدنایە، وەزیر لە ماددەی دووەم کە دەچێتن حەقی هەیە تەحریك پێ بکاتن، ئەم تەحریکەش خەلەلێك تێدا دروست دەبێتن، لەبەر چی دەبێت دەه زیاتر بێتن، چونکە ئەو ڕەیعە لەدوو حاڵەت دێتن، مەشاریع بەسیتە هەنە، یەعنی بیرێك هەیە حازرە، جاهیزە، ئان حەقلێکی ئیستیکشافی هەیە حازرە، ڕەنگە پێنجەم بێتو بیکۆڵێت دەربچێتن، یەکی دی هەیە موعەقدە لەبن عاردی زۆر موعەقدە پێویست بە زۆر تەکنەلۆجیاو مەواد و کولفەکی زیاترە دەبێت ئەوە 10٪ بێت، بەڵام ئەوەی تر کە سەهلە ڕەیعەکەی 15٪ بێت، یان 20٪ بێت، مەعقول نییە لە هەموو حاڵات موعەقدەو سەهلەکەدا یەك نیسبە بێتن، ئەو نیسبەش قابیلی تەحریك بێت لە لای وەزیرە کە دەڵێتن ئەگەر هاتوو موفاوەزات دروست بوو، دەتوانێت کەمتر بێت، یەعنی بیکاتە 5٪، دەبێت حەددی ئەدنا موحەدەد بێت، حەددی ئەعلاش لە نیسبەکە موحەدەد بێت، تاکو لە زیمنی ئەو نیسبەیە بتوانێت تەحەروك بکات و زیاتر نەچێتن، زەحمەتە ئێمە بڵێین (ز)ەکە، تەبعەن (ر)ەکە صندوقی بیئی ئێمە ئیلغامان کرد لە ماددەی شازدەدا، لە زیمنی ئەو فەقەرەی هاتووە صندوقی بیئی کە زیمنی واریداتی نەفتەکە دێت بۆ ئەو صندوقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بیرمان نییە، تۆ عەقد ناکەیت بۆ بیر هەتا ئەگەر هەشتبێت، عەقد دەکەیت بۆ مەنتیقەیەك بۆ حەقل، دوو بیرمان هەبوو لە تەق تەق هەر ئەوە هەیە لە کوردستان لەگەڵ یەك بیرە نەفت چەند، نازانم ئەو بیرانە لە کوێن من نەمبینیوە، ئەو مقاولانەی کە ئێستا ئیش دەکەن، راستە بیری خۆیان کردووە، هەر بیرێك دە تا پازدە ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت، ئێمە باسی ئیستیکشاف دەکەین بەڕاستی، بێینەوە سەر رەیع وەردەگریت لە 90٪ دەمێنێتەوە ئەوە میسالێکە لەو (90٪)ە ئەو حەقی هەیە کولفەکەی وەرگرێتەوە لە 40٪ بۆ ئەو میسالەیە، مانای وایە لە 36٪ی لە 100٪، چونکە لە 40٪ هی (90٪)ە، باقیەکەی تر کە مایەوە، ئەوە نەوتە بۆ بەشدار بوون بۆ ئەرباح، حەقی مقاولەکە لە بیدایەتەوە لە 25٪، 30٪یە ئەوە میسالە، بەلام کە کولفەکەی وەرگرتەوە، حەقەکەی تەنازول دەبێت لە 13٪ تا 15٪، هەر ئەوەندە وەردەگرێت، ئەگەر ئەمە حیساب بکەیت تا کوێ دەست پێ دەکەن، بیدایەتەکەی ربحەکەی زۆرترە تا کولفەکەی تەواو بکات، کە کولفەکەی بوو بە عەینی نیسبە، ئەوەی کە بۆی هاتۆتەوەو لەوەی کە سەرفی کرد بوو بوو بە یەك، ئەو یەکسەر تەنازول دەکات، کە بوو بە دوو ئەو دەبێت بە 15٪، بەلام ئەگەر حیسابی پارەکە بکەیت بۆ ئەوەی وەکو باسمان کرد قیمەتی ئەو پارەیەی کە بیست ساڵ بۆی هەیە، قیمەتەکەی چەندە لە ساڵی یەکەم، بۆ ئەو لە 11٪ وەردەگرێت، لە 10٪، 11٪، 12٪ ئەوە زۆر نییە، دەتوانێت پارەکەی بخاتە شوێنێکەوە، ئەوەندە پارەی بۆ بێتەوە زۆر نییە، چونکە تۆ هەر بەنیسبەت ئێمەوە قیمەتی ئەوە یەك ساڵ تاخیرە بۆ مەشروعەکە، یەك تا دوو ساڵ، ئەگەر یەك تا دوو ساڵ نەتوانیت خۆت تەمویلی بکەیت، تۆ زەرەر دەکەیت، چونکە ئەو نەوتە لە خوارەوە دەمێنێتەوە، ئێمە باسمان کرد خەڵك لەوانەیە بڵێ باشە ئەگەر لەوێ قیمەتەکەی گەورە دەبێ، ئەمە میسالی ئەرباحی نەوتە، ئەمە تەقریبەن لە 1947ەوە، ئاوا بوو، ئینجا دوو، سێ حەرب بوو چووە سەرەوە، حەربی ئێران بوو ساڵی 1979 هاتەوە خوارەوە، هاتەوە تەقریبەن نەختێك لەوە بەرزتر، دوایی چووە سەرەوە، چونکە ئەمە خەریتەی عالەمیە ئێمە نازانین دوای پێنج سەد ساڵ ئەوە دێتەوە ئێرە بکرێت بە بیست دۆلار، یان سی دۆلار، ئەگەر لەوێ بەجێی بهێڵی دوای بیست، سی ساڵ تۆ نازانی، ئێستا بۆ ئێمە زۆر باشە موفاوەزات دەکەین لەگەڵ شەریکات، چونکە تەقدیری ئەوان ئەوەیە نەوت دەچێتە تا پەنجا دۆلار ئیتر ئەوها حیسابی دەکەن، بەلام ئەگەر بوەستی بۆ پێنج ساڵی تر، ئەگەر نەوت هاتەوە خوارەوە تەبعەن دەبێت حیسەی زۆرتری بدەیتێ ئەو وەختە، جا لەبەر ئەوە نەوت هیچ نییە وەکو ئاو، یان وەکو شتی تر وایە لەوێیە بۆ تۆ بەکاری بێنیت بۆ مەسڵحەتی میللەتەکەت بیفرۆشە، وڵاتان هەیە پێویستیان بە نەوتە، تۆش پێویستت نییەو هیچ تر نییە پارەی بێنە بۆ ئەوەی دەعمی میللەتەکەت بکەیت، بەڕاستی ئەم قانونەو ئەم تەرتیبە کە بتوانیت عەقد بکەیت بۆ وڵاتەکە، ئەمە شەڕەکەتان لەسەر ئەمە بووە، دەستوورتان پەیدا کرد، بەلام تەتبیقتان نەکردووە، ماددەی 140 یەکەمە، ئەمە عەینی قیمەتی هەیە، ئەگەر ئەمە نەکەیت دەستوورەکە قیمەتی چیە، ئەمەش بکەیت بە قانونێك، کە ئیستیسمار نەهێنێت بۆ وڵاتەکەتدا، چونکە تۆ

دەڵێی وەڵاهی دە ساڵت دەدەمێ، پێنج ساڵت دەدەمێ، یان عەقدی خەدەماتت دەدەمێ، من پێت دەڵێم کەس نایێت، ئینجا پێویست ناکات بە قانون، ئەگەر نیەتت ئەوەیە ئیستیسمار بێنی دەبێت تەشجیعی ئیستیسمار بکەیت، ئەگەر نیەتت ئەوەیە کە حەسری بکەیت بۆ خۆت باشە قانونیشت ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم یاسایە بۆ ئەمڕۆ دەریدەکەین، بۆ بارودۆخی ئەمڕۆ کە بە زەروریەتی دەزانین، هەر یاسایەك ئەگەر زانیمان بارودۆخەکە گۆڕا، دەتوانرێت ئەم یاسایە تەعدیل بکرێت و گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت، کەواتە ئێمە بۆ زەروریەتی ئەمڕۆ هینمان کردووە، ئەو نیسبەتەی جەنابی بەنیسبەت رەیعەوە لە (ج) کە 10٪ دانراوە، جەنابی وەزیر باسی کرد کە لە بەغدا 12٪، یەعنی بۆ عێراق 12٪، لیبیا مەسەلەن شوێنی تر وەزعیان تایبەتیە تۆزێك زیاترە، ئێمە دەبێت تەشجیعی خەڵك بکەین بێت لێرە خزمەتی ئێمە بکات، کەواتە بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا ئەمە زۆر زۆر زەرورییە، من پێم وایە ئەو (10٪)ە جێی خۆیەتی، لەسەر (ث)ەکە مولاحەزەیەکم هەیە نووسراوە (بعد أنتهاء فترة الاستكشاف، تبدأ فترة التطوير ومدتها (20) عشرون سنة) ئەم (عشرون سنة)یە کێ تەحدیدی دەکات، یەعنی لێرە قەرارەکە بە دەستی کێیە، چونکە (ثانياً وثالثاً) گوتمان (للوزير بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، لێرە کێ هێنی دەکات، ئەمەش حەز دەکەم ئەگەر بۆمانی روون بکاتەوە، لە ئاخیرشدا دەڵێ (مع امكانية التفاوض لتمديد فترة اضافية أخرى) ئەگەر (فترة اضافية أخرى) بێت، لەوانەیە بە نەفسی شروت بێت، من دەڵێم لە جیاتی (فترة اضافية أخرى) بکرێت (فترة جديدة اخرى)، ئەو وەختە فەترە جەدیدە شەرت نییە بە نەفسی شروتی پێشووتر بێت، بەڵام ئەگەر گوتت ئیزافی ئیحتیمالی زۆرە بە نەفسی شروت بێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیر دوو، سێ جار باسی ئەوەی کرد گوتی بیست ساڵ دەدەینە عەقدەکە، بەڵام مەرج نییە دوای ئەوە بە هەمان شەرت، چونکە زەمەن دەگۆڕێت، بەڵام لە نەصەکەدا وا نووسراوە (وإذا طلب المقاول فترة أخرى تلقائياً تمددَ بنفس الشروط والمعايير المثبتة في العقد لمدة (5) خمس سنوات اخرى)، یەعنی بیست و پێنجەکە تۆ شەرتی خۆتت کردووە لە ئەوەڵەوە، داوای زیاد کردنەوە داوای ناکات بیست و پێنجەکە بە هەمان شەرتە، ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت دەڵێی شەرت نییە بە هەمان شەرت بۆ دوای بیست و پێنجەکەیە، بەڵام من لێرە یەك شت هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وا نییە بیست و پێنجەكە نییە، بیست ساڵەكەیە قابیلی تەفاوزیشە، پێنج ساڵەكەیەو قابیلی تەفاوزە پاشی بیست ساڵ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(وإذا طلب المقاول فترة أخرى تمددَ تلقائياً بنفس الشروط والمعايير المثبتة في العقد لمدة (5) خمس سنوات اخرى)، یەعنی بیست و پێنج ساڵ، چۆن، خاڵی دووەمم/ دەڵێ ڕەیعەكە (ويتم دفعها بموجب المادة الحادية والاربعين من هذا القانون)، ئەگەر ئەزیەت نەبێت ماددەی چل و یەك دەتوانێت وەزیر كە من مەبەستم خۆی نییە، (إستيفاء الريع عيناً أو نقدا، كليا او جزئيا, ويجب دفعه إما شهرياً او فصلياً ووفق شروط العقد)، ئەگەر ئەو ماددەی چل و یەكە لێرە لاببەین، بۆ ئەوەی ئێمە لە دواییدا نەوەك گۆڕانكاریەكی تیا بكەین بۆ نموونە، ئەگەر لاببرێت خەلەلی تێ دەكەوێت لە نەصەكەدا، لە (د)دا باسی (دفع أجور سنوية للاراضي السطحية خلال مراحل الاستكشاف) یەعنی كە هاتە تەتویر ئیتر پێویست ناكات ئوجور بدات، ئەوە پرسیارە، هەر تەنها بۆ فەترەی ئیشتیكشافە، ئەگەر نەصەكەش چاك بكرێت ئەو شێوەیەی كە بەڕێزی گوتوویەتی (اذا أعتبر الوزير بأن العقد النفطي يتضمن مجازفات تجارية) ئەی نابێت وا بگوترێت، دەبێت بگوترێت (اذا أعتبر العقد النفطي يتضمن مجازفات تجارية كبيرة للوزير بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم تقليل نسبة الريع)، چونكە لێرە دوو جار وەزیر هاتۆتەوە، ئەگەر بڵێی (اذا أعتبر)، چونكە ئەو بەبێ موافەقەتی ئەوان نایكات، لە خاڵی سێیەمیش بە هەمان شێوە (اذا أعتبر العقد النفطي يتضمن فللوزير بعدا ستحصال موافقة مجلس الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو موافەقەی وەزیرو بەزم ڕەزمە تەواومان كردو باسمان كردو موافەقەمان كرد، ئەوە پێویست ناكات، ماددەی چل و یەك موافەقەتی مەجلسی ئیقلیمی لەسەرە، بەڵام نەگەیشتوونە ئەوێ، ماددەی چل و یەك باسی چی دەكات، دەڵێ ئەگەر بە نەوت وەرت نەگرت بە پارە وەریدەگریت بە عەینی سعر هەر باسی ئەوە دەكات، تەبعەن موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی لەسەرە، ئەو پێشنیارەی (دفع أجور سنوية للاراضي السطحية خلال مراحل الاستكشاف) بەڕاستی دوای ئیستیكشاف بڵێین (وتطوير)، چونكە هەموو ساڵەكانە، پرسیارەكەی تری لەسەر (ب) بوو ئەو پێنج ساڵەی كە ئیزافی بوو ڕاستە بە عەینی شروتە ومەعاییری دەڵێ، ئەو وەختە با بڵێین ئەگەر سعری نەوت بەرز بووبێتەوە، تۆ دەتوانیت حیصەكەی كەم بكەیتەوە، بڵێی تۆ عەینی نەتیجەت هەیە وەكو جاران مەجالت دەداتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن بـەش بـەحاڵی خـۆم ئەگـەر بـۆم بـڕوا بوایـە وام دەدیـت باشـتر بـەر لـەوەی پێویسـتیمان بـە عەقـدی موشارەکەی ئینتاج بوایە لەگـەڵ کەسـێك خۆمـان ئـەوەمان دەکـرد و بەرهـەمی ئینتـاجی خۆمـان دەرکـەین بەڕاستی، تەبعەن ئەو قازانجێکی گەورەی بۆ وڵاتەکەماندا بوو، نـەك لـەوەی بێگانـە بیخـوات بـە هـەر حاڵ ئێمە قسە لەسەر ئـەو خەیاڵـە ناکـەم، مـن مەقصـەدم لەوەیـە یـەك دوو خـاڵم هەیـە، بەشـێکی کـاك دکتـۆر تەوزیحی کرد بەڕاستی، بەڵام ئێستاش من قەناعەتم وایە ئەو مودەیە زۆرە، چونکە ئەگـەر کـۆی بکەینـەوە مودەی ئیستیکشاف لەگەڵ تەتویردا لەگەڵ ئیزافەکەدا دەکاتـە سـی و دوو سـاڵ، یـەعنی بەمـەجموع دەکاتـە سی و دوو ساڵ، سی و دوو ساڵ مودەیەکی زۆرە لە بەینی دۆزینەوەو لە بەینی تەتویردا، من پێم وایـە ئـەو بیستە بکرێتە پازدە ساڵ باشترەو تەئسیریش ناکاتـە سـەر موناف‌ەسـەی شـەریکات، چـونکە ئێمـە کاتێـك کـە باسـی ئیستیسـماڕی شـەریکات دەکـەین، شـەریکات موناف‌ەسـە دەکـات لـە بـەینی خۆیانـدا، ئەمـەش قەزیـەی نەوتـە، ئەمـە تـەنها شـەریکەیەکی مـردوو نابێـت لـە کوردسـتاندا دابنرێـت و بڵـێین ئینتـاجی نابێـت، یـان دەیبێت، هەموو شەریکاتی عالەمی چاك دەزانن نەوت نیسبەی چەندەو ئەسعاری چۆنەو ئـەرباحی چۆنەو سنەوی چۆنەو مودەی زەمەنیشی تەحدید دەکەن، پێم وایە موناف‌ەسەکەش لەلای ئـەوان وازیحـترە وەك لـە لای ئێمە، بۆیە من پێم وایە بیست ساڵ زۆرە، بەنیسبەتی ئەو رەیعەی کە دانراوە، من بـە قەناعـەتی خـۆم ئەوەی دکتۆر گوتی هێشتا قەناعەتم وایە هـەر دوازدەو نیـو دابنرێـت باشـترە وەکـو بەغـدا باشـتر دەبێـت و زیاتر خزمەتی ئێمە دەکات.

لە دووەمیان/ (اذا أعتبر المجلس الاقليمي بأن العقد النفطي يتضمن مجازفات تجارية كبيرة) تـا دێتـە سـەر ئەوەی کە (للوزير بعد استحصال موافقة المجلس الاقليمي)، ئەوها رێکتر دەکەوێت، چونکە هەموو عەقدەکە ئەساسە مصادقە لەلای مەجلیسی ئیقلیمی دەکرێت لە لای وەزیـر نییـە، چـونکە مەجلیسـی ئیقلیمـی ئـەوە دەزانێت کە ئەوە موجازەفەی تیایە، یان تیای نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فیعلەن ئەو ماددەیە ماددەیەکی فەنی بوو، زۆریش شـەرحی بـۆ کـرا لـە لایـەن جـەنابی وەزیـرەوە سوپاسـی دەکەین، ئێستا خۆشم باشتر تێدەگەم هەرچەند کامیل نییە تێگەیشتنەکەمان، ئـەوەش تەبیعییـە بـۆ هـەر ئەندامێکی پەرلەمان تەبیعییە تەسائولاتی هـەبێت، پرسـیاری هـەبێت زۆر تەبیعییـە، زۆر لـەو پرسـیارانە وەڵامەکەی روون بۆوە، هەنـدێك مەسـائیل کـە مەبـدەئێکمان دانـا لـە بیدایـەتی ماددەیـەکمان ئیزافـە کـرد، مەجلیسـێکمان دانـا مەجلیسـی ئیقلیمـی، مەسـئوولیەتی ئـەو مەجلیسـەمان تەحدیـد کـرد، لەبـەر ئـەوە ئۆتۆمـاتیکی لـە هـەر شـوێنێکدا لـە ماددەکانـدا ئـەو دەسـەڵاتەی کـە دامانـنـا بـوو بـۆ مەجلیسـی ئیقلیمـی بەوەزارەت درا بێت، یان بە وەزیر، یان دەکرێتە مەجلیسی ئیقلیمی، یان بە موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمی،

یەعنی ئەوە شتێکی تەبیعییە پێویست ناکات هەموو جار دووبارەی بکەینەوە، ئەوانە خۆی ئۆتۆماتیکی چاك دەکرێتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو ماددەیەی کە دەنگمان بۆدا، من لە (ث) ئەو (تلقائیاً)م پێ زیادە، ئەگەر شەتب بکرێت، هیچ پێویست ناکات، لە (د- دفع أجور سنوية للاراضي السطحية خلال مراحل الاستكشاف والتطوير) ئەوە ئیزافە دەکرێتن، لە (ر- الالتزام بدفع المبالغ المتفق عليها لتستخدمها حكومة الأقليم لدعم البيئة حصراً) (حصراً) ئیزافە بکرێتن، مادام صندوقەکە لا دەبەین لەبەر ئەوەی لەوێ هینمان کردووە، ئەو پارەیە حەصر بێت بۆ بیئە، لە دووەم/ ئەگەر وەزیر ئیعتبار بکات، یان وەزارەت ئیعتیبار بکات شتێکی ئیجرائی نییە، وەزیر ئیعتیبار بکات ئەو عەقدە نەفتیە موجازەفاتی تێدایە، یان وەزارەت بیکاتن، بەلاّم جوملەی تر (للوزير تقليل نسبة الريع) ئەوە (بعد موافقة المجلس الاقليمي) لەبەر ئەوەی لەگەڵ ماددەی چوار کە دەنگمان بۆدا ئەوها دەمێنێتن، دەکرێت (للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي)، لە سێیەم/ دیسان (اذا اعتبر الوزير) وەزیر ئیعتیبار دەکات جانیبە فەنیەکەیە، یان وەزارەت فەرقی نییە (يتضمن مجازفات تجارية قليلة، فللوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي)، ئەوانی تریش هەمووی تەبیعیینە، یەك پرسیار وەلاّمی پەخشان خان بدەمەوە باسی عقودی تری کرد، وابزانم لە شوێنێکی تردا ئاماژە کراوە عقودی خەدەمی هەیە، عقودی تیجاری هەیە، ئیداری هەیە، نەصب هەیە، لە شوێنێکی تردا باس کراوە، من ئەو ماددەی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و هەشت:

یەکەم: لە گرێبەستی نەوتدا مەرجەکانی پەیڕەو کراو دیاری دەکات، کە پەیوەستە بە گازی سروشتی بەیاوەرو گازی سروشتی بێ یاوەر، بەجۆرێك پەرەسەندنی گازی سروشتی لە هەرێمدا ئاسان دەکات.

دووەم: ئەو مەرجانە هەندێ خاڵی تێدایە، زۆرترین سوودی لە بڕەکانی زیادە لە گازی سروشتی بەرهەمهێندراو مسۆگەر دەکات، خاڵی دیکەش لە سووتانی گازی سروشتی کەم دەکاتەوەو بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەو کراو لەو پیشەسازیەدا.

سێیەم: بەپێی گرێبەستی نەوت وەزیر ڕێگای هەڵسەنگاندنی گازی سروشتی دیاری دەکات، یان بەهۆی ڕێنماییەکانی تایبەتی، بەجۆرێك دەبێ بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەو کراو لەو پیشەسازیەدا بێ و ئاستێکی بەرزی داهاتەکان بۆ گەل لە هەرێم و عێراقدا مسۆگەر دەکات.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والثلاثون:

أولا: تحدد في العقد النفطي الشروط المتبعة التي تتعلق بالغاز الطبيعي المصاحب والغاز الطبيعي غير المصاحب بحيث تسهل تطوير صناعة الغاز الطبيعي في الأقليم.

ثانيا: تحوي هذه الشروط على بنود لضمان المنفعة القصوى من الكميات الفائضة من الغاز الطبيعي المنتج، وبنود اخرى تقلل من اشتعال الغاز الطبيعي وطبقاً للمعايير الدولية المتبعة في هذه الصناعة .

ثالثا: يحدد الوزير طريقة تقييم الغاز الطبيعي حسب العقد النفطي أو بتعليمات خاصة على ان تكون وفق المعايير الدولية المتبعة في هذه الصناعة، وبحيث يضمن الحد الاعلى من العائدات للشعب في الأقليم والعراق.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەكە دەرنەبڕیووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو كاك دكتۆر نوری.

**بەڕێز د.نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا لە فەقەرەی سێ ئەو ﴿ أو ﴾ە لاببەین (يحدد الوزير بتعليمات خاصة طريقة تقييم الغاز الطبيعي حسب العقد النفطي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخەڵلاٌ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهيم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر ئەو پرسیارەم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە بەیاوەر و بێ یاوەر مانای چیە، ئەوە چ دەگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر غازەكە بە تەنیا بێت، ئەو موصاحب نییە، ئەگەر نەوتی لەگەڵ بێت ئەوە موصاحبە، یاوەری لەگەڵە، ئەوەی دكتۆر نوری گوتی زیادە لایدەبەین، دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سی و نۆ: وەزیر بۆی هەیە گرێبەستی خزمەتگوزاریەكان بەڕێوەبردنی كێڵگەكان دامەزراندن و ئامادەكردن و بنیاتنان و ڕاوێژكاری و هەرگرێبەستێكی دیكەی بەڕێوەبردنی سامانە نەوتیەكان لە هەرێمدا ئەنجام بدات، بەشێوەیەكی كاریگەرو ئەو گرێبەستانە خاڵەكانی هاندان لەخۆی دەگرێ بۆ هاندانی بەڵێندەر، بۆ ئەنجامدانی كارو تەواو كردنی بەماوەیەكی كەم و هێنانەدی ئامانجەكان كە بەهایەكی بەرزی هەیە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة والثلاثون: للوزارة إبرام عقود الخدمات وادارة الحقول والنصب والتجهيز والبناء والاستشارة واية عقود اخرى لادارة الثروات النفطية في الأقليم بشكل فعال وتتضمن هذه العقود على بنود تشجيعية لحث المقاول على انجاز العمل واكماله بفترة قياسية وتحقيق اهداف ذات قيمة عالية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیەی دەرنەبڕیووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەو جوملەیە ئیزافە بکەن (للوزير بموافقة المجلس الاقليمي)، چونکە عقودی تێدایە نەصب و تەجهیزو بیناو هین و ئەوانە، بەڵام ڕەئی جەنابت فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە پێویست ناکات، دەتوانیت بڵێی (للوزارە) چونکە ئەمانە عەقدی بچووکن، تۆ ناتەوێ هەموو جار را بکەیت بۆ ئەوەی بزانی ڕەئی وزەرای تیایەو کۆبکەنەوە بۆ سەد هەزار دۆلار و شتی وا، ئەمانە عەقدی بچووکن، ئەمە پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیکەنە (للوزارة)، وایە راست دەکەیت (للوزارة ابرام العقود)، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە من باسم کرد گوتم هیچ نەوعە عەقدێکی تیا نییە غەیری موشارەکە، مەبەستم ئینتاج بوو، ئەمە ئەگەر مولاحەزەی بکەن، خۆشی جەنابی وەزیر گوتی ئەمانە عەقدی بچووکن، هەموو عەقدەکان (واية عقود اخرى لادارة الثروات النفطية) مەبەستی ئیدارەیە لێرە، عیلاقەی بە ئینتاج و پێشی ئینتاج تەتویرو ئیستیکشاف و تەتویرو ئەوانەوە نییە، مەبەستەکەم ئەمە بوو حەزم کرد لێرە روونی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە پەخشان خان، منیش تۆزێك مەعلوماتم پەیدا کرد لە نەتیجەی ناچاری موتابەعە، بەڕاستی لێم نەدەزانی لە نەدوات و ئەوانە، عقودی خەدەمی ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت، کە موشارەکەی ئینتاج بێت، ئەگەر تۆ شتێکت هەبێت، ئەساسێکت هەبێت، ئینجا داوای خەدەمات بکەیت لەگەڵ شەریکەیەکی تردا داوای لێ بکەیت مەکائینت بۆ بێنێت، پێکەوە موشتەرەك بن و ئەوانە، ئێمە هیچمان نییە، لە بیدایەت هیچمان نییە، کە هیچمان نییە، ئەو عقودانەی تر ئەوەی فەرعین، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چل تکایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**سيستەمی باج**

**ماددەی چل:**

**يەكەم: بەڵێندەرو كەسی رێپێدراوو هەر كەسێك پەيوەندی بە پرۆسەكانی نەوت هەبێ، پێويستە باجی داسەپاو لەلايەن حكومەتی هەرێمەوە بدەن لەوانەش:**

**أ- باجی رووی زەوی.**

**ب- باجی دەرامەت.**

**پ- باجی دەرامەتی كۆمپانياكان.**

**ت- رەسمی گومرگ و هەر باجێكی ديكەی هاوشێوە.**

**ج- باجی قازانجەكانی لەناكاو، يان باجی زێدە قازانجەكان.**

**ح- هەر باجێكی ديكە وەرگيراو، يان دەدرێت وەك رەسمەكان بەپێی گرێبەستی نەوت.**

**دووەم: لە گرێبەستی نەوتدا بەرپرسياريەتی بەڵێندەر بۆ دانی باجەكان تۆمار دەكرێت، ئەوەش جێ بەجێ دەكرێت سەرەڕای بوونی هەر پابەند بوونێك، كە گەڕانەوەی دەكەوێتە ئەستۆی حكومەتی هەرێم بۆ دانی ئەو باجانە لەجياتی بەڵێندەرو دەركردنی باوەڕنامەی باج بۆ بەڵێندەرەكە بۆ ئەم مەبەستە.**

**سێيەم: دەكرێ لە گرێبەستی نەوتدا لە باجدانی بەڵێندەر خۆشبن و سەقامگيری دارايی و باج مسۆگەر بێ.**

**چوارەم: باجە داسەپاوەكان لەلايەن حكومەتی هەرێم، تەنيا ئەو باجانەن كە بەسەر پرۆسەكانی نەوت پيادە دەكرێ.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**النظام الضريبي**

**المادة الاربعون:**

**أولا: يتحمل المقاول والشخص المخول وكل من له علاقة بالعمليات النفطية دفع الضرائب المفروضة من قبل حكومة الأقليم بما فيها:**

**أ- ضريبة الاراضي السطحية.**

**ب- ضريبة الدخل.**

**ت- ضريبة دخل الشركات.**

**ث- الرسوم الكمركية واية ضرائب مماثلة أخرى.**

**ج- ضريبة أرباح مفاجئة أو ضريبة أرباح أضافية.**

**ح- أية ضريبة اخرى تجبى او تدفع كرسوم بموجب العقد النفطي.**

ثانيا: تدون في العقد النفطي مسؤولية المقاول لدفع الضرائب ويطبق ذلك رغم اية التزام من قد يقع على عاتق الحكومة الاقليم لدفع تلك الضرائب نيابة عن المقاول واصدار شهادات ضريبية للمقاول لهذا الغرض.

ثالثاً: يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي وضمان الاستقرار المالي والضريبي.

رابعاً: الضرائب المفروضة من قبل حكومة الاقليم هي الضرائب الوحيدة التي تطبق على العمليات النفطية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی چل نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە سێیەم زیادە، ناكرێت ئەوە، چونكە ئیعفای مقاول دەبێت بە قانون بێت، نابێت لێرە ئەو ڕێگایە بكەینەوە (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي) ئەوە هەم زیادەو هەر ناشكرێت قانونییەن، ئەگەر جەنابی وەزیر موافیقە ئەوەی شەتب بكەین، بۆ ئەوەی دەرگای بكەینەوە بۆ موناقەشە، دەڵێ نابێت (يجوز إعفاء) لێرە دابنێین، چونكە ئەوانی تر زەعیف دەكات، هەموو زەریبەكانی كە داتناوە زەعیفی دەكات، كە مەجالت داوەتێ موفاوەزەت لەسەر بكات، بڵێ دەسەلآتت هەیە ئەوانەم لێ عەفو بكە، ئەوە خراپە، خیلافی دەستووریشە، دەستوور دەڵێ عەفو كردن لە زەریبەو قانون، لە زەرائیب دەبێت بە قانون بێت، یەعنی قانون تۆ فەرزی زەریبەیەك دەكەیت، عەینی قانون دەڵێ (يجوز اعفاءه) نابێت، چۆن دەبێت، دەبێت (لا يجوز) بێت، تۆ لە بڕگەی یەكەمدا فەرزی زەرائیبت كردووە، لە بڕگەیەكی تردا دەڵێ (يجوز اعفاءه)، ئەوە نابێتن، دەبێت بە عەكسەوە بڵێی (لايجوز اعفاءه الا بقانون)، بەڵێ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبەبێكی جەهەوری بۆ دامانناوە، ئەگەر تۆ زەریبە دانێیت لەسەر مقاول لە عەقدەكە، ئەو زەریبەكە دەدات موشكیلە نییە، بەلآم لەسەر تۆ حیساب دەكات، چونكە دەزانێ ئەو بەدوای هینەوە دەگەڕێ، بڵێ زەریبە لە $10\%$ دەدەیت، بابڵێین لەسەر تۆ حیصەكە بەرز دەكاتەوە، باشە ئەوە قەیدی ناكات، بەلآم زۆربەی وڵآتان بەتایبەتی ئەمریكا، چونكە شەریكاتی نەوت زۆرە لەوێ، ئەگەر ئەم ئیعفایەی بدەیتێ، وەكو بڵێی ئەو زەریبەی داوەتێ لە وڵآتەكەی خۆی زەریبە نادات، مانای وایە سافی كە هەیە لێرە هەمووی دەچێت بۆ خۆی، لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین كەمتری بدەینێ، ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر بە قانون حەقمان نەبێت وا بكەین، ئەو نەزانێت كە نیەتمان ئەوەیە كە زەریبەی لەسەر دانێین، داوای حیصەی زۆرتر دەكات لە ئەرباح، ئێمە لەبەر ئەوە دامانناوە تەشجیعی بكەین بڵێین مەترسە، ئێمە باشە حیصەی كەمت دەدەینێ بۆ ربح بەلآم زەریبەت لەسەر دانانێین، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین كە دەگەڕێیتەوە بۆ وڵآتەكەی خۆت تۆ زەریبە نادەیت، چونكە ئێمە گوتومان ئێمە زەریبەمان داوە لەبەر تۆ، جا لەبەر مقاولەكەیە، لەبەر خۆمان

بەڕاستی، ئەمە وەکو سیلاحە بەکاری دەهێنین، دەڵێ چونکە تۆ زەڕیبە نادەیت لە وڵاتەکەی خۆت، چونکە ئێمە ئەو ئیعفایەمان داوە بە تۆ، دەبێت ئێمە بەشدار بین لە هینەکە، حیصەی تۆ کەم بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو زەڕیبەیە ئەگەر وەربگرین، دەچێتە خەزێنەی ئیقلیم، یان دەچێتە ئەو سندوقە موشتەرەکە، ئەو زەڕیبەی کە وەردەگرین لێرە دەچێتە مەحەلی، بزانێ نەصی قانونی چ دەڵێتن، نەصی دەستووری عێراقە (لاتفرض الضرائب والرسوم ولا تعدل ولا تجبى ولا يعفى منها الا بقانون)، ئێستا ئێمە بە قانون فەرزی دەکەین، بەڵام ناکرێت لە عەینی قانوندا تۆ لە بڕگەی یەکەم فەرزی دەکەیت، لە بڕگەی دووەم دەرگای بکەیتەوە بە (يجوز) حەل نابێت ئەوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ئەو فەقەرەیە لاببەین، یان تەعدیلی بکەین لە عەقدا لەگەڵ مقاولەکە دەتوانین زەڕیبە تەتبیق نابێت لەسەرت، یان تۆ عەفوی لە زەڕیبە، ئەگەر ئەم فەقەرەیە نەبێت، ئایا تۆ دەتوانیت، ئەمە موهیم نییە ئەگەر لێرە بێت، یان لێرە نەبێت، بەڵام موهیمەکە ئەوەیە ئێمە لە عەقدەکە بڵێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاشتی ئەگەر ئیجازە هەبێت، ئێمە لە عەینی کاتیشدا بە مقاولەکە بڵێین زەڕائیب هەیە، دوایێ مەجالیشمان هەبێتن صیغەیەکی مەتاتی عام بنووسین (تنظم فرض الضرائب على المقاول او الشخص المخول بقانون)، یەعنی تۆ دوایی پێی دەڵێی ئەوە بە قانون زەڕیبە هەیە، تۆ تەفسیلات دادەنێیت لە زیمنی ئەوە دەتوانیت موفاوەزات بکەیت و دوایێ ئەگەر پێویستی کرد بە مەشروعێك دێیە ئێرە بۆ فەرزی ئەو زەریبانە بە تەفسیلات و زیاتر تێگەیشتنی، کاك شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە قانونی ئیستیسمارِ ئیعفای زەریبیماندا هەموو شەریکاتی ئەوانەی دێنە ئێرەو ئیعفائاتەکانیش بە تەدەروج لە قانونەکە هاتووە بۆ ئەوەی جەلبی شەریکات بکەین، ئەمە یەك، ئەمەش هەر هەمان شێوەیە دەبێت تەعامولەکە تۆزێك مورونەت بنوێنێت سەبارەت بە زەڕائیب بۆ شەریکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئێمە هەدەف و ئەو پەلە پەلەیەو ئەو هەمووە، بۆ ئەوەیە شەریکات حافزێکیان بدەینێ، بۆ ئەوەی بێن بۆ کوردستان، بێت بۆ ئێرە، وەك بەڕێز کاك شێروان ئیشارەی پێ کرد لە قانونی ئیستیسمارِ

ئەوەمان کردووە، لێرەش لەناو قانونەکە دیار بێت، لێرە زۆر زەرورە، بۆیە ئومێدەوارم جێی خۆی بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ نالێت عەفوی بکەن، ئەوە دەڵێ تەحەمول دەکات، هەموو هینەکە لەسەر ئەوەیە دەڵێ ئەو زەریبەیە فەرز بکرێت، ئەوانە فەرز دەکات، بەڵام دەڵێ ئیمکان هەیە عەفوی بکەیت، کاك بەکر فەرمووو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (40)دا لە یەکەم لە فەقەرەی یەك/ کۆمەڵێ زەرائیبی داناوە، زەرائیبەکان تەحدید نەکراوە، جەنابی وەزیریش باسی کرد، بۆ ئەوەی بەرزی بکاتەوە، یان نزمی بکاتەوە لە حاڵەتی دووەمەکە (یجوز)، من پێم باشتر بوو کە ئەو زەریبانە تەحدید بکرێت، ئەمە نیسبەیان هەبێت.

دووەم/ بەنیسبەت ئەو فەقەرەی سێهەمەوە، یەعنی موبەریرەکەی دەڵێ زەمانی ئیستقلالی مالی و زەریبی، تەبعەن من حەز دەکەم یەك شت هین بکەم، کاك شێروان قسەیەکی جوانی کرد، کە دەڵێ ئێمە دەمانەوێت جەلبی ئیسیتسمار بکەین و لە قانونی ئیستیسمار ئیعفای زەرائیبمان کردووە، بەڵام من پێم وایە قانونی نەوت فەرقی هەیە لەگەڵ قانونی ئیستیسماردا، لەبەر ئەوە من تەنها شتێکم هەیە لە جەنابی وەزیر داوا بکەم، کە ئایا موبەریرەکە تەنها ئەوەیە زەمانی ئیستیقلالی مالی و زەریبیمان بۆ روون بکاتەوە، لەو حاڵەتەدا کە دەڵێت (یجوز)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئاشتی قسەیەکی راستی کرد، بەڵام نەتیجەی قسەکەت ئەوە نییە کەوا دەنووسیت، تۆ دەتەوێت شەریکاتەکە تەشجیع بکەیت، کە بێن و ئیعفایان بکەیت لە زەریبە، ئینجا پێویست ناکات بیانترسێنی بڵێی ئەو هەموو زەریبەتان لێ وەردەگرم، دوایێ هین دەکەم هەر دایمەنێ، هەر ماددەکە هەمووی زێدەیە، هەر باسی مەکە لە قانونی ئیستیسماڕدا لە زەرائیب عەفومان کردووە، لە گومرگ و لە فلان شت و فلان شت و ئەوانە، هەر بەو شێوەیە ئەو ماددەی هەمووی زێدەیە بەڕاستی، بۆ فەرزی زەڕائیب بکەیت و دوایێ هینی بکەیت، هەر ماددەکە لاببەین و ئیعتیادیەن تۆ تەشجیعی ئیستیسماڕ دەکەیت پێویست ناکات زەڕیبەی، لە وڵاتانی تر چۆنە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسمێکیان هەیە تەحدیدیان دەکات، بەڵام مقاول حیسابی تەقدیری زەڕائیبەکە دەکات لە بیدایەتەوە، کە دەچێت بۆعەقدێك حیساب دەکات من چەند زەریبە دەدەم، ئەو زەریبەیە پارە نییە بۆ ئەو دەچێتەوە بۆ حکومەت، ئەگەر تۆ پێی بڵێی ئیحتیماله زەریبەت هەبێت، ئەو تەقدیر دەکات بۆ خۆی دەڵێ وەڵڵا لە 20٪ دەبێت، لەبەر ئەوە داوای لە 20٪ی ربح زیاتر دەکات، جا بۆ مەسڵحەتی ئێمە نییە، نیەتمان نییە لە

20٪ی لێ وەربگرین، تۆ لە (20٪)ەکەت زەرەر کردووە پێش ئەوەی دەستت پێ کردبێت، جا لەبەر ئەوە مەسڵحەتی ئێمە نییە، خۆ دەتوانیت بیگۆڕیت، چونکە دەڵێ ئەگەر گۆڕا دەتوانی زەریبەی لەسەر دانێیت شتێکی تری بدەیتێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونی نەوتی عێراقی کە ئێوە ئیتیفاقتان لەسەر کردووە، ئەو خاڵە چۆن باس کراوە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە وەکو هەموو شتێکی تر قانونی بەغدا زۆر خەلەلی تیایە نەگەیشتینە ئەو مەرحەلەیە، نەیانویست باسی زەریبە بکەین، قانونی بەغدا بەداخەوە ئێستا مەرحەلەیەك نییە، کە بیخەیتە بەردەم کەسێکەوە بڵێی ئەمە بۆ ئیستیسمار باشە، ئەمە بۆ ئیستیسمار باش نییە، ئەم موناقەشەیەمان بەتایبەتی لە لیژنەکە گوت ئەمە بۆ مەسڵحەتی وڵاتەکەیە کە ئاشکرای بکەین نیەتمان چیە بۆ زەرائیب، ئەوانیش گوتیان دەبێت قانونی زەریبەی خۆی بۆ دەرچێت، یان وەکو لە وەزارەتی مالیە باسی دەکەین، بەڵام نەگەیشتینە ئەو مەرحەلەیە، با بزانین زەرائیب چۆن تەعامولی لەسەر دەکرێت، ئەمە نوقتەی جەوهەریە بۆ شەریکات دەبێت بزانن نیەتمان چیە بۆ زەرائیب، زەرائیبی تر هەیە ئەوانەی کە دامانناوە لە پێشەوە، موهیم نییە، ئەمە زەریبەی ئەرباحی خۆیانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت لە پرۆژەی نەوتی عێراقدا زەریبەی خستۆتە سەر شەریکەی وەتەنی عێراقی، بەڵام بەنیسبەت موستەسمیری ئەجنەبی وا هاتووە دەڵێ (لحامل التراخيص تحويل ارباح ثابتة تأتي من اعماله الخارجية بعد دفع الضرائب المستحقة عليهم وفق القانون)، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەعمولە لە هەموو عالەمدا عادەتەن کە شەریکەیەك دەست دەکات بە ئیش کردن، لەو کاتەی کە ئینتاجی دەبێت هەتا کۆستەکەی، هەتا ئەو پارەی کە تێی دەچێت، ئەوە زەریبەی لێ ناسەندرێت، کاتێك کە مەسروفات هەمووی دەرچوو، ئەوسا زەریبە دەست پێ دەکات، یەعنی ئەگەر بیست ساڵ بێت ئیحتیمالە بۆ دە ساڵی یەکەم، چونکە پارە دەفع دەکات، یەعنی ئەو پارەیە هەڵدەگرێتەوە کە ئەو پارەی سەرفی کردووە، هەتاکو کۆستەکە تەواو نەبێت زەریبە دانانرێت، کە زەریبەش دادەنرێت بەڕاستی دەبێت تەسیهلات بکرێت، ئێمە هەتاکو ئێستا موشکیلەمان هەیە دەبێت خەڵك تەشجیع بکەین بێتە کوردستان ئیستیسمار بکات لە قانونی ئیستیسماریشدا ئێمە تەشجیعی شەریکاتمان کردووەو تەسهیلاتمان کردووە، لێرەشدا دەبێت بیکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابت ئەگەر پێشنیارت هەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیاتی ئیعفا ئەگەر بیکەین بە قەراری مەجلیسی وزەرا لە عەقدەکە ئەگەر بڕیار درا، نەك لیژنەکە مەجلیسی وزەرا بڕیار بدات کە ئیعفای زەرائیب ببێت، تەحەمولی زەرائیب بکات، نەك ئیعفا تەحەمولی زەرائیب بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیعفای زەرائیب دەبێت بە قانون بێت، مەجلیسی وزەرا پرۆژە دەنێرێتن بۆ ئیعفایەکە دەبێت قانونی بۆ دەربچێت، تەحەمولەکەی مەوزوعێکی ترە، پارەکەی دەدات، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازێکی مامناوەندیم پێیە، تەنیا ئەوە ئیزافە بکەین (لمدة لاتتجاوز عشر سنوات بقرار من مجلس الاقلیم)، مەبەست لێرەدا ئێمە سەرەتا هانیان دەدەین بێن بۆ ماوەی دە ساڵ مەعفون لە زەرائیب ئەویش بە بڕیاری ئەنجومەنی هەرێم، پاش ئەوەی کە جێگیر بوون لێرە، دەتوانین داوای زەریبەیان لێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر بڕگەی دوو و سێ قسەم هەیە، یەك/ لەوەی دوو کە دەڵێت ئەو باجە دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێم وا تێگەیشتووم حکومەت دەیدات لە جیاتی بەڵێندەرەکە، یەعنی ئەمە لە پای چی، ئەو پارەیە پارەی حکومەت نییە، پارەی میللەتە حکومەت دەیدات، ئەو باجە بۆ بدات.

خاڵی سێیەم/ بەڕاستی من لێرە یەك هینم هەیە، ئێمە بۆ بەڵێندەرو ئەو کۆمپانیایانە حەوت ساڵ دەیهێنین کەشف بکات، بیست ساڵ نەوتەکە دەبات لە 10٪ی موڵکەکەی لێ دەسێنین زەریبە نەدات، یەعنی بەڕاستی ئێمە بە حەقی میللەت شتێکی زۆر، من داوا دەکەم هیچ مرونەتێکی تێدا نەبێت، دەبێت باجی خۆی بدات، زۆر فەرقی هەیە شوبهاندنی بە یاسای ئیستیسمار، یاسای ئیستیسمار ئەو دێت پرۆژەی سەکەنی دەکات، ئەو دێت پارەی خۆی دێنێ و مەعمەل دروست دەکات، ئەمە نەوتەکەی تۆ دەبات خەڵك خانوویەکی هەیە دەیدات بەکرێ بە هەزار دینار تۆ باجی لێ دەسەنی، بەلأم ئەو  ئەو هەموو ملیۆن دۆلارەی تۆ دەبات باجی لێ ناسەنی، یەعنی من داوا دەکەم هیچ مرونەتی لێ نەکەین و باجی خۆی لێ بسەنین و چونکە ئەوە پارەی میللەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی کوێستان خان دەکەم، چونکە لە خاڵی دووەمدا باس نەکرا بەهیچ نەوعێك، من بەڕاستی خۆشم زۆر دڵم خۆش بوو کە ئەوەڵەنم بینی، گوتم شوکر ئیتر حکومەت زەریبە دەسەنی لەو شەریکاتانە، بەڵام دەرکەوت لە خاڵی دووەم دەڵێ بەس دەنووسرێت لە عەقدەکەدا، حکومەتیش خۆی دەیدات، دواییش دەڵێن بودجەکە بەشمان ناکات، خەلەلمان هەیە لە بودجە دەچین ئەوەش دەخەینە سەر ئەستۆی خۆمان و شەهادەشی بۆ دەردەکەین پێی دەڵێین وەڵلا داویەتی، ئەوە درۆ کردنە لەگەڵ خۆشمان و لەگەڵ خەڵکیشدا، یان ئەوەتە پێی دەڵێین نایدەین بەهیچ نەوعێك ئیعفا کراوی لە ئەوەڵەوە هەتا ئاخیر وەرە بیبە، هەر هەمووی بەرە، یان ئەوەتە لە ئەوەڵەوە مەینووسە لە دواییدا بڵێی حکومەت پارەکەی دەدات، حکومەت پارەی لەکوێ بوو، غێر لە قووتی میللەت دەیدات، هیچ مرونەتێك نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نابێت لێرە موقارەنەی قانونی نەفت لەگەڵ قانونی ئیستیسمار بکەین، ئیستیسمار فیعلەن مەزایەمان زۆر دایتە ئەجنەبی و عێراقی و کوردستانی بێن لە کوردستان پارەی خۆیان بێنن ئیستیسمار بکەن، ئەوە وەزعێکە تەشجیعیان دەکەن، کە ئەوان خۆیان موڵکی خۆیان دەهێننە کوردستان ئیستیسمار بکەن، بەڵام لێرە لە قانونی نەفت، نەفتەکە هی خۆمانە، ئەو زێڕە موڵکی میللەتە بەو وەزعەی بە ئاسانی بیاندەینێ و فەرموو بڵێین وەرە نەفتی ئێمە ببەو عەفوی لە هەموو زەرائیب، ئەوە هیچ بە شتێکی مەنتیقی و مەعقول و ئوصولی نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو دوو فەقەرەی هەردووکیان ئیلغا بکرێت (ثانیا وثالثا)، بەتایبەتیش مەشروعی قانونی نەفتی عێراقی کە ئەو مەشروعە لە ماددەی (41) ئیشارەتی بە وازیحی دەدات دەڵێ (تلتزم شركة النفط الوطنية العراقية والشركات التابعة لها وحامل تراخيص التنقيب والتطوير والانتاج باداء مايأتي:

أ-الريع.............

ب- الضرائب وفق القانون.

ج- الرسوم الگمرگيه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من چەند تێبینیەكم هەیە، لەوانـە ئەوەلـەن نسـەبی زەرائیـب لێـرەدا دیـاری نـەكراوە نیسـبەكەی چەندە كە وەردەگیرێت.

دوو/ لە زنجیرەی (ث- الرسوم الكمركية) بەپێی دەستوور و زۆربەی زەریبەكان بەپێی ئەو قانونەی ئێستاكە لە عێراق تەصدیق كرا لە ئەنجومەنی نوێنەران زەرائیب و گومرگ هـەمووی دەچـن بـۆ خەزێنـەی عێـراق نایەت بۆ خەزێنەی حكومەتی هەرێم بەپێی قانونی ئێستا.

سەبارەت بەوەی سێیەم/ مەسەلەی جەوازی ئیعفای مقاول، ئەگەر لەوەدا (يجوز اعفاء المقـاول مـن الضـرائب في العقد النفطي وفق القانون الضريبي في الاقليم) پێم وایە ئیشكالەكە حەل دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە مـاددەی (40) سـێیەم/ دەڵـێ (يجـوز اعفـاء)، یـەعنی فـەرزی نـەكردووە ئـیلا عـەفو بكرێـت، مرونـەتێك دەداتە شەریكەی نەوتی كوردستان، كە تەفاوز بكاتن، هەم ئەو شەریكەیەی دێت زەریبە بۆی دابنرێـت، یـان دانەنرێت، چونكە دەڵێت (يجوز) ئیحتیمالە زەریبەش بۆی دابنرێت، ئەمە یەك.

ئینجـا لێـرە بـە رەئـی مـن ئێمـە هـەموومان دەزانـین لـە كوردسـتان ئیحتیاجمـان بەوەیـە شـەریكات بێـت، شەریكات بێت حافیزێكیان بدەینێ و بێن نەوت دەر بكەن، كـە كوردسـتانیش لێـی سـوودمەند بێـت، ئەگـەر بەم شكلە نەبێت ئیحتیمالە زۆر دوابكەوێتن زۆر زەرەری لێ بكەین، ئەمە یەك.

دووش/ لە جەنابی وەزیر پرسیارێكم هەیە دەڵێ (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطـي وضـمان الاستقرار المالي الضريبي)، ئەگەر ئەم دوو نوقتەی بۆمان شەرح بكەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن من هینێك دەكەم، لێرە (يجوز) نابێت، میسالێكتان بـۆ بێنمـەوە، مـن وەزیـری مالیـە بووم پڕۆژەیەكمان تەقدیم كرد بۆ زەریبەی عەقار، شەش مانگ موناقەشەمان كرد، تـا بـوو بـە قـەرار ئـەو وەختی ئیدارەی سلێمانی بـووم بـە ئیمـزای سـەرۆكی هـەرێم دەرچـوو، یـەعنی قـوەتی قـانونی هەیـە وەكـو ئێستا، دوایێ لە وەزارەتی مالیە حاڵەت هەبوو پێویستی بـەوەی دەكـرد عـەفوی بكـەین، دەسـەڵاتی وەزیـری مالیە نەبوو لە قانونیەكانم پرسـی نـەمتوانی عـەفوی بكـەم پارەكـە زۆر نـەبوو، یارمـەتیم سـەرف كـرد بـۆ ئەوەی بچێتن زەریبەكەی بداتن، پێم نەكرا عـەفوی بكـەم، نـە رەئـیس وزەرا پێـی كـرا عـەفوی بكـات، مـام جەلالیش لە سەفەر بوو، وەكو سەرۆكی هـەرێم پـڕۆژەی تەقـدیم بكـەین ئیسـتیسـنای بكـات عـەفوی بكـات، بۆیە كاك فرسەت كە مولاحەزەیدا دەڵێ عـەفو لـە زەریبـە بـە قـانون نـەبێت نابێـت، راسـتە نـاكرێتن لێـرە بنووسین (يجوز)، (يجوز) نییە كێ ئەوەی دەكاتن، رەئیس وزەراش ناتوانێت بە (يجوز)ەكە عەفوی بكات لـە زەریبەیەك لە پەرلەماندا قەراری بۆ دراوە، بۆیە ئەو جوملەیە بـە (يجـوز)ەكـە بـە قـەراری قـەتعی نابێـت، تـەناقوز هەیـە لەگـەڵ ئـەوەی یەكـەم، تـۆ لـە یەكەمـدا فـەرزی زەریبەیـەك دەكـەیت، قـەراری زەریبەیـەك

دەدەیت لە جیهەتێك، لە دووەمدا دەڵێی (یجوز)، ئەو (یجوز)ەش دەبێت ئێمە قەراری بدەین، دەبێت بە قانون بێتن، نەك بە کەلیمەی (یجوز)، لەبەر ئەو سێیەم هەمووی هەر زیادە، کاك کەریم دەڵێ (یجوز)ەکە لە ئاخیرەکەی دەڵێت (بقانون)، یەعنی بیکەیە پرۆژەیەك بۆ ئێمە تەقدیمی بکەیت (یجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي وضمان الاستقرار المالي والضريبي بقانون)، هیچ حەلی تر نییە، زەریبە کە بە قانون فەرز کرا، بە قانون نەبێت لانادرێت، ئیعفا ناکرێت، پارەی پا بدات، نابێت لێرە بڵێی بنووسرێت، لێرە نابێت شتی وا، دەزانی چیە ئەوە لێرە غەڵەتێکی زۆر گەورە دەکەن، ئەگەر شتی وا بکەن، یەعنی بۆ ئەوەی حەزبی هەین بکەن پارەکەی بدەن لەلایەکەوە فەرزی بکەن، بۆ مەعلوماتیشتان کە لەوان وەردەگیرێتن لەگەڵ تەسجیلت کرد دەچێتە حکومەتی مەرکەزی بە قانون بە دەستوور وایە، دەستووری عێراق زەرائیب لەسەر ئەو موستەسمیرانە گومرگ، زەریبەی دەخل هەموو زەریبەکان غەیری رسوم دەربچێتن لە موازەنەدا حیساب دەکرێت لەسەرمان، هەندێکیان جیاوازی کراوە، هەندێکیان دەخل زەرائیب گومرگی داخیلی نا، گومرگی خارجی هەمووی دەچێتە حکومەتی مەرکەزی، ئەو رۆژەی وەزیری مالیە بۆمان شەرح کرد، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە فەرزی زەریبە بکەین لەسەر شەریکات نابێتە هۆی ئەوەی کەوا شەریکە نەیێتن، چونکە شەریکە شەریکاتی روحی و ئیحتیکارینە، کاتێك کە دەزانن زەریبەیان لێ دەسەندرێت سعری زیاتر تەقدیم دەکەن، کە تەقدیریان کرد مەسەلەن ئێوەش لەگەڵ هەرێم ئیتیفاقیان لەگەڵ دەکەن بەپێی ئەو ئیتیفاقیە، کەواتە بۆ ئێمە تێبگەین کە ئێمە زەریبەی لێ وەربگرین نایەن، بۆ نایەن لەجیاتی لە 10٪ لە 11٪ی داوێنە سەری، ئەوانە قەت زەرەر ناکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو جانیبەکەی هەیە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئکیدەن بۆ ئەو قسەی مامۆستا کاکە، پێش ئەوەی حکومەتی عێراق برووخێ شەریکەیەك هاتووە لە کۆیێ موغامەرەی ئیش دەکات، باشە ئێمە ئێستا فیدراڵین و حکومەتی عێراق رووخاوە، چۆن ئەو کاتی کیانمان نەبوو شەریکە دەهات ئیشی دەکرد، چۆن ئێستا نایەت، ئەوە بەڕاستی وا دەکەن ئێمە داوای کەسێك بکەین نوێنەری حکومەت بێت دیفاع لە حکومەت بکات، ئێمە هەموو دیفاع لە کۆمپانیا دەکەین، چۆن دەبێت زەریبە نەدرێت، چونکە ئەوە موڵکی شەعبە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، ئەوە رەئی بوو، دوو شتی موتەناقیز هەیە لەلایەکەوە کە باسی نەوت دەکەین، یەکسەر دێتە پێش چاومان سعری بەرمیلی نەوت ئەوە گەیشتۆتە هەشتا دۆلار، ئینتاج لە کوردستان مومکینە بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل، ئەو شتە دێتە پێش چاومان لە بیرمان دەچێتن ئێمە لە سەرەتاین هێشتا هیچ شتێکمان نییە، ئەو شەریکەی کە دێت لێرە ئیش دەکاتن، ئەو شەریکەیە، ئەو مقاولە کە دێت لێرە ئیستیسمارِی نەوت دەکاتن، ئیحتیمال هەیە ئەو وەرِقانەی کە گیرا راست بێتن، مومکینە فیعلەن بەزووترین کات نەوتەکە دەربێتن و ئینتاجەکەی بکاتن و قازانجەکەی زۆریش بکاتن، ئیحتیمالی عەکسەکەشی هەیە، رەنگە سالێك ئیش بکاتن، ئەو نەوتەی کە دەردەهێنێت نەوتێکی تیجاری دەرنەچێت، یاخود خەلەلی تێدا بێت، یان شتێکی تێدا بێت، ئەو هەموو پارەی سەرف کردووە هەمووی بە بەلاش دەرِواتن، خۆ حکومەت چ تەعویزیش ناداتن، دیراسات دەکرێت، شت دەکرێتن لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر بێتو ئیمتیازاتی نەدەیتێ، بێجگە لەوەش، ئەمرِۆ ئیمکان هەیە بێن لە کوردستان ئیستیسمارِ بکەن، ئەو ئیمکانە رەنگە سبەینێ کەم بێتەوە، لەبەر ئەوە وەکو وەزیری باسی کرد، ئەو فورستە دەبێت لە دەست نەدەین بەشێوەیەکیش حەقی نەوتی خۆمان نەخورێتن بە هین نەرِوات، بۆیە یەعنی قەناعەتم وایە ئەو صیغەیەی لە بەغدایە هاتووە مەتاتی ترەو فراوانترە، مەجالیش دەداتێ دوایێ موعالەجە بکاتن، بابزانین لە بەغدا چۆن موعالەجە دەکرێت (تفرض ضرائب بقانون) وەکو ئەو صیغەیە هاتووە رزگارمان دەبێت لەو ئیشکال و شتانە بەرِاستی ئەگەر موافەقەت بکاتن، یان ئەوەی بە قانون ئیزافە بکەین لە ئاخیرەکەی، با بزانین جەنابی وەزیر چی دەلێ.

**بەرِێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ مولاحەزە، یەکەم/ ماددەی 110 لەدەستوور حکومەتی ئیتیحادی سەلاّحیاتی نییە لەسەر زەرِائیب لە کوردستان، تەنیا گومرگ، ئەویش کۆی ناکاتەوە رەسمی سیاسە دادەنێت، ئێمە ئیستیشارەمان وەرگرتووە لە شەریکاتە لە عالەما بۆ زەرِائیب تەتبیقی ئەوە لە کوردستان، لێرە تەتبیق نییە، ئیمکانیشیان نییە کە بتوانن زەریبە دانێن لەسەر عقودی نەوت بۆ ئێمە، ئێمە دەتوانین ئەگەر موشکیلەی قانونیە، تەبعەن ئێمە ناتوانین ئیلحاحی لەسەر بکەین، بەلاّم لە ناحیەی ئیستیسمارِەوە شتێکمان پێویستە، ئەگەر قانونیە باشە با تەعدیلی بکەین، ئەگەر دەتوانین موافەقە بکەین لەسەر ئەمە، ئەمە زۆر باشە، ئەگەر ناتوانین موافەقە بکەین، چونکە لەوانەیە لە ناحیەی قانونی موشکیلەمان هەبێت، من پێشنیارم ئەوەیە کە دووەم ببێت (يدون في عقد النفط مسؤولية المقاول لدفع الضرائب لحين) کە ئەو قانونەی دەبێت، ئەوە دەتوانین لە عەقدەکە تەحدیدی دەکەیت.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیقیتراحەی کاك فرسەت باشترە لە ناحیەی قانونی سێیەم (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي وضمان الاستقرار المالي والضريبي بقانون)، تەئکیدێکیش دەکەمەوە، هەندێك قسە هەیە خۆم

دەیکەم، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ئێرە بە وەزیرو جەنابیان لێرە کەس وەکیلی شەریکە نییە، کەسیش شەریکی کۆمپانیاکانی نەوت نییە، هەمووشمان دڵسۆزین بۆ میللەتەکەمان، لەبەر ئەوەی چ قسە دەکرێت لە ئیتاری خزمەت بۆ دەرهێنانی ئەو یاسایە بەباشترین شێوە بە ئیجاب لەولایە قسەی بکەیت، لەولایە قسە بکەین یەکە، لەبەر ئەوە هەر چ قسە کرا بێت لەو ئیتارەوە دایبنێین لەبەینی ئەو دوو قەوسە دابنێین، نە بەولایە بڕواتن، نە بەولایە بڕواتن هەموو قسەکان لە سۆزی ئێوە دەکرێتن لە راست بکرێتن، یان لە چەپ بکرێتن، لە شیمال بکرێتن، یان لە خوارەوە بکرێتن ردود ئەفعالیشی ناوێتن بەو قەساوەتە، ئەو هینە کە ئیزافەمان کرد (بقانون) ئیلتیزامەکە تەواو دەکاتن، من دەیخەمە دەنگدانەوە، دووەم چیە، ناڵێت حکومەت دەداتن، کێ دەڵێ حکومەت دەداتن، ئەوەش ئەگەر لێرە شەتب بکەین لە دووەم (تدون في العقد النفطي مسؤولية المقاول لدفع الضرائب ويطبق)ەکە شەتب بکەن، چونکە لە سێیەمەکە موعالەجە کرا، (يطبق)ەکە شەتب بکەن، یان هەر دووەم هەمووی شەتب بکەین، باشە جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد دووەم هەمووی شەتب بکرێت، کەواتە ئێستاکە ماددەکە ئەوەلەن وەکو خۆی ماوەتەوە، دووەم شەتب کرا، سێیەم (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي وضمان الاستقرار المالي والضريبي بقانون) (بقانون)ەکە ئیزافە بکەن، کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی سێیەم دەڵێ (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي) ئەگەر بڵێین (وينظم بقانون) زۆر چاکە، بەڵام (وضمان الاستقرار المالي والضريبي) چیە مانای شەتب بکرێت تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي بقانون)، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ئیستیسماری نەوت لە عێراقدا دەرچووە، پێش هەفتەیەك وابزانم دەرچووە، باشە دەبێت ئێمە یاسای ئیستیسماری نەوتمان هەبێت، ئەو تەفاسیلە بۆ ئەوێ هەڵبگرێت باشترە بە رەئی من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەوە، قانونی نەوتیشە، ئیستیسماریشە هەموویەتی هەردووکی تێدایە، کەواتە سێیەم بووە دووەم، بەو شێوەیە دووەم (يجوز إعفاء المقاول من الضرائب في العقد النفطي بقانون)، چوارەمیش دەبێتە سێیەم، ماددەکە بەو گۆڕانکاریە کە کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مەرجەکانی دیکە**

**ماددەی چل و یەك:**

**یەکەم: حیسابی بڕە نەوتی تایبەتی بەموڵکانە بەڕێژەی سەدی نووسراو لە گرێبەستەکەدا پیادە دەکرێ.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە موڵکانەی نمونەیی، یان بەکاش وەرگرێ، هەموو یان بەشێکی پێویستە، یان مانگانە، یان وەرزی بەپێی مەرجەکانی گرێبەست بدرێ.**

**سێیەم: وەرگرتنی بڕە پارەکانی لە موڵکەکانەوە پەیدا دەبێ بەپێی نرخەکانی بازاڕی جیهانی نەوت دەبێ، لە حاڵەتی نەفرۆشتنی بۆ لایەنێکی سێیەمی بێ لایەنەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الشروط الأخرى**

**المادة الحادية والأربعون:**

**أولا: تحتسب كمية النفط الخاصة بالريع بتطبيق النسبة المئوية المثبتة في العقد.**

**ثانيا: للوزارة إستيفاء الريع عيناً أو نقدا، كليا او جزئيا, ويجب دفعه إما شهرياً او فصلياً ووفق شروط العقد.**

**ثالثا: يتم أستيفاء المبالغ المترتبة عن الريع وفق أسعار السوق العالمي للنفط في حالة عدم بيعه الى طرف ثالث محايد.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە دەرنەبڕیوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پێش ئەوەی کەسمان بڵێین (للوزير بعد موافقة المجلس الاقليمي) ئیزافە کراوە، پێشنیارێکیش هەیە کاك فرسەت گوتویەتی (كلياً او جزئياً) شەتب بکرێت، چونکە گوتی (إستيفاء الريع عيناً أو نقدا) پێویست ناکات (كلياً او جزئياً)، پاشتر دەڵێ (ويجب دفعه إما شهرياً او فصلياً)، کەوات گوت (كلياً او جزئياً) زیادە، وەزیریش دەبێت وەزارەت بێت، چونکە حیساباتە (للوزارة)، چونکە وەزیر ناچێت بە خۆی وەصل و شت ببات، قەرارەکە وەزیرە، وەرگرتنەکەی وەزارەتە، چونکە موحاسیب دەچێت ئیستیمارە دەباتن تەوقیعی پێ دەکات و وەصلی پێ دەکات(للوزارة)، کەواتە کەس قسەی لەسەر نییە، کاك عەونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بە بۆچوونی من (كلياً او جزئياً) بمێنێتەوە باشترە، چونکە ئیحتیمالە جوزئێکی بە نەقدی دەدرێت عەینەن، جوزئێکی بە پارە تەقیم دەکرێت، لەبەر ئەوە هەر مەشروعەکە بە باشی هاتووە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مانای وا نایەتن (عينا او نقداً)، وایە مەقصدەکەت، یان مەقصدەکەت ئیعفایە، مەقصەدەکەی ئیعفا نییە، ئەگەر مەقصەدت وابێت قەیدی ناکات، بەلاّم ئێمە گوتمان بڕێکی عەفو بکەین، (عيناً او نقداً)، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیحتیمال هەیە رەئی کاك عەونی راست بێت، بەس من دەڵێم ئەگەر حزفیشی بکەین هەر نەفسی حەقی دەمێنێت دەتوانێت، چونکە ئینسان ترسی ئەوەی هەیە کولیەن، یان جوزئیەن ئیعفای بکات لە جوزئێك، یان هەمووی وەربگرێتن، بەس ئەگەر نەفسی مانای کاك عەونیش باسی کرد حەزفیشی بکەیت هەر دەتوانیت کولیەن، یان جوزئیەن وەربگریت، هەندەك نەقدی بێت، هەندەکیش عەینی بێت، چونکە مەنعی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسلی حیسابی دەکات، یان بە شەهری، جا بەبێ کولیەن و جوزئیەن دەتوانین عەینی شت بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بمێنێت، باشە کاکە شەتب دەکرێتن، بەڵێ پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سێیەم (يتم أستيفاء المبالغ المترتبة عن الريع وفق أسعار السوق العالمي للنفط في حالة عدم بيعه) بەیعی چی، بەیعی رەیعەکە، بەیعی نەوتەکە، دەبێت وازیح بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەی کردیەتی تەواوی دەکەم، (الى طرف ثالث محايد) ئەو تەرەفە موحایدە کێیە، جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە، پێمان باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەی گرنگم پێ بوو بەلاّم كە تۆ مەجالت نەدا من بۆ تۆم بەجێ هێشت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر تەرەفی سێیەمەكە موحایدەكە كێیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قەصدی ئەوەیە مقاولەكە لەوانەیە مەصافی خۆی هەبێت نەیفرۆشتێبێت مەحاید نییە دەیبات بۆ مەصفاكەی خۆی، جا ئێمە دەڵێین ئەگەر توانی وا بكات ئێمە بە سعری عالەمی حیسابی دەكەین، خۆی مەفروزە بیفرۆشێت بە تەرەفی سێیەم یەعنی موحایدە، بەلاّم دەتوانێ بیبات، ئێمە لەسەری حیساب دەكەین سعری عالەمی، چونكە لەوانەیە مەصفای هەبێت پێویستی پێ بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با من هینی بكەم ئەگەر تەرەفی سێیەم بە سعری عالەمی بێتن مەعلومە، سعرەكەی مەعلومە، بەلاّم ئەگەر فرۆشتی بە تەرەفێكی تر بە سعری تیجاری، ئەو وەختە دەبێت بزانێ سعرەكە چۆنە تەحقیق بكرێتن، ئەگەرنا شتەكە وازیحە، یەعنی ئەگەر تەرەفی سێیەم بێت لامان مانای نییە، بەلاّم ئەگەر بەپێی سعری عالەمی بێتن دیارەو نیسبەكەشی دیارە، كاك عادل قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە رەیع یان عەینەن وەردەگرین، یان بە پارە وەردەگیرێت، بڕگەی یەكەم من رەئیم وایە تەنیا بنووسین (إستیفاء الریع عیناً أو نقدا) ئەو (كلیا او جزئیا) لاببەین، بەس عەینەكە، لە فەقەرەی دوو/ ئەوەی (في حالة عدم بیعه الى طرف ثالث محاید)، ئەوە هەر لابدرێت، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی سعری عالەمیە، ئینجا ئەو پرسیارەم لە جەنابی وەزیر هەیە، ئەو نیسبە رەیعە ئایا ئەو ناوچەی كە نەوتەكەی لێ دەردێت، ئەوە چی بەر دەكەوێت لەوە، ئێمە هەموومان باسمان كرد گوتمان كەركووك لەسەر بەحری نەوتەو بەلاّم كاول و وێرانیە، یەعنی حەق وایە ئێمە نیسبەیەك لێرە دانێین، بۆ ئەو ناوچەی كە ئەو رەیعەی وەردەگرێت، بۆ ئەو ناوچەیە سەرف بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو ماددەیە وای لێهات (للوزارة بعد موافقة المجلس الاقلیمي إستیفاء الریع عیناً أو نقدا) وەزیر موافەقەتی كرد (كلیا او جزئیا) شەتب بكرێت، بەو تەعدیلەوە ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەگیرا، بڕۆ ماددەی چل و دوو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چل ودوو:**

**یەکەم: وەزیر ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی هاوبەش دەگرێتە ئەستۆ، تاوەکو لەئاییندەدا چارەنووسی شوێنەکانی کێشەی لەسەرە دوایی پێ دێ بەریفراندۆم بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری فیدراڵیدا.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر ڕێککەوتننامەکانی لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە ئەنجام درا بێت، کە پەیوەستە بە چالاکیەکانی نەوت لە ناوچەکانی کێشەی لەسەرە بەر لە ریفراندۆمی بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری فیدراڵیدا.**

**سێیەم: لە حاڵەتی دانانی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، کە ئەوانە بەشێکن لە هەرێمدا، وەزیر بۆی هەیە بڕیار بدات کە هەر ڕێککەوتننامەیەکی ئاماژە بۆ کراو لە بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا پوچەڵە، ئەگەر ڕەزامەندی وەزیری پێشتری پێ وەرنەگیرا بێ.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية والأربعون:**

**اولاً: يتولى الوزير تنظيم ادارة العمليات النفطية مع الحكومة الاتحادية بصورة مشتركة لحين ان يحسم مستقبل مصير المناطق المتنازع عليها في الاستيفتاء الذي يجري بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي.**

**ثانياً: يجوز للوزير الموافقة على الاتفاقيات المبرمة من قبل الحكومة الاتحادية المتعلقة بالنشاطات النفطية في المناطق المتنازع عليها قبل اجراء الاستيفتاء بموجب المادة 140 من الدستور الاتحادي.**

**ثالثاً: في حالة اقرار لمواطني المناطق المتنازع عليها بأنهم جزءً من الاقليم يجوز للوزير ان يقرر بأن اية اتفاقيه مذكورة في الفقرة ثانياً من هذه المادة تعتبر باطلة اذا لم يكن مقرونة بموافقة مسبقة للوزير.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە تەبعەن (يتولى الوزير بموافقة المجلس الاقليمي) لەوێشدا عەینی شتە، کاک شێخ فەتاح فەرموو.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(اولاً: يتولى الوزير تنظيم ادارة العمليات النفطية مع الحكومة الاتحادية بصورة مشتركة لحين ان يحسم مستقبل مصير المناطق المتنازع عليها) (لحين ان يحسم مستقبل) لابرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت ماددا (42)ێ تێبینا یێكێ جەنابێتە دەست نیشان كر، تێبینا دوێ ئەگەر صیاغە فەقەرە ئەوەل بێتە كرن (يتولى الوزير بموافقة المجلس الاقليمي تنظيم ادارة العمليات النفطية مع الحكومة الاتحادية في المناطق المتنازع عليها) ئەلبێتە ڤێرێ (في المناطق المتنازع عليها)، چونكە موشكیلە ئیل ڤێرێیە (بصورة مشتركة لحين ان يحسم المصير تلك المناطق) ئەو صیاغەیە باشتر بێت و جوانتر بێت.

سەبارەت بە فەقەرە دوێ (في المناطق المتنازع عليها) هەمی كو هەندێت سەر دكەین كێشەت مە ئەڤ شت بن، واتا (يجوز للوزير) نەبێتن بلە بێتە جانبێكی تر بێتە پێش (للوزير ان يشارك مع الحكومە الاتحاديه بالاتفاقيات المبرمه)، یەعنی وەزیرێ مەی هەرێمێ موشارەكەتا وان حكومەتێ بێتە كرن (المناطق المتنازع) بێتە كرن بەوەندەی شەخصیەتا هەرێمێ كوردستانێ بەقوەت دەبێتن داكو رولێ فەقەرە سێ خورتر نەبێتن كو بێتە جێ هێنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم جەنابی وەزیر ئێمە ماددەیەكمان دانەنا كە داوامان كرد ئەو شوێنانە نابێت تەنقیب و عەمەلیاتی نەوتی تێدا بكرێتن، باشە ئەوە موتەناقیزە لەگەڵ ئەو، چۆن دەبێت، ئەو ماددەیە موتەناقیزە لەگەڵ ئەو ماددەیەی كە گوتمان نابێت، بەڵێ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وابزانم گوتمان دەبێت بە موافەقەت بێت، جا ئێمە عەینی شت دەڵێین، دەڵێ بە یەكەوە دەتوانن، چونكە لە ماددەی (17 و 18) گوتمان بە یەكەوە دەتوانین بكەین، بەڵام حكومەتی ئیتیحادی ناتوانێت، چونكە موتەناقیز نییە، موتەكامیلە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەمە بۆ ئیستیخراج بوو باسی ئەو مەنتیقانەمان كرد، بەڵام ئێستا بیری حالی هەیە، كە ئیش دەكاتن، ئەگەر بۆ ئەوە تەنسیق هەبێت بە یەكەوە ئیدارەی بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئێستای حالی لە ئیختیصاصی حكومەتی ئیتیحادی نییە، كاك شێخ ئەدهەم فەرمو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكی جەنابێتە ئیشارەت پێ كری لە ماددەكی دی پێش نوكە تەصویت كری، كە ڤە كارە نابێت بێتە كرن، هەتا هەندەك لە برایان دەعوا رەئیا پەرلەمانێش كر، كە ئەگەر حكومەتا فیدرالی بڤێتن كارێك بكەن دەبێت موافەقەتی پەرلەمانی پاشان هاتینە سەر رەئیێ كە موافەقەتا حكومەتا ئیقلیمێ بێ، ئەڤە یەك، ئەڤە خالە دوو.

لە خالە سێیدا/ بە رەئیا من ئەڤە صیاغەش بە شكلێكی زۆر بێ سەروبەر، یان بێژم رەكیك هاتیە نڤیسین كو تبی (في حالة اقرار مواطني المناطق المتنازع عليها بأن تلك المناطق جزءٌ من الاقليم)، لێرە دەبێت هەستین صیغەكا دی دانێین لە حالەتە ڤەگەریانا ڤە مەنتیقا بوو سەر ئیقلیمێ ئیقراری مەواتین و ئەوەو ئەڤە هەندەك بەمن لێرەدا زێدەیە بەلێ خالە دوو خالەكە گرنگەو هەنگی مە دەعوا موافەقەتا حكومەتا ئیقلیمێ كر، پاش وێ موافەقەتێ حەقێ هەی نەڤە شكلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئاشتی ئێمە لە ماددەكەی تردا عیلاجی باشمان كردووە، بەڕاستی ئەو ماددەیە هەمووی زیادە، لەوێ گوتومان نابێت بیكەن، ئەگەر كردیان دەبێت موافەقەتی حكومەتی هەرێم بێتن، كە موافەقەتی كرد، ئەو وەختی تۆ بەپێی ئەو ئیتیفاقیەتە بەو هەموو موافەقەیە شتێك لەگەڵدا دەكەین، یەعنی ئەو ماددەیە هەمووی زیادە لێرە، ئەو ماددەیە ئیلغا دەكرێت بەموافەقەتی وەزیر دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ماددەكە ئیلغا كرا، ماددەی چل و سێ تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و سێ:

دەبێت بەڵێندەر فرۆشتن و گلدانەوەی هەر بڕە نەوتێكی خاو ئەنجام بدات، كە وەزیر پێی وایە ئەو بڕانە پێویستن بۆ جێ بەجێ كردنی پێداویستیەكانی ناوخۆیی و نرخی فرۆشتنی نەوتی خاو بەپێی گرێبەستەی بەركار دیار دەكرێت، یان هاوشێوەی نرخی بازاڕ ئەگەر گرێبەستەكە ئەوەی لەخۆ نەگرتبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والأربعون: على المقاول بيع وتحويل أية كميات من النفط الخام التى يعتبرها الوزير ضرورية لتلبية الاستهلاك المحلي للأقليم، ويحدد سعر بيع النفط الخام بموجب العقد النافذ او ما يعادل سعر السوق اذا لم يتضمن العقد ذلك.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی چل و سێ نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك حاتەم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێ موناقەشەی ئەوەمان كرد كە ماددەیەكی وا دابنرێت، بەڵام كە ئەمە هەبوو، ئیتر رامانگرت و نەمان كرد، بۆیە ئەوە شتێكی باشەو موافەقەتی لەسەر دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆڤە ماددەی كە دبێژیت بۆ مقاولی هەی نەفتێ بفرۆشێ (للاستهلاك المحلي في الاقليم او للاقليم) ، پاشی ئەوەی (ويحدد سعر بيع النفط الخام بموجب العقد النافذ او مايعادل سعر السوق اذا لم يتضمن العقد ذلك)، لێرە تێبینیا من لەسەر سعرا باژێریا، ئەگەر بێژت سعرا سوق، ئەگەر نەفتا هاتە فرۆتن بۆ ئیستیهلاكا داخیلی و مەحەلی بە سعرا سوقێ بیت وەكی ئەڤرۆكە ئەز مەسەلەن وەیف كەین بەرمیلە نەفتا مە بە هەزار، بە سەدو حەفتێ هەزار دینارە مەسەلەن، ئایا دەتڤێ سعرێ جارەكا دی نەفتا كوردستانێ بۆ هاووڵاتێ دێت كوردستانێ دەڤتە هەین كرن، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە تەئكید ئەوە مەقصەدی سعری مەحەلییە، سعری عالەمی لە بازاڕ چۆنە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حكومەت حەقی هەیە حیصەكەی خۆی بكات بەشێوەیەكی موناسیب بۆ حكومەت، ئێمە بەشدارین لە عەقدەكە، بەشداریشین لە ربحەكە، ئەوەش بە نەوت وەردەگرین، دەتوانین ئەوەی بدەین بە بەلاش بە مەصفایەكە ئەگەر بمانەوێت، بەڵام ئەمە لەسەر مقاولەكە دەڵێ پێش ئەوەی نەوتەكە بفرۆشێ بۆ دەرەوە،

ئەو مولزیمە ئەولەویەت بدات بە داخیل، ئەوە چۆن حیسابی دەکەین، سعری عالەمی (ماینص) کولفەی نەقلەکە لە نوقتەی حەقلەکەوە بۆ دەرەوە، ئەوەی لێ دەردەکەین، مەسەلەن پێنج دۆلارە لە رێگای تورکیا بابڵێین، ئەگەر بە پەنجا دۆلارە لێرە بە چل و پێنج دۆلار دەدات بە تۆ، مقاول دەبێت بزانێت تۆ بە بەلاش نایبەیت، ئەگەر واش بێت ئیش ناکات لێرە، چونکە ئەو بە کولفەی عالەمی ئیش دەکات، بەپێی کولفەی عالەمەی دەبێت نەوتەکە بفرۆشێت، تەبعەن کولفەی هەیە کە لێرە نەقلی بکات بۆ دەرەوە، ئەوەی لێ کەم دەکەیتەوە، بەلام باقیەکەی دەبێت بەسعری عالەمی بێت، هینەکی خۆت مولزیم نیت، دەتوانیت بیدەیت بە مەصفا بە هەر سعرێك ئیتیفاق دەکەیت، ئەوە حیصەی خۆتە، یان رەیعەکە ئەوە هی خۆتە دەتوانیت بەکاری بێنیت بە هەر شێوەیەك دەتەوێت، زۆربەی نیسبەی نەوتەکە هی حکومەتە، گوتمان کە دێتن نیهایەتی ئینتاجەکە تەقریبەن چەند ساڵێك ئەو کولفەکەی وەردەگرێتەوە حیصەی تۆ تەقریبەن لە 80٪، یان لە 85٪ بێت، ئەو وەختە نەوتی زۆرت هەیە بەکاری بێنیت، حکومەت دەتوانێت موستەمسیك بدات بۆ هاووڵاتی لە حیصەکەی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین نەوتی خام، ئەو نەوتەیە کە پاك نەکراوەتەوە، ئەو نەوتەیە کە لە بۆریەکە دەرهاتووە پاشان هەندێ هین، ئەو نەوتە رەشە ئەوەی بە کوردەواری خۆمان خەڵکی خۆمان پێ دەڵێن نەوتی رەش، ئەوەی کە یەکسەر لە بیرەکە دەریدەهێنن و یەکسەر دەینرێن بۆ هین، ئێستاکە زۆر بەکاری دەهێنن دەڵێن مەحەتاتی کارەبای گوایە دەخەنە کار لەگەڵ ئێستا زۆرینەی هەرە زۆری ئەو مەعمەلە چیمەنتۆیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دروست بوون بەکاری دەهێنن رۆژانە دەیبینین ئەو هەموو هینانە وەستاوە، ئەم نەوتەی کە لێرە باسی دەکات بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی، مانای هاووڵاتی نییە، حەز دەکەم بزانن، ئەو برادەرانەی لە پێش من هەستان وتیان ئەمەیە بۆ هاووڵاتی، نەخێر ئەمە بۆ هاووڵاتی نییە، ئەمە بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی بوو بۆ ئەو شوێنانەی ترە، هاووڵاتی چی لە نەوتی رەش بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەو بەنزینە و ئەو شتانە لە کوێوە دێن، دەچێتە تەصفیە، تەصفیە لەکوێوە وەریدەگرێت، مەصفا لە کوێ نەوت وەردەگرێت، مەصفات هەیە لە دۆرە، لە کەرکوك، ئەوە لە تەق تەق دایدەنێین، لە هەولێر دایدەنێن، ئەی ئەو نەوتانە دەچنە کوێ ئیستیهلاکی مەحەلی دەچێتە ئەوێ، ئینجا دەدرێتە هاووڵاتی، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم باشە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێت (على المقاول اعطاء الاولوية للاقليم في بيع وتحويل اية كميات من النفط................)، بەس ئەوەی ئەو (مايعادل السوق اذا لم يتضمن) ئەوە حەزف بكرێتن لە ماددەكەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ناكرێتن، ئەوە لە عەقدەكەیە ئەسڵەن، لە عەقدەكە هەیە سعری نەوت ئەمڕۆ شتێكە، سبەینێ شتێكی ترە، مانگێكی تر دەچێتە سەرەوەو دێتە خوارەوە، ئەگەر سعری نەوتەكە مەسەلەن نەوعێك بێتن لە عەقدەكە مومكینە هاتۆتە خوارێ تۆ زەرەر دەكەیت وا نەنووسیت، ئەوە یەك.
دووەمیش/ مومكینە ئەو ئیلتیزاماتی هەیە عقودی كردووە، هەیە نەوتی فرۆشتووە هی پاش ساڵێكی عقودی كردووە فرۆشتوویەتی، چۆن دەتوانیت تۆ ئیلزامی بكەیت لەوێ ئیلتیزاماتی خۆی بە عقودی كردووە نەیكاتن، بەڵێ كاك ئاشتی.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەس بۆ ئاگاداری نەوتی خام كە دەردەچێت ناتوانین بێنین بەكاری بێنین بۆ هیچ، ئەگەر تەصفیەی بكەین، موشتەقاتی ئەوە دەچێت بۆ چیمەنتۆ و ئەو شتانە پێی دەڵێن نەوتی ڕەش، ئینجا دەچێت بۆ مەصفا لە مەصفاكە موشتەق دەكەن ئەوە دەردەچێت، ئێمە لێرە باسی نەوتی خام نەكەین ڕەیعی نەوتی خام وەردەگرێت، كولفە نەوتی خام وەردەگرێت، ربح نەوتی خام وەردەگرێت هەمووی نەوتی خام وەردەگرن، لێرە باسی موشتەقات ناكەین، ئێمە دەڵێین ئەو شەریكاتانە مولزەمن لە ئیحتیاجاتی مەحەلی بدەن، مانای ئەوەیە ئەگەر مەصفای هەبێت مەسەلەن لە چەمچەماڵ سەد هەزار بەرمیلی دەوێت، ئێمە دەڵێین ئەو سەد هەزار بەرمیلەی یەكەم با بڕوات بۆ ئەوێ، بەلأم بە سعری بازاڕ، یەعنی سعری عالەمی، ئەو مولزیمە ئەوە بكات لەجیاتی ئەوەی بیفرۆشێت لە دەرەوە، ئەو خەسارەت ناكات، بەلأم بۆ ئێمە باشترە، ئەگەر نەوتمان هەبێت دەچێت بۆ ئەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەی (43) دژ نایەتەوە لەگەڵ ماددەی یازدە، شەریكەی كوردستان بۆ تەسویقی نەفت لە بڕگەی چواری، لێرە دەڵێت (تقوم الشركة بتنظيم او تسويق حصة حكومة الاقليم من النفط او كلاهما الناتج من العمليات النفطية ولها ان تقوم بتسويق حصة المقاول من النفط).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو شتی جیاوازە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەی چەند رۆژ پێش ئێستا بەغدا ئیعلانی کرد ئیستیسمار لە مەجالی نەصبی مەصافی، ئیعلانەکەش موتەزامین بوو بەوەی دەڵێ نەفتی خامیان دەدرێتێ بە سعری تەصدیر، ئەوانیش پابەندن تەوفیری ئیحتیاجاتی حکومەت بکەن بابڵێین ناو عێراق فائیزەکەش بۆیان هەیە تەصدیر بکەن بەو شکلە ئیعلانیان کرد بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، کە دەڵێت (ویحدد سعر البیع النفط الخام بموجب العقد النافذ او ما یعادل سعر السوق)، سعری سوقی مەحەلی، یان عالەمی، چونکە کە نەقل دەکرێت، ئاخیر لێرە سعری سوقی عالەمی کە لە مەرکەزەوە نەقل دەکرێت بۆ دەرەوە ترانسپۆرت دێتە بانی ئینشورانس دێت گران دەبێتن، بۆیە لەوێ گرانە، یەعنی دەبێت نەقصی ئەوانە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە سعری صافییە، کە دەیفرۆشێت لە دەرەوە بابڵێین لێرەوە دەبات بۆ تورکیا، یان بۆ جیهان لەوێ دەیفرۆشێ بابڵێین بە پەنجا دۆلارە بەرمیلی کولفەکەی ترانسپۆرت لەوێ لە تەق تەقەوە بۆ ئەوێ با بڵێین پێنج دۆلارە، کە دەیفرۆشێت لێرە بە چل و پێنج دۆلارە، هەر عەینی شتە، مانای سعری عالەمییە، چونکە تۆ هینت لێ دەرکردووە، نەقلەکەت لێ دەرکردووە فەقەت، بەنیسبەت ئەوەوە عەینی نەتیجەیە بە چل و پێنج دەیکڕی، چونکە کولفەکەی لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێکی باشە ئەو ماددەیە، زۆر روونیشە ئەگەر ئیحتیاجی بە حەلی هەبوو، بە تەئکید مولزەم بێتن بەشێك، کەمییەتێك لە نەفتی خام بۆ ئیحتیاجی مەحەلی ناتوانی فەرزی بکەیت لەسەری بە نرخێکی کەمتر، بەڵام وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، تەبعەن مەساریفی تەسویقی لێ کەم دەبێتەوە، ئەو ماددەیە هەر بۆ ئەوەیە ئیلتیزامێکە لەسەر مقاول، نەوەك بە تەنیا گوێ بداتە ئەو ئیتیفاقیاتانەی خۆی کە کردوویەتی لەگەڵ شەریکاتی دەرەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی چل و چوار تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و چوار:

یەکەم: پێویستە وەزیر قازانجەکانی لە ئەنجامی ئەگەری گرێبەستی نەوتی پێشنیار کراو بخەملێنێ، بۆ ئەوەی بەرزترین ڕێژەی داهاتەکان بۆ گەلی هەرێم مسۆگەر بکات و بۆ بەڵێندەریش قازانجی گونجاو کۆك لەگەڵ پێوانەکانی نێودەوڵەتی دابین بکات.

دووەم: وەزیر بەرزترین ڕێژە لە داهاتەکانی بۆ حکومەتی هەرێم مسۆگەر دەکات و ڕێژەیەکی گونجاویش بۆ بەڵێندەر لە گرێبەستی نەوتیەکانی کە سەلمێنراوە پێشتر نەوتی لێ هەبووە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والاربعون:

اولاً: على الوزير تخمين الارباح الناتجة المحتملة من العقد النفطي المقترح لضمان اعلى نسبة من العائدات لشعب الاقليم ويوفر للمقاول ارباح مناسبة ومنسجمة مع المعايير الدولية.

ثانياً: يضمن الوزير اعلى نسبة من العائدات لحكومة الاقليم ونسبة مناسبة منها للمقاول في العقود النفطية للمناطق التي ثبت فيها سابقاً وجود النفط.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیار دەکەم ئەو ماددەیە زیاد نییە، یەعنی پێویست ناکات بچێتە قانونەوە، تەحصیل حاصلە، واجیبێکی تەبیعی وەزیرەو تەخمیناتی ئەرباح دەکات، ئەگەر موافیقی کە زیادە، جەنابی وەزیر موافیقە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، ماددەی چل و پێنج تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و پێنج: نابێت وەزیر نوێنەرایەتی هەرێم بکات لە پشت بەستن بە پاراستەی حکومەت لە گرێبەستە نەوتیەکان، ئەوەی پەیوەستە بە ڕێکارە یاساییەکان و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی بڕیار لێدراو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والأربعون: لا يجوز للوزير نيابة عن الأقليم الأعتداد بالحصانة الحكومية في العقود النفطية فيما يتعلق بالاجراءات القانونية وتنفيذ الاحكام المقررة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم تەرجومەكەی راستە، یان نا، بەلاّم قەصدی ئەوەیە وەزارەت، یان وەزیر، یان مەجلیسی ئیقلیمی ناتوانێت، چونكە من حكومەتم موخالەفە دەكەن ئیتیجاهی مقاولەكە، لەبەر ئەوە تۆ ناتوانیت هین بكەیت، بۆ ئەوەی بە مقاولەكە بڵێی ئێمە بە عەدالەت لەگەڵت ئیش دەكەین بە قانون ئێمە وات پێ ناكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە زۆر رێكوپێكە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دەزانی ئەوە حەصانەی خۆی بەكار نەهێنێت دژی شەریكات، ماددەی چل و شەش تكایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هاوبەشی كردنی ناوخۆ

ماددەی چل و شەش:

یەكەم: كەسی رێپێدراو پابەند دەبێت بە پێش خستن بۆ:

أ- كۆمپانیاكانی ناوخۆو بە توانا لە هەرێم و ناوچەكانی دیكەی عێراق بەپێی ئەمانەی خوارەوە:

1- كۆمپانیایەكی راستەقینە بێت پەیوەندی نەبێت بە كەسێك كە خزمەتی گشتی لە ئەستۆ نەبێت بەشێوەیەكی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.

2- پێویستە توانای تەواوی هەبێت بۆ بەهێز كردنی پرۆسەكانی نەوت كە كەسی رێپێدراو جێبەجێی دەكات.

3- رەزامەندی وەزیر بەدەست بێنێ بەپێی رێنماییەكانی لێیەوە دەركراون.

ب- دامەزراندنی كەسەكان لە هەرێم و ناوچەكانی دیكەی عێراق، پێویستە ئەو كەسانە ئامادە كرابن و تواناو شارەزایی پێویستیان هەبێ بۆ جێبەجێ كردنی كارەكە.

ت- بۆ کڕینی بەرهەمەکانی ناوخۆ و فەراهەم کردنی خزمەتگوزاریەکان لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق لە حاڵەتی رکابەری کردنی لەگەڵ هی دیکەدا لەلایەنی نرخ و چۆنایەتی توانایی فەڕاهەم کردنی.

دووەم: وەزیر کەسی رێپێدراو کە هاوبەشی هەیە لە کۆمپانیاکانی ناوخۆ پێش خەڵکی دیکە دەخات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المشاركة المحلية

المادة السادسة والأربعون:

أولا: يلتزم الشخص المخول بأعطاء الأفضلية:

أ- للشركات المحلية والمؤهلة في الأقليم وباقي المناطق الأخرى من العراق ووفق مايلي:

1- أن تكون شركة حقيقية وغير مرتبطة بأي مكلف بخدمة عامة بشكل مباشر او غير مباشر.

2- أن تكون لديها الامكانيات والقابليات الكافية لتعزيز العمليات النفطية التي يقوم الشخص المخول بتنفيذها.

3- أن تحصل على موافقة الوزير بموجب التعليمات الصادرة منه.

ب- لتعيين الأشخاص من الأقليم والمناطق الأخرى من العراق على ان يكون هؤلاء الأشخاص من ذوي المؤهلات والكفاءة والخبرة اللازمة لتنفيذ العمل.

ت- لشراء المنتجات المحلية وتوفير الخدمات من الأقليم ومناطق العراق الأخرى في حال تنافسها مع غيرها من حيث السعر والنوعية وامكانية توفيرها.

ثانيا: يمنح الوزير الافضلية للشخص المخول الذي له شراكة مع الشركات المحلية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر رێکوپێکە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیعتیرازم نییە لەسەر ئەوەلەن، بەلاّم لە خاڵی (ب- والمناطق الأخرى من العراق) ئەوە ئیعتیرازم لەسەر هەیە، لە ئێستاوەش دەیڵێم، چونکە هەتاکو خەڵکی خۆمان وەستا بێت، بۆ ئەوەی بێن لەوێ کار بکەن و تەدریب بکەن، پێویست ناکات خەڵکی تر بێنین، ئەوەیان رەئی منە، بەلاّم لە دووەم/ ئەگەر بەڕێز وەزیر بۆم شەرح بکات، ئەم شەخصی مخەوەلە چۆن ئەم شەراکەتە دەکات لەگەڵ ئەم شەریکە مەحەلیە،

مەبەستی لە چ خاڵێك دایە، یەعنی شەریكە مەحەلیەكە خاوەنی چیە، هەتاكو ئەو شەخصە موخەوەلە شەراكەتی دەكات، ئەوەم بۆ روون بكاتەوە، چونكە بەڕاستی من هەڵوێستم هەیە لەو دووەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خۆم پێشنیارم كرد بوو كە دەعمی كەرتی تایبەت بكرێت، ئەگەر مەبەست لە دانانی ئەم ماددەیە دەعمی كەرتی تایبەت بێت، ئەمە ئسلوبی موفەزل نییە، بۆ ئەوەی ئێمە دەعمی كەرتی تایبەتی پێ بكەین، بەڕاستی رێگای تر هەیە بۆ دەعم كردنی كەرتی تایبەت، بێجگە لە بڕگەی (ت) بۆ كڕینی بەرهەمەكان، ئەوە تەشجیعی موستەسمیری ئەجنەبیە شەریكات دەكات، كە بڵێم ئەو شتانە بكەن، بڕگەی دووەم/ وەزیر كەسی رێپێدراو كە هاوبەشی هەیە لە كۆمپانیاكانی ناوخۆ پێشكەش خەڵكی دیكە دەخات، ئەمە بوارێكی زۆرە بۆ مەجالی ئەو ناڕەزایی و رەنجدانەی هەندێك كە لە شارعی خۆمان، كە باس لە كۆمپانیاكان دەكات، چونكە كۆمپانیاكان كێن؟ بەڕاستی ئەمڕۆ لە كوردستاندا هەن، هەمووشمان حەقیقەتێك هەیە دەیزانین كە كۆمپانیاكانی ناوخۆ تا چەند ساڵی ئاینده لەبواری ئیستیسماراتی نەوتدا نە لە رووی ماددی، نە لە رووی فەنیەوە توانایان نییە بتوانن موئەهەلاتیان نییە تەعامول لەگەڵ عەولەمەی ئیقتیصادی بكەن، دەبێت ئێمە پێشتر زەمینەسازی بۆ بكرێت بەڕاستی، چونكە ئەوە بوارێك لەگەڵ رێزو حورمەتم بۆ كەسانی ناشایستە دروست دەكات، كۆمپانیای ناشایستە كە زۆرن لە كوردستان كە زوو ئیستیفادە لەو ماددەیە بكەن، من پێشنیار دەكەم هەموو ماددەكە بسڕێتەوەو تەنیا بڕگەی (ت) نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئومێد دەكەم دوای ئەوەی ئەوە دەردەكرێت و تەواو دەبێت بەشێوەیەكی رێكوپێك هەمووی دابڕێژرێتەوە، چونكە زۆر رەكیكە، دیسان دووبارەی دەكەمەوە لە عەرەبیەكەشی وایەو لە كوردیەكەشی وایە، ئەوە سەرنجێك.

لێرە كۆمپانیاكانی ناوخۆو بە توانا لە هەرێم و ناوچەكانی دیكەی عێراق، دەكرێت بنووسرێت كۆمپانیا ناوخۆیەكانی هەرێم و عێراق، یەعنی بەو شكلە دابڕێژرێتەوە، نەك كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە، كە تۆ دەڵێی ئەمە، یان شارەزاو بە توانا، رەنگە شارەزا باشتر بێت، تواناشی هەبێت، كە دەڵێی ئەمانە زیاتر ژمارە دێتە بەرچاو، نەك وەسف، ئەوە یەك.

دووش/ پشتیوانی لە رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، کە دامەزراندنی کەسانی شارەزای هەرێم ناوخۆ دەکرێت هەر بڵێی هەرێم، ناوخۆ هەرێمیش نەڵێی یەعنی عێراقیش دەگرێتەوە، بەلاٚم زیاتر ناو کوردستان دەگرێتەوە، لێرەش لە خاڵی دووەم/ وەزیر کەسی رێپێدراو کە هاوبەشی هەیە لە کۆمپانیاکانی ناوخۆ پێش خەڵکی دیکە دەخات، کۆمپانیا پێش خەڵکی دیکە نا، پێش کۆمپانیاکانی دەرەوە، یەعنی ناوخۆ و دەرەوەیە زیاد بکرێت، ئەو وەزیرەش بکرێتە وەزارەت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم هەندێك جار لە ناحیەی لوغەوی لە ئینگلیزیەوە نەوعێك تێ دەگەیت، لە عەرەبیەوە نەوعێك تێ دەگەیت، لە کوردی نەوعێك تێ دەگەیت، ئەوەلەن کاك بارزان ئەوە بۆ مانگێك و دوو مانگ نییە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە، دوو/ ئەگەر مولاحەزەی سۆزان خان و کاك ئاریزیش یەعنی ئێمە لەکوێ دەژین، هەر لە عێراق ناژین؟ ئیلتیزاماتمان بەرامبەر بە عێراق نییە؟ خۆی مەفروزە قانونیەن و دەستووریەن بڵێی هەموو عێراق ناوی هەرێم نەهێنی، بەلاٚم تۆ ئەولەویتت داوەتە هەرێم باقی عێراقیەکەش زەرورییە هەبێت، بۆ ئەوەی گلەییت لێ نەکەن، فەقەت تۆش دەیان شەریکات هەیە لە بەغدا ئیش دەکەن، یەعنی ئەوانیش بڵێن (باستثناء الاقلیم) چۆن دەبێتن؟ لەبەر ئەوە تۆ لێرە دەڵێی، لەوێش داوا دەکەیت کەسێك تۆ ئیستیسنا دەکات، سبەینێ موسڵ دەبێتە هەرێمێك دەیان شەریکاتی هەولێرو سلێمانی دەچن و دێن ئەوە زۆر هینە، دووەمیش/ ئەو شەریکاتانە مەقصەدت چیە لە شەریکاتی مەحەلی، شەریکاتی مەحەلی ئەمڕۆ مقاولێك نەوتی شیواشۆك ئیش دەکات موحتاجی عەمەلەیە، ئەولەویەت دەبێت بداتە ئەو شەریکاتانەی کە عەمەلە تەجهیز دەکاتن، نەك لە تورکیا بێنێتن، یان لە ئێران بێنێتن، سەیاراتی دەوێتن، مەکائینی دەوێتن، مەکائینەکان ئەگەر لە هەولێر هەبێتن، لە سلێمانی هەبێتن، دەبێت ئەفزەلیەت بداتە ئەو مەکائینانە، نەك بچێتن تەکلیفێکی زۆر گەورە، هەم لە قازانجی ئێمە نەبێتن، هەم لە زەرەری ئەو مەحەلانە بێتن بچێت لە دەرەوە بێنێتن، من ئەوەندەی تێگەیشتووم وایە، جەنابی وەزیریش ئەگەر وایە پشتگیریم بکات و شەرحی بکات هەردووکیەتی، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیار دەکەم برگەی دووەم لابرێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئەفزلیەت بەڕاستی شتێکی وارید نییە لەو جێگایانە بێتن، ئەفزلیەت با بۆ کەس نەبێت، قانونی تەعلیمات جێی خۆی بگرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە ساڵحی شتی مەحەلیە، یەعنی مقاولێك ئەفزەلیەت بداتە شتی تەعاون لەگەڵ شەریکاتی مەحەلی، وەزیر ئەفزلیەت نەداتە ئەوانە کە تەعاون دەکەن، هاوکاری دەکەن لەگەڵ شەریکاتی مەحەلی، دەبێت چۆن بیکاتن نازانم، خۆی ئەگەر بێتو شەریکەیەك ئەجنەبی شەخصی موخەوەل ئەجنەبیە، ئەگەر

شەریکەیەکی هەبێتن مەحەلی ئۆتۆماتیکی واجیبی وەزیـرە، واجـیبی ئێمەشـە، ئەفزلیـەت بدەینـە ئەوانـە، نەوەك یەكێك سەد لە سەد لە جێی ئەو بێتن، ئەی ئەم گومانە چۆن دەبێتن، ئێمە بە گومانە ئیش بکەین، ناکرێت، ئەمەی چۆن پەیدا کردووە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، ئێمە باسی مواتنی عێراقماندا، چونکە عێراقین، وەکو خەڵکی عێـراق دەتـوانین لەعێراقیش ئیش بکەین عەینی شت نەوت وغاز موڵکی شەعبی عێراقیە لە دەستوور دەڵێ دەبێت ئەو شتە راست بێت، قانونەکەش موعارەزەی دەستوور نەبێت، ئەوە زۆر موهیمە بـۆ ئێمـە، چـونکە خـەڵکی تـر ئـەم قانونـە دەخوێنێتـەوە، نامانـەوێت بڵێین ئەمـە دژی دەسـتوورە، جـا ئـەوەی تیـا بێـت باشـە بـۆ تەشـجیعی ئیستیسمار، بۆ هەموو شەریکاتی عێراقی بێن لێرەش ئیش بکەن، ناحیـەی موئەهـەل مـەعاییر هەیـە، ئـەو مەعاییرانە لێرە ناتوانین هەمووی دانێین لەم قانونە، بەڵام وەزارەت تەعلیمات دەردەکـات مـوهیمترین شـت دەڵێ دەبێـت تـۆ عیلاقـەت بـە حکومەتـەوە نـەبێت کـە شـەریکی، نـاتوانی شـەریکەیەك وەزیرەکـە رەئیسـە مەسەلەن بچیت لە وەزارەت ئیش بکەیت، ئەو مەعاییرانەی داوە بۆ شەفافیە، باقیەکەی موئەهەل ئێمـە لـە عقودی نەوت باسمان کـرد، دەبێـت شـەریکەکان موئەهـەل بـن و ئەوانـە ئـەو شـتانەیان هـەبێت، شـەریکاتی مەحەلی چیت بۆ دەکات، کولفەت بۆ کەم دەکاتەوە، چونکە دەتوانێت ئیشەکەت بۆ باشتر بکات بە هەرزانتر بکات، مەسەلەن ئێستا عەقدێکمان کردووە، یان غاز دەبـەین بـۆ چەمچـەماڵە، بـۆ کارەبـا، ئەگـەر شـەریکاتی مەحـەلی بـەکار نـەهێنن مقاولەکـە کولفەکـە دووجـار زیـاتر دەبێـت، مەسـڵحەتی خۆمانـە، ئەگـەر ئـەو شەریکاتانە بتوانن پایپلاین بکەن ئەو شـتانە خیبرەیـان هەیـە، ئەگـەر بچێت حـەقلێکت بـۆ تـەتویر بکـات خیبرەی نییە، بەڵام چەند ساڵێکی تر لەوانەیە ئەو خیبرەیە پەیدا بکاتن، چونکە بەشدار دەبێت، هەروەکو خۆمان فێر دەبین، ئەویش فێر دەبێت لەبەر ئەوە قانونەکە باسی ئەمڕۆ ناکات، باسی بەیانی ناکات، باسـی دە ساڵ لەمەودواش دەکات، دەبێت مەجالی ئەوە بدەن کە تەشجیعی ئیستیسمار بکەین، تەشـجیعی قیتـاعی خاص بکەین، لە دەستووریشدا بەتایبەتی دەستووری ئیتیحادی تەتبیقە لەسـەر ئێمـەش زۆر زۆر فەقـەرات هەیە باسی تەشجیعی ئیستیسماری مەحەلی دەکات، ئێمەش لێـرە قـانونی نـەوت کـە بـەرزترین قانونـە بـۆ ئیستیسمار، نابێت شتێك دانێین، دەبێت شتێك دانێین باش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن (أ) دوایی یەك (1- أن تكون شركة حقيقية وغـير مرتبطـة بـأي مكلـف) مـن پـێم وایـە بکرێـت بـە (بأي شخص مكلف)، ئەو شەخصە زیاد بکرێت باشترەو وازیحترە، من پێم وایـە سـێیەم لـە (أ) زیـادە، ئەگـەر

نەشـبێت هـەر عـەینی شـتە، چـونکە هـەر شـەریکەیەك لـە کوردسـتاندا دروسـت بێـت حەتمـەن دەبێـت موافەقەتی وەزیری هەبێت، لەبەر ئەوە سێ لە (أ)دا پێویست ناکات، (ت)ش من پێم وایە (لشراء المنتوجات والمواد المحلية) یەعنی هـەر مـەنتوجات نییـە، مـەوادی مەحـەلیش هەیـە، یـەعنی وشـەی مـەوادیش ئیزافـە بکرێت باشە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەی ویستم کرا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم باسی وەزیر کەسی ڕێپێدراو دەکات، تەعریفی کەسی ڕێپێدراو ئـەو مقاولەیـە لـە عقـودی نەوتیدا، یان لە ئیجازات و تەرخیصدا، باشە مەعقولە وەزیر لە ماددەی دووەم/وەزیـر کەسـی ڕێپێـدراو کـە هاوبەشـی هەیـە لـە کۆمپانیاکـانی نـاوخۆ پـێش خـەڵکی دیکـە دەخـات، شـەریکەیەکی ئـەمریکی دێـت بـە ماوەیەکی کەمتر بە ڕەیعێکی زیاتر دێت عەرزێك تەقدیم دەکات بە وەزارەتـی نـەوتی ئێمـە، مەعقولـە مـن بیدەم بـە شـەریکەیەکی سعودی دێـت بـە ڕەیعێکـی زۆر کـەمترو ماوەیـەکی زۆر زیـاتر داوا بکات، موجـەرد لەگەڵ منـە شـەریکەیەکی نیشـتمانی بیـدەم بـەو نەیـدەم، ئەگـەر ڕێوشـوێنێك و زەوابتێکـی بـۆ دانـەنرێت، بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆر مەتاتییە، مـن پێشـنیار دەکـەم ئـەم ماددەیـە هـەر لابرێـت، یـان مـەرج دابنرێـت بەڕاستی، ئەو موئەهلاتانە دەبێت لە ماددەکە جێیان بۆ بکرێتەوە، شەریکەی ناوخۆ کێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو سێ شەریکەیە کە تەخویلی جەنابی وەزیریمان کـرد دابمـەزرێنێت، ئـەی ئەوانـە مەحـەلی نینـە؟ حکومی نینە؟ ئەوەش مەحەلیە، دەوڵەتیە، حکومیە، مەحەلی حیسابە، تۆ لەلایەکەوە خۆت شـەریکەت بـە قانون دامەزراندووە، بە تەئکید ڕەئس مالیشی بۆ دادەنێیـت ومیزانیـەی بـۆ دادەنێیـت و دەعمـی دەکـەیت، ئەوە دەچێت لەگەڵ شەریکەیەکی عالەمی عەقدێك دەکاتن، دەکرێـت ئەفزەلیـەت نەدرێتـە ئـەوەی، خۆمـان لەلایەکەوە دەڵێین دەعمی هین بکەین و حیصـە بـۆ هـاووڵاتی بـێتن و وا بـێتن، لەلایەکیشـەوە ئـەو نەصـە، ئـاخیر شـەریکاتی مەحەلیـە خـۆ نـاکرێتن بڵێـی ناوەکـان بـێنی و شـەریکاتی نـەفتی تەسـویقی کوردسـتان و شەریکەی نەفتی کوردسـتان و شـەریکەی نـەفتی...، ئەشخاصـیش دەبـێتن حـەقمان بـەوە دانییـە، مومکینـە کابرایەك ڕەئس مالێکی هەیە دە ملیـۆن دینـاری هەیـە شـەریکەیەکی دادەنـێتن بـۆ هـین و ئەوانـە دەچێت

دەبێتە شەریك، نابێت دەعمی بکەین، ئێمە دەعمی ئەجنەبی دەکەین و ئیعفائاتی دەدەینێ بێت لێرە ئیستیسمار بکات، ئەی ئەگەر ئەوانەی خۆمان هەیانبێتن بۆچی نا؟ ئەوە دەبێت زیاتر دەعمیان بکەیت، بەعەکسەوە ئەوە زۆر زۆر زەروریشە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یان تەعریفی کۆمپانیای ناوخۆ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆی لێرە نووسیوومانە باسی کردووە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی غەیری موباشیر عیلاقەی هەیە، دەبێت شەریکە حەقیقی بێتن، دەبێت موئەهەل بێتن، هەر کەسێك هات و شەریکەیەکی دامەزراند، مانای ئەوە نییە ئەو شەریکەیە هینە، عورفێك هەیە، رێنماییەك هەیە، خەڵك ناسینێك هەیە، کاك کەریم مولاحەزەیەکی باشیدا، دەڵێ ئەو شەریکەیە عالەمیە هەر لەگەڵ ئەو شەریکە مەحەلیە عەقد ناکات، ئەگەر بێتو هین نەکاتن، ئەگەر ئێمە مەقصەدمان نەبێتن، گومانمان هەیە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەگەر گومانمان هەیە کە شەریکەیەکی وەهمی هەیە وەکو سۆزان خان لە مێشکی خۆی بیری لێ دەکاتەوە، ئەوە من مەسئوول نیمە لەوە، ئەویش مەسئوول نییە، ئەو شەریکاتانە نە مەحەلینە، وەهمینە هیچیان نییە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیان هەیە، یان کەسێك لە پشتیانە، مەقصەدت ئەوەیە، قانون لەسەر ئەساسی گومان دانانرێت، ئەگەر ئەوەمان هەیە ئەوە گەندەلیە دەبێت موحارەبەی بکەین، نەك بێین قانونێکی لەنگ دابنێین لەبەر ئەوەی ئەو مەترسیەمان هەیە، ئەوە مەبدەئێکی زۆر غەڵەتە، تێکەڵاویە، موحارەبەی گەندەلی بەوە ناکرێت، ئەگەر قانونی غەڵەت دابنێیت، قانونەکە دابنێ وەرە ئەوێ موتابەعە بکە، بڵێ ئەوە هەیەو بانگی وەزیر بکە، رەقابەی مالی بانگ بکە، لە سەحافە بانگ بکە. ئەوها موحارەبەی دەکرێتن، نەك بێت تۆ لەبەر ئەوەی گومانت هەیە نەصێکی قانونی راست نەهێڵی بێتە ناو قانونەکە، ئەو ماددەی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و حەوت:

یەکەم: کەسی رێپێدراو پێویستە پرۆگرامەکانی روون و ئاشکرا بۆ راهێنانی کادرەکانی ناوخۆ سەر بە خۆیانەوە ئامادە بکات، کە دەتوانرێ لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق، یان لەدەرەوە جێبەجێ بکرێ، بەمەرجێك نێردراوەکانی خوێندنی بالآ لە خۆی بگرێ و پشتگیری داراییان لێ بکات.

دووەم: مۆڵەت ئەوە لەخۆ دەگرێ، کە کەسی رێپێدراو پابەند بێت بە گەیاندنی زانیارییەکان بۆ هەرێم بەجۆرێك ئاسانکارییەکانی پێویست بۆ کاری تەکنیکی لە هەرێمدا فەراهەم بکات لەوانەش لێکدانەوەی بەیانەکانی کە لە پرۆسەکانی نەوتدا بەدەست هاتوون.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والأربعون:

أولا: على الشخص المخول أعداد برامج واضحة لتدريب الكوادر المحلية التابعة له بحيث يمكن تنفيذها في الأقليم والمناطق الأخرى من العراق او في الخارج على ان يتضمن البعثات الدراسية ودعمها مالياً .

ثانيا: تتضمن الاجازة بأن يلتزم الشخص المخول بأغناء الأقليم بالمعلومات بما تضمن توفير التسهيلات الضرورية للعمل التقني في ألأقليم بما فيها تفسير البيانات المستحصلة من العمليات النفطية.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە دەرنەبڕیوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەوەندەیە بە رەئی من ناحیەی لوغەوی (على ان يتضمن بما فيها البعثات الدراسية ودعمها المالي)، وابزانم شتێکی زۆر تەبیعیە، ئەو ماددەیە ئەگەر مولاحەزەتان لەسەر نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چل و هەشت: کەسی رێپێدراو نوسینگەیەکی لە هەرێمدا دەبێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة والأربعون: يحتفظ الشخص المخول بمكتب في الأقليم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە جیاتی (يحتفظ) نابێت، چونکە نەیکردووە، دەبێت بڵێین (يؤسس الشخص المخول بمكتب في الأقليم)، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە زیادە، چونکە بەپێی قانونی شەریکاتی تیجاری، هەر کۆمپانیایەکی بێگانە لە عێراقدا کار بکات، پێویستە کەوا فەرعەکە بەشێوەیەکی رەسمی ناونووس بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ زەرەرێکی نییە، ئەگەر شەتبی بکەین ئیعتیادیە، بەلأم بۆ ئەوەی سبەینێ گومان نەخرێتە سەر شەریکەیەك ئەوە وەهمیە، ئەوە کێیەو، با مەکتەبی عەلەنی هەبێت باشترە (یؤسس الشخص المخول بمكتب في الأقليم)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی دوانزەم

یەکگرتن

باسی یەکەم

یەکگرتنی حەشارگەکانی ناو هەرێم

ماددەی چل و نۆ:

یەکەم: وەزیر کاری یەکگرتنی حەشارگەکان، ئەگەر هەموویان لە هەرێمدا بن لە ئەستۆ دەگرێ، بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لە پیشەسازییەکانی نەوتدا.

دووەم: حەشارگەکان یەك دەخرێن، ئەگەر بەشێکیان لە ناوچەی گرێبەست دابێ و بەشێکی لە ناوچەی گرێبەستێکی دیکەدا بێ بەپێی ئەوانەی خوارەوە:

أ- وەزیر ئاگاداریەکی نووسراو ئاراستەی بەڵێندەرەکان دەکات، بۆ مۆر کردنی رێککەوتننامەی یەکگرتنی هاوبەش لەنێوانیاندا بۆ مسۆگەر کردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەدا بەشێوەیەکی باش و کاریگەر.

ب- ئەگەر مۆر کردنی رێککەوتننامە هاوبەشەکە لە ماوەیەکی کاتی شیاودا لە وەرگرتنی ئاگادار کردنەوە نووسراوەکەدا جێبەجێ نەکرێ، هەروەکو لەبڕگەی دووەم (أ) سەرەوەدا هاتووە وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەدات.

ت- لەکاتی رەزامەندی نەنواندنی وەزیر بە بەڵێندەرەکان بۆیان هەیە پەنا بۆ ناو بژیوان ببەن بەپێی خاڵەکانی لە ماددەی پەنجاو دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

سێیەم: حەشارگەکە یەك دەگرێ، ئەگەر بەشێکی لە ناوچەی گرێبەستداو بەشێکی نەکەوێتە ناو هیچ گرێبەستێکی نەوتی دیکەوە بەپێی ئەوانەی خوارەوە:

أ- وەزیر ئاگادار کردنەوەیەکی نووسراو ئاڕاستەی بەڵێندەر دەکات، بۆ ئەنجام دانی رێککەوتننامەی یەکگرتنی بەشدار لەگەڵیدا بۆ مسۆگەر کردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەوە بەشێوەیەکی باش و کاریگەر.

ب- ئەگەر لەمیانەی کاتێکی شیاودا رێك نەکەون، دوای دەرکردنی ئاگادار کردنەوەی نووسراویش وەکو لە برگەی دووەم (أ)ی سەرەوەدا هاتووە، وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەداو بەڵێندەریش بۆی هەیە لە کاتی رازی نەبوونی بەبڕیاری وەزیر پەنا بۆ ناوبژیوان، یان رێکارەکانی لە گرێبەستی نەوتیدا هاتووە، ببات.

چوارەم: لە رێککەوتننامەی یەکگرتندا بڕی ئەو نەوتەی لەوناوچەیەی کە رێککەوتننامەکە دەیگرێتەوە دیاری دەکرێن، هەروەها کارپێکەری بەرپرسی لەبەرهەمهێنانی نەوتدا لەناوچەی رێککەوتننامەکەدا دەست نیشان دەکرێ.

پێنجەم: وەزیر بڕیاری پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەوە دەدات دوای بڕیاردانی رێککەوتنی یەکگرتنو رەزامەندی لەسەردانی.

شەشەم: رەزامەندی وەزیر پێشتر وەردەگرێ بەر لە هەر گۆڕانکاریەك لە رێککەوتننامەی یەکگرتندا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الفصل الثاني عشر

## التوحيد

## توحيد المكامن داخل الأقليم

المادة التاسعة والأربعون:

أولا: يتولى الوزير توحيد المكمن إذا كان كليا ضمن الأقليم بموجب المعايير الدولية المتبعة في الصناعة النفطية .

ثانيا: يتم توحيد المكمن إذا كان جزئياً ضمن منطقة العقد وجزئياً ضمن منطقة عقد آخر وفق مايلي:

أ- يوجه الوزير اشعاراً تحريريا الى المقاولين لابرام اتفاقية توحيد مشتركة بينهم لضمان انتاج النفط من المكمن بصورة مثالية وفعالة.

ب- اذا لم يتم ابرام الاتفاقية المشتركة خلال فترة زمنية معقولة من استلام الاشعار التحريري كما ورد في الفقرة/ ثانيا (أ) اعلاه يقرر الوزير توحيد المكمن.

ت- للمقاولين عند عدم موافقتهم على قرار الوزير، اللجوء الى التحكيم بموجب البنود الواردة في المادة الثانية والخمسين من هذا القانون.

ثالثا: يتم توحيد المكمن اذا كان جزئيا ضمن منطقة العقد وجزئيا في منطقة لم تخضع لاي عقد نفطي اخر وفق مايلي:

أ- يوجه الوزير اشعارا تحريريا الى المقاول لابرام اتفاقية التوحيد المشتركة معه لضمان انتاج النفط من المكمن بصورة مثالية وفعالة.

ب- اذا لم يتم الاتفاق خلال فترة زمنية معقولة بعد اصدار الاشعار التحريري، كما ورد في الفقرة/ ثانيا (أ) أعلاه، يقرر الوزير توحيد المكمن، وللمقاول عند عدم موافقته لقرار الوزير اللجوء الى التحكيم أو الى الأجراءات الواردة في العقد النفطي.

رابعا: تحدد في أتفاقية التوحيد كمية النفط في المناطق التي تشملها الاتفاقية، كما تعين المشغل المسؤول عن انتاج النفط ضمن منطقة الاتفاقية.

خامسا: يقرر الوزير تطوير أو إنتاج النفط من المكمن بعد أقرار اتفاقية التوحيد او الموافقة عليها.

سادسا: تستحصل موافقة الوزير مسبقاً قبل إجراء أية تغييرات في أتفاقية التوحيد.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پێشنیاز دەكات لە ماددەی چل و نۆ بڕگەی ئەوەڵەن دوای (توحيد المكمن) عیبارەی (بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء) زیاد بكرێت، بەڵام ریئاسەی مەجلیسی وزەرا كرایە مەجلیسی ئیقلیم، ئێمەش پێشنیار دەكەین بكرێتە (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ئاشتی شەرحێكت هەیە بۆمان.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە باسی ئەم وەزعیە دەكات، ئەگەر لەناوچەی خۆتدا بێت، یان لەنێوان دوو مقاول، یان لەنێوان حكومەت و مقاولێك، لەبەر ئەوە دەڵێ چۆن تەوحید دەبێت ئیشعار دەدات، وەختی هەیە، دوای ئەوە بڕیار دەدات بەموافەقەت و شتێكی تر هەیە، هەمووی ستاندەرە لە عالەمە، ئەمە هیچ موشكیلەی تیا نییە، جاروبار لەوانەیە سێ مقاول بێت بەشدار بن لە عەینی شتدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر كەسێك قسەی هەبێتن، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم هەیە، ئەویش ئەوەیە كاتێك كە وەزیر بڕیاری یەكگرتنەوەی دوو حەشارگە دەدات بۆ بەڵێندەرەكان، حیساب ناكرێت، یەعنی گرفتێك دروست ببێت لە رووی بەرهەمەوە بۆ ئەو دوو بەڵێندەرەكە ئەوەی تیا دەكەن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عوسمان بانی مارانی فەرمووو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مـن پێشـنیار دەکـەم برگـەی یەکـەم لـە مـاددەی چـل و نـۆ بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بێـت (وەزارەت دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران حەشارگەکان یەك دەخات، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی هـەرێم بوو، بەپێی ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی لە پیشەسازی نەوت پەیرەو دەکرێن).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باسمـان کـرد و موافەقەتیشـی کـرد وەزیـر، بـە موافەقـەتی ئەنجومـەنی هـەرێم، لیژنـەی قـانونی گوتیـان مەجلیسی وزەرا، بەڵام ئێمـە لەبـەر ئـەوە ماددەیـەکمان ئیزافـە کـرد، مەجلیسێکی هـەرێمان دروسـت کـرد، لێرەش بە موافەقەتی ئەنجومەنی هەرێم، ئەو پرسیارەی کاك حاتەم، ئەگەر وەڵام بدەیتەوە.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مەسـەلە لەسـەر تەوحیـدە، چـونکە ناتـەوێت یـەکێك لـە مقاولـەکان نـەوت ببـات بـە غـەیری شـەرعی لـە مقاولەکەی تر، یان وەکو نەوت ببات لەسەر حیسابی تۆ، چونکە حەقلەکە حـدودی نییـە، حـەقل کـە لێـرە بیری دادەنێیت نەوتیش رادەکێشێت لـە دەرەوەی مەنتیقەکـە، جـا لەبـەر ئـەوە دەبێـت ئیتیفاقیـە هـەبێت، ئەمە یەك مەکمەنە سیاسەتێکی ئیستیخراجی تەتویر لەسەر دادەنێیت، چونکە بـۆ مەسـڵەحەتی حکومەتـە، تۆ دەڵێی ئەو حەقلە دەبێـت ئینتاجەکـەی ئەوەنـدە بێـت لـەنێوان هـەردووکتان، کـە ئـەو تەوحیـدەت کـرد ئـەوان بەشـدار دەبـن لـە نەتیجەکـەدا بەیەکـەوە ئیستیسـماری دەکـەن، یـەکێکیان دەکـەیت بـە موشـەغیل، ئەویتریان لەگەڵیان ئیش دەکات، ئەمـە بـۆ ئـەوەی کـە موونافەسـە نـەبێت لەبـەر مەسڵەحەتی خۆیـان زەرەر بدەنە حەقلەکە، بۆ حیسابی ئێمە، هەر لەبەر ئەوەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئـەو مـاددەی دەخەمـە دەنگدانـەوە بـەو گۆڕانکاریـەی لەبـەر رۆشـنایی لیژنـەی یاسـایی و کـاك عوسمـانیش ئاماژەی پێ کردو جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی پەنجا.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری هەرێمو ناو عێراقدا**

**ماددەی پەنجا:**

**یەکەم: وەزیر یەکگرتنی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ، ئەگەر لە سنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بەرێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا، یان لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیداری دیکەوە،**

بەمەرجێك سوودی زۆر بۆ گەلی هەرێم بەتایبەتی وعێراق بەگشتی بەدەستدێنێ، بە بەکارهێنانی تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاری زۆر پێشکەوتوو هاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی 112 لە دەستوری فیدراڵیدا.

دووەم: رێککەوتننامە کە دەست نیشانی بەرێوەبردنی حەشارگەکە دەدات لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش لە نوێنەری حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، یان لایەنی دیکەی پەیوەندیدار لەخۆی دەگرێ.

سێیەم: لەکاتی نەگەیشتن بەرێکەوتنی ئاماژە بۆ کراو لە برگەی سەرەوە وەزیر لەگەڵ نوێنەری حکومەتی فیدراڵی، یان لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار، رەوانە کردنی بابەتەکە بۆ شارەزایەکی نێودەوڵەتی بۆ ناو بژیوانی کردن لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە هەڵدەبژێردرێ.

**بەرێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**توحيد المكامن عبر حدود الأقليم و ضمن العراق**

المادة الخمسون:

أولا: يتولى الوزير توحيد المكمن اذا عبر حدود الأقليم الى مناطق اخرى من العراق بالأتفاق مع الحكومة الأتحادية أو مع الأطراف المعنية الأخرى على أن تحقق المنفعة العليا لشعب الأقليم خاصة والعراق عامة، مستخدمة تقنيات مبادئ السوق الأكثر تقدماً وتشجيع الأستثمار وفق المادة 112 من الدستور الأتحادي.

ثانيا: تحدد الأتفاقية إدارة المكمن من قبل هيئة مشتركة تضم ممثلي حكومة الاقليم والحكومة الأتحادية أو الأطراف المعنية الأخرى.

ثالثا: عند عدم التوصل الى الأتفاقية المذكورة في الفقرة أعلاه يتولى الوزير مع ممثل الحكومة الأتحادية أو الاطراف المعنية الاخرى إحالة الموضوع الى خبير دولي للتحكيم يتم أختيارهم من قبل كافة الاطراف المعنية.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هەمان پێشنیازی ماددەی چل و نۆی هەیە کە لە برگەی ئەوەلەن دوای (توحيد المكمن) عیبارەی (بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء) ئیزافە بکرێت، بەلاَم ئێستا هەمان شت دەگۆرین دەیکەنە (بعد استحصال موافقة مجلس الاقليم).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەکو جەنابی وەزیریش لە هینەکە هینی کرد بوو، لێرەش دەبێتە ( يتولى الوزير بموافقة المجلس الاقليمي)، بەلاَم مولاحەزەیەکی تر هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو مەوزوعە کە خیلاف دەکاتن لەنێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی، ئایا ئەوە راستە ئیحالەی مەحکەمەی دوەلی تەحکیم بکەین، یان دەبێت لێرە بڵێین (الى المحكمة الدستورية العراقية) نازانم چۆنە خەبیری دوەلی لە مەسائیلی دەبێت وای لێ لێ بکەین، بەینی

دوو شەریکەی داخیلی، مەسەلەن ئێمە حکومەتی هەرێمە، وەزیرە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، کاک رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حاڵەتی وەها مەحکەمەی ئیتیحادی تەرەفە تەماشای بکات، بەس ئیستیعانە بە خوبەرای خۆمان دەکات عێراقی، ئێمە خەبیرمان زۆر زۆرە لە نەفت، لە کوردستانیش، لە خارجی کوردستانیش تەحکیمی دوەلی نایەتە ناو ئیشی داخیلی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم لە جیاتی ئەو دەزگایەی کەوا لێرە ناوی هاتووە مومەسیلی ئیتیحادی کەوا بڕیارە بەپێی قانونی نەوتی عێراقی دروست بکرێت، ئەو تەماشای ئەو کێشەیە بکات، چونکە نوێنەری حکومەتی هەرێمی تێدایەو، نوێنەری حکومەتی ناوەندیشی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێك مونحاز دەبێت بۆ حکومەتی فیدراڵی، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە کێشەیەکی داخیلی ئیتیحادی فیدراڵیە، لەبەر ئەوە پێویست بە خەبیری دوەلی ناکات، لەنێوان نوێنەری هەرێم و نوێنەری حکومەتی ئیتیحادی بکرێت باشترە، ئینجا صیغەیەکی دی بدۆزرێتەوە، موهیم نابێت خەبیری دوەلی بێت، چونکە ئەمە کێشەیەکی ناوخۆی ئیتیحادێکی فیدراڵیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەو مەسەلەیە دوو جانبی هەیە، جانبێك ئەوەی تەرەفە تێدا حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێمە، جانبێکیش شەریکاتی ئەجنەبیە کە جانبێکی دەولییە، بە قەناعەتی من نەصەکە لە جێگای خۆی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە مەوزوعی نیزاعێكە بەینی هەرێم و حكومەتی ئیتیحادی، ئان بەینی هەرێم و هەرێمێك، ئەو نەوعە نیزاعانە مەحكەمەی عولیا ئەو حەسمی ئەو مەسائیلانە دەكات، نەك تەحكیمی دەولی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە باس لەوە دەكات كە لە میانەی سنووری نێودەوڵەتیدا هەیە، جەنابی وەزیریش بەیانی بۆ ئێمەی شی كردەوە، مەسەلەن هەندێك شوێن هەیە حەشارگەی نەوتە دەكەوێتە سەر سنوور لەگەڵ سوریا، یان لەگەڵ ئێران، یان لەگەڵ توركیا، ئەو لەو حاڵەتە دەبێتە كێشەیەكی نێودەوڵەتی، بۆیە خەبیری دوەلی پێویستە لێرەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر ئەو خاڵەی كە كاك غەفور باسی كرد (یتولی الوزیر توحید المكمن اذا عبر حدود الاقلیم الی المناطق الاخری من العراق)، كەواتە (اذا عبر حدود الاقلیم) پاشان لێرە (مع الحكومة الاتحادیة او مع الاطراف الاخری المعنیة) نازانم ئەتراف مەعنیە كامەیە، مادام لە خارجی حدود بێت، پرسیارەكە لە جەنابی وەزیر دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، چونكە ئێمە لێرە نەصێكی قانونی پەرلەمانی هەرێم ناتوانێت فەرزی بكات لەسەر حكومەتی ئیتیحادی بۆ مەعلوماتان، مەلەسەن لێرە لەسەر دابنێین بڵێین ئەمە قەراری پەرلەمانی كوردستانە دەبێت موحاكەمەیەكی دوەلی بێتن، ناكرێت، كاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش رەئیم هەر وایە ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، بە رەئی من ئەو كێشەیە لە بەینی حكومەتی هەرێم و حكومەتی ئیتیحادی دەبێت، ئەگەر ئەو دوو لیژنەیە نەگەیشتنە ئەنجامێك، هەمان شێوە وەردەگرێتن، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو ماددەی وەكو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**من هەر لەسەر پێشنیاری ئەوەلیم ئەگەر خیلاف بوو سێیەم مەحکەمەی دەستووری خیلافی ئەوەی نییە، دەستووری عێراق چی دەڵێ (تختص المحكمة الاتحادية:**

**1- الرقابة على الدستور و القوانين.**

**2- تفسير نصوص الدستور.**

**3- الفصل في القضايا التي تنشأ عن تطبيق القوانين الاتحادية والقرارات والانظمة والتعليمات والاجراءات الصادرة عن السلطة الاتحادية ويكلف القانون حق كل من مجلس الوزراء وذوي الشأن من الافراد وغيرهم.**

**4- الفصل في المنازعات التي تحصل بين الحكومات الاتحادية وحكومات الآقليم والمحافظات والبلديات والادارات المحلية)، کەواتە بیززەبت ئەوەیە، چۆن نیزاع، لەوێ چیە؟ یەعنی خیلافی نیزاعە چیە، فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە قەصدمان خەبیر فەنییە بەڕاستی، یەعنی مەحکەمەو ئەوە نییە، تۆ دەچیت بۆ دیراسەی فەنی، یەکێك دیراسەی فەنیت بۆ دەکات، هەندەسیت بۆ دەکاتن دەڵێ ئینتاجی ئەم مەکمەنە بەم شێوەیە تەتویر بێت باشتر دەبێت، ئەمە عەمەلیەی فەنییە عیلاقەی بە تەحکیم نییە، لەوانەیە کەلیمەکە بەو شێوەیەی بەکارمان هێناوە راست نییە، قەصدی خەبیر فەنییە بەڕاستی، دەتوانین بڵێین خەبیر فەنی دەولیەکەش لاببەین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك کەرخی.**

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێم وا بێت ئەگەر بچێتە مەحکەمەی دەستووری، ئەوان خۆیان ئیعتیداد بە خەبیر فەنی دەکەن، یەعنی تۆ ناتوانیت خەبیر بێنێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بیززەبت راستە، یەعنی ئێمە لە دڵماندا چی هەیە، ئەوە شتێکی ترە، نەصی ئەوەی نووسیووتانە چیە؟ دەڵێ دووەم (ثانيا: تحدد الأتفاقية إدارة المكمن من قبل هيئة مشتركة تضم ممثلي حكومة الاقليم والحكومة الأتحادية أو الأطراف المعنية الأخرى احالة الموضوع الى خبير دولي للتحكيم يتم اختياره من قبل كافة الاطراف المعنية)، لێرەدا لە یەکەمیشدا، لە دووەمیشدا، لە سێیەمیشدا غەیری حکومەتی ئیقلیم و حکومەتی ئیتیحادی تەرەفێك نییە، تەرەفێکی ئەجنەبی باس نەکردووە، ئەوە یەك.**

**دەستووری عێراق دەڵێ مونازەعات مەحکەمەی دەستووری حەلی دەکاتن، مەحکەمەی دەستووریش ئەو قسەی کە کاك کەرخی کردی تەماشای بکەین موحتاجی خەبیری دوەلی بوو بانگی وی دەکاتن، چونکە**

مەسەلەیەکی ئەوا ناتوانێت، حاکم نایزانێت و ناتوانێت بڕیار بدات، عەقدەکە تەماشا دەکات و تێی نەگات خەبیر دەهێنێت، خوبەرا دەهێنێت، ئینجا حوکمی دەداتن، لەبەر ئەوە زۆر راستە ئەگەر لێرە بیکەینە (احالة الموضوع الى المحكمة الدستورية)، فەرموو کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەسەلەی تەحکیم خەتوەیەکە پێشی مەسەلەی موحاکەمەیە، موحاکەمە دوای ئەوەیە، کە تەحکیم نەگەیشتنە هیچ حەلێك و نیزاعەکە حەل نەبوو، ئەو کاتە پەنا بۆ موحاکم دەچێتن، نیزاعەکە دەچێتە مەحکەمەی عولیا، هەردوولا کە ئیتیفاقیان کرد لەسەر موحاکەمە، لێرەدا خەبیرو موحەکمینی دەولی موعتەرەفن دەولیەن بانگ دەکرێن هەردوولا ئیتیفاق دەکەن دەینن، ئەوە لە مەسەلەکە دەکۆڵێتەوەو بڕیار لەسەر مەسەلەکە دەدات، کە بڕیاریاندا لەسەر مەسەلەکە، قەزیەکە کۆتایی پێ دێت، ئەگەر قەزیەکە کۆتایی پێ نەهات، ئەو کاتە هەردوولا بۆیان هەیە روو لە مەحکەمە بکەن، ئینجا دەچێتە مەحکەمەی عولیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێ شت تۆ بە رەغبات قسە دەکەیت کاک کەریم، حکومەتی ئیتیحادی لە کوێ قەبول دەکات تۆ لێرە فەرزی لەسەر بکەیت بێ خەبیری ئەجنەبی قەبول بکات بۆ حەسمی صراعات، ئیتیفاقیەکە ئەوەیە (اذا لم تتوصل الاتفاقية)، کاکە قەبول ناکات، کاک عادل نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە هەر خۆی موخالەفەی دەستووری عێراقە، یەعنی لێرە هێن بکەیت فەرز بکاتە تەجاوزی حدودی هەرێم بکات بۆ حدودی دەوڵەتی عێراقی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەمە تەوحیدی مەکامنە، حەلی نیزاعات نییە، ئەوە لە ماددەی پەنجاو دووە حەلی نیزاعات، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە رایدەکێشین بۆ ئەو مەسەلانەی کە عیلاقەی بەو ماددەیەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوحیدی مەكامن دوو تەرەفە، با بڵێین بیرێك هەیە لەسەر حدودە، تۆ دەتەوێت تەوحیدی بكەیت وجهە نەزەرێك هەیە حكومەتی بەغدایە، یان موحافەزەی موسڵ، یان موحافەزەی تكریت وجهەی نەزەرێكی تری هەیە دێن موفاوەزات دەكەن، كێ حەلی نیزاعاتی ئەوە دەكاتن، ئەگەر حكومەتی بەغدا بێت خەبیر ناتوانێت تۆ لێرە بە نەصێكی قانونی پەرلەمان فەرزی لەسەر بكەیت، وەزیری خۆمان بچێت لە بەغدا بڵێ پەرلەمانی كوردستان قەراری داوە بە خەبیر ئەوە حەل بكەن، دەڵێ من مولزەم نیم بە پەرلەمانی كوردستان، وا وەڵام دەداتەوە، بەڵام بەپێی دەستوور مولزەمە بە مەحكەمەی دەستووری، دەڵێ مەحكەمەی دەستووری هینمان دەكاتن، ئەو ناتوانێتن بڵێ نەخێر، لێرە لە دەستووردا هاتووە، حەلی نیزاعات لە بەینی حكومەتی ئیتیحادی و ئەقالیم و موحافەزات بە مەحكەمەی دەستووری دەكرێتن، لەبەر ئەوە ئەوە حەسمی ئەوە دەكات، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەڵێی سەد لە سەد راستە، بەڵام ئەگەر ئەتراف مەعنی تێدا نەبێت، ئەگەر ئەتراف مەعنی تێدا بێت، یەعنی جیهەتی سێیەمی تێدایە عیلاقەی بە مەحكەمەی دەستووری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من یەك پرسیار دەكەم، یەكەم بخوێنەوە (یتولى الوزیر توحید المكمن اذا عبر حدود الأقلیم الى مناطق اخرى من العراق) ناڵێ خارجی عێراق (بالأتفاق مع الحكومة الأتحادیة أو مع الأطراف المعنیة الأخرى) ئەتراف مەعنیە كێیە لێرە، غێر موحافەزاتی ترە، حكومەتی ئیتیحادی و موحافەزاتی تریشە، ئەقالیمی تریش هەیە، مقاول بۆ تەوحیدی مەكەمن چ عیلاقەی هەیە، دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ كرد، ئەم كێشەیە كێشەیەكی تەكنیكیە، پێویستە لە لایەن دەزگایەكی تەكنیكیەوە چارەسەر بكرێت و یەكلایی بكرێتەوە، ئێمە نابێت ترسی ئەوەمان هەبێت، چونكە بەپێی ئەو پرۆژەیەی كە ئێستا لەبەر دەست دایە بڕیارەكانی ئەو ئەنجومەنە، ئەو دەزگایە دەبێت بە رەزامەندی هەموو لایەك بێت، نوێنەری حكومەتی هەرێمیش لەوێ دایە، ئەوە دەبێتە باشترین زەمان كەوا بڕیارێك نەدرێت، كەوا لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەی ئەگەر حەل نەبوو چی بكەین، دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو تەئكيد كرايەوە، ئەمە صيراعێكە، نيزاعێكە، ئەگەر نەگەيشتنە ئيتيفاق مانای نيزاع پەيدا بوو، نيزاعێك لەبەينی كێ دروست دەبێت، نيزاعێك لەبەينی هەرێم و ناوچەكانی تری عێراقدا دروست دەبێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوەی جەنابت تەئكيدت لەسەر كردەوە مەحكەمەی دەستووری، بەس باشترە بڵێين (احالة) نەك مەوزوع (احالة النزاع الى المحكمة الدستورية)، چونكە لێرە دەبێتە نيزاع كە نەگەيشتنە ئيتيفاق مانای دەكاتە نيزاع، لە ئەخيرەكەی هاتووە (عند عدم التوصل الى الأتفاقية المذكورة في الفقرة أعلاه يتولى الوزير مع ممثل الحكومة الأتحادية أو الاطراف المعنية الاخرى إحالة النزاع الى المحكمة الدستورية لحلها).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزير بۆ حەلی هين لە جياتی (يتولى الوزير) (يجوز احالة الموضوع الى التحكيم الدولي) ئەوە حەلی ئيشكالمان دەكاتن، كاكە رازی نين بە مەحكەمەی دەستووری، جەنابی وەزير فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزيری سامانە سروشتيەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە نامانەوێت بچينە دەستوورەوە، چونكە مەسەلەكە جياوازە، ئەگەر بوو بە نيزاع، تەبعەن دەستوور لەوێ وا دەڵێ، پێويست ناكات لێرە بڵێين، ئەمە باسی شتێكی فەنييە، لەبەر ئەوە حەساسيەكە لاببەين، با نەڵێن خەبير دەولی تەحكيم، دەڵێين (خبير فني للتحكيم يتم أختيارهم من قبل كافة الاطراف المعنية)، ئەگەر ئۆپشنی نيهائی دەستوور هەيە، پێويست ناكات لێرە باسی بكەين، خوبەڕائی فەنی (احالة الموضوع الى خبراء فنيين للتحكيم وأختيارهم من قبل كافة الاطراف المعنية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد نوقتەی نيزامت هەيە فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك كەريم ئيشارەتی بە تەحكيم دا، تەحكيم شتێكە، خەبير شتێكە، مەحكەمە دائيمەن خوبەڕا تەعين دەكات بە رەسمی تەسميەی دەكاتن ئيختيصاصی چ بێت، ئەو خەبيرانە دەچن كەشفی مەوقيعی دەكەن تەقريری خۆيان دەنووسن، دەبێتە دەعمێك بۆ ئەو موستەمسەكاتانەی كە تەقديمی مەحكەمەی دەكرێت، بەڵام مەوزوعی تەحكيم لە دەرەوەی مەحكەمەی دەبێتن، پێش ئەوەی بچێتە مەحكەمەی، كە دەچێتە مەحكەمەی ئيتيحادی ئەوان تەسميەی خوبەڕا دەكەن زيمنی ئەو ئيختيصاصاتانە كە خيلافی لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەشێ بکەینە (يحال الموضوع عند تعذر الوصول الى الاتفاقية يحال الوضوع الى التحكيم او الى السلطات القضائية)، یەعنی هەردووکی دەگرێتەوەو ئەو عیبارەتە لەمەوزوعی نیزاعاتی مەشروعی قانونی عێراقیش تێدایە بۆ هەردووکیانی گوتووە، بۆ ئیحالەی تەحکیم و سوڵتەی قەزائی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك لە هەمووتان دەکەم، کە دەڵێی تەحکیم خۆ مەحکەمە نییە، من دەڵێم دوو کەس نیزاعی هەیە دەڵێم کاك کەریم وەرە حەکەم بە، ئەگەر من وام گوت کاکە قەبولی نەکرد، دەکرێت کاك کەریم حەکەم بێت، ئێستا ئێمە دەتوانین ئەو تەحکیمە فەرزی سەر حکومەتی بەغدا بکەین لە خیلالی نەصێکی خۆمان، ناکرێت، ئێوە دەڵێن خەبیری دوەلی بۆ تەحکیم، ئەوەش هەمان شتە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من قەناعەتم وایە کەلیمەی تەحکیم مەفهومێکی غەڵەتە لێرە هاتە دەستەوە، ئێمە باس لە دەوڵەتی فیدراڵی دەکەین، تەحکیم بۆ حاڵەتێك دەبێت کە نیزاع لەنێوان دوو دەوڵەتدا هەبێت، ئەگەر ئیتیفاقیەکی بەم شێوەیان هەبێت، لە دەوڵەتی فیدراڵی من بە قەناعەتم مەحکەمەی ئیتیحادی حوکم دەکات بەپێی دەستووریش ئەوە حوکمی قەزیەکانە، کاتێك کە نیزاع دەبێت، لێرە ئێمە هەرچی بکەین، من پێم وا نییە راست دەرچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من ماددەکە بە صیاغەیەکی زۆر وردو دەقیق هاتووە، ئەو موناقەشانەی هیچ پێ ناوێت، بەتایبەتی ماددەی (115) لە دەستووری عێراقی ئیتیحادی سەلاحیەتی داوەتە قەوانینی خۆمان کە لەو دیوە تەتبیق دەبێت ئەگەر حاڵەتی مونازەعات بێت، مادام وایە ئێمە بێ منەت بین تەشریعی بکەین بەو وەزعەی هیچ ئیشکالاتێکی قانونی و دەستووریمان نابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددە (115)یە ئەوەی تێدا نییە، کاك عەونی عەفوم دەکەیت، مەکمەنێك هەیە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆیە، ئەوە خیلافی لەسەرە، نیزاعی لەسەرە، جەنابی وەزیر رەئیەکی بدە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دووباره دەڵێم ئەمە شتێکی فەنییە، هەتا بچێتە مەحکەمەی ئیتیحادی، ئەو دەچێت فەنی دەهێنێت بۆ ئەو ماددەیە، ئەوە یەکەم.

دووەم/ نەوت و غاز حەسری نییە، یەعنی موشتەرەکە، حەقی حکومەتی ئیتیحادی نییە ئەوەی بکات، لە ماددەی (112) ئەوە شتێکی زۆر جوانە ئیکتیفا لەسەر ئەوە دەکەم، دەتوانین ئیعتیماد بکەینە سەر ئەوە، باشترە لەجیاتی ئەوە دەستوورو شت پێ بڵێم چونکە لێرە دەڵێ هەموو تەرەفەکان ئیتیفاقی لەسەر دەکەن، ئەگەر ئیتیفاق نەبوو، خۆی دەستوورە، پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین، هەر لێرە بڵێین دوای خوبەڕای فەنی (خبراء فنيين للتحكيم يتم أختيارهم من قبل كافة الاطراف المعنية) ئەگەر حەل نەبوو دەستوور هەر لەوێیە، پێویست ناکات باسی دەستوور بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئەدهەم.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە مادده نوکە وان خستیە سەر شاشەی ئەگەر جەنابێتە برادەر مولاحەزە بکە لە خەتا شینە بێژی (تكون الاولوية فيها لقانون الاقاليم) یەعنی تێدا تڤێ مەسەلە ئەولەویەت بۆ چتڤێ لێرە بەحس دکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسی مەکمەنێك دەکەین لە دەرەوەی ئیقلیمە، نیوەی لای ئێمەیە، نیوەش لای ئەوانە، لەبەر ئەوە ناتوانین بەو نەصە حوکمی لەسەر بدەین، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕەئیەی جەنابت تەرحت کرد ڕەئیەکی باشە، ئێمە گەلێ جار ڕێزم بۆ هەموو خوشك و برایان گەلێ جار تەرحی مەسائیل و تەموحاتی خۆمان دەکەین کەوا وڵاتێکی سەربەخۆینەو ساحێبی قەراری خۆمانین، وەکو جەنابت ئیشارەتت پێ کرد لە دەستووری عێراق کۆمەڵێك مادده هەیە، کە ئێمە ناتوانین تەجاوزی بکەین و دەنگیشی لەسەر دراوە، لەبەر ئەوەی تکام وایە خۆمان تووشی شتێك نەکەین، لەبیرتانە کۆمەڵێك ئیتیفاقمان لەسەر مەسەلەی کارەباو لەگەڵ هەندێ مەسائیلی دیکە لەگەڵ ئێران کردووە، لەگەڵ تورکیا کردووە، وەزیرەکەی بەغدا ڕەفزی کردووەو هیچشت پێ ناکرێت، لەبەر ئەوە رجام وایە خۆمان تووشی هەڵە نەکەین کە موخالەفەی دەستووری عێراقی بێت و تووشی مەشاکیلیش بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادده (115)یە ئەوە موعالەجەی ئەوە ناكاتن، یەك، دووەمیش/ لە ماددەی (92) (محكمة الاتحادية العليا) ناوی وایە، ئاخیری چوارەم فەسلی مونازەعاتی نووسیووە (تحصل بين الحكومة الاتحادية والحكومات الاقاليم والمحافظات للفصل في المنازعات والبلديات المحلية) تەنیا لەوە، كاك سەعدەدین نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی (94) دەڵێ (قرارات المحكمة الاتحادية العليا باتة وملزمة للسلطات الكافة) یەعنی موتەعاریزە لەگەڵ ماددەی (115) كە ئەوان ئیدیعای دەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر موتەعاریز نییە، چونكە ئەگەر ئەو ماددەی (115) بێتن ناچێتە مەحكەمەی عولیا، بەلاّم ئەگەر لە دەرەوەی سولّتەی حەسری بێت، كەئێستاكە دەرەوەی سولّتاتی حەسرییە، مەكمەنێكە لە دەرەوەی هەرێمە، بۆیە دەبێت بچێتە مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەلاّم پێویست ناكات باسی ئەوە بكەین لێرە، چونكە ئەوە ئۆپشن هەتە، تۆ ئەگەر دەتوانیت حەلی بكەیت بە خوبەڕا لە پێشەوە تەحكیم دوایی دەبێت لە ئیتیحادی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تەئكید ئەو قسەی جەنابت زۆر راستە، چونكە یەكێك لە ئیختیصاصەكانی مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا بەگوێرەی ماددەی (93) فەقەرە چوار ئەوە باس لەسەر كرا من تەفسیلی نەدەمێ، بەلاّم ئەگەر ئێمە بێتو باس لەوە بكەین نەچێتە مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا، ئەی خۆ مەسەلەی نەوت لەو مەسەلانەیە كە لەسەر سولّتاتی حەسری ئیشی لەسەر دەكەن و سەلاّحیەتی موشتەرەكە لە بەینی هەردوولا، ئەگەر بێینەوە بگەڕێینەوە سەر ماددەی (110) باس لە ئیختیصاصەكانی سولّتەی ئیتیحادی بكەین، كە باس لە رەسمی سیاسەی ئیقتیصادی و موعاهەدات و ئیتیفاقیاتی دەولی دەكات، ئەمە هەمووی ئەو كێشانەی لە بەینی حكومەتی ئیتیحادو ئیقلیمدا دروست دەبێت، دەبێت مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا بیبینێت، لەبەر ئەوە

مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا قانونیترین جیهەتە، پێش ئەوەی موحەككیم و شتی وای بۆ دابنرێت، دەبێت ئەو كێشەیە بچێتە مەحكەمەی ئیتیحادی عولیا لەوێ شتی تیا بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە مەحكەمەی ئیتیحادیە، حەوت كەس بێتن دووی كوردە، دووەمینیش/ مەفروزە هەیئەتێكی موستەقیلە، دوورە لە حزبایەتی، دوورە لە تەعەصوب، دوورە لە عونسوریەت، كاك فرسەتیش روونی دەكاتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن قسەی جەنابی كاك عومەر راستە، بەس یەك شت هەیە دەمەوێت بۆ برادەران تەوزیحی بكەم، مەوزوعی تەحكیم بەزۆری نییە، لازمە هەموو ئەتراف موافیق بن، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئیلزامی حكومەتی ئیتیحادی بكەین بە تەحكیم، دەتوانین وا نەصەكە دابڕێژین داوا لە حكومەتی ئیتیحادی دەكەین بێنە تەحكیم، ئەگەر هاتوو تەحكیم بوو نەگەیشتینە نەتیجە، یانیش رەفزیان كرد بێتە تەحكیم، ئەو وەختە ئینتیزاری موافەقەی حكومەتی ئیتیحادی ناكەین، ئێمە بە خۆمان دەعوا لە مەحكەمەی دەستووری، ئان ئیتیحادی عولیا دەكەین، دەعوەكە وەك چۆن كاك عومەر باسی كرد دەچێتە ئەوێ، بەس من یەك پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، زەرورییە مەكمەنێكی داخیلی هەرێم تەوحیدی بكەین لەگەڵ مەكمەنێكی خارجی هەرێم، داكو تووشی ئەو كێشەیە بین، یان موجەرەد ئارەزووە، رەغبەتی ئێمەیە كو تەوحیدی بكەین، ئەگەر زەروری نەبێت بۆ خۆمان داخیلی ئەو كێشەیە بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرمووو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەی ئەگەر لە قانونی نەفتی عێراقیدا كە لجوء بۆ تەحكیم بكرێت، لەو حاڵەتاندا، ئەگەر لە قانونی نەفتی عێراقیدا هات، ئەوە تەعاروز ناكات لەگەڵ قانونەكەی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە قانونی عێراقیدا هات ئێمە تەئیدی دەكەین، هیچ موشكیلەمان نابێت، باشە ئێمە بڵێین (الى السلطات القضائية ذات علاقة) چۆنە، ئەوە مەتاتیە، بەڵام باشە، موقتەرەحێكی جەنابی وەزیرە دەڵێ (عند عدم التوصل الى الأتفاقية المذكورة في الفقرة أعلاه يتولى الوزير مع ممثل الحكومة الأتحادية أو الاطراف المعنية الاخرى إحالة الموضوع الى خبراء يتم أختيارهم من قبل كافة الاطراف المعنية وفي حالة عدم ا الاتفاق

على ذلك يتم التعامل معه حسب الدستور الاتحادي)، باشه ئەوە، باشە دەیخەمە دەنگدانــەوە، کــێ لەگەڵدایــە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینــەی دەنــگ وەرگیرا.

کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێـنین، بـەیانی سـەعات دە کۆبوونـەوەکـەمان دەسـت پـێ دەکات، زۆر سـوپاس دەستتان خۆش بێتن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی**

**دوو شەممە رێکەوتی 6\8\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)ی نائاسایی

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/8/6

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/8/6 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد  قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (8)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشـتن بەسـتن بـە برگـە (1)ی مـاددە (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـەپێی حوكمـەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پەیڕەوەكـە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (8)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمـی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای نـەوت لـە هـەرێمی كوردسـتانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشتن بەستن بە برگە (1)ی ماددە (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (8)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/8/6دا بەم شێوەیە بێت:

1- بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای نـەوت لـە هـەرێمی كوردسـتانی عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

جارێكی تر بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری سامانە سروشـتیەكان و بـەڕێز كـاك سـەعد وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروبـاری پەرلـەمان و وەفـدە یاوەرەكـەیان دەكـەین، كـە بەشـدارن لەگـەڵمان بـەخێر بـێن سەرچـاو، خـاڵێ یەكەم/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پـرۆژەی یاسـای نـەوت لـە هـەرێمی كوردسـتانی عێراق، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێنە جێگای خۆیان دانیشن، بۆ جێ بەجێ كردنی ئـەم یاسـایە، ئێمـە پەنجا ماددەمان تەواو كرد، ئێستا لە ماددەی (51)ین، كاك كەریم فەرموو بۆ خوێندنەوەی ماددەی پـەنجاو یەك.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری نێودەوڵەتیەوە

ماددەی پەنجاو یەك:

یەکەم: وەزیر یەکگرتنی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ، ئەگەر لە سنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ ناوچەیەکی سەر یەکێك لە دەوڵەتەکانی دروازی بەرێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی هاوسێی پەیوەندیدار دەبێ قازانجی تەواوو راست و رەوان بۆ هەردوو لا بەدەست بێندرێ بۆ پەرەپێدانی نەوت لەحەشارگەکەوە، بەمەرجێك ئەو رێککەوتننامەیە دەبێ بەرزبکرێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی. رێککەوتننامەکە جێبەجێ ناکرێ ئەگەر حکومەتی فیدراڵی رەتیکردەوە لەبەر هەندێ هۆی یاسایی رازیکەرەوە.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە مافی نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم بەبریکاری بداتە حکومەتی فیدراڵی لەهەر رێککەوتننامەیەکی لەم جۆرەدا.

سێیەم: پێویستە رەزامەندی پێشینە لە وەزیر بەدەست بهێنرێو لەلایەن پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم هەر رێککەوتننامەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی نەوت لەو حەشارگانەدا پەسند بکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

توحيد المكامن عبر الحدود الدولية

المادة الحادية والخمسون:

أولا: يتولى الوزير توحيد المكمن اذا عبر حدود الأقليم الى مناطق تابعة الى احدى الدول المجاورة بالأتفاق مع الدولة المجاورة المعنية على أن تضمن المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن على ان يرفع ذلك الاتفاق الى الحكومة الاتحادية لاستحصال موافقتها ولا يكون الاتفاق نافذا اذا رفضت الحكومة الاتحادية الموافقة عليه لاسباب قانونية مقنعة.

ثانيا: يجوز للوزير توكيل الحكومة الاتحادية حق تمثيل مصالح الاقليم في اية اتفاقية من هذا القبيل.

ثالثا: يجب استحصال موافقة مسبقة من الوزير ومصادقة البرلمان ورئيس الاقليم على اية اتفاقية خاصة بتطوير النفط في مثل هذه المكامن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة اضافة عبارة {بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء} الى الفقرة أولاً : بعد عبارة (توحيد المكمن).

ئێمە کاتی خۆی وامان پێشنیار کرد بوو، دوایێ هەموو خوشك و برایانی پەرلەمان بڕیاریاندا لەجیاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ببێتە ئەنجومەنی هەرێم، ئێمەش رازینە لەسەر ئەوەی کە بکرێتە ئەنجومەنی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دوو شوێن ئیشارەتمان بۆ کردووە، (بعد استحصال موافقه مجلس الاقليم) بچێت ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پـێش ئـەوەی دەرگـا بکەمـەوە بـۆ موناقەشـە کـردن، خۆشـم مولاحەزەیـەکم هەیـە دەمـەوێت پێشـتر ڕەئـی جەنابی وەزیـر وەربگـرم، یـەك/ ئێمـە حـدودی ئیقلیمیمـان لـە سـێ ولاَت هەیـە، یـەکێکیان ئێرانـە، دووەم/ تورکیایە، سێیەم/ سـوریایە، ئەوەنـدەی مـن تێبگـەم دوو لـەو دەوڵەتـە تـەعامول لەگـەڵ حکومـەتی هـەرێم ناکەن، نە سوریا، نە تورکیا، جا لەبەر ئەوە لە یەکەم کە دەڵێن (يتولى الوزير توحيد المكمن بعـد استحصـال موافقة المجلس الاقليمي بالأتفاق مع الدولة المجاورة)، باشە ئەگـەر نـەیکرد، چـۆن دەبێـت، دووەمـیش/ دەڵـێ (يجوز للوزير توكيل الحكومة الاتحادية)، جا من پێم وایە ئەو دووە زیـادە، بـەلاَم لـە یەکەمـدا ئەگـەر (لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمـن) پاشـی ئـەوەی (واذا تعـذر ذلـك اناطـة المسؤولية للحكومـة الاتحاديـة)، شتێکی ئەوها بنووسرێتن، یەعنی قانونێك دەردەینین، دوایـێ نەتوانین جـێ بـەجێی بکـەین بـۆ ئێمـە هـین نییە، نازانم، یەعنی (ثانيـاً/ يجوز للـوزير توكيـل الحكومـة الاتحاديـة)، ئەوەلـەن دەبێـت حکومـەتی هـەرێم داوای بکـاتن لـە حکومـەتی ئیتیحـادی، ئـەوەی یەکەمەکـەش/ ئێمـە بڵـێین وەزیـر موفـاوەزات بکـات لەگـەڵ دەوڵـەتی موجـاویرە بـۆی نـەکرێت ئیحراجـی دەکـات، لێـرە (اذا تعـذر ذلـك)، هـەم ئیشـکالەکەمان لـە کـۆڵ دەکاتـەوە، مومکینـە ئەگـەر قـەبول بکرێـت دەیکـەین، ئەگـەر قـەبولیان نـەکرد ئـەو وەخـتی دەسـتووریەن قانونەکە ڕێگامان دەداتێ حکومەتی خۆمـان بـە ئیتیفـاق لەگـەڵ حکومـەتی ئیتیحـادی ئـەو ئیشـکالە حـەل بکاتن.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەمە شتێکی دەستوورییە، دەبێ ئامۆژگاری جەنابتان وەرگرین، چونکە ئێمە دامانناوە ئیشەکە لـە ئەگەری عیلمیەوە و لەناحیەی دەستووریەوە دەبێت ڕاست بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال ڕەئی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نابێت واز لە حقوقی خۆمان بێنین، بۆ ئەوەی دەوڵـەتێکی موجـاویر ڕازی نابێـت، بۆیـە ئێمـە دەبێـت پابەند بین بە دەستووری عێراق و بە دەستووری هەرێمی کوردسـتانیش کـە دێـت، بۆیـە بەنیسـبەت خـاڵی

یەکەم لە جێی خۆیەتی، ئێمە وەکو خۆی بیهێڵینەوە، ئەگەر تەرەفێ تر رازی نەبوو، ئەوجا بچێتە مەحکەمەی بەرزتر، تاکو دەگاتە مەحکەمەی دەولیش با بڕواتە ئەوێ، بەنیسبەت خاڵی دووەم من لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن پشتیوانی رەئیەکەی دەکەم، کە ئەمە جێگەی ئێرە نییە، یەعنی بۆچی وەزیر تەوکیلی حکومەتی ئیتیحادی بکات، بۆ بە تەنسیق نەیکەن، یەعنی بۆ شتەکەی خۆت بدەیتە دەست حکومەتی ئیتیحادی، یەعنی بە موشتەرەکی بێتن، یان هەر خۆت بیکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێ من لەو مادده، هەندێك پرس گرێ دای دەسەلاتا حکومەتا مەرکەزی تێدانە، هەندێکیش دێ تەرێنن، ئێمە هەرێمی کوردستانین، کەواتە هەرێمی کوردستان لە بری دەستووری عێراقێ پرۆژەی دەستووری هەرێمێ کوردستانێ ژی ئەو دەسەلات نینە، هیچ ئیتیفاقێکی بکاتن لەگەل دەوڵەتا موجاور ژی نەصێك بۆ حکومەتێ مەرکەزی دێ موافەقەت دکات، ئان ئیستحصاله پشتی، ژی بەر هەندێ مەوزوعێ حکومەتا ئیتیحادی کو ئیتیفاقە گەل دەوڵەتی موجاور بۆ پرسێت خۆدت ئیتیفاقیاتی نافخۆ و تەوحیدا مەکامن پێش وەخت مابینە حکومەتا ئیتیحادی و حکومەتێ دەوڵەتا موجاور هەبیت، ئەوجا ئاستا هەرێما ئیقلیمێك موجاوەرێك ئەو هەنگاوەی نافێتن بۆ تەوحیدا مەکامن، چونکە وەکو هەرێم ئەو سەلاحیەتەی نینە بۆ باشتر لەگەل دەوڵەتێ ئیقلیمی، یان دەوڵەتێ تر دانوستاندن بکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیتیفاقیاتی نێودەوڵەتی بۆ هەر مەسەلەیەك لە زیمنی ئیختیصاصاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادیە، من پێشنیار دەکەم کە هەرسێ بڕگەکە بکرێت بە یەك بڕگە بەشێوەیەك کە (یتولى الوزارة بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية توحيد المكمن اذا عبر حدود الأقليم الى مناطق تابعة الى احدى الدول المجاورة بالأتفاق مع الدولة المجاورة المعنية على أن تضمن المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن بعد استحصال الموافقة او مصادقة البرلمان ورئيس الاقليم عليها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن مولاحەزەکـەم لەسـەر ئـەو تـەعبیری تـەوکیل و ئینابـەو ئەوانـە، رەنگـە لـە هەرێمـەوە بـۆ حکومـەتی ئیتیحادی ئەو تەعبیرانە نەوعێکی دیکەی لێ بکرێت، چونکە ناکرێت ئێمە ئینابەی مەسئوولیەتێك بدەین بە جیهەتێکی دیکە، یان تەوکیلیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەم ماددانە بمێنێت، چـونکە چارەسـەری کێشـەکان لـە مـاددەی پـەنجاو دوودا حـەلی نیزاعـات کراوە لە رێی مونەزەماتی تایبەت بەو کێشانە، ئەمـە لەمیانـەی موقاتەعـەکان و لەمیانـەی موقاتەعەیـەك لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا، بەپێی ئەو سێ، چوار مونەزەمەیەی کە هەن چارەسەری ئەم کێشانە دەکەن، لەبـەر ئەوە باوەڕ ناکەم هیچ خیلافێکی هەبێت، یـەعنی هـیچ خیلافێـك دروسـت بکـات لـە موسـتەقبەلدا، چـونکە ئەمانە بانقی دەولیەو قانونیان هەیەو چارەسەری ئەو کێشانەیان کردووە لەم مەوزوعانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە کاك جەمال ئەوە باسی نیزاعات دەکات لەسەر ئیجازە، ئەمە باسی مەکمەن دەکاتن، مـاددەی پـەنجاو دوو کە ئاماژەت پێ کرد ئەو مەکمەنی تێدا نییە، ئیجازات و شتی وایە، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم، لە ئێستاوە خۆمان تووشی کێشەیەکی دەکەین، کە دەسەڵاتمان نییـە لـە ئاینـدە چارەسـەری بکـەین، ئێمـە دەڵـێین لەگـەڵ ئـەو حکومەتانـە دادەنیشـین و هـەوڵ دەدەیـن ئـەو موشکیلانە حەل بکەین، ئەوان ئامـادە نـین لەگـەڵ ئێمـە دابنیشـن، ئـەوان تـاکو ئێسـتا نـە ئیعتیرافمـان پـێ دەکەن، نە تەعامولمان لەگەڵدا دەکەن، هەتا قسەمان لەگەڵدا ناکـەن، سـبەینێ لـە کێشـەیەکی وا چـۆن دێـن تەعامول لەگەڵ ئێمە دەکەن، لەبەر ئەوە ئەو کێشەیە لەگەڵ حکومـەتی مەرکـەزی زیـاتر وەکـو رەئیەکـەی جـەنابت تـەرحت کـرد، تـەفاهوم بکرێـت، ئـەو کێشـەیە لـە رێگـەی ئەوانـەوە خۆمـان تووشـی کێشـەیەکی دەستووری نەکەین، چونکە دەستووریش ئەو رێگایەمان نـاداتێ، لـە هەنـدێ مـەجال مـەجالمان هەیـە، بـەس لەو رێگایانە جاری وا هەیـە شـەریکات و وڵاتـانی دنیـاو ئـەقالیمی دنیـا دێـن، ئێمـە زۆر جیاوازیمـان هەیـە لەگەڵ ئەوانە، ئەوان مەشاکیلیان نییە، ئەوان سـەلاحاتیان نییـە لەگـەڵ دوەلـی ئیقلیمـی، ئـەوان مەشـاکیلی حدودیان نییە، مەشاکیلی قەومیان نییە، هەموو شـتێکیان حـەل کـردووە، بـەس ئـەوان ئێمـەی بـە دوژمـن دەزانن، چۆن تەعاونمان لەگەڵدا دەکەن، لەبەر ئەوە خۆمان تووشی ئەو کێشەیە نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەڕاستی ئەوەی هەمانە لە هەموو وەسیلەکان بەکاری بێنین، ئێمە وەسیقەیەکمان هەیە دەستووری عێراقیە، ئێمە با لەوە دەربێین کە ئومنیەت و ئاواتی ئێمە چییە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەسەری پێکهاتووە دەستووری عێراقیە، ئێمە پێویستە بەپێی دەستووری عێراق تەعامول بکەین، بۆ خۆمان دەزانین هەر رێککەوتننامەیەك سنووری نێوان دەوڵەتێکی بەزاند بۆ دەوڵەتێکی تر دەبێتە رێککەوتننامەیەکی دەولی لە ژێر سەقفی قانونی دەولی ئەمە تەعامولی لەگەڵدا دەکرێت، ئەشخاصەکانیش دەبێتە ئەشخاصی مەعنەوی عام، کە دوو دەوڵەتەکەیە، جا بۆیە بەڕاستی ئەو سەلاحیەتە بەهیچ شێوەیەك سەلاحیەتی وەزیرێك نییە لە هەرێمێك لە هەرێمەکان بێت، راستە ئەوە کوردستانی تورکیایە، ئەو ئێرانە، بەڕاستی ئەو نەصە ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بینووسین تەجاوزو موخالەفەی دەستووری عێراقیە، باش وایە ئێمە دەقێك بدۆزینەوە بڵێین هەر رێککەوتننامەیەك سەبارەت بە مەکمەن دەکرێت، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم بەشدار بین لەو رێککەوتننامەیە، ئینجا سەبارەت بە بڕگەی دوو، ئێمە لە قانونی سەرۆکی هەرێم مەسالحی گەلی کوردستان دەپارێزێت، یەعنی ناکرێت وەزیر تەوکیل بداتە دەوڵەتی ئیتیحادی بۆ پاراستنی مەسالحی گەلی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری قسەکانی مام خورشید دەکەم، بەڕاستی ئێمە نابێت دەوروبەر ئیستیفزاز بکەین، یەعنی شتێك بکەین بەڕاستی خۆمان ئەو پێکهاتەی وا ناشیرین بکەین کە دژمان زۆر بێت، وەکو دەڵێی بکەینە بەر توانجی ناقانونی، بەپێی یاسا فیعلەن پشتگیری ئەوەی کاك عادلیش دەکەم، ئێمە لە هەر رێککەوتنێك داوای ئەوە بکەین نوێنەری ئێمە بەشدار بێت تێدا، نەك بە سەربەخۆ، وەکو ئێستا کەس مانیعی ئەوەی نییە، ئەگەر ئێمە وەکو نەتەوەیەك، وەکو پێکهاتەی کوردستان داوای سەربەخۆ بکەین زۆر تەبیعییە، بەڵام ئەگەر لەو چوارچێوەیەی دەژین نابێت شتی رێکەوتنی بکەین لە دەرەوەی یاسا بێت، کە بەڕاستی بەسەرماندا بشکێتەوە بەخراپ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن لەگـەڵ ڕەئیەکـەی کـاك عـادل دام حەقیقـەت وایـە لـە قـانونی سـەرۆکایەتی هـەرێم، جـەنابی سـەرۆکی هەرێم دەتوانێت تەمسیلی مەساڵحی ئیقلیم بکات لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، پـێم وایـە ئـەو سـەلاَحیەتە ئیحتیرامم هەیە بۆ جەنابی وەزیر لە سەلاَحیەت و ئیختصاصەکانی خۆی دەچێتە دەرێ، وا باشـترە ئەگـەر سەرۆکی هەرێم ئەو مەساڵحە نەپارێزێ با سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بیپارێزێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕەئیەکەی دکتۆر کەمال دام، بەڕاستی ئێمە لێـرە ناکرێـت تەکریسـی ئـەو ئیعـتیراف نەکردنـەیان بکەین، یەعنی ئێستا ئێمە لە کوردسـتاندا بـە هـەرێمێکی دەسـتووری، ئەگـەر ئـەوان ئـەمڕۆ ئیعـتیراف بـەو واقیعە ناکەن، کە واقیعێکی دەستوورییە، لەوانەیە سبەی ڕۆژێ، ئێستا وا دیارە لە تورکیا گۆڕانکارییەك لـە ئارادایە لە ئاسۆ ڕووناکییەك دەبینرێت، لە ئاسۆدا کە گۆڕانکاری بکرێت، سیاسات دەگۆڕێت، سیاسات شتێکی سابت نییە، نابێت ئێمە خۆمـان بـە دەسـتی خۆمـان تەکریسـی ئـەو  واقیعـەی ئیعـتیراف نەکردنـەی ئـەوان بکەین، ئەوە یەك.

دووەم/  ئێستا لە واقیـع شـەریکاتی نـەفتی تـورکی لـە کوردسـتان ئـیش دەکـەن، یـەعنی ئێسـتا خۆیـان ئـیش دەکەن بۆچی بلێین ئیعتیرافیان نەکردووەو تەعامول ناکەن وا تەعامول دەکەن خۆشتان باش دەزانن، ئـەوە تەعامول کردنەکە مەجودەو شتێکی واقیعە.

سێیەم/ پێم وایە ئێستا باسی دوو شت دەکەین دوو حقول هەیە، حقولی موستەقبەلی و حقـولی حـالی، لـە دەستووریشدا ئەوە پێچەوانەی دەستوور نییە، تەسویق و ئیدامەی حقولی موستەقبەلی بەپێی دەستوور لە هەرێمە، لە سەلاَحیاتی هەرێمە، بۆیە پێمان دەکرێت ئەوە جیا بکەینـەوە حقـولی موسـتەقبەلی کـە ئێسـتا ئێمە باسی دەکەین، هـەر هـەرێم خـۆی هـەموو شـتەکانی نیزاعاتـەکانیش لەگـەڵ دەوڵەتـەکان حـەل بکـات، بەلاَم حقولی حالی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەبەر خاتری تورکیا نییە، لەبەر سوریاش نییە، لەبەر دەستووری عێراقـە کـە دەنگمـان بـۆ داوە، ئـەو قسانەی کە دەیکەن ئەگەرنا تەنیا ئەوێ بێتن نەوعێکی تر قسەمان دەکرد، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن دەنگـم دەخەمـە پـاڵ دەنگـی هـەردوو بـەڕێز کـاك عـادل و کـاك عومـەر لـە ڕووی قانونیـەوە، چـونکە بەڕاستی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە مەسەلەی حدودەوە هەیە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا بە تەبیعەتی حاڵ بـە

حوكمی كەسایەتی ئەو دەوڵەتە، كە یەك كەسایەتی دەبێت، یەك دیبلۆماسیەتی هەیە، دەكرێت ئەوە لەلایەن سوڵتەی ئیتیحادیەوە بێت، ئیلا ئەگەر هاتوو لە دەستووردا بە نەصێكی سەریح هەبێت لە دەستووری عێراقی ڕێگا بدات بە یەكێك لەو هەرێمانە، یان هەرێمی كوردستان كە ئیتیفاقیاتی حدود بكات، ئەوەش هەیە لە سویسرا هەیە لە زۆر وڵاتانی تردا هەیە، بەڵام زۆرتریان بۆ ئیتیفاقیاتی توجارییە، بە هەر حاڵ من بە قەناعەتم دەكرێت ئێمە فەقەرەی سێیەم ئیلغا بكەینەوە، بەڵام فەقەرەی دووەم بەم شێوەیە دارێژینەوە (يجوز لمجلس الاقليم وبموافقة رئيس الاقليم توكيل الحكومة الاتحادية الحق في مصالح الاقليم في اية اتفاقية من هذا القبيل شرط ان يكون الوزير مشاركاً في الاتفاقية)، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەم ئەمە دەسەڵاتی حكومەتی ئیتیحادیە بە موشارەكەی نوێنەری ئیقلیم، ئینجا من ئەم صیاغەیەم بۆ دیاری كردووە هەر بە عەرەبیەكەی (أولا: يتولى الحكومة الاتحادية بمشاركة ممثل حكومة الاقليم توحيد المكمن اذا عبر حدود الأقليم الى مناطق تابعة الى احدى الدول المجاورة بالأتفاق مع الدولة المجاورة المعنية على أن تضمن المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن)، هەتا ئێرە كۆتایی پێ بێت، ئەوەكەی تر پێویست ناكات.

(ثانيا) من پێم وایە زیادەیە، هەر پێویست ناكات. سێیەمیش بكرێتە:

(ثالثا: يجب استحصال موافقة مسبقة من حكومة الاقليم ومصادقة البرلمان ورئيس الاقليم على اية اتفاقية خاصة بتطوير النفط في مثل هذه المكامن)، ئەوە باشترە لە جیاتی وەزیر، حەتمەن ئەو وەختە ڕەئی وەزیر وەردەگیرێت، ڕەئی وەزارەت وەردەگیرێت، بەڵام مەفروزە ئەم موافەقەتە لە لایەن حكومەتی ئیقلیم و موصادەقەی پەرلەمان و ئینجا ڕیئاسەی ئیقلیمی دەوێت، یان نا، بەس بەو شێوەیە بێت وەزیر نەبێت، لە جیاتی وەزیر حكومەتی ئیقلیم بێت، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم دەسەڵاتە نە دەسەڵاتی وەزارەتە، نە دەسەڵاتی ئەنجومەنی هەرێمە، هەتا نە دەسەڵاتی حكومەتیشە بە تەنیا، بۆیە دەبێت صیغەیەكی وا بدۆزینەوە، كەوا بگونجێت لەگەڵ دەستووری عێراقی و لەگەڵ پرۆژەی دەستووری خۆشمان، من شتێكم ئامادە كردووە، كە ئەو سێ بڕگەیە بكرێت بە دوو فەقەرە یەكەمیان/ بە زمان عەرەبی (تتولى الحكومة بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية حل الاشكالات الناجمة عن عبور المكمن لحدود الاقليم الى مناطق تابعة لدول مجاورة شرط ضمان المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن).

دووەمیش/ (یشترط مصادقة البرلمان ورئیس الاقلیم علی ایة اتفاقیة خاصة بتطویر النفط في مثل هذه المكامن)، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو رەئیەی من هەمبوو بەڕاستی برادەران باسیان لێوە كردو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی دوو حەلی ئەو ئیشكالیاتە دەكات، كە دەڵێن حكومەتەكانی سەر سنوور لەگەڵمان تەعاون ناكەن، دوایێ ئەو مەكمەنە تەنیا لەسەر حدود نییە، بە قەناعەتی من دەبێت بمێنێت، چونكە مەكمەن لە داخیلیش هەیەو لەسەر حدودیش هەیە، ئەگەر ئەو كاتەی كە ئەو حكومەتانەی ئیقلیم موحاوەلە دەكرێت لەلایەن حكومەتی هەرێم، ئەگەر تەعامولیان نەكرد لەگەڵ ئێمە، بەپێی فەقەرەی دووەم دەتوانن تەعامول بكەن لە رێگەی حكومەتی مەركەزیەوە بكرێت، بەلاّم نەك بڵێن (للوزیر)، بڵێن (لرئیس الاقلیم او لحكومە الاقلیم) تەنیا ئەوەی بگۆڕن ئەویتر هەمووی لەجێی خۆیەتی و بەباشی دەزانم بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت من هەندێك رووداو و وەقائیع هەنە حەز دەكەم بۆ برادەران روونی بكەم، یەك/ تەفاوەزو ئیبرامی ئیتیفاقیاتی دەولی عایدی حكومەتی ئیتیحادیە بە موجیبی ماددەی (110) ئەوە راستە، بەلاّم هەندێ شتی تر هەیە لازمە ئاگادار بین، عائیدیەتی ئەو حەقلانە بە موجیبی ماددەی (112) عایدی هەرێمە، ئیزەن هەر ئیبرامێك، هەر تەفاوزاتێك بێتە كرن، مەفروزە ئێمە موشاریك بین لەو ئیتیفاقیە.
دوو/ نەصێكی دەستووری سەریح هەیە، هەر ئینتقاسێك لە سەلاّحیات و لە ئیختیصاصاتی هەرێم بكرێت، مەفروزە پەرلەمانی كوردستان موافیق بێت لەسەری دكتۆر نوریش تەئیدی ئەو واقیعەی كرد، لەبەر ئەوە ئەگەر بێین ئەو وەقائیعانە هەموویان لێك بدەین، مەفروزە تەفاوز بە تەنسیق بێت لەنێوان حكومەتی

هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی، منیش راستە دەڵێم وەزیر موخەوەل نییە ئەو ئیشە بکاتن، لازمە حکومەتی ئیتیحادی لەگەڵ حکومەتی هەرێم پێکەوە بەشدار بن زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبیعی زۆر برادەر قسەیان کرد، زۆرینە تەئکید لەسەر ئەو مەبدەئە دەکەنەوە، کە دەبێت شتەکە رەچاوی دەستووری عێراق بکرێت، هەم کاك دلێر و هەم کاك دکتۆر نوری و هەم کاك دکتۆر ناصح و هەم کاك فرسەتیش صیاغاتیان تەقدیم کرد، خولاصەی ئەو صیاغاتانە بەو شێوەیە دەیخوێنمەوە ماددەکە دەبێتە دوو برگە، ئەگەر برگەی یەکەم و دووەم تەوحید بکرێت بەو صیغەیەی کە دەیخوێنمەوە، لەبەر رۆشنایی موداخەلاتتان (تتولى الحكومة بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية بالعمل على توحيد المكمن اذا عبر حدود الاقليم الى مناطق تابعة لاحدى الدول المجاورة والاتفاق مع الدولة المجاورة المعنية على ان يضمن المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن)، ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت لەسەر ئەوە، یەعنی برگەی یەکەم و دووەم تەوحید بێت بەو شێوەیە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارمان هەیە هەمووی ببێت بە یەك فەقەرە بەم شێوەیە (تتولى حكومة الاقليم بالتنسيق مع الحكومة الاتحادية منسجماً مع الدستور توحيد المكمن إذا عبر حدود الأقليم الى مناطق داخلة في أحدى الدول المجاورة بالأتفاق مع الدولة المجاورة المعنية على أن تضمن المنفعة الكاملة المنصفة لكلا الجانبين في تطوير النفط من المكمن بموافقة مسبقة من البرلمان)، ئەوە یەك فەقەرەیەو هیچ شتی تر نییە، هەمووی حەل دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە دەبێت بکرێتە (ومصادقة البرلمان)، موافەقەی موسبەقە نابێت (ومصادقة البرلمان عليه)، پاشی ئیتیفاقیەکە پەرلەمان موصادەقەی لەسەر دەکات، دەتوانێت رەفزی بکاتن (في تطوير النفط ومصادقة البرلمان)،(منسجماً مع الدستور العراقي)، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم باسی ئیتیفاقیات دەکات فەرقی زۆرە لەگەڵ ئەوەی جەنابی وەزیر دەیڵێت، بۆیە ئەوەی کە جەنابت پێشکەشت کرد باشترە ببێتە دوو فەقەرە بەو شێوەیە کەوا ئەوەی جەنابت خوێندتەوە جێگەی یەکەم و دووەم دەگرێتەوە، وەکو تەقریبەن ئێمەش هەموومان لەسەر ئەو رەئیە بووین، سێیەمیش پێویستە بمێنێتەوە، بەلأم بە مەرجێك لەجیاتی وەزیر حکومەتی ئیقلیم دابنرێت و تەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چیە کاك دکتۆر ناصح، مـن خـۆم پێشـنیارم کـرد بـوو، بـەلاَم ئەگـەر تەماشـای فەقـەرە سـێ بکـەیت جوملەی یەکەمی (یجب استحصال موافقة مسبقة من حکومة الاقلیم) ئەوە پێشتر گوتوومانە، (تنسـیق بـین الحکومـە) ئـەوە دەمێنێتـەوە تـەنیا پەرلەمانەکـە دوو کەلیمەیـە، ئـەو پێشـنیارەی وەزیـر زۆر باشـە (تتـولی حکومة الاقلیم بالتنسیق مع الحکومة الاتحادیة وفق أحکام الدستور الاتحادي توحیـد المکمـن إذا عـبر حـدود الأقلیم الی مناطق تابعة لأحدی الدول المجاورة بالأتفـاق مـع الدولـة المجاورة المعنیـة علـی أن تضـمن المنفعـة الکاملة المنصفة لکلا الجانبین في تطویر النفط علی ان تعرض لمصادقة البرلـمان)، ئـاخیر ئیتیفاقیەکـە پێشـی موصادەقەیە خۆ ناکرێت، ئیتیفاقیەکە دەکرێت، ئینجا دێتـە پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی دەنگـی لەسـەر بـدەین، قانونیـەکان بڵێن (علـی ان یقـترن بمصـادقە برلـمان کوردسـتان) ببێتـە دەسـتووری ئیتیحـادی (وفـق احکـام الدستور الاتحادی) لەسەرەوە، ببێتە (ومصادقة البرلمان علیه)، (علـی ان یقـترن)ی ناوێـت، (ومصـادقة برلـمان کوردستان علیه)، یەك شت دەمێنێت کاك فرسەت مولاحەزەی باشی کرد، هەرچەنـدە پێشـتر هـی خـۆی بـوو (ومصادقة برلمان کوردستان علیه)، کاکە وای لێ بکە (الی المناطق داخل حدود احـدی الـدول المجاورة)، ئێمـە لە لای خۆمان دەنووسین، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الماده الحادیه والخمسون:**

تتولی حکومة الاقلیم بالتنسیق مع الحکومة الاتحادیة توحید المکمن وفـق أحکـام الدسـتور الاتحـادي إذا عـبر حدود الأقلیم الی مناطق داخل حدود أحدی الدول المجاورة بالأتفاق مع الدولة المجاورة المعنیة علی أن تضـمن المنفعة الکاملة المنصفة لکلا الجانبین في تطویر النفط ومصادقة البرلمان علیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتـە مـاددەی پـەنجاو یـەك سـێ فەقەرەکـە دەبێتـە یـەك فەقـەرە بـەو شـێوەیەی خوێندیـەوە دەیخەمـە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پەنجاو دوو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان**

**ماددەی پەنجاو دوو: یەکەم:**

أ- وەزیر بۆی هەیە لەهەموو ناکۆکیەکانی کەسەکانی کارمەندی پرۆسەکانی نەوت دەگرێتەوە، بکۆڵێتەوەو دانی پێدا بنێ ئەگەر هاتوو ئەو کێشانە:

1- لەنێوان کەسەکان خۆیان بن، ئەگەر رێککەوتننامەکانی لە نێوانیاندا ئەنجام درا بوو، دەقی چۆنیەتی چارەسەر کردنی ناکۆکیەکانی تێدا نەهاتبێ.

2- یان ئەوەی پەیوەستە بەلایەنەکانی دیکە کە بەشدار نین (جگە لە حکومەتی هەرێم).

**ب- وەزیر بۆی هەیە هەموو بارودۆخەکانی پەیوەندیدار بە ناکۆکیەکان لەبەرچاو بگرێ و ئامۆژگاریەکانی بدات کە بۆی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی پێویست بێت بەپێی رێکارەکانی بەپێی ئەم ماددەیە پەیڕەو دەکرێ، لەوانەش دانی قەرەبووی پێویست لەلایەن هەر یەکێك لەلایەنەکانی ناکۆکەکەوە بۆ لایەنەکەی دیکەوە بەمەرجێك ئەو قەرەبوو کردنەوەیە دادپەروەرانەو گونجاو بێت.**

**ت- ئەگەر وەزیر لەو ناکۆکیانەی بۆی رەوانە دەکرێ نەکۆڵێتەوە بەشێوەی نوسراو لایەنەکانی کێشەکە ئاگادار دەکاتەوە.**

**دووەم:**

**أ- ئەگەر کێشەی پەیوەندیدار بەلێکۆڵینەوەو پیادە کردنی مەرجەکانی مۆڵەت، یان هەردووکیان لەنێوان کەسی رێپێدراوو وەزیر روویدا، لایەنەکان هەوڵ دەدەن کێشەکە لە رێگەی گفتوگۆوە چارسەر بکەن.**

**ب- ئەگەر کێشەکە بەهۆی گفتوگۆوە چارەسەر نەکرا بۆ هەردوولا هەیە کێشەکە ببنە بەردەمی ناوبژیوان.**

**ت- هەر ناوبژیوانێك لەنێوان وەزیرو کەسی رێپێدراو بەپێی رێکەوتنی هەردوولاو بەپێی یەکێك لەو رێسایانەی خوارەوە:**

**1- رێککەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی 1965یان رێنماییەکان، یان رێساکانی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی وەبەرهێنان لەنێوان دەوڵەتانو هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیکەوە.**

**2- رێساکانی بەمەبەستی زێدە ئاسانکاری داهاتووە بۆ(Icsid) کە لە 1978/9/27 پشتی پێ بەسترا لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی (Icsid) لەنێوان دەوڵەتانو هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیکەوە، کاتێ لایەنی بیانی پێداویستیەکانی لە ماددەی (25)ی رێککەوتننامەی واشنتۆن ناینێتەدی.**

**3- پەیڕەو کردنی رێساکانی ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بەیاسای بازرگانی جیهانی.**

**4- رێساکانی ناوبژیوانی پەیڕەوکراو لە دادگاکانی لەندەن بۆ ناوبژیوانی کردنی نێودەوڵەتی (LCIA).**

**5- پەیڕەو کردنی رێساکانی دیکەی دانپێدانراو (بەپێی رێککەوتنی لایەنەکانی ناکۆك لەسەر رێکارەکانی، لەوانەش رێگای دامەزراندنی ناوبژیوانانو ئەو ماوەیەی کە پێویستە بڕیاری لێ دەربکرێ.**

**ب- پابەندیەکانی وەزیرو کەسی رێپێدراو بەردەوام دەبێ، بەپێی مۆڵەت کە تاوەکو چارەسەری هەر مەسەلەیەك کە رەوانە کراوە بۆ ناوبژی کردن لێبووردن لە مەرجەکانو گۆڕینی.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حل النزاعات**

**المادة الثانية والخمسون: أولا :**

**أ- للوزير البت في كل النزاعات التي تتضمن الاشخاص العاملين في العمليات النفطية وإقراره سواء كانت تلك النزاعات:**

**1- بين الاشخاص انفسهم اذا كانت الاتفاقيات التي ابرمت بينهم لم تنص على كيفية حل النزاعات.**

**2- أو فيما يتعلق باطراف اخرى غير مشاركة ( ماعدا حكومة الأقليم ).**

ب- يجوز للوزير ان يأخذ بنظر الاعتبار كل ظروف متعلقة بالنزاع وان يعطى التوجيهات قد تكون ضرورياً لتنفيذ القراري بموجب الاجراءات المتبعة وفق هذه المادة من ضمنها تسديد التعويض الازم من قبل اي طرف من طرفي النزاع للطرف الاخر على ان يكون هذا التعويض عادلاً مناسباً.

ت- اذا لم يبت الوزير في اي نزاع يحال اليه فأنه يبلغ تحريرياً الاطراف المتنازعة بذلك.

ثانيا:

أ- اذا حصل نزاع فيما يتعلق بتفسير او تطبيق شروط الأجازة او كليهما بين الشخص المخول والوزير، تحاول الاطراف حل ذلك النزاع عن طريق المفاوضات.

ب- اذا لم يحسم النزاع عن طريق المفاوضات، يجوز لكلا الطرفين أن يعرض النزاع الى التحكيم.

ت- اي تحكيم بين الوزير والشخص المخول يجري باتفاق الطرفين وبموجب احدى القواعد التالية:

1- اتفاقية واشنطن لسنة 1965 او تعليمات او قواعد المركز الدولي لحل نزاعات الاستثمار بين الدول ومواطني الدول الاخرى.

2- القواعد الواردة بشان التسهيلات الاضافية ل(ICSID) والتي تبنت في 1978/9/27 من قبل المجلس الاداري في (ICSI ) بين الدول ومواطني الدول الاخرى، عندما لا تفي الجهة الاجنبية بالمتطلبات المذكورة في المادة (25) من اتفاقية واشنطن.

3- اتباع قواعد تحكيم الامم المتحدة الخاصة بقانون التجارة العالمية.

4- قواعد التحكيم المتبعة من قبل محاكم لندن للتحكيم الدولي (LCIA).

5- اتباع القواعد الاخرى والمعترف بها (حسب اتفاق الاطراف المتنازعة على اجراءاتها، من ضمنها طريقة تعيين المحكمين والفترة الزمنية التي يتوجب اتخاذ القرار من خلالها).

ث- تستمر التزامات الوزير والشخص المخول حسب الأجازة لحين حل اية مسالة معلقة ومحالة للتحكيم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو دووی پرۆژەكە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ گۆڕانكاریەكت كردووە لەسەر پێشنیاری خۆت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر ئیقتیراحمان نییە، (للوزير)و ئەوانەی تیایە، بەڵام لێرە شتێكی ئیعتیادیە وابزانم، هیچ ئیلتیزامات نییە هەموو شتێك ئیعتیادیە، بەڕاستی لە هەموو قانونی نەوتدا شتی وا دەبینین، فەقەرەی (ثانیـاً/ت)، بـۆ ئەوەی بە شەریكەكان بڵێین نیەتمان باشەو ئیعتیماد دەكەینە سەر عالەمی بۆ حەلی نیزاعات، ئەمـە بـەكار

دەهێنرێت لە زۆر ولآتان، لەبەر ئەوە ئەوەمان ئیقتیراح كردووە، ئەگەر پرسیار هەبێت ئێمە وەلآمی دەدەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تەنیا پرسیارم لەسەر ئەوەلەنە، یەعنی ئەوە قانونیەن دەكرێت (للوزير البت في كل النزاعات)، جوملەكە هینە بلێین مەحكەمەو تەحكیم و ئەوانە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێویستە دەتوانین (ثالثاً) دانێین (حل النزاعات تخضع لموافقة مجلس الاقليم)، فەقەرەی نیهائی، مانیع نییە بەڕاستی پێویست ناكات، بەلآم ئەگەر برادەران دەیانەوێت ئەوە شتێكی ئیعتیادیە، لەبەر ئەوە موناقەشەی زۆری لەسەر نەكەین، ئەگەر هەر ئەوەیە مەسەلەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەوەندەیە حەلی نیزاعات لەزۆر شوێندا گوتومانە بەپێی تەحكیم دەبێتن، تۆ لێرە كەلیمەكە جوملەی یەكەم (البت في كل النزاعات)، ئەو جوملەیە، با تۆزێك موناقەشەی بكەین، كێ دەیەوێت قسەی لەسەر بكات، ناو دەنووسم، كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەو باوەڕەدام صیغەكەی تۆز كاڵێك رەكاكەتی تیایە، یەكێكیان پێویست ناكات فەقەرەی (ب) پێشنیاز دەكەم كەوا بەو جۆرە بنووسرێتەوە، (أ- للوزير بموافقة مجلس الاقليم حل النزاعات التي تحدث بين الاشخاص العاملين في العمليات النفطية) ئینجا دێینە سەر ئەوەی (سواء بين الاشخاص انفسهم اذا كانت الاتفاقيات.......)، دووەم زیادە، سێیەمیش كە دەكاتە (ت- اذا لم يبت الوزير في النزاع فيجب عليه عرضه على الاطراف المعنية تحريرياً)، بۆ ئەوەی كەوا ئاگادار بن، كە تەماشای داواكاریەكەیان نەكردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من فەقەرەی (ب) ئەو قوەتەی لە فەقەرەی (أ) هەیە، كە دەڵێ (للوزير البت في كل النزاعات) لێرە بووە (يجوز للوزير)، یەعنی لاوازیەكی تێدایە، فەقەرەی یەكەم بە رەئی من زۆر بەقوەتە، بەلآم فەقەرەی (ب) زۆر لاوازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئی کاك دکتۆر نوریم هەیە لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی یەك (ب) هەیە، مەسەلەی ئەو قەرەبوو کردنەوەی کە لە لایەن وەزیرەوە وەك پێشووی لێ بکرێتەوە، کە لیژنەیەك هەبێت بۆ قەرەبوو کردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (أ) پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك دکتۆر نوری دەکەم، لە فەقەرەی (ب) فیعلەن من زۆر بە بێ هێزی دەزانم درێژەو مانایەکەی وازیح نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بە باش دەزانم بگەڕێینەوە ماددەی بیست و نۆ لەوێ تەقریبەن باسێکی ئەوەمان کرد هەر مەوزوعەکە موتەعەلیقە بە مونازەعات، دەتوانین ئیستیفادە لە مەشروعی عێراقی بکەین لە حەلی مونازەعات لە فەسڵی دووەم لە ماددەی چل و پێنج بەشێوەیەکی زۆر وازیحی هاتووە، ئەگەر مەجالم بدەنێ بۆتانی بخوێنمەوە، ماددەی چل و پێنج (اولاً/ یتم الحل النزاعات التي تنشأ حول تفسير وتطبيق هذا القانون او الانظمة الصادرة بموجبه عن طريق المفاوضات بين الاطراف المعنية وبما يمليها مبدأ حسن النية.

ثانياً/ اذا لم يتم حل النزاع بالاتفاق يحال الموضوع الى الوزير لحله بالتشاور مع حاملي التراخيص المعنيين.

ثالثاً/ اذا تعذر الوصول بحسن النية الى الحل يحال النزاع الى التحكيم او الى السلطات القضائية ذات الاختصاص بحسب الاتفاق المنصوص عليه في العقد)، ئەو شتانەی کە لە دووەم هاتووە، ئەوە دەزانن شتێکی باشە، چونکە معیارێکی دەولی وەرگیراوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕەئی من بڕگەی یەکەم لە دەسەلأتی وەزیر نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە کێشمە کێشە لەسەر حەق لەنێوان دوو لایەندا، بەڕاستی ئەوە تەجاوزی حەقی سوڵتەی قەزائی مەحکەمەیە، لەبەر ئەوەی باشتر وایە ئێمە ئەو بڕگەیە لاببەین، چونکە ئەسڵی مەوزوعەکە کاتێک کە کێشە دروست دەبێت دەعوا کردنە لەسەر یەکتری، ئینجا ئەو لایەنانەش دەستووریەن و قانونیەن حەقی ئەوەیە حەسمی نیزاعات بکات، دادگایە حەق و ناحەق لێك جیا بکاتەوە، باشترە وایە بڕگەی (أ) لاببەین من بە قانونی نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرمو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لێرەدا وەزیر سەیری کێشەی نێوان شەخصەکان دەکات، کە لە ئیتیفاقیەکە بەستوویانە لەگەڵ حکومەتدا، خاڵی دووەمی دەڵێ (أو فيما يتعلق باطراف اخرى غير مشاركة ( ماعدا حكومة الأقليم ))، ئەم ئەشخاص ئوخرایە، ئەگەر هاوولأتی بێت، ئێمە ئەوەمان لە ماددەی بیست و نۆ تەحویل کرد بۆ جیهاتی موختەس، گوتمان جیهاتی موختەس قەرەبوو دەداتەوە، جیهاتی موختەس ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، لەبەر ئەوە فەقەرەی (ب) لێرە زیادەیە بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە، چونکە لێرە ئەتراقی ئوخرا غەیری موشارەکە ماعەدا حکومەتی ئیقلیمن کەواتە هاوولأتی دەگرێتەوە، ئەگەر نیزاع دروست بوو لەگەڵیاندا، چونکە دوو بەشی جیا کردۆتەوە، بەشێك (العاملين في العمليات النفطية)، بەشێکی تریش (الاطراف الاخرى غير مشاركة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئاخیر سەتر (ت) فەقەرە ئەوەلەن (اذا لم يبت الوزير في اي نزاع يحال اليه فأنه يبلغ تحريرياً الاطراف المتنازعة بذلك)، یەعنی چنە، ئەوە بێ مەعنایە، هەر نەبت باشترە، لە (ثانياً/ب- اذا لم يحسم النزاع عن طريق المفاوضات، يجوز لكلا الطرفين أن يعرض النزاع الى التحكيم) تەحکیم بێت با هەردوو تەرەفا بێت (لكلا) ڤێت حەزف ببێت (يجوز للطرفين أن يعرض النزاع الى التحكيم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بۆی وا دەچم، ئەگەر ئەوەلەن بە كاملی لەغو بكەین ئیشكالیەتی تێدا نییە، (ثانیاً) بەم شێوەیە بێت (اذا حصل نزاع فيما يتعلق بالاشخاص العاملين في العمليات النفطية او اي نزاع يتعلق بتفسير او تطبيق شروط الأجازة او كليهما بين الشخص المخول والوزير، فيتم حلها عن طريق المفاوضات)، ئەوجا دێینەوە سەر فەقەرەی (ب- اذا لم يحسم النزاع عن طريق المفاوضات، يجوز لكلا الطرفين أن يعرض النزاع الى التحكيم)، بێینە سەر فەقەرەی (ب) دووەم، بەو شكلە رەبتەكە ببێت بەنیسبەت بڕگەی یەكەم و دووەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بۆچوونەكەم جیاوازە، عادەتەن كە موشكیلە دەبێت، دەبێ قسەی لەسەر بكرێت، پێش ئەوەی بچێتە مەحكەمە لە هەموو حاڵەتێكدا شەخصی یەكەمی شەریكە، شەخصی یەكەمی مەعنی كە وەزیرە لەگەڵ مەسئوولی یاسایی وەزارەت دەبێت بەشداری ئەم شتانە بكات، لە جێی خۆیەتی وەزیر ئەگەر ئەوەشی بۆ ئیزافە بكرێت لەگەڵ مەسئوولی یاسایی، ئەمە بەنیسبەت خاڵی یەكەم.

بەنیسبەت خاڵەكانی تر، من تێبینیم هەیە بەڕاستی بەواجیبی دەزانم وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان بەنیسبەت خاڵی دووەم بەتایبەتی (ت)و هەموو یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج ئەمانە هەمووی لەبەر دەستی پەرلەماندا بێت، پەرلەمان شارەزایی هەبێت، چونكە من مولاحەزەی ئەوەم كردووە لە مەشاكیل ئەم لیژنانە هەمووی تابیع بە وۆڕڵد بانكە، تا ئێستا مولاحەزەم نەكردووە ولایەتێك بەشداری كرد بێت لەم مەشاكیلانە، ئەوە ئاخیر لیستی ئەو قۆنتراتانەی كە هەبووە لە نێوان دەوڵەتاندا، كە تەقریبەن (155) لەمانە (144)ی بانقی دوەلی ئیعتیباری بۆ كردووە، لیستەكەم لەلایە دەیخەمە بەردەمی سەرۆكایەتی پەرلەمان، هەروەها مەجموعەیەك مەبادیئ و مەصادر كە پێویستە وازیح بێت، بۆ هەر ئیتیفاقیەك، یان هەر موشكیلەیەك لە داهاتوودا ببێت، یەعنی دەبێت سەرۆكایەتی پەرلەمان بەرچاوی چۆڵ بێت و بەرفراوان بێت، ئەو شتانە چیە، لە هەموویان مولاحەزەی ئەوەم كردووە، لەوەشدا دەوڵەتەكانی تیایە كە مەنتیق نییە كە لەنێوان سەتیك و شوێنەكانی تر تا ئێستا هیچ ئیتیفاقیەك نەبووە بەڵام مولاحەزە دەكەم هەر دەوڵەتەكانی تری تیایە، نازانم ئەو پرسیارەم بۆ جەنابی وەزیرە، دەكرێت لەو مونەزەماتانە كە سەر بە وۆڕڵد بانكە وەكو ویلایەت، وەكو ئیقلیم ئێمەش تیا بەشدار بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەكەم من پشتگیری لە ڕەئیەكەی دكتۆر نوری دەكەم، چونكە بەڕاستی لێرە دەبێت وەزیر بەو حاڵەتە هەڵستێت بە موافەقەی مەجلیسی ئیقلیم، چونكە ئێمە ئەگەر عەقدەكە مەجلیسی ئیقلیم پێی هەڵبستێت، كەواتە دەبێت لە نیزاعەكانیشدا ئەو ئاگادار بێت لێی، پێم وایە ئەوەی دكتۆر نوری گوتی لە جێی خۆیەتی، لە بڕگەی یەكەم (ب) پێم وایە ئەو (یجوز)ە زیادەو درێژیش كراوەتەوە، هەر بكرێتە (للوزیر ان یأخذ بنظر الاعتبار كل ظروف متعلقة بالنزاع) بەس ئەوەندە، ئەوەی تری زیادەیە، چونكە لە حاڵەتی تەعویزو ئەوانە ئێمە ڕێگەی ترمان گرتۆتەبەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئەسعەد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی پێشنیازەكانی كاك عەونی بەزاز دەكەم، هەروەها لە فەقەرەكان كە وەزیر هاتووە، یەعنی تەواوە لە جێی خۆیەتی، پێی ناوێت بگۆڕێت، بەڵام لە دووەم پاش (أ) فەقەرەیەك پێشنیاز دەكەم كە زیاد بكەین، چونكە پێش ئەوەی كارەكان، نیزاعەكان بێتە تەحكیم، دەبێت ئەوانی فەنی بێت بە جۆرێك حەل بكرێت، پێشنیازەكەشم ئەوەیە، ئەو فەقەرەیەی ئیزافە بكەین (اذا كان النزاع يتعلق بمسألة فنية او هندسية او تشغيلية او حسابية للعمليات النفطية ممكن ان يخضع الحل من قبل الخبير الفني بموافقة الطرفين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی پەنجاو دوو ئەوەلەن لەجیاتی (للوزير البت) بڵێین (للوزير تحويل كل النزاعات الى التحكيم العادل او القضاء)، بەو شكلە بڕواتن، چونكە وەزیر خۆی ناتوانێت وەكو حاكم هەموو موشكیلەكان حەل بكات، بۆیە بدرێتە تەحكیمێكی عادل، یان بڕواتە قەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئی لەسەر ئەو نوقتانە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیقتیراحێكمان هەیە هەمووی ئاسان بكاتەوە، بڵێین لە فەقەرەی دووەم (ت) ئەوە بگۆڕێت بە تەواوی مەصدەرەكان لاببەین، بیكەین بە (بموجب احدى قواعد حل النزاعات المتفق عليها في العقد) هەمووی

لابیەین، دوایێ دەڵێت (ای تحکیم بین الوزیر والشخص المخول قواعد) لەجیاتی ئەوەی بڵێین (تالیە) ئەوە بگۆڕە (حل النزاعات المتفق علیها في العقد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موشکیلە نییە، کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوەی نەگرت، بەڵام لەسەر ماددەی پەنجاو دوو ئەوەڵەن ئیعتیرازات زۆر هین کرا، چونکە (للوزیر البت)، وەکو گوتمان هینە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، دوو، سێ صیغە هەیە برادەران نووسیتیان وقسە کراوە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەتا لە ئینگلیزیەکەش هەر بە مانای (البت) نەهاتووە، کێشەکە هەر زۆرتر لە تەرجومە عەرەبیەکەیە، وابزانم ئەگەر غەڵەت نەبم لە ئینکار لێرە زیاتر ئیستیفسار کردن دێت (للوزیر استفسار) لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت جەنابی وەزیر خۆی بۆمان باس بکات مەبەستی لێرە چیە، چونکە رەنگە وشەی (البت) کێشەمان بۆ دروست بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر جوملەکەی لە سەرەوە بگۆڕین لە جیاتی (البت في کل النزاعات) (العمل علی حل النزاعات) ئەوە تەبعەن کە دەڵێین (العمل علی حل النزاعات) مانای وایە تەرەفێکی موستەقیل بێت، هەردوو تەرەف موافەقەتی بۆ نەکەن، ئەوەڵەنەکە وای لێ بکەین، دووەمینیش (ب)یەکە چەند برادەر گوتیان لە ئەوەڵەن (ب) زیادە لایببەین پێویست ناکاتن، هەندێك برادەر ئیشارەتیان بەوەی کرد، یەعنی لە ئەوەڵەن ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێت (للوزیر العمل علی حل النزاعات التي تتضمن ..................)، تەبعەن ئەوە پێویست ناکات مەجلیسی ئیقلیم، (للوزیر العمل علی حل النزاعات التي تحصل بین الاشخاص العاملین في العملیات النفطیة وإقرارە سواء کانت تلك النزاعات:

1- بین الاشخاص انفسهم اذا کانت الاتفاقیات التي ابرمت بینهم لم تنص علی کیفیة حل النزاعات.

2- أو فیما یتعلق باطراف اخری غیر مشارکة ( ماعدا حکومة الأقلیم ))، ئەگەر وابێتن یەکەمەکە (أ) باش دەڕواتن، (ب)ەکە دەڵێن شەتب بکرێتن و زیادە، ئەگەر مانیعت نییە، کەواتە شەتبی دەکەین، چونکە داوایان کردووە، ئەوەی (ت)یەکەش هەر زیادە تەحصیل حاصلە ئەویش هەر شەتب بکرێت، یەعنی (ب وت)ەکە شەتب دەکرێتن، ئەگەر موافیقی لە دووەم (اذا حصل نزاع فیما یتعلق بالاشخاص)، لەجیاتی (بتفسیر او تطبیق)، ئەوە پێشنیاری کاك شێروان بوو بە نووسین نووسیوویەتی (بین الاشخاص العاملین في العملیات النفطیة او أي نزاع یتعلق بتفسیر او تطبیق شروط الأجازة)، (اذا حصل النزاع فیما یتعلق بالاشخاص العاملین، اذا حصل نزاع فیما یتعلق بتفسیر او تطبیق شروط الأجازة او کلیهما بین الشخص المخول والوزیر، تحاول الاطراف حل ذلك النزاع عن طریق المفاوضات)، ئەسڵەکەی باشترە، (ب- اذا لم یحسم النزاع عن طریق المفاوضات ، یجوز لکلا الطرفین أن یعرض النزاع الی التحکیم)، ئەوە زۆر باش هاتووە، هەمووش تەئیدیان کرد، (ت- اي تحکیم بین الوزیر والشخص المخول یجري باتفاق الطرفین وبموجب احدی القواعد الدولیة)، ئەو (أ)و ئەوانەی ناوێ وەکو وەزیر خۆی ئیقتیراحی کردووە ئێستا، ئەگەر بمێنێتن چ زەرەرێکی هەیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(في الاجازة والعکس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بمێنێت باشترە، بەس یەك ئیشکال هەیە ئەگەر وەلامم بدەیتەوە، ئەگەر بمێنێت جوانترەو، بمێنێت بەس یەك شت وەلام بدەوە، یەعنی دەبێت نەصێك هەبێتن لێرە، ئەگەر یەك لەو شتانە لە صالحی نەبوو تەرەفەکەی تر لە صالحی بوو، کامەی هەڵدەبژێری، یەعنی بە ئیتیفاقی هەردوو تەرەف هەڵدەبژێری، نیهائی دەبێتن لە عەقدەکە دەنووسرێت، لە عەقدەکە ئەو حلولانە یەك، دوو، سێ دەنووسرێت، باشە خۆی (ثانیاً/أ) خۆی عەینی ئەوەلەن (للوزیر) عەینی شت دەگرێتەوە (اذا حصل النزاع) خۆ موفاوەزاتەکە وەکو وەزیر عەینی شتە، زیاد نییە (ثانیاً/أ)، باشە زەرورییە، کاك دکتۆر ناصح فەرمو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە جەنابت تەغیرێکت کرد لە ئەوەلەن (أ)ەکە (للوزیر العمل علی حل النزاعات)، کە گوتمان (للوزیر العمل علی حل النزاعات) ئیقراری ناوێت، چونکە ئیقرار دەبێت خۆیان قەراری لەسەر بدەن لایەنەکان دەبێت هەردووکیان موتەفق بن، ئەم محاوەلە دەکات کە ئەوان پێك بێن، لەبەر ئەوە ئیقراری ناوێت لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ زەرەرێکی هەیە تێدا بێتن، ئیقراری حەلە، یان موصادەقەی حەلە، زۆر تەبیعیە تێدا بێت.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەکو وەسیتێك دەبێت لەنێوانیاندا، ئەو تەنها موحاوەلە دەکات کە پێك بێت، کە پێکیان هێنا، مانای وایە خۆیان پێك هاتن، پێویست بە ئیقرار ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت قانونی وایە، بەلام دوو کەس هاتنە لای جەنابت گوتیان وەرە هەین بە لە مەرحەلەی کە وەرەقەیەك نانووسین تۆش ئیمزا بکەیت لەسەری موصادەقەت کردووە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقی نییە، وەسیت حەقی نییە، خۆیان هەردووکیان ئیتیفاقیان کردووە لەنێوان خۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئێمە گوتمان وەزیرە، وەزیرە شتەکە پەیوەندی پێوە هەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەم قانونە ئەمە یەکەم وەزارەتە بەبێ وەزیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکەی دکتۆر ناصح دەکەم، مەسەلەی وەزیر دەڵێ (العمل)، کە (العمل) بێت ئیقراری تێدا نابێتن بەڕاستی ئیقراری چ بکات، وەزیر محاوەلە دەکات حەلێکی وەسەت ببینتەوە، ئەگەر پێی نەدیتراوە چ ئیقراری پێ ناوێت، قسەکەی دکتۆر ناصح لە جێگای خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەتیش قسەی هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ ئیشکالێکی نابینم ئەگەر تێدا هەبێتن، وەزیر محاوەلە دەکاتن ئەو نیزاعە حەل بکات لەنێوان دوو تەرەف، ئەگەر گەیشتنە نەتیجەیەك ئیحتیمال هەیە پاش گەیشتنی نەتیجەیەك جارێکی تر نیزاعەکە تازە ببێتەوە بەلای کەمی وەزیر ئیقرارێك لەسەری بکات بڵێ ئەو نەتیجەیە بە حزوری من گەیشتینە ئەو نەتیجەیە، یەعنی چی تێدایە، زەرەری تێدا نییە، بە عەکسەوە باشی تێدایە خراپەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکەی کاک فرسەت سەد لە سەد راستە لە رووی قانونییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خۆ نەمانگووتووە حەلی دەکاتن موحاوەلە دەکەین (العمل على حلها)، دوای ئەوەش (اقرارها)، یەعنی (اقرار المنازعات) زەمیری مونەسە هەر بەوە دیارە، کە حەل ناگوترێت بۆی، ئەگەرنا دەبێت بگوترێت (اقرارە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاکە بیکەن بە (اقرارە)، یەعنی (واقرار الحل) راستە، قەواعیدیەن (اقـرارە)، یـەعنی (اقـرار الحـل)، کەواتـە ئێستا ئەو ماددەیە وای لێ هاتەوە یەکەم (للوزير العمل على حل النزاعات التي تنشأ بين الاشخاص العـاملين في العمليات النفطية وإقراره سواء كانت تلك النزاعات......)، (ب وت) شەتب دەکرێت، دووەمیش وەکو خـۆی دەمێنێتەوە بە هەموو هینەکەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵ ئـەو ماددەیـە بـە گۆڕانکاریـەوە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ وەرگـیرا، تکایە ماددەی پەنجاو سێ.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی پەنجاو سێیەم: وەزیر بۆی هەیە کەسی ڕێپێدراو ببورێت لە رازی بوون بەمەرجەکانی ڕێپێدان، بۆی هەیە رەزامەندی بنوێنێ لەسەر هەڵپەساردن، یان گۆڕینی مەرجەکان، یان بەمەرجی دیکە، یان بەبێ مەرج بەشێوەیەکی بەردەوام یان کاتی.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اعفاء من الشروط او تغيرها**

**المادة الثالثة والخمسون: للوزير اعفاء الشخص المخول من الامتثال لشروط التخويل وله ان يوافـق علـى تعليـق او تغيير تلك الشروط اما بشروط اخرى او دونها وبصورة دائمية او وقتية.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو سێ لە پرۆژەکە دەرنەبڕیوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی جەنابی وەزیر ئیزافەیەکی لەسەر کردووە (للـوزير بعـد استحصـال موافقـة المجلس الاقليمـي) یـەعنی خۆی دیراسەت دەکات، دیراسەکە تەقدیم دەکاتـە مەجلیسـی ئیقلیمـی، کـە موافەقـەتیان کـرد، ئینجـا ئـەوە دەکاتن لێرە فەرق دەکاتن، یەعنی (استحصال)ەکە راستترە پێم وایە، بەس لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێك کـەس دەیەوێت قسە بکات، فەرموو کاك رەشاد.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بە کاملی لابدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە بە شروت دێت شەریکات تەقدیم دەکات ئەشخاصیش هەروەها بە شروت قەبول دەکرێتن، دوایێ بە ئیسلوبێکی دیکـە نابێـت ئیعفـا بکـرێتن، ئیلا لە حاڵەتی ئەسبابی قاهیرە، ئەویش قانون تەحدید دەکات زیلزالـە، حروبـە، فێزاناتـە، لـەو گـۆڕەی بـە**

تەوصیەك هەموو شروت ئیعفا بكرێت، ئەوە دەبێتە دڕكێك، بەڕاستی كێشە دروست دەكات لە موستەقبەل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكم لەسەر داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە هەیە بەڕاستی، چونكە ئێمە كە یاسا دەنووسینەوە دەبێت ڕێكوپێك بێت لە داڕشتنەكەی، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبیدا، من پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە بێت (للوزیر بعد موافقة مجلس الاقلیم اعفاء الشخص المخول من الامتثال لشروط التخویل وله ان یوافق على تعلیق او تغیر تلك الشروط اما باخرى او دونها وبصورة وقتیة او دائمیة)، وەقتەی دەبێت پێش دائیمی بێت، چونكە بۆ ماوەیەكی دیاری كراوە، دائیمیش بەردەوام دەبێت تاكو ئەو ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سەد لە سەد پشتگیری لە مام ڕەشاد دەكەم، تۆ بۆ ئەوەی شەخصێكی موخەوەل، كاتێك كە عەقدێكی لەگەڵدا دەكەیت، بۆچی لە دواییدا بێت بە موافەقەتێك عەفوی بكەیت لە شەرتەكان، بڵێ قەیدی ناكات تۆ هەرچی دەكەیت بڕۆ بیكە، من موافەقەتی مەجلیسی ئیقلیمیم بۆ وەرگرتووی (الامتثال لشروط) ئەوە دەگەیەنێت (اعفاء الشخص المخول من الامتثال لشروط التخویل)، شەرتەكانی تەخویلیش دیاری كراوە، كە چیە لە عەقدەكە دیاری كراوە، ئەی تۆ چۆن دێیت عەفوی دەكەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك ڕەشاد دەكەم، چونكە عیبارەیەكی زۆر ناڕێكوپێك و ڕەكێكە، من هەمووی ئیمتیسالی جەنابت دەكەم، تۆش عەفوم دەكەیت لە چی، (اعفاء الشخص المخول من الامتثال لشروط)، كەواتە لابردنەكەی پێم وایە زۆر باشترەو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری مام رەشاد دەكەم، نازانم ئەو هەموو ئاسانكاریە بۆ بەڵێندەر بكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شەرت و مەرجی زۆرمان داناوە، ئێستا هەندێك بەڵێندەر دێنە پێشەوە ئاسانكاری زۆری تیایە، ئەگەر جەنابی وەزیر روونكردنەوەیەك بدات، بزانین ئەو ئاسانكاریانە بۆ چیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ ئەدهەم نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئیا من بۆ ماددەی بەو شكلەی ئەگەر جەنابێتە هەمی جار جەنابێ وەزیر بخاتە كو تەوزیحێك بدە سەر ماددەو، پێش ئەندامێ پەرلەمانێ بكەڤنە موناقەشە كرن، بەلكی هەندەك تشت روونتر بیت، پێویستی بە هەندە موناقەشە نەبیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راستە مولاحەزەكەت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وابزانم لە ماددەی بیست و چوار هینمان هەبوو، ئەگەر شتێك تەناقوز نەبێت لەگەڵ ئەوە لێرە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەكەم بیكەن بە (استحاصل موافقه)ی ناوێت، چونكە تەخویلە، ئیعفایەكەش لاببەین بیكەن بە (تعليق او تغير الشروط)، ئەمە هینە تەخویلە، عەقد نییە، ئیعفای ناوێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی بیست و چواری (ب) مقاولەكە مولزیمە بەوەی كە لە تەخویلەكەدا هەیە، بەم ماددەیە تۆ دەتوانیت ئیعفای بكەیت ئەوەی كە ماوە نەیكات، ماددەی بیست و چواری (ب) گوتی  دەبێت مولزەم بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەفو جەنابی وەزیر مادام لەوێ موعالەجە كراوە، ئەوەی بۆ چیە ئەو ماددەیە هەر زیادە، لەوێ دەسەڵاتت دراوەتێ، لێرە بۆ باس بكەیت، سێ ئەندام پەرلەمانیش موداخەلەیان كردو داوایان كرد ئیلغا بكرێت، جەنابی وەزیر ئیشارەتی كرد دەڵێ لە ماددەی بیست و چواردا هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو پێنشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە بۆ ئیلغای ئەو ماددەیە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە بۆ ئیلغای ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا كرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راگەیاندنو بلاٌوكراوەكان

ماددەی پەنجاو چوار:

یەكەم: وەزیر راگەیاندن دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بە:

أ- بانگێشەكانی داواكردنی مۆڵەتەكان.

ب- ئاگاداركردنەوەی پێدانی مۆڵەت و كۆتایی پێهێنانی.

دووەم: پێویستە وەزیر بانگێشەكان بلاٌو بكاتەوە لە ئامرازەكانی راگەیاندن و بەپێی رێنماییەكانی لێیەوە دەركراوەو لە میانەی ئەنتەرنێت لە لاپەڕەی ئەلیكترۆنی سەر بە وەزارەت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاعلانات و المنشورات

المادة الرابعة والخمسون:

أولا: يتولى الوزير الأعلان عن:

أ- دعوات طلب الأجازات.

ب- اشعار منح الأجازات وإنهائها.

ثانيا: على الوزارة نشر دعوات عبر وسائل الاعلام حسب التعليمات الصادرة منه وعبر الانترنت من الصفحة الالكترونية التابعة للوزارة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو چواری پرۆژەكە دەرنەبڕیووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیشی وەزارەتە، نەك شەخصی وەزیر، بۆیە باشتر وایە بكرێتە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵەن دەعوەت بەناوی وەزیر دەبێت، ئیشعاری مەنحیش بەناوی وەزیر دەبێت، بەلاٌم وەزارەت تەنفیزی ئەمری وەزیر دەكات، ئەوەی (ثانياً/ على الوزارة)، ئیعلانەكە وەزیر دەیكات، دەعوەتە، فەرموو كاك كەمال قسە دەكات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەحەقیقەت دەبێت وەزیر سەرپەرشتی بکات راستە، چونکە هەر کەسێك بە کەیفی خۆی ئیعلامێك دەربکات تەعلیماتێك بدات دوور بێت لە قەواعیدی وەزارەت و تەعلیماتی وەزارەتی نەفت بەرەڵلایی پەیدا دەبێت، بۆیە دەبێت وەزیر سەرپەرشتی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە جەنابی وەزیر دوو، سێ جار ئاماژەی پێ کرد، من حەز دەکەم دوو قسەی بکەم، هەندێك جار رەد فیعلێکە لەوەی کە ئەوەندە لە مەرکەزیەت و دوور لە دکتاتۆریەت و ئەوانە میللەتی ئێمە ترساوە، کە دەسەلات دەیخەیتە دەست شەخصێك، رەنگە وەکو ئەو دەبێتە ئەو دکتاتۆرە، ئەوە یەك، بەلام تێکەلاوی دەکرێت هەندێ جار لەلای هەندێك ئەندام، مەسەلەن لێرە زۆر زۆر بەقوەتترە دەسەلاتەکە بدرێتە وەزیر، نەك وەزارەت، بۆ؟ چونکە ئەگەر تۆ ئەگەر بلێیت وەزارەت، سبەینێ مەسئوولی ئیعلامی وەزارەتەکە دەتوانێت ئەو شتەی بکاتن، مودیر عامێك دەتوانێت ئەوەی بکاتن، موستەشارێك دەتوانێت ئەوەی بکاتن، تۆ لێرە بەعەکسەوە شتەکەت هێن کردووە بە شەخصێك کە زیاتر لە قانونەکە دەزانێت، زیاتر لە مەسئوولیەت تێ دەگات، ئەندامە لە مەجلیسی ئیقلیمی بە عەکسەوە ئەگەر وەزارەت بوایە دەبوایە بیکەینە وەزیر، یەعنی ئەو تێکەولایە لەلامان هێن نەبێت، دوایێ من شتێکی تریش دەلێم بۆ جەنابی وەزیر، بۆ ئەوەی دلنیا بێت، لەو شوێنانەی کە وەزارەت هاتووە، خۆی شەخصی یەکەمە، شتی موهیمە بە ئیمزای خۆی دەبێتن، بەلام ئەوەندەیە ئیتمیئنانێکە لە ناحیەی قانونی، بۆ ئەوەی خوانەخواستە ئەگەر نەفسێکی دیکتاتۆری هەبێت بەو قانونە رایبگرین، کە دەلێن مەجلیسی ئیقلیمی تەنفیزەکە زیاتر دەکەوێتە لای جەنابت، بەلام ئەوە بۆ ئەوەیە مەسئوولیەت کەم بێتەوە، بۆ ئەوەیە سبەینێ هەموو شتەکان نەخرێتە سەر تۆ، عقودە شتە دەیهێنیتە لای مەجلیسی ئیقلیمی، رەئیس وزەرایە، جێگری وەزیری فلانە هەموو بەشداری دەکەن لە مەسئوولیەت، بۆ خۆت باشترە، من ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە وەکو خۆی، کێ لەگەلدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەلدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو پێنج: یەکەم:

أ- وەزیر بلاو کردنەوەی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- مۆلەتەکانی ئێستای هەلوەشێنراوەو هەموارکراو بەتێرو تەسەلی.

2- لێبوردنەکان لە مەرجەکانی مۆلەت، یان گۆڕینی بەتێرو تەسەل.

3- زانیارییەکانی پەیوەستە بە رێککەوتنەکانی یەکگرتن.

ب- هەر تاکێك لەماوەیەکی شیاودا لە رۆژی پێشکەش کردنی داواکاریەکەی لە لایەنەوە کورتەیەکی دەداتێ دەربارەی:

1- مۆڵەتەکانی (هەموارەکانی ئێستاو هەڵوەشاوە)و رێککەوتننامەکانی یەکگرتن.

2- پلانی پەرەسەندنی پەسند کراو.

3- بریکاردانو مامەڵەکانی دیکە کە رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، بەپێی مەرجەکانی بازرگانی رێپێدراو.

4- پرۆسەکانی نەوت.

دووەم:

أ- پێدانی مۆڵەت دوای بانگێشە کردن.

ب- پێدانی مۆڵەت بەبێ بانگێشە بۆ پێشکەش کردنی داواکاری.

ت- پەسند کردنی پلانی پەرەپێدان بەپێی گرێبەستی نەوت.

پ- رەزامەندیدان لەسەر لێبووردن لە مەرجەکانی مۆڵەت، یان گۆڕینی، یان هەڵپەساردنی.

ج- وەرگرتنی هەر بڕیارێك، یان هەر رەزامەندی دانێك پێویستە بەپێی مۆڵەت دیاری بکرێت.

سێیەم: پێویستە کۆمپانیاکان راپۆرتەکانیان دەربارەی پابەندییان پێشکەش بکەن، بەپێی ئەم یاسایەو مەرجەکانی مۆڵەت و بەم شێوەیە بەتێرو تەسەلی داواکراوە لە مۆڵەتداو بەپێی رێنماییەکان وەزیر بڵاو کردنەوەی دەگرێتە ئەستۆ.

چوارەم: وەزیر بڵاو کردنەوەی راپۆرتەکانی تایبەت بەکەسە رێپێدراوەکان دەگرێتە ئەستۆ، سەبارەت بەدانی پارەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوتی حکومەتی هەرێم بەپێی یاسا.

پێنجەم: زانیاریەکانی بەدەستهاتوون بەپێی ئەم ماددەیە بۆ هەموو کەس رەوایە پاش دانی رەسمەکان کە بەپێی رێنماییەکان وەردەگیرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والخمسون: أولا:

أ- يتولى الوزير نشر:

1- تفاصيل الأجازات الحالية او الملغية وتعديلاتها.

2- تفاصيل الاعفاء من شروط الاجازة وتغيرها.

3- المعلومات المتعلقة باتفاقيات التوحيد.

ب- يتولى الوزير تزويد كل فرد وضمن فترة زمنية معقولة من تأريخ تقديم الطلب موجز عن:

1- الأجازات (التعديلات الحالية او الملغية) واتفاقيات التوحيد.

2- خطة التطوير المصدقة.

3- التوكيلات و المعاملات الاخرى التي تمت الموافقة عليها ووفق الشروط التجارية المسموحة بها.

4- العمليات النفطية.

ثانيا: يتولى الوزير بيان أسباب الاجراءات التالية خلال عشرة ايام من تأريخ تقديم الطلبات:

أ- منح الأجازة بعد الدعوة.

ب- منح الاجازة دون الدعوة لتقديم الطلبات.

ت- تصديق خطة التطوير بموجب عقد النفط.

ث- الموافقة على الاعفاء من شروط الاجازة او تغيرها او تعليقها.

ج -اتخاذ أي قرار أو منح أية موافقة يستوجب بيانها بموجب الأجازة .

ثالثا: على الشركات تقديم تقارير عن التزاماتها وفق هذا القانون وشروط الأجازة بالصيغ والتفاصيل المطلوبة في الأجازة وحسب التعليمات ويتولى الوزير نشرها .

رابعا: يتولى الوزير نشر التقارير الخاصة بالاشخاص المخولين عن دفوعاتهم الخاصة بالعمليات النفطية لحكومة الأقليم وفق القانون.

خامسا: تكون المعلومات المستحصلة وفق هذه المادة متاحة لأي شخص بعد دفع الرسوم التي تستوفى حسب التعليمات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو پێنج دەرنەبڕیووە، بەڵام یەك شت هەیە، پێم خۆشە بزانن، ئەوەلەن (ب- يتولى الوزير تزويد كل فرد)، لێرە تەرجومەكە تەواو نییە (يتولى الوزير تزويد اي فرد من الجمهور)، نەك (كل فرد)، چونكە ئەوە موكەلەف نییە هەر هەموو عالەم بیداتێ (اي فرد من الجمهور).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش ئیعلانات و مەنشوراتە یەعنی وەكو ماددەكەی پێشتر هینمان كرد لە دەسەڵاتی وەزیرە، یەك شت هەیە (ثانیاً) هەر لەسەر موافەقەتی جەنابی وەزیر شەتب بكرێت هەمووی بەو ئیعتیبارەی نە موجیب هەیە بەیانی ئەسبابی ئیجرائاتە بكاتن، نە بێجگە لەوەش ماددەی پەنجاو سێش حەزف كراوە، لەبەر ئەوە (ثانیاً) شەتب دەكرێتن، پاشی ئەوەش جەنابی وەزیر موافیقە لەسەر ئەوەی، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دوو (ث) ئەویش پێویست نییە، چونكە ئەویشمان لابردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەمووی (ثانیاً) شەتب بكرێت، كاك دكتۆر ئاشتی (ثانیاً) بە (أ و ب و ت و ث و ج) هەمووی شەتب بكرێت، چونكە تۆ مەجبور نیت ئەسباب ئیعلان بكەیت، تۆ نووسیووتە (يتولى الوزير بيان أسباب الاجراءات

التالية)، تۆ ئیجرائاتت وەرگرتووە، ئەسبابەکە پێویست ناکات ئیعلانی بکەیت، ئەوەش شەتب کرا جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد، ئەوەش کە مامۆستا کاکە گوتی (ای فرد) لە جیاتی (کل فرد)، لە ئەوەلەن (ب- یتولی الوزیر تزوید اي فرد)، کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات، کاک بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوەی کرا کە لە ماددەی پەنجاو پێنج فەقەرەی دووەم ئیلغا بکرێت، من پێم وایە زەرورییە، چونکە دەبێت جەنابی وەزیر ئەسبابی ئەو ئیجرائاتانە بەتایبەتی کە ئیجازە هەیە، من پێم وایە (ث) پێویست ناکات (الموافقة على الاعفاء من شروط الاجازة او تغيرها او تعليقها) ئەوە ئیلغا بکرێت، بەڵام ئەوانی تر بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی وەزیر ئەسبابی ئەوەی روون بکاتەوە، مەسەلەن بۆچی ئیجازەی داوە، بۆچی نەیداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەکەم (أ-2-) لەبارەی (2- لێبوردنەکان لە مەرجەکانی مۆڵەت)، وابزانم ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پەنجاو سێوە هەبێت، دەبێت بمێنێت لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس نەیگوت ئەوە شەتب بکرێت، کاک شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیا من لە خالەکانی باس کرد، کە ئێش دبێژم خالە دوێ ئیکەم (أ) دیسان پەیوەندیا بە ماددەی پەنجاو سێ هەی، ماددەی پەنجاو سێش ئیلغا کری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی من کرا هەر پەیوەندی بە یەکەم (أ) بڕگەی دووەم (2- تفاصيل الاعفاء من شروط الاجازة وتغيرها)، ئەوەش پێویست ناکات بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (ب)ی یەکەمی ماددەکە هاتووە، ماوەیەکی شیاو، ناکرێت لە یاساکە تەحدیدی ئەو ماوەیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی من کرا، نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی من لە خاڵی یەکەم (تفاصیل الاعفاء) (الاعفاء) لابرێت، بەلاَم زەرورییە بمێنێت بەشێوەیەك تەغیرەکە، کەم کردنەوەکە، یان زیاد کردنی شروتەکان، بەنیسبەت خاڵی دووەم، من بە مەسڵەحەتی نازانم هەمووی لابرێت، بەلاَم (ب) لابرێت (أ و ت و ج) بمێنێت، بەنیسبەت (ث)ەوە هەر ئیعفایەکە لابرێت باقیەکەی تر بمێنێت، چونکە ئیعفایەکە مەعقول نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم بە لادانی ئەوەلەن (أ-2-).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاَ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیم هەیە پشتگیری لەوەی دەکەم کە ئەوەلەن بڕگەی دوو پێویست ناکات هەبێتن، پرسیارێکی تریشم هەیە لە خاڵی (ب) فەقەرەی سێ (3- التوکیلات و المعاملات الاخری التي تمت الموافقة علیها ووفق الشروط التجاریة المسموحة بها)، نازانم ئەوانە چنە، ئەمە ناکرێت ئەو شتانەی کە کرانە بەبێ

ئەوەی بزانین موافەقەی لەسەر بکەین، ئەوانە کێنە؟ چ کراوە، چ نەکراوە، ناوی ئەو شەریکاتانە چیە، چ نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری سارا خان و کاک ئەدهەم و کاک کەریم و کاک بارزان و ئەو برادەرانە دەکەم لەسەر لابردنی خاڵی دووی (أ)ی ماددەی یەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان، ناوی نووسراوە چۆتە دەرەوە، حەقی خورا، کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی ئەو برادەرانە دەکەم بۆ لابردنی ئەوەلەن (أ-2-)، هەروەها پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، وەکو کاک حاتەم ئیشارەتی پێدا فەترە زەمنیە مەعقولە چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیری لابردنی فەقەرەی دووی ئەوەلەن (أ) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی ئەوەلەن (أ-2-) ئیشارەتیان پێدا پشتگیریان لێ دەکەم، بەنیسبەت (ب-3- التوكيلات و المعاملات الاخرى التي تمت الموافقة عليها ووفق الشروط التجارية المسموحة بها)، ئەو موافەقاتە ئەگەر کرابێت هەبێت، مەفروزە بە مولحەقێك بهاتبوایە، بۆ ئەوەی ئیتیلاّع بکەین بزانین چ کراوە، ئەوە یەك. بەنیسبەت فەقەرە دووش لادران هیچ مولاحەزەی ترم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت مـن نـابینم ئەمانـە هیچی لابچێتن، لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان، زۆر داوا دەکـەن ئەوانە لابچێت و ئیلغا بێتن، چونکە ئەوە زۆر زەرورە لە جێگای خۆی هـەبێت، ئینجا شـیلەیەك دەکەوێتـە ناو وەزارەتەکە هەر کەس بە کەیفی خۆی دەکاتن، بۆیە ئەمە کۆنکرەت زەبـت دەکـاتن، بۆیـە مانـەوەی زۆر زەرورییە، تکاشم لە بەڕێزان هەیە کە ئەوەی ڕەچاو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە ماددەی پـەنجاو پێـنج ئەوەلـەن زۆر ئەنـدامی پەرلـەمان داوایـان کـرد دووەم تەفاسـیلی ئیعفـا ئیلغا بکرێت، کاك کەمالیش دەڵێت بمێنێتەوە، لەبەر ئـەوە ئەوانـەی کـە داوایـان کـرد ئیعفایەکە لابـدرێت، چونکە لە پێشی ماددەکـەمان ئیلغـا کـرد، کـە عیلاقـەی بـە ئیعفـاوە هەیـە، بۆیـە ئەگـەر جـەنابت سـەحبی داوایەکەت ناکەیت، ئەوە تەحصیل حاصلە شەتبی دەکەین، ئەگەرنا دەیخەینـە دەنگدانـەوە، جـەنابی وەزیـر موافیقی لەوەی دووەم شەتب بکرێت، تەفاسیلی ئیعفائات شەتب بکرێت.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین ئەوەلەن هەمووی بگۆڕین بە یەك جوملە زۆر تەفاسیلی تیا نەبێت و پێویست ناکات، دەتوانین بڵێین (یتولى الوزير نشر تفاصيل الأجازات والمعلومات المتعلقة بالعمليات النفطية والنشاطات في الاقليم) ئەوانە ڕاستە، پێویست ناکات ئەو دوورو درێژیە هەبێت، ئەمە بۆ شەفافیەتەکەیە، بەڵام زۆر هینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ شەفافیەت جەنابی وەزیر هەردوو بمێنێت، یەکەم و سێیەم بمێنێتن جوانترە، باش هاتووە یەکێکیان ئیتیفاقیاتی تەوحیدە، فەقەرەی (أ-2-)ەکە شەتب بکرێت، (ب) ئەویش لەبەر شەفافیەتەکەی (يتولى الوزير تزويد كل فرد وضمن فترة زمنية معقولة من تأريخ تقديم الطلب موجز عن: الأجازات (التعديلات الحالية او الملغية) واتفاقيات التوحيد)، نازانم یەعنی تۆ باست نەکردووە، باشە بۆ شەفافیەت باشە، ئینجا دەمێنێتە سەر (ثانياً) قسەیەك کرا ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن تەنیا (ب و ث) لابردرێتنن ئەویتر زەرورییە بمێنێت (يتولى الوزير منح الأجازة بعد الدعوة)، ئەوە نەشر بکرێتن، (ب)یەکە مەنحی ئیجازەکە بەبێ دەعوا ئەوە شەتب بکرێت، چونکە لەغومان کرد، (ث)یەکە شەتب بکرێت، (ب)یەکەش دەڵێ مەنحی ئیجازە بەبێ دەعوا ئەسڵەن نییە، بۆ لێرە بنووسین، لە ماددەکەی پێشتر لامان برد، کەواتە ئێستا ئەو ماددەیە ئەو گۆڕانکاریەی بەسەریدا هاتووە ئەوەلەن (يتولى الوزير) یەك و دوو سێ، دوو شەتب کرا، (ب- يتولى الوزير تزويد كل فرد) دەبێتە (يتولى الوزير تزويد اي فرد)، (ثانيا) (أ و ب و ت و ث و ج)ە، (ب و ث)یەکە شەتب کرا، ئەوانی تر دەمێنێتەوە کە (أ و ت و ج) دەبێتن، ئەوانی تر وەکو خۆیەتی، ئەو ماددەیە بەو

گۆڕانکاریانەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی پێنجەمەوە دەبێت لە ئینگلیزیەکە رێك بکەوێتەوە، چونکە لە ئینگلیزیەکە وا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو بوو ئێمە دەنگماندا بۆ عەرەبیەکە بە ئەسڵمان زانی، تکایە ماددەی پەنجاو شەش.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاروبارەکانی رێکخستن

ماددەی پەنجاو شەش:

یەکەم: وەزیر دەرکردنی رێنماییەکان بەپێی ئەم یاسایە دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ- دابەشکردنی ناوچەکان لە هەرێمدا.

ب- دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت.

ت- بەکارهێنانو نۆرینی بەیانات، زانیارییەکان، تۆمارگەو راپۆرتەکان.

پ- پێوانو فرۆشتن، یان سەرف کردنی نەوت.

ج- تەندروستی ساغ و سەلامەتی.

ح- خۆپاراستن و پاراستنی ژینگە.

خ- بەڕێوەبردنی سامانەکان.

د- بینایەکان و دامەزراوەکان و ئامێرەکان.

ژ- پرۆسەکانی پاککردنەوەو ئامرازی چارەسەرکردنی دیکەی گونجاو بۆ لابردنی کاریگەریەکان کە لە بلاْوبوونەوەی نەوت پەیدا دەبێت.

ر- واز لێهێنان و کۆتایی پێهێنانی پرۆسەکان.

ز- پرۆگرامەکانی کارو بودجە.

س- وردبینی کردنی ژمێریاری و تۆمارەکانی کەسی رێپێدراو.

ش- ئەو رەسمانەی لەلایەن داواکاری مۆڵەتەکان لەو کەسانەی رێپێدراون دەدرێن، ئەوانەی ئارەزووی پشکنینی تۆماری گشتیان هەیە.

ص-دووبارە کردنەوەی راپۆرتەکان لەلایەن کەسانی رێپێدراوەوە دەربارەی ڕادەی پەیرەو کردنی پابەندەکانیان کە لە یاساو مۆڵەتەکاندا هاتوون ئەمانە لە خۆ دەگرێت:

1- راهێنان و دامەزراندنی هاووڵاتیانی هەرێم و هاووڵاتیانی دیکەی عێراق.

2- کڕینی کاڵاو فەراهەم کردنی خزمەتگوزاریەکان لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق.

3- تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

4- پاراستنی ژینگە.

دووەم: وەزیر ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویست دەردەکات، بۆ ئاسان کردن و جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأمور التنظيمية

المادة السادسة والخمسون: يتولى الوزير اصدار التعليمات بموجب هذا القانون فيما يتعلق بالامور التالية:

أ- تقسيم المناطق في الأقليم.

ب- استكشاف وانتاج النفط.

ت- إستخدام وكشف البيانات، المعلومات، السجلات والتقارير.

ث- قياس وبيع تصريف النفط.

ج- الصحة والسلامة المهنية.

ح- الوقاية وحماية البيئة.

خ- ادارة الثروات.

د- الابنية والمنشآت والمعدات .

ذ- عمليات التطهير ووسائل المعالجة الاخرى المناسبة لازالة التأثيرات الناجمة عن تسرب النفط.

ر- التخلي وانهاء العمليات .

ز- برامج العمل و الميزانية.

س- تدقيق الحسابات وسجلات الشخص المخول .

ش- الرسوم التي تدفع من قبل مقدمي طلبات الاجازات والاشخاص المخولين والذين يرغبون تفتيش السجل العام.

ص- إعداد تقارير من قبل الاشخاص المخولين حول مدى إتباعهم للألتزامات الواردة في القوانين والاجازات وتتضمن:

1- تدريب وتوظيف مواطني الأقليم ومواطنين آخرين من العراق.

2- اقتناء السلع وتوفير الخدمات في الأقليم ومناطق أخرى من العراق.

3- الصحة والسلامة المهنية.

4- الحماية البيئية.

ثانياً: يتولى الوزير اصدار التعليمات والتوجهات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو شەشی پرۆژەكە نییە، بەلأم من رەئی خۆم هەیە، لە لام وایە ئێستا ئەو ماددەیە هەمووی كۆتایی پێ بێنین بە (یتولی الوزیر اصدار التعلیمات والتوجیهات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، چونكە ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، پێویست بەو تەفسیلە ناكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(ثانیاً) مەفروزە ببێتە ماددەیەكی ئەحكامی خیتامی، تەبیعییە ئاخیر مادده بێتن، تەنزیمییە ئەخیرییەكەی دەبێت ماددەیەك هەبێتنن تەعلیمات دەردەهێنێت بۆ جێ بەجێ كردنی قانون، ماددەیەكی تایبەت دەبێتەوە، ئەگەر ئینتیباه بكەن ئەوە ببێتە ماددەیەك (ثانیاً)، ئینجا بزانن دەكەوێتە كوێ (یتولی الوزیر اصدار التعلیمات والتوجهات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، لە هینەكە هەمووی تەبیعی هاتووە، تەنها ئاخیر فەقەرە (ش- الرسوم التي تدفع من قبل مقدمي  طلبات)، ئەوەش دەبێت بە قانون بێت (بموجب هذا القانون) دەبێت، قانون رەسمەكە كوا، قانون رەسمەكە نییە، بەڵی مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەكەم (س و ش) نەمێنێت، چونكە ئەوانە تەعلیماتی مالینەو لە وەزارەتی مالیە دێتن، تەعلیمات لە وەزارەتەوە بۆ ئەو جۆرە شتانە نایەت تەدقیقی حیسابات و رسوم و ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(س)ەكە زەرورییە، بێجگە لە رسوم و ئەوانە هەموو وەزارەتێك، هەموو دەزگایەك هەیئەتی تەدقیقی خۆی هەیە، جگە لە تەدقیقی رەقابەی مالی (س)ەكە زەرورییە تەدقیقی حیسابات، هەیئەتێك دەبێت لەناو وەزارەتدا، بەلأم رسومەكە، ئایا ئەو رسومە قانونییە، یان رسومی وەزارەتە، بەڵێ.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمانە هەمووی تەعلیماتە وەزارەت حەقی هەیە دەریبكات، ئێمە ئیقتیراح دەكەین ماددەكە لەغو بكەین، هەر ئەوەی (ثانیاً) ببێتەوە ماددەكە خۆی, باقیەكەی بڕوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە حەلی ئیشكالێكە، یەعنی (ثانیاً) دەبێتە هینێك، ببێتە ماددەیەك بە تەنیا (یتولی الوزیر اصدار التعلیمات والتوجهات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، ئەوەلەن شەتب بكرێت، (ثانیاً) ببێتە ماددەیەك، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی قانونی نەفت قانونێكی خاصە، تایبەتمەندیێكی خاصی هەیە، پێم باشە فەقەرەی یەكەم بمێنێتەوە، بەس ئەگەر (ش)ەكە لابچێت، شتێكی زۆر تبعییەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئی كاك عەونیم هەیە، ئەو قانونە قانونێكی تایبەتە، ئەوە دەلالەت لەسەر شەفافیەت دەكات، ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت رسومەكە، لێرە دەفعی رسومەكە نییە بەڕاستی، مەسەلەكە دەفعی رسوم نییە فەرز دەكرێت لەسەر مواتین، بەڵكو ئیستیزاحی ئەو رسومەیە، رسومەكە بكرێتە (بموجب القوانین النافذة) ئەوە موشكیلەكەی حەل دەكاتن بە تەسەوری من.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رسوم قانونیە جێی دەگرێت، ئەگەر بڵێی (الرسوم القانونیة)، باشە تەفسیرێك هەیە رەسم خۆی قانونیە، ئەو ماددەیە دەبێتە نەك ئەوەلەن (یتولى الوزیر اصدار التعلیمات بموجب هذا القانون) شتەكان وەكو خۆی دەنووسرێت، (ثانیاً)ەكە دەچێتە جێگایەكی تر، دەبێتە ماددەیەكی تایبەت لە ئەخیردا قسەتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تەبعەن كاك فرسەتیش لێرە وای گوت، كاك شێروان و كاك عەونیش دەڵێن بمێنێت باشترە، كاك ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارەكا لە لیژنا یاسایی هەی لەسەر ڤێ ماددە یەكێ، كە هەرسێ برای بەڕێز گوتی بمێنێ، كە دبێژێتن وەزیر تەعلیماتا دەدەن یەك بۆ (الصحة والسلامة)، یا دیش (الوقایة وحمایة البیئة)، ئایا بە تەداخول جێی نابێت لێرە لە بەینا وەزارەتا صحە، یان وەزارەتا بیئێ، ئەزێ سوئالە لیژنەی یاسایی دكەم، ئایا لێرە چ ئیشكالە نینە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم لێرە پاش (الرسوم) ئیزافە بكرێت (واجور الخدمات)، چونكە زۆر جار وەزارەت هەندەك ئیشی پێشكەش بە شەریكات دەكات و ئەتراف دیكە دەكاتن بە ئوجوری خەدەمات شەرت نییە رسوماتی لێ وەرگرێتن، زۆر زەروورییشە جێی بكرێتەوە (الرسوم واجور الخدمات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له خاڵی (ر- التخلي وانهاء العمليات)، ئەوە گوتمان عەمەلیات بەوەی کە تەواو بوو لەو مەنتیقەیەدا ئینها دەکرێتەوەو پاك دەکرێتەوە، بەڵام تەخلیەکە نەمانزانی چۆن، یەعنی کابرا لەنیوەی ئیشە ئیشەکە بەجێ بێڵێت، دەبێت دیار بێت، بەنیسبەت خاڵی (ش- الرسوم التي تدفع من قبل مقدمي طلبات الاجازات والاشخاص المخولين)، ئەو ڕەسمانە هەموو کەسێك دەزانێت، ئەگەر هاتوو تۆ بتەوێت داخیلی موناقەصەیەك بیت، کۆمەڵێك رسوم هەیە دەدەیت، یەعنی ئەگەر بشمێنێتەوە هین نییە، بەڵام ئەوەی دوای ئەو دێت (والذين يرغبون تفتيش السجل العام)، (تفتيش السجل العام) مەبەستی چیە، کام سجل دەگرێتەوە، ئەگەر وابێت کەواتە ڕەقابەی مالیش دەبێت تەفتیشی سجلی عام بکات پارە بدات و رسوم بدات. بەنیسبەت خاڵی (ص) یەکەم دەبێت ئەشخاصی موخەوەلین تەقریر بەن، بۆ ئەوەی چەندێك ئیلتیزامیان کردووە بە (تدريب و توظيف مواطني الأقليم ومواطنين آخرين من العراق)، ئێستا کێشەیەك هەیە لەنێوان زانکۆی کۆیە لەگەڵ ئەو شەریکەی نەوتەی کۆیە، کە ئێستا خەریکە شەریکە تورکیەکە، ئیتیفاقیشیان کردووە، کە تەڵەبە لەلای ئەوان تەدریب بکات، ئەوە ئێستا کاتی تەدریبەکە هاتووە قەبولیان ناکەن، ئەی کەواتە دەبێت وەزیریش تەعلیمات دەربکات، ئەگەر هاتوو ئیخلالیان کرد بەوە، دەبێت چی بێت، یەعنی شتێك روون بکاتەوە، چونکە من دوێنێ خوێندومەتەوە لەسەر ئەو مەوزوعە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو وەزارەتمان هەیە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی بیئەمان هەیە، ئەو دوو وەزیرەش تەعلیمات دەردەکەن سەبارەت بەو دوو بابەتە، من لێرە پێم باشە بڕگەی (ج و ح) لابرێت، لەوانەیە هاودژ بێت لەگەڵ تەعلیماتی وەزیری سەرەواتی تەبیعی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من پشتگیری ڕەئی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوای مانەوەی ماددەکەیان کرد، خاڵی (ج و ح) من لەگەڵ ئەوەم کە بمێنێتەوە وەکو خۆی، لەبەر ئەوەی ئەوە تایبەتە بە مەجالی نەفت، ئەوانی

تر بەشێوەیەکی گشتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ژینگە ئیشەکانی خۆیان دەکەن، ئەوە ئەوە تایبەتە تەنیا لە مەجالی نەفت، هەروەها لە برگەی (ص) خاڵی یەکەم نووسراوە (راهێنانو دامەزراندنی هاووڵاتیانی هەرێم و هاووڵاتیانی دیکەی عێراق) بە باوەڕی من ئەو هاووڵاتیانەی دیکەی عێراق لابچێتن لەو برگەیە، لەبەر ئەوە خۆتان دەزانن ئەمڕۆ لە کوردستان بێ کاریەکی زۆر هەیە، ئێمە دەبێت ئەولەویەت زۆرتر بدەینە هاووڵاتیانی کوردستان، ئەوان رابهێنین و فێریان بکەین لە مەجالی نەفت، هەروەها ئەوان دابمەزرێنین، نەك هاووڵاتیانی پارێزگاکانی تری عێراق، ئەوانیش با لە کۆمپانیایەکانی هەرێمەکانی تر کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عێراقدا دابمەزرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە زۆربەی ئەندامان تەئکید دەکەنەوە، کە ئەو ماددەیە ئەوەلەن بمێنێت، پرسیارێك هەیە لە لیژنەی قانونی دەڵێ ئایا صحەو سلامەو وقایەو حیمایەی بیئە تەعاروز نییە لەگەڵ تەندروستی ئەوە یەك وەڵامی بداتەوە، پرسیارێك هەیە لە جەنابی وەزیر لەسەر فەقەرە (ش- والذین یرغبون تفتیش السجل العام) ئەوە یەعنی چی، هەروەها کاك رەشاد بوو ئیقتیراحی کرد پاشی رسوم ئوجوری خەدەمات زیاد بکرێت، جاریّ پێشەکی مامۆستا کاکە رەئی قانونی بدە لەسەر پرسیارەکەی کاك ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی (ج و ح) شتێکی زۆر تەبیعییە، هەموو وەزارەتێك لە زیمنی نیتاقی عەمەلی خۆی تەعلیمات دەربکاتن بۆ صحەو سلامەتی فەرمانبەران و وقایەو حیمایەی بیئەو هەموو جۆرە شتی وا، هەتا هەموو دائیرەیەك دەتوانێت ئەو تەعلیماتە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە صندوقێکمان داناوە بۆ بیئە، پارەیەکمان تەخصیص کرد بۆ بیئە، یەعنی حەسرەن، جەنابی وەزیر بۆ ئەو ئیقتیراحەی کە ئوجوی خەدەمات ئیزافە بکرێت، دوایێ (والذین یرغبون تفتیش السجل العام)، ئەگەر شتێکی وا موبەریرێکی نەبێتن پێشنیارەکە ئەوەیە نەمێنێتن، بەس ئەگەر موبەریرێك هەیە بۆمان شەرح بکە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین (ش) دەربکەین، بەنیسبەت ئەم فەقەرەیە جیاوازە، (ج) دەبێت بڵێی (الصحة والسلامة المهنية) تا ئاشکرا بێت قەصدیان چیە، هەروەکو (ص) دەڵێ (الصحة والسلامة) عەینی شتە، ئیقتیراحیشمان هەیە بۆ (ص) چوار کە بڵێ (الوقاية وحماية البيئة)، کە مونسەجیمە لەگەڵ ئەوەی سەرەوە، بەڵام (ش) موناقەشەی زۆر لەسەرە موهیم نییە لای دەبەین لێرە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس داوای نەكرد (ش) لابدرێت، بەس مامۆستا كاكە دەڵێ لە ئینگلیزیەكە (ش) هەر نییە، بەس كە وەزیر ئیقتیراح بكاتن (ش)ەكە لاببات‌ن، كاك ڕەشاد فەرمو‌و.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو فەقەرەیە مەربوتە بە ڕەسم لانابردرێت، ئەی ڕسومات و خەدەمات بەچ وەردەگرێت، ئەگەر ئەوەی لابدرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی كاك ڕەشاد بیدایەتی جوملەی تەماشا بكە دەڵێت دەرهێنانی تەعلیمات، وەزیر تەعلیمات دەردەهێنێت، یەعنی ئەگەر ڕەسم هەبێت تەعلیماتی ناوێت ڕەسمەكە هەر وەردەگیرێت، قانونە هەر وەردەگیرێت، قانونەكە جێ بەجێ دەكاتن، جا من پێم باشە لابدرێتن، چونكە لەبەر ئەوەی ئەو ئیشكالە لە كۆڵمان دەبێتەوە ڕەسم بە قانونی دەبێتن، دووەمیش ئەو پرسیارەی كێنە ئەوانەی تەفتیشی سجلی عام دەكەن، ئەوەشمان لە كۆڵ دەبێتەوە، (ج)ەكەش ئەو صحە وسلامەتی میهەنی زەرورییە میهەنیەكە ئیزافە بكرێتن، لە (ص) چوارەمدا (الوقایة والحمایة البیئة) ئەوەش ئیزافە بكرێتن، (ثانیا) پێشتر گوتمان دەبێتە ماددەیەكی موستەقیل لیژنەی یاسایی لە شوێنێكی شیاوی خۆی دادەنێن، كەواتە (ثانیاً) دەگوازێتەوە بۆ ماددەیەكی موستەقیل، ئەوەلەن نامێنێتن یەكسەر دەبێتە (یتولی الوزیر)، بەو گۆڕانكاریانەی كە باسمان كرد دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی پەنجاو حەوت.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پەنجاو حەوتەم:

یەكەم: هەر ڕێككەوتننامەیەكی تایبەت بە پرۆسەكانی نەوت كە حكومەتی هەرێم و بە ڕەزامەندی وەزیر ئەنجام درا بێ بەر لەكار بوونی ئەم یاسایە بە یاسایێكی پەیڕەوكراو دادەنرێت.

دووەم: بۆ مەبەستەكانی ئەم بەشە (ڕێككەوتنامە) هەر گرێبەستێك، یان مۆڵەت دان، بریكاردان، یان یاداشتی تێگەیشتن، یان هەر مامەڵە، یان هەڵسوكەوتێكی یاسایی دیكە لەم شێوەیە دەگرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة والخمسون:

أولا: اية اتفاقية خاصة بالعمليات النفطية التي ابرمتها حكومة الاقليم بموافقة الوزير قبل نفاذ هذا القانون تعتبر سارية المفعول.

ثانياً: لاغراض هذا الفصل  الاتفاقية تشمل اية عقد او اجازة او توكيل او مذكرات التفاهم او اية تعاملات او تصرفات قانونية اخرى من هذا القبيل.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو حەوتی پرۆژەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنیا یەك شتم هەیە کاك دکتۆر ئاشتی، تۆ خۆت بزانم پێشنیارت چیە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بڕگەی یەکەم دەڵێت (جميع العقود الخاصة بمشاركة الانتاج التي أبرمتها حكومة الاقليم قبل نفاذ هذا القانون تخضع للمراجعة)، تەبعەن ئەمە مەجلیسی ئەعلایە لە ئیقلیم شوێنی خۆی باشە لەوێ (لتنسجم مع أحكام هذا القانون مع مراعاة الظروف الموضوعية)، ئەوەمان داناوە، چونکە هەندێك عەقد کرا بوو مەسەلەن سعری نەوت بە بیست دۆلار بوو، تۆ ناتوانیت بڕۆیتەوە شت بگۆڕێت بڵێی بکرێتە پەنجا دۆلار، ئەوە عەدالەت نییە لەسەر مقاولەکە، وەزعی سیاسی خراپ بوو، ئێستا نەخێر باشترە ناتوانیت عەقدەکە تەعدیل بکەیت، بەلآم دەبێت مونسەجیم بێت لەگەڵ قانونەکە (فيها تلك العقود وتكون قراراته قطعية)، ئێمە دەمانگوت ئەمەمان دەوێت هەتا کەسی تر نەتوانێت موڕاجەعەی عەقدی ئێمە بکاتەوە، کە ئەو مەجلیسە بڕیاری لەسەردا، ئەوە قەراری نیهائیە، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، ئەوە جوانەو دەستووریشە، شەفافیشە، چونکە ئەگەر لیژنە بڕیاری داوە ئەوە وەختە تەعدیلاتی ئیزافی دەوێت بەسەرچاو دووبارە موڕاجەعەی دەکەینەوە، ئەوە بەو شێوەیە هەرچی عەقد کراوە ئاشکرا دەبێت بۆ لیژنەکە، لیژنەی بەرزە، هەموو دەزانن چی کراوە لەم چوار ساڵەی رابردوودا با هەموو برادەران ئاگادار بن، هەروەها فەقەرەی ترمان دەوێت، چونکە هەندێ موزەکەراتی تەفاهوم هەیە، زۆربەیان قیمەتیان نەماوە، چونکە وەختیان بەسەرچوو، بەلآم لە کوردستان وا ئیش ناکرێت زەلام دێت لە دەرگاکە دەدات دەڵێت من ئەم موزەکەرەیەم هەیە دەیەوێت لەگەڵماندا ئیش بکات، من حەز دەکەم بە قەراری ئەم قانونە بڵێین (جميع الاجازات ومذكرات التفاهم المتعلقة بالنفط والغاز والتي تم توقيعها من قبل حكومة الاقليم تعتبر باطلاً مالم يوافق عليها المجلس)، دەبێت موڕاجەعەی بکرێتەوەو لە بیدایەتەوە دەستی پێ بکەینەوە، چونکە ئێمە نەحاتمان نابێت لەو شتانە، زۆر دە، پازدە، بیست موزەکەرە هەیە، بە سەراحەت من قەت گوێیان پێ نادەم، بەلآم ئەوە خەڵك دێت پیشانت دەدات دەڵێ ئەمە باتڵە، چونکە دوای سێ مانگ ئەگەر هیچی نەکەیت باتڵەو واز ناهێنێت بە قانون نیهایەتی دەوێت لەسەر دەهێنین و نەحاتمان دەبێت لەسەر ئەو شتە، ئەمە بەو شێوەیە هەموو شتێك شەفاف دەبێت، لەمەودوا بە قانون ئیش دەکەین، ئەوە پێشنیاری منەو نەجاتیشمان دەبێت لە موفاوەزات لە بەغدا، چونکە قەراری ئەو لیژنەیە قاتیعە بە دەستووری ئێمە بڕیار دەدەین لەو عەقدانە

که کراوه لـه کوردسـتان، ئەمـە بەڕاسـتی راسـتە بـۆ هـەموو لایـەکتان، کـە شـك نابێـت کـە شـتێکی کـردووە، موخالیفی دەستوورە، موخالیفی قانونە، شەففافیەتی تیا نییە، شتێکی خراپی تیایە، من هەمووم موراجەعە کردووەو تەعدیلاتم کردووە بە توانای خۆم، بەلاّم بەشێکی لەوانەیە پێویستی بە موراجەعە هەبێت، ئـەوە پێشنیاری ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ئیقتیراحتان جوانە، بەس ئەگەر یەك کەلیمە ئیزافە بکرێت ماناکەی جوانتر دەبێـت (جمیـع الاجـازات والعقود ومذکرات التفاهم) لـە خـوارێ، ئـەوە عقـودی پێشووە، بـەلاّم بـۆ موسـتەقبەل عقودێـك مەجلیسی وەتـەنی پەرلـەمانی پێویسـتە، ئـەو ئیزافەیـە زۆر باشـە (قبـل نفـاذ هـذا القـانون)، کەواتـە ئـەو ماددەیـە بیخوێنەوە موعالەجەی ئەو عقودانە دەکات، کە پێشی دەرچوونی ئەو قانونە کراوە، با بـە سـەریحی بلّێین رەنگە لە وەختی دوو ئیدارەیی کرا بێت، ئێسـتا ئـەوە پێویسـت دەکـات موراجەعـە بکرێـت، ئـەو مەجلیسی ئیقلیمەی دامانـا، ئەوە هەم تەوحید دەکاتن، هەم تەنسیق دەکاتن، هەمیش حەلی ئیشکالەکان دەکاتن، جا ئەو شەرحەی کە کردمان پاشی ئەوە کێ قسەی هەیە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گۆڕانکاریەکانی وەزیر هی دەست خۆشییە، من تەئیدی ئەو گۆڕانکاریانە دەکەم، بەلاّم ئەگەر بە بڕگەیـەکی تر بێت، یان هەر یەك شت زیاد بکەین، چونکە دەزانین لە ماوەی رابـردوو کۆمـەڵێك گرێبەسـت کـراوە، لـە سلێمانیش کراوەو لە هەولێریش کراوە، ئـەو گرێبەسـتانە بێتـەوە پەرلـەمان، یـەعنی ئەوانـە لـە پەرلـەمان ئاشکرا بکرێن، یەعنی چی کراوە، ئینجا لە بڕگە یەك ئیزافە بکرێت، یان لەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئێمە ئیتیفاقمان کردووە پێشـی ئـەوەی بێینـە موناقەشـەی ئـەوە لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر ئیتیفاقمـان کردووە لە مانگی ئەیلولدا، لەبـەر ئـەوەی ئێستا لـە عوتلەینـە، دانیشـتنێکی تایبـەتی دەکـەین هـەموو ئـەو عقودانە بۆمان باس دەکاتن بە تەفسیلاتەوەو موناقەشەشی لەگەڵ دەکەین، ئەوە پێشی دوو هەفتە قسەمان لەگەڵدا کردووەو موافەقەتیشیان کـرد، لەبـەر ئـەوەی میزانیـەمان موناقەشـە دەکـرد، نـەدەکرا ئـەگینا ئـەو وەختی ئامادە بوو بێت، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیا من لە فەقەرا دوێ ئەوە بێتن (من قبل حکومة الاقلیم قبل نفاذ هذا القـانون تعتـبر باطلـة) پیچـەکی بۆ حکومەتا ما ناڤە ئەو دەسـەلاّتە بـۆ ئیمـە بوویـە، ئەگـەر ئـەم بێـژین (تخضـع لموافقـة المجلس الاقلیمـي) ئیحتیمالە جوانتر بێت و خۆشتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئیا کاك ئیحسان هەبوو بە شکلێکی دی سەر تەوزیحێ بدەم، کەلیمە باتڵە بەلکی پیچەکا بێ ڕێزیێ، یان نەوعەك بێ ڕێزی بداتە حکومەتێ ئیقلیمی تێدا هەبێت، بە ڕەئیا من ئەگەر بە صیغە بێتە گۆڕین دێ جوانتر بێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە نصوصی قانونی زۆر واریدە، زۆر تەبیعییە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، عقودی موشارەکەی ئینتاج کراوە جۆرێك لەو عەقدانە کراون و لە کاری جێ بەجێ کردندان و دەیان ملیۆن دۆلاریان خەرج کردووە بۆ ئەو کۆمپانیانە، ئایا ئێمە دەتوانین شروتی ئیزافی بەسەر ئەو عقودە شەریکاتانە فەرز بکەین؟ دەکرێت هەڵوەشێندرێنەوە؟ ئەگەر هەڵدەوەشێندرێنەوە، ئایا ئەو پارەیەی سەرف کراوە بۆ کۆمپانیایەکان کێ مولزەمە دەفعی تەعویزاتییان، یان ئەوانە بکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لێرە جوملەیەکی ئیزافە کردووە، دەڵێ (مراعاة الظروف الموضوعية) مەقصەدی ئەوەیە، بە تەئکید مەجلیسی ئیقلیمیەکەش هەم وەزیری تێدایە، هەم لێپرسراوی ڕەئیس وزەرای تێدایە، کە ڕەئیسی وزەرای ئیدارەی هەولێر بووە، نائیب ڕەئیس وزەرای ئیدارەی سلێمانی بووە، وەزیری مالیەی تێدایە، وەزیری پلاندانانی تێدایە، ئاگادارن لە هەموو تەفسیلاتەکان، هەموو دەتوانن ئەوە لابەلا بکەن، بەڵام نەصی قانونی ناتوانن لەبەر حاڵەتێکی موعەیەن بگۆڕن، ئەو نەصە قانونیە زۆر دروستە، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دووەم منیش کەلیمە باتڵە بە جوانی نابینم بکرێتە لاغیە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ڕاستە لەگەڵ ئەوەی عوتلە تەواو بوو، ئەو تەفاسیلی عەقدانەمان پێ دەگوترێت، ئەوە قەزیەکی ترە، بەس بە قەناعەتی من ئەم نەصە بۆ خۆی بۆ ڕابردووە، کە بۆ ڕابردووە یەعنی هیچ

ئیعتیرازێك دروست نابێت، پێم وایە نەصەكە بەقوەتتر دەبێت، ئەگەر لە پشتی حكومەتی ئیقلیم، لە پشتی مەجلیسی ئیقلیمی (والبرلمان)ی لەگەڵدا بێت، بە قەناعەتم زۆر بەقوەتتر دەبێتن، چونكە ئێمە ئیعتیراز دەكەین لەسەری، تەفاسیلەكەشی دەبینین، بەلاٛم ئەو نەصە دەمێنێتەوەو بۆ خۆی نەصێكی بەقوەتتر و قانونی تر و شەریعی تر دروست دەكات، كەلیمەی باتلەش بە قەناعەتی من لە جێی خۆیەتی، چونكە كەلیمەی باتڵ بۆ خۆی لە قانوندا كەلیمەیەكی قانونییە، ناكرێت بۆ هیچ تر دابنرێت ئیلا باتڵ نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر قەراراتەكە (بعد موافقە البرلمان) چی تێدایە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسین (وینشر للعام).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە لێرە هێناتە ئێرە (ینشر للعام ویكون القرارات قطعیة بعد موافقة البرلمان)، ئەوە یەعنی هەم بۆ عام نەشر كراوە، (مصادقە البرلمان)، ئێمە كە گوتمان (موافقە) غەیری موصادەقەیە، یەعنی موافەقەكە ئەوەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە خراپە بۆ ئێمە ئەگەر پەرلەمان بێت، چونكە یەكەم مقاولات هەیە بە قانونی ئیش دەكات لە وڵاتەكە مەسڵەحەتی ئێمەیە، ئەگەر شتێك دانێین ئیزافی بێت بیان ترسێنین، كەس نایێت بۆ ئێرە، دەبێت بە عەداڵەت شت دانێین، ئەمە بە سەراحەت ئەمەمان داناوە بۆ مەسڵەحەتی خۆمان، چونكە تاكو كەس شكی نەبێت كە عەقدێك كراوە خراپە، شەفافیەتی تیا نییە، هەتا نەحاجتمان بێت لێی، ئەوە شتێكی موهیمە، بەلاٛم دەبێت لە عەینی وەختدا مقاولەكان نەترسێنین دەچێتە پەرلەمان و ئەو شتانەو، ئەگەر شتێك دوو ساڵی تر موراجەعەی بكەیت، ئەوە دەوەستێت ئیش ناكات، نابێت شتی وا بكەین، دەبێت قەراراتی قەتعیەو نەتائیجی موجودە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئەمەی ئەخیری شەرح كرد، ئەمە پەیوەندی بە هی ئێستاوە نییە، پەیوەندی بەوەی پێشەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هیچ ئیشكالێك دروست نابێت، ئێمە نە مقاول دەترسێنین و نە هیچ كەسێك دەترسێنین بەپێچەوانەوە ئەو پێشنیارە باشە هەبێت، بەلاٛم من پێم وایە جێگەیەكەی لەو شوێنە بێتەوە، وەكو جەنابی نووسیوویەتی (جمیع العقود الخاصة بمشاركة الانتاج التي أبرمتها حكومة الاقلیم قبل نفاذ

هـذا القـانون تخضـع للمراجعـة مـن قبـل المجلـس الاقليمـي ومصـادقة البرلـان لتنسـجم مـع أحكـام)، يـەعنی موصـادەقەکە لـەوێ بنووسـرێت (للمراجعـة مـن قبـل المجلـس الاقليمـي ومصـادقة البرلـان)، ئـەو قـەراراتی قەتعیشی لە ئەخیردا پێویست نییـە، پێویـست ناکـات قـەراراتی قـەتعی بنووسـرێت، ئـەوەی دووەمـیش کـە وشەی باتڵە گوایە لەوانەیە قورس بێت، دەتوانین بڵێین بۆ غەیری (سارية) هەرچەندە هەردووکی دروستە، دەتوانین بڵێین (غير سارية)، بەڵام باتڵەش دروستە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە باس لە رابـردوو دەکـات، لـەلای هـەموومان ئاشـکرایە کـە هـەم حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئیدارەی سلێمانی، هەم ئیدارەی هەولێر کۆمەڵێك عەقدو ئیجازەو رێپێـدانی داوە، هـەمووشمان تەئکیـدمان کردەوە کە نەوت دەربهێنرێت، پێشتریش یەکێك بووە لە داوایەکانی خەڵك، جا بە هەر شێوەیەك بێت، یان کراوە، مـن پـێم وایـە زیـاتر ئـەو ئـاڵۆز کردنـە بـەپێی ئـەوە کۆمـەڵێك کێشـەی تـری لـێ دەکەوێتـەوە، ئـەو کۆمپانیایانەی کە هاتوون عەقدیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کـردووە هـەر بـەپێی ئـەو یاسـایە، ئێمە رێمان پێداون کە هەر رێگەیەك بێت، یان ئیلغا کردنەوە، یان باتـڵ کردنـی دەبێتـە مایـەی بچێتەوەو داوای شکایەت بکەن، بچێتەوە ناوەندێکی نێودەوڵەتییەوە، ئەوە زیاتر ئـاڵۆزتر دەکـات، یاسـاش بـۆ تەسـهیل کردنـی کـارە، ئـەو حکومەتانـەی هەشـبوون لەلایـەن خەڵکەوە پشـتیوانی لێکـراون، نوێنەرایـەتی خـەڵکیان کردووە، چ لـە ئیـدارەی سـلێمانی، چ لـە ئیـدارەی هـەولێر، مـن پـێم وایـە بـەو ماددەیـە عەرقەلەیـەك، یـان رێگەیــەك نەیخەینــە بــەردەمی ئــەو کۆمپانیایانــەی کــە لێــرەن، یــان بــۆ داهــاتوو ببێتــە مەترســی بــۆ کۆمپانیایەکانی تر، زیاتر ئەوانەی هەڵوەشاندنەوە کارێکی ئاسان نییە، باتڵ کردن یـەعنی هەڵوەشـاندنەوە، ئیلغا کردنی هەموو ئەو عەقدانەیە، دەکرێت ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەو مەجلیسەی کە دیراسەی بکات، کـە بەپێیەوە هاتووە، من پێم وایە ئاڵۆزتر دەبێت و مەشاکیلی زیاتری لێ دەکەوێتـەوە، کـە تەئسـیراتی دەبێـت بۆ کۆمەڵێ شتی تر لەنێوان ئەو دوو ئیدارەیە کە رێککەوتن کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە پەسندی نازانم (بعد مصادقه البرلـان) دابنێینـە سـەری، چونکە ئـەو جـۆرە شـەریکات و ئـەو جـۆرە عقودانـەی کـە کـراوە لـە هـەردوولا مـاوەی چـەند سـاڵی پێچـووە وا ئـیش دەکـەن، ئایـا ئەگـەر پەرلـەمان

موصادەقەی نەکرد؟ ئایا وەزع چی لێ دێت؟ فەیرانێك دروست ناکەین، مەشاکیلێکی گەورە بۆ هەرێمی کوردستانی خۆمان پەیدا ناکەین بۆ ئەو مەوزوعەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەم بۆ بەڕێز قانونیەکانە، ئایا ئەم قانونەی ئێمە دەردەکەین لەو رۆژەوە تەتبیق دەبێت کە نەشر دەکرێتن؟ ئەوانەی تر ئایا حەقی موکتەسەبە، کە هەیانە، دەتوانین بچینەوە ئەوەلیاتی هەڵبوەشێنینەوە؟ تکا دەکەم ئەم پرسیارە لیژنەی یاسایی وەڵامم بدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ تەعریفی عەقدی موشارەکەی ئینتاج لە فەقەرە (28) لە ماددەی یەکەم لە مەشروعەکە تەعریفی کردووە بەو شێوەیە (عقد مشارکة الأنتاج: نموذج العقد النفطي الذي قد يعرض ويعدل من وقت لآخر من قبل الوزارة، ويتضمن بالأضافة الى أمور أخرى، على مخاطر أقتصادية وفنية يتعهد بها المقاول مقابل حصة من الأنتاج، والتي قد تعتمد كأساس للمفاوضات في العقد النفطي بين الوزارة والأشخاص الذين أبدوا الرغبة في تنفيذ العمليات النفطية)، سەبارەت پرسیارەکەی بەڕێز دکتۆر کەمال، جائیزە ئەگەر ئێمە ئەسەرێکی رەجعی بدەینێ، قانونە ئیلغای دەکەین، تەعدیلی دەکەین، ئەوە پێمان دەکرێت بە قەراری پەرلەمان، ئەوە یەك.

من پێم باشە عەمەلیاتی نەفتی ئیزافە بکرێتە سەر ماددەکەی لە جیاتی عەقدی موشارەکە، عەمەلیاتی نەفتی لە بڕگەی حەڤدە تەعریف کراوەو واسیع ترە لە عەقدی موشارەکە (العمليات النفطية: تشمل التنقيب، الأستكشاف لغرض التطوير، الأنتاج، التسويق، التخزين، النقل، التصفية، بيع أو تصدير النفط أو بناء، نصب أو تشييد أية هياكل منشآت أو مكائن للأغراض المذكورة وإنهاء الإجازة أو إزالة أية من هذه الهياكل أو المنشآت أو المباني)، بێجگە لەوەش پێشنیار دەکەم (بعد مصادقه البرلمان) لە ئەخیری بڕگەی یەکەم ئیزافە بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوە بە حاسمی موناقەشە بکەین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموومان دەزانین عقود پێشی ئەو قانونە کراوە، چ لێرە، چ لە سلێمانی، چ لە شوێنێکی تر، ئەوە هەموومان مەعلوماتمان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە، جەنابی وەزیریش تەوزیحێکی باشیدا لەسەر ئەو

مەسـەلەیە، دەبێـت وەزعـی ئـەو قانونـە دیـاری بکرێـت، ئـەو عقودانـە وەزعـی قانونیـان چیە، فەتراتـەکان هەندێکی دەکەوێتە پێش ئەو قانونی عقودە، هەندێکیشی دەکەوێتە پاشی ئـەو قانونـە، بـە قەناعـەتی مـن بیدایەتی ئەو سێ ساڵە تێنەپەڕیە، کەواتە مەسەلە هەر ئەسەری رەجعی نییە، مەسەلە تەحدیـدی وەزعـی قانونی ئەو عقودانەیـە، ئێمـە لـەو پەرلەمانـە دەزگایـەکمان دروسـت کـرد بـەناوی مەجلیسـی ئیقلیم، ئـەو مەجلیسی ئیقلیمە کردمانە فلتەرێك بـۆ ئـەو مەسـەلانە، لـە ماددەکـە زۆر بـە روون و ئاشـکرایی ئیشارەتی پێدایە دەبێت موافەقەتی ئەو مەجلیسەی لەسەر بێت بەنیسـبەت موراجەعـەتی ئـەو عقـودەی کـە کـراوە، تـەنفیزی ئیشـەکان بەردەوامـە، چ پـێش قانونەکـە، چ پـاش قانونەکـە، مـەفروز وایـە ئێمـە سـیقەمان بـەو دەزگایە بێت کەخۆمان دروستمان کردووە بۆ ئەو فلتەرە، بەڵام بەنیسبەت عقودی موسـتەقبەلی ئیعتیـادی موصادەقەی پەرلەمانی پێویستە، ئێمە ئەگەر ئەوەی بکـەین، رەنگـە متمانـەی خۆشمـان لـە دەسـت بـدەین، متمانەی حکومەتەکەشمان لە دەست دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش هەمان قسەم دەکرد، ئەگەر ئیجازە هەبێتن کاك دکتۆر نوری زۆر قسەمان لەسـەر کـرد، ئیزافەتەن لەسەر ئەو قسانە، ئێمە چەندین ئیتیفاقیات کراوە، موشـارەکەی ئینتاجـە، عەمـەلیاتی نەفتیـە، هەندێکی کراوە پێشی ئەوەی دەنگی بۆ دەستووری عێراقیش بـدەین، یـەعنی ئـەوە واقیعێکـە، لەبـەر ئـەوە ئێستاکە کە حکومەتمان تەوحید کردووە، دووەمیش/ دەستوور هەیە کە رێگا دەداتن دەسـەڵاتێکی هـەرێمی بۆ موشارەکە لەگەڵ حکومەتی بەغدا بۆ مەسەلەی نـەوت و غـاز، پـرۆژەی نـەوت و غـاز هەیـە لـە بەغـداو، پرۆژەی ئێمەش هەیە کە تەواوکەری یەکترن، لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراقی، ئـەو وەزعـەی پـێش ئـەو قانونە لە هەرێمدا هـەبووە، هەنـدێك عقـود کـراوە لەگـەڵ لایەنـەکانی دیکـە، قانونـەن دەبێـت موعالەجـە بکرێتن، ئەو موعالەجەیەی کـە لەلایـەن وەزیـرەوە تەقـدیم کـرا، دوایـێش ئیزافـاتی لەسـەر کـرا، مـن خـۆم لایەنگیری ئەوەمە کە پەرلەمان موصادەقەی بکات، بەڵام لـە حەقیقەتـدا ئەگـەر لێـرە بنووسـین، پـێم وایـە پەرلـەمان نابێـت قـەبولی بکـات، شـتێکە کـراوە، تـەنفیز کـراوە، ئینجا بێنـەوە ئـەوە گوتمـان نـەخێر حـەڵ دەبێتن، لەبەر ئەوە بە عەکسەوە ئێمە دەبێت داوا بکەین لێرە نەبێتن، وەکو کاك شێروان ئاماژەی پێ کرد، دەبێت ماددەیەك هەبێتن لە ئایندەدا عقودی داهاتوو، کە مەجلیسـی ئیقلیمـی دەیکـات، حکومـەت دەیکـات، ئێمە موصادەقەی لەسەر بکەین، وابزانم شتێکی باشە لە هینەکاندا، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کـەباس لـەو رێککەوتنناماتـە دەکـەین، کـەوا پێشـتر بەسـتراون لەلایـەن دوو حکومەتـەوە، کـە هیچیـان نەهاتوونـە بـەردەم ئـەم پەرلەمانـە، باشـە ئێمـە بـۆ ئـەو ئەگـەرە بخەینـە بەرچـاومان کـە نـاوەڕۆکی ئـەو رێککەوتننامانە بەپێچەوانەی ئەوەن کەوا ئێمە باسیان لێ دەکەین، بۆ نایەنخەینـە بـەردەم پەرلـەمان لێـرە تەماشایان بکەین و شەرعەتیان پێ بدەین، ئێمەش وەکو لەو ماددەیە هاتووە بـارو زروفی ئـەو سـەردەمە بـە

نـەزەری ئیعتیبـار وەردەگـرین، بـۆ ئـەوەی کـەوا لێـرەش موصادەقەی لەسـەر وەربگرێـت و شـەرعیەتی پـێ بـدرێت، مـن بۆیـە داواش دەکـەم و تکـاش دەکـەم، کـەوا ئـەو رێککەوتننامانـە بـێن لێـرە روون بکرێنـەوەو موصادەقە بکرێن شەرعیەتی زیاتریان پێ بدرێت، من وادەزانم ئەوە لە بەرژەوەندی گەلی کوردسـتانە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە بیدایەتەوە دەڵێم ئێمە ئەم موراجەعەیە بۆ ئەوەی یەکەم لە ناحیـەی ئیقتیصادیەوە بـاش بـین لـە ولأتەکەمان، لە ناحیەی شەفافیەتەوە بزانین فەسادی تیا نییە، موشکیلەی تیا نییـە، ئەگـەر عەقـدێك تـازە بکەین بەشێوەی ئەم قانونە کە ئێستا خەریکن بڕیاری لەسەر دەدەن، پەرلەمان دەوری نییە کـە موافەقـەی عەقدی تازە بکات، ئینجا بۆ موافەقە بێت دەوری هەبێت بۆ عەقدی کۆن، ئێمە چیمان دەوێت شەفافیەتمان دەوێت، کە موڕاجەعە بکرێتەوە یەکەم/ لە ناحیەی ئیفتیصادی باشە، دووەم/ ئەم مقاولانە شوێنی خۆیـان هەیە، سێیەم/ شەفافیەتی تیایەو فەسادی تیا نـەبووە، ئـەو لیژنەیـە ئیشـەکەی ئەوەیـەو قابیلـە بـۆ نەشـر، ئەگـەر لەناحیـەی ئیقتیصـادیەوە ئیشـەکە خـراپ بـوو، ئێمـە دێینـەوە سـەر مەعاییرەکـە کـە دامانـناوە، میسالێکتان بدەمێ ئەگەر حیصەی مقاولەکە لە عەقدەکەدا هەیە زۆر زۆرتـرە لەمـە (مـع مراعـاة الظـروف الموضوعیة)، دەتوانێت لیژنەکە بڵێ نەختێك تەعدیلی دەوێت، ئەگەر ئەو ئیقتیراحـەی کـرد دەچینەوە بـۆ لای مقاولەکە، ئەگەر گوتی (مع مراعاة الظروف الموضـوعیة) موناسـیبە، مەعقولـە، ئیشـەکە تـەواو دەبێـت، بەلأم بەشێوەیەکی تر سەیری دەکاتن، باشە ئەم عەقدە باشـە لـە ناحیـەی ئیقتیصادی مەشـاکیلی فەسـادی تیایە، چونکە خەڵکی تر لە دەرەوە جاروبار قسەیان کردووە، لیژنەکە ئیشی ئەوەیە سەیری ئەوەش دەکات، ئەگەر عەقدەکە فەسادی تیا بێت لیژنەکە ناتوانێت هیچ بڕیار بدات، بە تەئکید دێت بۆ پەرلەمان، چونکە قابیلە بۆ نەشر، ئەو وەختە بڕیاری تر دەدەیت، ئینجا ئەو فەقەرەی کە ئێمە دامانناوە باسی هەموو شتێك دەکات بەڕاستی، با تەعقیدی نەکـەین ئـەم قابیـل بـۆ نەشـرە هـەمووی دەگرێتـەوە، ئـەو وەختـە پەرلـەمان دەتوانێـت داوای بکـات، بڵـێ ئەمـە فەسـادی تیایـە بیهێنـە بـۆ لای مـن حـەقی خۆتانـە، بـەلأم ئەگـەر لێـرە بیخەیتە سەر پەرلەمان بەڕاسـتی مقاولـەکان دەترسـێنێ کـەس نایـەت بـۆ عێـراق، ئـەم زەلامانـە شـەریکەی ئەهلین هەوڵدەریان هەیە، ئەگەر شتی وا دانێیت سـەیری دەکـەیت حیصـەکەیان هـین دەبێـت، ئیشـی ئێمـە نییە کە بیانترسێنین، ئێمە دەبێت تەشجیعیان بکەین لە ولأتەکەی ئێمە ئیش بکەن، بەلأم بە عەدالەت، بە شەفافیەت، ئەمە پێویست ناکات، ئێمە قەتعیەمان دەوێت لەبەر ئـەوەی بـەیانی حکومـەتی عێراقـی بەغـدا وەزیر لەوێ نازانم کێ بڕیار نەدات ئەوانـە غـەیر قـانونین، ئێمـە دەیانکـەین بـە قـانونی بـەم شـێوەیە لـەم پەرلەمانە، دوای ئەوەی کەس ناتوانێت پرسیارمان لـێ بکـات لەسـەر ئـەو عەقدانـەی کـە ئێمـە کردوومانـە،

لەبەر ئەوە قەتعیەمان داناوە، هەتا ئەمە نیهایەتی ببێت، بیدایەتی بووە، با نیهایەتیشی هەبێت، لەبەر ئەوە قەتعیەکەمان پێویستە، تکاتان لێ دەکەم لە ناحیەی دەستووریشەوە ماددەی (141) لەوێ زۆر زۆر ئاشکرایە، دەڵێ ئەو عەقدانە کە کراون بە حکومەتی ئیتیحادی پێش دەستوور (نافذة المفعول مالم يتم تعديلها او الغائها حسب قوانين اقليم كوردستان) لەم قانونە کە ئێستا دەیکەین، باشە ئەم قانونە کە لەغوی نەکرد (مالم تكون مخالفا للدستور) تەبعەن کە موراجەعەی دەکەینەوە کە موخالیفە لە دەستوور فەسادی تیایە، یان شتێکی تیایە، دێتەوە بۆلای جەنابتان، بەڕاستی ئەم فەقەرەیە زۆر ئاشکرایە، من حەز دەکەم تەعدیلی ئیزافی لەسەر نەبێت، حەز دەکەم ئەو قابیلە نەشرەشی تیا بێت بۆ شەفافیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی هەردوو بڕگەی یەك و دوو لە ماددەی پەنجاو حەوت، دیارە زۆر قسەی لەسەر کرا، دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم هەندێك گۆڕانکاری لە ماددەکە کراوە، کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان دڵخۆشن بەو گۆڕانکاریانە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، خاوەنی کۆمپانیا چەند رازیە بەو گۆڕانکاریە، چەند ئیلزام دەبێت بەو گۆڕانکاریەی کە کراوە لە لایەن جەنابی وەزیرەوە، ئەوە یەك.

دوو/ فیعلەن ئەو رێککەوتنانەی پێشی ئێستا کراون جێگای چ بووی چ بووی خەڵکە، ئێمە هەم بۆ حکومەت، هەم بۆ حزبەکان، باشتر وایە شتێك دابنێین ئەو چ بووی چ بووی، ئەو قسەو قسەلۆکانە کۆتایی پێ بێنین لە رێگای شەفافیەتەوە، ئەگەر قورسە موصادەقەی پەرلەمانی لەسەر بکرێت حەلێکی تر بدۆزینەوە، من لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر بکرێت لە رووی قانونیەوە، ئەگەر ئیشکالێکی زۆر گەورە دروست ناکات بۆ کۆمپانیاکە، فیعلەن عەقدەکە کراوە، تازە بڵێی و نەڵێی هەر کراوە، بەڵام بۆ ئەو قسەو قسەلۆك و دەنگۆیانەی کە هەنە لە دواوە، ئێمە دەبێت لێرە یەکلایی بکەینەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم، ئەگەر ماددەیەکی قانونی بۆ بدۆزینەوە بێ موصادەقەی لەسەر بکرێت و زەحمەت نەبێت بۆ پەرلەمان، پێم باشە، ئەگەر ئەوە زەحمەتە ئەو ئەنجومەنی دروستمان کردووە، ئەو ئەنجومەنە قەناعەت بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بێنێت بە رێگای شەفافیەتەوە پێی بڵێ ئەوە وەزعەکەیە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من پشتگیری لەو دوو خاڵە دەکەم، کە بەڕێز وەزیر ئیقتیراحی کرد، بەڵام بەڕاستی پێم سەیرە ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەی بکەین کە ئەوانەی کە کراون و هەرچی خەلەلێکیان تیایە، ئێستاش چاکیش بکرێت، هێشتا هەر خەلەلیان تیایە، بۆ بیهێنینە سەر ئەستۆی خۆمان بەرامبەر بە میللەت سبەی

رۆژێ بلێین ئێمە موصادەقە دەکەین لەسەر عەقدێك کە کراوەو زۆریش سەقەت بووە، چۆن یەعنی، من دەمەوێت ئەمەی تێبگەم، ئەمە خاڵی یەکەم. زۆر زۆر زەحمەتە ئەو ئەرکە بێنینە سەر شانی خۆمان لەکاتێکدا دوو حکومەت کردویەتی، ئەوە مەفروزە ئەوان تەحەمولی مەسئوولیەتەکە بکەن، بەلاّم یەك ئیقتیراحی بچووکم هەیە، کاتێك کە تۆ دەڵێی مەجلیسی ئیقلیمی موڕاجەعەی دەکات و قەراری قەتعی لەسەر دەدات، خۆ ئێمە بەدەر نین هەمووومان لەناو ئەو کۆمەڵگایە دەژین و دەزانین تەوافوق چۆن دەبێت و چۆن یەکتری رازی دەکەیت، زۆر زۆر ئیعتیادییە. رازی کردنی یەکتری لەسەر ئەساسی ئەو عەقدانە بێت، بەڕاستی ئەوە مەقبول نییە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێین قەراراتەکەی با قەتعی بێت و قابیل بێت بۆ نەشر، ئەگەر لە دواییدا هەرچیەکی تیا دەرکەوت، ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمان لە جەنابیشت داوا دەکەم، ئێمە حوریەتمان بدەیتێ کە قسە بکەین، ئەو خەڵکانەی کە دەستیان هەبووە لە ئیمزا کردنی ئەو عقودانەو تیایدا بوون بانگ بکرێن بۆ پەرلەمان و موحاسەبە بکرێن، وابزانم هیچ شتێکی تیا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شمسە خان فەرمووو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من دەستخۆشی دەکەم لە خاڵی یەکەم لە جەنابی وەزیر، بەڕاستی زۆر جوان هێناویەتی، ئێمە خۆمان دەزانین خولی دووەمی پەرلەمان کە لە 2005/6/4 ەوە بووە، یەعنی ئەو عقودانەش کە کراوە، هەندێکی دەکەوێتە پێش ئەو بەرەوارە، لەبەر ئەوەی موصادەقەی پەرلەمان بە پێویست نازانم، بۆ مەسەلەی شەفافیەتەکەش بە رەئی من ئەو قابیل بۆ نەشرە کیفایەتە، بەلاّم بۆ خاڵی دووەمی پرسیارێکم هەیە، با(تعتبر باطله) لە قانونیش بێت، بەلاّم ئەو موڕاعاتی زروفی مەوزوعیە دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ ئەو (تعتبر باطله) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ فەرمووو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕاستی شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی خوشکە سۆزان دەکەم، کە دەڵێ ئۆباڵی ئەو عەقدە کۆنانە نەخەینە ئەستۆی خۆمان، نێتە ئێرە ئێمە موصادەقەی لەسەر بکەین، بەلاّم ئەوە بکرێت، ئەوەی جەنابت باست کرد لە مانگی ئەیلول جەنابی وەزیر عەقدەکان دەهێنێت، لێرە بە لای کەمی ئاگادار بین بزانین چیان کردووە، هەر رەئیم ئەوەیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەمەلیاتی نەفتیە لە فەقەرەی یەکەم لە جیاتی (جمیع العقود الخاصة بالعملیات النفطیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو عقودانەی کە کراوە ناوی موشارەکەی ئینتاجە، ئەوەی کۆن لەلات نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم فەقەرەی (28).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی لە تەعریفاتدا تەماشا بکە فەقەرە (28) (عقد مشارکة الأنتاج: نموذج العقد النفطي الذي قد یعرض ویعدل من وقت لآخر من قبل الوزارة، ویتضمن بالأضافة الی أمور أخری، علی مخاطر أقتصادیة وفنیة یتعهد بها المقاول مقابل حصة من الأنتاج، والتي قد تعتمد کأساس للمفاوضات في العقد النفطي بین الوزارة والأشخاص الذین أبدوا الرغبة في تنفیذ العملیات النفطیة)، یەعنی لەوەدا فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە وەڵامی کاك عەونی عەقدی موشارەکە بۆ عەمەلیاتی تەنفیزی نەفتیە بە حەسب تەعریفەکەیدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام، جەنابت وەڵامی کاك عەونی نادەیتەوە، وەڵامی من دەدەیتەوە، دەبێت تەوجیهی منی بکەیت، من وەڵامی کاك عەونی دەدەمەوە، دەبێت بەمن بڵێی ئەو پرسیارەی کە کرا ئەو هایە، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو لیژنەی یاسایی وەڵامم دایەوە، حەقی خۆشمە لێرە وەڵام بدەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت تەوجیهی من بکەیت، ئینجا وەڵام بدەیتەوە، کاك کەمالیش قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی هەموو شتێك لێرە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەبێت روون و ئاشکرا بێت لە پەرلەمان، بەنیسبەت ئەم عەقدانەی کە کراوە هەموومان دەزانین لە زەمانێکدا کراوە کە ئەم پەرلەمانە دەورەی ئێمە تەعامولمان

لەگەڵ هەردوو ئیدارە نەدەکردو زەختمان دەکردە سەریان بۆ ئەوەی ببنەوە یەك، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەیان کردووە، ئەگەر بێتە ئێرانە بۆ تەصدیق، یان موافەقەت دەکەین، یان رەفز دەکەین، ئەگەر موافەقەتمان کرد، موافەقەت لەسەر شتێك دەکەین کە ئێمە دەورمان تیا نەبووە، ئاگامان لێ نەبووەو ئیلتیزاممان بەرامبەری نەبووە، ئەگەر رەفزی بکەین، ئەوە لەوانەیە زەرەرێکی گەورە بە ئیقلیم بگەیەنین، لەبەر هەر زروفێك بێتن، بۆیە لەلای پەرلەمانتارانی بەڕێز هەموو شتێك ئەمڕۆ لەناو کوردستان دەبێت بێت بۆ ئێرە، ئێمە دەتوانین داوا لە مەجلیسی ئیقلیم بکەین رۆژێك بێنە ئێرە بۆمان شەرح بکەن، داوا لە وەزیری نەوت بکەین بێت بۆمان شەرح بکات ئەو مەوزوعە چۆن کراوەو کێ کردوویەتی؟ کێ موقەسیرە؟ ئیحتیمالە شتی باش کرا بێت، من خۆم نازانم، لەوانەیە زۆر شتی خراپیش کرا بێت، ئینسان شەرم لە خۆی بکات کە سەیری بکاتن هەردووکی مومکینە، بۆیە ئێمە داوا لە مەجلیسی ئیقلیم دەکەین بێنە ئێرە، یان وەزیری نەوت بۆمان شەرح بکات، بەلاّم ئێستا بیکەینە ئەرکێك خۆمان مەسئوول بکەین لەوەی کراوە، ئەوە بەڕاستی زوڵم لە خۆمان دەکەین، بۆیە من تەئیدی پێشنیارەکەی خوشکە سۆزان دەکەم کە بە حەقیقەت ئێمە ئیلتیزام ناکەین بەوەی کە ئێمە دورمان نییە لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی حەسمی بکەین زۆرمان موناقەشە کرد، پێشنیاری جەنابی وەزیریش زۆر ئەندام تەئیدیان کرد، دەیخوێنمەوە بۆ دەنگدان، بەلاّم یەك کەلیمە لە ئاخیرەکەی مولاحەزە بکە (أولا: جميع العقود الخاصة بمشاركة الانتاج التي أبرمتها حكومة الاقليم قبل نفاذ هذا القانون تخضع للمراجعة من قبل المجلس الاقليمي لتنسجم مع أحكام هذا القانون مع مراعاة الظروف الموضوعية التي ابرمت فيها تلك العقود وتكون قراراته قطعية وقابلة للنشر.

ثانياً: جميع الاجازات ومذكرات التفاهم المتعلقة بالنفط والغاز التي تم توقيعها من قبل حكومة الاقليم قبل نفاذ هذا القانون تعتبر باطلة ما لم يوافق عليها المجلس الاقليمي) (بعد دیراستها)ی ناوێت، چونکە موافەقەتی چی دەکات دیراسەت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پەنجاو هەشت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حوکمەکانی سەرپێچی کردنی پابەندیەکان

ماددەی پەنجاو هەشتەم: یەکەم: کار پێ سپێردراوی گشتی، یان کوڕەکانی، یان خێزانەکانی و هەر کەسێك لە بەرژەوەندی ئەو کار بکات قەدەغەیە، ئەم شتانەی خوارەوە بە دەست بێنێ:

1- هەر قازانج و تایبەتیەك، چ راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە مۆڵەتەکەدا.

2- هەر بەشێك لە كۆمپانیا (لقەكانی) كە خاوەن مۆڵەت مولكداریەتی ج راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، تەنیا ئەگەر كۆمپانیا بەشەفافیەت بەتایبەتی كرابێ.

دووەم: وەزیر ڕێنماییەكانی تایبەتی دەردەكات، كە هەر فەرمانبەرێكی گشتی لە وەزارەتدا، پێویستە بەیاناتێك پێشكەش بكات مولكەكانی بەدیار بخاتو ئەو بەیاناتانە سەبارەت بەو كەسانەی پلەی فەرمانبەریەتیەكەیان تایبەتە رادەگەێنرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**أحكام مخالفة الالتزامات**

المادة الثامنة والخمسون: أولا: يمنع المكلف بخدمة عامة او أبناءه و أزواجه وكل من يعمل لصالحه من الحصول على:

أ- اية فائدة او مزية، سواء كانت مباشرة او غير مباشرة من الاجازة .

ب- أية حصة في الشركة (او فروعها) التي تمتلك الأجازة سواء بشكل مباشر أو غير مباشر الا إذا كانت الشركة قد تمت خصخصتها بشفافية.

ثانيا: يتولى الوزير إصدار تعليمات خاصة بأن على كل موظف عام في الوزارة تقديم بيانات يكشف فيها ممتلكاته، وتعلن تلك البيانات بالنسبة لذوي الدرجات الوظيفية الخاصة.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو هەشتی پرۆژەكە دەرنەبڕیووە، بەڵام شتێك هەیە لە ئەوەلەن (يمنع المكلف بخدمة عامة او ابناءه) بكرێتە (اولاده) چونكە كوڕو كچ مەقصودە، نەك (ابناءه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر لە جێی خۆیەتی، فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو كوڕەكانی و خێزانەكانی بگۆڕێت بە دەرەجەی قەرابەت چوار، مەسەلەن خوشكە، برایە، كەسی دیكەیە، یەعنی ئەوە بگۆڕێت، چونكە كچەكانیشی تیا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە باشتر هاتووە كوێستان خان (يمنع المكلف بخدمة عامة و أولاده و أزواجه وكل من يعمل لصالحه)، یەعنی دەرەجاتی هیچ، مادام ئیشەكە بكاتن دەرەجەی دووریش بێت هەر شمولی دەكاتن، نابێت قازانجتر ئەوە بەقوەتترە، ماددەكە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی پەنجاو نۆ.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی پەنجاو نۆ: دەرهەق بەكەسی ڕێپێدراو ڕێكارەكانی ئاماژەی بۆ كراوە لەبڕگەی دووەم لەم مادەیەدا وەردەگیرێ ئەگەر:**

**أ- سەرپێچی لە یاساكانی هەرێمی پەیوەست بە نەمانی گەندەڵی.**

**ب كۆسپی خستەبەردەم كارەكانی پشكێنەری گشتی بەشێویەكی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە هەر هۆكارێك بێت.**

**ت- هەڵسان بە یان بەشداری كردن لە پێشكەش كردنی داواكاری، یان هەر راپۆرتێكی فەرمی ، یان بەڵێنی نوسراوو پێشكەش كرد، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، زانیاری درۆ، یان دەسخەڵەتاندن لەخۆی گرتبێ بەشێوەیەكی ئەنقەست بێ، یان بێ ئەنقەست بێ.**

**پ- بەدەستهێنان، یان كڕین و فرۆشتن، یان وەرگرتن، یان مامەڵەی بەزانیاریو بەیانەكان كرد، كە موڵكی هەرێمی و هەر وەكو لە ماددەی سی و دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، كە لە چوارچێوەی مۆڵەت نەبێت، یان بەڕێپێدانی وەزیر نەبێ.**

**دووەم: ئەگەر سەلمێنرا بوو، كە كەسی ڕێپێدراو یەكێك لەو كارانەی كە لە بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ئەنجامی داوە ئەم ڕێكارانەی خوارەوە لە دەرهەقی وەردەگیرێ:-**

**أ- مۆڵەتەكەی چ هەمووی، یان بەشێكی هەڵدەوەشێتەوە.**

**ب- بێ بەری دەبێ لە بەشداری كردن لە كەم كردنەوەو مەزاد كردنی پەیوەست بە پرۆسەكانی نەوت و بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە مۆڵەتەكان و فەراهەم كردنی كاڵاو خزمەت گوزاریەكان.**

**ت- بێ بەری دەكرێ لە كارەكانی بیناكردن لەو حاڵەتانەی كە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتییەوە.**

**پ- بێ بەری دەكرێ لە ئەنجام دانی چالاكیەكانی پەیوەست بە پرۆسەكانی نەوت بۆ ماوەی رادەی لە دوو ساڵ تێپەڕ ناكات.**

**ج- بلاوكردنەوەی درێژەی پەیوەندیدار بەو كارانە.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة والخمسون: تتخذ بحق الشخص المخول الاجراءات المذكورة في الفقرة / ثانيا من هذه المادة إذا:**

**أ- قام بخرق قوانين الأقليم المتعلقة بمكافحة الفساد.**

**ب- أعاق بصورة مباشرة أو غير مباشرة وبأي وسيلة كانت أعمال المفتش العام .**

**ت- قام او ساهم بتقديم طلب او قدم أي تقرير رسمي أو تعهد خطي وبموجب أحكام هذا القانون يحتوي على معلومات كاذبة أو وهمية بصورة عمدية او غير عمدية.**

**ث- حاز أو قام ببيع أو شراء أو نقل أو استلام أو تعامل مع المعلومات والبيانات المملوكة للأقليم وحسبما وردت في المادة الثانية والثلاثين من هذا القانون ما لم يكن ذلك ضمن الاجازة أو باذن من الوزير.**

**ثانيا: إذا ثبت للوزير بأن الشخص المخول قد قام بأي من الأعمال الواردة في الفقرة / أولا من هذه المادة تتخذ بحقه الاجراءات التالية:**

**أ- تلغى إجازته جزئيا أو كليا.**

**ب- يحرم من المشاركة في المناقصات والمزايدات المتعلقة بالعمليات النفطية وخصوصا ما يتعلق بالاجازات وتجهيز السلع وتوفير الخدمات.**

**ت- يحرم من القيام بأعمال البناء في الحالات التي تؤدي الى الاضرار بالمصلحة العامة.**

**ث- يحرم من ممارسة النشاطات المتعلقة بالعمليات النفطية لمدة لا تقل عن سنتين كحد أقصى.**

**جـ- نشر التفاصيل المتعلقة بهذه الاعمال.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەی پەنجاو نۆی پرۆژەکە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش باش هاتووە، یەك نوقصانی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە دووەم کە دەڵێت (إذا ثبت للوزير) ئەو شتانەی کردووە، ئەو ئیجرائاتانە هەموو عیلاقەی بە وەزارەتەوە هەیە، ئیجرائاتی قانونی جەزائی، لەبەر ئەوە ئیجرائات ئیزافەتەن ئەگەر ئیجرائاتی جەزائی ئیزافە بکرێتن، کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو سەر پێچیانەی لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە هەمووی سەرپێچی قورسە بەڕاستی، بۆیە لە بڕگەی دووەم (أ) من وای بە باش دەزانم مۆڵەتەکەی هەمووی هەڵوەشێتەوەن چونکە کە دەڵێی بەشێکی هەڵوەشێتەوە، ئەمە مرونە دەدات، یەعنی مەجالی دەدات تۆ بەشێکی کەم هەڵبوەشێنیتەوە، ئەگەر سەیری سەرپێچیەکان بکەیت، ئەو سەرپێچیانە هەمووی سەرپێچی گەورەن، هی ئەوەیە هەموو مۆڵەتەکە هەڵوەشێتەوە، نەك بەشێکی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من وەڵامت بدەمەوە، لە ناحیەی لوغەویەکە، خۆی شەرت نییە هەموو ئەو ئیشانەی کرد بێت، ئەگەر هەندێکی مەسەلەن بە سوئی نیەت نەی کرد بێت، بەبێ ئاگاداری نەیکرد بێت، موتەعەمید نەبێتن، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی موتەعەمید بێت، ئەگەر موتەعەمید بێت هەمووی ئیلغا دەکەیت، ئەگەر موتەعەمید نەبێت رەنگە تەقدیرەکە بەشێکی هینی بکەیت، بەڵێ کوێستان خان.**

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بێ ئەنقەستە بەس لە خاڵی (ت) هاتووە، بەلاّم خاڵەكانی دیكە (أ و ب و ت و پ) هەمووی سەرپێچی گەورەیە، تۆ ناكرێت بەس بۆ (ب) بەشێك دابنێیت، یەعنی ئەوە ڕێ دەدات، ئەگەر سەرپێچی لە (أ)دا كرد كە گەندەڵی دروست كردنە، جاری وا هەیە تۆ بەشێك هەڵدەوەشێنیتەوە، نەك هەمووی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمو‌و.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جارێ لە سەرەتا حەقە بنووسرێت ئەوەلەن (تتخذ بحق الشخص المخول)، جا لێرە دەڵێت (تتخذ بحق الشخص المخول)، شەخصی مخەوەل مقاولە، شەریكەیە، هەر كەسێكە ئەو كرێكاری هەیە موهەندیسی هەیە، دەڵێ ئەو ئیجرائاتە بە حەقی شەخصی مخەوەل وەردەگرێت، بۆ نموونە موهندسێكی ئەو شەریكەیە بەرامبەر مە مودیر عام كۆسپ دروست دەكات، موشكیلە دروست دەكات، ئەگەر بەم پێیە بێت ئیجرائات بەرامبەر ئەو ناكرێت، باشتر وایە بنووسرێت (تتخذ بحق الشخص المخول او من یعمل لدیە) ئەو ئیجرائاتانەی خوارەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرمو‌و.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەوەلەن (ث) لە ئاخیری فەقەرەكە (او بأذن من الوزیر) خۆی فەقەرەكە سەرپێچیە، یەعنی وەزیر قەبول دەكات سەرپێچی هەبێت و ئیزنی لێ وەربگیرێتن پێم وایە ئەوە حەزف بكرێت باشترە، هەموو فەقەرەكە سەرپێچیە، چۆن بە (بأذن من الوزیر).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە دەڵێت (ما لم یكن ضمن الاجازة او بأذن من الوزیر)، وەزیر كە ئیزنی دەداتێ ئەویش ڕێنمایی خۆی هەیە، ئەویش ئوصولی خۆی هەیە تەبیعییە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(ضمن الاجازة) كافیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیزنەكەش شروتمان بۆ داناوە، ئیزنەكەش كۆمەڵێك ڕێنمایی هەیە چۆن ئیزنی دەداتێ، پەخشان خان فەرمو‌و.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەکەم (أ- قام بخرق قوانين الأقليم المتعلقة بمكافحة الفساد)، من پرسیارێکم هەیە، نازانم ئێمە قەوانینمان هەیە بۆ موکافەحەی فەساد، ئەگەر مەبەست قانونی عقوباتی عێراقی بێت، ئەوە قەوانینی ئیقلیمی نییە، قانونی عێراقیە، یەعنی حەز دەکەم وەڵامم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو قەوانینی عێراقی لێرە نافیزە، کە لێرە نەبێت لەوێ دەبێتە قەوانینی ئیقلیمی، ئەوە یەك، دووەم/ هەموو تەعلیماتێك کە لە ڕەقابەی مالی ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەوە خەرقە، ئەوە فەسادە، دەبێت موحارەبە بکرێتن، ئەوە زۆر وازیحە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم (ث- يحرم من ممارسة النشاطات المتعلقة بالعمليات النفطية)، ئەو مودەتە زۆر کەمە بە تەقدیری من ئەگەر بکرێت (لمدة لا تقل عن عشر سنوات)، چونکە دوو ساڵ بۆ عەمەلیاتی نەوت و شتی وا زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە لەسەر ئەو نوقتەیە (ث) کە دەڵێت (لمدة لا تتجاوز عن سنتين)، ئەو (لاتتجاوز) لە ڕۆژێك هەتا دوو ساڵ دەگرێتەوە، با بکرێت (لمدة لا تقل عن سنتين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەی جەنابت مولاحەزەی کاك جەمالیش دەگرێتەوە (لمدة لا تقل عن سنتين)، یەعنی بۆی هەیە بەگوێرەی موخالەفەکەی، دکتۆر ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە ڕەئیەکەی دکتۆرە هالەو کاك ڕەشاد دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە کوێستان خان گوتی تەنیا هینەکە ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە، کەدەڵێتن کولی و جوزئی، (تلغى إجازته جزئيا أو كليا)، دەڵێت هەردوو حاڵەتەکە پێویستە، چونکە دەبێت تەقدیری بکەین، ئەوەی من گوتم، یەعنی دەبێت تەقدیری بکەین، هەندێکی هەیە کولییە، هەندێکی هەیە موخالەفەکەی

خەفیفە تەقدیرەکە بۆ ئێمە دەمێنێت ئەوەی کە کاك رەشاد گوتی، پێشتریش کاك جەمال گوتی دوو ساڵەکە جەنابی وەزیر ئیشارەتیدا موافەقەی کرد لە جیاتی (لاتتجاوز) بکرێتە (لاتقل) کەمتری دوو ساڵ بێت، ئەوەی بگۆڕن (لاتقل عن سنتین)، (ثانیاً) ئەوە کاك فرسەت پێمی گوت زەرورییە (ثانیا: إذا ثبت للوزیر بأن الشخص المخول قد قام بأي من الأعمال الواردة في الفقرة / أولا من هذه المادة تتخذ بحقه الاجراءات التالیة بالاضافة الی الاجراءات الجزائیة)، ئەوەش بنووسرێت، دەمێنێتەوە ئەو نوقتەیەی کە بەڵێ مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەحقیقاتی ئیداری عقوباتی جەزائی تەبیعییە، چونکە مەبادیئ عامە، لیژنەیەکی ئیداری کە تەحقیق لە شتێك دەکات، کە دیتی ئەوەی تەشکیلی جەریمە دەکات ئیحالەی دەکات بۆ مەحکەمەی تەحقیق، کەواتە ئەوە پێویست ناکات جەزائی هەر لێرە دابنێین، چونکە ئەوە جەزائی شتێکی ئیعتیادییە، ئەوە تەحصیل حاصلە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت پێشنیاری خۆیەتی و شەرحی دەکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە، بەس ئیحتیمال هەیە کە نەصێك تێدا بێت وازیح بێت و ئیلزامی وەزیری پێ بکرێت باشترە کو ئەو نەصە نەبێتنن وجودی ئەو نەصە زەرەری تێدا نییە، فازانجی تێدایە، لەبەر ئەوە من دەڵێم با تێدا بێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی ئەخیر کە دکتۆرە هالە ئیشارەتی پێ کرد، دوایێ دکتۆر رەمەزان پشتگیری لێ کرد، ئەویش ئەوەیە دەڵێ (او بأذن من الوزیر) لابدرێت لە یەکەم، هەر بە تەنیا (ما لم یکن ذلك ضمن الاجازة) بێت، من خۆم باسم کرد گوتم لە ماددەی پێشتردا هاتووە، ماددەی (32) تەعاروز دەکاتن، لەوێ دەسەڵاتمان داوەتێ، لێرە ناکرێتن، لە ماددەیەکدا باسمان کردووە ئیزنی وەزیر بۆی هەیە تەعدیل بکاتن، لەبەر ئەوە لێرەش دەبێت هەبێتن، پێش ئەوەی من باسم کرد، بەس هەر دەبێت بیخەمە هینەوە، فەرموو کاك فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یەکەمدا (أ، ب، ت) لە ئاخیری بڕگەی (ت- معلومات کاذبة او وهمیة)، من پێم وایە مەعلوماتی کازیبە بکەینە (غیر صحیحة) چونکە (کاذبة) شێوازەکەی ناشرینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە قانوندا هەیە (معلومات كاذبة)، ماددەکە بەو گۆڕانکاریانەی ئاماژەم پێ کرد دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کاک کەمال نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وا لە کۆتایی قانونی نەوتین، نەوتیش موڵکی گەلە، موڵکی شەعبە هی هەموو تاکێکە، بۆیە من لە ماددەی (16) کە ئیلغامان کردەوە دابەش کردنی نەوت بۆ ئەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لێرە ماددەیەك ئیزافە بکەین صیاغەیەکی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە، کە لە کوردستان ئێمە لە هەموو کەس زیاتر زەرەرمان کردووە، زیانمان لێ کەوتووە، وەکو نەتەوەو ئەوانی لەگەڵمانیشدا دەژین، بۆیە لێرە بەشی تاك، بەشی خەسارەتی ئەم هەرێمە، بەشی نەتەوەکانی تر، ئەنجومەنەکانی لەگەڵمان دەژین و هەروەها بۆ بیئە ئەمانە داوا بکەین وەکو پەرلەمانی کوردستان دیار بێت و زیان لێکەوتوانی خەڵکی کوردستانیش دیار بێت، کە پەرلەمانی کوردستان گرنگیان پێ دەدات و داوا لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم پشتگیری ئەو پێشنیارە بکەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن، ئێمە کە تەعدیلی ئەو ماددەیەمان کرد گوتمان بە قانون دەردەچێتن، قانونەکە دەبێت پرۆژەیەك بێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە، ئەو پرۆژەیە بەدیراسەتێکی دەقیق دێتن، ئێمە پشتگیری لە ئیقتیراحەکەی دکتۆر کەمال دەکەین، بەلاَم دەبێت بە پرۆژەیەك بێت، بۆیە ئیلغامان کرد، نەوەکو ئەو وەختی ماددەکەمان موناقەشە دەکرد، بە تەئکید ئەو مەبادیئانە ئەو دەڵێتن هەمووی تێدا دەبێتن تورکمان فەرقیان نییە لەگەڵ کوردن کلدان و ئاشوور فەرقیان نییە لەگەڵ کورد، هەر هەموومان خەڵکی کوردستانین، مەنفەعەتیش بۆ هەمووان دەبێتنن بەلاَم کە چووینە ناو قانونەکە، ئەگەر تایبەتمەندیماندا بە هەندێ شوێنەکان، بە تەئکید نەتەوەکانی تریش باس دەکەین، ئەو پێشنیارە بۆ هینە هەتا وەزیر بۆ ئەو قانونە دادەنێت، هەتا ئەو پرۆژەیە دێتە هین، ئەو ماددەیە وەکو مەبدەئێك بۆ ئەوەی کە لە بیر نەکراوە، لە جیاتی ئەو ماددەیەی کە ئیلغامان کرد، ئەو ماددەیە ئیزافە دەکەین بە ئیتیفاق (تشكل لجنة برلمانية لدراسة كيفية استخدام الارصدة الفائضة من العائدات النفطية وبشكل امثل وكذلك كيفية)، ئەوە نابێت، دەبێت (تشكل لجنة في الوزارة)، تەبیعی لیژنەی قانونی نازانم چۆن دەبێتن، با صیغەیەك بدۆزینەوە، فیکرەکە زۆر باشە، بەلاَم بەدوای صیغەیەك بگەڕێین، جارێ با بیخوێنینەوە (وكذلك كيفية تمويل المشاريع الاستراتيجية في الاقليم ودعم البيئة وعوائل الشهداء ومواطني الاقليم بصورة خاصة الاقليات القومية)، مام خورشید نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز خورشید سلیم شێره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەرنامەی خۆمان ماوە، با ئەوانە تەواو بکەین، پاشان باسی ئەوانە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جێگای ئێرەیە، بەڵام کاك رۆمیۆ نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە وەکو تورکمان و کلدان و ئاشووریەکان ئێمەش داوای پێشنیارێکمان کردووە بۆ ئەو ماددەیە، ئێمە لە جێی خۆیەتی، بەڵام ماددەیەکی ئیزافی بێت، بەڵام ئەم (تشكل لجنة برلمانية) بە رەئی من پێویست ناکات، لە خوارەوەش کە هاتووە (بصورة خاصة) بابڵێت (القوميات والاقليات الدينية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو مولاحەزەکەت بەجێیە، لەگەڵ کاك فرسەتیش لێرە باشتر وایە بڵێین (استخدام الارصدة الفائضة من العائدات النفطية وبشكل الامثل وكذلك كيفية تمويل المشاريع الاستراتيجية في الاقليم ودعم البيئة وعوائل الشهداء ومواطني الاقليم بما فيه القوميات والاقليات الدينية)، جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە ئیشی ئێمە نییە، بەڵام ئێمە پێشنیاریمان کرد بوو لە ماددەی شازدە لە بیدایەتەوە، سەبەبی هەبوو، یەکەم دەستوور دەڵێ (التوزيع العادل بين المواطنين) عائیداتی نەفت، ئەوە شوێنمان بۆ دانەناوە، دەچێت بۆ حکومەت، حکومەت ئیشی پێ دەکات، ئەمە مەجالێکت دەداتێ بۆ ئەوە، ئەوە یەکەم.

دووەم/ من لە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتم عەوائیلی شوهەدا هەموو جار موشکیلەمان هەیە تەمویلی دەکەین، ئەمەلێکیان پێ دەدەیت لێرە، بیئە زەرورییە، ئەقەلیاتی دینی و قەومی، ئێمە دامانـا دوای موراجەعەی موناقەشە زۆر لە عالەمە لە وڵاتانی دەرەوە بەڕاستی، چونکە ئێمە خۆمان ئەقلیە بووین لە پێشەوە، ئێمە دەزانین چۆنە کە ئەقلیە بین، چۆنە یەعنی کە خەڵك موراجەعەی یارمەتی تۆ نادات، دەمانەوێت بە عالەم بڵێین ئەقلیاتیش لە وڵاتی خۆمان بڵێین ئێمە وەکو ئەوان ئیش ناکەین، ئێمە ئیحتیرامی ئەقلیات دەکەین، بە پێچەوانەشەوە موساعەدەی ئیزافەشیان دەکەین، جا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە بێت، ئەمە واجیبەیە بۆ دەرەوە باشە بۆ ئێمە، بۆ مواتینی خۆمان باشە، چونکە هەموو کەس دەزانێ ئێمە بە عەدالەت ئیش دەکەین، ئیقتیراحی ئێمەیە کەیفی خۆتانە، من حەز دەکەم ئەگەر بە مودەیەکی تر بدەن بە ئێمە، چونکە ئێمە داوای دەکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەك بخوێننەوە بزانن، ئەگەر بە دڵتان نەبوو، ئەو وەختی هین دەکەین، ئەگەر ئیجازە هەبێتن، صیغەکە ئەوەیە ئەگەر ئێمە بچینە ناو تەفاسیل وردەکاری و ئارائی جیاوازمان دەبێت، تێگەیشتنی

جیاوازیشمان هەیە، هێشتا ئێمە نەچووینە ناو تەفاسیل، دەستووری عێراقی رەنگە پەنجا ماددەی تیایە (وینظم ذلك بقانون) حەسمی نەکردووە، پرۆژەی دەستووری خۆشمان، کە هێشتا نەبۆتە دەستوور لەویشدا، دیسان شەست زیاتر هەیە دەڵێت (وینظم ذلك بقانون)، پێم وایە بەو صیغەیەی کە ئێمە هێنمان کردووە، (استخدام نسبة من العائدات النفطية لحفظ حقوق الاجيال القادمة وتمويل المشاريع الاستراتيجية في الاقليم ودعم البيئة وعوائل الشهداء والاحتياجات الضرورية لمواطني كوردستان بما يحقق العدالة بين مكوناته القومية والدينية وينظم ذلك بقانون)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کە گوتمان (وینظم ذلك بقانون) یەعنی حکومەت پرۆژەکە حازر دەکات دێتە ئێرە، ئێمە دەکەینە قانون، صیاغەکە ئەگەر کەلیمەیەك ناحیەی هین و ئەوانە تەواو بوو، برۆ بۆ ئەحکامی خیتامی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم نیسبانە کە دەردەچێت لە عائیداتی نەوت لە کۆی گشتی داهاتی نەوت دەرناچێت، لە 17٪ەکەی ئێمە دەردەچێت، بەگوێرەی ئەو موخەتەتەی کە جەنابی وەزیر مولحەقی قانونی نەوتە، لە 17٪ەکەی خۆمان دەردەچێت ئەم نیسبانە کە دایدەنێین، لە عێراقدا لە سندوقی موستەقبەل دانراوە لە کۆی داهاتی عێراق دەرچووە، لە کۆی داهاتی نەوت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو موناقەشە ناکرێت، نەصێك هەیە لەبیرت چووە کاك بارزان دوو نوقتەت پێ بڵێم، ئەوەلەن/ دەنگمان بۆدا تەواو بوو، دووەم/ ئەگەر حەقی ئێمە لە بەغداوە هەبێتن بۆ خەڵکی عێراق، بۆ ئێمەش دەبێت، ئەوە تەحصیل حاصلە براوەتەوە، لەوێ ئەگەر لە 83٪یەکە نەبرێتەوە، لە 17٪ی ئێمەش نابرێتەوە، ئەوەی کە دەنگمان بۆدا دەبێتە ماددەیەك لە ئەحکامی خیتامی، برۆ بۆ ماددەی خیتامی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حوکمەکانی گواستراوەو دوایی**

ماددەی شەست:

یەکەم: وەزیر راوێژی حکومەتی فیدراڵی دەکات بۆ چاوخشاندنەوە بە هەموو رێککەوتننامەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت کەلەهەرێمدا هەن، کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە بەر لە مێژووی بەرکار بوونی ئەم یاسایە ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتننامەیە لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێت.

دووەم: ئەو رێککەوتننامانەی لە برگەی یەکەم لەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە بە پوچەڵ دادەنرێت، ئەگەر بۆ حکومەتی هەرێم ملکەچ نەبێ و نەکەوێتە ژێر بەرێوەبردنی تایبەتی خۆی ، ئەگەر حکومەتی

هەرێم بە پێویستی زانی پشتگیری دارایی و هونەری، بۆ ئەو رێککەوتننامانەی ئاماژەیان بۆ کراوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە بێت پێویستە پەسند بکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الستون:

اولاً: يتولى الوزير الاستشارة لاعادة النظر في جميع الاتفاقيات الخاصة بالعمليات النفطية المتواجدة في الاقليم التي ابرمت من قبل الحكومة الاتحادية قبل تاريخ نفاذ هذا القانون لجعل تلك الاتفاقيات منسجمة مع احكامه.

ثانياً، تعتبر الاتفاقية المذكورة في الفقرة اولاً من هذه المادة باطلة مالم تخضع لحكومة الاقليم وتكون تحت ادارتها الخاصة واذا اعتبرت حكومة اقليم ضرورة استمرارية الدعم المالي والفني لتلك الاتفاقيات من قبل الحكومة الاتحادية فيجب ان تقترن الاتفاقية المذكورة بمصادقة حكومة الاقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە دەرنەخستووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر یەك مولاحەزە لێرە پێویستی بە پەرلەمان هەیە، مادام حکومەتی بەغدایە، ئیتیحادیە، لەجیاتی موصادەقەی حکومەتی ئیقلیم، موصادەقەی پەرلەمان لە دووەم، لێرە پەرلەمانی پێویستە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یەکەمدا/ وەزیر راوێژی حکومەتی فیدراڵی دەکات بۆ چاو خشاندنەوە بەهەموو رێککەوتننامەکان، من پێشنیار دەکەم لە جیاتی وەزیر حکومەتی هەرێم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە ماددەی شەست لە بڕگەی یەکەمدا لە کۆتایی ماددەکەدا ئەوەش ئیزافە بکرێتن هەروەها (داوا کردن لە حکومەتی ناوەندی بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە زیانیان پێ کەوتووە لە پرۆسەی دەرهێنان و بەرمهێنانی نەوت لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ئەوە بڵێم لە بڕگەی یەكەمدا ئەو عیبارەیە لە عەرەبیەكە زۆر ڕەكیكە (العملیات النفطیة المتواجدة في الاقلیم)، یەعنی هەموو ئەوانەی كە لە ئیقلیمدا دەكرێت، بەلاَم لە دوای ئەوەی كە دەڵێت (التي ابرمت من قبل الحكومة الاتحادیة)، یەعنی وەكو وایە بگوترێت ئەوانەی كە لەلایەن حكومەتی ئیتیحادیەوە بەستراوە ئەو عەقدانە، لەبەر ئەوە (التي ابرمت) لەو شوێنە ئەوە جێگەی نییەو، یەعنی عیبارەتەكە زۆر ڕەكیكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پرسیارێكم لە قانونیەكان هەیە، ئێمە دەتوانین بە ئیتیفاقیاتی ئیتیحادی بڵێین باتڵە، ئەگەر شەتبی بكەین باشتر نییە هەمووی، جەنابی وەزیر تۆ ڕەئیت چیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن پێویست ناكات لێرە، چونكە تەعدیلمان كرد لە شوێنی تر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(ثانیا)نیش دەسەلاَتمان وەڵلاَ شەتبی بكەین، ئێمە حكومەتی ئیتیحادی قەرارێك بدات لێرە ناتوانین بڵێین باتڵە، كەواتە موقتەرەحی تازە كە دەڵێی ئەو ماددەیە هەمووی شەتب بكرێت، جەنابی وەزیریش موافیقە، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو ماددەیە شەتب بكرێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینە ئەو ماددەیە شەتب كرا، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بیرمان نەچێتەوە كاتێك باسی هەندێ شتمان كرد گوتمان لە ئەحكامی خیتامی بۆی ئیزافە دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكێكمان ئیزافە كرد، یەك ماددە ماوە ئەویش دەڵێ وەزیر پێویستە تەعلیماتی زەروری دەربكات بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو ماددەیە، فەرموو پێمان بڵێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتێك كەباسی قەرەبووی هاووڵاتیان و قەرەبووی ناوچەكانی كە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، ئەو ڕۆژەی كە باسمان كرد زۆر موناقەشەی لەسەر بوو بە ئیتیفاق، یان بەم لیژنەی تەعویزاتە نەگەیشتینە قەرار، ماددەكە وەكو نەوعێك لە مەتاتیەتی تیایە، ئەگەر لێرە لە ئەحكامی خیتامی، چونكە ئەو ناوچەی كە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، لەو زەرەرمەندیەی كە ئێستا كاك غەفور باسی كرد، دەبێت پشكێكی تەواوی بۆ

هـین بکرێـت، ئـەوەش لـە دنیـادا هەیـە، بەلەدیـەك شـوێنێك لـە شـوێنێکی تـر دەوڵەمەنـدتری دەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەکمان بۆ حازر بکەو بۆمان بێنە، ماددەی شەست و یەك لە پرۆژەکە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و یەك: هەر رێككەوتننامەیەکی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت کە دوای مێژووی بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆر دەکرێ بەپوچەڵ دادەنرێت، ئەگەر رەزامەندی وەزارەتی لەگەڵدا نەبێ و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والستون: اية اتفاقية خاصة بالعمليات النفطية والتي تبرم بعد تاريخ نفـاذ هـذا القـانون تعتـبر باطلة مالم تقترن بموافقة الوزارة و وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو ئـەوانی تـر دەبێتـە مەجلیسی ئیقلیمی، جەنابی وەزیـر دەڵـێ ئـەو مـاددەی زیـادە، جـەنابی وەزیریش موافیقە کە ئەو ماددەیە زیادە، ئەو ماددەیە ئیلغا دەکرێت، دەیخەمە دەنگدانـەوە، کێ لەگەڵدایـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە، زۆر سـوپاس، بـەکۆی دەنـگ ئـەو ماددەیە ئیلغا کرا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێشنیاز دەکەین ئەو ماددەیەی بۆ تەعلیمات ئێستا بێینە پێش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من صیغەیەکم حازر کردووە، من یەکەم جار صیغەکەی خـۆم دەخوێنمـەوە برێـك شـاملترە (تاخـذ حکومـة الاقليم بنظر الاعتبـار تنميـة المنـاطق الـتي تجـري فيهـا العمليـات النفطيـة ودعـم مجالسها المحليـة والبلديـة وتعويض أصحاب الاراضي وفق القوانين وبما يحقق العدالة)، باشە، نـاتوانین لێـرە مـەحلی خۆمـان رەبـتی (في القوانين الدولی) بکەین، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئاگادارم خەڵكی وا هەیە بە سەدەها دۆنمیان لەبەر عەمەلیاتی نەفتی لێ داگیر كردووە (150) هەزار دۆلاریان داوەتێ، ئەوەی كە ئەو دەریدەهێنێ لەو ئەرزە، ئەو كابرایە راستە بەو (150) هەزار دۆلارە خانوویەكی بچووكی پێ بكڕێت، یان شتێكی پێ بكات، بەس بەڕاستی ئەوە عەداڵەت نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە صیاغەكە بەو شێوەیە بێتن بۆ ماددەكان (وەزارەت داوا لە حكومەتی فیدراڵی بكات قەرەبووی ئەو كەس و ناوچانە بكاتەوە، یەعنی هەم كەسەكان، هەم ئەو ناوچانەش كە زەرەرمەند بوون، كە لە پرۆسەی وەبەرهێنانی نەوتدا لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی كوردستاندا زەرەرمەند بوون بەشێوەیەكی عادیلانە).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكی ترە كاك غەفور، ئەوە باسی مەخمور و كەركووك و ئەوانە دەكەیت، ئەمە باسی عامی هەرێمە، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوشكە سۆزان باسی ئەرازی كرد كە دەڵێت ئەوەندە دۆنمە عاردەی لێ داگیر كراوەو ئیستیعمال كراوە بۆ نەفت، ئێمە لە قانونی نەفت شتێكمان كرد گەلێكیش موناقەشەمان كرد، ئێستا وەكو جارێكی تریش باسم كرد، سێ نەوعە عارد هەیە، یەكێك موڵكی سرفە، یەكێكیش تاپۆیە، یەكێكیش ئەرازی زراعەیە، لە 95٪ی ئەرازی كوردستان ئەرازی زراعییە، بەتایبەتی مەنتیقەی نەفتی، ئەرازی زراعیش قەرارێكمان داوە، ئەگەر لە مەسڵەحەتی حكومەت ئیستیفادەی لێ بكەن، مەسەلەن مەنتیقەی قەلادزێ (120) دۆنمی لێیە، ئەو مەنتیقەیە (60) دۆنمی لێیە، لە (120) دۆنم ئێمە قەرارمان داوە دوو سەد مەتری بدەینێ، ئایا هەمان قەرار ئەوە دەگرێتەوە، ئەو دوو سەد مەترە دەگرێتەوە، یان تەعویزەكە عام دەگرێتەوەو، چونكە لە 95٪ی ئەرزی زراعی حكومەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دوو مەوزوعە، مەوزوعێك هەیە ئەوەی کە عەرزەکەی عەمەلیاتی نەوتی تیا دەکرێت و لەدەستی چووە بۆ سالْحی ئەو ئیشە، مەوزوعێکی تریش هەیە، ئێمە لە کاتی خۆی لە موناقەشەی فەقەرەی (16) باسم کرد، مەوزوعی موکافەئەیەك، یەعنی چی ناو دەنێیت، خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەو عەمەلیاتی نەوتەی تیا دەبێت، زەرەری بیئیان تووش دەبێت زیاتر لەوەی کە ئێمە کە لە مەنتیقەیەکین دوورین لەو مەنتیقەیە، ئەوەندەی من ئیتیلاعم هەبێت لە (5٪ تا 10٪) لە ئینتاجی ئەو مەنتیقەیە تەرخان دەکرێت وەکو موکافەئەیەك بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەر لە مەنتیقەکەدان، بەلاَم لە ڕووی بیئیەوە، لە ڕووی تەشجیرەوە، لە ڕووی یەعنی ئەو شتانەوە، ئەوان یەعنی نەوعە زەرەرێکیان پێ دەکەوێت، ئەویتر تەعویزە، یەعنی ئەرزێکی لە دەست چووە، جا ئەوەش با ڕەچاو بکرێت، یەعنی ئەو موکافەئەیەی خەڵکی ئەو مەنتیقەیەی ئەو زەرەرە بیئیان تووش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، کە ئێمە دەڵێین بەپێی قەوانینی مەرعی لە عێراق دوو، سێ حەقائیق هەیە، وەکو کاك خورشیدیش ئاماژەی پێ کرد، من ناڵێم لە 90٪، بەلاَم لە 85٪ی ئەرازی موڵکی دەوڵەتە، بەلاَم بەکرێی داوەتە فەلاح، بە عەقد داوەتە فەلاح، حەقی ئەو فەلاحەش نابێت بسووتێت، ئەو صیغەیەی من خوێندمەوە هەردوو جانیبەی کە تۆ ئاماژەت پێ کرد دەگرێتەوە، یەکێکیان ناوچەکە لە تەنمیە لە خیلالی دەعمی مەجالیسی بەلەدی و مەجالیسی مەحەلی بۆ تەنمیە، یەکێکیشیان خاوەن ئەرزەکان، جا ئەو خاوەن ئەرزانە ئەنواعن هەموو نەوعەکانیان دەبێت تەعویزیان بدرێت، بەلاَم تەعویزەکە لێرە بەو جەلسەیەو بەو پەلە پەلیە ناکرێتن، بە تەئکید منیش ڕەئیم ئەوەیە کە تەعویزێکی ئیعتیادی نەبێت وەکو ئیتفا هەیە، دەبێت تەعویزێکی تایبەت بێت، بەلاَم دەبێت حکومەت خۆی قەرار بداتن دیراسەتێکی بکاتن، بە تەئکید لەوەدا ڕەچاوی وەزعی عێراق دەکات، قانونی نەوت لە عێراق چۆن تەعویز دەکرێت، لە خۆمانەوە ناتوانین تەتەورەکە چۆن دەباتن بە تەئکید وەکو قانونی ئیتفا ناکرێتن، ناکرێت جێگایەك نەوتی تێدا بێتن موڵك سرف بێتن تۆ پێی بڵێی وەرە لە 8٪ەکەت بدەمێ لە شوێنێکی تر، ئەوە تەبیعی وایە، هەتا موڵکی دەوڵەتیش بێتن، یان وەکو عەقدیش بێتن لە ئیتفایە دەڵێن عاردێکی سەکەنی بدرێتێ، ناکرێت لەوێ پێی بڵێن عاردێکی سەکەنی دەدرێتێ، بەلاَم لێرەش ئێمە ناتوانین بگەینە ئەو نەتیجەیە، قانونی ئیتفا هەتا دەرچوو دوو ساڵی ویست لە دیراسەت و بینەو ببەو ئەنواع ئەشکال، بۆیە ئێمە دەبێت لێرەدا هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین (وفق القوانين بما يحقق العدالة) عەدالەتەکە لەوەدایە، خۆ حکومەتی ئێمە حکومەتی میللەتە، حکومەتێکی دیکتاتۆری نییە، مەفروزە حکومەتی میللەت ڕەچاوی بەرژەوەندی خەڵك بکات، وەکو ئێمە لێرەینە، سبەینێ دەورەیەکی تر چوار، پێنج کەستان وەزیرەو ئەوانی وەزیر بێنە جێی

ئێوە، مەسئوولیەتەکە موشتەرەکە بیدەینە ئەوان، یان بیدەنە ئێمە، یەعنی هەر هەموومان کە شتێك دەڵێین، من پێم وایە ئەو صیغەیەی من نووسیوومە باشە بەڕاستی یەعنی، فەرموو کاك باپیر.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی یاسای نەوتی عێراقیدا کرێی ساڵانەیان بۆ دیاری کردووە، دەکرێت ئەو زەویانەی کە پرۆسەی نەوت دیانگرێتەوە کرێی ساڵانە ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوەی خۆشماندا هەیە، لێرەشدا لە قانونەکە هەیە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو تەرحەی پەخشان خان دەکەم، بەڕاستی ئێمە وەکو نەتەوە ئیستیفادەی لێ بکەین تەنیا ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بۆ ئەو ناوچانەی فیعلەن لە رووی بیرو لە رووی دەرهێنانی نەفتەوە خەسارەمەند دەبن، کە ناچێتە ناو خەزێنەی عێراق، ئێمە لێی دەبڕین، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی وڵاتەکەی خۆمان، ئینجا پاشی ئەوە دەچێت، ئەوە یەك.

دوو/ مەسەلەی زەوی، جۆرێکی تر زەوی هەیە باسمان نەکرد، جۆرێك زەوی هەیە نە تاپۆی هەیە، نە ئەرزی زراعی هەیە، نە موفەوەزە بە تاپۆ، بەڵام فەلاحی کورد خۆی لە شاخ و داخ زەوی دروست کردووە، بەبێ ئەوەی ئەوانەی هیچی هەبێت، بەڵام سەد ساڵە لە باوو باپیری بۆی ماوەتەوە لەسەرەوە ئەو سێ شتەی باسم کرد هیچی نییە، رەنگە بیرە نەفتێك لەناو عاردەکە دەرچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش موعالەجە کراوە، ئەوانەش ئیعتیبار دەکرێن وەکو خەڵکەکەی کە عەقدی هەیە، بەپێی عورف و موروس ئەو ئەرزە کە دەیکێڵێتن، مانای وایە حەقێکی هەیە، ئەو حەقە رەچاو دەکرێتن لە قانونی ئیتفاشدا هەروا بۆی حیساب کراوە، من ئەو صیغەیە دەخوێنمەوە جارێکی تر بەڕاستی، بۆ ئەوەی ئینتیباهی بکەن (تاخذ حكومة الاقليم بنظر الاعتبار تنمية المناطق التي تجري فيها العمليات النفطية ودعم مجالسها المحلية والبلدية وتعويض أصحاب الاراضي وفق القوانين وبما يحقق العدالة)، باشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ماددەی تەعلیماتی باوێینە سەری (للوزير اصدار التعليمات لتنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر ڕێنمایی تایبەت دەردەكات بۆ ئاسان کردن و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش خۆمان لە جێیەکی تردا بوو، گوتمان دەیکەینە ماددەیەکی تایبەت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ماددەیەکی ئیزافی بخرێتە قانونەکە، لەبەر ئەوەی نەقسێکی تەشریعیمان دەبێتن، ئەگەر ئەو ماددەیەی تێدا نەبێتن (لغرض تسهیل تنفیذ الاحكام المتعلقة بالشركات العامة المنصوص عليها في هذا القانون، يطبق احكام قانون الشركات العامة رقم 22 لسنة 1997 في اقليم كوردستان وبما لا يتعارض مع احكام هذا القانون لحين تشريع قانون خاص بالشركات العامة في الاقليم)، باسی شەریکاتی عامە دەکات، ئەو قانونە لە کوردستان نافیزە بەپێی قەراری پەرلەمان رەقم 11 لە ساڵی 1992 پرۆژە هاتووە لە لایەن حکومەت دەیانەوێت ئەو قانونە بێتە پەرلەمان موناقەشەی لەسەر بکرێت و شەرعیەتی بداتێ، ئێستا مەجالێکی قانونی تەواومان لەپێشە، کە ئەو ماددەیە ئیزافە بکەین و موعالەجەی مەوزوعەکەی دەکات، ئەحکامی شەریکاتی عامەش کە لە قانونەکەدا هاتووە، لێرە بەشێوەیەکی تەفسیلی باسی لێوە کراوە، چۆن تەئسیس دەکرێت، چۆن ئیلغا دەکرێت، چۆن حەل دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە زۆر جیاوازە لە شەریکاتی تر، دەبێت دیراسەی بکەین، قانونی شەریکات دەچێت بۆ قانونی تەنزیمی تەفسیلی دەچێت بۆ مەجلیسی وزەرا ئیتیفاقی لەسەر دەکرێت و بە نیزام دادەنرێت، دەبێت نەختێك دیراسەی لەسەر بکەین، بڕوا ناکەم فەقەرەیەك یارمەتیمان بدات وا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر پێشنیاری کاك عەونی، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونی شەریکاتی عێراقی بەڕاستی دەبێتە کۆسپ لەبەردەمی وەبەرهێنان لەبواری نەوتدا، ئێمە ئەم یاسایە دەردەکەین، بۆ ئەوەی ئیستیفادە لەو مەجالە وەربگرین، نەك کۆسپی بۆ دابنێین، لەبەر ئەوە ئەو یاسایە

کۆسپێکی گەورە دروست دەکات سەرجەم ئەم یاسای نەوتە تێك دەدات، جگە لەمە ئێمە لە ماددەی (62) باس لەوە دەکەین، کە تەنانەت قانونی ئیستیسماریش ئەم یاسایە ناگرێتەوە، ئەم بوارە ناگرێتەوە، چونکە بوارێکی تایبەتیە، لەبەر ئەوە دەبێت تایبەتمەندی ئەم مەسەلەیە لەبەرچاو بگرین، بۆیە پێم چاکە ئەو مەسەلەیە وەرنەگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارە نیمە، لەبەر ئەوەی دەقێك لە یاسایەکە هەیە، هەر دەقێك، هەر یاسایەك پێچەوانەی حوکمی یاسای نەفت نەبێت، دەتوانین جێ بەجێی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ لەگەڵ پێشنیاری کاك عەونی، یان لەگەڵ کاك دکتۆر دلێری، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك عەونی دەکەم، لەبەر ئەوەی لێرە لە ماددەیەك هاتووە، کە موستەقبەل ئیحتیمالە ئێمە ئەو شەریکانە بکرێتە شەریکەی موساهەمە، کە دەکرێتە شەریکەی موساهەمە، پێویستیت بە قانونی شەریکات دەبێت، هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەری، ئەوجا ئەگەر لێرە تەسجیل بکرێت چ زەرەرێکی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سەلاحیاتە دراوەتە دەست وەزیر کە تەئسیسی ئەو شەریکاتانە بکات، بۆشی هەیە ئیقتیراحی تەئسیسی شریکات، نەگوتراوە بەگوێرەی قانونی شەریکات، یان ئەو قانونانەی کە لە ئیقلیمدا هەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی موسیری لەسەر پێشنیارەکەت؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ پێم باشە، قانونەکەم نارد جەنابتان لە سەرۆکایەتی دیراسەی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت تۆ بڵێ، قانون شەریکات نا، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەتا ئەگەر باسیش نەکرێتن ئەو شەریکاتانە لە یاسادا هاتوونە بەپێی یاسایەکی تایبەت دادەمەزرێتن، کە ئەو یاسایەیە، بەڵام دەکرێتن بۆ ئەگەر لە یاسادا شتێك نەهاتبێت، یان ئەو یاسایەی کە ئەو شەریکاتانە پێی دادەمەزرێت بگەڕێنەوە ئەحکامی عەمەلی لە قانونی شەریکات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەریکاتی عامە لە کوردستان نافیز کردنی بەپێی قەراری پەرلەمانی کوردستان کە ئیشارەتم پێدا رەقم 11 ساڵی 1992، لەبەر ئەوەی دەبێت پەرلەمان شەرعیەتێکی بداتێ، ئەگەر برادەران رەئیان بوو کە قانونەکە نافیز بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاك عەونی کە لە لایەن کاك رەشاد پشتگیری لێ کرا لەلایەن چەند ئەندامێکەوە بەپێچەوانەوە، جەنابی وەزیریش موافیق نەبوو بۆ پێشنیارەکەی، پێشنیارەکەی کاك عەونی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری کاك عەونیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکەی کاك عەونی قەبول نەکرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و دوو:

یەکەم: کار بە هیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

دووەم: حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 بەسەر پرۆسەکانی نەوتدا جێبەجێ ناکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والستون:

أولا: لايعمل باي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

ثانيا: لا تسري أحكام قانون الاستثمار لأقليم كوردستان رقم (4) لسنة 2006 على العمليات النفطية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی تەنها گۆڕانکاریەکی لەسەر بڕگەی یەکەم کردووە (أولا: لايعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض و أحكام هذا القانون)، وەکو هەموو قانونەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی رۆتینە، قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە فەقەرەی دوو (لايعمل قانون الاستثمار) هەر لە خۆیدا شتێکی ئیزافیە، چونکە لە فەقەرەی یەکدا دەڵێت (أولا: لايعمل باي نص يتعارض أحكام هذا القانون)، ئەگەر بێین سەیری قانونی ئیستیسمار بکەین موستەسمیر ئیعفایە لە هەموو رسوم و زەڕائیب، بەڵام لەم قانونی نەوتدا شەریکات خازیعە بۆ رسوم و زەڕائیب، لەبەر ئەوە تەعاروزێك حاصل دەبێت، هەر پێویست ناکات باسی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری رەئیەکەی کاك عومەر دەکەم، چونکە لە یاسای وەبەرهێنان خۆیدا هاتووە کە نەوت و غاز ناگرێتەوە، پێویست ناکات لێرە زیکر بکرێتەوە جارێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەپێویستی دەزانم تێدا نەبێت، چونکە ئیعتیادیە ئەگەر نەبوو، پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پێشنیارێك هەیە کە (ثانیا) ئیلغا بکرێتن، لەبەر ئەوەی بە ئیعتیبار تەحصیل حاصلە، لەبەر ئەوەی لەوێش هاتووە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئسیر ناکات بۆ ئێمە، چونکە ئێمە لەگەڵ شەریکاتی نەوت زۆر قسەمان کردووە، ئەو قانونی ئیستیسمارە زۆر تەعاروز دەکاتن بەو شێوەیەی ئێمە ئیش دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە نیزامی خۆمان داناوە بۆ نەوت،

ئەگەر ئیشارەت نەکەی بۆ ئەمە لاچووە موشکیلەت بۆ دەکات، لەبەر ئەوەی دەبێت بڵێین ئەوە تەتبیق نابێت، چونکە ئێمە نیزاممان داوە بۆ نەوت جیاوازە، تا عەرقەلەمان بۆ نەکات، من دەزانم زۆر شەریکە ئەوەیان خوێندۆتەوە پرسیار لە ئێمە دەکەن، ئەی ئەوە چۆن دەبێت، ئەم فەقەرەیە عیلاجی دەکات بۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەرحەکەی کاک دکتۆر ئاشتی وازیحە، ئەو نەصە بۆ شەریکاتە کە لە پێش چاویان بێتن، قانونی ئیستیسمار لە هەولێر نایانگرێتەوە، ئەگەر پێشنیارتان سەحب ناکەن دەیخەمە دەنگدانەوە، کاک عومەر سەحبی ناکەیتەوە؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەحبی ناکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری کاک عومەر کە دوو ئەندام پەرلەمانیش پشتگیریان لێ کرد، کە بڕگەی دووەم شەتب بکرێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەویە شەتب بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ دەڵێن بمێنێتەوە، ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە بە پێشنیاری لیژنەی یاساییەوە (أولا: لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض و أحكام هذا القانون)، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەست و سێ فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەست و سێ:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والستون: ینفذ هذا القانون أعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پێشنیاز دەکات ئەم ماددەیە دابڕێژرێتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

(ینفذ هذا القانون أعتباراً من تاریخ إصداره ونشره في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنـەی یاسایی بـۆ تەعـدیلی ئـەو مـاددەی دەخەمـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ئەسـبابی موجیبە تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆیەكانی دەركردنی

لەپێناو پەرەسەندنی سامانی نەوت لە هەرێمی كوردستان بەجۆرێك بەرزترین قـازانج بـۆ گـەلی عێـراق بـە گشتی بێنێتەدی، بەهۆی بەكارهێنانی تەكنیكی پرەنسیپەكانی بازاڕی پێشكەوتووتر و هاندانی وەبەرهێنان لەگەڵ حوكمەكانی ماددەی 111، 112، 115 لە دەستوری فدراڵیدا بگونجێت، بۆ ئەوەی بەرزترین ئاسـتی شەفافیەتو بەرپرسیاریەتیو یەكسانی لەكەرتی نەوتدا بەهێزو مسۆگەر بكـات، ، لـە پێنـاو مسـۆگەركردنی بەشەكانی دادپەروەرانە بۆ گەلی كوردستانو بۆ پشتگیری كردنی نەوەكانی داهاتوو ئەوانەی لە ژێر سێبەری سیاسەتەكانی داپڵۆسێنەری ڕژێمـی بەسەرچووی عێـراق ئازاریـان چێشـت و لـە پێنـاو پاراسـتنی ژینگـە لـە هەرێمی كوردستان و بەهێز كردنی هاوكاری لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی، دەربارەی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز كە دابەش كردنـی دادپەروەرانـە بـۆ داهاتـەكانی نـەوت مسۆگەر بكـات وەكـو لەدەسـتوری فدراڵیـدا هـاتووە، لەبەرهەموو ئەو هۆیانە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بغية تطوير الثروة النفطية في أقليم كوردستان بحيث تحقق أعلـى منفعـة للشعب العراقـي عموما،بأسـتخدام تقنيات مبادىء السوق الاكثر تقـدما، وتشجيع الاسـتثمار منسجما مـع أحكـام المادة 111، 112 ، 115 مـن الدستور الاتحادي لكي تضمن وتعزز أعلى مستويات الشفافية والمسؤولية والمساوات في القطاع النفطي، ولضمان حصص مالية عادلة لشعب كوردستان ودعما لمستقبل الاجيال القادمة، وأولئك الذين عـانوا في ظـل السياسـات القمعية للنظام البائد في العـراق، والمحافظـة علـى طبيعـة البيئـة في أقلـيم كوردسـتان ، وترسـيخ التعـاون مـع الحكومة الاتحاديـة حـول إدارة الـنفط والغـاز بمـا يضـمن التوزيـع العـادل للعائـدات النفطيـة حسـبما وردت في الدستور الاتحادي ولكل ما تقدم شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك كەلیمە (مساوات)ەكە، چۆن تـەحقیقی موسـاوات دەكـەین لـە نـەوت، ئـەوە هـەر زیـادە، ئـەو كەلیمەیـە شەتب بكەن (والعدالە) مومكینە، بەڵێ كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دێری یەكەم لە هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە لەپێناو پەرەسەندنی سامانی نەوت لەهەرێمی كوردستان بەجۆرێك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بەگشتی بێنێتەدی، من پێشنیاری ئەوە دەكەم پێش گەلی عێراق ئەوە ئیزافە بكرێت، بەجۆرێك بەرزترین قازانج بۆ گەلی كوردستان و هەروەها گەلی عێراق بەگشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نەصێكی دەستوورییە، بەڵام چی تێدا نییە ئەگەر بڵێین (منفعة لشعب كوردستان والشعب العراقي عموما) باشە ئەوها، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك پرسیارم هەیە، ئەو یاسایە ئەوە پەسندمان كرد، ئایا دەقە كوردیەكە نەصی ئەسڵیە، یان عەرەبیەكە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەرەبیەكە نەصصە ئەسڵەكەیە، ئێستا پرۆژەی یاسای نەوت بە دیباجەكەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە بە تەواو كردنی ئەم یاسایە، دەستتان خۆش بێتن یەكە یەكە دەست خۆشیتان لێ دەكەم، جەنابی وەزیریش دوو قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەكەم بۆ ئەم دانیشتنە تایبەتیە، بۆ ئیهتمامتان و ماندوو بوونتان بۆ باس كردنی یاسای نەوت و غازی هەرێمی كوردستان، لەم یاسایەدا ئێمە مافی هەرێمی كوردستانمان بە وردی ئاشكرا كردووە، بەشێوەیەك دانراوە بەتەواوی دەگونجێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵدا، ئەم یاسایە مافی هەرێمی كوردستانی مسۆگەر كردووە، یەكەم/ بە بەشدار بوون بۆ بەڕێوەبردنی هەموو پرۆسەكانی نەوت و غاز لە حەقلە كۆنەكان لە كوردستان، بەڕێوەبردنی هەموو پرۆسەكانی نەوت و غاز لە حەقلە تازەكان، كە دەبینرێنەوە لە دواییدا لە كوردستان، بەشدار بوون بە عەدالەت لە هەموو عائیداتی نەوت و غاز، نەك هەر لە كوردستان، بەڵكو هەموو عێراقدا، بەڕێزتان ئەم یاسایە كۆتایی دێنێت بە توانای دوژمنی كورد، كە جارێكی تر بتوانێت عائیداتی نەوت و غازی كوردستان بەكار بێنێت دژی میللەتەكەمان، لەمەولا بۆ یەكەم جار رەصیدی نەوتەكان دەبێتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ دامەزراندنی وڵاتێكی ئازاد و سەركەوتوو بۆ كوردستان، وەك بەڕێزتان ئاگادارن ئەمە ساڵێكە زیاتریشە، كە ئێمە خەریكین لە رێكخستن و ئامادە كردنی ئەم یاسایە، زۆر كەس ماندوو بوون لە وەزارەتەكەمان، هەروەها لە وەزارەتی داراییش، بەڵام شایەنی زۆر باشە

که بڵێم بەتایبەتی سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان بارزانی کە هەموو جار لەگەڵمان دەعمی داوە لەسەر ئەم یاسایە، زۆر سوپاسی دەکەین، بەداخەوە ئێستا لێرە مەشغولە، خۆی لێرە نییە، هەروەها بە بەشدار بوونی فیعلی خۆی لێرەو لە بەغداش کە موناقەشەی قانونی فیدراڵمان کرد، بەڕاستی من دوای سی و دوو ساڵ لە غەریبایەتی لە دەرەوەی عێراق کە خێزانی خۆم و ئیشی خۆم بەجێ هێشت، هاتمەوە، نەهاتمەوە بۆ رۆلی وەزارەت، لەبەر ئەوەی مانیعم نەبوو کە هەموو شتەکان بگۆڕن بیکەنە وەزارەت کە ببم بە وەزیر، هاتمەوە بۆ مەسڵحەتی وڵاتەکە، نەك بۆ مەسڵحەتی فەردی، بەڵکو بەزۆر هیوادارم بوو کە رۆژێك بێت ئەم یاسایە بچێتە جێگەی خۆیەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری ئابووری میللەتی کوردستان بکات، سوپاس بۆ ئێوە وا دیارە لەگەڵ ئەو پرۆژە جوانەی لەگەڵمانە، لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم ئەم یاسایە هەمووی کۆنترۆڵەکانی هێناوەتەوە بۆ کوردستان، زۆر سوپاس بۆ دەستوور و بۆ جەنابتان کە ئیهتیمامتان پێ داوە، ئێمە پێشکەشی دەکەین بە میللەتی کوردستان، هیوادارین قەت میللەت نەهێڵێت، نەك ئەم پەرلەمانە، قەت میللەت نەهێڵێت لە رێگای یاسایەکی فیدراڵیەوە، یان بە تەعدیلاتێکی دەستووری تازەوە، کە ئەم کۆنترۆڵانە بچنەوە بۆ شوێنێکی تر، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ماندوو بوونتان، زۆر زۆر سوپاس، بەتایبەتی سەرۆکی وەزیران، دووبارەی دەکەمەوە سەرۆکی حکومەت کە بەڕاستی بەبێ یارمەتی جەنابی ئەو ئێمە نەماندەتوانی ئەو ئیشە بکەین، دووبارە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ جەنابی وەزیر ئومێد دەکەین لەمەدوا بە دەرهێنانی ئەم یاسایە، وەزارەتەکە بتوانێتن کارەکانی و بەرنامەکانی خۆی باشتر ئەنجام بداتن و لە خزمەتی گەلی کوردستاندا بێتن، کە هەموومان هەرچ مەسئولیەتێکمان هەبێتن لە هەر شوێنێکدا بین بۆ خزمەتی گەل هاتووین بەخێر بێن سەرچاوان، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی برادەران لیژنەی قانونی دەکەم، چونکە زۆر ماندوومان کردن، هەروەها ئەندامان هەموویان، کاك فرسەت کە یارمەتی داین لە ناحیەی دەستوورییەوە، کاك کەمال کە بەڕاستی بە شەو بە رۆژ موتابەعەی کردووە لەگەڵماندا، ئێمە زۆر سوپاسیان دەکەین، سوپاسی هەموو کەسێك دەکەین، سوپاسی هەموو ئەندامان دەکەین کە ئەوانەش لە بیدایەتەوە نەختێك گلەییان هەبووە، وابزانم ئێستا تێگەیشتن مەبەستی ئەم قانونە چیە، سوپاسی هەمووتان دەکەم، لە یەکێتی، لە پارتی، لە شیوعی، لە هەمووتان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەیەك هەبوو بەناوی ماددەی (16) کە پەیوەست بوو بڕگەیەکیان پەیوەست بوو بە دیار کردن، یاخود تەحدید کردنی پرۆژەیەك بۆ نەتەوەکانی تر، ئەوانیش باس کرا بوو، بەلاّم بەداخەوە ئەکسەریەت پێی باش نەبوو بمێنێت، داواکاری ئێمەش بوو من و برای بەڕێزم کاك کەرخی وەکو نوێنەری تورکمان، بەلاّم بەداخەوە جارێکی تر بە ئەکسەریەت، ئیتر دەبێت ئەقلیەتی باجی بدات، من داوا دەکەم، بۆیە هۆی سەرەکی ئەوە بوو کە هەموومان هاوولاّتی هەرێمین، منیش داوا دەکەم کە لە پەرلەمان و لەسەر ئاستی هەرێمدا باس بکرێت، ئێمە نەڵێین دوژمنی کورد، بڵێین دوژمنی خەڵکی کوردستان، یان دوژمنی گەلی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەین، کاك رۆمیۆ دیارە ئینتیباهت نەکرد، ئێمە ماددەیەکمان ئیزافە کرد، نووسیمان (جمیع مکونات شعب کوردستان) و قانونێکی پێ دەربچێتن، گوتمان (وینظم ذلك بقانون)، یەعنی ئەو شتەی ئێوە داواتان کرد رەچاو کراوە، زۆر سوپاس، ئەگەر جار جار کەلیمەی کوردیش بەکار هێنرا لە جیاتی کوردستان بە حوسن نیەت هەموو شتی وەربگرین، کوردەکە لەوێ دەکەینە کوردستان، هەموو شتێکی دەبێت بە حوسن نیەت وەربگیرێت، ئەگەر بە حوسنی نیەت نەبێتن ئیشەکانمان ناڕوات، لەبەر ئەوە لەکوێ کەلیمەیەك هاتبێتن کورد بێت مەقصدمان کوردستانە، مەقصدمان کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوورە، مەقصدمان هەموو پێکهاتەکانی تریشە، لە بەرنامەی کار بڕگەی دوو و سێمان ماوە، ئەو رۆژە کاك محەمەد حەکیم لێرە نییە، داوای کرد بوو کە دوابخرێتن، یەعنی بخرێتە مانگی نۆ، کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو موقتەرەحە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە خاڵی داهاتوو مەسەلەی سوڵتەی قەزائیە، ئەو قانونە نزیك ساڵێکە هاتۆتە ئەو پەرلەمانە، ئەمە یەك.

دوو/ ماوەیەك ئەم قانونە دواخرا لەسەر ئەساسی ئەوەی هەردوو مەحکەمەی تەمیز یەکتری بگرنەوە.

سێ/ دووبارە دواخراوە، بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەت یەکتر بگرنەوە، فیعلەن هەردوو مەحکەمە یەکتریان گرتەوەو هەردوو وەزارەتیش یەکتریان گرتەوە، لیژنەی قانونی لەگەڵ کۆمەڵێك دادوەر جگە لە رەئیس و ئەندامی مەحکەمەی تەمیز دانیشت راپۆرتی خۆی ئامادە کرد، هەموومان باسی ئەوە دەکەین، باسی مەبدەئی فەسلی سوڵتات دەکەین، باسی پشتگیری کردنی سوڵتەی قەزائی دەکەین، باسی سەربەخۆیی سوڵتەی قەزائی دەکەین، دەمانەوێت جیای بکەینەوە لە سوڵتاتی تر، دیارە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئەو مەسەلەیەی بە بایەخ وەرگرتووە، هەر بۆیەش هاوێشتیە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بەنیسبەت ئەو خاڵە بەردەوام بین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن من خۆم مەشجعی ئەوە بووم، كە ئەو دوو ماددەیە پێشی بخرێن، بەڵام لەڕاستیدا حەقیقەتێكیش هەیە، ئەویش ئەوەیە كە ئەندامانیش ئێوەش حەقتانە ماندوو بوونە، یەعنی ژمارەیەكی زۆرتان سەفەریان هەیە، ناكرێتن ئێمە زەحتی زۆرتان لێ بكەین، بەتایبەتی ئەو دوو قانونە، دەكرێت بیست ڕۆژ موناقەشەی لێ بكەین، لەبەر ئەوە من موئەیدی قسەكانی كاك محەمەد حەكیمم، كە ئەو ڕۆژە داوای كرد دوا بخرێت، بەڵام خۆی لێرە نییە، كاك كەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو دوو قانونە بەحەقیقەت، ڕاستە هەموو قانونێك زەرورە، بەس دیارە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان موراجەعەی ئێمە دەكەن مومیل بوونە، بۆیە ئەگەر ڕەئی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان وەربگیرێت لەو بوارەوە ڕەئی لێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەئیدی ئەو ڕەئیە دەكەین كە ئەو دوو یاسایە تەئجیل بكرێت بۆ پاش عوتلەكە، چونكە سوڵتەی قەزائی خۆی لە ئیجازەیە، ئاسایش هێشتا یەكتریان نەگرتووە، هەتا بزانین ئەوەند پەلەی لێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەس ڕەئی موخالیفی نییە، ئەو دوو خاڵە دەخەمە دەنگدانەوە لە بەرنامەی كار دوا بخرێتن بۆ دوای پشوو، كێ لەگەڵ ئەوەیە دوا بخرێتن دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوە نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ دواخرا، لێرەدا دێینە كۆتایی دانیشتنەكەمان بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 28\8\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/8/28

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/8/28 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر بارودۆخی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/8/28دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر بارودۆخی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، كە تووشی تۆپبارانی زیانەكانی دەوڵەتە دراوسێیەكانی توركیا و ئێران بوون، لەگەڵ دیاری كردنی هەڵوێستی پەرلەمان بەرامبەریان بە ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ، هەروەها پارێزگاری سلێمانی كە لەگەڵمان بەشدارن، سەرەتا بەخێرهاتنیان دەكەم بە گەرمی لەگەڵ كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، زۆر بەخێر بێن، پێش ئەوەی دەست بە موناقەشەكەمان بكەین، دیارە دەبێت ئاماژە بەو كارەساتە بكەین، كە لە ئەنجامی كارە تیرۆریستیەكەی دژ بە برا ئێزیدەكان روویدا، پەرلەمان بەیانی دەركردو ئیدانەی كرد، لێرەدا لە یەكەم دانیشتنی پەرلەمان، ئەگەرچی نائاساییشە، ناكرێت ئەو تاوانە گەورەیە لەبەرچاو نەگرین، جارێكی تر دووبارە ئیدانەی توندی خۆمان بەرامبەر ئەو كارە تیرۆریستیە دووپات دەكەینەوە، هەروەها لەخوای گەورە داوا دەكەین بەزووترین كات چارەسەری بریندارەكانی ئەو كارەساتە بكرێت، هاودەردی خۆمان لەگەڵ كەسوكاری شەهیدان دووپات دەكەینەوە، تەئكید دەكەین كە ئەم كارە تیرۆریستیە ئەنجامەكەی هەر ریسوا كردنی ئەو كەسانە دەبێت، كە بەم كارە هەڵدەستن، یاخود لە پشتەوە پشتگیری لێ دەكەن و كار ئاسانی بۆ دەكەن، گەلەكەشمان قەت و

**قەت چۆك نادات بەرامبەر ئەم جۆرە تاوانانەو ئەم تاوانانە هەمیشە دەبێتە قوەتێكیش بۆ گەلەكەمان، بۆ ئەوەی زیاتر ئیرادەكەی بەهێزتر بێتو ریزەكانی یەكگرتوو بێتنن بەخەباتی گەلی كوردستان و هەموو گەلانی عێراق، ئومێد دەكەین كە لە ئایندەی نزیكدا كۆتایی بەو كارە تیرۆریستیانە بێتن بەكۆتایی هاتنی رێكخراوە رەشەكانیان، من لێرە بۆ شەهیدەكانی برا ئیزیدیەكان، بۆ هەموو شەهیدانی گەلی كوردستان و گەلی عێراق، داواتان لێ دەكەم یەك دەقیقە بوەستن، فەرموون.**

**بەرنامەی كاری ئەمرۆمان وەكو ئاماژەم پێ كرد گفتوگۆ كردنە لەسەر بارودۆخی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، كە لە رۆژانی دواییدا تووشی تۆپبارانێكی زۆر بوون لەلایەن هێزەكانی دراوسێمان لە ئێران و هەروەها لە توركیا، كە بۆتە هۆی ئەوەی سەدان و هەزاران خەڵك ئاوارە بن، ئەو ناوچانەش تووشی زیانێكی زۆر بن، وەزعی ناوچەكە بەگشتی بكەوێتە بارودۆخێكی ناسكەوە، ئەمن و ئاسایش تێك بچێت، خەڵكێكی زۆریش وەزعی دەروونیان خراپ بێت و دەربەدەر بن لە ناوچەكانیان، جگە لە زیانی ماڵی كە تووشی ناوچەكەمان بووەو، تووشی هەرێمەكەمان بووە، ئێمە لە كاتێكدا هەموو ئەو جۆرە كارانە ئیدانە دەكەین، پێشمان وایە كارێكی خراپن، تۆپباران كردنی خەڵكی بێ تاوان و خەڵكی مەدەنی لە هەر شوێنێك بێتن لە لایەن هەر كەسێكەوە بێت، جێگای نارەزایی هەموو خەڵكێكە، پێشمان وایە بەم جۆرە تۆپباران كردنە، هیچ مەسەلەیەك نە چارەسەر كراوە لە پێشوودا، نە چارەسەریش دەكرێتن لە ئایندەدا، دیارە چەند مەسەلەیەك هەیە دێتە پێشمانەوە، كە باسی وەزعی سنووری هەرێمی كوردستان دەكەین و تێكەڵ بوونی لەگەڵ كێشەكانی تری رۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی دراوسێمان، چەند مەسەلەیەك هەیە پەیوەندیان بەو تۆپبارانەوە هەیە، ئەو تۆپبارانە لە خۆیەوە نەهاتووە، لە هەواشەوە نەهاتووە، خەلفیاتی هەیە، هۆكاری هەیە، كە بۆتە سەر ئێشە بۆ ئێمە پێش هەموو خەڵك، بۆ كەسانی كوردستان، بۆ دەوڵەتانی دراوسێمان، چارەسەر كردنیشی پێویستە بە گفتوگۆ بێت لەنێوان دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی و دەوڵەتی توركیا، هیچ كێشەیەك بە چەك حەل نەبووەو حەلیش نابێت، پێشمان وایە باشترین رێگە بۆ ئێمەو بۆ هەموو خەڵكانی تر، بۆ هەموو دەوڵەتان رێگای گفتوگۆ و دراوسێیە، لە كاتێكدا كە رەدی ئەو جۆرە تۆپبارانە دەكەینو بە نارەوای دەزانین، دووپاتی دەكەینەوە كە ئەمە پێویستی بە هەڵوێستە هەیە، پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، ئەوەش دەسەلمێنین كە مەسئوولیەتی ئێمەش هەیە بەرامبەر بەو رووداوە، وەكو هەرێمی كوردستان، وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەكو پەرلەمانی كوردستان، وەكو هێزە سیاسیەكان لە كوردستاندا، ناكرێت بە تەنیا لایەنێكی مەسەلەكە باس بكەین، ئەویش تۆپباران كردنە، ئەوەش نەتیجەیە، دەبێت راوەستین و بەرژەوەندی باڵای گەلەكەمان لە پێش چاو بێتن مەسئوولانە موناقەشەو گفتوگۆ بكەین لەسەر مەسەلەكان رەچاوی راستیەكان بكەین، راستی یەكەم ئەوەیە ئێمە نەتەوەیەكین، رابردوومان یەكە، مێژوومان یەكە، ویستیشمان بۆ ئازادی و بۆ رابردوو یەكە، دابەش كراوین بەسەر چەند دەوڵەتێكدا، هەر دەوڵەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، مێژوو هەندێك شتی سەپاندووە بەویستو خواستی كەسێكی ئێمە نە دەگۆرێت، نە ئیمكانی گۆرینی هەیە لەماوەی كورتی كە لە پێش چاومان بێت و روون بێتن، راستیەكان دەبێت وەكو خۆی تەماشای بكەین بەرژەوەندی گەلی كوردستانیش كە ئێمە لێرە دانیشتووین نوێنەری خەڵكی كوردستانی عێراقین بە دەرەجە یەك لەبەرچاومان بێت و، كە بیریش لە ئایندە دەكەینەوە دەبێت بە واقیعیانە تەماشای بكەین، تەماشای نموونەی وڵاتانی تر بكەین، كە وەكو ئێمە وان، ئەگەرچی فەرق و جیاوازیەكی زۆر هەیە لە كێشەكان، لە هێزەكان، لە دەوڵەتەكان،**

نموونەی ناکۆکیەکانی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبیەکان، پێش ئەوەی بڵێم دەبێت بڵێم فەرقی هەیە، نە لە جمهوری ئیسلامی و ئیسرائیلە، نە ئێمەش لوبنان و فەلەستینین، بەلام وەکو نموونە بۆ لێپرسراوەتی دەوڵەتی و لێپرسراوەتی سیاسی، دەبێت ئاماژەی پێ بکەین کە دەست تێوەردان لە کاروباری هەر ولاتێکدا دەبێت حیسابی بکەین ئەنجامەکەی چی دەبێت، هەمیشە رەدی ئەوە دەکەینەوە نامانەوێت کوردستانی عێراق ببێتە لوبنان، لوبنان کە ئەمڕۆ لە پێش چاومانە بۆتە هۆی ئەوەی ناوەڕۆکی لوبنان تێك بچێتن، پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتی لوبنان تێك بچێت، بەبێ ئەوەی کێشەی فەلەستینیش چارەسەر بکات، بەنیسبەت میسر و ئوردن و سوریاش کە هەمیشە مەسەلەی فەلەستینیان لەلا گرنگەو دیفاعیشی لێ دەکەن، بەلام هیچ وەختێك نەیان هێشتووە کە ئالۆزی بەبێ ئەوەی بڕیارێکی مەرکەزی بێتن لە لایەن حکومەتەکانەوە لەسەر سنوورەکانیان دروست بکرێتن، واتا بەم شێوەیە من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە، کە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان مەسئوولین بەرامبەر بە ئەمنیەتی سنوور، وەکو بەشێك لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ، چونکە ئەوە مەسئوولیەتی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، ئێمەش لەو بەشەدا مەسئوولین لەو ئەمنیەتە، بەلام مەسئوولیەتەکە هاوبەشە، ئێمە وەکو عێراق مەسئوولین، تەرەفەکەی تریش مەسئوولە، ولاتانی دراوسێمان مەسئوولن، جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا مەسئوولن، رابردوومان لەگەڵ ئەم دوو ولاتە رابردوویەکە پڕە لە ئەزموون و دەوڵەمەندی، لەبیری کەسمان ناچێتەوە هەموو ئەو هاوکاریە و دۆستایەتیەی ولاتانی دراوسێمان، بەتایبەتی جمهوری ئیسلامی لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامیان داوە لە کاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە کاتی ئەنفال، لە کاتی کۆچ ڕەوەکە، هەروەها تورکیاش هاوکارمان بووە، پاشی راپەرین دەرگای بۆ کردینەوە، بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە کۆتایی بە ناکۆکیەکان هاتووە، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە هەر ناکۆکیەك دەبێت لەبەر رۆشنایی رێزگرتن بێتن لە یاسای نێودەوڵەتیو پابەند بوون بێتن بە یاساو دەست گرتن بێتن لە یەکتری، رەچاوکردنی بەرژەوەندی هەردوولا، بەوەش دەبێتن گفتوگۆ بکرێتن، باس بکرێتن، گەلی ئێمەش لەوە دەبێتن لەو چالاکیانەی لەوێ و لێرە دەکرێتن ئاگاداربێت، گروپی تیرۆریستی زۆر جار سنوور دەبەزێنن و هەڤالانی ئێمە شەهید دەکەن، ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو مەسئولیەتە دەخرێتە سەر شانی ولاتانی دراوسێ، هیچ وەختێك ئەوەمان نەگوتووەو ئەوەش نالێین، بە هەمان شێوەش هەر کارێکی چەکداری لە تورکیا بێتن، لە ئێران بێتن، ئێمە لێی بەرپرسیار نین، نە ئێمە ئەو هێزانەمان دروست کردووە، نە ئێمە ناردوومانە، نە ئێمە هاوکاریانین، بەلام ئامادەشین لەوەی کە گفتوگۆ بکەین و سنوورەکان ئەمن و ئاسایشی تێدا بێتن، ئەوەش بە هاوکاری و لێك تێگەیشتن دەبێتن بە تۆپباران نابێت، تۆپباران کێشەکان ئالۆز دەکەن، خەڵك ماڵی وێران دەبێتن، هەزاران کەس ئاوارە دەبێتن، ئێستا کێشەیەکی گەورە هاتۆتە پێشمانەوە خەڵکی ئاوارەی ئەو ناوچانەن، کە ئیحتیاجی ئەوەیان هەیە هاوکاریان بین بە دەنگیانەوە بچین و ئیمکانەت بخەینە بەر دەستیان، جێگایان بۆ پەیدا بکەین، بەبێ ئەوەی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی تۆپباران کردنی ئەو ناوچانە یەکلا کرا بنەوە، یاخود چارەسەری بۆ دۆزرابێتەوە، ئێمە لێرەدا دانیشتووین بە لێپرسراوەتیەوە ئەو مەسەلەیە گفتوگۆ دەکەین، لە پێش هەموو شتێکەوە رووداوەکان چی بووینە، چی روویداوە، کێشەی ئینسانی لە ناوچەکەدا، لەسەر سنووردا روویداوە، لێرە بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری ناوخۆ دەکەین، هەروەها پارێزگاری سلێمانیش کە ئاگاداری ئەو کارەساتە بووینە لەو چەند رۆژەی رابردوودا لە نەتیجەی تۆپباران کردنی ئەو ناوچانە روویانداوە، تەبعەن خۆشمان لیژنەی ناوخۆ راپۆرتی هەیە، بەلام پێش ئەوەی لیژنەی ناوخۆ راپۆرتی خۆی

بخوێنێتەوەو ئەندامانی پەرلەمان بیرو بۆچوونی خۆیان باس بکەن، داوا لە بەڕێز کاک عوسمان حاجی مەحمود دەکەم کەوەزیری ناوخۆیە، بێت بۆمان باس بکاتن، کە ڕووداوەکان چۆن بووینەو ڕەئی حکومەتی هەرێم چیە، هەروەها دواتریش بەڕێز کەریم سنجاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ئەویش ڕەئی و بۆچوونی خۆی و ئەو تەفسیلاتەی لە لایەتی دەخاتە بەردەمتان، جەنابی کاک عوسمان و کاک کەریم و کاک عوسمان فەرموون بۆ ئێرە، کێ ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەخوێنێتەوە بابفەرموویێت کاک ئیسماعیل.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تۆپبارانەکان، ئەو تۆپبارانە تازە نین، ئەوانەی هەم لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕوویانداوە، هەم لە پارێزگای سلێمانی، دیارە ئەم تۆپباران کردنە لە (14)ی مانگەوە دەستی پێ کردووە، تا لە سنووری حاجی ئۆمەران و دواتریش سنووری قەزای قەڵادزێ، ئەو تۆپبارانە تازە نییە، لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەو تۆپبارانە هەبووە، هەم لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو هەم لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام ئەم تۆپبارانەی ئەمجارەیان کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ جارەکانی تردا، ئەوەیە کە زیاتر تۆپبارانەکە درێژ خایەن بووەو تەرکیزی لەگەڵ بووە، لە هەندێ جێگا ئەو تۆپبارانە ناو دێهاتەکان و ئەو شوێنانەی کە خەڵك خەریکی ئاژەڵداریە گرتۆتەوە و ئێستا خۆمان دەزانین وەرزێکە خەڵك خەریکی کوێستانەکاندا هەم ناو دێهاتەکانی گرتۆتەوە، هەم ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە جێگای نیشتەجێی خەڵکن لەکوێستانەکاندا، تۆپبارانەکان لە مەنتیقەی حاجی ئۆمەران وەکو باسمان کرد لە چواردەی مانگ دەستی پێ کرد، لە مەنتیقەی قەڵادزێ لە شازدەی مانگ دەستی پێ کرد 8/16، دیارە سەرەتا مەنتیقەی بناری قەندیلی گرتەوە لە ڕەگەو مارەدوو و سادرو چەند جێگایەکی تر، دواتریش مەنتیقەی قەندۆل و شوێنەکانی تری گرتەوە، کە دەکەوێتە خوارووی قەڵادزێوە، لە شەوی 23 لەسەر 24ی هەشتیش تۆپبارانی مەنتیقەی سوریەم کرا کە، چەند گوندێکە کە نزیك چەند کیلۆمەترێك دەکەوێتە ناو قوڵایی خاکی کوردستانی عێراقەوە، لە گوندی جۆمەرەسی و لە بۆرێلەکان هەیە کە دەکەونە خوارووی پێنجوێنەوە، دیارە ئەخیر تۆپبارانیش دوێنێ جارێکی تر تۆپبارانی مەنتیقەی قەندۆل کراوە، ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ هەر لە سەرەتای تۆپبارانەکەوە موتابەعەی تەتوراتەکەمان کردووەو بە تەنسیق ئەو کاتەی کە جەنابی سەرۆکی حکومەت لە سەفەر بوو بە تەنسیق لەگەڵ جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری سلێمانی بە تەنسیق موتابەعەمان کردووەو، بیستی مانگیش پارێزگاری سلێمانی بە ڕیئاسەتی وەفدێك سەردانی قەڵادزێی کردووەو لە نزیکەوە خەڵکەکەی بەسەر کردۆتەوە، هەندێ کەرەستەو پێداویستی بەسەردا دابەش کردوون، ئێمەش لە لای خۆمانەوە داوامان لە سەرۆکی حکومەت کردووە، ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەوماڵانە بکرێت کە ئاوارە بوونە، کە لە حدودی چوار سەد تا چوار سەدو پەنجا خێزان ئاوارە بوونە، دیارە ئەو چوار سەد تا چوار سەدو پەنجایە بە مروری ئەو چەند ڕۆژە ئاوارە بوون، سەرەتا لە حدودی سەد خێزانێك بوو، بەرە بەرە زیادی کرد ژمارەی ئێستا گەیشتۆتە چوار سەدو پەنجا خێزان، ئێستا لە حدودی بیست گوندێ لە قەزای قەڵادزێ چۆڵ کراوە، ڕەنگە تەنها لە هەندێ لە گوندەکاندا خەڵکانێکی کەم مابنەوە بۆ پارێزگاری کردن لە سەروەت و سامانی گوندەکانی خۆیان، ئێمە هەفتەی ڕابردوو کە لە بەغدا بووینە لە ڕێگای کاک دکتۆر لەتیف ڕەشید پەیوەندی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی عێراق کراوە، بۆ ئەوەی

ئەوانیش هەوڵ بدەن لە لای خۆیان کۆمەك بۆ ئاوارەکان بنێرن، ئەو ماڵانەی کە ئاوارە بوونە لە نەتیجەی تۆپبارانەکە، بڕیارە لەم هەفتەیە، یان هەفتەی داهاتوو وەفدێکیش لە عێراقەوە لە وەزارەتی هیجرە بێن، بۆ هەمان مەبەست ئەوەی پێیان دەکرێت یارمەتی بدەن، هۆکارو دەست پێ کردنی تۆپبارانەکان من پشتیوانی لە هەموو قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، ئەو تۆپبارانە هەر لە سەرەتاوە ئیدانەمان کردووە، جارێکی تر ئیدانەی دەکەینەوەو ئێمە داوا لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین، کە ڕێگای گفتوگۆ، ڕێگای ئاشتیانە بگرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کەوا هەیە، دیارە چارەسەر کردنی کێشەکان بە تۆپباران ناکرێت و مەجالی تریش بگرێتە بەر، پێمان وایە چارەسەر ناکرێت، تەنها چارەسەر ڕێگای گفتوگۆ کردنە لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، حکومەتی کوردستانیش وەکو بەشێك لە عێراق بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە بە ڕێگای گفتوگۆ، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو ڕاستیەش لێرە باس بکەین، کە هۆکارەکانیشمان لە بیر نەچێت، یەعنی باس کردنی هۆکارەکان، یەعنی ناکرێت ئێمە مەسەلەکە یەك جەمسەری ببینین، پێویستە هەردوو جەمسەری شتەکە ببینین، بەڵام لەگەڵ بینینی هەردوو جەمسەرەکە پێمان وایە ڕێگای توندوتیژی ڕێگای چارەسەر نییە، بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەییمان هەیە بەشێوەی گفتوگۆ هەوڵ بدەین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، پێمان وایە حکومەتی کوردستانیش کە شێوازی گفتوگۆ کردن و شێوازی دوور لەو مەسەلانە هاتە کایەوە، ئەو وەختە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش واجیبە لەسەری کە ئیلتیزاماتی خۆی جێ بەجێ بکات، ئێمە هیچ کاتێك وەك چۆن خوازیاری ئەوە نین هیچ گروپێکی تیرۆریستی لە وڵاتەکانی دراوسێمانەوە پەلاماری ئەمن و ئاسایشی کوردستان بدات و ژیان لە خەڵك تێك بدات، بە هەمان شێوە ئێمە خوازیاری ئەوەین، دیارە موقارەنەکە ڕەنگە جیاوازی هەیە لە موقارەنە کردن لەنێوان گروپە تیرۆریستیەکان لەگەڵ خەڵکانی تر، بەڵام ئێمە کە دەسەڵاتین لە کوردستانی عێراقدا ئیلتیزاماتی خۆمان لەسەرە، پێویستە ئیلتیزاماتی خۆمان جێ بەجێ بکەین، قەت هیچ کاتێك خوازیاری ئەوە نین و نامانەوێت لە حدودەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەلاماری هیچ وڵاتێکی دراوسێی کوردستان بدرێت و دەکرێت ئەوە بە گفتوگۆ کردن و پێکەوە بە بینینەوەی ڕێگە چارەسەرێکی مەنتیقیو گونجاو چارەسەر بکرێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عوسمان وەزیری ناوخۆ، ئێستا داوا لە جەنابی کاك کەریم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ دەکەم ئەویش بابفەرموێت قسەکانی خۆی بکات.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، سوپاس بۆ برایانی ئەندامانی ئەنجومەن، سوپاسی بەڕێز کاك عوسمان دەکەم کە باسی مەوقیفی حکومەتی هەرێمی کرد، تەبیعی ئێمە هەمان مەوقیفە، حکومەتی هەرێم یەك مەوقیفە، باسی ئەو ناوچانەی کرد کە لە ئێرانەوە تۆپباران کراون، من لێرە دەمەوێت باسی ئەو ناوچانە بکەم کە تورکیا تۆپبارانی کردوون، چونکە نامەوێت دووپاتی بکەمەوە ئەو ناوچانەی کە ئێران تۆپبارانی کردوون، تەنها باسی ئەو ناوچانە دەکەم کە لەلایەن تورکیاوە بۆمباران کراوە، تەبیعی بۆمبارانی تورکیا لە مێژە، ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، ئەوە چەند مانگێکە بەردەوامە، من دەتوانم تەنها خشتەی دوو مانگ هەر بۆ ئەوەی وەکو

نموونەیەك لەبەردەمی ئێوەی بەڕێز لە 2007/7/1 تاكو 2007/7/31 هەژدە گوند بۆمباران كراون لە مەنتیقەی دهۆك، (333) گولله تۆپ بۆمبارانی گوندەكانیان كردووە، یەك جاریش بەزاندنی ئاسمانیان كردووە، ئەو گوندانەی كە بۆمباران كراون گوندی نیزدۆ سێ جار، گوندی دەشتەتەخت دوو جار، گوندی شەرانیش چوار جار، گوندی بەهنونە یەك جار، گوندی مێرگەشیش دوو جار، گوندی بەرخێ یەك جار، گوندی بازنگیرا یەك جار، گوندی مەلاختە یەك جار، گوندی مێركچێ یەك جار، گوندی بالۆكە دوو جار، گوندی بیبۆ یەك جار، چیای سەر زێرین یەك جار، گوندی قەسرۆك یەك جار، گوندی هەورێزێ یەك جار، گوندی ئەڤلێ دوو جار، گوندی پیردلاً دوو جار، گوندی شەشدەر دوو جار، سیارە كەور یەك جار.
لە 2007/8/1 تاكو 2007/8/27 كە دەكاتە دوێنێ (331) گولله تۆپ كەوتۆتەوە، (23) گوند بۆمباران كراون، سێ جار بەزاندنی سنوور كراوە بە هێزی ئاسمانی، ئەو گوندانەی كە بۆمباران كراون، گوندی ئاورێ یەك جار، گوندی بیتێخ یەك جار، شەشدار یەك جار، ئاڤلێ و پیربیلە چوار جار، زۆمین تەڕوان یەك جار، گارۆ و بێتكار یەك جار، مەنتیقەی كورك و بیناغیە دوو جار، مەنتیقەی بالۆكان دوو جار، مەنتیقەی نیزدۆر دوو جار، مەنتیقەی حەفتەنین دوو جار، مەنتیقەی خامتیر دوو جار، مەنتیقەی وادی پساگەری ڤیساغە دوو جار، نۆرتینە یەك جار، سەرزێرێ یەك جار، سیریا یەك جار، هەلاًنیش یەك جار، مێرگەشیش یەك جار، بەهنونە دوو جار، قەسرۆك دوو جار، سماك دوو جار، دێرەشیش یەك جار، دەشتەتەخت یەك جار، ملەختە دوو جار، تەبیعی ئەمە بەردەوامە، ئەمڕۆ جارێ هێشتا وەرم نەگرتووە كە قەسفەكە چی بووە، تەبیعی هەموومان دەزانین سەبەبەكە چیە، بۆچی توركیا ئەم قەسفە دەكات؟ چ مەهانەتێك بەدەستەوە دەگرێت، وەكو كاك عوسمان باسی كرد، منیش دووپاتی دەكەمەوە، كە ئێمە هەموو جار پێشنیاری ئەوە دەكەین و داوا دەكەین كە بە ڕێگای گفتوگۆ بێت، ئەم ولأتانەی دراوسێ لەگەڵ حكومەتی عێراق و لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ڕێگای گفتوگۆ ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، بە ڕێگای ئاشتی بۆ گفتوگۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك ئیسماعیل راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ با بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەكە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان

ب/ راپۆرتی لیژنەی كاروباری ناوخۆ سەبارەت بە تۆپبارانی ئێران‌و توركیا

لیژنەكەمان لە رۆژی یەك شەممە رێكەوتی (2007/8/26) سەبارەت تۆپباران كردنی زۆر لە شوێنەكانی هەرێم كۆبوونەوەیەكی كردو پاش گفتوگۆو ئالۆگۆڕ كردنی بیروڕاو سەردانی هەندێك لە ئەندامانی ئەم لیژنەیە بۆ هەندێك لەم شوێنانە وپەیوەندی كردن بە بەرپرسانی ئەو شوێنانە، لیژنەكەمان راپۆرتی خۆی بەم شێوەیە پێشكەش بە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەكات:
لەم ماوانەی دوایەوە زۆر لە ناوچە ئارامەكانی هەرێمی كوردستان كە هاوولاًتیانی سیڤیلی كوردستان تێدا دەژین ڕووبەڕووی شالاًوێكی بێ پاساوی تۆپباران بۆوە لەلایەن لەشكری ئێران و لەشكری توركیا، ئەم

**شاڵاوە کە بووە هۆی بریندار بوونی ژمارەیەك لە هاووڵاتیان و زیان پێ گەیاندنی گەورەی ماددی و ئاوارە بوونیان و کۆچ کردنیان بۆ شوێنەکانی ئارامتر، ئەو تۆپبارانە بەم شێوەی خوارەوە بوو:**

**یەکەم: تۆپبارانی ئێران**

**1- ناوچەی پشدەر:**

**أ- لە رۆژی (2007/8/16) سەعات (7:45) ئێوارە سوپای ئێران ناوچەکانی (رەزگەو شناوەو ئەرکەر سورەگوڵە، سپیە گڵە، هەواری تەنگی سلێمان، تەنگەسێ، خونجە)ی تۆپباران کرد.**

**ب- هەر لە هەمان رۆژ سەعات (10:00) دووبارە ئەم ناوچانە تۆپباران کرانەوە.**

**ج- لە رۆژی (2007/8/16) سەعات (3:00) پاش نیوەڕۆ سوپای ئێران ناوچەکانی (کۆترە لەل، خوارپشیکل، گادەرانی، گامول، تەنگی سلێمان، رێی خیزی، کودەڵان، گورتی سوێی، ئاوی سپی)ی تۆپباران کرد.**

**د- لە ڕۆژی (2007/8/17) سەعات (7:00)ی ئێوارە گوندەکانی (کەناو، رازان، دوژان، تەرشیو، بەرجیشان، زمکاوێ، چیای تەورداز)ی تۆپباران کرد.**

**هـ- لە ڕۆژی (2007/8/16) سەعات (6:00)ی ئێوارە ناوچەکانی (قندیل، گەناو، دبسێ، بلك)ی تۆپباران کردو، لە ئەنجامدا دوو ئافرەت برینداربوون ئەمە ناوەکانیانە: نسرین اسماعیل، مەنیج خدر احمد.**

**و- لە ڕۆژی (2007/8/17) سەعات (12:00) نیوەڕۆ ناوچەکانی (قندیل، هاواری تالە گوزیان) تۆپباران کرد.**

**ز- لە ڕۆژی (2007/8/18) سەعات (3:00) عەسر ناوچەکانی (گۆمی کرمە سورانی، بەردنازێ، قەندیل)ی تۆپباران کرد.**

**ح- لە ڕۆژی (2007/8/18) سەعات دووی پاش نیوەڕۆ ناوچەکانی (قندولو بسێ، بلك، بێ ترخێ، چیای تەوردازە، بەری شینکایەتی) بۆردومان کرد.**

**گـ- لە ڕۆژی (2007/8/21) سەعات (11:00) بەیانی ناوچەکانی (قندیلو گوندی سەرشیو، فروشگای ئەشکەنە)ی بۆردومان کرد.**

**ی- لە ڕۆژی (2007/8/22-21) سەعات (1:00) شەو ناوچەکانی (پشتی قرناقە، تەنگی سلیمان، گورتی سوێی) تۆپ باران کرد.**

**ك- لە ڕۆژی (2007/8/22) سەعات (1:00) پاش نیوەڕۆ (گوندی هاواری کانی زەنگەنە، وناوچەکانی سەروی قەندیل)ی بۆردومان کرد.**

**ل- لە ڕۆژی (2007/8/23) پاش نیوەڕۆ ناوچەکانی (قندیل، پشتی سینەمۆکە، قرناقە، پشتاشان)ی تۆپ باران کرد.**

**م- لە ڕۆژی (2007/8/24) سەعات (3:00) پاش نیوەڕۆ ناوچەکانی (قندیل، پشتی سینەمۆکە، قرناقە، کورتی سوێ، گۆمی کرمە سور، هاواری کانی زەنگەنە)ی تۆپ باران کرد.**

**ن- لە ڕۆژی (2007/8/25-24) سەعات (12:00) شەو ناوچەکانی (پشتی قرناقە، سینەمۆکە)ی تۆپ باران کرد.**

**2- ناوچەی حاجی ئۆمەران:**

أ- له ڕۆژی (2007/8/8) سەعات (10:00) بەیانی ناوچەکانی (بەردوناز، وەرشانکە، دۆڵی سێبەر)ی تۆپباران کرد.

ب- له ڕۆژی (2007/8/10) سەعات (10:00) بەیانی ناوچەکانی (بەردوناز، وەرشانکە، دۆڵی سێبەر)ی تۆپباران کرد.

ج- له ڕۆژی (2007/8/15) ناوچەکانی (مێرگە درێژان، واربلّند)ی تۆپ باران کرد.

د- له ڕۆژی (2007/8/16) سەعات (11:00) شەو ناوچەکانی (بەردوناز، وارشانکە، بەردی گیایی، کانی قوتان، گۆران)ی تۆپباران کرد.

هـ- له ڕۆژی (2007/8/17) سەعات (10:00) بەیانی ناوچەکانی (بەردی شەش سپی، وارەگورگ، کوزانۆ، کەلکەش)ی بۆردومان کرد.

و- له ڕۆژی (2007/8/21) سەعات (11:00) دووبارە ناوچەکانی (بەردی شەش سپی، وارەگورگ، کوزانۆ، کەلکەش)ی بۆردومان کرد.

ك- له ڕۆژی (2007/8/24) سەعات (10:00) شەو ناوچەکانی (بەردی شەش سپی، وارەگورگ، کوزانۆ، کەلکەش)ی تۆپ باران کرد.

ز-له ڕۆژی (2007/8/24) سەعات (11)ی شەو ناوچەکانی (بەردی شەش سپی، وارەگورگ، کوزانۆ، کەلکەش)ی بۆردومان کرد.

م- له ڕۆژی (2007/8/25) سەعات (12:00)ی نیوەڕۆ و(11:00) شەو لەهەمان ڕۆژ ناوچەکانی (سەرسەل، کۆدۆ، کوزانی، کەلکەش، مێرگی حارس ئاغا، وارەگەورە، بەردی جیایی)ی تۆپ باران کرد.

3- ناوچەی پێنجوێن:

لە رۆژی (2007/8/23) سەعات (6:00)ی بەیانی گوندی جۆمەسیو ناوچەکانی کانی حەفیو چاڵەدێم، چیای بەردباپیر، چاوگی چەڤانی) تۆپ باران کرد.

دووەم: تۆپ بارانی تورکیا:

أ- له ڕۆژی (5-2007/8/6) لە کاتژمێر (12:30) ناوچەکانی (گەلی خواکورك، شێخان، سپیاز، بریالێو، خەزنە، ئەلوش)ی تۆپباران کرد.

ب- لە رۆژی (17-2007/8/18) کاتژمێر (8:00)ی ئێوارە چیای کێکینو چیای گلی ڕەش، گوندی کانی ڕەش، ناحیەی سیدەکان لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای تورکیاوە تۆپباران کران.

ج- لە رۆژی (2007/8/18.17)ی پاش نیوەڕۆ ناوچەکانی (خنێرە، لۆلان، سورە زەوی) بۆردومان کرد.

د- لە رۆژی (2007/8/15) ی پاش نیوەڕۆ ناوچەکانی (بەهنونەو کۆمەڵگای نایە درکی)ی بۆردومان کرد.

ئەنجامەکانی ئەم تۆپبارانە لەلایەن لەشکری ئێرانو تورکیا:

1- برینداربوونی ژمارەیەك لە هاووڵاتیان.

2- ئاوارەبوونو کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان بۆ ناوچەکانی تر.

3- پێ گەیاندنی زیانێکی مادی گەورە بەم ناوچانەو گوندەکانیو بەرهەمە کشتوکاڵیەکانو ماڵو موڵکی هاووڵاتیان.

ئەم تۆپ بارانە کە ڕووبەڕووی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق بویتەوە کە بەتایبەتی ناوچە ئارامەکان، کە خەڵکی سڤیلی تێدا دەژین دەبێتە مایەی:

1- پیشێل کردنی سەروەری عێراقو هەلسوکەوتێکە کە بە هیچ جۆرێك ناگونجێ لەگەڵ پەیوەندی پێویستو مێژوویی نێوان گەلانی ئەم وڵاتانەو هیوایان بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیەکان بە جۆرێك کە بەرژەوەندیە هاوبەشەکان جێبەجێ دەکات.

2- سەرپێچیەکی ڕوونە بۆ پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیو میسافی وڵاتە یەکگرتووەکان.

3- پیشێلی سەروەری وڵاتێکی دراوسێیە کە ئەندامە لە وڵاتە یەکگرتووەکانو پیشێلی پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی باشو دروست.

4- پووچەل کردنی بێ پاساوی ئەم پرەنسیپانەیە کە پەیوەندیە چاکەکان لە سەریان بنیات دەکرێن لە نێوان دەوڵەتە دراوسێیەکان ئەمەش دەبێتە مایەی زیان پێ گەیاندن بە ئایندەی ئەو میللەتانە کە لەم وڵاتانەدا دەژین.

5- تێکدان و هەڕەشەیە بۆ ئاشتیو ئاسایشی ئەم ناوچەیە، کە جێگای بایەخی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە.

بۆیە ئێمەش لە لیژنەی کاروباری ناوەخۆ پێشنیارەکانی خۆمان بەم شێوە پێشکەش دەکەین:-

1- داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ دابین کردنی پێداویستە تایبەتیەکانی ئەم خێزانانەی کە ئاوارە بوون و قەرەبوو کردنیان.

2- داواکارین لە حکومەتی هەرێم کە باشتر ئاسایشی سنوورەکان بپارێزیت بۆ پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان، بە شێوەیەك کە ئەم سنوورانە نەبنە مایەی دروست کردنی گیروگرفت بۆ خۆمان و بۆ خەڵکانی تر.

3- پێشنیارمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکات کە ئەم بابەتە بنێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی گونجاوو کار کردنی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بۆ ڕاگرتنی ئەم دەستێوەردانە و چارەسەر کردنی کێشەکان بە ڕێگای چاودێری کردنی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان.

4- پێویستە لەسەر هەموو لایەنە فەرمیەکانو هێزە سەرەکیەکان لە هەرێم هەموو ئامرازە ئاشتیەکان بەکار بهێنن بۆ قەناعەت پێهێنان بەم دوو وڵاتە، تاکو واز بهێنن لەم کردەوانە کە چارەسەری کێشەکان ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتریان دەکات، دەبێ پێکەوە کار بکەین بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشە ئاڵۆزانە بە چاکترین شێواز، لەگەڵ ڕێزماندا..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تۆپبارانەی ئێستای تورکیاو ئێران دەستی پێ کردووە لە سنوورەکانی کوردستان، وەکو لە راپۆرتەکەدا هاتبوو، بەتایبەتی ئەو مەنتیقانەی کە هیچ هێزێکی پێشمەرگەی بە پێویستی تیا نییە، قوەتی چەکداری تیا نییە، ئەوانە زۆربەی زۆریان خەڵکی گوندنیشین و ئەوەی لە مەنتیقەی کوێستانەکان، ئەم تۆپبارانەی ئێران بە بڕوای من تەنیا عیلاقەی بەوە نییە، ئەگەر خەڵکێك هەبێت بیکاتە ئەم تۆپبارانە، ئەمە ئیتیفاقێکی عەسکەرییە لەنێوان تورکیاو ئێراندا، هەرکاتێك ویستیبان ئەوان دەست درێژیان بۆسەر خاکی

کوردستان کردووه، ئەو دەست درێژییەی ئەوانیش موقابیل بەوەیە، کە دەزانـن ئێمـە خـەڵکی دراوسـێیەکی زۆر چاکین، دەزانن دراوسێیەکین زەرەرمان بۆیان نییە، دەزانن دراوسێیەکین هـیچ کاتێـك مەشـاکیل بۆیـان دروست ناکـەین، بـەلاَم ئـەوان موقابیـل بـەو چاکەی ئێمـە تۆپبارانمـان دەکـەن، مـن بەڵگەیـەکم لەلایـە کـە ئێرانیەکان، نەك هەر ئەمجارە ئەمساڵ تۆپبارانیان کردووە، ئەو کاتەی ئەوان تۆپبارانیان کرد پـایزی سـاڵی 1993 ئەوان قەسفێکی بە شدەتی مەنتیقەی پێنجوینیان کرد، زۆربەی زۆریان مەنتیقەکەیان چـۆڵ کـرد، خەڵکی تر زۆر زەرەری کرد، ئێمە ئەو کاتە بۆ پەیامنێرەکانی (BBC) زۆر بەباشی شەرحی ئەومان کـرد، حەوت کیلۆمەتریش ئەو کاتە ئێران تەجاوزی قوەتی عەسکەری کردو هاتە سەر خاکی ئێمە، ئەوان خۆیان بڕوایەکیان هەیە، ئەگەر تورکیا بیەوێت گوللەیەك بکاتە کوردستان، ئەوانەش لەوە دەچـێت بـە حـەزەرەوە گوللە بگرن، ئەگـەر تورکیـا تۆپێـك بتـەقێنێ، ئـەوان بـە تـەمان دە تـۆپ بتـەقێنن، ئەگـەر تورکیـا بیـەوێت دەبابە بێنێت، ئەوان دە دەبابە بنێرن، ئـەوە دیـارە ئیتیفاقیـەکی سیاسـی هەیـە لـەنێوانیان بەڕاسـتی، دەنـا عیلاقـەی بـەو دەنگوباسـەوە نییـە، کـە گوایـە لـە حـدودەکان خـەڵکێکی چـەکدار هەیـە، ئیزعـاجی دروسـت دەکات، چونکە ساڵی 1993 هـیچ کەسـێك نـەبوو، ئـەوان ئـەو هێرشـەیان کـردو مەنتیقەکەشـیان تۆپبـاران کرد، دەیانویست هێشتا بێنە پێشتر بۆ سنوورەکانی دیکەی نزیکی موحافەزەی سلێمانی، جمهوری ئیسلامی ئێران بەنیسبەت موحافەزەی سلێمانیەوە زۆر جار ئەوان لە قسەکانیان وا دەکەن، کە گوایە ئەو مەسـەلەیە کەسێکی عەسکەری بێت ئەو قەرارە بدات، بەس وا نییە، چونکە سـنووری موحافـەزەی سـلێمانی رەبتـە بـە چوار قەزای گەورەی کوردستانی ئێرانەوە کە بریتییە لە سەردەشت و لە بانە، لە مەریوان لە پاوە، لە هـەر چـوار قەزاکـەش قەسـف کـراوە، قەسـفی هـەر چـوار مەنتیقەکـە کـراوەو خەڵکەکـە زەرەری زۆری کـردووە، مەسەلەی تۆپبارانی تورکیا عیلاقەی بەوە نییـە، کەگوایـە کۆمـەڵێ خـەڵکی چـەکدار لـە مەنتیقەکـەدا دژی ئـەوان وەسـتاون، ئەمـە هـیچ ئەسـڵ و ئەساسـێکی نییـە، چـونکە لـە کوردسـتانی ئێمـەوە هـیچ تـەجاوز نەکراوەتەوە سەر خاکی ئەوان، هیچ تەعدایەکیان لێ نەکراوە، هیچ کەسێك هەماهەنگیەکی نەکرد، چونکە ئەگەر ئەوان سادەترین دەلیلیان هەبوایـە، کـە لـە کوردسـتانی عێراقـەوە هێـرش دەکرێتـە سـەر ئـەوان، بـە تەئکید سەد جار بلاَویان دەکردەوە، هیچ دەلیلێکیان نییە، تـەنها ئـەو مەسـەلەیە، مەسـەلەیەکی سیاسـییە، بۆیە پێویستە حکومەتی عێراقی بە دەرەجە یـەك بەرامبـەر بـەم کـارە مەسـئوول بێـت و ئیتیفـاق لەگـەڵ ئێران و تورکیا بکات، نەك بۆ ئەوەی بێنە ناو خاکمان، بۆ ئەوەی بـەرگری لـەو هێرشـە بکـەن ، لـە لایـەکی دیکەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی مەسئوولە لە پاراستنی ئـەمن و ئاسایشـی خەڵکەکـەو دابـین کردنـی رێگـەو جێگـە بـۆ ئـەو خەڵکانـەی کـە لێیـان قـەوماوە، بەتایبـەتی وەرزەکـە بـەرەو سـەرما دەچـێت، مەنتیقەکەی ئەوانیش هەمووی کوێستانییە، ناتوانن بگەڕێنەوە رێگەو شوێنی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە جەنابت بە تەفسیل چوویە ناو مەسەلەکان، ئێمە زۆر بە موختەسەری باسی مەسەلەکان دەکەین، دیارە ماوەیەکە هێزەکانی سوپای تورکیاو هێزەکانی سوپای ئێران بە توندی ناوچەکانی سنووری کوردستان تۆپباران دەکەن، رۆژ بە رۆژ پانتایی ئەو تۆپبارانە فراوانتر دەبێت، وای لێهاتووە ئەو تۆپبارانە هەر لە سنووری زاخۆیەوە تا سنووری گەرمیان بگرێتەوە، ئەم تۆپبارانە بۆتە مایەی گەیاندنی زەرەرو زیانێکی زۆر بە هاوولاتیانی سەر سنوورەکە ، وای کردووە کە هاوولاتیانی سەر سنوورەکان دەر بەدەر بکرێن و ئاوارەی ترمان بۆ پەیدا ببێت، بۆتە مایەی ئەوەی کە دێهاتەکانی خۆیان بەجێ بێلن و دەربەدەر بن، ئەم کارە ناڕەوایە بە حەقیقەت بۆتە جێی ناڕەزایی و گلەیی و گازاندەی سەرجەم جەماوەری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، جەماوەرو هاوولاتیانی سەر سنوورەکان بەشێوەیەکی تایبەتی، من بە حەقیقەتدا ئەم کارە بە کارێکی ناڕەواو نایاسایی و نا مرۆڤانە دەزانم، لە هەمان کاتدا بە کارێکی وای دەزانم کە تەجاوزە لەسەر سەروەری عێراق بەشێوەیەکی گشتی، سەروەری هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی تایبەتی، کە پێویستە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێتن ئێمە هیوامان وابوو لە ئێران و تورکیا کە هاوکارمان بن پێکەوە بۆ پاراستنی ئارامی و ئەمنی سنوورەکان، نەهێڵین هیچ گروپێکی چەکدار لێرەو لەوێ تەجاوزی سنوورەکان بکاتن، هیوامان وایە کە پەیوەندی دۆستایەتی و دراوسێیەتی تازە بکرێتەوە، هەر چەندە ئێران و تورکیا هەڵوێستی پێشوویان هەبوو لەگەڵ ئێمە کە بە هەڵوێستی ئیجابی لە قەڵەم درا بوو، ئێستاش هیوامان وایە هەمان هەڵوێستیان هەبێت لە ژێر سایەی عێراقێکی فیدراڵدا، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، کە موزەکەرەیەك ئاراستەی پەرلەمانی عێراق بکات، ئیدانەی ئەو کردەوەیە بکات، داوا بکات لە پەرلەمانی عێراقی، لە حکومەتی عێراقی بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بەشێوەیەکی سیاسیانە، بە رێگای دیبلۆماسی چارەسەری ئەم کێشەیە بکاتن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك تارق جامبار فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانی کاك شێروان دووبارە ناکەمەوە، لەگەڵ هەموویانم سەد لە سەد، ئێمە دەبێت ئەوە بزانین پێش چەند رۆژێك بڕیارێکی UN دەرچوو (1770)، بۆ ئەوەی ولاتانی دراوسێی عێراق بارودۆخ هێور بکەنەوە، بەداخێکی زۆرەوە پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە لە UN تۆپبارانەکە زۆرتر کرا، دەبوایە ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ کۆماری عێراق و حکومەتی کوردستان وتوێژیان بکردایە، بە وتوویژ چارەسەری ئەو کێشانە یان بکردایە، من پێشنیار دەکەم بیرخەرەوەیەك وەك کاك شێروان باسی کرد بکرێت و بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار، بەلام من چەند بڕگەیەك هەیە لە بیرخەرەوەکە تێدا بێت، لایەنی تەندروستی، ژمارەی قوربانیان و بریندارانی تۆپباران کردنەکە، ناویان و تەمەنیان و رەگەزیان، لایەنی کشتوکاڵ، ئەو

زەرەرو زیانەی لە خەڵکی سڤیلی کوردستان کەوتووە، ژمارەو پێوەری زەوی کشتوکاڵیەکان و ئەو مەڕو ماڵاتانەی کوژراو و بریندارن، ناوی ئەو گوندانەی کە چۆڵ کراون، چونکە ئەمڕۆ دیکۆمێنت قسە دەکات، نەك بڵێین ئەوەندە کەسە، یان ئەوەندە گوندە، لایەنی ناوخۆ و ئاسایش جۆر و کاك کەریم بە سوپاسەوە باسی هەندێکی کرد، جۆر و ژمارەی گوللە تۆپەکان لەسەر کوردستان، پاراستنی ئەو گوندانەی کە چۆڵ کراون کەسی تیا نەماوە، کاك کەریم باسی کرد هەندێك کەسی تیا ماوە بۆ پاراستنی سەروماڵ، بەلاَم ئەو گوندانەی چۆڵ کراون نەوەکو خەڵکی نەیار بێنە ناو ئەو گوندانەو بیکەنە بنکەیەك، لایەنی کۆمەلاَیەتی، پێویستە ژمارەو ناوی ئاوارەی گوندە چۆڵکراوەکان بنووسرێت، ئێستا لەکوێن و پێویستە حکومەتی کوردستان بەزووترین کات وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ حکومەتی کوردستان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، بۆ ئەوەی کۆمەك و یارمەتیان بدات، لایەنی پەروەردەیی، ژمارەیەکی بەرچاو کە لەو گوندانەی چۆڵ کراون وەك کاك عوسمان باسی کرد (400 تا 500) خێزان دەبێت، ژمارەیەك لەوانە قوتابین‌و خوێندن دەست پێ دەکاتەوە، پاش ماوەیەك دەبێت ئەوانە ناویان بنووسرێت، بۆ ئەوەی لە خوێندن دانەبڕێن، ئەگەر بێتو ئێمە بە دیکۆمێنتی بە ژمارە، ئەو ژمارانەی کە باسم کرد، دەتوانین پێشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار بکەین و دوا خاڵیش ئەوەیە کە بەزووترین کات وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان سەردانێکی ئەو ئاوارانە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە چەند خاڵێکدا چەند قسەیەکم هەیە، یەکەمیان/ ئەو تۆپبارانەی کە زەرەرو زیانی بە خەڵکی کوردنیشین و سنوورەکان داوە، دیارە پێشێلکاریەکی سەروەری عێراق و کوردستانە بەشێوەیەکی گشتی بە شتێکی خراپی دەزانین، بەلاَم دیارە هەڵوێستی ئێران لەگەڵ خەڵکێکی تر جیاواز بووە، بەوەی کە تەعامولی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبووە تەعامولێکی سیاسیانەی هەیە، بەلاَم خەڵکی تر ئامادە نەبوون، کە تەعامولێکی سیاسی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، لە کاتە ناسکەکانیشدا ئێران هاوکاری کورد بووە، بۆیە ئێمە دەبێت بە بەرپرسانە تەعامول بکەین و قسەی توندو تیژو ئەوانەمان نەبێت، داوا لە ئەوانیش دەکەین کە موڕاعاتی دراوسێیەتی بکەن، وەك چۆن لە رابردوودا لە زۆر هەڵوێستدا باش بوون لەگەڵ کوردی کوردستانی عێراق، ئەوهاش چاوەڕوانی لێ دەکەین.

دووەمیان/ هەوڵ بدەین لە رێی وتووێژ و دیبلۆماسیانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر پێویست بکات حکومەتی عێراقیش لەگەڵ ئێران و لەگەڵ تورکیاش، ئەگەر تورکیا ئامادە بێت چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت.

سێیەم/ مەسەلەی پەژەکیش (پەکەکە) ئەوەی لەسەر سنوورەکانن، بۆ نموونە ماوەیەك لەوەو پێش لە پشتی قەلاَدزێ سەردانی چەند گوندێکمان کرد، دیارە قوەتێکی زۆری پەکەکەی لێیە، ئەو بەشەی کە نەشاتاتی عەسکەری بۆ ئەودیو دەکات، ئەوە واقیعێکە هاتوچۆی شارەکانیش دەکات با قسەیەکیش لەگەڵ

ئەوانیش بکرێت، ئەوانیش ئەو بارە ناسکەی کوردستان لەبەر چاو بگرن و موراعاتی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتەی کە باس کرا لەڕاستیدا هەموومان ئیدانەی ئەو دەست تێوەردانەی دەکەین، بەلاَم من پێم باشە بۆ ئەوەی هەر باسەکە ئەوە نەبێت و تەواو بێت، دوایی ئاسەوارەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەسبابی ئەم پەلامارادانە، هۆکارەکانی ئەم پەلامارادانە دیاری بکەین، هەروەکو لیژنەی ناوخۆ دیاری کردووە، بێگومان ئەمە کاردانەوەیە، نەك کار، ئەوەی کە جەنابت باست کرد مەسئوولیەتی هەرێمی کوردستانەو حکومەتی عێراقە، ئێمە بچین بە دەمیەوە، ئەوە کە رووی لە جمهوری ئیسلامی دەکات، روو لە تورکیا دەکات راستەوخۆ لە رێگەی عێراقی فیدراڵەوە لەگەڵیان باس بکرێت، بەلاَم من دەڵێم بە جیددی ئێمە پێویستە خەم لەناو ماڵی خۆمان بخۆین، بەشێکی زۆر ئێمە سەبەبین، ئێمە راستەوخۆ ئەو لایەنانەی تەئسیریان هەیە لەسەر ئەو حاڵەتەی کە دروست بووە لەگەڵیاندا قسە بکەین، لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە لایەنێکی دەرەکی نییە، کە بڵێی داگیرێکی سیاسی لە کوردستاندا هەیە، ئێمە سەبەبەکان دیاری بکەین، دواتریش لەگەڵ ئەوانەدا باسی بکەین، چونکە دەبیسترێت و بیستراوە لە چەند کەناڵێکەوە، دەڵێن ئێمە دەمانەوێت ئەمە بکەین، بۆ ئەوەی بەرامبەرەکە قسەمان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی بزانن ئێمە بۆچی وا دەکەین، جا داوام وایە لە حکومەتی هەرێم، هەروەها پەرلەمان بە جددی ئەسبابەکان دیاری بکەین، پەرلەمان بچێت بەدەم چارەسەر کردنی ئەسبابەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشەکی ئیدانەی ئەو تۆپبارانەو هەموو ئەو جۆرە دەست درێژیانە دەکەین، بە رەئی من پێویستە هەردوو ئەم دەوڵەتانە لە جیاتی ئەوەی بەم شێوەیە تەعامول لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بەشێوەیەکی چاکتر، بەشێوەیەکی دۆستانەو پەیوەندی برایانەو باشتر بیان کردبوایە، خۆ ئەم دەوڵەتانە بەتایبەتی ئێران لە چەند وێستگەیەکی رابردووی با بڵێین نزیك، یاخود کۆنیش لە چەند وێستگەیەکدا پەناگەیەکی باش بوو بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو نەتەوەکانیەوە، بەلاَم ئێستا ئەو شتانەی کە دەکرێت لەلایەن هەردوو ئەم دەوڵەتانەوە، بەڕاستی وەکو برادەرانیش باسیان لێ کرد، منیش تەئکید دەکەمە سەر ئەو خاڵەی کە هۆکارەکانی ئەم دەست درێژیانە چین، هەڵبەتە دوو هۆکار هەن، هۆکاری ناوەکی و هۆکاری دەرەکی، هۆکارە ناوەکیەکە هەر ئەوەیە، هۆکارە دەرەکیەکەی کە دەست

درێژی دەکاتە سەر ئەم هەرێمەو، دەیکاتە بیانوویەك و دەیکاتە ئامانجێك بۆ تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکان، بە رەئی ئێمە دەبێت ئێمە چی بکەین.
یەکەم/ دەبێت هەمووومان، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی ئەم دەست درێژیانە بکەین و هەموو خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی لایەنەکانی تریشدا ئەم دەست درێژیانە ئیدانە بکرێت و داوا بکرێت کە چی تر دووبارە نەبێتەوە.
دووەم/ بەهێز کردنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، نابێت بە هیچ شێوەیەك نە ڕێگا بدرێت، نە موساوەمەش بکرێت بەرامبەر ئەو خەڵکانە، ئەو لایەنانە کە دەبنە هۆی ئەوەی دەست درێژی بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان، جا هەر یەکێك بێت، هەر ناوێك بێت، هەر لایەنێك بێت.
سێ/ ئێمە وەك بەشێك لە عێراق، بەڕاستی دەبێت عێراقیش قورساییەکی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێمە لە هەموو شتێکی بچووك و گەورەدا، ئێمە دەڵێین بەشێکین لە عێراقدا، ئایا عێراق بۆ باسی ئەوە ناکات؟ عێراق بۆ پشتگیری بیرو باوەڕو بیرو بۆچوونی خەڵکی کوردستان ناکات؟ عێراق بۆ هەڵوێستێکی نەبێت؟ ئێمە داوا دەکەین لە پەرلەمان، لە ڕێگەی پەرلەمان، لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە عێراق بکرێت، بۆ ئەوەی ئەویش دەوری جددی خۆی هەبێت، دەوری عێراقییەتی خۆی هەبێت، کە ئێمە بەشێکین لە عێراقدا، نەوەك دەستە وەستان بێت و تەماشای ئەو هەموو شتانە بکاتن کە بەسەر ئێمەوە بکرێت.
خاڵێکی تر/ ئێمە یاداشتنامەیەك بدەینە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە پارچەیەکین لە عێراق، عێراقیش دەوڵەتێکە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەروەها دەوڵەتانی بڕیار بەدەست، ئێمە کە ڕێکخراوەکانی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ، هەموو دەبێت یاداشتنامە بدرێتە ئەوان، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەڵوێستێکیان هەبێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەم مەسەلانە دووبارە نەبێتەوەو، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، گەلاوێژ خان فەرموو.
**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوەی برادەران باسیان کرد ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و تۆپباران کردن لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە، ئێمە هەمووومان ئاگادارین کە عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەوەزعێکی نائارام دایە، تا ئێستا هەرێمی کوردستان لە وەزعێکی ئارامدا بوو، ئێستا لەماوەی ئەو دوو مانگەدا بۆتە هۆی ئەوەی نائارامی وەزعەکە، من تەئیدی قسەکانی جەنابت دەکەم کە لە پێشەوە باست کرد، کە بە سەدان خێزان ئاوارە بووینە، ئەوانەی لە ناوچەکانی سنووری عێراق و ئێرانن، هەروەها کە بۆتە زەخمێك لە ناو کوردستاندا لەماوەی رابردوودا لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و جنوبی عێراقەوە خەڵکان ئاوارە دەبوون بۆ ناوچەکەمان، ئێستا لەناوچەکەی خۆمان خەڵکمان ئاوارە دەبێت، بەنیسبەت پێشنیارەکان، تەئیدی لیژنەی ناوخۆ دەکەم بۆ ئەو بڕیارانەی داویەتیو، پێشنیارەکان پێشکەش بە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بکەن، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسەكانم بە پرسیارێك دەست پێ دەكەمو ئاراستەی حكومەت دەكەم، سەردانەكەی ئەو دواییەی بەڕێز مالكی بۆ توركیاو ئێران، مۆر كردنی پرۆتۆكۆلێك لە لایەنیان، ئایا حكومەتی هەرێم ئاگاداری ئەو پرۆتۆكۆلەیە، یان نا؟ وەك راپۆرتە سیاسیەكان ئاماژەی پێ دەكەن ئەم پرۆتۆكۆلانە درێژەدانە بە رێككەوتنە كۆنەكانی رژێمی كۆن لەگەڵ توركیا، كە مەجال دەداتە توركیا بێتن، ئەگەر ئەوە بێتن، دەبێت كوردستان هەڵوێستێكی هەبێتن بەرامبەر حكومەت، چونكە كوردستان ئەمڕۆ پاڵپشتی بەغدایەو موعارەزەی بەغداش هەر لەناو بەغدا دایە، ئەمە یەك.

دووەم/ ئەوەی ئێستا دەبێتن تەجاوزە لەسەر سیادەی دەوڵەت، بەداخەوە دەوڵەتی عێراقیش هەڵوێستی تا ئێستا لاوازە، تەنها ئەمە نابێتن ئیدانەو ئیستنكار بكەین، بەڵكو دەبوایە بانگهێشتی هەردوو سەفیری ئەو دوو وڵاتە كرا بوایەو ئیحتیجاجیان تەقدیم كرد بوا، شكایەتیان لە لای یوئێن كرد بوایە، بەتایبەتی ئەو بڕیارە ئەخیرەی كە لە یوئێن دەرچووە (1770) كە داوا دەكاتن هەردوو وڵات دەوری ئیجابی بگێڕێن، ئەمە لەلایەك، لە لایەكی دیكەوە، ئێمە داوای یاساكانی دەولی دەكەین، دەبێت ئێمەش بزانین و ئێمەش مەشمولی ئەو یاسایانەین، كە داوا دەكەین لەو هەردوو وڵاتانە پابەند بن بە قەوانین دەولی، ئێمە پابەند بین، بۆ رێكخستنی موعارەزەی ئەو دوو وڵاتە لەناو هەرێمدا، بە تەسەوری من تەجروبەی دیموكراتی ئێران باشترین تەجروبەیە كە خزمەتی هەرێمی كوردستانی كردووە، ئێمە ئێستا لە حاڵەتی ئاوەدانكردنەوەینە، نابێت هەموو ساڵ خەڵك بگەڕێنەوە گوندەكان نەفسی ساڵ تۆپباران بكرێن و بگەڕێنەوە بۆ شارەكانی تر، ئەو عەمەلیە سەركەوتوو نابێتن خەڵك لە جێگای خۆی دەمێنێتن، هەڵوێستی حكومەتی هەرێم بە تەسەوری من نابێت هەر داوای كۆمەك لە خەڵك بكاتن، لە میزانیە دەبێت بۆ تەواری شتێكیان هەبێتن، لەو حاڵەتەی كە خەڵك هەڵدێن، دەبێت حكومەت ئامادەی ئەوە بێتن هاوكاریان تەقدیم بكاتن، گفتوگۆ زەروریە لەگەڵ ئەم وڵاتانە، ئێمە لەگەڵ پێشنیارەكانی لیژنەی ناوخۆینە، كە بۆ پەرلەمانی عێراق و حكومەتی عێراق موزەكەرە تەقدیم بكەنو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك باپیر كاملا فەرمووو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان كە ئاوڕ بدەینەوە لەو چەند ساڵەی رابردوو، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان پێكهاتووە لە دوای ساڵی 1991دا رزگار كردنی بەشێكی گەورەی كوردستان، ئەگەر ئاوەڕ بدەینەوە چەند جارێك لەلایەن توركیاو ئێرانەوە، پێش ئەوەی هیچ بیانوویەكیان هەبێت دەست درێژیان

کرد بێتە سەر ئەو سنوورەو تۆپبارانیان کردووە، لەو دوا بەدوایشدا پێش ئەوەی کە هەندێك لە برادەران باسیان کرد کە هەندێك فاکتەری ناوخۆ بووە، نەخێر ئەوە هیچ فاکتەرێکی ناوخۆیی نەبووە، هیچ هۆکارێك نییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان خەڵکی کوردستان ببنە سەبەبی ئەوەی کە کاردانەوەیەك هەبووبێت، لە ئەنجامی کاردانەوەی ئێران رەچاو بێت ، ئەو بیانوویە پێشتر ئەگەر دیقەت بدەین چەند پێشمەرگەیەکی پاسەوانی سنووریان شەهید کرد، لە سنووری پێنجوین و لەوانە، پێش ماوەیەك ئەو هێزانە لە کوێ هاتبوون، لەناو ئێرانەوە هاتبوون ئەوانەی کە ئەو کارەیان ئەنجامدا، چەند کارێکی تر ئەنجام دراوە، لێرە ئامانجی ئێران کە تۆپباران دەکات، من پێم وایە ئامانجەکە ئەوەیە کە ئەو مەنتیقەیە چۆڵ بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی تر شوێنیان بگرێتەوە، کە خەڵکی تر شوێنی گرتەوە، ئارامی کوردستان تێك دەچێت، من پێم وا نییە ئەوە بە تەنیا دەست درێژ کردن بێت بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان، ئەوە دەست درێژی کردنە بۆ سەر هێزی فرە رەگەز کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات، چونکە ئەمریکیەکان بەرپرسن لە پاراستنی سنووری عێراق بەشێوەیەکی گشتی و لە هەر هێرشێکی دەرەکی لە دوای نەمانی سوپای عێراقی، هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراقی پێشوو، سوپای عێراقی ئێستا وەکو پێویست پێك نەهاتووە، بتوانێت ئەو سنوورە بپارێزێ، کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، پاراستنی سنوورەکان لە ئەستۆی ئەمریکیەکانە، لە ئەستۆی هێزی فرە رەگەزە، ئەوانیش ئەو بێ دەنگیە، من لێرەوە بە نیگەرانی دەڕوانمە ئەو بێ دەنگیەی ئەمریکیەکان و هێزی فرە رەگەز، چ تۆپباران کردنی تورکیەکان، چ ئێرانیەکان، من پێم وایە بێ دەنگی ئەوان ئێرانیەکانیشان هاندا بێت هەمان رێگەو شوێن بگرن، ئامانجیشیان تێکدانی ئەو ناوچەیە، ئارامی ئەو ناوچەیە، نەك ئارامی ئەوەی کە هەندێ لە برادەرانمان ئاماژەیان پێ کرد هۆکارێکی تر بێت، تێکدانی ئەوەییە، هەم وەکو نموونەیەك بۆ ئاسایش، وەکو نموونەیەکی مەنتیقەیەکی ئامن پیشانی دەدات، بەتایبەتی لەناوەندی نێودەوڵەتی کە ئەمریکیەکان پێشانی دەدەن، یان لەناو خۆشیان پیشانی دەدەن، کە کوردستانە ئەوەش تێك بدەن، زیاتر ئامانجەکە لەوەیە، من پێم وایە نەك هەر ئەوەیان کردووە، شتی تریشیان کردووەو لێرە دەگرنە بەر، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هەموو شتێك پارەیەك تەخصیص بکات لەبەردەست بێت، بۆ هەموو ئەو رووداوانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەو ئاوارە بوونی زیاترو گوندنیشینی زیاتر لەسەرەوە زیاتر یارمەتیان بدرێت.

دوو/ یاداشتنامەکەی ئێمە بەرزی دەکەینەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقی، وێڕای ئەوەش بیدەینە نەتەوە یەکگرتووەکانو داوای قەرەبوو کردن بکەین لە ئێران و لە تورکیا، ئەو زەرەرو زیانانەی لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە کەوتووە، ئەگەر نەدرێتەوە، ئەوە تۆمار دەکرێت، چونکە درێژەی دەبێت، پێم وایە ئامانجیان هەیە ئەو درێژە بوونە بۆ تێکدانی زیاتر.

سێ/ بدرێتە هێزە فرە رەگەزەکان و قسەشیان لەگەڵدا بکرێت، وێڕای ئەوەش کە وتووێژ لەگەڵ ئێرانیەکان و تورکیەکان بکرێت لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من تەئیدی هەندێك لە قسەکانی کاك دیلمان دەکەم، نامانـەوێت باسـی سیاسـەتی ئێـران و تورکیـا بکەین، بەلاَم کوردستان و تەجروبەی کوردستان و هەر یەکە بۆچوونی خۆیان هەیە، هـەر یەکـە بەرنامـەو ئەجندەی خۆشیان هەیە، زۆربەشمان شارەزاین و دەزانین، من بە چەند نوقتەیـەك تـەرکیز دەکەمـەوە سـەر ئەوەی جەنابت قسەیەکی زۆر چاکت کرد، سەد لە سەد کە ئێمە مەسـئوولیمان هەیـە لـەو مەوزوعـە، ئێمـە بێ تاوان نینە، تورکیا ئەجندەی خـۆی هەیـەو دەیـەوێت بـەناوی کـەرکووك و بـەناوی حکومـەتی ئاینـدەی کوردستان و بەناوی کوردی تورکیاو بـەناوی کۆمـەڵێك ئەجنـەدەی هەیـەو هەمووشـتان دەزانـن لـە ئـیعلام، راگەیاندنەکان، کە چەند ساڵە گفتوگۆی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئێرانیش هەمان ئەجندەی خۆی هەیـە، مـن پێم وایە تۆزێـك بـە مەنتیقیانـە قسـەی بکـەین، گوناهیشـە ئەگـەر واقیعانـە قسـە نەکـەین، بـەڵێ ئێـران و تورکیا ئەجندەی خۆیان هەیە، ئێمە میللەتێکین چەند دوژمنانی دەرەوەمان هەیە، دوژمنانی ناوەخۆشمـان پترە، لەماوەی هەشتا ساڵە زیاتر باسی حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراقی دەکـەین، هـەڤاڵ و خوشـك و براینە زیاتر لەنیوەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی مومکینە دۆستی ئێمەنـە، بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە بـە ئاشـکرا دژمـانن، لـەناو مەجلیسـی ریئاسـە دۆسـتمان نییـە، هـەموویان دۆسـتمان نینـە، لەبـەر ئـەوە ئێمـە ئیحتیمالی خۆمان بخەینە سەر پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراقی، وەڵڵاهی ئەمـە هـەر بـۆ سیاسـەت و ئیعلامە، بەلاَم من ئەوە دەڵێم نەتیجەی تەرجوربەی سی، چل ساڵی خۆمان، کە ئێمە کادیری ئـەو حزبانـە بووینەو لەوناو شۆڕش بووینە، حەقیقەتێك هەیە ئەو تەجروبەی کە ئێمە ئێستا هەمانـە تەجروبەیەکـە، کۆرپەیەکە بۆ هەر چوار پارچەی کوردسـتان، هـەموو ئیعلامـیش، هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان، ئەگـەر تۆزێك ویژدانیان هەبێت ئەو واقیعەیان سەلماندووە، ئێمـە دەبێـت داوا لـەو ئەترافانـە بکـەین، بـە جـددیش سەرکردایەتی کورد بێ شەرمانە بە مەعقولانەش، من ناڵێم بە توندو تیژی وەکو ئەوان بـین، بـەلاَم پێیـان بڵێین براینە ئەمە ئایندەی ئێمەش مسۆگەر دەکات، ئێمـە مـەجال بـدەین دوژمنمـان ئەوەنـدە کـەم نییـە، بۆمان زیاد بکەن، ئێمە میللەتێکی زەعیفین، بڵێین ئەمریکا داوای دەکرد وەڵڵا لـە عێراقـەو لەبـەر دەسـتی عێراقە، ئـەمریکا لەسـەرمان بـە جـواب نایـەت، عێـراقیش لەسـەرمان بـەجواب نایـەت، عێـراق پـەنجا سـاڵە شەڕمان لەگەڵدا دەکات، تورکیاو ئێران سیاسەتیان وازیحە، لەبەر ئەوەی من پێم وایە قیادەی سیاسـی کـورد زۆر بە جددی هەوڵ بدات بەو برادەرانە، بەو ئەترافانەی کوردی کە چەکدارن، لەوانەیە کوردستانی ئێـران و کوردسـتانی تورکیـا تێیـان بگەیـەنن کـە تەقـدیری زورڤ ئـەو تەجروبـەی ئێمـە بکـەن، ئەگـەرنا دەبێـت تەعبیرێکی تری بۆ بکەین، دەبێت تەعبیری ئەوەی بۆ بکەین کە ئەوان عامیلێکن، بۆ ئەوەی ئەو تەجروبـە تێك بدەن، ئینجا عامیلێکی نیسبەی چەندە، من نازانم تەقدیری بکەم، چونکە تۆ موبـەریرت دێتـە پـێش، بـۆ موبـەریر دەدەیـت، ئێمـە زەعـیفین بەرامبـەریان، تورکیـا دێـت هجـوم دەکـات ئیحتیجـاج دەکـاتن، دەبـا

ئیحتیجاج بکاتن، بزانن چ تەئسیر دەکاتن، ئێران ئیعلانی کردووە، هەموومان دەزانین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەمریکاو مەسئوولینی ئەمریکا خۆیان دەڵێن قومبولەی ئەمریکییە دێت مودەڕەعاتی ئەمریکی پارچە پارچە دەکاتن، قومبەلەی ئێرانییە دێت مودەڕەعاتی ئەمریکی پارچە پارچە دەکاتن چی پێ ناکرێت لەگەڵی، ئەی بێت گوندەکانی ئێمە بۆمباران بکاتن لەسەرمان بە جواب دێت، لەسەر مودەڕەعاتی خۆی و زابتی خۆی بە جواب نایەت، لەسەر رەزگەزو ماوە دوێ دێت لە ئێران بە جواب دێتن، لەبەر ئەوەی من پێم وایە خۆمان بە خۆمان دابچینەوە، خۆمان موشکیلەی خۆمان حەل بکەین، لەگەڵ ئەو برایانەی خۆمان باشترە بچین حەلی بکەین و لەگەڵیاندا دابیشن و قسەشیان لەگەڵدا بکەین با تۆزێك موراعاتی ئەو تەجروبەی ئێمە بکەن، ئێمە ئەو تەرجروبەیە تێ بچێت، بە تەئکید ئەوە هەر نامێنێت، ئەوە مەعلومە، ئەگەر ئەوان وازیش نەهێنن، ئۆتۆماتیکیەن عامیلێکی موساعیدە بۆ نەمانی ئەو تەجروبەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئێمە دۆستمان زۆرە لە پەرلەمانی عێراقداو ئەکسەریەتین تا ئێستا، ناحەزمان هەیە بە تەئکید ژیان وایە، لە ریئاسەتەکانیشدا هەموو هەر لەگەڵمانن و پشتگیریشمان دەکەن، بەڵام پەرلەمانیش ئازادە رەئی خۆی بدات و جێگای یەکریزییە، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەناوی کوتلەی تورکمانیەوە بێگومان ئیدانەی ئەو تۆپبارانە دەکەین، کە لەلایەن هەردوو سوپای تورکیاو ئێرانەوە دەکرێنە سەر خاکی کوردستانەوە، پێمان وایە ئەو جۆرە تەعامول کردنە، تەعامول کردنێکی نامرۆڤانەیەو قازانج بەوانیش ناگەیەنێت، نەك قازانج بە خەڵکی تر بگەیەنێت، ئەو شتانەی کە گوترا من نامەوێت بەڕاستی دووبارەیان بکەمەوە، بۆیە پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ دەکەین، کە ئەو شتانە بکرێت و بنێردرێتە بەغدا، ئەگەر بکرێت لایەنە پەیوەندارە دەوڵیەکانیش ئاگادار بکرێنەوە لەو مەسەلەیە، چارەسەر کردنی ئەو مەوزوعەو ئیحتیوا کردنی مەوزوعەکە بەشێوەیەك بتوانرێت لە نزیك سەیتەرە بکرێت و زیاتر تەوەسوع نەکرێتەوە، دووبارە ئیدانەی دەکەین و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم، چونکە قسەکانم زیاتر پەیوەندی بە ناوچەی پشدەرەوە هەیە، وەکو شوێنێکی تۆپباران کراو، کە ئێمە خۆمان لەوێ دەژین، دوای دەست پێ کردنی تۆپبارانەکان لە (2007/8/16) ئێمە وەك نوێنەری پەرلەمان لە ناوچەکە لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان لە قەڵادزێ سەردانی خەتی گەناڵمان کرد، ناحیەی هی سێوەو گوندی قندۆل و گەناڵ، لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکەکە

دوایـن و بەسـەرمان کردنـەوە، دیـارە ئـەو زانیاریانـەی لیژنـەی نـاوخۆ باسـیان کـرد دەربـارەی وردەکـاری تۆپبارانە کە، نامەویٚ دووبارەی بکەمەوە، بەلاّم تۆپبارانەکە لە 8/16ەوە دەستی پیٚ کردو لە بەرواری جیا جیادا شازدە هێرش لەلایەن تۆپخانەکانی ئێرانەوە بۆ سەر ناوچەکە کراوە.

بەنیسبەت ئەو زیانانەی کە لـە مەنتیقەکـە کـەوتووە، مەنتیقـەی پشـدەر، برینـدار بـوونی دوو ژن بـەناوی (نەسرین اسماعیل احمد) و (مەنیج خدر احمد)، لەناو چـوونی شەسـت تـا حـەفتا سـەر مـەڕ لـە کوێسـتانی کرمەسوورە، رووخانی چەند خانوویـەك لـە گونـدی قنـدۆڵ و لەناچوونی کەلوپـەلی نـاو ماڵیـان، سـووتانی چـەندان دۆنم پـوش و پـاوان لـە ناوچـەکە، لـەناو چـوونی زۆربـەی رەزو بـاخی گونــدەکان، یـان زیـان پێگەیشتنیان بەهۆی بەجیٚ هێشتنیان، چونکە زۆربەی گوندەکان چۆڵ کراون، زیان پیٚ گەیشتنی بەرهەمی بنێشـت و تـرش لـە کوێسـتانەکان لـە نەتیجـەی ئـەو بۆردومانـە، ئـاوارە بـوونی نزیکـەی (150) مـاڵ لـە گوندەکانی ناحیەی هی سێوە بۆ ناو شاری قەڵادزەو نزیکەی حەفتا ماڵ لە گوندەکانی بناری قەندیلەوە بـۆ ژاراوەو شەروێن، تێکچوونی رەوشی تاقی کردنەوەکانی خولی دووەم لە شـوێنە تۆپبـاران کراوەکـان، هاوکـات خەڵکی ناوچەکە بەڕاستی بەگلەیین لە حکومەتی ناوەندی و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە وەکو پێویست بە دەنگیانەوە نەچوون، تەنها پارێزگاری سلێمانی سـەردانی ناوچـەکەی کـردووەو بڕێـك یارمـەتی خۆراکی بۆ هێناون، هەروەها رێکخراوی مانگی سوورو خاچی سـوورو (unscr)و سـەنتەری رایەلـە کـە بـە تازەیی سەردانی ناوچـەکانیان کـردووە، هـەر یەکـەیان بـەپێی پسـپۆری خۆیـان یارمـەتی ناوچـەکەیان داوە، ئێمە چەند پێشنیارێکمان هەیە وەکو داواکاری خەڵکی ناوچەکە:

1- پەرلەمانی کوردستان داوا لە حکومەتی فیدراڵ بکات، کـە بـە زووتـرین کـات، ئـەو تۆپبارانـە رابگیرێـت، ئەگەرنا پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بیر لە چارەسەر بکەنەوە.

2- بەدەنگەوە چوونی ئاوارەکانی ناوچەکەو دابین کردنی پێداویستیەکانیان.

3- گرنگیدانی زیاتر بە بـواری تەندروسـتی و سـازدانی هەڵمـەتێکی خێـرا بـۆ چـاك کردنـی رێگاوبـانی ئـەو گوندانە، چونکە زۆر سەخت و ناهەموارن.

4- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەردانی ناوچەکەو خەملاّندنی زیانەکانیان، بە مەبەستی قـەرەبوو کردنـەوەی زەرەرو زیانەکانیان.

5- هاندانی هەندێك لە رێکخراوە بیانەیەکان بۆ یارمەتیدانی گوندنیشنەکان، بە مەبەستی چـۆڵ نـەکردنی گوندەکانیان.

لە کۆتاییدا سوپاسی هاوکاری و بەدەنگەوە هاتنی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کە ئـەو دانیشـتنەی سـازدا، لەلای ئێمە چەند زانیارییەك هەیە، ئەگـەر پێویسـت بـوو پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی دەکـەین، وەکو وردەکاری تۆپبارانەکان و بەیاننامەی ئاگادار کردنەوەی خەڵکەکـە بـۆ چـۆڵ کردنـی گونـدەکان لەگـەڵ داواکاری و زیانەکانی خەڵکی گوندی قەندۆڵ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوایێ ئەوانەمان بدێ مەمنونین، کاك ئیحسان فەرمووو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی ئێمە وەکو نووسینگەی دهۆکێ سەردانی دەڤەرا دهۆکێ هاتینە کرن راپۆرتێکی دوورو درێژ حازر کرن، بەس ئاخافتنێ مە پتر ئەوان هاتنە پێشکەش کرنە جەنابێتەو جەنابێ وەزیرێ ناوخۆو هەردووکا پێکڤەو لیژنا ناوخۆ تەفاسیلا ئەو ژی بەحس کرن، ئەز دەمەوێ هەندێ ئیشارەتی تری گرنگ پێ بدەم، ئەو ژی ئەوە کو مەسەلە زێدەگا تورکی بۆ سەر هەرێما کوردستانێ سالا 1983 وەبەردەوامە، بەردەوامی ئەڤ دەڤەرە دێنە قەسف کرن و گوللە باران کرن، فەیرانە تورکیش هەمیشە لەسەر دەڤەرێدا دبوریتن، ئیڤ بلویژی گوندێت دەڤەرا پارێزگا دهۆکێ سەر سنوورا تورکیا تا ئەڤرۆکە یەك گوند نەهاتیا ئاڤەدان کرن، چەندین محاوەلە هاتنە کرن بۆ هەندەك وەحدات هاتینە ئاکنجی نەتیجە رێدانی شەری مابینە گروپی هێزی تورکی لە گۆڕەپانە ململانێ مابینە هەردوو لایەنە خەلکێمە لە گوندێت خۆ بیتە، هەتا ئەڤرۆکە دەبێت نوکە مەنتیقە پارێزگا دهۆکێ لە سەد گوندا بەربانی دانانە نەهاتنیە ئاڤەدان کرن، هەیڤە دوو هەتانوکە پتر (35) گوند دەڤەری کەتینە بەر گوللە تۆپێ لەشکرێ تورکیا، هەروەها زێدەتر جارێکی تر فەیرانێ تورکی زێدە عاسمانێ کوردستانێی کردیە، ڤێ دەمێ چوویە حەفتاو چوار ریدانت قەسف کردنا دەڤەرا پارێزگا دهۆکێ کێ بووینە لەشکری تورکیا، زێدەتر پێنج سەد گوللە تۆپ دەڤەرێ کەتینەو، زێدەتر سی و پێنج گوند هاتنە گوللە باران کرن، ژی بیلی قەسفێك تایبەت رۆژێ (6/7)و لە (7/18) و (8/5) ئەو کەمیاکە گەلەك بە مەزن دەڤەرا گوللە هاتنە باران کرن، ئەو ژمارا گوللە تۆپا رەنگە درست نەهاتیە نزانین، ئەڤ گوندە هەمی خەلکی وان کو چووبنە سەر گوندێ تۆپرەنگێك ئیشرەنگا هاتنە بەر دەڤا ئەو خەلکە ئاوارە بووینە، کێشا ئاوارە بوونا کەرتی ناوە جینی بوونەوە سەر گوندە، ئاڤەدان کردنەوە گوندا پارێزگا دهۆکێ کێشاکە گەلەك مەزنە دەڤەرێکا گەلەك مەزن دەگریتن، بەر هەندێ ئەڤ مەسئوولیەتە دەبیتە سەر وان جیهەتا وێیە پەیدا بوونە کێشەی هەی بەتایبەتی دەولەتا تورکیا گروپێ چەکداری بۆ سەر میللەتێ کوردستانێ عێراقە، ئەڤ خەلکێ ولاتێ تریش لەناو خۆیان دادەنێن سنوورا دەبەزێنن، جارەکا دی ساحەی کوردستانێ ببتە ساحەی ململانێ دگەل هێزا لەشکری، ئەم پێتیڤیا هەلۆێستی حکومەتا عێراقێ فیدرالی گەل هەلۆێستی حکومەتا هەرێما کوردستانێ گەل مەجتەمەعی دەولی، گەل ئەمریکا بۆ دانانە سنوورێکی گرتنەبەرا شێوازی گتفوگۆیا بۆ چارەسەر کردنا کێشەی هەی ناڤبەرا گرووپێن چەکداری ڤان دەولەتا، بۆ هەندێ هێزی هەرێما کوردستانێ بێتە پاراستن، نەبێتە گۆڕی سیستەمێکی ئەجهیزەی دەولەتی هەی نەڤیتە بەسەر کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مەلا ئەنوەر فەرمووو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە وتەكانی بەڕێزت و لیژنەی ناوخۆ دەكەم لە پێشنیارەكانی، من چەند پرسیارێكم هەیە، یەكێكیان ئەوەیە لە وتەی جەنابت و جەنابی وەزیری ناوخۆ ئیشارە بەوە كرا كە هۆكاری هەن ئەو تۆپباران و ئەو شێوازە، ئایا چەند كراوە بۆ نەهێشتنی ئەو كارانە، ئایا حكومەتی هەرێم كاری كردووە بۆ نەهێشتنی ئەو جۆرە كارانە، تاكو چەند جاری تر دووبارە نەبێتەوە، چونكە جاری یەكەم نییە، چەند جارە ئەو شێوازە دووبارە دەبێتە، هۆكارەكانیش دیارن و كاریش كراوە بۆ ئەوە.
پرسیاری دووەمیش ئەوەیە، بۆچی حكومەتی عێراقی فیدراڵ وەكو پێویست هەڵوێستی نییە بەرامبەر بەو تۆپبارانەو، بەرامبەر بە تۆپباران كردنی خەڵكی بێ دیفاعی سەر سنوور.
پرسیاری سێیەمیشم ئەوەیە، ئایا ئێمە باسی گفتوگۆ دەكەین لە خۆمانەوە دەرگا دەكەینەوە بۆ گفتوگۆ، چەند گفتوگۆ هەم لە داخیل و هەم لە دراوسێیەكان حكومەتی هەرێم كردوویەتی و بۆمان باس بكرێت، بزانین ئایا نەتیجەی چی بووەو، بۆ نەتیجە ناگرین، ئێمە هەر لە یەك تەرەف داوای گفتوگۆ دەكەین، ئایا تەرەفی دووەم وەڵامی دەداتەوەو، وەڵامی نەداوەتەوە، ناكرێت گفتوگۆ لەگەڵ هاوزمانانی خۆمان بكەین، بۆ ئەوەی ئەو ئارامی و ئاسایشەی كە لە هەرێمدا هەیە، كە شتێكی وابزانم نوێیە تێك نەچێت و نەبێتە مایەی ئەوەی خەڵكێكی تر بتوانێت بەو هۆكارانە ئارامی هەرێم تێك بداتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو زانیاریانەی كە دەمویست لە راپۆرتەكەی خۆم پێشكەش بە پەرلەمان و سەرۆكایەتی پەرلەمانی بكەم، بەڕاستی بەڕێز وەزیری ناوخۆ كاك عوسمان حاجی مەحمود و لیژنەی ناوخۆ لە راپۆرتەكان، هەموو ئەندامان پێشكەشیان كرد، دووبارەی ناكەمەوە، تەنها دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەكەم/ بەڕاستی حكومەتی هەرێمی كوردستان حەقە زیاتر بەدەنگ ئەو ئاوارانەوە بچێت، كە لە نەتیجەی ئەو تۆپبارانە ئاوارە بووینە، زۆر سوپاسی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی دەكەین، كە سەردانی شاری قەڵادزێی كردووەو هاوكاری خەڵكی ناحیەی ئیسێوەی كردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە بزانین تاوەكو ئێستا ئاوارەی گوندەكانی سەنگەسەرو ژاراوە هیچ هاوكاریەكیان بەدەست نەگەیشتووە، پێشنیار دەكەین ئاوارەی هەموو سنوورەكان هاوكاری بكرێن لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، چونكە هەمووتان باش دەزانن خەڵكی ئەو گوندانە پشت و پەنای هێزی پێشمەرگەی كوردستان و پشت و پەنای ئەو خەڵكانە بوون كە سوجدەیان دەبرد بۆ خاك و خۆری نیشتمان، لەبەر ئەوە بەڕاستی حەقە بەدەنگیانەوە بێین.
دووەم شت/ داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین موزەكەرەیەك پێشكەش بكرێت بە یوئێن و بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی عێراق و بە سەرۆكی كۆماری عێراق و بە هێزە فرە رەگەزەكان، هەروەها پشتیوانی لە قسەكانی مام خورشید دەكەم، بەڕاستی حەقی خۆیەتی ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم ڕووداوانە ڕوو بدەن، حەقە بەڕاستی ئێمە بیریان لێ بكەینەوە، لە كۆتاییدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ سوپاسی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێت دکەم بۆ دانیشتنێ دەرفەتێ وەختدا یا فەرمووی ئەم باشترە هەبێتن، چونکی ئەمە ئەگەر بێژن بۆ ماوەی ئەم ژی بەرنوکە بەحس بکەن ئەڤ دەڤەرێ سەر سنوورا تێن تۆپ باران کرن تو باشقی بەڵێ چ جیهەتێ ئێران بێت، یان تورکیا بێت، بەس ئەم تەئکیدێ بکەن رۆژانە ئەو دەڤەر تێن تۆپ باران کرن ژوان تۆپا مەع عیلم ئەو دەڤەرە ژی دەھ کیلۆمەترا هەتا پازدە کیلۆمەترا دوورە ژی حدودێ سنوورێ تورکیا، وەکو ئەز مەنتیقەکە سنووری، یان مەنتیقەکە حدودی باژێرێ زاخۆ ئەزدەبینم، یەعنی خەلکەك زێدە زێدە ژوان دەڤەرا سەبەب رۆژان نەمگوت ئەشین بێژم سیا تا چلە بەلکی ئیحصائەکی دەقیق نایەتە بەردەست، بەس رۆژانە ئەڤ تۆپبارانە ئیل وان گوندا دێتە کرنێ، ئیل وان گوندا ئێل کرنێ وێ ژیانێت هەمی لازم ئەم بزانن ئەو خەلکەکی بەسیتن وێرێ هەمی موزارعن، هەمی یەعنی فەلاحن سەر وێ چوونە ئەو دەڤەرە ئیل ژیانەکی نوێ دەست پێ کری پشتی چەندین ساڵە مەحریم بووینە وان دەڤەرا، ئەز بێژم ئەگەر سەبەبا هەبی ژی، ئان بێژن هۆ هەبن سەبەبەك هەبی بۆ ڤان تۆپا بارانا ڤان دەڤەرا دیتن نەوەسان، نەویل حەجمی وێ تۆپ باران کرن ئیل وێ دەڤەرێ ئەگەر خەلکەك هەبیتن وێرێ، ئەز بێژم نەلوی حەجویە عەمەلیاتێت عەسکەری، ئان ئەڤ ئەسلیحە بین ئیستیعمال کرن دژی خەلکێ، ئان خەلکێ بەسیت ئەز دبێژم گوندێ مەسیحیانن، گوندێت موسلمانن، یەعنی ئی هەمی نەتەوەو دیانەتاو ئیل ژی مەگوت ئەز تەئکیدت کەم خەلکێت بەسیتن وان گوندا کری، هەتانوکە وەکو پێویست خزمەتی ژ نەهاتیە کرنێ، وەکو پێویست هاریکاریا نەهاتیە کرنێ ویل بۆ وان دەڤەرا، هەتانوکە ئەم ژی دەڤەرا نزانن نیسبەتا ئەم بێژن ئەم سەحکەن قیادە خۆ سەرکردایەتی مە، قیادەی مە هاریکاریەك نەهاتیە کرنێ لە ناحیەی عەسکەریا کو ئەو خەلکە وێرێ ئەو دکەن سەبەب دەوان تۆپا دەین بێ خەلکێ، یەعنی چ مە هاریکاری نەهاتیە کرنێ، ماعەدا ئەز بێژم هاریکاریا ئینسانی بێت، ئان هاریکاریەکی مەعنەوی بێتن، ئەم تەئکیدت کرن ئەم هاریکاریا مەعنەوی و ئینسانی ئەم بدەن، هەر خەڵکەك لەناڤ مە دابێتن، ئەز نزانم ئەز بێژم لوێرێ چ ئێران بت، چ تورکیا بت، خەلکەك گەلەك یەعنی مەعارەزە هەی دژی وانە ژی هەی، ئایا لڤێرێ ئەو ژی وان تۆپا یەعنی دژی وێ خەلکێ شەعبا خۆو نەتەوەی خۆ کارێت ئینن، ئان بەس بۆمە، وەکی هەمی دەزانن هەر مەدیتیە ئەم نەتەوەکی، ئان دبێژم میللەتێکی ئەم موسالم بن، هەر مەدیتیە دوای مە جزئەکیش حالێنە ئەم ببینە خەلکەك، یا گرنەکی دکەن بۆ جوزئی بەسیت دایمەنیش حەلێ تێکدانە وەزعێ وانە بێتن، ئەز گەلەك درێژ ناکەم، چونکی زێدە زێدە هەمی برادەرا ئەز نەھ گەلەکە، نە هەمیا گەلەکش وان ئەز رەئیا مە گەل وانە، چەند داخوازیەك هەنە ئەگەر جەنابێتە روخسەت بدەیت.

1- ژی پێکتیڤیا کار کرن به حکومەتا عێراقا فیدراڵ کو باشتره لسەر حکومەتا تورکیا بیتە کرن دڤان هێرشێ بێ بەردەوام، ئەز تەئکید دکەم بەردەوام یەعنی رۆژانە ئەز مە سەردانا مەنتیقە کری، تایبەت کەنگێ ئیل وەختێ عوتلەیە، یەعنی وەختێ بێت دانانە خەلکەك رۆژێ جومعە عوتلەی رەسمی عولە چ سیاحی مەنتیقەك سیاحیا وی ویل وەختێ دیتە کرنێ.

2- پێکهێنانا شاندێکی پەرلەمانی ژی سەرەدانا وان دەڤەرا بکەت ئەوەی هاووڵاتی بەردەوام تووش دەبن و گرانیا زەرەرا وان دێتە کرن.

3- کارکرن لەگەڵ رێکخراوێن پێڤە گرێدان وان جۆرا دانا یێن دەولی و هەرێمی بۆ راو کرنا پاشماوەیەت هەمین گولێ تیماین جوهدە، چونکە ئەو ژی مەتڤێتن مەنتیقە موناقەشە کرن بۆ پاراستنا ژیانا هاووڵاتیا.

4- مەدڤێن ئەم موتەلیع بن سەر ئیتیفاقیا یا بەینا سەرۆکێ وەزیرانێ عێراقێ چووینە بۆ تورکیا گەل بەینا وی و تورکیاش، سەرۆکێ وەزیرێ عێراقێ نوری مالیکی وەختی چوو بۆ تورکیا دبێت ئەم موتەلیع بین، کەچی ئیتیفاقیە هەیە لە ناحیە ئەمنی، گەلەك مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ و سارا خانیش دەکەم بەڕاستی، ئەو سەردانی پارێزگاری سلێمانی بۆ مەنتیقەکە لەڕاستیدا شتێکی باشەو جێگای دەست خۆشییە، بەڵام ئەوەندە کافی نییە، چونکە باسەکە هەر لەوە نییەو خەڵکی ئەو گوندانەی کەوا تۆپباران کراون و ئاوارە بوونەو بڵاو بوونەوە بە گوندە نزیکەکان و تا ناو قەڵادزێش هاتوون، کە هاوکارییەکی ماددی بکرێن، یان نا، ئێستا باقی گوندەکانی پشدەر، بناری قەندیل و مەنگوڕایەتی، ئێستا شەوی رابردوو تا بەرقەرشیلیش کە لە پشتی ژاراوەیە تۆپباران کراوە، بۆیە بەڕاستی ئێمە خەڵکی مەنتیقەکەین، خەڵکی باقی گوندەکانی دیکە، بەتایبەتی دەڵێن ئینزار کراوین، یەعنی دارشمانە کە لە پشتی قەلادزێیە خەڵك تووشی تەوەتورێکی جددی بووە، یەعنی خۆ هەر گوندێك و سەد گوند نییە، مەنتیقەیەکی یەکجار بەرفراوانە کە تووشی دڵە راوکێ و تووشی قەلەقێکی یەکجار جددی بوون نازانن، ئێستا راستە تۆپباران نەکراون، بەڵام کە دەڵێ ئینزار کراوین و عەجایب نییە شەوێك لە شەوان لەو رۆژانە مەسەلەن ئەوان تۆپباران دەکرێن، بۆیە خەڵکێکیان هەیە یەك، دوو کەسیان بەجێ هێشتووە لە ماڵەکەوە، ئەوانیش وەکو بڵێم منداڵی ساواو ئەوانەیان راگواستۆتەوە، کە ئەوە بۆ ژیانی گوندنیشینی خەتەرێکی گەورە دروست دەکات، چونکە ژیانی گوندنیشینی وەکو شار نییە، بە هەموویانەوە دەتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن لە رەزو باخ و حەیوانات و ئەوەی کە هەیانە، بۆیە بەڕاستی پێشنیارم ئەوەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی و بە پەلە وەفدێك لە وەزارەتە مەعنیەکان، ئایا ئەو خەڵکە بەگشتی، نەك هەر ئەوانەی تۆپباران کراون، خەڵکی گوندەکانی ناوچەی پشدەرو بناری

مەنگۆڕایەتی و بناری قەندیل بە جددی ئەو خەڵکە را بکەن و واز بێنن، یان یەعنی شتێکی جددی، خەبەرێك، دڵخۆش کردنێك بۆ متمانە، بۆ ئەوەی کەوا ئارام ببنەوە، مەسەلەن چ بکرێت باشە بەڕاستی، ئەو یاداشتەش کە لیژنەی ناوخۆ باسی کرد بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و جەنابیشت هەر باست کرد، ئەوە زۆر بە پەلە بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو زیانە ماددیانەی کە لە نەتیجەی ئەم تۆپبارانەو ئەو هەڕەشانەی کە لە هەرێمی کوردستان کراوە زیاتر و گەورەتر لە زیانە سیاسیەکەیە، کە بریتیە لە شکاندنی هەیبەت و سەروەری هەرێمی کوردستان، مەترسی گەورە لێرەدایە، لە قەدەری ئێمەش، لە قەدەری هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە درێژترین سنوورمان هەیە لەگەڵ دوو دەوڵەتی زل هێزی ناوچەکە، کە هەردووکیان بۆخۆیان کۆمەڵێك گرفتی دەرەکی و ناوەکیان هەیە، پێیان وایە هەندێ جار ئێمە بەشێکین لە کێشەکانیان، یەعنی بەداخەوە، من نامەوێ زۆر درێژە بەو باسانەوە بدەم کە ئەو بەڕێزانە کردیان، دەمەوێ بڵێم ئەوەی لەسەر ئێمەیە هەر کاتێك مەترسییەکی دەرەکی رووماں تێ بکات خێرا ئەوە ئیشی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، حکومەتی عێراقی فیدراڵ کامەیە، یەعنی ئەو خۆی پێ نابرێت بەرێوە، خۆی پێ ناپارێزرێت، چۆن بتوانێت ئێمە بپارێزێت؟، لەبەر ئەوە من وادەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر خەم ساردە لەم مەسەلەیە، مەسەلەن بۆ نموونە ئەم وڵاتانە ئەگەر هەردووکیان نا، یەکێکیان قونصولیەتی هەیە، کوا ئێمە ئەم قونصولیەتەمان بانگ کرد موزەکەرەیەکی بدەینە دەستی بڵێین ئەوە، لە کاتێکدا پەیوەندی ئێمەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە پەیوەندیەکی زۆر باشە لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە.

دووەم/ یەعنی ئێمە کە ئێستا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا تێکەڵێیەکە زۆر چڕتر بووە، پتەوتر بووە، دەبوو ئێستا لە وەزارەتی خارجیەوە سەفارەتی ئێرانی، سەفارەتی تورکی بانگ بکرا بوایە بەلای کەمیەوە روون کردنەوەیەك، ئەم شێوە هەڕەشەو تۆپبارانە ماناکەی چیە، بەداخەوە ئێمە زۆر خەم ساردین لەو مەسەلەیە، پێم وایە مەترسی گەورە لێرەدایە، ئێستا ئەوانە باس لەوە دەکەن ئەوەی کاك دیلمان ئیشارەتی پێدا سەرۆکی حکومەتی عێراقی چووە بۆ تورکیا، چووە بۆ ئێران، یەعنی ئەگەر زیندوو کردنەوەی ئەو یاداشتە کۆنانە نەبێت، چی ترە مەسەلەن، تارق هاشمی رووپەری لەسەر هەڵدایەوە کە بەڵێ رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی تورکیا ئیمزا کردووەو بۆ درێژە دان بە هاتنە ناوەوەی حکومەتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان، کە پێشتر رژێمی پێشوو کردوویەتی، لەوانەیە لە جێگەی تریش هەبێت، ئێمە مەبدەئێکی زۆر گرنگ هەیە لە هەرێمی کوردستاندا پیادە کراوە، هەم حکومەت، هەم پەرلەمان، هەم لایەنە سیاسیەکان، کە بریتیە لە دژایەتی کردنی هەر هەڕەشەو شاڵاو و هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها رێگە

گـرتن لـه هـەر هێـز و گروپـێ کـە بیـەوێت هـەرێمی کوردسـتان بکاتـە پێگەیـەك بـۆ ئیسـتیفزاز کردنـی دراوسێکانمان، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، دەبێت ئێمە خۆمـان چارەسـەری لـێ بکـەین، مـن پـێم وابـوو دەبوایە وەزیـری پێشـمەرگەش لێـرە بوایـە، چـونکە پاسـەوانی سـنوور، یـەعنی دەبوایـە قسـەیەکی بکردایـە بمانزانی بوایە لەو ناوچانە، نیوەی ئەم ناوچە سنووریانە هـەمووی تۆپبـاران دەکرێـت و بۆتـە ئـاگر بـاران، ئەوان دەوریان چیە، ئیشیان چیە، جار جار چیان کردووە، چیان نـەکردووە، دەبـوو ئێسـتا ئـەوە بێـت، یـان بەلای کەمەوە سەرۆکی حکومـەتیش وایـە، لـە بـەریتانیا بـراون یەکـەم گەشـتی سیاسـی کـە بـە دنیـا کـردی کاتێـك دەردە گایـەك دروسـت بـوو خێـرا گەڕایـەوە هـەموو گەشـتەکەی پـەك خسـت، ئێمـە ئێسـتا دەردە ئینسانیشمان هەیە، دەردە ولاتیشمان هەیە، یەعنی لە رووی کولێراوە وەزیری تەندروستی دەڵێ لـە هـەموو چوار سەعاتێکدا (250) کەس تووشی کولێرا دەبن، یەعنی ئەمە مەرگەساتێکە نە حاڵەتێکی تەواری هەیە، نە بە دەنگەوە چوونێکی زۆر گەرم هەیە، ئەمە لەناومان بێت و ئەمە سنوورەکانمان وا بێت، یەعنی لەبـەر شالاو و هێرشی دوو دەوڵەتی زل هێزە، بەڕاستی من پێم وایە ئێمە زۆر بە جددی هەم سەرۆك کۆمار، هەم سەرۆکی حکومەت، هەم سەرۆکی هەرێم، کە ئێستا لە بەغدان بە جددی حکومەتی عێراقـی ئیجبـار بکـەن، کە دەبێت راستەوخۆ لەگـەڵ ئـەم دوو دەوڵەتـە دانیشـتنێکی جـددی بکـەن بـۆ کۆتـایی هێنـان بـەم شـێوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، من لە پێشەوە لە رووی قانونیەوە سکالای خۆم بەرامبـەر بـە ئـەمریکا دەردەبـڕم، چونکە ئەو ولاتی موحتەلی عێراقەو پێویست لەسـەریەتی لەگـەڵ هێـزی فـرە رەگـەز سـنوورەکانی عێـراق بپارێزێت، کە لەو ئاستەدا نەبووە ئەو کارانەی کە کردوویەتی، ئینجا لە دواییدا عێراق خـۆی بەرپرسـە لـە هەرێمی کوردستان، ئیدانەی ئەو تۆپبارانە دەکەین، هەرچەندە ئەمە شتێکی نوێ نییە بەنیسبەت مێژووی کورد، تاریخێکی سەد ساڵەی هەیە، بەتایبەتی ئەو سنوورە دەست کردانە، کە دروست کـراون و لـەت کردنـی کوردستان بەو شێوەیە کە سەدان ساڵە بەردەوامە، بەردەوام ئەو سنوورانە کەکاتی خۆی دەوڵەتی عوسمـانی و ئێرانـی سـەفەوی دروسـتیان کـردووە لـە (1500)ەکانـەوە تـاکو ئێسـتا بـەردەوام بـووە، هـەر خۆیـان ئـەو سنوورە دەستکردانەیان دروست کردووەو خۆشیان رقیان لەو سنوورانەیە، بەردەوام کێشەیان ناوەتـەوە لـەو سنوورانە، ئەمە بەڕاستی جێگەی هەڵوەستە کردنە، زۆر جار برادەرانی ئێرەش باسـیان کـرد ئێمـە بـەدوای هۆکارەکان دەگـەڕێین، وا تەسـەور دەکـەین هۆکارەکـان پـژاك و پەکەکـەن، بـەلام ئـەوە نییـە، ئـەوە کێشـەی گەلێکە لەناو ئەو دوو ولاتە خۆیان رووبەڕوو بوونەوە بەرامبـەر بـە بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی کورد لـەناو ئەو دوو ولاتە، وەلامیان نییە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، جا دەگەڕێن بەدوای بیـانووی زۆر زەعیـف،

بۆ ئەوەی کێشەکان ئاڵۆزتر بکەن، لێرەشدا هەندێك جار حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تاوانبار دەزانن، کە ئەوانە رەنگە هەست و سۆزێکیان هەبێت بەرامبەر بە میللەتەکە، بەرامبەر بەو هەرێمە، یاخود خەڵکی هەرێمی کوردستان لە رووی عاتیفیەوە عەتفێکی هەیە بەرامبەر بە هەردوو پارچەکەی تری کوردستان، بەلاًم کێشەکان بەو جۆرە چارەسەر ناکرێت، پەیامی من بۆ دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی و تورکیا ئەوەیە ئەو زەمەنە بەسەرچوو بەزۆری سنووری دەستکرد، بەزۆری پارچە پارچە کردنی ولاًتەکە، هەروەها پێشێلٚ کردنی مافی نەتەوەکانی خۆیان، بۆیە با بە جۆرێکی تر تەماشای بکەین، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو دوو حزبەی ئەوان فەعالیەتی چەکدارانەیان هەیە لەو حدودانە، وەکو هەرێمی کوردستان، یان وەکو پەرلەمانی کوردستان تەئیدیان دەکەین، بەلاًم کاتێك کە میللەتێك بێ بەش کرا، بێگومان جۆرەها گروپی موعارزی لەناو دروست دەبێت، لەوانەیە ئەو گروپانە هەندێکیان سبە رۆژ دەربچن، هەندێکیان هاوکاری خەڵکانێکی ناڕێکیش بکەن و زل هێزانی دەرەوە، زل هێزانی رۆژئاواش بێن زیاتر وەزعەکە ئالۆز بکەن، ئەگەر ئەوان نەیانەوێت زل هێزان پێیان بێتە مەنتیقەکە، با خۆیان بێن لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو نەتەوانەو لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە دابنیشن و کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەمە رێگایەکی زۆر ئاسانتر و بێ زیانترە، بەتایبەتی من بەرامبەر بە ئێران زۆر پێی نیگەرانم و پێم ناخۆشە، چونکە حاڵەتێکی عاتیفی لەبەینی ئەو دوو میللەتەو ئەو دوو پارچەیە هەیە، لە بەینی فارس و کوردش هەیە، ئێمە پێکەوە مێژوویەکمان هەبووە، مێژوویەکی گەشیشمان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، دەشتوانین زۆر باشتر ئوموری خۆمان هاوکاری بکەین و حەلی کێشەکانی خۆمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو بارە نائارامیەو تۆپبارانەی سنوورەکانی گرتۆتەوە لە شازدەی مانگەوە دەستی پێ کرد تا دوێنێ بەردەوام بووە، پچڕ پچڕ رۆژی چەند جار تۆپباران کراوە، سنوورەکانی پشدەرو پێنجوینی گرتۆتەوە، دیارە سنووری پێنجوین لە بەرەبەیانی (8/23) گوندەکانی کانیسێتی سوورێن و بانی بنوك و جۆمەریسی بۆردومان کراون و ئەو ناوچانە زەرەرو زیانێکی زۆریان لێکەوتووە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێ ئاوارە بوون و رەزو باخێکی زۆر سووتاون، لەوەڕگای بەخێو کردنی مانگاو مەڕو مالاًتی خەڵك زۆر سووتاوە، خەڵکی ئەو ناوچەیە هەموو خەڵکێکن کە خەریکی کاروکاسبین، خەڵکی مەدەنی و بێ تاوانن، کە بەڕاستی هیچ گوناحێکیان نەبووە لەوەی کە تۆپباران بکرێن، دیارە ناوچەکە تووشی نائارامی بووە، خەڵکەکە زەرەرو زیانێکی زۆریان لە رووی ماددی و باری دەروونییەوە لێ کەوتووە، کێشەو مەشاکیلی کارو کاسبیان لە سنوورەکان بۆ دروست بووە، بەڕاستی ئێمە حەقە زۆر بە جددی قسە لەسەر ئەوە بکەین بیانووەکان چین، بۆ ئەوەی ئەو ناوچە سنووریانە تۆپباران بکرێن و بەجددی باسی هۆکارەکان بکەین، بەڕاستی کار لەسەر ئەوە بکەین ناوچەکەی ئێمە کە ناوچەیەکی ئارامە، باشترین ناوچەی ئارامی عێراقە، نەبێتە ناوچەی شەڕو پێکدان و ململاًنێ و ناکۆکی هێزو لایەنەکان، گەر قسە لەسەر هێزو بەرهەڵستکارەکان، هێزە

بەرهەڵستکارەکانی ئێـران بەڕاسـتی ئـەو هێزانـە بەشـێك نـین لـە سیاسـەتی حکومـەتی هـەرێم، جیـان لـە سیاسەتەکانی ئێمە، ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەر چۆنێك بوو هەوڵ بدەین وا بکرێت کە دیالۆك و گفتوگۆ و قسە کردن لەسەر ئەو حاڵەتە نائارامیانە لە سنوورەکان بکرێت، بۆ ئەوەی تەنیا قەسف و تۆپبـاران نـین، زۆر دوور نەڕۆین لە فەترەی پێش ئێستا لە سنوورەکانی پێنجوین هێزە تیرۆریستەکان لە سنوورەوە هاتنە ئەم دیو ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو پاسەوانی ئێمەیان شەهید کرد، کە بەڕاستی ئەوانـە دەکەونـە ناوچـەی شلێر لە ناحیە گەرمك و ئەوانە، کە ئەوانە کۆمەڵێك پاسەوانی سنوور بـوون لـەو ناوچـانە پارێزگاریـان لـە خەڵك دەکرد لە سنوورەکانی سایگوێزو بانی خان و هەلاڵاوەو باشماخ و ئەوانە، ئەوە خـەڵك بـە ئاسـانی بـە چاوی خۆیان دەیبینن کە سوودیان لە سنوورەکان وەرگرتووە، هەر چەندە ئەو ناوچانە خەڵکەکە گلەییەکی زۆریان هەیە، کە وەکو پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوەو قەرەبوو نەکراون و بەدەمیانەوە نەچـوون، تـەنیا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت بەڕێز پارێزگاری سلێمانی سـەردانی کـردوون، کـە بەڕاسـتی ئـەوە لـە کەناڵـەکانی راگەیاندندا خەڵکی ئەو ناوچانە کـە خۆیـان موعاناتیـان هەیـە زۆر قسـە لەسـەر ئـەوە دەکـەن، تـاکو ئێسـتا حکومەتی عێراق هیچ هەڵوێستێکی دیـاری نـەبووەو پێویسـتە حکومـەتی عێـراق، ئەگـەر ئێمـە حکومـەتی هەرێمیکین لەچوارچێوەی حکومەتێکی عێراقی فیدراڵدا، پێویستە حکومـەتی عێراقـی هەڵوێسـتێکی لـەوە هەبێت بە ئاشکراو راشکاوانە رای بگەیەنێت خـۆی بـە ئێـران بڵێـت و بـا لـەوە ئاگـاداری بکـات، هەرچـەندە حکومەتی هەرێم بە رەسمی لە رێگەی نوێنەرەکەی خۆی لە تاران حکومەتەکەی ئێرانی ئاگادار کردۆتـەوە، بەلاَم ئێمە هەرێمێکین لەسەر عێراقێکی فیـدراڵ، بۆیـە پێویسـتە حکومـەتی عێراقـی راسـتەوخۆ نـاڕەزایی خۆی دەبڕێت و ئیدانەی ئەو تۆپبارانە بکات، پێویستە ئێمە وەکو پەرلـەمان نـاڕەزایی خۆمـان دەربـبڕین و رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەوە ئاگادار بکەینـەوەو یاداشـتێکی بـدەینێ، ئێمـە کـە لـە چوارچـێوەی عێراقێکی فیـدراڵ دایـن، پێویسـتە بەڕاسـتی لێمـان بپرسـێتەوەو تـەنیا ئەرکەکـە لەسـەر شـانی حکومـەتی هەرێم نەبێت، راستە حکومەتی هەرێم ئەرك و واجیباتی خۆی دیارە بەرامبەر بەو مەوزوعە، بـەلاَم ئێمـە لە چوارچێوەی عێراقدا دەستوورێکی مانای ئەو دەستوورە بە عێراقەوە گرێ دراوین و ئێمە ئیلتیزاماتمـان بەرامبەر بەو دەستوورە هەیە، پێویستە ئەوانیش ئیلتیزاماتیان بەرامبەر بە ئێمە هـەبێت، ئـەو تۆپبارانـە زەرەری هەموو لایـەکی هەیـە بەڕاسـتی، ئێـرانیش زەرەری تیـا دەکـات و ئێمـە زەرەری تیـا دەکـەین، لەگـەڵ ئەوەشدا ئێمە پێویست دەکات وا بکەین کەمترین زەرەرمان بەر بکەوێت هەردوو لا قەناعەت بەوە بکەین و کۆنترۆڵی سنوورەکانی خۆمان بکەین و نە ئەوان تۆپباران بکەن، لەم لایەشەوە هێزێك هـەبێت ئێـران لـەوە هەبێت کە ئەوانە ئەچنە ئەودیو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو دەست درێژیانەی چ تورکیا دەیکات، چ ئێران دەیکات، بێگومان ئەوە پێشێڵ کردنێکی تـەواوی سەروەری خاکی عێراقە، ئەمڕۆ ئەگەر عێـراق نـەتوانێت وەلاَمـی پێویسـتی ئـەو دەوڵەتانـە بداتـەوە لەبـەر بارودۆخی خۆیەتی کـە تێـی کـەوتووە، بـەلاَم دوو هێـزی تـر هـەن کـە عێـراق دەپـارێزن، هێزێکیـان هێـزی

هاوپەیمانانە کە لە عێراقدا دەوری پاراستنی ئاسایشی عێراقی لە ئەستۆیە، هێزێکی تریشیان هێزی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە خۆمان دەزانین ماوەیەك پێش ئێستا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراقدا زیاد کرا، کەچی ئەوە جێ پرسیارە لە کاتێکدا ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق زیاد دەکرێت و هاوپەیمانان لێرەنە، لەبەرامبەر ئەو پێشێلکاریە زەقەی،بەرامبەر ئەو پێشێلکاریەی لەسەر مافی مرۆڤی خەڵکی کوردستان و خەڵکی عێراق دەکرێتن بێ دەنگن، بەڕاستی پێویستە ئێمە هەڵوێستەمان بەرامبەر ئەوە هەبێت‌و پرسیار بکەین و پرسیار لە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بکەین، ئایا بۆچی یەعنی تاکو ئێستا وەکو پێویست وەڵامی نەبووە، ڕاستە سەرۆکی حکومەتی عێراق هەڵوێستی دەربڕیووە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت درەنگ هەڵوێستەکەی دەربڕی و ئەمڕۆ ئەگەر تورکیاو ئێرانە، کاتێك ئەو پێشێلکاریانە لەسەر خاکی کوردستانی عێراق دەکەن، ئەگەر بیانوویان هەرچیەك بێت، بەڵام ئامانجیان تێکدانی بارودۆخی زیاتری عێراقە، لەبەر ئەوە لەسەر دامودەزگاکانی عێراق و لەسەر لایەنە سیاسیەکانی عێراقیشە، وەکو خەڵکی کوردستان هەڵوێستیان لە بەرامبەر ئەو دەست درێژیانە هەبێتن، ئەوەی من سەرم سوور دەمێنێتن بەڕاستی لە هەڵوێستی ئێراندا، یەعنی لەبەر سێ هۆ: یەکێکیان ئەوەیە/ دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران زۆر مێژوویە، زۆر لەوە گەورەترە، ئەمڕۆ ئێران لە خۆیەوە بێت تەشقەڵەمان پێ بفرۆشێت و دەست درێژی بکاتە سەر خەڵکی مەدەنی بێ گوناهی سنوورەکانی خۆی، کە پێشتر ئیدیعای ئەوەی دەکرد، ڕاستیش بوو کە هاوکاری ئێمەی کردووە لەو ڕۆژانەی کە لێمان دەقەوما، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەو هەڵوێست گۆڕانەی ئێران، یەعنی دەبێت ئینسان لەبەرچاوی بگرێتن بۆچیە پرسیاریش لە ئێران بکرێت، ئێران بیانوویەکی بەدەستەوەیە گوایە هێزێك هەیە پەلاماری هێزە عەسکەریەکانی ئێران دەداتن و ئەو هێزە لەناوی خاکی کوردستانی عێراقە، ئێمە دەزانین ئەو هێزە نە بە مۆڵەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر هەبێت لەوێدا، نە ئێمەش خۆشحاڵین بەوەی هێزێکی بێگانە بێتن، یان هێزێکی وڵاتێکی تر بێتن لێرە بنکەو بارەگاکانی خۆی دابنێتن و ئامانجەکانی خۆی لە وڵاتێکی تر بەدی بێنێت، بەڵام لەبیرمان نەچێت پێویستە ئەو هێزەی خۆی ئیدیعا دەکات و دژایەتی ڕاویان دەنێ، هەر ئەو هێزە بوو خۆی چەند ساڵێك پێش ئێستا خۆی جێگیری کردن لەو ناوچانە، ئێمە لەبیرمان چوو چۆن هاتن جێگیری کردن، ئەمڕۆش لێی بۆتە دڕك لە پێی خۆی دەچەقێ، ئەوە غەڵەتی ئێرانە، هۆی سێیەمیشم کە یەعنی سەرسورمانەکە ئەوەیە بەداخەوە ئەوە یەکێك لە هەڵەکانی ئێرانە کە دووبارە دەبێتەوە، ئێستا هەڵەیەکی تریش دەکاتن، ئێستا داڵدەی ئەو تیرۆیستانە دەدات کە پەلاماری خەڵکی کوردستانی عێراق دەدەن، ئێستا قسە هەیە زیاتر لەوەی کە ناوچە سنووریەکان بێ جێگا بکاتن، لەکاتێکدا خۆشی دەزانێ ئەگەر ئەمڕۆ ئەوانە بتوانن بەشێوەیەك لە کوردستانی عێراق جێگر بکرێن، بەڵام لە ئایندەدا دیسان چۆن قاعیدە بووەتە مۆتەکەی سەریانە ئەو وڵاتانەی کە هاوکاریان دەکرد و چۆن تیرۆریستەکانی کە دوێنێ ئەو پشتیوانیەی لێ کردن لەوان جارێکی تر بووە دوژمنیان، بە هەمان شکلە، لە کۆتاییدا من پێم وایە ئەو

تۆپبارانەی کە ئامانجی سیاسی لە پشتە جۆرێك هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی تورکیاو لەنێوان دەوڵەتی حکومەتی ئێرانیش هەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی هەبێتن لە هەموو روویەکەوە، یەعنی بۆ ئەگەر درێژە دان بەو تۆپبارانە ناکرێت ئێمە بێ وەڵام بین، راستە تا ئێستا ئێمە هاوار دەکەین، مرۆڤ دۆستانە، برایانە هاوار دەکەین پەنا بۆ ئەوە دەبەین بە قسە، بەڵام ناکرێت بێ دەنگ بین لە ئاستی ئەو هەموو زوڵمەی کە لێمان دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ئەگەرەکان پێویستە خۆی ئامادە بکات، چ بۆ گەورە کردنی مەوزوعەکە، چ بۆ درێژە دان بەو تۆپبارانە، ئێمە دڵنیاشین لەوەی ئەو وڵاتانەی ئەمرۆکە ئەو دەرفەتیان هەڵقۆستەوە کە هەلومەرجی عێراق لەبار نییە، یەعنی ئەگەر بەرد لە ماڵی ئێمە دەگرن، ئێمە ئەو حەقە دەزانین کە ماڵی خۆیان لە شووشەیە، ئێمە خەڵکی کوردستان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر رێگای لە پێشە، زۆر دەروازەی لە پێشە کە دەتوانێت وەڵام بداتەوە، بەڵام من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داواکارم دوای ئەوەی کە دەست بەجێ ئەو تۆپبارانە بوەستێت و گفتوگۆ دەست پێ بکاتن و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر هەبێت لەگەڵ لایەنەکان بەزمانی گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، چونکە ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین، میللەتێکین ئاشتی و سەقامگیری وڵاتەکەی خۆمان دەوێت، حەز دەکەین پەیوەندیە مێژوویەکانمان پەرەی پێ بدەین، بەڵام لە کاتی خۆشیدا وەڵاممان بۆ دەبێت، ئەوەندە دەستە وەستان نینە، ئەوەندە هەژارو نەدار نینە، ئەوەندە بێ تواناو بێ ورە نینە لە ئاستی ئەو دەست درێژیانەی کە دەکرێتە سەرمان، بەڵام دووبارە هەر گفتوگۆو دۆستایەتی یەعنی بەرنامج و ئامانجی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کەمالیش دوو قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە لە کوردستان، خەڵکی کوردستان، خاکی کوردستان ماوەیەکی زۆرە لە دەستی دیکتاتۆرەکان لە رژێمی دیکتاتۆری سەددام ماوەی چەندین ساڵە زوڵمی لێ دەکرێ و بریندارە، ئێمە دەزانین جیرانەکانمان لە رۆژی تەنگانە زۆر هاوکاری و یارمەتی لێقەوماوانی میللەتەکەی ئێمەیان کردووە، ئەوە لەبیر ناکەین، لە بیری هەموو ئینسانێکی بە ویژدان و کوردێکی سەر بەرز هەیە، چاوەڕوانی ئەوە بووین دەستی هاوکاری زیاتر درێژ بکەن، دەستی پشتیوانی بۆ میللەتەکەمان، بۆ سەقامگیری ئەم سەر زەمینە، بۆ ئارامی ناو خاکەکەمان، بەڵام بەداخەوە ئەم حاڵەتانەی کە هاتوونەتە پێش جێگەی سەرسوڕمانی هەموومانە، پێویستە ئێمەش زۆر بە وردی لەسەری رابوەستین و هەوڵ بدەین کە ئەمە کۆتایی پێ بێت، بەحەقیقەت هەر هێرشێك لەلایەن هەر لایەنێك، لەلایەن هەر تەرەفێك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ سەر هەر شارێك ئیدانە دەکرێت لە لایەنی خەڵکی کوردستانەوە، لە لایەنی خەڵکی عێراقەوە، لەلایەنی پەرلەمانی کوردستانەوە، چونکە ئێمە دڵنیاین خەڵکی کوردستان دوژمنی ئەو لایەنانە نییە، کە هێرش دەکەنە سەر

خاکەکەمان، ئێمە خێر بۆ ئەوان، ئاشتی بۆ ئەوان، پێشکەوتن بۆ ئەوان دەخوازین، کەچی ئەم حاڵەتەی کە روودەدات لە تێنەگەیشتنە لە یەکتر، یان هەر سەبەبێکی تر هەبێتن هەوڵ دەدەین پێویستە بەزووترین کات ئەوە کۆتایی پێ بێتن، ئەو هێرشە بۆ سەر ئەو ناوچە سنوورییانەی هەرێمی کوردستان، بەبێ شەك هێرشە بۆ سەر گشت عێراق، ئێمە بەشێکین لە عێراقی فیدراڵی، هێرش بۆ سەر بەسرە، بۆ سەر تکریت، بۆ سەر رومادی، وەکو ئەوەیە هێرش بۆ سەر کوردستانیش بێت، بەنیسبەت حکومەتی عێراق کە باس لە ئەم حکومەتی عێراق کە ئەو حکومەتەی جاران نییە، برایان، ئێمە خۆمان شەریکین لەو حکومەتە، لە پەرلەمانەکەی شەریکین، لە حکومەتەکەی شەریکین، سەرۆکی عێراق ئەمڕۆ سەرۆك کۆمار برایەکی کوردی ئێمە بەڕێز مام جەلالە، بۆچی ئەم حکومەتە بخەینە تەرازووی ئەو دیکتاتۆرەی کە چەندین ساڵە کوردستان وێران دەکات، ئێمە پێکەوە لەگەڵ ئەو بەڕێزانەش پێویستە دەوری خۆیان باشتر ببینن بە پەلەتر ببنین، ئێمە هەموو دەزانین عێراق لەناو چ قەیرانێکە، لەناو چ دەردەسەریەکە، بەلاّم هەوڵ و کۆشش، کە شکمان نییە هەوڵیانداوە، بەلاّم دەمانەوێت باشتر و زووتر ئەو کێشەیە بە رێگەیەکی دیبلۆماسی، بەرێگەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ ئەو جیرانانە کە بۆ ئێمە زۆر موهیمن، چ ئێرانە، چ تورکیایە، ئێمەش خەتەر نین لەسەریان، پێویستە باشتر کار بکەین و تێیان بگەیەنین، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە ناتبیعیەی ئەمڕۆ بۆ کوردستانیان دروست کردووە، غەدرێکی ئاشکرایە، یەکەم/ ئیدانەیان دەکەین.

دووەم/ داوایان لێ دەکەین رایبگرن.

سێیەم/ داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی عیلاقاتی خۆی، هەروەها حکومەتی عێراقیش کە ئێمە شەریکین لەو حکومەتە بە رێگەیەکی دیبلۆماسی هەوڵ بدەین کۆتایی پێ بێت، چونکە بە شەڕو بە تۆپباران چارەسەری کێشەکانی ئەوانیش ناکات، کێشەی ئەوانیش تەعقیب بکات، هەموو لە پێش چاومانە سەددام چەند قودرەتمەند بوو، چەند سیلاحی هەبوو، چەند مونەزەم بوو، بەلاّم ئیمانی بە مەنتیق نەبوو، بە دیالۆك نەبوو، بەلاّم زۆر خراپی بەسەر هات، ئێمە تەمەنا دەکەین جیرانەکانمان قەبول بکەن لە هەرێمی کوردستان، کە بە دیالۆك کێشەکانیان لەگەڵ یەکتر چارەسەر بکەن، بەبێ شەك ئێمە حەز دەکەین ئارامی لەناو ئێران هەبێت، لەناو تورکیا هەبێت، ئەگەر کێشەیەکی ناوخۆشیان هەبێت بە رێگەی ئاشتی حەلی بکەین، هەروەهاش ئێمە داوا دەکەین لە هەموو ئەو کەسانەی کە کێشە بۆ ئێمە دروست دەکەن هەر لایەك بێتن رەچاوی باری ئەمڕۆی کوردستان بکەن، چونکە ئەم هەرێمە پێویستی بە سەقامگیری هەیە، پێویستی بەوەیە برینەکانی سارێژ بکات، پێویستە غوسنی زەتیون بۆ دۆستەکانی و بۆ هەموو کەسێك درێژ بکات و دەستی ئاشتی پشتیوانی لە هەموو کەسێك بخوازێت، دووبارە دێمەوە سەر ئەوەی کە هەندێك لە بەڕێزان ئیشارەیان پێ کرد، ئەو ئیتیفاقانەی کە کراوەو باس کرا بەڕێز مالیکی لەگەڵ تورکیا، بەبێ شەك ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی خۆمان دەکەین کە بە وردی ئەو روون کردنەوەیە بخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بزانین چ حاڵەتێکە، چونکە تاکو ئێستا موفهەمە هەندێك دەڵێ کردوویەتی، هەندێك دەڵێ نەیکردووە، هەندێك دەڵێ دەبێت بچێتە پەرلەمان،

پەرلەمان ئیتیفاقی لەسەر بکات، ئێمە سیقەمان هەیە بە نوێنەرانی خۆمان، لە حکومەتی ئیتیحادی سەرۆك کۆمار و وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامەکانی پەرلەمانی ئیتیحادی کە بە دڵسۆزانە کار دەکەن، بەڵام ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان حەقمانە بە روونی ئەو ئیتیفاقیە بزانین چۆنەو کەی کراوەو، ئایا کراوە، یان نەکراوە؟ دووبارە سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە بەشداریان کرد، ئەو پێشنیارانەی لیژنەی ناوخۆ بە ئیزافەی پێشنیاری نوێنەرانی پەرلەمان کە چوونەتە مەنتیقەو دیراسەتی وەزعەکەیان کردووەو یەك بخرێت و لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی رێزدار سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکانمان و دووبارە بەخێر بێن و دڵنیاین ئێمە لەگەڵ ئەو دوو جیرانەی لە تەکمانن بە ئاشتی کێشەکانمان چارەسەر دەکەینو لە بەرژەوەندی هەموو لایەکداو کۆتاییشی پێ دێت بە خێری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە لە قسەکانی جەنابی هەردوو وەزیر، هەروەها لیژنەی ناوخۆش کە راپۆرتیان نووسی بوو، ئەندامانی پەرلەمان کە بەشداریان کرد لە دەوڵەمەند کردنی بیروبۆچوونەکان لە چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتەی کە هاتۆتە پێش، تەئکید لەوە کرایەوە کە هەمووتان، ئەغلەب ئەوانەی کە قسەیان کرد پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەن، هەندێك موقتەرەحاتی تر کە هاتە پێشەوە، خولاصەی ئەو بۆچوونانە با بڵێم زۆربەتان ئاماژەتان پێ کرد، ئەوەیە کە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ قەبول بکرێتن و خوێندرایەوەو ئێمە لە سەرۆکایەتیدا جارێکی دیکە دەینوسینەوەو بەشێوەیەك دەوڵەمەندی دەکەین لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی ئێوە، تەبعەن لە پێشی هەموویانەوە خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ئیدانەی ئەو تۆپبارانە دەکەین و داواش دەکەین بە زووترین کات دەم و دەست رابگیرێتن، رێگا بدرێت خەڵکەکە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و حکومەتی هەرێم هاوکاریان بکاتن، لەبەر رۆشنایی قسەکانتان کە حکومەتی هەرێم بەردەوام بێت لە پەیوەندیەکانی بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا، لەگەڵ هەموو لایەنە بەرپرسەکان، بۆ ئەوەی بەزووترین کات بە رێگای گفتوگۆ هەموو لایەنەکان بخرێتە بەردەم گفتوگۆو چارەسەر بکرێتن بە وەرگرتنی هەموو مەسئوولیەتێکی پێویست کە لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە ئەرکی لەسەر شانە دەبێت جێ بەجێی بکاتن، بەوەش چەند مەبدەئێك تەئکید بکرێتەوە لەوەی کە دەست تێوەردان نەکرێت لەبواری یەکتر، ئێمە رێگا بۆ خۆمان دەکەینەوە دەست وەردەین لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ، رێگا دەدەین خەڵکانی تر دەست تێوەردان بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، رێز گرتن لە یەکتری و بەرژەوەندی هاوبەش رەچاو بکرێتن، کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێتن، داوا کرا لە لایەن هەندێ ئەندام پەرلەمان، داوایەکەش قەبولی هەبوو، لەبەر ئەوەی چەند ئەندامێکی تری پەرلەمانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەویش ئەوەیە وەفدێکی پەرلەمان، یاخود وەفدێکی موشتەرەك، هاوبەش لە بەینی پەرلەمان و حکومەت سەردانی ئەو ناوچانە بکات بۆ ئەوەی پێداویستی ئەو خەڵکە ئاوارەی کە ناچار بوون گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشتووەو هاوکاری و یارمەتیان بدەن و چارەی کێشەکانیان بکەن ئەوەندی بۆیان بکرێتن، خاڵێکی تریش لە راپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆدا هاتبوو، کە

دەڵێت پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا هەموو ڕێگایەکی چارەسەری ئاشتیانە بگرن، بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا ئەو ڕێگایە نەگرنە بەر تۆپباران کردن و یاخود بەکارهێنانی چەك، یاخود تەهدید کردن بە بەزاندنی سنوور، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی هیچ لایەك نییە، ئیمە میللەتێکی ئاشتیخوازین تەقدیری ئەو هاوکاریانە دەکەین، کە لە رابردوودا بۆمان کراوە، داواکاریشین کە پەیوەندیەکانمان پەیوەندییەکی دۆستانە بێتن، پەیوەندیەکی ڕێزگرتن بێت لە یەك بە رەچاو کردنی ئەو مەبادیئانەی کە باسمان کرد، لەم ڕۆژانەی دواییدا کە سبەو دوو سبەی ئەو دانیشتنە بەدوا دادەچینەوە لە پەیوەندی کردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، لە تەشکیل کردنی ئەو وەفدە هاوبەشە، لە پەیوەندی کردن و نووسینی موزەکەرەیەك بۆ پەرلەمانی عێراقی لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسانەی کە کرا، ئومێد دەکەم هەموو لایەك گوێیان لە رەئی گەلی کوردستان بێتن، کە ئێوە تەعبیرتان لێ کرد، بەتایبەتی لە پێش هەموو شتێکەوە ڕاگرتنی تۆپباران کردنی ئەو ناوچانە، هاوکاری کردنی ئاوارەکان و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك، زۆر سوپاستان دەکەم، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنم، زۆر سوپاسی بەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، جەنابی دانا پارێزگاری سلێمانی دەکەم کە لەگەڵمان بەشدار بوون، زۆر بەخێر بێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دەستپێك**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 4\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە دەستپێك

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/9/4

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2007/9/4 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـداللە(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی كردنەوەی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (1،2)ی مـاددە (54) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو, بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمـی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردو كوردستان.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق بەهۆی كردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان.

3- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق بە بۆنەی كردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1،2)ی ماددە (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار كراو, بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/9/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردو كوردستان.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق بەهۆی كردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان.

3- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان – عێراق بە بۆنەی كردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان.

سەرەتا داواتان لێ دەکەم دەقیقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلی کوردستان و ڕێگای ئازادی فەرموون.

**ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مەسعود بارزانی.**

**ڕێزدار جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك کۆسرەت.**

**ڕێزدار جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان جەنابی کاك عومەر فەتاح.**

**ڕێزداران سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و حزبە سیاسیەکانی کوردستان.**

**خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

بەناوی خۆم و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی گەرم لە جەنابی سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و جێگری سەرۆکی حکومەت و لێپرسراوانی کوردستان دەکەم، سوپاسی ئامادە بوونیان دەکەم کە لەگەڵماندا بەشدارن لە دانیشتنی ئاسایی دەست پێکردنی کارەکانی خولی گرێدانی دووەم، لە ساڵی سێیەمی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کورتە باسێك لە بارەی ئەنجامی سەردانەکەی بۆ بەغداو دیدارو کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لێپرسراوانو هێزو لایەنە سیاسیەکان، دیارە دوێنێش بەڕێزی لەگەڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانی عێراق چاویان بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆرج بۆش کەوت، کە بە سەردانێکی کتوپڕ گەیشتە پارێزگای ئەنبار پێشکەش بەنوێنەرانی گەلی کوردستان بکات، هەروەها باسی گرنگی ڕێکەوتنامەی چوار قۆلی بکات کە لە بەغدا ڕاگەیەندرا، بۆیە وتارەکەی خۆم تەرخان کردووە بۆ باس کردنی کارو چالاکیەکانی پەرلەمان لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجام دراوە وخستنەڕووی ئەجێندای کاری داهاتووی پەرلەمان.

**بەڕێزان.**

دیارە پەرلەمان لە ماوەی خولی گرێدانی یەکەمیدا ئەوەندەی لە توانای دابوو بێت هەوڵی داوە بە دوای داواکاری و کێشەو پێدوایستیەکانی گەلی کوردستاندا بچێت، بۆ ئەوەی بە یاسا چارەسەر بکرێن و هەنگاوەکانی بە یاسایی کردنی کۆمەڵگاو بەهێز کردنی دەسەڵاتی یاساو دادوەری بچێتە پێشەوە، بۆ ئەمەش چەندین یاساو بڕیاری گرنگی دەرکردووە کە لەلایەن حکومەتی هەرێم و ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش کراون. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەپوختەیەکی کارو چالاکیەکانی پەرلەمان بکەم کە لەخولی گرێدانی یەکەمو لەکاتی دانیشتنە نائاساییەکاندا لە پشووی هاوینە ئەنجامی داوە.

لە خولی یەکەمی ساڵی سێیەم کە لە 1\3\2007 دەستی پێکرد، پەرلەمان (43) دانیشتنی بەستووە کە (9) دانیشتنی نائاسایی بووەو تیایدا (22) یاساو (6) بڕیاری دەرکردووە. بەبەراوورد لەگەڵ خولی گرێدانی یەکەم و دووەمی ساڵی پار کە پەرلەمان (45) دانیشتنی گرێدا بوو (4) دانیشتنیان نائاسایی

بوونو تیایدا (26) یاساو بڕیاری دەرکرد بوو. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بۆ ڕۆڵی پەرلەمان بکەین و خولی گرێدانی یەکەمی ئەمساڵو هەردوو خولی ساڵی پار لەگەڵ یەك بەراوورد بکەین، دەردەکەوێ کە ئەمساڵ پەرلەمان لە ڕووی چۆنایەتی وچەندایەتیەوە لە ساڵی ڕابردوو چالاکتر بووە، چ لە ڕووی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتنەکان و چ لە ڕووی زۆری دەرکردنی یاساو بڕیارەکان لەچاو ساڵی 2006.

هەروەها پەرلەمان بۆ تەواو کردنی چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگ، بڕیاریدا 15 ڕۆژ ماوەی پشووی هاوینەی دانیشتنەکانی خۆی کەم بکاتەوەو درێژەی بە کۆبوونەوەکانداو تیایدا یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی 2007 بە گۆڕانکاری پێویست و چەند تێبینیەکەوە پەسەند کرد، لەبەر ڕۆشنایی سەرنج و تێبینیەکانی پەرلەمانتارانیش، چەند ڕاسپاردەیەکی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد بۆ ئەوەی لەپێشکەشکردنی بودجەی ساڵی 2008 لەبەرچاوی بگرن، هیوادارین حکومەت لەوادەی دیاریکراوی یاساییدا، بودجەی ساڵی داهاتوو پێشکەش بە پەرلەمان بکات. بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشترو شەفافیەتێکی زیاترەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت. یەکێکی تر لەو یاسایانەی لە ماوەی پشووی پەرلەماندا بڕیاری لەسەردرا، یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستان بوو، کە بەیاسایەکی گرنگو پێویست دەژمێردرێت بۆ ئێستاو ئایندەی گەلەکەمان، پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کە حەوت دانیشتنی نائاسایی بۆ تەرخانکرا بە گۆڕانکاری پێویستەوە  یاسای نەوتو گاز پەسەند کرا. جگە لەمانەش هەر لەماوەی خولی یەکەمدا، چەندین یاسای گرنگی وەك: یاسای لێبوردنی گشتی، یاسای مافی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، یاسای داواکاری گشتی، یاسای هەمووارکردنی یاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی کشتوکاڵی لەسنووری شارەوانیەکان، یاسای 12 وەزارەتی حکومەتی هەرێم و چەند یاسایەکی تری بوارە جیاجیاکانی وەك: یاساکانی لابردنی مەرجی شوو کردن، یاسای خانەنشینی سەرپەشتیاری دادی، بڕیارێکی تایبەتیشی سەبارەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەرکردووە.

**خوشكو برایانی بەڕێز.**

دیارە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی تری پەرلەمان، چاودێری کردنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەکانی پەرلەمان لە ماوەی ڕابردوودا بەدواداچوونو هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەت کردووە، لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتو پێشنیازی لیژنەکان، چەندین دانیشتن ئەنجامدراوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کاروچالاکی وەزارەتەکان، تیایدا بانگهێشتی وەزیرە بەڕێزەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، خوێندنی باڵا، کارەبا، داد، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، مافی مرۆڤ، پلاندانان، کارو کاروباری کۆمەلایەتی، سامانە سروشتیەکان کراوە. کە لە هەندێکیاندا بەڕێزان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانو جێگری سەرۆکی حکومەت بەشداریان تێدا کردووەو بەڕاشکاوی وەلامی پرسیارو تێبینیەکانی پەرلەمانتارانیان داوەتەوە. سەبارەت بە دژایەتی کردنی گەندەڵیش کەلێرەدا دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم, شەڕی دژایەتی کردنی گەندەڵی دەستی پێکردووە، ئەرکی هەموو لێپرسراوێکە لە پێش هەموویان پەرلەمان و حکومەت و میدیاکان  ڕۆڵی خۆیان ببینن و پشتیوانی هەنگاوەکان بکەن، کە

ئێستا دەستی پێ کردووە، ئومێدەوارین بەردەوام بێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو یاسایی لەکوردستان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش رۆڵی میدیایە لە گەیاندنی چالاکیەکانی پەرلەمان. کە بەداخەوە هەست دەکرێ، تا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو یاساو بڕیارانەی دەرچووە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو دانیشتنانەی گرێدراون، وەك پێویست لە میدیاکاندا بلاّو نەکراوەتەوەو گرنگی پێ نەدراوە، بۆیە زۆر کەس ئاگاداری ناوەرۆکی یاساکان و تەواوی کارو چالاکیەکان و رەوتی گفتوگۆکان و هەڵوێستی پەرلەمان و بیروڕای ئەندامان نین، ئومێدیشمان وایە کەمیدیاکان وەك ئەرکێکی پیشەیی رۆژنامەنووسی، کەناڵەکانی راگەیاندنیش بە گشتی بایەخی زیاتر بەخستنەڕووی یاساکان و کارو چالاکیەکانی پەرلەمان بدەن، بە رەخنەی ئیجابیانە دەستنیشانی کەموکوریەکان بکەن، بۆ ئەمەش وەك هەمیشە دەرگای پەرلەمان لەبەردەم گشت میدیاکان کراوەیەو، دەتوانن ئازادانە رۆڵی خۆیان لەو بوارەدا ببینن. بەلاّم ئەمە مانای وا نییە کە دەستخۆشی و سوپاسی گشت ئەو کەنالاّنە نەکەین کە لە ماوەی رابردوودا بەشێك لەدانیشتنەکانی پەرلەمانیان بەشێویەکی راستەوخۆ گواستۆتەوە، بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکانی(کوردستان تیڤی، کوردسات، زاگرۆس) پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین هەندێك لە کەناڵە ئاسمانیە عەرەبیەکان تا ئاستێك بایەخیان بە دانیشتنەکانی پەرلەمان داوە، کە جێگای سوپاس و دەستخۆشیە. هیوادارین لە داهاتوودا بەشێوەیەکی زیاتر راگەیاندنەکان گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان لەسەر ناوەرۆکی یاساو بریارەکان بگوازنەوە، تا خەلك لەڕاستی رووداوەکان و رۆڵی پەرلەمان بگەن.

**خوشكو برایانی بەرێز.**

سەبارەت بە چالاکیەکانی پەرلەمان لە بوارێکی تردا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەم، کە بە بەشداری و هاوکاری هەردوولا، کۆنگرەیەکی هاوبەش بەناوی (فیدرالیزمی پراکتیکی لە عێراق) رۆژانی 10-13ی تەمووز لە هەولێر بەرێوە چوو، کە لەلایەن ریکخراوی (هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەپێناو دادپەروەری)و رێکخراوی (ئاشتی بێ دادپەروەری نابێ) رێکخرا بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی عێراقو کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی کەنەداو ئوسترالیاو کەسانی ئەکادیمی و پسپۆرو شارەزایانی بواری دەستووری و فیدراڵی و یاسایی لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئاسیاو ئەفریقاو وڵاتانی عەرەبی بەشداریان تێدا کردبوو، ئەو کۆنگرەیە دەرفەتێکی باش بوو بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا لەبارەی مەسەلە گرنگو چارەنووسازەکانی وەك: فیدراڵیەتی پراکتیکی لە عێراق و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دنیاو ئەزموونی هەرێمی کوردستان و هەنگاونان بۆ دروستکردنی هەرێمی فیدراڵ لە ناوچەکانی تری عێراقدا. هەروەها باس لە هەموار کردنی دەستوری عێراق و چۆنیەتی دابەش کردن و وەبەرهێنانی سامانە سروشتیەکانی وەك: نەوت و گاز لە عێراق کرا. لەو کۆنگرەیەدا گرنگیەکی زۆریش بە ماددەی 140و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی درا، لە پێناو دیاری کردنی چارەنووسی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، وەك مادەیەکی دەستووریش بەشدار بووان تەئکیدیان لەسەر جیبەجێ کردنی ماددەکە کردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش رۆژی 11ی تەمووز، دانیشتنێکی

هاوبەش لەنێوان هەردوو پەرلەمان بەرێوە چوو. تیایدا لە نزیکەوە باس لەدانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان و ئەو پێشنیازانە کرا، کە بۆ هەموار کردنی دەستوور پێشکەش کرا بوون، بەگشتی بەشدار بووانی کۆنگرەکە کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو هەموار کردنەی دەستوور، لەسەر حیسابی دەسکەوتەکان و بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان نەبێت و دژی دەستکەوتەکانی گەلانی عێراق لە فیدرالّیەت و ئازادی و دیموکراسیەت نەبێ. هەروەها باس لە سیستمی دادوەری و یاسای تاوانەکان و ماف و ئازادیەکان و یاسای باری کەسێتیو پشتیوانی کردن لە بەهێز کردنی رۆلی ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلأیەتی لەعێراق کرا، بۆئەوەی بتوانن ئازادانە بوونی خۆیان لەدارشتنی بریارو ژیانی سیاسی وگشتیدا بسەلێنن. لە پەراوێزی کۆنگرەکەشدا بۆ بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەردوولا لەسەر رەشنووسی پرۆتۆکۆلێکی هاوبەش رێکەوتن کە دواتر لە دانیشتنێکدا ناوەرۆکەکەی دەخەینە بەر دەستی ئەندامان بۆ گفتوگۆ کردن و دەولّەمەند کردنی، چونکە پێویستە پێش کۆتایی هاتنی ئەم مانگە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەوەلأمی پەرلەمانی کوردستان ئاگاداربکەینەوە..

پەرلەمان و هەڕەشەکانی دەرەوە.

لەم سالّدا، پەرلەمان دوو دانیشتنی نائاسایی گرێداوە بۆ گفتوگۆ کردن و وەرگرتنی هەلّوێست لەبەرانبەر هەڕەشەو دەست تێوەردانەکانی هەندێك لە ولأتانی دراوسێ کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان. دانیشتنی یەکەمیان لەرۆژی 2007\1\24 بەرانبەر بەهەڕەشەکانی تورکیابوو. دووەمیشیان لە 2007\8\28 بەرانبەر بەتۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێم بوو کە هاوکات لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانو تورکیا ئەنجامدرا، لە هەردوو دانیشتەکەدا، پەرلەمان راشکاوانە ئیدانەی هەموو جۆرە دەست تێوەرادن و هەڕەشەیەکی سەربازی کردو تەئکیدی لەسەر چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشەکان کردەوە، لەبەر رۆشنایی رێزگرتنی دراوسێیەتی و پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و هەریەك لە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا. کە بەداخەوە تا ئێستاش تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستان هەر بەردەوامە، کە بۆتە هۆی ئاوارە بوونی سەدان خێزان و برینداربوونی چەندین کەس و وێران کردن و سووتاندنی رەزو باخ و مالّ و حالّی دانیشتوانی گوندەکانی ئەو ناوچە سنووریانە. دووبارە تەئکید دەکەینەوە، کە پێویستە دەمو دەست ئەو تۆپباران کردنانە رابگیرێن و کێشەکان بەشێوازێکی ئاشتیانەی و گفتوگۆی دۆستانە چارەسەر بکرێن.

پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی پەرلەمان.

لەسەر ئاستی پەیوەندییە سیاسیو دیپلۆماتیەکان، پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە چەندین وەفدی بیانیو پەرلەمانی ولأتان کردووە وەك: سەردانی وەفدی پەرلەمانی هەرێمی برۆکسل بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانو وەفدی پەرلەمانی سویسراو وەفدی پەرلەمانی ئەلمّانیا بە سەرۆکایەتی خاتوو کلاودیۆ رۆز سەرۆکی پارتی سەوزی ئەلمّانیا، هەروەك ژمارەیەکی زۆر لە بالّیۆزو کونسلّی ولأتانی ئەمریکاو

بەریتانیاو چینو ژاپۆنو یۆنانو سویدو روسیاو ئیتالیاو فەرەنسا سەردانی پەرلەمانیان کردووە، لەسەرجەم دیدارەکاندا باس لەمەسەلە هاوبەشەکانو چۆنیەتی گەشەپێدانی پەیوەندیەکانی هەرێمو هەریەك لەوولاّتانەو پشتیوانی کردنی زیاتر لەئەزموونی دیموکراتی وفیدرالی کوردستان کراوە. لەلایەکی ترەوە چەندین وەفدی پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکان بەڕەسمی لە بارەگای پەرلەمانی ئەورووپی و پەرلەمانی نیشتمانی و هەرێمە فیدرالّیەکانی ولاّتانی ئەورووپیدا پێشوازی کراون، هەروەها بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ولاّتانی پێشکەوتوو لە بواری فیدرالیزم و دیموکراسی و دەستووری و دەولّەمەند کردنی ئەزموونی پەرلەمانی لە کوردستاندا. بەشداریان لە چەندین کۆنگرەی نێودەولّەتی و کۆڕی یاسایی و دەستووریدا کردووە.

**ئەجێندەی کاری داهاتووی پەرلەمان.**

**بەرێزان.**

**خوشك‌و برایان ئەندامانی پەرلەمان.**

دیارە دەست پێ کردنەوەی دانیشتنە ئاساییەکانی خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمان، هاوکاتە لەگەلّ قۆناغێکی گرنگ و هەستیار کە کوردستان و عێراق و ناوچەکەی پێدا تێپەر دەبێت. بەتایبەتی مەسەلەی پرۆسەی سیاسی و ئاستەنگەکانی بەردەم حکومەتی فیدرالّ لە جێگیر کردنی ئەمن و ئاسایش و شەڕی دژ بەتیرۆرو هەڕەشەکانی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی کوردستان، بۆیە پێویست دەکات، وەکو ئەندامانی پەرلەمان رۆلّی زیاترو بەشداری کاریگەرانەتان هەبێت لەگشت بوارەکاندا، بۆ ئەمەش پێویستە گشت لیژنەکانی پەرلەمان چالاکانە تر رۆلّی خۆیان لە چاودێری کردنی وەزارەتەکان و بە دواداچوونی کێشەو پێداویستیەکانی خەلّکی کوردستاندا ببینن. پێویستە لێرەدا هەلّوەستە لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەین، کە ماوەی چەند سالّێکە کاری لەسەر دەکرێ، پاش ئەوەی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی نووسینەوەی دەستوور تەواو کراو بلاّو کرایەوەو بۆ چەند مانگێك خرایە بەردەم رای گشتی و حزبە سیاسەکان بۆ ئەوەی راو بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەربڕن، لەو ماوەیەشدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر ئاستی رەسمیو جەماوەری لە رێی بەستنی کۆڕو سیمیناری تایبەت و پێشکەش کردنی بەرنامەو مێزگردی تایبەت لە میدیاکاندا گفتوگۆی لەسەر کرا، بەسەدان نامەو ئیمێل و پێشنیازو تێبینی لەسەر ماددەو برگەکانی پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کراوە، کە هەندێکیان زۆر گرنگن و پرۆژەکەی پێ دەولّەمەند دەکرێت. بۆیە ماوەیەکە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور خەریکی پۆلێن کردن و هەلّسەنگاندن و تاوتوێ کردنی ئەو پێشنیازو تێبینیانەیە. بریاریشە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە ماوەیەکی دیاری کراودا کاری پێداچوونەوە تەواو بکەن، بۆ ئەوەی پرۆژەی دەستوورەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمانو گفتوگۆی لەسەربکرێت.

**بەرێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

**خوشك‌و بریانی بەرێز.**

جگە لەمانەش، چاوەڕوان دەکرێت لەم خولەی ئێستادا، چەندین پرۆژەی یاساو بڕیاری گرنگ لە گشت بوارەکاندا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت وەك: پرۆژە یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای دەسەڵاتی دادوەری، پرۆژە یاسای پشتگیری و هاوکاری لە خانەوادەی شەهیدان، پرۆژە یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە، پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای خانەنشین کردنی کەم ئەندامانی پێشمەرگە، پرۆژە یاسای پارێزگاکان، پرۆژەی هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی، پرۆژەی یاسای تایبەت بە کرێی خانووبەرە، پرۆژە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان، پرۆژە بڕیاری بە دەرکردنی رۆژنامەنووسان لە باری توند کردنی سزا، کە لە ماددەکانی 433و434ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە، چاوەڕوانین یاسای هەموار کردنی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەوو داراییو ئابووری پێشکەش بکرێت. هیواداریشین لە ماوەیەکی نزیکیشدا حکومەتی هەرێم پرۆژە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی رەوانەی پەرلەمان بکات، تا بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتەکانی پەرلەمان، چونکە دەرکردنی ئەم یاسایە رۆڵێکی گرنگی لە رێکخستن و بە یاسایی کردنی کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندن دەبێت لە کوردستاندا. بەو هیوایەی رۆژنامەگەری کوردیش وەك دەسەڵاتی چوارەم بەرپرسیارانە رۆڵی خۆی لە چەسپاندنی دیموکراسیەت و پاراستنی ئازادیەکان و چاودێری کردنی حکومەت و پەرلەمان و هەنگاونان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیو دیموکراسیدا ببینێ.

لە کۆتاییدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بەزووترین کات ئەو پرۆژە یاساییانەی کە لەبەر دەستیان دایەو پەیوەندیان بەژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە ئامادەی بکەن و رەوانەی پەرلەمانی بکەن. بۆ ئەوەی لەم خولەی ئیستای پەرلەماندا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و بڕیاریان لێ بدرێت. لە پێناو بەهێز کردنی حکومەتی هەرێم و چارەسەر کردنی گرفتەکانی خەڵکی کوردستان و چەسپاندنی یاسا و دابین کردنی دادوەری کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئازاد و دیموکرات و فیدراڵدا.

زۆر سوپاستان دەکەم. هەربژین.

خاڵی سێیەمی دانیشتنەکەمان وتاری رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق بە بۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمان، جەنابی کاك مەسعود با بفەرمووێت بۆ جێگای خوێندنەوەی وتار.

**بەڕێز کاك مسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی خۆشەویست.**

زۆر زۆر سوپاستان دەکەم بۆ رەخساندنی ئەو دەرفەتەو دەستخۆشیتان لێ دەکەم، کە بەڕاستی دەبینین پەرلەمان زۆر چالاکتر بووە لە جاران و ئومێدەوارین هەر بەردەوام بێت و جێگەی ئومێدن ئێوە، ئومێدەوارم کە نائومێدمان نەکەن ئینشائەڵڵا، من وتارەکەم بە باری ناوخۆی کوردستان دەست پێ دەکەم، پێش ئەوەی بچمە ناو وردەکاریەکان دەمەوێ جارێکی دیکەش سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیانی

ڕووداوی دڵتەزێنی دەڤەری شنگاڵ بکەم، هەروەها هەموو ئەو خوشك و برایانەی کە لە ناوچەکانی دیکەش بەدەستی تیرۆر شەهید بوونەو تووشی زیانی گیانی و دارایی بوونە. لەم ماوەیەدا کە دەبینین بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە بۆ ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا نەهاتوونەتەوە سەر هەرێم، بۆ ئەوەی بە تۆقاندن و کوشتن کورد ناچار بکەن ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی جێبەجێ کردنی ماددەی 140دا، ئەو ماددەیە ئەو بەهایەی نەمێنێ. لەبەر ئەوە لە کاتێکدا ئێمە ئەو تاوانانە مەحکووم دەکەین، دووپاتیشی دەکەینەوە، کە وەکو حکومەتی هەرێم هەرچی لە دەستمان دێ، دەبێ بیکەین بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هێزی هاوپەیمانان و بەخۆشمانەوە. هەروەها داوا لەو خوشك و برایانەش دەکەمەوە، کە خۆڕاگربن، چونکە ئەمە پیلانێکی گەورەیەو دەیانەوێ ئەو ناوچانە لە کورد چۆڵ بکەن.

من لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی دەست پێدەکەم. حەز دەکەم هەموو لایەك دڵنیا بن کە بە بۆچوونی خۆمان ئەو ڕێککەوتنە بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و هاوپەیمانەکانی خۆمان و نەتەوەی کوردە، چونکە بارودۆخەکە وایە ئەگەر ئەم دووحزبە تەبابن، ڕەوشی کوردستان ئارام دەبێت و دەسکەوتیش بەدەست دێت و دەتوانین ئەو دەسکەوتانەی بەدەستیش هاتوون، بیانپارێزین، ئەگەر تەبانەبن گێروگرفتی گەورە دروست دەبێت. ئەو هاوکێشەیە هەروا دەمێنێ یا دەگۆڕێ، ئەوە خوا دەزانێ لە ئایندەدا چۆن دەبێت، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە ئاوایە، کە هەیە. بێگومان دوو ئیدارەیی هەبێت، ئێمە لە دەرەوە ئەو بەهایەمان نابێ و لە مرووەوەش ئەزموونمان هەیە. پێکەوەبین و متمانە بەیەکدی نەکەین، ناکرێ و ئیش بەڕێوەناچێ. لەبەر ئەوە لەگەڵ سەرکردایەتی و شەخسی جەنابی مام جەلال بیرمان کردەوەو گوتمان: ئێمە دەبێ لەگەڵ یەکدی زۆر ڕاشکاوبین، بزانین ئەو شتانە چییە کە یەکێتی لێی دەترسێ، یا ئەو شتانەی پارتی لێی دەترسێ، دەبێ برایانەو ڕاستگۆیانە لەگەڵ یەکدی باسی بکەین. شەڕ بکەین، شەڕمان کرد، بەشەڕ لە غەیری زەرەرو زیان هیچ شتێکی دیکەمان دەست نەکەوت، ئەگەر لەمەودواش دووبارە ببێتەوە خراپتر دەبێت. باوەڕبکەن ئەوەی پێشی 2003 دەستی دەدا، لەمەودوا دەست نادات. ئێستا هەتا ئەگەر بڵێن لایەك بتوانێ حەسمی عەسکەریش بکات، وەکو حەماسی لێدێت, چونکە ئەو سیاسەتە نەماوە بڵێی بەشەڕ شت حەسم دەبێت. دوو ئیدارەییش ماوەیەکە تاقیکرایەوە، ئێستا کە ڕەوشەکە گۆڕاوەو یەك پەرلەمان هەیە, ئیدارەیەکی گرتەوە، وابزانم خۆشتان هەستی پێدەکەن، چونکە کاتێ لەگەڵ حزبەکانی دیکە یا ئەو وەفدانەی لە دەرەوە دێن و دادەنیشین، مرۆڤ هەست پێدەکات و سەربەرزو خۆشحاڵیشە بەوەی چۆن سەنگی کورد زیاتر بووەو لەبەر چاوی خەڵك بەقەدر تر بووە. من دڵنیاشم لەوەی چ پارتی، چ یەکێتی، چ حزبەکانی دیکە مەبەستیان خزمەتکردنی میللەتەکەیانە، کەواتە ئەوەیە ڕێگەی ڕاست. لەبەر ئەوە ئێمە ئەو ڕێککەوتنەمان کرد، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین. ڕەنگە زۆر کەس بڵێن، ڕێککەوتنی دیکە زۆر بووە، یا هەندێ ناحەز دڵیان بەوە خۆش بێت، بڵێن: ماوەیکی دیکەیە تێکدەچن. من دڵنیایان دەکەم ئەو ڕێککەوتنەی ئەمجارە زۆر جدییە، چونکە جاران کە لە نێوان لق و مەڵبەندێك گرفتێك ڕوویدا بوایە یەکسەر ئەو گرفتە دەگەیشتە سەرکرادیەتی. ئێستا وا نەماوە، ئەگەر گرفتێکیش ڕووبدات، ئالیەتی بۆ دۆزراوەتەوە، هەروەها ئەو حەساسیەتەش نەماوە. ئێستا ئێمە چ پارتی, چ

یەکێتی, چ حزبەکانی دیکەش دەبێ کوردایەتی بکەین، کامە کادری چالاکە، کامە کارمەندی چالاکە نابێ لێی بپرسرێ کە ئەمە پارتیە یا یەکێتییە یا فلاَن حزبە، چونکە زۆر جیاوازە تۆ ئەمڕۆ حزبێك بێت یا دەسەلاَت بێت، ئەمڕۆ ئێمە دەسەلاَتین، لە بەر ئەوە بەرپرسیاریەتەکەش گەورەترە, بۆیە من دەڵێم ئەو رێککەوتنە، رێککەوتنێکی بەهەق ستراتیژیەو, ئەگەر خوا دەرفەت بدات مەحاڵیشەوا نابێ بچوکترین گرفتی تێ بکەوێ، من لەلای خۆمەوە پەیمان بە میللەتی کورد دەدەم، کە زۆر بەجدی هەوڵدەدەین ئەم رێککەوتنە تا سەربمێنێ و پەنا بە خوا دەبێ بشمێنێ. لە هەمان کاتیشدا ئێمە ئیحتیکاری هەموو شتێك ناکەین، ئێمە هاوپەیمانمان هەن و حزبی دیکەش هەبوونە شان بەشانی پارتی و یەکێتی شەڕیان کردووەو خوێنیان داوەو شەهیدیان داوە، هەقی خۆیانە. دەبێ رێزو ماف و رۆڵی ئەوان پارێزراو بێت، چونکە شتێك نییە مرۆڤ بتوانێ ئینکاری بکات، دڵنیاشیان دەکەینەوە کە ئاراستەکە ئەمەیە، کوردستان هی هەمووانە و هەموومان دەبێ تێیدا سەربەرزو ئازادبین. من بەوە زۆر خۆشحاڵم، کە ئێستا ماڵی کورد لە هەموو کاتێك زیاتر رێکە، چ لە ناو یەك پارچەدا, چ لە نێوان پارچەیەك و پارچەیەکی دیکەدا. من پێموایە ئەمە دەسکەوتێکی گەورەیە، ئەگەر ئێمە باش بیری لێ بکەینەوە، بەڕاستی بەبیرم نایەت بە درێژایی مێژوو ناو ماڵی کورد وەکو ئێستا تەبا بێت. بۆیە ئەم دەسکەوتە گەورەیە بە هەر نرخێك بێت دەبێ بیپارێزین, نابێ کەسیش بیر لەوە بکاتەوە بەفشار، یاخود بە تۆپباران بتوانێ جارێکی دیکە ئەو تەباییەی ماڵی کورد تێکبدات.

ئێمە دەبێ بەردەوام بین لەسەر دروست کردنی دامەزراوەکان، بەلاَم دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و شەخسی، لەمەشدا دەبێ هەموو لایەك نەرمییەکی تەواو بەکاربێنن. ئێمە پێویستیمان بە چاکسازی ئیداری هەیە، حزبەکانیش دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە، حکومەتیش دەبێ بەخۆیدا بچێتەوە، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە، خۆزگە بمانتوانیایە بە ماوەیەکی کورت هەموو شتێك تەواو ببوایە، بەلاَم ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نییە، رەنگە مرۆڤ لە دوورەوە بەکارێکی ئاسانی ببینێ، بەلاَم کە دەچیە ناو خودی مەسەلەکانەوە، ئەو کاتە دەزانێ چەند گیروگرفت هەیە و چەند کۆسپ لەسەر رێگەدا هەیە. یەکگرتنەوەی ئیدارە مەسەلەیەکی جدییە، ئەو چەند دەزگایەی ماویشن، ئومێدەوارین پێش کۆتایی ساڵی 2007 تەواو بن و هەموو ئەو دەزگایانە یەك بگرنەوە. تارادەیەکیش شتێکی وا نەماوە. رەنگە زۆر کەس مەزەندە بکات، کە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە گرفتە. من دڵنیاتان دەکەمەوە لە هەموو دەزگای دیکە ئاسانترە, ئێستا یەك فەرماندەیی هەیە، بەلاَم لە راستیدا دەمانەوێ لەشکرێکی ستاندارد دروست بکەین. یەکگرتنەوەی پێشمەرگە مانای ئەوە نییە، بڵێن فلاَن هێزو فلاَن هێز تێکەڵ بن. ئێمە ئەو پەڕی رێزمان هەیە بۆ ئەو پێشمەرگانەی زەحمەتیان کێشاوەو ماندوو بوونە، ئەگەر ئێستاش مەرجی ئەوەیان هەبێت، بتوانن لە ناو لەشکری تازە بەردەوام بن، باشە, ئەگەر نا لە هەمان ئیمتیازاتەوە دەوری خۆیان ببینن، بەلاَم بۆ یەکێك تەمەنی گەیشتبێتە پەنجا ساڵ زەحمەتە داخیلی دەوراتی راهێنان بێ وەك سەربازێکی تازە، ئێستاش ئێمە پێویستیمان بەو ئەفسەرانە هەیە کە لە ئەکادیمیای سەربازی زاخۆو قەلاَچوالان دەرچوونە, بۆ ئەوەی سەربازێکی ستاندارنمان هەبێت و لە زانستی سەربازی تازە بزانن. ئێمە بە نیازین بە تەواوی مانای وشە لەشکری کوردستان دروست بکەین، کە دوور بێ لە حزبایەتی دڵنیاشتان دەکەمەوە، کە سەرکردایەتی هەردوو حزب زۆر هاوکارن. ئەم لەشکرەش، بەڕاستی لە شکری کورستان دەبێت، نە لە شکری یەکێتی

دەبێت، نە لەشکری پارتی. مەسەلەیەکی دیکە کە بەلای منەوە گرنگە، مەسەلەی یەك زمانی نووسینە، چونکە تا ئێمە یەك زمانی نووسینی کوردیمان نەبێت، گیروگرفتێکی زۆرمان لە پێشدا دەبێت، زۆر میللەتی دیکەی تر هەن وەکو ئێمە شێوەزاری جۆراوجۆریان هەیە. بەلاّم یەك زمانی نووسین و خوێندنەوەیان هەیە. ئەمەش دیسان پرۆسەیەکی وا ئاسان نییەو کاتی دەوێ، بەلاّم دەبێ دەستی پێ بکەین و بڕیار بدرێ کە زمانێکی نووسین و خوێندنمان هەبێت بۆ هەموو میللەتەکە.بەلای ئێمەوە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سەرووی شتەکانی دیکەوەیە، لەسەر حسابی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان مساوەمە ناکرێ، لە هەمان کاتیشدا دەبێ پرسەکانی مافی مرۆڤ و ڕێساکان لە بەرچاو بگیردرێ، بەلاّم لە راستیدا پرسی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە. خالێکی دیکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی هەر مووچە بەخەلك بدات، پێویستە دەرفەتی کار دروست بکات بۆ خەلك، بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهاتی ژیان بۆ خەلك بدۆزرێتەوە، ئەو بێکاریەی هەیە، دەبێ نەمێنێ، چونکە زەرەرەو گورزی لە سومعەی ئێمەش داوە، زەحمەتیشە ئابووری ئێمە بەرەوپێش بچێ، ئەگەر چارەسەری ئەم بارە نەکرێ، بەکورتی و بە پوختی دەبێ خەلك فێر بکرێ ماسی بگرێ، نابێ فێری ماسی خواردنی بکەی. دەبێ فێری بکەی چۆن ماسی بگرێ و بیخوات. من خۆشحالّبووم، کە ئێستا جەنابی کاك عەدنان باسی لەوە کرد کە دەستووری هەرێمی کوردستان خەریکە دەگاتە قۆناغی کۆتایی، ئومێدەوارم هەرچی زووە بخرێتە بەردەمی خەلك بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدات، بۆ ئەوەی ئیتر ئێمەش دەستووری خۆمان هەبێت، کە ئەمەش پەنا بەخوا هەنگاوێکی مێژوویی دەبێت.من جارێکی دیکەش دەیلّێمەوە، دەبێ لەو دەستوورەدا زۆر بەڕوونی مافی برایانی تورکمان و کلدان و ئاشووری دیاری بکرێ، هەروەها ئەوان ئاسوودەبن و بەقەناعەتەوە لەگەلّ ئەو دەستوورە بن، لەگەلّ ئەو کوردستانە بن، کە تێیدا دەژین و خۆیان بە خاوەنی بزانن، ئومێدەوارم ئەو دەستوورە ئەو نیگەرانیە لای ئەو برایانەش نەهێلّێ. هەروەها ئازادی ئاین و بیروباوەڕ کە پرسن، دەبێ دەستوور زۆر بە ڕوونی بۆیان بچێت و ڕوونیان بکاتەوە. بەڕاستی من ڕۆلّی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەباشی نابینم، هەرگیز ئێمە لە رەخنە نەترساوین، پێموانییە ئەوەی پێشمەرگایەتی کردبێ لە رەخنە بترسێ و منەتی بە هیچ شتێك بێت، چونکە تۆ کە بڕیارتدا گیانی خۆت بۆ میللەتەکەت ببەخشی، ئیدی لە چ دەترسی. دوو جۆرە رەخنە هەیە جا رەخنەیەك بۆ ئەوەیە کە تۆ چاکی بکەین، کە لە دلّسۆزییەوەیە، لە پەرۆشیەوەیە، بەڕاستی ئێمە دەبێ ئەو رەخنەیە بخەینە سەر سەرمان و وەری بگرین، هەروەها دەبێ ئەو جۆرە رەخنەیەش هەبێت. رەخنەیەکی دیکە هەیە، کە هەندێ کەس هەر بۆ ئەوەی بلّێن شتێکی نووسیووە، پێیوایە ئیتر دەبێ رەخنە بگرێ، تا ئاستێك مرۆڤ دەتوانێ ئەمەش قبوولّ بکات، بەلاّم هەندێ شتی دیکە هەیە، کە جاران چۆن جاشایەتی بە تفەنگ دەکرا، ئێستا هەندێ کەس بە قەلّەم دەیکەن. باشە، هیچ شتێکی باش نەکراوە، بەتایبەتی ئێستا جەختێکی زۆر لەسەر پارتی و یەکێتی دەکرێت، باشە، کێ ئەو بارەی دروست کرد؟ چۆن ئەو رەوشە دروست بووە؟ ئەو رەوشە بەخوێنی کێ دروست بووە؟ من نالّێم پارتی و یەکێتی بە تەنێ، بە خوێنی میللەتی کورد بە تێکرایی دروست بووە، بەلاّم پێموایە کەس ناتوانێ ئینکاری رۆلّی ئەو دوو حزبە بکات کە چەند بووە. پاشان ئێمە ئینقلابچی نین، ئێمە بەڕای میللەت هاتووین و بەڕای میللەتیش دەڕۆین، خوا شاهیدە ئێمە تالّیبی دەسەلاّت نین. ئێستاش

ئەوە پەرلەمان، هەر دەقیقەیەك هەست بکەن، من بەشبەحاڵی خۆم، وجودی من لەو پۆستە خزمەتی میللەتی کوردو کوردستان ناکات، پێم بڵێن: دەستیشتان ماچ دەکەم و لا دەچم, ئێمە نە ئینقلابچنین نە هاتووین بە زۆر دەسەلاَت وەربگرین، خەباتمان کردووە بۆ رزگاری میللەت. شوکر بۆ خوا رزگاری بووەو تارادەیەکی زۆر دەسکەوتی باش بە دەستهاتووە، ئەگەر ئێمە کۆسپین لە رێگەی ئەوەوە، پێمان بڵێن ئێوە کۆسپن و خوا حافیز و دەچینەوە ماڵی خۆمان، هیچ گرفتێك لێرەدا نییە، ئەگەر کەسانێکیش مەزەندە دەکەن وەك چۆن جاران بەفیشەك و تفەنگی دوژمن مەیدانمان پێ چۆڵ بکەن، کە رووڕەشی و شەرمەزاریان بۆ ماوەیەوە، ئەگەر پێیانوابێ بە قەڵەمی بەکرێگیراوی خۆیان مەیدانمان پێ چۆڵ دەکەن، هەر هەمان شەرمەزاریان بۆ دەمێنێتەوە. ئێمە بەوانە لانا چین.

لەبەر ئەوە راگەیاندن، دەبێ هەردوولای وێنەکە ببینێ، بە چاك بڵێ چاك و بەخراپیش بڵێ خراپ، من ناڵێم هەموو شتی ئێمە تەواوەو چاکە، هەندێکی لێی نازانین، هەندێکی خراپ بووە، هەندێ بەرژەوەندی تێکەڵ بووەو هەندێ شتی ناڕەوا دروست بووە. ئێمە کە دەڵێین چاکسازی مانای ئەوەیە کەشتی خراپ هەیە. بۆیە باسی چاکسازی دەکەین، بەلاَم شتی باشیشکراوەو باسی بکەن. هەر ئەم ئازادیەی هەیە شتێکی کەم نییە، دواتر پڕۆسەی ئێمە هێشتا کۆتایی نەهاتووەو بەردەوامەو زۆر زۆری ماوە تەواو ببێت.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، ئەو تۆپبارانکردنەیە کە لە ماوەی رابردوو تورکیا و ئێران کردوویانە. بەراستی ئەوەی لای من زۆر سەیرە تۆپبارانەکەی ئێرانە، کە کوچك لە ئاگر گەرمترە. تۆپبارانی ئێران زۆر توندتر و خەسترە لە هی تورکیا، کە ئەمە چاوەڕوان نەدەکرا. تاك بەهانەیان ئەوەیە کە پەکەکەو پەژاك لەو ناوچانە هەن. ئەگەر بەهانەی ئەوان ئەوە بێت کە دژی پەکەکە و پەژاکە. باشە بۆردومانکردنی دێهاتی دەوروبەری چۆمان و قەلاَدزێ یانی چی؟ ئەو هەموو خەڵکە لە ترسی تۆپبارانەکە ئاوارە بووە، ئەگەر ئەجندەی دیکە هەیە، بابزانین چۆن دەبێت، بەلاَم من یەك شت دەڵێم: ئەگەر ئەجندەو مەبەستی دیکەی تر هەبێت و پێیانوایە بە تۆپباران ناچارمان دەکەن و چۆکمان پێ دادەدەن، بە خودای سەد ئەوەندەی دیکە تۆپباران بکەن بە زۆر ناتوانن شتێکمان لەسەر بسەپێنن. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە، کە هەرگیز ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین توندوتیژی بەکاربێت یا کەسێك بێت. لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە بچێ هەڕەشەی ئاسایشی هیچ دراوسێیەکی ئێمە بکات. من لە سۆنگەی کوردایەتییەوە داوا لە هەموو برایانی کورد دەکەم لە هەموو لایەك موراعاتی باری هەرێمی کوردستان بکەن. کارێك نەکەن بەهانە بدرێ بەدەستی هیچ دەوڵەتێك بۆ ئەوەی بارودۆخی ئێمە تێکبدەن، چونکە تێکچوونی باردۆخی ئێرە زیانە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، هەروەها دۆزی کوردش بەزۆری چارەسەر نابێ، نە کورد بیر لەوە بکاتەوە بەتوندو تیژی دەتوانێ هیچ بەدەست بێنێ, نە ئەو دەوڵەتانەش بیر لەوە بکەنەوە کە بەتوندوتیژی دەتوانن دۆزی کورد کۆتایی پێ بێنن. ئەمە دەبێ بە دیالۆگ چارەسەر بکرێ, دەبێ بەلێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێ. ئێمە ئامادەین هەموو هاوکاریەکی ئەو دەوڵەتانە بکەین، ئەگەر رێگەی دیالۆگ بگرنەبەر، رێگەیەکی چارەسەری ئاشتیانە بگرنەبەر بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، ئێمە ئامادەین. لەبەر ئەوە ئێمە ئومێدەوارین هەم ئەو دەوڵەتانە بەخۆیاندا بچنەوەو واز لەو دەستدرێژیەی سەر هەرێمی کوردستان بێنن، هەروەها داوا لە هەموو لایەنێکی کوردیش دەکەم موراعاتی بارودۆخی هەرێم بکەن، هەروەها بەتوندی ئەو

تۆپبارانە مەحکوم دەکەین و داوا لە ئێران و تورکیا دەکەین، کە واز بێنن، بەتایبەتی ئێران، چونکە تۆپبارانەکەی لە رادە دەرچووەو خزمەتی بەرژەوەندی هاوبەشی ئێمەو ئەوان ناکات، هەروەها هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەکرد (ئێران) بەو شێوەیە رەفتار لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بکات. ئێمە پێمانوایە دوای دوا هەڵبژاردنی تورکیا ئاسۆیەکی دیکە لە پێشە بۆ چاککردنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا, ئێمە ئامادەین بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بەروە پێش ببەین. ئومێدەوارین ئەو هەڵبژاردنە ببێتە سەبەبی چاکبوونی پەیوەندیمان و بەرژەوەندی هاوبەشمان کە زۆرە، ئێستا هەوڵ و کۆشیش هەیە بۆ ئەوەی ئەو ساردیەی هەبووە نەمێنێ، من دووپاتی دەکەمەوە ئێمە دەخوازین پەیوەندی باشمان هەبێت، بەلاّم جارێکی دیکەش دەیلێمەوە بە تۆپباران ناتوانن هیچ شتێك لەسەر ئێمە بسەپێن. دەربارەی بارودۆخی ئێراق، پێش ماوەیەك لەسەر داوای جەنابی سەرۆك کۆمار و بەرپرسانی دیکەو ئەمەریکییەکانیش چوومە بەغداو دوو هەفتە لەوێ مامەوە، لەوێ لەگەڵ جەنابی مام جەلال و حزبەکان بە دوو قۆڵی و بەسێ قۆڵی بە چوار قۆڵی و زیاتریش زۆر خەریك بووین. بەڕاستی بارودۆخەکە ئەوەندە ئالۆز بوو مرۆڤ نەیدەزانی لە کوێ دەست پێ بکات و لەگەڵ کێ قسە بکات، چوکە هەر ئەوە نییە بڵێی شەڕی سوننە خۆبەخۆیی هەیە، شەڕی شیعەو سوننە هەیە، شەڕ لەگەڵ تیرۆر هەیە، یەعنی زۆر شەڕ تێکەڵ بوونە، لەبەر ئەوەی کارتەکان ئەوەندە تێکەلاّون، مەسەلەکە کارێکی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەستمان کرد، کە هەندێ هەوڵ بۆ هەموار کردنی دەستووری فیدراڵ بەتایبەتی لە ماددەی 110 تا ماددەی 115، کە ئەمە رەگی دەستوورە، ئێمە زۆر هەوڵماندا رێککەوتنێکی پێنج قۆڵی بکرێ، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی سیاسی بدۆزینەوە لەو سەنگەرگیری و تایفەگەری و ئەوانەوە دەربچین. پێش ئەوەی من سەردانی بەغدا بکەم وەفدێکی حزبی ئیسلامی هاتبوونە ئێرە، بە دوورو درێژی لەگەڵیان دانیشتن، ئێمە وا تێگەیشتین کە ئەوان ئامادەن بۆ ئەو بەرەیە، یان ئەو هاوپەیمانییەتییە یا هەرچی ناوی لێدەنرێ، بەلاّم کە چووینە بەغدا دیار بوو ناکۆکی ئەوان لەگەڵ ئیئتیلاف بەتایبەتی لەگەڵ دەعوە زۆر قووڵ ببوو، ئیتر هەرچی هەوڵێکماندا نەمانتوانی لەگەڵیاندا، ئەوان بارودۆخ و کێشەی خۆیان هەبوو، پێمان گوتن ئێمە ئامادەین بەسێ قۆڵی لەگەڵ ئێوە ئیمزای بکەین، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان پار رێککەوتنێکی سێ قۆڵی ئامادە کرا لەنێوان یەکێتی و پارتی و حزبی ئیسلامی، کە وەکو سێ حزب ئیمزای بکەین وەك پشتیوانی و هاندانێك بۆ ئەوان، کە مەزەندە نەکەن فەرامۆش کراون و من و مام جەلال هەردووکمان ئیمزامان کرد، بڕیار بوو سکرتێری گشتی حزبی ئیسلامیش ئیمزای بکات، بەلاّم لەبەر هەندێ هۆکاری ناوخۆیی خۆیان نەیتوانییوە تا ئێستا ئیمزای بکات، پێمان گوتن ئەگەر دەتانەوێ ئەوەش دووبارە بکەینەوە، ئێمە ئامادەین. رێککەوتنی چوار قۆڵی نێوان هەر چوار حزب پارتی و یەکێتی و مەجلس و دەعوە، ئێمە زۆر هەوڵماندا حزبی ئیسلامی بێت، بەلاّم گوتیان ئێمە نایەین، باشە گوتمان ئەگەر ئێوە نەیەن ئیجازەمان پێ بدەن و مەزەندە نەکەن، کە ئەوە دژی ئێوەو کەسی دیکەیە، بەڕاستی ئێمە دەمانەوێ پرۆسەکە بەجووڵە بکەوێ، چونکە تا رادەیەك ئیشی حکومەت وەستاوە، هەروەکو باسیشم کرد، ئێمە مەترسی ئەوەشمان هەبوو، کە مەسەلەی هەموار کردنی دەستوور بێتە گۆڕێ لەبەر ئەوە ئێمە بەڕاستی پێویستیمان بەوە هەبوو پێش دەستیەك بکەین لە مەسەلەی هەموار کردنی دەستوور ئەگەر گەیشتە ئەوە، ئێمەش هاوپەیمانییەکی دیکە دەکەین، واتە

مەحاڵە ئێمە ڕێگە بدەین لەسەر حیسابی هەرێمی کوردستان ئەو دەستکەوتانەی کە لێرە بە دەستهاتوون، دەستکاری دەستوور بکرێ، هەروەها چوراچێوەیەکی سیاسیشە بۆ هاوپەیمانییەتییەکی تازە، هەروەها کاتی خۆشی کە لێرە لەگەڵ حزبەکانی خۆشمان دانیشتین بڕیار بوو پێکەوە ئەوە بکەین، بەلاّم چونکە مەسەلەی دەستکاری کردنی دەستوور هاتە پێش و حزبی دەعوەو ئەنجومەنی بالأش گوتیان ئێمەش حزبی دیکەمان هەیەو پاشان ڕێکدەکەوین کە چۆن ئەمە فراوان بکەین، هەروەها ئێمە پەیوەندیمان بە برایان لێرەشەوە کرد، کە بارودۆخەکە بەو شێوەیە. ڕێککەوتنە چوار قۆڵییەکە بووە سەبەبی ئەوەی بارودۆخەکە بە جوڵە بکەوێ، دوای ئەوە هاتینە سەر پێنج قۆڵییەکە، پێش ئەوە لیژنەیەکی ئامادەکاری دروستکرا بوو بۆ ئەوەی بە کۆمەڵێك دۆسییە دابچنەوە لەوانە: مەسەلەی دەستکاری کردنی دەستوور، قانونی نەوت و قانونی لە ریشە هەڵتەکاندنی بەعس و قانونی پارێزگاکان و مەسەلەی دۆسێی ئەمنی و میلیشیات و گروپە چەکدارەکان, ئەو لیژنەیە شتی باشیان کرد بوو, ئەوراقی زۆریان ئامادە کرد بوو، ئیتر دوای گفتوگۆیەکی زۆر هەندێ لەو دۆسێیانە تەواو بوون و بڕیار دار بدرێنە پەرلەمان، هەندێکی دیکە لیژنەکە زیاتر لەسەریان بەردەوام بێت، ئیدی بەیاننامەی کۆتایی پێنج قۆڵییەکە دەرچوو، چوار حزبەکە زائید حزبی ئیسلامی تا رادەیەك ئەوە وەلاّمێك بوو، هەروەها بۆچوونی هەڵەی زۆر کەسی دیکەشی ڕەواندەوە. یەعنی مرۆڤ بەڕاستی دەتوانێ بڵێ ئەگەر کورد نەبوایە ئەو شتە نەدەکرا، کە ئەوەش بۆ کورد جێی شانازییە, بەیاننامەکەی کۆتایی سەرکەوتنێکی گەورەی تێدا بوو، کە ماددەیەکی زۆر گرنگی تێدا بوو، نازانم ئێوە تێبینیتان کردووە یان نا ,کە بەندی کۆتایی دەڵێ: سەرکردەی سیاسی عێراقی داوا دەکات ڕێککەوتنێکی درێژخایەنی ئەمن لەگەڵ ئەمەریکا بکرێ، دیارە پێش ساڵێك و دوو ساڵ مومکین نەبوو ئەوە بکرێ، بەلاّم ئەمە ئیشێکی زۆری لەسەر کرا، هەروەها دوێنێش سەرۆك بۆش زۆر گرنگی بەو مەوزوعەدا، تا رادەیەك ئەو شتەی کە پێویست بوو بکرێ، بەڕاستی کرا جا خەڵکی دیکە موزایەدە دەکات، ئەوە کەیفی خۆیانە، بەلاّم ئەو ڕێککەوتنە لە بەرژەوەندی خەڵکێك نەبێ، کە حەزیان لە دیکتاتۆریەتە. دەربارەی پەیوەندی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، ئێمە ڕێککەوتووین لەسەر هەندێ پرسی بنەڕەتی، کە پێش ئەوەی ئێمە بچینە بەغدا لێرە کۆبوونەوەمان لەسەری کرد، یەکێك لەوانە ماددەی 140 بوو، کە سەرۆکی لیژنە دانراو هەندێ وردەکاری هەبوو بەقسەی لیژنەکە خۆیان هەموو چارەسەر کران و پارەکە سەرف کراو ئێستا دەست بەکارن, پێشموایە ڕەنگە باشتر بتوانن ئیش بکەن، بەلاّم لێرەدا پێویستە ئێمەش زیاتر بیر لەو مەوزوعە بکەینەوە. من ئامادەم لەگەڵ برایانی عەرەب و تورکمان لە کەرکووك و موسڵ و دیالەشدا داوەتیان بکەین و سەردانیان بکەین، چ ئەوان بێن، چ ئێمە بچینە لایان بۆ ئەوەی نەترسن لەوەی کە سبەینێ ئەو ناوچانە هاتنەوە سەر هەرێمی کوردستان غەدر لەوانە دەکرێ، یان مافیان پێشێل دەکرێ، دڵنیاین لەوەی کە ئەگەر ئەو مەسەلەیە چارەسەر کرا وەکو کورد مرونەتی کورد زۆر زیاتر دەبێ، واتە زیاتر لەوەی ئەوان مەزەندەی دەکەن، ئێستاش بۆتە مەسەلەیەکی دەستووری و چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیەش یەعنی چارەسەر کردنی گرفتێکی یەکجار زۆر خەتەرناك، کە زۆر جار بۆتە هۆی کارەسات بۆ هەموو عێراق، ئێمە داوای شتێك ناکەین تەنها ئەوە نەبێ کە دەستوور دایناوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم پرسە, بۆ ئەوەی عێراقیش بحەسێتەوەو ئێمەش بحەسێینەوەو ئەو کێشەیەش چارەسەر بکرێ. هەروەها لە

بەرژەوەندی عێراقیشە پێش ئەوەی لە بەرژەوەندی هیچ کەسی دیکە بێت، ئەوانەی کە ئێستا دژی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140ن هەر هەمان کەس بوون کە لە کاتی دەستووریش هەموو هەوڵیکیانداو پارەی دنیایان هێنا، بۆ ئەوەی دەستوور سەرنەکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانن خەڵکێکی وا کۆبکەنەوە نەهێڵن دەستوور لە راپرسی دەرباز بێت، بەلاّم شکستیان هێنا، هەندێ جار هەڕەشە دەکەن بەوەی شەڕ دەکەن، بەخودای شەڕیان پێ کرابایە لە مێژبوو شەڕیان دەکرد، بەلاّم نە شەڕیان پێ دەکرێ، نە بەشێوەی دەنگدان دەتوانن رێگە بگرن, لەبەر ئەوە باشترین شت تەفاهومە، با واز لەو تەشویشە بێنن کە بۆ خۆشیان باشتریشە.
هەروەها بە ئیعتیرافی برادەرانی خۆمان کە لە لیژنەی 140دان ئەو رێنوێنیانەی ئێستا دەرچوونە زۆر باشترن و خەریکن بەرە پێش دەچن، ئیلتزام بە دەستوور، مەسەلەی پێشمەرگە کە لە رێککەوتنی نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هەرێمی کوردستان هاتووە لەسەر چارەسەری ئەو مەسەلەیە، ئەو رۆژانە دەست بەکار دەبن، قانونی نەوت و غاز وەکو رێککەوتنی لەسەر کراوە، بەبێ دەستکاری، ئەو دەستکاریەی کە لە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت کراوە بەبیانووی ئەوەی شێوازی قانونی بۆ دەکرێ، جەوهەرەکەیان گۆڕی بوو، ئەوە رەتکرایەوەو قانونەکە وەکو خۆی دەچێتە پەرلەمان، کە ئەوەش شتێکی زۆر باشە.
هاتنی سەرۆك بۆش کە دوێنێ هاتە بنکەیەکی سەربازی خۆیان لە نزیکی رومادی، داوایان کرد منیش بچم, فرۆکەیان ناردە ئێرەو منیش چوومە ئەوێ و دوێنێ چوون و هاتن پێنج کاتژمێر لەناو فرۆکە بووم.
تەقریبەن هەموو حکومەتی ئەمەریکای هێنا بوو، وەزیری بەرگری و دەرەوەو سەرۆك ئەرکانی سوپاو راوێژکاری کۆماری ئەمنی قەومی، بێگومان جەنابی سەرۆك کۆمار مام جەلالیش هاتبوو، سەرۆك وەزیران و هەردوو جێگری سەرۆك کۆمار، لەوێ کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵی وەکو لایەنی عێراقی و حکومەتی ئەمریکا کرا، بەڕاستی خۆی پیاوێکی مەردە، یەعنی زۆر دووربینەو دیپلۆماسییەت و ئەوانە بەکار ناهێنێ، بەڵکو زۆر راستەو راستە. یەك شتی گوت: کە لای من زۆر گرنگ بوون، گوتی زۆر کەس چاوەڕوانی راپۆرتی پاترۆیس و کرۆکەر دەکەن، بەلاّم ئەو راپۆرتە دێتە لای من، ئەوەی من بڕیارم داوە ئەوەیە کە دەبێ سەربکەوین، گوتی: ئەو بڕیارەی ئێمە دەیدەین و ستراتیژییەت لەسەر ئەو راپۆرتە دادەنێن ئەوەیە کە دەبێ ئێمە سەربکەوین. ئینجا ئێوە بۆ ئەوەی حساباتی خۆتان بکەن، هێزی ئێمە لە عێراق زۆر بێت، یان کەم بێت، بەلاّم ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ ئێمەو ئێوە سەربکەوین، ئەو پرۆسەی دەستمان پێکردووە، دەبێ سەربکەوێت، هەندێ لەو عەشایرانەی ئەنباریشیان هێنابووە، دیارە بارودۆخی ئەنبار زۆر باش بووە، کە ساڵێك پێش ئێستا بنکەی تیرۆریستان بوو، لەوە دەچوو ئێستا بارودۆخەکە زۆر باش بوو بێت.
ئەوان پێیان وابوو کە سەرکەوتنی سەربازیان بەدەست هێناوە راستیشە، چونکە لە راستیدا لە رووی سەربازییەوە پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەلاّم لە رووی سیاسییەوە چەقیبوون، بەلاّم بەیاننامەی کۆتایی پێنج قۆڵی تارادەیەکی زۆر ئەو چەقبەستنەی چارەسەر کرد، بەڕاستی بە کەیف بوو، مەسئوولیەتی پیشاندا، بێگومان بۆ ئێمەش جێی سەربەرزی بوو، کە هەموو لایەك مەدحی ئەزموونی کوردستانیان کرد، هەتا ئەوانەی ئەنبار گوتیان ئێمە دەمانەوێ وەکو خاڵەکانمان لێ بێت. گوتمان باشە ئێوە دەتانگوت فیدراڵیمان ناوێ، دەفەرموو فیدراڵیەت قبول بکەن، ئێوەش لە هەموو شتێك وەك ئێمە دەبن، لەڕاستیدا من دەتوانم بڵێم دانیشتنەکە لەگەڵ سەرۆك بۆش بۆ ئەوە بوو، کە ئەو تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە

گوتی: ستراتیژییەتی ئێمە ئەوەیە، ئێمە قەبول ناکەین لێرە بشکێین, قبول ناکەی لێرە بەشێوەیەك دەربچین کە بڵێن عێراق تەسلیمی تیرۆریستان دەکرێ، ستراتیژییەتی ئێمە لەگەڵ ئێوە ئەوەیە کە پشتگیری ئێوە بکەین و ئێوەش پشتگیری ئێمە بکەن، کە لە ئەنجامدا ئێمە دەبێ سەربکەوین، گوتی ئەمەیە ستراتیژیەتی ئێمە، ئێمەش گوتمان رازینە، ئیتر شتی تر تەفاسیل بوو پێویست ناکات ئینسان لێرە وەختی پێ هین بکات، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم، زۆر مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس جەنابی کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم وتارە گرنگە, کە دەست نیشانی هەموو رووداوەکانی کردو هەڵوێستی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی سەردانەکەی بۆ بەغداو رێککەوتنەکان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان، هەروەها گفتوگۆ کردنی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا، ئەگەر جەنابت ئیجازە بدەیت، چارەکێك پرسیارێك شتێکیان هەبێت، بەلاّم من خۆم ئیختیار دەکەم، هەر پێنج کەس، یان شەش کەس، دەستتان بلّند بکەن من خۆم ئیختیار دەکەم، لە هەر حزبێك یەك کەس، یان دوو کەس هین دەکەم، کاك عوسمان بانی مارانی فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێم.**

یەکەم پێشنیار دەکەم ئەم هەواڵە خۆش و ناخۆشانەی لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت، بکرێت بە عورفێك لە پەرلەمانی کوردستان بەگوێچکەی خەڵك رابەگەیەنرێت، بۆ ئەوەی هەم پەرلەمان ببێت بە مەرجەعیەتێك، کە خەڵکی کوردستان هەموو متمانەی بەو مەرجەعەتیە هەبێت، خاڵێکی تر/ پێشنیار دەکەم ئەو ئارمانەی لە هەرێمی کوردستاندا هەڵواسراون بە یاسا رێك بخرێن، ئەو ئارمانەی کە هەمووی لە هەرێمی کوردستان هەڵواسراون بە یاسا رێك بخرێن، داوا دەکەم بودجەی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە کاتی خۆیدا بێت بۆ پەرلەمان و تەخمین بکرێت، هەروەها رۆژانی پشووش لە هەرێمی کوردستاندا رێك بخرێت، ئەوە زۆر باشە, یەعنی پێشنیار دەکەم ئەوەش بخرێتە ئەولەویاتی کارەکان، هەر چەندە خاڵێکی تریشم هەیە مەسەلەی راگەیاندنی تەلەفۆنی ئاسیا سێل, بەڕاستی هەرچەندە حەقی ئێرەش نییە، بەلاّم خەڵك پرسیارمان لێ دەکات ناچارین بە جەنابتان رابگەیەنین، ئەو مەسەلەیە بنبڕ بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك دڵنیا بێتەوە لەم خاڵە، جەنابیشت باست کرد، زۆر سوپاس مەسەلەی یەکخستنەوەی ئیدارەی ئەو چەند وەزارەتەی ماینەو دروست کردنی هێزێکی نیزامی بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو دەستکەوتە هەرێمانەی کوردستان بکات ، زۆر سوپاست دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عوسمان، بەلاّم زۆربەی قسەکانت ئاراستەی حکومەت دەکرێت، ئێمە دەمانەوێت حەسر بێتن لەسەر وتاری بەڕێزو رووداوە سیاسیەکان، ئەوانەی قسە دەکەن رەچاوی ئەوە بکەن و پرسیاریان لەوە دابێت، کاك فەتاح نەقشبەندی فەرمووو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێر هاتنی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان و یاوەرەكانی دەكەم، بەحەقیقەت من دەمەوێ تەئكید بكەمەوە لەسەر خاڵێك كە جەنابی سەرۆك باسی كرد، ئەویش ئەو تۆپبارانەی سنوورەكانە، بەتایبەتی ئەو تۆپبارانەی سنووری حاجی ئۆمەران و مەنتیقەی باڵەكایەتی, ئێستا تا دوێنێ ئێوارێ زۆر موڕەكەز بووە، قەسفەكەش ئەوان بەناوی پژاك و پەكەكە مەهانەیەكە كە دروستی دەكەن، چونكە قەسفەكە هاتۆتە عومقی مەنتیقەكە، كە جەنابی سەرۆك شارەزایە, حاجی ئۆمەران, بەردی تەشی ڕێست لەناو حاجی ئۆمەرانە، ئینجا بێتە خوارێ بۆ مەنتیقەی سەركرایەتی سەكران و مەران و بندایزان و موژدەینان ئەوە قەسف كراوە، گوندی حاجیاغەی كۆسرەتانەو ناو پردان كە لەسەر خەتی هاملتۆنە، دوێنێ ئێوارە پشتی كۆسرەتان قەسف كراوە زۆر بە موڕەكەزی، جا من پێم وایە ئەوەی جمهوری ئیسلامی ئێران دەیكات، بەحەقیقەت ئێمە قەرزاری جمهوری ئیسلامی ئێرانین لە زۆر حاڵەتدا پەنای ئێمەی داوە، بەلاَم ئەو حەز دەكات خێزان و ژن و منداڵی ئێمە لە كوچەو كۆلاَنی نەغەدەو خانە بكەوین، دیارە چاویان هەڵنایەت بەو وەزعەی كە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا هەیە بەو ئەزموونە، ئینجا پرسیارەكەی من لێرەیە، من نازانم ئێمە بە هاوپەیمانان جارێكی تر بەڕاستی پێیان بڵێین، یان بە ئەمریكا بڵێین كە ڕزگاركەری عێراقن بەگشتی، یان كوردستان، دەبێت ئەوان ئێستا بیپارێزن، من نازانم ئەوان بۆچی بێ دەنگن لەو قەسفە موڕەكەزەی, كە ئێستا ئەو مەنتیقەیەی قەسف دەكرێت خەڵكێكی زۆر ئاوارە بوو و دەربەدەر بوو, بەملیۆن خەسارەت لەو وەرزە بەو خەڵكە كەوتووە، جا بۆیە من داوا دەكەم جەنابت باست كرد بەدرێژی، بەلاَم من پێم باشە یوئێن ئاگادار بكرێتەوە لەو مەوزوعەو داوا بكەین لە قوەتی هاوپەیمانان سنوورێك بۆ ئەو مەوزوعە دابنێن، كە وەزعێكی خراپە بەرەو زستان دەڕوات، ئێمە هەوڵ دەدەین، چەند ساڵێكە بە هەموو لایەكتان هەوڵ دەدەن كوردستان ئاوەدان بێتەوە، بەلاَم ئێستا دەبینین لەلایەك وەكو بەعسیەكان كوردستانمان پێ چۆڵ دەكەن، ئەوەش بە حەقیقەت من دەگەڕێمەوە بۆ شتێك تارق هاشمی پەردەی لەسەر هەندێ نهێنی هەڵدایەوە كە چووە توركیاو گەڕایەوە زەوئێكی ئەخزەر، پێم وایە لە لایەنی هەندێ حكومەتی عێراقدا بێت بەولاو بەولا، چونكە ئەوەی لە ژێر بەڕ بوو تارق هاشمی خستیە سەر بەڕی، جا بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەكەم هەوڵێك بدرێت بۆ ئەو مەوزوعە بەجددی، یەعنی ئەوە شكانی قودسیەتی نێودەوڵەتییە، شكانی قودسیەتی هەرێمی دەوڵەتێكە بۆ دەوڵەتێكی تر، ئەوان وەكو دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی لە حدودی پێنجوین را تا دەچێتە شەمزینان چەندین جار دێن لەوێ, ڕەبایەی ئێمە دەدەن، لە پێشمەرگەی ئێمە دەدەن و دەكوژن، تیرۆرێكەو ئەوان دروستی دەكەن، دێن بە چەكی ئەوان لە ئێمە دەدەن، لەناو مەقەری باشماخ لە باشماخ دێت لە پێنجوین دەدات، بەلاَم ئێمە پژاكمان دانەناوە، ڕێگەی دزیش بە ئێمە ناگیرێت، ئەگەر ڕازیشن جمهوری ئیسلامی ئێرانی، من داوا دەكەم قوەتێكی موشتەرەك لەبەینی قوەتی ئێمەو پێشمەرگە و پاسدار با لەناو حدود لە نوقتەكان دابنرێت، بۆ ئەوەی هەردوولا لە یەكتر ئەمین بین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكایە موداخەلەكانتان لەسەر پرسیار بێت و كورتیش بێت، كاك رۆمیۆ فەرمووو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنێكی گەرمی جەنابی سەرۆكی هەرێم و وەفدە یاوەرەكەی دەكەین، من دوو، سێ خاڵ زۆر بەخێرایی باسی دەكەم، یەكەم/ باسی راگەیاندنەكان كرا، من پێم باشە مەسەلەی رێككەوتنەكەی نێوان پارتی و یەكێتی نەختێك زیاتر تەوزیحاتی بۆ بكەن، ئەوە شتێكی باشە، چونكە ئەوە داواكاری سەرجەم خەڵكی كوردستانە، خاڵێكی تر/ ئێمە وەكو وەفدی پەرلەمان هەفتەی رابردوو لە كەركووك بووم بەڕاستی گلەییەكی زۆری هەم لە سیاسیانی كەركووكەوەو تا هەموو خەڵكی كەركووكیش گلەییەكی زۆریان با بڵێین لە حكومەتی هەرێم و لە ئەدای خەڵكی ئێمە بۆ ماددەی 140 كراوە، هیواداریین ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، خاڵێكی تریش كە زیاتر لەسەری دەوەستم مەسەلەی دەستوورە، بەڕاستی ئێمە بۆ وەكو نەتەوەكانی تر ئاشووری و كلدانی و توركمانەكان جەنابتان و هەروەها لەسەر ئاستی قیادەی سیاسی كوردستانی زۆر تەئكید كرایەوە لەسەر مافی نەتەوەكانی تر لە كوردستاندا، ئێمە جارێكی تر لەو فورستە داوای پشتگیری لە جەنابتان و خەڵكی تریش دەكەین، بۆ ئەوەی مافەكانی ئێمە بەو شێوەیەی كە ئێمە داوای دەكەین لە دەستوورەكە بێتە خوارەوەو بنووسرێتەوە، وەكو ئەوەی كە دەستوور شتێكی ژیانییە، تەحدیدی رۆژانەی خەڵكی كوردستان بە ئێمەشەوەو تەنزیمی ژیانی ئێمەیە، بۆیە داوا دەكەین ئەو مەسەلەیە زۆر بە جددی لەسەری بوەستین، مەسەلەیەكی تر/ مەسەلەی لیژنەی باڵای حزبە سیاسیەكانی كوردستان لەگەڵ ئەوەی كە ئەمە مەوزوعی ئەم دانیشتنەش نییە، بەڵام ئێمە داوا دەكەین كە مەسەلەی ئاشووری و كلدانی و برا توركمانەكانیش، ئێمە هەموومان لەبیرمانە لە یەكێك لە كۆبوونەوەكانی لەگەڵ سەركردایەتی و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستاندا داوامان كرد، كە ئەگەر رێككەوتننامە نەبێت لە بەینی هێزو لایەنە سیاسیە ئاشووریە كلدانیەكان و هەروەها توركمانەكان، داوامان كرد كە جەنابتان وەكو سەرۆكی هەرێم حەسمی ئەم مەسەلەیە بكەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەساسی فراكسیۆن و حزبەكان دەڕۆین، كاك عوسمان ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز جەنابی بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و وەفدی یاوەری دەكەم، دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز سەرۆكی هەرێم، لەڕاستیدا وەكو جەنابی ئیشارەتی پێدا مەسەلەی ئیعلام، ئیعلامی ئازاد لە دنیادا لە ئەمڕۆدا لەڕاستیدا شتێكی باشە بۆ پێشكەوتنی هەر كۆمەڵگایەكی مەدەنی، بەڵام وەكو جەنابیان ئیشارەیان پێدا، وادەزانن كە ئیعلام پێویستە بە موتەوازی لەگەڵ پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستاندا بڕوات بەتایبەتی ئیعلامی كوردستان خزمەتی گەورە بە پرۆسە سیاسیەكە بكات، ئەوەی لە خزمەتی پرۆسە سیاسیەكە دایە بە جانیبە ئیجابیەكەی خزمەتی گەورەی پێ بكات، كاتێك بوو ئیعلام

رۆڵی گەورەی بینی لەسەر، بەڕاستی سووك كردنی پەرلەمانی كوردستان كە دەتوانم بڵێم شەرعیترین دەزگای هەرێمی كوردستانە، بەری رەنج و خەبات و تێكۆشان و یەك ئۆقیانووس رەنجی ئەو رەش و رووتەیە كە بەدرێژایی مێژوو شۆڕشی گەلی كوردستان داویەتی ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەندامی پەرلەمان لە زۆر لە سەیتەرەكان وەكو پێویست رێزی لێ ناگیرێت، هەرچەندە ئێمە لە جەلسەی تایبەتی پەرلەماندا روو بە سەرۆكایەتی پەرلەمان عەرزمان كردوون، كە لە رێگەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە داوا لە حكومەتی هەرێم بكەین و لە سەرۆكایەتی حكومەت كە بەڕاستی ئیشی جددی بكرێت لەسەر دەوائیرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی خۆمان، كە ئیش بكرێت لەسەر ئەوەی كەوا پەرلەمانی كوردستان مەوقیعیەت و هەیبەت و مەكانەتی تایبەتی خۆی هەیە, رێزگرتن لەو دەزگا تەشریعیە موهیمەی هەرێمەكەمان، رێز گرتنە لە سەروەریەكان و دەستكەوتەكانی گەلەكەمان.

خاڵی دووەم/ بەڕاستی جەنابی بارزانیش ئاماژەی پێیدا مەسەلەی ئەو تۆپبارانەیە، بەتایبەت ئێمە لە قەلأدزێ دوو ئەندام پەرلەمان ماڵمان لە قەلأدزێ و رانیەیە، خەڵك لەناو قەلأدزێ ترسی ئەوەیان هەیە، هەتا راستەوخۆ پرسیارمان لێ دەكەن، ئایا زەمانەت هەیە وەكو ئێران تۆپبارانی ناوچە سنووریەكانی كرد، هەندێك لە گوندەكانی ئینزار كرد، هەتا دارشمانە كە لە پشتی قەلأدزێ یە, حەتمەن جەنابی سەرۆك دەزانێ، بەڕاستی خەڵكی ناو قەلأدزێ ترسیان هەیە, عەجایب نییە كە شەوێك لە نیوە شەودا ناو شارەكانیش تۆپباران بكرێت، پرسیارم لە جەنابی سەرۆك ئەوەیە، ئێمە كە گەڕاینەوە خەڵك پرسیارمان لێ دەكەن زەمانەتێك، یەعنی قسەیەكی دڵخۆشكەر بۆ خەڵكەكە، بۆ جەماوەركە، بۆ سنوورەكە، من وەكو خەڵكی پشدەر باسم كرد، ئەگەرنا بۆ هەموو كوردستان چ بۆ خەڵك و جەماوەری خۆمان بڵێین كە بەرەو وەكو جەنابی كاك شێخ فەتاحیش باسی كرد بەرەو وەرزی سەرماو پایز دەچێت، بەتایبەتی خەڵكی گوندنشین، خەڵكی گوندنشین ئێستا هەندێك خەڵك یەك، دوو كەسیان بەجێ هێشتووە لەماڵەكەیان و خەڵكانی هێناوتە ناو قەلأدزێ، یەعنی ترسیان هەیە، چ وەلأمێكمان هەیە بۆیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆكی هەرێم و جێگری و نوێنەری حزبە سیاسیەكان دەكەم، پرسیارەكە بە ئیتیفاقیەی ستراتیژی دەست پێ دەكەم، كە تەمەنای سەركەوتن بۆ هەردوو حزب دەخوازین لە ئیتیفاقی ستراتیژیەكە، بەلأم ئەو ئیتیفاقیەتە تا ئێستا ناوەڕۆكەكەی نەهاتۆتە راگەیاندن، نە بۆ خەڵك و نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەحزاب.

دوو/ تا ئێستا دهۆك هەر پارتییەو، سلێمانیش هەر یەكێتیە، كەركووك و شەنگاریش ململانێیە لەبەینی هەردووكیان، زەروریە ئەم رێككەوتنە بەشێوەیەكی عەمەلی بێتە جێ بەجێ كردن، ئەوەی ئێران پرسیارم لێرەیە، حكومەتی عێراق تاكو ئێستا هەڵوێستی زۆر لاوازە، وەزیر خارجیەی فەرەنسا تەصریحێك دەداتن حكومەتی عێراق داوا دەكاتن ئیعتیزار بخوازێتن، بەلأم ئەو قەسف و تۆپبارانە كە پازدە، بیست رۆژ بەردەوامە تا ئێستا حكومەتی عێراق داوای سەفیری ئێرانی كردووە؟ موزەكەرەی پێ داوە؟ بەلأم نە

**شكلياتێك، نە لەگەڵ ئەمریكا، نە لەگەڵ یوئێن ئەوانە نەكریە تەفسیری چیە بەرامبەر فەرەنسا بەو شتە توند دەبێتن، بەرامبەر ئێران چۆن دەبێت بەوشێوەیە لاواز دەبێتن، ئەوەی چوار قۆڵیەكە شتێكی ئیجابیە، بەتایبەتی ڕێككەوتنەكە لەسەر ئەساسی حزبییە، ئەمەش عەمەلیەتە سیاسیەكە بەرەو پێش دەباتن، جەوهەرەكەش بە تەسەوری من بۆ ئەوەی جێی تەعزیزی حكومەت بكات، بەلاّم ئەوەی دیار دەبێتن لە چوار قۆڵیەكە تەعزیزی حكومەتیش نەبوو، چونكە دەبێت هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، ئەوانەی سەحب بوونە لە حكومەتی عێراقی هاتنە عێراق عەمەلیە سیاسیەكە، كەچی ئەوانە نەگەڕانەوە.**

**دوو/ ئەغلەبیەی پەرلەمانیش ئەم چوارە دروستی ناكەن، چونكە هەتا هەندێكی دەعواش، ئەتراف دەعوا تەحەفوزی لەسەر هەیە، پرسیارم لێرە ئەوەیە، لەبەر چی تەركیز لەسەر حزبی ئیسلامی دەبێتن، هەتا ببێتە پێنج قۆڵیەكە، بۆ لەگەڵ ئەحزابی تریش هەوڵدان نابێتن هەر زوو بێتە ناویان، هەندێك ئەحزاب دوو مەقعەدی هەیە لە پەرلەمان، یان سێی هەیە، ئەوەش دەبێتە فوەتێك بۆ چارەكە، هەتا زۆرینەی پەرلەمانی دروست بكەین لە بەغدا، چونكە زۆر فەوانین و زۆر لە قانونەكان كە دێنە بەردەمی ئێمە لە موستەقبەلدا لە پەرلەمانی عێراق ئەو ئیمكانیتە نەبێت كە زۆرینە دروست ببێت، هەر تووشی ئەو ئەشكالە دەبین لە عەمەلیە سیاسیەكە چی دروست دەبێتن لە قەزای حكومەت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**فەرمووو دكتۆرە شوكریە.**

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەخێرهاتنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەین، من حەز دەكەم وەكو دەرچووی بەشی كوردی ساڵی 1971- 1972 هەندێ شت هەیە كە بەڕێزی ئاماژەی بە زمانی كوردی كرد، پێویستیشە بیرێك بكرێتەوە بۆ زمانێكی یەكگرتوو، یاخود زمانێكی ستاندار، بەڕاستی ئەمە كێشەیەكی ئێستا گەورە كراوە، چونكە من حەزم كرد بە بەڕێزتان رابگەیەنم، ئێمە لە كاتی خۆیدا لە كۆلیژ دەرسێكمان هەبوو پێیان دەگوت زمانی ئەدەبی یەكگرتوو، هیچ جۆرە كێشەیەكی دروست نەكرد نە لەنێوان كرمانجی ژووروو، نە لەنێوان كرمانجی خواروو هەرسێ لەهجەكەی تریشمان خوێند, لوڕیمان خوێند كە شێوەزاری فەیلیەكانە، هەروەها هەورامی و زازاییش هەندێك تا رادەیەك دەمانخوێند، هیچ هین نەبوو، بۆچی؟ چونكە ئەو كاتی بەشی كوردی باشترین دەوری بینی بۆ پێگەیاندنی كۆمەڵێك ئەدیبان و نووسەران كە ئێستا قەڵەمەكانیان و هەموویان بوونەتە بەرپرس لە گۆڤار و رۆژنامەكاندا هەر دەچووی ئەو بەشی كوردیە بوو، كە لە بەغدا بوو، چونكە لە ئێرانیشەوە تاكو كوردستان لە هەموو شوێنەكانەوە موختەلەت بوون لە بەشی كوردی، بەس ئێستا بەداخەوە ئەوانەی كەوا لە دهۆكن تەركیز دەكەنە سەر ناوچەی دهۆك قوتابیانی بەشی كوردی، هەولێر, هەروەها هەولێرو دەوروبەری، سلێمانی، ئەگەر بێتو بریارێكی تایبەتی هەبێت هەموویان تێكەڵ بكرێن باوەڕ بكە هیچ جۆرە كێشەیەك نابێت، بۆ؟ چونكە ئێستا زمانی ستاندار دائیمەن سیاسەت فەرزی دەكات، دەسەڵاتی سیاسی كورد لە هەموو دەورو زەمانێكدا دوێنێ شێخ مەحمود بوو، دوایی قازی محەمەد، دوایی هاتە سەر بارزانی نەمر، هەمووی بەو زمانە ستانداره كە ئەمڕۆ بەڕێزت خیتابی سیاسی پێ دەڵێیت، كە بەڕێز كاك كۆسەرەت و بەڕێز كاك نێچیرڤان قسەی پێ دەكەن، ئەوە دەبێتە زمانێكی ستاندار بە كامە**

لەهجە زاڵ دەبێت، لە زمانی عەرەبی باوەڕ بکەن ئەگەر قورئان نەبوایە بە هەزار لەهجە قسەیان دەکرد، بەلاَم زمانی ستاندار ئێمە ئەوەیە، ئەوەش کەوتۆتە گیرفان و ئەقڵی بەڕێزت، کاتی خۆی یەکێتی نووسەرانی بەغدا چوونە لای بارزانی نەمر کە کاك هەژار موکریانی گوتی ئێوە بەچی دەنووسن، تووڕە بوو گوتی بەوە بینووسن کە ئێستا من قسەی پێ دەکەم و خیتابی پێ دەکەم و یەکەم هینیش کە بۆ بارزانیەکانی نووسی بارزانی نەمر هەر بەو زمانە بوو، کە ئێستا بەڕێزت قسەی پێ دەکەیت، لەبەر ئەوە باشترین حەل ئەوەیە.

خاڵێکی تر/ بەڕێزان باسی بەتاڵەت کرد، ئێمە لە لایەکەوە کونێك دەگرین، لەلایەکی ترەوە کونێکی ترمان بۆ دەبێتەوە، لەلایەکەوە ئێمە زۆر موجامەلەی برا عەرەبەکان دەکەین، توخوا من دێم هەشتا خانوو دەرووخێنم، بەلاَم (91) ملیۆن دینار بۆ عەرەبێکی بەغدایی دەدەم بە کرێی خانوو ساڵانە، کە لێرەدا هاتنە بەردەم پەرلەمان چل ماڵیان رووخاند بەسەریاندا، ئەوە بەشی نەوت ماڵی دەکرد (91) ملیۆن دینار، باسی بەتاڵەی کرێکار دەکەیت تاجیرەکانمان دەچن شووتی و ئەوانە، من بەهۆی نەخۆشیمەوە کۆمەڵێك مامۆستای زراعە هاتوون، وا دەزانی من ئەندام پەرلەمان رێگا لە تاجیرەکان دەگرم، دەڵێ شووتی دەهێنن، خەیار دەهێنن، تەماتە دەهێنن، بامیە دەهێنن، بۆ تەرکیز ناکەنە سەر لادێیەکانی خۆمان، شتی تریشم پێ بوو، بەلاَم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەبعەن من لەجیاتی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەو ئەرکە قورسە بە بڕیارێکی تۆ دەیخەیتە سەر زمان، دەتەوێت قەراری لێ بداتن چەند ساڵە موناقەشە دەکەین بەینی هین و ئەوانە لەو دانیشتنە دەتەوێت ئەو بڕیارە بداتن، پێم وایە ئەوە ئەرکێکی قورسە دەیخەیتە سەر شانی ئێمە، کاك پیر خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێر هاتنی گەرمی جەنابی سەرۆکی هەرێم و وەفدە یاوەرەکەی دەکەم، ئەز تەمسیلە کورد خرا دکەم، بەس چاری ناچار باسی دەردی مەش دکەم، دەڤەرا مە دکەم، ئیش بەلکو دەڤەرا مە دامانێت کوردستانێ مە ئەو دەڤەرا وەکو جەنابێتە دەزانی بەر پرۆسە راپرسینەو کارەساتی شنگاریش ئەگەرەکی وا بوو، ئەویە چی بوو کارەساتا دڵتەزێن بوو لێ خەلکێ مە لوان دەڤەرێ مە گەیشتە وێ ئەول یەك و بەرێ خودانن سەرۆکایەتێ کوردستانێ جەماوەرێ کوردستانێ بەتایبەتی درێغی نەکرد، داخوازا من دوویات کردنا گۆتنێت وانە کو پلانا بلەز هەبت بۆ پاراستنا ئەمنیەتی وان دەڤەرا, بەتایبەتی شەنگارێ سوود لە قارەمانێ وێ دەڤەرێ وەرگرن کو هەردەم خۆراگر بووینەو بانگەوازی سەرۆکایەتیا کوردستانێ گۆتی پشتا مە بگرن پلانێکی بۆ ئێمە دانێن ئێمە خۆ بپارێزین و ئاخی خۆمان بپارێزین، یادی ئەو پرۆژا کو چون وەفدێ پەرلەمانێ کوردستانێ سەردانەکا مەیدانی کر، نوێنەرێ سەرۆکێ هەرێمێ کوردستانێ، نوێنەرێ پارتی کوردستانێ، نوێنەرا حکومەتا کوردستانێ مەیدانیەن سەردانی دەڤەرا کریت لەچی کارەساتا دەژی بەس هەر دوو کۆمەڵگا شنگار هەمووا کارەساتێکەداو پلانێك هاتیە دانان بۆ ئاڤا کردنا وان گوندا هێڤیدارم لەزەك بێتە کرن، چونکە لە کوردستان نزیك بێت، هەموو بوارا تەنگا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی هەرێم.**

بەخێرهاتنی خۆت و وەفدە یاوەرەکەت دەکەم، ئەگەر ماوەم بدەیت چوار خاڵم هەیە قسەی لەسەر بکەم، خاڵی یەکەمیان/ ماددەی 140ە بەڕاستی ئێستا ئەوە گەورەترین کۆسپە بۆ میللەتی کورد، کە ئیتر هەموو چاویان لە ڕێیەو لە ڕێی جێ بەجێ کردنەکە، لەم دواییە حەرەکەیەکی باش دەبینرێت لە دوای دانانی سەرۆکی تازەو باس کردنی قەرەبووەکان، بەلاَم من ئەو پرسیارە لە جەنابت دەکەم خۆت گەشبینی لەوەی کە لەماوەی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر تاخیر بوونێکیش هەبێت چۆنی دەبینیت.
خاڵی دووەمم/ ئێمە زۆر ماوەیەکە لە هەموو شوێنکدا لە خۆمەوە دەست پێ دەکەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ لە دەسەلاَتدان و دەتوانن قسە بکەن و قسە دەکەن، باس بە موئەسەسات کردنی حکومەت دەکەین و باسی چاکسازی ئیداری دەکەین، زۆر زۆریش باسی سەروەری یاسا و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان دەکەین، بەلاَم چەندی باسی دەکرێت، ئەمە زیاتر لە ساڵێکە جەنابیشت وەعدت پێ داین, گوتت هەتا کۆتایی ئەمساڵ ئەم سێ وەزارەتە یەکتر دەگرێتەوە، کە بەڕای من یەکگرتنەوەی وەزارەتی داراییە، چونکە ئەوانە عەصەبی بەڕێوەبردنی حکومەتن، ئێمە هەر گلەیی لە حکومەت دەکەین هەموو جارێ، هەرچی خەڵك هەیە لە ئێمەشەوە, لە ئەندام پەرلەمانەکانەوە هەموو گلەییەك ئاراستەی حکومەت دەکەین، بەلاَم ئەگەر سەیری وردەکاریەکان دەکەین، دەبینین زۆری گرفتەکان عیلاقەیان بە یەك نەگرتنەوەی وەزارەتی داراییە، کە دەکاتە دوو ڕێنمایی مالی جیاواز، ئایا پێشبینی ئەوە دەکرێت هەتا کۆتایی ئەمساڵ بەجددی کار بکرێت بۆ یەکگرتنەوەی.
خاڵی سێیەمم/ کە دەمەوێت باسی لێوە بکەم تۆپبارانەکە برادەرەکانم باسیان کرد، بەلاَم بەداخەوە باسی کۆلێرایەکەیان نەکرد، شاری سلێمانی، شاری کەرکووك، کە ئێستا بەداخەوە لە ئەفغانستان، لە هندستان، لە پاکستان کۆلێرا نییە، لە دنیادا نەماوە لە سلێمانی سەری هەڵداوە، ئایا جەنابت وەکو سەرۆکی هەرێم، ئێمە بینیمان من ناڵێم موقارەنە کردن، بەلاَم زۆرمان بینی هەموو پشتیوانی خۆیان بۆ لەناوبردنی ئەم نەخۆشیە کارێکیان کرد، بەلاَم من چاوەڕێی ئەوە بووم جەنابت قسەیەك بکەیت لەسەر ئەو مەوزوعە، هیچم لە جەنابت نەبیست، ئەوە داخێك بوو بەڕاستی لە لای هەمووومان، تەنها ئاخیر خاڵم ماوە، باسی زمانی یەکگرتوو, من زۆر دەمێك بوو بەتەما بووم نامەیەك بۆ جەنابت بنووسم، ئەگەر دەکرێت ئێستا زۆر بە کورتی چارەسەرێك هەیە، ئەگەر ئەوە بکرێت من تەرحی دەکەم، دوایی لە ئەخیردا بۆ جەنابتی بەجێ دەهێڵم، زۆر لەو وڵاَتانەی زۆر دیالێکتیکی تیایەو قسەی پێ دەکرێت زمانێکی یەکگرتوویان هەیە، بەلاَم لە هەموو ناوچەیەکدا، هەموو منداڵێك لە قوتابخانەوە، لە سەرەتاییەوە کە دەست پێ بکات زمانێك, دەرسێك هەیە بە زمانی دایکی خۆی, بە لەهجەی دیالیکتەکەی خۆی دەخوێنێت، زمانە یەکگرتووەکە بۆ تەفاهومی هەموو میللەتەکەیە، ئەو دیالیکتیکەش بۆ ئەوەیە زمانی دایکی خۆی بزانێت، وەك چۆن لە

بادینان دەتوانرێت کرمانجی ژوورو بخوێندرێت، لە هەورامانیش هەورامی وەکو دەرسێکی زمانی دایك بخوێندرێت، ئەمە زۆر باوە لە هەموو دنیاشدا بەکار دەهێنرێت، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بتوانین چارەسەری بکەین، هیچ تووشی کێشەو گرفت نابین لەناو دیالیکتیکەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوە پرسیارەکان و تێبینیەکانتان تەواو بوو، داوا لە جەنابی سەرۆك دەکەین، کە وەڵامیان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی/ سەرۆکی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی کاك عوسمان دەبێت زیاتر حکومەت وەڵام بداتەوە، چونکە ئیشی ئەوانە، بەس من وەڵامی ئەو خاڵە دەدەمەوە هی ئاسیاسێل، جارێ بۆ مەعلومات هەمووتان ئاگادارن من نازانم ئاسیاسێل چیە، نە کۆڕەك چیە عیلاقەم پێیانەوە نییە، نازانم چ دەکەن، تەنها ئەوجارە ئەوەندەی دەزانم لە فۆنتەراتێك دەرچووە لە ئوردن، تەبعەن ئەو قەوانینە دەبێت لەسەر هەمووان تەتبیق بکرێت لەسەر ئاسیاسێل و کۆڕەك و ئەوانە نابێت ئیحتیکار بکرێت، من ئەوەندە دەزانم، بەس ئەوانە چینەو چ دەکەن و سەر بە کێن نازانم. ئەوەی جەنابی مامۆستا فەتاح فەرمووی، خۆی تا ئێستاش رێگەی گفتوگۆ چارەسەری تەنهای کێشەکەیە، ئێمە گلەییەمان زۆرە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە چاوەڕوانی ئەم شێوە رەفتارانەمان نەدەکرد کە تۆپبارانی خەڵکی کوردستان بکەن، بە هەر حاڵ ئێمە هەوڵی چارەسەری دەدەین، کاتێ لە بەغداش بووین هەوڵی بەردەوامەمان لە رێگەی حکومەتی فیدراڵیەوە هەبوو بەردەوامیش دەبین لەم هەوڵانەماندا، ئەوەی قوەتێکی موشتەرەك دانێت ئەوە موستەحیلە، ئێمە دیفاع لە هەرێم دەکەین و واجیبی خۆمانە، داوا لە هەموو برایانی کورد دەکەین لە هەر کوێ هەن موراعاتی وەزعی ئێمە بکەن، بەلام یەك شت هەیە نابێت جارێکی تر کورد کورد بکوژێت، ئێمە نابێ بهێڵین ئەم شتە لە کوردستاندا دروست بێت، ئێمە (پژاك)مان دروست نەکردووەو ئێمە لێیان بەرپرس نین و لە زۆر لە رەفتاری ئەوانیش ناڕازین، ئەگەر دزە بکەن و بێنە سەر سنوور ئەم شتە نابێ ببێتە بەهانە بەدەست ئێران و تورکیاو دەوڵەتێکی دیکە خەڵکی بێگوناه تۆپباران بکەن، من گوتم با ئێمە بزانین ئەجەنداکە چییە، با کەسیش تەسەور نەکات کورد بێ کەسەو بێ پشتە، ئێمە دەتوانین ئەزیەت و ئەشکەنجە بەزۆر کەس بدەین، بەلام ئەمە هەڵەیەو پەنا بەخودا کەس ناچارمان ناکات شتی وا بکەین، ئێمە حەز دەکەین بە تەفاهوم و برایەتی و پەیوەندیی دۆستانەو دراوسێیەتی گرفتەکان چارەسەر بکەین، ئێمە چاکەی ئێران و تورکیا لە یاد ناکەین کە کاتی خۆی خەڵکی ئێمەیان حەواندەوە، بۆیە ئێمە تەوەقوعی ئەو شتەمان نەدەکرد، بەلام گەر وابزانن کورد بێ دەسەلات و بێ کەسەو پشتی نییە، کورد بۆ خۆی زۆرە، پشتی هەبێ و نەبێ خۆی پشتیوانی خۆیەتی، بەلام نابێ مەسەلەکە وای لێبێت و دەبێ بەجۆرێکی دیکە چارەسەر بکرێ. وەلامی کاك رۆمیۆ، من گوتم ئەو رێککەوتنە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایەو پەیوەندیی دوو قۆڵیی هەردوو حزبەکە رێك دەخات، ئەمە مافی دوو حزبەکەیەو مەرج نییە بلاو بکرێتەوە، رێککەوتنەکە دەربارەی نەهێشتنی دروست بوونی ناکۆکییەو لەو چوارچێوەیە دایە، تەوزیحات ئەگەر پرسیارێکی موحەدەد هەیە دەتوانی بپرسی، بەلام ئیتیفاقیەکە لەو چوارچیوەیە دایە. من نازانم گلەیی خەڵکی کەرکووك، بۆ گلەیی دەکەن، ئێمە هیچ

کەم تەرخەمیمان نەکردووە بەنیسبەت ماددەی (140)، لەجێ بەجێ کردنی، بەڵام وەزعێکی ئاڵۆزەو کارەکە بەو ئاسانییە نییە، کە چاوەڕوان دەکرا، یەعنی ئیمکانیاتێکی زۆر بە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ چاککردنی بارودۆخی خەڵك لە کەرکووك، مومکینە حکومەتی هەرێم چ ئێستا، یان دواتر کاك عەمەر روونکردنەوە بداتە خەڵکی کوردستان، ئەوان فەرامۆش نەکراون، گلەییان بەسەرسەر، ئەگەر بزانین شتێکی هەڵەیە ئێمە راستی دەکەینەوە، ئێمە شەڕی دونیامان لەسەر ماددەی 140 کردووەو لەوە زیاترمان بۆ نەکراوە، دەنا شتی زیاتریشمان دەکرد، ئێستا کەرکووك لە دەستی کوردە, بەڕاشکاوی دەڵێم ئەدای ئێمە باش نەبووە، ئێمە دەبوا وای لێ بکەین عەرەب و تورکمان خۆیان بچنە بەغداو داوا بکەن بچنە سەر هەرێمی کوردستان، دەبێ رەفتارێکی ئەوەندە باش و مەعقوڵمان لەگەڵ ئەواندا بکردبا خۆیان داوای ئەم شتەیان بکردبا، کۆنە بەعسی و جاسوسی موخابەراتی ئەم و ئەوی دیکە هەر چییان بۆ بکەین سوودی نییە، بەڵام عەرەب و تورکمان و بەشێکی برایانی ئاشووری کە لەوێن دەبوا خۆیان بچووبان بڵێن ئێمە دەمانەوێ بچینە سەر هەرێمی کوردستان، منیش ئەو گلەییەم هەیە. پێویستە دەستوور زامنی مافی تورکمان و کلدان و ئاشوورو هەموو لایەك بێت، بەنیسبەت حەسمی ئەوەی برایانی تورکمان و ئاشووریەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان بەرپرسی بەشداری بوونیان یەکلابکەنەوە، ئێوە کاتی خۆی رێك نەکەوتن، ئێمە گوتمان مەسەلەکە دەبێ بەتێکڕای دەنگ بێت، بەڵام ئێمە تاقەتمان نییە، بەیانی دوو حزب رازی بن ئەوەی دیکە رازی نەبێ بەیاننامە دەربکەن, بەڕێزتان داواتان کرد من دایانبنێم گوتم من هەڵەی وا ناکەم, مەحاڵە من بڵێم ئەمە نوێنەری تورکمانەو ئەوەش نوێنەری ئاشوورەو ئەوەش هی کلدانە، هەر کاتێك ئێوە رێککەوتن ماف و شوێنی ئێوە پارێزراوە، بەڵام ئێوە رێك نەکەون لەناو خۆتان زەحمەتە، لەبەر ئەوە دەبێت خۆتان حەسمی بکەن.

پەرلەمانتار حورمەتی زۆرەو ئەگەر لە بازگەیەکدا جارێك یەکێکی نەزان یاخود نەیناسیبێ هەڵەیەکی لەبەرامبەردا کرد بێ، ئەمە شتێکی راست نییە، گەورەترین و شەرعیترین دەزگای ئێمە پەرلەمانە، پەرلەمان ماف و ژیانی ئێمە رێکدەخات و شەرعیەتی ئێمە لە پەرلەمانەوەیەو چۆن رێزی لێ ناگیرێ، راگەیاندن من باسی دەکەم، راگەیاندن زۆر جار هیچ سنوورێکی نەهێشتووە، زۆر جار شتی وا باس دەکرێت و دەنووسرێ کە خەیاڵە، بەڵام هەموو لایەك رێزی پەرلەمان و حورمەتی دەزانێت و ئەگەر بێ حورمەتی کرا بێ، ئەمە رەفتارێکی تاکە کەسیەو واتای بێ حورمەتی ناگەیەنێت بەرامبەر پەرلەمان.

هی تۆپبارانی ئێران وابزانم وەڵامم دایەوە، ئەوەی هی مامۆستا مەلا فەتاح، هەمان وەڵامە، زەمانەت چیە، ئەمریکا لەسەر تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران شەڕ ناکات، ئەگەر ئەمریکا شەڕ بکات لەسەر دۆسێی ناوەکی شەڕ دەکات، ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێت ئێران بەم چەند تۆپە ئەمریکا تاقی بکاتەوە ئەمە هەڵەیە، دۆسێی ناوەکی جیاوازە لەو پرسەی خۆمان، وەکو ئاماژەم پێیدا ئەگەر بەهانەکە پژاك و پەکەکە بێت، ئێمە لە رەفتاری ئەوان بەرپرس نین و لە ژێر بەرپرسیارێتی ئێمەدا نین و ئێمە لەگەڵ مافی برایانی کوردین لە هەر پارچەیەکدا بێت، بەڵام بە دیالۆگ و لێك تێگەیشتن و دوور لە توندو تیژی، ئێمە پاڵپشتی توندوتیژی ناکەین لە لایەن کوردەوە لە لایەن دەوڵەتانیشەوە قبول ناکەین تەعەدا لە خەڵکی سڤیل و بێ گوناه بکرێ، ئەگەر ئەم مەسەلەیە گەیشتە بۆردومان کردنی قەڵادزێ رەوشەکە ترسناك دەبێت و شتی دیکەی بەدوادا دێت، تەسەور ناکەم بگاتە ئەم ئاستە، ئێمە دوژمنی کۆماری ئیسلامی نین، ئێمە دۆستی ئەوانین بەهانەکانیشیان بێ جێن و ئومێدەوارم نەگەینە ئەو ئاستە. کاك دیلمان دیسان

ناوەڕۆکی ئیتیفاقیەکە, دیسان جارێك تر دەڵێم زیاتر بۆ تەنزیمی ئالیاتی دوو قۆڵی هەردوو حزبە، ئەگەر پرسیارێکی موحەددەد هەیە، یان شەکتان هەیە لە فەقەرەیەك دژی خەڵکی تر بێت پێم بڵێ با بۆتان تەوزیح بکەم، تەئکیدتان بۆ دەکەم کە هەمووی لە بەرژەوەندیەو دژی هیچ لایەنێکی تر نییە، مومکینیش نییە شتی وا هەبێت، ئەوەی هێشتا سلێمانی، ئەوەی هەولێر ئەوە پرۆسەیەکی دوورو درێژە، بەڵام یەك پەرلەمانە، یەك حکومەتە، یەك بڕیاری هەیەو ئەگەر هەر شتێك ما بێت تەواو دەبێت و بەپێی ئەو بەرنامەیەی دانراوە بەڕێوە دەچێت و مومکین نییە بڕیارێك لە وەزیرێك یان لە هەر بەرپرسێکەوە دەربچێت، بەرپرسێکی سلێمانی، یان دهۆك بڵێ ئەمە جێ بەجێ دەکەم و ئەوە ناکەم، ئێمە موئەسەسات دادەمەزرێنین و حکومەت دادەمەزرێنین و لەگەڵ هەموو رێزێکم بۆ پارتی و یەکێتی ئەوان وەکو حزب نابێ دەست لە کاروباری حکومەت وەربدەن، بەڵکو دەبێ پشتیوانی حکومەت بکەن، حکومەت حزبەو حزب حکومەتەو با ئەو بەزمە بەس بێت، ئێمە لەجاران زۆر پێشکەوتووترین و ئەوەی روویداوە رووناداتەوە، دڵنیاش بن ئێمە یەك بڕیارین لە کوردستاندا، حکومەتی فیدراڵ تەنها یاداشتنامەی بە ئێران داوە، چونکە هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت، حکومەت باڵیۆزی هەردوولای بانگهێشت کردووەو ناڕەزایی خۆی دەربڕیوەو باوەڕ ناکەم بتوانێ شتی لەمە زیاتر بکات، ئاشکراشی کرد قسە لەگەڵ حزبی ئیسلامی و حزبەکانی دیکەش کراوەو تا پازدەی سێپتەمبەر وادەی دەرچوونی راپۆرتی کرۆکەو پاتریۆس بڕیارە هەموار کردنێکی وەزاری بەهێز لە بەغدا بکرێت، یەعنی ئەو عەمەلیە نامێنێت و بەردەوام دەبێت، بەڵام جارێ رەنگە تا دە رۆژی تر هەر ئەو وەزعە بێت، ئەوەی کە ئێستا هەیە. مەسەلەی زمان، مەسەلەیەکی گرنگە بەبڕیاری من ئەگەر ببوایە لەمێژەوە بڕیاری یەکخستنەوەی زمانی کوردیم دەدا، بەڵام پێم وایە کارەکە وا ئاسان نییە، رەنگە چەند ساڵێکی دیکەشی بوێت، ئێمە وەکو کورد پێویستیمان بە یەك زمانی نووسین و خوێندنەوە هەیە، ناکرێ بڵێین من بەچ زاراوەیەك قسە دەکەم ببێ بەزاراوەی رەسمی، ئەمە وا ئاسان نییە، پێویستە کاتی باشی پێ بدرێ، ئەوە دەبێت دیراسەت بکرێت، یەعنی دەبێت وەختی پێویستی بدەێنێ و دەبێت نەتیجە هەبێت. بەنیسبەت شەنگارێ وەختێ خۆ زۆر موحاوەلەمان کرد، دە ملیۆن دۆلار بۆ پرسی ئاوەدانکردنەوەی شنگاڵ تەرخان کراوە، سەرۆکی لیژنەکە خوشکێکی ئێمەیە کە نەرمین خانە، لەوانەیە لەو چەند رۆژەی دادێت بێتە ئێرەو شوێنەکە ببینێت تا دواتر دەست بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ئاوەدانکردنەوە بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەم تەرخەم نابێت، هەروەها لەگەڵ لایەنی پەیوەندار لە گفتوگۆداین بۆ دروست کردنی هێزێکی سەربازی یا پۆلیس بۆ ناوچەکە، پەنا بەخودا دێتە جێ بەجێ کردن. پرسیارەکانی سۆزان خان، فیعلەن حەرەکەت هەیە ئێستا لەوەی ماددەی 140، ئایا من گەشبینم تا نیهایەتی ساڵ تەواو ببێت، بە سەراحەت من زۆر تەسەور ناکەم لە کۆتایی ئەم ساڵەدا مەسەلەی ماددەی 140 کۆتایی پێ بێت، پێشنیارێکی تازەش هەیەو نازانم سەر دەگرێ، یان نا، بۆیە ئێستا باسی ناکەم نەوەك زەرەری هەبێت، زۆر جاری واش هەیە هەندێ برادەر زۆر بە پەلە لێدوان دەدەن و کارەکە تێکدەچێت، بەڕێزتان نیشانیدا هەر ئەو لێدوانانە بوون وایانکرد نیوەی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە دوا بکەوێت، نیشانیشیدا مەحاڵە بە بڕیاری سیاسی دواخستنی ئەم بڕیارە قبول بکرێ، ئەگەر لیژنەکە بەشێوەیەکی هونەری شتێکی بە باش زانی دەتوانێ داوا لە پەرلەمان بکات ئەگەر پەرلەمان رازی بوو، یان نا، ئەمەیان کاری خۆیەتی، بەڵام من ئەو قەرارە نادەم، بەڵام سیاسیەن داوای تەئجیل بکرێت، ئێمە موستەحیلە ئەوەی قەبول بکەین. بەنیسبەت بە موئەسەسات ئەوانە، راستە ئێمە زۆر

جددينه، يەعنى هەر بۆ قسە نييە، هى وەزارەتى ماليە وەزارەتەكانى تريش لەو بڕوايە داين ئينشائەڵلا پێش نيهايەتى ساڵ تەواو بێت، ئەگەرنا حەز دەكەن موزاهەرە دەكەين منيش لەگەڵ ئێوە دەچينە سەر مەجليسى وزەرا، هى كۆلێرا من دەمويست ئاخيرى باسى بكەم، يەعنى سوپاسى حكومەتى هەرێم بكەم، چونكە فيعەلەن ئەوەى كە پێويست بوو بكرێت كردوويانە، بەتايبەتى سوپاسى وەزيرى تەندروستى بكەم، چونكە بەڕاستى دەورێكى باشى بينى بە ئەركى خۆى هەڵساو يەعنى وەزارەتەكەى، كەموكوڕى هەبووە لە مەسەلەى ئاوى سلێمانى ئەوە مەسەلەيەكى ترە حكومەت ليژنەى لێكۆڵينەوە دانێت بۆ ئەو پرۆژەيە واى لێهاتووە، بەلاّم من بە رەئيسى وزەرام گوت بێتە سلێمانى، من لەوێ بروسكەم كردووە بۆ ئەوەى، يەعنى نازانم من زۆر موهتەم بووم بە مەوزوعى، ئەگەر قسەم نەكرد بێت، بەس ئەوە نييە، يەعنى ئەگەر رەئيس وزەرا بۆ سلێمانى من پێم گوت بچێت بۆ ئەوێ، من مەجبور دەبم قسە نەكەم، لەبەر ئەوە زۆر شت هەيە دەيكەم رەنگە خەڵك نەشزانێت، هى مەسەلەى زمانيش يەعنى جەوابە، ئەوەى كە بە شوكريە خانمدا مەسەلەى زمان مەسەلەيەكى گرنگە، دەبێت باش ديراسەت بكرێت، دەبێت نەتيجە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆكى هەرێم، زۆر سوپاس بۆ ئەو هەموو قسانەو وەلاّمەكانت، سوپاس بۆ بەڕێزتان بۆ بەڕێز جێگرى سەرۆكى هەرێم و بەڕێز جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزيران، بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەو لێپرسراوى حزبە سياسيە كوردستانيەكان و مێوانەكان و ئەندامانى بەڕێز، لێرەدا كۆتايى بە دانيشتنەكەمان دەهێنين، دانيشتنى داهاتوومان رۆژى دوو شەممە سەعات (11) بۆيەش ئەو سێ، چوار رۆرژە دواى دەخەين، بۆ ئەوەى ليژنەكان بتوانن بە كارەكانيان هەڵستن بە ئامادە كردنى راپۆرتى پێويست، ئەو بەرنامەى كە هەيانە لە رۆژى دوو شەممەوە خۆتان حازر بكەن كە هەفتانە بەلاى كەمى سێ دانيشتنمان دەبێت، بۆ تەواو كردنى ئەو پرۆژە ياسايانەى كە لە ئەجنەدەدا هەن، ياخود خوێندنەوەى يەكەمى ئەو پرۆژانەى كە بۆمان هاتووە، يان بۆمان دێت، زۆر سوپاس بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** | **عدنان رشاد مفتى** |
| **سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** | **سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دووشەممە رێکەوتی 10\9\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)
## دوو شەممە رێكەوتی 2007/9/10

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2007/9/10 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژماره (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (1)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامـەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنـەوەی یەكـەمی پـرۆژەی یاسـای هـەموار كردنـی یاسـای ژمـاره (7)ی سـاڵی 2000 یاسـای خانەنیشـین كردنـی كـەم ئەنـدامی پێشـمەرگە كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی كوردسـتانەوە پێشكەش كراوە.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژماره (9)ی سـاڵی 1992 یاسـای رێزلێنـانی پێشمەرگە.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پـرۆژەی یاسـای پشـكنینی بـۆ مـاوەیی خـوێن بـەر لـە هاوسـەرگیری كـە لـە لایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.

4- گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان.

5- گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/9/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنـــەوەی یەکـــەمی پـــرۆژەی یاســـای هـــەموار کردنـــی یاســـای ژمـــارە (7)ی ســـاڵی 2000 یاســـای خانەنیشـین کردنـی کـەم ئەنـدامی پێشمەرگە کـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتانەوە پێشکەش کراوە.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992 یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پـرۆژەی یاسـای پشـکنینی بـۆ مـاوەیی خـوێن بـەر لـە هاوسـەرگیری کـە لـە لایـەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.

4- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

5- گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك فاروق وەزیری دادو کاك حاکم نورالدین جێگری سەرۆکی دادگای تـەمییز، بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، کە لەگەڵمان بەشدارن بـۆ گفتوگـۆ کـردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هـەرێمی کوردسـتان، تەبعـەن کـاك سـەعد دائیمـەن لەگەڵمانـە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسـای هـەموار کردنـی یاسـای ژمـارە (7)ی سـاڵی 2000 یاسـای خانەنیشـین کردنـی کـەم ئەندامی پێشمەرگە کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی بە کوردیەکەی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە (7)ی یاسای خانەنشین کردنی پێشمەرگەی کەم ئەندام

1- مـاددەی یەکـەم: مـاددەی یەکـە م لـە یاسـاکە بکرێتـە مـاددەی دووەم و مـاددی یەکـەم بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(کەم ئەندام ئەو پێشمەرگەیە کە لە کاتی خزمەت و بـەهۆی ئـەرکی پێشـمەرگایەتییەوە، یـان لـە ئـەنجامی کـارێکی تیرۆریسـتی دەپێکرێـت، یـان بـە هـەر شـێوەیەك برینـدار دەبێـت و دەبێتـە هـۆی پەککەوتـەیی هەمشەیی).

2- ماددەی دووەم: هەمان ماددەی یەکەمی یاسایەکەیە، بەڵام بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(پێشمەرگەی کەم ئەندام مافی کەم ئەندامی دەیگرێتەوەو خانەنشین دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1- ئەگەر پلەی پەککەوتنی 50٪و بەسەرەوە بێ، بەپێی راپۆرتی پزیشکی کە لە لایەنێکی پزیشکی پسپۆر دەرچوو بێت.

2- ئەگـەر ئەنـدامێکی دیـوی دەرەوەی لەشـی لـە دەسـت دابێـت لـە رووی ئۆرگـانی و فـەرمانی (عضـوي و وظیفي) پلەی پەککەوتەیی هەر چەند بێت.

3- مـاددەی سـێیەم: مـاددەی دوو و مـاددەی سـێ لـە یاسـاكە دەكرێتـە یـەك مـاددەو بـەم شـێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ- (هەر پێشمەرگەیەكی كەمئەندام تەواوی مووچەو دەرماڵەكانی بۆ سەرف دەكرێت وەك دوا مووچـەی لـە كـاتی خزمـەت وەری گرتـووە لەگـەڵ خـەرج كردنـی دەرماڵـەی تایبـەتی پەككەوتـەیی بـە رێـژەی پلـەی پەككەوتن).

ب- بڕی كۆی یەك ساڵی تەواوی مووچەكەی وەكو پاداشت بۆ یەك جار بۆی سەرف دەكرێت بێ بەرامبەر.

ج- ئـەو پەككەوتانـەی كـە بڕگـەی (2)ی مـاددەی دوو دەیانگرێتـەوە دەرماڵـەی پەككەوتـەی تایبـەتیان بـۆ سەرف دەكرێت بە رێژەی 50٪ی تەواوی مووچەكەی.

4- ماددەی چوارەم: هەمان ماددەی یاساكەیەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(هـەر پێشـمەرگەیەكی پەككەوتـە كـە پلـەی پەككـەوتنی لـەنێوان 25٪ - 49٪ جگـە لـەو كەسـانەی كـە ئەندامێكی دیوی دەرەوەی لەشی لە دەست داوە دەگوازرێنەوە بۆ یەكە جێ نـەگۆڕەكان (الوحـدات الثابتـة) تایبەت بە پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، یـان بـەپێی یاسـای خانەنشـینی پێشـمەرگە رەفتـاری لەگەڵ دەكرێت.

5- ماددەیەك زیاد بكرێت و ژمارەی پێنجی بۆ دابنرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(هەر پەككەوتەیەكی كەمئەندام كە ماددەی دووی ئەم یاسایە هەموار كراوە دەیگرێتەوە لە كاتی مردنی بە شەهید تۆمار دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئەگـەر كـەم ئەنـدام بـوونی لـە ئـەنجامی برینـداری لـە كـاتی شـەڕو پێكـدادان بیـت لەبـەرەكانی شـەڕ، دۆسـییەكەی دەگوازرێتـەوە بـۆ وەزارەتـی كاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفال كراوەكـان و هـەموو ئـەو مووچـەو دەرماڵەو دەرماڵەی تایبـەتی كەمئەنـدامی بـۆ پاشنشـینەكان (خلـف)ی خـەرج دەكرێـت وەك ئـەوەی لـە دوا مووچەی پێش مردنی وەری گرتووە.

ب- ئەگـەر كەمئەنـدام بـوونی لـە كـات و بـەهۆی خزمـەت بووبێـت، ئـەوە دۆسـییەكەی دەگوازرێتـەوە بـۆ وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوەكان و تەنها مووچەو دەرماڵـەی بـۆ پاشنشـین (خلـف)ی خـەرج دەكرێت بەبێ دەرماڵەی تایبەتی پەككەوتنی.

6- ماددەیەك زیاد بكرێت و ژمارەی شەشی بۆ دابنرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ- دابین كردنی پێداویستیەكانی ژیان و هۆكارەكانی خـۆش گـوزەرانی بەشـێوەیەك لەگـەڵ پەككەوتەیەكـەی بگونجێت، بەپێی رێنماییەكی تایبەت كە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەكان دەردەكرێت بۆ ئەم مەبەستە.

ب- لەكاتی پێویست بۆ جێ بەجێ كردنی كارەكانی كار گوزارێك بۆ كەم ئەندام لەو حاڵەتانە دابمەزرێت بـە مەرجێ پەككەوتەیەكەی 100٪ بێت و ئەوانەی (ئیفلیجی تەواو – لە دەست دانی دوو قاچ سەرووی ئەژنۆ – لە دەست دانی هەر دوو دەست – لە دەست دانی دوو چاو – تووشبوون بە نەخۆشیەكانی شیزو فرینیای تەواو بەهۆی برینداری).

ج- حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە چارەسەری کەم ئەندام و شیاندنی و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ناو کۆمەڵگا.

د- لە کاتی گۆڕان لە سیستەمی مووچە، مووچەی کەم ئەندام وەك مووچەی پێشمەرگەی لە خزمەت بەردەوام بە هەمان شێوە زیاد دەکات بەپێی پلەو پایە.

7- ماددەیەك زیاد بکرێت و ژمارەی حەوتی بۆ دابنرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(لەکاتی بریندار بوونی پێشمەرگە جارێك، یان زیاتر تەنها ئەو برینداریيە دەژمێردرێت کەبە هۆی ئەرکی پێشمەرگایەتیەوە بریندار بوو بێت، یان پەیوەندییان بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو بێت هەر چەندە کۆنیش بێت.

8- ماددەیەك زیاد بکرێت و ژمارەی هەشتی بۆ دابنرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(ئەو پێشمەرگەی کە رێژەی کەم ئەندامی 25٪ و زیاتر بێت و لەگەڵیدا تووشی نەخۆشیەکی قورس بوو بێت بەهۆی ئەرکی پێشمەرگایەتی بەپێی راپۆرتی پزیشکی پلەی پەککەوتەیی بگاتە رادەی یاسایی بە کەم ئەندام دەژمێردرێت).

9- ماددەیەك زیاد بکرێت و ژمارەی نۆی بۆ دابنرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

أ- مافی چارەسەری بەخۆڕاییيان هەیە لە نەخۆشخانەکان.

ب- مافی داشکاندنی پلیتی سەفەریان هەیە بۆ ناوەوەو بۆ دەرەوەی وڵات.

ج- مافی خوێندنی بە خۆڕاییيان دەبێت لە گشت ئاستەکانی خوێندن بۆ خۆیان و هاوسەرو منداڵەکانیان.

د- پێدانی پێشینەی (عقار – زەوی کشتوکاڵی – پیشەسازی – بازرگانی – هاوسەرێتی) بەبێ قازانج.

10- ماددەی پێنجەمی یاسایەکە بکرێتە ماددەی دەیەم.

11- ماددەی شەشەمی یاسایەکە دەبێتە ماددەی یازدەم بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(لایەنی پەیوەندار رێنمایی تایبەت دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە).

12- ماددەی حەوتەمی یاسایەکە بکرێتە ماددەی دوازدەهەم.

هۆی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر رۆشنایی یەك خستنی یەکەکانی پێشمەرگەی کوردستان و وەکو رێزگرتن لە رۆڵی قارەمانانەو خەباتگێڕانەی پێشمەرگەو هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان و رێزلێنان لەو هەموو قوربانیدانەیان لە رێگای هینانەدی ئامانجەکانی گەلی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەم تێکۆشەرانە قوربانیان داوە بەهۆی کەم ئەندام بوونیان و توانای بەردەوام بوونیان نابێت لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەبەر پێویستیان بە چارەسەری و شیاندن و چاودێری تایبەت هەیەو لەبەر ئەوە ئەو قارەمانانە پێویستیان بە حەسانەوەو خۆشگوزەرانی و دابین کردنی مافەکانی خانەنشین کردنیان وەکو لە بەندەکانی ئەم یاسایە هاتووە، هەروەها بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پێکهاتەی لەشکرێکی سەردەمی لەسەر بنەمای زانستە سەربازیە نوێیەکان، بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەكەم، ئومێدمان وایەو داواشمان وایە كە دانیشتنێكی هاوبەش بكەن، بۆ ئەوەی راپۆرتێكی موشتەرەك پێشكەش بە پەرلەمان بكەن، ئێستا داوا دەكەم خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار كە بریتییە لە خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە، لیژنەی یاسایی بە زمانی كوردی بیخوێنێتەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی هەموار كردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 1992، یاسای رێزلێنانی پێشمەرگە**

**1-ماددەی یەكەم: بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ خواستەكانی ئەم یاسایە ماناكانی تەنیشتیانە.**

**أ-شۆڕش: بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانە كە لە 11ی ئەیلولی ساڵی 1961 دەست پێدەكات.**

**ب- پێشمەرگە: ئەو تێكۆشەرە سیاسیە چەكدارە شۆڕشگێڕەیە كە بە ویستی خۆی بەشداری كردووە لە شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەكانی گەلی كوردستان و ئەوەی بەردەوامە لە خزمەت كردن لە پێكهاتەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان.**

**ج- رێزلێنان: بەرز راگرتنی خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگەیە.**

**د- مەدالیا (نیشانە)ی رێزلێنان: نیشانەیەكی تایبەتە بە پلەی جیاجیا كە پاداشتی جیاجیای هەیەو دەبەخشرێتە پێشمەرگە.**

**2- ماددەی دووەم: لادەدرێت و ئەوەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**(ماددەی دووەم: ئەو پێشمەرگانەی كە لە مەسیرەی قارەمانانەی بارزانیدا لە ماوەی ساڵەكانی (1945 – 1958) بەشداریان كردووە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.**

**3- ماددەی سێیەم: هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**(ماددەی سێیەم: پێشمەرگە مەدالیا (نیشانە)ی پێ دەبەخشرێت كە شێوەو پلەو پایەو ئیمتیازاتی مادی و مەعنەوی دەبێت و رەنگدانەوەی خەبات و تێكۆشانی گەلی كوردستان بێت، بە نیزامێكی تایبەت دیاری دەكرێت.**

**4- ماددەی چوارەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**(ئەو بانووانەی كە لە رێزەكانی شۆڕشدا بوون پاداشتێكیان بۆ دیاری دەكرێت بەپێی رێنمایی تایبەت.**

**5- ماددەی پێنجەم: بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**(پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە رێنمایی تایبەت دەربكات بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە).**

**6- ماددەی شەشەم: دەگۆڕێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**(هەر دەقێك پێچەوانەی بەندەكانی ئەم یاسایە بێت كاری پێ ناكرێت).**

7- ماددەی حەوتەم: زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی کاری پێ دەکرێت).

**هۆکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

لەبەر گرنگی رۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشداری کارای لە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و خەباتی بێ بەرامبەریان وەك پاداشتێك بۆ فیداکاریان ئەم یاسایە دەرچوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەکو پرۆژەی پێشوو ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکرێت، دیسان ئومێد دەکرێت دانیشتنی تایبەتی موشتەرەك بکەن، بۆ ئەوەی راپۆرتیان هاوبەش بێت، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پشکنینی بۆ ماوەیی خوێن بەر لە هاوسەرگیری کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، داوا دەکەم بەزمانی کوردی بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن پێش هاوسەرگیری**

ماددەی یەکەم: دەبێ لە پێش گرێبەستی هاوسەرگیری پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن بکرێ و لەو بارەی کە گومانی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی ناەڕاست (تەلاسیمیا)ی گوازراوەی بۆماوەیی کرا، ئەو کات پشکنینی خۆێن تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

ماددەی دووەم: بنکەیەکی تەندروستی، یان هەر عیادەیەکی پزیشکی میللی ئێواران بۆ مەبەستی پشکنین دیاری دەکرێ، ئەویش دوای ئەوەی ئامێری پزیشکیی پێویست و کارمەندی مەشق پێکراوی بۆ دابین دەکرێ و پشکنینەکە لە ژێر چاودێری پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشیەکانی خوێن بە مەبەستی دیاریکراو لە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا دەکرێ.

ماددەی سێیەم: بنکە تەندروستیەکە لە ئەنجامەکانی پشکنینە تاقیگەییەکان دەکۆڵێتەوەو لە کاتێکدا دەرکەوت داواکارانی گرێبەستی هاوسەرگیریی تووشی ئەو نەخۆشیە بوونە، راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەکەو رێژەی (واتە ژمارەی منداڵەکانی) کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە تووش دەبن ئەنجامی بۆماوەیی سەلبی ئەو هاوسەرگیرییە پێشکەش بە هەردووکیان و بەو لایەنە دەکرێت کە داوای پشکنینەکەی کردووەو ئەمەش بۆ مەبەستی هۆشیار کردنەوەو رێنمایی کردن دەبێت.

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر دادگاکان هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیریی جێ بەجێ نەکەن تا راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا پێشکەش نەکەن و لە بارێکدا کە راپۆرتەکە نەخۆشیەکەی دەست نیشان کرد بوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەکانی لە داواکارانی هاوسەرگیرییەکە بگەیەندرێ.

ماددەی پێنجەم: پێویستە وەزارەتی تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

ماددەی شەشەم: پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی حەوتەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت.

هۆیە پێویستیەکانی

سەبارەت بەوەی کە نەخۆشی تەلاسیمیا زیانی ماددی و تەندروستی بە ئەندامانی کۆمەلگا دەگەیەنێت و باری شارستانی دەولەت بەکار و خەرجی و دارایی گران دەکات و لە پێناو کۆنترۆل کردنی ئەم نەخۆشیە و بۆ دانانی ئیرادەیەك لەبەردەم بلاّو بوونەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو و لە پێناوی هۆشیار کردنەوەو رێنمایی داواکارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سلبیەکانی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەونەوەو لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەکی هۆشیار و ساغ لە نەخۆشیەکانی بۆماوەییەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی دەکەین، وەکو پرۆژەکانی پێشوو داوا دەکەم کەوا دانیشتنی هاوبەش بکەن، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، خالّی چوارەم لە بەرنامەی کار/ گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتەکەیان بە زمانی کوردی بخوێننەوە، دواتر ماددە بە ماددە ئەسلّی ماددەکەو راپۆرتەکەو ئینجا گفتوگۆ کردن لەسەری، فەرموون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسایی دەسەلاّتی دادوەری لە 2006/7/10 تەواو بوو، بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی ڕەوانە کرا لیژنەش چەند چاوپێکەوتنێکی لەگەلّ پسپۆڕانی ئەو بوارە سازداو، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەلّ بەڕێزان دادوەرانی دادگای تێهەلّچوونەوەی هەرێمی کوردستان گرێدا، لە پێناو دەولەمەند کردنی بیروڕا لەگەلّیاندا ئالوگۆڕ کرا، لەگەلّ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەو یاسایە پەیوەستە بە یەکێك لە سێ دەسەلاّتەکەی هەرێم و پڕەنسیپی جودا کردنەوەی دەسەلاّتەکان لە نێوانیاندا، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل. لیژنەکە گەیشتە بۆچوون و پێشنیارەکانی سەبارەت بە هەندێ لە ماددەکانی و پێشنیاز دەکات لیژنە سەر پشك بکرێ بۆ سەرلە نوێ بە دەروازە کردنی پڕۆژەکەو گۆڕینی شوێنی هەندێ ماددەکانی، سەر لە نوێ داڕشتنەوەی هەندێ لە دەقەکانی، لێرەدا بۆچوون و پێشنیازەکانمان لەسەر هەر ماددەیەك بە تەنیا دێنینەوەو بەم شێوەی خوارەوە:

**ماددەی یەکەم: لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێت:**

**گۆڕینی وشەی (دەستەواژە) کە لەسەرەتای ماددەکەدا هاتووە بۆ وشەی (زاراوە). وەکو هەموو یاساکانی تر کە تا ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان دانراون.**

**ماددەی دووەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی سێیەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی چوارەم: لیژنە پێشنیاز دەکات دووبارە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.**

**{دەسەلأتی دادوەری بودجەیەکی تایبەتی دەبێ و لەلایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە ئامادە دەکرێ و دەخرێتە بەر دەستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ پەسند کردنی و دەبێتە پاشکۆی بودجەی گشتی هەرێم}، ئەوەش لە پێناو روونکردنەوەی ئەو رێکارانەی لە ئامادەکردنی بودجەدا دەیگرنە بەر.**

**ماددەی پێنجەم: (لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە)**

**ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**{زمانی کوردی زمانی دادگاکان دەبێ و دەکرێ زمانی عەرەبی بۆ نووسینەوەی هەندێ لە حوکم و بڕیارەکان بەکاربێت}. (بەزۆرینەی دەنگەکان)، لەبەر نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی یاسایی لەکاتی ئێستادا.**

**ماددەی حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە بەم شێوە دابڕێژرێتەوە:**

**{دانیشتنی دادگاکان بە ئاشکرا دەبێ. تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاری بە نهێنی بوونی بدات، بۆ لەبەرچاو گرتنی پەیڕەوی گشتی، یان رەوشتەکان، یان پیرۆزی خێزان، بەمەرجێك دەبێ بڕیارەکە لە دانیشتنێکی ئاشکرادا رابگەینرێت}، لێرەدا پیرۆزی خێزانمان لەبەرچاوگرتووەو دەستەواژەی (تێگەیاندنی بڕیار) بگۆڕدرێت بۆ دەستەواژەی (راگەیاندنی بڕیار) کە لەلایەنی یاساییەوە لەبارترە.**

**ماددەی هەشتەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە بێت:**

**یەکەم: دادگاکان سەیری داواکانی ماف و باری کەسایەتی ناکەن لە ماوەی پشووی دادگاکاندا. کە لە رۆژی یەکەمی مانگی تەمووز دەست پێ دەکات و تا رۆژی یەکەمی مانگی ئەیلوول لە هەموو ساڵێکدا، جگە لە داواکانی بە پەلە کە بەهۆی بەیانێکەوە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەکات، دەست نیشان دەکرێت.**

**بە گۆڕینی دەستەواژەی (داواکانی شارستانی) بۆ دەستەواژەی (داواکانی ماف) بۆ تێکەڵاو نەبوون و گونجان لەگەڵ ماددەی نۆیەمی ئەم یاسایە. لە کاتێکدا (دادگاکانی شارستانی) بۆ هەموو دادگاکانی ناسەربازی لە هەرێمدا بە کارهاتووە.**

**ماددەی نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی، بە گۆڕینی زنجیرەی دادگاکانی تێیدا هاتوون و بەم شێوەی خوارەوە:**

**دادگا شارستانیەکان لە مانە پێك دێت:**

**1- دادگاکانی پێداچوونەوە.**

2- دادگاکانی تێهەڵچوونەوە.

3- دادگاکانی گەورە تاوان.

4- دادگاکانی بەرایی.

5- دادگاکانی نەوجەوانان.

6- دادگاکانی باری کەسایەتی.

7- دادگاکانی کەتن.

8- دادگاکانی کار.

9- دادگاکانی لێکۆڵینەوە.

10- دادگاکانی ماددەکانی کەسایەتی بۆ مەسیحی و یەزیدی و ئایینەکانی تر.

لەگەڵ لەبەر چاو گرتنی پێشخستنی ئەو دادگایانەی کە لە دادوەرێك پتر پێك دێت لەسەر ئەو دادگایانەی یەك دادوەری بە تەنیا هەیە و لا بردنی وشەی (ناموسڵمانەکان) لە بڕگەی (10)یدا.

ماددەی دەیەم: {دادگای پێداچوونەوە، دەستەی دادوەری بالأیە کە چاودێری دادوەری بەسەر هەموو دادگا شارستانیەکانی هەرێمدا هەیەو لە نۆ دادوەر کەمتر نەبێت بە سەرۆك و جێگرەکانیەوە پێك دێت، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت}، بە زیادکردنی دەستەواژەی (کە چاودێری دادوەری دەکات لەسەر)و دیاری کردنی بەلای کەمی ژمارەی ئەندامانی دادگا کە بە سەرۆك و جێگر و دادوەران بەشێوەیەکی ئاشکراتر.

ماددەی یازدەم: لیژنە پێشنیار دەکات:

زیادکردنی خاڵی چوارەم بۆ (دەستەی گشتی أ- ) و بەم شێوەی خوارەوە:-

4- ئەوەی لە دەقی یاساکانی دیکەدا هاتووە. بۆ ئاگاداربوون لەو تایبەتمەندیانەی بەپێی یاساکانی دیکە دێنە ئاراوە.

دووبارە داڕشتنەوەی خاڵی/2 لە (دەستەی فراوان ب- ) بەم شێوەی خوارەوە:-

2- ئەو ناکۆکیەی لەنێوان دوو دادگادا دەربارەی دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی لە سەیر کردنی داوایەکدا پەیدا دەبێ.

زیادکردنی دەستەیەکی نوێ بۆ ماددەکە بەم شێوەیە: و- دەستەی کشتوکاڵی: تایبەتە بەسەیر کردنی ئەو حوکم و بڕیارانەی لە لیژنەکانی زەوی وزار و دەست بەسەرداگرتنندا دەرکراوە. لە کاتێکدا ئەو دەستەیە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 14ی ساڵی 1992دا هەبووە، وا چاوەڕوان دەکرێت داواکانی لیژنەی زەوی و دەست بەسەرداگرتن لە هەرێمدا زیاتر ببێت لەبەر ئەو گۆڕانکاریانەی دوای ئازاد کردنی عێراق بەسەریدا هات.

**زیاد کردنی دەستەواژەی (دەستەی کشتوکاڵی) دوای (دەستەی سزاییش) لە برِگەی دووەمی هەمان ماددەدا بەپێی ئەو زیاد کردنەی وەکو دەستەیەکی دیکە بۆ دادگای پێداچوونەوە، بەو باوەرِەی کە ئەو لەسێ دادوەر کەمتر گرێ نادرێ.**

**دووبارە دارِشتنەوەی برِگەی سێیەم لە هەمان ماددە دا بەم شێوەی خوارەوە:-**

**دەستەی شارستانی بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك و ئەندامیەتی بەلای کەمی چوار لە دادوەرانی دادگاکە، کاتێ کە سەیری ئەو حوکمانەی لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی ئەسڵی دەرکراون دەکات، هەمان شتیش سەبارەت دەستەی سزایی کاتێ سەیری حوکم و برِیارەکانی دادگاکانی گەورە تاوانەکان دەکات.**

**بەزیاد کردنی دەستەواژەی (لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوە)**

**ماددەی دوازدەهەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە دارِشتنەوەی بە تێکەڵ کردنی هەردوو برِگە لە برِگەیەکدا بەم شێوەی خوارەوە:-**

**ماددەی دوازدەم: دەستەکانی دادگا پێك دەهێنرێن لەوانەش دەستەی فراوان و دیاری کردنی سەرۆك و ئەندامەکانی لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا بە برِیاری دەستەی سەرۆکایەتی و لە کاتی نادیاری یەکێك لە سەرۆکەکانی کۆنترین دادوەر شوێنی دەگرێتەوەو ئەندامەکانی ناگۆرِێن، تەنیا ئەگەر پێویست بکات وبەهەمان رِێگا دەبێ.**

**ماددەی سێزدەم: لێژنە پێشنیار دەکات ئەم برِگانەی لە خوارەوە هاتوون بەم شێوەیە هەموار بکرێن:-**

**یەکەم/ 6- گۆرِینی وشەی (فەرمانبەرانی) بە وشەی (کارمەندانی) بۆ ئەوەی کرێکار و کار گوزارەکانی دیکەی کاری تێدا دەکەن بگرێتەوە.**

**یەکەم/ 7- زیاد کردنی دەستەواژەی (بۆ ئەنجومەنی دادوەری) بۆ کۆتایی برِگەکە.**

**دووەم/ 3- لا بردنی برِگەکە لەبەر ئەوەی لە دەستهاتی ئەنجامەکانەوە هاتووە.**

**ماددەی چواردەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەم هەموار کردنانەی خوارەوەی بەسەر دابێت:**

**زنجیرەی(5) بکرێتە دوو برِگەی سەربەخۆ بەم شێوەیە:**

**سێیەم: ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا دادگای تێهەڵچوونەوەی نوێ دابمەزرێنێ.**

**چوارەم: دەکرێ دادگایەك، یان زیاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە دابمەزرێ، یان دابرِینی دادگایەك، یان زیاتر لە دادگای تێهەڵچوونەوە و لکاندنی بە دادگایەکی تێهەڵچوونەوەی دیکە بە برِیاری ئەنجومەنی دادوەریەوە.**

**ماددەی پازدەم:**

**یەکەم: لێژنە پێشنیار دەکات بە گۆرِینی دەستەواژەی (دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە) بۆ دەستەواژەی (دادوەرێك لە دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە) لەبەر ئەوەی مەبەستەکە پێکهێنانی دادگایە لە سەرۆك و جێگرەکەی و دادوەرێکی دیکە لە دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە نەوەك هەموو دادوەران.**

**ماددەی شازدەم: (لیژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە).**

**ماددەی حەڤدەم: لیژنە پێشنیاری دووبارە دارِشتنەوەی بەم شێوەیە دەکات:**

یەکەم: لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی ناوچەی تێهەڵچوونەوە) دادەمەزرێ کە لە سەرۆکی دادگاو ئەندامەتی جێگرەکانی و دادوەرانی دادگای تێهەڵچوونەوە پێك دێت. چونکە پێکهێنان زاراوەیەکی تایبەتە بە دادگاکان و دامەزراندن بۆ ئەنجومەنەکان.

دووەم: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەردەوامە، سەرۆکەکەشی بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بانگەشەیان بۆ کۆبوونەوە بکات. ئەو کۆبوونەوەیەش گرێنادرێ بە ئامادەبوونی بەلای کەمی سێ لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی نەبێت. بۆ مەبەستی بوار ڕەخساندن بۆ دەستنیشانکردنی دوا وادەی کۆبوونەوەکان لە ماوە بەردەوامەکان و بەپێی رای ئەنجومەن .

سێیەم: ئەنجومەن ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- لێوردبوونەوە لە پێداویستی دادگاکان و میلاکەکانیان لە ژێر رۆشنایی پێداویستیەکانیان ساڵانەو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی ساڵانە بۆ ئەنجومەنی دادوەری. بە زیاد کردنی دەستەواژەی: (بەرزکردنەوەی ساڵانە دەربارەی، بۆ ئەنجومەنی دادوەری) تاکۆتایی خاڵەکە.

2-لێکۆڵینەوە لەکۆسپ و گیروگرفتەکانی ڕووبەڕووی دادگاکان دەبێتەوە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان. بە زیاد کردنی دەستەواژەی (دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان)

ماددەی هەژدەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەو هەموار کردنانەی خوارەوەی لێ بکرێ:

زیادکردنی خاڵێکی نوێ بۆ بڕگەی یەکەم: وبەم شێوەی خوارەوە: رەوانەکردنی تانەکان بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە، یان بەسیفەتی پێداچوونەوە و ڕەسم لێ وەرگرتنیان. چونکە لە ناو جەرگەی دەسەلاتەکانی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەیە.

لا بردنی وشەی (فەرمانبەرەکانیش) لەبڕگەی (یەکەم:4) لە پرۆژەکەدا.

لەو کاتەدا پێویست بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکان دەربارەی کارمەندانی فەرمانگەکەی بۆ ئەنجومەنی دادوەران ناکات، بەڵکو ڕاپۆرتەکانی دەربارەیان بۆ خۆی وەکو سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە بەرز دەکرێتەوە.

گۆڕینی وشەی (فەرمانبەرەکانیشی) لەبڕگەی:6 بە وشەی (کارمەندەکانیشی).

(ئەوەش بۆ ئاگاداربوون لەو پێشهاتە نوێیانە وەکو گەڕاندنەوەی کرێکاران بۆ کۆمەڵە کرێکاریەی خۆیان و پیادە کردنی یاسای کار بەسەریاندا).

گۆڕینی وشەی (فەرمانبەرەکان) لەبڕگەی (دووەم:4) بە وشەی (کارمەندەکانیش) (لەبەر هەمان هۆکاری سەرەوە).

ماددەی نۆزدەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیستەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست ویەکەم : (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی بیست ودووەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).

**ماددەی بیست وسێیەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).**

**ماددەی بیست وچوارەم : (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).**

**ماددەی بیست و پێنجەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی و بەم شێوەی خوارەوە:**

**یەکەم: لە سەنتەری هەر پارێزگایەکدا دادگای مەوادی کەسایەتی بۆ مەسیحی و ئێزیدی و ئایینەکانی دیکە دادەمەزرێ و بە دادوەرێك گرێدەدرێ و تایبەتمەند دەبێت بە دۆزەکانی مەوادی کەسایەتی بۆیان و دەکرێ لە سەنتەری قەزاو ناحیەکان دابمەزرێ، بەهۆی بەیانێك کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لە کاتی پێویستیدا دەری دەکات. بە لا بردنی دەستەواژەی (ناموسڵمان).**

**ماددەی بیست و شەشەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).**

**ماددەی بیست و حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی بڕگەیەکی نوێ بۆی و بەم شێوەی خوارەوە:﴿چوارەم: سەرۆکی دادگاکانی گەورە تاوانەکان لە دەرەوەی سەنتەری تێهەڵچوونەوە، سەرپەرشتی کردنی دادگاکانی پارێزگا دەگرێتە خۆ، راپۆرتەکانیش دەربارەیان بۆ سەرۆکی تێهەڵچوونەوە بەرز دەکاتەوە﴾.**

**ماددەی بیست و هەشتەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).**

**ماددەی بیست و نۆیەم: (لیژنە تێبینی لەسەر نییە).**

**ماددەی سییەم: لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی سێیەمی بەم شێوەی خوارەوە هەموار بکرێت:**

**سێیەم:﴿بەپێی حوکمەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان دادوەری نەوجەوانان خۆی بە تەنیا سەیری سەر پێچی و کەتنەکان دەکات و دەکرێ دادوەرێکی کەتن لە قەزاو ناحیەکاندا سەیری سەرپێچی و کەتنەکان بکات﴾.**

**بە زیاد کردنی تاوانەکانی کەتن بۆ دەسەڵاتی دادوەرانی کەتن لە قەزاو ناحیەکاندا، لە کاتێکدا ئەو تاوانانە ناوجەوانی بێ پەند ناگرێ و دادگا تەنیا بە سەپاندنی غەرامە رازی دەبێ.**

**ماددەی سی و یەکەم : { لیژنە تێبینی لەسەر نییە }.**

**ماددەی سی و دووەم : { لیژنە تێبینی لەسەر نییە }.**

**ماددەی سی و سێیەم : لیژنە پێشنیاز دەکات:**

- **گۆڕینی دەستەواژەی (یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتیان دەکات ) لە (أ) بە وشەی یان (نوێنەرەکانیان).**
- **زیاد کردنی سەرۆکی داواکاری گشتی بۆ ئەندامەتی ئەنجومەنی دادوەری. (بە زۆرینەی دەنگ). بۆ ئەوەی رێگا خۆش نەکرێت بۆ کەم تەرخەمی جێگرەکانی سەرۆك لە ئامادە بوون بۆ نوێنەرایەتی سەرۆکی تێهەڵچوونەوەکان.**

**ماددەی سی و چوارەم: لیژنە پێشنیار دەکات ئەم دوو هەموارکردنانەی خوارەوەی بەسەردا بێت:**

- **لا بردنی بڕگەی (4) لێی، چونکە ئەم دەسەڵاتە ئەنجامەکانە.**

- زیاد کردرنی بڕگەیەکی نویٚ و بەم شێوەیەی خوارەوە:-

3- ئامادە کردنی بودجە بۆ دەسەڵاتی دادوەری و بەرز کردنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ ئەوەی دەستەبەر بکریٚ بۆ پەسەند کردنی.

ماددەی سی و پێنجەم: لیژنە پێشنیاز دەکات:

- خاڵەکانی لەگەڵ بڕگەی یەکەمدا بیٚ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم : 1- ...2- ....3- ....تاد.

- دووبارە داڕشتنەوەی خاڵی (2) لە بڕگەی یەکەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :

2- بە کردەنی کار کردن دوای تەواو کردنی کۆلیژی یاسا بۆ ماوەیەك لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت لە فەرمانی لێکۆڵینەوەی داد، یان یاریدەدەری دادوەری، یان دادنووس، یان جێبەجێکاری داد، یان بەرێوەبەری چاودێری ناکامان، یان بەڕێوەبەری فەرمانگەی تۆمار کردنی خانووبەرە، یان کارکردنی راستەقینە لە پیشەی پارێزەرایەتی، یان فەرمانبەری مافپەروەر و کارمەندە (ئەکادیمی و یاساییەکان) لە بەشی ماف لە فەرمانگەو دەزگا فەرمیەکان، کە لە پێنج داوا لە ساڵێکدا کەمتر نەبێت.

لەبەر ئەوەی بە ناتەواوی و نادیاری هات وتووێژێکی زۆری لە یاساپەروەران لە ماوەی دامەزراندن بیٚ بەش کرد، بەتایبەتی لەبەر نەبوونی پەیمانگای دادوەری لە کاتی ئێستادا.

- داڕشتنی خاڵی (3) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

3- تەمەنی لە (45) ساڵ زیاتر نەبێت.

مەسەلەی تەمەن بۆ چل و پێنج ساڵ بەرز بکرێتەوە بۆ رێگە خۆش کردن لەبەردەم شارەزایان بۆ دامەزراندن، کە تائەو کاتەش پازدە ساڵ لە خزمەت کردنی راستەقینە بەر لە خانەنشین کردنیان لەبەردەمیان ماوە.

- دارشتنی خاڵی (6) لە بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە :

6- لە تاقی کردنەوەی شەفەوی و بە نووسینەوە لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری دەربچێت.

سەبارەت تاقی کردنەوەی شەفەوی بە دیار خستنی تواناکانی پیشەیی.

- خاڵەکانی (7،8) لەیەك خاڵدا لێك بدریٚ بەم شێوەیەی خوارەوە :

7- لەش ساغ بیٚ و کەم و کورتی جەستەیی نەبیٚ، ناو دەنگ و رەوشت باش بێت.

- زیاد کردنی خاڵی هەشتەم بۆ بڕگەی یەکەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :

8- نابیٚ بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە ئەنقەست، یان بە کەتنێکی ئابڕوشکێن حوکمدرابیٚ.

9- بەڵێن بە کار نەکردن لە سیاسەت دوای دامەزراندنی بدات بە زیاد کردنی خاڵی نۆیەم بەزامنکردنی بیٚ لایەن بوونی لە دەرکردنی حوکم و بڕیارەکاندا.

زیاد کردنی بڕگەی دووەم بۆی بەم شێوەی خوارەوە:

دووەم/ ماوەی کار کردنی لە پارێزەرایەتی فەرمانبەرایەتیەکانی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی (أ) بۆ مەبەستەکانی بەرز کردنەوەی حیساب بکرێت، هەروەکو هاوشانی دەرچووانی پەیمانی دادوەری لە کاتێکدا بۆ ئەوان ماوەی خوێندنیان بۆ خزمەتی دادوەری حیساب بکرێ.

ماددەی سێ و شەشەم: (هیچ تێبینی لەسەر نییە).

ماددەی سی و حەوتەم: لیژنە پێشنیار دەکات بە زیاد کردنی خاڵێکی نوێ بۆ بڕگەی (3) بەم شێوەی خوارەوە:

هـ- ئەو پارێزەرەی کاری راستەقینەی لە پارێزەرایەتی بۆ ماوەی (20) ساڵ کەمتر نەبێت، هەبێ و لە هەر ساڵێکدا بریکاری پێنج داوا کەمتر نەبوو بێ، ناسینی خزمەتی پارێزەر بە خزمەتی دادوەری.

ماددەی سی و هەشتەم: (هیچ تێبینی لەسەردا نییە).

ماددەی سی و نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:

پلەو مووچەو سەرمووچەو دەرماڵەی دادوەرانی دادگای پێداچوونەوەو دادوەرانی دیکە بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت، ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و پلاندانان دەری دەکات.

وشەی (پلەکانیش) لا دەبرێ، چونکە لە پرۆژەکە دیاری کراوەو گۆڕینی دەستەواژەی (پەیڕەوێکی تایبەتی) بۆ دەستەواژەی (بە یاسا).

ماددەی چلەم: زیاد کردنی بڕگەیەکی نوێ بۆ سەرەتای ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە:

(یەکەم/ پلەی دادوەران چوار پلە دەبێ (أ، ب، ج، د) لە پلەی (د) دەست پێدەکات) لە جیاتی ئەو خشتەیەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی چل و یەکەمدا هاتووە.

گۆڕینی دەستەواژەی (سەرپەرشتیارانی داد) لە بڕگەی (سێیەم) بۆ دەستەواژەی (سەرپەرشتیارانی دادوەری).

ماددەی چل و یەکەم: لیژنە ئەوانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: پۆلێنکردنی دادوەران بۆ چوار پۆڵ (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) لە پۆڵی چوارەمەوە دەست پێ دەکات.

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

دووەم/ لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دیکە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری بەرز دەکرێتەوەو بەپێی داواکاریەك بۆ ئەنجومەنی دادوەری بەرز دەکرێتەوە، بەمەرجێك توێژینەوەیەکی یاسایی پێشکەش دەکات و دەبێ کەمترین مووچەی ئەو پۆلەی دەیەوێت بۆی بەرز بکرێتەوەو بەدەستی هێنا بێت و پێنج ساڵ لەسەر بەرز کردنەوەی بۆ هەر پۆلێك.

دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

پێنجەم/ ئەنجومەنی دادوەری لە هەڵسەنگاندیدا بۆ بەرز کردنەوەی دادوەر پشت بەو تێخۆێندنانە دەبەستێت کە لە هەردوو بەندی (سێیەم و چوارەمی) ئەم ماددەیەو راپۆرتەکانی ساڵانەی لە لایەن سەرۆکەکانی و سەرپەرشتیارانی دادوەری و ئەو حوکمانەی دادوەر هەوڵێکی زۆرو ماندوو بوونێکی بێ هاوتای بۆ دەرکردنیان داوە، یان هەندێ بیرو رای یاسایی تێخستووە کە پشتگیری لە بەدواداچوونی دەکەن بۆ چالاکیەکانی یاسایی و دادوەری، سەرباری ئەوەش راپۆرتی ئەو لیژنەیەی کە تاوتۆی ئەو توێژینەوە یاساییەی کرد، کە لە لایەن خۆیەوە پێشکەش کرا بوو، ئەو نموونانەی کە بەدەستی هێنابوون بە بڕیارێکی بنەبڕ بەرز کردنەوەکەی دەردەکرێن ئەگەر هاتوو ئەو لێوەشاوەییەی تێدا هەبوو و پێی رادەگەیەندرێ ، ئەنجومەنی دادوەریش بۆی هەیە بە بڕیارێك بەپێی بەرز کردنەوەی دادوەرەکە ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك پتر نەبێت دوای بخات و، دووبارە کردنەوەی ئەو دوا خستنە بۆ زیاتر لە جارێك دەبێ، ئەگەر بۆیان دەرکەوت ئەو لێوەشاوەییەی نییە.

دەکرێ ئەو بەرز کردنەوەی ئەو دادوەرەی لێهاتوو نییە پتر لە جارێك دوا بخرێ بە ئامانجی هاندانی بۆ بەدواداچوونی یاساناسی و دادوەری و خۆپێشخستنی.

ماددەی چل و شەشەم: لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەی (1)ی بەم شێوەیە هەموار بکرێ:

(1- دادوەر دوای تەواو کردنی شەشت و پێنج ساڵی تەمەنی خانەنشین دەکرێ و ئەوەی خانەنشین دەکرێ مافی ئەوەی هەیە چی لە مووچەو دەرماڵە بەر لە خانەنشین کردنی پێی دەدرا پێی بدرێ) (بە زۆرینەی دەنگەکان).

دەستەواژەی (دەکرێ سەرۆکی هەرێم ئەوەی درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەك لە (5) ساڵ پتر نەبێت) لا ببرێت.

ماددەی پەنجاو هەشت: لیژنە پێشنیاری داڕشتنەوەی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیە دەکات:

یەکەم/ ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە دوایی بە خزمەتی دادوەری پۆڵی چوارەم بهێنێ بەپێی بڕیاری لێنەهاتوویی بۆ دادوەری).

ماددەی شەست و نۆیەم: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی لە دوو ماددەی جیاوازو بەم شێوەیەی خوارەوە: ماددەی ( ) پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەیەکی تر، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی حەفتامین: لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاۆ دەکرێتەوە. بەلاۆم سەبارەت بە هۆکارەکانی دەرکردنی لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

**هۆی دەرکردنی یاساکە**

لەبەر تێپەڕ بوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر دەرکردنی دەسەلاتی دادوەری هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە 14ی ساڵی 1992 کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەزگا دیموکراتیەکانی هەرێمی کوردستان

دەركراوەو، لەبەر ئەو پەرەسەندنە سوودمەندو گەورانەی لە هەموو مەیدانەکان هاتۆتە ئاراوە، بەتایبەتی لە مەیدانی دادوەری و فراوان بوونی دادگاکانی کوردستان لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، پێویستی بەوە کرد کە ناوچەی تێهەڵچوونەوەی نوێ بێتە ئاراوەو لە پێناوی سەربەخۆ بوونی دەسەڵاتی دادوەری جیاکردنەوەی لە وەزارەتی داد، بەو باوەڕەی کە وەزارەتی داد بەشێکە لە دەسەڵاتی راپەڕاندن و لە پێناوی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەم یاسایە دانرا.

بۆ زانینی بەڕێزتان و بەرچاوخستنی ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی دەربارەیەوە، لەبەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ کردن و دەربڕینی رای گونجاو سەبارەت بە پرۆژەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی، ئێستا دەست پێ دەکەین بە موناقەشە و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەکە مادده بە مادده، داوا دەکەم ئەسڵی یاسایەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی بخوێندرێتەوە، کاك فاروق قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر سوپاستان دەکەین، لەبەر ئەوە بانگتان کردین بۆ ئەو دانیشتنە، بەڕاستی مەوزوعی پەرلەمان ئەمڕۆکە مەوزوعێکی زۆر گرنگە، ئەویش مەوزوعی قانونی سوڵتەی قەزائی، کە هەموو لایەك پەرۆشین بۆ ئەوەی قەزا سەربەخۆ بێتن، من پێم وایە پێشکەوتنی هەموو میللەتێك و مەدەنیەت بەوە قیاس دەکرێتن، کە چەند قەزا تێدا سەربەخۆیە، چەندیش قانونی تێدا دەچەسپێت، ئێمە وەکو وەزارەتی داد تا سەر ئێسقان لەگەڵ ئەوەینە کە قەزا سەربەخۆ بێتن، ئەو وەزعانەی کە بووە لە دەست تێوەردانی قەزاو دادوەرو ئەوانە، کە پێشتر شێوەیەك لە شێوەکانی دەیانکرد سوڵتەیەکی سیاسی بەسەروە بوو، من پێم وایە بە داڕشتنی قانونی سوڵتەی قەزائی ئەو شتانە نامێنێتن، پاش ئەوەی کە وەزارەتی داد یەکی گرتەوە، بە هەموو توانایەکمان وەکو وەزارەتی داد، هەموو توانای خۆمان سەرف کردووە بۆ ئەوەی کە قەزا سەربەخۆ بێت و تەداخولاتی تێدا نەکرێت، من پێم وایە ئێستا برای بەڕێزم کاك نورالدین کە لێرە دانیشتووە ئاگای لەو مەسەلانە هەبێتن، یەعنی ئێمە نەوەك وەکو وەزارەتی داد تەداخولیمان لە ئیش و کاری قەزا نەکردووە، بەڵکو دیفاعێکی زۆرمان کردووە کە قەزا سەربەخۆ بێت، بەڕاستی من بەش بە حاڵی خۆم سوپاسی بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش دەکەم، کە لە زۆر مەواقیفی حەریجە کە تووشمان هاتووە لەو ماوەیە، کە دیفاعێکی زۆر چاکی لێ کردووینەو پشتگیری وەزارەتی دادی کردووە، ئێمەش لە هەمان کاتدا پشتگیریمان لە دەسەڵاتی قەزائی کردووە، من تەنها دوو، سێ شت هەیە پێش ئەوەی ئێوە موناقەشەی قانونەکە بکەن دەمەوێت روونی بکەمەوە، یەکەم/ بەڕاستی مەفروز بوو لیژنەی قانونی ئیستیدیعای ئێمەی کردبوایە لە موناقەشە کردنی ئەو قانونە، کە چۆن ئیستیدیعای رەئیسی مەحکەمەی تەمیزو ئەعزایەکان و چەند حاکمێکی کرد، دەبوایەو مەفروز بوو ئێمەش بەشداریمان بکرد بوایە، بەڵام بەداخەوە وەزارەتی عەدلیان بانگ نەکرد لەم مەسەلەیە، من پێم وایە بۆچوونەکەیان کە گوایە قانونی سوڵتەی

قەزائی، کە ئەو قانونە بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی سەربەخۆ بێت و عیلاقەی بە حاکمانەوە بێت و وەزارەتی عەدل نابێت تەداخول بکات، ئەو بۆچوونە پێم وانییە بۆچوونێکی زۆر تەواو بێت، لەبەر ئەوەی تائێستاشی لەگەڵدا بێت لەو لەحزەیەش دەسەڵاتی قەزائی بەشێکە لە وەزارەتی داد، من پێم وایە ئەگەر ئێمەش ئامادە بووینایە لەوانە بوو، مومکین بوو رەئیەکەی ئێمەش ئیستیفادەی لێ کرد بوایە، بە تەئکید ئێمە پشتیوانیمان دەکرد بۆ سەرکەوتنی ئەو قانونە، نوقتەیەکی تر هەیە، ئەویش بەڕاستی دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم، ئەو پرۆژەیە ئەگەر مولاحەزە بکەن لە مانگی حەوتی پارەوە هاتۆتە پەرلەمان، یەعنی ساڵێك و فوسوری بەسەردا تێپەڕیووە، کاتێ ئەو پرۆژە هاتووە، وەزارەتی داد یەکی نەگرتبۆوە، بۆیە ئێمە دەبینین ئەو پرۆژەیەی کە موناقەشە کرا لە لیژنەی قانونی وەختی خۆشی دانراوە، تەناقوزاتێکی زۆری تێدایە، لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدل کە ماوەیەکی پێش ئێستا چارەسەر کرا، هەروەها قانونی ئیدیعای عام، هەروەها قانونی موحاکەماتی جەزائی لەگەڵ قانونی تەفتیشی عەدلی، مەفروز بوو لیژنەی قانونی ئەو مەسائیلانەی هەموو تاوتۆ کرد بوا، راستە ئەوان نەصێکیان داناوە (لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون)، بەلاّم ئەوە چیە، مەشاکیلمان بۆ پەیدا دەکات لە موستەقبەل، نوقتەیەکی تریش هەیە، من دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە نازانم یەعنی سەربەخۆیی قەزا هەندێك بە نەوعێکی تر تێ گەیشتوون، وا دەزانن سەربەخۆیی قەزا ئەوەیە دەبێت بە هەموو نەوعێك وەزارەتی عەدل و دەسەڵاتی قەزائی نابێت عیلاقیەکیان بەیەکەوە بمێنێت، راستە نابێت عیلاقەی ئەوەیان بەیەکەوە بمێنێت، کە وەزارەتی عەدل سەرپەرشتی قەزا بکاتن، بە تەئکید ئەوە وایە، بەلاّم مانای ئەوە نییە عیلاقەی نەمێنێت، باشە وەزارەتی عەدل یەعنی چی، کەواتە ناوەکەشی دەبێت بگۆڕێتن بۆچیە، ئێستا بەپێی ئەو قانونەی هەموو دەسەڵاتێك لە وەزارەت ستاندراوەتەوە، هەتا مەسائیلی فەرمانبەران و ئەوانەش عیلاقەی بە وەزارەتی عەدل نەماوە، باشە وەزارەتی عەدل یەعنی چی، خۆ هەر دائیرەی تاپۆ و قاصرین و ئەوانە، پێم وایە ئەوەش یەعنی برادەرانی لیژنەی قانونی دەبوایە مولاحەزەیان بکردایە، من پێم وایە ئەو پرۆژەی کە ئێستا لە لایەن حکومەت کە وەختی خۆی ساڵێك و نیو پێش ئێستا هاتووە، ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی قانونی ئیسارەیان کردووە لەگەڵ ئەو قانونەی وەزارەتی عەدل کە پەسند کراوە، من پێم وایە هەمووی ئەوانە جارێکی تر پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و بچێتەوە ئەنجومەنی وەزیران ئەو پرۆژەیە، هەروەها ئەو قانونەی وەزارەتی عەدل کە تەوزیح کراوە، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری هەندێك تەعدیلاتی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا هەیە کە قانونی دەسەڵاتی قەزائیە، هەروەها قانونی مەجلیسی شورا کە هێشتا لە پەرلەمانە، پرۆژەکە تا ئێستا موناقەشە نەکراوە، من پێم وایە ئەو سێ قانونە هەموویان پێکەوە ئیزافەتەن بۆ قانونی ئیدیعای عامیش، کە ئەویش تەعدیلاتی لەسەر کراوەو سیفاتی دادوەری داوەتە ئیدیعای عام، ئەوانە هەمووی پێکەوەو بە یەکەوە تاوتۆ بکرێن و موناقەشە بکرێت بە یەکجار بێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی لە موستەقبەل تووشی هیچ ئیشکالێکمان نەکاتن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم هەندێك تەوزیحات بدەم سەبارەت بە پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، ئەم پرۆژەیە راستە هەروەکو جەنابی وەزیر فەرمووی لە ساڵی 2006 پێشکەش کراوە بە پەرلەمان پێشی یەك بوونی هەردوو مەحکەمەی تەمیز، پێشی یەك بوونی هەردوو وەزارەت، بەڵام راگرتنەکەی خۆیان داوایان کرد هەردوو وەزیری داد و دەسەڵاتی دادوەریش گوتیان ئەمە دوا بخرێت، تاوەکو مەحکەمەی تەمیز یەکتری دەگرێتەوە، تاوەکو وەزارەتی دادیش یەکتری دەگرێتەوە، دوای یەکگرتنەوەی مەحکەمەی تەمیز، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت، ئێمە لەگەڵ پسپۆرانی بواری یاسا کۆبووینەوەو لەسەرووی هەموویانەوە سەرۆکی دادگای تەمیزو جێگری سەرۆکی دادگای تەمیز و هەموو ئەندامانی دادگای تەمیز، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە هەموو روئەسای مەحاکمی ئیستیئنافمان بانگ کرد لەگەڵ نائیبەکانیان، لەگەڵ هەندێ لە دادوەرانیان کە لێرە هاتوون و لەو بوارە شارەزاییەکی زۆریان هەیە، دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، ئێمە گەیشتنیە ئەو راپۆرتەی کە پێشکەش بە ئێوەمان کردووە، واتا دوای ئەوەی کە هەردوو مەحکەمەی تەمیز یەکتریان گرتەوەو هەردوو وەزارەتی داد یەکتری گرتەوە، ئێمە لەگەڵ کۆی ئەندامانی مەحکەمەی تەمیز کۆبووینەوە، ئەو یاسایەش بەڕێزان حەز دەکەم بزانن یاساییەکی دەستوورییە، یاسایەك نییە زیمنی دەسەڵاتی تەنفیزی، ئەمە سێیەم یاسایە لە زیمنی ئەو دەسەڵاتانە پاشی یاسای پەرلەمان و یاسای حکومەت دەبێت و دەبوایە لە بیدایەتەوە یاسای دەسەڵاتی دادوەری بە پێش بخرێت، ئەو پرەنسیپانەی کە دەسەڵاتی دادوەری دەیەوێت بچەسپێت لە یاسایەکە، ئینجا یاسای وەزارەتی داد موناقەشە بکرێت، پاشانیش یاسایەکانی دیکە موعالەجە بکرێت، ئەوەی کرا بەم شێوەیە بوو، ئێستاش ئێمە کۆبووینەوە لەگەڵ ئەم بەڕێزانە بەڕاستی ئێمە لە راپۆرتەکە پشتگیری دەسەڵاتی دادوەریمان کردووە، بۆ پاراستی سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە جیابوونەوەی دەسەڵاتی تێدا بەدی دەکرێت لە رووی مالیەوە موحاوەلەمان کردووە دەسەڵاتی دادوەری ئیستیقلالیەتی خۆی هەبێت، لە رووی ئیداریەوە ویستوومانە دەسەڵاتی دادوەری ئیستیقلالیەتی خۆی هەبێت، بۆ ئەو هۆیانەو لەسەر رەئی بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمیز لەسەر رۆشنایی و قسەی ئەوان ئەو راپۆرتە ئامادە کراوە، لە لایەکی تریشەوە حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، دوو رەئی جیا هەبوو، رەئیەك هەبوو دەیگوت با ئێمە هەموو یاسایەکە بگۆڕین، رەئیەك هەبوو گوتیان تەعدیلی بکەین، ئەوە بوو لابەلا سەرۆکی دادگای تەمیز تەعدیلاتەکەی بۆ ئێمە هێنا کە دەست نیشانی کرد بوو، کاك نورالدین هەموو تەفاسیلی دەزانێ، گوتی ئەگەر تەعدیلیشتان کرد بەم شێوەیە بیکەین، پاش ئەوەی کە ئێمە لە لیژنەی یاسایی کۆبووینەوە، تەماشامان کرد تەعدیلاتەکە زیاد لە 50٪ی یاسایەکەیە، کەواتە رەئیمان لەسەر ئەوە ئیستیقراری کرد، کە ئێمە لەگەڵ گۆڕانێکی بنەڕەتی ئەم یاسایە بین بەتایبەتیش کە زانیمان ئەوە چواردە ساڵ، پازدە ساڵ تێپەریوە بەسەر یاسای دەسەڵاتی دادوەری، بۆیە ئەگەر تەماشای راپۆرتەکەمان بکەن لە زۆر مادده دەڵێ مولاحەزاتمان نییە، بۆ مولاحەزاتمان نییە، چونکە لە یاسای پێشتر ئەو پرەنسیپانە هاتووەو پەرلەمانیش بڕیاری لەسەر داوەو دەسەڵاتی دادوەریش هیچ مولاحەزەیەکی لەسەر نییە، ئێمەش هیچ مولاحەزەمان لەسەر نییە، واتا ئەو

پرەنسیپانە پرەنسیپی گشتین، بۆیە ئێمەش نەمانتوانی بەڕاستی دەست لەو مولاحەزتانە بدەین، ئەمە بەکورتی چۆنیەتی ئامادە کردنی ئەو پرۆژەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەتدا قسەکانی جەنابی وەزیر سەبارەت بە ئامادە نەکردنی لە موناقەشەکەی زۆر واریدە، چونکە وەکو جەنابی ئیشارەتی پێدا دەبوایە لە کۆبوونەوەی لیژنەی قانونی کە موناقەشە کرا جەنابی وەزیری دادیش ئامادە بێت لەگەڵ لیژنەی یاسایی، چونکە بڵێی و نەڵێی هەتا ئەو لەحزەیەش مەحاکم مورتەبیتە بە وەزارەتی عەدل، هەتا پەسند کردنی یاساکە ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکە ئێمە لە پەرلەمان کە ئەنجومەنی وەزیران قانونی وەزارەتی عەدلیان نارد، تەبیعی هەیکەلیەتی وەزارەتە، ئێمە پەسندمان کرد لە پەرلەمان بە کۆی دەنگ یاساکە پەسند کرا بە یاسای ژمارە (13) ساڵی 2007 رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا، جەنابی سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی کرد لەسەر فەقەرەیەك لە فەقەرەکانی قانونەکە ئەویش ماددەی سێ فەقەرە دوو بوو، پەرلەمان دووبارە کۆبۆوە، پەرلەمان بۆی هەبوو ئیسرار بکات لەسەر رەئی خۆی، قانونەکەی پێشوو دەڕۆیشت، بەلاّم وا ئیتیفاق کرا لە پەرلەمان کە قانونەکە بەگوێرەی جەنابی سەرۆکی هەرێم وەربگیرێت و تەعدیلەکە بۆ ئەو ماددەیە بکرێت و رەوانەمان کرد، دووبارە لەو ماوەیەی ئەخیری جەنابی سەرۆکی هەرێم ئیعتیرازی لەسەر هەندێ لە ماددەکانی تر کرد بوو، تەبعەن ناحیەی قانونی ئێمە لە لیژنەی قانونی موناقەشەی ئەوەمان کرد، گوتمان ئەو بۆچوونە نابێتن، چونکە جەنابی سەرۆکی هەرێم بەپێی قانونی ژمارە یەکی ساڵی2005 قانونی سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە بەس جارێك ئیعتیراز بکاتن، ئەوە ئێستا رەوانەی ئەوێ کراوە، هەتا ئێستا قانونەکە نەگەڕاوەتەوە، بەداخەوە دەبوایە ئیصدار بکرێت بەپێی قانون، چونکە ماوەی قانونی تێپەڕ بوو، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش بۆی هەیە جارێك ئیعتیراز بکات، ئەوە لە لایەك، موهیمترین مەوزوع ئەوەیە ئەو بەینەی کە قانونەکە هات، فیعلەن ئێمە سەرقاڵی ئەوە بووین هەندێك برادەرانمان لێرە نەبوون، ئێمە سەفەرمان کردبوو، دیار بوو مولاحەزاتی برادەران کە گلەییان لەسەر هەندێك بەندەکانی قانونەکە هەبوو، خۆی لە حەقیقەت ئێمە وەکو کاک شێروان ئیشارەتی پێدا کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ سەرۆکەکانی دادگای تەمیزی هەردوو ئیدارە لەگەڵ جەنابی وەزیری عەدلیش و وەزیری هەرێمیش بۆ کاروباری داد، وا ئیتیفاق کرا گوتیان راگرن، بەلاّم کە قانونی وەزارەتی عەدل هات کە هەیکەلیەتی وەزارەتە، پەرلەمان مەجبور بوو تەصدیقی بکات، ئەویش تەصدیق کرا قانونەکە دەرچوو، لە قانونەکەی ئێمە بڵێین و نەڵێین لە کوردستان و زوروفی ئێمە ئێستا، ئێمە راستە لەگەڵ ئەوەینە سوڵتەی قەزائی موستەقیل بێت، کەس تەداخول ئیشی مەحاکم نەکات، بەلاّم دەبێت دوو نوقتەی جیاواز بکەینەوە، مەحاکم کە مەحاکم بڕیاری دەدات و دەسەلاّتی ئەوەی هەیە، مەبەستمان ئەوەیە تەدەخول لە ئیشی موحاکم نەکرێت، حاکم سەربەخۆیەو قەراری دەدات بەپێی قانون، قەرارەکان رێگای تەعنی هەیە بە ئیستینافە، بە تەمیزە بە هەر رێگایەکی تەعنی قانونییە، ئەوە چارەسەر

دەكرێت، بەلاّم فەرمانبەرەكانی مەحكەمە مەحقق عەدلی و مەعاون قەزائی ئێستا چ پەیوەندییەكیان بە وەزارەت نەما، واتا وەزارەت مەوقیفی چییە، لە قانونەكە ئێستا ئەگەر بەو حاڵەی بڕوات پەرلەمان تەصدیقی بكات، مانای نەقصێكی تەشریعی قانونی كولیمان دێتە پێش، لەبەر ئەوەی ئێمە وەختی خۆی موناقەشەی قانونی وەزارەتی عەدلمان كرد، كە هەیكەلیەتی وەزارەتە دوو مادده بە ئیتیفاقی پەرلەمان پەسند كرا، ماددەی حەوت و ماددەی هەشت، ماددەی حەوت ئەگەر ئیزنم بدەن دەیخوێنمەوە، دەڵێ (یرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الادارية والتنظيمية بهدف تنسيق وتنظيم امور ادارة المحاكم والاجهزة العدلية بالاتفاق مع رئيس مجلس القضاء)، واتا وەزیری عەدل دیسان دەسەلاّتی بالاّی نییە، دیسان هیچی پێ ناكرێت، ئەگەر رەئیسی مەجلیس قەزا موافەقەت نەكات لەسەر ئەو شتانەی كە لەو ماددەیەدا هاتووە، مانای دیسان ئیستقلالیەتی قەزا پارێزراوەو قەزا موستەقیلە، سەبارەت بە ماددەی دی هەشتەم هەر بەو وەزعەیە دەڵێ (لوزير العدل انتداب القاضي بما في ذلك قاضي في محكمة التمييز الى رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل بموافقة رئيس مجلس القضاء)، مانای ئەگەر رەئیسی مەجلیسی قەزا موافەقەتی نەكرد، ئەویشی پێ ناكرێت، كەواتە بۆ گلەیی لەسەر ئەو دوو ماددەیە هەیە، بۆ دەڵێن دەبوایە ئەو قانونە بمێنێتەوە، خۆ ئێستاش هەر چارەسەر دەكرێت، ئێستاش ئێمە دەتوانین لە موناقەشەی ئەو قانونەی جێگای بۆ ئەو دوو ماددەیە بكەینەوە، مانای هیچ ئیشكالاتێكی قانونیمان نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، منیش تەعلیقێكم هەیە بە حەقیقەت، ئەوەلەن/ دەستووری هەمیشەیی عێراق كە ئێمە دەنگمان بۆداوەو پرۆژەی دەستووری كوردستانیش كە لەم نزیكانە ئیشنائەڵلاّ دەخرێتە بەردەمتان، لە هەموو دنیایەكی پێشكەوتوو وولاّتێكی پێشكەوتوو، ولاّتێكی خاوەن كۆمەڵگای شارستانی، خاوەن كۆمەڵگای یاسایی سێ دەسەلاّتی سەرەكی هەیە، دەسەلاّتی پەرلەمان، تەشریعییە، دەسەلاّتی جێ بەجێ كردن حكومەتە، دەسەلاّتی قەزا، لە كوردستان كەموكوڕی هەبوو لە عێراقیشدا هەروا، وەكو پێویست ئەو دەستوورە جێ بەجێ نەكراوە تا ئێستا لە عێراقدا، لە كوردستانیشدا هەروا هەنگاوێك نراوە لە وەختێك لەساڵی 1992 ەوە، بۆ ئەوەی دەسەلاّتی قەزا سەربەخۆ بێتن، بتوانێت بە دەوری خۆی هەڵبستێتن وەكو پەرلەمان، وەكو حكومەت، ئەمە لەڕاستیدا لە هەموو گۆڕانكاریەكان خیلافات دێتە پێش، وجهاتی نەزەری موختەلیفی جیا جیا دێتە پێش، بەشێكی بەندە بەو رۆشنبیریەی كە هەمانە، بەشێكی بەندە بەو مەوقیعەی كە تێیدا دانیشتووین، بەلاّم گۆڕانكاریەكان پێویستە بكرێن بە مقیاسێك، ئەو شتەی كە دەیكەن راستە، یان نا؟ دەستوورییە، یان نا؟ بەرەو پێشەوەمان دەبات، یان نا؟ بەو شێوەیە دەبێت تەماشای هەر پرۆژەیەك بكەین كە دێتە بەردەممان، سەبارەت بەوەی كە جەنابی وەزیری عەدل بانگ نەكراوە لە لیژنەی یاسایی، هەرچەند من نەچوومەتە ناو تەفاسیلی ئەو موناقەشەیە، بەلاّم پێم وابێت دوو بۆچوون هەبووە، بۆیە بانگ نەكراوە، یەكێكیان زاڵ بوو بەسەر ئەوی تر، بۆچوونی یەكەم/ ئەوەیە كە دەڵێت ئەو دەسەلاّتە دەسەلاّتی قەزایە، بۆ سەربەخۆیی قەزا، وەزارەتی عەدلیش بەشێكە لە دەسەلاّتی جێ بەجێ كردن، كەواتە ناڵێم تەعاروز هەیە، بەلاّم هەر یەكە ئیشی تایبەتی خۆی هەیە، بەلاّم من خۆم ئەگەر رەئیم وەربگیرا بوایە دەمگوت بانگی بكەن، چونكە من پێم وایە وەزیری داد، نەك لەبەر ئەوەی كاك فاروق خۆی

دانیشتووە، هەر کەسێکی تر بگاتە ئەو پلەیە، دادپەروەری لا گەورەترە ، نەك وەزیفەکە، لەبەر ئەوە ئەگەر بانگیشی بکەیت بە تەئکید مەیلی پرۆژەکە دەبێتن کە سەروەری قەزای جێ بەجێ دەکاتن، کە دەسەلاتی قەزا بێ لایەن دەکاتن، نەك لەبەر ئەوەی وەزیرە، وەزیرە چەند ساڵە، پێنج ساڵە، یان شەش ساڵە، بەلام ئەمە بۆ هەتاهەتاییە، دامەرزاندنی دەسەلاتی قەزا بۆ هەتا هەتاییە، لەبەر ئەوە بانگ کرا بوایە باشتر بوو، من دڵنیاشم لەوە کە ئینحیازی بۆ یاسا دەکرد، بۆ دادپەروەری دەکرد، ئێستاش کە لێرەدا بانگ کراوە، هەر بەو مەبدەئەی کە من باسی دەکەم، دڵنیام لەوەی کە بۆچوونی دەسەلاتی جێ بەجێ ناکات بە قەدەر ئەوەی تەمسیلی دادپەروەری دەکاتن بە بۆچوونێکی جیاواز، لەبەر ئەوەی مەوقیعێکی هەیە بە تەئکید دەبێت فەرقێکی هەبێت لەگەڵ مەوقیعی حاکم، حاکم نورالدین کە لەگەڵمان لێرە بەشدارە، بەهەر حاڵ ئێمە دەبێت بەو شێوەیە تەماشای هەر پرۆژەیەك بکەین، راستە ئەو پرۆژەیە دەگونجێت لەگەڵ دەستوور، بەرەو پێشەوەمان دەبات، یان نا؟ یاسامان دەرکردووە کە رەنگە تەعاروز بێت لەگەڵ ئەم یاسایە، ئەگەر ئەم یاسایە دەربچێتن هەندێ مەوادی بە تەئکید فەرقی دەبێتن لەگەڵ یاسای ئیدیعای عام، لەگەڵ یاسای وەزارەتی داد، بەلام ئەوە راستە کە دەرمانکرد، ئەو خالانەی کە تەعاروزی هەیە لە پرۆژەیەکی هەموار کراو دێتە لامان، ئەو پرۆژانەی تر، ئەو یاسایانەی تر هەموار دەکرێت، ئەگەر هەر بۆچوونێکی تر هەبێتن کە خزمەت بکاتن لێرەدا گوێی لێ رادەگرین، ماددەکان لەبەردەمتانە، بۆ دەوڵەمەند کردن و پێشکەش کردنی رەئیەکی باش، من تکام وایە ئەو کەسانەی کە لە مەسەلەکە دەزانن، نەك مەسەلەن بە تەنیا یاسایی بێتن، قانونی بێتن، سیاسیش دەبێتن، هەر لەبەر بۆچوونێکی تایبەت نا، یاخود بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو یاسایانە دەکەن، لە ئەخیردا کارێکی گرنگە کە دەنگی بۆ دەدەین، گۆڕانکارییەکە دەمانبات بۆ قۆناغێکی تر، بۆیە من سوپاستان دەکەم، ئێستاش داوا دەکەم ماددە بە ماددە دەست پێ بکەین، خوێندنەوەی ئەسڵی پرۆژەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی، دوایێ رەئی لیژنەی قانونی لەسەر ماددەکە، ئینجا دەیخەینە بەردەمتان بۆ موناقەشە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئەمانەن:

ئەنجومەن: ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان.

ئەنجومەنی دادوەری هەرێم: بالاترین دەسەلاتی دادوەریە لە هەرێمدا.

سەرۆکی ئەنجومەن: سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الأولى: يقصد بالتعابير الواردة في هذا القانون مايلي:

المجلس: مجلس قضاء اقليم كوردستان.

مجلس قضاء الاقليم: اعلى سلطة قضائية في الاقليم.

رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء اقليم كوردستان، ويكون رئيس محكمة التمييز رئيساً لمجلس القضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پێشنیارەی لیژنەی یاسایی وەكو هەموو قانونەكان تەسەلسولەكەی، من ناوەكەی بە عەرەبی مەجلیسی قەزای ئیقلیمی دەپرسم لە كاك فاروق وەزیری دادو كاك حاكم نورالدین جێگری سەرۆكی دادگای تەمیز، ئایا راستتر نییە بڵێین (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) لەجیاتی مەجلیس قەزای ئیقلیمی كوردستان، (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) بە عەرەبیەكەی پێم وایە ئەوە راستترە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەوێ ئیقتیراحمان كرد لە ماددەی یەك (المادة الأولى: يقصد بالتعابير الواردة في هذا القانون مايلي:

الأقليم: أقليم كوردستان ـ العراق.

المجلس: مجلس قضاء الأقليم.

رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء الأقليم)، ئەوەندە بێتن، ئەو جوملەی دی رەئیسی مەحكەمەی تەمیز، ئەوە لە هەندێ مەحكەمەی تەمیز هاتووە، كەوا ریئاسەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پرسیارەكەم ئەوە نەبوو، من دەڵێم لێرە نووسراوە بە عەرەبی مەجلیس قەزای ئیقلیمی كوردستان راستتر وایە بە عەرەبیەكەی (مجلس القضاء لاقليم كوردستان العراق) ئەگەر مانیعتان نەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە بگۆڕین، تەنیا پرسیارەكەم ئەوە بوو، كەواتە ئەوەی بگۆڕن، وابزانم ئەو ماددەیە كە لیژنەی قانونی ئیقتیراحی كرد بوو، كاك عەونی خۆت لیژنەی قانونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم ماددەكە بەو صیغەیە دابڕێژرێتەوە:(المادة الأولى: يقصد بالمصطلحات الواردة في هذا القانون مايلي:

1- الأقليم: أقليم كوردستان ـ العراق.

2- المجلس: مجلس قضاء اقليم كوردستان.

3- رئيس المجلس: رئيس مجلس قضاء الأقليم)، لەبەر ئەوەی كە دەڵێی (المجلس: مجلس القضاء الاقليم) تەعریف كراوە لە ماددەكان دوایی كە دێتەوە، دەڵێ (اعلى سلطة قضائية في الاقليم)، پێی ناوێت لەو موقەدیمەیە بڵێین، وابزانم ئەوەش پێشنیاری برادەرانی مەحكەمەی تەمییزە بەو صیغەیە، ئەگەر موافەقەت بكرێت، صیاغەكە بگۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی رەئیتان چیە لەسەر ئەو قسەی كاك عەونی، ئەگەر كەس قسەی هەیە، باشە ناو دەنووسم، بەلام تكایە هەر یەكە دەقیقەیەك، چونكە ماددەكە ئەوەندە هەڵناگرێت، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەوەی کاك عەونی دەکەم، لەبەر ئەوەی باسی بالاترین دەسەلاتی دادوەری لە هەرێمدا، لێرە لە ئەنجومەنی دادوەری باس کراوە تەفاسیلەکانی، یەعنی ئەوە زیادە، ئەم دێڕەی ئەنجومەنی دادوەری ئەسڵەن هەر زیادە، هەر هەڵیبگرین و لایببەین، ئەویتریش سەرۆکی ئەنجومەن، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، هەرێمی کوردستان تا ئێرە بەسە، ئەویتر حوکمە، یەعنی دەچێتەوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، لەوێ باس دەکرێت و ئیشەکەی چیەو دەسەلاتەکەی چیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم کەوا ئەو لیژنەیە لێرە هەڵبگیرێت، چونکە پێویست بەوە ناکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئەگەر دەستوور دەرچوو، هەموو شتێك هەموار دەکرێت لەبەر رۆشنایی دەستوور، ئێستا لەسەر ئەساسی چمان هەیە ئەوەمان داناوە، ئەگەرنا من لەگەڵتم ئەگەر دەستوور ئیقرار کرا بەو شێوەیە موقتەرەحە، دەبێت قانونەکانیش تەعدیل بکرێت، لەبەر رۆشنایی دەستوور، ئەگەر تەعاروزیان هەبوو، خاتوو ڤیان دزەیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رەخنەو تێبینیم لەسەر ناونیشانی یاساکە هەیە، چونکە کە لێرە بەو شێوەیە هاتووە پرۆژەی یاسای دەسەلاتی دادوەری وا پیشان دەدات کە ئەو یاسایە پێشتر لە کوردستان نەبووە، یان تەنزیم نەکراوە بە قانون، لەبەر ئەوە من دوو پێشنیازم هەیە یان عینوانەکەی بکرێتە یاسای رێکخستنی دەسەلاتی دادوەری، کە بەو شێوەیە لەناوەرۆکی ماددەکانی ئەو قانونە دەردەبڕێ، یان ئەوەی کە زۆر پێم باشە بکرێتە یاسای سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەری، چونکە ئەو ناونیشانە زیاتر بەوردی و زیاتریش ناوەرۆکی ئەو ماددانە دەردەبڕی، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین سوڵتەی قەزائی، پرۆژەی یەعنی یاسای دەسەلاتی دادوەری لە ژێر سوڵتەی تەنفیزییە، ئەگەر بەو شێوەیە بێت زیاتر سەربەخۆتر دەبێت و زیاتر دەربڕاوی ماددەکانی ئەم یاسایە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ئەم یاسایە دەرچوو یاسای تر لەغو دەبێتن، لەبەر ئەوەی زۆر وەزارەتیش هەبوو یاسای هەبوو، بەڵام یاسای بۆ دەرکرد نەصێکی تێدا دەبێتن و یاسای کۆن ئیلغا دەبێتن، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاك عەونیم، پێم وایە صیاغەکە زیاتر قانونییە، بەو شێوەیەی کە کاك عەونی تەرحی کرد مەنتیقی قانونی لەگەڵدایەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕەئیەکەی دکتۆر نوری دەکەم، بەڕاستی پێم وایە ئێمە دەبێت لە ئێستاکەوە یاساکانی خۆمان بگونجێنین لەگەڵ یاساکانی کە دێتن، من پێشنیار دەکەم بگوترێت (رئیس المجلس: رئیس مجلس القضاء اقلیم کوردستان، ویکون رئیس المحکمة الدستوریة رئیساً لها – ویؤدي رئیس محکمة التمییز الی ان یتم تشکیل المحکمة الدستوریة)، ئەوە یەك.

دوو/ پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك عەونی دەکەم، بەڕاستی ئەوە دەبێت ئەرقامیشی بۆ دابنرێت، یەعنی ئەوەلەن بگوترێت (اولاً، وثانیاً، وثالثاً).

سێ/ پێم وایە مەجلیسی قەزا تەواو کرا، لەبەر ئەوە دەبێت (ال) تەعریفی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار بەنیسبەت پێشنیارەکەی کاك دکتۆر نوری و جەنابیشت، ناتوانیت تۆ لێرە دەست نیشانی وەزیفەیەك دەکەیت هێشتا نیتە، مەحکەمەی دەستووری هێشتا وجودی نییە، چۆن دەتوانیت بڵێی ڕەئیسی مەحکەمەی قەزا، ڕەئیسی مەحکەمەی دەستوورییە، کەی دانرا ئەو وەختی دەبێتن، ناکرێت تۆ پێشبینی بکەیت، بەڵکو ئەم دەستووره ئیقراری ئەوەی نەکرد ناوێکی تری دانا فەرزمان کرد، ئەگەرنا قسەکە ڕاستە، مەبدەئەکە ڕاستە، بەلام لەبەر ئەوەی هێشتا دەستوور ئیقرار نەکراوە لە هەرێمی کوردستان، هێشتا مەحکەمەکەش دروست نەکراوە، ناتوانین ئاماژەی پێ بکەین، کەی دروست کرا بە تەئکید هەموار دەکرێتن، ئێستا ئەگەر لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی کاك عەونی قبول دەکاتن لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی، ئەگەر ئیعتیرازتان نییە لەگەڵ موقتەرەحی ئەسڵی لیژنەی یاسایی ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بە وەرگرتنی مولاحەزەکەی کاك عەونی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە تەنیا یاسا نەبێ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لەسەرویەوە نییە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة: القضاء مستقل لاسلطان علیه لغیر القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەبدەئێکی دەستوورییە، باوەڕ ناکەم کەس موناقەشەی لەسەر هەبێت، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بەباش دەزانم ماددەی یەکەم لە قانونی سوڵتەی قەزائی ڕەقەم (14)ی ساڵی 1992 ئەو صیغەیە بەباشی هاتووە، بەڵام مەحاکم لادەبەین، کە دەڵێ (المحاكم مستقل لاسلطان عليه لغير القانون ولايجوز لاية سلطة او شخص التدخل في استقلال القضاء او التدخل في شؤون العدالة)، ئەو زیاتر شاملتر و مەعقول ترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت موستەقیل، ئەوەش دەگرێتەوە، کاک جەعفەر فەرمووو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە بەس هیوادارم بتوانم ئەوەی لە دڵمەدایە بیگەیەنم لە شێوەی قسە کردنەکە، ئەم مادده هەموو شتێکی قەتع کردووە، ئەمشەو ڕەئیسی مەحکەمەی عێراقی دەڵێت پێشتر ئیعدامی سەدام بە ئیمزای ڕەئیسی وزەرا بوو، بەڵام ئێستا صیغەکە گۆڕا بووە ڕەئیسی جمهور، دەبێت ئەو ئیمزا بکات بۆ ئیعدامی عەلی کیمیاوی و ئەوانی تر، یاخود دەبێت عەفوشیان بکات، ئەم ماددەیە هیچ ناهێڵێتەوە بۆ کەس، لێرە دەوری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکی هەرێم چیە؟ ئەگەر کەسێك ویستتان عەفو بکرێت، یان تەخفیزی حکومەکەی بکرێت، ئەمە هەموو شتێکی قەتع کردووە، کێ دەستکاری ئەو شتانە دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەبتی بەوە نییە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتەکانی لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم دیاری کراوەو تێکەڵ نابێت بە قەزا، بەڵام کە قەزا قەرارێکیدا موصادەقەی لەسەر دەکات، لەوێ ئەوە هین نییە، تەنفیزییە، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی دەستوورییە بە صیغەی جیا جیا هاتووە لە دەستوورەکان و لە قانونەکانیش، بەڵام ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئەندامان و سەرۆکی دادگای تەمییز دانیشتین بەڕاستی ئەو مەبدەئەیان پەسند کرد، ئێمەش پشتگیریمان لێ کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە نەصی ماددەکە، چونکە ئەوەی کاك عەونی گوتی تەحصیل حاصلە، تۆ کە وتت سەربەخۆیە ئەو ئیزافاتانە هەمووی تەفسیری سەربەخۆیەکە دەکاتن، ماددەی دووەم:
دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە تەنیا یاسا نەبێ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لەسەرویەوەنییە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ ماددەی سێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: بەناوی گەلەوە حوکمەکان دەردەچن و جێبەجێ دەکرێن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تصدر الأحكام وتنفذ باسم الشعب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەکی دەستوورییە، باوەڕ ناکەم قابیل بێت بۆ موناقەشە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەکی سەربەخۆی لە بودجەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن هەیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: للسلطة القضائية ميزانية مستقلة عن السلطتين التشريعية والتنفيذية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە (للسلطة القضائية ميزانية خاصة يعد من قبل مجلس القضاء وتعرض على المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق للمصادقة عليها وتكون ملحقة بالميزانية العامة للاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبیعی ئێمە کە باسی سوڵتەی قەزائی دەکەین لە پێش هەموویانەوە دەبێت مالیە موستەقیل بێت، وەکو پەرلەمان موفتەرەحی لیژنەی یاسایی زۆر بەجێیە ئیزافەتەکان لەوێ هاتووە کە دەڵێ موستەقیل بێت تەشریعی و ئەوانە، بەس ئەو صیغەیە ڕاسترە وەکو هی پەرلەمان وایە، ئەگەر کەس تێبینی نییە، فەرموو کاك حاکم نورالدین.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجومەنی داوەران ئێمە وامان ئیقتیراح کرد، کە ماددەی چوار ببێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم (للسلطة القضائية ميزانية مستقلة خاصة بها تعد من قبل المجلس وترفع الى المجلس الوطني للاقليم للمصادقة عليها ملحقة بميزانية الاقليم.

ثانياً/ يكون رئيس المجلس امرا بصرف  ميزانية المجلس ضمن الابواب والفصول المعدة لها).

چونكە ئامێری صرف لێرە دانەنراوە لە میزانیەی مەجلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بڕگەی دووەم ناكرێت لێرە، لێرە جێی نییە قانونییەن، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی رای لیژنە لە جێی خۆیەتی، بەلاّم (وتكون ملحقة بالميزانية العامة) بگوترێت (وتكون ملحقة بالميزانية العامة للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(ضمناً) نابێت كاك كەریم، لەبەر ئەوەی وەكو پەرلەمانە، پەرلەمان میزانیەی مولەحەقە، قەزاش دەبێت مولحەق بێت، ئەگەر زیمنەن بێتن وەكو بەشێك لە حكومەت دەبێت، صیغەكەی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: دادگاكان دەسەلاّتیان بەسەر هەموو كەسە سروشتی و مەعنەویەكانەوە هەیە، تا دەگاتە حوكمەتیش و تایبەتیمەندی لە یەكلا كردنەوەی كێشەو هەموو تاوانەكاندا هەیە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تسري ولاية المحاكم على جميع الأشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی ماددەكەیە، هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس مولاحەزەی هەیە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوەی دواوە بە زیاد دەزانم (تا دەگاتە حوکمەتیش و تایبەتیمەندی لە یەکلا کردنەوەی کێشەو هەموو تاوانەکاندا هەیـە)، لەبـەر ئـەوەی هـەموو ئەشخاصی مەعنـەوی، کـە حکومـەت خـۆی شەخصی مەعنـەوی عامە، ئیتر پێویست ناکات، ئینجا دادگاش ئیشی ئەوەیە تاوان یەکلا بکاتەوە، پێویست ناکات ئەمـەی دوایـی، یـەعنی ئـەوە زیادەیـە، هـەر ئەمـە بەسـە (دادگاکـان دەسـەڵاتیان بەسـەر هـەموو کەسـە سروشـتی و مەعنەویەکانەوە هەیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسـەر پەرلـەمان نیـەتی، ئەگـەر نەنووسـین (بمـا فـیهم الحکومـة) پەرلـەمانیش دەگرێتـەوە، ئـەوە لێـرەدا مولاحەزەکەت زەرەری خۆت بوو، ئەو صیغەیە وەکو لیژنەی قانونی باش هاتووە، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە شتێك دەبینم خەلەلێك بەنیسبەت دادگای عەسکەری، ئەم قەزایە دەسەلاّتی هەیە لەسـەر دەزگـای عەسکەریدا، بە رەئی من عەسکەری ئیستیسنا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەم قانونە عیلاقەی بە مەحاکمی عەسکەری نییە، لەبەر ئەوەی مەحاکمی عەسکەری لەکوردسـتان قانونی مەحاکمی عەسکەری تایبەتە، عیلاقەی بەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەت هەیە فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە بەو شێوەیە پێشنیاز دەکەم و دابڕێژێتەوە (دادگاکان دەسەلاّتیان بەسەر هەموو کەسـە سروشـتی و مەعنەویـەکان هەیـە، تـا دەگاتـە حکومـەتیش) ئـەوە بسـڕێتەوەو بکرێتـە (گشـت، تایبـەتی)، چـونکە لێـرە مەعنەوی مەبەستی گشت و تایبەتمەندی هەیە، ئەوە پێشنیازەکەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیە لە پرۆژەکە خۆی هاتووەو لیژنەی قانونی تەئیدی کردووە، دەنگونجێت لەگەڵ موسـتەڵەحاتی قانونیش، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: زمانی كوردی زمانی دادگاكانە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو نوقتە زۆر بەوردی دیراسەتمان كرد لە لیژنەی قانونی، بۆیە ئیعادەی صیاغەمان كردۆتەوە بەم شێوەیە: تقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:

(تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم، ويجوز استعمال اللغة العربية لتدوين بعض الأحكام والقرارات)، ئەو ڕەئیە بە ئەكسەریەتی ئەندامانی لیژنەی قانونی دەرچووە، لە حەقیقەتدا ئێمە حەزمان دەكرد بەڕاستی لێرەدا تەنها زمانی كوردی بێت، هەروەكو لە پرۆژەكەدا هاتووە، بەلاَم ئەگەر ئەوەمان داخیل بكرد بوایە، ئەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقیە، كە چۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ زمانەكان بەشێوەیەكی تەفسیلی هاتووە، عەمەلیەن ئەوەش لە مەحاكمی ئێستاش بەو شكلەیە، لە هەندێ مەحاكم بە كوردی بەڕێوە دەچێت، لە هەندێ مەحاكمیش قەرارەكان بە عەرەبی بەڕێوە دەچێت، ئەوەی یاساناسە لە ئەندامانی پەرلەمان ئەو حەقیقەتە هەمووی دەزانن، بۆیە ئێمە ئەو شێوەیەمان بەشێوەیەكی گونجاو زانی لەگەڵ ڕێزمان بۆ زمانی خۆیان، لەبەر شیرینی زمانی خۆشمان بەحەقیقەت حەزمان دەكرد تەنها تەئیدی پرۆژەكە بكەین، بەلاَم لەبەر ئەوەی ئێمە دەنگمان بۆ ئەو دەستوورە داوە، دەنگمان بۆ بەندەكانی دەستوور داوە، پێمان وابوو ئەوە لەگەڵ دەستوورەكە گونجاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی لیژنەی یاسایی ڕاستە، تۆ دەبێت لەگەڵ دەستوور بگونجێیت، بەس یەك مولاحەزەم هەیە (او لتدوين بعض الأحكام والقرارات) زیادە، چونكە لێرەدا ئیشكال دەبێتن، كام ئەو (بعض)ە چیە، یان دەبێت بڵێیت بەپێی دەستوور هەردوو زمان ڕەسمین، یانیش دەبێت لوغەی كوردی ڕەسمیە (يجوز استعمال اللغة العربية) شتێكی ئەوها، دەرگای موناقەشە دەكەینەوە، كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پشتگیری لە داڕشتنەوەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، پێموایە پێویستە ئێمە ئاماژە بەوە بدەین كە زمانی عەرەبیش بەكار بێت، لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵكێكی زۆر لە ناوچەكانی تری عێراق لە هەرێمی كوردستان دەژین و قابیل بەوەیە كە سبەینێ ئەمانە لە دادگاكان مەسەلەن تاوانبار بكرێن، یان تاوان

ئەنجام بدەن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش هەروەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێدا لەگەڵ دەستووری عێراقی دەگونجێت کە ئێمە دەنگمان بۆداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەمە کە پرۆژەکەدا هاتووە، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان/ ئەو زمانەیە کە لە دادگاکان بەکار دێت لە کاتی دەرکردنی بڕیار، یاخود قۆناغەکانی پێشتر، زمانی فەرمی وڵاتەکەیە، یاخود هەرێمەکەیە، ئەگەر ئێمە لێرە زمانی عەرەبی زیاد بکەین بە بڕیاری پەرلەمان بە زمانی عەرەبیمان کردە زمانێکی فەرمی و هێنامانە ریز زمانی کوردی، بۆیە پێم باشە تەنها زمانی کوردی بێت، زمانی کوردیش زمانێکی دەوڵەمەندە، یەعنی پێویست ناکات زمانی بێگانە بەکار بێنین، ئەگەر لە دادوەرە بەڕێزەکانمان ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنین و قسەی پێ دەکەین بە هەمان زمان با بڕیارەکان دەربکەن باشترە لەوەی زمانێکی بێگانە بەکار بێنن، ئەگەر لە جێگایەك تووشی کێشەك بوون دەتوانن وشەیەکی عەرەبی بەکار بێنن، بەس با نەیکەینە بڕیار لە دەقی یاسایەکە ئەو شتە زیاد نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەگەر صیغەکە وای لێ بێت (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم، ويجوز استعمال اللغة العربية لتدوين بعض الأحكام والقرارات عند الضرورة)، لەبەر ئەوەی لە ناحیەی عەمەلی زۆر کێشەمان بۆ پەیدا بوو لە مەحاکم، کە قەرارات بە عەرەبی نەدەنووسرا، هەر یەکە تەفسیرێکی دەکرد بە حاڵەتی خۆی، لەبەر ئەوەی زمانێکی کوردی موەحەدمان نییە لە کوردستان، ئەو بۆچوونەی لیژنەی قانونی موتابیقە لەگەڵ ئەحکامی دەستووری ئیتیحادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو (بعض)ە چیە، تۆ کە وتت زمانی کوردی زمانێکی رەسمییە، دەکرێت زمانێکی عەرەبی بەکار بێنی لە کاتی پێویستدا، ئیتر (بعض)ی ناوێتن، کە گوتت (عند الضرورة) یەعنی شت دەکاتن، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی منیش هەروایە وەکو جەنابتان فەرمووتان، هەر لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشەوە سەرچاوە دەگرێ، کە باسی تەدوین دەکات، تەدوینی قەرارات، ئەوە باشە لە ئەسنای سەیری مەحکەمە، ئەوەی کە کاك ئارام باسی کرد، لە هەندێك حاڵەت لەوانەیە تووشی ئەوە بین، یەعنی کە لە مەحکەمە پێویستە شیفاهی قسە بکات، نەك هەر تەدوین بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو صیغەیەم کە ئێستا جەنابتان گوتتان، لوغەی کوردی لوغەی مەحاکم بێت لە کاتی پێویستیدا، ئیتر بۆ تەدوین بێت، بۆ شەفەهی بێت لوغەی عەرەبی بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە ڕەئیەکەی بەڕێزتان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای لوغاتی ڕەسمی هەرێمەکان هەیانە دوەلی فیدراڵی، من نموونە دەهێنمەوە لە کیۆبیك ساڵی 1993 قانونی لاکیتات دەرچووە، هەر شتێك دەنووسرێتەوە ئەگەرچی نیسبەتی، تەبعەن فەرەنسیەکان بۆ کەنەدایی لە 17٪ یە هەموو قتعەیەك دەنووسرێتەوە، دەبێت ئەوەی بە فەرەنیسیە دوو بە قەد ئینگلیزیەکە بێت، پۆلیسشیان هەیە، پۆلیسی لوغە فوتەی پێیە دەچێت دەپیوێت، تەبعەن ئەوە سوڵتەی قەزائی ئەو ئیشەی دەکات.

خاڵی دووەم/ من پێم خۆشە ئەوەی کە دەکرێت لە (82 و 84) لە کیۆبیك سوڵتەی قەزائی (706) دەعوای تەسجیل کردووە لەسەر ئەوانەی زمانی فەرەنسیان بەکار نەهێناوە، ئێمە بەداخەوە ئەو شتانەمان نییە، چونکە نە قانونی لوغاتی ڕەسمیمان هەیە، نە میزانیەکەمان هەیە بۆ زمان، لە جێیان ئەو شتانە هەیە، من پرسیارێك دەکەم، ئایا لە حکومەتی ئیتیحادی هیچ قانونێك هەیە ناوی زمانی کوردی هێنا بێت، نەخێر، ئێستا مەحکەمەی ئەوانەی کە دەکرێت ئەنفال دەڵێ لوغەی ڕەسمی عەرەبیە، من لەگەڵ ڕەئیەکەی دکتۆرە ڕۆژانم تەنیا زمانی کوردی بێت و دەبێت ئێمە خوصوصیاتی خۆمان جیاوازە، لە مەحکەمەی دەستووری ئەوەی کە باسم کرد (93) لە کیۆبیك دەرچوو شکایەتیان کرد گوتیان نابێت تەنیا یەك زمان بەکار بێت لە کیۆبیك، من وەك محامیەك بۆ زمانی کوردی ئەو قسەیە دەکەم، پێم خۆشە هەر هەمووتان لێرەوە بزانن لەوێ مەحکەمەی ئیتیحادی ئیعتیرازی کرد، گوتی چۆن دەبێت زمانی فەرەنسی لە کیۆبیك یەك لە ئیقلیمەکانی کەنەدەیە، مەحکەمەی ئیتیحادی گوتی لەبەر ئەوەی ژمارەی فەرەنسیەکان کەمە، لەبەر ئەوەی زمانەکەیان لەناو دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری بە زمانی ئینگلیزی قسەی دەکات، وتی

مافێکی ڕەوایە دەتوانێت بە تەنیا زمانی خۆی بەکار بێنن و پێویستە بەس تەنیا زمانی کوردی بێت، ئەگەر یەکێك ئیعتیرازی کرد، ئەوە مەحکەمەی ئیتیحادی هەیەو دەتوانێت یەکلای بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکت لێ دەکەم کاك تارق، دەتوانین دەستووری کەنەدی تەتبیق بکەین لێرە، ئێمە دەستووری عێراقیمان هەیە دەنگمان بۆ داوە، مولتەزمین پێی، پرۆژەی دەستووری خۆشمان هەیە، زمانی عەرەبی و کوردی هەردووکیان زمانی ڕەسمین، بەتایبەتیش لە مەحکەمە تا ئێستاش ئیشکالیان هەیە بە زمانی کوردی هەموو موفرەداتێکیان نییە، ئەوە یەك.

دووەم/ مولاحەزەکەت ئێمە قسەکەمان کرد، جار بە جار بە خیلاف ئەوەی کە هەندێ جار قسە دەکەن و من قسەتان پێ دەبڕم، پێویستمان بە ڕاوێژکردن هەیە لەسەر مەسەلەکان، بۆ ئەوەی تەوحیدی ڕەئی بکەین لە سەرۆکایەتی، بەڵام جەنابت و هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆ من قسە ناکەن، بۆ پەرلەمان قسە دەکات، بۆ هەمووان، لەبەر ئەوە نابێت قسەکانی ڕابگریت ئەگەر من لەحەزەیەك خەریکی نووسین بووم، یان ڕەئیەکی کاك دکتۆر کەمالم وەرگرت، یان هی کاك فرسەتم وەرگرت، تۆ قسە بۆ هەمووان دەکەیت، بۆ من ناکەیت بە تەنیا، زۆر سوپاست دەکەم، من یەك پرسیار دەکەم خەڵك واقیعی بێت، ئەگەر بە تەنیا زمانی کوردی بێتن دەتوانیت جێ بەجێی بکەیت لە مەحاکم، من لە حاکم نورالدین و کاك فاروق دەرپرسم، وەڵامی ئەندامان بدەنەوە، دەکرێت ئێستا لە مەحاکم تەنیا بە زمانی کوردی ئەو ڕەئیانە جێ بەجێ بکرێت.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ناکرێتن، دوایێش موخالەفەی دەستووریشە بەڕاستی ئەوە موناقەشەی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاست دەکەم، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکی دکتۆرە ڕۆژان دەکەم، تەئکیدیش پێم وایە ئێمە ڕەبتی نەکەین بە دەستوورەوە، ڕاستە موخالەفەی دەستوور ناتوانین، چونکە دەستوور زمانی عەرەبی و کوردی بە ڕەسمی کردووە لە هەموو مەجالێك، ئەم دەڵێت زمانی مەحاکم، ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەمەی ئێمە تەسبیتی بکەن، من بەش بەحاڵی خۆم لە حیاتی مەحاکم نابێت بە کوردی، پاشان ئێمە بەپێی قانون مەجالێکی ترمان هەیە لە ڕێی قانونەوە ڕێگا دەدرێت بە تاوانبار، بە شاهێد، بە هەموو موداوەلاتێك بەس بە زمانی تێگەیشتن، هەتا بە ئیشارەتیش بکرێت، ئەمە ڕێی نەگرتووە لەوەی کەوا تۆ بە زمانی عەرەبیش قسە بکەیت، یان بە تورکمانیش قسەی بکەیت لە مەحاکم ئەگەر پێویست دەکات، یان حاکم کەسی بەرامبەر بە زمانێك لەزمانەکان تێ بگەیەنێت، بەڵام ئێمە بە قانون تەسبیت کردنی، من بە قەناعەتی خۆم کوردی دەسڕینەوە، جارێکی تر لە مەحاکم ئەمە نابێتە کوردی بە حیاتی بە قەناعەتم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام کاک عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی کاک دلێر وا نییە، لێرە ئێمە نالێین موحادەسات و قسەکان بە زمانێکی تر بێت، بەس دەڵێین تەدوینی قەرارات، یەعنی ئیشەکە عایدی مەحکەمەیە بەس حاکم بە تەنیا، حاکم قەرارەکە چۆن دەنووسی، کە زەرورەت ئیجاب دەکات بە زمانی عەرەبی بینووسێتن دەنووسێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەونی ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو خەرقی نیزامت کرد، ڕەئیتدا ڕەئیەکەت بەجێیە، بەڵام نوقتەی نیزام نەبوو, کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموومان ئاواتمان ئەوەیە زمانی کوردی بچەسپێت، بەڵام ئەو مەوانیعەی کە ئیشارەتی پێدرا، بەڕاستی ناکرێت بەو شکلەی کە هەیە، ئێمە بە شێوەیەکی عاتیفی بۆی بچین، یان بەشێوەیەکی تر بۆی بچین، ئەوە هەیە هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە دەستوورەکە خۆمان دەنگمان پێداوەو گوتمان بەو شکلە بێت، ئێستا خۆمان لە قانونەکە بڵێین بەو شکلە نەبێت، یەعنی ئەوە لێمان قەبول ناکرێت بە هیچ شێوەیەك، بەڵام من نوقتەی نیزامەکەی کاک عەونی ڕاست دەکەمەوە، کاک دلێر خۆی تەوقیعی کردووە لەسەر صیغەی قانونی، ئێستا ڕەئیەکەی موخالیفە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەی ئەگەر موتابەعەی کرد بێت، مەسەلەی زمان زۆر لە بەغدا هەوڵ درا وا بنووسرێت کە لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردی بەکار بێت، ئێمە خۆمان ڕەفزمان کرد، گوتمان دەبێت لە هەموو عێراقدا کوردی و عەرەبی پێکەوە بەکار بێتن، یەعنی ئەو ڕەئیەی ئێوە لەگەڵ ڕەئی ئەو کەسە دەگونجێتن کە لە بەغدا دەیانویست زمانی کوردی نەبێتە زمانێکی ڕەسمی لە عێراقدا، دەیانگوت بەس لە کوردستان بەکار بێت، ئێمە کە شتێك دەڵێین لەسەر عێراقمان فەرز کردووە، خۆشمان لێرە ئیلتیزامی پێ نەکەین نابێتن، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو صیغەیەی لیژنەی قانونی نیمە، سێ صیغە هەیە ئەگەر بیکەین، یەکەم/ وەکو خۆی هاتووە، من لەگەڵ ئەوەم (تکون اللغة الكوردية لغة المحاكم)، ئەگەرنا حاڵەتی دووەم/ (تكون اللغة الكوردية والعربية لغات المحاكم)، یانیش بگوترێت ئەگەر مەجالم بدەن (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، ئەوە یەك.

دوو/ بەڕاستی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی نیمە کە دەڵێن زمانی کوردی ناتوانێت ئیستیعابی زمانی مەحاکم بکات، ئێمە لە ساڵی 2000 بوو کە قەرار دەرچوو لە وەزارەتی عەدل زمانی مەحاکم بکرێتە کوردی، لەبیرمە زەحەکی زۆر دروست بوو لەناو پارێزەران، ئەو نارەزاییە هەبوو، دەیانگوت زمانی کوردی موستەڵەحاتی نییە، لەو کاتەی حەفت، هەشت، نۆ مەحامی دادەنیشتن پێکەوە تەنها یەك عەریزەیان دەنووسی، بیست رۆژ، بیست و پێنج رۆژی پێ نەچوو هەر مەحامی بە تەنیا عەریزەیان دەنووسیەوە، ئەوە بووە تەشجیع، کە زمانی کوردی بەڕاستی تەتویریشی پێ کرا، ئەگەر بەو صیغەیەی هاتووەو ئێمە وای لێ بکەین هەر زمانی عەرەبی بەکار دێت، لە ساڵی 2000یش لەگەڵ دەرچوونی ئەو قەرارەش، ئینجا لە دهۆك و نازانم لە سلێمانی پێم وابی زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا، لە مەحکەمەی ئیستیئناف و تەمیزیش هەر زمانی عەرەبیان بەکار دەهێنا، ئەگەر ئەو صیغەیە بمێنێت بەڕاستی زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێت، زمانی کوردی بەکار ناهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك تەعلیقی بەسیت لەسەر هینەکانت عەریزە نووسین چ نییە، یەعنی ئەوە دەکرێتن سەد غەڵەتیشی تێدا بکرێت، بەلاَم کە گەیشتە قەرار، قەرارەکە نابێت یەك غەڵەتیشی تێدا بێت، نیو غەڵەتیش قەبول ناکات، بۆیە تەفسیریش قەبول ناکات، کاك مەلا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە گوتمان (تکون اللغة الكوردية لغة المحاكم) دەبێت ئیلزام بێت، یەعنی نابێت هیچ شتی تری لەگەڵدا بێت، بەلاَم من لێرە ئەو ماددەیە بڕێك بە کزج وکاڵی دەیبینم، یەعنی بە نەقص دەیبینم، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (وللمحكمة ان تسمع اقوال الخصوم او الشهود الذين يزهلونها بواسطة مترجم بعد حلفه باليمين)، دەبێت ئەوەی بۆ زیاد بکرێت.

نوقتەی دووەم/ ئەوە عەجزە ئەگەر ئێمە بڵێین لوغەی مەحاکم ناکرێتن کوردی بێتن، دەتوانی یەعنی ئەوە نەقصە بۆ خۆمان و بۆ لوغەکەش، دەکرێتن قەرارێك دەربچێت موفرەداتەکەی لەنێوان قەوسێك دابنێت ئەگەر موقابیلەکەشی نەبێت مورادیفەکەی دابنرێت، لە پاشان بە کوردی تەفسیر بکرێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە مەحکەمە هەموو زمانێك بەکار دێت، یەکێك بێتن نەکوردی بزانێت، نە عەرەبی، ئاشووری بێتن دەبێت موتەرجمی بۆ بگیرێت، تورکمانی بێتن دەبێت بە هین بێتن، قسە کردن حورە دەتوانێت بە چ زمانێك قسە بکاتن، ئێمە لە ئەوروپا ئەگەر کەسێك تووشی مەحکەمە بێت تەرجومەیان بۆ هێناوە، بۆ هەر زمانێك بێتن، کاك فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم شەرت نییە نە حاکم، نە مەحکوم ئیلا کورد بن، بۆیە پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە شتێکی زۆر چاکە، (تکون اللغة الكوردية لغة المحاكم) لەگەڵ ئەوان، بەلاَم زیاد بکرێت بنووسرێت نەك (یجوز) وەکو لیژنەی قانونی فەرمووی (ومن حق المحاكم استعمال اللغات الاخرى عند الضرورة)، چونکە بۆی هەیە بەیانی فارس و عەرەب و تورك و هەموویان لەو مەحکەمەیە مەحکەمەیان بۆ بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە بوو بە قەرار، ئەوە قەرارێکی رەسمییە، لە عێراقدا دوو زمانی رەسمی هەیە، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو لا دەزانین کە زمان یەکێکە لە تایبەتمەندیە نەتەوەییەکان، دەسەلاَت دەتوانێت زمان بەرەو پێش ببات بایەخ بە زمان بداتن و گرنگی بە زمان بدات، ئەوەش لە رێگەی نووسراوە رەسمیەکانی ئەو دەسەلاَتە زیاتر بایەخی خۆی دەبێتن ئەو زمانانە بە چ زمانێك نووسراوەکان بنووسرێنەوە، ئەوەندە زمانەکە پێشکەوتووتر دەبێت، دەبێتە هۆی پاراستن و پێشکەوتنی بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا لە کوردستان لە بواری رەسمی کەمتر ئیشمان بە زمانی کوردی کردووە، بۆیە تەماشا دەکەین زۆر دەستەواژە هەیە نیمانە، پەنا دەبەینەوە بەر عەرەبیەکە، بەلاَم ئەگەر بێتو ئێمە زمانی کوردی بەکار بێنین لە مەحاکم و هەموو بوارەکانی تری دامەزراوەکانی کوردستان، لە نووسراوەکاندا وردە وردە ئەو دەستەواژانەی لاشمان خۆیان بەدەردەکەون، بۆیە من بەڕاستی لەگەڵ ئەوە دام بۆ پێشخستنی زمانی کوردی وەك خۆی بمێنێتەوە، بەلاَم دەبێت لە هەمان کاتیشدا لە کاتی داکۆکی کردن لە خۆدا لە هەر بوارێکی تردا رێ بە زمانەکانی تری کوردستان بدرێت، زمانی ئاشووریە، زمانی کلدانییە، ئەوانەش مافی رەوای خۆیانە، کە بە زمانی خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن لە دادگاکاندا قسەی خۆیان بکەن، مەسەلەی تەدوین کردن، کە ئەوەی من لێی تێ دەگەم زیاتر نووسینەوەو تەدوین کردنی دانیشتنەکانی دادگاکانە کە بە زمانی کوردی بێتن، تەئیدی دکتۆرە رۆژان دەکەم تا ئێستاکەش ئەگەر بێتو ئەو دەستەواژە هەبێت بە عەرەبیش لە پاڵی بنووسرێت باوەڕ دەکەم هەروا دەمێنێتەوە، زیاتر زمانی کوردی پشتگوێ دەخرێتن، چ دنیاش خراپ نابێت ئەگەر ئێمە نەصەکە وا بهێڵینەوە، ئەوەی کە پێویستی کرد، کاك سەعدەدین باسی کرد لە ناو قەوسێك دەستەواژە عەرەبیەکە بنووسرێت، زۆر ئاساییە ئێمە دەستەواژە عەرەبیەکە لەنێوان دوو قەوس بنووسین لە رۆخ کوردیەکە بنووسین، بەو شێوەیە ئێمە لە رووی مێژووییشەوە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێ گەیاند، کە کار کردنە بۆ دەوڵەمەند کردن و پێشخستنی زمانی کوردی لە بواری قانونی و لە بواری دامەزراوەیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەمەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو هەموو برادەرانە كە باسیان لەسەر لوغەی كوردی و عەرەبی كرد، بە تەئكید من خۆم لە پێش هەموو كەسێكەوە لوغات یەكێكە لە بنەماكانی قەومیەت، كەسمان ناتوانین ئینكاری لێ بكەین، ئەمە راستە.

دوو/ ئەگەر بێینە سەر ئەو یاسایەی كە ئێمە دەبات بەڕێوە، ئێمەی وەكو هەرێم، هەر كاتێك دەستوور دابنرێت، هەر كاتێك یاسایەك دابنرێت نابێت لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی بچێتە دەرێ، ئەوە شتێكی قانونیەو تەحصیل حاصلە دەستوور دایكی هەموو یاساكانە، بەهەر حاڵ من لەگەڵ پێشنیارەكەی لیژنەی یاساییم بەوەی كە با ببێتە (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، لێرە ببڕێتەوە، بۆ؟ ئێمە مەحكەمەكانمان تەنیا كورد رووی تێ ناكات، قەراراتەكان كە لە مەحكەمەی كوردستان دەردەچێت تەنیا خاص نییە بەخۆمان دەچێتە دەرەوەی هەرێمی كوردستان، دەچێتە شارەكانی دەرەوە، لەوانەیە دەچێتە دەرەوەی عێراقیش، مەحاكمان تەنیا قەرارات دەرناكات حوجەش دەردەكات، وەسائیقیش دەردەكات، قەسامات دەردەكات، بێ لەوە تەبلیغات دەردەكات، جائیزە لە سلێمانی شكایەت لە پیاوێك دەكرێت لە بەسرە دانیشتووە، پێویستە ئەو دەعوتە بەو لوغەیە بچێت بۆ ئەو شوێنەی كەوا تێ بگات، ئێمە لە ماددەی حەوت باس لەوە دەكەین دەڵێین تەفهیمی ئەحكام دەكرێت بە عەلەنی، كەواتە دەبێت هەردوو تەرەف دەعواكە ئەوانەی كە رەبتیان بە خصومەكەو كێشەكەوە هەیە، ئەوەندە بتوانن مەحكەمە تێبگەیەنن بەو لوغەتەی خۆی، بۆ ئەوەی مەحكەمە بگاتە حەق، تەحقیقی عەدالەت و حەقی خۆی بكات، لەبەر ئەوە من پێم باشە (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لە پێكهاتنی زۆر بە وردی تەماشای ئەو ماددەیە كرا، بۆیە گەیشتینە ئەو صیغەیەی كەوا خراوەتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز، زمانی كوردی زمانی رەسمیە لە هەرێمی كوردستاندا، من لێرەدا پرسیارێك دەكەم، ئێمە دەڵێین بەپێی دەستووری عێراقی، ئەگەر بڵێین ئایا لە دادگاكانی تری عێراق زمانی كوردی بەكار دەهێنن وەكو ئێمە خۆمان پابەند دەكەین بەوەی كە زمانی عەرەبیش وەكو زمانی كوردی بەكار بێنین، ئەمە تەنیا وەڵامدانەوەیە بۆ ئەوانەی كەوا تەخصیصێكی تێدایە، ئەگەر ئێمە بڵێین (ويجوز استعمال اللغة العربية)، ئەوە بە شمولی باسمان كردووە، بەڵام ئێمە لێرە تەنیا مەبەستمان ئەوەیە بەكار هێنانی زمانی عەرەبی دەڵێ (لتدوين بعض الأحكام و القرارات)، ئەگەر پێویستی كرد مەحكەمە، ئەو برادەرانەی دەڵێن كەوا ئەگەر یەكێك عەرەب بوو، یان توركمانە زمانی كوردی نازانێت، هیندیەك لێرە كار دەكات، ئەو كاتە مەحكەمە دەبێت وەرگێرێك بێنێت یارمەتی بدات هەتاكو تێی بەگەیەنن، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خورشيد فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی هەندێك قسەی بكەم، تەئيدی رەئی ليژنەی قانونی دەكەم بەو صيغەيەی كە جەنابت راستت كردەوە، بەلاّم من حەز دەكەم بە واقيع بين قسە بكەين، عاتيفە جيايە، دافع جيايە، ئێمە هەتا ئێستا لە ساڵی 1992ەوە پەرلەمانمان هەيە نەمانتوانيوە بە هەموو پەرلەمان و حكومەتەوە يەك قانون بەبێ نوقصانی بە كوردی بنووسينەوە، نەمانتوانيوە، هەتا بەو زمانەی لەهجەی سۆرانيش كە دەنووسينەوە، نەمانتوانيووە بە رێك و پێكی بينووسينەوە، ئينجا داوای مەحكەمە دەكەين كە زۆربەی هەرە زۆری حاكمەكانمان مومكينە كوردی كەم بزانن، موستەڵەحاتی مەحاكم كە من لە قانون نازانم ئەسڵەن هێشتا بەديلی نييە لە 10٪ی بۆ نەدۆزراوەتەوە لە زمانی كوردی، پاشان زمانی كوردی و عەرەبی لە دەستووری عێراقدا هاتووە، هەردووكيان لوغەی رەسمين، هەندێك برادەر دەڵێن باشە لە مەحاكمی عێراقی لوغەی كوردی بەكار دێت؟ لوغەی كوردی وەتی كورد هەبووە بەكار نەهاتووە، چونكە دەوڵەت نەبووينە، چونكە هەر لە ژێر دەست بووينە، ئەوەی توركيا بەزمانی توركە، ئەوەی فارسی تەئسيری زمانی فارسە، جەنابيشمان لە ژێر تەئسيری زمانی عەرەبيينە، خوێندنمان بە عەرەبی بووە، تازە بە تازە بە تەماينە، مەجمەعی كوردی چەند ساڵە دانراوە لە زەمانی يازدەی ئازاريش ساڵی 1970 تا ئێستا نەيانتوانيوە، موتەفيق نينە لەسەر لوغەكەی خۆمان، مەجمەعی لوغەی كوردی موتەفيق نينە، وەڵلاّ دەبێت ئێمە هەموو كورد بين، خوشك و برايان تۆزێك بە عاتيفانەو واقيعانە قسە نەكەين، ئەوەی ليژنەی قانونی تەرحی كردووەو ئەوەی جەنابی سەرۆكی پەرلەمانيش گوتی شتێكی مەعقولە، برادەرێك باسی كەنەدەی كرد، كەنەدا دوو سەد ساڵە حكومەتە، گوناه نييە خۆمان بێنينە ريزی، ئەوە چ عيلاقەی هەيە ئێمە خۆمان بێنينە رێز كەنەدەی، وەڵلاّ كەندا وا دەكات، باشە پاشی سەد و پەنجا ساڵی تر وەرە ئەگەر ئێمە لەوی لە پێشتر نەبووين سەرمان ببڕە، لەبەر ئەوەی من تەئيدی ئەو رەئيە دەكەم، چونكە ناتوانرێت ئەوە بەكار بێت، كە ناتوانرێت بۆ خۆمان پێی خەريك بكەين، پاشان شتێكی تريش هەيە، شەرت نييە ئەو لوغەتە كوردی پاش بكەينەوە، ئەو ئەفغانستانە لە پێشمانە كۆمەڵێك قەوقاسينە زمانی رەسميان فارسيە، زۆر دەولەی ئەفريقی هەنە زمانی رەسميان ئينگليزييە كە خۆيان ئينگليز نينە، زۆر زمان هەيە فەرەنسيە كە فەرەنسی نينە، ئەوە چ عەيبی هەيە، زمانی فارسی من برێك شارەزامە تێدا لە 75٪ی هەر فارسی تێدا نييە، يان كورديە، يان عەرەبيە، يان لوغاتی ديكەيە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە قەزیەی زمانی کوردی، ئێمە هەموو جار لێرە تووشی ئەو موناقەشەی دەبین، ئەوە ئیشی ئێمە نییە بیکەینە قەرارێك، ئەوە ئیشی مەختەس و وەزارەت و ئەوەیە.

دوو/ حاکمێك کە دیراسەکەی عەرەبی بێت، چۆن ئێمە ئیلزامی دەکەین بە کوردی بەوە بکات، قەزیەی موخاتەبە جیایە، حاکم لەگەڵ تاوانباردا، بەڵام کابرای حاکم کە دیراسەکەی عەرەبییە، یان محامی دیراسەی عەرەبییە، نابێت ئیجباری بکەیت دەبێت بە کوردی قسە بکات و موستەڵەحات بگۆڕێت، چونکە ئەوە ئیشی ئەو نییە، چونکە ئەوە لە قانونیش دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان نوقتەی نیزام نەبوو، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوور لە عاتیفەو دوور لە تەعەصوبی قەومی، من لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەدام، لەبەر ئەوەی ئەو (یجوز)ی لیژنەی یاسایی دایناوە، بەڕاستی ئەو (یجوز)ە وەکو ئیستیسنا دایناوە، بەڵام پێم وایە دەبێتە قاعیدە، قاعیدەکە دەبێتە ئیستیسنا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدامە تەنها ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هاتووە بەکار بێت، چونکە ئێمە تەجروبەمان هەیە لەوەی، قانونی سوڵتەی قەزای پێشوو تەنها باسی زمانی کوردی کردووە، کەچی ئێستاش مەحاکم و قەرارات و شت بە عەرەبی دەنووسینەوە، وای لێهاتووە کراوەتە قاعیدە، ئەسڵەن تاکو ئێستا قەراراتمان نەدیتووە بە زمانی کوردی لە مەحاکم، موستەڵەحاتیش هەیتمان، ئێستاکە زمانی کوردی لە رووی یاساییەوە خەریکە وا پێش دەکەوێتن، بۆیە پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە ئەسڵی پرۆژەکەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیی لیژنەی یاسایی و ئەو تەعدیلەی جەنابت دەکەم، بەڵام لەبواری زمانی کوردیەوە موناقەشەی بەردەوام ئیسارە دەکرێت لە پەرلەمان دوو قسە دەکەم:

یەکەم/ ئێمە کە دەچینە بەغدا پشت بەست بە ماددەکانی دەستوور دەڵێین دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بێت، بەڵام کە خۆمان دێینەوە کوردستان دەڵێین با موخالەفەی دەستوور بکەین و هەر بەزمانی کوردی شتەکانمان داڕێژینەوە، ئەوە یەك.

دووەم/ ئێمە دەڵێین ئەگەر دەوڵەتیش بین، لەبەر ئەوەی میللەتێکی موسڵمانین، حەق وایە لە پاڵی زمانی دایك کە کوردیە گرنگی بە زمانی عەرەبی بدەین، چونکە زمانی قورئانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا قسه كردن تەواو، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو باسی كرد دوو سەد ساڵە، من باسی ئەوە دەكەم پاشی راپەرین (1993) قانونی رەسمی لە كیوبیك دەرچووە، مانای پاشی راپەرین دەرچووە، نەك پێش دوو سەد ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا تەبعەن سێ بۆچوون هەیە، بۆچوونێك لیژنەی یاسایی پێشنیارەكەی كردووە، بۆچوونێك من باسم كردو كاك فرسەت لەڕاستیدا پێشی من ئاماژەی كرد گوتی ئەو كەلیمەیە (بعض)ە زیادەو وەزیری دادو حاكم نورالدینیش پشتگیریان لێ كرد، بۆچوونێكیش دەڵێ بە تەنیا كوردی بێت، نەك لەبەر ئەوەی من پێشنیارم كردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو بۆچوونەی ئێمە كە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لێ كرد نزیكە لە بۆچوونەكەی لیژنەی قانونی، خاوەن پەیوەندیدار كە حاكم نورالدینەو جەنابی وەزیرە پشتگیریان لێ كرد، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە كە زمانی كوردی زمانی مەحاكمەو دەكرێت زمانی عەرەبیش بەكار بێت لە كاتی پێویستدا، بە عەرەبیەكەی (تكون اللغة الكوردية لغة المحاكم ويجوز استعمال اللغة العربية عند الضرورة)، كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: دانیشتنی دادگاكان ئاشكرایە تەنیا ئەگەر دادگا بڕیاری بەنهێنی بوونی بدات لەبەر رەچاو كردنی رەوشت و پاراستنی سیستەمی گشتی و لە هەموو بارودۆخەكان بەئاشكرا لە حوكمەكان دەگەیەندرێن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للأداب او محافظة على النظام العام ويكون تفهيم الحكم في جميع الاحوال علنية.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها ئیعادەی صیاغەمان كردۆتەوە بەو شێوەیە:

(تكون جلسات المحاكم علنية الا اذا قررت المحكمة جعلها سرية مراعاة للنظام العام أو الأداب أو لحرمة الأسرة على أن يتم النطق بالحكم في جلسة علنية). (النطق بالحكم)يش ئيستيعمال دەكرێت تەفهيم قەراريش ئيستيعمال دەكرێت بەڕاستی ئەوانە بۆ ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان مەتروكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەی لیژنەی قانونی هەر ئیعادەی صیاغەیە لەگەڵ نەصی ماددەكە جیاوازیەكی نییە، ئەگەر مولاحەزەتان نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

1- لە میانەی پشووی دادگاكاندا، دادگاكان داواكانی مەدەنی و باری كەسی نابینن ئەگەر لە داوا بە پەلەكان نەبوون و لە ڕۆژی یەكەمی مانگی تەمموز تاكو ڕۆژی یەكەمی مانگی ئەیلول لە هەموو ساڵێك دادبینی دەوەستێندرێ و داواكانی بە پەلە بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشان دەكات ئەویش بە بەیانێك دەبێ كە سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری دەری دەكات.

2-لەكاتی پێویستی سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە ئەم ماوەیە كورت بكاتەوە بۆ ماوەیەك لە (30) ڕۆژ پتر نەبێ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

1- لا تنظر المحاكم في الدعاوى المدنية والأحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم مالم تكن مستعجلة وتعطل المرافعات فيها من اليوم الأول من شهر تموز الى اليوم الأول من شهر أيلول من كل سنة وتعين الدعاوى المستعجلة لهذا الغرض ببيان يصدره رئيس مجلس القضاء.

2- لرئيس مجلس القضاء تقليص مدة العطلة لمدة لا تزيد على ثلاثين يوماً عند الضرورة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسا لەگەڵ دەقی ماددەكەینە، بەڵام ئیعادەی صیاغەكەمان بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەری كردووەو صیاغەكەش بەم شێوەیە:

أولاً : لا تنظر المحاكم في الدعاوى الحقوقية والأحوال الشخصية خلال عطلة المحاكم التي تبدأ من اليوم الأول من شهر تموز الى اليوم الأول من شهر أيلول من كل سنة ماعدا الدعاوى المستعجلة التي يحددها بيان يصدره

رئيس مجلس القضاء). تەنها دەعاوی مەدەنی بۆتە دەعاوی حقوقی، لەبەر ئەوەی ئیلتیباس نەبێت لەنێون مەحاكمی مەدەنی و مەحاكمی عەسكەری كە لە ماددەی نۆدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئـەوە موقتـەرەحی لیژنـەی یاسـایی بەجێیـە، لێـی جیـا كردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی مـەحاكمی مـەدەنی لەگـەڵ مەحاكمی عەسكەری، كەس قسەی هەیە، كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم سیستەمە، سیستەمی ئـەمڕۆ نییـە، مـەحاكم بـە هـیچ شـێوەیە نابێت بوەسـتێت، مـەدەنی، ئەگەر جەریمە بێت، هەموو كەسێك، هەموو حاكمێك، هەموو ئەوانەی لە دامودەزگاكان ئیش دەكەن حەقی ئـەوەیان هەیـە سـاڵانە ئیجازەیـان هـەبێت، ئـیتر مانگێـك بێـت، دوو مـانگ بێـت وەریـدەگرن لـە كـاتی موختەلیفدا، بەس مەحكەمە رابوەستێت، ئەوە مەسرەفێكی گەورەیە لەسەر حكومەت، چونكە زۆر قەزایـە هەیە پێویستە، یەعنی ئێمە سبەینێ موشكیلەیەكی تیجاری شتی مەدەنیە مەسەلەن كـە ببێـت، كارەكـە كـە دوابخرێت یـەك مـانگ بـەهۆی عوتلـەی هینـەوە، ئـەوە زەرەرێكـی زۆرە، چ لـە مـواتین، چ لـە حكومـەت، بـە قەناعەتی من ئەم خاڵە لە شوێنی خۆیدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەوە لیژنەی قانونی وەڵام دەداتەوە، بەڵام لە هەموو دنیادا وایە كاك جەمال، مەحكەمـە مانـای ئەوە نییە كەوا دایدەخات یەعنی كلیل دەدات، حاكم دەوام دەكات، ستافەكەی دەوام دەكـات، بـەڵام تەماشـای دەعاوی موستەعجەل نـەبێت نایكات، لە ئەوروپاش وایە وەكو پەرلەمانە، كاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تـەقریبەن هەمان رەئیم هەیە، دوو مانگ تـەعتیلی دەعـاوی، بەتایبـەتی مـەدەنی و ئـەحوال شەخصـی، زەواجە، تەڵاقە، میراسە، ئەوانـە بـە تەسـەوری مـن زیـادە، هـەتا كـە دەڵێـت (المستعجلة) چ لـەو قەزایانـە موستەعجەل دەبن، ئیستیسنائی دەكاتن دەبێت بەیان بە رەئیسی سوڵتەی قەزائی بێتن، ئەو رۆتینەی لەلای ئێمە هەیە، پێم وایە ئەگەر تەواو دەبێتن بەیانەكە لەسەر قەزائی رەئیسـەكە دەرناچـێتن، ئەگـەر ماددەكـە هەر بمێنێتن، دووەم (عند الضرورة) داعی ناكات تێدا هەبێتن، تەنها (یجوز لرئیس القضـاء تعطیـل تقلـیص الدعوی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكـە دووبـارەی دەكەمـەوە (تعطیـل النظـر في الـدعوی)، نـەك تـەعتیلی مـەحاكم، یـەعنی مەحكەمـە دەوام دەكاتن، یەعنی ئەمە هی ئەمڕۆ نییە، هی دەیان ساڵ وایە لە عێراقدا، لە وڵاتانی عەرەبی وایە، لە ئـەوروپا وایە، یەعنی عورفێكە، دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو نوسخەم لە لایە، یەکێکیان بیست ڕۆژە تەقلیصەکەی، یەکێکیان سی ڕۆژە، سییەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک حاتەم فەرمووو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو ڕەئیەی کاک دیلمان و کاک جەمال باسیان کرد، منیش هەمان ڕەئیم هەیە، لە حەقیقەت دوو مانگ زۆرە بۆ ئەوەی مەحکەمە ڕابوەستێت، هەرچەندە وەکو پەرلەمان حەقی خۆیانە، بەڵام ئەگەر بکرێتە مانگێك لە کاتێکدا حاکم پێویستی بە ئیجازەیەك بوو بۆ مۆڵەتێك مەجالی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ موئەیدی بۆ پەرلەمان دوو مانگەکە کەم بکرێتەوە، من موئەیدم، عوتلەی پەرلەمان دوو مانگەکە زۆرە، موافیقن ئەگەر بۆ قەزا کەم دەکەنەوە، ببێتە عەینی موقتەرەح بۆ پەرلەمانیش، عورفێکە لە دنیادا وایەن بەڵێ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی دەعاوی موستەعجەلە دەکرێت، دەعاوی موستەعجەلە یەك لەو دەعوانەیە مەسەلەن دەعوای ئەحوال شەخصیە عەدای تەفریق، ئەو موشاهەدەیە، ئەوە موشاهەدەی تفلە، ئەو حەزانەیە، ئەوە نەفەقەیە، مەسەلەن ئەوانە هەمووی دەعاوی موستەعجەلەیە، لەکاتی عوتلەی مەحاکمیش دەبینرێت، ئەو دەعوایانەی جوزاتیان لەسەرە، ئەوانە دەبینرێت، یان دەعاوی جەزائی زۆربەی دەعاوی جەزائی ئەوانەی گرنگە دەبینرێت بە حەقیقەت، یەعنی وەنەبێت عوتلە بێت دەرگا قەپات کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرچی دوو، سێ برادەر ئاماژەیان پێ کرد کە عوتلەکە زۆرە، بەڵام وانییە تەعبیر دەکاتن لە ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئەسڵی مەشروعەکە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر سەری نەگرت، ئەو وەختی، کاک بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیوەی وەڵامەکەم لە کاک شێروان وەرگرتەوە، بەڵام پرسیارێکم هەبوو، کێ قەرار دەدات کە ئەو دەعوانە موستەعجەلە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كەواتە پرۆژەكە بەس تەعدیلەكەی لە عەرەبیەكە (عن) بیكەنە (على ثلاثين يوماً) ئەوە بیست رۆژ نییە سی رۆژە، دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەروازەی دووەم

دەزگا دادوەریەكان

بەشی یەكەم

ماددەی نۆیەم: دادگاكانی مەدەنی ئەمانەن:

1 - دادگای پێداچوونەوە.

2 - دادگاكانی تێهەڵچوونەوە.

3 - دادگاكانی بەرایی.

4 - دادگاكانی باری كەسایەتی.

5 - دادگای گەورە تاوانەكان.

6 - دادگاكانی كەتن.

7 - دادگاكانی نەوجەوانان.

8 - دادگاكانی كار.

9 - دادگاكانی لێكۆڵینەوە.

10- دادگای ماددەكانی كەسایەتی بۆ غەیری موسوڵمانەكان وەكو ( مەسیحی و یەزیدی و ئایینەكانی دیكە).

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الباب الثاني

التشكيلات القضائية

الفصل الأول

أنواع المحاكم

المادة التاسعة: تتكون المحاكم المدنية من:

1- محكمة التمييز.

2- محاكم الاستئناف.

3- محاكم البداءة.

4- محاكم الأحوال الشخصية.

5- محاكم الجنابات.

6- محاكم الجنح.

7- محاكم الأحداث.

8- محاكم العمل.

9- محاكم التحقيق.

10- محاكم المواد الشخصية لغير المسلمين (المسيحين واليزديين والديانات الأخرى).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

لە حەقیقەتدا ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەم شێوەیە:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها بتغيير تسلسل المحاكم الواردة فيها كالآتي :

المادة التاسعة: تتكون المحاكم المدنية من:

1- محكمة التمييز

2- محاكم الاستئناف

3- محاكم الجنايات

4- محاكم البداءة

5- محاكم الأحداث

6- محاكم الأحوال الشخصية

7- محاكم الجنح

8- محاكم العمل

9- محاكم التحقيق

10- محاكم المواد الشخصية للمسيحين والازديين والديانات الأخرى.

واتا ئێمە دوو گۆڕانکاریمان کردووە گۆڕانکاری یەکەم/ تەسەلسولی مەحاکمەکانمان گۆڕیە، لەبەر ئەهمیەتی مەحکەمەکە، لەبەر ئەوەی ئەو مەحکەمانە هەندێکیان هەیئەتن بە حاکمی مونفەرید بەڕێوە ناچێت، ئەوانەمان پێشخستووە، ئەویترمان تەسەلسولی خۆی وەرگرتووە.

دووەمیش/ (حذف كلمة غير المسلمين) لە فەقەرە دە کردوومانە بەو صیاغەی کە خوێندمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برا ئیزیدیەکان لێرە نینە، چونکە ناوەکەیان بە یەزیدی هاتووە، دەبێت ئێزیدی بێت، بەڵێ کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ موناقەشە کردنی ئەو بڕگەیە بە حەقیقەت، ئێمە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکە بڕۆین، پاشان تەسەلسولەکە بەپێی ئەوەی پێشنیارمان کردووە، ئێمە صیاغەی دەکەینەوەو پاش و پێشی دەکەین، بۆ ئەوەی لە ئەندامانی پەرلەمان تێك نەچێت، ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکە دەڕۆین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی تەنیا تەسەلسولی مەحاکمەکانە یەك.

دووەمیش/ یەزیدیەکان دەبێت ببێتە ئێزیدی، ئەو کەلیمەی غەیری موسلیمین حەزف دەکرێتن، ئەگەر کەس قسەی نەبێتن، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس پرسیارێکم هەیە لەو مەحاکمی کە ناویان داناوە ئەخیر شت مەحاکم مەوادی شەخصیە بۆ غەیری موسلیم، ئەسڵەن خۆی وەسیقەکە ناوی وەسیقەی (المواد الشخصية لغير المسلمين)ە، یەعنی بۆ ناوی دیانەتەکان هاتووەو غەیری موسلیمینەکان ڕۆیشتووە، یەعنی لا دەبرێت، من تەسەور دەکەم هەر (محاكم المواد الشخصية لغير المسلمين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەنتقی قسەکانت ڕاستە، بەڵام ڕەنگە خۆشتر بێت ناویان بێت باشترە، خصوصیەتێکیان دەداتێ، خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس پرسیارا، مەحکەمە گومرگیە نابێت مەحاکم مەدەنیە، مەحکەمەی گومرگیمان هەیە لە هەرێمێ نابێت مەحکەمەی مەدەنیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەرەو فراوان بوون دەچن، ڕۆژانە ئیستیملاکی هاووڵاتی دەکرێت و دەعواکانی ئیستیملاك تێکەڵن لەگەڵ دەعوای تر لە مەحکەمەی بەدائە، پرۆسەکە زۆر دەخایەنێت، قەرەبوو کردنی هاووڵاتیان زۆر درێژەی پێ دەدرێت، بۆ نموونە ئێستا زەوی هەیە حکومەت ئیستیملاکی کردووە، تا ئێستا خەڵکەکە قەرەبوو نەکراینەوە، پرۆژەکە جێ بەجێ کراوەو قەرەبووەکە نەکراوە، کێشە هەیە شەش ساڵی بردووە، هەیە چوار ساڵە، هەیە زیاترە، خەڵك زۆر گلەیی لەوە هەیە، کە قەرەبوو کردنەوەکە زۆر دوورو درێژە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم مەحکەمەیەکی بەدائە تایبەت بە ئیستیملاك بکرێتن و حاکمی بۆ هەبێت، بۆ ئەوەی ئاسانکاری هەبێت، لەو حاڵەتە تەنیا هاووڵاتی سوودمەند نابێت، حکومەتیش سوودمەند دەبێت، لەبەر ئەوە مەسەلەکە درێژ دەخایەنێت، حکومەت ناچار دەبێت کرێیان بۆ حیساب بکات، ئەوەش تەئسیر لە میزانیەی هەرێم دەکات، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم ئەو مەحکەمەیە دابنرێت، بۆ ئەوەی هەم حکومەت سوودمەند بێت، هەم هاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی پێنج هەیە دادگای گەورە تاوانەكان، ئەگەر مەبەستی جەرائیمی كوبرا بێت، یەعنی بەڕاستی نیمانە، شتێكی لەو بابەتەمان نییە، ئەگەر مەبەست دادگای جینایات بێت باشترە بیكەینە دادگای تاوانەكان، چونكە جینایات هەیەو جونحەش هەیە، ئەوە گەورە تاوان كۆنەكەیە دەڵێ جەرائیم كوبرایە، كە جاران مەحاكمی جەرائیمی كوبرا هەبوو، یەعنی دیارە مەبەستی تەرجومەكەی ئەوەیە، پێشنیاری ئەوەش دەكەم دادگای ئیداریمان هەبێت، یەعنی لەم تەشكیلەدا دادگای ئیداری زیاد بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری هەردوو بۆچوونەكەی دكتۆرە هالە دەكەم لەگەڵ كاك عادل بۆ قەرەبوو كردنەوەكان و بۆ ئیداریش، بەڵام خاڵێكی ترم هەیە، ئەمە پرسیارێكە دەیكەم، یەعنی من لەوە تێ نەگەیشتم، مەوادی شەخصی چیە، ئەوە یەكەم، بۆ بەناوی مەوادی شەخصی هاتووە، بۆ بە ئەحوالی شەخصی نەهاتووە، ئەگەر مەبەست لە ئەحوالی شەخصی بێت.

دووەم/ ئێمە ئەگەر هەموومان هاووڵاتی بین لەبەردەمی یاسا یەكسان بین، بۆ ئەوان جیا بكرێنەوە، هەموو حاكمێك دەتوانێت قەزیەی هەموو هاووڵاتیەك ببینێت، لەمە بۆ جیا كراوەتەوە ئەو برادەرانەی مەسیحی و ئێزدین و دیاناتی تر، مەبەستم ئەوە نییە، یەعنی لابرێت، بەڵام من تێ ناگەم، حەز دەكەم بزانم بۆ ئەمە هەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵامت دەدەینەوە، بەڵام ئەوەی دكتۆرە هالە گوتی جێی نییە، ڕەبتی بەو قانونەوە نییە، لەڕاستیدا، شتێكی تایبەتە، دوایێ وەڵامی دەدەنەوە من داوا لە لیژنەی قانونی دەكەم وەڵامی بدەنەوە، كاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من كاك عادل ئیسارەی پێ كرد، هیچ باسێك لەسەر قەزایەی ئیداری لەم قانونە نەهاتووە، مەحاكمی ئیداریش باسی لەسەر نییە، بەتایبەتی زۆر مەشاكیل هەنە بە ئەوامری ئیداری موعالەجە دەكەن، نازانم بۆ ئیشارەتی پێ نەداوە، ئایا مەحاكم تەحقیق جێگای قەزائی دەگرێتن، یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وەڵامی پەخشان خان جەنابت وەڵامت داوە، پێی ناوێت وەڵامی بدەمەوە، بەنیسبەت شیرین خان مەحکەمەی گومرکیمان هەیە، تەبعەن قانونی گەمارکمان هەیە لە کوردستان بەرقەرارە هی حکومەتی ئیتیحادی عێراقیە، ئەوە قانونێکی خاصە، مەحکەمەیەکی خاصە، ئێستا هەر ئیش لەسەر ئەوە دەکرێت. بەنیسبەت پێشنیاری دکتۆرە هالە، قسەکانی راستە فیعلەن مەشاکیلمان هەیە لە مەحاکم دەعاوی ئیتیفا، ئیستیملاك، ئەوانە زۆرە لە مەحاکم تاخیر دەبێت، کە دەعوا تەقدیم دەکرێت ماوەیەکی زۆری پێ دەڕوات هەتا حەسم دەبێت، بەلاّم لێرە پێشنیارەکە پێی ناوێت جێ بەجێی بکەین، مەحاکمی بیدائە دەتوانێت ئەو دەعوایانە ببینێت بە قەرارێکی ئێستا، بە قەراری وەزیری عەدلە (لوزیر العدل بناء علی اقتراح رئیس محکمة الاستئناف تشکیل محاکم مختصة للنظر في نوع معین من الدعاوی)، لێرە ئێستا سەلاّحیەت لە وەزارەتی عەدل وەردەگیرێت رەئیسی مەجلیسی قەزا بۆی هەیە ئەو نەوعە مەحاکمەی تەشکیل بکات بە دیتنەوەی نەوعێکی موعیەن لە دەعوا، واتا مەحکەمەیەکی بەدائەی خاص تەشکیل دەکرێت بۆ دیتنەوەی دەعاوی ئیستیملاك ئەوە واریدە لەو جائیزە دەبێتن.

بەنیسبەت پێشنیاری کاك عادل، مەحاکمی جەزائی کوبرا تەسمیەکەیە، ئەوە پێشتر لە قانونی ئوصول موحاکەمات جەزائی بەو شێوەیەی هاتبوو لە قانونی تەنزیمی قەزایەی عێراقی (محکمة الجزاء الکبری)، واتا ئێستا جێیەکەی ئەوەیە مەحکەمەی جینایات، کە ئەو کێشانە دەگرێتەوە، کە حوکمەکانیان لە پێنج ساڵ زیاترە، کە پێی دەڵێن دەعاوی جینایات، مەحکەمەی ئیداریش راستە لە پرۆژەی سوڵتەی قەزائی، بەلاّم لە پرۆژەکی تر هاتووە، لە قانونێکی تر جارێ خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە (قانون الاستشاري المجلس الاعلی) پرۆژەیە تەقدیمی پەرلەمان کراوە، ئەوە لەبەر دەستی لیژنەی قانونیە دیراسەتی دەکەین و موناقەشەی لەسەر دەکرێت. سۆزان خانیش عەینی شتە، بەنیسبەت تەعویزەکە وەکو وەڵامی دکتۆرە هالەمان داوە، ئەوە وازیحە، مەحکەمەی ئیداریش عەینی شمولە، مەحاکمی مەوادی شەخصی تەسمیەکەیە، تەبیعی دوو نەوعە مەحاکممان هەیە، مەحاکمی ئەحوالی شەخصی ئەوە کێشەکانی موسڵمان دەبینێتەوە، تەفریقە، تەلاّقە، نەفەقەیە، موشاهەدەیە، خاص بە موسڵمانانە، بەلاّم مەوادی شەخصی مەحکەمەیەکی تایبەتە ئێستا حاکمەکانی بیدائە دەیبینن، کە خاص دەعوای مەسیحیەکانە، ئێزیدیەکانە، یان هەر دیانەتێك بێت، قانونێکی خاص موعالەجەی دەکات پێی دەڵێن (محاکم المواد الشخصیة) ناوەکەشی بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، منیش ئیستیفادەم کرد لەو مەواد شەخصیە، پرسیارەکەی بۆ زۆرمان قابیلی ئەوە بوو باشتر تێ بگەین مەوادی شەخصیە لەگەڵ ئەحوالی شەخصیە ئەوەیە، ئێستا ماددەکە بە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دەیەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**تایبەتمەندی دادگاکان**

**لقی یەکەم: دادگای پێداچوونەوە**

ماددەی دەیەم:

دادگای پێداچوونەوە: دەستەی دادوەری باڵایە بۆ هەموو دادگا شارستانیەکان لە هەرێمدا، لە سەرۆك و جێگرو دادوەران پێك دێت، کە ژمارەی هەموویان لە نۆ کەمتر نییە، بارەگاکەشیان لە هەولێرە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**اختصاصات المحاكم**

**الفرع الأول**

**((محكمة التمييز))**

المادة العاشرة: محكمة التمييز هي الهيئة القضائية العليا لجميع المحاكم المدنية في الاقليم وتتألف من الرئيس ونوابه وقضاة لا يقل عددهم جميعاً عن تسعة ويكون مقرها في أربيل.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، بەڵام ئیعادەی صیاغەکەمان کردووە، بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی دادوەری بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێنمەوە:

تقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:

محكمة التمييز هي الهيئة القضائية العليا التي تمارس الرقابة القضائية على جميع المحاكم المدنية في الاقليم وتتألف مما لا يقل عن تسعة قضاة بما فيهم الرئيس ونوابه ويكون مقرها في أربيل عاصمة الاقليم.

تەنها ئەوەمان ئیزافە کردووە (العليا التي تمارس الرقابة القضائية)و تەحدیدی عەدەدیشمان کردووە لە نۆ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش موقتەرەحی لیژنەی یاسایی زیاتر وزوحی داوەتێ، ئەگەر کەس قسەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی مەشروعەکەی (ویکون مقرها في اربیل) لیژنەی یاسایی دیسان هەولێرەکەیان نووسیووە، ئەگەر بەس ببێتە (ویکون مقرها في عاصمة الاقلیم)، ئیحتیمالی هەیە عاصیمەی ئیقلیم بگۆڕێت بچێتە شوێنی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەقە کوردیەکە دەڵێ سەرۆك و جێگر، لە دەقە عەرەبیەکە دەڵێ رەئیس و نواب، نازانم یەك نائیبی هەیە، یان دوو نائیب، حەزم کرد تەوزیحی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکەی راستترە سەرۆك و جێگرەکانی، ئەوە بنووسرێت عاصمەی ئیقلیم کرایە موقتەرەحی لیژنەی یاسای نووسیانە عاصیمەی ئیقلیم، کوردیەکەی چاك بکەن جێگرەکانی، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدە تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: یەکەم: دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە بەم شێوەیە:

أ- دەستەی گشتی: بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێدچوونەوە، یان یەکێك لە جێگرەکانی، یان کۆنترین دادوەر لە کاتێ ئەوانی دیکە ئامادە نەبن، یان بوونی بەربەستێکی یاسایی لە هاوکاری کردنیان تیایداو بە ئەندامێتی جێگرەکانی و هەموو دادوەرە کاراکاندا تێیدا گرێ دەدرێ و تایبەتمەندە بە بینینی ئەمانەی خوارەوە.

1- ئەو داوایانەی حوکمی لە سێدارەدانی تێدا دەرکراوە.

2- یەکلا کردنەوەی ئەو کێشەیەی دەکەوێتە نێوان هاو دژیی حوکم و بڕیارەکانی دادگای پێداچوونەوە دەری کردوون.

3- ئەوەی لە یەکێك لە دەستەکانی دیکەوە بۆی دەنێردرێت، ئەگەر پاشگەز بوونەوەی لە پرەنسیپێك بینی کە لە حوکمەکانی پێشتر بڕیاری لەسەر دابوو.

ب- دەستەی فراوان: بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە، یان کۆنترین جێگرەکانی، یان کۆنترین دادوەرتیایدا لە کاتی ئامادە نەبوونی ئەوانی دیکە، یان بوونی بەربەرستێکی یاسایی لە هاوکاری کردنیان تێیداو بەئەندامێتی کەمتر نەبێت لە شەش لە دادوەرانی گرێ دەدرێ و تایبەتمەندە بە بینینی ئەمانەی خوارەوە:

1- بوونی ناکۆکی لەسەر جێبەجێ کردنی دوو بڕیاری کە پلەی بنەبڕیان وەرگرتبێ دژبەیەك بن و سەبارەت بە یەك بابەت دەرکرابن، ئەگەر لە نێوان ناکۆکیەکان خۆیان بن، یان یەکێکیان لایەن بێت لە دوو بڕیارەکەدا و پەسەند کردنی یەکێك لە بڕیارەکان و بڕیاردان بە جێبەجێ کردنی نەوەك بڕیارەکەی دیکەیان بۆ سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە هەیە جێبەجێ کردنی هەردوو بڕیارە ناکۆکەکان بوەستێنێ تا بڕیارەکەی پێداچوونەوە دەردەچێ.

2- ئەو ناکۆکیانەی دەکەوێتە نێوان دوو دادگا سەبارەت بە دەستنیشان کردنی تایبەتمەندی لە بینینی داوایەکدا.

3- ئەو حوکم و بڕیارانەی سەرۆك رەوانەی دەکات، بەپێی یاسا دەکەوێتە بەر تایبەتمەندی دادگاکەوە، کە بەهۆیەوە ئەو حوکم و بڕیارانە دەرکراون، بۆ ئەوەی دەست بەکار بێت تیایدا.

ج- دەستەی مەدەنی: تایبەتمەندە بەو حوکم و بڕیارانەی لە داوا مەدەنیەکان دەرکراون و مادده جۆراو جۆرەکانی دیکەی لە دادگا و لیژنەکان بەپێی حوکمەکانی یاسا دەرکراون.

د- دەستەی باری کەسایەتی: تایبەتمەندە بە بینینی حوکم و بڕیارەکانی لە دادگای باری کەسایەتی و ماددەکانی کەسایەتی بەپێی حوکمەکانی یاسا دەرکراوە.

هـ- دەستەی سزایی: تایبەتمەندە بە بینینی حوکم و بڕیارەکانی لە داوا سزاییەکان، بەپێی حوکمەکانی یاسا دەرکراون.

دووەم: هەریەك لە دەستەی مەدەنی و دەستەی باری کەسایەتی و دەستەی سزایی بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك، یان ئەوەی هەڵیدەبژێرێ لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامێتی بەلای کەمی دوو لە دادوەرانی دادگا گرێ دەدرێ.

سێیەم: دەستەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك و ئەندامێتی بەلای کەمی چوار لە دادوەرانی دادگا گرێ دەدرێ، کاتێ تەماشای ئەو حوکمانە دەکات، کە لەدادگای تێهەڵچوونەوە دەردەچن، هەروەها بەهەمان شێوە سەبارەت بە دەستەی سزایی کاتێ تەماشای حوکم و بڕیارەکانی لە دادگای گەورە تاوانەکان بە سیفەتی ئەسڵی دەکات.

چوارەم:

أ- دەکرێ دەستەی دیکە بە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی دابمەزرێ.

ب- دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەو هەردوو جێگرەکەی پێك دێت، لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی یەکێکیان کۆنترین دادوەری دادگا شوێنی دەگرێتەوە.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الحادية عشرة: أولاً/ تكون هيئات محكمة التمييز كمايلي:**

**أ- الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو احد نوابه أو أقدم قاض فيها عند غيابهم أو وجود مانع قانوني في اشتراكهم فيها وعضوية نوابه والقضاة العاملين فيها كافة وتختص بالنظر فيما يأتي:**

**1- الدعاوى التي صدر فيها حكم بالإعدام.**

**2- الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الأحكام والقرارات الصادرة من محكمة التمييز.**

**3- ما يحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته أحكام سابقة.**

**ب- الهيئة الموسعة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو أقدم نوابه أو أقدم قاض فيها عند غيابهم أو وجود مانع قانوني من اشتراكهم فيها وعضوية مالا يقل عن ستة من قضاتها وتختص بالنظر فيما يأتي:**

**1- النزاع الحاصل حول تنفيذ حكمين مكتسبين الدرجة القطعية متناقضين صادرين في موضوع واحد اذا كان بين الخصوم أنفسهم أو كان أحدهم طرفاً في هذين الحكمين وترجيح أحد الحكمين وتقرير تنفيذه دون الحكم الاخر ولرئيس محكمة التمييز وقف تنفيذ الحكمين المتناقضين لحين صدور القرار التمييزى.**

**2- النزاع الحاصل حول تعيين الاختصاص في نظر الدعوى الذي يقع بين المحكمتين.**

**3- ما يحيله عليها الرئيس للبت فيه من احكام وقرارات تقع ضمن اختصاص المحكمة وفقاً للقانون الذي صدرت بموجبه تلك الأحكام والقرارات.**

**ج- الهيئة المدنية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة في الدعاوى المدنية والمواد المتفرقة الأخرى الصادرة من المحاكم واللجان وفقاً لأحكام القانون.**

**د- هيئة الأحوال الشخصية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة من محاكم الأحوال الشخصية والمواد الشخصية طبقاً لأحكام القانون.**

**هـ- الهيئة الجزائية: وتختص بالنظر في الأحكام والقرارات الصادرة في الدعاوي الجزائية وفقاً لأحكام القانون.**

**ثانياً/ تنعقد كل من الهيئة المدنية وهيئة الأحوال الشخصية والهيئة الجزائية برئاسة أحد نواب الرئيس أو من تختاره هيئة الرئاسة وعضوية اثنين من قضاة المحكمة على الأقل.**

**ثالثاً/ تنعقد الهيئة المدنية برئاسة أحد نواب الرئيس وعضوية أربعة من قضاة المحكمة على الأقل عندما تنظر في الأحكام الصادرة من محاكم الاستئناف وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في أحكام وقرارات محاكم الجنايات بصفته الاصلية.**

**رابعاً/ أ- يجوز تشكيل هيئات أخرى بقرار من هيئة الرئاسة.**

**ب- تألف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب أحدهم يحل محله أقدم قاض في المحكمة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: تقترح اللجنة:

- اضافة نقطة رابعة الى (الهيئة العامة أ- )كالآتي:

4- ماينص عليه القوانين الاخرى)، ئـەوە مومكينـە لـە موسـتەقبەل قـەوانينى تـر دەربچێت ئیمکان هەیـە ئیحالەی ئیختیصاصاتی ئەم هەیئەیە بکرێت، فەقەرەیەکی تر:

- اعادة صياغة النقطة /2 من (الهيئة الموسعة ب-) كالآتي:

2- النزاع الحاصل بين محكمتين حول تعيين الاختصاص في نظر الدعوى)، ئەمەش بـە حەقیقـەت صیاغەی فەقەرەیە فەقەت.

- اضافة هيئة جديدة الى المادة كالآتي:

الهيئة الزراعية وتختص بالنظر في الاحكام والقرارات الصادرة عن لجان الاراضي والاستيلاء.

حيث ان هذه الهيئة كانت موجودة في قانون السلطة القضائية رقم 14 لسنة 1992، و يتوقع تزايد دعاوى لجان الأراضي و الإستيلاء في الاقليم للتغيرات التي طرأت عليه بعد تحرير العراق.

- اضافة عبارة (والهيئة الزراعية) بعد (والهيئة الجزائية) في الفقـرة ثانيـاً في نفـس المـادة تبعـاً لمـا قـد تـتم اضافتها كهيئة أخرى لمحكمة التمييز باعتبارها تنعقد هي الأخرى مما لا يقل عن ثلاثة قضاة.

اعادة صياغة الفقرة ثالثاً في نفس المادة كالآتي:

تنعقد الهيئة المدنية برئاسة احد نواب الرئيس وعضوية اربعة من قضاة المحكمة على الاقل عنـدما تنظـر في الاحكام الصادرة من محاكم الاستئناف بصفتها الاصلية وكذلك الحال بالنسبة للهيئة الجزائية عندما تنظر في احكام وقرارات محاكم الجنايات.

ئەمەش تەنها ئەوەندە ئیزافە کراوە مەحاکمی ئیستیئناف بە سیفەتی ئەسڵی کە تەماشـای دەکـات، چـونکە ئەگەر بە سیفەتی تەمییزی تەماشای بکات فەرقی هەیە.

ئەوە بەڕاستی کورتەی ئەو ئیزافات و ئەو ئیعادەی صیاغەیە کە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە کراوە.

دووەمین/ رەئیش رەئی ئێوەو رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحاتی لیژنەی یاسـایی هـەمووی بەجێنـە، (تـنص علیـە القـوانین)، نـەك (یـنص) عەرەبیەکـەی چاك بکەنەوە، کەس قسەی هەیە لەسەر هینەکان، کاك حاکم نورالدین فەرمو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو ماددانە ئەگەر پەسند کرا بە لوغەی عەرەبی و کوردیەکەی پەسند دەکرێت بـەو تەرجەمەیـە، لە زمانی کوردی هات سەرۆکی دادگاو جێگرەکانی و کۆنترین دادوەر وشەی لە قیدەمەوە هاتووە، قیـدەم بـە کۆنترین ناگوترێـت، پێـی دەگوترێـت پێشـترین، ئەگـەر بڵێین پێشـترین دادوەر، یـان بـەرزترین پلـە دادوەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیختیلاف هەبوو لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبی، عەرەبیەکە ئەساسە، کوردیەکەی چاك دەکەینەوە، کاك غەفور فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆربەی یاساکان کە گفتوگۆ دەکرا وەزیری تایبەتمەند کە ئامادە دەبوو، بەڕێوەبەری گشتی، یان راوێژکار، یان هەر بەشێك کە رەئیەکەی خۆی بۆ وەزیری تایبەتمەند دەگوت، وەزیر رەئیەکەی عەرزی سەر پەرلەمان دەکرد، بەلاَم ئەوەی کە من لێرە تێبینی دەکەم بەڕێز کاك حاکم نورالدین ئەو رەئیەکان پێشکەش بە پەرلەمان دەکات، ئوصولیەن وابزانم دەبێت بیدات بە وەزیری داد، وەزیری داد دەبێت رەئیەکان بداتەوە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی وەلاَمتان چیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مولاحەزاتی کاك غەفور، بەڕێز حاکم نورالدین ئێستا جێگری سەرۆکی دادگای تەمییزە لە کوردستان و جێگری سەرۆکی مەجلیسی قەزایە، واتا ئەو بۆی هەیە موناقەشە بکات، خاصەتەن قانونەکە تایبەتە بە ئەو، ئەوە یەك.

پێشنیارێکم هەیە ئەگەر لێم قەبول بکرێت، لە سێیەم لە ماددەی دە کەلیمەی (بصفه اصلیه) لابچێتن، چونکە مەحکەمەی تەمیز بۆی هەیە تەدەخولی هەموو قەراراتێك بکات، ئەگەر هاتوو قەرارێك خەرقی قانون کرا بەپێی ماددەی (264) لە قانونی ئوصول موحاکەمات جەزائی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی ئێمە دەنگمان بۆ ئەو ماددەیە دا، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تەدەخولی تەمییزی مەسەلەیەکە، مەسەلەی بینینی دەعوا لە لایەنی ئیستیئنافەوە بە سیفەتێکی ئەسڵی و بە سیفەتێکی تەمییزی مەسەلەیەکی ترە، ئێمە ئەوەی مەبەستمانە ئەو دەعوایانەی کە لە ئیستیئنافەوە دەبینرێت بە سیفەتێکی ئەسڵی، نەك بە سیفەتێکی تەمییزی، چونکە سیفەتی تەمییزی کە وەرگرت لەویَ دەرەجەی قەتعی وەردەگرێت بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك نورالدین و کاك فاروق رەئیان لەسەر ئەو دوو ئیختیلافەی ناو لیژنەی قانونی چیە فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە سیفەی ئەسڵی مەحکەمەی ئیستیئناف، بە سیفەی ئەسڵی دەعاوی حقوقی دەمێنێت، بە سیفەی تەمییزی دوو هەیئەی هەیە، هەیئەی تەمیزی مەدەنی و هەیئەی جەزائی، ئەوە سیفەتی مەحکەمەی تەمیز وەردەگرێت لەویّ قەرارەکانیش باتتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە (الهيئة العامة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو احد نوابه أو أقدم قاض فيها عند غيابهما) نەك (عند غيابهم) غەڵەتە، من یەك پرسیارم لە لیژنەی قانونی هەیە ئەگەر فەرقێکمان بۆ بکەن لە بەینی ئیشەکانی هەیئەی عامەو ئیشەکانی هەیئەی موەسەعە، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین لە هەیئەی عامە (صدر فيها حكم بالإعدام) یان (القرارات الصادرة من محكمة التمييز او ما يحال عليها) لە کویّ (من احدى الهيئات) لە هەیئەی موەسعە دیسان دوو (احكامي متعارض محكمتين) یەعنی هەردووکی لە دەرەجەی قەتعیدا هەبوو، یەعنی هەردوو مەحکەمە لە دەرەجەی قەتعیدا هەبوو، یان (او يحال عليها رئيس) یەعنی هەموو ئیشەکان (البت في القرارات)ە، نازانم یەعنی بۆ وا تەخصیص کراوە لەنێوان هەیئەی عامەو هەیئەی موەسعە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناحیەی زمانیەوانیەکە، تەبعەن ئەگەر نەصی ناحیە قانونیەکە وەربگرین، نەصی نحوی بۆ ئەحەدەکە دەگەڕێتەوە دەبێت بڵێی (عند غيابهما)، بەڵام چونکە نوابە دوو نائیبە، بەس لێرە ئەوها بڵێی بۆ ئەوەی هەردوو نائیبەکەی بگرێتەوە باشترە، ئەگەر وەڵامێکی کاك سەعدەدین بدەن بۆ ئەو ئیستیفساراتەی کە کردی، کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەشروعەکە زۆر وازیحە، سەلاحیاتی هەیئەی عامە بە وازیحی دیار کراوە، دەڵێ (وتختص بالنظر فيما يأتي:

1- الدعاوى التي صدر فيها حكم بالإعدام.

2- الفصل في النزاع الذي يقع حول تعارض الأحكام والقرارات الصادرة من محكمة التمييز.

3- ما يحال عليها من احدى الهيئات اذا رأت العدول عن مبدأ قررته أحكام سابقة)، مەحکەمەی تەمییز ئێستا تەشکیلاتی لە کوردستان پازدە کەسن سەرۆك و چواردە ئەندام، ئەوە هەیئەی عامە تەشکیل دەکرێت بەوانە بەکۆی ئەوانە، هەیئەی موسعە کە لە فەقەرەی (ب) دیار کراوەو سەلاحیاتی چیە لە شەش کەس کەمتر نابێت ببێت (الهيئة الموسعة: وتنعقد برئاسة رئيس محكمة التمييز أو أقدم نوابه أو أقدم قاض فيها

عند غيابهم أو وجود مانع قانوني من اشتراكهم فيها وعضوية مالا يقل عن ستة من قضاتها)، واتا عەدەديان كەمترە، هەيئەی عامە شاملە هەموو هەيئەی مەحكەمەكەيە، هەيئەی موەسەعە ئەو هەيئەيە كە لێرە بەديار كراوە، سەلاَحيەتەكانيش بەنيسبەت حوكمی ئيعدام ئەوە سەلاَحيات ئيعدام عايدی هەيئەی عامەيە، يەك لە هەيئەكانی مەحكەمەی تەمييز مەبدەئێكی تەسبيت كردووە، دوايیٚ لە مەبدەئی خۆيان گەڕانەوە، ئەوە ئيحالەی هەيئە عامە دەكرێت تا تەسبيتی مەبدەئەكان بكرێت، تاكو تەعاروز نەبێت قەرارەتەكان كە لە مەحكەمەی تەمييز دەردێت هەمووی بەشێوەيەكی موعەين دەربێت نەسەقێكی هەبێت، چونكە نابێت قەرارات لە مەحاكمی تەمييز بەتايبەتی كە بالاَترين دەستەری دادوەرييە لە كوردستان زوو زوو گۆڕانكاری لەسەر بكرێت، مەبدەئەكان زوو زووە بگۆڕێت، بلیٚ تەناقوز دەبێتن، ئێستا بلێين سالیٚ 2007ە قەرارێكيان داوە تەقريبەن دەبێت قەرارەكان موتەناسيب بێت و موتەجانيس بێت لەگەلٚ قەرارەتەكانی پێشوو كە دراوە دوو، سیٚ سالٚ پێش ئێستا، بەلاَم بلێی دە سالٚ پێش ئێستا قەرارێك دراوە، بۆيان هەيە ئێستا بگەڕێنەوە لە رەئی خۆيان، ئەگەر موخالەفەی نەصێكی قانونی سەريح نەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەيە لەبەر رۆشنايی موقتەرەحی ليژنەی قانونی دەيخەمە دەنگدانەوە، كیٚ لەگەلٚدايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كیٚ لەگەلٚدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ وەرگيرا، بڕۆ بۆ ماددەی دوازدە تكايە.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەهەم:

يەكەم: هەلٚبژاردنی سەرۆكی دەستەكان لە سەرەتای هەموو سالێك بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی دەبێت, لە حالەتی ناديارى هەريەكێكيان پێشترين دادوەری دادگا شوێنی دەگرێتەوە.

دووەم: هەموو دەستەكان بە دەستەی فراوانيشەوە لە سەرەتای هەموو سالێك بە بڕياری دەستەی سەرۆكايەتی پێك دێت و ئەندامی دەستەكە ناگۆڕێت تەنيا ئەگەر پێويست بێت و بەهەمان رێگاوە دەبێت.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

اولاً: يجري اختيار رووساء الهيئات في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة.

ثانياً: يتم تشكيل الهيئات بما في ذلك الهيئة الموسعة في بداية كل سنة بقرار من هيئة الرئاسة ولا يستبدل عضو الهيئة الا اذا اقتضت الضرورة بذلك و بالطريقة ذاتها.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی هەردوو بڕگەكەین، بەڵام هەردوو بڕگەمان دەمج كردووە بۆ یەك بڕگە ئەویش ماددەی دوازدەیە بەو شێوەیەی كە بۆتان دەخوێنمەوە:

یتم تشكیل هیئات المحكمة بما فیها الهیئة الموسعة وتسمیة رؤسائها واعضاءها في بدایة كل سنة بقرار من هیئة الرئاسة وعند غیاب احدهم یحل محله اقدم قاضي ولا یغیر الأعضاء الا اذا اقتضت الضرورة ذلك وبالطریقة ذاتها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی پێشەم چەند دەستەیەكمان دامەزراند، لە ماددەی دوازدەهەمیش ئاماژە بە هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەكان دەكات، جائیزە لەو دەستانە كە هەڵدەبژێردرێن دادوەرێك لە چەند دەستەیەك بەشدار بێت، من بەباشی دەزانم ئێمە لێرە بڕگەیەك ئیزافە بكەین بۆ دەست نیشان كردنی ماوەی كۆبوونەوەی ئەو دەستانە، بۆ ئەوەی بەهۆی پڕكاری دادوەرەكان لە چەند دەستەیەكدا، ئیمكانە دەستەیەك مەجالی كۆبوونەوەكەی بۆ چوار هەفتە، یان بۆ مودەیەك دوابكەوێت، بۆیە من بەباشی دەزانم لێرە بڕگەیەك ئیزافە بكەین، كە هەموو دەستەكان بە دەستەی فراوانیشەوە ماوەی كۆبوونەوەكانیان لە دوو هەفتە كەمتر نەبێت، یان مەجالێك كە خۆیان بەباشی بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیختیصاصی رەئیسی مەحكەمەیە، دەتوانێت ئەو هینی بكاتن بە قانون بیكەیت تەقیدی دەكەیت، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا من تێگەیشتم بەوەی كە سەرۆكی دەستەكان هەموو سەرەتای ساڵێك بە بڕیارێك دەستەی سەرۆكایەتی دەبێت، بەڵام دەستەی سەرۆكایەتی پێوەرەكانی و چۆن هەڵدەبژێردرێن، ئەمانە تیا دیار نییە، یەعنی ئەوە لە كوێ هەڵدەبژێردرێت؟ لەلای كوێ هەڵدەبژێردرێت و بڕیاری لێ دەدات، چۆن چۆنیە ئەوە دیار نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆیان تەقدیری دەكەن، لێرەش هەیە شەرحی كردووە، دەڵێ دەبێت ئیختیصاص هەبێت، ئەوەندە خزمەتی هەبێت، فەرموو كاك حاكم نورالدین وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز حاكم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێشی کە فەقەرەی چوار (يجوز تشكيل هيئات اخرى بقرار هيئة الرئاسة: ب- تؤلف هيئة الرئاسة من رئيس محكمة التمييز ونوابه وفي حالة غياب احدهم يحل محله اقدم قاضي في المحكمة)، ئەوە هەیئەتی ریئاسە قانون تەشکیلی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەی سۆزان خان ئەوە نەبوو، سۆزان خان دەڵێ لەسەر چ ئەساسێك، چ تەقیمێك ئەوانە دادەنرێت، کێ تەقیمیان دەکات.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی تەمییز تەبعەن هەر کەسێك دابەش ئەکرێت بەسەر دەستەکاندا، ئەوەش دەستەکان هەیئەتی ریئاسەتێك تەشکیلیان دەکات و هەموو ئەندامێك تەبیعی کارێکی پێ دەسپێرێت تەقیمەکە لەوەیە دابەش دەکرێتە سەر دەستەکان، هەئیەتی ریئاسە قانون تەشکیلی کردووە، لە رەئیسی مەحکەمەو نائیبەکانی و ئەمە هەیئەتی ریئاسەیە، لە مەنصەب تەبعەن هەموو حاکمێك مەنصەب بە قیدەمە دابەش کردنەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدی سۆزان خان ئەوەیە کێ تەقیمیان دەکات، پێوەری تەقیم، لەسەر چ ئەساسێك، چ مقیاسێك تەقیم دەکرێن، هەیە نووسراوە لە شوێنێکی تر.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من کە ئەم قسەیە دەکەم هەڵبەتە مەبەستێکم هەیە، ئێستا زۆربەی گلەییەکان ئەوەیە لە هەموو شوێنێکدا دامەزراندن لەسەر ئەساسی حزبایەتیە، قوربەسەریەکە لەوە دایە، ئەگەر لە مەحکەمەی تەمییزدا دانانی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئەو ئەساسە بێت، من بەس مەبەستم ئەوەیە، ئەگینا هیچ مەبەستێکی ترم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پێش هەموو شتێك ئەو قانونە دێینە سەری، دەڵێ ئەوەی ببێتە حاکمیش نەك هەر ئەوە، نابێت لە سیاسەت ئیش بکات، ئەوە یەك.

دووش/ ئەگەر تەماشا بکەن لە دامەزراندنی مەحکەمەی تەمییزی ئەمجارە حزبەکان حەریس بوون لەسەر ئەوەی خەڵکی وا هەڵبژێرن حزبی نەبن، ئەوەندەی بکرێت بێ لایەن بن، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی ئیتیفاقی لەسەر کرا، کێ بوون ئەوانە سەرۆك، جێگر، کێ بوون، ئەندامەکان کێ بوون، پێوەرەکە ئەوە بوو ئایا لە حاکمیدا سجلی حاکمی چۆن بووە، تەقیمی خەڵك بۆی چۆنە، نەزاهەتی چۆن بووە، عیلمەکەی لە قانوندا چۆن بووە، لەبەر ئەوە کۆسپێك نەهاتە پێش، پێم وایە هەر لەسەر ئەو ئەساسە دەبێت کە خەڵکی

بێ لایـەن بێـت، بـێ لایـەن مەقصـەدم لـەوە دایـە لـە قـەراردان، لـەو لەحەزەیـەی کـە دەبێتـە حـاکم نابێـت حزبایەتیش بکاتن، نابێت سیاسەتیش بکات، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن تـەوزیحێکم هەیـە بەڕاسـتی ئـەوەی مـن بـۆی دەچـم بـەو شـکلەیە، هەیئـەی ریئاسـە دەڵـێ لـە رەئـیس مەحکەمـەی تـەمییز و نائیبەکـەی (فی حالـة غیـاب احـدهم یحـل محلـه اقـدم قاضـي) رەئیسـی مەحکەمـەی تەمییز پێوەرەکانی دیاری کـراوە لـەناو قانونەکـە، نائیبـەکان پێوەرەکانیـان دیـاری کـراوە، ئەقـدەم قـازیش مەعلومە پاشی ئەو دووەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی مەجلیسـی قـەزا بەرنامەیـەك لەگـەڵ جێگرەکـانی، لەگـەڵ ئەنـدامانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی قـەزا ئـەوان هێنیـان دەکـەن، دادەنیشـن تـەقیمی کەسـێك دەکـەن و ئیتیفـاقی لەسـەر دەکـەن و دایـدەنێن، کـاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سـی و پێـنج باسـی تـەعینی قـوزات دەکـات دەتوانێـت بگەڕێتـەوەو پێوەرەکـانی هـەمووی دیـاری کراوەو کاك شێروانیش باسی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ژمـارەی ماددەکـەم لـە بـیر نـەبوو، بـەڵام گـوتم تێیدایـە، بـەس نەمـدەزانی سـی وپێنجـە سوپاسـت دەکـەم، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە هەردوو بڕگەکەی کردە یەك بـە هـەموو ماناکانـەوە دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، کە من دەڵێم موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بە مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی قـەزاش کـە ئێستا مەحکەمەی تەمییزە بـە رەئـی ئـەوان گەیشـتینە ئـەو ئیتیفاقـە، یـەعنی ئیعتیرازیـان نییـە، مـاددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەهەم: یەکەم: دەسەڵاتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

1- بەڕێوەبردنی دادگا.

2- سەرۆکایەتی دەستەی سەرۆکایەتی.

3- سەرۆکایەتی دەستەی گشتی و دەستەی فراوان و هەر دەستەیەك لە دەستەکانی دادگای پێداچوونەوە.

4- پشکنینی کارەکانی دادگای پێداچوونەوە.

5- ڕەوانە كردنی ئەو تانووتانەی پێشكەش بە دادگا دەكرێت، بۆ وەرگرتنی ڕەسم و سپاردەكان و (امانات)و تۆمار كردنیان.

6- مۆڵەتدان بە دادوەرانی دادگا و فەرمانبەرەكانی.

7- بەرز كردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی فەرمانبەران.

8- ئیمزا كردنی نووسراوە فەرمیەكانی بۆ وەزارەتەكان دەنێردرێن.

دووەم: دەسەڵاتەكانی پێشترین جێگری سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە ئەمانەن:

1- ئەنجامدانی كارەكانی سەرۆكی دادگای پێداچوونەوە لە كاتی نادیاریدا.

2- سەرۆكایەتی كردنی دەستەیەك، یان زیاتر لە دەستەكانی دادگای پێداچوونەوە.

3- بەشداری كردن لە دەستەی سەرۆكایەتی.

4- ئیمزا كردنی نووسراوەكانی گەڕاندنەوەی دۆسیەی داوا یەكلاكراوەكان هاوپێچ بە بڕیارەكانی دادگای پێداچوونەوە.

5- ئەو دەسەڵاتانەی دیكەی كە سەرۆك ڕێی پێدەدات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: أولاً: تكون صلاحيات رئيس محكمة التمييز كما تأتي:

1- ادارة المحكمة

2- رئاسة هيئة الرئاسة.

3- رئاسة الهيئة العامة والهيئة الموسعة او أية هيئة من هيئات محكمة التمييز.

4- تفتيش أعمال محكمة التمييز.

5- احالة الطعون التي تقدم الى المحكمة لاستيفاء الرسوم والأمانات وتسجيلها.

6- منح الاجازات لقضاة المحكمة ومنتسبيها.

7- رفع التقارير السنوية عن الموظفين.

8- توقيع المخابرات الرسمية الى الوزارات.

ثانياً : تكون صلاحيات النائب الأقدم لرئيس محكمة التمييز كمايلي:

1- القيام بأعمال رئيس محكمة التمييز عند غيابه.

2- رئاسة هيئة أو أكثر من هيئات محكمة التمييز.

3- الاشتراك في هيئة الرئاسة.

4- توقيع كتب اعادة أضابير الدعاوى المحسومة مرفقة بقرارات محكمة التمييز.

5- ما يخوله الرئيس من صلاحيات أخرى.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام چەند مولاحەزەیەکی بەسیتمان هەیە، هەندێك گۆڕانکارمان کردووە بەم شێوەیەی کە بۆتان دەخوێندرێتەوە:

المادة الثالثة عشرة : تقترح اللجنة اجراء التعديلات التالية على الفقرات المبينة أدناه:

اولا:6- تبديل كلمة (موظفيها) بكلمة (منتسبيها) لكي يشمل العمال والمستخدمين العاملين فيها.

اولا:7- اضافة عبارة (الى مجلس القضاء) الى نهاية الفقرة.

ثانيا:3- حذف الفقرة لكونها من تحصيل الحاصل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی قانونی موقتەرەحەکەی ئەوەیە سەلاحیەتی نائیبی ئەقدەم پێویست ناکاتن، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشوودا زۆر ئاماژەی پێ کراوەو شەرح کراوە.

دووەمینش/ لە شەشەم مونتەسیب بێت نەك موەزەفین، ئەی باشە حەوتەم، حەوتەمیش دەبێت مونتەسیبین بێت، کەواتە شەشەم و حەوتەم لە جیاتی (موظفيها) بکرێتە (منتسبيها) بکرێت، پێشتر کاك فاروق وەزیری داد قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر فەقەرەی هەشت دەڵێ (توقيع المخابرات الرسمية الى الوزارات) تەبیعی ئەنجومەنی قەزائی کە سەربەخۆ بێت، مانای وایە حەقی هەیە بۆ ریئاسەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەوەی بنێرێتن، بە رەئی من کەلیمەی وەزارەت حەزف بکرێت (توقيع المخابرات الرسمية)، چونکە خۆی سەر بە وەزارەتی عەدل نامێنێت، تاکو بۆ وەزارەتی عەدل بنووسین، ئینجا بۆ ئەوەی بنووسین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر کەلیمەی وەزارەتەکە لابدرێت، وایە راستە مولاحەزەیەکی بەجێیە (توقيع المخابرات الرسمية) کافییە، کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی چوارەوە دەڵێ (پشکنینی کارەکانی دادگای پێداچوونەوە) ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت (هەروەها دادگاکانی تریش)، لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریشە، با دادگاکانی تریش هەست بە لێپرسینەوە بکەن، ئەوە شتێکی باشە بۆی ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعاروز ناکات لەگەڵ مەسئوولیەتی رەئیسی مەحکەمەی ئیستیئناف و موفەتیشی عام و هەیئەی ئیشرافی عەدلیە، زۆر شتی هەیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە هەیئەی ئیشراف قەزائیشمان دروست کردووە لێرە لەو قانونە بەڕاستی، هەیئەی ئیشراف قەزائی، ئیشراف کردنە لەسەر هەموو مەحاکمەکان، ئەو دەسەلاتەش بەڕاستی مەحکەمەی تەمییز وەرگرێت، بەس مەحکەمەی تەمییز لە نیتاقی خۆی زۆر تەبیعییە ئەو کارە بکات، تەفتیشیش دائیرەی ئیشراف قەزائی ئەوە دەیکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە روونکردنەوەکەی جەنابت وابزانم بە هەڵە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی حاڵی بووی، فەرمووت ئەوان کە دەڵێن سەلاحیەتی نائیبی ئەقدەم باس نەکرێت، نەخێر، ئێمە لە راپۆرتەکە دەڵێین فەقەرەی سێیەمی کە دەڵێت (الاشتراك في هيئة الرئاسة)، ئەوە باس نەکرێت، چونکە تەحصیل حاصلە، نەمانگوتووە دووەم هەمووی باس نەکرێت، لەناو دووەم رەقم سێ (3- الاشتراك في هيئة الرئاسة) راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەڵێ ئەوە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت زۆر بە جێیە، بەس دیارە من رەئی خۆم بووە، بۆیە تێکەڵم کردووە، چونکە نائیبی رەئیس هەمووی هاتووە لە ماددەی پێشتر، راست دەکەیت لیژنەی یاسایی تەنیا فەقەرەی سێی حەزف کردووە (3- الاشتراك في هيئة الرئاسة)، بەلام مەسەلەکانی تریش یان تەحصیل حاصلە، یان لە ماددەی پێشوودا هاتووە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من زۆر دڵم خۆشە کە دەڵێن ئەوە قەزا جیا بێتەوەو ئەم شتانە، بەلام شتێکی زۆر سەیر دەبینم لێرەدا، مەعقولە سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز هیچ ئیش و کاری نەبێت مەنحی ئیجازەکە بدات بە موەزەفەکانی، ئەوە هیچ مەعقول نییە، ئێمە خوا خوامانە ئیشەکانی خۆی بکات، ئەمە یەك.

دوو/ (رفع التقارير السنوية عن الموظفين) خۆی دەبێت هەڵسەنگاندن هەبێت، ئەو بۆ رەفعی تەقریر بکات، بۆ کوێشی بکات، ئەوەش روون نییە لەلای من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن تۆ زۆر جار موداخەلاتی زیرەکانە دەکەیت، زۆر جاریش موداخەلات دەکەیت، یان لە زمانەکە تێ نەگەیشتی، یان ئەو موداخەلە گرنگانە کردووتە، لە بیرت چووە، خۆت لەسەر ئەو بابەتە شەرحێکت داوە، من دێتە بیرم، جارێك رەفع کردنی تەقاریر دەیداتە مەجلیسی قەزا، مەعلومە دەیداتە کێ؟ بۆ ئەوەی قەراری لەسەر بدەن، ئیجازاتیش دەبێت یەکێك ئیجازە بدات، لە پەرلەماندا کێ ئیجازە دەدات، رەئیسی دائیرە، بەلأم دەتوانێت تەخویل بکات، دەتوانێت مودیر عام تەخویل بکات، دەتوانێت جێگرەکەی خۆی تەخویل بکات، بەلأم بە قانون دەبێت ئەو دەسەلأتە بدەیتە یەکێك، ئەویش ئەگەر وەختی نییە، موەزەفیش، موەزەفی دائیرەی خۆیەتی، موەزەفی مونتەسیبی خۆیەتی، دەسەلأتەکەی دەدەیتێ، ئەو دەیداتە رەئیسی دیوان، دەیداتە جێگری، دەیداتە هەر کەسێکی تر، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دوو پرۆژەی جیاواز هەیە لەبارەی ئەمە، ئەسڵی پرۆژەی یاساکە کە هاتووە دوو پرۆژەی جیاواز هەیە لە پرۆژەی یەکەمیاندا ئەوەی خوێندتانەوە (توقیع المخابرات الرسمیة)، بەس دوایی ئەو پرۆژەیە چاك کراوە، کرا بە (توقیع المراسلات الرسمیة)، من نازانم بۆچی بە هەڵە ئەوەیان نەخوێندۆتەوە، باشترە (المراسلات الرسمیة) بێت لە جیاتی (المخابرات الرسمیة)، چونکە پرۆژەیەك لە لای من هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلأم هەردووکی عەینی مانا دەگەیەنێت، فەرقێکی ئەوتۆی نییە، کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێزدە نوقتەی دووەم و سێیەم (رئاسە هیئە الرئاسە) کەلیمەیەکی خۆش نییە، یەعنی چۆن ریئاسەت هەیئەتی ریئاسەت، دەڵێ (تکون صلاحیات رئیس محکمة التمییز)، دوایێ لە پاشان لێرە لە سێیەم/ (رئاسة الهیئة العامة) هەر یەکسەر (للرئیس ان یرأس ایة هیئة من هیئات المحکمة)، ئەوها جوانترە لێرەدا، پرسیارێکیشم لە لیژنەی قانونی هەیە، ئایا کە رەئیسی مەحکەمەی تەمییز سەلأحیاتی موتڵەقی هەیە، بۆی هەیە ئیستیحداسی هەیئە بکات، یان نا؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە قانون رێگا بدەن رێگا هەیە، ئەگەر بە قانون رێگا نەدەن رێگا نییە، ئەوە ئێستا باسی دەکەین و دەسەلأتی دەدەینێ، کاك حاکم نورالدین قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز حاکم نورالدین ملا علی/ جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی هەیئەتی ریئاسە، هەیئەتی ریئاسە بۆی هەیە ئیستیحداسی هەیئاتی تر بکات، ئەوە لە قانون هەیە مەوجودە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەك بوو دەنگمان بۆدا، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی جێگری سەرۆکی دادگای تەمییز لە ماددەی چوار پێشنیارێکی کرد لەوەی (الامر بالصرف) لێرە وەلآمی دراوە گوتیان لە شوێنێکی تر دەبێت باس بکرێت، نەك لێرە، من پێم وایە لەو ماددەیە لە فەقەرە یەك جێگای دەبێتەوە، ئەوە یەك.

دوو/ لە دووەم ئەوەی پێشنیاری لیژنەی قانونی کە دەڵێ برِگە سێ لابدرێت، چونکە تەحصیل حاصلە، من پێم وایە دەبێت ئەوە بمێنێتەوە، ئەگەر لەبیرتان بێت لە قانونی ئیستیسمار هەمان حالآت هاتە پێش، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گوتمان جێگری دەکات لە مەجلیسی ئیستیسمار، بەلآم ئەندام نەبوو، گوتمان دەبێت هەم ئەندام بێت و هەم جێگریش بێت، لێرە ئەگەر ئێمە وا بکەین بەڕاستی تەناقوز دەکەین لەگەڵ ئەو مەنتیقەی لەوێ بەکارمان هێناوە، من پێم وایە دەبێت ئەوە بمێنێت، بەلآم بگوترێت (عضوية هيئة الرئاسة) نەك (الاشتراك في هيئة الرئاسة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی (امر بالصرف)و چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ موستەمسەکاتی مالی، ئەوە لە تەعلیماتی حسابی و لە قەوانینی مالی هاتووە، یەعنی لە قەوانینی وەزارات و قەوانینی دەزگاکان نایەت، بۆیە تەعلیماتی مالی و تەعلیماتی حیسابی دەڵێ مەسەلەن صکوك ئامیری بە صەرف کێیە، فلان کەسەو موەزەف حیسابی فلان کەسە، سێ کەس، ئەوە لە تەعلیماتی مالی و حیسابی دێت لە قەوانین نایەت بە قەراری قەتعی، ئەمە یەك.

دووەمیش/ بەنیسبەت ئەوەی کاك نورالدین وەلآمی دایەوە هی کاك سەرداری بە تەفسیلی ئەو مەسەلەیە، بەنیسبەت عوزویەتەکە ئێمە دەڵێین ئەو تەعریفاتە لە پێشوو هاتووە، پێویست ناکات دووبارە لێرە بیڵێینەوە فلان شتی دەکات و فلان شتی ناکات، هەر ئەوەندەیە، یەعنی تەحصیل حاصلەکە مومکینە تەعبیری لێ بکات، بەلآم مەسەلەکە ئەوەیە لە تەعریفاتی پێشتر هاتووە هەیئەی مەحکەمەی تەمییز

**چۆنه، تەعریفی کردووە، ئێمە دەڵێین لێرە زیادەو پێویست ناکات بێتەوە، لەبەر ئەوەی لە پێشتر تـەعریف کراوە هەر ئەوەندەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیەی لێهاتووە (موظفيها) لە شەشەم و حەوتەم دەبێتە (منتسبيها)، لە هەشتەم بەپێی ئەو موداخەلەی کاك فاروق (الى الوزارات) شەتب دەکرێت، لە (دووەم/3- الاشتراك في هيئة الرئاسة) شەتب دەکرێت لەسەر ئەساسی موفقتەرەحی لیژنەی یاسا، چونکە لە ماددەی پێشتر هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو موفقتەرەحاتی لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دانیشتنەکەمان دوا دەخەین تا بەیانی، بەرنامەی سبەینێمان، تەبعەن جگە لەوەی بەردەوام بوون لەسەر، بەڵام پێش ئەوەی بەردەوام بین، ئەوە وەختێك تەرخان دەکەین نیو سەعاتێك بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی سێ وەفدەکان، کە بە بڕیاری ئێوە سەردانی ناوچەکانی سنووریان کرد بوو لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، وەختێکی کورتی بۆ دادەنێین، بۆ ئەوەی صیاغەی داواکاریەکان بکەین و ئینجا دێینەوە سەر بەرنامەی کاری خۆمان، سبەینێ سەعات دەو نیو، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو وەختەی کە تەرخان دەکەین بۆ ئەوان، ئەمە یەك.**

**دوو/ ئەمرۆ سەعات حەوت دانیشتنێك هەیە لەنێوان ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ موئەسەسەی شەهیدی میحراب، لەگەڵ ژمارەیەك لە پسپۆڕان و ئەندامان و دکتۆری جامیعەو مامۆستایانی جامیعە، کە لە هەولێرن بۆ کۆنفرانسێك لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ئەنجامیان داوە، ئێمە ئەمرۆ لە خزمەتیان داین لە قەصری موئتەمەرات سەعات حەوت، ئەوان ژمارەیان چل، پەنجایەکن، ئێمەش هەر ئەندامێکی پەرلەمان وەختی هەبێت لە خزمەتی داین، هەم سەعات و نیوێك دانیشتنێکیان لەگەڵدا دەکەین، لەسەر بابەتەکانی هاوبەش مەوزوعی فیدراڵیەت و دەستوورو پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵ، ئەوان بە دوای زۆر مەسائیلی تردا هەیە دەگەڕێن، دەیانەوێت ئاشنا بن بە ئەزموونی کوردستان، بیرو راکانی خۆیان باس بکەن، گوێ لە بیرو راکانی ئێوەش بگرن، جا هەر ئەندامێکی پەرلەمان وەختی هەبێتن لە خزمەتی داین، کۆتایی بە دانیشتنەکان دەهێنین زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**